- سوپای تورکیا ڕایگەیاند، ئەمڕۆ فڕۆکە جەنگییەکانیان بۆردومانی پێگەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) یان کردووە لە ناوچەی زاپی سنوری هەرێمی کوردستان.[1]
- ڕۆژنامەی جمهوریەت بڵاویکردەوە، دوای ئەوەی یوکسەکداغ سەرەتا لە پەرلەمانێتی و پاشان لە ئەندامێتی پارتەکە دورخرایەوە، هەدەپە هەوڵەکانی دەستپێکردووە بۆ دەستنیشانکردنی کەسێک بۆ جێگەکەی. ڕۆژنامەکە ئاشکرایکردووە بە گوێرەی دەنگۆکان ئەو کەسەی لەبری یوکسەکداغ هەڵدەبژێردرێت پێویستە ژن و سیاسەتمەدارێکی چەپ و پەرلەمانتار بێت بۆ ئەوەی بەشداری لە چالاکییەکانی فراکسیۆنی پارتەکە لە پەرلەمانی تورکیا بکات.
- لە کۆبوونەوەی چوارلایەنەی تورکیا و ڕوسیا و ئێران و ئۆپۆزسیۆنی سوریا دانوستاندنەکانی ئەستانە/4، لایەنەکان ڕێکەوتن لەسەر دامەزراندنی 4 ناوچەی ئارام لە سوریا.[2]
- هێزەکانی ڕژێمی ئێران لە گوندەکانی دەوروبەری شاروچکەی شنۆی سەر بە پارێزگای ورمێ تەقەیان لە گروپێک کۆڵبەر کرد و کۆڵبەرێکیان کوشت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

شار و شاروچکەکان: شنۆ

وڵات: ئێران

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-05-04

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-05-04

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-05-06

کاتی تۆمارکردن: 2017-05-04

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 21

2017-05-05



- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ بۆمبێکی چێنراو بە ئامر لیوای پێنجی هێزەکانی پێشمەرگە لە گوندی زەرگە تەقیوەتەوە و لە ئەنجامدا ئامرلیوا و پاسەوانەکەی بریندارببوون و ئەفسەرێکی لیواکەش بەپلەی ڕائید شەهید بووە. شەهیدەکەی لیوای پێنجی هێزەکانی پێشمەرگە ناوی (رائید جەمال فاتیح کەریم)ە و لە ساڵی 1970 لە قەزای سەیدسادق لە دایکبووە.[1]
- شەوی ڕابردوو کاتژمێر 11:00 لە گەڕەکی قارشیاکی شارۆچکەی سلۆپی سەربە شاری شرناخ، زرێپۆشێکی پۆلیسی تورک لە کاتی سووڕانەوە بە کۆڵانەکاندا خۆی بە دیواری ماڵێکدا کێشا و دیوارەکەی ڕوخاند و دوو منداڵ بەناوی مەحمودی تەمەن حەوت ساڵ و فورقانی تەمەن شەش ساڵی کوشت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-05-05

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-05-05

کاتی تۆمارکردن: 2017-05-05

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 22

2017-05-06



- کەسوکاری ئە و گەنجەی ماوەی سێ ڕۆژە لە ئەنجامی تۆببارانی تورکیا لە دەڤەری ڕێکان کوژراوە و تائێستا نەتوانراوە تەرمەکەی بهێنرێتەوە خۆپیشاندانیان ئەنجامدا.[1]
- سوپای تورک دەستڕێژی گوللەی لە گەنجێکی تەمەن 20 ساڵی ڕۆژئاوایی کردو دەستبەجێ گیانی لەدەستدا، هەروەها پۆلیسیش لە ئەستەنبۆل هەڵیکوتاوەتە سەر ماڵێک و کچێکی تەمەن 18 ساڵیان کوشتووە.
- پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ، لەگەڵ تۆپبارانە بەردەوامەکانی سەربازگەی تورکیا لە ناوچەی سونجێ و شانگێ-ی سەر بە شارۆچکەی ئامێدی، تەرمی سدقی ئیسلام، هەڵگیرایەوە، کە بەهۆی بۆردومانی تورکیاوە کوژرابوو، بەرەو شارەدێی شیلادزێ-ی زێدی خۆی بەڕێکرایەوە.[2]

- لەکۆبوونەوەی ئەمرۆ ئەنجومەنی باڵای هەدەپە لە جێگەی فیگەن یوکسەکداغ هاوسەرۆکی گشتی هەدەپە، سەرپیل کەمال بای کە جێگری هاوسەرۆکی گشتی بوو بە هاوسەرۆک هەڵبژێردرا.[3]
- ئیبراهیم عەباس ئازادکرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 2017-05-06
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-05-06
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-05-06
کاتی تۆمارکردن: 2017-05-06
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 23

2017-05-07



- کاتژمێر 3:35 ی بەرەبەیانی ئەمرۆ حەوت چەکداری داعش دزەیان کردۆتەوە نزیک سەربازگەی کەیوان کە هێزەکانی پێشمەرگە تێدا جێگیرکراوە، بەوهۆیەوە ڕووبەڕووبونەوە لە نێوان ئێمە و چەکدارانی داعش ڕویدا و 7 چەکداری داعش کوژران و 2 پێشمەرگەش شەهیدبوون.[1]
- سەرۆک و جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم و وەزیری پێشمەرگە بە وەکالەت و بەرپرسانی سەربازیی کوردستان لەگەڵ تیمێکی ڕاوێژکاریی نێودەوڵەتی لە وەزارەتەکانی بەرگریی وڵاتانی ئەمریکا، بریتانیا و ئەڵمانیا لە بارەی ڕێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە کۆبوونەوە.
- عومەر ئاغای سورچی - عومەر خدر حەمەد سورچی کەسایەتیی سیاسی و سەرۆکی پێشووی پارتی پارێزگارانی کوردستان درەنگانێکی شەوی ڕابردوو لەیەکێک لەنەخۆشخانەکانی شاری هەولێر کۆچی دواییکرد.[2]

🔞 تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک وێنە یان فیلمی لەگەڵ پەیوەستکراوە کە لەوانەیە ببێتە هۆی تێکدانی باری دەروونیتان. تکایە ئاگاداربە..

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

وڵات: ئەڵمانیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-05-07

کاتی تۆمارکردن: 2017-05-07

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 24

2017-05-08



- ئەمڕۆ پارێزگاری تورکی ئامەد بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک، لە کاتژمێر 5:00ی سەرلەبەیانی ئەمڕۆوە تاوەکو ئاگادارکردنەوەی دواتر، قەدەغەی هاتووچۆی لە 16 گوندی ئامەد-ی باکوری کوردستان ڕاگەیاند.
- ڕادیۆی ئاڤرین ئیف ئیم کە بەهۆی بۆردومانەکانی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکەوە پەخشەکەی وەستابوو، دووبارە دەستیکردەوە بە پێشکەشکردنی بەرنامەکانی.[1]
- سەرۆکی لیژنەی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێم وەڵامی ڕاپۆرتی سالانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەداتەوە سەبارەت بە ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ، پێشێلکردنی ئازادی ڕادەربڕین، ڕۆژنامەگەریی، یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، دامودەزگا ئەمنییەکانی هەرێم، ڕەوشی چاکسازییەکان و ئەشکەنجەدان.
- ئەمشەو کاتژمێر 10 و 30 خولەک فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بە چڕی بۆردوومانی بناری چیای گارەیان کردووە سەر بەقەزای ئامێدی.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-05-08
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-05-08

کاتی تۆمارکردن: 2017-05-08

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 25

2017-05-09

- زەینەب جەلالیان، زیندانی سیاسی کورد کە لە زیندانی شارۆچکەی خۆی-ی سەربە ورمێ دا زیندانیکراوە، مانی لە خواردنی دەرمانی چاەسەری گرتووە.
- کاژمێر کاتژمێر 10:15 خولەک لە میحوەری گوندی پونگینە-ی سەر بە شارۆچکەی مەخمور مەفرەزەیەکی چەتەکانی داعش کەوتنە بۆسەی هێزی پێشمەرگە. چەتەکان ژمارەیەکیان لێ بریندار بووە و لاشەی چەتەیەکیشیان کەوتە دەست هێزەکانی پێشمەرگە.[1]
- کەناڵی کوردسات لە هەواڵێکدا ڕایگەیاند شەوی ڕابردوو لە ڕووداوێکی تەم و مژاویدا لە شاری هەولێر میدیاکار سۆران سەقزی گیانی لەدەستدا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: مەخموور

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-05-09

کاتی تۆمارکردن: 2017-05-09

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 26

2017-05-10



- شەوی ڕابردوو، هێزەکانی پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاوڵاتیان لە چەڵێ و حەوت ئەندامی هەدەپەیان دەستگیرکرد، کە حەلیمە شیشەک، هاوسەرۆکی هەدەپەی چەلێش لەناویاندایە. حەلیمە شیمشەک، هاوسەرۆکی هەدەپەی شارۆچکەی چەلێ، فاتما گونەش، شەعبان دەمیرۆغلّو، فواد یلّماز، ڕەمەزان چەتیەکێتیی نیشتمانیی کوردستانایا، ئەحمەد ئەردەم و ئەحمەد یلّدز ئەو حەوت ئەندامەی هەدەپەن کە دەستگیرکراون.
- ئێوارەی ئەمڕۆ لەبەردەم بینای یەکێتی نوسەرانی کورد- لقی سلێمانی، لە شەقامی سالم، لە مەراسیمێکدا، پەردە لەسەر پەیکەری پیرەمێردی شاعیر لادرا، کە لەلایەن پەیکەرساز چێنەر نزار- ەوە سازێندرا بوو.
- چەند پەرلەمانتارو ئەندامی باڵای پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، لە بەردەم دادگای دەستووری بنەڕەتی تورکیا گردبووەنوە بۆ دەربڕینی نارەزایی بەرامبەر بە زیندانیکرانی هاوسەرۆکان و پەرلەمانتارانی هەدەپە.[1]
- بەرپرسی نووسینگەی ڕێگارکردنی ڕفێندراوانی دەستی داعش ڕایگەیاند، لە ماوەی بیست وچوار کاتژمێری ڕابردوودا دوو منداڵی ئێزدی لە شاری موسڵ لە دەستی چەکدارانی داعش ڕزگارکراون.
- نورسەل ئایدۆوان، پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) لەلایەن دادگای سزا قورسەکانی دووەمی دیاربەکرەوە تۆمەتی پڕوپاگەندەکردن بۆ گروپی تیرۆرستی و بەشداریکردن لە ڕێپێوان و گردبوونەوەکانیاندا و هاوکاریکردنیان ڕوبەڕووکراوەتەوە. لەسەر ئە و تۆمەتەش دادگا بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ ماوەی چوار ساڵ و 8 مانگ هەروەها لابردنی لەسەر کارەکەی وەک ئەندام پەرلەمان بۆ دەرکرا.
- وتەبێژی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ دەڵێت هەرێمی کوردستان لەبەردەم دارمانی ئاسایشی کۆمەڵایەتیدایە، ئەگەر کێشەکان چارەسەر نەکرێن، وەک قەیرانی ئابووری و سیاسی و کۆنترۆڵی دیاردەی چەکداری نەکرێت بەتەواوی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەکوردستان نامێنێت.
- سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕەزامەندی لەسەر هاوکاریکردنی شەڕڤانانی کورد و پەرچەککردنیان دەردەبڕێت.[2]
- یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) بڕیارەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ پرچەککردنی هێزەکانیان بە مێژوویی ناودەبەن.
- وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەنوسراوی فەرمی عومەر ئەحمەد ئەمین ناسراو بە (عومەر قەڵادزەیی)، جێگری پارێزگاری سلێمانی، کە لە فراکسیۆنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان-ە، دەستنیشنا کرد، بۆ ئەوەی لە جیاتی سەردار قادر، کە پۆستی لە بری پارێزگاری سلێمانی هەبوو، کارەکانی پارێزگای سلێمانی ڕاپەڕێنێت.[3]
- حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند، ئە و کەسانەی جێگری بەڕێوەبەری کۆمپانیای غازی باکوریان لەکەرکوک کوشت، سەر بە پۆلیسی سلێمانین. محەمەد یونس جێگری بەڕێوەبەری کۆمپانیای غازی باکور ڕۆژی 02-05-2017، لەگەڵ پاسەوانەکەی لەنزیک خاڵکی پشکنینی یەکی حوزەیران لەکەرکوک تەقەیان لێکراوە و بەهۆیەوە هەردوکیان کوژران.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-05-10
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-05-10
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-05-10
کاتی تۆمارکردن: 2017-05-10
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 27

2017-05-11



- هێزەکانی پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەر بنکەی پارتی هەرێمە دیموکراتییەکان-دەبەپەی شاری وانی باکوری کوردستان و هاوسەرۆکی دبەپەی شارەکەیان دەستگیرکرد.
- لەبەردەم هۆتێل تایتانیک لە شاری سلێمانی، ژنانی شۆفێر بەشداربیان لە مانۆڕی شۆفێڕانی ژندا کرد و بە شۆفێریکردن دژی ئەو بیرە تۆندڕەوییانە وەستانەوە کە شۆفێریکردن لە ژنان قەدەغە دەکەن، وە پاشان ئۆتۆمبێلەکانیان بە قردێلەی مۆر کە ڕەمزی ژنانە ڕازاندەوە و بە ئۆتۆمبێلەکانیانەوە شەقامی شەست مەتریدا سوڕانەوە
- ئەمڕۆ لە نزیک یانەی وەرزشی خاک لە شاری کەرکووک بە بەشداری زیاتر لە 50 ئۆتۆمبێلی کلاسیکی (کۆن) نمایشێک بەڕێوەچوو، کۆنترین ئۆتۆمبێلی ئە و نمایشەش مۆدێلی 1947 بوو کە نرخەکەی 30 هەزار دۆلار بوو.[1]
- لەسەر ڕێگای کەلار خانەقین لە ئەنجامی ڕوداوێکی هاتوچۆدا چوار کەس گیانیان لەدەستدا.
- والی پارێزگای موش لە باکوری کوردستان قەدەغەی هاتوچۆی لە 21 گوندی پارێزگاکە ڕایگەیاند، بە ئامانجی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە دژی پەکەکە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: موش

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-05-11

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-05-11

کاتی تۆمارکردن: 2017-05-11

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 28

2017-05-12



- کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان لە ڕاگەیەنراوێکدا ڕایگەیاند، ئەمڕۆ محەمەد سدیق کەبوودوەند دامەزرێنەری کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان پاش دە ساڵ زیندان لە بەندیخانەی ئەوین بە دانانی بارمتە لە زیندان ئازاد کرا.[1]
- ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا ڕایگەیاند، سوپای وڵاتەکەی ئۆپەراسیۆن لە قەندیل ئەنجامدەدات لەدژی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)
- ئوسامە نوجێفی ئەمڕۆ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسیدا لە هەولێر ڕایگەیاند کە پارتی (بۆ عێراقی یەکگرتوو) دادەمەزرێنێت و کارە یاساییەکانیان تەواوکردووە و لەلایەن زۆرێک لە هێزە سیاسییەکانەوە پێشنیاری هاوپەیمانێتی یان ڕێککەوتنیان بۆ کراوە، پێش بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان..[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-05-12
کاتی تۆمارکردن: 2017-05-12
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 29

2017-05-13



- درەنگانێکی شەوی ڕابردوو نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزوتنەوەی گۆڕان گەڕایەوە هەرێمی کوردستان.
- بەهۆی کێشەیەکەوە لە یاریگایەکی سلێمانی ڕاهێنەرێکی وەرزشی بەناوی دیار بەکر کوژرا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2017-05-11

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 30

2017-05-14



- کۆبوونەوەی ئەمڕۆی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە شاری هەولێر کۆتاییهات و تیایدا پرۆژەی هەیکەلی وەزارەتی پێشمەرگە پەسەند کرا.[1]
- فڕۆکەکانی تورکیا بۆردومانی دەڤەری بەرواری باڵایان کرد.
- حکومەتی تورکیا مانۆپەڕی ڕۆژنامەی (ڕۆژهەڤا مەدیا)ی ڕاگرت، ڕۆژنامەی ڕۆژهەڤا مەدیا ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە و دوای داخستنی ڕۆژنامەی ئازادیا وەڵات دامەزرا.
- نەجلا یلدرم، هاوسەرۆکی شارەوانی شارۆچکەی شەمرەخ-ی سەربە مێردین، بە بیانووی ئەوەی فەرمانی دەستگیرکردنی هەیە، دەستگیرکرا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ماردین

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[2] مانۆپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مانۆپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-05-14

کاتی تۆمارکردن: 2017-05-14

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 31

2017-05-15



- وەزیری بەرگریی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە دیدارێکدا لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی تورکیا، لە وەڵامی نیگەرانییەکانی تورکیا سەبارەت بە ناردنی چەک بۆ هێزە کوردییەکانی سوریا ڕایگەیاند، ئەو کارە بژاردە نییە بەڵکو پێویستییەکە لەپێناو بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داعشدا.
- بە پێی هەواڵی ئاژانسی دەنگوباسی ئیرنای ئێرانی لە ڕێورەسمێکدا لە شاری نودشەی سەر بە قەزای پاوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە بەشداری پارێزگاری کرماشان و سنە، ئەو شارە وەکوو شاری کڵاش چنین تۆمار کرا.[1]
- بڕێت مەکگۆرک نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەهاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتیی دژی داعش، لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆیدا لەگەڵ مەسعود بارزانی ڕایگەیاندووە بەردەوام دەبن لە پشتیوانی و ڕاهێنانی هێزەکانی پێشمەرگە لەلایەن سوپای ئەمەریکاوە.[2]
- ڤلادیمێر پوتین، سەرۆکی ڕوسیا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا لەوڵاتی چین باسی لە پەیوەندییەکانی نێوان ڕوسیا و یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) و یەکینەکانی پاراستنی ژن (یەپەژە)ی کرد. پوتین، ڕایگەیاند: کورد ڕۆڵێکی چالاکی لە سوریا هەیە، یەکینەکانی کورد بەشداری شەڕی دژی داعشن وەکو بەهێزترین هێز، مافی خۆمانە پەیوەندییەکانمان لەگەڵیاندا بپارێزین.
- بەشێک لە وەرزشوانانی شارۆچکەی چەمچەماڵ گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و داوای دادگاییکردنی بکوژانی دیار بەکر ڕاهێنەری تیپی وەرزشی تازەپێگەیشتوانی بازیان-یان کرد.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)

شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-05-15

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-05-15
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-05-15
کاتی تۆمارکردن: 2017-05-15
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 32

2017-05-16



- ئەمڕۆ کاتژمێر 10:30 خولەک فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک دەشتی کافێ-ی سەر بە هەرێمی گارەی هەرێمەکانی پاراستنی مەدیا-یان بۆردوومان کرد.
- هێزەکانی پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەرمانگی هاوڵاتیان لە دێرسیم و 10 کەسیان دەستگیرکرد، کە پێڕێ چەتیەکێتیی نیشتمانیی کوردستانایا، هاوسەرۆکی شارەوانی دێرسیمیش لەناویاندا بوو.
- لە شارەدێی کەڵەکچی، بەهۆی تەقینەوەی بوتڵێکی ئۆکسجینەوە لە بینایەیەکی نیوە دروستکراودا کرێکارێکی گەنج گیانی لەدەستدا و دوو کەسی دیکەش بریندار بوون.
- لە شاری هەولێر لە شەقامی شۆڕش ئاگر لە کۆگایەکی بازرگانی کەوتەوە و پاشان ئاگرەکە پەرەی سەند و سێ کۆگای دیکەش گرتیان گرت.[1]
- پۆلیسی هەولێر ڕایدەگەیەنێت، ئێوارەی ئەمڕۆ لە بازاڕی سورچیانی شاری هەولێر گەنجێک بە فیشەک برایەکی خۆی و هاوڕێی براکەی کوشتووە و دواتریش ڕایکردووە.[2]
- بەختیار میعماری، زیندانی سیاسی کورد کە پێشتر لەلایەن دادگای شۆڕشی ڕژێمی ئێرانەوە بە سێدارە سزادرابوو لە زیندان ئازادکرا.
- هەندێک لە کوردەکانی ئەمریکا ناڕەزایییان بەرامبەر سەردانی ئەردۆگان بۆ واشەنگتۆن دەربڕی و لە ئەنجامدا پاسەوانەکانی ئەردۆگان هێرشی کردە سەر خۆپیشاندەران و چەند کەسێکیان بریندارکرد.
- ڕۆژنامەوانی بەناوبانگی جیهانی کاترین فلیپ لە ذ تایمس نوسویەتی، لە لەندەن لە دوای کۆبونەوەیەکیدا لەگەڵ وەزیری بەرگری ئەمەریکا، ژیلدرم سەرۆک وەزیرانی تورکیا بە ئێمەی گوت: شەرفانانی کورد مرۆڤ نین.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان

ووڵات: ئێران
ووڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
ووڵات: تورکیا
ووڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-05-16
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-05-16
کاتی تۆمارکردن: 2017-05-16
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 33

2017-05-17



- لە شاری سەڵماسی سەر بە پارێزگای ورمێ، پیاوێکی تەمەن 39 ساڵان بە هۆی کێشەی بنەماڵەیی، بەیانی ئەمڕۆ دەچێتە سەر ماڵی خەزووراڵی و هەموویان دەداتە بەر دەستڕێژی گوللە و بەهۆیەوە 7 کەسیان گیان لەدەستدەدەن.[1]
- شەوی ڕابردوو، بەریت مەکگورک و چەند بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەمەبەستی دانوستان و چاودێریی ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی شاری ڕەقە لە ڕێگای ئاسمانییەوە گەیشتنە ڕۆژئاوای کوردستان.
- هێزەکانی پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەر بنکەی هەدەپە لە بورسا و ماڵی هاوڵاتیان و هەشت ئەندامی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپەیان، دەستگیرکرد.
- پاش ئەوەی ژمارەیەک لە لایەنگران و پاسەوانەکانی ئەردۆغان لە واشنتۆن هێرشیان کردە سەر ژمارەیەک لە خۆپیشاندەران کە دژی ئەردۆغان دروشمیان دەوتەوە، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا نیگەرانی خۆی لەم بارەیەوە دەربڕی.
- 50 زیندانی لە زیندانی ئامەدەوە، دوورخرانەوە بۆ زیندانی شاری ئەلعەزیز، کە زۆرینەیان زیندانیانی دۆزی پەکەکەن.[2]
- کۆنگرەی تورکمان لەژێر دروشمی (ئایندەی تورکمان لەچوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتودا) بەسەرپەرشتی سەلیم جبوری سەرۆکی پەرلەمان و نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێکخرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: ئەلعەزیز
شار و شارۆچکەکان: سەڵماس
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-05-17
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-05-17
کاتی تۆمارکردن: 2017-05-17
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 34

2017-05-18



- هێزی پێشمەرگە لە سنوری شارۆچکەی خورماتوو هێرشێکی چەتەکانی داعش-ی تێکشاند و لە ئەنجامی ئەو ڕووبەڕووبوونەوەدا دوو پێشمەرگە شەهیدبوون.
- سیاسەتمەدارانی پارتی هەرێمە دیموکراتییەکان- دەبەپە و پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە،ی شاری بەدلیس، کە لە مانگی 11ی ساڵی 2016 لە چوارچێوەی کودەتای سیاسی ئەکەپەدا دژی ئیرادەی سیاسی گەلی کورد و گەلانی تورکیا دەستگیرکرابوون، بەکۆمەڵ لە زیندانی بەدلیس دوورخرانەوە.
- بەپێی هەواڵێکی تۆڕی هەواڵی MSNBC، ئەمڕۆ جۆن مەکین ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا نارەزایی توندی نیشان داوە بەرامبەر ئە و هێرشەی پیاوەکانی ئەردۆغان لە واشنتۆنی پایتەختی ئەمریکا کردیانە سەر خۆپیشاندانێکی ئاشتیخوازانە. جۆن مەکین داوای کردوە سەردار کلیتش باڵیۆزی تورکیا لە واشنتۆن دەربکرێت، ئەوەش وەک وەڵامێک بۆ ئە و هێرشە تووندوتیژییەی پاسەوانەکانی ئەردۆغان کردیانە سەر خۆپیشاندانێکی ئاشتیخوازیانە.[1]
- بەپێی هەواڵێکی دۆغانی تورکی، بەرەبەیانی ئەمڕۆ کاتژمێر 02:00 لەنێوان گوندەکانی بەشێنار و دەرە لەناوچە شاخاوییەکانی شەنکایە سوپای تورکیا لەکاتی ئۆپەراسیۆنێکدا ڕووبەڕووی پێنج گەریلای پەکەکە بووەتەوە و شەڕ ڕوویداوە.[2]
- بەڕێوەبەری پەروەردەی کەلار ئەمڕۆ ڕایگەیاند، لێژنەیەکیان پێکهێناوە بۆ بەدواداچوونی کێشەی ئەو خوێندکارەی گوندی گمە، کە بەوتەی کەسوکارەکەی بەهۆی لێدانی لەلایەن مامۆستایەکەوەوە چاوێکی لەدەستداوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئەرزەروم
شار و شارۆچکەکان: بەدلیس
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-05-18
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-05-18
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-05-18
کاتی تۆمارکردن: 2017-05-18
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 35

2017-05-19



- نەوشیروان مستەفا لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد.
- شۆڕش حاجی وتەبێژی بزوتنەوەی گۆڕان بەمیدیای حزبەکەی ڕاگەیاندووە تەرمی نەوشیروان مستەفا لەسەر وەسیەتی خۆی لە گردی زەرگەتەی سلێمانی دەنێژرێت.
- لەوتەیەکیدا بۆ ڕۆژنامەنوسان شۆرش حاجی، ئاماژەی بەوەشکرد، سبەینێ کاتژمێر 10:00 لەسلێمانی تەرمی نەوشیروان مستەفا بەخاک دەسپێردرێت و پرسەکەی بەڕێوەدەچێت و دووسبەی لە مزگەوتی سەواف لەهەولێر پرسەی بۆ دادەنرێت.[1]
- بەدران ئوزتورک، پەرلەمانتاری شاری ئاگرێی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، دەستگیر کرا.
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ کاتژمێر 03:00 چەتەکانی سەربە دەوڵەتی تورک بەچەکی قورس هێرشیان کردە سەر گوندی ئیسکای سەربە ناوچەی شێراوا و شەڕفانانی یەپەگە و یەپەژەش وەڵامی ئەو هێرشانەیان دایەوە.[2]
- کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان- کەنەکە، بەبۆنەی کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان پەیامێکی سەرەخۆشی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند: لەدەستدانی نەوشیروان مستەفا بۆ باشوور و تەواوی کوردستان زیانێکی مەزنە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-05-19
کاتی تۆمارکردن: 2017-05-19
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 36

2017-05-20



- تەرمی نەوشیروان مستەفا لە مزگەوتی گەورەی سلێمانییەوە بەرەو گردی زەرگەتە بەڕێکرا و لەوێ نێژرا. لە مەراسیمی ناشتنەکەیدا دەیان هەزار کەس بەخەمباربییەوە بەشداریی کرد. ناشتنی تەرمی نەوشیروان مستەفا بەیەکێک لە قەرەباڵغترین مەراسیمی ناشتن دادەنرێت لە مێژووی شاری سلێمانیدا. زۆربەی لایەنەکان جگە لە پارتی لە مەراسیمەکەدا وتاریان خوێندەوە. پرسەکەی لە مزگەوتی ئەحمەدی حاجی عەلی (ئەحە سوور) بوو لە سلێمانی و پاشتریش شاندێکی باڵای پارتی بەشداریی لە پرسەکەدا کرد.
- بە دروشمی بە بەرخودان دەیبەینەوە سێیەم کۆنگرەی نائاسایی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) لە شاری ئەنقەرە دەستپێکردوە و پەیامی سەڵاحەدین دەمیرتاش و فیگەن یوکسکداغ خوێنرایەوە.
- وەزارەتی ناوخۆی ئێران، سەرکەوتنی حەسەن ڕۆحانی لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئە و وڵاتە ڕاگەیاند، بەوەش ڕۆحانی بۆ چوار ساڵی دیکە لە پۆستی سەرۆک کۆماردا دەمێنێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئەنکەرە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2017-05-20
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 37

2017-05-21



- بۆکۆچی دوایی ڕێکخەری گشتی بزوتنەوەی گۆڕان نەوشیروان مستەفا، ئیدارەی کەرکووک بڕیاریدا ئاڵای کوردستان دابگیرێت و دوو ڕۆژ ماتەمی لەتەواوی پارێزگاکە ڕابگەیەنێت.
- پرسەی نەوشیروان مستەفا لە شاری هەولێر لە مزگەوتی سەواف بەڕێوەچوو، پرسەکەی هەولێریش بەیەکێک لە

قەرەبالّغترین پرسەکانی مێژووی شاری هەولێر دادەنرێت. هیچ کام لە مەسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی بەشداریی پرسەکەیان نەکرد.
- لە زۆربەی شارۆچکەکانی کوردستان و شارە گەورەکانی ئەوروپا، پرسەی نەوشیروان مستەفا بەڕێوەچوو.
- سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە میانی بەشداریکردنی لە مەراسیمی پرسەی نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزوتنەوەی گۆڕاندا ڕایگەیاند ئەگەر من لەجێگەی یەکێتی بومایە داوای یەکگرتنەوەم لە گۆڕان نەدەکرد.
- ڕۆژی بلّاوبوونەوەی ئەلبووم ڕێژنەی محەمەدی ماملێ.
- ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا جارێکی تر بوەوە بە سەرۆکی پارتی داد و گەشەپێدان- ئاکەپە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2017-05-18
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 38

2017-05-22



- بەرپرسێکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ڕایگەیاند، ئەمساڵ ساڵیادی دامەزراندنی حزبەکەیان ناکەنەوە، لەبەر کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفا.
- سەردانی نێچیرڤان بارزانی بۆ گردی زەرگەتە و گۆڕی نەوشیروان مستەفا.

- فوئاد مەعسوم، سەرۆک کۆماری عێراق و هومام حەمودی، جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لە سلێمانی سەردانی گۆڕی نەوشیروان مستەفا-یان کرد و تاجە گوڵێنەیان لەسەر گۆڕەکەی دانا.
- کۆنفرانسی سێیەمی پلاتفۆرمی دابڕان لە سلێمانی بەڕێوەچوو.
- بۆ یەکەمجار سەرکۆماری یۆنان سەردانی تورکیا دەکات.[1]
- لەچیای ئەمانۆسی شارۆچکەی ئوسمانییە لەپارێزگای هاتای شەڕ لەنێوان سوپای تورکیا و گەریلاکانی پەکەکە ڕوویدا و سەربازێکی تورکیا کوژرا.
- والی هەتای بەبیانوی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەدژی ئەندامانی پەکەکە لەچەند ناوچەیەکی شاخاوی لە ئیسکەندەرون و کریکهان و پایاس قەدەغەی هاتوچۆی ڕاگەیاند لە تورکیا.[2]
- بەرپرسی نووسینگەی ڕێگارکردنی ڕفێندراوانی دەستی داعش لە دهۆک ڕایگەیاند، ئەمڕۆ دوو کچی ئێزدی لە گەڕەکە ڕێگارکراوەکانی لای ڕاستی شاری موسڵ لە دەستی چەکدارانی داعش ڕزگارکراون.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-05-22

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-05-22

کاتی تۆمارکردن: 2017-05-22

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 39

2017-05-23



- یان کۆبیش لە وتەیەکیدا لەبەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوەکان ڕایگەیاند، گەورە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بەم دواییانە نیازی خۆیان ڕاگەیاندووە کە دەیانەوێت لەکاتێکی دواتری ئەمساڵدا ڕیفراندۆم ئەنجام بدەن.
- بەپێی ئاژانسی ئەنادۆڵ-ی تورکیا، هاوکارییە سەربازییەکانی ئەمریکا بۆ پەیدە لە 15 و 20ی ئایار لە ڕێگەی دەروازەی سنوورپی سمێلکای نێوان باشورو ڕۆژئاوای کوردستان-ەوە، بە دوو کاروانی جیاواز، نزیکەی 100 بارهەڵگر، چوونەتە ناوچەکانی ژێردەستی پەیدە.[1]
- وەفدێکی باڵای پارتی دیموکراتی گەلان لە تورکیاوە بۆ بە شداریکردن لە پرسەی نەوشیروان مستەفا، سەردانی گردی زەرگەتەیان کرد و تاجەگوڵینەیان لەسەر گۆڕی نەوشیروان مستەفا دانا.
- پۆلیسی فیدراڵی عێراق لە ئۆپراسیۆنێکی سەربازیدا کچێکی کوردی ئێزدی لە لای ڕاستی شاری موسڵ ڕزگارکرد و دوو سەرکردەی داعش لەهەمان ئۆپراسیۆندا کوژراون.[2]
- ئەمڕۆ بلدۆزەرکانی دەوڵەتی تورک ئۆپەراسیۆنی خاپوورکردنی سووری ئامەدیان دەستپێکرد کە لەلایەن یونسکۆوە بە شوێنەواری مێژووپی ناسێندراوە.
- لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی قڕکردنی سیاسی ئاکەپەدا، 18 چالاکوان و ئەندامی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، لە ئزمیر دەستگیرکران.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا

وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-05-23
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 2017-05-23
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-05-23

کاتی تۆمارکردن: 2017-05-23

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 40

2017-05-24


ناگاداری ناگاداری ناگاداری

بنکەکەمان **بنکەی خێرخوازی دکتۆر رەئوف** هەڵدەستێ بەکردنەوەی خولێکی بابەتی(**فیزیا**) بۆ مامۆستای خۆبەش(**ڕۆژان عمر حسن**) میلاکی **ئامادەیی تەقتەقی کچان** دەکاتەوە بۆ خوێندکارانی پۆلی ١١ازانستی کە لەسالّی ئایندە ٢٠١٧-٢٠١٨ دەبنە پۆلی ١٢ی زانستی .

تێبینی:

١-ناو نوسین لەبنکەی دکتۆر رەئوف لە ڕۆژی ٢٤-٥-٢٠١٧ دەست پێ دەکات تاردەکو ١-٦-٢٠١٧ز.

٢-شەمە ٣-٦-٢٠١٧ خولەکە لە بنکەمان کاتژمێر ٩ی بەیانی دەست پێ دەکات.

- ئەمڕۆ لە کۆنفرانسی زانکۆی کوردستان لەشاری هەولێرکە بە ئامادەبونی نێچروان بارزانی بەڕێوەدەچوو. لە کۆنفرانسەکەدا (مایکل گۆنتەر) مامۆستای زانستی سیاسی لە تێنیسی ئەمریکی وتارێکی پێشکێش کرد. لە وتارکەدا گوتی: بە هۆی کورسیەکەی بارزانیەوە قەیرانەکانی هەرێم بەردەوامن. لە درێژەی وتارەکەیدا هێرشی کردە سەر سەرۆکی حکومەت و گوتی: نێچروان بارزانی ڕێگری لە سەرۆکی پەڕلەمان و وزیرەکانی گۆڕان کرد بگەڕێنەوە هەولێر. ئەمەش بۆ پاراستنی کورسیەکەی مامی بوو. هەروەها باسی دژەتیرۆری پارتی کرد و کە لەلایەن کوڕی مسعود بارزانی بەڕێوە دەبرێت و لەولاشەوە لەلایەن برازاکەی جەلاّل تالەبانی بەڕێوە دەبرێت، ئەوەش وادەکات چارەسەری دوخی هەرێم قورستربێت.
- چەکدارانی داعش بەرەبەیانی ئەمڕۆ بە حەوت خۆکوژ هێرشیان کردووەتە سەر گوندی باران کە لەژێر کۆنترۆڵی شەڕڤانان دایە هێرشەکەیان تێکشکێنەراوە.
- لە کاتی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە چیای کاتو لە ناوچەی بیتوشەباپ لە شرناخ شەڕ لە نێوان سوپای تورکیا و ئەندامانی پەکەکە ڕوویداوە و لە ئەنجامدا سەربازێک کوژراوە و دووانی دیکەش بریندار بوون.[1]
- پارتی گەشەپێدانی تورکمانی، کۆنگرەی چوارەمی خۆی بەبەشداری 300 ئەندام سازکرد و جارێکی تر محەمەد سەعەدین بەکۆی دەنگی ئەندامانی کۆنگرە بە سکرتێری حزب هەڵبژێردرایەوەو ناوبراو ڕایگەیاند، وەک پارتی گەشەپێدانی تورکمان بەکۆی دەنگی ئەندامانی کۆنگرە پاڵپشتی خۆمان بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆی کوردستان ڕاگەیاندووە.
- بەبەشداری ژمارەیەک زانکۆی بیانی و لەژێر ناونیشانی (توێژینەوەی زانستی بنچینەیەکی سەرەکییە بۆ گەشەپێدان لەهەرێم)، بەچاودێری وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، زانکۆی جیهان - سلێمانی، یەکەم کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی لەشاری سلێمانی دەستی بەکارەکانی کرد و بریارە ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام بێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: شرناخ

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-05-24
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-05-24
کاتی تۆمارکردن: 2017-05-24
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 41

2017-05-25



- ماراسۆنی هیوا لە سلێمانی بەڕێوەدەچێت.
- کاتژمێر 11:00ی پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا دەستیان بە بۆردومانکردنی ناوچەکانی دەڤەری بەرواری باڵای سەر بە شارەدێی کانی ماسێ کرد.
- هاوڵاتیانی میقدادیە خۆپێشاندانێکیان ئەنجامدا و ڕێگەی سەرەکی نێوان خانەقین و باقوبەیان داخست بۆ داواکردنی دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی دیالە و بەڕێوەبەری چەند دەزگایەکی تر.[1]
- سوپای تورک بە چەکی قورس گوندەکانی ئەزری، تۆبال و کدرۆ-ی سەربە بلبلێ کانتۆنی عەفرین تۆپباران دەکات.
- کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان- ئێران، 15 هەمین کۆنگرەی خۆی کۆتایی پێهێنا، کە تێیدا عەبدوڵای موهتەدی جارێکی تر بە سەرۆک هەڵبژێردرایەوە، یەکێک لە بڕیارەکانی کۆنگرەکەشیان کارکردن بوو بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش لەگەڵ حزبە کوردیەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
- هێزەکانی پۆلیسی تورکیا لە شارۆچکەی ئەردیشی سەربە شاری وانی باکوری کوردستان، هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاوڵاتیان و دەیان سیاسەتمەداری کوردیان دەستگیرکرد.[2]
- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئەمڕۆ ڕەزامەندی ئەنجومەنی کۆمسیاران ڕاگەیاند بۆ مۆڵەتدان بەدامەزراندنی پێنج پارتی نوێ، کە یەکێکیان کوردییە.
- خەسرەو گۆران ئەندامی پەرلەمان لە فراکسیۆنی پارتی ئەمڕۆ لەکۆبوونەوەی پەرلەماندا نامەی دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - ڕۆژهەڵات
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-05-25
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-05-25
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-05-25
کاتی تۆمارکردن: 2017-05-25
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 42

2017-05-26



- ئەمڕۆ هێزەکانی پاراستنی گەل – هەپەگە ڕایگەیاند، کە لە چیای تەندورەک و لە هەرێمی دەرسیم لە باکوری کوردستان لە چەند چالاکییەکی جیادا 12 سەرباز و جەردەوانێک کوژران.
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ هێزەکانی پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەر خوێندکارانی کورد لە زانکۆی یوزونجی یل-ی شاری وان لە باکوری کوردستان، 11 خوێندکاریان دەستگیر کرد.
- ئاژانسی هەواڵی فورات لەسەر زاری سەرچاوە خۆجێییەکانەوە بڵاوی کردووەتەوە، سەرلەبەیانی ئەمڕۆ دەستڕێژی گوللە کراوە لە ژمارەیەک کۆڵبەر لە ناوچەی هەورامانی ڕۆژهەلاتی کوردستان و لە ئەنجامدا کۆڵبەرێک گیانی لە دەستداوە و چەند کۆڵبەری دیکەش بریندار بوون.

- گروپی هیومان ڕایتس ووچ لەڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاندووە، سەرەڕای ئەوەی نیوەی دەرچووانی زانکۆکانی ئێران کچن، بەڵام تەنیا 15%یان وەک هێزی کار سەرقاڵی کارکردنن، ئەمەش وەکو جیاکاری ڕەگەزی دژی ژنان لە بواری کارکردندا سەیر دەکرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)

شار و شارۆچکەکان: دێرسیم

شار و شارۆچکەکان: وان

وڵات: باکووری کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-05-26

کاتی تۆمارکردن: 2017-05-26

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 43

2017-05-27

- بزوتنەوەی گۆڕان ڕایدەگەیەنێت لەگەڵ یەکێتیدا دوو ڕێککەوتنیان هەیە، بەڵام ڕێککەوتنی سیاسی نێوانیان بە گرنگتر دەزانن، دەڵێت جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە دەبێتە دەستکەوتێکی گەورە بۆ ئێمە و یەکێتی.
- پەرلەمانتارێکی عێراق ڕایدەگەیەنێت، لەفڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا دەستگیراوە بەسەر حەوت تۆن و 350 کیلۆ مادەی هۆشبەرو دەرمانی ماوەبەسەرچوو و بەشێک لە و دەرمانەش بە قاچاغ ڕەوانەی هەرێمی کوردستان کراوە، هاوکات وەزارەتی تەندروستی هەرێمیش ڕەتیدەکاتەوە دەرمانی ماوەبەسەرچوو هاتبێتە هەرێمەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-05-27

کاتی تۆمارکردن: 2017-05-27

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 44

2017-05-28



- بەپێی بەیاننامەیەکی دەستەی ئەرکانی سوپای تورکیا، فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیا لەسەر بنەمای زانیاری هەواڵگری، سەرلەبەیانی ئەمڕۆ هێرشی ئاسمانیان کردووەتە سەر حەوت ئامانجی پەکەکە، لەناوچەی ئاڤاشین لە سنوری هەرێمی کوردستان.[1]
- شەوی ڕابردوو لەسنوری ڕۆژئاوای شارۆچکەی خورماتوو، هێزەکانی پێشمەرگە هێرشێکی چەتەکانی داعشیان تێکشکاند و هەشت پێشمەرگەش بریندارببوون.[2] یەک لە بریندارەکان فەرماندە عەولا بۆر بوو.
- بانکی ناوەندی عێراق بڕیاریدا دوو لق لە هەر یەک لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی بکاتەوە، کاری ئەم دوو لقەش مامەڵەی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ بانکە بازرگانییەکانی هەرێم دەبێت و بە ناڕاستەوخۆش مامەڵە لەگەڵ کۆمپانیا و وەبەرهێنەرەکاندا دەکەن.
- دەسەڵاتدارانی تورکیا بەهۆی ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنێکی سەربازی بەرفراوانەوە قەدەغەکردنی هاتوچۆیان بەسەر 59 گوندی سەر بە چوار شارۆچکەدا لە شاری ئامەد سەپاند.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-05-28
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-05-28
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-05-28
کاتی تۆمارکردن: 2017-05-28
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 45

2017-05-29



- وتەبێژی وەزارەتی پەروەردە ئاشکرای دەکات کە ئەنجومەنی وەزیران پرۆژەی وەزارەتەکەیانی پەسەندکردووە سەبارەت بەوەی لە داهاتوودا کار بۆ ئەوە بکرێت منداڵا لە تەمەنی 5 ساڵییەوە بچێتەبەر خوێندن.
- کەمئەندامان لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران یاداشتێکی نیگەرانی و ناڕەزایییان ئاڕاستەی حکومەتی هەرێم کرد و داوایانکرد ئاوڕ لە ژیانیان بدرێتەوە و دەڵێن لە لێواری مەرگداین و ڕێگریش لە ژمارەیەک کەمئەندام کرا بۆ ئەوەی بچنە ناو هەولێر و بەشداری ئەو گردبوونەوەیە بکەن.
- بەرپرسێکی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە ئاشکرایدەکات، ئەڵمانیا نەخۆشخانەیەک لە شاری هەولێر بۆ چارەسەرکردنی پێشمەرگە بریندارەکان دروستدەکات، نەخۆشخانەکە زیاتر لە پێنج ملیۆن یۆرۆی بۆ تەرخانکراوە.
- بەڕێوبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێم بڵاویکردۆتەوە، کاتژمێر 5:16 خولەکی بەرەبەیانی ئەمڕۆ بومەلەرزەیەک لە دووری 39 کیلۆمەتر لە سنووری شاری هەولێر و 22 کیلۆمەتر لەشاری کۆیە و 46 کیلۆمەتر شارۆچکەی ڕواندزی هەژاندووە. بومەلەرزەکە لە قووڵی 11مەتر و بە گوڕی (3،1) بە پلەی ڕێختەر ڕوویداوە.[1]
- بیرە نەوتێکی کێڵگەی بای حەسەن لەسنووری پارێزگای کەرکووک ئەمڕۆ گڕیگرت.
- کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، ئەمڕۆ وەڵامی حزبەکان لەبارەی ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردن و شێوازی بەڕێوەچوونییەوە وەردەگرن و سێ ملیۆن و نیو هاوڵاتی مافی دەنگدانیان هەیە لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوو.
- بەرپرسی کۆمیتەی یەکێتی لە ئامێدی ڕایگەیاند، شەوی ڕابردوو کاتژمێر 11:23 خولەکی شەوی ڕابردوو دوو کارمەندیان لەلایەن مەفرەزەیەکی ئاسایشەوە دەستگیرکراون و تاوەکو ئێستا یەکێکیان لای ئاسایشە و ئەوەی دیکەیان ئازادکراوە.[2]
- بەسیمە کۆنجا، پەرلەمانتاری شاری سێرتی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، بۆ دووەمجار دەستگیرکرا.
- سوپای تورک کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو لە تەندورەک گورزی کوشندەی لەلایەن گەریلاکانەوە لێدراو و 55 سەرباز کوژران، جموجوولەکانی لە دەوروبەری تەندورەک زیاترکردووەو ژمارەیەکی زۆر سەربازی بۆ ئەو شوێنە ناردووە. بەگوێرەی سەرچاوە خۆجێیەکان، ئەمڕۆ سوپای تورک بە پاس و ئۆتۆمبێلی سەربازی ژمارەیەکی زۆری سەرباز و بەکرێگیراو و یەکینە تایبەتەکانی سوپای ناردووە بۆ ناوچەی تەندورەک-ی سەربە شاری ئاگری لە باکوری کوردستان. تەندورەک ماوەی چەند ڕۆژێکە شەڕی زۆر قورسی تێدا بەڕێوەدەچێت، ئەو سەرچاوانە باس لەوە دەکەن کە لە دوێنێوە 15 پاسی هەڵگری هێزەکانی سوپای تورک ڕەوانەی ئەو ناوچەیە کراون.
- گەنجانی کورد وەک دژایەتییەک بۆ قەدەغەکردنی ئاڵای پەکەکە لە ئەڵمانیا، ئاڵای پەکەکە و پۆستەری عەبدوڵا ئۆجالانیان بە هەریەکە لە کونسولخانەو باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا لە فەرەنسا هەڵواسی.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: ئاگری

شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: سێرت
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-05-29
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-05-29
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-05-29
کاتی تۆمارکردن: 2017-05-29
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 46

2017-05-30



- هەردوو وەزارەتی پەروەردە و گواستنەوەی هەرێم ڕێککەوتن لەسەر ڕاگرتنی خزمەتگوزاریەکانی ئینتەرنێت لەکاتی بەڕێوەچوونی تاقیکردنەوە نیشتمانیەکانی پۆلەکانی 9و12ی ئامادەیی کە لە 15ی مانگی حوزەیرانەوە دەستپێدەکات و تا 17ی تەموز بەردەوام دەبێت.
- فەرماندەیەکی هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە) ڕایدەگەیەنێت، بارودۆخی شەنگال بەتەواوی ئارامە و تەنها لە دەوروبەری شەنگال ناوە ناوە شەڕو ئاڵوزی ڕوودەدات، ئاماژە بەوەش دەکات کە تەنها 5%ی شەنگال لە ژێر دەسەڵاتی داعشدا ماوە.
- دوو چەکداری داعش لە سنووری گوندی ئەلبوفورجەی سنووری قەزای دوبز دزەیان کردبووە ناو قەزاکە و دوای ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان هەردوکیان کوژران. لەڕووبەڕووبوونەوەکەدا سێ شەهیدیش لەدەزگا ئەمنییەکان هەبووە لەگەڵ یەک بریندار.[1]
- ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆککۆماری تورکیا، ڕایگەیاند، ناوەندی پارێزگای هەکاری باکوری کوردستان دەگوازنەوە بۆ

گەڤەر و شرناخیش بۆ جزیرە دەگوازنەوە.
- دادگای ئامەد بڕیاری دەستگیرکردنی عوسمان بایدەمیر، پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)ی دەرکرد.
- دووەمین کۆنگرەی ئەنجومەنی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی شەنگال بە ئامادەبوونی 400 کەس لە هاوڵاتیانی ئێزدی هەموو جیهان دەستپێکرد.
- دەوڵەتی تورک لە شارۆچکەکانی لیجە، پیران، هێنێ و کاراز-ی سەربە ئامەد دەستی بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن کرد و لە 43 گوندی سەربەو شارۆچکانە قەدەغەی هاتوچۆی ڕاگەیاند.[2]
- بەرپرسی ڕاگەیاندنی حەشدی شەعبی لە میحوەری باکور، بە خەندان-ی ڕاگەیاند هەزار و 500 تەرمیان لە گۆڕەبە کۆمەڵەکانی گوندی کۆجۆ دۆزیوەتەوە لەداوی کۆنترۆڵکردنەوەی.
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک، ناوچەی قەڵاتووکان و شەهید هاروونی-یان لە قەندیل بۆردوومان کرد.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: جزیرا بۆتان
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: هەکاری
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-05-30
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-05-30
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-05-30
کاتی تۆمارکردن: 2017-05-30
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 47

2017-05-31



- زەکەریا گوزوپەک، سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ئاژانسی دیها و محەمەد عەلی ئەرتاش، سەرنووسەری بەشی کوردی ئاژانسەکە دەستگیرکران.[1]
- لە ناوچەی شەنۆبای شاری شرناخی باکوری کوردستان کۆپتەرێکی سەربازیی سوپای تورکیا کەوتە خوارەوە. میدیاکانی تورکیا بڵاویان کردەوە کە کۆپتەرەکە لە جۆری (سیکۆرسکای ئێس 70) بووە بێ ئەوەی هۆکاری کەوتنە خوارەوەکەی زانرابێت. بەهۆی ئەو ڕوداوەوە 11 سەربازیی سوپای تورکیا کوژران کە یەکێکیان ڕابەری یەکەیەکی سەربازیی بووە.
- بەرپرسی ڕاگەیاندنی دەزگای گشتی کاروباری مین لە پارێزگای هەولێر ڕایدەگەیەنێت کە سەرلەبەیانی ئەمڕۆ کارمەندێکی دەزگاکەیان بەناوی بەختیار عزەت برادۆستی لە کاتی کارکردن لە سنوری قەزای سۆران مینێکی پێدا تەقیوەتەوە و دەستبەجێ گیانی لەدەستداوە. [2]
- وەزارەتی بەرگری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەفەرمی ڕەوانەکردنی چەک و ئۆتۆمبێلی سەربازی بۆ شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات ڕاگەیاند.
- ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی تورکیا ڕایگەیاند بڕیارەکەی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ پرچەککردنی هێزەکانی یەپەگە لەسوریا لەلایەن هاوڕێ و هاوپەیمانێک شیاو نییە.
- کاتژمێر 10:00ی پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ فڕۆکەکانی تورکیا دوو جار بەسەختی بۆردومانی ناوچەکانی بناری قەندیل-یان کرد.
- لە ڕوونکردنەوەیەکدا، ئەنجومەنی وەزیران ئاماژەی بەوەکردووە، نوێترین سکاڵای کۆمپانیای دانە غاز لەدژی حکومەتی هەرێم سەبارەت بە و زیانانەی پێی گەیشتووە بەهۆی دواخستنی پەرەپێدانی کێڵگەکانەوە هێشتا لە دادگا تاوتوێ نەکراوە، بەڵام وادیارە هەندێک میدیا لە کوردستان بەئەجێندای سیاسی زانیاری لەبارەی ئە و سکاڵایەوە بڵاودەکەنەوە و کە چەواشەکارانە و پڕ کەموکوڕییە.[3]
- عەزیز محەمەد سیاسەتمەداری کوردو سکرتێری پێشووتری حزبی شیوعی عێراق ئەمڕۆ کۆچی دوایی کرد.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: شرناخ

شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: باکووری کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-05-31
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-05-31
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-05-31
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2017-05-31
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 48

2017-06-01



باشووری کوردستان
- تەرمی عەزیز محەمەد، کەسایەتی سیاسی و سکرتێری پێشووتری حزبی شیوعی عێراق برایە بارەگای کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی لە هەولێر و پاشان بەرە و گۆرستان بەڕێکرا.[1]
- وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ئەمڕۆ لە ڕاگەیەندراوێکدا لە بارەی سکاڵایەکی کۆمپانیای داناگاز، ئاماژەبەوەدەکات، تاوەکو ئێستا دانیشتنی دادگایی لەسەر سکاڵاکەی دانەگاز ئەنجامنەدراوە و بەشێک لەو زانیارییانەی لە میدیاکان بڵاوکراونەتەوە دوورن لە ڕاستییەوە.
- وابڕیاربوو ئەمڕۆ کاتژمێر 11 ی پێشنیوەڕۆ لە بەردەم سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران گردبونەوەیەک لەلایەن کۆمەلێک چالاک و ڕۆژنامەنووس، لەدژی بەفیڕۆدانی سامانی وڵات و کەیسەکانی نێوان حکومەت و کۆمپانیای داناگاز ئەنجامبدرێت، بەڵام هێزە ئەمنییەکان ڕێگریان لە ئەنجامدانی گردبوونەوەکە کرد و هێمن مامەندی ڕێکخەری گردبوونەوەکەشیان دەستگیرکرد.[2]
- لە شاری هەولێر گردبوونەوەیەکی ناڕەزایی دژی دەستگیرکردنی ئارام بەختیار، پەیامنێری ئێن ئار تی بە بڕیاری دادگای کەلار بەڕێوەچوو.[3]
- دوای سێ ساڵ دووری، ئەمڕۆ نادیە مورادبالێوزی نیازپاکی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان گەیشتەوە گوندی کۆجۆ لە خۆرهەڵاتی قەزای بەعاج.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-06-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-06-01
کاتی تۆمارکردن: 2017-06-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 49

2017-06-02



- وتەبێژی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش ڕایگەیاند، تائێستا چەکی قورسیان بە پەیەدە نەداوە لەبەرامبەر خۆپاراستن لە ئۆتۆمبێلە زرێپۆشەکان، بەڵام لەکاتی نزیکبوونەوەیان بۆ ڕەقەقە چەکی قورسیان دەدەنێ.
- فلادیمێر پۆتین سەرۆکی ڕوسیا و نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە سانپترسبۆرگ کۆبوونەوە.
- شاندی حکومەتی هەرێم لەروسیا هەر ئەمرۆ لەگەڵ سێرگی لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی ئە و وڵاتە لە سان پترسبۆرگ کۆبوونەوە.[1]
- جارێکی تر عوسمان بایدەمیر گیرایەوە.
- بۆ یەکەمجار لە مێژووی کوردستاندا، کونسوڵخانەی ئەمریکا ئاڵای ڕەگەزبازیی لەسەر بینای کونسوڵخانەکە هەڵکرد.
- لە سنوری شارەدێی چوارقورنەی ئیدارەی ڕاپەڕین ڕوبەرێکی زۆری دانەویلەی جوتیاران سوتا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-06-02
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-06-02
کاتی تۆمارکردن: 2017-06-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 50

2017-06-03



یانەی کوردی لە هۆڵەندە "میدیـــــا"
Koerdische Vereniging in Nederland - Midia
MIDIA

2017/05/11 :ڕۆژ
2017–05–11. KVA.SA. 04 :ژمارە

بانگێشتنامەی تایبەت ڕۆژی 03–06–2017
بێ بەرانبەر بۆ بینینی نمایشی شانۆگەری (دەڵەمە و نارنجۆک)ی
گروپی شانۆی بێسنور لە شاری زوتەمیر

بە خۆشحالیەوە ئەمسالیش گروپی شانۆی بێسنور، وەک جالاکییە بەردەوام و بر بەخشەکانی سالانی پێشوویان، دوای پێشکەشکردنی چەند نمایشێکی جیا جیا لە شارەکانی هۆلەندا، ئێوارەی ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی 03–06–2017 لە سەر شانۆی یەکێک لە هۆلەکانی شاری زوتەمیر لە هۆلەندا، شەوێکی کەلتووری لە چەند دەقێکی شانۆییدا بەئاوێنەشانی. دەڵەمە و نارنجۆک. پێشکەش ئەکەن.
ئەم شانۆگەرییە فیۆنا سۆرانی لەدوو دەقی شانۆیی هارلۆدینار و فرناردۆ ئارابالەوە– ئامادەی کردووە. دەرهێنانی باکۆ سۆرانی، مۆسیقا چەمە بەکر، شایانی باسە پێشتر ئەم نمایشە لە چەند شارێکی دیکەی هۆلەندا، وەک ئەیدۆرن نمایش کراوە.
توانەدنی کۆمەلێک ئەکتەری هۆلەندایی و کورد و ئەتەوە جیاوازەکانی دیکە ڕۆلی تێدا ئەبینن.
ناوەڕۆکی. دەڵەمە و نارنجۆک. باس لەکێشەکانی جیهانی سەردەمی نوێ ئەکات، بەتایبەت کێشەی دەسەلات و زەوتکردنی ماف‌سەردەتایبەکانی مرۆڤ و ئەخشە دانان بۆ بەدووزمنکردنی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدیدا.
ئەم دەسەلاتە لەلایەن زەردەنالیکەوە بەڕێوە ئەچێ کەلەشانۆییەکەدا بەبێ دیالۆگ لەسەردەتاوە ئاکۆتایی دەرئەکەوێ. بۆ بەرجەستەکردنی دەسەلات پێوستت بە دیالۆگ نییە، چونکە زووربەی کات دەسەلاتداران بەهیچ شێوەک دیالۆگ یان نیە وشەکانیان گەلێک زۆرە، بەلام بێ دیالۆگن.
ـ دەڵەمە و نارنجۆک ـ جیرۆکێکی سەرنج ڕاکێشەرە، فرد خەندە ئەخاتە سەر لێوی بینەران و هاوکات ترازیدیایەک بەرجەستە ئەکات، کە هەست ئەجوولێنێ بۆ بیرکردنەوەیەکی قوڵ.

De Pudding met Granaten
Het stuk draait om de kloof die gaapt tussen de onuitputtelijke moqelijkheden van de mens en hun uiteindelijke levens. Het onderdrukken van de persoonlijke vrijheid en het gebruik van geweld wordt op satirische wijze uitgewerkt. Een lach en een boodschap worden in dit stuk gecombineerd. Première: 03 juni 2017,
20:00 uur , Waar: Ichthuskerk, Parkdreef 258, 2714 EZ Zoetermeer.
Kaarten : Gratis
Reserveren: 0616661895

بە ناوی یانەی کوردی "میدیـــا"دەوە لە هۆلەندا، وەک پشتگیری و هاندانی (گروپی شانۆی بێسنور) تۆی نازیز بە تایبەت بانگێشت ئەکەین، بۆ بینینی شانۆگەری دەڵەمە و نارنجۆک.

لیژنەی
سەربەرشتی یانەی کوردی"میدیـــا"

Postadres: Postbus 75562 - 1070 AN Amsterdam Kantoor: de meevaart, Balistraat 48a-9, 1094 JN Amsterdam
Mob: 0647988634 E: kvn.midia@gmail.com, k.v.k.: 40536751 Giro: 6094559

- ناوەندی ڕاگەیاندنی هێزەکانی پاراستنی گەل- هەپەگە، سەبارەت بە چالاکییەکانی ئەم دواییانەی گەریلاکان لە قارس، ئامەد و شرناخ ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوەو تێیدا کوژرانی شەش سەربازی تورکیای ڕاگەیاند.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: شرناخ

شار و شارۆچکەکان: قارس
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی رۆژنیوز - 2017-06-03
کاتی تۆمارکردن: 2017-06-03
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 51

2017-06-04



- شەڕفانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات، بەتەواوی بەنداوی حوریيە-یان کۆنترۆڵکرد.
- پێشمەرگەیەک و ئاسایشێکی شاری هەولێر لە ئاوی گەلی عەلی بەگ-دا خنکان، کە زاوا و کوڕە خەزووری یەکترن.
- لە ڕاگەیەندراوەکەی هەپەگەدا هاتووە:یەکی ئەم مانگەدا، لە شاری مووش لە دژی یەکینەی سەربازە نهێنییەکانی تورکیا چالاکییەک بەڕێوەچوو، لە ئەنجامدا 13 سەرباز کوژراون، هەروەها لە ئامەد دوو دژەگەریلا 'کۆنترا گەریلا'، کوژراون و لە بازیدیش سەربازێک کوژراو لە سێرتیش چالاکییەک بەڕێوەچوو.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: موش
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-06-04
کاتی تۆمارکردن: 2017-06-04
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 52

2017-06-05



- ناوەندی ڕاگەیاندنی هێزەکانی پاراستنی گەل – هەپەگە ڕایگەیاند، کە لە چیای کاتۆ و لە دێرسیم 16 سەربازی سوپای تورکیا کوژراون، هەروەها زیان بە فڕۆکەیەکی سکۆرسکی گەیەنراوە، بەڵام نەکەوتووەتە خوارەوە.[1]
- شەش ئەندامی خێزانێکی خەڵکی سەیدسادق بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆوە لە ڕێی هەولێر-کەرکووک گیانیان لەدەستدا.[2]
- وەزارەتی ناوخۆی تورکیا بانگێشتی لیستێکی 130 کەسی کردووە بۆ گەڕانەوە بۆ ئە و وڵاتە و پەیوەندیکردن بە لایەنی پەیوەندیدارەوە، بەپێچەوانەشەوە هەڕەشەی لێسەندنەوەی مافی هاوڵاتیبوونیان لێدەکات. لەناو لیستەکەدا ناوی فەتحوڵا گولەن، ڕابەری ئایینی و فەیسەڵ ساریبڵدز و توبا هەزەر ئۆزتورک، پەرلەمانتارانی هەدەپەی تێدایە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-06-05
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-06-05

کاتی تۆمارکردن: 2017-06-05

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 53

2017-06-06



- بەرپرسی نووسینگەی ڕێگارکردنی ڕفێندراوانی دەستی داعش ڕایدەگەیەنێت، توانیویانە ژنێک و سێ لە منداڵەکانی بەهەماهەنگی لەگەڵ هاوکارانیان لە سوریا لە دەستی چەکدارانی داعش ڕزگاربکەن.
- فیگەن یوکسەکداغ، پەرلەمانتار و هاوسەرۆکی پێشوی هەدەپە بەتۆمەتی بانگەشەکردن بۆ پەکەکە سزای سانێک و شەش مانگ زیندانیکردنی بەسەردا سەپێندرا.
- ئاگرێکی بەهێز لە زەویيە کشتوکاڵییەکانی دەشتی شارەزوور لە نزیگ گوندی قەرەگۆل کەوتەوە و بە و هۆیەشەوە زیاتر لە 60 دۆنم گەنمی جوتیارانی سنورەکە سوتا.[1]
- شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات، ئەمڕۆ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی ناوەندی شاری ڕەققەیان ڕاگەیاند.[2]
- بەگوێرەی هەواڵێکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان سێ گەنجی کورد لە دوو گوندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شاری تاران-ی پایتەختی ئێران لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا خۆیان کوشتووە.
- هەڵۆکانی ئازادی کوردستان- تاک، بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک بەرنامەکانی بۆ داهاتوویەکی نزیک خستە ڕوو و ڕایگەیاند، کە لە دەهاتوویەکی نزیکدا هەموو شارە گگەورەکانی تورکیا دەکەنە مەیدانی شەڕو هۆشداریشی دایە گەشتیاران.
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ هێزەکانی پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەر ماڵی چەندین چالاکوانی سیاسی و سیاسەتمەداری کوررد لە شارۆچکەکانی سەربە دەرسیم و حەوت کەسیان دەستگیرکرد.
- کۆمیسێری باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێت، کە تورکیا ڕێگا نادات لە بارەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤەوە لە باشوری ڕۆژهەڵاتی وڵات 'باکوری کوردستان' لێکۆڵینەوە بکەین.[3]

- بەپێی ڕاپۆرتی سەرچاوەکانی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەندکراوێکی کوردی خەڵکی شاری (خورەمئاوا)ی پارێزگای لوڕستان بەناوی (هومایۆن تووڵابی) تەمەن 30 ساڵ لە زیندانی ناوەندیی ئەو شارە لەلایەن دەزگای دادوەریی ئێرانەوە لەسێدارە درا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: لوڕستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-06-06
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-06-06
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-06-06
کاتی تۆمارکردن: 2017-06-06
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 54

2017-06-07



- چوار کەس بە تەقەکردنەوە هێرشیان کردە سەر پەڕلەمانی ئێران لە شاری تاران و هەشت کەسیان بریندارکرد، کە یەکێکیان دواتر گیانی لە دەستدا.
- چەند کەسێک لەناو مەزارگەی خومەینی لە باشووری تاران بەیانی ئەمڕۆ تەقەیان کردوو، چەند کەسێک بریندار بوون و

هێرشبەرێک خۆی تەقاندەوە. هەندێک لە سەرچاوەکان لە هێرشەکانی ئەمڕۆی ئێران باس لە 8 کوژراو و زۆرتر لە 10 بریندارەکەن.[1]
- شەڕڤانان چوونە ناو گەڕەکێکی شاری ڕەققەوە.
- لە 14 گوندی سەربە شارۆچکەی خیزانی شاری بەدلیسی باکووری کوردستان قەدەغەی هاتوچۆ ڕاگەیەنرا.
- ناوەندی ڕاگەیاندنی هەپەگە ئەمڕۆ ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوەو ڕایگەیاند، کە لە چوارچێوەی چالکییەکانی ئەم دووایینانەی گەریلاکاندا لە جولەمێرگ 15 سەرباز، لە مووش حەوت و لە چەولکیش دوو سەربازی تورک کوژراون.
- نوێنەرانی کۆنگرێسی ئەمریکی بڕیارنامەیەکیان پەسندکرد و داوایان کرد لێپێچینەوەی یاسایی بکرێت لەگەڵ پاسەوانەکانی ئەردۆغان و ڕێگری ئەنجام بدرێت لە دووبارەبوونەوەی ڕووداوی لەو جۆرە.[2]
- لێژنەی پاراستنی ئەرشیفی نەوشیروان مستەفا ڕایگەیاند، لەچاپدان و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی نەوشیروان مستەفا قەدەغەکراوە و بەپێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی دژی هەر کەسێک دەگیرێتەبەر کە ئەوکارە بکات.
- حزب و لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی بارزانی و لایەنە سیاسییەکان ڕێککەوتن لەسەر ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆم لە ڕۆژی 25 ی ئەیلولی ئەمساڵدا. هەروەها لەکۆبوونەوەکەدا بڕیاردراوە ڕۆژی شەشی تشرینی دووەمی ئەمساڵ هەڵبژاردنی پەرڵەمانی کوردستان بەڕێوەبچێت.
- ئۆرسۆلا ڤۆندەرلین، وەزیری بەرگری ئەڵمانیا، ڕایگەیاند، کشانەوەی هێزەکانیان لەبنکەی ئاسمانی ئینجەرلیک-ی تورکیا لە ئەنجوومەنی وەزیرانی وڵاتەکەی پەسەندکراوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: بەدلیس
شار و شارۆچکەکان: جولەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: موش
وڵات: ئێران
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-06-07
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-06-07
کاتی تۆمارکردن: 2017-06-07
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 55

2017-06-08



- شەوی ڕابردوو، لە پۆلیسی سلێمانی، لەلایەن مەفرەزەکانی هێزەکانی پۆلیسی پارێزگاوە کۆرپەلەیەکی تازە لە دایکبوویان دۆزرایەوە.[1]
- لەیەکەم کاردانەوەی نێودەوڵەتیدا سیگمار گابرێل وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا نیگەرانیی بەرلینی دەربڕی لەبارەی پرسی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە 25ی مانگی ئەیلوڵی داهاتوودا.
- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هۆشداریی دەداتە هەرێمی کوردستان لەوەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، هەموو ئاگاییەکان لەبارەی شەڕی داعشەوە ناهێڵێت، هاوکات واشنتۆن دەشڵێت ڕێز لەئیرادەی خەڵکی کوردستان دەگرین.
- ماریا زاخرۆڤا، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیا، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئەمڕۆ ایگەیاند لێدوانەکانی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانی عێراق سەبارەت بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە مانگی ئەیلوڵی ئەم ساڵدا، سەرنجی ڕاکێشاوین. جەختیشی لەسەر ئەوەکردەوە کە ڕوسیا پشتیوانی یەکپارچەیی خاکی عێراق و ڕێزگرتن و ڕەچاوکردنی مافە ڕەواکانی سەرجەم تایەفە و کۆمەڵە نەتەوەییەکان دەکات بەبێ مەرج، کوردەکانیش گەورەترین نوێنەری ئە و کۆمەڵانەن. [2]
- ناوەندی ڕۆشنبیری ئەندێشە لە سلێمانی دەستی بە هەڵاجکردنی کتێبەکانی کرد، ئەوەش دوای ئەوەی لە ماوەی ڕابردوودا ڕاگەیەندرا، کە بەهۆی قەیرانی دارایییەوە ئەگەری داخستنی ناوەندەکە هەیە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

وڵات: ئەڵمانیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-06-08

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-06-08

کاتی تۆمارکردن: 2017-06-08

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 56

2017-06-09



- وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، هەڵوێستی وڵاتەکەی لەسەر ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند و ئه و پرۆسەیە بە هەڵەیەکی گەورە ناودەبات.
- بەگوێرەی سەرچاوە خۆجێییەکان لە شارۆچکەی چەلێی سەربە جولەمێرگ، شەوی ڕابردوو کاتژمێر 09:00 هەلیکۆپتەرێکی سوپای تورک لە جۆری سکۆرسکی، خراوەتە خوارەوە، کە 16 سەربازی تورکی تێدابووە و هەموویان بە بریندارى لە ناوچەکە گوازراونەتەوە.سوپای تورکیش لە لێدوانێکدا ڕایگەیاندووە، هەلیکۆپتەرێکی سوپا کاتێک بەنیازبووە بنیشێتەوە بە ڕۆکێتێکی گەریلاکانی هەپەگە بە ئامانج گیراوە و کەوتووەتە خوارەوە.[1]
- سەرۆک وەزیرانی تورکیا لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەهەرێمی کوردستان پلانێکی نابەرپرسانەیە.
- ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیی (داعش) گرتەی ڤیدیۆیی پێش هێرشەکەی سەر تارانی بڵاوکردەوە کە گروپێک خۆی ئامادەکردووە و بەکوردی قسە دەکەن و ڕایدەگەیەنن دەستی ئێران گەیشتووەتە موسڵ و سوریا و لیبیا، بۆیە دەبێت ڕێگریان لێ بکرێت.
- سایتی RTی ڕوسی بڵاویکردەوە لەپارێزگای ئیلامی ڕۆژئاوای ئێران دەستدرێژی گوللە لەهاوڵاتیان کراوە و کەسێک کوژراوە و دوو کەسی دیکە بریندارىوون.
- وەزارەتی ئاسایشی ئێران لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند لەچەند پرۆسەیەکی هەوالگریدا لەپارێزگاکانی کرماشان و کردستان و ئازەربایجان و تاران 51 کەس ئەندامی داعش دەستگیرکراون.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئیلام
شار و شارۆچکەکان: جولەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-06-09
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-06-09
کاتی تۆمارکردن: 2017-06-09
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 57

2017-06-10



- ئێران هەڵوێستی خۆیی لەسەر ڕیفراندۆمی باشووری کوردستان ڕاگەیاند و وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران ڕایگەیاند، ولاتەکەی لەگەڵ سەروەری خاک و پەکپارچەیی عێراق-دایە و کوردستانیش بەشێکە لە عێراق.[1]
- ناوەندی ڕاگەیاندنی هەپەگە ڕایگەیاند:دوێنێ کاتژمێر 12:00ی نیوەڕۆ، گەریلاکان یەکینەیەکی نهێنی سوپای تورکیان لە شرناخ خستە ژێر چاودێرییەوە، هەر دوێنێ کاتژمێر 05:00ی پاشنیوەڕۆ دژی ئەو یەکینەیە چالاکیان ئەنجامدا و هەموو پێگەکانیان تێکشکاندن، دەزگا ڕاگەیاندنەکانی دوژمن سەبارەت بەئەنجامی ئەو چالاکییەوە ڕایانگەیاندووە، کە دوو سەرباز کوژراون و سێ بریندار بوون، بەڵام لە ئەنجامی چالاکییەدا حەوت سەربازی تورک کوژران.[2]
- شارەوانی ناوچەی بینرولا لەشاری تۆرینۆی ئیتاڵی ڕەزگەنامەی فەخری بەخشییە ڕێبەری زیندانیکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان عەبدوڵڵا ئۆجەلان، بەو هەنگاوەش ژمارەی ئەو شارەوانییە ئیتاڵیانەی کە ڕەگەزنامەیان بەخشیوەتە ئۆجەلان بۆ حەوت شارەوانی زیادبوون.[3]
- بەرپرسی نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕفێندراوانی دەستی داعش ڕایگەیاند، بەهەوڵ و ماندێبوونێکی زۆری نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕفێندراوانی دەستی داعش ئەمرۆ کچێکی تەمەن پێنج لەلای ڕاستی شاری موسڵ ڕزگارکرا.
- بەرپرسێکی باڵای هاوپەیمانی نیشتمانی (مالکی شیعە) ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بە کارێکی نایاسایی و نادەستوری لە قەڵەم دەدات و دەڵێت لە کاتی ئەنجامدانی ڕاپرسیدا پەنا دەبەینە بەر کۆمەڵی نێودەوڵەتی و دادگای نێودەوڵەتی.
- بەڕێوەبەری کارگەی چیمەنتۆی کەرکووک دەستگیرکرا، پۆلیسی کەرکووکیش دەڵێت بەتۆمەتی دەستبەسەرداکردنی پارە لەلایەن بەغداوە داواکراوە.
- ڕەئوف عوسمان، سەرۆکی جڤاتی گشتی بزوتنەوەی گۆڕان و ئەندام و بەشداری کۆبونەوەی جڤاتی نیشتیمانی بە دواڕۆژی ڕاگەیاند، گۆڕان دوو مەرجی هەیە بۆ بەشداری و پشتگیریکردنی پرۆسەی ڕیفراندۆم، یەکەم ئەوەیە ناوچە جێناکۆکەکان

بەشداری پڕۆسەکە بکەن. لەبارەی مەجی دووەمیشەوە ڕەئوف عوسمان وتی، مەرجی دووەم ئەوەیە ڕیفراندۆم لە ڕێی پەرلەمانەوە بە شەرعی و یاسایی بکرێت.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: شرناخ

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-06-10

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-06-10

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 2017-06-10

کاتی تۆمارکردن: 2017-06-10

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 58

2017-06-11



- سوپای تورک گوندی قەرزوێرانی سەربە منبیج تۆپباران کرد و لە ئەنجامی تۆپبارانەکەدا زیانێکی زۆری مادی بە ماڵ و موڵکی هاوڵاتیان گەیشت.
- بەگوێرەی هەواڵێکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان، شارەوانی سنە بەپێی بڕیاری دادگا دەستیکردووە بە ڕووخاندنی دووکانە بێمۆڵەتەکان لە ناوچەی نەنەڵە کە دەکەوێتە قەراخشاری سنەوە، بەڵام خاوەن دوکان و کاسبکاران ڕەتیدەکەنەوە کە بێ مۆڵەتبن و ڕایدەگەیەنن کە تاپۆش-یان هەیە.[1]
- پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی دەوڵەتی یاسا ڕایدەگەیەنێت، هاوپەیمانێتیەکەیان کاردەکات بۆ دەرکردنی بڕیارێک لە پەرلەمانی عێراق بۆ ڕێگری لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستان.
- ڕێکخراوێکی مافەکانی مرۆڤ ڕایدەگەیەنێت، ژمارەیەک هاوڵاتی موسڵ لەژێر داروپەردووە داڕوخاوەکانی شارەکەدان و داوا لە هێزە ئەمنییەکان دەکات بەهانایانەوە بچن.[2]
- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر ڕایگەیاند، لەسەر کێشەی کەمی ئاو لە کەسنەزان شەڕەتەقە لەنێوان چەندکەسێک دروست بووە و و کوژراوێک و دوو بریندار لێکەوتووەتەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: منبج

شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی رۆژنیوز - 2017-06-11
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی دواڕۆژ - 2017-06-11
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی خەندان - 2017-06-12
کاتی تۆمارکردن: 2017-06-10
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 59

2017-06-12



- پارتی چەپی ئەڵمانیا کە سێیەمین حزبی گەورەی ئەو وڵاتەیە لە چوارچێوەی بەڕێوەبردنی کۆنگرەیەکیدا لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا لابردنی قەدەغەی سەر پەکەکەی خستە ناو بەرنامەکانییەوە و ڕایگەیاند، کە لابردنی قەدەغەی سەر پەکەکە لە بەرنامەی ئەمساڵی پارتەکەماندایە.
- هەپەگە ڕایگەیاند: لە چوارچێوەی هەنگاوی شۆڕشگێڕانە شەهید بەدران گوندکەرمۆ و شەهید نالین موش-دا دوێنێ کاتژمێر 10:00ی بەیانی هێزەکانمان لە گردی کۆردینەی شاڕۆچکەی چەلێ سەربە جولەمێرگ دژی پێگەکانی سوپای تورک چالاکییەکیان ئەنجامدا و گورزی کوشندەیان لە سوپای تورکدا، لە ئەنجامی ئەو چالاکییەدا 10 سەربازی تورک کوژران.
- یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئامانج محەمەد قایمقامی چەمچەماڵ-ی دوورخستەوە و ڕەمەک ڕەمەزان بەڕێوەبەری شارەدێ تەقتەق-ی خستە شوێنی.
- فڕۆکەکانی سوپای تورکیا دەستیان کرد بە بۆردوومانی گوندی سیدا لە ناوچەی گەلی باڵندە لە سنوری ئاواشین سەربە شاڕۆچکەی ئامێدی لە پارێزگای دهۆک.[1]
- سەرۆکی لێژنەی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان ڕایدەگەیەنێت، نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان، بەڕەسمی ئاگادارکراونەتەوە.
- بەرپرسێکی هەدەپە ڕایدەگەیەنێت، ئێستا بارودۆخ بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەبارنیە بۆیە پێشتر پێویستە نێومالی کوردی ڕێکبخرێتەوە و پەرلەمانیش کارابکرێتەوە.
- فرانک بیکەر، باڵیۆزی بریتانیا لە عێراق لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، هەڵوێستی حکومەتی بریتانیا زۆر ئاشکرایە و پێشتریش ڕامانگەیاندووە کە ئێمە لەگەڵ ئەوەداین هەموو گەلێک ئازادە لە دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆی، بەڵام ئێمە لەوباوەڕەدا نین ئێستا کاتێکی باش بێت بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان و هەروەها حکومەتی عێراق بەوکارە

ڕازی نییە.[2]
- سەرجەم پۆستە ئەمنییەکان کە پشکی کورد بوون لە حکوومەتی عێراق پڕ دەکرێنەوە و ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش دەڵێت: هیچ پۆستێکی لەو شێوە بەدەستی کوردەوە نەماوە کە قسەی لەسەر بکرێت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-06-12
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-06-12
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-06-12
کاتی تۆمارکردن: 2012-06-10
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 60

2017-06-13



- بەهۆی ژەهراویبوونی خۆراکەوە سەدان کەس لە کامپی حەسەن شام لە هەولێر ژەهراویبوون و پۆلیسی هەولێریش چەندین کەسی دەستگیرکرد کە بەشداریبان لە ئامادەکردنی خۆراکی کامپەکەدا کردووە.
- لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی پارتی و یەکێتی، پارتی ڕازی بوو بە گەڕانەوەی سەرۆکی پەڕڵەمان و بزووتنەوەی گۆڕان. بەڵام گۆڕان ڕاتیکردەوە.[1]

- ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بڕیارێکی وەزارەتی نەوتی عێراق بۆ دابەشکردنی زەوی بەسەر کارمەندانی کۆمپانیای نەوتی باکور ڕەتدەکاتەوە بەهۆی ٪90 ئەو کارمەندانە خەڵکی کەرکووک نین و عەرەبی هاوردەن.[2]
- جەمیل بایک هاوسەرۆکی کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە) ڕایگەیاند، ڕیفراندۆم مافێکی دیموکراتییە و نابێت هیچ کەسێک لەبەرانبەر ئە و مافەدا دژایەتی بکات، بەڵام دەبوایە بە پشتیوانی فراوانتر هەرێمی کوردستان بچوایەتە ڕیفراندۆمەوە.
- ئەمڕۆ شاندێکی نەتەوەییەکگرتووەکان گەیشتە هەولێر بەمەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان لەبارەی پرسی ڕیفراندۆمەوە.[3]
- محەمەد عەلی ئەسڵان، پەرلەمانتاری شاری ئێلیجی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، لە فڕۆکەخانەی ئێلیح دەستگیرکرا.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 13-06-2017

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 13-06-2017

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 13-06-2017

کاتی تۆمارکردن: 13-06-2017

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 61

2017-06-15

- لەناوچەی گەنج لەپارێزگای بینگۆل-ی باکوری کوردستان شەڕو پێکدادان لەنێوان گەریلاکانی پەکەکە و سوپای تورکیا ڕوویداو سەربازێک کوژراوە و یەکێتی دیکەش بریندارببووە.
- سوپاسالاری وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند، هاوپەیمانان بەردەوامن لە هاوکارییەکانیان بۆ پێشمەرگە، بەڵێنیانداوە بۆ ساڵی 2018 دووليوای دیکەی سەربە وەزارەتی پێشمەرگە پڕ چەک بکەن و مەشق و ڕاهێنانی سەربازییان پێبکەن
- پۆلیسی واشنتنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕایگەیاند، دوو کەسی دەستگیرکردووە لەسەر هێرشکردنە سەرخۆپیشاندەران لە کاتی سەردانەکەی ئەردۆغان بۆ ئە و وڵاتە لە 16-05-2017.[1]
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ کاتژمێر 04:00 بۆ 05:00 گەنجێکی کۆڵبەری کورد بەناوی سیروان محەمەد، کە خەڵکی گوندی خانخەلیلی شاری سەردەشتی سەربە پارێزگای ورمێیە، لەلایەن هێزە سەربازییەکانی ڕژێمەوە بە ئامانج گیراوە و کوژراوە.
- پارێزگاری تورکی ئامەد ئەمڕۆ بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک قەدەغەی هاتوچۆی لە 25 گوندی سەربە شاری ئامەد ڕاگەیاند، بەمەبەستی ڕێگاخۆشکردن بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی سوپای تورک لەو ناوچانەدا.[2]
- دەسەڵاتدارێتی تورکیا ڕایدەگەیەنێت، ناڕەزایی سەرەکی ئەنقەرە بۆ ڕیفراندۆمەکەی هەرێمی کوردستان بریتییە لە لەخۆگرتنی کەرکووک لە و دەنگدانەدا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-06-15
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-06-15
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-06-15
کاتی تۆمارکردن: 2017-06-15
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 62

2017-06-16



- دەوڵەتی تورک لە 39 گوندی سەربە شاری گەورەی ئامەد قەدەغەی هاتوچۆی ڕاگەیاند، بە مەبەستی ڕێخۆشکردن بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی سوپای تورک.
- لە شاری ئامەد لە باکوری کوردستان لە ماوەی دوو ڕۆژی ڕابردوودا 23 کەس دەستگیرکراون.
- یەکەمین کۆنفرانسی ئابووری ژنانی باکوری سوریا بە بەشداربوونی 150 ژن لە ڕۆژئاوای کوردستان و باکوری سوریا لە ناوەندی چاند و هونەری دیجلەی شاری دێرکی ڕۆژئاوای کوردستان لەدوێنێوە دەستپێکردووە و ئەمڕۆش بەردەوامە.[1]
- وتەبێژی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێم ڕایدەگەیەنێت، کۆمسیۆن لیژنەیەکی سێ کەسی بۆ یەکلایی کردنەوەی شێوازی دەنگدانی ڕەوەندی کوردی بۆ ڕیفراندۆم پێکدەهێنت، بەڵام تائێستا نازاندرێت کە دەتواندرێت ڕەوەندی کوردی بەشداری ڕیفراندۆم بکات یان نا؟
- ئوسامە کلدانی فەرماندەی لیوای 50ی حەشدی شەعبی بە شانەی ڕاگەیاندنی جەنگی وتووە، هێزەکانیان بە پشت بەستن بە زانیاری هەواڵگری، توانیویانە شوێنی کچە ئێزیدییەک دەستنیشان بکەن، دواتریش ئازادی بکەن.[2]

- کاتژمێر 09:10 خولەکی ئەم ئێوارەیە نارنجۆکێکی دەستی هەڵدرایە حەوشەی مزگەوتی بەهەشت لەگەڕەکی ئیبراهیم ئەحمەد و لەئەنجامدا سێ کەس بریندار بوون، یەک لە بریندارەکان مەلا عەبدوللەتیف سەلەفییە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: دێرک

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-06-16

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-06-16

[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2017-06-16

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 63

2017-06-17

- میدیاکانی نزیک لە پەکەکە بڵاویان کردەوە کە شەوی ڕابردوو چەند یەکەیەکی سەربازیی تورکیا لە ناوچەی (چەڵێ)ی سنووری شاری چۆلەمێرگ باکووری کوردستانەوە هاتونەتە ناو سنووری هەرێمی کودستانەوەو بەهۆیەوە پێکدادان لە نێوان ئەو یەکانەو هێزەکانی پەکەکە ڕوویداوە.

- لەسەر داوایەکی دادگای دیاربەکر بڕیاری دەستگیرکردنی ئالتان تان پەرلەمانتاری هەدەپە دەرچوو بە هۆی وتارێکیەوە کە لە مەراسیمی جەژنی نەورۆزی ساڵی 2012 دا پێشکەشیکردووە. ئالتان تان تۆمەتبار کراوە بە هاندانی خەڵک بۆ ڕقەبەرایەتی و دوژمنکارپی لە ڕێگەی وتارەکەیەوە.[1]

- لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی قڕکردنی سیاسی ئاکەپەدا، لەماوەی سێ ڕۆژی ڕابردوودا ژمارەی دەستگیرکراوانی کەجەدە، تەژا و هەدەپە، دەبەپە و هەدەکە لە ئامەد گەیشتە 26 کەس.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-06-17

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-06-17

کاتی تۆمارکردن: 2017-06-17
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 64

2017-06-18



- کاتژمێر 4:00 بەیانی ئەمڕۆ، ژمارەیەک چەتەی داعش، هێرشیان کردە سەر فڕۆکەخانەی سەربازیی سدیق لە گوندی حلێوەی ڕۆژئاوای شاروچکەی خورماتوو-ی سەر بە پارێزگای سەلاحەدین. دوای دوو کاتژمێر شەڕکردن، هێزەکانی پێشمەرگە هێرشێکی چەتەکانی داعش-یان لە ڕۆژئاوای شاروچکەی خورماتوو تێکشکاند و دوو چەتەیان کوشت و دووانی دیکەش خۆیان تەقاندەوە. زیانی پێشمەرگە تەنها یەک بریندار بوو.
- ڕۆژنامەنووس ژین ئەفیندار، پەیامنێری ناوەندی ڕاگەیاندنی یەپەژە، لە کاتی ڕووماڵکردنی هەواڵ لە پێشڕەوییەکانی شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات لە گەڕەکی قادسیەی شاری ڕەقە بریندار بوو.[1]
- بنکەکانی تۆماری سیستمی بایۆمەتری مووچەخۆران لە هەرێمی کوردستان داخران و میلۆنێک و 202 دوو هەزار 200 مووچەخۆر تۆمارکراون.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شاروچکەکان: خورماتوو

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-06-18
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-06-18

کاتی تۆمارکردن: 2017-06-18

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 65

2017-06-19

- دایک و باوکی شەهید عایشە دەنێز کاراجەلی، کە بە مەبەستی بە خاک سپاردنی کچەکەیان چووبوونە کۆبانێ و پاشان گەڕابوونەوە، لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی تورکەوە دەستگیرکران.
- هێزەکانی پاراستنی گەل – هەپەگە سەبارەت بە ئەنجامەکانی وەڵامدانەوەی گەریلاکان لە بەرامبەر ئۆپەراسیۆنی سەربازی سوپای تورک لە چەلێ کە لە ڕۆژی 16ی حوەزەیرانەوە دەستیپێکردووە، ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و کوژرانی 31 سەربازی تورکی لە 24 کاتژمێری ڕابردوودا ڕاگەیاند.
- هێزەکانی هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی دژی داعش، سەبارەت بە خستنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی جەنگی ڕژێمی سوریا کە بە سەر ئاسمانی تەبقادا دەسووڕایەوە ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوەو ڕایگەیاند کە، فڕۆکەکە بە ئاسمانی تەبقاوە سوڕاوەتەوە و هێرشی کردووەتە سەر شەڕقانانی سوریا دیموکرات بۆیە خستوومانەتە خوارەوە.[1]
- نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکووک ڕایگەیاند، جموجوڵی داعش لە ناوچەی حەوزی حەمرین ڕووی لە زیادبوونە، ئەوەش مەترسی بۆسەر پارێزگاکانی دیالە و سەڵاحەدین دروستدەکات.[2]
- لە موسڵی کۆن بۆمبێکی چێنراو بە ڕۆژنامەڤانێکی کورد و سێ ڕۆژنامەنووسی فەرنسیدا تەقیەوە، لە ئەنجامدا ڕۆژنامەڤانە کوردەکە کە ناوی بەختیار حەداد بوو گیانی لەدەستدا.
- لە ڕۆژئاوای کەرکووک بۆمبێکی چێندراوی داعش لە نزیک سەنگەرێکی پێشمەرگە تەقییەوە و بەهۆیەوە سێ پێشمەرگە بریندار بوون.[3]
- باڵیۆزی بریتانیا لە عێراق ڕایدەگەیەنێت، بەردەوام دەبین لەپشتیوانیکردنی حکومەتی هەرێم و خەڵکەکەی لەشەری دژ بە داعش و دەربارەی ڕیفراندۆمیش دەڵێت، دەبێت ڕیفراندۆم بە هەماهەنگی و ڕەزامەندی بەغدا بێت، ئەوکات سەرکەوتوو دەبێت.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-06-19
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-06-19
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-06-19
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-06-19

کاتی تۆمارکردن: 2017-06-19
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 66

2017-06-20



باشووری کوردستان
- لە سنووری زەرگەی خورماتوو داعش لە سێ قۆڵەوە هێرشیکردەوە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، دوای زیاتر لە سێ کاژێر شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەش هێرشەکە تێکشکێندرا. ژمارەیەک داعش کوژران و پێشمەرگەیەکیش بەناوی زەکەریا عەبدوڵڵا شەهید بوو.
- مەسعود عەبدولخالق نووسەر و سەرۆکی دەزگای ستاندەر لەلایەن پۆلیسی هەڵێرەوە (بەتاوانی) سوکایەتیکردن بە پێشمەرگە و ڕیفراندۆم گیرا و پاشان ئازادکرا.
- لە سلێمانی پشێوی کەوتە نێو دەستگێڕ و فرۆشیار و هێزەکانی ئاساییشەوە و تەقە بەسەر دەستگێڕ و خاوەن عەرەبانەکاندا کرا.
- بەهۆی ڕوداوێکی هاتوچۆوە لە سەر ڕێگای نێوان ڕانیە و وکۆیە هەشت خوێندکار بریندار بوون کە کاتێک بۆ تاقیکردنەوە بەرەو کۆیە بەڕێکەوتوون.[2]
- وتەبێژی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لەهەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت تائێستا هیچ وادەیەک بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەستنیشان نەکراوە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەوی ڕابردوو سوپای تورک زیاتر لە 50 دۆنم کێڵگە و مەزرای گەنمی سوتاند لە گوندەکانی دەوروبەری شاری دێرکی ڕۆژئاوای کوردستان.[4]
دەرەوەی کوردستان
- فڕۆکەیەکی جەنگیی ئەمریکا لە سوریا فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی ڕژێمی سوریای خستەخوارەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: دێرک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)

شار و شارۆچکەکان: کۆیە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-06-20
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-06-20
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-06-20
کاتی تۆمارکردن: 2017-06-20
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 67

2017-06-21



- بەپێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕێکی تایبە بە مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە گرتووخانەکانی میناب و مەراغە سزای سێدارەی دوو هاووڵاتیی دیکەی کورد لەلایەن دەزگای دادوەریی ئێرانەوە جێبەجێ کراوە.
- داعش منارەی بەناوبانگی حەدبای لە موسڵ تەقاندەوە.[1]
- سەرۆکی لقی کەرکووکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕایدەگەیەنێت، کە هیچ فەرمان و نوسراوێکی فەرمیان بە مەبەستی ڕیفراندۆم پێنەگەیشتووەو پێشیان بگات جێبەجێی ناکەن، وتەبێژی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستانی-ش دەڵێت: دوای جەژن سەردانی کەرکووک دەکەین و ئامادەکاری دەکەین.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: ئێران

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-06-21
کاتی تۆمارکردن: 2017-06-21
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 68

2017-06-22



- بەرەبەیانی ئەمڕۆ هێزە ئەمنییەکانی ئێران لە بنکەی (نەجەفی) هەڵکەوتوو لە سنووری (سێ چۆمان)ی سەر بە پێرانشار دەستڕێژیان لە کۆڵبەر و کاسبکارانی کورد کردووە و کۆڵبەرێک بەناوی (محەمەد داربڕانی) گیانی لەدەست داوە و دوو کەسی دیکەش بریندار بوون.[1]
- کاتژمێر 12ی شەوی ڕابردوو چەکدارانی داعش چەند گوللە هاوەنێکیان بەئاراستەی هێزەکانیان تەقاندووە لەناوچەی تەلحەمە لەسنووری قەزای داقوق. وتیشی، یەکێک لە گوللە هاوەنەکان خاڵێکی هێزەکانمانی پێکاوە و بەهۆیەوە چوار پێشمەرگەمان بریندار بوون و ڕەوانەی کەرکووک کراون بۆ ئەوەی چارەسەر وەربگرن.
- بەیانی ئەمڕۆ لە نزیک سارۆچکەی (تاتوان)ی سەر بە شاری بتلیس لە باکووری کوردستان شەڕ کەوتە نێوان گەریلاکانی

پەکەکە و سەربازانی تورکیاوە و لە ئەنجامدا سێ سەربازی تورکیا بریندارببوون. ئاژانسەکانی تورکیا بڵاویانکردەوە پاش گەیاندنیان بۆ نەخۆشخانە دووان لە سەربازەکان گیانیان سپاردوە و بریندارەکەی دیکەش لەژێر چاودێری چڕدایە.[2]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ ئاگر لەبەشی ناوخۆیی کچانی زانکۆی کۆیە کەوتەوە و بەهۆیەوە ژمارەیەک خوێندکار ڕەوانەی نەخۆشخانە کران. ئاگرەکە لەبلۆکی دووی بەشی ناوخۆیی کچان کەوتەوە و تائێستا هۆکارەکەی ئاشکرانەکراوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: بەدلیس
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-06-22
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-06-22
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-06-22
کاتی تۆمارکردن: 2017-06-22
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 69

2017-06-23

- ڕێکخراوی ژینگە بۆ تەندروستی و خزمەت بە هاوکاری، خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان ئاگادارییەکیان بڵاو کردووەتەوە، تێیدا ئاماژە بە مەترسی بڵاوبوونەوەی پەتای کولێرا دەدەن.
- پۆلیسی دارستان و ژینگەی سلێمانی ئاشکرایدەکات کە لەماوەی 48 کاتژمێری ڕابردوودا لە هەریەکە لە سنووری قەزای دەربەندیخان و دوکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی، بەهۆی ئاگرکەوتنەوەوە زیاتر لە 200 دۆنم پوش و پاوان و گەنمی جوتیاران سووتاوە.[1]
- بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییە گشتییەکانی قەرارگای حەمزە ڕایگەیاند: تیمێکی تیرۆریستی کە بە نیازبوون کردەوەی تیرۆریستی و نائەمنی لە نێوخۆی وڵات دروستبکەن، بەرەبەیانی ئەمڕۆ لەلایەن هێزەکانی قەرارگای حەمزەی سوپای پاسداران لە شاری سنە پێیان زانرا و دواتر لە پێکدادانێکدا سێ کەس لە تیرۆریستەکان کوژران و کەسێکیان دەستگیرکرا.[2]
- پۆلیسی کەرکووک دەستگیرکردنی 40 گومانلێکراو و داواکراوی ڕاگەیاند، لە ئۆپەراسیۆنێکی فراواندا کە ئەمڕۆ لەشارەکە ئەنجامیدا.
- ژمارەیەک لەکەسایەتی و سەرۆک هۆزەکانی کەرکووک ئەمڕۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی عەشایەریان لەباشوری خۆرئاوای پارێزگاکە ڕاگەیاندو خۆیان بێ بەریکرد لەهەر کەسێکی سەر بە و هۆزانە کە پەیوەندی بە داعشەوە هەبێت.[3]
- ژن و مێردێک لە ماڵەکەی خۆیاندا لە گەڕەکی بەختیاری لە شاری سلێمانی بە سەربڕدراوی دۆزرانەوە، سەرچاوەیەکیش لە پۆلیسی سلێمانی دەڵێت شوێن پێی ئە و کەسانەی کە تاوانەکەیان ئەنجامداوە دۆزراوەتەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: دوکان

شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-06-23
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-06-23
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-06-23
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-06-23
کاتی تۆمارکردن: 2017-06-23
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 70

2017-06-24

- بەهۆی بۆردوومانی هەڵەی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان، پێنج ئەندامی خانەوادەیەکی کورد، لە موسڵ کوژران، کەسوکاریان دەڵێن تاوەکو ئێستا تەرمەکانیان لەژێر خانوو و باڵاخانە داڕماوەکاندا ماونەتەوە و، ناتوانن دەریان بهێنن.[1]
- سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی گشتی زیندانیکراوی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، بەبۆنەی جەژنی ڕەمەزانەوە پەیامێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، کە ئەگەر دەست بدەینە دەستی یەکدی سەردەکەوین و ئازادی و یەکسانی بە دەستدەخەین.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-06-24
کاتی تۆمارکردن: 2017-06-24
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 71

2017-06-25

- لە دوێنێوە تاوەکو ئێستا 13 هەزار گەشتیار لە خواروو و ناوەڕاستی عێراق ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردوە و پارێزگاری هەولێریش حەشدی شەعبی تۆمەتباردەکات بە ئاستەنگ دروستکردن لەبەردەم هاتنی گەشتیار.
- سێ چەکداری داعش هێرشیان کردە سەر هێزە ئەمنییەکانی باکووری خۆرهەڵاتی ناحیەی مەنسورییە لە حەوزی حەمرینی پارێزگای دیالە، لە ئەنجامدا چەکدارێکیان کوژرا و دووانەکەی تریش بریندارببوون.[1]

- چەکدارانی داعش بەرەبەیانی ئەمڕۆ لەسنوری کەرکووک هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لەسنووری کەرکووک، بەڵام لەلایەن پێشمەرگەوە هێرشەکەیان تێکشکێندراو بەرپرسێک و چوار چەکداریان لێ کوژرا.[2]
- کاردانەوە بەرامبەر پەلاماردانی خۆپیشاندەران لە واشنتۆن لەلایەن پاسەوانەکانی ئەردۆغانەوە، بەردەوامە. ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانی بڵاوی کردەوە وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا بە لایەنی تورکی ڕاگەیاندوە لەکاتی سەردانی سەرۆک کۆماری تورکیا بۆ هامبۆرگ بەمەبەستی بەشداری کردن لە کۆبونەوەی (جی 20)دا، ڕێگە نادات ئەو پاسەوانانەی لەگەڵ بێن، کە لەمانگی مایسی ڕابردودا لە واشنتۆن پەلاماری خۆپیشاندەرانی ئاشتیخوازیان دابو.
- ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆکی کۆماری تورکیا ڕایگەیاند، بەڵێنی وەرگرتنەوەی ئەو چەکانەی کە پێشکەش بە یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) کراوە لە دوای شکستهێنانی داعش فریودانە.
- لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەپێچەوانەی بڕیاری حکومەتی ئێران ئەمڕۆ لە زۆربەی شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵات کراوەیە جەژنی ڕەمەزانی موسوڵمانان.
- ناوەندی ڕاگەیاندنی یەپەگە لە بەیاننامەیەکدا ئاماژەی بەوەدا کە دوێنێ 24 حوزەیران، چوار شەڕڤانی بیانی ئەو هێزە لە بازگەیەکی ئاکرێدا دەستیگیرکراون کە ویستویانە بچنە قەندیل.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: ئاکرێ

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: باکووری کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: ئەڵمانیا

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-06-25

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-06-25

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2017-06-05

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 72

2017-06-26

- لە ڕۆژئاوای شاری ڕەقە بە ڕزگارکردنی گەڕەکی قادسیە، شەڕڤانان یەکێک لە گرنگترین هێڵەکانی بەرگری داعشیان تێکشکاند.
- شەش کوردی دیکەی ئێزدی بن دەسەڵاتی داعش لە سووریا ڕزگارکران و گەیشتنە شوێنێکی ئارام، یەکێک لە ڕزگارکراوەکانیش برازای نادیە موراده.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: شنگال

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-06-26
کاتی تۆمارکردن: 2017-06-26
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 73

2017-06-27



- دەسەڵاتدارانی تورک لە شاری بایەزیدی پارێزگای ئاگری لە باکووری کوردستان، پەیکەری ئەحمەدی خانی شاعیر و نووسەری کوردی ڕووخاند.[1]
- گۆرانیبێژی بەناوبانگی لوبنانی ڕاغب عەلامە سەردانی سلێمانیی کرد و کۆنسێرتێکی لە گرانت میلینیۆم - شاری جوان پێشکەشکرد.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: بایەزید
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: تورکیا
وڵات: لوبنان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-06-27
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2017-06-27
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 74

2017-06-28



- بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە لە شارۆچکەی خەباتی سەر بە هەولێر، دوو کەس کوژران و شەش کەسی دیکەش بریندار بوون.
- کۆڵبەرێکی کورد لە کاتێکدا سەرقاڵی هەڵگرتنی بارێک بووە بۆ تێپەڕکردنی لە سەر سنوورە دەستکردەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان، لەلایەن هێزە سەربازییەکانی ڕژێمی ئێرانەوە تەقەی لێکراوە و بە سەری بە سەختیی بریندارکرا.[1]
- بەهۆی پێکدادانی دوو ئۆتۆمبێل لەسەر ڕێگای سەرەکی دوکان - ڕانیە، حەوت کەس گیانیان لە دەستدا کە ئەندامی یەک خێزانێکی هەڵەبجەیی-ن و پێنجیان منداڵن.
- هاوڵاتیانی سەردەشت و هەروەها هاوڵاتیانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان لە مەزارگەی شەهیدانی کیمیاباران سەردەشت گردبوونەوەو مەراسمێکیان بەڕێوەبرد بۆ یادکردنەوەی ئەو شەهیدانە، بەڵام هێزەکانی پۆلیس هێرشیان کردە سەر ئامادەبووان و پانکاردەکانیان کۆکردنەوە.
- سوپای تورکیا شەوی ڕابردوو، کاتژمێر 21:30خولەک چەند ناوچەیەکی عەفرین-ی لە ڕۆژئاوای کوردستان بۆدرومان کرد.[2]
- وێستگەی Placerville کە ناوەندەکەی لە ویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمریکایە و تایبەتە بە کەشوهەوا، خشتەیەکی سەبارەت بە گەرمترین ناوچەکانی جیهان لەماوەی 24 کاژێری ڕابردوودا بڵاوکردەوە. بەپێی خشتەکە، قەزای خانەقین ئەمڕۆ، بەرزترین پلەی گەرمی تۆمارکردووە و گەیشتووەتە 51 پلەی سەدی. قەزای بەدرە-ش لە پارێزگای واست 50 پلە بووە و لە پلەی شەشەم دێت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: دوکان
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-06-28
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-06-29
کاتی تۆمارکردن: 2017-06-28
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 75

2017-06-29



- بەهۆی نارەزایەتی دانیشتوانی ناحیەی بنگردەوە ڕێگەی سەرەکی دوکان بنگرد ڕانیە و قەڵادزێ داخرا و ئاستەنگی هاتوچۆ دروستبوو.
- فەرماندەی پۆلیسی فیدراڵی عێراق ڕایدەگەیەنێت ئێوارەی ئەمڕۆ لەبەری موسڵی کۆن 30 هاوڵاتی ڕزگارکراون کە پێنج منداڵیان تێدایە بەردەگەز کوردن.
- لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا گرتەیەکی ڤیدیۆیی بڵاوکراوەتەوە، تێیدا دەردەکەوێت ژمارەیەک فڕۆکە لەباشوری کەرکووک بەشێوەیەکی نزم بەسەر سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا هەڵدەفڕن، بەپێی ئە و هەواڵانەش کە بڵاوبونەتەوە، ئە و فڕۆکانە لە گوندی سعێدەی باشوری کەرکووک لەژێر دەستی چەکدارانی داعشدا بۆ ماوەی کاتژمێرێک نیشتونەتەوە و پاشان بەسەر سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا هەڵفڕیون.[1]
- چالاکی پاککردنەوەی پارکی هەواری شار، لەیادی چلەی نەوشیروان مستەفا لەلایەن بەشداربووانی یادەکەوە دەستپێکرد.[2]
- ئەڵمانیا، ئەردۆغان ئاگادارەکاتەوە لەکاتی مانەوەی لە ئەڵمانیا هیچ چالاکییەک ئەنجامنەدات، وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتەش دەڵێ هەر دەرکەوتنێکی ئەردۆغان لە دەرەوەی لووتکەی G20 نەشیاو و، ڕێگەپێنەدراوە.[3]

- سەبارەت بە چالاکی گەریلاکان لە شرناخ و جولەمێرگ، هەپەگە ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوەو کوژرانی 12 سەربازی تورک و شەهیدبوونی دوو گەریلای ڕاگەیاند.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: جولەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-06-29
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-06-29
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-06-29
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-06-29

کاتی تۆمارکردن: 2017-06-29
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 76

2017-06-30



- کۆنگرێسی ئەمریکا هەڕەشەی ئەوەی کردووە کە ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا جیابێتەوە ئەوا ئەو هاواکاریانە دەبڕێت کە دەیدات بە پێشمەرگە. کۆمیتەی خزمەتگوزاریەکانی سوپا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا، ئەم هەفتەیە ڕەشنووسی بودجەی ساڵانەی بەرگریی بڵاوکردەوە و تێیدا ئاماژە دراوە بە بەردەوامیی کۆمەککردنی حکومەتی هەرێم لەپای بەشداریکردنی لە ناو حکومەتی عێراقێکی یەکگرتوودا.
- موقەدەم مەریوان تەها، فەرماندەی فەوجی 1ی کاکەییەکان لەنزیک گوندی تەلحەمە بۆمبێکی چێندراو بە ئۆتۆمبێلەکەیدا تەقیوەتەوە.[1]
- بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرماوە، ژمارەیەک لە هاونیشتمانیانی پارێزگای ئیلام نەخۆش کەوتوون. هەروەها حاڵەتەکانی پچڕانی خزمەتگوزارییەکانی وەک ئاو و کارەباش لە هەندێک ناوچەی ئەو پارێزگایە لە ڕۆژانی ڕابردوودا زیادیکردووە.[2]
- سوپای تورکیا ئاگری بەردایە بەشێک لە زەوییەکانی کۆبانێ و بە و هۆیەوە نزیکەی 10 هێکتار زەوی سوتا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: ئاگری

شار و شارۆچکەکان: ئیلام

شار و شارۆچکەکان: کۆبانی

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 2017-06-30

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-06-30

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-06-30

کاتی تۆمارکردن: 2017-06-30

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 77

2017-07-01



- بەرپرسی نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕفێندراوانی دەستی داعش ڕایگەیاند، بە هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر توانیویانە ژنێکی کوردی ئێزدی کە تەمەنی 65 ساڵە، لە دەستی چەکدارانی داعش ڕزگار بکەن.
- شەوی ڕابردوو ئۆرهان مەرجان تەمەن 34 ساڵ جێگری سەرۆکی لقی ناچەی لیجەی پارتی داد و گەشەپێدان (ئەکەپە) هێرش کرایە سەر ماڵەکەی و کوژرا.[1]
- لەسنوری قەزای خورماتو، هێزی پێشمەرگە دەستیکردووە بەهەڵکەندنی خەندەق و دروستکردنی قەڵا لەناوچەکانی هاوسنور لەگەڵ چەکدارانی داعشدا.
- دوای ساڵێک لە سەرۆکایەتیکردنی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق، کاوە محەمەد، ئەمڕۆ نامەی دەستلەکارکێشانەوەی ئاراستەی بزووتنەوەی گۆڕان کرد و لەجێگەی ئەو، سروە عەبدولواحید بە سەرۆکی فراکسیۆنەکە هەڵبژێردرا.
- لە گوندی خەرابەڕووت لە ڕۆژئاوای کەرکووک بۆمبێکی چێندراو بە ئۆتۆمبێلی ئەفسەرێکی پێشمەرگەدا تەقییەوە، بەهۆیەوە ئەفسەرەکە و پێشمەرگەیەک بریندار بوون.[2]
- هێزەکانی پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاوڵاتیان لە ئامەد و 15 کەسیان دەستگیرکرد. لەناو دەستگیرکراواندا ژمارەیەک لە کارمەندانی ئاژانسی هەواڵی دیجلە- دیهابەریش هەن، دەستگیرکراوان گوازراونەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی شارۆچکەی لیجە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-07-01

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-07-01

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-07-01

کاتی تۆمارکردن: 2017-07-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 78

2017-07-02



- بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم ئاشکرای دەکات، لەبارەی گرتنەوەی ئاوی زێی بچووک و دوکان، ئێران بانگهێشتی وەزیری کشتوکاڵی کردووە.
- پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ پاسێک لەسەر شەقامی گشتی کەلەکچی وەرگەڕا کە زیاد لە 40 سەرنشینی تێدا بووە و هەموویان کرێکاربوون لەکاتێکدا بەڕێگاوە بوون بۆ بەردەڕەش پاسەکەیان وەرگەڕاوە و سەرجەمیان بریندار بوون.[1]
- لە هێرشێکی چەکداریدا جێگری سەرۆکی ڕێکخستەکانی ئاکپارتی لە شارۆچکەی قەلقەلی سەر بە شاری وان بەناوی ئایدین ئاهی کوژرا، بەرپرسانی تورکیاش هێرشەکە دەخەنە ئەستۆی پەکەکە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

شار و شارۆچکەکان: وان

وڵات: ئێران

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-07-02
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-07-02
کاتی تۆمارکردن: 2017-06-28
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 79

2017-07-03



- بەتۆمەتی هەبوونی بارەگای پێشمەرگەکانی حدک و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئێران بەچڕی کۆێستانەکانی باڵەکایەتی لە بناری هەڵگۆڕد تۆپباران دەکات.
- قایمقامی شاروچکەی پشدەر ڕایگەیاند، کە کۆماری ئیسلامی ئێران بەشێک لە ئاوی زێ بچوکی کردەوە.
- دوای ئەوەی پارێزەرانی ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک ئامادەی دادگای کارگێڕی بەغدا بوون و داوا یاساییەکەی بەرەی تورکمانیان بەرەسمی ڕەتکردەوە لەسەر هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکووک، لەلایەن دادگاوە دۆسیەکە بۆ 24ی مانگ دواخرا.[1]
- دەرەنگانی شەوی ڕابردوو لەسنوری میحوەری خورماتوو، جارێکیتر چەکدارانی داعش پەلامارێکی فراوانیان بۆ سەر سەنگەرەکانی لیوای 11ی پیادە و فەوجی 3ی لیوای 5ی بەرگری فریاکەوتن ئەنجامدا، فەرماندەیەکیش دەڵێت زیانی کوشندەمان لەچەکدارەکانیان وەشاندووە و ناچار بەکشانەوەمان کردوون.[2]
- بەپێی زانیارییەکان، سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ بۆمبێک لە ناوچەی چەلێی جۆڵەمێرگ بە کاروانێکی سوپای تورکیادا تەقیوەتەوە و بووەتە هۆی کوژرانی سەربازێک. هەروەها شەوی ڕابردوو لە کاتی ئۆپەراسیۆنێکی سوپای تورکیا و چەکدارە کوردەکان (جەردەوان)ی سەر بە سوپای تورکیا لە دژی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە چیای تەندورەک لە ناوچەی چاڵدێرانی سەر بە پارێزگای وان، بۆمبێک تەقیوەتەوە و بووەتە هۆی کوژرانی جەردەوانێک.[3]
- لە کۆنگرەی میدیا ئیسلامییەکان لە شاری مەشهەدی ئێران، لەسەر گشتپرسیی باشووری کوردستان دەبێتە کێشە و، نوێنەرانی کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی لەگەڵ شیعەکانی عێراق دەبێتە دەمەقاڵێیان.
- لە ئامەد و بەشێک لە شارەکانی دیکەی باکووری کوردستان، پلەی گەرما گەیشتووەتە ئاستێک کە لە ماوەی 30 ساڵی ڕابردوودا تۆمار نەکراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چاوەڕێ دەکرێت پلەی گەرما بەرزتر ببێتەوە بگاتە 47 پلەی سەدی.[4]
- کەناڵی ئاریەن، کە کەناڵێکی کوردییە و گرنگی بە هەواڵ و ڕووداوەکانی کوردستان و ئێران دەدات، دەستی بە پەخش کرد.

- ئەمڕۆ، ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکینەکانی پاراستنی سڤیل-ژن (یەپەسەی ژن)، ڕاگەیەندراوێکی، سەبارەت بە کوژرانی ئۆرهان مەرجان یاریدەدەری سەرۆکی ئاکەپەی لیجەی ئامەد لە ڕۆژی 1/ئەم مانگە بڵاوکردەوە. یەپەسە ژن، کوشتنی بەرپرسەکەی ئاکەپەی لە ئامەد لە ئەستۆگرت و ڕایگەیاند، کە ئەو پرسە کاری سیخورپی دەکرد بۆیە سزاماندا. [5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: کۆمەڵی دادگەریی کوردستان
پارت / لایەن: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: وان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی دوارۆژ - 2017-07-03
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی باسنیوز - 2017-07-03
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی رووداو - 2017-07-03
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-07-03
کاتی تۆمارکردن: 2017-07-03
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 80

2017-07-04



- هێزێکی مەشق پێکراو لە شنگالەوە بەرەو ڕەققە بەرێکەوت و بڕیاروایە هاوشان لەگەڵ شەڕڤانانی (هەسەدە) و (یەپەگە) بەشداریی کۆنترۆڵکردنەوەی شاری ڕەققە بکات.
- موقتەدا سەدر، ڕابەری ڕەوتی سەدر، داوا لە مەسعود بارزانی دەکات ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان دوابخات و دواتر هەڵیبوەشێنێتەوە.[1]
- کۆگایەکی سوتەمەنی لەسنوری پارێزگای سلێمانی گڕی گرت و بەهۆیەوە نزیکەی 45 کەس بریندار بوون، قایمقامی سلێمانیش ڕایدەگەیەنێت بەشێکی زۆری ئە و شوێنانە هیچ مەرجێکی سەلامەتیان تێدا نییە.
- پێشمەرگەیەک لەمیحوەری داقوق بەرەبەیانی ئەمڕۆ بەفیشەکی قەناسی چەکدارانی داعش بریندار بوو.
- بەرپرسێکی بەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێم بڵاویکردۆتەوە، بەرەبەیانی ئەمڕۆ، بومەلەرزەیەک لە قولاپی 10 کیلۆمەتر لە نزیک شاری هەڵەبجە ڕوویداوە. باسی لەوەشکردووە، گوڕی بومەلەرزەکە 2،9 پلەی ڕێختەر بووە و هیچ زیانێکی بە دواوە نەبووە.[2]
- بەرپرسێکی پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکووک ڕایگەیاند، ئەمڕۆ تەقە لەخاڵی پشکنینی تازە خورماتوو لەسەر ڕێگەی کەرکووک-بەغدا کراوە و هیچ زیانێکی لێنەکەوتووەتەوە.[3]
- بەهۆی تۆپبارانەکانی سوپای تورک و چەتەکانی سەربە تورکیا بۆسەر کانتۆنی عەفرین و هەرێمەکانی شەهبا، سێ هاوڵاتی گیانیان لەدەست دا.
- لە شارەدێی کەلەکچی سەر بە شاروچکەی بەردەڕەشی پارێزگای دهۆک، بەهۆی بێ کارەبایی و ئەگەری بەرزکردنەوەی نرخی مۆلیدە ئەهلییەکان سەدان گەنج ڕژانە سەر شەقامە سەرەکییەکانی ئەو شاروچکەیە.
- پارێزەران بۆ ئەوەی بەشداری دانیشتنی دادگای فیگەن یوکسەکداغ، هاوسەرۆکی پێشووی پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە بین، بەرەو ئەنقەرە بەڕێکەوتن، بەڵام پۆلیس ڕێگری لێکردن.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-07-04
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-07-04
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-07-04
کاتی تۆمارکردن: 2017-07-04
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 81

2017-07-05



- هاونیشتمانیانی عەفرین لە ڕۆژئاوای کوردستان بەمەبەستی ناڕەزایی دەبڕین بەرامبەر بۆردوومان و تۆپبارانکردنی هەرێمی عەفرین و ناوچەی شەهبا لەلایەن سوپای تورکیا و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا کە لەلایەن تورکیاوە پشتگیری دەکرێن، دەستیان بە خۆپیشاندانێکی جەماوەری فراوان کرد.
- سێ چەکداری داعش لەنێو شاری کەرکووک دەستگیرکران. بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکووکیش دەڵێت: بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تووندوتیژی دزەیان کردبووە نێو کەرکووک.
- دوای کوژرانی دوو بەرپرسەکەی ئاکپارتی لە دوو شاری باکووری کوردستان، دەستبەسەرکردن و دەستگیرکردنی سیاسەتمەدار و کارسازانی کورد لەو دوو شوێنە دەستپێکردووە و چەندین سیاسەتمەدار و کارسازی کورد

دەستبەسەرکراون.[1]
- لە بەرامبەر گرتنەوەی ئاوی زێ بچوک لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە، لە شاری سلێمانی خۆپیشاندانی ناڕەزایی دەستپێکرد.[2]
- سایتی سکای نیوز بڵاویکردەوە، دادگای فیدراڵی کەنەدا لەسەر داوای وەزارەتی نەوتی عێراق، فەرمانی دەرکردووە دەست بەسەر کەشتییەکی بارهەڵگری نەوتی هەرێمی کوردستان لە کەنەدا بگیرێت کە هەرێم فرۆشتویەتی و بڕی 721.915 بەرمیل نەوتی تێدابووە.
- دوای 12 ڕۆژ لە دەستگیرکردنی چوار شەڕڤانی بیانی ڕیزەکانی یەپەگە لە بازگەیەکی نزیک شاروچکەی ئاکرێ، بەیانی ئەمڕۆ سەرجەمیان ئازادکران.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شاروچکەکان: ئاکرێ
شار و شاروچکەکان: سلێمانی
شار و شاروچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-07-05
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-07-05
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-07-05
کاتی تۆمارکردن: 2017-07-05
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 82

2017-07-06



- تەنکەرێکی سوتەمەنی لەسەر ڕێگای نێوان سلێمانی و کەرکووک وەرگەڕا و وێرای سوتانی تەنکەرەکە ئەو ڕێگایەش داخرا.
- بەرپرسێکی هێزەکانی سوریای دیموکرات کە لەلایەن ئەمریکاوە پشتیوانی دەکرێت ئاشکرایکرد، ئەمریکا هەشت بنکەی سەربازی لە باکوری سوریا دامەزراندوە و ژمارەکەشی لە زیادبوندایە.[1]
- گوتەبێژی قەرارگای حەمزەی سوپای پاسداران بە ئاماژەدان بەوەی هەرێمی کوردستان بەڵێنیداوە بنکەی حیزبەکانی کوردستان لە سنووری باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆبکاتەوە، دەڵێت دەبێت هەرێمی کوردستان پابەندی بەڵێن و ڕێککەوتننامە ئەمنییەکان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ببێت.
- گوتەبێژی قەرارگای حەمزەی سوپای پاسداران بە ئاماژەدان بەوەی هەرێمی کوردستان بەڵێنیداوە بنکەی حیزبەکانی کوردستان لە سنووری باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆبکاتەوە، دەڵێت دەبێت هەرێمی کوردستان پابەندی بەڵێن و ڕێککەوتننامە ئەمنییەکان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ببێت.
- دوای کۆبوونەوەی شاندی باڵای یەکێتی و یەکگرتوو لە سلێمانی، نوێنەری ئەو دوو حیزبە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایانگەیاند، هەردوولا هاوڕابوون لەسەر ئەوەی پێویستە پێش گشتپرسی پەرلەمان کارا بکرێتەوە و بژێوی خەڵک و مووچەخۆران باشتر بکرێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-07-06
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-07-06
کاتی تۆمارکردن: 2017-07-03
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 83

2017-07-07



- سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی گشتی هەدەپە، ئامادە نەبوو کەلەپچە بخرێتە دەستی لەکاتی بردنی بۆ دادگای ئەنقەرە بۆیە چوونی بۆ دادگا ڕاگیرا.[1]
- لە 23 گوندی سەربە شارۆچکەکانی مەهسەرت، نسێبین و ئارتوکلوی سەربە مێردین قەدەغەی هاتوچۆ ڕاگەیەندرا.[2]
- مامۆستا مەلا ئەحمەدی دێرێ بەرپرسی زانایانی پشدەری کۆمەڵی ئیسلامی و ئەندامی مەڵبەندی ڕانیەی کۆمەڵی ئیسلامی لەناو ئوتومبێلێکی جۆری تاکسیەکەوە لە دوای نوێژی هەینی لە قەڵادزێ تەقەی لێکراو تیرۆرکرا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: کۆمەڵی دادگەریی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: ماردین
شار و شارۆچکەکان: نوسەیبین
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-07-07
کاتی تۆمارکردن: 2017-07-07
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 84

2017-07-08



- سکرتێری ڕۆژنامەوانی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرایدەکات کە بەشداریی ناوبراو لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی مەسعود بارزانی و نوێنەری بەشێک لەلایەنەکاندا وەک جێگری سەرۆکی حکومەت بووە نەک وەک نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان. [1]
- ئۆپەراسیۆنی قڕکردنی سیاسی ئاکەپە لە شارەکانی باکوری کوردستان و تورکیا بەردەوامە و لە چوارچێوەیدا ئەمڕۆ لە شرناخ و ئانتالیا 27 هاوڵاتی دەستگیرکران.
- لەشاری هەولێر، دووەمین فیستیڤاڵی شانۆی مۆنۆدراما بەبەشداری 10 تیپی شانۆیی و 60 میوان دەست پێدەکات و بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ بەردەوام دەبێت.
- هێزەکانی سوریای دیموکرات یەکێک لە دوو خاڵە سەرەکییەکانی چەتەکانی داعش لە ڕەقەیان تێکشکاند و لە گەڕەکی ڕەقەی کۆندا قەڵای هارون ڕەشیدیان ڕزگارکرد بێ ئەوەی بهێڵن هیچ زیانێکی پێبگات.[2]
- وەزیری دەرەوەی عێراق ڕایدەگەیەنێت هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی ترس و دڵەڕاوکێ لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست بڵاودەکاتەوە و پێویستە وڵاتانی دراوسێ لە پرۆسەی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بەشداربن.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-07-08
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-07-08
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-07-08
کاتی تۆمارکردن: 2017-07-08
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 85

2017-07-16

له هەولێر ڕێز له ڕۆژی دادپەروەری جیهانی دەگرترێت



به بۆنەی 15 ساڵ دەست بەکار بوونی دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی ناسراو بە (ICC) , تۆڕی هاوپەیمانی ڕێکخراوە کوردستانییەکان لە پێناو دادگای تاوانی نێودەوڵەتی (Koncicc) , هەڵدەستێت بە مەراسیمی پشتیوانی لە ڕۆژی دادپەروەری جیهانی و دادگای تاوانی نێودەوڵەتی.

شوێن : هەولێر تەنیشت نافورەکانی پارکی شار , نزیك چاپخانەی مچکۆ

کات : یەك شەممە 16-7 کانوونی یەکەم 6ی ئێوارە تا 6:30 ئێوارە

- پێشنیوەڕۆی ڕۆژی 2017-07-16 کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی لە ماڵی نێچیرڤان بەرزانی، لە شاری هەولێر.
-ئێوارەی ئەمڕۆ کاتژمێر 7، دوو گەنج لە زێی گەورەدا خنکان، هەر دوو گەنجەکە ئامۆزای یەکن و خەڵکی گوندی سوەیەی شارۆچکەی خەباتن.
-منداڵێکی تەمەن 3 ساڵ بەناوی (ئەهوە ڕزگار) لە شارۆچکەی چەمچەماڵ بەهۆی سوتاوییەوە گیانی لەدەستداوە.
- لە خورماتوو هاوڵاتییەکی کورد، بە ناوی (حەیدە عەلی)،لە گەڕەکی کۆماری ئەو شارۆچکەیە کوژراوە، ناوبراو پاسەوانی پشیووی بەرپرسێکی پارێزگای دیالە بووە.[1]
-ئێوارەی ئەمڕۆ 2017-07-16 کاتژمێر 7، لەنزیک گوندی زەرگەی خورماتوو پێشمەرگەیەکی لیوای 11ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەهۆی گوللەی قەناس بەدەستەکانی داعشەوە شەهیدبووە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ

شار و شارۆچکەکان: خورماتوو

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-07-16

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-07-16

کاتی تۆمارکردن: 2017-07-07

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 86

2017-07-20



ت	الاسم الثلاثي واللقب	تاريخ القبض
١.	محمود بلو ابراهيم الزبيدي	٢٠١٤/٦/١٤
٢.	برزان ناوذر رحيم الهركي	٢٠١٤/٦/١٥
٣.	بختيار نجم الدين حسن شوان	٢٠١٤/٦/١٥
٤.	محمد علي خواده الفورولي	٢٠١٤/٦/١٥
٥.	حسن محمد هاشم الكاكي	٢٠١٤/٦/١٥
٦.	خليل عزيز احمد الطائي	٢٠١٤/٦/١٥
٧.	نائل محمد عبدالقادر الحمداني	٢٠١٤/٦/٢٣
٨.	شيفان عبد الرحمن طيو الشرفاني	٢٠١٤/٦/٢٤
٩.	نعمه محمد عيدان الجحيشي	٢٠١٤/٦/٢٨
١٠	عمر ذنون علي البجاري	٢٠١٤/٦/٢٨
١١	علاء جاسم حمادي الحديدي	٢٠١٤/٦/٢٨
١٢	ماهر قاسم علي عمر القبلات	٢٠١٤/٦/٢٨
١٣	حيدر ماجد عبدالستار الكرخي	٢٠١٤/٦/٢٩
١٤	يونس سالم حياوي العبيدي	٢٠١٤/٦/٢٩
١٥	عبدالرحمن شفيق صالح الدراوي	٢٠١٤/٧/١
١٦	علي احمد ناصيف المتيوتي	٢٠١٤/٧/٣
١٧	يونس عباس احمد الحديدي	٢٠١٤/٧/٥
١٨	اياد طلال علي البنو	٢٠١٤/٧/٧
١٩	سعد شرابي عزيز السنجري	٢٠١٤/٧/٧
٢٠	محمد عثمان احمد اومري	٢٠١٤/٧/٧
٢١	محمد عبدالقادر محمود الجبوري	٢٠١٤/٧/٨
٢٢	داوود جمعه داوود البياتي	٢٠١٤/٧/٨
٢٣	نمير حامد جرجيس الحمداني	٢٠١٤/٧/٨
٢٤	عدنان خليل ابراهيم	٢٠١٤/٧/٨
٢٥	حسام الدين قيس غايب الطائي	٢٠١٤/٧/٨
٢٦	عزت غازي نبيل الدوسكي	٢٠١٤/٧/٩
٢٧	هشيار احمد محمد السليفاني	٢٠١٤/٧/٩
٢٨	عمار نمير حامد حمداني	٢٠١٤/٧/٩

- بەرپرسێکی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی نەینەوا ئاشکرایکرد، ژمارەیەکی زۆر خەڵکی لەلایەن هێزە سەربازییەکانەوە دەستگیرکراون و کوردیشیان تێدایە، بەڵام هێشتا لەبوونی پێشمەرگە دیلەکان دڵنیانەبوینەتەوە.[1]
- بەرپرسی دەستەی پارێزەرانی جیهانی لەکۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ئەنجامدا. لەکۆنگرەکەدا گفی کیرۆن بەرپرسی دەستەکە ڕایگەیاند بەردەوام لە هەوڵی کۆکردنەوەی بەڵگە و دیکۆمێنتەکان دان بۆ بەسزا گەیاندنی ئە و کۆمپانیاو کەسایەتیانەی یارمەتی ڕژێمی پێشووی عێراقیان داوە و چەکی کیمیاییان پێ فرۆشتووە.
- فرۆکەکانی تورکیا بۆردومانی قەندیلیان دەستپێکردوە و بەوهۆیەشەوە ئاگر کەوتۆتەوە.[2]
- ئەندامێکی دیوانی یاسادانانی کانتۆنی عەفرین، ڕایدەگەیەنێت، کە ئاکەپە دەیەوێت بە هێرشکردنە سەر عەفرین شکستە سیاسیەکانی خۆی چارەسەر بکات، ئاماژەش بەوەدادات، کە عەفرین ناکەوێت و گەلی عەفرین ئامادەن بەرگری لە عەفرین بکەن، ئاشکراشیدەکات:نزیکەی 100 هەزار کەس ناوی خۆیان نووسیوە بۆ ئەوەی بەرگری لە عەفرین بکەن.
- سیگمار گابرییەل، وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا هۆشیاری دایە هاوڵاتیانی ئەڵمانی، کە نەچنە تورکیا چونکە بەدیل دەگیرێن.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا

شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)

وڵات: باکووری کوردستان

وڵات: ئەڵمانیا

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-07-20
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-07-20
کاتی تۆمارکردن: 2017-07-20
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 87

2017-07-21



- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ پارێزگای ئامەد بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک قدەغەی هاتوچۆی لە 15 گوندی شارۆچکەی لیجەی سەربە ئامەد ڕاگەیاند.[1]
- وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم ئاگاداری خوێندکارانی خوێندنی باڵا دەکات، پارەکانیان لە زانکۆی ئازاد لە سنە بەهەدەرنەدەن، بەهۆی ئەوەی ئە و زانکۆیە باوەڕپێکراو نییە و لە داهاتوودا بڕوانامەکانی خوێندکاران یەکسانکردنی بۆ ناکرێت.
- مێری گلیندن، پەرلەمانتاری بریتانیا و سیاسەتمەداری پارتی کرێکارانی ئە و وڵاتە لە بابەتێکدا کە لە ڕۆژنامەی گاردیان بڵاویکردووەتەوە و دەڵێت زۆر قەرزاری کوردین، دەشڵێت داواشم لە پەرلەمانی بریتانیا کردووە پشتگیری ڕیفراندۆمی کوردستان بکەن.
- بەڕێرسی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی هێزەکانی پاراستنی گەل هەپەگە ڕایگەیاند، ئەمڕۆ لە چوارچێوەی هەنگاوی شۆڕشگێڕی شەهید بەدران گوندکرەمۆ و شەهید نالین مووش، لە چالاکییەکانی گەریلانمان لە دژی سوپای تورکیا لە ناوچەی گەڤەر نو سەرباز کوژران.
- لەسەر شوێنی وەستانی عەرەبانە لە سەیدسادق بووە شەڕەچەقۆ و بەهۆیەوە دوو کەس کوژران و 8 کەس بریندارببوون.[2]
- دوو پێشمەرگەی لیوای دووی هێزی پێشمەرگە لەرۆژئاوای کەرکووک ئەمڕۆ بریندارببوون، بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراوەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: گەفەڕ
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-07-21
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-07-21
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-07-21
کاتی تۆمارکردن: 2017-07-21
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 88

2017-07-22



- لە پاشنیوەڕۆی دوێنێوە ئاگرێک لە سنوری گوندەکانی میراولی و نێرگسەجاری سەر بەپارێزگای هەڵەبجە کەوتوەتەوە، تا ئەمڕۆش کۆنترۆڵ نەکراوە، تیمەکانی بەرگری شارستانی هەڵەبجەش دەڵێن، ئێمە کۆنترۆڵمان کرد بەڵام جارێکی تر سەرپەهەڵداوەتەوە و تەشەنەی سەندووە.
- کاروانێکی گەورەی سوپای تورک کە لە گەفەڕەوە دەچوون بەرە شەمزینان لە پارێزگای جولەمێرگ، کەوتنە بۆسەیەکی گەریلاکانی هەپەگەوە، لەو چالاکییەدا ئۆتۆمبێلێکی زرێپۆشی سوپای تورک تێکشێندرا و نۆ ئەندامی تیمە تایبەتەکانی سوپای تورکیش کوژران.
- ئێران ئاوی چەمی قۆرەتووی گرتوەتەوەو بەو هۆیەشەوە، کێشەی کەمی ئاو لە سنوری قۆرەتوو دروستبووەو هەڕەشەی چۆلکردنی لەسەر گوندەکانی سنوری شارەدێکە دروستکردووە.[1]
- ژمارەیەک لە هاوڵاتیانی شارۆچکەی چەمچەماڵ لەبەرامبەر کەمی ئاو و کارەبا گردبوونەوە و پەیامێکیان ئاڕاستەی لایەنە

پەیوەندیدارەکان کرد.
- شەوی ڕابردوو ئاگر لە شاخی پیرەمەگرون کەوتەوە لە سەیرانگای زێوێ، بەهۆیەوە زیاتر لە سێ هەزار دۆنم پوش و پاوان دارستان و لەوەڕگا و داری سروشتی سووتا.[2]
- جڤاتی گشتیی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ هەڵبژاردنی دەستەی نوێی سەرۆکایەتی ئەو جڤاتە کۆبوونەوەکەدا و بە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی جڤاتی گشتی لەکۆی 59 دەنگ ڕەئوف عوسمان بە سەرۆکی جڤاتی گشتیی هەڵبژێردرا. هەر لە هەڵبژاردنەکەدا سالح محەممەد، بە جێگری سەرۆک و دلخواز قادر، بە سکرتێری جڤاتی گشتی هەڵبژێردران.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شەمزینان
شار و شارۆچکەکان: گەڤەر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-07-22
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-07-22
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-07-23
کاتی تۆمارکردن: 2017-07-22
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 89

2017-07-23



- لە چیای گارە سەربە شارۆچکەی ئامێدی لە پارێزگای دهۆک ورچێک لەلایەن چەند گەنجێکەوە کوژرا.
- سوپای تورک و چەتەکانی سەربە تورکیا هەر ئێستا گوندی ئەرفاد ی نزیک گوندی عەین دەقنەی سەربە هەرێمەکانی شەهبا تۆپباران دەکەن.[1]
- ژمارەیەک لە فەرمانبەرانی گرێبەستی کۆمپانیای نەوتی باکوور لە کەرکووک کە لە کارەکانیان دوورخراونەتەوە، لەبەردەم کۆمپانیاکە گردبوونەوەیەکی ناڕەزایەتییان سازکردووە و داوادەکەن ئەوانیش وەکو فەرمانبەرانی دیکە بگەڕێندرێنەوە سەر کارەکانیان و بکرێنە فەرمانبەری هەمیشەیی.[2]
- دوو لاوی تەمەن 18 و 25 ساڵانی کوردی خەڵکی شاری مێهران، لەکاتی کۆکردنەوەی مینە بەجێماوەکانی شەڕی ئێران و عێراق، یەکێک لە مینەکان پێیاندا تەقیوەتەوە و بووتەهۆی گیان لەدەستدانیان.
- حسێن دەهقان، وەزیری بەرگری ئێران ڕایگەیاند وڵاتەکەی پاڵپشتی یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکات و هەموو جۆرە هەوڵێکی جیابوونەوەش ڕەتدەکاتەوە.[3]
- وەزیری بەرگری کۆماری ئیسلامی ئێران و عێراق، ئەمڕۆ یاداشتێکی لێکتێگەشتنیان لەنێوان هەردوو وڵات لە بوارەکانی بەرگری -سەربازی واۆژکرد.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: ئامێدی

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: ئێران

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-07-23

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-07-23

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-07-23

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-07-23

کاتی تۆمارکردن: 2017-07-23

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 90

2017-07-24



- بە گوێرەی هەواڵێکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، هێزە سەربازییەکانی ئێران لە ناوچەی قەمتەرەی سنووری‌کانی پیرانشار دەستڕێژی گوللەیان کردووە لە دەستەیەک لە کۆڵبەران و کاسبکارانی کورد. لە ئەنجامی ئەو دەستڕێژییەدا لانیکەم 25 سەر ئەسپی کاسبکارانی کورد کوژراون.
- لە ئەجامی چالاکی گەریلاکانیان لە سێرت و جولەمێرگ لە باکوری کوردستان، نۆ سەربازی سوپای تورکیا کوژران.
- بەهۆی نەبوونی ئاو و کارەباو کەمی خزمەتگوزارییەوە، لە شاروچکەی چەمچەماڵ لەلایەن ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتییەوە خۆپیشاندان بۆ بەردەم قائیمقامیەتی شاروچکەکە ئەنجامدرا.[1]
- لە نێوان هەردوو گوندی جەلی و گوندی هیزۆپی بچووک لە نزیک کۆیە، تەرمی ئافرەتێک لەنێو زەویی جووتیارێکدا دۆزرایەوە کە بە دوو گوللە کوژرابوو.
- نادیە موراد، کچە ڕۆژناڤەرێکی نیازپاکی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە پەرلەمانی ئیسرائیل گوتارێکی پێشکەشکرد. لە گوتارەکەیدا باسی لێکچوونەکانی جینۆسایدی جووەکان هۆلۆکۆستی لەگەڵ جینۆسایدی کوردانی ئێزدی کرد لەلایەن داعشەوە.[2]

🔞 تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک وێنە یان فیلمی لەگەڵ پەیوەستکراوە کە لەوانەیە ببێتە هۆی تێکدانی باری دەروونیتان. تکایە ئاگاداربە..

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شاروچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شاروچکەکان: جولەمێرگ
شار و شاروچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شاروچکەکان: سێرت
شار و شاروچکەکان: کۆیە
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-07-24
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-07-24
کاتی تۆمارکردن: 2017-07-24
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 91

2017-07-25



رۆژهەڵاتی کوردستان
- کەریم محەمەد ئەمینزادە، کۆڵبەرێکی کورد لە گوندی بێتووشی سەربە شاری سەردەشتی پارێزگای ورمێ بەهۆی دەستڕێژی گوللەی هێزە سەربازییەکانی ئێرانەوە، کوژرا.
باشووری کوردستان
- بەزۆرینەی دەنگ عومەری سەید عەلی بوو بە ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان.
- فڕۆکە جەنگیەکانی تورکی لە ناوچەی زاب لە هەرێمی کوردستان هێرش بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی پەکەکە ئەنجامدەدەن.
- شاسوار عەبدولواحید خاوەنی گروپی کۆمپایانیاکانی نالیا ڕایگەیاند، جوڵانەوەیەکی نوێ لە هەرێمی کوردستان لەبارەی ڕیفراندۆمەوە ڕادەگەیەنین و دەڵێین نەخێر بۆ ڕیفراندۆم لە ئێستادا.
- دەرەنگانی شەوی ڕابردوو چەند چەکدارێک لەگەڕەکی عەسکەری شاری کەرکووک کە ئۆتۆمبێلێکی جۆری (یارس)ی تەکسیان پێبوە، دەستڕێژی گوللەیان لەدوو برا کردوە لەبەردەم ماڵەکەی خۆیاندا. دوای ئەوەی گەیەنرانە نەخۆشخانە، (ڕیاز خورشید) کە یاریدەدەری پزیشکە گیانی لەدەستدا و دیار خورشیدی براشی کە پێشمەرگەیە بریندار بوو.[3]
- تەرمی ژنێکی تەمەن 25 ساڵان بەکوژراوی لەنێوان گوندی هیزۆپی بچووک و گرتک لە سنووری شارۆچکەی کۆیە دۆزرایەوە.[2]
- فەرماندەیەکی هێزی پێشمەرگە، ڕونکردنەوە لەسەر جموجۆڵە سەربازییەکان لە باشوری کەرکووک دەدات و ڕاشیدە گەیەنێت: داعش هیچ توانایەکی نەماوەو پێشمەرگەش سەرقاڵی تۆکمەکردن و نۆژەنکردنەوەی سەنگەرەکانیەتی
- وتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئاشکرایدەکات، لەدوای هەڵبژاردنی ڕێکخەری نوێی بزوتنەوەی گۆڕان گفتووگۆی ڕاستەوخۆی پارتی لەگەڵ ئەو بزوتنەوەیە دەستپێدەکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان.
- بەهۆی پابەند نەبوونیان بە مەرج و ڕێنماییەکانی کارکردنەوە، لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلێمانی نۆ کافتریا

دادەخەن.[4]
- مەسعود بارزانی بە تەلەفون پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخەری نوێی بزووتنەوەی گۆڕاندا کرد و پیرۆزبایی لێکرد.[5]
دەرەوەی کوردستان
- یەکێتی ئەورووپا جارێکی دیکە پشتیوانی خۆی بۆ یەکپارچەیی عێراق دووپاتکردەوە، داوا لە هەرێمی کورسدتانیش دەکات هەرچی زووە پەرلەمان کارابکاتەوە و هەڵبژاردن ئەنجامبدات.
- وەزراەتی دەرەوەی ئیسرائیل بڕیاری دا باڵێۆزخانەی خۆی لە ئەنقەرە و کۆنسوڵخانەکەی لە ئەستەمبوڵی تورکیا دابخات، ئەوەش دوای ئەو دوو هێرشە هات کە شەممەی ڕابردوو کرایە سەر دوو پەرستگەی جووەکان لەو وڵاتە.[1]
- هێزەکانی پۆلیسی تورک ئەو پارکەیان گەمارۆدا کە وا بڕیار بوو میتینگی بەرخۆدانی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە لەوێ دەستپێبکات و کۆبوونەوەی فراکسیۆنی پارتییەکەش لەوێ بەڕێوەبچێت.
- کاتژمێر 9:30 خولەکی ئێوارە، لە گەڕەکی ئاشتی شاری کەرکووک، تەقە لە ماڵی لەماڵی کاوە محەمەد ناسراو بە (کاوەی حەمە شورتە)، ئەندامی ناوچەی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق، کرا. عەقید، ئەفراسیاب کامل، وتەبێژی بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی کەرکووک، ڕاگەیاند:تەقەکردنەکە لەلایەن چەن چەکدارێکەوە کراوە، کە ژمارەیان نەزاندراوە.
ڕاشیگەیاند:تەقەکردنەکە هیچ زیانێکی گیانیی و مادیی لێنەکەوتووەتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-07-25
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی SSNC - 25-07-2017
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی دواڕۆژ - 2017-07-25
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ڕووداو - 2017-07-25
کاتی تۆمارکردن: 2017-07-25
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 92

2017-07-26



- خوێندکارانی گیرفانسازی بەمەبەستی ناڕەزایی دەربڕین لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران لە هەولێر خۆپیشاندانیان دەستپێکرد.[1]
- پێشانگەی نێودەوڵەتی ڕوانگە فورەس لە هەولێر دەکرێتەوە، کە تێیدا هەزاران هەلیکار لەلایەن کۆمپانیاکانەوە دەخرێنەڕوو.[2]
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ لە ئێلیح لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە هێرش کرایە سەر ئۆتۆمبێلی محەمد عەلی ئەسڵان پەرڵەمانتاری هەدەپە و جامی ئۆتۆمبێلەکەی شکێندرا.[3]
- شاندێکی سەرکردایەتیی پارتی سەردانی ڕێکخەری نوێی گۆڕان دەکات.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-07-26
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-07-26
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-07-26
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2017-06-28
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 93

2017-07-27



- شەوی ڕابردوو ژمارەیەک چەکداری داعش هەڵیان کوتاوەتە سەر ماڵی خێزانێکی کوردی کاکەیی لە باشووری داقوق لە گوندی لهێب، چوار ئەندامی خێزانەکەیان کوشتووە و پێنج ئەندامی دیکەش بێسەروشوێنن.
- لە ڕێگای کەرکووک - بەغدا و لەبەردەم چێشتخانەی عەباس لە خورماتوو، ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو تەقییەوە، چوار کەس بریندار بوون.
- ئێوارەی ئەمڕۆ، چەکدارانی داعش هێرشیانکردوەتە سەر فەوجی کاکەییەکان لەسنوری باشوری داقوق و شەڕێکی قورس بەردەوامە.
- فڕۆکەکانی تورکیا دەوروبەری گوندەکانی دەڤەری نێروە و ڕێکان لە پارێزگای دهۆک بۆردوومان دەکەن.[1]
- لەهەڵمەتێکی گەڕان و پشکنینی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکووک، چەند چەکداری داعش لەناو شاری کەرکووک دەستگیرکران کە پێشووتر کاریان بۆ گروپی موجاهیدین کردووە.
- سوپای تورکیا بەبەشداری پێنج هەزار سەرباز ئۆپەراسیۆنێکی گەورەی لە ناوچەی (شەنایلە) دژی پەکەکە دەستپێکرد.[2]
- گیان لەدەستدانی منداڵێکی 6 ساڵ، بەناوی (گەوهەر عەبدوڵڵا خالید)، لە شاروچکەی کۆیە، بەهۆی کەتنەخوارەوەوە.[3]
- بەزۆرینەی دەنگ، مافی پەرلەمانتارێتی لە توغبا هازار ئۆزتورک و فەیسەڵ ساڕیلدز پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی هەدەپە لە بازنەی وان سەندرایەوە. گوتەبێژی ئەو پارتەش دەڵێت: ئەمە ئاشکراترین پەیڕەوی 70 ساڵەی پەراوێزخستنی کوردە.
- لە بەرزاییەکانی گاڕو لە قۆڵی گوێڕ چەکدارانی داعش هێرشیانکردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، بەڵام پێشمەرگە لە ئامادەسازی دابوون و هێرشەکەی چەکدارانی داعشیان تێکشکاند.[4]
- سوپای تورک بە مەبەستی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە دەوروبەری مێردین، قەدەغەی هاتوچۆی لە سێ گوندی سەربە نوسێبینی مێردین ڕاگەیاند.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: نوسەیبین
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-07-27
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی لڤین - 2017-07-27
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-07-27
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-07-27
کاتی تۆمارکردن: 2017-07-27
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 94

2017-07-28



- گەنجێکی کاکەیی بەشێوەیەکی کتوپڕ گیانی لەدەستدا، کە دەکاتە ئامۆزای ئەو خێزانە جوتیارەی شەوی ڕابردوو دوای دزەکردنی چەکدارانی داعش بۆ ناوگوندی لهێب بەشێک لەخێزانەکەی شەهیدکران و چەند ئەندامێکی دیکەی خێزانەکەشیان بەرەو شوێنێکی نادیار ڕفاند.
- سەرۆکی دەستەی پاراساتن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، ڕێککەوتنێکیان لەگەڵ وەزارەتی ژینگەی هەرێمی هیسنی وڵاتی ئەڵمانیا واژۆ کرد و بەپێی ڕێککەوتنەکە چارەسەرکردنی ئاوی پاشەڕۆ و پاشماوەکان و پەرەپێدانی ناوچەکانی پارێزراوی سروشتی و بوژانەوەی دارستانەکان و زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی لە شارەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام

دەدرێت.
-مێرد منداڵێکی تەمەن 15 ساڵ، کاتژمێر 8 شەو، بەناوی (قادر سەمیر ئیسماعیل)، لە ئاوی زێی کەڵەک خنکا.
- ئاگر لە بناری چیای گارە لە شارەدێی دیرەلۆک کەوتەوە و دەیان دۆنم زەوی گرتووەتەوە.[1]
- لەسەر سنوورەکانی شاری پیرانشاری سەربە پارێزگای ورمێ پۆلێک کۆڵبەری کورد لە کاتی گەڕانەوە لە خاکی باشوری کوردستانەوە بۆ ناو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مینیان پێوە تەقییەوە و لە ئەنجامدا کەسێکیان قاچی پەڕی، پاش تەقینەوەکەش هێزە سەربازییەکانی ئێران دەستڕێژیان لەو پۆلە کۆڵبەرە کردووە و لە ئەنجامدا گوللە بەر سەری یەکێکی دیکە لەو کۆلبەران کەوتووە.
- سیپان هەمۆ، فەرماندەی گشتی یەکینەکانی پاراستنی گەل- یەپەگە ڕایگەیاند، ئەگەر هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر کانتۆنی عەفرین نەوەستێنن، ناچار دەبین پێشڕەوییەکانمان لە ئۆپەراسیۆنی ڕەقەدا بوەستێنین.[2]
- سەرۆکایەتی داواکاری گشتیی کۆماری لە ئامەد، لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە لە کەیسی کەجەکە-دا سکاڵانامەیەکی 74 لاپەڕەیی لە دژی ئەرتوغرووڵ کورکچو پەرلەمانتاری هەدەپە لە بازنەی ئامەد پێشکەشی 19ەمین دادگای سزا قورسەکانی ئامەد کرد و تێیدا داوا دەکرێت لە نۆ ساڵ و شەش مانگ بۆ 23 ساڵ زیندانی بکرێت. دادگاش داواکەی پەسندکرد.
- ئەنجوومەنی دامەزرێنەری سیستەمی فیدراڵی دیموکراتی باکووری سووریا، کۆبوونەوە و ڕۆژی 22-09-2017ی بە وادەی هەڵبژاردنی کۆمین (ئەنجوومەنی باژێڕەکان) و 03-11-2017 بۆ هەڵبژاردنی هەڵبژاردنە خۆجێییەکان (هەڵبژاردنی گوند، شارەوانی، شارەدێ و کانتۆنەکان) دەستنیشانکرد و ڕۆژی 19-01-2018یش بۆ هەڵبژاردنی هەرێمەکان و کۆنگرەی گەلانی دیموکراتی باکووری سووریا دیاریکرد.
- هێزە ئەمنییەکانی تورکیا لە میانی ئۆپەراسیۆنێکدا لە ئیستەنبوڵ، 12 کەسیان بەتۆمەتی ئەندامبوون لە پەکەکە دەستگیرکرد.[3]
- بەهۆی تۆپبارانکردنی سنووری زاخۆ لەلایەن تورکیاوە چوار هاونیشتمانی بریندار بوون.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: ئەستەمبوڵ
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: ئێران
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی دوارۆژ - 28-07-2017
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ڕۆژنیوز - 28-07-2017
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ڕووداو - 28-07-2017
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 28-07-2017
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 95

2017-07-30



- ئەندامێکی ئەنجومەنی باڵای ڕیفراندۆم ڕایدەگەیەنێت، لەکۆبوونەوەی ئەمڕۆدا مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشنیاری کردووە لەماوەی دوو هەفتەدا پەرلەمانی کوردستان کارابکرێتەوە.
- لەئەنجامی بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا لە دەڤەری بەرواری باڵای سەر بە شارەدێی کانی ماسێ لە شارۆچکەی ئامێدی، کەسێک بە سەختی بریندار دەبێت و دوو ئۆتۆمبێلیش بە تەواوی سوتان.
- بۆ نارەزایی نیشاندان بەرامبەر کۆنترۆڵنەکردنی ئە و ئاگرەی لە هەینی ڕابردووەوە دارستانەکانی پێنجوێنی گرتوەتەوە چالاکانی ژینگە خۆپیشاندانی نارەزایەتییان ئەنجامدا و قایمقامی شارۆچکەکەش دەڵێت، لە ڕووی ماددی و مەعنەویەوە گرفتمان هەیە.
- لە چوارچێوەی پانێلێک کە ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللی (PAO) و ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئابووری ئەمڕۆ لە شاری سلێمانی بەڕێوەچوو، فاروق مەلا مستەفا، سەرمادارى ناودار و سەرۆکی گروپی کۆمپانیاکانی فاروق ڕایگەیاند ئابووری کوردستان لەسەر هیچ بنەمایەکی گەشەپێدانی ئابووری بەڕێوەنەبراوە و فەوزایەکی هەیە لەدابەشکردنی ئیش و کار و پرۆژەکان و کارگەکان و سەرجەم بەشە ئابوورییەکانی دیکە.[1]
- کاتژمێر 10:15 خولەک چەتەکانی داعش لە ڕۆژئاوای شارۆچکەی خورماتوو هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی هێزەکانی پێشمەرگەی و پێشمەرگەش وەڵامی هێرشەکەیان دایەوە و تێکیان شکاندن و 2 پێشمەرگەش بریندابوون.
- عوسمان بایدەمیر وتەبێژی فەرمی پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە، لە ڕۆژی شەشەمی مانگرتنیاندا ڕایگەیاند، پێویستە گەلەکەمان ئەوە باش بزانێت، ئێمە لێرەین، شتێک نییە پاشەکشەی لێ بکەین.
- دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ، لە گەڕەکی نەزلەت شەحادەی شاری ڕەقە، لە کاتێکدا کە شەڕڤانان خەریکی ڕزگارکردنی خەڵکی سڤیل بوون کە زۆربەیان ژن ومندآل بوو، چەتەکانی داعش بە ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراو هێرشیان کرد و چەندین کەس و شەڕڤان شەهید بوون و ژمارەیەکیش بریندار بوون کە باری تەندروستی هەندێکیان ناجێگیر و مەترسیدارە.
- جێگری سەرۆکی هاوردە و هەناردەکارانی هەرێمی کوردستان، ئاماژە بەوەدەکات، کە هیچ مەترسیەکی سنور داخستن و نەمانی کالا لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستاندا نییە، چونکە کالایەکی زۆر لە بازاڕاکاندا هەیە، دەشڵێت: ئەگەر سنوریش دابخرێت لە ناوخۆی هەرێمدا بەشی زیاتر لە ساڵێک کالامان هەیە.
- لە هاوینەهەواری پیرمام کۆبوونەوەی بارزانی لەگەڵ لیژنەی باڵای ڕیفراندۆم بەڕێوەدەچێت و بەرپرسی بەرەی توکمانی-ش دەڵێت: ئەو تورکمانانەی لە کۆبوونەوەکە بەشدارن نوێنەرایەتی نەتەوەی تورکمان ناکەن.[2]
- دارستانەکانی سەر بە شارۆچکەی باینگان لە پارێزگای کرماشان دوو ڕۆژە ئاگریان گرتووە و هێشتا کۆنترۆڵ نەکراوە. لە دوو ڕۆژی ڕابردووشدا دەیان هێکتار لە دارستانەکانی ورمێ و شاری چوار لە ئیلام سووتان.
- سوپای تورکیا ڕایدەگەیێنێ، لە ئۆپەراسیۆنێکی ئاسمانیدا بۆ سەر ناوچە شاخاوییەکانی پارێزگای شرناخ لە باکووری کوردستان 9 گەریلا گیانیان لەدەستداوە، هەپەگەش ڕەتیدەکاتەوە 9 گەریلا گیانیان لەدەستدابێت و تەنیا ناسنامەی 5 گەریلا ئاشکرا دەکات.[3]

- ئایدن مەعروف، نوێنەری بەرەی تورکمانی لەپەرلەمانی کوردستان، ڕایدەگەیەنێت ئەوان بەشداری کۆبوونەوەکەی ئەمرۆی ئەنجومەنی باڵای ڕیفراندۆم-یان نەکردووە و پشتیوانی لە ڕیفراندۆم ناکەن.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێڕاق
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: ئیلام
شار و شارۆچکەکان: پیرمام
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-07-30
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-07-30
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-07-30
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-07-30
کاتی تۆمارکردن: 2017-07-30
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 96

2017-07-31



- وتەبێژی هێزەکانی پاراستنی گەل هەپەگە ڕایگەیاند، لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا، لە شەر و پێکدادانی نێوان هێزەکانمان و سۆپای تورکیا لە ناوچەکانی جولەمێرگ، وان، شرناخ و ئامەد 11 سەربازی تورکیا کوژراون و پێنج گەریلاش شەهیدبوون.
- ئایشە ئاجار باشاران، نوێنەری شاری باتمان لە پەرلەمانی تورکیا لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) دەستبەسەر کرا.
- گردبوونەوەیەکی ناڕەزایەتی لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا کە نوێنەری نزیکەی 50 ڕێکخراوەی کۆمەڵی مەدەنی بەشداربوون و داوایانکرد سیستمی پاشەکەوتی موچە لابببرێت.
- لە مەرزی باشماخ دەستگیرا بەسەر ژمارەیەک تانکەر کە بەنزینی کوالیتی خراپیان پێبووە و ویستراوە بگەیەندرێنە بازاڕەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی.[1]
- دادگای شاری قوچانی سەربە پارێزگای مەشهەدی ئێران، مۆڵەتی کۆنسێرتی شەهرام نازری، هونەرمەندی گەورەی کوردی هەڵوەشاندەوە.
- بەگوێرەی هەواڵی میدیا ئەڵمانییەکان کە سەربە وەزارەتی بەرگری ئەڵمانیان، دووایین فڕۆکەی جۆری تۆرنادۆی سوپای ئەڵمانیا لە بارەگای ئینجرلیک کشاوەتەوەو چووەتەوە بەرەو ئەڵمانیا.
- بەگوێرەی هەواڵێکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، دوێنێ لە ناوچەی دۆڵەبی-ی سەر سنووری شاری بانەی سەربە پارێزگای سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هێزە سەربازییەکانی ئێران تەقەیان لە دەستەیەک کۆڵبەر کردووە و کۆڵبەرێکیان کوشتووە و دووانی دیکەشیان بریندارکردووە.
- سوپای تورکیا بە هێزێکی زۆرەوە سنووری کۆبانێی بەزاند، شەڕقانانی یەپەگەش هۆشداریان دا.[2]
- ژمارەیێکی زۆر لە داواکارانی مەسکەنی مێهری سنە لە قەبارەی هەرەوەزی دگایران بە بۆنەی وەدواخستنی ڕادەستکردنی پرۆژەی مەسکەنی مێهر، ئاوڕنەدانەوە لە داواکارییەکان و زیادکردنەوەی سوودی بەشداربوون لە بەردەم فرۆکەخانەی سنە و بە مەبەستی دیدار لەگەڵ وەزیری ڕێگا و شارسازی گردبوونەوە.[3]
- بەسیمە کۆنجا، نوێنەری سێرت لە پارلەمانی تورکیا لە پارتی دیمکراتی گەلان بە فەرمانی دادگای تورکیا ئازادکرا.
- دوای هەفتەیەک هەدەپە چالاکی ئێشکگری وێژدان و دادوەری لە ئامەدەوە بۆ ئیستەنبوڵ دەگوازێتەوە، دوای ئیستنەبوڵیش لە وان و ئیزمیر لە ئەنجامدانی چالاکییەکە بەردەوام دەبێت.[4]
- لە زاخۆ بێرێزی بەرامبەر بە تیمی ئێن ئار تی کرا و ئاسایشی زاخۆ دەستی بەسەر کەلوپەلەکانی تیمی ئێن ئار تیدا گرت.[5]
- عومەر سەید عەلی، ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان سوپاسنامەیەکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، بەردەوام دەبن لەسەر پەرەنسیپەکانی بزووتنەوەکە، کاریش دەکەن بۆ بەرژەوەندیی خەڵک و سەرخستنی پرۆسەی سیاسی و بەدیهێنانی ئامانجە نیشتمانیی و نەتەوەییەکان.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: ئەستەمبوڵ
شار و شارۆچکەکان: باتمان - ئێلح
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
ووڵات: باشووری کوردستان
ووڵات: ئێران
ووڵات: ئەڵمانیا
ووڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 2017-07-31
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-07-31
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپرێس - 2017-07-31
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئێن ئار تی - 2017-07-31
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-07-31
کاتی تۆمارکردن: 2017-07-31
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 97

2017-08-01



- بەڕێوەبەری ئاشەکانی هەرێم دڵنیاییدەداتە هاوڵاتیان کە هیچ مەترسیەک لەبارەی بەشە ئاردی هاوڵاتیان و کەمبونەوەی بەرهەمی گەنم بەهۆی پرسی ڕیفراندۆمەوە نییە.
- لە ئامەد، فەرماندەیەک و دوو سەربازی تورک کوژران.
- بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی ئارا نیوز، ئەمریکا بەردەوامە لە کۆمەک کردنی کوردانی سوریاو بۆ ئەو مەبەستە زیاتر لە (100) بارهەڵگری تر چەک و جبەخانەی بۆ خۆرئاوای کوردستان ناردووە.
- بەهجەت یڵدرم پەرلەمانتاری ئادیامانی هەدەپە لە شارۆچکەی هاسسای سەر بە پارێزگای هاتای لە باکوری کوردستان، تووشی ڕوورداوی هاتوچۆ بوو، بەڵام سەلامەتە.
- پەرلەمانی عیراق لە دانیشتنی ئەمڕۆدا 25 ماددەی پرۆژە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان دەخوێنێتەوە و دەنگی لەسەر دەدرێت، بەڵام ئەو ماددانەی کە تایبەتە بە کەرکووک، بەهۆی ناکۆکی لە نێوان کورد و تورکمانەکان دوادەخرێت تا دەگەنە ڕێککەوتن..[1]
- سەرۆکی یەکێتی ژووری بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێم، ڕایدەگەیەنێت، ناتوانن هیچ بازرگانێک سزا بدەن بەڵام بازرگانانیان ئاگادار کردۆتەوە لەوەی دەبێت ڕەوشی بازار بەجێگیری بمێنێتەوە.
- ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە ڕایدەگەیەنێت، سەرۆکوەزیرانی عێراق ناتوانێت بڕیاربدات لە شارەکانی هەرێم زەوی بە کەسوکاری شەهیدانی شەڕی داعش بدات، بەڵام ئاساییە لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم زەوی بە بنەماڵەی پێشمەرگە شەهیدەکان بدرێت.[2]
- ئایەتوڵڵا محەمەد تەقی مودەڕسی لە لێدوانێکدا وتی: بەڕێوەچوونی گشتپرسی لە هەرێمی کوردستان پێشێل کردنی مادەکانی دەستووری عێراقە؛ چوونکە سیستەمی سیاسیی عێراق، سیستەمێکی فیدراڵییە و لەم سیستەمەدا برایانمان لە باکووری عێراق لە حکوومەتێکی خۆبەڕێوەبەری مۆدێرن بەهرەمەندن.[3]
- بزووتنەوەی گۆڕان بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی پارێزگاری سلێمانی، سەرکەوت حەسەن (ناسراو بە سەرکەوتی کوبە)ی کاندید کردووە، فەرمانی دەستبەکاربوونەکەشی ڕەوانەی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە، بۆ ئەوەی ڕەزامەندی دەستبەکاربوونی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە بۆ دەربکرێ.[4]
- ئەمڕۆ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی-دا هێمن مەنسور، جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی خانەقین-ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دۆزینەوەی گۆڕێکی بە کۆمەڵی لە شارۆچکەی خانەقین-ی سەر بە پارێزگای دیالە ئاشکراکرد.[5]
- فەرهەنگ گۆمەشینی، وتەبێژی وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێم، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە، هەر کەنالێکی ڕاگەیاندن بە پێچەوانەی پرسی ڕیفراندۆمەوە کاربکات، لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن:	یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: ئەدیامان
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-08-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپرێس - 2017-08-01
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-08-01
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-08-01
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی وێستگا - 2017-08-01
کاتی تۆمارکردن: 2017-08-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 98

2017-08-02



- لە گوندی چاغات لە نزیک دەریاچەی حەمرین بۆمبێکی چێنراو بە پێشمەرگەیەکدا بەناوی ئیسماعیل حەمە عومەر تەقیووەتەوە و بە هۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەستداوە.[1]
- ئەو ئاگرە گەورەیەی زیاتر لە سێ ڕۆژ بوو دارستان و لەوەڕگای بەرزاییەکانی بۆزین و مەرەخێڵی لە ناوچە سنووریپەکانی پاوە و جوانڕۆ گرتبووەوە، بەرەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە 2017-08-02 بەتەواوی کۆنترۆڵکرا.[2]

- وتەبێژی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژی داعش ڕایدەگەیەنێت، ئاگادارە لەناوەڕۆکی پرۆژە یاسایەکی لێژنەی خزمەتگوزارییەکانی سوپا لەکۆنگرێسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ مەرجدارکردنی یارمەتییەکان بۆ هێزەکانی پێشمەرگە، بەڵام ئەوان هێشتا بەردەوامن لەمەشقپێکردن و پێدانی چەک و پێداویستی بەهێزەکانی پێشمەرگە.
- سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک ڕایگەیاند، ئەمرۆش جارێکی دیکە لە سەر دۆسیەی بەرزکردنەوەی ئالای کوردستان، دادگاییەکەی ڕێبوار تاڵەبانی بۆ ڕۆژی 16ی ئاب دواخرا.[3]
- مورتەزا ڕەحمانی، زیندانی سیاسیی کورد کە بە تۆمەتی بەناو ئەمنییەتی لە زیندانی ناوەندیی شاری سنە لە سێدارەدرا.
- بەشی دووەمی مانگرتنی ئێشکگیریی وێژدان و دادوەرەیی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، لە ئەستەنبۆل بەردەوامە.
- سیگمار گابرییەل، وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا ڕایگەیاند، کە فشاری ئابووری دەخرێتە سەر تورکیا، چونکە ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیان بێ هیچ تاوانێک لە تورکیا لە زیندانداان.[4]
- لە سنووری سێ گوندی سەر بە شارەدێی ئاغجەلەر ئاگرکەوتەوە و، بەهۆیەوە نزیکەی دوو هەزار دۆنم پووش و پاوان سووتا.[5]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لەسەر شەقامی کۆڕنیشی شاری هەولێر ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر خۆی کێشا بە سێ منداڵ و دوو ژندا و سەرجەمیان گیانیان لەدەستدا.
- لەژگین بۆتان پەرلەمانتاری هەدەپە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی تورکیاوە دەستگیرکرا.[6]
- جێگری ئاوەدانکاریی پارێزگاریی کرماشان وتی: بە تەواوبوونی ڕەوتی دانانی هێڵی ئاسنی پرۆژەی هێڵی ئاسنی کرماشان کرایەوە.[7]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: ئەستەمبوڵ

شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)

شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وڵات: ئەڵمانیا

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-08-02
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-08-02
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-08-02
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-08-02
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پەیام - 2017-08-02
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپرێس - 2017-08-02

کاتی تۆمارکردن: 2017-08-02

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 99

2017-08-03



- بەمەبەستی یەکلاییکردنەوەی کەیسەکانی (ئەنفال، کیمیاباران، جینوسایدی بارزانییەکان، کوردە فەیلیەکان، ڕاگواستنی سەیدسادق و پشدەر) گرێبەستێکیان لەگەڵ سەندیکای پارێزەرانی کوردستان واژۆکرد بەمەبەستی بەدواداچوونی کەیسەکانی کورد لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق و پرسە یاساییەکانی تر.
- نێچیرڤان بارزانی ڕایدەگەیەنێت، ئەوەی لە دەستی حکومەتی هەرێمی کودستاندا بێت بۆ لێقەوماوانی کارەساتی شەنگال دەیکات دەشڵێت، ئەوەی لە دەسەڵاتی ئێمە هات کردمان، بەڵام چەکی پێویستمان نەبوو بۆ بەرگری.
- کاتژمێر 12:00ی شەوی ڕابردوو تەقە لەماڵی مامۆستا ئارام، بەرپرسی مەکۆی بازیانی بزوتنەوەی گۆڕان کرا.
- ئەمینداری گشتی کۆمکاری عەرەبی (نامەیەکی تایبەت)ی ئاراستەی مەسعود بارزانی کردووە و تێدا داوادەکات چاو بە بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆمە بڕیارلێدراوەکەی 25ی ئەیلولدا بخشێنێتەوە.[1]
- کۆمپانیای خۆراک لە سلێمانی زانیاریەکی نوێ لەبارەی گەیشتنی بەشەخۆراکی دوو مانگ ئاشکرادەکات و ڕاشیدەگەیەنێت، لەچەند ڕۆژی داهاتودا بەشە شەکری دوو مانگ دەگاتە سلێمانی و دەست بەدابەشکردنی دەکرێت، بەڕێوەبەری کۆمپانیاکەش دڵنیایی بەهاوڵاتیان دەدات کە هیچ مەترسیەک لەسەر بەشەخۆراکی هاوڵاتیان نییە، هەر بەشە خۆراکێکیش نەدرێت قەرەبوی هاوڵاتیان دەکرێتەوە.[2]
- هاوڵاتیانی شەنگال بەبۆنەی سێیەمین ساڵیادی فەرمانی 73یەمەوە کە لە ڕۆژی 3ی ئابی ساڵی 2014دا ئەنجامدرا، ڕێپێوانێکی جەماوەریان دەستپێکرد، هێزەکانی پارتیش ڕێگایان نەدایە ئێزدییەکانی باشور بەشداری ئەو ڕێپێوانە بن و دەستڕێژی گوللەیان لێکردن.
- مانگرتنی ئێشکگیریی ویژدان و دادوەریی پەرلەمانتارانی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، ئەمڕۆ لە پارکی یوگورتچووی ئەستەنبوڵ پێی نایە ڕۆژی سێیەمەوە.
- لە ساڵیادی کۆمەڵکوژیی شەنگال، یەکینەکانی ژنانی شەنگال- یەژەشە، هێزەکانیان لە ڕەقە زیاتردەکەن، گروپێکی دیکەی شەڕڤانانی یەژەشە بە مەبەستی ڕزگارکردنی هاوڵاتیانی ئێزدیی بەدیلگیراو لە چنگی چەتەکانی داعش گەیشتنە ڕەقە.
- ناوەندی ڕاگەیاندنی هێزەکانی پاراستنی گەل- هەپەگە ڕایگەیاند، فەرماندەیەک کە ڕێکخەری ئۆپەراسیۆنی ئامەد بوو کوژرا.
- بەهۆی نەبوونی کارەباوە، هاوڵاتیانی شارەدێی وەرتێی دەڤەری باڵەکایەتی سەر بە شاروچکەی ڕواندز، ڕێگای سەرەکی هاملتۆنیان داخست کە چۆمان و سۆران بەیەکەوە دەبەستێتەوە و هاوکات ڕێگەی سەرەکی هەولێر – دەروازەی سنوریی حاجی ئۆمەرانیشە.
- مەراسیمی متمانەپێدانی دووازدەیەمین سەرۆک کۆماریی کۆماری ئیسلامی ئێران، لە حسێنییەی خومەینی تارانی پاپیتەخت بەڕێوەچوو، بۆ دووەمین جار متمانەی سەرۆک کۆماری درایە حەسەن ڕۆحانی.[3]
- پارێزگاری کەرکووک ڕایدەگەیێنێت، هەر ڕێککەوتنێکی نەوتی و گفتوگۆکردنی لەبارەی بەرهەمهێنانی نەوت، بەبێ بەشداری ئیدارە و ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک سەرکەوتوو نابێت.
- بزووتنەوەی بابلیون ڕایدەگەیێنێت، ژمارەیەک پەرلەمانتار و سیاسی مەسیحی بەم دواییانە هەڵوێستیان گۆڕیوە و پشتوانی لەوەدەکەن گشتپرسی باشووری کوردستان دەشتی نەینەواش بگرێتەوە.[4]
- بەرپرسی مەڵبەندی شەشی گەرمیانی کۆمەڵی ئیسلامی ڕایگەیاند، بۆمبێکی تەوقیت کراویان لەبەردەم باڵەخانەی

مەڵبەندەکەیان دۆزیوەتەوە.
- فراکسیۆنە کوردستانییەکانی پەرلەمانی عێراق، بایکۆتی کۆبوونەوەی ئەمڕۆی پەرلەمانی-یان کرد، کە تایبەت بوو بەدەرکردنی یاسای بریکارنامەی بازرگانی لە عێراقدا. بەڵام بەبێ نوێنەرانی کورد پرۆژە یاساکە تێپەڕێندرا.[5]
- بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێک لەسنوری شارۆچکەی خورماتوو، ئەفسەرێکی هێزی پێشمەرگە و دوو لەپاسەوانەکانی شەهید بوون.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: کۆمەڵی دادگەریی کوردستان
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: ئەستەمبوڵ
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 2017-08-03
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 2017-08-03
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-08-03
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-08-03
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-08-03
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2017-08-03
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 100

2017-08-05



- سوپای تورکیا تانک و چەکی قورس بۆ سەرسنووری سووریا دەگوازێتەوە و بەئاراستەی عەفرین جێگیری دەکات.
- کۆگایەکی چەک و تەقەمەنی لە بارەگایەکی فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی لە شاری هەولێر گرێگرت و دواتر تەقییەوە، بەهۆیەوە سێ پێشمەرگە بریندار بوون.
- فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی ڕاگەیەندراوێک لەبارەی تەقینەوەکەی ئەمڕۆی کۆگایەکی چەک و تەقەمەنی بڵاوەکاتەوە و ڕایدەگەیەنێت ڕووداوەکە ڕووداوێکی سرووشتی بووە.
- بەپێی ڕاگەیێندراوەکانی یەپەگە، ڕۆژانە ناوچەکانی سەر بەعەفرین لەلایەن سوپای تورکیا بەچەکی قورس تۆپباران دەکرێن.[1]
- فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان، ڕاگەیەندراوێکی لەسەرکاراکردنەوەی پەرلەمان بڵاوکردەوە،و دەڵێن، پێشوازی لە هەوڵەکانی دەست بەکارکردنەوەی پەرلەمان و چارەسەرکردنی کێشە یاسایی و سیاسیەکان دەکەن.[2]
- وتەبێژی سەرۆکایەتی هەرێم ڕایدەگەیەنێت، ئە و هەواڵەی بەناوی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بڵاوکرایەوە گوایە دژایەتی وڵاتەکەی بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بە بارزانی ڕاگەیاندووە دووروە لە ڕاستیەوە.
- لە شاری کۆیە لیستی بەرەی دواڕۆژی کۆماری کوردستان ڕاگەیەندرا و ئەندامانی ئەو بەرەیە دەڵێن: بەشداری لەهەڵبژاردنەکان دەکەین.[3]
- فەوجی کۆماندۆکانی گۆروملو، چیای جودیان لە شرناخ تۆپباران کرد و بەهۆی ئەو تۆبارانەوە ئاگر لە چیاکە کەوتەوە.[4]
- لە ناوچەی پیرانشار دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی نێوشاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەوتوونەتە بۆسەی هێزەکانی ئێران و لە پێکدادانێکدا زیانی بەرچاویان بە هێزەکانی ئێران گەیاندووە. هاوکات سوپای پاسداران ڕایگەیاند، لە سنوورەکانی پارێزگای ورمێ لەگەڵ هێزێکی چەکدار تووشی پێکدادان بوونە و لە پێکدادانەکەدا دوو کەس لەو هێزە کوژراون و چوار کەسی دیکەش بە بریندارى کەوتوونەتە دەستیان.[5]
- بە گوتەی جێگری پارێزگاری لورستان لە ئەنجامی شەڕ و تێکهەڵچوونی دوو بنەماڵە لە گوندێکی شاری (ئەلیگوودەرز)ی سەر بە پارێزگای لورستان، پێنج کەس کوژراون و 12 کەسی دیکەش بریندار بوون.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
وڵات: باشووری کوردستان

ووڵات: ئێران
ووڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-08-05
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-08-05
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-08-05
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕوودا‌و - 2017-08-06
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-08-07

کاتی تۆمارکردن: 2017-08-05

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 101

2017-08-06



- ماوەی دوو ڕۆژە بەهۆی تۆپبارانەوە ئاگر لە ناوچەی جبرائیل و سەفینە لە سنووری چیای جودی لە شرناخ-ی باکوری کوردستان کەوتووەتەوە و بەردەوام پەرەدەسێنێت.
- بەهۆی کەمیی ئاو و کارەباوە، ژمارەیەک لە هاوڵاتیان گوندی قورەگۆ خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا و ڕێگای شارۆچکەی ڕانیە قەڵادزێ-یان داخست.
- پۆلیسی ئەستەنبوڵ هێرشی کردە سەر نۆبەتی ویژدان و عەدالەت کە لەلایەن پارتی دیموکراتی گەلان – هەدەپە ڕێکخراوە.
- چەتەکانی سەر بە سوپای تورکیا کە لە شاری ئەعزاز و مارع نیشتەجێن، گوندەکانی شارەدێی شێراوایان تۆپباران کرد. کاتژمێر 1ی پاش نیوەشەوی ڕابردوو تا بەرەبەیانی ئەمڕۆ زیاتر لە 30 تۆپی هاوەنیان لە گوندەکانی مەرعناز و بیلونیە و قەستەل جەندۆ و جلبەر لە شارەدێی شێراوای سەر بە کانتۆنی عەفرین تۆپباران کردووە.[1]
- بەهۆی دوو ڕوودا‌وی هاتووچۆ لە شارەکانی کەنگاوەر و کامیارانی پارێزگای کرماشان 4 کەس گیانیان لەدەستدا و 12 ی دیکە بریندار بوون.
- بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی خواردەمەنی و پێداویستییەکانی ڕۆژانە لە بازاڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، توانای کڕینی خەڵک کەمبووەتەوە.

- لە ڕووداوێکی هاتووچۆدا لەنێوان زاخۆ و دهۆک پێنج کەس گیانیان لەدەستدا و یەکێکی دیکەش بریندار بوو.[2]
- لە سنوری شارۆچکەی داقوق، بۆمبێک بەهێزەکانی پێشمەرگەدا تەقییەوەو بەهۆیەوە پێشمەرگەیەک شەهیدبوو، سیانی دیکەش بریندارببوون.[3][4]
- بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی سلێمانی ئاشکرای دەکات، وەزارەتی بازرگانی هەرێم بڕیار لەسەر هاورەکردنی گەنم دەدات، تا سەرەتای مانگی 11ی ئەمسال، ئەوەش بۆئەوەی گەنم لە بازاڕەکان کەمنەبێتەوە.
- هێزەکانی یارمەتیدەری فەرەنسی توانیان 10 کەسی دوو بنەماڵەی پەنابەری کورد لەناو ساردکەرەوەی بارهەڵگرێکدا لەمردن ڕزگاربکەن.
- دەستەی دەسپاکی هەرێم لە ڕاپۆرتێکیدا، ناوی ژمارەیەک بەرپرس و فەرمانگەی حکومی و حزبی و کەرتی تایبەت و چەند فەرمانگەیەکی حکومەتی عێراق بۆ سەرۆکایەتی هەرێم دەنێرێت کە گەندەڵیان تێداکراوەو بەڵگەی لەسەر کۆکراوەتەوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

شار و شارۆچکەکان: زاخۆ

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)

شار و شارۆچکەکان: کامیاران

شار و شارۆچکەکان: کرماشان

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-08-06

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-08-06

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-08-06

[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-08-06

کاتی تۆمارکردن: 2017-08-06

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 102

2017-08-07



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
-حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) بڵاویکردەوە، 2 پێشمەرگەیان لە ناوچەی پیرانشار لەشەڕێکدا لەگەڵ هێزەکانی سوپای پاسداران شەهیدبوون. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕاشیگەیاندووە، لەو شەڕەدا 4 پاسدار کوژراون و 6 پاسداری تریش بریندارببوون. بەپێی ڕاگەیاندراوێکی سوپای پاسدارانیش، جگە لە شەهیدبوونی ئەو 2 پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، 4 پێشمەرگەی تریش بریندارببوون.[4]
باشووری کوردستان
- دەرەنگانی شەوی ڕابردوو لە نزیک شیرینی شەکرچی ڕێگای بەغدا لە کەرکووک بە دەستریژی گوللە ئەفسەرێکی وەزارەتی پێشمەرگە بەناوی موزەفەر حەمە تاهید شەفیق کوژرا.
- لە سنوری شارۆچکەی زاخۆی سەر بە پارێزگای دهۆک بۆمبێک بە ئۆتۆمبێلێکدا تەقیەوە و بەهۆیەوە دوو کەس بریندار بوون و بە وتەی سەرچاوەیەکیش ئەو ئۆتۆمبێلەی بۆمبەکەی پیادا تەقیوەتەوە سەر بە سوپای تورکیا بووە.
- بەهۆی ڕووداوێکی هاتووچۆوە لە نزیک شارۆچکەی چەمچەماڵ پاسێکی گواستنەوەی حاجیان بۆ فرۆکەخانە وەرگەڕا و حاجییەک مرد و زیاتر لە 30 کەسی تر بریندارببوون.
- زیاتر لە 200 خوێندکاری پرۆژەی تواناسازیی بەمەبەستی پێدانی ئەو 30 ملیۆن دۆلارەی کە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری خەرجکردنی داوە خۆپیشاندانێکیان لە بەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵا لەشاری هەولێر ئەنجامدا.[1]
- جموجۆڵی چەکدارانی داعش لە زنجیرە چیای حەمرین زۆر بووە. زانیارییە هەواڵگرییەکانی پێشمەرگە دەریانخستووە دوای لەدەستدانی موسڵ، ئێستا ئەم شوێنە بووەتە پێگەی سەرەکی چەکدارانی داعش و لەژێر ناوی (ویلایەتی جەبەل) خۆیان ڕێکخستووەتەوە.[2]
- خۆڵ و خاشاک شەقامە گشتییەکانی کەرکووکی داپۆشیوە، بەڕێوبەری شارەوانی کەرکووک- یش هۆکارەکەی دەگێڕێتەوە بۆ کەمی کارمەندی پاککردنەوە، هاوڵاتییەکیش ئاشکرای دەکات کە مانگانە پارە دەدەن بۆ پاککردنەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی دواڕۆژ - 2017-08-07
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی رووداو - 2017-08-07
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی رۆژنیوز - 2017-08-07
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی هەڵۆی کوردستان - 2017-08-08
کاتی تۆمارکردن: 2017-08-07
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 103

2017-08-08



- بە سەرپەرشتیی شاسوار عەبدولواحید، هەڵمەتی بانگەشەی (نەخێر)ی دژ بە سەربەخۆیی کوردستان بە فەرمی ڕاگەیاند و تێیدا ڕابوون مەعرووف، پەرلەمانتاری بزووتنەوەی گۆڕانیش بەشدار بوو.[1]
- سەرچاوە و پێگە هەواڵییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاویان کردووەتەوە، بەهۆی تۆپبارانی سوپای پاسداران، بەشێکی زۆر سروشتی کوێستانی شاهۆ سووتاوە.[2]
- مەلا بەختیار، لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دوای کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی ڕایگەیاند، بۆ ڕۆیشتن بەرەو قۆناخێکی باڵاتر لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان پێویستمان بە ڕێککەوتنێکی نوێیە لەگەڵ پارتی.[3]
- سەرەڕای ئەوەی قەدەغەی هاتوچۆ لەو گوندانەی سەربە هەزرۆی ئامەد ڕانەگەیەندراوە، بەهۆی بۆردومانەکانی سوپای تورکەوە ئاگر لە دارستانەکان و باخ و باخچەکانی خەڵکی گوندەکان کەوتووەتەوە.
- مانگرتنی ئێشکگرێی وێژدان و دادگەڕیی پەرلەمانتارانی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) لە شاری وان دەستیپێکرد.[4]
- شەوی ڕابردوو بیست کۆڵبەری کورد کە خەڵکی گوندی (دۆڵەبی) سەر بە شاری سەردەشتن لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە دەستبەسەر دەکرێن و ڕادەستی دادگا دەکرێن. ئاژانسی هەواڵی دۆچەقێلە، بڵاویکردەوە، ئەو 20 کۆڵبەر دەستگیرکراون و سزا دراون بە پێدانی بڕی 500 هەزار تمەن و بەڵێننامەیان پێ واژۆکراوە کە بۆ ماوەی دووساڵ هاتوچوی سنوورەکان نەکەن.
- سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایدەگەیەنێت، حکومەتی ناوەند ئامادەیە گفتوگۆ لەبارەی ڕیفراندۆمی جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان بکات لەچوارچێوەی یاسا و دەستور.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: وان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-08-08
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی روودا‌و - 2017-08-08
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-08-08
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-08-08

کاتی تۆمارکردن: 2017-08-08

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 104

2017-08-09



- مانگرتنی ئێشکگیریی ویژدان و دادگەریی پەرلەمانتارانی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، لە شاری وان ئەمڕۆ پێی نایە دووەمین ڕۆژییەوە.

- سوپای تورک و چەتەکانی سەربە تورکیا گوندی عەین دەقنەی سەربە کانتۆنی شەهبا تۆپباران دەکەن.
- دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ، لە گوندێکی سەر بە شارەدێی گوڵاڵە، چەند چەکدارێک هێرشیان کردە سەر سێ کەس، لە ئەنجامدا شوانێک بریندار کرا و کەسێکی دیکەش کە ئامۆزای شوانەکەیە ڕفێندرا و ئەوەی دیکەش لەدەست چەکدارەکان هەڵهات.
- ڕژێمی ئێران، ناوچە شاخاویەکانی گوندی دەرەتوێ سەر بەپارێزگای هەڵەبجە و هاوسنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان-ی تۆپباران کرد و زیانی بە ژینگەی ناوچەکە گەیاند.
- هەردوو ڕێکخراوی ئینستیتوتی وۆرک و ڕێکخراوی فیوچەر کەمپەینی (لەپێناو بەرژەوەندی خەڵک و کوردستان بەڵێ بۆ دواخستنی ڕیفراندۆم)یان ڕاگەیاند.[1]
- سەرکەوت حەسەن کاندیدە نوێیەکەی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ پۆستی پارێزگاری سلێمانی ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆی بەدەستنەهێنا. هۆکاری وەزارەت بۆ ڕەتکردنەوەکە یاساییبوونی لە جێدانانی کاندیدەکەی بزووتنەوەی گۆڕانە، بەو هۆیەی ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی نەبووە.
- ئەندامێکی ئەنجوومەنی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی پلانەکانی کۆمیسیۆن بۆ گشتپرسی کوردستان ئاشکرا دەکات و ڕایدەگەیێنێت: لە موسڵ و کەرکووک و کەلار نووسینگەمان کردووەتەوە و 12 هەزار سندووقی دەنگدان دادەنرێت بۆ کۆکردنەوەی دەنگی هاونیشتمانیان.
- بوومەلەرزەیەک بە هێزی 3.7 پلەی ڕێختەر لە ناوچەی خووی-ی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دا.[2]
- تورکمانەکانی خورماتوو دژایەتی خۆیان بۆ پرۆسەی ڕیفراندۆم ڕاگەیاند.[3]
- ئیدارەی شاری کەرکووک ڕایدەگەیەنێت بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرماوە لە پارێزگاکە، سبەی پشووی فەرمی دەبێت کە تەواوی دەمودەزگاکانی دەوڵەت.
- ئەمڕۆ گۆڤاری ئابووری فۆربسی ئەمریکی، باسی لە باشتربوونی ئابووری هەرێمی کوردستان پاش سێ ساڵ لە داکشان دەکات و دەنووسێت سەرمایەی بیانی زیادیکردووە و پێدەچێت لە داهاتوویەکی نزیکدا هۆتێلێکی بەناوبانگی دۆنالد ترەمپ سەرۆک کۆماری ئێستای ئەمریکا لە هەولێر بکرێتەوە.[4]
- بەرپرسی سەنتەری ئەنفال لە پارێزگای دهۆک ڕاگەیاند، ڕوفاتی 500 ئەنفالی بادینان لە ناوچەی سەلامیە سەر بە مووسڵ دۆزرانەوە.[5]
- لە گۆڕستانی گوندی گردعازەبانی سەر بە هەولێر، کێڵی گۆڕی ڕۆژنامەنووسی تیرۆر کراو سەردەشت عوسمان شکێندرا.
- فراکسیۆنی گۆڕان لە ڕوون کردنەوەیەکدا ئاشکرای کرد کە قسەکانی ڕابوون مەعروف گوزارشت لە ڕای فراکسیۆنی بزوتنەوەی گۆڕان ناکات و ڕای خۆیەتی.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: شەهبا
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-08-09
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-08-09
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردسات - 2017-08-09
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-08-09
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-08-09
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2017-08-09

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 105

2017-08-10



- ئاگرە بەرفراوانەکەی چیای شاهۆ، کە دوابەدوای ئۆپەراسیۆنی سوپای پاسداران کەوتەوە، لەلایەن ڕێکخراوی سەوزی چیای مەریوانەوە کوژایەوە، بەڵام ئۆپەراسیۆنی سوپای پاسداران لە ناوچەکەدا هەر بەردەوامە.
- لە شەوی ڕابردووەوە ئاگرێک لە سنوری گوندەکانی باخەکۆن و گەچێنە و گوڵپ-ی سەربە شارەدێی بیارە کەوتووەتەوە.[1]
- مەکتەبی سیاسی یەکێتی فەرهاد سەنگاوی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی سەوز لە پەرلەمانی کوردستان، لە ڕیزەکانی حیزبەکەی دوورخستەوە.
- کچە کوردێکی ئێزدی تەمەن 21 ساڵ لە موسڵ ڕزگارکرا.
- میدیای یەکێتی ڕایگەیاند، یەکێتی بڕیاری دەرکردنی ئەوکەسانەی دەدات کە بەشداری کەمپینی نەخێر بۆ ڕیفراندۆم دەکەن.[2]
- بەرەی تورکمانی بە فەرمی نامەیەک ئاڕاستەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات و جگە لە دژایەتیکردنی پرۆسەی ڕێفڕاندۆم لە کەرکووک داوا لە نەتەوەیەکگرتووەکان دەکات ڕێگری بکات لە ئەنجامدانی پرۆسەکە لە کەرکووک.[3]
- فەرهاد سەنگاوی پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ بڕیاری دەرکردنی لە حزبەکەی ڕایدەگەیەنێت دەرکردنم لەریزەکانی یەکێتی تاجێکە لەسەر سەرم، نەک تانەی لێنادەم، زۆریشم پێخۆشەو پێویستی نەدەکرد وا بیربکەنەوە، چونکە پێشتر سێجار لە کەناڵەکانەوە وتومە یەکێتی نیم.
- پۆلیسی گەرمیان ئاماژە بەوە دەکات کە ئە و هاوڵاتییەی دوێنێ لە لایەن چەند چەکدارێکەوە ڕفێندرا و ئامۆزایەکیشی کە

پیشەی شوانی بوو بریندار کرا، بەیانی ئەمڕۆ تەرمەکەی دۆزرایەوە.[4]
- لەناحیەی قەرەتەپەی سەر بەقەزای خانەقین لەدوو کاتی جیاوازدا دوو تەقینەوە ڕوویانداو بەو هۆیەوە دوو کەس بونە قوربانی.[5]
- لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ 33 کۆنگرێسمانی کۆماریپەکانی ئەمریکا، بنیامین نەتانیاهو، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل ڕایگەیاندووە، پێویستە کوردی عێراق دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێت، ئەوان ئازا و قارەمانن، دۆستی ڕۆژئاوا و دۆستی بەهاکانی ڕۆژئاوا و ئێمەن.
- بە هۆکارێکی نەزانراو لە قەڵای هەولێر ئاگر کەوتووەتەوە. ئاگرەکە لە پووش و گژوگیای وشکەوەبوو کەوتووەتەوە. بەڵام زیانی نەبووە.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێراق
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: بیارە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-08-10
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردیو - 2017-08-10
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی وێستگا - 2017-08-10
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 2017-08-10
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-08-10
کاتی تۆمارکردن: 2017-08-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 106

2017-08-11



- سەر لەبەیانی ئەمڕۆ فڕۆکە سەربازییەکانی تورکیا چەند پێگەیەکی سنوری قەزای سیدەکانی سەر بە ناوچەی سۆران بۆردەومان کرد و ئاگرێکی گەورەی لێکەوتووەتەوە.[1]
- هێزە ئەمنییەکانی تورکیا هاوڵاتییەکی ڕوسی-یان دەستگیر کرد بەتۆمەتی ئەندام بوون لە ڕێزەکانی گروپی داعش و پیلان گێڕان بۆ هێرشکردنە سەر بنکەی سەربازیی ئەنچەرلیکی ئامەد کە لەلایەن هاوپەیمانی نێودەوڵەتییەوە بۆ هێرشکردنە سەر بنکەکانی داعش لە سوریا و عێراق بەکاردەهێندرێن.[2]
- لە شارۆچکەی وێرانشاری سەربە شاری ڕوحای باکوری کوردستان، لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە هێرش کراوەتە سەر گۆڕی شەهیدانی یەکینەکانی پاراستنی گەل- یەپەگە و یەکینەکانی پاراستنی ژنان- یەپەژە و کێڵەکانیان شکێندراون.
- لە شاری مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نووسینگەی سەرەکی ناوەندی فەرهەنگی - هونەری ڤەژین لە لایەن کەسانی نەناسراوەوە سوتێندرا.
- دەرەنگانی شەوی ڕابردوو، تۆپخانەکانی ئێران، جارێکی دیکە ناوچە سنووریییەکانی دەڤەری باڵەکایەتی تۆپباران کردەوە، بەوهۆیەشەوە زیانێکی زۆر بە ژینگەی ناوچەکە پوش و پەڵاشی شوێنەکە گەیاندووە.[3]
- داواکاری گشتی شاری بورسەی تورکیا، جارێکی دیکە داوای پارێزەرانی، بۆ بینینی عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕەتکردەوە، تائێستا 678 جار داوای بینینی ڕەتکراوەتەوە.[4]
- کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی بڕیاریدا کە کوردستانیانی نیشتەجێی وڵاتانی دەرەوە بەشێوەی ئەلیکترۆنی دەنگ بدەن.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: ڕوحا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-08-11
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-08-11
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-08-11
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-08-11
کاتی تۆمارکردن: 2017-08-11
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 107

2017-08-12



- بەڕێوەبەری گشتی ئۆفیسی هەڵەبجەی کۆمیسۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێم، ئاشکرایکرد لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی هەرێمی کوردستاندا وەک پارێزگایەکی سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ هەڵەبجەدا دەکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش ئامادەکارییان کردووە و 61 فەرمانبەری هەمیشەییان بۆ دامەزراوە.[1]
- داعش هێرشی کردەسەر هێزێکی کاکەییەکان لە داقوق. لە ئەنجامدا تێکشکێنران.
- ژمارەیەک فڕۆکەی جەنگی تورکیا دەستیانکرد بە بۆردمانکردنی ژمارەیەک گوندی بناری قەندیل و زیانی بە کشتوکاڵ و ژینگەی ناوچەکە گەیاند.[2]
لە کاتژمێر 6 تا 8:15 خولەکی بەیانی ئەمڕۆ لە سنوری هەردوو شارەدێی گوڵاڵە و قەرەتەپەی سەر بە شارۆچکەی خانەقین لە پارێزگای دیالە، سێ بۆمبی چێندراوی چەتەکانی داعش-دا تەقینەوە. دوو پێشمەرگە و هاوڵاتیەک بریندارببوون و بڕینی پێشمەرگەیەکیان سەختە.
- محەمەد ئەسڵان، هاوسەرۆکی گشتی پارتی هەرێمە دیموکراتییەکان- دەبەپە، دەستگیرکرا.
- لە شارۆچکەی ساسۆن کاتێک کاروانێکی سەربازی سوپای تورک بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن تێدەپەڕی، کەوتە بۆسەی گەریلاکانەوە و لە ئەنجامدا دوو سەربازی تورک کوژران.
- جارێکی دیکە چەتەکانی داعش، دوو تاوەری سەرەکی گواستنەوەی کارەبایان لە سنوری نێوان هەردوو شارەدێی قەرەتەپە و گوڵاڵە تەقاندەوە و زیاتر لە 50 گوند و شارەدێیان بێ کارەبا کرد.[3]
- بەشی تورکیا- سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای تورکیا لە ڕاگەیێندراوێکدا ئیدعای کردووە کە لە ئۆپەراسیۆنە ئاسمانییەکانی سوپای تورکیا بۆ سەر ناوچەی قەندیل و پاریزگای هەکاری تورکیا، 5 گەریلا کوژران و چوار ئامانجی پەکەکە خاپوور کران.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: هەکاری
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 2017-08-12
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-08-12
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپرێس - 2017-08-12
کاتی تۆمارکردن: 2017-08-12
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 108

2017-08-15



- کاتژمێر 8 و 30 خولەک بومبەلەرزەیەکی بەهێزە دەڤەری ڕاپەڕینی هەژاند کە بەهۆی بەهێزیەکەوە لە سەرجەم شوێنەکانی دەڤەری ڕاپەڕین هەستی پێکرا و هەندێک زیانی بە خانووی هاوووڵاتیان گەیاند.[1]
- ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە ڕایدەگەیەنێت، ئە و هاوکارییە داراپی و سەربازیەکانی لەلایەن ئەمەریکاوە بە هێزەکانی پێشمەرگە دەدرێت تائێستا بەردەوامە، دەشڵێت، هیچ بڕیارێک لەلایەن ئەمەریکاوە بۆ ڕاگرتنی هاوکارییەکان نەدراوە.
- دەرەنگانی شەوی ڕابردوو ئۆتۆمبێلێک کە پێدەچێت کۆنترۆڵی خۆی لەدەستدابێت خۆی کرد بەناو ژمارەیەک لە کادری پارتیدا لە شاری سلێمانی کە سەرگەرمی هەواڵوسینی ئاڵای حزبەکەیان بوون و بەهۆیەوە یەکێک لەوکادرانە بەناوی ڕێزان مەجنوون گیانی لەدەستدا و یەکێکی تریشیان بریندارببووە کە باری تەندروستی ناجێگیرە.[2]
- نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕاگەیێندراوێک لەبارەی کۆبوونەوەی شاندی هەرێمی کوردستان بڵاودەکاتەوە و

ڕایدەگەیێنێ: دیالۆگ و گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە و قوواڵ ئەنجامدراوە.[3]
- هێزە ئەمنییەکانی تورکیا لە چەند شارێکی باکووری کوردستان و تورکیا ژمارەیەک لە ئەندامانی هەدەپە و دەبەپەیان دەستبەسەرکرد.
- لە گوندێکی نێوان عەساف و لهێب لە خواروووی قەرەتەپە بۆمبێکی چێنراو بە ئۆتۆمبێلی خێزانێکدا تەقیوەتەوەو بەهۆیەوە 6 ئەندامی خێزانەکە کوژراون.[4]
- هاوڵاتیانی گوندێکی شارەدێی ڕوفیا-ی سەر بە شارۆچکەی بەردەرەش، دژی داگیرکردنی زەویییەکانیان ڕێگای هەولێر – دهۆک-یان داخست.
- کاتژمێر 8:30ی ئەمشەو، لە گوندی ئیسلاحی سەر بە شارەدێی گوڵاڵەی سەر بە شارۆچکەی خانەقین، چەتەکانی داعش هێرشیان کردە سەر کارگەیەک و دوو پاسەوانی کارگەکەیان ڕفاند.
- دوو فڕۆکەی سوپای تورکیا چیای کورەژارۆ-یان لە ناوچەی زاپ لە بادینان بۆردوومان کرد.
- کۆمیتەی گەنجان و وەرزشی سەربە بەڕێوەبەرایەتیی مەدەنیی منبیج، ڕێپێوانێکی لەو شارەدا ڕێکخست بەبۆنەی ساڵڕۆژی ڕزگارکردنی منبیج لە چنگی چەتەکانی داعش لەلایەن هێزەکانی سوریای دیموکراتەوە.[5]
- وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ڕایگەیاند، داعش و نوسرە دڕندانەترین مامەڵەی پاکتاوکردنییان دژی کورد و مەسیحی و ئێزدییەکان ئەنجامداوە.[6]
- سەبدیکای پارێزەرانی شاری ئامەد ڕایگەیاند ئەندامانی ئەو سەندیکایە ئامادەی چاوەدێری بە سەر ڕەوتی بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانن.[7]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-08-15
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-08-15
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردسات نیوز - 2017-08-15
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-08-15
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-08-15
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپرێس - 2017-08-15
کاتی تۆمارکردن: 2017-08-15
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 109

2017-08-16



- شەوی ڕابردوو چەکدارانی داعش هێرشیانکردە سەر سێ ڕەبیەی فەوجی یەکی لیوای 11ی پیادەی پێشمەرگە لە ناوچەی زەرگەی ڕۆژئاوای خورماتوو. پاش شکانی داعش لەشەڕەکەدا کە داعش هێزێکی زۆری تێیدا بەکارهێنابوو، سێ پێشمەرگە شەهید و 10ی دیکەش بریندار بوون.
- لە شاری هەولێر لە دژی پاشەکەوتی سیستەمی موچە و دواکەوتنی موچەی خانەنشینان و سیستەمی ئابووری حکومەتی هەرێم ژمارەیەک حزب و لایەنی سیاسی و چالاکی مەدەنی خۆپێشاندانێکیان لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران ئەنجامدا.[1]
- لە شارەدێی مەندەلی بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی لێکێندراو بە ئۆتۆمبێلی هاوڵاتییەک-دا شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە کوژرا و هاوڵاتییەکی دیکەش بریندار بوو.
- پۆلیسی گەرمیان ڕایدەگەیەنێت، لەسەر سکالای هاوڵاتیەک و بە بڕیاری دادوەر، سەرۆکی شارەوانی کفری دەستگیرکراوە، ئەوەش بە تۆمەتی وەرگرتنی بەرتیل.
- ئاسایشی پارتی لە شارەدێی دارەشەکرانەی سەر بەشاری هەولێر هەڵیانکوتایە سەر مالی بەرپرسێکی گۆڕان و دەستگیریان کرد، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان-یش لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر دەڵێت: دەستگیرکردنەکە بەهۆی پۆستی فەیسبوکەوە بووە.[2]
- ئەنجوومەنی شارۆچکەی باشیک لە کۆبوونەوەیاندا بە زۆریەنی دەنگی ئەندامانی ئەنجوومەن داوایانکرد گشتپرسی لە باشیک ئەنجام بدرێت و بە فەرمی بخرێنە سەر باشووری کوردستان.[3]
- یادی دامەزراندنی پارتی لە سلێمانی بەڕێوەچوو، چەند کەسێک لە دژی پارتی دروشم و ئالای پارتییان داگرت و سووتاندیان.[4]
- هونەرمەند بارزان میرزا بەهۆی پاشماوەی تەقەمەنیی جەنگی ئێراق - ئێرانەوە لە ناوچەی چۆمان پەنجەکانی پەڕین.[5]

🔞 تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک وێنە یان فیلمی لەگەڵ پەیوەستکراوە کە لەوانەیە ببێتە هۆی تێکدانی باری دەروونیتان. تکایە ئاگاداربە..

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کفری
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئێراق
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-08-16
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-08-16
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-08-16
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-08-18
کاتی تۆمارکردن: 2017-08-16
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 110

2017-08-17



- مانگرتنی ئێشکگیریی ویژدان و دادگەریی پەرلەمانتارانی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، کە پاش ئامەد و ئەستەنبوڵ و وان، ئێستا لە ئیزمیر بەڕێوەدەچێت، ئەمڕۆ پێی نایە سێیەم ڕۆژەوە.
- ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی هێزی پێشمەرگە و ئاسایش و خەڵکی گوندی ئیسلاح، بۆ پاککردنەوەی سنورەکە لە چەتەکانی داعش لەسەر چەمی سیروان لە سنوری گوندی ئیسلاح و شێخ باوە لە باکوری شارەدێی گوڵاڵە-ی سەر بە شارۆچکەی خانەقین لە پارێزگای دیالە، کە دوێنێ دەستیپێکرد و ئەمڕۆش بەردەوامیی هەیە و تا ئەمڕۆ 2 چەتەی داعش کوژراون.
- پۆلیسی ئەڵمانیا، لە شاری میونشن هەڵیکوتایە سەر دوو ماڵ و دوو هاوڵاتی کوردی دەستگیرکرد، بەو بیانووەی کە ئەو هاوڵاتیانە ئاڵای یەکینەکانی پاراستنی گەل- یەپەگەیان لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو کردووەتەوە.
- لە شارۆچکەی کەلار هاوڵاتییەک لەناو ئۆتۆمبێلەکەی خۆیدا کوژرا و پۆلیس-یش دەڵێت:هۆکاری کوشتنەکە نادیارە.[1]

- سەرۆک ئەرکانی سوپای ئێران ڕایگەیاند، وڵاتەکەی و تورکیا هەڵوێستێکی هاوبەشیان هەیە لەبەرامبەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ سەربەخۆیی و، هەردوولایان ئە و بڕیارە ڕەتدەکەنەوە.[2]
- لەناوچەی هەورامان ڤیستیڤاڵی هەنجیر لە سەوڵاوا و بەڕێوەچوو، تێیدا ڕێزگیرا لە باخەوانانی سەرکەوتوو.[3]
- ئارئێل پۆلشتاین، نووسەر لە ڕۆژنامەی (ئیسرائیلی ئەمڕۆ) کە نزیکە لە بینیامین نەتانیاهۆ، سەرۆکی حکوومەتی ئیسرائیل، ڕای گەیاند: "هەرکاتێک دەوڵەتی کوردستان ڕاگەیاندرا، لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا دەبێتە هاوپەیمانێکی بەهێز".[4]
- دادگای قەزای ئیداری عێراق بڕیارەکەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکی هەڵوەشاندەوە، بۆ هەڵکردنی ئاڵای کوردستان هاوشانی ئاڵای عێراق، لەدام و دەزگا حکومییەکانی ئە و پارێزگایە.
- ئەرشەد سالحی، سەرۆکی بەرەی تورکمانی ڕایگەیاند: ئاڵای کوردستان دانەگرن لەدەرگای وڵاتی دەرەکی دەدەین.
- ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاشکرا کرد، کە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا وەڵامی بڕیارەکەی بەغدا دەدەنەوە کە سەبارەت بە داگرتنی ئاڵای کوردستان لە کەرکووک لە دادگای ئیداری بەغدا دەرچووە.[5]
- لە کاژێر 4:00ی بەرەبەیانی ئەمڕۆوە هەڵمەتێکی دەستگیرکردنی داواکراو و گومانلێکراوان لە سنووری کەرکووک دەستپێکردووە.لەئەنجامدا 25 کەس دەستگیر کراون، کە 10 کەسیان داواکراو بوون، 15 کەسەکەی دیکەش بەبێ ناسنامە لەو گوندانەی سنووری کەرکووکدا بوون.
- سوپای پاسدارانی ئێران سنووری شارەدێی حاجی ئۆمەرانی سەر بە پارێزگای هەولێر تۆپباران دەکات.
- فراکسیۆنی گۆڕان داوا لە فراکسیۆنی سەوز دەکات قۆناغی کۆتایی دروستکردنی هاوپەیمانی فراکسیۆنەکانەکانیان تەواو بکەن و ڕایبگەیێنن.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێراق
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 17-08-2017
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 17-08-2017
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردیو - 17-08-2017
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژانە هەواڵ - 17-08-2017
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 17-08-2017
کاتی تۆمارکردن: 17-08-2017

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 111

2017-08-18



- هەڵمەتی ئاسایشی گەرمیان و هێزەکانی پێشمەرگە بۆ کیومانکردنی گوندی ئیسلاحی سەر بە شارەدێی جەلەولا بەردەوامە و بەیانی ئەمڕۆ چەکدارێکی دیکەی داعش کوژرا.
- بەرێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکووک ڕایگەیاند، شەوی ڕابردوو ژمارەیەک چەکداری داعش لەگوندێکی دوبز سەر بە پارێزگای کەرکووک، حەوت کەسیان سەربڕیوە کە سەرجەمیان عەرەبن.[1]
- لە سێ گوندی بێمبۆ، سورونیس و دێبانی سەربە شارۆچکەی شەمزینانی جولەمێرگ، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ قەدەغەی هاتوچۆ ڕاگەیەندرا، بە بیانووی ئەوەی سوپای تورک دەیەوێت لەو ناوچانە ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئەنجام بدات.
- ژمارەیەک کرێکاری کورد کە بۆ کارکردن لە ئامەدەوە دەچوون بۆ ساکاریا، تووشی ڕوودوایێکی هاتوچۆ بوون و لە ئەنجامدا حەوت کرێکار گیانیان لە دەستدا و 20 کرێکاری دیکەش بریندار بوون.
- ئەندامانی لقی بەلجیکای کۆنگرەی دیموکراتی گەلان بە مەبەستی دەربڕینی نارەزایی بەرامبەر بە سووتاندنی دارستانەکانی شاری دێرسیمی باکوری کوردستان لەلایەن سوپای تورکەوە خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا.
- سوپای تورک و چەتەکانی سەربە تورکیا، شەوی ڕابردوو، لە شاری عەزازەوە، ناوەندی شاری عەفرینیان کردە ئامانج و تۆپبارانیان کرد، لەو تۆپبارانەدا ئۆتۆمبێلی هاوڵاتییەک هاوەنی بەرکەوت و سووتا.[2]
- دەرەنگانێکی شەوی ڕابردوو جارێکی تر تۆپخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەستیانکردەوە بە تۆپبارانکردنی سنوری شارەدێی حاجی ئۆمەران، بەرێوەبەری شارەدێکەش ڕایدەگەیەنێت کە تۆپبارانەکە هیچ زیانی گیانی لێنەکەوتۆتەوە.
- گەریلاکانی هەپەگە لە گردی شەکری سپی لە ناوچەی شەمزینان سەربە جولەمێرگ دژی سەربازانی سوپای تورکیا چالاکییەکی فراوانیان ئەنجامداوە و ئەوەی کە زانراوە، بەهۆی چالاکیەکەوە 11 سەرباز کوژراون و چواری دیکەش بریندار بوون.
- لەم هەفتەیەدا نرخی گۆشتی مریشک بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕووی لە بەرزبوونەوە کردووە، بەجۆرێک نرخی یەک کیلۆ گۆشتی مریشک گەیشتۆتە سێ هەزار و 500 دینار، خاوەن کێڵگەیەکی پەلەوەریش ئاماژە بەوەدەکات، بەرزبوونەوەی نرخەکە پەیوەندی بە وەرزی گەرماوە هەیە.[3]

🔞 تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک وێنە یان فیلمی لەگەڵ پەیوەستکراوە کە لەوانەیە ببێتە هۆی تێکدانی باری دەروونیتان. تکایە ئاگاداربە..

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: شەمزینان
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-08-18
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-08-18
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-08-18
کاتی تۆمارکردن: 2017-08-18
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 112

2017-08-19



باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو لە شارۆچکەی خورماتوو هاوڵاتییەک لەلایەن ژمارەیەک چەکداری نەناسراوەوە کوژرا و برایەکیشیان ڕفاند.
- بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێم ڕاگەیاند لە 5 ئەیلول تاوەکو 22 ئەیلول دیاریکراوە بۆ بانگەشەکردن بۆ ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کە بڕیارە لە 25 ئەیلولدا بەڕێوە بچێت.

- بڕیاردەری لێژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاشکرای دەکات، بەهۆی دیاریکردنی کاتی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان، بانکی ناوەندی عێراق کردنەوەی هەردوو لقی بانکەکەی لەشارەکانی هەولێر و سلێمانی ڕاگرتووە.[1]
- بە ئامانجی قسەکردن لەسەر پرسی هەڵبژاردن و چاکسازیی لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەکادیمیای سیاسەت و هزری دیموکراسی، دووەمین کۆنفرانسی لەژێر ناونیشانی، چاکسازی لە پرسی هەڵبژاردناکاندا گەرەنتی بونیادی دیموکراسی ڕاستەقینەیە، ساز کرد. ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکیا کانتۆنی شەهبا تۆپباران دەکات و هاوکات فڕۆکە سیخوڕییەکانیشی بە سەر ئاسمانی شەهبادا دەسووڕێنەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: خورماتوو

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-08-19

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-08-19

کاتی تۆمارکردن: 2017-08-19

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 113

2017-08-20



- بەڕێوبەری گشتیی فەرمانگەی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی لە هەولێر، کردنەوەی 53 بنکەی تۆماری دەنگدەرانی لە سنوری ئەو پارێزگایە ڕاگەیاند و داواش دەکات، کە هاوڵاتیان سەردانی بنکەکانی تۆماری دەنگدەران بکەن بۆ ئەوەی ناوی خۆیان تۆمار بکەن.
- ئەنجومەنی خۆبەڕێوەبەریی دیموکراتی شەنگال، پرۆژەی خۆبەڕێوەبەریی دیموکراتی ئێزدیخان-ی ڕاگەیاند و جەختدەکاتەوە، کە داواکارپی کۆمەڵگای ئێزدی خۆبەڕێوەبەریی دیموکراتییە و ئەو داواکارییە ئەوەندە بۆیان گرنگە، کە بە هیچ شێوەیەک

دەستبەرداری نەبن.
- شاندێکی پارتی دیموکراتی گەلان – هەدەپە و پارتی هەرێمە دیموکراتییەکان – دەبەپە کە بۆ سەردانیکردنی لایەنە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستانن، سەردانی یەکێتیان کرد. شاندەکەی هەدەپە و دەبەپە پێکهاتبوون لە ئیمام تاشجیەر پەرلەمانتاری هەدەپە و هاجەر ئۆزدەمیر جێگری هاوسەرۆکی بەدەپە و شیرین تونج جێگری هاوسەرۆکی دەبەپە و زانا ئۆنەر ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبەری دەبەپە و عابد ئیکە و موزەیەن گونەش هاوسەرۆکانی نوێنەرایەتی هەدەپە لە باشوری کوردستان، کە لەلایەن مەلا بەختیار بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و حاکم قادر ئەندامی مەکتەبی سیاسی و چەند بەرپرسێکی تری یەکێتییەوە پێشوازیان لێکرا.
- تەڤگەری ئازادیی ئاشکرای دەکات کە کار بۆ یەکخستنی بەرەی نەخێر دەکەن، هاوکات ڕاشیدەگەیەنێت کە پرۆژەیەکیان هەیە بۆ خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی کە دەتوانێت چارەنووسی خەڵکی باشووری کوردستان بەرەو ئازادیی و سەربەخۆیی ببات.
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە شارۆچکەی شەقڵاوە لەدوای تەواوبوونی سیمینارێکی بەهار مەحمود ئەندامی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان، لەلایەن چەند کەسێکەوە هێرشکرایە سەری و لێی درا.[1]
- لەروودواوێکی تەقەکردندا لەسنوری شارەدێی بازیان سەر بەپارێزگای سلێمانی، کەسێک کوژراو کەسێکی دیکەش بریندارببوو.[2]
- دەرەنگانی شەوی ڕابردوو لە ناوچەی زەرگەی سەر بە خورماتوو کە دەکەوێتە سنووری میحوەری خورماتوو، داعش هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، بەڵام هەر زوو پێشمەرگەکان لێیان هاتنە دەست و هێرشەکەیان تێکشکاند.
- بەپێی زانیارییە سەرچاوەکانی مافی مرۆڤ، لە درێژەی گوشاری ناوەندە ئەمنییەکانی ئێران بۆ سەر هاوواڵتیانی کورد لە شاری شنۆ، دوو لاوی دیکەی خەڵکی ئەو شارە دەستبەسەر کران.[3]
- نوێنەرانی پێکهاتە جیاوازەکانی کەرکووک بەسەرپەرشتی سەلیم جبوری، سەرۆکی پەرلەمان، لەسەر پرۆژە یاسایەک بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک گەیشتنە ڕێککەوتن و بڕیاریشە سبەی 21-08-2017 لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەنگی لەسەر بدرێت.
- ژمارەیەک لە پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان ئەمڕۆ لە حەوشەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کۆبوونەوە و داوایان کرد مەکتەبی سیاسی ئەو حزبە گرفتەکانیان بۆ چارەسەر بکات و جیاوازی لە نێوان پێشمەرگە دێرینەکان نەکات.
- پێنج پێشمەرگە بەناوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەشداری خولێکی نیشانەشکێنیان کرد لە ئەڵمانیا و توانییان پلەی سێهەم بەدەستبهێنن لەنێو هێزی 58 وڵاتدا.
- کۆنگرەی پێکەوەژیانی مێژوویی بۆ عەرەبە نیشتەجێبووەکانی ناوچە جێناکۆکەکان لەسلێمانی دەستپێکرد و بڕیارە لە چەند پانێلێکدا باس لە گرفتەکانی ئە و ناوچانە و چارەنووسی نیشتەجێبووانی بکرێت.[4]
- یوسف محەمەد، ڕایگەیاند، هێرشکردنە سەر بەهار مەحمود جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان هەوڵێکە بۆ شکاندنی شکۆی پەرلەمانتاران، لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکانی پەرلەمانیش ڕادەسپێرین، چاودێریی لێکۆڵینەوە لەروودواوەکە بکەن.
- چەند چەکدارێکی نەناسراو فەرهاد سەنگاوی دەڕفێنن و پاش لێدانی و سووکایەتی پێکردنی بە ماوەیەکی کورت ئازادی دەکەن.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: شەقڵاوا (خۆشناوەتی)
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان

ووڵات: ئێران
ووڵات: ئەڵمانیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-08-20
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-08-20
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-08-20
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-08-20
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2017-08-20
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 114

2017-08-22



باکووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو، سوپای تورک و چەتەکانی سەر بە تورکیا کە لە ناوچەی عەزاز نیشتەجێن، بەردەوام بوون لە تۆپباران کردنی گوندەکانی سەر بە عەفرین.
- کاتژمێر 12:00 لە گوندی شەماشی نێوان گەڤەر و جولەمێرگدا لە سەر ڕێگای کاروانێکی سوپای تورک کەمینێکیان دانا و چالاکیان دژی ئەو کاروانە ئەنجامدا، لەو چالاکییەدا گورزی کوشندە لە سوپای تورک درا. لەو چالاکییەدا دوو زرێپۆشی سوپای تورک تێکشکێندران و سەرچاوە خۆجێییەکانیش ڕایانگەیاندووە، کە 20 سەربازی تورک کوژراون.
- هێزەکانی پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاوڵاتیان لە شاری دەرسیم و شارۆچکەی پولوری سەربە دەرسیم، شەش کەسیان دەستگیر کرد.[1]
باشووری کوردستان
- لیستی برایەتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک تانە لە بڕیاری دادگای کارگێڕی عێراق دەدات، کە داوای کردووە ئاڵای کوردستان لە کەرکووک دابگیرێت.[2]
- جیمس ماتیس وەزیری بەرگری ئەمریکا گەیشتە هەولێر و لەلایەن قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت پێشوازی لێکرا. دوای سەردانەکەی بۆ هەولێر، وەزیری بەرگری ئەمریکا لەگەڵ مەسعود بارزانی کۆبوونەوە.

- سەمەد خۆشناو سەرۆکی حزبی بەرەی دواڕۆژی کوردستان کۆچی دوایی کرد.[3]
- موفتی عێراق، مەهدی سومەیدعی ڕایدەگەیەنێت، ئە و ڕیفراندۆمەی کە بڕیارە لە 25ی ئەیلولی 2017 ئەنجامبدرێت، جۆرێکە لە جۆرەکانی تیرۆر.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-08-22
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-08-22
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-08-22

کاتی تۆمارکردن: 2017-08-22
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 115

2017-08-23



باکووری کوردستان
- لە ئەنجامی تەقینەوەی بۆمبێکی چێندراو بە ئوتۆمبێلێکی سەربازیی تورکیا لە شارۆچکەی گەڤەری سەر بە شاری هەکاری لە باکوری کوردستان دوو سەربازی تورکیا بریندار بون و ئوتۆمبێلەکەیان تێکشا.[1]
- دادگای تورک لە نێوان 12 کەس کە پێشتر لە خارپێت دەستگیر کرابوون، بڕیاری زیندانیکردنی هەشتیانی دەرکرد و کەسێکی دیکەش لە فارقینی سەر بە ئامەد دەستگیر کرا.[6]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە ئەنجامی بۆسە نانەوەی هێزە نیزامییەکانی ئێران لەسەر ڕێی کاروانچییان لە کەلی تەتە. دوو سەر ئەسپ بە کوشت چوون.[7]
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، هێزە ئیتلاعاتییەکان سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری تیکاب سێ لاوی کوردیان دەستبەسەر کرد و بۆ شوێنێکی نادیاریان گواستنەوە.[7]
- سەید جەمال موسەوی لە زیندانی کەرەج لەسێدارەدرا.
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو لە ڕۆژئاوای کەسکێ سنووری میحوەری فەرماندەیی دهۆکی هێزی پێشمەرگە، کاتێک چەکدارانی داعش دەیانەوێت خۆیان لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە نزیک بکەنەوە، پێشمەرگە پێشیان لێ دەگرن و 3 چەکداری داعشیان کوشتووە.[2]
- بەبڕیارێک بەشێک لە دوکان و بازاڕی گەراجی حەویجە لەشاری کەرکووک دەڕوخێندرێن و لەبەرامبەر ئە و بڕیارەشدا خۆپیشاندان دەستی پێکرد، خاوەنی ئە و دوکانانەش کە بڕیارەکە دەیانگرێتەوە داواکاریەک ئاراستەی پارێزگارو ئەنجومەنی پارێزگاکەیان دەکەن، سەرۆکی لقی کەرکووکی یەکێتیی کرێکارانیش پشتیوانی داواکاریەکانیان دەکات.[3]
- دیندار زێباری، سەرۆکی لێژنەی هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان ئەمڕۆ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە دوای ڕووخانی سەدامەوە لەگەڵ حکومەتی بەغدا هاوکاربووە کە مادەی 140 جێبەجێ نەکرێت و هەروەها کەمتەرخەم بوون لە دروستکردنی کەشی پێکەوەژیان لە عێراق.[1]
- لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەولود چاوشئۆغلو وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕایگەیاند کە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بڕیارێکی ڕاست نییەو نائارامی بۆ ناوچەکە دەهێنێت.[1]
- دادگای فیدراڵی عێراق ئە و بڕگەیەی لە بودجەی ساڵی 2017ی عێراق هەڵوەشاندەوە کە باس لە بودجەی پێشمەرگە دەکات.[1]
- لەنزیک گوندی کەڵۆر لەسەر ڕێگای کەرکووک- هەولێر دەستڕێژی گوللە کراوە لە ئۆتۆمبێلەکەی موقەدەم عەمار مەهدی، بەرپرسی کاروباری بازگەکان لە هەواڵگری کەرکووک و بەوهۆیەوە ناوبراو لەگەڵ پاسەوانێکیدا گیانیان لەدەستداوە.[1]
- کاژێر 16:45 خولەک بوومەلەرزەیەکی بەهێز باشووری کوردستانی هەژاند و لە هەولێری پایتەخت، سلێمانی، ڕانیە، دووکان، کۆیە، سۆران، قەڵادزێ، شەقلاوا، کەلار، پیرمام، سمێلانی سەربە شارۆچکەی چۆمان و حاجی ئۆمەران هەستی پێکراوە. بەپێی ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان بەهێزی بوومەلەرزەکەی دووکان 5.3 پلەی ڕیختەر بووە و لە هەندێک شوێن زیانی مادیی لێکەوتەوە، بەهۆی بوومەلەرزەکەوە چەندین خانو درزیان بردووە و دیواری چەند خانوبەکیش ڕووخاون و لە ڕاپەڕینیش چەند کەسێک بریندار بوون.[4][5]
- سایتی نیوێورک تایمز ئاشکرایدەکات، جەیمس ماتیس، وەزیری بەرگری ویلایەتە یەکگرتووەکان و برێت مەکگۆرگ، نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا بۆ شەڕی دژی داعش لەمیانی سەردانەکەی دوێنێیاندا بۆ هەولێر و کۆبونەوەیان لەگەڵ شاندی کوردیدا، داوایان لە مەسعود بارزانی کردووە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دوابخات.[1]
- حکومەتی تورکیا بەردەسمی بەهرۆز گەلاڵی نوێنەری یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی لەو وڵاتە ئاگادار کردۆتەوە کە تورکیا بەجێبهێڵێت و بگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان.[5]
ڕۆژاوای کوردستان
- پێنج شەڕڤانی یەپەگە لە ڕەققە شەهید بوون.[6]

🔞 تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک وێنە یان فیلمی لەگەڵ پەیوەستکراوە کە لەوانەیە بینێتە هۆی تێکدانی باری دەروونیتان. تکایە ئاگاداربە..

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: پیرمام
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: فارقین - سلیڤان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەکاری
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 2017-08-23
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردستان24 - 2017-08-23
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 2017-08-23
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-08-23
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-08-23
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2017-08-24
کاتی تۆمارکردن: 2017-08-23
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 116

2017-08-24



باکووری کوردستان
- هێزەکانی پۆلیسی تورک گەڕەکەکانی عەلی-پاشا و لالەبەی سووری ئامەدیان گەمارۆداوەو ئەو ماڵانەی بڕیاری ڕوخاندیان لەسەرە بە زۆرەملی بە هاوڵاتیان چۆڵیان دەکەن.[1]
باشووری کوردستان
- لە شارەدێی قەرەتەپە، تەرمی ژنێک بە کوژراوی لەناو خانوویەکی تەواونەکراودا دۆزرایەوە و پۆلیس-یش دەڵێت: بە بلۆک کوژراوە و شوێنەواری چەقۆ-ش بە جەستەیەوە دیارە.[1]
- تەرمی دوو ژن، کە ئاسەواری فیشەک بەجەستەیانەوە دیارە، لە شارەدێی داقوق-ی سەر بە پارێزگای کەرکووک دۆزرایەوە.[1]
- بەهرۆز گەڵاڵی گەییشتەوە کوردستان. نێوبراو 17 ساڵ نوێنەری یەکێتی بوو لە تورکیا و دوێنێ دەسەڵاتدارانی تورک پێیان ڕاگەیاند کە تورکیا جێبهێڵێت.[2]
- بەهۆی ترسی بوومەلەرزەوە، زۆرێک لە هاووڵاتیانی ناوچەی پشدەر - ڕاپەڕین شەویان لە دەرەوەی ماڵەکانیان بەسەربرد.[2]
- بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، لە دوای بوومەلەرزەکەی دوێنێی ڕانیەوە سێ بوومەلەرزەیەکی دیکە لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان ڕوویانداوە.[3]
- بەڕێوەبەری گومگی مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ ئاشکرایکرد، کە 104 تانکەر بەنزین-ی کوالێتی خراپ دەستی بەسەردا گیراوە و دەگەڕێندرێنەوە بۆ وڵاتی ئێران.[1]
- وتەبێژی یەکێتی نیشمانی کوردستان دەڵێت یەکێتی دەستکەلای کەس نییە و ناردنەوەی نوێنەری یەکێتی لە تورکیا، ئامانج لێی یەکێتی بووە و لەگەڵ تورکیاش لە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی ناردنەوەی نوێنەرەکەمانین.[4]
- سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، بۆچونەکانی مەهدی سومەیدەعی موفتی دیاری عێراق لە بارەی ڕیفراندۆمەوە بۆچوونێکی شۆڤێنیانەیەو هیچ پەیوەندییەکی بە ئیسلامەوە نییە، ئەوەش لەپاش ئەوەی ئەو موفتییە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستانی وەک بەشێک لەپرسی تیرۆر ناساندبوو.[4]
- وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرایکرد کە ئێران داوای ڕاکێشانی هێلی شەمەندەفەر دەکات لە نێوان وڵاتەکەی و هەرێمی کوردستان.[4]
- لە میحوەری داقووق چەکدارانی داعش لە چوار قۆڵەوە هێرشیانکردە سەر فەوجی یەکی کاکەییەکان، جێگری فەرماندەی فەوجی کاکەییەکان دەڵێت ڕووبەڕووبوونەوەی سەخت ڕوویداوە و دوای نیو کاژێر هێرشەکەمان تێکشکاند.[5]
- بەشێک لە دووکاندار و کاسبکارانی بازاڕی چای لە گەڕەکی موسەڵای کەرکووک خۆپیشاندانیان ئەنجامدا، بەهۆی ئەوەی کە دووکانەکانیان دەڕوخێندرێت.[5]
- دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی پارتی بزوتنەوەی نەتەوەیی تورکیا (جەهەپە) ڕایگەیاند دەبێت حکومەتی ئەنقەرە ئەو ڕیفراندۆمەی هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی بەنیازە ئەنجامیبدات وەک هۆکارێکی جەنگ لێکیبداتەوە ئەگەر پێویستی کرد.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-08-24
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی وێستگا - 2017-08-24
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 2017-08-24
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-08-24
کاتی تۆمارکردن: 2017-08-24
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 117

2017-08-25



باکووری کوردستان
- پاش ئەوەی حەسەنکیف بە دینامەیت (تی ئێن تی) تەقێندرایەوە، ئەمرۆ حکومەتی تورک بلدۆزەرەکانی بردووەتە ئەو شوێنە و خەریکە شوێنەوارە مێژووەکانی حەسەنکیف دەڕوخێنێت.[1]

- ئەمڕۆ بڕیاری داخرانی ڕۆژنامەی سوژن، ڕۆژنامەی ڕۆژهۆ مەدیا و ئاژانسی هەواڵی دیهابەر (دیجلە) دەرکرا.[1]
- سێ کەس بە ناوەکانی محەمەد میرزا سۆیلەمەز، هاوسەرۆکی هەدەپەی مێرسین، جەمیل ئوزگول و سەیرانی ئولومان، بەڕێوەبەرانی هەدەپە بڕیاری زیندانیکردنیان بۆ دەرکرا و ڕەوانەی زیندانی مێرسین کران.[1]
- هەدەپە کاردانەوەی پیشاندا بەرامبەر بە دەرکردنی نوێنەری یەکێتی لە تورکیا و ڕایگەیاند، کە پێویستە حکومەتی تورکیا داوای لێبوردن لە بەهرۆز گەڵاڵی و یەکێتی نیشتمانی بکات.[1]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- شەریف وەلیدی، موزیکژەنی ناوداری سنەیی لە سنە کۆچی دوایی کرد.[2]
- کۆچی دوایی نووسەر و شانۆکار خالید خاکی لە سەقز.[2]

باشووری کوردستان

- چەکدارانی داعش شەوی ڕابردوو، هێرشیان کردە سەر فەوجی کاکەییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەسنوری شارۆچکەی داقوق و دوای دوو کاتژمێر شەڕ هێرشەکە تێکشکێندرا.[2]
- لەسەر بڕینی دار دەمەقاڵێ لەنێوان چوار برای خەڵکی گوندی گوندەژۆر باڵەکایەتی و ژمارەیەک پێشمەرگەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران دروست بوو، پاشان پێشمەرگەکانی کۆمەڵە دەستڕێژیی گوللەیان لێکردن، بەهۆیەوە دوویان گیانیان لەدەستدا و یەکێکی دیکەشیان بەسەختی بریندار بوو. خەڵکی چۆمان و دەوروبەری چونە گوندی گوندەژۆر و بارەگای هەرچوار حزبەکەی ڕۆژهەڵاتیان سووتاند.[2]
- لەسەر ڕووداوی کوژران و برینداربوونی سێ هاونیشتمانی باڵەکایەتی لەلایەن پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، عەبدوڵڵا ئازەربار، بەرپرسی کۆمیسیۆنی سەربازی کۆمەڵە دەڵێت: ڕووداوێکی نەخوازراو بووە و بەقەد خەڵکی چۆمان و گوندەژۆر ناڕەحەت و دڵگرانین. بانگەوازیشی بۆ خەڵکی باڵەکایەتی و هێزە ئەمنییەکان کرد هەوڵی کۆنترۆڵکردن و هێورکردنەوەی دۆخەکە بدەن و هیوای خواست ڕووداوەکە لەوە زیاتر گەورە نەبێت.[4]
- لە شنگال ڕێوڕەسمی جەمای مەزارگەی ئێزی بەڕێوەچوو.[2]
- لە سنوری شارۆچکەی داقوق بۆمبێکی چێنراو بەکاروانی ئۆتۆمبێلی هێزەکانی پێشمەرگەدا تەقییەوە و بەهۆیەوە پێشمەرگەیەک برینداربوو.[2]
- سێیەمین کۆنفرانسی پەروەردە و فێرکاریی کامپی پەنابەرانی شەهید ڕۆستەم جودی لە مەخمور، بە دروشمی پەروەردەکردنی کۆمەڵگا بە کلتوری نالین-ەکان مسۆگرکردنی ئازادی کۆمەڵگایە بە بەشداربوونی 121 بەشداربوو دەستیپێکرد.[1]
- بە چاودێریی بەڕێوەبەرایەتیی گەشتوگوزاری ڕاپەڕین، فیستیڤاڵی گەشتیاریی دەربەند لە ڕانیە دەستی پێکرد.[3]
- بەرپرسێکی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، لە ئاستی سەرکردایەتی حزبەکەی هیچ کەسێک نییە دژی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بێت و هەر ئەندامێکی یەکگرتووش لە دژی ڕیفراندۆم بێت و بچێتە بەرەی نەخێر، لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-08-25
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-08-25
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-08-25
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-08-25
کاتی تۆمارکردن: 2017-08-25
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 118

2017-08-26



باکووری کوردستان
- پاش ئەوەی دوێنێ ڕۆژنامەی ڕۆژهەڵ مەدیا داخرا، ئەمڕۆ گروپێکی ڕۆژنامەنووس لە شاری ئامەدی باکوری کوردستان ڕۆژنامەی وڵات-یان کردەوە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سوپای پاسداران لە ناوچە سنووریيەکانی پیرانشار و سەردەشت ژمارەی هێزەکانی زیادکردووە و چەندین جۆر چەکی قورس و نیمچە قورسی لە بنکەکانی جێگیرکردووە. سەرچاوەیەکی ئاگادار بە ڕووداوی ڕاگەیاند، سوپا پلانی هێرشکردنەسەر بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی هەیە لە ناوچە سنووریيەکان. [4]
- کومیتەی منداڵانی ڤەژین، کارنەڤاڵێکی شادی و خۆشی بۆ منداڵانی شاری مەریوان لە دەوروبەری گۆڵی زرێبار بەڕێوە برد.[7]
باشووری کوردستان
- بۆمبێکی چێندراو لە بەرزاییەکانی ناوچەی خەرابەڕووت، بە ئۆتۆمبێلێکی هێزەکانی پێشمەرگەدا تەقییەوە کە بەهۆیەوە شۆفێرەکە شەهیدبوو و 6 پێشمەرگەش بریندار بوون.[5]
- دوای گرژیی و ئاڵۆزییەکانی ئێوارەی دوێنێ-ی گوندی گوندەژۆر لە دەڤەری باڵەکایەتی، کە بووەهۆی کوژرانی دوو برا و بریندار کردنی دوو برای دیکە لەلایەن پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران- (کۆمەڵەی عەبدوڵڵا موهتەدی)ەوە، خەڵکی باڵەکایەتی چەکیان هەڵگرت و ئاڵۆزیی لە ناوچەکە بەردەوامە.

- خەڵکی دەڤەری باڵەکایەتی 13پێشمەرگەی کۆمەڵە و دیموکرات دەستگیردەکەن و شەش کاتژمێر-یش مۆڵەت دەدەنە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕان بۆ ڕادەستکردنی تۆمەتباران.[1]
- لە گۆڕستانی مەمی خەلان لە شارەدێی چۆمان، تەرمی ئەو دوو هاوڵاتییە بە خاکسپێردران، کە لەلایەن پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانەوە کوژران.[1]
- قایمقامی چۆمان ڕایگەیاند، ڕەوشی چۆمان و ناوچەکە ئارام بووەتەوە و تاوانبارانی دوێنێ خۆیان ڕادەستی یاسا کردووە.[2]
- کۆنفرانسی تێدێکس دهۆک ئەمڕۆ لە دهۆک بەڕێوەدەچێت و تێیدا 11 کەس باسی ئەزموونی سەرکەوتنیان دەکەن.[2]
- ژان ئیف لو دریان، وەزیری دەرەوە و فلۆرانس پارلی، وەزیری بەرگریی فەرەنسا گەیشتنە هەولێر.[2]
- کۆگایەکی چەک و تەقەمەنی لە نزیک فڕۆکەخانەی هەولێر گڕی گرت و بەهۆیەوە زنجیرەیەک تەقینەوەی گەورە ڕوویاندا بە جۆرێک کە دەنگی تەقینەوەکان لە زۆربەی گەڕەکەکانی هەولێر بیستران.[2]
- دەرەنگانی شەوی ڕابردوو لەشاری کەرکووک کارمەندێکی ئاسایش گیانی لەدەستدا، کاتێک ئۆتۆمبیلێک خۆیکرد بەناو مەفرەزەیەکی ئاسایشدا.[3]
- دەرەنگانی شەوی ڕابردوو، منداڵێکی ئێزدی تەمەن 6 ساڵ لە شاری عەزازی سوریا کەبەرەی نوسرە تێیدا باڵادەستە ڕزگارکرا و گەیشتەوە دهۆک.[4]
- بە ئامادەبوونی هەزاران هاووڵاتیی کوردی سەربەخۆخواز، کە لە وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا دەژین، فێستیڤاڵی پشتگیریی لە ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان، بەڕێوە چوو.[6]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا دەڵێت، لە کاتژمێر 3:36ی پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ بەکاتی هەولێر بومەلەرزەیەک لە دووری 6 کیلۆمەتر لە کۆیە و قەڵادزەوە ڕوویداوە.[5]

ڕۆژئاوای کوردستان

- بینالی یەلدرم سەرۆک وەزیرانی تورکیا ڕایگەیاند هەر هاوکارێی و پاڵپشتییەکی زیاتری ئەمریکا بۆ یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) کێشە بۆ تورکیا دروست دەکات.[5]
- کاروانێکی سەربازیی سوپای تورک کە بەرەو سنور هەرێمی عەفرین بەڕێکەوتبوو، گەیشتە سەر سنووورەکانی عەفرین.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - ڕۆژهەڵات

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە

شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

شار و شارۆچکەکان: سەردەشت

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: کۆیە

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-08-26
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-08-26
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-08-26
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 2017-08-26
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-08-26
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2017-08-26
کاتی تۆمارکردن: 2017-08-26
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 119

2017-08-27



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئامنستی ئینتەرناشناڵ سەرەڕای دەربڕینی نیگەرانی سەبارەت بە دۆخی تەندروستیی زەینەب جەلالیان، داوا دەکات بە زووترین کات ئادبکرێت.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە ئەمنییەکانی حکوومەتی ئێران لە سنووری سەردەشت لە ناوچەی سنووریی (کێڵێ) حەوت کۆڵبەریان دەستبەسەر کرد.[5]
باشووری کوردستان
- ڕێکخراوی مەشق بۆ گەشەپێدانی دیموکراسی و میدیا، دیداری میدیا و ڕیفراندۆم بە بەشداری نزیکەی 100 سیاسی و پەرلەمانتار و ئەکادیمیست و میدیاکار لەسەر ئاستی باشووری کوردستان لە شاری سلێمانی ڕێکدەخات.[2]
- هەر دوو وڵاتی ئۆکراینا و سریلانکا نوێنەرایەتیی خۆیان لە هەرێمی کوردستان دەکەنەوە، بەوەش ژمارەی نێردەی وڵاتانی بیانی لە هەرێمی کوردستان دەگاتە 38 نوێنەرایەتی.[2]
- فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەدوارۆژی ڕاگەیاند پەیوەندییەکانی تورکیا و یەکێتی لەئاستێکی زۆر خراپدایە، کێشەکەی ئەم دواییە پەیوەندی بەوەوە هە بوو تورکیا دوو کەسی ناردوە بۆ سلێمانی هەڵگری پاسپۆرتی دیبلۆماسی بوون، بەڵام خۆیان کەسانی دیبلۆماسی نەبوون بۆ کارێکی تایبەتی خۆیان هاتبونە سلێمانی. وتیشی ئەوان بە هیچ شێوەیەک ئێمەیان لەوە ئاگادار نەکردۆتەوە کە ئەمنیەتیان بپارێزین دواتر دیار نەماون.[3]
- لەڕێگەی سەنتەری ڕایەڵ لە قەزای ڕانیە، نینا موراد، شاجوانی دووەمی جیهان بۆ ساڵی 2016 لە وڵاتی ئوسترالیاوە بڕێکی زۆری هاوکاری و کەلوپەلی تەندروستی و پەروەردە و مرۆیی گەیاندە شارۆچکەی ڕانیە.[3]
- گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان، ڕای دەگەیەنێت، جووڵانەوەی (نەخێر لە ئێستادا) شکستیهێناوە و هیچ کاریگەریەکی بۆ سەر ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان نابێت. جەختیشیکردەوە، کە ئامانج لە وکارەی بەڕەی (نەخێر) تەنها

بازرگانییە و جۆرێکیشە لە وەبەرهێنان.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورک ئەمڕۆ کاتژمێر 11:30، بە چەکی قورس و کەرەستەی سەربازییەوە سنووری گوندی بۆبانی بەزاند، کە دەکەوێتە دووری 15 کیلۆمەتری ڕۆژئاوای کۆبانێ-وە. شەڕقانانی یەپەگە و یەپەژە، وەڵامیان دانەوەو ئاڵۆزی هاتە ئاراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-08-27
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-08-27
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 2017-08-27
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژانە هەواڵ - 2017-08-27
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-08-28
کاتی تۆمارکردن: 2017-08-27
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 120

2017-08-28



باکووری کوردستان
- دیار غەریب، ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی گشتی کۆما جڤاکێن کوردستان-کەجەکە، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ ڕۆژنیوز دەستگیرکردنی چەند ئەندامێکی میت-ی تورکیا پشتڕاست دەکاتەوە و ڕایدەگەیەنێت: دەبێت تورکیا مەمنون بێت کە دەستگیرکراوەکانی میت-مان لە میدیاکانەوە بڵاونەکردووەتەوە، ئێستاش دەتوانین بڵاوی بکەینەوە.[1]
- ئەمڕۆ پۆلیسی تورکیا لە شاری مێردینی باکوری کوردستان، هەڵیکوتایە سەر ماڵی چەند هاوڵاتییەک و 10 کەسیان دەستگیرکرد.[1]
- بەهۆی بۆردومانەکانی سوپای تورک بۆ سەر ناوچەی زاپ ئاگر لە ناوچەکە کەوتووەتەوەو ماوەی دوو ڕۆژە سروشتی ناوچەکە لە ئاگردا دەسوتێت.[1]
- ژمارەیەک لە گەنجانی ئاپۆچیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پاش چوونە سەر لوتکەی دەماوەند، بەرزترین لوتکەی ئێران، پۆستەری عەبدوڵڵا ئۆجالان، ڕێبەری پەکەکەیان بەرزکردەوە.[1]
باشووری کوردستان
- زانکۆی هەڵەبجە یەکەمین دیداری مەولەوی ساز دەکات.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند شەوی ڕابردوو و بەیانی ئەمڕۆ لە سێ ناوچەی هەرێم بوومەلەرزە ڕوویان داوە.[2]
- حسێن قائیدی بەرپرسی نووسینگەی ڕفێنراوانی کوردانی ئێزدی لە پارێزگای دهۆک لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاشکرای کردووە سێ کچە ئێزدی دیکە لە دەستی داعش ڕزگار کران کە دووانیان خەڵگی گوندی کۆجۆ و یەکێکی دیکەیان خەڵکی گوندی گرعزێر بوون و سەرجەمیان لە شاری تەلەعفەر بوون.[4]
- داعش لە سنووری شارۆچکەی عەیازیە هێرشی کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، پێشمەرگەش وەڵامی هێرشەکەی دایەوە و تێکیشکاند. لەو هێرشەدا 12 چەکداری داعش لەلایەن پێشمەرگەوە بەدیلگیراون و 4 چەکداریش کوژراون، یەکێکی دیکەشیان خۆی تەقاندووەتەوە.[5]
- ئارام نەجمەدین، بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی بە دوارۆژی ڕاگەیاند، بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەی گشتپرسی لە سنوری پارێزگای هەولێر 15 هەزار کەس بە شێوەی گرێبەست دادەمەزرێنن، بۆ ئەم مەبەستەش لە دوای جەژنی قوربان ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی فۆرمێکەوە پرۆسەی دامەزراندن دەستپێدەکات.[3]
- شارەوانی قەندیل دەستی کردووە بە جێبەجێکردنی چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری کە خۆیان لە چاککردنی شەقامەکان و ڕێگاوباندا دەبینێتەوە، هاوڵاتیانیش خۆشحاڵن بەو پرۆژانە کە دەبێتە هۆی هەنگاوی گرنگ لە بوژاندنەوەی ئابووری و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری ناوچەکە.[1]
- فەرماندەیەکی هێزەکانی پێشمەرگە ڕایدەگەیەنێت، دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ دووشەممە لەناو ئاوارەکانی ناحیەی عیازیەی سەر شارۆچکەی تەلەعفەر 200 چەکداری داعش دەستگیرکراون.[3]
- کاتژمێر 10:40 خولەکی پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ، لە شارۆچکەی خورماتووی سەر بە پارێزگای سەڵاحەدین، چەند چەکدارێکی نەناسراو، لە خورماتوو دوو هاوڵاتیان کوشت و یەکێکیشیان بریندار کرد، سەرجەم قوربانییەکان عەرەب بوون.[1]
- سەرۆکی لیژنەی وزەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ڕایدەگەیەنێت شەوی ڕابردوو بە نایاسایی 16 تەنکەر بەنزینی خراپ لە ئێرانەوە هێنراوەتە سلێمانی.[3]

- چەند کەسێک دەستڕێژی گوللە لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی چەمچەماڵ دەکەن و قایمقامی قەزاکەش دەڵێت، دوای دوو کاتژمێر لەناحیەی ئاغجەلەر دەستگیرکراون.[3]
- هەشتەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی کوردستان بۆ فیلم بە چەندین چالاکیی جۆراوجۆر بەڕێوەچوو.[7]
- زانکۆی جیهان بەئامانجی هەنگاونان بەرەو گشتپرسی و سەربەخۆیی باشووری کوردستان، ئەمڕۆ کۆنگرەی نەخشەڕێگەی دەوڵەتی کوردستان لە ڕوانگەی زانستەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە هەولێر ئەنجامدا.[7]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ماڵپەڕی جمهوریەیەتی تورکی ڕایگەیاند، تۆڕی کۆمەڵایەتی یوتیوبی ئەمریکایی کەناڵی ڕەسمی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)ی، لە سەر ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییە داخست.[3]
- شەڕڤانان ڕایانگەیاند، لە ئۆپراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی ڕەقەدا، تا ئێستا 70%ی ئەو شارە لەلایەن شەڕڤانانەوە کۆنترۆڵکراوە، کە ئەو ڕووبەرە 15 گەڕەکی ئەو شارە لە خۆ دەگرێت. ڕاشیانگەیاندووە، شەڕیش لە گەڕەکانی تری ڕەقە لە دژی چەکدارەکانی داعش بەردەوامە.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ماردین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-08-28
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی وێستگا - 2017-08-28
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 2017-08-28
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردیو - 2017-08-28
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژانە هەواڵ - 2017-08-28
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئێن ئار تی - 2017-08-28
[7] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2017-08-28
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 121

2017-08-29



باکووری کوردستان
- ئاگرێک لە هۆڵی پێشوازیی فڕۆکەخانەی فەریت مەلەن لە شاری وان لە باکووری کوردستان دروست بوو. بەپێی زانیارییەکان، تیمی ئاگرکوژێنەوەی شارەوانیی گەورەی وان ئاگرەکەی کۆنترۆل کردووە و زیانی ماددی بە فڕۆکەخانەکە گەیشتووە. میدیاکانی تورکیا باسیان لەوە کردووە، کە کارمەندێکی تەکنیکیی فڕۆکەخانەکە بەهۆی ئاگرەکەوە بریندار بووە و گەشتی فڕۆکەکانیش تا کاتژمێر 1ی دوای نیوەڕۆ، وەستێندراون.[5]
- لەسەر ڕێگای نێوان ئامەد و ئێلیح لە کاتی تێپەڕبوونی ئۆتۆمبێلێکی سەربازی تەقینەوەیەکی گەورە ڕوویدا و کوژراو و بریندارێکەوتەوە.[8]
- هەپەگە ڕایدەگەیەنێت، لە ئەنجامی ژمارەیەک چالاکیی گەریلاکان و شەڕڤانانی تەشەیەژە، 19 سەربازی دەوڵەتی تورک کوژراون.[8]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- 7 کۆڵبەری کوردی خەڵکی شاری سەردەشت لە لایەن پاسدارانەوە درانە بەر دەستڕێژ و لە ئاکامدا کۆڵبەرێک بریندار بوو.[3]
- ژمارەیەک لە مامۆستایانی قوتابخانەکانی شاری سەقز، لە ڕێوڕەسمی ناساندن و لابردنی جێگری نوێی بەڕێوەبەری ئیدارەی پەروەردە و بارهێنانی ئەو شارە ناڕەزایەتییان دەربڕی.[11]
- هێزەکانی سوپای پاسدران بە بیانووی بوونی هێزی حیزبە کوردییەکان دەستیان بەتۆپباران کردنی شاخی کۆسالان کرد و بەهۆیەوە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ سووتا.[11]
باشووری کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ چەکدارانی داعش لە سێ قۆڵی لای گوندی زەرگەوە لە خورماتوو، هێرشیان کردە سەر فەوجی سێ و چواری لیوای 11ی پیادەی هێزی پێشمەرگە، بەڵام توانییان هێرشەکەیان تێک بشکێنین و تەرمی چەند داعشێک بە کۆژراوی کەوتووەتە دەست هێزەکانی پێشمەرگە. لە هێرشەکەدا پێشمەرگەیەک شەهید بووە بەناوی سلێمان فەقو عەلی کە لە عەشیرەتی هەرکییە و دانیشتووی گەڕەکی خەباتی شاری هەولێرە.[1]
- تەرمی فەرماندەی ناسراو نازم کەرکووکی کە بەنەخۆشیەکی کوشندە لەسوید کۆچی دوایی کرد، لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی سلێمانییەوە گەیشتەوە کوردستان و لە قادرکەرەم نێژرا.[2]
- ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بڕیایدا ئەو شارە بەشداریی ڕیفراندۆم بکات و هەردوو دەستەی عەرەب و تورکمان بایکۆتی دانیشتنەکەیان کرد.[3]
- دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەناوی حکومەتی هەرێمەوە پشتگیری لە بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک دەکات بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەو شار، سەرۆکی دەستەکەش دەڵێت چەند شارۆچکەیەک ماوە کە داوای ڕیفراندۆم بکەن.[1]
- وەزارەتی دەرەوەی تورکیا ڕایدەگەیەنێت، بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە کەرکووک بەهیچ شێوەیەک جێگەی قبوڵ نییە، دەڵێت ئە و شارە لە سنوری ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانە، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ دەسەڵاتێکی بەسەرەوە

نییە.[1]
- وتەبێژی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی ڕایدەگەیەنێت: لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا پەیوەندیی نێوان تورکیا و یەکێتیی گرژی بەخۆوە بینی، هۆی ئەم گرژییە دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵدانی دام و دەزگاکانی هەواڵگریی تورکیا بۆ ئۆپەراسیۆنێک لە سنووری سلێمانی بەبێ ئاگاداری دام و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان لەدژی پەکەکە.[4]
- ڕۆژنامەی ئاوێنە لە ژمارەی ئەمڕۆی ڕۆژنامەکەدا بڵاویکردەوە کە پاش تێپەڕینی دوو مانگ بەسەر کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفادا، وەرەسەکانی موڵک و دارایییەکانی باوکیان بەپێی قەسام شەرعی بەسەر خۆیاندا دابەش دەکەن.[6]
- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی دەزگای کاروباری مین لە دهۆک، ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە و ڕایگەیاند: سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ کارمەندێکیان لە کێڵگەی مینی (گری قەسرێ) بەناوی عەبدولعەزیز محەمەد، لە کاتی هەڵگرتنەوەی بۆمبدا لە بەندەاوی دهۆک بریندار بووە.[7]
- لە میحوەری ڕۆژئاوای دیجلە و لەنێو ئاوارەکانی عەیازیە - تەلەعفەر، ژنێک خۆی بە پێشمەرگەدا تەقاندەوە و پێنج پێشمەرگە بریندارببوون.[9]
- بەرەی تورکمانی لە کەرکووک ڕایدەگەیێنێ، ئەنجامدانی گشتپرسی لەو پارێزگایە پێشێلکارییەکی زەقی دەستوورە و داوا لە حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق دەکات هەڵوێست بەرامبەر ئەو بڕیارە هەڵەیە وەربگرێت. داواش لە ئەنجوومەنی وەزیران و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەکات بڕیارێک بۆ ڕەتکردنەوەی گشتپرسی لە کەرکووک دەربکەن.[9]
- بەهۆی نارەزایەتی دەربڕین لەبەرامبەر دانەمەزراندنیان، دانیشتوانی دوو گوندی سنوری شارۆچکەی کفری کەمپێکی نەوتیان بەناوی گاز پڕۆم لەسنورەکە داخست و بەرپرسێکی باڵای حکومیش لەو سنورە زانیاریی زیاتر لەڕێگەی SNNوە ئاشکرادەکات و دەڵێت:هەڵیانکوتاوەتەسەر کەمپێکی نەوت و بەشێک لەکەلوپەل و پێداویستیەکانیان شکاندوە.[10]
- لە کۆبە شەڕەتەقە لەنێوان پۆلیسێک و هێزێکی پۆلیس دروست دەبێت.[3]
- دوو تیرۆریستی داعش، لە پاڵ ئاوارەکاندا دزەیان کردە نزیک سنووورەکانی پێشمەرگە و خۆیان تەقاندەوە و بریندار هەیە.[3]
- دوای ئەوەی بڵاوکرایەوە کە پشکەکانی کۆمپانیای وشە و گردی زەرگەتە لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە کراوە بەناوی دووکوڕەکەیەوە، لە ڕوونکردنەوەیەکدا چیا و نما نەوشیروان مستەفا ڕایدەگەیێنن، پێویست بوو خاوەندارێتییەکەی بگوازرێتەوە بۆ وارسە شەرعی و یاساییەکانی.[9]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن:	یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان:	ئامەد
شار و شارۆچکەکان:	خورماتوو
شار و شارۆچکەکان:	دهۆک
شار و شارۆچکەکان:	سەردەشت
شار و شارۆچکەکان:	سەقز
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
شار و شارۆچکەکان:	وان
شار و شارۆچکەکان:	کفری
شار و شارۆچکەکان:	کۆبە
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	باکووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات:	تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-08-29
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-08-29
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردیو - 2017-08-29
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-08-29
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئاوێنە - 2017-08-29
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی گوڵان - 2017-08-29
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-08-29
[9] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-08-29
[10] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 2017-08-29
[11] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2017-08-29

کاتی تۆمارکردن: 2017-08-29

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 122

2017-08-30



باکووری کوردستان
- هەپەگە ڕایگەیاند: ڕۆژی 28ی مانگ گەریلاکان لە سلۆپی سەربە شرناخ چالاکییەکیان دژی سوپای تورک ئەنجامدا، ئەو چالاکییە لە هەنگاوی شۆڕشگێڕانەی شەهید سەردەم و شەهید نودەمدا و کاتژمێر 05:00ی پاشنیوەڕۆ ئەنجامدرا، لەو چالاکییەدا سەربازێک و بەکرێگیراوێکی سوپای تورک کوژران، پاشان سوپای تورک ئۆپەراسیۆنێکی لە ناوچەکەدا دەستپێکردو بێ ئەوەی بە هیچ ئەنجامێک بگات پاشەکشەیکرد.[6]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- پاش ئەوەی کە هێزە نیزامی و ئینتزامییەکانی حکوومەتی کۆسپیان لە کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی لە بەرانبەر شارەداری شاری سنە دروست کرد، هاوواڵتیان و چالاکانی ئەو شارە کۆبوونەوەیەکی ناڕەزایەتییان لە سەر گۆڕی موسلێح حوسێنی لە گۆڕستانی بەهەشت محەمەدی بەڕێوە برد.[9]

باشووری کوردستان
- مەسعود بارزانی، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی شەرقولئەوستدا، ئاشکرای کردووە، مالیکی هاوشێوەی سەدام حسێن تاوانی بەرامبەر خەڵکی کوردستان ئەنجامدا و تاوانەکەشی لە سەرووی تاوانی ئەنفالکردنی 180 هەزار هاوواڵاتیی کورد بوو.[1]
- مەسعود بارزانی ڕایدەگەیەنێت دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لەسەر پرسەکانی خاک، ئاسمان و نەوت گفتوگۆ لەگەڵ عێراق دەکات و دەوڵەتەکەش لە ژێر ناوی (کۆماری فیدراڵیی پەرلەمانیی کوردستان) دەبێت.[1]
- هێزە ئەمنییەکانی کەرکووک هەڵمەتێکی گەڕان و پکشنینیان بەشێکی زۆر لەگەڕەکەکانی شارەکە ئەنجامدا، فەرماندەی پۆلیس دەڵێت لەهەڵمەتەکەدا 88 کەس دەستگیرکراون.[1]
- بە بڕیاری 10 ئەندامی ئەنجوومەنی شارەدێی قەرەتەپە، بڕیاردرا گشتپرسیی باشووری کوردستان بۆ سەربەخۆیی لەو شارۆچکەیەشدا بکرێت.[2]
- گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران ڕایدەگەیێنێ، ئەنجامدانی پرۆسەی گشتپرسی لە پارێزگای کەرکووک هەنگاوێکی مەترسیدارە و گرژی و ئاڵۆزی زیاتر دەکات.[2]
- لە پارێزگای سلێمانی ئەنجوومەنی پەنابەرانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕادەگەیێنرێت و نووسینگەیەکیش بۆ ئەنجوومەنەکە دەکرێتەوە. بەرپرسی ئەنجوومەنەکە دەڵێ، لەڕێگەی ئەو ئەنجوومەنەوە دەیانەوێت زیاتر دەنگیان بە ڕێکخراوەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە سیاسییەکان بگات.[2]
- ژمارەیەک ڕۆژنامەنووس و نوێنەری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بەردەم کەناڵی ئێن ئاڕ تی لە سلێمانی لەدژی ڕاگرتنی پەخشی ناوخۆیی ئێن ئاڕ تی گردبوونەوە.[3]
- پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پەیامێک ئاراستەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی دەکەن و ڕایدەگەیەنن، بەردەوامدەبین لەڕێگریکردن لە بەنزینی خراپ، ئەندامێکی ئەنجومەنەکەش ڕایدەگەیەنێت، ئە و هەوڵانەی دەدرێن بۆ هێنانی بەنزینی خراپ، نایاسایین و ڕێگەیان پێنادەین.[4]
- بەهۆی شەڕی نێوان دوو بنەماڵەوە لەکۆمەڵگای مهەتی لە سنوری شارۆچکەی شێخانی سەربە پارێزگای دهۆک کەسێک کوژراوە و 5 کەسیش بریندارببون، پاشان یەک لە بریندارەکان گیانی لەدەستدا و ژمارەی کوژراوان بۆ 2 کەس بەرزبووەوە.[5]
- بومەلەرزەیەک لە پێنجوێنی داو دواتریش بومەلەرزەیەکی تر ڕانیەی هەژاند.[7]
- نووسینگەی داواکاری گشتیی ئەمریکا لە ناوچەی کۆلۆمبیا سەر بە ویلایەتی واشنتۆن، لە ڕاگەیەندراوێکدا تۆمەتبارکردنی 19 کەسی بە ئەنجامدانی کاری تووندوتیژی دژی خۆپیشاندەرانی کورد ڕاگەیاند، کە لە نێویاندا 15 پاسەوانی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆکی تورکیا هەن.[8]
- حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتنێک لەگەڵ کۆمەڵەی گرووپی پێڕل واژۆ دەکات کە پێکدێن لە داناگاز، کۆمپانیای سنووردارى نێودەوڵەتی نەوتی کرێسێنت و کۆمپانیای سنووردارى نەوتی پێڕل.[2]
- سەربەست لەزگین، بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە لە ڕوداوێکی هاتوچۆدا بریندارببوو.[7]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەوی ڕابردوو چەتەکانی سەربە سوپای تورک و سەربازەکانی سوپا لە نێوان شارۆچکەی ماری و گوندی هەربیلی سەربە شەهبا جێگربوون و دەستیانکرد بە هێرشکردن بۆسەرکانتۆنی شەهبا، لەو هێرشانەدا ئەو ناوچانەیان تۆپبارانکرد کە هاوڵاتیانی مەدەنی تێیاندا دەمێننەوە، لە ئەنجامدا زیانی قورس بەر ماڵ و موڵکی هاوڵاتیان کەوت. هێزە شۆڕشگێڕەکان و شەڕڤانانی یەپەژە و یەپەگە وەڵامی ئەو هێرشانەیان دایەوە، لە ئەنجامدا ئۆتۆمبێلێکی سەربازیی چەتەکانی سەربە سوپای تورک تێکشکێندرا و چوار چەتەش کوژران.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: شەهبا
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-08-30
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-08-30
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی وێستگا - 2017-08-30
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 2017-08-30
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی نەتەوە - 2017-08-30
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-08-30
[7] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردسات نیوز - 2017-08-30
[9] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2017-08-31
کاتی تۆمارکردن: 2017-08-30
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 123

2017-08-31



باکووری کوردستان
- پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، لە چوارچێوەی تێکۆشان بۆ ئاشتی و دیموکراسیدا دووەمین قۆناغی خۆپیشاندانەکانی دەستپێدەکات و بڕیاریدا، لە شەش شاری گەورەی تورکیا و باکوری کوردستان گردبوونەوە و خۆپیشاندان ئەنجام بدات.[4]
- بە پاساوی دەستپێکردنی ئۆپراسیۆنی سەربازی، قەدەغەکردنی هاتووچۆ لە 17 ناوچەی سەر بە پارێزگای شرنەخی باکوری

کوردستان ڕاگەیەنرا.[5]
- بەهۆی تۆپبارانەکانی سوپای تورک بۆسەر گوندی شاپاتانی سەربە شەمزینانی جولەمێرگ، ئاگر لە دارستانەکانی ئەو ناوچەیە کەوتووەتەوە و ماوەی دوو ڕۆژە ئاگر لەو دارستانانە کەوتووەتەوە و بەردەوام ئاگرەکە بەرفراوانتر دەبێتەوە.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دوو هاوڵاتی کورد کە باوکێک و کوڕە تەمەن 10 ساڵانە کەی بوون، لە سەر ڕێگای جوانڕۆ بۆ ڕوانسەری سەربە پارێزگای کرماشان درانە بەر دەستڕێژی گوللەی هێزە سەربازییەکانی ئێران و بە قورسی بریندار بوون.[4]
باشووری کوردستان
- سێ خۆکوژی داعش بە پشتێنەی بۆمبڕێژکراوەوە، هەوڵیان داوە دزە بکەنە نزیک سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە گوندی بەشاری سەر بە شارەدێی عەیازییە لە شارۆچکەی تەلەعفەر. هێزەکانی پێشمەرگە بە پیلانەکەی داعشیان زانیوە و بەر لەوەی چەکدارە خۆکوژە تیرۆریستەکان بگەنە سەنگەرەکانیان، لێیان هاتوونە تەدەست و هەر سێ خۆکوژیان تەقاندووەتەوە.[1]
- یەکێتی کەمئەندامانی کوردستان خۆپیشاندانێکی بەرفراوانی لەشاری سلێمانی دەستپێکردو، سکرتێری یەکێتیەکەش ڕایدەگەیەنێت، کەمئەندامان جەژن ناکەن، چونکە پارەی پێویستیەکانی جەژنیان پێ نییە، دەشڵێت:36 مانگە کەمئەندامان برسی دەکرێن و هەشت مانگیشە موچە بەکەمئەندامان نەدراوە.[3]
- سەرۆک وەزیرانی عیراق پرۆسەی کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ و تەواوی شارۆچکەی تەلەعفەر ڕاگەیاند و بەرپرسێکی یەکێتیش لەسنوری موسڵ ڕایدەگەیەنێت، هێشتا پێکدادانی کەم لە شارەدێی عەیازییەی سەر شارۆچکەی تەلەعفەر هەر ماوە.[3]
- فازڵ بەشارەتی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە وێستگە نیوزی ڕاگەیاند 31ی ئاب کۆتایی بە خیانەت و شەڕی ناوخۆ و براکوژی و دەستێوەردانی ئیقلیمی هێنا.[6]
- سەرۆکی لێژنەی فەتوا لە شاری سلێمانی، ئاماژە بەوە دەدات کە قوربانیکردن یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی ئایینی ئیسلام، بەڵام باشتر وایە لەبری قوربانیکردن هاوکاریی مادی کەسانی هەژار بکرێت.[1]
- بوومەلەرزەیەک سنووری ناوچەی ڕاپەڕینی هەژاند و لە سەرجەم ناوچەکانی دەڤەری ڕاپەڕین هەستی پێکراوە، بەڵام تائێستا زیانی گیانی و مالّی نەبووە.[7]
- بەهۆی خراپی کوالێتیانەوە، دەست بەسەر 23 تەنکەری سوتەمەنی ئێرانی گیرا کە هاتبوونە مەرزی نێودەوڵەتیی باشماخ.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری سوریا پێشنیاریکرد، ئەگەر سیستمی دەسەڵات لە سوریا ببێتە ناوەندی، ئەوە بۆ هەر بڕیارێکی ئەو حکومەتە دەبێت مافی ڤیتۆ بۆ کوردەکان هەبێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شڕناخ
شار و شارۆچکەکان: شەمزینان
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-08-31
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-08-31
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 2017-08-31
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-08-31
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردسات نیوز - 2017-08-31
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی وێستگا - 2017-08-31
[7] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2017-08-31

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 124

2017-09-01



باکووری کوردستان
- هەپەگە ڕایگەیاند:لە هەنگاوی شۆڕشگێڕانەی شەهید بەدران گوندیکرامۆ و شەهید نالین موشدا گەریلاکانمان ڕۆژی 31ی

ئاب لە باژێرگان و شەمزینانی سەر بە جولەمێرگ چالاکیان ئەنجام دا، سەرلەبەیانیی دوێنێ کاتژمێر 06:30 خولەکی سەرلەبەیانی دژی بارەگایەکی سوپای تورک لە دەوروبەری شەمزینان چالاکییەک ئەنجام درا، ژمارەی کوژراو و بریندارەکانی سوپای تورک لە ئەنجامی ئەو چالاکییەدا نەزانرا، ئێوارەی دوێنێش لە سەر گردی ئاستەنگی ڕەش لە نزیک شارۆچکەی باژێرگانی جولەمێرگ چالاکییەکی دیکە ئەنجام درا، لەو چالاکییەشدا سەربازێکی تورک کوژرا.[3]
- لە ئەنجامی ڕووداوێکی هاتوچۆدا لە شارۆچکەی سیلڤان سەر بە پارێزگای ئامەدی باکووری کوردستان، 15 کەس بریندار بوون.[4]
باشووری کوردستان
- بەیانی ئەمڕۆ دوای نوێژی جەژنی قوربان لە مزگەوتی کوردستان لە سەر ڕێگای چەمچەماڵ - قادرکەرەم، نزیک شارەدێی تەکیەی جەباری، هێرش کراوەتە سەر مامۆستا مەلا محەمەد حەمید وتارخوێن و پێشنوێژی مزگەوتەکە و بریندار دەکرێت.[1]
- شەش چەکداری خۆکوژی داعش پەلاماری سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان دا لە میحوەری عیازیە، فەرماندەیەکی پێشمەرگەیش ڕایدەگەیەنێت شکستمان بەو هێرشە خۆکوژییە هێنا و تەرمەکانیان لە بەر دەستی ئێمەدان.[1]
- هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە گوندی خەرائیج لە میحوەری عیازیە 10 پیاو و 20 ژنی داعش لەگەڵ منداڵەکانیان دەستگیردەکەن.[1]
- کۆسرەت ڕەسوڵ لە سەردانێکیدا بۆ لای هێزەکانی پێشمەرگە لە بەرەی خورماتوو ڕایگەیاند: ئەو شوێنەی پێشمەرگە ڕزگاری کردبێت دەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان.[2]
- دەوڵەت باخچەلی، سەرۆکی مەهەپە، لەبارەی کەرکووکەوە ڕایگەیاند کە کەرکووک شارێکی تورکییە و هەر واش دەمێنێتەوە، بڕیاری ئەنجومەنی شارەکەش ناڕەوایە.[3]
- لە یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانداا، جموجۆڵی بازرگانی لە مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ وەستاوە و تەنیا ڕێگە بەهاتوچۆی گەشتیاران، لەنێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران دەدرێت.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- جیهان شێخ ئەحمەد، وتەبێژی فەرمیی ژووری ئۆپەراسیۆنەکانی تووڕەیی فورات بەبۆنەی جەژنی قوربانەوە مزگێنی ڕزگاررردنی دوو گەڕەکی دیکەی دایە هاوڵاتیان.[3]
- ئەمڕۆ لە جرنییە کاتێک چەتەیەک دەیویست بۆمبێک لە ناو خەڵکدا بتەقێنێتەوە، لەلایەن هێزەکانی دژەتیرۆرەوە دەستگیرکرا و ڕێگای پێنەدار کۆمەڵکوژی پێکبێنێت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: جولەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: شەمزینان
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مانیفێستی کوردیی ناوەڕاست | مانیفێستی دواڕۆژ - 2017-09-01
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[3] مانیفێستی کوردیی ناوەڕاست | مانیفێستی ڕۆژنیوز - 2017-09-01
[4] مانیفێستی کوردیی ناوەڕاست | مانیفێستی باسنیوز - 2017-09-01
کاتی تۆمارکردن: 2017-09-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 125

2017-09-02



باکووری کوردستان
- وەزیری ناوخۆی تورکیا ڕایگەیاند، ئەو چەکانەی دەدرێت بە پەیەدە، دەگەنە دەستی پەکەکە.[2]
باشووری کوردستان
- کورده شیعه مەزهەبەکانی خانەقین و دەوروبەری، ئەمڕۆیان کردە یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان.[2]
- دوو ژنە کوردی نێو داعش خۆیان ڕادەستی پێشمەرگە کرد، کە یەکێکیان خەڵکی شاری کەلارە لە باشووری کوردستان و ئەوی دیکەیان خەڵکی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.[4]
- کۆمسیۆن ماوەی دوو هەفتەی بۆ تۆمارکردنی ناوی قەوارە سیاسییەکان بۆ خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان و کاندیدانیان بۆ سەرۆکایەتی هەرێم دەستنیشان کرد.[5]
- ئەمشەو هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان پیلانێکی مەترسیداری داعشیان لە میحوەری عیازیە پوچەڵکردەوە، فەرماندەیەکی پێشمەرگەش دەڵێت پێنج خۆکوژ کە هەموویان ئەمیری داعشبوون هێرشیانکردە سەر سەنگەرەکانمان لە گوندی سەهل مالح، بەڵام پێش ئەوەی بگەنە شوێنی مەبەست، کوژران.[5]
- بەهۆی وەرگەڕانی ئۆتۆمبێلێکەوە لەسەر ڕێگای چەمچەماڵ - کەرکووک سێ کەس گیانیان لەدەستدا و 11ی دیکەش بیندارببوون.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- فەرماندەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، ڕایگەیاند، وڵاتەکەی بەردەوامدەبێت لەیارمەتیدانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە).[1]

- ئەمڕۆ بە شەڕێکی سەخت لە گەڕەکەکانی مرور و ئەمین-دا، 88یەمین ڕۆژی ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی ڕەقە لەلایەن شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکراتەوە بەردەوامی پێدرا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-09-02
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-09-02
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-09-02
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-09-02
کاتی تۆمارکردن: 2017-09-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 126

2017-09-03



باکووری کوردستان

- محەمەد ئۆجالان، برای عەبدوڵلا ئۆجالان ڕێبەری پەکەکە، ڕایگەیاند، کە ماوەی ساڵێکە هیچ هەواڵێکیان لە ئۆجالانەوە نییە و نازانن لە ئیمرالی چی ڕووەدات.[1]
- پارێزگای شاری هەکاری ئەمڕۆ، لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند لە ئەنجامی هێرشێکی موشەکی کە لە ناو سنووری عێراقەوە کراوەتە سەر بنکەیەکی سەربازی سوپای تورکیا لە نزیک شاڕۆچکەی چەڵ (چوکورجا) سەربازێک بە سەختی بریندار بووە و پاش گەیاندنی بە نەخۆشخانە لەگەڵ هەموو هەوڵە پزیشکیەکاندا نەتوانراوە گیانی ڕزگار بکرێت.[4]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا هێزە ئەمنییەکانی ئێران لە شاری ڕوانسەر بەتاوانی چالاکی مەزهەبی پێنج هاووڵاتیی خەڵکی گوندی (قۆڕیقەڵا)ی سەر بە بەخشی شاهۆی ڕوانسەر لە پارێزگای کرماشانیان دەستبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیاریان گوستووەتەوە.[3]

باشووری کوردستان

- پۆلیسی هاتوچۆی هەولێر ڕایگەیاند، شەوی ڕابردوو لەسەر ڕێگەی نێوان هەریر - باسرمە، ئۆتۆمبێلێک وەرگەڕاوە و دوو لە سەرنشینەکانی گیانیان لە دەستداوە، بەمەوە تەنها شەوی ڕابردوو حەوت کەس بە ڕووداوی هاتوچۆ لە هەولێر و کەرکووک گیانیان لەدەستداوە.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان

- زەڵمای خەلیلزاد، باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە عێراق لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتی لەگەڵ ئاژانسی هاوبەر تورک، لەبارەی سەربەخۆیی ڕۆژئاڤای کوردستان ڕایگەیاند پێم وانییە تاوەکو 20 ساڵی دیکە، لە سووریا دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێت. چونکە پێکهاتەی جوگرافی و جیاوازی ئایدۆلۆژییەکان ئاڵۆزە و، لەگەڵ کوردستانی عێراق جیاوازی زۆری هەیە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: هەکاری
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
ولّات: باشووری کوردستان
ولّات: ڕۆژاوای کوردستان
ولّات: ڕۆژهەلّاتی کوردستان
ولّات: ئێران
ولّات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
ولّات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-09-03
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-09-03
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-09-03
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-09-03
کاتی تۆمارکردن: 2017-09-03
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 127

2017-09-04



باکووری کوردستان
- ئەمڕۆ، پارێزگاری تورکی شاری مێردین-ی باکوری کوردستان، لە ماڵپەڕی خۆی قەدەغەی هاتووچۆی لە گەڕەکی ستلیل-ی شارۆچکەی نسێبین-ی سەر بە شاری مێردین ڕاگەیاند.[1]
- وتەبێژی حکومەتی ئەڵمانیا ڕایگەیاند، بابەتی بەئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپا، تا دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ئەڵمانیا کە وا بڕیارە 24ی ئەیلول ئەنجامبدرێت، گفتوگۆی لەسەر ناکرێت. وتەبێژەکەی حکومەتی ئەڵمانیا ئەوەشی خستووەتەڕوو، لە ئێستادا تورکیا هیچ پێگەیەکی وەهای نییە ڕێگەی بدات ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دوو کۆڵبەری کورد خەڵکی شاری بانە بەناوەکانی قادر بەهرامی و حەیدەر فەرەجی بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی پێکران و هەردووکیان گیانیان لەدەستدا.[2]
باشووری کوردستان
- دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆردومانی گوندی سەرگەلی کۆن لە بناری چیای مەتین لە شارۆچکەی ئامێدییان کرد. [3]
- دەرەنگانی شەوی ڕابردوو پێشمەرگەیەک لەلایەن براکەیەوە لە چەمچەماڵ دەستڕێژی گوللەی لێدەکرێت و نیوەڕۆی ئەمڕۆ بەوهۆیەوە گیانی لەدەستدا.[4]
- لەسەر بڵاوکردنەوەی پۆستێکی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک، سەروەر قەرەداغی، هاوسەرۆکی ڕێکخراوی سروشتی کوردستان، لە لایەن پۆلیسی شارۆچکەی دەربەندیخان-ەوە دەستگیرکرا. [1]
- کەماڵ کەرکووکی، فەرماندەی میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووکی هێزی پێشمەرگە بەدواڕۆژی وت شارۆچکەی حەویجە وەک بەشێک لەخاکی کوردستان دەبێت ئازادبکرێت و ئۆپراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەشی بەشێوەیەک ئەنجامدەدرێت کە هیچ کارێگەرییەک ناکاتە سەر پرۆسەی ڕیفراندۆم.[4]
- ئاگرێکی گەورە لە نێو کۆمپانیای نەوتی باکوور کەوتووەتەوە و لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندنی بەرگری شارستانی-یش دەڵێت: ئاگرەکە مەترسیی نییە بۆ سەر بۆریە نەوتییەکان.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان

- ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنی شاری ڕەققە، ئەمڕۆ 90 ڕۆژە بەردەوامە، و تائێستا سەدا 65ی شارەکە کۆنترۆڵکراوەتەوە.[3]

🔞 تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک وێنە یان فیلمی لەگەڵ پەیوەستکراوە کە لەوانەیە ببێتە هۆی تێکدانی باری دەروونیتان. تکایە ئاگاداربە..

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

شار و شارۆچکەکان: ئامێدی

شار و شارۆچکەکان: بانە

شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ

شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان

شار و شارۆچکەکان: ماردین

شار و شارۆچکەکان: نوسەیبین

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ئەڵمانیا

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-09-04

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2017-09-04

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-09-04

کاتی تۆمارکردن: 2017-09-04

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 128

2017-09-05



باکووری کوردستان
- هەپەگە ڕایگەیاند: سوپای تورک ڕۆژی 01-09-2017 لە دیزای سەربە جولەمێرگ ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوانی دەستپێکرد، کاتژمێر 10:30 خولەکی سەرلەبەیانی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەو ناوچەیەیان بۆردومان کرد، پاش ماوەیەیکی کورت هەلیکۆپتەرەکان بەردەوامیان بەو هێرشەدا، دواتریش 13 هەلیکۆپتەر لەجۆری سکۆرسکی سەربازەکانی سوپایان لە ناوچەکەدا دابەزاند، گەریلاکانمان دژی ئەو سەربازانە چالاکییەکیان ئەنجامدا و شەڕ لە نێووانیاندا ڕوویدا، لەو سەرەدا چوار هەڤاڵمان شەهید بوون، بەڵام هەموو گەریلاکانی دیکە بە تەندروستی گەڕانەوە شوێنی خۆیان، پاش لێدانی گورزێکی کوشندە لە هێزەکانی سوپای تورک. هەروەها هەپەگە ڕەتیکردەوە هیچ گەریلایەک بەدیل گیرابێت.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- خەڵکی شاری بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدژی کوشتنی کۆڵبەران دووکان و بازاڕیان داخستووە و لە بەردەم قایمقامیەت گردبوونەوە، هێزە ئەمنییەکانیش بۆ بڵاوەپێکردنیان گازی فرمێسکڕێژ بەکاردەهێنن، لەبەرامبەردا خەڵک بە تێگرتنی بەرد وەڵامیان دەدەنەوە.[1]
- بەگوتەی شایەتحاڵان لە خۆپیشاندانەکەی شاری بانەدا تاوەکو ئێستا 10 خۆپیشاندەر و 4 کەس لە هێزە ئەمنییەکان بریندار بوونە، ژمارەیەک خۆپیشاندەریش دەستگیرکراون و شەڕ و ئاڵۆزیش بەردەوامە.[1]
- لە ڕاگەیەندراوێکدا کۆدار، ڕایگەیاند، کە داواکارییەکانی هاوڵاتیان لە شارەکانی بانە و سەردەشت و مەریوان ڕەوایە و بەرگریان لێ دەکەین و دەشڵێن: داوا گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەتی شارەکانی سەرسنوورەکەین کە هەستن بە پشتگیریی لە خەڵکی بانە و سەردەشت و مەریوان.[4]
- ئاژانسی هەواڵی فورات ئێوارەی ئەمڕۆ بڵاوی کردەوە، کە بەپێی ئە و هەواڵانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بە دەستیان گەیشتوە، گەریلاکانی یەکینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان – یەرەکە چالاکیەکیان دژی یەکێک لە بارەگاکانی سوپای پاسداران لە گوندی ساوان لە دەوروبەری شاری بانە ئەنجامداوە، لە ئەنجامدا دوو سەرباز لە هێزەکانی سوپای پاسداران کوژران و دوانی تریش بریندار بوون.[4]
باشووری کوردستان
- پێشمەرگەیەک بەناوی خدر ئیبراهیم شەهید و سێ پێشمەرگەی تریش لەسنوری جەلەولا ئەمڕۆ بریندار‌بوون، ئەوەش بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراوەوە.[2]
- لەمڕۆوە پارت و قەوارە سیاسییەکان و خەڵک دەتوانن بانگەشە بۆ ڕیفراندۆم بکەن، تاوەکو ئێستاش 9 قەوارە و ڕێکخراو خۆیان بۆ چاودێریکردنی پرۆسەکە تۆمارکردووە.[3]
- 34 لایەن و هێزی سیاسی هەرێمی کوردستان، جگە لە بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی و بەرەی تورکمانی لە ئەمڕۆوە بە یەک تیم بانگەشەی ڕیفراندۆم دەکەن.[3]
- مینێکی چێندراوی پێشمەرگە عەرەبەکان کە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانن، بە هێزێکی پێشمەرگەی ئێزدیدا تەقیەوە، کە ئەوانیش سەر بە پارتین، لە ئەنجامدا حەوت پێشمەرگە بە سەختی بریندارن.[4]
- لە ڕێورەسمێکدا لە پارێزگای کەرکووک دەستپێکردنی بانگەشەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ڕادەگەیێندرێت، سەرجەم لایەنە سیاسییە کوردییەکان لە پارێزگاکە بۆ سەرخستنی پرۆسەکە وەکو یەک تیم کاردەکەن، تاوەکو ئێستاش هیچ لایەنێکی کوردی دژایەتی خۆی بۆ پرۆسەکە ڕانەگەیاندووە.[1]
- فەرماندەیەکی پێشمەرگەی کوردستان لە میحوەری عەیازیە و تەلەعفەر ڕاگەیاند؛ ڕۆژانە نزیکەی 10 چەکدار و ئەندامی

داعش لەم میحوەرە خۆیان ڕادەستی پێشمەرگە دەکەن کە بەشێکیان کوردن.[5]
- بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سلێمانی کۆبوونەوە و هیچ ڕاگەیەندراوێکیشیان بڵاونەکردەوە.[3]
- پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ لە نزیک لۆفەکانی مەسیف پاسێک وەرگەڕا و بووەهۆی بریندار بوونی 14 کەس.[5]
- ژمارەیەک ماڵپەڕی عێراقی و عەرەبی لە زاری ئەندامێکی ئەنجوومەنی شارۆچکەی حەویجەوە بڵاویانکردووەتەوە، هێزی پێشمەرگە لە کەرکووک 330 چەکداری داعشی لەگەڵ خێزانەکانیان گواستوونەتەوە. فەرماندەیەکی پێشمەرگەش لە کەرکووک هەواڵەکە ڕەتدەکاتەوە و بە (درۆ) ناوزەندی دەکات.[1]
- سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی هەرێم، ڕایدەگەیەنێت هەر هاوڵاتییەک فۆرمی خۆراکی نەبێت، چ لەدەرەوە بێت یان لەناوخۆی هەرێمی کوردستان، مافی دەنگدانی نابێت.[5]
- کۆمیسۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان وادەی تۆمارکردنی ئەلیکترۆنی هاوڵاتیانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانی بۆ 22ی ئەیلول درێژکردەوە و داواش دەکات هاوڵاتیانی دەرەوە سەردانی ماڵپەڕی کۆمیسۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بکەن بەمەبەستی پڕکردنەوەی فۆرمی تایبەت بە مافی دەنگدان.[5]
- سێ گەشتیاری عەرەب لەکاتی مەلەکردن لە ڕووباری سیروواندا خنکان.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی ڕەقە لە 91ەمین ڕۆژیدا بەردەوامە و شەڕفانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات- قەسەدە، لە گەڕەکەکانی ئەمین و سەکەنەدا بەردەوامن لە پێشڕەوییەکانیان.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن:	بەرەی تورکومانی ئێراق
پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن:	کۆمەڵی دادگەریی کوردستان
پارت / لایەن:	یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان:	بانە
شار و شارۆچکەکان:	جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان:	خانەقین
شار و شارۆچکەکان:	دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-09-05
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-09-05
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-09-05

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-09-05
کاتی تۆمارکردن: 2017-09-05
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 129

2017-09-06



باکووری کوردستان
- پەرلەمانتارانی هەدەپە لەبەردەم دادگای دەستوری تورکیا لە ئەنقەرە دەستیان بەچالاکی ئێشکگری دادوەری کردو ناڕەزایبونی خۆیان لەبەرانبە دەستگیرکردنی هاوسەرۆک و پەرلەمانتارانی پارتەکەیان پیشاندا.[4]
- کەماڵ ئۆزەر هەواڵنێرێکی کوردی ناوچەی تۆنجەلی ڕۆژنامەی ئۆرەنسەڵی تورکیا لەلایەن جەندەرمەوە لە ڕێگای ئۆواجیک بۆ تۆنجەلی دەست بە سەرکرا.[6]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کاتژمێر 10ی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ بە کاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە مەریوان و 9:30 لە شاری سەردەشت گردبوونەوە بەڕێوەدەچێت بۆ پشتیوانیکردنی بانە.[2]
- کەنەکە، بە تونديی درێندەیی ڕژێمی ئێران بەرامبەر بە کۆڵبەرانی کورد شەرمەزاردەکات و دڵنیایش دەداتە ڕژێم، کە بە ئەژمارکردنی هێزی ئەمنیی و پاسدار و سەرباز لە کوردستان ناتوانن دەنگ و هاواری خەڵکی کوردستان بۆ داواکردنی مافی ڕەوای خۆیان بخنکێنن.[2]
- داواکاری سەربازیی هێزە سەربازییەکانی ئێران لە پارێزگای سنە بە میدیا فەرمییەکانی ڕاگەیاندووە دوا بەدوای کوژرانی دوو کۆڵبەری کورد لە سنووری (هەنگەژاڵ)ی بانە لەلایەن هێزە سنوورپارێزەکانی ئێرانەوە، پێنج کەس بەو تاوانە دەستگیر کراون.[5]
باشووری کوردستان
- دوای سێ ساڵ لە شەهیدبوونیان ئەمڕۆ تەرمی سێ پێشمەرگە لە گوندێکی سەر بە ناحیەی عەیازییەوە گەڕێنرانەوە بۆ کەسوکارەکانیان و فەرماندەیەکی پێشمەرگەش ڕایدەگەیەنێت، چەکدارانی داعش ئەو شوێنەی کە تەرمی ئەو پێشمەرگانەیان لێ نێژرابوو بۆمبڕێژیان کردبوو.[1]
- ڕۆژنامەی ڕیازی سعودی لەزاری بەرپرسێکی نزیک لەسەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایدەگەیەنێت، بەمنزیکانە عەبادی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان چاوی بە بەرپرسانی باڵای ئەنقەرە دەکەوێت.[1]
- لە زۆرێک لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان، بەتایبەتی لە هەولێر بانگەشەی گشتپرسی گەرمە و شەقام و کۆڵان و بازاڕ و باڵەخانەکان بە پۆستەرەکانی بەڵێ بۆ سەربەخۆیی داپۆشراون.[3]
- شەوی ڕابردوو لەسنووری قەزای داقوق، پێشمەرگە و هێزەکانی دژە تیرۆر، چەکدارانی داعش-یان لەسنوورەکە بەچەکی قورس بۆردومان کرد کە هەوڵیاندەدا هێرش بکەن.[4]
- دوو شاندی هەرێمی کوردستان کە پێکهاتوون لە شاندێکی حکومی و شاندێکی لایەنە سیاسییەکان، ماوەی چەند ڕۆژێکە

دوور لە چاوی میدیاکان لەسەر پرسی ڕیفراندۆم و نەوت چوونەتە دەرەوەی وڵات.[1]
- کەمپەینی ڕێکخراوەکان بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستمی پاشەکەوتی مووچە بە گردبوونەوەیەک لە سلێمانی دوا هەڵوێستی خۆیان ڕاگەیاند و هۆشداریان دایە حکومەت و دەسەڵاتداران کەئەگەر ئەم دۆخە بەردەوام بێت، هانی هاوڵاتیان دەدەن بۆ بەشدارینەکردنی هەر پرۆسەیەک کە حکومەت پێی هەڵدەستێت.[2]
- لە شاری هەولێر ژمارەیەک لە مامۆستایانی ئاینیی بەمەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی و نیگەرانییان لەو کوشتارەی بەرامبەر موسڵمانانی میانمار دەکرێت، گردبوونەوە.[2]
- شەوی ڕابردوو لە هەڵەبجە لە سەر شەقامی مامۆستای نەناسراو پەیکەری (مامۆستای نەناسراو) و هەروەها لە یەکێک لە باخچەکانی هەڵەبجەش پەیکەری شەهیدێک بەناوی شەهید ئەنوەر، شکێنران، دواتر پۆلیس تۆمەبارێکیان دەستگیرکرد.[3]
- بزوتنەوەی مەسیحییەکانی عێراق داوا لە مەسیحییەکانی هەرێمی کوردستان دەکات بە نەخێر دەنگ بە ڕیفراندۆم بدەن و پەرلەمانتارێکی مەسیحییش ئاماژە بەوەدەکات، مەسیحییەکانی کوردستان خۆیان یەکلایی کردۆتەوە بەبەڵی دەنگ بە ڕیفراندۆم دەدەن.[1]
- جێگری سەرۆکی بەڵێندەرانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، ئەو وەفدەی لە کۆڕبەندی ئابوری نێوان هانۆفەر و هەرێمی کوردستان بەشدارە تەعبیر لە خاوەنکار و کۆمپانیاکان ناکەن، بەڵکو ئەوان تەنیا لە هاوردەکردنی (چپس و سۆندە و لوقم و کونجی و گوڵە بەڕۆژە و پسکیت) شارەزان.[1]
- بە مەبەستی دەربڕینی هاوسۆزیی و هاوخەمیی بۆ موسڵمانانی هەرێمی ڕاخینی بۆرما، ژمارەیەک لە چالاکوان و ڕێکخراوەکان و کەسایەتییە ئایینی و و کۆمەڵایەتیەکان، لە هەردوو شاری هەڵەبجە و سلێمانی گردبوونەوەیان ئەنجامدا.[2]
- بە مەبەستی مەحکوومکردنی کوشتنی کۆڵبەران و پشتیوانی کردن لە ناڕەزایەتییەکانی شاری بانە، گردبوونەوەیەک لە یەکێک لە پارکەکانی شاری کۆیە بەڕێوەچوو.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- کاتژمێر 4:30 خولەک-ی سەر لەبەیانی سوپای تورکیا و چەتەکانی سەر بە ئەوان، کە لە قەڵای سامان لە کانتۆنی عەفرین جێگیربوون، گوندی باسۆفان-ی سەر بە شارۆچکەی شێراوان-ی عەفرین-یان تۆپباران کرد. لە ئەنجامی ئەو تۆپبارانە زیانی مادیی-یان بەر مااڵی هاوڵاتیانی گوندەکە گەیاند.[2]
- شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات، سێ هێرشی خۆکوژی داعش لەرەققە تێکدەشکێنن و 31 چەکداری ئە و ڕێکخراوە دەکوژن.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان:	بانە
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	سەردەشت
شار و شارۆچکەکان:	عەفرین
شار و شارۆچکەکان:	مەریوان
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
شار و شارۆچکەکان:	هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان:	کۆیە
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-09-06
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-09-06
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-09-06
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-09-06
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپرێس - 2017-09-06
کاتی تۆمارکردن: 2017-06-28
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 130

2017-09-07



باکووری کوردستان
- پاش ئەوەی دوێنێ خەڵکی گەرەکی عەلی پاشای سووری ئامەد بەرخۆدانیان کرد و ڕێگایان نەدا ماڵەکانیان بڕوخێنن، ئەمڕۆ هێزە تایبەتەکانی پۆلیس و بلدۆزەرەکان هەڵیابنکوتایە سەر ئەو گەرەکەو خەڵکیان دەستگیرکرد و دەستیان کرد بە ڕووخاندنی ماڵەکان. بلۆدۆزەرکانی دەوڵەتی تورک لە سەرلەبەیانیی ئەمڕۆوە بێ وەستان سەرقاڵی ڕووخاندنی ماڵەکانی گەرەکی عەلیپاشان و هەر کەسێکیش بەرگری بکات لە ماڵەکەی، لەلایەن هێزە تایبەتەکانی پۆلیسەوە دەستگیردەکرێت و دەبرێت.[1]
- بەپێی ڕاگەیێندراوێکی سوپای تورکیا، لە میانی ئۆپەراسیۆنێکی فڕۆکە جەنگییەکانی هێزەکانی ئاسمانی بۆ سەر پێگەیەکی پەکەکە لە ئەشکەوتێکی چیای مووش لە باکووری کوردستان، پێنج گەریلا گیانیان لەدەستداوە. لە بەرامبەردا، ناوەندی ڕاگەیاندنی فەرماندەیی هەپەگەش کوژرانی 10 سەرباز و بریندارببوونی 15 سەربازی دیکەی ڕاگەیاند. بەڵام سەرۆکایەتی ئەرکانی گشتیی سوپای تورکیا کوژرانی تەنیا دوو سەرباز و بریندارببوونی دوو سەربازی دیکەی لە شەمزینان ئاشکرا کرد.[2]
- فیدراسیۆنی زیندانیانی سیاسی کوردستان، سیاسەتی سەپاندنی گۆشەگیریی ئۆجالان لەلایەن ئاکەپەوە بە تونديی شەرمەزاردەکات و داواش دەکات، کە خەباتی مەدەنیی زیاتر بکرێت بۆ شکاندنی ئەو گۆشەگیرییە، هەروەها ڕۆژێک دەستنیشان بکرێت وەک ڕۆژی ئازادیی بۆ ئۆجالان و لەو ڕۆژەدا چالاکیی ئەنجامبدرێت.[1]
- ئەمڕۆ هەدەپە لە بەردەم دادگای دەستووری بنەڕەتی تورکیا لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی بەڕێوەبرد، لە بارەی زیندانیکردنی پەرلەمانتارانی هەدەپەوە، عوسمان بایدەمیر لە کۆنگرەکەدا قسەیکرد. بایدەمیر ڕایگەیاند،

کە زیندانیکردنی پەرلەمانتاران هەوڵدانێک بوو بۆ کودەتا و ئێستاش بەردەوامە، تا کاتێک لە ووڵاتدا دادگەری پێکنەیەت، ئەو ووڵاتە ئاسایشیشی نابێت.[1]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خۆپیشاندان دەستیپێکرد بە مەبەستی پشتیوانی لە شاری بانە و ناڕەزایی دەربڕین دژی کوشتنی کۆلبەران لەلایەن هێزە چەکدارەکانی ئێرانەوە.[5]

- ژمارەیەک لە چالاکوانانی سیاسی و مەدەنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دوێنێوە بەمەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بە کوشتنی کۆلبەران و هەروەها هاوخەمیی خێزانی کۆلبەرە کوژراوەکان، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ مانگرتنیان لە خواردن ڕاگەیاند.[1]

- کۆدار ڕایگەیاند، کە ئێران وەک چۆن خۆی کێشەی کۆلبەری دروستکردووە، پێویستە خۆیشی چارەسەری بکات، هەروەها ئاماژەی بەوەداوە کۆدار تا کۆتایی بەردەام دەبێت لە ئەرکی سیاسی و ئەخلاقی بۆ بەرگری لە کۆلبەرەکان.[1]

- هێزە ئەمنییەکانی ئێران لە شاری بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مەبەستی ڕێگرتن لە خۆپیشاندانی دووبارەی خەڵک، شەقامی قائیمقامییەتی شارەکەیان داخست.[2]

- وەزارەتی ئیتلاعات بە فەرمانێکی ڕاستەوخۆ پەرلەمانتاری بانە و سەقزی ڕاسپاردووە بۆ ئەوە دەنگی ناڕازیان کپبکات، ئەو پەرلەمانتارەش داوای لە خەڵک کردووە، کە شەقامەکان چۆڵ بکەن و بچنەوە ماڵەکانیان.[1]

- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ کۆلبەرێکی کورد خەڵکی شاری سەردەشت لە سنووری دۆڵەیی پێ کەوتووەتە سەر مینە چێندراوەکانی سەر سنوور و لە ئەنجامدا یەکێک لە لاقەکانی خۆی لە دەست دا.[8]

- هاوواڵاتییەکی کورد خەڵکی شاری سەردەشت بە هۆی کێشەی بنەماڵەییەوە بە دەمانچە ژنەکەی خۆی کە ناوی کەژاڵ بوو، کوشت.[8]

باشووری کوردستان

- پێشمەرگە هێرشێکی داعشی لە سنووری زەرگەی خورماتوو تێکشکاند و تەرمی چەند چەکدارێکی داعشیش کەوتوونەتە دەستی هێزەکانی پێشمەرگە.[5]

- ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت بڵاویکردووەتەوە، وابڕیارە بەمنزیکانە ئەحمەد ئەبو غەیت-ی ئەمینداری گشتی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی سەردانی شاری هەولێر بکات، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرسی ڕیفراندۆم.[3]

- گروپی دادوەری جیهانی ئەمڕۆ بۆ یەکەمجار لەشاری هەڵەبجە ئۆفیسێکی تایبەتی خۆیان کردەوە و بەڕێسی کەیسی هەڵەبجەش لە و گروپە ڕایگەیاند کردنەوەی ئە و ئۆفیسە بۆ تۆمارکردنی سکاڵایە لەلایەن کەسوکاری شەهیدانەوە لەسەر ئە و کۆمپانیاو بازرگانانەی کە چەکی کیمیایان بە بەعس فرۆشتووە.[6]

- ڕەشاد خدر گەڵاڵی، لێپرسراوی کۆمیتەی مەخموری یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە وێستگە نیوزی ڕاگەیاند: شەوی ڕابردوو زیاتر لە 70 لەتانک و زرێپۆش و تۆپهاوێژی ئەمریکی گەیشتنە گوندی پونگینەی سەربە شارەدێی قەراجی سەربە شارۆچکەی مەخموور کەوەک بنکەیەکی سەربازی ئەمریکی دامەزرێنراوە.[4]

- فەخرەدین ڕەسوڵ ناسراو بە فەخرەدین چاوشین کە کادیرێکی کۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بو بە هۆی جەڵتەی دڵەوە کۆچی دوایی کرد.[5]

- کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان، لەسەر سووکایەتیکردن بە لایەنگرانی (بەڵێ) بۆ سەربەخۆیی کوردستان لەلایەن سەرۆکی گرووپی (نەخێر)، هاتە دەنگ و ئاشکرای کرد کە ئەوە پێشێلکردنی بنەماکانی کۆمسیۆنەکەیە و سزا دەدرێت.[7]

- بەهۆی تەقینەوەی بۆربیەکی نەوتی لە کۆمپانیای نەوتی باکور لە کەرکووک، ژمارەیەک کارمەند گیانیان لەدەستدا و بریندار بوون.[5]

- لە شارۆچکەی داقوق سەر بە پارێزگای کەرکووک دوو چەکداری داعش دەستگیرکران، ئاسایشی کەرکووک دەڵێت، یەکێک لەو چەکدارانەی دەستگیرکراوە ماوەی سێ ساڵ لە هەواڵگری داعش کاریکردووە.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ئۆپەراسیۆنی شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات بۆ ڕزگارکردنی شاری ڕەقە لە چنگی چەتەکانی داعش، پێی ناوەتە ڕۆژی 94یەمینەوە، کوژرانی 11 چەتەی داعش لە شەڕەکانی شەوی ڕابردوودا ڕاگەیەندراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: شەمزینان
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-09-07
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-09-07
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-09-07
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی وێستگا - 2017-09-07
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 2017-09-07
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-09-07
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2017-09-07
کاتی تۆمارکردن: 2017-09-07
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 131

2017-09-08



باکووری کوردستان
- ئایهان بیلگەن، وتەبێژی گشتیی پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە، ئازاد کرا.[3]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەمڕۆ نزیکەی 400 نووسەر و هونەرمەند و چالاکوانی مەدەنی و سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشووری کوردستان و دەرەوەی وڵات، بانگەوازێکیان بۆ کوردانی چوارپارچە و نەتەوە زوڵملێکراوەکانی ئێران و جیهان کرد بۆ ئەوەی کردەوەی دژە مرۆییەکانی ئێران مەحکوم و ئیدانەی بکەن.[3]
- بەپێی زۆرێک لە سەرچاوەکان، ژمارەیەک لە خۆپیشاندەرانی دوێنێی سنە بۆ پشتگیریی ڕاپەڕینی شاری بانە دەستگیرکراون.[4]
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو شەش خوکوژی داعش پلانیان دانابوو هێرش بکەنە سەر سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە لەمیحوەری حەردان، بەڵام لەلایەن پێشمەرگەوە شکست بە هێرشەکەیان هێنرا، فەرماندەیەکی پێشمەرگەش دەڵێت دوو خۆکوژیان دەستگیرکراون و چواری دیکەیان خۆیان تەقاندووەتەوە.[1]
- عالیە نسەیف، پەرلەمانتاری عێراق لە ئیئتلافی دەوڵەتی یاسا لەبەیاننامەیەکدا دەڵێت: هەر کوردێک پلە و پۆستی لەحکومەتی عێراقدایە و لایەنگری ڕیفراندۆمە، پێویستە لەپۆستەکەی دروو‌بخرێتەوە، چونکە ناکرێت کەسێکی جوداخواز لەحکومەت موچە و دەرماڵە وەرگرێت و بەشداری دروستکردنی بڕیاری عێراقیش بکات، چونکە مانەوەی ئەم کەسانە بە کەم سەیرکردن و کەمکردنەوەی سەروەری عێراقە.[1]
- پارێزگای سلێمانی ئاگاداریی‌ەک لەبارەی بەڕێوەچوونی کەرنەڤاڵێک لەشارەکە بڵاوەکاتەوە و ڕایدەگەیێنێت ئەم چالاکییە مەدەنی و سیاسییەی بڕیارە لە یاریگای سلێمانی بەناوی (کەرنەڤاڵی نەخێر لە ئێستادا بۆ ڕیفراندۆم) ئەنجام بدرێت، هیچ مۆڵەتێکی یاسایی وەرنەگرتووە.[2]
- وەفدێکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، سەردانی مەکۆی سەرەکی بزوتنەوەی گۆڕان لە شاری سلێمانی کردوو، و تیایدا ڕاسپاردەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان و هەوڵەکانی یەکێتی بۆ نێوەندگیری لە نێوان لایەنە ناکۆکەکان، دایە بزوتنەوەی گۆران.[4]
- لە شارەدێی ئاغجەلەری سەر بە شارۆچکەی چەمچەماڵ ئۆفیسی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی داخرا، سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئاغجەلەر دەڵێت، بەڕێوەبەری شارەدێ سەر بە کۆمەڵی ئیسلامییە و ڕێگرە لەبەردەم کاروباری ئەواندا، بەڕێوەبەری شارەدێش ئەوە ڕەتدەکاتەوە.[2]
- کەمپەنی (بەخوێن بەڵێ) بۆ ڕیفراندۆم ڕاگەیەندرا.[4]
- لە گوندی خەرائیج لە باکووری تەلەعفەر، شەش چەکداری داعش دەکەونە بۆسەیەکی پێشمەرگە، ئەفسەرێکی پێشمەرگەش دەڵێت، هیچیان دەربازیان نەبووە.[2]
- شانەی ڕاگەیاندنی جەنگیی عێراق ڕایگەیاند یەکەم گورزی ئاسمانیان لەدژی چەکدارانی داعش لە شارۆچکەی حەویجەی سەر بە پارێزگای کەرکووک وەشاندووە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات، کۆلێژی زانستەکان-ی سەر بە زانکۆی فرات-یان لە ڕۆژهەڵاتی ڕەقە ڕزگار کرد.[3]

🔞 تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک وتینە یان فیلمی لەگەڵ پەیوەستکراوە کە لەوانەیە ببێتە هۆی تێکدانی باری دەروونیتان. تکایە ئاگاداربە..

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: کۆمەڵی دادگەریی کوردستان
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-09-08
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-09-08
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-09-08
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2017-09-08
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 132

2017-09-09



باکووری کوردستان
- بەهۆی بۆردوومانی هێزەکانی سوپای تورکیاوە، ماوەی دوو ڕۆژە ئاگرێکی گەورە لە سنوری دێرسیم کەوتوەتەوە و تا ئەمڕۆش ئاگرەکە بەردەوامە، هاوڵاتیان هەوڵیانداوە ئاگرەکە بکوژێننەوە، بەڵام هێزەکانی دەوڵەتی تورکیا ڕێگەی نەدا.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەگوێرەی دووایین زانیارییەکانی ڕووداوەکانی ئەم چەند ڕۆژەی بانە و خۆپیشاندانەکەی سنە، 18 کەس لەوانەی لە بانە دەستگیرکرابوون ئازادکراون و ئەو چوار کەسەی دیکە هێشتا لە زیندانەکانی ئیتلاعات و سوپا دان و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت، ئەو 20 کەسەش کە لە سنە دەستگیرکراون گوازراونەتەوە بۆ شوێنی نادیار و هیچ زانیارییەک لە بارەیانەوە لە بەر دەستدا نییە.[3]
- کاردانەوکان دژی کوشتاری کۆڵبەرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوامە، لەو چوارچێوەیەدا چالاکوانانانی مەدەنی مەهاباد و کامیاران پشتگیریان لە کۆڵبەران ڕاگەیاند.[3]
- بەپێی ڕاپۆرتی مافپەڕی فەرمیی فێستیڤاڵی شانۆی سەرشەقامی مەریوان، کار و چالاکییەکانی خولی دوازدەیەمی فیستیڤاڵ سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ بە ئامادەبوونی هونەرمەندانی کورد و بیانی و جەماوەری زۆر، لێژنەی بەڕێوەبەریی فێستیڤاڵ و بە بەڕێوەبردنی کارناڤاڵێکی نمایشی لە گۆڕەپانی (ئیمام شافێعی) و ڕێپێوان بۆ پەرکی (شانۆ)ی شاری مەریوان بە فەرمی دەستی بە کارەکانی کرد و هەتا 14-09-2017 دەخایەنێت.[5]
باشووری کوردستان
- بەیانی ئەمڕۆ بەبەشداری چەند هێزێکی ئەمنی لەسنووری شاری خانەقین، ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوان بۆ دەستگیرکردن و لە ناوبردنی چەکدارانی داعش دەستپێکرد بە تایبەتی لەو ناوچانەی جموجۆڵیان هەیە.[2]
- لە شاری دهۆک، چالاکییەکانی پێنجەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی دهۆک دەستپێدەکات.[4]
- بەرەی تورکمانی عێراق دیسان ڕایدەگەیەنێت بایکۆتی ڕیفراندۆم دەکەن لە پارێزگای کەرکووک و ئەنجامەکەی ڕەتدەکەنەوە.[1]
- قایمقامی خورماتوو ڕایدەگەیەنێت، تا ئێستا لە لایەن حکوومەتی هەرێمەوە هیچ هەنگاوێکی فەرمی بۆ پرسی ڕیفراندۆم لە شارۆچکەکە نەنراوە و ئەوەی هەیە تەنها ئامادەکارییەکی ئاسایی و نافەرمییە.[2]
- فێستیڤاڵێک بۆ ڕەنگەکان لە شاری هەولێر ئەنجام دەدرێت، کە نوێنەری هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان بەشداریی تێدا دەکەن.[5]
- یەکێک لە بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی بەناوی (ئەختەر عەبدولڕەحمان) بەهۆی کاریگەری چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە گیانی لەدەستدا و بەو شێوەیەش ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەهۆی کاریگەری چەکی کیمیایی گیانیان لەدەستداوە بەرزبوەتەوە بۆ 100 بەرکەوتوو.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لەپاش چەندین ساڵ دەرگای خوێندن لە خوێندگەکانی بەشێک لە ناوچەکانی شاری ڕەققەی سوریا کرایەوە و بۆ یەکەمین جاریش زمانی کوردی کرایە بەشێک لە پڕۆگرامی خوێندن.[1]
- شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات شەوی ڕابردوو کۆشکی دادوەریان لە شاری ڕەققە ڕەققە کۆنترۆڵکردەوە، لە ئەنجامی شەڕ و پێکدادانەکانیشدا 17 چەکداری داعش کوژران.[2]
- بەپێی ڕاپۆرتێکی بنکۆڵکاریی کچە ڕۆژنامەنوسێکی بوڵگاری نهێنی ناردنی چەک بۆ چەکدارانی داعش و گروپە تووندڕەوەکانی

سوریا و عێراق ئاشکرا بووە کە تیایدا عەرەبستانی سعودیە و فرۆکەخانەیەکی تورکیاش ڕۆڵیان تیایدا هەبووە.[1]
- ئەنجومەنی سەربازی دێرەزۆر هەڵمەتی گەردەلوولی جزیرەی ڕاگەیاند.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێراق
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کامیاران
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 2017-09-09
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-09-09
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-09-09
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-09-09
کاتی تۆمارکردن: 2017-09-09
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 133

2017-09-10



باکووری کوردستان
- ڕاگەیاندنی هەپەگە لێدوانێکی نوسراوی بڵاوکردەوە و ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە دوێنێ لە چەند چالاکییەکی جیادا، لە جولەمێرگ 18 سەربازی سوپای تورکیا کوژراون و لە ئاگری-یش 10 سەربازی دیکە کوژراون.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- خەڵکی شاری مەهاباد-ی سەر بە پارێزگای ورمێ لە مەیدانی چوارچرای شارەکەدا گردبوونەوە بە مەبەستی ئەنجامدانی خۆپیشاندان، بەڵام پێش دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکە بەکرێگیراوەکانی حکومەتی ئێران هێرشیان کردە سەر خۆپیشاندەران و پێنج کەسیان دەستگیرکرد، کوبرا خالەندی، ژنەچالاکوانی مەهابادیش لەناو دەستگیرکراوانداید.[3]
باشووری کوردستان
- هۆزە عەرەبەکان و چەکدارانی عەسائیب، ئاڵای کوردستانیان لە مەندەلی هێنایە خوارەوە و داوای ڕەتکردنەوەی بڕیاری بەشداریکردن لە ڕیفراندۆم دەکەن.[2]
- دیندار زێباری، سەرۆکی کۆمیتەی وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان لە هەرێمی کوردستان ڕەتیدەکاتەوە، کە لە گرتووخانەکانی هەرێمی کوردستاندا ئەشکەنجەدان بۆ دانپێدانان هەبێت و دەڵێت ئەشکەنجەدان بۆ دانپێدانان، بەتاوان هەژمار دەکرێت.[2]
- ئەنجومەنی باڵای ڕیفراندۆم ڕایگەیاند، حزب و لایەنەکانی بەشدار لە ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم ڕێککەوتن کە ڕۆژی پێنجشەممە 14-09-2017 پەرلەمانی هەرێمی کوردستان کارا بکرێتەوە و دانیشتنی ئاسایی خۆی دەست پێبکاتەوە.[3]
- لە گەڕەکی بەکرەجۆی شاری سلێمانی، سەربانی خانووەیەک بەسەر خێزانێکی پێشمەرگەدا ڕووخا و بەهۆیەوە منداڵێک گیانی لەدەست دا.[4]
- فەرماندەیەکی پێشمەرگە لە میحوەری عیازیە ڕایدەگەیەنێت، دوو چەکداری خۆکوژی داعش هەوڵی هێرشێکیاندا، بەڵام کەوتنە کەمینی پێشمەرگە و پلانەکەیان پوچەڵکرایەوە.[5]
- لە پارێزگای کەرکووک 13 حیزبی عەرەبی ئاشکرای دەکەن لەگەڵ پارتییە تورکمانییەکان ڕێکەوتوون کە دژی ڕیفراندۆم بن لە کەرکووک.[5]
- ڕۆژنامەی ئەلشەرق ئەلئەوسەت دەنووسێت ئەمینداری گشتی کۆمکاری عەرەبی، داوای لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد، ڕیفراندۆمەکەی هەرێم دوابخات و دەڵێت پێویستە لە ژێر چاودێڕی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دانوستان لەگەڵ بەغدا ئەنجامبدرێت.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دوای شەڕێکی سەخت لەگەڵ داعش، شەڕڤانان ئەمڕۆ گەڕەکی مرور یان لەبەشی خۆرئاوای ڕەققە کۆنترۆڵکردووەتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: جولەمێرگ

شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی رووداو - 2017-09-10
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-09-10
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی خەندان - 2017-09-10
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی دواڕۆژ - 2017-09-10
کاتی تۆمارکردن: 2017-09-10
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 134

2017-09-11



باکووری کوردستان
- زەید ڕەعد حسێن، کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان لە بواری مافی مرۆڤدا ڕایگەیاند، کە کوردەکان و چەپەکان لە تورکیا کراونەتە ئامانج و ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامەنووس، ئەکادمیسیین، پارێزەری مافی مرۆڤ و نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە تورکیا خراونەتە زیندانەوە و ئازادیی ڕادەربڕین و لەو وڵاتەدا بە سەختی پێشێلدەکرێت.[1]
- ناوەندی ڕاگەیاندنی هێزەکانی پاراستنی گەل- هەپەگە، سەبارەت بە چالاکیی گەریلاکان ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، کە سەربازە تورکەکان بارەگای سەربازیی ڕووبارۆکی شەمزینانیان بەجێهێشت و ڕایان کرد.[2]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەران و کرێکارانی ڕەبەتی سەربە سەردەشت لە ڕاگەیەندراوەکەیاندا داوایان لە خەڵکی سەردەشت کردووە، کە ئەمڕۆ کاتژمێر 05:00ی سەرلەئێوارە دەست بە خۆپیشاندان بکەن.[2]
- هێزە ئەمنییەتییەکان هەڵیان کوتایە سەر ماڵی پێنج چالاکی مەدەنی لە شاری کرماشان و پاش پشکنینی ماڵەکانیان دەستیان بە سەر کەرەستە شەخسییەکانی ئەو چالاکە مەدەنییانە داگرت.[8]
- حوکمی لەسێدارەدانی هاوواڵاتییەکی کورد، خەڵکی شاری شائاباد سەر بە پارێزگای کرماشان لە پێش چاوی خەڵکەوە لە لایەن دەزگای قەزایی حکوومەتی ئێران لەو شارە جێبەجێ کرا.[8]
باشووری کوردستان
- سەر لە بەیانی ئەمڕۆ، 16 چەکداری خۆکوژی داعش بە بیانووی ئەوەی خۆیان ڕادەستی پێشمەرگە دەکەن، خۆیان نزیک کردەوە لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە لەگوندی سەهل مالح، بەڵام چوار لەو خۆکوژانە خۆیان تەقاندەوە و 12ی تریش لەلایەن پێشمەرگەوە کوژران و دوو منداڵ و چەکدارێکی بریندارییش دەستگیرکران.[1]
- ئایلات شاکید، وەزیری دادی ئیسرائیل لە کۆنفرانسێکی تایبەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزمدا ڕایگەیاند، وڵاتەکەی پشتیوانی سەربەخۆیی کورد دەکات، لانیکەم لە هەرێمی کوردستان.[5]
- وەزارەتی پەروەردە ڕایدەگەیەنێت هیچ پلانێک بۆ دامەزراندنی هەمیشەیی مامۆستایان نیە، بڕیاریشماندداوە کێشەی کەمی مامۆستایان لە خوێندنگەکان بۆ ساڵی نوێی خوێندن لەڕێی وانەبێژانەوە پڕبکرێتەوە.[1]
- پاش گرژییەکانی دوێنێ شارەدێی مەندەلی و داگرتنی ئاڵای کوردستان، پارێزگاری دیالە پێکهێنانی لێژنەیەکی بۆ وەڵامدانەوەی داوای خۆپیشاندەرانی شارەدێی مەندەلی و کردنەوەی دەرگای گفتوگۆی لەگەڵ لایەنە کوردییەکان ڕاگەیاند.[3]
- ژمارەیەکی زۆر لەهێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عیراق بۆ سنوری پارێزگاری کەرکووک گوازرانەوە، پێشمەرگەش لەوبارەیەوە ڕونکردنەوە دەدات و ڕەتیدەکاتەوە هێزی دیکەی حەشدی شەعبی بۆ سنورەکە گوازرابێتەوە، دەشڵێت:لەسەرەتای شەڕی داعشەوە ئە و هێزانە لەسنوری کەرکووکن و هەماهەنگی باشیشمان هەیە.[4]
- حەمە ئاوات پێشمەرگەی دێرین و ئەندامی جڤاتی گشتی بزووتنەوەی گۆڕان لە سلێمانی کۆچی دواییکرد.[5]
- خوێندکارێکی زانکۆی کۆمار لە چیای گۆیژەی سلێمانی تەقی لێدەکرێت و دەکوژرێت.[5]
- شاندێکی بازرگانی و پیشەسازی سنە لە شاری سلێمانی داوا دەکەن پەیوەندییە بازرگانی و پیشەسازییەکانی نێوان هەردوولا پتەوتر بکرێت و داواش دەکەن کارئاسانیان بۆ بکرێت بۆ بەشداریکردن لە ئاوەدانکردنەوەی شاری موسڵ.[1]
- بەرپرسی لقی 19ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شارۆچکەی چەماچەماڵ ڕایدەگەیەنێت، ئەمڕۆ چەند کەسێک لەناو ئۆتۆمبێل تەقەیان لە بارەگای لق کردووە.[6]
- بەڕێوەبەری پۆلیسی پردێ ڕایگەیاند، چەند کەسێک بەچەکەوە چوونەتە سەر سەرۆکی شارەوانی پردێ و تەقەیان کردوە. دەشڵێت لە سەرۆکی شارەوانییان داوە و تەقەیان بەناو فەرمانگەکەدا کردوە.[7]
- لەناو هۆڵی دادگای قەسرۆک لە پارێزگای دهۆک لە کاتی دادگاییکردندا، تەقە لە تۆمەتبارێک کرا و سێ گوللەی پێوەنرا.[2]
- بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ڕایدەگەیەنێت، گروپێکی نۆکەسییان دەستگیر کردووە کە لەسەر شەقامە سەرەکییەکانی هەولێر ڕێگرییان لە شوفێرانی بیانی کردووە و تاوانی کوشتنیان ئەنجامداوە.[1]
- کونسوڵی گشتی دەوڵەتی کوێت لە هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، سەرمایەدارانی وڵاتەکەی هاندەدات بێن لە هەرێمی کوردستان سەرمایەگوزاری ئەنجام بدەن و دەشڵێت وڵاتی کوەیت بەردەوام دەبێت لە پێشکەشکردنی هاوکارییەکانی بە هەرێمی کوردستان.[1]
- چەکدارانی عەسائیبی ئەهلی حەق کە گرووپێکی سەر بە حەشدی شەعبین، دوو ڕۆژە لەنێو شارۆچکەی مەندەلی بڵاوبوونەتەوە و داوا لە ئەندامانی ئەنجوومەنی شارۆچکەکە دەکەن لە بڕیاری بەشداری لە گشتپرسی باشووری کوردستان پاشگەزبنەوە.[7]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ڕۆژدا فەلات، یەکێک لە فەرماندەکانی هێزەکانی سوریای دیموکرات دەڵێت: تا ئێستا 70٪ی ڕەقە لە چنگی چەتەکانی داعش ڕزگارکراوە.[2]
- فڕۆکەیەکی سیخۆڕیی تورک لە ئاسمانی عەفرین خرایە خوارەوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ

شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: شەمزینان
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
ولّات: باشووری کوردستان
ولّات: ڕۆژاوای کوردستان
ولّات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
ولّات: ئێران
ولّات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-09-11
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-09-11
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-09-11
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 2017-09-11
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-09-11
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-09-11
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2017-09-13
کاتی تۆمارکردن: 2017-09-11
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 135

2017-09-12



باکووری کوردستان
- ئەمڕۆ جارێکیتر لە ناوچەی شاپاتان و دەوروبەری، کە دەکەونە سنووری شەمزینان و جولەمێرگەوە لە باکوری کوردستان، قەدەغەی هاتووچۆ بۆ ماوەی حەوت ڕاگەیەندرا، ئەوەش لە کاتێکدایە، ئەمڕۆ 14 ڕۆژە دارستانەکانی شاپاتان لە ئاگردا دەسوتێن.[2]
- حکوومەتی ئەڵمانیا فرۆشتنی چەکی بە حکوومەتی تورکیا ڕاگرت.[1]
- هەپەگە ڕایگەیاند: لە هەنگاوی شۆڕشگێڕانەی شەهید بەدران گوندیکرامۆ و شەهید نالین مووشدا، گەریلاکانی یەژاستار لە شەمزینان و گەڤەری سەربە جولەمێرگ دژی هێزەکانی دوژمن چالاکیان ئەنجامدا، ڕۆژی 10ی مانگ کاتژمێر 03:00ی پاشنیوەڕۆ دژی بارەگایەکی سوپا لە دەوروبەری شەمزینان چالاکی ئەنجامدرا و 14 ڕۆکێت هاویشترایە سەر ئەو بارەگایە، ئەنجامی ئەو چالاکییە زیانی قورسی گەیاند بە بارەگاکە، بەلام نەزانراوە چەند سەربازی تورک کوژران و بریندارببوون. هەپەگە ڕاشیگەیاند: دوێنێ کاتژمێر 08:00ی سەرلەبەیانی و 04:00ی پاشنیوەڕۆ گەریلاکانی یەژاستار لە گردی شیکەرە سپیی سەربە شەمزینان دژی یەکینەیەکی دوژمن دوو چالاکیی سەرکەوتوویان ئەنجامدا، لە ئەنجامی چالاکییەکاندا نەزانراوە چەند سەربازی تورک کوژران و بریندارببوون، هەر دوێنێ کاتژمێر 06:00ی پاشنیوەڕۆ دژی زرێپۆشێکی سوپا کە لە دەوروبەری گەڤەر بەرەو بارەگای سەربازیی وارگەنم بەڕێوەبوو، چالاکی ئەنجامدرا، لە ئەنجامدا زیانی قورس بەر زرێپۆشە کەوت.[2]
- نەتینیاهۆ لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە ئیسرائیل دژ بە پەکەکەیە و وەک گروپێکی تیسرۆریستی دەیبینێت، هەروەک چۆن دژ بە پشتیوانی تورکیایە بۆ گروپی تیرۆریستی حەمماس. سەبارەت بە دەوڵەتی کوردی، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل ڕایگەیاندووە لەکاتێکدا کە ئیسرائیل دژ بە تیرۆرە بە گشتی، پشتیوانی هەوڵە ڕەواکانی کورد دەکات بۆ بەدەستهێنانی دەوڵەتی خۆیان. [6]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆمەڵێک لە چالاکوانی مەدەنی و سیاسی شاری مەهابادی سەربە پارێزگای ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک مانگرتنی یەک ڕۆژەیان بە داخستنی دوکان و بازاڕ ڕاگەیاند.[2]
باشووری کوردستان
- مام جەلال سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان گەیشتە وڵاتی ئەڵمانیا بەمەبەستی پشکنینی تەندروستی.[1]
- پەرلەمانی عێراق، لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆیدا کە بە سەرۆکایەتی سەلیم جبوری و بە ئامادەبوونی 168 پەرلەمانتار بەڕێوەدەچێت، ڕیفراندۆمی خستە بەرنامەی ئەمڕۆی دانیشتنەکە و هاوکات دەنگی بە زۆرینەی دەنگ ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی لە هەرێمی کوردستان ڕەت کردەوە، نوێنەرانی کوردیش دانیشتنەکەیان بایکۆت کرد.[1]
- دوای ڕەتکردنەوەی ڕیفراندۆمی باشوری کوردستان لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە، سەرۆکی پەرلەمان سەرۆک وەزیرانی عیراق کە هاوکات فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانیشە ڕاسپارد بۆ گرتنەبەری هەر ڕێوشوێنێک کە بەپێویست و گرنگی بزانێت، پەرلەمانتارێکی کوردیش ئەو داواکاریەی پەرلەمان بەهەڕەشەیەکی گەورە بۆسەر هەرێم ناودەبات.[1]
- هەردوو فراکسیۆنی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق، ئەمڕۆ داوایان لە پەرلەمان و لایەنە سیاسییەکان کرد، بڕیاری "ڕەتکردنەوەی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان" هەڵبوەشێننەوە و بگەڕێنەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ بۆ ئەوەی کێشەکان لەوێ چارەسەر بکەن. پێیانیشوایە، بڕیارەکە پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە و هۆشداریش لە ئاکامەکەی دەدەن.[1]
- ئەمشەو لەسەر ڕێگای نێوان دهۆک – هەولێر، لە نزیک گوندی گەویلان-ی سەر بە شارۆچکەی بەردەرەشی سەر بە

پارێزگای دهۆک، لە ئەنجامی پێکدادانی پێنج ئۆتۆمبێلدا، لە جۆرەکانی دوو بارهەڵگر و سێ ئۆتۆمبێلی تایبەت، پێنج هاوڵاتی گیانیان لەدەستدا.[2]
- بەرێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکووک ڕایگەیاند، هێزەکانیان سێ چەکداری داعش یان لەکەرکووک دەستگیرکردووە.[3]
- کادرێکی پارتی ڕایگەیاند، بەرەبەیانی ئەمڕۆ تەقە لە بارەگای لیژنەی ناوچەی شۆڕشی سەربە لقی 19ی شارۆچکەی چەمچەماڵی پارتی کراوە و زیانی گیانی نەبووە.[4]
- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێم لەبارەی موچەی خێزانە کەمدەرامەتەکانەوە ڕونکردنەوەیەک بڵاودەکاتەوەو ئاشکرایدەکات، داوایان لەحکومەتی هەرێم کردوە بڕی ئەو موچەیە لە 150 هەزار دینار کەمتر نەبێت، دەشڵێت:چاوەڕوانی حکومەتی هەرێم دەکەین بۆ وەرگرتنی مامەڵەی نوێ.[5]
- کۆبوونەوەی سێ قۆڵی نێوان یەکێتی و پارتی و گۆڕان لە هەولێر دەستپێکرد.[1]
- مەسعود بارزانی، پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ گەیشتە کەرکووک و لەگەڵ حزب و لایەنە سیاسییەکان، پێکهاتەکان، بەرپرسانی پێشمەرگە، ئەنجومەنی پارێزگا و پارێزگاری ئەو شارە لەسەر پرسی ڕیفراندۆم کۆبوونەوە و ڕایگەیاند: هیچ بایەخێک بە هەڕەشە نادەین و ڕێنماییان دەکەین کە پێش ئەوانیش خەڵکێکی زۆر هەڕەشەی کرد، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.[1]
- لە تەلاری پاسپۆرتی سلێمانی و لە مەراسیمێکدا سیستمی نوێی پاسپۆرت ڕاگەیەنرا و بەرێوەبەری پاسۆرتیش دەڵێت ئەو سیستمە نوێیە کارئاسنی زۆرباش بۆ هاوڵاتیان دەکات و هەموو کێشەکان چارەسەرکراون.[6]
- جووتیارانی سنووری شارۆچکەی پێنجوێن، ئەمڕۆ ڕێگای سەرەکی (سلێمانی –پێنجوێن)یان بەرووی هاتوچۆی شۆفێراندا داخست و داوای وەستانی هاوردەکردنی تەماتەی ئێرانی لەهەردوو مەرزی سەیرانبەند و باشماخ دەکەن و قائیمقامی پێنجوێنیش، دەڵێتسەرباری بڕیارە نوێیەکەی وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ زیادکردنی باج لەسەر هاوردەی تەماتەی ئێرانی، بەڵام بەردەوام تەماتەیەکی زۆر دێتە هەرێمەوە.[6]
- سەرۆک وەزیرانی عێراق هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک لەلایەن هەرێمەوە بە پێچەوانەی دەستور ناودەبات و داواش لە بەرپرسانی کورد دەکات سەردانی بەغدا بکەن.[1]
- شاسوار عەبدولواحید وێستی لە پەڕلەمانی بەریتانیا سیمینارێک بۆ کەمپینی نەخێر لە ئێستادا ڕێکبخات، بەڵام ئامادەبووان بە بەڵێ بەرەوڕووی بوونەوە و سیمینارەکە بەڕێوەنەچوو.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە گەڕەکەکانی ڕەودا و ئەمین، لە نیوان شەڕقانانی سوریای دیموکرات و چەتەکانی داعشدا شەڕێکی سەخت بەڕێوەدەچێت و 15 چەتەی داعش کوژراون.[2]
- جیهان شێخ ئەحمەد، وتەبێژی ئۆپەراسیۆنی تورەیی فورات ڕایگەیاند: شەڕقانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات گەڕەکی سەکەنە-یان ڕزگارکردووەو شەڕ لە گەڕەکەکانی مرور، ئەمین و مەنسور بەردەوامە، لەم نزیکانەشدا مزگێنی گەورە ڕادەگەیەنین.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: کۆمەڵی دادگەریی کوردستان
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: شەمزینان
شار و شارۆچکەکان: گەڤەڕ
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

ولّات: باشووری کوردستان
ولّات: ڕۆژاوای کوردستان
ولّات: ڕۆژهەلاتی کوردستان
ولّات: ئێران
ولّات: ئەڵمانیا
ولّات: تورکیا
ولّات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالّەکانی ڕاگەیاندن
[2] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-09-12
[3] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەڕی خەندان - 2017-09-12
[4] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەڕی ئێن ئاڕ تی - 2017-09-12
[5] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەڕی تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 2017-09-12
[6] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەڕی دواڕۆژ - 2017-09-12
کاتی تۆمارکردن: 2017-09-12
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 136

2017-09-13



باکووری کوردستان
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ لە شاری کۆنیای تورکیا، هێرش کرایە سەر ئەندامان و بەرپرسانی هەدەپە لەلایەن پۆلیسەوە و ژمارەیەک لەو کەسانە دەستگیرکران. بەگوێرەی زانیارییەکان 11 کەس دەستگیرکراون و گوازراونەتەوە بۆ بەرپرسایەتیی ئاسایشی کۆنیا.[1]
- ژان کلۆد یۆنکێر، سەرۆکی کۆمسیۆنی ئەوروپا ڕایگەیاند، کە ئەندامبوونی تورکیا لەناو یەکێتی ئەورووپادا مەحاڵە.[5]
باشووری کوردستان

- وتەبێژی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕایدەگەیەنێت، هیچ هێزێک ناتوانێت لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان ڕێگری بکات لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم.[2]
- ڕێکخەری ژووری هەڵبژاردنی بزوتنەوەی گۆڕان ڕایدەگەیەنێت، گۆڕان ئاشکراکردنی هەڵوێستی خۆی جێدەهێڵێت بۆ کۆبوونەوەی ناوخۆی و تاووتوێکردنی دەرەنجامی کۆبوونەوەکانی لەگەڵ پارتی و یەکێتی.[1]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ، کۆگایەکی کەلوپەلی کارەبایی لە هەولێر گرێگرت و بەوهۆیەوە زیانی یەک ملیۆن دۆلار بەر خاوەنی کۆگاکە کەوت.[2]
- دەرباز کۆسرەت ڕەسوڵ، وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لە هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند کە بەپێی خەملاندنی ئەوان بۆ ئەو زیانانەی بەهۆی شەڕی داعشەوە بەر هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کەوتووە، زیانی 650 ملیۆن دۆلار لە ژێرخان و دامودەزگای ئەو ناوچانە کەوتووە.[3]
- ڕاگەیاندنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەستیان بە بانگەشەی بەڵێ بۆ ڕیفراندۆم کرد.[4]
- وەزارەتی دەرەوەی عێراق ڕایگەیاند، لە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی کۆمکاری عەرەبی بڕیاری ڕەتکردنەوەی تەواوەتی ڕیفراندۆمی هەرێم دراوە.[5]
- ئەمڕۆ دوای ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەک لەبارەی پرسی ڕیفراندۆمەوە، ئەنجومەنی پارێزگاکە هاوشێوەی دیالە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی لە پارێزگاکەیان ڕەتکردەوە..[5]
- بڕێت مەکگۆرک، نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا لە هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتیی دژی داعش، گەیشتە سلێمانی و لە دەباشان لەگەڵ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کۆبووەوە. دوای کۆبوونەوەکەش بەڕەو گردی زەرگەتە بەڕێکەوت و لەگەڵ عومەری سەید عەلی، ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان لە کۆبووەوە، دوای کۆبوونەوەکەش سەردانی هەولێر دەکات.[3]
- بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی بە هاوکاری وەهاب ئەحمەد (تاقانەی ئەنفال) پێشانگایەکی دۆکیومێنتاریی تایبەتی ژنە ئەنفالکراوەکانی گەرمیان بۆ سمکۆ سابیر چالاک لە بواری ئەنفال و جینۆساید، کردەوە.[1]
- لە شاری سلێمانی پەردە لەسەر پەیکەری شەهید عەولە سیس لادرا.[5]
- ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان ئیدانەی بڕیارەکەی پەرلەمانی عیراق دەکات بۆ ڕەتکردنەوەی بڕیاری ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان و داوای هەڵوێستیش لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات.[5]
- ڕابون مەعروف، پەرلەمانتاری گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان دوو ڕێگە دەخاتە بەردەم بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلام و دەشڵێت پێویستە گۆڕان و کۆمەڵ لە حکومەت بکشێنەوە و گۆڕان ڕێکەوتنەکەی لەگەڵ یەکێتی هەڵوەشێنێتەوە یان هەڵیپەسێرێت!.[6]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ڕۆژنامەی گارديیەنی بەریتانی ڕایگەیاند، کە چەتەکانی داعش لە شاری ئیدلبەوە دەچنە تورکیا و لەوێشەوە بەرەو وڵاتەکانی خۆیان دەچنەوە.[1]
- شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات، هێرشێکی خۆکوژی داعش-یان لەشەڕی دەوروبەری نەخۆشخانەی نیشتمانی، و باخی ڕەشید، لە ڕەققە تێکشکاندووە، و 33 چەکدار کوژراون و 5 شەڕڤان شەهیدبوون.[4]
- شەڕڤانانی یەکینەکانی ژنانی شەنگال- یەژەشە، کە بەشداری ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی ڕەقە بوون، ئالای یەژەشەیان لە ناوەڕاستی ڕەققەدا هەڵکرد، کە چەتەکانی داعش بە پایتەختی خۆیان ناویان دەبرد.[1]
- شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی جزیرە لە قۆڵی ئەبو فاس-ەوە 60 کیلۆمەتر و لە قۆڵی ئەبو خەشابەوە 40 کیلۆمەتر پێشڕەویان کرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن:	یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
پارت / لایەن:	یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-09-13
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-09-13
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-09-13
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-09-13
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی وێستگە - 2017-09-13

کاتی تۆمارکردن: 2017-09-13

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 137

2017-09-14



باکووری کوردستان
- سیبەل ییگیتالب، پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە لە بەر دەرگای ماڵەکەی لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی تورکەوە دەستگیرکرا.[5]
- هەپەگە ڕایگەیاند:لە قۆناغی دووەمی هەنگاوی شۆڕشگێڕانەی شەهید بەدران گوندیکرامۆ و شەهید نالین مووشدا، دوێنێ کاتژمێر 01:00ی نیوەڕۆ هێزەکانمان لە گردی کۆردینە و گردی شەهید دەرین لە شاروچکەی چەلێی سەربە جولەمێرگ چالاکییان ئەنجامدا دژی سەربازەکانی دوژمن، ژمارەی کوژراو و بریندارەکانی سەربازەکانی سوپای تورک لە ئەنجامی ئەو چالاکییانەدا نەزانرا.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، هاوواڵاتییەکی خەڵکی شاری سەڵماس بە تۆمەتی کوشتن لە شوێنی گشتی و لە پێش چاوی خەڵک لە سێدارە دا.[8]
- هەرێمی بناری قەندیل و ڕاپەڕین-ی کۆمەڵەی گەنجانی وڵاتپارێزی کوردستان، لە گردبوونەوەیەکدا پشتیوانی خۆیان بۆ ڕێپێوانەکانی ڕۆژهەڵات ڕاگەیاند.[5]
باشووری کوردستان

- ئەگەرچی بڕیار بوو ئەمڕۆ کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان لە هەولێر ئەنجام بدرێت، بەڵام دواخرا بۆ ڕۆژی سبەینێ: 15-09-2017[1]
- لە کۆبوونەوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمەریکا و نوێنەری سکرتێری گشتیی UN و باڵیۆزانی ئەمەریکا و بریتانیا لەعێراق بەدیلی دواخستنی ڕیفراندۆم درایە مەسعود بارزانی.[1]
- مەسعود بارزانی لە نێوان هەزاران کەس لە خەڵکی زاخۆ لە یاریگای ئەو شارە ڕایگەیاند: ڕیفراندۆم تەنیا بۆ بەدیلی باشتر دوادەخەین و ئەگەر بەدیلی باشتر نەبێت لە 25-09-2017 دەچینە سەر سندووقەکانی دەنگدان و چی دەبێت با ببێت.[1]
- وەزارەتی دەرەوەی تورکیا داوا لە سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان دەکات لە بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم پاشگەزببێتەوە. هاوکات پێشوازی لە بڕیاری پەرلەمانی عێراق دەکات بۆ بە نایاسایی ناساندنی ڕیفراندۆم.[1]
- لەچەند ڕۆژی ڕابردوو، سوپای عێراق، هێزی ڕەوانەی چەند ناوچەیەکی سنووری کەرکووک، کردووە، و پێشمەرگەش ڕێگریکردووە، و لەبازگەی سلێمان بەگ-ی سنووری خورماتوو کاروانێکی سوپای عێراق ڕاگیراوە.[2]
- ڕەوەند مەلا مەحمود، جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی دووی کەرکووکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەمڕۆ بە دوارۆژی ڕاگەیاند ئێمە وەکو ئەنجومەنی مەڵبەند پێمانوایە مەترسی لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم هەیە بە تایبەت لە سنووری کەرکووک و ناوچە دابڕێنراوەکان، چونکە تائێستا لایەنەکان لەسەر ئە و پرسە کۆک نین.[3]
- پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی مانەوەی نوێنەرانی کورد لەبەغدا پەیامێک بڵاودەکاتەوە و ڕایدەگەیەنێت، کە هیچ شەراکەتێک لەبەغدا نەماوە، پێویستە بگەڕێنەوە، پەرلەمانتارێکی ئە و حزبەش لەبەغدا دەڵێت:هەڕەشەیەکی جدی لەسەر هەرێم هەیە.[4]
- وەزیری دەرەوەی عێراق ڕایدەگەیەنێت، پێویستە بەرپرسانی کورد ئامادەی هەر سزایەک بن گەر سەربەخۆیی ڕاگەیاند، هەروەک جێبەجێکردنی سەربەخۆیی بە ئاستەم ناودەبات.[3]
- عەبادی بڕیاری لابردنی نەجمەدین کەریم-ی لە پۆستی پارێزگاری کەرکووک واژۆکردووە و ڕەوانەی پەرلەمانی عێراق کرد بۆ دەنگدان لەسەری.[6]
- بەئامادەبوونی 173 پەرلەمانتار و بەکۆی دەنگی ئەندامەکانی، ئەنجومەنی نوینەرانی عێراق بەبێ ئامادەیی پەرلەمانتارە کوردەکان، بڕایر لەسەر کارلابردنی نەجمەدین کەریم- پارێزگاری کەرکووک-ی پەسەندکرد.[1]
- وتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕایگەیاند، لابردنی پارێزگاری کەرکووک نا یاساییە و جێی قبوڵ نیە و بەتوندی لەدژی دەوەستنەوە.[1]
- دوای ئەوەی ئەمڕۆ پەرلەمانی عێراق بە زۆرینەی دەنگ نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکووکی لە پۆستەکەی لادا، فراکسیۆنە کوردییەکان جەخت دەکەنەوە هەڵوێستی تووندیان دەبێت و لە بایکۆتی دانیشتنەکان بەردەوام دەبن و لە دادگای فیدراڵی تانە لە بڕیارەکە دەدەن.[3]
- یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، پەرلەمانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی 12ی ئەیلول لە کەشوهەوایەکی گوماناویدا دانیشتنی پەرلەمانیان ڕێکخست و تێیدا بە پیلانێکی دروستکراو بابەتی ڕیفراندۆمیان خستە بەرنامەی کارەوە و بڕیاری ڕەتکردنەوەی ڕیفراندۆمیان لەهەرێمی کوردستان دەرکرد.[3]
- نوسینگەی نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکووک لەبەیاننامەیەکدا ئەو بڕیارەی ڕەتکردەوە کە لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە دراوە بۆ لادانی ناوبراو لە پۆستەکەی وبڕیارەکەی بە پوچەڵ ناوبرد.[1]
- نەجمەدین کەریم، پارێزگاری کەرکووک لە لیوانێکی ڕۆژنامەڤانیدا ئاشکرایدەکات، ئێوارەی ئەمڕۆ بڕێت مەکگۆرک، نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا لە شەڕی دژی داعش تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی کە ئەمە بڕیارێکی هەڵەیە و نەدەبوایە کە ئەم بڕیارە بدرایە.[6]
- ئەنتۆنیۆ گوتەرێز سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆنگرەیێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕای‌گەیاند: عێراق لە کاتێکی هەستیاری مێژوویدا تێدەپەڕێت و سەرباری ئەوەی بە هێواشی ناوچەکانی لە ژێر دەستی داعش کۆنترۆڵ دەکاتەوە، بەڵام هێشتا خاکی وڵاتەکەی بەتەواوی کۆنترۆڵ نەکردۆتەوە. ناوبراو لە درێژەدا داوای لە هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی کرد کە لە ڕێی دیالۆگەوە کێشەکانیان چارەسەر بکەن و ڕاشی‌گەیاند کە ئامۆژگاری هەولێر و بەغدا دەکەن دیالۆگ بکەن بۆئەوەی بگەنە ڕێککەوتن. سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان هەرچەندە وتی هاوسۆزییێکی زۆری بۆ کورد هەیە، بەڵام جەختی کردەوە لەوەی دەبێت بە گفتوگۆ کێشەکانی لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات.[7]
- زانا ڕۆستایی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی ڕایدەگەیەنێت، دەوڵەتی یاسا واژۆ کۆدەکاتەوە بۆ لەسەر کارلابردنی سەرۆک کۆماری عێراق، بەڵام بە پێی یاسا کاری پێناکرێت.[5]
- کۆنسوڵی پێشووی فەرەنسا لە هەولێر لەبارەی قسەکانی نوێنەری دۆنالد ترەمپ لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش لەبارەی گشتپرسی باشووری کوردستان هۆشداری بە کورد دەدات و دەڵێت: ئاگادارین لە پشتەوە چەقۆتان لێ نەدرێت.[6]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە باخی گشتی هەڵەبجە، بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە بەرپرسانی حکومی و هاوڵاتیان، ڕێکخراوی کوردستان فۆتۆ بە چاودێری پارێزگاری هەڵەبجە ڕێکخراوی کوردستان فۆتۆ لە پێشانگایەکی تایبەتدا وێنەی 27 فۆتۆگرافەری چوارپارچەی کوردستان نمایشکران، وێنەکان گوزارشت بوون لە ژیان و سروشتی بەشەجیاوازەکانی کوردستان.[5]
- 25 جووتیار، باشترین جۆری ترێی خۆیان کە نزیکەی 50 جۆر ترێ بوو، لە 12یەمین پێشەنگای دهۆک بۆ ترێ

نمایشکرد.[6]
رۆژئاوای کوردستان
- فەرماندەیەکی ئەو هاوپەیمانێتییە سەربازییەی پشتیوانی لەحکومەتی سوریا دەکات ڕایگەیاند، کاروانێکی چەکدارانی داعش گەیشتووەتە دێرەزوور.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: بەغدا
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سەڵماس
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-09-14
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 2017-09-14
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 2017-09-14
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-09-14
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-09-14
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپرێس - 2017-09-14
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2017-09-14
کاتی تۆمارکردن: 2017-09-14
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 138

2017-09-15



باکووری کوردستان
- هاوڵاتیانی شرناخ کە پاش هێرشەکانی سوپای تورک لە ماڵەکانیان ئاوارە ببوون، لە گوندەکانی دەوروبەری شرناخ ماڵیان بۆ خۆیان دروست کردووە، بەڵام هێزەکانی دەوڵەتی تورک ڕێگا نادەن بە هاوڵاتیان لەو ماڵانەدا بمێننەوە.[3]
باشووری کوردستان
- هەردوو بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی ڕایانگەیاند: کە ئەمڕۆ بەشدارپی کۆبوونەوەی پەرڵەمانی کوردستان ناکەن.[1]
- لەمیانی وتارێکدا کە لە ئامێدی پێشکەشیکرد مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، بەرپرسانی بەغدا شەراکەت و پێکەوەژیان قبوڵناکەن و ئێمەش خزمەتکاری ئەوان قبوڵناکەین، وتیشی تا ئێستا بەدیل نەدراوەتە ئێمە لەبەر ئەوە ئێمەش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی دواناخەین.[1]
- پەرلەمانتارانی شیعە، سوننە و تورکمان لە ڕاگەیاندنەکانیاندا دەڵێن: دەڵێن ئەگەر پارێزگاری کەرکووک نەجمەدین کەریم لانەچوو دەبێ هێز بەکاربهێنری و بە زۆر لادرێ.[1]
- هەریەکە لە فراکسیۆنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێککەوتنێکیان لە بارەی دانیشتنەکەی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستان واژۆ کردووە و بەپێی ڕێککەوتنەکەش ئەندامێکی پەرلەمان لە فراکسیۆنی یەکێتی وەک سکرتێری کاتی کۆبوونەوەکە بەڕێوەدەبات.[2]
- بەمەبەستی ئامادەکاریکردن بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان، سەرۆک فراکسیۆنە کوردستانییەکان جگە لە سەرۆک فراکسیۆنەکانی بزووتنەوەی گۆڕان، کۆمەڵی ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامی کۆبوونەوە.[4]
- بەپێی زانیارییەکان گۆران ئازاد بەهۆی ئەوەی لە کوردستان نییە بەشدارپی کۆبوونەوەکە ناکات، فەرهاد سەنگاوی بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی لە ڕیزی یەکێتی دەرکراوە، گەشە دارا و قادر ڕەزگەیی و مریەم سەمەد لە لیستی بەرهەم ساڵحدان بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو و ئاواز شێخ جەنگی بەشدارپی کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان ناکەن.[4]
- پەرڵەمانی کوردستان بەبێ گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی لە دانیشتنێکی نایاساییدا ڕۆری 25-09-2017 وەک ڕۆژی ڕیفراندۆم دیاریکرد.[1]
- هێزە ناوێرت، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەڤانێکدا سەبارەت بە کۆبوونەوەکی بڕێت مەکگۆرک، نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا لە شەڕی دژی داعش گوتی: ئاگاداری ئەوەنیم، پێموایە هێشتا بڕێت مەکگۆرک لە ناوچەکەیە. ئاگاداری کۆبوونەوەکان و هەروەها ئەنجامی گفتوگۆکانی نیم. هەڵوێستی حکومەتی ئەمریکا وەک پێشتریش گوتوومە، ئێمە پشتیوانی لە پلانی ڕیفراندۆمی کورد کە بڕیارە لە 25-ی سێپتێمبەر بکرێت ناکەین، چونکە واهەستدەکەین کە ئەمە چاوەکان لەسەر داعش لادەبات و ئێمەش دەمانەوێت هەموو سەرنجەکان لەسەر داعش بمێننەوە[4]
- فەرهاد دۆسکی نوێنەری کۆنگرەی نەتەوەی کورد (کەنەکە) لە شاری هەولێر ئەمڕۆ لە لێدوانێکدا بە دواڕۆژی ڕاگەیاند، بەهۆی تەواونەبوونی کارەکانی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی ڕاوێژی نەتەوەیی کۆنگرەکە دەخرێتە مانگی داهاتوەوە.[2]
- ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەنالی ئەلخەبەری وڵاتەکەی ڕایگەیاند، تورکیا هەڵوێستی نەرێنی و پلانی خۆی سەبارەت بەریفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لەئایندەیەکی نزیکدا ڕادەگەیەنێت.[5]
- بینالی یەلدرم، سەرۆک وەزیرانی تورکیا داوایکرد مەسعود بارزانی بەر لەوەی کات بەسەر بچێت پاشگەزبێتەوە لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، بۆ جیابونەوەی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، وتی، ئەگەر هەموو ئاسۆکان داخران و گەیشتینە ئەو

قۆناغە، ئەوا تورکیا دەزانێت چیدەکات و پلانی ڕونمان هەیە لەوبارەیەوە.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- 135 هاوڵاتی لە ناوچە جیاوازەکانی باشوری کوردستانەوە پاش ئەوەی لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە نێردرابوون بۆ سوریا، لە لایەن یەپەگەوە پارێزرابوون، لایەنە پەیوەندیدارەکان پێشوازییان لێکردبوون و بە شێوەیەکی کاتی لە عەفرین نیشتەجێ کران.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: کۆمەڵی دادگەریی کوردستان
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-09-15
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-09-15
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕوودا‌و - 2017-09-15
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-09-16
کاتی تۆمارکردن: 2017-09-15
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 139

2017-09-16



باکووری کوردستان
- گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل- هەپەگە، لە سەرگردی عەلیشێری سەربە گەڤەری جولەمێرگ، چالاکییەکیان ئەنجامدا، لەو چالاکییەدا سێ سەربازی تورک کوژران.[3]
باشووری کوردستان
- کۆشکی سپی ئەمریکا هەڵوێستی ڕەسمی خۆی سەبارەت بە پرسی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند و داوای لەسەرکردایەتی سیاسی کورد کرد کە ئەو پرۆسەیە هەڵبوەشێننەوە.[1]
- محەمەدی حاجی مەحمود ڕایدەگەیەنێت لەبەرامبەر دواخستنی ڕیفراندۆم بۆ دوو ساڵ، ئەمریکا و فەرەنسا و بریتانیا پێشنیازیان کردووە دۆزی کورد ببەنە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ تاووتوێکردنی.[1]
- مۆزەی شەهیدانی شەڕی داعش لە ئەمنە سوورەکەی سلێمانی کرایەوە.[2]
- بەرهەم سالح قەوارەیەکی بەناوی لیستی هاوپەیمانی نیشتمانی بۆ دادپەروەری و دیموکراسییە و لەڕێگەی نوێنەرێکییەوە لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێم تۆمار کرد.[1]
- سەرۆک وەزیرانی تورکیا بەهاوتا عێراقییەکەی دەڵێت ئەنجامدانی ڕیفراندۆم کارێکی هەڵەیە و ڕێشدەکەون پێکەوە ڕێگری لەپرۆسەکە بکەن.[1]
- ئەنجومەنی خۆبەڕێوەبەریی شەنگال کە زۆربەی ئەندامەکانی ئێزیدین، بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆم لە ناوچەکەیان ڕەت دەکەنەوە، تا ئەوکاتە ڕۆڵەکانیان لەژێر گوشار و چادرگەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان مابن و نەگەڕێنەوە سەر ماڵەکانیان.[3]
- سەرۆکی پەرلەمانی عێراق دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمانی عێراق ڕاگرت و دەیەوێ فراکسیۆنە کوردستانییەکان ڕازیبکات بۆ بەشداریکردن لە دانیشتنەکە.[4]
ڕۆژاوای کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای سوریا و ڕوسیا لە نزیک ناوچەی سناعیی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات، خاڵەکانی شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکراتیان بۆردومان کرد و چەند شەڕڤانێک بریندارببوون.[3]
- لە ناوەندی شاری ڕەقە شەڕی قورس لە نێوان شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات و چەتەکانی داعش بەڕێوەدەچێت، لەوچوارچێوەدا زیندانی ڕەقە لە چنگی چەتەکان دەرهێنرا. و 48 چەتەش کوژراون.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: جولەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شنگال

ووڵات: باشووری کوردستان
ووڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
ووڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-09-16
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-09-16
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-09-16
کاتی تۆمارکردن: 2017-08-16
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 140

2017-09-17



باکووری کوردستان
- لە شاری ئامەد لە باکوری کوردستان پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) کۆبونەوەیەکی جەماوەری بەرفراوانی لە چوارچێوەی هەڵمەتی با ڕانەوەستین فاشیزم ڕاگرین سازکرد.[4]
باشووری کوردستان
- دادگای فیدراڵی عێراق بڕیاری ڕاگرتنی ڕیفراندۆمی لەهەرێمی کوردستان دەرکرد.[1]
- بەرهەم سالح نامەی دەستلەکارکێشانەوە ئاراستەی یەکێتی کرد.[1]
- کۆمسیۆن قەوارەکەی بەرهەم سالح (هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری) پەسەند دەکات.[1]
- بەرپرسی ئەنجومەنی ئاسایشی ئێران ڕایدەگەیەنێت، کەهەبوونی دەروازەی سنووریی لەگەڵ هەرێمی کوردستان تەنیا لەبەر ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق، جەختیشدەکاتەوەجیابوونەوەی هەرێمی کوردستان لە عێراق، بە واتای داخرانی هەموو دەروازە سنوورییەکانی ئێران و هەرێمە.[2]
- پارتی ئازادی و دیموکراتی ئێزیدی، هەڵوێستی خۆی لەسەر ڕیفراندۆم ڕاگەیاند، هاوکات ئاشکراشی دەکات کە تا ئەوکاتەی ئێزیدییەکان لەژێر چادرەکاندا بژین لەژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەوان ڕیفراندۆم ڕەت دەکەنەوە.[2]
- تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان ڕایدەگەیەنێت:لە سۆنگەی دڵسۆزیی و خەمخۆریمانەوە بۆ گەلەکەمان و

هەستکردنمان بە ئایندەیەکی مەترسیدار بایکۆت کردنی ڕیفراندۆم هەڵدەبژێرین، داواش لە هاوڵاتیان دەکات کە بایکۆتی ڕیفراندۆم بکەن.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەڕڤانانی یەپەگە و هێزەکانی سوریای دیموکرات، هەڕەشەی وەڵامدانەوەی هەر کردەیەکی سەربازی دەکەن کە لەلایەن ڕوسیاوە بکرێتە سەریان، ئەندامێکی نوێنەرایەتی کانتۆنەکانیش، ڕایدەگەیەنێت: گەورەترین ناوچەی سوریا کە نەوتی تێدایە، لەژێر کۆنترۆڵی هێزە کوردییەکاندایە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] مانشێت | کوردیی ناوەڕاست | مانشێتی ڕۆژنیوز - 2017-09-17
[3] مانشێت | کوردیی ناوەڕاست | مانشێتی تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 2017-09-17
[4] مانشێت | کوردیی ناوەڕاست | مانشێتی دواڕۆژ - 2017-09-17
کاتی تۆمارکردن: 2017-09-17
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 141

2017-09-18



باکووری کوردستان
- دادگای تورک بڕیاری زیندانیکردنی ئایهان بیلگەن، پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپەی دەرکرد.[3]
- لەنێوان سەربازەکانی سوپای تورک و گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل- هەپەگەدا، لە چیای جودی شەڕێک ڕووید‌ا، بەپێی زانیارییەکان، لەو شەڕەدا تانکێک و سێ ئۆتۆمبێلی سەربازی سوپای تورک تێکشکێندراوە.[3]
- لەبەیاننامەیەکدا سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای تورکیا ئاشکرایکرد کە مانۆری سەربازیی سوپا لە ناوچەی سلۆپی – خابوور دەستپێکردووە کە دەکەوێتە سەر سنووری هەرێمی کوردستان.[1]
- دووەمین دانیشتنی دادگایی فیگەن یوکسەکداغ، هاوسەرۆکی پێشووی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، لە هۆڵی زیندانی سینجاندا بەبێ ئامادەبوونی خۆی بەڕێوەچوو، تێید داوای 83 ساڵ سزای زیندانی بۆ کرا.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد لە بەرزاییەکانی سەر سنووری شاری شنۆ-ی سەربە پارێزگای ورمێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەهۆی دەستڕێژیی گوللەی هێزە سەربازییەکانی سەرسنووری حکومەتی ئێرانەوە کوژرا.[3]
باشووری کوردستان
- کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێم دەڵێت 90%ی ئامادەکارییەکان بۆ ڕیفراندۆم تەواو بووە و 22 قەوارە فۆرمی بەشداریان لە هەڵبژاردن وەرگرتووە و دەنگدانی تایبەت و گشتییش لەیەک ڕۆژدا ئەنجامدەدرێن.[1]
- ئەنجوومەنی وەزاری ئاساییشی نیشتمانی ئێراق ڕایگەیاند کە بەردەوام دەبێت لە پاراستنی یەک پارچەیی خاکی ئێراق و سەرجەم هاوواڵاتیانی و داواشی کرد کە ئەو ڕێشوێنانە ڕابگیرێت کە ئاساییشی ئێراق و یەکپارچەییەکەی دەکاتە قوربانی وەک ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی.[1]
- فەرماندەکانی پێشمەرگە لە شاری هەولێر کۆبوونەوە، وەڵامی حەشدی شەعبیش دەدەنەوە کە هەڕەشە لە هەرێمی کوردستان دەکات لە ئەگەری ئەنجامدانی گشتپرسی و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی.[4]
- بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی پۆلیسی هاتوچۆی دهۆک، ئاشکرای کرد، کە سێ پێشمەرگە، بەهۆی ڕووداوێکی هاتوچۆوە، گیانیان لەدەست داوە.[5]
- ئەنتۆنیۆ گوتێرێش، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند، ئەو ڕیفراندۆمەی هەرێمی کوردستانی ئێراق سووڕە لەسەر ئەنجامدانی لە 25ی ئەیلولدا سەرنجەکان لەسەر پێویستی لەناوبردنی داعش و ئاوەدانکردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکان بەفیڕۆدەبات.[1]
- وتەبێژی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێم ڕایگەیاند، تا ئێستا 22 قەوارەی سیاسی خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکان تۆمارکردووە، هەروەها وادەی تۆمارکردنی قەوارەکان بۆ 28-09-2017 درێژکراوەتەوە.[2]
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆردوومانی قەندیل و برادۆست و خواکورک-یان کرد.[2]
- ڕێباز حەملان، وەزیری دارایی و ئابووری لە پشکی بزووتنەوەی گۆڕان نامەی دەستلەکارکێشانەوەی لە بزووتنەوەی گۆڕان ئاڕاستەی ڕێکخەری حزبەکەی کرد.[2]
- ئەندامێکی کوردی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراق ڕادەگەیەنێت، دژی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراق و بۆ ڕێگری لە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک سەرجەم فراکسیۆنە کوردەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراق گەڕاونەتە هەرێم.[1]
- وەزیری دەرەوەی فرەنسا ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بە نەگونجاو ناودەبات.[2]
- ژمارەیەک هاوواڵاتی لە کەرکووک خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕن بەهۆی ڕیفراندۆمەوە بەڵام لەلایەن پاسەوانەکانی بارەگایەکی تورکمانییەوە تەقەیان لێدەکرێت و هاوواڵاتییەک دەکوژرێت و سیانی دیکەش بریندار دەبێت.[1]
- کاتژمێر 3ی دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ، لە گەڕەکی یەکی حوزەیران، بۆمبێکی چێندراو بە ئۆتۆمبێلێ مامۆستایەکی زانکۆدا تەقیەوە، بەڵام تەنیا زیانی مادی لێکەوتەوە، ئەوەش لەم هەفتەیەدا دووەم تەقینەوەیە لە شاری کەرکووک ڕووبدات.[3]
- بە بەشداری چەندین چالاکوان و پەرلەمانتار و ڕۆژنامەنووس، تۆڕی لیدەر و ڕێکخراوی فیوچەر، کۆنفرانسێک لەژێر ناوی هەڵبژاردن و ئایندەی کوردستان بەڕێوەچوو.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە نزیک ناوەندی کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری منداڵان لە شاری قامیشلۆ لە ڕۆژاوای کوردستان تەقینەوەیەک ڕووید‌ا و چوار هاوواڵاتی بریندار بوون.[3]
- ئێوارەی ئەمڕۆ چەکدارانی سەربە تورکیا جارێکی تر دەستیان کردەوە بە تۆپبارانی گوندی ئیسکا لە ناوچەی شێراوا لە کانتۆنی عەفرین.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی دوارۆژ - 2017-09-18
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-09-18
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ڕووداو - 2017-09-18
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی گوڵان - 2017-09-18
کاتی تۆمارکردن: 2017-09-18
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 142

2017-09-19



باکووری کوردستان
- ناوەندی ڕاگەیاندنی هێزەکانی پاراستنی گەل- هەپەگە کوژرانی دوو سەربازی تورکی لە بەدلیس ڕاگەیاند و ئەوەشی خستەڕوو کە لە مێردین زەبری قورس لە سوپای تورک دراوە.[4]
باشووری کوردستان
- ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بەزۆرینەی دەنگ بڕیارێکی پەرلەمانی عێراق ڕەتکردەوە بۆ دووڕخستنەوەی نەجمەدین کەریم پارێزگاری شارەکە.[1]
- مەسعود بارزانی، لە ئاهەنگی بانگەشەی ڕیفراندۆم لە سۆران ڕایگەیاند، تادوو سێ ڕۆژی دیکە چاوەڕێ دەکەن، بۆ ئەوەی ئەو بەدیلەی چاوەڕێی دەکەن، بۆ دواخستنی ڕیفراندۆم پێشکەشیان بکرێت.[3]
- فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان ڕابون مەعروف لە ئەندامێتی فراکسیۆنەکەی دوردەخاتەوە.[1]
- ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان، دژی بڕیاری پەرلەمانی عێراق بۆ ئەنجامنەدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، لە بەردەم نووسینگەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە شاری سلێمانی خۆپیشاندانێکی ناڕەزایەتییان ئەنجامدا.[2]
- جەبار لعێبی، وەزیری نەوتی عێراق لە پەراوێزی کۆنفرانسی وزە لە ئیمارات، لە دیدارێکدا لەگەڵ کەناڵی (CNBC ARABIA) ئەمڕۆ ڕایگەیاند، ئامادەن لەگەڵ هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی دۆسیەی نەوت دانوستان دەستپێبکەن.[2]
- ڕابوون مەعروف، ئەندامی ئەنجومەنی جوڵانەوەی نەخێر، سەبارەت بەبڕیاری دورخستنەوەی لە بزوتنەوەی گۆڕان، دەڵێت، گەلەکۆمەکێی لێکراوە، و نەی ویستووە گۆڕان جێبهێڵێت.[3]
- نۆ حیزبی تورکمانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا داوایان لە هێزە ئەمنییەکانی کەرکووک و حەشدی شەعبیی تورکمانی و حکومەتی عێراق کرد بارەگای حزبە تورکمانییەکان لە شارەکە بپارێزن.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەڕقانانی ئەنجومەنی سەربازی دێرەزۆر لە میحوەری ئەبو فاس لە هەڵمەتی گەردەلولی جزیرەدا سێ کیلۆمەتر لە سنوری دێرەزۆر پێشڕەوییان کرد.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
شار و شارۆچکەکان: بەدلیس
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: ماردین
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-09-19
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-09-19
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-09-19
[5] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست | هەنبانەبۆرینە
کاتی تۆمارکردن: 2017-09-19

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 143

2017-09-20



باکووری کوردستان
- هەڵەگە ڕایگەیاند: لە هەنگاوی شۆڕشگێڕانەی شەهید بەدران گوندیکرامۆ و شەهید نالین مووشدا، دوێنێ کاتژمێر 12:00ی نیوەڕۆ هێزەکانمان دژی سوپای تورک چالاکییەکیان ئەنجامدا لە دەوروبەری جولەمێرگ، لەو چالاکییەدا سەربازێکی تورک کوژرا.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە یازدەیەمین فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی مۆسیقای جەوان کە لە شاری تارانی پایتەختی ئێران سازکرا، هونەرمەندانی شاری بۆکان-ی خۆرهەڵاتی کوردستان ئاستێکی بەرچاویان تۆمارکرد و پێنج پلەی یەکەمینی چالاکیەکانی فێستیڤاڵەکەیان مسۆگەرکرد.[4]
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو فڕۆکەکانی تورکیا بۆردوومانی سنووری باکوور و باشووری کوردستانیان کرد و لە ئەنجامدا 7 هاونیشتمانی لە گوندێکی سەر بە شارەدێی شیلادزێ سەر بە شارۆچکەی ئامێدی گیانیان لەدەستداوە و کەسێکی دیکەش بێسەروشوێنە.[2]
- مەسعود بارزانی سەردانی سلێمانیی کرد و لەگەڵ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و فوئاد مەعسوم و کۆسرەت ڕەسوڵ کۆبووە و پرسی ڕیفراندۆمیان تاووتۆکرد.[1]
- مەسعود بارزانی لە یاریگای سلێمانی وتارێکی لەنێو دەیان هەزار هەواداری بەڵێ بۆ ڕیفراندۆم دا.[1]
- وتەبێژی حکومەتی ڕوسیا ڕایدەگەیەنێت، کریملن پشتیوانی یەکپارچەیی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، دەشڵێت لە ئێستادا نایانەوێت قسە لەسەر ئەوە بکەن ئایا ئەنجامی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان قبووڵدەکەن یاخود نا.[1]
- سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت شاری سلێمانی هەمیشە پێشەنگ بووە لە ڕاپەڕین و بەرخۆدان و قبوڵی ناکەن دوژمن سوکایەتی بە هیچ ڕەمزێکی نەتەوەیی بکات وتیشی: خۆزگە ئێستا جەنابی مام جەلال تەندروستی ڕێگەی بدایە، پێکەوە ئەم ئەرکەمان هەڵگرتایە.[4]
- 33 پەرلەمانتاری ئەورووپی لە ڕاگەیێندراوێکدا پشتگیری خۆیان بۆ گشتپرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند و داوا لە یەکێتی ئەورووپا دەکەن، تەنیا جەخت لە یەکێتیی و سەروەری و یەکپارچەیی خاکی عێراق نەکرێت و ڕێز لە خواستی کورد بگرن.[2]
- بە بۆنەی 26هەمین ساڵیادی دامەزراندنی سەنتەری گەنجان لە پارێزگای هەڵەبجە فیستیڤاڵێکی میوزیک و شێوەکاری بەڕێوەچوو، بەڕێرسی سەنتەری گەنجانی هەڵەبجەش دەڵێت: ئامانجمان خزمەتکردنە بە گەنجانی شارەکەمان بۆ پێگەیاندنیان لە بوارە جیاوازەکانی هونەر.[3]
- نزیکەی 17 کەس کە دژی سەردانی مەسعود بارزانی بوون بۆ سلێمانی دەستگیرکران، لە گیراوەکان محەمەد وەلی کامێرامانی ڕۆژنیوز، نووسەر ستارە عارف و باوکی شەهید سورکێو، شێخ زاهیدب وون و پاشان ئازادکران.[3]

- سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا دەستپێشخەرییەکەی یۆنامی سەبارەت بە ڕیفراندۆمەکەی هەرێم ڕەتدەکاتەوە و بە نادەستووری ناویدەبات داواشدەکات هەرێم گوێ لە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی بگرێت.[4]
- جێگری سەرۆک وەزیرانی تورکیا سەبارەت بە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کە بڕیارە 25ی ئەیلول لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت ڕایگەیاند کە بارزانی یاری بە ئاگر دەکات.[4]
- سەرۆکی جوڵاندنەوەی نەخێر، شاسوار عەبدولواحید ڕەخنەی توند لە سەردانەکەی ئەمرۆی مەسعود بارزانی بۆ شاری سلێمانی دەگرێت و دەیشووبهێنێت بە سەردانەکانی سەدام حسێن بۆ شارەکانی عێراق.[1]
- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت بڕیارە لە دوو ڕۆژی داهاتوودا شاندێکی هەرێم سەردانی بەغدا بکات بۆ تاوتوێکردنی پرسی ڕیفراندۆم.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-09-20
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-09-20
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-09-20
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-09-20
کاتی تۆمارکردن: 2017-09-20
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 144

2017-09-21



باکووری کوردستان
- بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) ڕایەدگەیەنێت کە سوپای تورکیا بەشی زۆری شار و گوندەکانی باکوری کوردستانی بە سەربازگە کردووە و هاتوچۆی لە چەندین شار و گوند قەدەغە کردوە.[1]
- زرێپۆشێکی سوپای تورک لە جۆری کوبرا لە دەوروبەری گەڤەری سەربە جولەمێرگ تێکشکێندرا و لە ئەنجامیدا 15 سەربازی تورک کوژران و بریندارببوون و لە چالاکییەکی دیکەشدا زرێپۆشێکی سوپا تێکشکێندراوە و لە ئەنجامدا 10 سەربازی تورک کوژران و بریندار بوون.[4]
- ناوەندی ڕاگەیاندنی هەپەگە ڕایگەیاند: دوێنێ کاتژمێر 05:00ی سەرلەبەیانی هێزەکانی سوپای تورک لە دەوروبەری قلابانی سەربە شرناخ ئۆپەراسیۆنێکیان دەستپێکرد، لە هەنگاوی شۆڕشگێڕانەی شەهید نودەم و شەهید سەردەم ئەمرۆ گەریلاکانمان یەکینەیەکی ئەو ئۆپەراسیۆنەیان خستە ژێر چاودێرییەوە و کاتژمێر 01:15 خولەکی نیوەڕۆ، لە دژیان چالاکییەکیان ئەنجام دا، لە ئەنجامی ئەو چالاکییەدا سێ سەربازی تورک کوژران.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە کەمپی جێژنیکان لە نزیک هەولێر، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران)، کەرنەڤاڵێکی بۆ پشتگیری گشتپرسی باشووری کوردستان ئەنجامدا.[5]
- لە ناوچەی قەڵاگەی سەربە نەوسوود، ژمارەیەک کۆڵبەری کورد کەوتوونەتە بۆسەی هێزە سەربازییەکانی ئێرانەوە، هێزە سەربازییەکان تەقەیان لەو کۆڵبەرانە کردووە و لە ئەنجامدا کۆڵبەرێکی تەمەن 25 ساڵ بەناوی فەرزاد قادری بە سەختی بریندار بووە.[4]
باشووری کوردستان
- تەرمی ژمارەیەک لە شەهیدانی شیلادزێ کە لە بۆردومانەکانی دوێنێ فڕۆکە جەنگییەکانی تورک شەهید ببون لە ناوچەی نێروە و ڕێکان، گەیەندرانەوە شیلادزێ.[2]
- بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی دەڵێت، ئەگەر ئەمساڵ کێشەکان چارەسەرنەکرێن و پاشەکەوتی موچەی مامۆستا لانەبرێت، ئەگەری هەیە بایکۆتی خوێندن بکرێت.[1]
- لقی سلێمانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ئامادەبوونی ڕۆژنامەنووسانی سلێمانی و هاوڕێ و دۆستانی ئەژین قادری ڕۆژنامەنووس و فۆتۆگرافەر، مەراسیمێکیان بۆ کۆچی دوایی هاوپیشەکەیان سازکرد.[2]
- سەرۆکی ڕەوتی سەدر لەبەیاننامەیەکیدا ڕایگەیاند ڕیفراندۆمی کورد بۆ جیابوونەوە خۆکوشتنە و داوا لەحکومەتی عێراق دەکمات یەکپارچەیی خاکی عێراق بپارێزێت.[2]
- ئێمانوێل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا داوای دواخستنی ڕیفراندۆمی لە مەسعود بارزانی کرد، بەڵام بارزانی ڕایگەیاند کە لەکاتی دیاریکراودا ئە و پرۆسەیە ئەنجام دەدەن.[2]
- مستەفا عەلیتاش، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکەپە) ڕایگەیاند، پەرلەمانی تورکیا کۆبونەوەی نائاسایی بۆ ئامادەکردنی یاداشتێک لەبارەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانەوە ئەنجامدەدات.[3]
- کاتژمێر 6 ی ئێوارەی ئەمڕۆ، لە ناوەندی ئەندێشە، فیستیڤاڵێک بەڕێوەچوو، لە فیستیڤاڵەکەدا نەتەوەکانی کەرکووک خواردنی جۆراوجۆری نەتەوەی خۆیان پێشکەش بە میوانەکان کرد، هاوکات چەندین پێشەنگای جۆراو جۆریش کرانەوە.[4]
- کاردانەوەکان دژی کۆمەڵەکوژی هاوڵاتیانی مەدەنی لە شیلادزێ بەردەوامە، لە ڕاگەیەندراوێکدا تەقگەری ئازادی وێڕای شەرمەزارکردنی هێرکە، ڕایگەیاند: پێویستە بێدەنگی دژی ئەو کردەوانە بشکێندرێت، بەتایبەت لە دەڤەری بادینان.[4]

- عەسائیبی ئەهلی حەق دەستپێشخەرییەکەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی لەبارەی گشتپرسی هەرێمی کوردستان ڕەتکردەوە و پێیوایە پێچەوانەی دەستوورە، جەختیشیکردووەتەوە بۆ ساتێک سڵ لە ڕووبەڕووبوونەوەی پرۆژەکانی دابەشکردن ناکەنەوە.[5]
- حەیدەر عەبادی لە وەڵامی دەستپێشخەرییەکەی سەرۆککۆماری عێراق دەڵێت: هەڵوێستمان جێگیرە کە گشتپرسی هەرێمی کوردستان ڕەتدەکەینەوە. گوتیشی: هەموو هەنگاوێکی تاک لایەنانە ڕەتدەکەینەوە.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- گەردەلوولی جزیرە لە پێشڕەویدایە و مەودای 3 کیلۆمەتریان لە ناوچەی سور پاک کردوەتەوە کە دەکەوێتە سەر سنووری سوریا و عێراق، هاوکات 6 کێڵگەشیان ڕزگار کردووە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
وڵات: فرەنسا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 2017-09-21
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-09-21
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-09-21
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-09-21
کاتی تۆمارکردن: 2017-08-16
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 145

2017-09-22



باکووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو لە شاری نیۆیۆرکی ئەمریکا، پاسەوانەکانی ئەردۆغان هێرشیان کردە سەر ژمارەیەک چالاکوان کە گردبوونەوەیەکیان دژی ئەردۆغان ڕێکخستبوو، چەند کەسێک لەو چالاکوانانە ئالای یەکینەکانی پاراستنی گەل- یەپەگەیان هەڵکردبوو.[3]
- کۆما جڤاکێن کوردستان- کەجەکە سەبارەت بە بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک بۆ سەر باشوری کوردستان ڕایگەیاند، هێرش بۆسەر پارچەیەکی کوردستان هێرشکردنە بۆسەر هەموو کوردستان.[3]
باشووری کوردستان
- ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ئەمڕۆ لە ڕاگەیەندراوێکدا داوای لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد ڕیفراندۆم ئەنجام نەدات، چونکە بارودۆخی ناوچەکە دەخاتە مەترسیەوە و دەڵێت ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایش نیگەرانن لە پلانی تاکلایەنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە هەفتەی داهاتوودا.[1]
- لە هەولێر بە بەشداریی دەیان هەزار بەشداربوو، کەرنەڤاڵی سەربەخۆیی کوردستان بەڕێوەچوو، مەسعود بارزانی، ڕایگەیاند، کە فشاری زۆریان بۆ دێت بۆ دواخستنی ڕیفراندۆم، بەڵام ئێستا کات درەنگە و ڕیفراندۆم لە دەستی حزبەکان دەرچووە و بڕیار لای گەلە..[2]
- میر تەحسین بەگ، میری ئێزیدییانی کوردستان و جیهان ڕایگەیاند: کە هەموو دەنگ بە بەڵێ دەدەین بۆ سەربەخۆبوونی کوردستان.[2]
- ئەمڕۆ بەسەدان هاوڵاتی دانیشتووی شاری موسڵ دەستیان داوەتە خۆپێشاندان و دژایەتی خۆیان بۆ ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان دەربڕیوە.[2]
- سەرۆکی، پارتی گەلی کۆماری تورکیا جەهەپە، ڕایگەیاند، ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان، ململانێی کورد و عەرەب لە ناوچەکە هەڵدەگیرسێنێت.[4]
- حەشدی شەعبی، هەنگاوی دووەمی قۆناغی یەکەمی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی حەویجەی ڕاگەیاند.[2]
- ئەندامێکی داواکاری گشتی هەرێم داوا لەسەرۆکایەتی هەرێم دەکات بەجددی لەسەر کێشەی بۆردومانکردنی تورکیا بێتەدەنگ و ڕێگری بکات لە بۆردومانکردنی خاکی هەرێم لەلایەن سوپای تورکیاوە.[1]
- لە میانەی دیمانەیەکدا لەگەڵ بەشی تورکی کەناڵی BBC یوسف محەمەد، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند، بڕیاری ڕیفراندۆمەکە نایاساییە و بۆتە هۆی چەندین کێشەی گەورە ئەوەشی وت، پێویستە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی دوابخرێت.[1]
- سەرۆکوەزیرانی تورکیا جارێکی دیکە گشتپرسیی بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان ڕەتکردەوە و ڕایگەیاند، هەڵەیەکی گەورەیە و کێشە بۆ برایانمان لە گەلی کورد دروست دەکات و بە بارزانیمان گوتووە پاشگەزببێتەوە.[5]
- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕایدەگەیەنێت یەکەمین هاوڵاتی کوردستان لە وڵاتی چین دەنگی بۆ ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان دا.[2]
- ئەنجوومەنی ئاسایشی تورکیا هەڵوێستی لەبارەی گشتپرسیی باشووری کوردستان بۆ سەربەخۆیی ڕاگەیاند و وەک چاوەڕوان دەکرا ڕەتیدەکاتەوە.[5]
- بەشێک لە هاوڵاتیانی شیلادزێ سەربە دهۆک لە بادینان خۆپیشاندانێکیان دژی بۆردوومانەکانی سوپای تورکیا ئەنجامدا.[3]
- ڕابون مەعروف وتەبێژی جوڵانەوەی نەخێر لە ئێستادا لە دواهەمین ڕۆژی بانگەشەی ڕیفراندۆم، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی

ئەنجامدا و وتی: دەنگدان بە بەڵێ دەنگدانە بە 26 ساڵ زوڵم و ستەم.[3]
- لە دووکات و شوێنی جیاوازدا، کاتژمێر 6:30 لە سەکۆی ئازادی لە پارکی ئازادی و کاتژمێر 8:30 لە شانۆی پارکی هەواری شار لە شاری سلێمانی، پەیڕەوانی بەهاپی لە شاری سلێمانی، چالاکییەکی هونەرییان ئەنجام دا، وەکودەستپێکێک بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵێک چالاکی لە یادی دووسەدەمین ساڵەی لەدایکبوونی ڕێبەرەکەیان کە بە بەهائوڵڵا ناسراوە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەمڕۆ هەڵبژاردنی هاوسەرۆکایەتی کۆمۆنۆکان لە ڕۆژئاوای کوردستان بەڕێوەدەچێت.[2]
- ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی سوریا - ئەنەکەسە، هەڵبژاردنی شارەوانیەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بایکۆت دەکات، ئەندامێکی ئە و ئەنجومەنەش دەڵێت، هەڵبژاردنەکە هیچ شەرعیەتێکی نیە و تەنیا پەیەدە و نزیکەکانیان بەشدارن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-09-22
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-09-22
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-09-22
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-09-22
کاتی تۆمارکردن: 2017-09-22
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 146

2017-09-23



باشووری کوردستان

- کوردستانییانی دەرەوەی باشووری کوردستان دەتوانن بەشێوەیەکی ئەلەکترۆنی لە ماڵپەڕی: External Link دەنگ بدەن.
- شەوی ڕابردوو لە کەناراوەکانی نێوان تورکیا و ڕۆمانیا یەختێکی پەنابەرانی باشوری کوردستان بە 70 سەرنشینەوە ژێر ئاو کەوت کە زۆرینەیان هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بوون، بەگوێرەی زانیارییەکانیش تائێستا 40 کەس ڕزگارکراون 21 کەسی تر خنکاون.[1]
- شاندی باڵای هەرێمی کوردستان گەیشتە شاری بەغدا.[2]
- لە پەرلەمانی کوردستان دەستەلکارکێشانەوەی بیار تاهر سەعید دوسکی لەفراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان خرایە دەنگدانەوە و دەستەلکارکێشانەوەکەی بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبوان پەسەندکرا.[3]
- سوپاسالاری عێراق گەیشتە تورکیا و لەگەڵ سوپاسالاری ئەو وڵاتەدا کۆدەبێتەوە.[2]
- بینالی یلدرم، سەرۆکوەزیرانی تورکیا سەبارەت بە هەڵوێستی وڵاتەکەی لەبەرامبەر هەرێمی کوردستان لەکاتی بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆم گوتی: چوار بژاردە لە دژی بەڕێوەچوونی گشتپرسی لە باکووری عێراق دەگرینەبەر و گوتی: لەڕووی دیپلۆماسی، سیاسی، ئەمنی و ئابووری وەڵامی بەڕێوەچوونی گشتپرسی لە باکووری عێراق دەدەینەوە.[5]
- بەپێی میدیاکانی یەکێتی، بافڵ تاڵەبانی لەپەیامێکدا ئاماژەی بەوەکردووە، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕێککەوتون. کە ئایندەی سیاسی کوردستان و گەلەکەیان پێویستی بە دانوستانی جدی هەیە لەگەڵ بەغدا. ئەوە لەکاتێکدایە میدیاکانی پارتی دەڵێن، تائێستا هیچ ڕێککەوتنێک نەکراوە بۆ دواخستنی ڕیفراندۆم.[3]
- سوپای پاسدارانی ئێران تۆپبارانی گوندەکانی سنوری باڵەکایەتی دەکات.[2]
- ئەمڕۆ لە بینای بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەڵەبجە، بۆنەی تێپەڕبوونی 16ساڵ بەسەر شەهیدکردنی 43 پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەلایەن تیرۆریستانی جوندولئیسلامەوە لە گوندی خێڵی حەمەی سەر بەپارێزگای هەڵەبجە، مەراسیمێکی تایبەت بە و بۆنەیەوە بەڕێوە چوو.[4]
- ئێوارەی ئەمڕۆ کاتژمێر 4:00 لە شەقامی سالم (سەهۆڵەکە)ی شاری سلێمانی، بە دەستپێشخەریی ڕێکخراوی ژنانی گەنجی تێکۆشەر و بە بەشداریی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگای کوردستان و ڕێکخراوی ژانانی ئازادی کوردستان (ڕژاک) و ژمارەیەک لە کەسایەتی و چین و تویژە جیاوازەکان، گردبوونەوەیەک بۆ شەرمەزارکردنی کۆمەڵکوژیی شیلادزێ لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە، ئەنجامدا.[4]
- ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان لە سلێمانی، دژ بە بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایش و هەرەشەکانی حکوومەتی عەبادی بۆ پڕۆسەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان، خۆپیشاندانێکی ناڕەزایەتیان ئەنجام دا.[6]
- دوای کۆتاییهاتنی کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ شاندی کوردستان، نوێنەری شاندی هاوپەیمانی نیشتمانی (شیعەکان) لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند بەداخەوە گفتوگۆکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان هیچ ئەنجامێکیان نەبوو.. ئەگەر هەرێمی کوردستان گشتپرسی هەڵنەوەشێنێتەوە ئێمە ئامادەنین جارێکی دیکە گفتوگۆیان لەگەڵ بکەین.[5]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی جزیرە بۆ ڕزگارکردنی ڕۆژهەلاتی دێرەزۆر بەردەوامە و شەڕقانانی ئەنجومەنی سەربازی دێرەزۆر زەبری قورس لە چەتەکانی داعش دەدەن، کاتژمێر 09:50 خولەکی سەرلەبەیانی کۆمپانیای عەزبە و کۆنیکۆ لە چنگی چەتەکان ڕزگار کرا.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 2017-09-23
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-09-23
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-09-23
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-09-23
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-09-23
کاتی تۆمارکردن: 2017-09-23
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 147

2017-09-24



Security Message: Iraqi Kurdistan Region Referendum

Home | News & Events | Security Message: Iraqi Kurdistan Region Referendum

U.S. Embassy Baghdad cautions U.S. citizens in Iraq that there may be unrest if the Kurdistan Regional government carries out an independence referendum on September 25. U.S. Mission Iraq will temporarily limit personnel movements as a precautionary measure. In particular, U.S. citizens should avoid travel into and within territories disputed between the Kurdish Regional Government and the Government of Iraq.

As a reminder, U.S. citizens should maintain a heightened sense of security awareness and take appropriate measures to enhance their personal security at all times when living and working in Iraq.

باشووری کوردستان
- ئێران سنووری ئاسمانیی لەسەر باشووری کوردستان داخست.[2]
- ئەمشەو کۆبونەوەی جڤاتی نیشتمانی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ دوابڕیار لەسەر پشتگیریکردنیان لە ڕیفراندۆم ئەنجامدرا و ئەندامێکی جڤاتەکەش ڕایگەیاند کە گۆڕان لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستاندایە، بەڵام دەنگدەرانیشی سەرپشک کردوە دەنگ بە بەڵێ دەدەن یان نەخێر.[2]
- کارگێڕی ئەنجومەنی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی ڕایدەگەیەنێت، کوردستان لە بارێکدایە کە بەرپرسان و پارتەکان دەبێت لە نێوان دوو بژاردەی زەرەردا ئەوەیان کە زەرەری کەمترە هەڵبژێرن.[1]
- باڵوێزخانەی ئەمریکا لەعێراق ئاگاداری هاوڵاتییەکانی لەهەرێمی کوردستان دەکاتەوە کە ئەگەر سبەی ڕیفراندۆم ئەنجامبدرێت لەوانەیە بارگرژی ڕووبدات، بۆیە پێویستە سەلامەتی خۆیان بپارێزن.[1]
- تۆپخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کاتژمێر 10ی بەیانی تا کاتژمێر 2ی دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ بە سەختی تۆپبارانی گوندەکانی بەربزین و سێوکان و بن پەرێزە و بەڵێ و بنە ڕەشکین و چەند گوندێکی تری دەوروبەری کرد، لە ئەنجامدا تۆپێک لەنزیک خانووی مالی هاوڵاتیەکیدا و بەهۆیەوە ژنێک بریندار بوو، هەروەها زیانی مادیش بەر مالی ژنەکە کەوت.[4]
- ئێران مانۆڕێکی سەربازی لەسنوری هەرێم دەستپێکرد.[2]
- وەفدێکی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کەرکووکەوە سەردانی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەن و لەبارەی پرسی ڕیفراندۆم کۆدەبنەوە.[2]
- جەمال محەمەد، سوپاسالاری وەزارەتی پێشمەرگە ڕایگەیاند، لەشەڕی کۆنترۆڵکردنی حەویجەدا پێشمەرگە هەماهەنگی سوپای عێراق دەکات لەدوو میحوەردا.[3]
- هێشتا کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن بۆ ڕاپرسی لەناو سلێمانی پێداویستییەکانی بۆ بنکەکانی دەنگدان دابیننەکردووە، سەرپەرشتیاری بنکەکانیش دەڵێن پرۆسەی ئامادەکارییەکان زۆر بە سستی بەڕێوەدەچن.[1]
- حاکم قادر حەمەجان، کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت:بەبێ کەرکووک و ناوچە دابڕێنراوەکان ڕیفراندۆم بکرێت، ڕاگرتنی باشترە لە ئێستادا.[4]
- بەڕێوەبەری فرۆکەخانەی هەولێر ئەمڕۆ ڕاگەیاند کەمێک پێش ئێستا ئاگادارکراینەوە کە هەردوو کۆمپانیای فرۆکەوانی تورکیش ئێرلاین و ئەتڵەس گەشتەکانیان لە نێوان تورکیا و هەولێر ڕاگرت.[1]
- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباریی ئایینی داوا لە سەرجەم مزگەوت و پەرەستگاکان دەکات سبەینی بەدەنگی اللەاکبر و تەکبیر لێدانەوە پشتیوانی لەسەربەخۆیی کوردستان بکەن.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- کۆمیسیاری باڵای هەڵبژاردنەکانی باکوری سوریا سەبارەت بە ئەنجامی هەڵبژاردنی هاوسەرۆکانی کۆمۆنەکانی باکوری سوریا ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و ئاشکرای کرد کە ڕێژەی بەشداربوون 70٪ بووە.[4]
- شەڕقانانی ئەنجومەنی سەربازی دێرەزۆر کە لەژێر چەتری هێزەکانی سوریای دیموکراتدایە، ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی جزیرە بۆ ڕزگارکردنی ڕۆژهەلاتی دێرەزۆریان دەستپێکردووە، هەزاران هاوڵاتی دێرەزۆریان لە چنگی چەتەکانی داعش ڕزگارکرد.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن:	کۆمەڵی دادگەریی کوردستان
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات:	تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-09-24
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-09-24
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-09-24
کاتی تۆمارکردن: 2017-08-16
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 148

2017-09-25



باکووری کوردستان
- هەپەگە ڕایگەیاند:هێزەکانمان لە هەنگاوی شۆڕشگێڕانەی شەهید نودەم و شەهید سەردەمدا، ڕۆژی 16ی ئەیلول لە گردی گارسیای سەربە سێرت چالاکییەکیان ئەنجامدا دژی هێزەکانی سوپای تورک، لەو چالاکییەدا سێ سەربازی تورک کوژران و دووانی دیکەش بریندارببوون.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە شارەکانی سنە و مەهاباد و شوێنەکانی تر بەبۆنەی ڕیفراندۆمی باشووری کوردستانەوە خەڵکی ڕژانە سەر جادەکان و ئاهەنگیان گێڕا.[1]
باشووری کوردستان
- ڕۆژی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی لە باشووری کوردستان.[1]
- بە تەقەی هێزەکانی حەشدی شەعیی تورکمان لە خورماتوو پێشمەرگەیەک شەهید بوو و یەکێکی تریش بریندار.[1]
- عومەر سەید عەلی، ڕێکخەری گشتی بزوتنەوەی گۆڕان، ئەمڕۆ لە قوتابخانەی پیرەمەگرون لە سلێمانی بەشداری پڕۆسەی ڕیفراندۆمی کرد و لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەنوسان وتی: دەنگم بە بەڵێ دا.[1]
- ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراق بڕیاریدا بۆ داخستنی دەروازەکانی نێوان ئێراق و هەرێم، هەروەها داوای لە کۆمپانیاکانی نەوت کرد بۆ کشانەوە لە دابڕێنراوەکانی باشووری کوردستان.[1]
- ئەردۆگان ڕایگەیاند: هەناردەی نەوتی هەرێم بۆ دەرەوە ڕادەگرین.[1]
- یەکەمین ڕاپۆرتی چاودێریکردنی بەڕێوەچوونی پرۆسەی ڕیفراندۆم بڵاوکرایەوە و بە پێی ڕاپۆرتەکە، کە لەلایەن تۆڕی

شەمس-ەوە بڵاوکراوەتەوە، لە لە چەندین بنکەی هەولێر بەبێ دڵنیاکردنەوە لە هیچ ناسنامەیەک دەنگ دەدرێت و بانگەشەش بەردەوامە.[2]
- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێم ڕونکردنەوە لەسەر دەنگدان بە خوێن دەدات و دەڵێت دەنگدان بە خوێن ئەژمار ناکرێت.[3]
- وەزارەتی دەرەوەی ئێران ڕایگەیاند، ئێران سنورەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دانەخستووە، ئە و بەیاننامەشیان ڕەتکردەوە کەپێشوتر بەناوی وتەبێژی وەزارەتەکەیەوە بڵاوکرابووەوە.[3]
- هەندێک سەرچاوەی نافەرمی ئەوەیان ڕاگەیاند کە ڕێژەی بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان ٪85 بووە.[1]
- سەرۆک وەزیرانی کەنەدا ڕایدەگەیەنێت، لای سەیرە کە وڵاتان دەست وەردەدەن لە بڕیارێک کە پەیوەندی بە کاروباری ناوخۆی وڵاتێکەوە هەیە، دەشڵێت وەک خۆی ڕێز لە ئەو پرۆسەیە دەگرێت کە کوردی ئەنجامیداوە.[3]
- زۆرێک لە ڕاگەیاندنەکانی باشووری کوردستان لەجیاتیی هەرێمی کوردستان، زاراوەی باشووری کوردستان بەکاردێنن.[1]
- بەهۆی تەقەی خۆشییەوە لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان چەندین کەس بریندار بوون.[1]
- پارێزگاری کەرکووک لەکۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند لەئێستادا لەشارەکەدا قەدەغەی هاتوچۆی ئۆتۆمبیل ڕاگەیەنراوە و دوای تەواوبوونی پرۆسەی دەنگدان لە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمدا قەدەغەی هاتوچۆی گشتی ڕادەگەیەندرێت.[3]
- نرخی یەک بەرمیل نەوت گەییشتە 60 دۆلار و نرخی لیرەی تورکیش دابەزی.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی ڕوسیا سەنگەرەکانی هێزەکانی سوریای دیموکرات لە دەوروبەری کۆمپانیای گازی کۆنیکۆی دێرەزۆر بۆردومان دەکەن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سێرت
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئێراق
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 25-09-2017
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 25-09-2017
کاتی تۆمارکردن: 17-06-2017
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 149

2017-09-26



باکووری کوردستان
- هەپەگە ڕایگەیاند: سوپای تورک ڕۆژی 20ی ئەیلول لە ئامەد ئۆپەراسیۆنێکی دەستپێکرد، 10 هەزار سەربازی تورک بەشداری ئەو ئۆپەراسیۆنە بوون، ئەو ئۆپەراسیۆنە ڕۆژی 23ی مانگ کۆتاییهات، ڕۆژی 22ی مانگ گەریلاکانمان لە لیجەی سەربە ئامەد یەکینەیەکی سوپای تورکیایان کردە ئامانج، لە ئەنجامی ئەو چالاکییەدا دوو سەربازی تورک کوژران، هەر ئەو ڕۆژە کاتژمێر 06:30 خولەکی ئێوارە لە هەمان شوێن چالاکییەکی دیکە دژی سوپای تورک ئەنجامدرا.[3]
باشووری کوردستان
- ئێران دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەرانی بەڕووی باشووری کوردستان داخست.[1]
- وتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئاشکرایدەکات پارتی و یەکێتی خەریکی داڕشتنەوە و ڕێککەوتنن لەسەر نەخشەڕێگەیەک لەبارەی بەڕێوەبردنی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا.[2]
- وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا ڕایگەیاند، پشتیوانی ئەم ڕیفراندۆمەی هەرێمی کوردستان ناکەن، دەشڵێت بەردەوامن لە پشتیوانیکردنی سەروەریی و یەکپارچەیی خاکی عێراق. [2]
- گرووپی ئەندامانی پەرلەمانی بەریتانیا بەڕێوەچوونی پرۆسەی دەنگدان لە گشتپرسی باشووری کوردستان بە باشی و ئەرێنیان زانی و دەڵێن ئێمە پشتگیری لە ڕای خەڵک و مافی چارەی خۆنووسین دەکەین، دڵنیاتان دەکەینەوە کەوا بەریتانیا هاوپەیمان و دۆستی کوردە.[4]
- نووسینگەی فێدریکا مۆگرینی، بەرپرسی کاروباری دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا لەبارەی گشتپرسیی باشووری کوردستان لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند: یەکێتیی ئەورووپا داوا لە هەموو لایەک دەکات ئارامبن و دان بەخۆدا بگرن. بەرپرسی کاروباری دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا داوا لە هەولێر و بەغدا دەکات پابەندبوونی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسی و ئابوورییەکان لەڕێگەی گفتوگۆی بنیاتنەر و ئاشتییانە نوێبکەنەوە.[4]
- پەرلەمانتارێکی عەرەب داوا لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق دەکات، ئە و پەرلەمانتارە کوردانە دەربکرێن کە بەشداریان لە پرۆسەی ڕیفراندۆمی هەرێمدا کردووە، پەرلەمانتارێکی کوردیش دەڵێت: ناتوانن ئە وکارە بکەن، ئەگەر زۆریان پێخۆش نییە، ناگەڕێنەوە بۆ بەغدا.[5]
- شیروان زرار وتەبێژی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێم بەتۆڕی هەواڵی سلێمانی ڕاگەیاندووە، "ژمارەیەک گرتەی ڤیدیۆو وێنە لەتۆڕەکانی کۆمەڵایەتی باڵاوکراونەتەوە تایبەت بەساختەکاری لەکاتی دەنگدان بۆ سەربەخۆیی باشوری کوردستان، بەڵام تائێستا هیچ بەڵگەیەکی ڕاستی لەسەر ئە و ساختەکاریە دەست کۆمسیۆن نەکەوتوە و ئێمەش بەداواچون دەکەین لەوبارەیەوە".[6]
- وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕایدەگەیەنێت، کێشەی سەرەکی بارزانی ئەوەیە خۆی لە پۆستی سەرۆکایەتیدا بمێنێتەوە دەشڵێت، ئەگەر داوایان لێبکرێت ئامادەن بۆ دەستێوەردانی سەربازی.[2]
- لە کاتژمێر 6:00ی ئێوارەی ئەمڕۆوە چەکدارانی داعش هێرشێکی فراوانیان دەستپێکردووە بۆ سەر سەنگەرەکانی حەشدی شەعبی لەنزیک زەرگە لە خورماتوو.[2]

- مەسعود بارزانی ڕایگەیاند، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دڵنیا دەکەینەوە کە ئێمە لە ئێستاوە ئامادەی گفتوگۆی جددین بۆ چارەسەر کێشەکان لەگەڵ بەغدا و تەئکیدیش دەکەینەوە کە ئێمە بژاردەی ئاشتیمان لەگەڵ هەموو لایەک هەڵبژاردووە.[7]
ڕۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی داعش بەمەبەستی تێکشکاندنی گەمارۆی سەریان لەلایەن شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکراتەوە، هێرشیان کردە سەر خاڵەکانی شەڕڤانان، بەڵام شەڕڤانان هێرشەکەیان تێکشکاند.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
وڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-09-26
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-09-26
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-09-26
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 2017-09-26
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژانە هەواڵ - 2017-09-26
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-09-26
کاتی تۆمارکردن: 2017-09-26
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 150

2017-09-27



باکووری کوردستان
- هێزێکی تورک ویستی لە باکووری کوردستانەوە بەرەو باشوور بێت و بەهۆیەوە پێکدادان لەنێوان ئەوان و پەکەکەدا لە ناوچەی بارزان ڕوویدا و چەند سەربازێکی تورک کوژران.[1]
باشووری کوردستان
- ڕیفراندۆم و پەیوەندیی نێوان باشووری کوردستان و ئێراق بووەتە ڕۆژەڤی زۆرینەی کەناڵە جیهانی و ناوخۆییەکان و پەیوەندیی باشوور و ئێراقیش سات بە سات ئاڵۆزتر دەبێت.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- پارتی یەکێتی دیموکراتی (پەیەدە) بە دروشمی لە ڕۆژئاوای ئازادەوە بەرەو فیدراڵیی سوریای دیموکرات، حەوتەمین کۆنگرەی خۆی بەڕێوەدەبات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ووڵات: باشووری کوردستان
ووڵات: باکووری کوردستان
ووڵات: ڕۆژاوای کوردستان
ووڵات: ئێراق
ووڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2017-09-27
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 151

2017-09-28



باشووری کوردستان
- کۆمستیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، ئەنجامی ڕیفراندۆمەکەی باشووری کوردستانی بڵاوکردەوە و ڕێژەی بەڵێ 92.7% بوو.[1]
- سەرۆکی دەستەی ناوچە دابڕاوەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، ئەگەر سوپای عێراق ناوچە دابڕاوەکان کۆنترۆل بکات ئەوا کورد 48% لە خاکی باشووری کوردستان لە دەست دەدات.[2]
- لەبارەی هەڵوێست و کاردانەوەی بەغدا لەبەرامبەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، مەسعود بارزانی دەڵێت کاردانەوەکان حەقیقەت و ناخی ئەوانەی دەرخست کە دژی مافەکانی خەڵکی کوردستانن و زمانی هەڕەشە بەکاردەهێنن.[1]
- باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە عێراق ڕایدەگەیەنێت کە لە ڕۆژی هەینییەوە گەشتە ئاسمانییەکان بۆ هەرێمی کوردستان ڕادەوەستن و داواش لە ئەمریکییەکان دەکات کە پلانی گەشتەکانیان بگۆڕن.[2]
- بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ڕیفراندۆمی باشووری کوردستان، سەرۆک کۆماری ڕوسیا ڤلادیمێر پوتین گەیشتە تورکیا.[1]
- تەرمی پێنج کەس لەو 22 هاوڵاتیانەی باشوور گەیشتنەوە سلێمانی کە ڕۆژی 22ی ئەم مانگەدا لە دەریای ڕەشدا خنکابوون.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە حەوتەمین کونگرەی پەیەدەدا هاوسەرۆکانی پێشوی پەیەدە، (سالح موسلیم و ئاسیا عەبدوڵڵا) دەستیان لە کارکێشایەوە و بەهەڵبژاردن (شاهۆز حەسەن و هێڤی مستەفا) کرانە هاوسەرۆکانی نوێی پەیەدە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی راگەیاندن
[2] مانیفێست | کوردیی ناوەڕاست | مانیفێستی دواڕۆژ - 2017-09-28
[3] مانیفێست | کوردیی ناوەڕاست | مانیفێستی ڕۆژنیوز - 2017-09-29
کاتی تۆمارکردن: 2017-09-28
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 152

2017-09-29



باکووری کوردستان
- بڕیاری زیندانیکردنی شەفینج بۆزان، هاوسەرۆکی شارەوانیی ئارتوکلوی سەربە مێردین دەرکرا.[5]
- ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی هەپەگە لەڕاگەیاندراوێکدا ئاشکرای کرد کە لە ئامەد ڕائیدێک دوو ئەفسەری دیکەی سوپای تورک لە بۆسەیەکدا کوژراوە.[5]
- کاژێر 16:00 دواهەمین فڕۆکە لە قاهیرەوە گەیشتە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی.[6]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەڕێوەبەری شارەدێی سیدەکانی سەر بە شارۆچکەی سۆران ئاشکرای دەکات کە ئێران لەسەر سنوری ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان مانۆڕی سەربازی ئەنجامدەدات، ئاماژە بەوەشدەکات کە لە و مانۆڕەدا بە هیچ شێوەیەک خاکی باشوری کوردستانی نەبەزاندووە.[1]
باشووری کوردستان
- وتەبێژی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش ڕایگەیاند، ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی، کاریگەری لەسەر شەڕی داعش دروستکردووە، لەبەرئەوەی سەرنجی هێزە کوردی و عێراقییەکانی لاوازکردووە بۆ بەرەنگاربونەوەی ئە و ڕێکخراوە.[2]
- کاژێر 6ی ئێوارە ئاسمانی باشووری کوردستان بەڕووی فڕۆکەوانیی مەدەنی داخرا و لە هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی هیچ جموجۆلێکی فڕۆکەوانی نابینرێت.[4]
- ماوەی 3 ڕۆژە لە هەردوو خاڵی سنووریی باشماخ و پەروێزخان قەدەخەی هاتووچۆکردنی سووتەمەنی لەلایەن ئێرانەوە کراوە.[4]

- سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای تورکیا بڵاویکردۆتەوە، شەوی ڕابردوو فڕۆکە جەنگییەکانیان بۆردومانی هەرێمی کوردستان کردووە و ئاماژەیان بە کوژرانی چەند کەسێکی سڤیل کردووە. [1]
- ئەنجامدانی هێرشی تیرۆریستی لە شاری ئەنکەرە و ئیستانبوڵ و ئامانجگرتنی ئەو شوێنانەی کە تیایاندا هاووڵاتیانی سڤیل نیشتەجێن، بە توندترین شێوە ڕەتدەکەینەوە. [2]
- ئێمە پشتگیری لە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بۆ ڕاگرتنی ئەم هێرشانە و داوا لە هاوپەیمانانی ناتۆ دەکەین کە کاریگەرانە لە بەرامبەر ئەم هێرشانەی تورکیا هەڵوێستی توند وەربگرن. [3]
- ئێمە داوا لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە هاوکارن لە هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان، کە بە تایبەتی ئەمریکا و ئەڵمانیا دەگرێتەوە، دەکەین کە هاوکاری سەربازی و چەکی خۆیان بۆ تورکیا ڕابگرن. [4]
- ئێمە داوا لە ئەمریکا دەکەین کە ڕێگە بە تورکیا نەدات کە چەکی ئەمریکی بەکاربهێنێت لە هێرشەکانی سەر هەرێمی کوردستان

2017-09-30



باکووری کوردستان
- وێنەی درندەییەکانی سوپای تورک لە کوشتنی گەریلایەک-دا بەناوی کۆچەر دەڤریم بە ناسناوی جوما ئیمەن بڵاوکرایەوە.[1]
باشووری کوردستان
- پەرڵەمانی باشووری کوردستان لەسەر پێشهاتەکانی ڕیفراندۆم و کێشەی باشووری کوردستان و ئێراق کۆبووەوە. هەردوو کۆمەڵی ئیسلامی و بزووتنەوەی گۆڕان بایکۆتیان کرد.[2]
- بزووتنەوەی ئیسلامی بەشداریی کۆبوونەوەی ئەمڕۆی پەرلەمان دەکات.[2]
- دەست لەکار کێشانەوەی هەردوو پەرلەمانتار فەخرەدین قادر و فەرهاد سەنگاوی لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان پەسەند کرا.[2]
- ئەندامێکی دەستەی ماموستایانی ناڕازی لە شارۆچکەی سەیدسادق ڕایدەگەیەنێت، ئەگەر تا مانگێکی تر حکومەت داواکارییەکانی ماموستایان جێبەجێ نەکات، ئەوا دەست بە خۆپیشاندان دەکەنەوە، ماموستایەکیش دەڵێت:ئەگەر ئاوڕ لە بژێوی ماموستایان نەدرێتەوە، ئەوا کەرتی پەروەردە لەناودەچێت.[1]
- وتەبێژی وەزارەتی گواستنەوە، و گەیاندنی هەرێمی کوردستان، ڕایدەگەیەنێت، دەنگۆی بڕینی هێڵەکانی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان دووڕە لە ڕاستییەوە، و بنەمای نییە.[3]
- خاوەن کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی و گەشتیاری لە کوردستان، لەبەردەم ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر گردبوونەوەیەکیان ڕێکخست و، داوایان لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد گوشار بخاتە سەر بەغدا تاوەکو گەشتە ئاسمانییەکان لە کوردستان ڕانەگرێ.[4]
- ئەنجومەنی پارێزگای (زیقار) بڕیاری دا نزیکەی هەزار هاوولاتیی کورد کە لە بواڕە جیاجیاکاندا کاریان کردووە، لە کارەکانیان دەرکران و ماوەی 48 کاتژمێریان بۆ چۆڵکردنی پارێزگاکە بۆ دانرا.[5]
- وەزیری بەرگریی بەریتانیا نامەیەک بۆ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەنێرێت و دەڵێت: ئێستا کە گشتپرسی ئەنجامدراوە، داوا دەکەم لەگەڵ بەغدا دەست بە گفتوگۆ بکەن.[4]
- ڕۆژنامەیەکی تورکی نزیک لە پارتی دەسەڵاتدار ئاشکرایکرد، ئەنکەرە ڕەوانەکردنی داهاتی نەوتی هەرێمی بۆ هەولێر ڕاگرتووە.[6]
- وتەبێژی فەرمی حکومەتی عێراق ئاشکرای دەکات، هەنگاوی جدییان ناوە بۆ ئەوەی فرۆشتن و داهاتی نەوتی هەرێم و کەرکووک و هەموو ئە وکارانەی لە دەسەڵاتی فیدراڵیدان بگەڕێنەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەند.[6]
- وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەتیدەکاتەوە، پارەی فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی تورکیاوە ڕاگیرابێت و دەڵێت کرێیارەکان ڕاستەوخۆ پارەی هەرێم دەدەن و هاوڵاتیانی کوردستان دڵنیادەکەینەوە بەهیچ شێوەیەک پارەی فرۆشتنی نەوتی هەرێم ڕانەگیراوە.[6]
- بە هەزاران ئاوارە لە حەویجەوە ڕوو لە باشووری کوردستان دەکەن، ئەو ئاوارانە کە تازە لەژێر دەستی داعش ڕزگاریان دەبێت، داوادەکەن هەر لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە بمێننەوە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان

- شەرڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات لە گەڕەکی کوردنشینی ڕەققە بەردەوامن لە پێشڕەوییەکانیاندا، لە ئەنجامی شەڕێکدا کە ئەمڕۆ لەو گەڕەکەدا ڕوویدا 13 چەتەی دیکەی داعش کوژران.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان
پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: کۆمەڵی دادگەرپی کوردستان
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێراق
وڵات: تورکیا
وڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-09-30
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-09-30
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-09-30
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-09-30
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 2017-09-30
کاتی تۆمارکردن: 2017-09-30
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 154

2017-10-01



باکووری کوردستان

- تەقاندنەوەی ئەشکەوتە مێژوویییەکانی شاری حەسکیف لە باکووری کوردستان بەردەوامە کە کۆنترین ناوچەی نیشتەجێبوونە لە جیهاندا و مێژووەکەی بۆ 12 هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە.[3]

باشووری کوردستان

- ئەنجومەنی باڵای ڕیفراندۆم کۆبوونەوە و هەڵوەشاندنەوەی خۆی ڕاگەیاندو، دامەزراندنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان / عێراق،ی ڕاگەیاند.[5]
- بزوتنەوەی گۆڕان لەبارەی دروستکردنی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان-عێراقەوە، لە پەیامەکەیدا ڕایدەگەیەنێت سەرکردایەتی سیاسی کوردستان داش عێراق هیچ شەرعیەتێکی نیە و پشتیوانی یاساپی نیە.[6]
- لە کاژێر 10:30ی بەیانی ئەمڕۆ خۆپیشاندانی ژمارەیەک ماموستا بەمەبەستی ناڕەزایی دەربڕین لەسیستمی پاشەکەوتی موچە لەبەردەم بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕۆژئاوای سلێمانی دەستپێکرد و ماموستایان مۆڵەتی یەک مانگ دەدەنە حکومەت.[1]
- وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیێنێت، بەغدا دەڵێت بەشی بودجەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان 460 ملیار دیناری عێراقییە و تەنیا ئامادەن ئەو برە بدەن، بەڵام بودجەی مانگانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتییە لە 915 ملیار دیناری عێراق.[3]
- ئەو 260 کۆچبەرەی کە لە هەرێمی کوردستانەوە چووبوونەوە تورکیا بۆ گەیشتنیان بە ئەورووپا، بەڵام سەرەتای مانگی ڕابردوو لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە دەسگیرکران و ڕادەستی بەرەی نوسرە کران لە شاری ئیدلیب-ی سوریا، پاشانیش بە هاوکاریی ئاسایشی ڕۆژئاوا ڕزگارکران، گەیشتنەوە سلێمانی.[2]
- سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل ئە و دەنگۆیانە ڕەتدەکاتەوە کە گوایە ئیسرائیل پشتیوانی ڕیفراندۆمی کوردستانی و کارئاسانی لە و ڕووەوە کردبێت.[1]
- ئەمینداری گشتی حیزبوڵای لوبنان ڕیفراندۆمەکەی کوردستان بە بەشێک لە پیلانی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ دابەشکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناودەبات.[1]
- ئاگرێک لە زانکۆی چەرمۆ کەوتەوە، سەرەتا سەنتەری توێژینەوەی زانکۆ ئاگریگرت، پاشان تەشەنەی سەند و ئاگرەکە گەورەبوو. سەرۆکی زانکۆی چەرمۆ باسی لەوە کرد کە ئاگرەکە بەشێکی زۆری زانکۆکەی سووتاندووە و گوتیشی: 80%ی

بەشی تاقیگەکانمان سووتاوە و زیانی ئاگرەکە بە نزیکەی 5 ملیۆن دۆلار دەخملێندرێت.[3]
- سەرۆکی لێژنەی کشتوکاڵ لە پەرلەمانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، کە حکوومەتی عێراق بە ئەنقەست پارەی گەنمی جووتیارانی کوردستان نادات.[4]
- مەسیحییەکانی هەرێمی کوردستان و دانیشتوانی دەشتی نەینەوا بە فەرمی پاڵپشتی خۆیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان و جیابوونەوەیان لە عێراق ئاشکرا کرد و داواشیان کرد بگوازرێنەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان.[1]
- مەسعود حەیدەر پەرلەمانتاری گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق لە لاپەڕەی فەرمی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک ئەمڕۆ نوسیویەتی ئێمە دەڕۆینەوە بۆ بەغدا و بەرگری لە مافەکانی گەلی کورد دەکەین.[1]
- کاتژمێر 6ی ئێوارەی ئەمڕۆ، بە مەراسیمی ڕۆیشتن لەسەر فەرشی سوور، دووەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی سلێمانی لە شاری سلێمانی دەستپێبکرد و بڕیارە حەوت ڕۆژ بخایەنێت.[2]
- یانەی دالکورد بە سوود وەرگرتن لە یەکسانبوونی یانەی برۆماپۆیکارنای ڕکابەری جێگەی خۆی لە پلەی یەکەمی خولی پلە یەکی سوێد بەهێزترکرد دوای ئەوەی سەرکەوتنێکی گرنگی بەسەر یانەی سیریانسکا بەدەستهێنا.[3]
- وەزیری گواستنەوەو گەیاندنی ڕایدەگەیەنێت لەمەودوا فڕین و نیشتنەوەی فڕۆکە جەنگییەکان و هاوکارییەکان بەردەوامدەبێت، سااڵی ڕابردووش 18 هەزار فڕین و نیشتنەوەی فڕۆکەی سەبازی هەبووە.[1]
- شاسوار عەبدولواحید، خاوەنی کۆمپانیای نالیا، لیستێکی بەناوی نەوەی نوێ ڕاگەیاند.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- کۆبوونەوەی ڕاوێژی نەتەوەیی، بەدەستپێشخەری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە ئاستی ڕۆژئاوای کوردستاندا بە ئامادەبوونی 200 بەشدار لە هەموو حزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی ڕۆژئاوای کوردستان دەستپێکرد.[2]
- لەمیانەی بەردەوامی شەڕ و پێکدادانەکاندا لەگەڕەکی کورد لەناو شاری ڕەقە، هێزەکانی سوریای دیموکرات 20 هاوڵاتیان ڕزگار کرد و 3 چەتەشیان بەدیل گرت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
وڵات: لوبنان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-01
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-10-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-10-01
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-10-01
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-10-01
کاتی تۆمارکردن: 2017-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 155

2017-10-02



باکووری کوردستان
- هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە)، کوژرانی 69 سەربازی دەوڵەتی تورک لە ئاگری ڕادەگەیەنێت.[1]
- موراد قەرەیلان، ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی پەکەکە، ڕایگەیاند، کە ئەگەر تورکیا هێرش بکاتە سەر خاکی باشور پەکەکە تەماشاکار نابێت و بەرگریی دەکات.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەگوێرەی ئەو هەواڵانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە گەیشتوون، ئیتلاعاتی ئێران ڕۆژانە دەیان کەس بە تۆمەتگەلی وەک بەدەستەوەگرتنی ئاڵای کوردستان، هەوڵدان بۆ تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی و ئاڵۆزکردنی ڕای گشتی دەستگیر دەکات.[4]
- سوپا سالاری ئێران و تورکیا پاش ئەوەی لە تارانی پایتەختی ئێران کۆبوونەوە ڕایانگەیاند، کە هاوکارییە سەربازییەکانی ئێران و تورکیا بەرفراوانتردەبێت.[4]
- سووپای ئێران، مانۆرێکی سەربازی گەورەی لەسەر سنووورەکانی باشووری کوردستان لە نزیک خاڵە سنوورییەکانی سەیران بەن و باشماخ ئەنجامدا.[1]
باشووری کوردستان
- دوای ڕاوەستانی بۆ ماوەی 5 ڕۆژ، کارە بازرگانییەکان لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا دەستیپێکردەوە.[1]
- پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ مەرزی نیودەوڵەتی باشماخ کە شارۆچکەی پێنجوێنی هەرێمی کوردستان و شاری مەریوان-ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، داخرا.[4]
- ناسکە جەبار، ژنە کاکەییە ڕفێندراوەکە گەیشتەوە دەستی پێشمەرگە کە دوو مانگ پێش ئێستا چەکدارانی داعش هەڵیانکوتایە سەر خێزانەکەی مام حوسامەدین کاکەیی لە گوندی عەلوەت پاشای قەزای داقوق و 3 ئەندامی خێزانەکەیان کوشتن و کوڕێک و بوکێکیان ڕفاندن.[2]
- وەفدێکی حکومەتی هەرێم و دوو لێژنەی پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوە بۆ تاوتوێکردنی پرسی پاشەکەوتی موچەی فەرمانبەران.[3]
- لە هەرێمی کوردستان زەنگی دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن لێدرا و لە شاری سلێمانی-ش لە خوێندنگای سەرسەنگ یەکەم زەنگی دەستپێکردنەوەی ساڵی نوێی خوێندن لێدرا.[4]
- وەزارەتی دەرەوەی پاکستان، لە ڕاگەیێندراوێکدا گشتپرسیی باشووری کوردستانی بۆ سەربەخۆیی بە پێچەوانەی دەستووری عێراق لەقەڵەمدا و ڕایگەیاند، ئیسلام ئاباد پشتگیری یەکپارچەیی و سەروەری خاکی عێراق دەکات.[5]
- لەسەر سوکایەتیکردن بە کوردستان، سەرۆکایەتی داواکاری گشتی هەرێمی کوردستان سکاڵای یاسایی لەسەر ڕۆژنامەی نەهاری عێراق تۆمار دەکات.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورک و چەتەکانی سەربە تورکیا، گوندی ئیسکا-یان لە سنووری کانتۆنی عەفرین تۆپباران کرد.[4]
- شەڕ و پێکدادانی نێوان شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات و چەتەکانی داعش لە ناوەندی شاری ڕەقەدا بەردەوامە و

12 چەتە کوژران، لەلایەکی دیکەشەوە شەڕفانانی ئەنجومەنی سەربازی دێرەزۆر، لە باشوری شارۆچکەی سوەری سەربە دێرۆزۆر سێ کێڵگەیان ڕزگارکرد و 10 چەتەی داعشیشیان کوشت.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: ئاگری

شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: قەسری شیرین

شار و شارۆچکەکان: مەریوان

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-02

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-10-02

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-10-02

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-10-02

کاتی تۆمارکردن: 2017-10-02

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 156

2017-10-03



باکووری کوردستان
- بەبۆنەی کۆچی دوایی جەلال تاڵەبانی سکرتێکری گشتی یەکێتییەوە، کۆمیتەی بەڕێوەبەریی پەکەکە ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوەو سەرەخۆشی لە گەلی کورد کرد.[3]
- یەکەم بەفری ئەم وەرزە لە کوردستان لە چیای مونزووری سنوری دێرسیم لە باکووری کوردستان کەوت. هاونیشتمان دەڵێن سەرسامن بەوەی بەفرەکە لەناکاو باریوە، چونکە ئەوان چاوەڕێ شتی وەها نەبوون.[4]
باشووری کوردستان
- مام جەلال لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کرد.[2]
- مەسعود بارزانی سەبارەت بە کۆچی دوایی مام جەلال ڕایدەگەیەنێت، هەڤاڵ و برا و پشتیوانێکی بەهێزم لەدەستدا، هاوکات یەک هەفتە ماتەمینی گشتی لە هەرێم ڕاگەیاند.[2]
- ئاڵای کوردستان لەسەر شاخی گۆیژە بۆ ماتەمینیی کۆچی دواییی مام جەلال کوژێنرایەوە.[2]
- بەبۆنەی کۆچی دوایی مام جەلالەوە ڤیستیڤاڵی نیودەوڵەتیی سینەما لە سلێمانی، کارەکانی وەستاند.[2]
- بێگەرد تاڵەبانی، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕاگەیاند، ڕۆژی پێنجشەممە تەرمی مام جەلال دەهێندرێتەوە سلێمانی.[2]
- هێزەر ناوێرت، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند: هاوخەمی خۆمان و گەلی ئەمریکا بۆ کۆچی دوایی جەلال تاڵەبانی دەردەبڕین.[2]
- وەزارەتی گواستنەوەی عێراق بڕیاری پێکهێنانی ژوورێکی ئۆپراسیۆنیدا بۆ گواستنەوەی گەشتیاران لە هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانییەوە بۆ فڕۆکەخانەی بەغدا بەمەبەستی گەشتکردنیان بۆ دەرەوەی وڵات.[1]
- کوتلە سەرەکییەکانی پەرلەمانی عێراق داوای دادگایکردنی پەرلەمانتارانی کورد دەکەن و ڕێگە نەدرا پەرلەمانتارانی کورد لە دانیشتی ئەمڕۆی پەرلەماندا ئامادەبن.[1]
- بزووتنەوەی گۆڕان (محەمەد تۆفیق ڕەحیم)ی کاندیدکردووە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم.[2]
- کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی ناوی محەمەد تۆفیق ڕەحیم-ی وەکو کاندید بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان قبوڵ نەکرد، لەبەرئەوەی لە وادەی دیاریکراودا داواکاریی پێشکەش نەکردووە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە میانەی شەڕ و پێکدادانەکانی شەوی ڕابردوو و سەرلەبەیانی ئەمڕۆدا، لە دوو گەڕەکی شاری ڕقە 13 چەتەی داعش کوژران کە تەرمی پێنجیان کەوتە دەست شەڕڤانان.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر

ولّات: باشووری کوردستان
ولّات: باکووری کوردستان
ولّات: ڕۆژاوای کوردستان
ولّات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
ولّات: ئەڵمانیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-03
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-10-03
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-10-03
کاتی تۆمارکردن: 2017-10-03
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 157

2017-10-04



باکووری کوردستان
- لە ئەنجامی چالاکییەکی گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە)، لە شاروچکەی گەڤەری سەربە جولەمێرگ چوار سەربازی دەوڵەتی تورک کوژران و چوار سەربازی دیکەش بریندارببوون.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) لەسەر کۆچی جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، پەیامێکی سەرەخۆشیان ئاڕاستەی مەکتەب سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کرد.[2]
باشووری کوردستان
- بەبۆنەی کۆچی دواییی مام جەلالەوە لە زۆرینەی شار و شاروچکەکانی باشووری کوردستان پرسە دانرا.[2]
- وەک نیشانەی ڕاگەیاندنی ماتەمینیی، لە پارێزگای سلێمانی ئاڵای عێراق و کوردستان تا نیوە هێندارنە خوارەوە.[2]
- پەرلەمانی عێراق بەهۆی کۆچی دواییی مام جەلال کۆبوونەوەکانی دواخست.[2]

- لاریجانی، سەرۆکی پەرلەمانی ئێران بۆ نیشاندانی هاوخەمی خۆی بۆ کۆچی دوایی مام جەلال ڕەشی پۆشی و لە وتارێکیشدا ڕایگەیاند، لە سەردەمی حوکمی خۆیدا باشترین پەیوەندی لەگەڵ سەرۆک کۆماری وڵاتەکەیدا هەبووە.[1]
- یان کۆبیچ نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری عێراق، ئاماژەی بۆ ئەوەکردووە کە سەرۆک مام جەلال سیمبولی میژوویی لە تێکۆشان بوو لە پێناو مافی گەلان و جگە لەوەی بەرگریکارێکی سەرسەختی مافەکانی کورد بوو بۆ مافی گەلانیش تێدەکۆشی هەموو کات دژ بە دیکتاتۆریەت بوو لە پێناو دیموکراسی و دەنگێکی پێشەنگیش بوو لە میانڕەوی و دیالۆگ و لێکتێگەیشتن و ڕێزگرتنی هاوبەش لە سیاسەتی هاوچەرخ لە عێراقدا.[1]
- ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا لەگەڵ وەفدێکی باڵا گەییشتە تاران بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پێشهاتەکانی باشووری کوردستان و دژایەتیکردنی ڕیفراندۆم.[2]
- حکومەتی عێراق سێ ڕۆژ پشوی ڕاگەیاند، بەهۆی کۆچی دوایی مام جەلال-ەوە.[2]
- فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی حەویجە، دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی سەنتەری شارۆچکەی حەویجە و شارەدێی ڕیاز-ی ڕاگەیاند.[2]
- تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان، دڵتەنگیی خۆی بەبۆنەی کۆچیی دوایی مام جەلال-ەوە نیشان دەدات و ڕایدەگەیەنێت:لە دەستدانی بەڕێزیان لەم دۆخە پڕ لە ئاڵۆزەی عێراق و کوردستاندا خەسارەتێکی گەورەیە.[2]
- دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان، ئاشکرایدەکات، بەهۆی کەم بوونەوەی ژمارەی گەشتیارانەوە بە تایبەت لە شارەکانی باشور و ناوەراستی عیراقەوە بۆ هەرێمی کوردستان، جموجۆڵی گەشتیاری لە ناوچە گەشتیارییەکانی هەرێم زۆر کەمیکردووە.[1]
- وتەبێژی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی هەرێم ڕایدەگەیەنێت، تا لەگەڵ بەرپرسانی عێراق دەستنەکرێت بە دانیشتن و گفتوگۆ، هەرێم فڕۆکەخانەکان ڕادەستی عێراق ناکات و ڕێگەش بە تیمەکانیان نادرێت بێنە هەرێم.[1]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیاندراوێکدا ئاشکرایکرد، مامەڵەی دەرهێنان و نوێکردنەوەی پاسپۆرت دەستپێکردەووەتەوە.[1]
- سەرۆک کۆماری ڕوسیا لەمیانی وتەیەکیدا لە کۆڕبەندی ئابووری هەفتەی وزەی ڕوسیدا ئەوەشی خستەڕوو، مۆسکۆ پەیوەندییەکی لەمێژینەی هەیە لەگەڵ کوردەکان. ئەوەشی وت ئابڵوقەی نەوتیی دژی هەرێمی کوردستان، دەبێتەهۆی بەرزبوونەوەی نرخەکانی نەوت لەجیهاندا، کە ئەوە بابەتێکی بێزراوە و کەس حەز بەوە ناکات.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان

- سێ ڕۆژ ماتەمینی لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕاگەیەندرا.[2]
- لە ناو شاری ڕەقەدا شەڕێکی سەخت لە نێوان شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات و چەتەکانی داعش-دا بەڕێوەدەچێت و 11 چەتەی داعش کوژراون.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی ژیانی ئازاد - پژاک
پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن:	یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان:	جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	تورکیا
وڵات:	یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 2017-10-04

[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-10-04
کاتی تۆمارکردن: 2017-10-04
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 158

2017-10-05



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەگوێرەی هەواڵی ئاژانسە هەواڵییەکانی ناوخۆی ئێران، شێرزاد حاجی زادە، فەرماندەی سوپای سەر سنووری ئێران لە شاری ماکۆی سەر بە پارێزگای ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕایگەیاندووە، کە لە ماوەی 72 کاتژمێری ڕابردوودا 211 کۆڵبەر و کاسبکاریان لە ناوچە سنووریەکانی ماکۆ دەستگیرکردووە، کە زۆربەیان ناسنامەی ئێرانییان نەبووە و بیانی بوون.[2]
باشووری کوردستان
- سەرۆک کۆماری تورکیا ڕایدەگەیەنێت، تورکیا و ئێران و عێراق بڕیارێکی هاوبەش دەربارەی ڕاگرتنی نەوتی هەرێم دەدەن و دەشڵێت، کورد شەرعیەتی نیە لە کەرکووک.[1]
- فەرماندەیەکی پێشمەرگە ئاشکرایکرد، لەگەڵ پێشڕەوی هێزە سەربازییەکانی عێراق بەرە و سەنتەری شارۆچکەی حەویجە، بە دەیان چەکداری داعش خۆیان ڕادەستی پێشمەرگە کردووە و خەڵکانی بیانیشیان تێدایە.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شاندێکی کۆردیناسیۆنی سێ کانتۆنی ڕۆژئاوای کوردستان بە سەرۆکایەتیی عەبدولکەریم ساروخان، سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبەریی کانتۆنی جزیرە بەمەبەستی بەشداربوون لە مەراسیمی بەخاکسپاردنی مام جەلال گەیشتنە سێمێلکا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: ماکۆ

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-05

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-10-05

کاتی تۆمارکردن: 2017-10-05

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 159

2017-10-06



باشووری کوردستان

- تەرمی مام جەلال لە بەرلینەوە گەڕێندرایەوە بۆ سلێمانی.

- لە فڕۆکەخانەی سلێمانی ڕێزلێنان و مەراسیمی سەرۆکایەتی بۆ مام جەلال کرا.

- تەرمی مام جەلال برایە مزگەوتی گەورەی سلێمانی.
- بە بەشداریی دەیان هەزار کەس تەرمی مام جەلال لە مزگەوتی گەورەی سلێمانییەوە برایە دەباشان و لەوێ بەخاک سپێردرا.
- بەهۆی ئەوەی تەنها ئالای کوردستان، زمانی کوردی و مارشی ئەی ڕەقیب لە مەراسیمی ناشتنی مام جەلال تالەبانیدا بەکارهێنرا، تەنگژەی دیپلۆماسیی ئێڕاق و باشووری کوردستان ئالۆزتر بوو.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ووڵات: باشووری کوردستان

ووڵات: ئێڕاق

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2017-10-06

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 160

2017-10-07



باشووری کوردستان

- بەڕێوەچوونی یەکەم ڕۆژی پرسەی مام جەلال لە شاری سلێمانی، پرسەی پیاوان لە یاریگای یانەی سلێمانی و پرسەی ژنانیش لە مزگەوتی ئەحمەدی حاجی عەلی بووە.[1]
- کۆبوونەوەی مەسعود بەرزانی سەرۆکی هەرێم، لەگەڵ هەردوو جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق ئەیاد عەلاوی و ئوسامە نوجەیفی لە شاری سلێمانی.[2]
- ئێڕاق بە فەرمی داوای لە هەردوو تورکیا و ئێران کرد کە خاڵە سنووریییەکانیان لەگەڵ باشووری کوردستان دابخەن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ووڵات: باشووری کوردستان

ووڵات: ئێران

وڵات: ئێراق
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-07
کاتی تۆمارکردن: 2017-10-07
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 161

2017-10-08



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- 15 هاوواڵاتی دەسبەسەر کراو بە بۆنەی کۆبوونەوەکانی پشتگیریی لە گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان بە دانانی گرێو لە زیندانی مەهاباد ئازاد کران.[2]
باشووری کوردستان
- ڕۆژنامەی تورکیا بڵاویانکردۆتەوە، نێچیرڤان بارزانی دوای هەڵوێستە تونده‌کانی تورکیا بەرامبەر ڕیفراندۆمەکەی هەرێم و تێکچونی پەیوەندیەکانی هەردوولا، داوای باشکردنەوەی پەیوەندییەکانی کردووە.[1]
- قەیس خەزعەلی، ئەمینداری گشتی هێزەکانی عەسائیبی ئەهلی هەق لەمیانەی کۆبوونەوەیەکی عەشایەریدا لە نەجەف ڕایگەیاند هەوڵی دابەشکردنی عێراق پرۆژەیەکی ئیسرائیلییە و بە هێز کەرکووک لە کوردەکان دەسەنینەوە.[1]
- پرسەی مام جەلال لە زۆرێک لە شارەکانی ئەورووپا بەڕێوەچوو.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان

ووڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
ووڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-08
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2017-10-08
کاتی تۆمارکردن: 2017-10-08
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 162

2017-10-09



باکووری کوردستان
- گەریلاکانی هەپەگە لە دەڤەری بارزان و لە سنووری نێوان باکور و باشوری کوردستان جالاکییەکیان ئەنجامدا و زیاتر لە 20 سەربەزی دەوڵەتی تورکیان کوشت.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە شاری بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پرسەی مام جەلال سەرۆک کۆماری پێشووی عێراق و سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە بەشداری هاوڵاتیانی شارەکە و ئەندامانی شورای شار و چالاکە مەدەنییەکانی ئەو شارە بەڕێوەچوو.[1]
- پرسەی مام جەلال لە شاری مەریوان بەڕێوەچوو.[1]
باشووری کوردستان
- بەرپرسانی حکومەتی عێراق پێشنیاری کۆنفیدراڵی بۆ هەرێمی کوردستان دەکەن بۆ دەربازبوون لە قەیرانی نێوانیان ئەوەش بەپێی ڕاپۆرتێک کە ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت لە ژمارەی ئەمڕۆیدا بڵاویکردووەتەوە.[1]
- کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە خویندنەوەی بەیاننامەیەک بۆ کۆچی دوایی مام جەلال، دەستیپێکرد.[2]
- لە بەغدای پایتەختی عێراق، پرسەی مام جەلال بەڕێوە دەچێت.[2]
- حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، سەرەڕای ئەوەی بۆ مەراسیمی هێنانەوە و بەخاکسپاردن و پرسەی مام جەلال نەهاتە سلێمانی و تەنیا نوێنەری نارد، ئەمڕۆش کە پرسی مام جەلال لە بەغدا دانرا، لەوێش بەشداری نەکرد.[4]
- ژمارەیەک خوێندکاری زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە سلێمانی گردبوونەوە و داوایان کرد ئەمساڵ بە ساڵی کەوتن ئەژمار

نەکرێت و خوێندکار لەبەر وانەی لاوەکی نەمێننەوە.[3]
- ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، جەخت لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دژ بە هەرێم دەکاتەوە و بڕیاریشیدا، کە تۆڕەکانی پەیوەندیی مۆبایل لە هەرێمی کوردستان بگوازنەوە بۆ بەغدا.[3]
- بەرپرسی میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووکی پێشمەرگە ڕایگەیاند، بەرەبەیانی ئەمڕۆ داعش لە سنووری ڕۆژئاوای کەرکووک هێرشی کردووەتە سەر سەنگەرەکانیان، وەک وەک فێڵێکیش ئاڵای سپییان هەڵکردووە، بەڵام کە نزیکبوونەتەوە تەقەیان کردووە و لە ئەنجامدا 2 داعش کوژراون و پێشمەرگەیەکیش شەهید بووە.[4]
- وتەبێژی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێم ڕایگەیاند، ئامادەکارییەکانیان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم بەردەوامە، تائێستا هیچ قەوارەیەک داوای دواخستنی ئەنجامدانی نەکردووە.[5]
- پارتی دیموکراتی کوردستان ڕەتیدەکاتەوە لەدوای کۆبونەوەکەی مەسعود بارزانی لەگەڵ جێگرانی سەرۆک کۆمارو سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران، نەرمی بەرامبەر بەغدا بنوێنێت و داوا لەپەرلەمانتارەکانیشیان کرابێت بەشداری لەدانیشتنەکانی پەرلەماندا بکەنەوە، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتیش لەئەنجومەنی نوێنەران ڕایدەگەیەنێت، "ئامادەنین بگەڕێینەوە و خۆمان سوک بکەین".[6]
- لە شاری دۆسلدۆفی ئەڵمانیا ئەمڕۆ کوردانی تاراوگە لەبەردەم کۆنسوڵخانەی ئەمریکا کۆبوونەوە و لە بەرانبەر بڕیارەکانی حکوومەتی عێراق لەدژی هەرێمی کوردستان، ناڕەزایی خۆیان دەربڕی.[7]
- بەرپرسێکی دەروازەی ئیبراهیم خەلیل ڕایگەیاند، هاتوچۆی هاووڵاتیان و بازرگانان لە نێوان تورکیا و هەرێم ئاساییە و هیچ گورانکارییەک ڕووینەداوە.[1]
- وتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئە و دەنگۆیانە ڕەتدەکاتەوە کە دەڵێن یەکێتی داوای دواخستنی هەڵبژاردنی کردبێت و دەڵێت لایەنە سیاسییەکان کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی بڕیار بدەن ئایا هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا بکرێت یان دوابخرێت.[1]
- کاتژمێر 11ی شەو، نارجۆکێک هەڵدرایە ناو بارەگای حزبی دەعوەی ئیسلامی، لە گەڕەکی تسعینی شاری کەرکووک.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەڕ و پێکدادان لە گەڕەکە ناوەندییەکانی شاری ڕەقە لە نێوان سەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات و چەکدارانی داعشدا بەردەوامە، شەڕڤانان 46 هاوڵاتی دیکەیان لە چنگی چەتەکانی داعش ڕزگار کرد.[8]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن:	یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات:	ئەڵمانیا
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-09
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-10-09
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-10-09
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-10-09
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژانە هەواڵ - 2017-10-09
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-10-09

[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی وێستگە - 2017-10-09
کاتی تۆمارکردن: 2017-10-09
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 163

2017-10-10



رۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەرپی کوردپا، فەرهاد هادی، ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەری هەفتەنامەی دەنگی کوردستان لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعات لە شوێنی کارەکەی دەسبەسەر کرا و ناوبراویان بۆ شوێنێکی نادیار گواستەوە.[5]
- هێزە ئینتزامییەکانی حکوومەتی ئێران لە جادەی نێوان شاری دیواندەرە - سەقز، ماشینی هاووڵاتییەکی کوردیان دایە بەر دەستڕێژ و لە ئاکامدا بوو بە هۆی بریندار بوونی دوو هاووڵاتی کورد.[5]
- لە درێژەی تەقەی کردنی هێزەکانی حکوومەتی لە کۆڵبەرانی کورد، کۆڵبەرێکی خەڵکی شاری پیرانشار پێکرا.[5]
- ڕووناک ئاقایی خەڵکی شاری مەهاباد پاش 15 ڕۆژ بە دانانی گرێوی 200 میلیۆن تمەنی لە زیندانی وەرێ ئازاد کرا. نێوبراو بە تۆمەتی بەرز کردنەوەی ئالای کوردستان لە شایی و خۆشی هاووڵاتییانی کورد لە پرۆسەی سەرکەوتنی ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەسبەسەر کرابوو.[5]
باشووری کوردستان
- وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی بڕیارە نوێیەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی عێراق ڕادەگەیەنێت، بڕیارو سزاکانی حکومەتی عێراق بۆ سەر هەرێمی کوردستان شتێکی تازە نین و پێدەچێت بڕیاری تری بەدواوە بێت، بۆیە بەلای حکومەتی هەرێم بڕیارەکان نایاسایی و نادەستوورین.[1]
- پرسە بۆ کۆچی دوایی مام جەلال لە پەرلەمانی کوردستان لە شاری هەولێر بەڕێوەدەچێت.[2]
- بینالی یەدرم لە وتارێکیدا لە کۆبوونەوەی پەرلەمانتارانی پارتی داد و گەشەپێدان (ئەکەپە) وتی پرۆسەی مەشقپێکردنی هێزەکانی پێشمەرگەمان ڕاگرتووەو داواش دەکەین ئەنجامی ڕیفراندۆم هەڵبوەشێنرێتەوە.[1]
- نووسەر و گەڕیدەی بەناوبانگ کەریم زەند لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد.[2]
- ڕۆسنەفتی ڕووسی ڕایدەگەیەنێت، هیچ لایەنێک نابێتە کۆسپ لەبەردەمماندا، بەڵکو ئامادەکاری دەکەین بۆ دەستپێکردنی کارەکانمان لە هەرێمی کوردستان، هاوکات سەرۆکی لیژنەی نەوت و وزە لە پەرلەمانی عێراق و ئەندامێکی لیژنەی سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان ڕایدەگەیەنن، ئەگەر عێراق ڕێگربێت لە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم، دەتوانرێت لەدادگا نێودەوڵەتییەکان سکاڵای لەسەر تۆمار بکرێت.[1]
- گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، تاوەکو حکومەت و پەرلەمانی عێراق پێداچوونەوە بە بڕیارەکانیان دژی هەرێمی کوردستان نەکەن، فراکسیۆنەکەیان ناگەڕێتەوە بەغدا.[3]
- بە تۆمەتی ئەندام بوون و هاوکاریکردنی چەتەکانی داعش، هێزە ئەمنییەکان و هێزەکانی پێشمەرگە لە کەرکووک، 1300 کەسیان دەستگیرکردووە، سەرچاوەیەکیش دەڵێت: لەناو دەستگیرکراوان کەسە نزیکەکانی ئەمیرەکانی چەتەکانی داعش

هەیە.[4]
- ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە ڕایدەگەیەنێت، حکومەتی تورکیا هیچ هاوکارییەکی هێزەکانی پێشمەرگەی نەکردووە تاوەکو ڕایبگرێت، دەشڵێت، تورکیا هاوکاری هێزەکانی ئەسیل و ئوسامە نوجەیفی کردووە نەک پێشمەرگە.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەوی ڕابردوو لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە لە ئۆپراسیۆنێکی تایبەتدا بە دەیان کەس لە زیندانەکانی داعش لە ڕەققە ڕزگارکران کە ناوی چەندین کوردیشی تێدایە، ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگەش دەڵێت دەبێت ئە و ناوانە لەگەڵ لیستی خۆمان بەراورد بکەین، بۆ ئەوەی بزانین ئایا پێشمەرگە دیلەکانی تێدا هەن یان نا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: دیواندەرە
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەلاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 2017-10-10
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-10-10
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-10-10
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2017-10-10
کاتی تۆمارکردن: 2017-10-10
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 164

2017-10-11



باکووری کوردستان
- پارێزگای بەدلیس قەدەخەی هاتوچۆی لە 27 گوندی سنوورەکە تا کاتێکی نادیار ڕاگەیاند. لە ڕاگەیێندراوێکدا پارێزگاری بەدلیس قەدەخەی هاتووچۆی خستە سەر 27 گوند و 7 گەڕەکی سنوورەکە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەهمەن مورادنیا، کە کوردە و خەڵکی شاری بیجارە، وەک پارێزگاری، کوردستان (سنە) دەستنیشانکراوە، لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی ئێران-ەوە.[1]
- محەمەد مەهدی شەهریاری، سەرکونسوڵی ئێران لە ئەڵمانیا، کە لەدایکبووی شاری مانە و سملقانی پارێزگای خۆراسانی باکوورە، وەک پارێزگاری ورمێ دەستنیشانکرا. شەهریاری کوردی شیعەمەزهەبە، ئەوە یەکەمجارە لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران، کەسێکی کورد دەکرێتە پارێزگاری ورمێ. پێشتر زۆربەی پارێزگارەکان، ئازەری بوون.[2]
باشووری کوردستان
- پەرلەمانی ئێران دانیشتنێکی داخراو لەسەر ڕیفراندۆمەکەی هەرێم بەبەشداری وەزیری دەرەوەی ئێران ئەنجامدەدات.[1]
- دادگای فیدراڵی عێراق وەڵامی پەرلەمانی عێراق دایەوە دەربارەی ئەو پەرلەمانتارە کوردانەی دەنگیان بە ڕیفراندۆم داوە و ڕایگەیاند کاری ئەوان نییە.[3]
- ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بەفرمانی ژمارە 4222 بەفەرمی دارایی هەڵبجەی لە سلێمانی جیاکردەوە، بریاریشیدا بەکردنەوەی گەنجینەی سەربەخۆ و دامەزراندنی 14 فەرمانبەر و بەڕێوەبەرێک، بەو فرمانەش بەتەواو پەیوەندییە داراییەکانی هەڵەبجە لە سلێمانی جیاکرانەتەوە.[3]
- جێگری فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان، کۆتاییهاتنی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی حەویجەی لەدەست داعش ڕاگەیاند.[1]
- وەزیری دەرەوەی ئێران، لەکۆبوونەوەی پەرلەمانی وڵاتەکەی ڕایگەیاندووە، تاران بە تاک لایەنە، دژی هەرێمی کوردستان، هیچ هەنگاوێک هەڵناگرێت.[4]
- بزوتنەوەی گۆڕان لە ڕێگەی کاندیدەکەیان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم داوای ڕوونکردنەوە لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان دەکات، بۆ یەکلاییکردنەوەی چارەنوسی کاندیدەکەی.[4]
- ئەنجومەنی باڵای سیاسی کوردستان ڕادەگەیەنێت، گەلی کوردستان ڕووبەڕووی ئابلۆقە و سزادانی بە کۆمەڵ و هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزکراوەتەوە، داواش لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات سنووردێک بۆ ئە و هەڕەشە و سزایانەی حکومەتی عێراق دانێت.[3]
- دادگای باڵای عیراق فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ سەرۆک و ئەندامانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێم دەرکرد.[1]
- سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی هەرێم ڕایدەگەیەنێت، ئەو بڕیارەی لەلایەن دادگای باڵای عێراقییەوە دژی سەرۆک و ئەندامانی کۆمسیۆن دەرکراوە، جیاوازی لەگەڵ بڕیارەکانی مەجلیسی قیادەی سەوڕەی سەردەمی ڕژێمی بەعس نییە.[3]
- لە دژی کردنەوەی خوێندنی پارالێلی پزیشکی ژمارەیەک لەخوێندکارانی زانکۆی پزیشکی هەولێر لەبەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی خۆپیشاندانێکیان ئەنجامداو داوای داخستنی خوێندنی پارالێلی دەرمانسازی زانکۆی ئیشق دەکەن.[3]
- لەبارەی لێدوانێکی عەبادی کە ڕایگەیاندبوو، پێویستە پێشمەرگە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم

خۆیان لە هێزە عێراقییەکان بەدووربگرن، وتەبێژی وەزارەتی پێشمەرگە ئاماژە بەوەدەکات، لەم قۆناغەدا لێدوانەکانی عەبادی پشتگوێدەخەن.[3]
- باڵیۆزی پێشووتری ئەمریکا لە عێراق، لە هەڵماری تایبەتی خۆی لە تویتەر ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە قاسم سولەیمانی، فەرماندەی قودسی ئێران فشاری خستووەتە سەر حەشدی شەعبی بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر کەرکووک.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: بەدلیس
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: ئەڵمانیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-10-11
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-11
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-10-11
کاتی تۆمارکردن: 2017-10-11
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 165

2017-10-12



باکووری کوردستان
- پارێزگاری تورکی ئامەد، لە کاتژمێر 6:00ی سەرلەبەیانیی ئەمڕۆوە لە 15 گوندی سەربە شارۆچکەی فارقینی ئامەد قەدەغەی هاتووچۆی ڕاگەیاند هەتا کاتێکی نادیار.[1]
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ، حسامەدین زەندەرلیوغلو پەرلەمانتاری پێشووی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)ی شاری بەدلیس، لە فڕۆکەخانەی ئەتاتورکی ئەستەنبوڵ دەستگیرکرا.[1]
- تورکیا ئاشکرایدەکات، ئە و تانکانەی بۆ پشتیوانی یەکەکانی خۆیان لەسەر سەر سنووری عێراق ڕەوانەکرابوون گەیشتنە شارۆچکەی شەرناخ.[2]
- گەریلاکانی هەپەگە، دژی ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورک لە دەڤەری بارزان و چەلێی سەر بە جولەمێرگ چالاکییان ئەنجامدا، لەو چالاکییانەدا شەش سەربازی تورک کوژران.[1]
باشووری کوردستان
- هێزەکانی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەردوو ڕێگەی سەرەکی هەولێر بۆ موسڵ و دهۆک بۆ موسڵیان بەشێوەیەکی کاتی داخست.[2]
- یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان داوا دەکات هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێم لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدرێن و دوا نەخرێن و کاریش بۆ ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بکرێت تا بەشداربن.[2]
- وتەبێژی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، جارێکی دیکە دەڵێینەوە کە لەگەڵ یەکپارچەیی خاکی عێراقین و قۆناغ بە قۆناغیش تورکیا سونەرەکانی لەگەڵ باکوری عێراق دادەخات.[2]
- بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە داوا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات، ڕێگری لە جموجۆڵی هێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق بکەن، چونکە هیچ نیازپاکییەک لە جموجۆڵەکانیاندا نابینن.[2]
- بافل تاڵەبانی لە ڕاگەیاندراوێکدا داوای دەستپێکردنی گفتوگۆی بێ مەرج و لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا دەکات، بە وتەی خۆی کە لەژێر چاودێری مام جەلال سەرۆک کۆماری پێشووی عێراقدا نووسراوەتەوە، پێشیوایە کە تەنها لەو ڕێگەیەوە دەتوانن هەموو مافەکانی گەل زامن بکرێت.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەڕفانانی ئەنجومەنی سەربازیی دێرەزۆر، کە لە ژێرِ چەتری هێزەکانی سوریای دیموکراتدا دەجەنگن، پێنج کیلۆمەتری دیکە پێشڕەویان کرد و گورزی قورسیان لە چەتەکانی داعش دا.[1]
- داعش بە ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو هێرشیان کردە سەر هاوڵاتیان لە خوارفیی سەر ڕێگای نێوان دێرەزۆر و حەسەکەدا و لە ئەنجامدا 43 کەس بریندار بوون و نۆکەسی دیکەش شەهیدبوون، دڵیشان ئیبش، ڕۆژنامەنووسی ئاژانسی هاوارنیوزیش یەکێکە لە شەهیدەکانی ئەو هێرشە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-10-12
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-12
کاتی تۆمارکردن: 2017-10-12
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 166

2017-10-13



رۆژهەڵاتی کوردستان
- وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا سوپای پاسدارانی ئێرانی خستە نێو لیستی ئەو دامەزراوانەی بەر سزا ئابووریییەکانی دەکەون، لەمەودواش بە مادەی تیرۆر مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.[3]
باشووری کوردستان
- ڕۆژنامەی (یەنی عەقد)ی نزیک لە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان-ی سەرۆکی تورکیا، لە ڕاپۆرتێکیدا باس لەوەدەکات کە هەریەک لە موسڵ و کەرکووک بەشێکن لە مولکەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، سوڵتانی عوسمانیەکان.[1]

- شەوی ڕابردوو بەهۆی جموجۆڵی چەند هێزێکی عێراق لە نزیک سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە ناوچەکانی دەوروبەری کەرکووک، هێزێکی زۆری پێشمەرگە لە ئامادەباشی دابوون و ترسی پێدادان هەبوو.[2]
- جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان قوباد تاڵەبانی ڕایگەیاند، جووڵەی هێزە عێراقییەکان بەرەو کەرکووک وێرانی لێدەکەوێتەوەو دەبێت ئەو پێشڕەویانە بووەستێندرێن.[3]
- وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەبارەی ڕەوشی کەرکووک و ناوچەکانی دەوروبەرییەوە ڕایگەیاند، ئەوان بەدڵنیاییەوە لە نزیکەوە چاودێری ڕەوشە دەکەن و هیوادارن تووندوتیژی ڕوونەدات.[2]
- ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، هێزەکانی عێراق سێ کیلۆمەتر لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە دوورن و بەپێی زانیارییەکان هێزەکان ویستوویانە دەست بەسەر کێڵگە نەوتییەکان و فڕۆکەخانە و بنکە سەربازییەکانی کەرکووکدا بگرن.[1]
- دوای چۆڵکردنی چەند ساتێکی هێزی پێشمەرگە لە میحوەری باشووری کەرکووک، ڤیدیۆیەکی ئەو هێزە عێراقیانە بڵاوبووەوە کە چوونەتە ئەو شوێنە و سووکایەتی بە ئاڵای کوردستان دەکەن.[3]
- مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت کە نائومێد بووە لەئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە هۆی هەڵوێستەکانیان بەرامبەر ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان.[1]
- بەڕێوەبەری شارەدێی تازەخورماتووی تورکمانناشین ڕەتیکردەوە، هیچ هێزێکی عێراقی هاتبێتە سەنتەری شارەدێکە و گەشبینیشە بەچارەسەرکردنی کێشەکان لەڕێگەی گفتوگۆوە.[1]
- بەرهەم سالح ڕایگەیاند کە سەرکردایەتیی کورد ڕازی بووە بە سڕکردنی ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم.[2]
- بەهۆی هەڕەشەی گروپە تووندڕەوەکانی شارۆچکەی خورماتووەوە، لەدوو ڕۆژی ڕابردوودا 14 خێزانی کورد ماڵەکانی خۆیان بەجێهێشتووە.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان

- لە شەڕی نێوان شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات و چەتەکانی داعش لە گەڕەکەکانی ناوەندی ڕەقەدا 14 چەتەی داعش کوژران و 49 هاوڵاتیش لە چنگی چەتەکان ڕزگارکران.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: خورماتوو

شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-13
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-10-13
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-10-13

کاتی تۆمارکردن: 2017-10-13

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 167

2017-10-14



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە زیندانی ناوەندی وەرمێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێنج ژنی زیندانیی بەهۆی پێشێلکارییەکانی بەڕێوەبەران و پاسەوانەکانی ئەو زیندانە بەرامبەر بە زیندانیانی بەندی ژنان، مانیان لە خواردن گرت.[3]
باشووری کوردستان
- ڕەوشی خورماتوو و باشووری کەرکووک هەر ئالۆزە و ئەگەری پێکدادان لەنێوان هێزی پێشمەرگە و حەشدی شەعبیدا هەیە.[2]
- دوای دروستبونی ئالۆزییەکان شەوی ڕابردووی نێوان پێشمەرگەو حەشدی شەعبی، بەپێی ڕێکەوتنێکی نێوانیان بۆ ماوەی 24 کاتژمێر شەڕ لە شاری دووزخورماتوو ڕاگیرا.[4]
- چەند چەکدارێکی نەناسراو هەڵیانکوتایە سەر بارەگای سەرەکی کۆمپانیای کۆرەک تیلیکۆم لە شاری حیللە و کۆمەڵێک کارمەندیان ڕفاند، پاشان بارەگاکەیان تەقاندەوە.[1]
- سوپای عێراق لە سنووری کەرکووک پێشمەرگە ئاگادارەدکاتەوە و داوایان لێدەکات تاوەکو کاژێر 12:00 پاشەکشە بکەن. فەرماندەیەکی پێشمەرگەش دەڵێت هەر جوڵەیەک بکەن بەتووندی وەڵامیان دەدەنەوە.[1]
- بەرپرسی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی هێزەکانی پاراستنی گەل - هەپەگە ڕایدەگەیەنێت، لە ئەگەری ڕوودانی هەر حاڵەتێکی نەخوازراو، هێزەکانیان ئامادەن بەرگری لە خاک و خەڵکی کەرکووک بکەن.[4]
- سەرۆک وەزیرانی عێراق جەخت لەوەدەکاتەوە هەڵوێستی حکومەتی عێراق بەرامبەر هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم نەگۆڕاوە، دەشڵێت حکومەت بەردەوامدەبێت لە و بڕیارانەی کە لە و بارەیەوە داویەتی.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەڕفانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات گەڕەکی نەهزەی ناوەندی ڕەقەیان لە چنگی چەتەکانی داعش ڕزگارکرد، لە ئەنجامی شەڕی شەوی ڕابردوو بۆ ئێستا لە گەڕەکی نەهزەدا 23 چەتەی داعش کوژران.[3]
دەرەوی کوردستان
- بەستنی کۆنفرانسی گشتی 17 ەمینی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە شاری ئایندهۆفن، هۆڵەندا[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: وەرێ
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-10-14
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-10-14
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-14

کاتی تۆمارکردن: 2017-10-14

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 168

2017-10-15



باشووری کوردستان
- حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، مۆڵەتی تاکاتژمێر 2 و نیوی بەرەبەیانی ئەمڕۆی داناوە بۆ کشانەوەی پێسمەرگە و ڕۆیشتنی سوپای عیراق بۆ ناو کەرکووک.[2]
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، سەعد حەدیسی، بەڕێسی نووسینگەی سەرۆکوەزیران لە لێدوانێکی تەلەفزیۆنیدا کە بۆ سکای نیوز ڕایگەیاند، کە هیچ مۆڵەتێک بە پێشمەرگە نەدراوە بۆ کشانەوەی لە کەرکووک.[2]
- پەرێڕسێکی مەرزی نێودەوڵەتی پەروێزخان ئاشکرای دەکات، لە بەرەبەیانی ئەمڕۆوە کۆماری ئیسلامی ئێران بەڕەسمی مەرزی پەروێزخانی داخست، هەموو جۆرە ئاڵوگۆڕێکی بازرگانی و هاتوچۆی گەشتیاری ڕاگرت.[1]
- لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە کاروباری بازرگانی لە مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ ڕاگیرا و تەنیا هاتوچۆی گەشتیاریی ئاساییە.[2]
- وەزارەتی دەرەوەی عێراق ڕایگەیاند، لەسەر داوای وەزارەتی دەرەوەی عێراق، ئێران دەروازە سنوورییەکانی نێوان وڵاتەکەی و هەرێمی کوردستانی داخستووە، هۆکارەکەشی بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم گەڕاندووەتەوە.[4]
- لێژنەی ئەمنی کەرکووک ڕایگەیاند کە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی هۆشداریداوە، هەرلایەنێک هێرش دەستپێبکات ئەوا هاوپەیمانان بۆردومانی دەکەن.[1]
- نێچیرڤان بارزانی ڕایگەیاند، نابێ ئێران داخستنی سنوورەکان وەک فشار بەکاربهێنێ، چونکە لە بەرژەوەندی کەسدا نییە و هیچ کێشەیەکیش چارەسەر ناکات.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان
- 275 چەتەی داعش و خێزانەکانیان، کە هاوڵاتی سوریان، لە ناوەندی شاری ڕەقە خۆیان ڕادەستی شەڕڤانان کرد.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-15
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-10-15
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-10-15

کاتی تۆمارکردن: 2017-10-15
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 169

2017-10-16



باکووری کوردستان
- سوپای تورک شەوی ڕابردوو لە چەلێ سەربە جولەمێرگەوە بەرەو باشوری کوردستان بەڕێکەوت و هێزەکانی لە خارەگۆلی باشوری کوردستان جێگرکرد، پاشان شەڕ لە نێوان گەریلاکانی هەپەگە و ئەو هێزانەدا ڕوویدا.[3]
باشووری کوردستان
- دوای ئەوەی حەشدی شەعبی بە جلوبەرگی پۆلیسی فیدراڵی و لیوای 5ی فیرقەی ئاڵتوونی عێراق بەرە و سەربازگەی کەیوان و مەکتەب خالید و فڕۆکەخانەی کەرکووک بەرێکەوتن لەنزیک پردی ناوچەی پیشەسازی لەلایەن هێزی کۆماندۆی پێشمەرگە ڕووبەرووبان بونەوە بە و هۆیەوە شەڕوپێکدادان ڕویدا.[1]
- دەرەنگانی شەو، پارێزگاری کەرکووک ڕایگەیاند، پێشمەرگە لە خۆئامادەباشییدایە بۆ بەرگریکردن و داواشیکرد هەرکەس چەکی هەیە لە کەرکووک بێتە دەرەوە بۆ بەرگریکردن.[1]
- بەشێک لەهێزەکانی حەفتاکە پێکدێن لە هێزەکانی، جەعفەر شێخ مستەفا و کۆسرەت ڕەسوڵ، لەنزیک فڕۆکەخانەی سەربازی کەرکووک لەگەڵ حەشدی شەعبی لە شەڕدان.[1]
- سەرکردایەتی کردە سەربازییە هاوبەشەکانی سوپای عێراق لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند هێزە سەربازیی و ئەمنییەکانی عێراق توانیویانە چەند ناوچەیەکی سنوری کەرکووک لە دەستی پێشمەرگە کۆنترۆڵ بکەنەوە.[1]
- سەرچاوەیەک لە نەخۆشخانەی ئازادی کەرکووک بە دواڕۆژی ڕاگەیاند بەهۆی ئاڵۆزیی و ڕووبەڕووبوونەوەکانی نێوان پێشمەرگە و حەشدی شەعبی 36 پێشمەرگە بریندار بوون.[2]
- پێشمەرگە بە بێ شەڕ تەلوەردی چۆڵکرد.[1]
- ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ڕاگەیێندراوێک لەبارەی ڕەوشی کەرکووک بڵاوەکاتەوە و ڕایدەگەیێنێ: هێزەکانی عێراق و حەشدی شەعبی سەر بە ئێران لە باشووری کەرکووک و تازەخورماتوو لە چەندین بەرەوە بە هامەر و چەکی ئەمریکی هێرشیان کردووەتە سەر پێشمەرگە، ژمارەیەک هامەریش تێکشکێندراون.[1]
- هێزەکانی حەشدی شەعبی بارەگا حکومییەکان و بارەی پارتە کوردییەکانیان لە خورماتوو کۆنترۆڵکردووە و پێشمەرگەش لە دەوروبەری شارەکە جێگیربوون.[1]
- وەزارەتی بەرگری ئەمریکا-پنتاگۆن، لەسەر ئاڵۆزییەکانی نێوان سوپای عێراق و چەکدارانی حەشدی شەعبی لەگەڵ هێزەکانی

پێشمەرگە لە سنوری کەرکووک، ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا داوای ڕاگرتنی تووندوتیژییەکان دەکات.[1]
- لە سنووری داقووق لیواکانی 9 و 16 پێشمەرگە بارەگاکانیان چۆڵکرد و پاشەکشەیان کرد، بەڕێوەبەری ئاسایشی پارتیش لە شارۆچکەکە دەڵێت بەبێ هیچ شەڕێک ئەو دوو لیوایە بارەگاکانیان چۆڵکردوون و ئێستا تەنیا ئاسایش ماوە.[4]
- بەهۆی ڕەوشی نائاسایی کەرکووکەوە، خوێندنی قوبابخانەکان ڕاگیرا.[1]
- ئەیاد عەلاوی، جێگری سەرۆک کۆماری عێراق لەمیانەی چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا لەگەڵ کەنالی سومەریە ڕایگەیاند، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان نامەیەکی بۆ نوسیم، منیش لای خۆمەوە ڕەوانەی عەبادی-م کرد کە تیایدا ڕەزامەندی نیشانداوە لەسەر دواخستنی گرتنەبەری هەر بڕیارێک دەربارەی ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم.[2]
- شەڕەکەی کەرکووک نرخی نەوتی گەیاندە بەرزترین ئاست.[1]
- وەستا ڕەسوڵ، ڕایەدگەیەنێت، کە شەڕی ئێمە و عێراق شەڕێکی ئاگرپی قورس و دەوڵەتی بوو، پێشمەرگە، شەڕی قارەمانانەی کرد و چەندین شەهید و بریندارمان هەیە، بەڵام بە کۆلاشیەکێتیی نیشتمانیی کوردستانۆفەوە ناتوانێت دەبابە و ناقیلە تێکبشکێنێت.[3]
- بورهان ئەحمەد، فەرماندەی سریەی تایبەتی حیزبی شیوعی لە گەرمیان ڕایگەیاند، ئەمڕۆ 20 کادر و پۆلیسی حیزبەکەیان لەلایەن چەکدارانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراقەوە لە خورماتوو بەدیلگیراون.[5]
- هێزەکانی حەشدی شەعبی لەدوو ناوچەوە چوونە ناو سنوری شاری کەرکووکەوە و لە چەند شوێنێک ڕووبەڕووبوونەوە دەستیپێکردووە.[1]
- خەڵکێکی زۆر کەرکووکیان جێهێشت و بەرەو سلێمانی و هەولێر کەوتنەڕێ.[1]
- هەردوو پارتی و یەکێتی یەکتری بە تاوانبار و خائین تۆمەتباردەکەن و کەوتنی کەرکووک و ناوچەکانی دەوروبەری دەخەنە ئەستۆی یەکتری.[1]
- سوپای عێراق گەیشتە نزیک شارەدێی جەلەولا.[1]
- وەزارەتی پێشمەرگە هەواڵێک لەسەر دەرکردن و بێبەریکردنی هێزەکانی 70ی یەکێتی لە وەزارەتەکەیان ڕەتدەکاتەوە.[1]
- وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایەدگەیەنێت لەگەڵ وەزارەتی نەوتی عێراق ڕێککەوتووین، کە هەناردەکردنی نەوت نەوەستێت، بۆیە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان هەناردەی نەوت ڕاناگرێت.[2]
- حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق ڕایگەیاند ئەرکی سەرشانمە بەپێی دەستوور کاربکەم بۆ خزمەتکردنی هاونیشتمانیان و پاراستنی وڵات، کە تووشی مەترسیی دابەشبوون بووەیەوە بەهۆی سووربوون لەسەر ئەنجامدانی گشتپرسی لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان.[4]
- بەپێی ڕاگەیەنراوێکی وەزیری ناوخۆی عێراق ئەمڕۆ، داوای لەسەرجەم هێزەکانی پۆلیسی ناو شاری کەرکووک کردووە کە پارێزگاری لە بەرپرسە سیاسییەکان و بارەگای پارتە سیاسییە کوردییەکان بکەن.[2]
- لاهور شێخ جەنگی ڕایەدگەیەنێت، ئەوەی بەسەر میللەتەکەماندا هاتووەو کەرکووک لەمەترسیدایە، لە بارزانی دەخوازێت دەست لەکار بکێشێتەوەو دەشڵێت: بەداخەوە 31ی ئابێکی تر بەسەر کەرکووک-دا هێنرا.[3]
- مەحمود سەنگاوی، ئەندامی سەرکرایەتی یەکێتی ڕایەدگەیەنێت: لەگەڵ سوپای عێراق ڕێککەوتین و بڕیارماندا بگەڕێینەوە بۆ پێش 10-06-2014 واتا پێش هێرشی داعش.[3]
- ڕاکان سەعید جبوری ڕایەدگەیەنێت ئەو خێزانانەی کەرکووکیان جێهێشتووە دەتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان بێئەوەی هیچ زیانێکیان پێبگات.[1]
- بە ئامادەبوونی هادی عامری و ئەبو مەهدی موهەندیس، سەرکردە باڵاکانی حەشدی شەعبی، ئاڵای عێراق لە باڵەخانەی پارێزگای کەرکووک هەڵکرا و ئاڵای کوردستان داگیرا.[1]
- تڕێنت فرانکس کۆنگرێسمانی ئەمریکی لە چاوپێکەوتنێکیدا ڕایگەیاند پێویستە ئەمریکا بەشێوەیەکی جیاواز بیر لە کوردەکان بکاتەوە، لەبەرئەوەی کوردەکان هاوپەیمانێکی زۆر باشی ئەمریکا بوون لە شەڕی دژی داعشدا و هەوڵی زۆریاندا بۆ لەناوبردنی داعش لەکاتێکدا هیچ کەسێک یارمەتی نەدان، بۆیە من بڕوام وایە پێویستە ئێمە بیانپارێزین و هەر شتێک لەتواناماندابێت بۆیان بکەین.[2]
- دۆناڵد تەرمپ ڕایگەیاند ئێمە ئاگاداری ڕووبەڕووبوونەوەکانین و پشتگیری هیچ لایەنێکیشیان ناکەین.[1]
- داعش گوندێک لە دوبز کۆنترۆڵدەکات.[1]
- ئێران و عێراق و هێزێکی زۆریان لە نزیک مەرزی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران کۆکردۆتەوە، لەبەرامبەردا پارتی و حکومەتی هەرێمیش هێزێکی زۆری لەو سنورە بڵاوەپێکردوو.[2]
- نووری مالیکی، جێگری سەرۆککۆماری عێراق پیرۆزبایی کۆنترۆڵکردنی کەرکووک لە عێراقییەکان دەکات و دەشڵێت سوپاس و ڕێزم بۆ ئەو لایەنە کوردییانە هەیە کە سەلماندیان دژی دابەشبوونی وڵاتن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-16
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-10-16
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-10-16
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-10-16
کاتی تۆمارکردن: 2017-10-16
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 170

2017-10-17



باکووری کوردستان
- سوپای تورک لە خەرەگۆلی سەر سنووری دەستکردەکانی نێوان باکور و باشوری کوردستان، دەستی بە ئەنجامدانی

ئۆپەراسیۆن کردبوو، دیسانەوە ڕووبەڕووی چالاکیی گەریلاکان بووەوە و لە ئەنجامدا 18 سەربازی دیکە کوژران.[3]
باشووری کوردستان
- حەشدی شەعبی شەنگالیان کۆنترۆڵ کرد و هێزەکانیان لەسەر چیای شەنگال نیشتەجێ کرد.[1]
- وەستا ڕەسوڵ کەرکووکی فەرماندەی میحوەری باشوری کەرکووکی هێزەکانی پیشمەرگە ڕاگەیاند لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوێنێی هێزەکانی پێشمەرگە لەگەڵ چەکدارانی حەشدی شەعبی 32 پێشمەرگە شەهید و 100ی دیکە بریندار بوون کە زۆرینەیان یەکێتی بوون.[1]
- بەرهەمی هەردوو کێڵگەی نەوتی ئافانا و بای حەسەن ڕاوەستا.[1]
- پێشمەرگە لە مەخمور و گوێر پاشەکشە دەکات.[1]
- هێزەکانی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی چوونە ناو سەنتەری شارۆچکەی خانەقینەوە.[1]
- ئەڵمانیا بڕیاریدا کە پرۆسەی مەشق کردن بەهێزەکانی پێشمەرگە ڕابگرێت ئەوەش بەهۆی ئەو ئاڵۆزیانەی کە لەماوەی دوو ڕۆژی ڕابردوودا ڕوویداوە لەگەڵ سوپای عێراق.[2]
- ڕاکان سەعید، پارێزگاری نوێی کەرکووک بەوەکالەت ئەمڕۆ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند کۆبونەوەی بەڕێوەبەرانی فەرمانگە خزمەتگوزارییەکان ئەنجامدرا و جەخت لەسەر ئاساییکردنەوەی دۆخەکە کراوەتەوە و دەوامی فەرمانگەکانیش دەستپێدەکاتەوە. داواشیکرد دانیشتوانی کەرکووک بگەڕێنەوە بۆ شارەکەیان و سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.[2]
- دەروازەی سنووریی پەرویز خان ڕادەستی هێزەکانی عێراق کرا.[1]
- بازاڕی کوردانی خورماتوو لەلایەن چەکدارانی حەشدی شەعبی سووتێندرا.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لەمیانەی کۆنترۆڵکردنی بەنداوی موسڵ لەلایەن هێزەکانی حەشدی شەعبی، لە میحوەری کەسکێ ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان پێشمەرگە و ئەو هێزەدا دروستبوو. لە ئەنجامدا دوو چەکداری حەشد کوژران و پێشمەرگەیەکیش گیانی لەدەستدا.[2]
- شێخ جەعفەر، فەرماندەی هێزەکانی حەفتا ڕایدەگەیەنێت، بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە کەرکووک و ناوچەکان بە مەبەستی پاراستنی ئارامی و ئاسایشی کەرکووک و ڕزگارکردنی ژیانی 10 هەزار پێشمەرگە بووە دەشڵێت، بە هێزەکانی هاوپەیمانانمان وت کە هاریکاریمان بکەن، بەڵام ئەوانیش پێیان وتین، باشترین شت ئەوەیە چۆڵی بکەین.[2]
- فازیل میرانی ڕایگەیاند: شانازی بە عێراقبوونی خۆم دەکەم، و هەوڵێریش شارێکی عێراقییە وەکو ناسریە و سەماوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی دواڕۆژ - 17-10-2017
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ڕۆژنیوز - 17-10-2017
کاتی تۆمارکردن: 17-10-2017
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 171

2017-10-18



باشووری کوردستان
- گەنجێک لە کەرکووک ئالای ئێڕاق لەسەر ئوتومبیلێکی سەربازیی ئێڕاق هێنایەخوارەوە و بووە دەستپێکی دووبارە هەڵکردنی ئالای کوردستان لە کەرکووک.[2]
- فەرماندەیەکی سەربازیی حزبی شیوعی لە شارۆچکەی خورماتوو ڕایدەگەیەنێت: سەرجەم پێشمەرگە دیلەکانمان لەلایەن چەکدارانی حەشدی شەعبییەوە ئازادکران.[1]
- لەباڵەخانەی پەرلەمای کوردستان، ڕێورەسمێکی ماتەمینی بۆ کۆچی دوایی شوان قەڵادزەیی، بەڕێوەدەچێت.[2]
- وەزیری دەرەوەی ئەمریکا پشتیوانی واشنتنی بۆ هەنگاوەکانی حکومەتی ناوەندی بۆ سەپاندنی دەسەڵات ڕاگەیاند و جەختی لەوەکردەوە کە ئەمریکا دانانێت بە ڕیفراندۆمی کوردستاندا.[2]
- وتەبێژی بزوتنەوەی نوجەبا ڕایدەگەیەنێت هیچ پرسێکی سیاسی نادەنە دەست ئە و کەسانەی ئارەزووی دابەشکردنی عێراقیان کردووە، دەڵێت دەبێت سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێش دانوستان، بە بۆنەی هەڵکردنی ئالای ئیسرائیل داوای لێبوردن لەگەلی عێراق بکات.[3]
- قائیمقامی شارۆچکەی پێنجوێن ڕایدەگەیەنێت: نووسراوێکی فەرمی گەیشتووەتە مەرزی باشماخ بۆ دانانی 20 فەرمانبەری عەرەب لە مەرزی باشماخ لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە ئەوەش بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی داهاتی مەرزەکە.[1]
- ژمارەیەک گەنجی خورماتوو دەچنە بەردەم مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە سلێمانی بۆ ناڕەزایی دەربڕین لەبارەی بەدەستەوەدانی شارۆچکەکەیان.[2]
- بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکووک ئاشکرای دەکات، سبەی 19-10-2017 تەواوی هێزە عێراقییەکان لەناوشاری کەرکووک دەکشێنەوە و پۆلیس ئەرکی پاراستنی شارەکە دەگرێتەئەستۆ.[3]
- دادگای کارگێڕی بەغدا بڕیاری لابردنی نەجمەدین کەریمی لە پۆستی پارێزگاری کەرکووک پەسەند کرد.[2]
- ئاسۆ مامەند، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەبارەی دۆخی کەرکووک ڕایگەیاند هەوڵدەدەن بە زوترین کات پارێزگارێکی نوێ بۆ کەرکووک دابنێین.[3]
- لەدوای ئەوەی دادگای ئیداریی عێراق دووڕخستنەوەی نەجمەدین کەریم، پارێزگای کەرکووکی پەسەندکرد، فوئاد مەعسوم، سەرۆک کۆماری عێراق مەرسومی سەرۆکایەتی بۆ دەرکرد و دووڕستنەوەکەی پەسەندکرد.[2]
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ، دەستەیەک چەکداری نەناسراو هێرشیان کردە سەر دوو گوندی گۆبەل و بۆریک لە شنگال، هاوڵاتیبانی ئێزدی وەڵامی ئەو هێرشانەیان دایەوە و هێرشەکانیان تێکشکاند.[1]
- دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان بۆ کاتێکی نادیار دواخرا.[2]
- هێزێکی گەورەی حەشدی شەعبیی عەرەب چووەتە ناو شنگال و کێشەیان بۆ هاووڵاتیبان دروستکردووە و قسە و ڕەفتاری زۆر ناشرین بەرامبەر هاووڵاتیانی کوردی ئێزدی دەکەن.[3]
- ئەنجومەنی کۆمسیاران بڕیاریدا بە ڕاگرتنی سەرجەم ڕێکارەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم.[2]
- ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایش نیگەرانی خۆیان دەردەبڕن بەرامبەر بە ڕاپۆرتەکانی ئەم دووایییەی شاری کەرکووک و لە

ڕاگەیێندراوەکەیاندا داوایان لە هەولێر و بەغدا کردووە لە هەڕەشە و بەکاربردنی هێز دوور بکەونەوە.[2]
- شۆرش قادر کە لەسەر پشکی یەکێتی لە پۆستی نوێنەری حکومەتی هەرێم بوو لە وڵاتی سوید لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک ئاشکرایکردووە کە لە ڕێگەی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئاگادار کردووەتەوە لەوەی کە دەستی لە پۆستەکەی کێشاوەتەوە.[2]
- هێزەکانی ئەمریکا کە لە مەخموور بوون، لە شوێنی خۆیان کشانەوە بەرەو هەولێر، لەگەڵ کشانەوەیاندا بارەگاکانی خۆیان تەقاندەوە.[1]
- یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەڕەسمی پاڵیوراوی خۆی بۆ پارێزگاری نوێی کەرکووک دیاریکرد کە ڕزگار عەلی ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو حزبەیە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی شیوعی کوردستان
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێراق
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-10-18
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-18
کاتی تۆمارکردن: 2017-10-18
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 172

2017-10-19



باکووری کوردستان
- بەهۆی ئۆپەراسیۆنێکی سوپای تورک لە شارۆچکەکانی سەربە ئامەد، لە 16 شارەدێ و دەیان گوندی ئەو پارێزگایە قەدەغەی هاتوچۆ ڕاگەیەندرا.[4]

باشووری کوردستان
- پاش ئەوەی حەشدی شەعبی لە هەندێک لە ناوچە داگیرکراوەکان کشایەوە، لە خانەقین و کەرکووک ئاڵای کوردستان هەڵکرایەوە.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە خۆپیشاندانی هاوڵاتیانی خانەقین بۆ داواکردنی دەرچوونی پۆلیسی فیدراڵی لە شارۆچکەکە، خۆپیشاندەرێک بەناوی محەمەد نووری - محەمەد دۆشمەچی شەهید بوو و دەیان بریندارییشی لێکەوتەوە.[1]
- ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕایدەگەیەنێت، هێزە ئەمنییەکانی عێراق لەو شوێنانەی بۆی دیاریکراوە نەکشاونەتەوە.[1]
- ئەنجوومەنی باڵای دادوەری عێراق بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ کۆسرەت ڕەسول عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی دەرکرد، ئەوەش بە تۆمەتی ناوبردنی هێزە عێراقییەکان بە هێزی داگیرکەر لە کەرکووک.[1]
- بەرپرسی بەرەی تورکمانی لەکەرکووک ڕایدەگەیەنێت، دۆخی کەرکووک لەرابردوو سەقامگیرترە و لەچەند هەفتەی داهاتووشدا ئیدارەیەکی نوێ پێکدەهێنرێت و پۆستی پارێزگاریش دەدرێتەوە بە یەکێتی.[1]
- پنتاگۆن ڕایدەگەیەنێت، وێلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پڕۆگرامە گەورەکەی لە مەشقپێکردن و پێدانی چەک بە هێزە عێراقییەکان دەوەستێنێت ئەگەر هێزەکەیان بەردەوامبێت لە هێرشکردنەسەر کوردانی هەرێمی کوردستان.[2]
- ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزوتنەوەی گۆڕان ئاشکرایدەکات، بەنیازن لە چەند ڕۆژی داهاتوودا لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسیی و کەسایەتییەکان کابینەی هەشتی حکومەتی هەرێم هەڵبوەشێننەوە و حکومەتێکی کاتی پێکبهێنن.[2]
- ئەردۆغان ڕایگەیاند، لە هەر کاتێکدا دەکرێ سنوورەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان دابخەن، بەڵام بەو مەرجەی بەغدا بتوانێ هەموو پێداویستییەکانی باکووری عێراق دابینبکات و هەرێمی کوردستانیش دەروازەکانی ڕادەستی حکومەتی ناوەندی بکات.[3]
- بارەگای بەرەی تورکمانی عێراق لە شارەدێی پردێ سوتێنرا.[1]
- کەریم نوری، وتەبێژی دەستەی حەشدی شەعبی لەعێراق ئەمرۆ بە دوارۆژی وت هیچ پلانیک بۆ پاشەکشێی هێزەکانی حەشدی شەعبی نییە لەکەرکووک و ناوچە کێشە لەسەرەکان، ئەوەشی هەیە تەنها دورخستنەوەیانە لەگەڕەکە کوردییەکانی کەرکووک و ناوچەکانی دیکە و جێگیرکردنیانە لەدەوروبەری شارەکە.[2]
- حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ ژمارەیەک لە ئەندامانی پۆلیسی پارێزگای دیالە دەرکردووە لەبەرامبەر سوتاندنی ئاڵای کوردستان لە شارۆچکەی خانەقین.[2]
- جەبار عەلی لوعەیبی، وەزیری نەوتی عێراق ئەمرۆ هۆشداریدایە سەرجەم دەوڵەت و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان لە گرێبەستکردن یاخود ڕێککەوتن لەگەڵ هەر لایەنێک لەناو عێراق بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی فیدراڵی و وەزارەتی نەوت.[2]
- عەلی قەڵای، بەرپرسی ڕاگەیاندنی مەڵبەندی دووی کەرکووکی یەکێتی نیشمانی کوردستان، بە ڕۆژنیوزی ڕاگەیاند:ئەو پڕوپاگەندەی لە کەرکووک دەکرێت، کە گوایە هێرش کراوەتە سەر هێزە ئەمنییەکان دووڕە لە ڕاستییەوە، نە هێرش هەیە نە ڕاپەڕین، کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی پارتی دەورێکی خراپ دەبینن و دەیانەوێت ڕەوشەکە بشێوێنن.[4]
- سەعدی ئەحمەد پیرە، گوتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕایگەیاند، بارزانی و کۆسرەت ڕەسول ئاگاداری ڕێککەوتنی

کەرکووک نەبوون. دەشڵێت یەک چەکداری حەشدی شەعبی لەناو کەرکووک نەماوە و دۆخی کەرکووک و شنگالیش ئارامە.[3]
- شێرکۆ میرووەیس بەرپرسی مەڵبەندی خانەقینی یەکێتی لە شارۆچکەی خانەقین لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند بەداخەوە چەند ڕۆژێکە دۆخێکی نەخوازراو ڕووی کردووە ناوچەکە و شارۆچکەکەمان بە هاتنی سوپای عێراق، ئەمەش هۆکاری هەڵەی سەرکردایەتی سیاسی کورد بوو ڕوویدا.[2]
- ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان داوا لە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی بەرهەمهێنانی نەوت دەکات، بەردەوام بن لە وەبەرهێنەرەکانیان لە هەرێمی کوردستان.[2]
- دوای ئەوەی ڕێگریی لە کۆبوونەوەی لیستی نەوەی نوێ کرا لە پارکی ئازادی، کۆمەڵێک هاوڵاتی بە مەبەستی ناڕەزایی دەربڕین شەقامی کانی ئاسکانی شاری سلێمانیان داخست، ئاسایشی سلێمانی بە زەبری هێز بڵاوەی بە خۆپیشاندەران کرد و پەلامارانی هاوڵاتیان و ڕۆژنامەنووسانی دا لەنێویشیاندا پەلاماری پەیامنێری ڕۆژنیوزیش دراوە و لێیان داوە.[4]
- لە کەرکووک ئەفسەرێکی خانەنشیەکێتیی نیشتمانیی کوردستانراوی عەرەب بەناوی یاسین عەبدوڵڵا کە پێشتر ئەفسەری فڕۆکەوان بووە، لەلایەن ژمارەیەک چەکدارەوە بەدەستڕێژی گوللە کوژرا.[1]
- کۆمپانیای شیفرۆنی ئەمەریکیی ئەمڕۆ ڕایگەیاند کە بەشێوەیەکی کاتی چالاکیی هەڵکەندنی بۆ دۆزینەوەی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان ڕاگرتووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-19
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-10-19
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-10-19
کاتی تۆمارکردن: 2017-10-19
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 173

2017-10-20



باشووری کوردستان
- شارەدێی پردێ لەلایەن هێزە ئێراقییەکانەوە داگیرکرا و ڕێگەی کەرکووک-هەولێریش داخرا.[1]
- نەتەوە یەکگرتووەکان نیگەرانی خۆی سەبارەت بە ڕاپۆرتەکانی تاڵان و وێرانکاری ماڵان و شوێنەکانی کار و بارەگای پارتە سیاسیەکان دەردەبڕێت و دەڵێت هەواڵی سوتاندنی نزیکەی 150 خانوو لە دوزخورماتو و تەقاندنەوەی 11 خانووی تری خەڵک و بەرپرسی کوردی پارتە سیاسییەکانیان بەدەستگەیشتووە.[2]
- حسێن ئەمیر عەبدوللەهیان یاریدەدەری سەرۆکی ئەنجوومەنی شورای ئێران ڕایگەیاند، حکومەتی عێراق بەتوانایە و لەتوانایدایە بەچەند خولەکێک شاری هەولێر بگرێت.[2]
- فڕۆکەکانی تورکیا هێرشێکی ئاسمانیان بۆ سەر ناوچە سنوریەکانی (زاب و ئاڤاشین و باسیان) دەستپێکرد و بۆردومانی بنکە و بارەگاکانی پەکەکە دەکەن.[1]
- عەلی ئەکبەر ولایەتی، ڕاوێژکاری باڵای ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ کاروباری نێودەوڵەتی پیرۆزبایی لە حکومەت و گەلی عێراق کرد سەبارەت بە گرتنەوەی کەرکووک و ڕایگەیاند هەرێمی کوردستانی عێراق هەرگیز لەوڵاتەکە جیاناکرێتەوە.[2]
- پارێزگاری هەولێر ڕایدەگەیەنێت پارێزگای هەولێر ئارامە و هیچ مەترسییەکی سیاسی و سەربازی لەسەر نییە و ئەوەی ڕویداوە لەسنوری پارێزگای کەرکووک بووە.[2]
- ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بەوەکالەت لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا لە هەولێر ڕایگەیاند، کەرکووک لەلایەن حەشدی شەعبییەوە داگیرکراوە.[3]
- ژمارەیەک لە خەڵکی پارێزگای کەرکووک کە بەهۆی پێشڕەویەکانی سوپا و حەشدی شەعبی-ەوە پارێزگاکەیای جێهێشتوە و خۆپێشاندانێکیان بۆ بەردەم کونسوڵخانەی ئەمریکا لە هەولێر ئەنجامدا و داوای پشتیوانی دەکەن.[2]
- گەریلاکانی هەپەگە لە خەرەگۆل، لەدژی ئۆپەراسیۆنی سوپای تورک چالاکیان ئەنجامدا، لە ئەنجامدا سێ سەرباز کوژراون و شەڕیش لە سنوورەکە بەردەوامی هەیە.[4]
- کۆمەڵێک خۆپێشاندەر بە نیشانەی نارەزایەتی لە ڕۆژی ئێران لە هێرشەکانی حەشدی شەعبی بۆ باشووری کوردستان و ئاوارەبوونی خەڵک، چوونە بەردەم کۆنسوڵخانەی ئێران لە هەولێر و ئاڵای کۆماری ئیسلامییان هێنایە خوارەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئێراق
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-20
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-10-20
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-10-20

کاتی تۆمارکردن: 2017-10-20
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 174

2017-10-21



باشووری کوردستان
- سەرۆکی جڤاتی گشتی بزووتنەوەی گۆڕان، بارزانی بە هۆکاری ناردنی هێز لە بەغداوە بۆ سەر کوردستان ناوەبات و ڕایدەگەیەنێت، پێویستە سەرۆکایەتی هەرێم هەڵوەشێتەوە و حکومەتی ڕۆگاریی نیشتیمانی دروستبکرێت.[2]
- شانەی ڕاگەیاندنی جەنگی سەر بەهێزە ئەمنی وسەربازیەکانی عێراق وەڵامی بەیاننامەیەکی فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستان دەداتەوە سەبارەت بە شەڕەکانی دوێنێی سنوری نێوان کەرکووک هەولێر و ڕایدەیگەنێت ئۆپراسیۆنەکانی دوێنێ بۆ ئەوە بووە کە هەژمونی ئەمنی بەسەر تەواوی ناوچەکانی سنوری ئیداریی کەرکووکدا

بسەپێندرێت.[1]
- لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی لەشاری هەولێر دەستەی سەربەخۆیی مافەکانی مرۆڤ داوای لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد هاوکاری گەلی کورد و ئاوارەکانی شاری کەرکووک بکات و ڕۆڵی باڵای هەبێت لە سەرپەرشتیکردنی دیالۆگ و گفتوگۆکان لەنێوان هەریەم بەغدا.[1]
- حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) ڕایگەیاند دەیان تانک و هامەری عێراق لە تەقتەق نزیکبوونەتەوە و هێزێکی عێراق و پاسداران هاتوونەتە نزیک کۆیە.[2]
- بافڵ تاڵەبانی ڕایدەگەیەنێت، هۆکاری سەرەکیی کێشەکانی ئێستا قبوڵنەکردنی بەدیلی ئەمریکا بوو بۆ ڕیفراندۆم دەشڵێت، عەبادی داوای کشانەوەی لێکردین و ڕێگاچارەیەکی پێشکەشکردین کە تاکە ڕێکەوتنە ئاگام لێیەتی و لەگەڵ ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی پشتیوانیمان لێکرد.[1]
- لیوایەکی حەشدی شەعبی گەیشتە چیای شەنگال.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-21
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2017-10-21
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 175

2017-10-22



باشووری کوردستان
- هاونیشتمانی باشووری کوردستان، لەبەردەم کونسوڵخانەی ئەمریکا لە هەولێر کۆبوونەوە، داوایان کرد ئەمریکا هەڵوێستی هەبێت لەسەر پێشڕەوییەکانی حەشدی شەعبی بۆ ناو خاکی کوردستان.[1]
- ڕەوتێکی تورکمان ڕایدەگەیەنێت، مافی ئێمەیە پۆستی پارێزگاری کەرکووک وەربگرین.[1]
- وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، خوێندکارانی پۆلی 12ی ئامادەیی ئاگادارەکەینەوە، کە سەرجەمی ئەوانەی یەک بابەتی و دوو بابەتین، دەرفەتیان هەیە تا 31-12-2017 دەتوانن کاروباری بەشداربوون لە ئەزموونە گشتییەکانیان ئەنجام بدەن، ئەگەرنا خۆیان بەرپرسیارن.[2]
- وتوێژی نێوان لایەنەکانی کوردستان بۆ ڕەتکردنەوەی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ئارادایە و پەرلەمانتارێکی پارتیش ڕایدەگەیەنێت، کۆمەڵێک پێشنیار خراونەتەڕوو کە یەکێکیان بریتیە لە سڕکردنی پۆستی سەرۆکی هەرێم.[2]
- گوتەبێژی یەکێتی ڕایدەگەیێنێ مەرجەکانی حکومەتی عێراق قابیلی پەسندکردن نین، گوتەبێژی پارتیش دەڵێت لەگەڵ گفتوگۆیەکی بێ مەرجن.[3]
- دادگایەکی عێراق فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ بابەکر زێباری سەرۆک ئەرکانی پێشووی سوپای عێراق دەرکرد.[1]
- وەزیری دەرەوەی ئەمریکا داوا لە میلیشیا ئێرانییەکان و سەرجەم چەکدارانی بیانی دەکات عێراق جێبهێڵن.[1]
- دوای 14 ساڵ دادگای خانەقین بە دادگای باڵای عێراقەوە لکێنرایەوە.[1]
- وەزیری ناوخۆی عێراق بەسەردانێک گەیشتە کەرکووک و سەردانی بینای پارێزگای کرد، و ئامادەیی خۆشی نیشاندا کە ئامادەیە دەستی کەرکووکییەکان ماچ بکات لەپێناو گەڕانەوەیان بۆ شارەکە.[2]
- دیندار زێباری، سەرۆکی کۆمیتەی وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاشکرای کرد کە لە کەرکووک و ناوچە کێشە لەسەرەکان 600 کەس کوژراون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-22
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-10-22
کاتی تۆمارکردن: 2017-10-22
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 176

2017-10-23



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- پاش ئەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەواڵی دەستدرێژیکردنی کارگوزاری خوێندنگایەک بۆسەر کچەخوێندکارێکی تەمەن 12 ساڵ لە یەکێک لە خوێندنگا سەرەتاییەکانی وەرێ بڵاوکرایەوە، خەڵکی شارەکە ڕژانە سەر جادەکان و ناڕەزاییان دەربڕی و بەشێکی خوێندنگەکەشیان سووتاند.[4]
باشووری کوردستان
- لە نزیک بازاڕی دۆلارەکەی سلێمانی شەڕێک ڕوویدا و بەهۆیەوە دوو کەس کوژران.[3]
- حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق وەڵامی ڕێکس تیلەرسن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دەداتەوە و ڕایدەگەیێنێ، هیچ لایەنێک بۆ نییە دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەربدات و بڕیار بدات دەبێت عێراقییەکان چی بکەن.[2]
- پەرلەمانی عێراق بەزۆرینەی دەنگ بڕیاری لەسەر ئەوەدا کە شارەدێی جەلەولای سنووری شارۆچکەی خانەقین وەک ناوچەی وێران بوو هەژمار بکرێت بەمەبەستی دووبارە ئاوەدانکردنەوەی.[1]
- سێرگی لاڤرۆف، وەزیری دەرەوەی ڕوسیا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ ئیبراهیم جەعفەری، وەزیری دەرەوەی عێراق ڕایگەیاند، ڕوسیا ڕێز لە مافەکانی گەلی کورد دەگرێت و ڕەتیشیکردەوە کە کونسوڵخانەکەیان لە هەولێر داخستبێت.[1]
- سایتی ڕۆیتەرز ئەمڕۆ لەسەر زاری سەرچاوەیەکی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم ڕایگەیاند، هێزە عێراقییەکان تانک و تۆپیان لە نزیک ئە و ناوچە کوردییانەی سەر بە هەرێم بڵاوەپێکردووە کە بەشێک لە بۆریەکانی گواستنەوەی نەوتی هەرێمیان تێدایە، لەگەڵ ناوچە دەروازەییەکانی هەرێم لەگەڵ تورکیا و سوریا.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان

- جێگری سەرۆک وەزیرانی تورکیا هۆشداری دەداتە واشنتن لە ڕادەستکردنی ئیدارەی شاری ڕەققەی سوریا بە کورد و دەڵێت بەوکارە چەندین کێشە دێنەئاراوە و ناکۆکی نەتەوەیی لەشارەکەدا ڕوودەدات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

شار و شارۆچکەکان: ورمێ

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-23

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-10-23

[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-10-24

کاتی تۆمارکردن: 2017-10-23

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 177

2017-10-24



ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- لە سنوورەکانی شاری ورمێ کۆڵبەرێک کوژرا و لە سنوورەکانی مەریوانیش دوو کۆڵبەر دەستگیرکران.[1]

باشووری کوردستان

- لە گوندی مەحمودیەی سەر بە ناوچەی ڕەبیعە هێرشێکی حەشدی شەعبی لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە تێکشکێنرا.[1]

- عەلی عەبدوڵڵا جێگری پێشووی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆچی دوایی کرد.[1]

- خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان بۆ دوو وەرز درێژکرایەوە بە 60 دەنگی بەڵێ و 8 دەنگی نەخێر کە دەکاتە 10 مانگ بەپێی ڕۆژمێر، بەڵام 8 مانگی یاسادانانە چونکە ئەو ماوەیە دوو مانگ پشووی وەرزەکانی پەرلەمانی بەردەکەوێت.[2]
- سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند، هەڵوەشانەوەی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم خزمەت بە دۆخەکە و چارەسەری کێشەکان دەکات.[2]
- ئەمنستی ئینتەرناشنڵ ڕاپۆرتێک لەبارەی ڕووداوەکانی خوورماتوو بڵاودەکاتەوە و ڕایدەگەیێنێ، بەڵگەیان لەبەردەستە لە ناوچە کوردنشینەکان تاڵاکردن و وێرانکردن و سووتاندنی ماڵی خەڵک ئەنجامدراوە.[3]
- لە سنووری مەخموور حەشدی شەعبی هێرشی کردە سەر سەنگەرەکانی پیشمەرگە، بە گوتەی فەرماندەیەکی پێشمەرگەش هێرشەکەیان تێکشاندووە و حەشدی شەعبی کوژراو و بریندارى هەیە. لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چەند فیدیۆیەکی ئەم شەڕە بڵاوبووەوە و دیلێکی زۆری حەشدی شەعبی کەوتۆتە دەست پێشمەرگە.[1]
- فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پۆستی سکرتێری پەرلەمانی کوردستانی وەرگرت.[1]
- هەریەک لە گەشە دارا حەفید، قادر ڕەزگەپی و مریەم سەمەد ئەندامانی فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستانیان جێهێشت و پێیان وابوو درێژکردنەوەی ماوەی خولی پەرلەمان نایاساییە.[3]
- کاتژمێر 07:30 ئێوارەی ئەمڕۆ، لە شاری سلێمانی، بە پێشەنگایەتی کۆمەڵەی گەنجانی وڵاتپارێزی کوردستان و ڕێکخراوی ژنانی گەنجی تێکۆشەر، بۆ زانینی دۆخی تەندروستی و ئاسایشی عەبدوڵڵا ئۆجالان ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان-پەکەکە، ڕێپێوانێکی بە مەشخەڵ لە پارکی نالی-یەوە بۆ شارۆچکەی سالم ئەنجام درا.[4]
- سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل ڕایدەگەیەنێت، ئەگەر جیهان لەبەرامبەر کود کەمتەرخەمبێت، ئەوا ئیسرائیل لایەنگیری گەورەی ئامانج و وێستەکانێتی.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: وەرێ
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-24
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-10-24
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-10-24
کاتی تۆمارکردن: 2017-10-24
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 178
2017-10-25



رۆژهەڵاتی کوردستان
- لە تەقینەوەی مینێک لە لە شاری مێهرانی سەر بە پارێزگای ئیلامی خۆرهەڵاتی کوردستان، کەسێک گیانی لەدەستدا و دوو کەسیش بریندارببوون.[1]
باشووری کوردستان
- دەرەنگانی شەوی ڕابردوو دەسەڵاتی کوردی لە باشووری کوردستان ئەنجامی ڕیفراندۆمەکەی باشووری کوردستانی سڕکرد.[2]
- وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایدەگەیەنێت، پێشوازی لە بەیاننامەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین.[2]
- ئاژانسی میهری ئێرانی بڵاویکردەوە، قونسوڵخانەی ئێران لە هەولێر لەڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەداوە سنووری باشماخ لەنێوان مەریوان و پارێزگای سلێمانی لە بەیانی ڕۆژی چوارشەمە (25ی تشرینی یەکەمی 2017)وە کارەکانی خۆی دەستپێدەکاتەوە.[1]
- حەشدی شەعبی وەڵامی پێشنیارەکەی حکومەتی هەرێمی دایەوە لەبارەی سڕکردنی ئەنجامی ڕیفراندۆم و ئاماژەی بەوەکرد ئە و پێشنیازە هیچ نرخێکی نییە.[2]
- بەهۆی پشتگوێخستنی داواکارییە مامۆستایان و باشنەکردنی دۆخ و گوزەرانییان، بەشێک لە مامۆستایانی ناڕازی شارۆچکەی پێنجوێن، گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و تیایدا بایکۆتکردنی هۆڵەکانی خوێندنیان ڕاگەیاند.[3]
- سەرۆکوەزیرانی تورکیا لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی عێراق لەبارەی ڕەوشی باشوور کوردستان کۆبوونەوە.[2]
- سەرۆک وەزیرانی تورکیا ڕایگەیاند: پرسی نەوت و دەروەزەکانیش دەخەینەوە ژێر کۆنترۆڵی بەغدا.[2]
- فڕۆکە شەڕکەرەکانی سوپای تورک هەرێمەکانی زاپ و ئاڤاشین و زاگرۆس، بۆردوومان دەکەن.[2]
- هەندێک لە تورکمانەکانی کەرکووک خۆپێشاندانیان کرد بۆ گۆڕینی ناوی بنکەی پۆلیسی ئازادی بە بنکەی موسەڵا.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەڕڤانانی پەیەدە خاڵی سنووریی ڕەبیعەیان ڕادەستی هێزەکانی ئێراق کرد.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئیلام
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئێراق

وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-25
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-10-25
کاتی تۆمارکردن: 2017-10-25
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 179

2017-10-26



Kurdistan parliament- Iraqi
General Directorate of Divan
Directorate Of
Parliament and committee
Affairs

پەرلەمانی کوردستان - عیراق
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و
لێژنەکان

بانگهێشت

بۆ/ گشت ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان

بەپێی حوکمی برگە (١)ی ماددە (٥) و برگە (٢) لە ماددەی (١٧) وبرگە (١)ی ماددەی (١٨) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی عیراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، بڕیارماندا بانگهێشتی گشت ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان بکەین بۆ دانیشتنی ژمارە (٤)ی ساڵی خولی پایزە، ساڵی چوارەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان - عیراق، لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١٠/٢٦ دا، تکایە لەکاتی دیاریکراودا ئامادەبن.

لەگەڵ ڕێزدا

جەفر إبراهیم ئیمینکی
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان - عیراق

باکووری کوردستان
- بەڕێرسی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە) ڕایگەیاند، لەشەڕ و پێکدادانی نێوان هێزەکانمان و سەربازانی تورکیادا لە ناوچەی قەرەگۆڵ و باژێڕگە و چەڵێ 10 سەرباز کوژران.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- عەلی ئەشرەف دەروێشیان، چیرۆکنووس و لێکۆڵەری کرماشانی لە یەکێکی لە نەخۆشخانەکانی شاری کەرەجی ئێران کۆچی دوایی کرد.[3]
باشووری کوردستان
- وەحید باکوزی بەڕێرسی لقی 17ی پارتی و ئەندامی سەرکردایەتی پارتی لە شەڕەکەی زوممار شەهید بوو.[3]
- حەیدەر عەبادی پێشنیارێکی حکومەتی هەرێم بۆ سڕکردنی ئەنجامەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی ڕەتکردەوە و سوربوونی خۆی لەسەر هەڵوەشاندنەوەی تەواوی ڕیفراندۆمەکە دوپاتکردەوە.[3]
- ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، هێزەکانی حەشدی شەعبی پشتیوانیلێکراو لەلایەن ئێران لە زوممار، بۆردوومانی هێزەکانی پێشمەرگە دەکەن. ڕاشیگەیاندووە، دوو تانکی هێزەکانی حەشدی شەعبی لەلایەن پێشمەرگەوە تێکشکێندراون.[1]
- سەرچاوەکان باس لەوەدەکەن کە لە زوممار و ڕەبیعە حەشدی شەعبی نزیکەی 150 کوژراو و بریندارییان هەیە.[3]
- شەر لەنێوان سوپای عێراق و پێشمەرگە لە پردێ ڕوویدا و هەندێک سەرچاوە باسی کوژرانی 9 چەکداری حەشدی شەعبی

دەکەن.[3]
- نوسینگەی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و تیایدا داوای لە حکومەتی عێراق کردوە، بەدەنگ بەیاننامەکەی حکومەتی هەرێمەوە بچێت و پێشنیاری سڕکردنی ئەنجامی ڕیفراندۆم و دەستپێکردنەوەی گفتوگۆ پەسەندبکات.[2]
- کۆبوونەوەی پەرڵەمانی کوردستان دواخرا.[3]
- فەرەنسا ڕایدەگەیەنێت، پێشنیارەکەی کوردستان بۆ سڕکردنی ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم و کردنەوەی گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا هەنگاوێکی ئەرێنییە.[3]
- وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕایدەگەیەنێت، پێشنیاری سڕکردنی ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم هەنگاوێکی گرنگە، بەڵام بەس نیە و دەبێت هەڵبوەشێتەوە.[3]
- هێزەکانی پێشمەرگە چوونە ناو شارۆچکەی مەخمور، شەڕ لەنێوان پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکاندا بە سەختیی بەردەوامە.[4]
- لە شاری یاری هەڵەبجە و بەئامادەبوونی وەزیری کشتوکاڵ سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگار، قایمقامی هەڵەبجە و بەشێک لە بەرپرسانی حکومی و حزبی و ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوڵاتیانی سنورەکە، سێیەمین فیستیڤاڵی تایبەت بە بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی شاری هەڵەبجە بەڕێوەچوو.[4]
- وتەبێژی وەزارەتی پێشمەرگە ڕایدەگەیەنێت، ئە و هێزە پێنج هەزار کەسییەی لە دەشتی نەینەوا بۆ عەرەبەکان دروستکرا، ئێستاش پاڵپشتی لەهێزەکانی پێشمەرگە دەکەن و ڕەتیشیکردەوە، ئە و هێزە چوونەتنە ڕیزەکانی حەشدی شەعبییەوە.[2]
- ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەعێراق ڕایگەیاند: دوای بەدەستگەیشتنی ڕاگەیەندراوەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەباری سڕکردنی ڕیفراندۆم و ڕاگرتنی شەڕ و دەستکردن بە دیالۆگ، نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادەیی هەموو هاوکارییەک دەردەبڕێت هەردولا.[2]
- هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە بەرەنگارییەکانی ئەمڕۆدا، وێڕای تێکشکاندنی سێ تانک و پێنج هەمڤی و باجەڕێک، تانکێکی ئەبرامزی ئەمەریکیشی لە میحوەری زوممار – ڕەبیعە تەقاندەوە، کە هێزەکانی حەشدی شەعبی بۆ هێرشکردنە سەر پێشمەرگە بەکاریدەهێنن.[5]
- ئێوارەی ئەمڕۆ پێنجشەممە بەشێوەیەکی کاتی شەڕ لەنێوان پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان لە زوممار ڕاگیراو هێزەکانی دەستوەردانی خێرای سەر بە وەزارەتی ناوخۆی عێراقیش دەڵێت بە ئاسانی بەرەو خاڵی سنوری فیشخابور لەپێشڕەویداین.[2]
- ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ڕایدەگەیەنێت نیگرانن لە ڕووبەڕووبوونەوە چەکدارییەکانی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان.[3]
- گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕایدەگەیەنێت، ئەبو مەهدی موهەندیس، سەرکردەی باڵای حەشدی شەعبی، تیرۆریستە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان:	موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان:	هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان:	کرماشان
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات:	تورکیا
وڵات:	فەرەنسا
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-10-26
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-26
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-10-26
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردستان 24 - 2017-10-26
کاتی تۆمارکردن: 2017-10-26
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 180

2017-10-27



باکووری کوردستان
- سوپای تورک لە سنووری ئامەد، بە پشتیوانی فڕۆکە جەنگییەکانی ئۆپەراسیۆنێکی نوێی دەستپێکردو بە فڕۆکە و هاوەن بۆردوومان دەکات.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئاگر لە کێڵگەیەکی نەوتی کەوتەوە لە تاران، لە ئەنجامی ئەو ڕووداوەدا 10 کرێکار گیانیان لە دەستدا، کە شەشیان کوردن و خەڵی شاری ئیلامی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن.[4]
باشووری کوردستان
- ڕایان دیلۆن، وتەبێژی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، شەڕی پێشمەرگە و هێزە عیراقییەکان وەستاوە و ئەوان هەوڵی نێوەندگیری نێوان هەولێر و بەغدا دەدەن.[1]
- ئێران بڕیاریدا بەفەرمی مەرزی پەرۆێزخان بەڕووی هەرێمی کوردستاندا بکاتەوە کە زیاتر لە 10 ڕۆژە داخراوە.[1]
- حکومەتی عیراق داوای ڕادەستکردنەوەوی سەرجەم چەک و تەقەمەنی و کەلوپەرلی سەربازیی لەهێزەکانی پێشمەرگەو هێزە ئەمنیەکانی هەرێمی کوردستان دەکاتەوە.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ نوسینگەی حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند، عەبادی فەرمانی کردووە بە ڕاگرتنی جموجۆڵی سەربازیی بۆ ماوەی 24 کاتژمێری داهاتوو.[1]
- بەرپرسی پەیوەندییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە ڕایدەگەیەنێت، وەزارەتەکەیان پێشوازی لە بڕیارەکەی حەیدەر عەبادی بۆ ڕاگرتنی شەڕ لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی دەکات.[1]
- کەناڵی ئافاق عەرەبی چەند وێنەیەکی بەرپرسانی پارتی و حەشدی شەعبیی بڵاوکردەوە کە بە وتەی کەناڵەکە ئەمڕۆ هەردوولا ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی سنوورەکان بۆ ساڵی 2003 بگەڕێتەوە.[1]
- لە هەولێر شەشەم ماراسۆنی نێودەوڵەتی بەڕێوەچوو.[1]

- وەزارەتی بەرگری کەنەدا یارمەتی و کۆمەکە سەربازییەکانی بۆ عێراق بەشێوەیەکی کاتی هەڵپەسارد، بەهۆی ئەو ڕووبەڕووبوونەوە چەکدارییەی لە نێوان هێزەکانی عێراق و پێشمەرگەوە ڕوویاندا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: ئیلام

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن

[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-27

[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-10-27

[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-10-29

کاتی تۆمارکردن: 2017-10-27

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 181

2017-10-28



باکووری کوردستان

- ڕێکخستنە گشتییەکانی پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە لە شاری وان-ی باکووری کوردستان، دوویەمین کۆنگرەی خۆی بەست، سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی گشتیی زیندانیکراوی ئەو حزبە، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی کۆنگرەکە کرد.[2]

باشووری کوردستان

- بەهۆی خراپیی ڕەوشی کەرکووکەوە، شەوانە قەدەخەی هاتوچۆ ڕاگەیەندراوە.[1]
- لە گەڕەکی ڕاپەڕینی شاری سلێمانی گەنجێکی ئاوارەی کەرکووک کە لە کەمپی ئاوارەکانی خاکدا دەژیا بە فیشەک کوژرا.[2]
- ڕێکخراوی ستۆپ بە هاوکاری ڕێکخراوەکانی RIDو NPAی نەرویجی، میتینگێکی لە هەولێر لە بارەی بەرپرسیارێتی میدیا لە ڕووداوەکان و تەنگەژە ئەمنییەکانی ئەمدواییە ئەنجامدا. لە سیمیناڕەکەدا باس لە ڕۆڵی خراپی میدیای کوردی لە ڕووداوەکانی ئەم دواییەدا کرا.[3]
- وتەبێژی نوسینگەی سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند ئەوەی ئێستا لە باکوری عێراق دانوستان نییە بەڵکو ڕاگرتنی ئۆپەراسیۆنەکان و جوڵەی هێزە عێراقییەکانە لەپێناو دەستەبەکردنی بڵاوبونەوەی هێزە عێراقییەکان و سەپاندنی دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵی.[4]
- دان لۆ بۆتیلیێە، وتەبێژی ڕەسمی وەزارەتی بەرگری کەنەدا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسیدا ڕایگەیاند، وڵاتەکەی تەواوی هاوکارییە سەربازییەکان بۆ عیراق و هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی کاتی ڕادەگرێت.[3]
- جەعفەر ئیبراهیم، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند، مەسعود بارزانی، نامەیەکی بۆ پەرلەمانی کوردستان ناردووە و لە دانیشتنی سبەی یەکشەممەشدا نامەکە دەخوێندرێتەوە.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان

- تۆپخانەکانی تورک، بنکەکانی هێزی ئەرکی خۆبەرێوەبەریان لە گوندی زورمغار تۆپباران کرد کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری کۆبانێ و کەناری ڕووباری فورات بەرامبەر شاری جەرابلوس.[2]
- دەستەی ناوخۆیی کانتۆنی جزیرە، ڕایدەگەیەنێت کە دەروازەی سێمێڵکا بەڕووی هاوڵاتیاندا کراوەیە کە نەخۆش بن یاخود کاری مرۆیی بکەن یان ئیقامەی باشوری کودستانیان پێ بێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

شار و شارۆچکەکان: جەزیر - ڕۆژاوا

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: وان

شار و شارۆچکەکان: کۆبانی

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 28-10-2017
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 28-10-2017
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئاوێنە - 28-10-2017

کاتی تۆمارکردن: 28-10-2017

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 182

2017-10-29



باشووری کوردستان
- پەڕلەمانی کوردستان بۆ دەنگدان لەسەر پرۆژە یاساکانی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم کۆبووەوە. لە کۆبوونەوەکەدا نامەیەکی مەسعود بارزانی خوێندرایەوە. لەلایەکی تریشەوە پشێوی لە پەڕلەماندا دروستبوو بەهۆیی ئەوەی چەند کەسێک هێرشیانکردە سەر ڕابوون مەعروف.[4]
- لەناو پەڕلەمانی کوردستان و دەرەوەیدا هێرشکرایە سەر ڕۆژنامەنووسان و هەندێک لە کەلوپەلەکانیان تێکشکێنرا.[4]
- بارەگاکانی بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە زاخۆ سووتێنران.[4]
- ئەرکان شەریف کامێرامانی کوردستان تی ڤی لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە لە باشوری کەرکووک کوژرا.[4]
- پاش ئەوەی کۆمەڵێک پەڕلەمانتاری گۆڕان و کۆمەڵ بەهۆی تووندوتیژییەکانەوە نەیانتوانی لە پەڕلەمان بێنەدەرەوە، دەرەنگانی شەو توانییان بە سەلامەتی لە پەڕلەمان بێنەدەرەوە.[4]
- مەسعود بارزانی لە ڤیدیۆیەکی 22 خولەکیدا دەستەڵاتەکانی دابەشکرد و هۆکاری شکستەکانی 16ی ئۆکتۆبەری خستەپاڵ خیانەتی ناوخۆیی و پشتێکردنی ئەمریکا و خۆرئاوا. ڕاشیگەیاند کە هەر وەک پێشمەرگەیەک لە خزمەتی کورد و دۆزەکەیدا دەبێت.[4]
- بزووتنەوەی گۆڕان ڕایدەگەیەنێت، کە جێگای باوەڕی هیچ کەس و لایەنێک نییە، کە لایەنی دەسەڵاتدار لە هەوڵێر توانای کۆنترۆڵکردنی ئەو خەڵکە ئاژاوە گێڕەی نەبێ کە ڕۆیشتوونەتە ناو حەرەمی پەرلەمان، دەشڵێت:ئەوەی کە لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا ڕووەدات، پێشهاتێکی هەرە مەترسیدارە.[5]
- لە شەوی ڕابردووەوە سەرجەم ناوچەکانی باشووری کوردستان کەوتوونەتە بەردەم شەپۆلێکی چڕی خۆڵبارین، بەڕادەیەک مەودای بینین زۆر کەمبووەتەوە، دەیان کەسیش بەهۆی تەنگەنەفەسی ڕەوانی نەخۆشخانەکان کراون.[1]
- فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای سلێمانی بەهۆی دواکەوتنی موچەوە مانگرتنیان ڕاگەیاند و ڕۆشتنەوە بۆ ماڵەوە.[2]
- یەکێتی مامۆستایان ڕایدەگەیەنێت، چەند قوتابخانەیەک لە سنوری سلێمانی بەهۆی دواکەوتنی موچەوە دەوامیان ڕاگرتووە سەبارەت بە بایکۆتی خوێندنیش دەڵێت، مامۆستایان وادەیەکیان بۆ بایکۆتکردن داناوە.[2]
- عەلی قەرەداغی، ئەمینداری گشتیی یەکێتیی جیهانی زانایانی موسڵمان لەبارەی شەڕی نێوان پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان فتوا دەدات و بەهەموو شێوەیەک شەڕ حەرام دەکات. هاوکات دەشڵێت: هەر کەسێک بەهۆی بەرگریکردن لە خاکی خۆی بکوژرێت شەهیدە.[1]
- فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی کەرکووک، ئاشکرایکرد، فەرمانێک لە دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق دەرچووە، بۆ پێکهێنانی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی کەرکووک، لەبری ڕۆژهەڵاتی دیجلە و بارەگاکەشی لە کەرکووک دەبێت.[3]
- ئەبوبەکر هەڵەدنی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لەپەرلەمانی کوردستان دەستی لەسەرۆکایەتی فراکسیۆنەکەی کێشایەوە و سەرۆک و جێگرێکی نوێ بۆ فراکسیۆنەکە هەڵبژێردران.[4]
- سەفین دزەیی وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دوارۆژی ڕاگەیاندتائێستا گرێبەستی 50 ساڵەمان لەگەڵ حکومەتی تورکیا هەیە و هیچ کێشەیەک بۆ گرێبەستەکە دروست نەبووەو بەردەوامە و هەڵنەوەشێندراوەتەوە.[2]
- ئاری هەرسین ئەندامی پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستانی بەجێهێشت و ڕایگەیاندپیلانێکی نێودەوڵەتی لەدژی مەسعود بارزانی هەیە.[2]
- شاندێکی تورکمانی عێراق بە سەرۆکایەتی ئەرشەد سالحی، لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە ئەنقەرە کۆبوونەوە و داوای لە

ئەردۆغان کرد پشتیوانییەکانی بۆ تورکمانانی عێراق بەردەوامبێت.[2]
- بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی فرانس پرێس، هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە عیراقییەکان گەیشتنە ڕێککەوتن لەسەر بڵاوەپێکردنی هێزە عیراقییەکان لە دەروازەی سنووری ئیبراهیم خەلیل (فیشخابوور).[5]
- ڕۆژنامەی جمهوریەتی تورکیا ئاشکرایدەکات، لەدوای کۆبوونەوەکەی عەبادی و ئەردۆغان، حکومەتی ناوەندی عێراق فەرمانی ڕێگەدان بە مانەوەی سوپای تورکیای لە باشیک دەرکردووە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-10-29
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-29
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردستان 24 - 2017-10-29
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-10-29
کاتی تۆمارکردن: 2017-10-29
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 183

2017-10-30



باشووری کوردستان
- یەکێتی داوای ڕوونکردنەوە لە پارتی دەکات لەسەر سووتاندنی بارەگاکەیان لە زاخۆ.[1]
- ڕابوون مەعروف، ئەندامی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، کە سیداد بارزانی هات بۆ پەرلەمان و 10 بۆ 15 چەتە هاتن و بۆ ماوەی یەک کاتژمێر ئەشکەنجەیان دام، هەموو ئەو ئەشکەنجانەیان بە کامێرا تۆمارکرد.[3]
- وەلید جونبلات کە یەکێکە لە سەرکردە دیارەکانی وڵاتی لوبنان، لەدوای ڕووداوەکانی ئەم دووایییەی هەرێمی کوردستان و گرژبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا باس لە پرسی کورد دەکات و دەڵێت: پرسی کورد نامرێت.[2]
- قایمقامی زاخۆ ڕایگەیاند: چەندان کەس لەسەر سووتاندنی بارەگا حزبییەکان دەست بەسەر کراون.[1]
- کۆمەڵەی وێنەگرانی کوردستان شەهیدکردنی وێنەگرێکی دەزگای سەتەلایتی کوردستانی لەلایەن میلیشیاکانی حەشدی شەعبی ئیدانە کرد و ڕای گەیاند، ئەمە فەرهەنگی عەقڵیەتی شۆڤێنیی عەرەب و دوژمنانی کوردستانە.[4]
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ ڕایدەیگەیەنێت ڕوداکانی ڕۆژی 29-10-2017 لە پەرلەمانی کوردستان، هۆکارەکەی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسی ئەندامێکی پەرلەمان بووە کە وشەی ناشیرینی بەرامبەر بە هەندێک سەرکردە و لایەنی سیاسی بەکارهێناوە.[1]
- شەوی ڕابردوو، لە نێوان تەقتەق و کەرکووک، دوو سەربازی سوپای ئێراق کوژران.[1]
- گروپی دەنگی شەقام ئیدانەی هێرشەکانی دوێنێی ناو پەرلەمان دەکات و دەڵێت: پێویست بوو ڕق و تووڕەیی و لێهاتوویی هێرشبەرەکان بۆ جەنگی بەرگریی لە کەرکووک و شەنگال و مەخمور و زومار بەکاربهاتایە، نەک بۆ خەڵکی سڤیل و ناوخۆ و نوێنەرانی خەڵک و ڕۆژنامەنووسان.[3]
- فەرمانگەی لێکۆڵینەوەی سەر بە دەستەی دەستپاکی (نزاهە) ئەمڕۆ لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، دادگای کەتنی تایبەت بە دۆسیەی دەسپاکی سزایەکی بە شێوەی نائامادەیی دەرکرد کە بریتیە لە زیندانیکردنی تەمر ڕەمەزان فەتاح، پارێزگاری پێشووی دهۆک بۆ ماوەی 10 ساڵ.[2]
- هێرش کرایەسەر نوسینگەی هەولێری کەنالی NRT و کەلوپەلەکانی شکێنرا.[1]
- وتەبێژی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم ڕایدەگەیەنێت، وەزیری کار بڕیاریدا بە ڕادەستکردنەوەی سەرجەم سزادراوانی داعش لە کوردستان، بەڵام بەمەرجێک بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.[2]

- مەسعود بارزانی و بەرهەم سالح بەجیا لەگەڵ باڵیۆزانی فەرەنسا و ئەڵمانیا کۆبوونەوە.[1]
- نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عێراق ئیدانەی کوشتنی ڕۆژنامەوانەکەی داقوق و هەڕەشە و کردە تووندوتیژییەکانی سەر ڕۆژنامەنوس و ئەندام پەرلەمان و بارەگا حزبییەکان دەکات.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ڕژێمی بەشار ئەسەد پێشنیازی بۆ پارتی یەکێتی دیموکراتی سوریا (پەیەدە) کردووە لە بەرامبەر کشانەوە لەو ناوچانەی کۆنترۆڵیکردوون، ئۆتۆنۆمی بداتە ڕۆژئاوای کوردستان، بەڵام ئەوان ڕەتیانکردووەتەوە و داوای فیدرالییان بۆ سەرجەم ئەو ناوچانە کردووە کە لە ئێستادا لەژێر دەستیاندایە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێراق
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: لوبنان
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-30
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-10-30
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-10-30

کاتی تۆمارکردن: 2017-10-30
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 184

2017-10-31



باکووری کوردستان
- دوای ئەوەی ژمارەیەک لە کەسی فاشیست لە شاری ستراسبۆرگی فەرنسا، هەوڵیاندا هێرش بکەنە سەر ئەو چالاکییەی، کە بۆ زانینی دۆخی تەندروستی عەبدوڵلا ئۆجالان ڕێپەری پەکەکە ڕێکخراوە، پۆلیسی فەرنساش هێرشی کردە سەر بەشداربووانی چالاکییەکە، لە هێرشەکەدا 7 چالاکوان دەستگیر کران و چەند کەسێکیش بریندار بوون.[4]
باشووری کوردستان
- دەرەنگانی شەوی ڕابردوو، لە شاری سلێمانی تەقە لە بارەگای لق و ناوچەی چواری پارتی لە شاری سلێمانی کرا.[1]
- سەرۆکوەزیرانی عێراق لەبارەی هێزی پێشمەرگە دوو بڕیارە دەخاتە بەردەم حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەڵێت، یان دەبێت ببنە بەشێک لە هێزی بەرگریی عێراق، یان دەبێت ژمارەیان کەمبکرێتەوە و ببنە هێزێکی لۆکاڵی، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش خۆی مووچەیان بدات.[2]
- دادگای بەرایی سلێمانی ئەنجامی دوا پشکنینی (مریەم باروتجیان - هاوناز) ئاشکرا دەکات کە بە هاوناز ناسراوەو یەکێک بوو لە ونبووەکانی ڕووداوی کیمیابارانی هەڵەبجە و ڕایدەگەێنێت کە ئەو کچە ئەندامی ئەو خێزانەی هەڵەبجە نییە کە پێشتر دەرکەوتبوو منداڵی خێزانێکی ئەو شارەیە.[3]
- پەرڵەمانی ئێراق وەک کاردانەوەیەکی ئاهەنگەکانی ڕیفراندۆمی باشووری کوردستان، بڵندکردنی ئاڵای ئیسرائیلی بە تاوان ناساند.[1]
- دەزگای ستراتفۆر، کە دەزگایەکی هەواڵگری ئەمریکیە پێشبینیەکانی لەبارەی پێشهاتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە و دەڵێت هەرێمی کوردستان بەمنزیکانە لەلایەن چەند سەرکردەیەکی نوێوە بەڕێوەدەبرێت، بەڵام هەرێمەکە ڕووبەڕووی کێبڕکێ و دابەشکاری کۆمەڵایەتی دەبێتەوە.[5]
- فرسەت سۆفی، پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی کوردستان ڕەتیدەکاتەوە هێرشی کردبێتە سەر ڕابون مەعروف و ڕایدەگەیەنێت کە تەنیا پێوتووە داوای لێبوردن بکات تا تووڕەیی خەڵک کەم بێتەوە.[5]
- بڕیاردەری لێژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق ڕاگەیاند، پشکی بەشە بوودجەی هەرێمی کوردستان، لە پرۆژە بودجەی ساڵی 2018 کەمکراوەتەوە بۆ سەدا 12، 67 ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش گۆڕدراوە بۆحکومەتی پارێزگاکانی کوردستان.[6]
- وتەبێژی حکومەتی هەرێم ڕایدەگەیەنێت، هیچ کاتێک بەشە بودجەی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ڕێژەی 17% نەبووە، بەڵکو زۆر کەمتر بووە.[3]
- سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئیدانە و سەرکۆنەی شەهیدکردنی ڕۆژنامەڤان ئەرکان شەریف لە داقووق دەکات. هاوکات سەرکۆنەی هێرشکردنە سەر ڕۆژنامەڤان و پەیامنێرانی کەناڵەکان لە پەرلەمانی کوردستان دەکات.[2]
- حەیدەر عەبادی ڕایگەیاند: بەمزوانە موچەی پێشمەرگە و فەرمانبەرانی هەرێم دەدەین.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەڕفانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات لە شاری مەیادین چوار ژن و کوردێکی گەنجیان لە چنگی چەتەکانی داعش ڕزگارکرد، کە لە ڕۆژی 3ی ئابی 2014دا ڕفێندرابوون و ئەو گەنجانە خەڵکی شارەدێی خانەسۆری سەربە شەنگالن.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێراق
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-10-31
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-31
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-10-31
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی سپی میدیا - 2017-10-31
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-10-31
کاتی تۆمارکردن: 2017-10-31
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 185

2017-11-01



باکووری کوردستان
- گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل- هەپەگە، لە گۆڤەندی سەربە شەمزینانی جولەمێرگ دژی هێزەکانی سوپای تورک چالاکییان ئەنجامدا، لەو چالاکییەدا پێنج سەربازی تورک کوژران.[4]
- بەهۆی بارینی بەفرێکی زۆرەوە ڕێگای نێوان شاری وان بۆ میسک داخرا.[4]
- مووراد قەرەیلان، ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتیی پارتی کرێکارانی کوردستان- پەکەکە، دەڵێت، کە هێزەکانمان لە

کەرکووک ڕۆژێک پاش هەموو هێزەکانی دیکەی باشور کشانەوە، تەنانەت ئاگاداریشیان نەکردینەوە بۆ پاشەکشە.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتیی قەیران لە پارێزگای کرماشان ڕایگەیاند، خوێندنگە و زانکۆکانی ئەو پارێزگایە بەهۆی چڕبوونی خۆڵبارین ئەمڕۆ پشوویان دەبێت.[2]
- بەگوێرەی سەرچاوە خۆجێییەکان ئێران شاڵاوێکی دیکەی ڕەوانەکردنی هێز بەرەو شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستپێکردووە و ئەو هێز و کەرەستانە بەتایبەتی لە سەر سنوورە دەستکردەکانی نێوان ڕۆژهەڵات - باشورو ڕۆژهەڵات - باکوری کوردستان جێگیردەکرێن.[4]
باشووری کوردستان
- مامۆستایانی نارازی لە سلێمانی، کەلار و کۆیە خۆپیشاندانیان ئەنجامدا بۆ داواکردنی موچەی مامۆستایان.[1]
- گوتەبێژی سەرۆکایەتیی تورکیا ڕایگەیاند، لەگەڵ عەبادی قسەیان لەسەر ئەوە کردووە دوای شەڕی داعش دەبێ بوونی پەکەکە لە عێراق یەکلایی بکرێتەوە.[2]
- حەیدەر عەبادی ڕایگەیاند، هەموو ئە و سنوورانەی لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی عێراق فیدراڵدان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەتەنیا بەڕێوەدەبرێن و لە هیچیاندا ئیدارەی هاوبەش نابێت لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان.[3]
- سەرۆکی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان ڕایگەیاند، لەم قۆناخەدا لەگەڵ خۆپیشاندان و بایکۆتکردنی پرۆسەی خوێندندا نین. دەشڵێت داوایان لە حکومەت کردووە بەزووی مووچەی مامۆستایان دابەشبکات.[2]
- ژمارەیەک لە پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و کەسوکاری شەهیدان لەبەردەم مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کۆبونەوە و خۆپیشاندانێکی ناڕەزایان ئەنجامدا و داوای کۆنگرەی یەکێتی دەکەن.[3]
- فڕۆکەکانی تورکیا چەند ناوچە و چیای سەر بە شارۆچەی سیدەکانیان لە شارۆچکەی سۆران بۆردومان کرد.[1]
- چوار هاوڵاتی کورد کە ماوەی زیاتر لە 15 ڕۆژە لەلای هێزە عێراقییەکان بەدیلگیرابوون، ئازادکران.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سەدان هاوڵاتی باکوری سوریا و هەزاران هاوڵاتی خەڵکی کۆبانێ لە ناوەندی شاری کۆبوونەوە ئاهەنگی ڕۆژی جیهانی کۆبانێیان دەستپێکرد، ئەوە سێیەم ساڵە کە ئەو ڕۆژە لە کۆبانێ ئاهەنگ دەگێڕدرێت.[4]
- لە کانتۆنی شەهبا، ڕێپێوانێک ئەنجام درا بە مەبەستی پشتیگیریی ئۆجالان و وەرگرتنی زانیاریی ڕاست سەبارەت بە دۆخی تەندروستیی ئۆجالان، لە خۆپیشاندانەکەدا گەنجێک هەوڵیدا خۆی بسووتێنێت، بەڵام لەلایەن خۆپیشاندەرانی دیکەوە ڕێگری لێکرا و ئەو ئاگرەی لە جەستەی بەردابوو کوژێندرایەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-11-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-11-01

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-11-01
کاتی تۆمارکردن: 2017-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 186

2017-11-02



باکووری کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ لەئەنجامی بەرپابوونی شەڕ لەنێوان هێزە ئەمنییەکانی تورکیا و گروپێک لەگەریلاکانی پەکەکە لەنزیک شاروچکەی شەمزینان، سەر بە شاری هەکاری لەباکوری کوردستان چوارکەس لەهێزە ئەمنییەکانی تورکیا کوژران.[1]
- سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای تورکیا ڕایگەیاند: لە شاروچکەی شەمزینان سەر بە پارێزگای هەکاری لە پێکدادانێکدا لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و پەکەکە کە بە نیازبوون بە سوودوەرگرتن لە نالەباری کەشوهەوا و تەمی چڕ هێرش و پەلامار ئەنجامبدەن، شەش سەرباز و دوو جاش کوژران و دوو سەربازی دیکەش بریندارببوون کە بریتی یەکێکیان سەختە.[6]
- بەهۆی بارینی بەفرەوە کە لە دوێنێ شەوەوە دەستپێکردووە، دەروازەی کاراپەت لەسەر ڕێگای وان-باهچەسەرای کە دوو هەزار و 985 مەتر لەئاست ڕووی دەریاوە بەرزە بەرووی هاتوچۆدا داخراوە و، هاوواڵتیانیش بێچارە ماونەتەوە.[6]
- پۆلیسی تورک، بەیانی ئەمڕۆ، لە گوندەکانی ئاشوت و زاویێ-ی سەربە شاروچکەی چەڵێ، هەڵیان کوتایە سەر ماڵی ژمارەیەک لە بەڕێوەبەرانی هەدەپە و ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی دەبەپە و 16 کەسیان دەستبەسەر کرد و بردیانن بنکەی پۆلیسی چەڵێ. هەروەها، لە هەرسێ شاروچکەی چەشمە، بایندر و تۆربەلی-ی سەربە لە شاری ئیزمیری ڕۆژئاوای تورکیا، پۆلیس هەڵیانکوتاە سەر چەند ماڵێک و 10 کەسیان دەستگیر کردوو بردوونیانەتە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ئەو ناوچانە.[5]
باشووری کوردستان
- ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر، گردبوونەوەیەک ئەنجام دەدەن و تێیدا ناڕەزایی دژی شەهیدکردنی ڕۆژنامەنووسی کورد ئەرکان شەریف بە دەستی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، دەردەبڕن.[2]
- لە وەڵامی داواکارییەکدا کە لەلایەن حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراقەوە دەربارەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان ئاراستەی کردووە، دادگای فیدراڵی عێراق ئەمڕۆ ڕایگەیاند، ناتوانێت ڕای خۆمان لەبارەی دەستووری یان نادەستووری بوونی ڕیفراندۆم دەربڕین بەبێ گوێگرتن لە لایەنی دووەم.[1][3]
- سکرتاریەتی مام جەلال زیاتر لە 7000 هەزار کتێب و سەرچاوەی وەک دیاریی سەرۆک مام جەلال گەیاندە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی.[4]
- سەنتەری میترۆ و بەشێک لە ڕۆژنامەنووسانی سلێمانی، لە گردبوونەوەیەکدا یادی هەموو قوربانییەکان و ئەو ڕۆژنامەنوسانەیان کردەوە، کە تیرۆرکراون و بکوژانیان دەستگیر نەکراون، داواشیان کرد بکوژانی ڕۆژنامەنووسان بە سزا بگەیەندرێن.[5]
- ڕێکخراوی هیومان ڕایتس ووچ ڕاگەیێندراوێکی لەبارەی کوشتنی کامێرامانێکی کەناڵێکی کوردی ئەرکان شەریف لە شاروچکەی داقوق بڵاوکردەوە و داوای لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوەش دەکات.[3]

- وەزیری نەوتی عیراق ئاشکرای دەکات تاکە بەربەست بەردەم هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک تورکیایە کە داوای چوار ملیار دۆلار دەکات کە پێشتر بە قەرز بە هەرێمی کوردستانی داوە.[1]
- نوێنەرانی کورد لەلێژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، بانگەوازێکی بەپەلە ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن بۆ ڕێگریکردن لەو بەربەست و مەترسیانەی لەناو ڕەشنوسی بودجەی 2018دا هەیە، داواش دەکەن بەپەلە وەفدێک ڕەوانەی بەغدا بکەن و لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق بکەونە دانوستان و ڕێککەوتن.[7]
- فرۆکە جەنگییەکانی تورکیا سنووری هەرێمی کوردستانیان بەزاند، بە بیانووی هەبوونی بارەگاکانی پەکەکە چیای کورەژاریان لە شارەدێی شیلادزێ سەر بە شارۆچکەی ئامێدی بۆردومانکرد.[1]
- ناوی شەقامی شەهید شێرکۆ شوانی لە کەرکووک گۆڕدرا بۆ یلدرم دەمرچی.[8]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: شەمزینان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەکاری
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-11-02
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-11-02
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-11-02
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پوک میدیا - 2017-11-02
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-11-02
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئاژانسی ئەنادۆل - 2017-11-02
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 2017-11-02
[8] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 02-11-2017
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 187
2017-11-03



باکووری کوردستان
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ هێزەکانی پۆلیسی تورک لە پەیاسی سەربە ئامەد هەڵیان کوتایە سەر ماڵێک و دەستیان بە سەردا گرت، لە کاتی ئەنجامدانی ئەو داگیرکەرییەدا تەقەش کراوە. بەگوێرەی ڕاگەیاندنە تورکەکان یەکێک لە نیشتەجێیانی ئەو ماڵە گیانی لە دەستداوە کە ئەندامی یەکینەکانی پاراستنی سڤیل - یەپەسە بووە، لە هێزەکانی پۆلیسیش کەسێک کوژراوە و دە کەسی دیکەش بریندار بوون.[1][2]
- دادوەری تورک سزای 10 ساڵ زیندانی بە سەر سەلما ئیرماک، پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی گەلانی شاری جولەمێرگدا سەپاند.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەگوێرەی هەواڵی ئاژانسە ناوخۆکانی ئێران، لە چاڵدێرانی سەربە ورمێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئەنجامی شەڕێکدا لە نێوان هێزە سەربازییەکانی ئێران و گروپێکی نەناسراو، هەشت سەربازی ئێرانی کوژران.[1]
باشووری کوردستان
- دامەزراوەی شەهیدانی عیراق ئاشکرایدەکات، لەدوای کۆنترۆڵکردنەوەی شارۆچکەی حەویجە لەتیرۆریستانی داعش ژمارەیەک گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزراونەتەوە، بەڕێوەبەری فەرمانگەکەش ئاشکرایدەکات، گوماندەکرێت تەرمی پێشمەرگە و سوپا و خەڵکی سڤیلی تێدابێت.[3]
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا چەند ناوچەیەکی چیای مەتین لە دەڤەری نهێل بۆردومان دەکەن.[4]
- ئەرشەد سالحی سەرۆکی بەرەی تورکمانی لە کەرکووک داوا لەحکومەتی عیراق دەکات حکومەتێکی ناوخۆیی لەکەرکووک پێکبهێندرێت و دەسەڵاتەکانیش بەرێژەی 32% دابەشبکرێت بەسەر پێکهاتەکانی شارەکەدا، ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکیش دواکاریەکە بەنادیموکراسی ناودەبات و ڕایدەگەیەنێت، بەرەی تورکمانی لەڕێگەی ئە و پرۆژانەوە دەیەوێت تەگەرە بخاتە نێو پرۆسەی سیاسی و دانانی پارێزگارێک بۆ شارەکە.[3]
- سەمیر هەورامی، سکرتێری ڕۆژنامەوانی جێگری سەرۆکی حکومەت و وتەبێژی سیستەمی بایۆمەتری بە دوارۆژی ڕاگەیاند: لەئێستادا حکومەتی هەرێم هەشت سەد و نەود و حەوت ملیار و 500 ملیۆن دیناری بۆ مووچەی یەک مانگی مووچەخۆرانی هەرێم پێویستە.[4]
- لە بازگەی قەرەهەنجیر پێکدادن لەنێوان هێزێکی حەشدی شەعبی و چەند کەسێکدا ڕوویدا و بە و هۆیەشەوە ڕێگای سەرەکی نێوان کەرکووک و سلێمانی داخرا. لە ئەنجامی ئەم پێکدادانەدا چەکدارێکی حەشدی شەعبی بریندار بوو.[4]
- فڕۆکەیەکی نەناسراو چەند جارێک بۆردومانی شاخی ئاسۆیان ی لە گوندی گەلاڵەی شارباژێڕ کرد.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: جولەمێرگ

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)
شار و شارۆچکەکان: وەرێ
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی رۆژنیوز - 2017-11-03
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ئاژانسی ئەنادۆل - 2017-11-03
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 2017-11-03
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی دواڕۆژ - 2017-11-03
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2017-11-03
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 188

2017-11-04



دەرەوەی کوردستان
- دەیان هەزار هاوڵاتی لە شاری دۆسڵدۆرفی ئەڵمانیا بە دروشمی ڕێگانادەینە فاشیزم ئازادی لە ئۆجالان و زیندانییە سیاسییەکان بستێنێت، گردبوونەوە و ڕێپێوانیان ئەنجامدا.[4]
باشووری کوردستان
- ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی بڕیاریدا مەکتەبی سیاسی حزبەکەی هەڵبوەشێنێتەوە و لە 01-03-2018دا کۆنگرە ببەسترێت.[3]
- بەرێوەبەری گشتیی ڕاگەیاندن و هۆشیاریی نیشتمانی لە وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان ڕای گەیاند، میلیشیاکانی حەشدی شەعبی خۆیان بۆ هێرشکردنە سەر پێشمەرگە ئامادە دەکەن و لەمبارەیەوە هاوپەیمانانیان ئاگادار کردووەتەوە.[1]
- بە فەرمانی سەرۆک وەزیرانی عێراق، عەبدولئەمیر زەیدی، دەکرێتە فەرماندەی سەپاندنی یاسا و دەسەڵاتە فیدراڵییەکان، لە ناوچە کێشە لەسەرەکان و (باکوری عێراق).[2]
- ئەحمەدی حاجی ڕەشید مەترسیەکانی پرۆژە یاسای بودجەی 2018 عێراق خستەڕوو، ڕایگەیاند لە دوای 2005 وە ئە و بودجەیە خراپترین بودجەیە بۆ کورد جگە لەوەی بەشە بودجەی هەرێم کەمکراوەتەوە، چەندین ئاستەنگ و ڕێگری تریش بۆ پشکی هەرێم دروست کراوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئەڵمانیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری باسنیوز - 2017-11-04
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کەی ئێن ئێن - 2017-11-04
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-11-04

کاتی تۆمارکردن: 2017-11-04

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 189

2017-11-05



باشووری کوردستان
- دوو تەقینەوە کە یەکێکیان خۆکوژی لەنزیک فەرمانگەی باری شارستانی کەرکووک لە شەقامی ئەتلەس و ئەوی تریان لەڕێی ئوتومبیلێکی بۆمڕێژکراوەوە نزیک بارەگای لقی 3ی پارتی لە کەرکووک ڕوویدا و کوژراو و بریندارى لێکەوتەوە.[1]
- خۆپێشاندان دژی دەستبەسەرکردنی ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی غالب محەمەد، سەرۆکی لیژنەی سوتەمەنی و وزە، ئەنجامدەدرێت.[1]
- حکومەتی ئێراق بەشێوەیەکی فەرمی لیستێک ناوی داواکراو ئاڕاستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە بەمەبەستی ڕادەستکردنەوەیان کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان دەژین و پەرلەمانتارێکی شیعەش هەڕەشەی ئەوە دەکات کە ئەگەر ئەو داواکراوانەیان ڕادەست نەکەنەوە بە زەبری هێز لە ناو هەرێمدا دەستگیریان دەکەن.[2]
- دەرباز محەمەد وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق لەسەر پشکی بزوتنەوەی گۆڕان داوا لە مەسعود بارزانی دەکات ئەنجامی ڕاپرسی هەڵبوەشێنێتەوە و هۆشیاری دەدات لەوەی زۆرتر دواخستنی ئەو بریارە کوردستان ڕوبەڕوی چارنوسێکی نادیار دەکات.[3]
- ژمارەیەک چەکداری نەناسراو لەشاری کەرکووک هێرشیانکردە سەر هێزێکی هاوبەشی پۆلیسی شارەکە و دژەتیرۆری عێراق، بەهۆیەوە کوژراو و بریندارى لێکەوتەوە.[1]
- کۆنگرێسی ئەمریکا نەخشەڕێگەیەک بۆ ئابڵوقەدانی عەساییی ئەهلی حەق و یەکەی نوجەبای حەشدی شەعبی عێراق، ئاڕاستەی ئەنجومەنی نوێنەرانی وڵاتەکەی کرد.[2]
- ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق پرۆژەیاسای بودجەی 2018 ی پەسەندکرد، پشکی هەرێمی کوردستانیش بۆ 12.67%

کەمکراوەتەوە.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- لە رۆژئاوای کوردستان بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و بەرزکردنەوەی وێنەی پێشمەرگە، رێپێوانێک بۆ پشتیوانی لە باشووری کوردستان رێکخرا.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: رۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێراق
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-11-05
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیو - 2017-11-05
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2017-11-05
کاتی تۆمارکردن: 2017-11-05
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 190

2017-11-06



رۆژهەڵاتی کوردستان
- فەرماندەی پاراستنی سنووری ئێران هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوە لە بکوژانی 8 کەس لە هێزە سەربازییەکانی ئێران دەکات کە دوو رۆژ پێش ئێستا لە سنووری پارێزگای ورمێ کوژران.[2]

- منداڵە کۆڵبەرێکی کورد، تەمەن 13 ساڵان لە سنوورە دەستکردەکانی نێوان رۆژهەڵات و باکوری کوردستان لە شاری خۆی-ی سەربە پارێزگای ورمێ، بەهۆی ئەشکەنجەی هێزە سەربازییەکانی ئێرانەوە کوژرا.[4]
باشووری کوردستان
- دادگای فیدراڵی عێراق ڕایگەیاند کە بەپشتبەستن بە شرۆڤەیەی مادەی یەکی دەستور گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی کە هیچ پێکهاتەیەکی عێراق بۆی نییە جیابێتەوە ئەوەش وەک ئاماژەیەکە بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان.[1]
- نێچیرڤان بارزانی ڕایگەیاند، ئەگەر حکومەتی عێراق 17 لەسەدی بودجەی عێراقمان بداتێ ئامادەین گشت نەوتی هەرێمیان ڕادەستبکەین و لیستی موچەشمان ئامادەیە ئەگەر بەغدا دەیەوێت خەرجیبکات و ئێمە پێشوازییان لێدەکەین.[1]
- نوسینگەی حەیدەر عەبادی لە ڕاگەیاندراوێکدا دەڵێ: پێویستە هەرێمی کوردستان پابەندبوونی خۆی بەجیانەبوونەوە لە عێراق ڕابگەیەنێت.[3]
- بزووتنەوەی گۆڕان ڕەتیکردەوە وەزیرەکانی بنێرێتەوە هەولێر. بەڵکو داوای دەستلەکارکێشانەوەی حکومەتی هەرێم و دامەزراندنی حکومەتی ڕزگاری نیشتمانی دەکەن.[3]
- مەسعود بارزانی، لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ ڕادیۆی ئێن پی ئاڕی ئەمریکی، کە یەکەم چاوپێکەوتنیەتی لەدوای ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند پەشیمان نییە لەوەی ڕیفراندۆمی ئەنجامداوە. هەروەها سەرۆک بارزانی ڕایدەگەیەنێت کە بەهۆی پشتگیرییکردنی ئەمریکا لە حکوومەتی عێراق لەدژی کوردستان، هەرێمی کوردستان پێداچوونەوە بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکادا دەکەن و گوتیشی: هەڵوێستی ڕووسیا لەمەڕ ڕیفراندۆم هەڵوێستێکی پۆزەتیڤانە بووە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان

شار و شارۆچکەکان: ورمێ

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-11-06
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-11-06
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-11-07
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2017-11-07

کاتی تۆمارکردن: 2017-11-06

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 191

2017-11-07



رۆژئاوای کوردستان
- ئەنجومەنی سەربازی مەنبەج هێرشێکی چەکدارانی قەڵغانی فورات و چەکدارانی دیکەی سەر بە تورکیا بۆ سەر سەنگەرەکانیان لە باکوری شارۆچکەکە تێکدەشکێنن.[1]
باشووری کوردستان
- ئاری هەرسین فراکسیۆنێکی نوێ ڕادەگەیێنێت و دەڵێ ئەمە ئینشقاق نییە لە پارتی، بەڵکو خۆجیاکردنەوەمانە لە فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان، هۆکاری ڕاگەیاندنی فراکسیۆنەش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە تائێستا حیزبێک نییە نوێنەرایەتی خەڵکی کورد بکات، هەموو حیزبەکان کوردستانین، پێیان عەیبە بڵێن من کوردم، نەوەک عەرەبێک پێیبڵێت تۆ کەسێکی شۆڤێنیت.[2]
- کەسوکاری ئە و کەسانەی لە ماوەی ساڵانی 2003ەوە تا ئێستا لە کەرکووک بێ سەرو شوێنکراون، لەبەردەم بینای پارێزگای کەرکووک گردبوونەوە و داوایان کرد بەرپرسان چارەنوسی ڕۆڵەکانیان دیاری بکەن، بەشێک لە و هاوڵاتیانەش ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن، ڕۆڵەکانیان ماوەی چەند ساڵێکە لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە بێسەر و شوێن کراون و تا ئێستاش چارەنوسیان نادیارە.[3]
- حەیدەر عەبادی، داوادەکات لێکۆڵینەوە لە داواکاری کەسوکاری دەستگیرکراوان لای ئاسایشی کەرکووک بکرێت.[2]
- موقتەدا سەدر سەرۆکی ڕەوتی سەدر فەرمان دەکات هێزەکانی سەریا سەلام لەماوەی 72 کاتژمێری دەهاتوودا لە کەرکووک بکشێنەوە.[1]
- پۆلیسی سلێمانی ڕایگەیاند، بەهۆی دەسترێژی گوللەوە لەناو بارزارێکی سلێمانیدا سێ کەس برینداربوون و تۆمەتبارەکەش دەستگیرکراوە.[4]
- ئارام حاتەم، بەڕێوەبەری پلاندانان لەوەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ڕاگەیاند ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا بە ڕاگرتنی مووچەی شەش هەزار و 700 کەمئەندام کە مووچەی مانگانەیان لەنێوان 60 تاکو 90 هەزار دینارداید، ئەمەش بەهۆی ئەوەی بۆ دووبارە پشکنینەوەی ڕێژەی کەمئەندامییان سەردانی لیژنە پزیشکییەکانیان نەکردووە.[5]
- نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق (یونامی) داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات ڕێز لە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی عێراق بگرێت کە ڕایگەیاندووە دەستوور ڕێگە بە جیابوونەوەی هیچ پێکهاتەیەک نادات. هاوکات یونامی ئامادەیی

خۆی بۆ نێوەندگیری لەنێوان هەولێر و بەغدا بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ دووپاتدەکاتەوە.[2]
- ئوتومبیلێکی مینرێژکراو لە خورماتوو تەقییەوە و کوژراو و بریندارى لێکەوتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-11-07
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کەی ئێن ئێن - 2017-11-07
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئێن ئار تی - 2017-11-07
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-11-07
کاتی تۆمارکردن: 2017-11-07
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 192

2017-11-08



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لقی ورمێی دادگای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران سزای سێدارەی بەسەر دوو زیندانی سیاسیی کورد بەناوەکانی دیاکۆ ڕەسولزادە و

سابیر شێخ عەبدوڵڵا دا سەپاند.[6]
- هێزەکانی سەر بە ئیتلاعاتی ئێران، هەڵیانکوتایە سەر مااڵی هاوڵاتیان لە شارۆچکەی چاڵدێرانی سەر بە پارێزگای ورمێ و سێ کەسیان دەستگیر کرد و ئەشکەنجەیان دان.[6]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕایگەیاند، هەفتەی داهاتوو مووچەی سەرجەم وەزارەت و دەستە و دەزگاکانی هەرێم دابەش دەکرێت.[1]
- ژمارەیەک لە مامۆستایان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەڵەبجە، بەسەرپەرشتی دەستەی داکۆکی لەمافی مامۆستایان دووهەمین گردبونەوەی خۆیان ئەنجامداو هەفتەی یەکەمی بایکۆتی هۆڵەکانی خوێندنی تێپەڕاند و ڕاشیدەگەیەنن: ئەگەر دەسەاڵت واتێدەگات لەداواکردنی مافەکانمان ماندو دەبین، ئێمە ماندونابین و بەردەوام دەبین.[2]
- وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا داوای لەپەرلەمانی وڵاتەکەی کرد ئەرکی سەربازەکانی لەهەرێمی کوردستان درێژبکاتەوە کە مەشق بە پێشمەرگە دەکەن.[3]
- یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان پەیامێک ئاراستەی لایەنە سیاسییەکانی هەرێم دەکات و هۆشداریشدەدات لەوەی بەهیچ شێوەیەک زمانی هەڕەشە بەرامبەر بەغدا بەکارنەهێندرێت، بەوتەی پەرلەمانتارێکی یەکێتیش لەبەغدا، زمانی هەڕەشە خزمەت ناکات، ئەوانەی هەڕەشەیان دەکرد کە وا دەکەین و بەمشێوەیە دەکەین ئەوە ئەنجامەکەیبوو کەئێستا تێیداین، دەشڵێت:عیراق سورە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامی ڕیفراندۆم.[4]
- کونسڵخانەی ئێران لە هەولێر ڕایدەگەیەنێت، هیچ بڕیارێک بۆ کردنەوەی هەردوو دەروازەی سنووری حاجی ئۆمەران و پەروێزخان لەلایەن ئێران و عێراقەوە نەدراوە.[3]
- وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان لەبارەی نەناردنی دەرمان لەلایەن بەغداوە ڕایگەیاند، هیچ پەیوەندییەکی بە کێشە سیاسییەکانەوە نییە، بەڵکو ئەو پارەیەی لە بودجەی ساڵی 2017 ی عێراقەوە بۆ کرێنی دەرمانی هەرێمی کوردستان دانرابوو تەواوبووە. دڵنیاییشی دا کە حکومەتی عێراق بڕیاری داوە دەست بە هەناردەکردنی دەرمان بکاتەوە.[5]
- بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان کورسیەکەی د. شوان قەاڵدزەیی لە پەرلەمانی کوردستان بەبەتاڵی دەهێڵێتەوە، وتەبێژی بزوتنەوەکەش هۆکارەکەی ئاشکرادەکات و ڕایدەگەیەنێت، وەکو بزوتنەوە و خودی د.شوان-یش دژی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان بوین.[4]
- لە گوندێکی سنوری خورماتوو شەڕ لەنێوان ئاسایشی یەکێتی و چەکدارانی داعش ڕوویدا چەکدارێکی داعش کوژرا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەڵمانیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیو - 2017-11-08
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-11-08
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 2017-11-08
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-11-08
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-11-09
کاتی تۆمارکردن: 2017-11-08
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 193

2017-11-09



باکووری کوردستان
- بەتۆمەتی بانگەشەکردن بۆ پەکەکە دادگای ڕووها بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ عوسمان بایدەمیر، گوتەبێژی پارتی دیموکراتی گەلان (HDP) دەرکرد.[7]
- لە شاری هانۆقەری ئەڵمانیا ژمارەیەک هاوڵاتی کورد گردبوونەوە بە مەبەستی پێشوازیکردنی پاسی کتێبخانەی ئۆجالان کە بە شارەکانی ئەوروپادا دەگەڕێت، پۆپلیسی ئەڵمانیا هێرشی کردە سەر خۆپیشاندەران.[3]
باشووری کوردستان
- نوێنەری فدراسیۆنی پەنابەرانی هەرێمی کوردستان لە تورکیا ئاشکرای کرد کە دوای 11 ڕۆژ لە دیار نەمانی، ئەمڕۆ پێنجشەممە (9 / 11/ 2017) هەواڵی دۆزرانەوەی تەرمی هاووڵاتییەکی سنووری شاری ڕانیەیان لە ئیتاڵیاوە پێگەیشتووە کە ویستوویەتی بەو وڵاتەدا بۆ ئەوروپا کۆچ بکات.[1]
- پەرلەمانی کوردستان، لە ڕاگەیێندراوێکدا ئاماژە بەوەدەکات کە دوای پەسندکردنی یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان، بەپێی برگەی (سێیەم)، ماددەی یەکەم/ یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 2017، دەسەڵاتی دەرچوواندنی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان بە واژۆی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بە دەرچوو دادەنرێت.[2]
- ژمارەیەک لە پزیشکانی نیشتەجێی خولاوی شاری سلێمانی داوادەکەن، کە مووچەکانیان لەکاتی خۆیدا پێبدرێت و سیستمی پاشەکەتی مووچە هەڵبگیرێت.[3]
- ئاژانسی دەنگوباسی ڕۆیتەرز لەسەر زاری چەند سەرچاوەیەکی بانکییەوە ئاشکرایکردووە بانکی ناوەندی عێراق موچەی هەفتەیەکی داوەتە بانکە ئەهلییەکان تا وەکو لقەکانی خۆیان لە ناو هەرێمی کوردستاندا دابخەن.[4]
- کاتژمێر 10ی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، لە هۆڵی سەنتەری چالاکی گەنجانی کەلار لە شارۆچکەی کەلار ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، بەدەستپێشخەری ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی، بە ئامادەبوونی بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان و مامۆستایانی پێنج خوێندنگای سنوورەکە، بە مەبەستی نەهێشتنی هەموو شێوازەکانی تووندوتیژی ولە پێناو چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ململانێکان کۆنفرانسێک بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ململانێکان بەڕێوەچوو.[3]
- سەرۆک وەزیرانی عێراق لەسەر داوای هەردوو وەزیرە کوردەکەی یەکێتی و گۆڕان ڕەزامەندی نیشاندا بۆ جێگیربونی هێزێکی عێراقی کوردی لە خورماتوو.[5]
- لە پێشانگایەکی تایبەتدا لە ڕانیە چەند ڕۆبۆتێک نمایشکران کە لە لایەن چەند بەهرەمەندێکی ڕانیەوە دروستکرابوون.[6]
- لە شاری سلێمانی، چلەی ماتەمینی گەڕیدە و مێژوونووس و جوگرافیاناسی ناسراوی کورد، کەریم زەند بەڕێوەچوو.[3]
- لە گەرەکی شۆریجەی شاری کەرکووک تەقە لە هێزە ئەمنییە عێراقییەکان کرا.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە سێ گۆشەی ڕووبارەکانی خابور و فورات لە نێوان شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات و چەتەکانی داعش دا شەڕێکی سەخت ڕووەدات.[3]

- شەڕفانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات شارۆچکەی مەرگەدە و 24 گوندی دەوروبەریان لە چنگی چەتەکانی داعش ڕزگارکرد و هێرشێکی چەتەکانیان بۆسەر مەیدانە نەوتییەکانی عومەر تێکشکاند.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (راپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری باسنیوز - 2017-11-09
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-11-09
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-11-09
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-11-09
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی سپی میدیا - 2017-11-09
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کەی ئێن ئێن - 2017-11-09
[7] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2017-11-09
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 194

2017-11-10



باکووری کوردستان
- بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگای ئاگری ڕایگەیاند، لە ئۆپەراسیۆنێکدا هەریەکە لە ڕەمەزان بۆر هاوسەرۆکی لقی شارۆچکەی پاتنۆسی هەدەپە، و عەبدولجەبار چاملّک هاوسەرۆکی لقی پاتنۆسی دەبەپە، دەستگیرکران.[3]
باشووری کوردستان
- چلەی ماتەمینیی مام جەلال لە سلێمانی بەڕێوەدەچێت.[1]
- لە سنوری شارۆچکەی خورماتوو، چوار کارمەندی نەوتی زەمبور، لەلایەن ژمارەیەک چەکداری نەناسراوەوە ڕفێنران.[2]
- پاش ئەوەی دوێنێ لە گەڕەکی شۆڕیجەی کەرکووک تەقە لە هێزە ئێراقییەکان کرا، ئەمڕۆ سەرجەم ڕێگا گشتییەکانی شۆڕیجە داخراوە، بەگشتی قەدەغەی هاتووچۆ لە گەڕەکەکە هەیە.[2][4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی جزیرە لە 62یەمین ڕۆژیدا بەردەوامە و شەڕڤانانی ئەنجومەنی سەربازیی دێرەزۆر لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فوراتەوە پێشڕەوی دەکەن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان
وڵات: ئێراق
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-11-10
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-11-10
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری باسنیوز - 2017-11-10

کاتی تۆمارکردن: 2017-11-10
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 195

2017-11-11



باکووری کوردستان
- سوپای تورک ڕێگای نێوان گوندەکانی نێوان نسێبین – قۆسەر-ی سەر بە میردینی گەمارۆ داوەو ڕێگاکانی بڕیوە، ئەوەش بە ئامانجی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنە دژی گەریلاکانی پەکەکە.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، دوای ئەوەی گردبوونەوەیەک لە ئامەد بە وتنەوەی دروشمی گۆشەگیری تێکدەچێت، ئازادی سەردەکەوێت کۆتایی هات، پۆلیس هێرشی کردە سەر گردبوونەوەکە و ژمارەیەکی زۆری بەشداربووانی گردبوونەوەکەی دەستگیر کرد.[1]
- کاتژمێر 10:30 خولەکی سەرلەبەیانی، گەریلاکان لە گردی خوەدێ-ی سەربە عادل بەگی شەمزینانی جولەمێرگ، دژی سوپای داگیرکەری تورک چالاکییەکییان ئەنجام دا و گورزیان لە پێگەکانی دوژمن دا.[1]
باشووری کوردستان
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ باری تەندروستی کۆسرەت ڕەسول عەلی تێکچوو و گەیەنرایە نەخۆشخانە.[2]
- دەرباز کۆسرەت ڕەسوڵ ڕایدەگەیەنێت، نەشتەرگەرییەکی سەرکەوتوو بۆ جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی ئەنجامدراوە و تەندروستیشی لەئێستادا جێگیرە.[2]
- بە بەشداری 90 ئەندام، خولّی پێنجەمی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی شارەوانی بناری قەندیل دەستپێکرد و هەر یەک لە گوڵاڵە عوسمان و محەمەد حەسەن بە هاوسەرۆکانی نوێی شارەوانی بناری قەندیل و حەوت کەس وەک دەستەی بەڕێوەبەری شارەوانی بناری قەندیل هەڵبژێردران.[1]
- ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەتی هەرێم ڕایدەگەیەنێت کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بە وەڵام و وەڵامکاری لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە چارەسەر نابێت، بەڵکو پێویستە لەسەر مێزی گفتوگۆ کێشەکان چارەسەر بکرێن و داواش لە حکومەتی ناوەندی دەکەین تیمە تەکنیکییەکانیان بنێرنە هەرێم.[3]
- دژی پرۆژە یاسایەک بۆ بەشودانی منداڵانی تەمەن 9 ساڵ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ژنانی سلێمانی کۆبوونەوە و لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا ڕایانگەیاند: دەبێت ئەنجومەنی نوێنەران یاساکە ڕەتبکاتەوە، چونکە دژی دەستووری عێراق و بەندەکانی مافەکانی مرۆڤە.[1]
- وەزیری نەوتی عێراق ڕایدەگەیەنێت، کە 30 ملیۆن لیتر نەوتی سپی بەسەر هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان-دا دابەش دەکەین.[1]
- هێزەکانی ئاسایشی سلێمانی دەستگیرکردنی دوو گرووپی تیرۆریستیان ڕاگەیاند.[2]

- فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق ئاشکرای کرد کە لە ڕێگەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە 150 تیرۆریستیان وەرگرتوەتەوە و هاوکات ئاشکراشی کردووە کە پارێزگای کەرکووک 14 ساڵە نەپشکنداوە، ئاساییە ئێستا بپشکندرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: شەمزینان
شار و شارۆچکەکان: نوسەیبین
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-11-11
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-11-11
کاتی تۆمارکردن: 2017-11-11
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 196

2017-11-12



باکووری کوردستان
- ئێوارەی ئەمڕۆ، عوسمان بایدەمیر، پەرلەمانتاری شاری ڕوحای پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە لە ئەستەنبوڵ دەستگیر کرا.[1]
- سکاڵانامە بۆ 24 ڕۆژنامەنووسی کوردی ڕۆژنامەی ئازادیا وەڵات ئامادەکرا و، داواکاری گشتیی تورک بەنیازە داوای سزای حەوت بۆ 15 ساڵ زیندان بۆ هەریەکەیان بکات. ناوی ئەو ڕۆژنامەنووسانە بەم شێوەیە: ئەحمەد قزڵای، ئەحمەد بۆڵتان، ڤەیسی ئاڵتین، ئەرجان یاڵتاش، محەمەد ئایدین، محەمەد ئەمین ئایگون، عەزیمە تارهان، سورەیا دال، بەرخۆدان توپلار، محەمەد حسێن شاهین، چەنگیز ئەرسەلان، زیان کاراخان، جەیلان ئیپەک، پوسات بولوت، یاسەمین سایین، سەردال پۆلات، زەینەب ئیزگی، حەیات یلماز، محەمەد ئەمین کایا، مەرجوم تەکۆل، ئیبراهیم بایرام، ئەنگین ئوزەلچی، ئاراپ توران، فەریت تۆپراک.[2]
- لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنێکی هێزەکانی پۆلیسی تورک، لە شارۆچکەی بسمل-ی ئامەد، 30 ئەندامی پارتی هەڕێمە دیموکراتییەکان-دەبەپە دەستگیرکران، لە ئەندەنە-ش ئەندامێکی هەدەپە دەستگیرکرا.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەهۆی بوومەلەرزەوە تەنها لە قەسری شیرین جگە لە زیانی مادی، 6 کەس گیانیان لەدەستدا و دەیانیش بریندارببوون.[1]
باشووری کوردستان
- بوومەلەرزەیەکی بەهێز بەگوڕی 4.5 باشوور، ڕۆژهەڵات، باکوور و ڕۆژاوای کوردستانی هەژاند. بەهۆیەوە خەڵکێکی زۆر هاتنە دەرەوەی ماڵەکانیان بۆ سەلامەتیی گیانیان. لە باشوور جگە لە زیانی مادی خەڵکانێکی زۆر بەهۆیەوە بریندارببوون.[1]
- لە دەربەندیخان بەهۆی بوومەلەرزەوە 4 کەس گیانیان لەدەستدا و لە زۆرێک لە شار و شارۆچکەکان بریندار هەیە.[1]
- بەهۆی بوومەلەرزەوە بەشێک لە قەڵای شیروانە لە کەلار ڕووخا.[1]
- عەبدولستار مەجید، وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان ڕاگەیێندراوێکی بڵاوکردەوە و دەڵێت بەداخەوە بەهۆی زەمنلەرزەکەی ئەمشەوەوە زیان بە بەنداوی دەربەندیخان گەیشتووە و تیمەکانمان لە هەوڵدان بۆ لێکۆڵینەوە و زانینی ئاستی زیانەکان بەتایبەتی بەشەکانی ژێرەوە کە بنچینەی بەنداوەکان، بەم بۆنەیەوە داوا لە هەموو ئەو هاووڵاتیانە دەکەین کە ماڵەکانیان نزیک بەنداوەکەن ئەمشەو بۆ پاراستنی گیانی خۆیان ماڵەکانیان چۆڵ بکەن.[4]
- چیای ئاسۆس لە شارباژێڕ بۆردوومانکرا. سەرچاوە کوردییەکان ناکۆکن کە چ لایەنێک بۆردوومانی کردووە. میدیاکانی یەکێتی دەڵێن فڕۆکەکانی تورک بووە و میدیاکانی سەربە پەکەکەش دەڵێن تۆپخانەکانی ئێران بووە.[1]
- ئەو خوێندکارانەی لە وانەیەک یان دوان کەوتوون بۆ داواکردنی چەند نمرەیەک لەبەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەستیان بە خۆپیشاندان کرد.[2]
- وەفدێکی پەرلەمانتارانی بزوتنەوەی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق گەیشتنە دیوانی پارێزگای کەرکووک و بڕیارە لەگەڵ پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگای شارەکە کۆببنەوە.[3]
- ئە و هێزەی لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە جولەی پێکرابوو بۆ میحوەری پردێ پاشەکەشیان کرد.[3]
- د. دارا ڕەشید، سەرپەرشتیاری تیمی تایبەتی پزیشکی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، وتی دوای ئەوەی نەشتەرگەری بۆ کۆسرەت ڕەسوڵ کراوە، لەئێستادا تەندروستی جێگیرەو سات لەدوای سات تەندروستی بەرەو باشبوون دەڕوات.[3]
- داعش هێرش دەکاتەسەر چەکدارانی حەشدی شەعبی لە ڕۆژئاوای کەرکووک و ڕوبەروبونەوە لەنێوانیاندا ڕوودەدات.[1]
- بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ماددە هۆشبەرەکان دەستبەسەراگرتنی دوو ملیۆن حەپی جۆری ترامادۆڵ لە سلێمانی ڕادەگەیەنێت و ئاشکراشیدەکات، چوار کەس لەسەر ئە و کارە دەستگیرکراون.[3]
- بەمەبەستی دەربڕینی پشتوانی و هاوسۆزی بۆ مریەم باروتجیان یەکێک لە منداڵە دۆزراوەکانی هەڵەبجە بەهۆی یەکلاییەنەکردنەوەی خێزانە ڕاستەقینەکەی، ئەمڕۆ ژمارەیەک لە ژنانی هەڵەبجە لەبەردەم بینای پارێزگای شارەکە گردبونەوەیەکیان ئەنجامدا.[3]
- ئەمشەو، بەشێک لەخوێندکارانی بەشەناوخۆییەکانی زانکۆی سلێمانی بەهۆی کەمی خزمەتگوزارییەوە شەقامی سەرەکی ڕاپەڕینیان گرت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن:	حەشدی شەعبی
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن:	یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)
شار و شارۆچکەکان: قەسری شیرین
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2017-11-12
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-11-12
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2017-11-12
کاتی تۆمارکردن: 2017-11-12
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 197

2017-11-13



کوردستان
- لە شەوی ڕابردووەوە زیاتر لە 50 بوومەلەرزە لە کوردستانی داوە.[1]
باکووری کوردستان
- هێزەکانی پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاوڵاتیان لە شارۆچکەی بێگری سەربە وان، لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنێکی

ڕەشبگیریدا دەیان سیاسەتمەداری کوردییان دەستگیرکرد. ناسنامەی 20 کەس لەوانەی دەستگیرکراون ڕاگەیەندراوە، بەڵام ژمارەی دەستگیرکراوان زیاترە لە 20 کەسە. محەمەد کاپلان، هاوسەرۆکی پارتی هەڕێمە دیموکراتییەکان- دەبەپە،ی بێگر، جەسیم ئاک و عەبدوڕەحمان کارابالک، بەڕێوەبەرانی دەبەپەی شاروچکەکە و ژمارەیەکی زۆری لە ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانیی بێگر لە ناو دەستگیرکراواندان.[4]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- ژمارەی قوربانییەکانی بوومەلەرزەکەی دوێنێ شەوی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرزبوونەوەدایە و سەرچاوەکان باسی زۆرتر لە 400 کوژراو و هەزاران بریندار و دەیان هەزار ئاوارە دەکەن. زۆرترین قوربانییەکان کەوتوونەتە پارێزگای کرماشانەوە.[1]
- حکومەتی ئێران بەهۆی بوومەلەرزەکەوە، ماتەمینیی گشتیی ڕاگەیاند.[1]

باشووری کوردستان

- بەهۆی بوومەلەرزەوە ئەمڕۆ لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە کرایە پشوو.[1]
- بۆجاری سێ یەم بومەلەزەیەک کە پێشبینی دەکرێت گوڕەکەی لە خوار 3 پلەی ڕێختەرەوە بووبێت سنوری پارێزگای هەڵەبجە بەتایبەت ناحیەی خورماڵی گرتەوە.[2]
- مانگی سوری تورکی و ڕێکخراوی ئەفاد هاوکارییەکانیان بۆ هەرێمی کوردستان نارد کە بومەلەرزە تیایدا ڕوویداوە و بەسەر لێقەوماواندا دابەشکرا، وتەبێژی حکومەتی هەرێمیش سوپاسی تورکیا دەکات بۆ دەنگەوەهاتن.[2]
- بوومەلەرزەیەکی دیکە بەنداوی دەربەندیخان دەهەژێنێت و هۆشدارپی دەدرێتە کارمەندەکانی.[1]
- سەرۆکی دەستەی دەسپاکی هەرێم ڕایدەگەیەنێت، لەسەر مەلەفی وەرگرتنی گەنمی جوتیاران هەر یەکە لە بەڕێوەبەری پێشووی سایلۆ و بارزگانی هەولێر لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کراون و ئێستا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت.[2][3]
- شەوی ڕابردوو فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک گوندی مارادۆ-ی بناری قەندیلی سەربە هەرێمەکانی پاراستنی مەدیایان بۆردومانکرد و بەهۆیەوە هاوواڵتییەک لە سیدەکان شەهید بوو، ئێستاش بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هاوکاری هەرێم دەکەن بۆ لێقەومانی بومەلەرزەکەی شەوی ڕابردوو.[4][2]
- لێژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری لە پەرلەمانی و کوردستان مەترسی هەردوو بەنداوی دەربەندیخان و مووسڵ دەخاتەڕوو و دەڵێت: بەرگەی بوومەلەرزەیەکی دیکە ناگرن.[5]
- وەزیری نەوتی عێراق ڕایدەگەیەنێت، وەزارەتەکەیان سورە لەسەر نۆژەنکردنەوەی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک و پلانیشمان هەیە بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوتی پارێزگاکە بۆ ملیۆنێک بەرمیلی ڕۆژانە.[2]
- نەجمەدین کەریم سەردانی کۆسرەت ڕەسوڵ دەکات لە نەخۆشخانەی فاروق لە سلێمانی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە

شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

شار و شارۆچکەکان: وان

شار و شارۆچکەکان: کرماشان

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: باکووری کوردستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-11-13
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-11-13
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-11-13
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری باسنیوز - 2017-11-13
کاتی تۆمارکردن: 2017-11-13
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 198

2017-11-14



باکووری کوردستان / تورکیا
- شەوی ڕابردوو ناوەندی هەدەپەی شارۆچکەی ئەسەنلەری ئەستەنبۆل کرایە ئامانجی هێرشێکی چەکدارِیی چەند کەسێکی نەناسراو. ئەنجامی هێرشەکە قوربانی لێنەکەوتووەتەوە و دەستڕێژی گوللەکە بەر دیوار و دەرگا و پەنجەرەی ناوەندەکە کەوتووە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- تا ئەمڕۆ دەیان هەزار کەس بەهۆی بوومەلەرزەکەوە لە ناوچەکانی کرماشان بێ شوێن و ڕێن. کارەساتێکی مرۆیی گەورە لەو ناوچانە قەوماوە و پێویستیان بە یارمەتی هەیە.[1]
- حەسەن ڕۆحانی سەرکۆماری ئێران، گەییشتە پارێزگای کرماشان بۆ بەسەرکردنەوەی قوربانیانی بوومەلەرزەکە.[1]
- ئاماری نوێی بوومەلەرزە: لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان 530 کەس گیانیان لەدەستداوە.[1]
باشووری کوردستان
- نێچیرڤان بارزانی و قوباد تاڵەبانی سەردانی شارۆچکەی دەربەندیخان دەکەن بۆ سەردانی لێقەوماوانی بوومەلەرزەکە.[1]
- بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری سلێمانی ڕایدەگەیەنێت، کە ئەمڕۆ بەهۆی ئەو بومەلەرزانەی هەرێمی کوردستانی گرتەوە و زیانی بە هاوڵاتیان گەیاندووە یادی دامەزراندنی شاری سلێمانی ناکرێتەوە.[3]
- نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا بۆ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش ڕایدەگەیەنێت پێشوازیکردن حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بریاری دادگای فیدراڵی عێراق، لەبارەی پابەند بوونی هەرێم بە دەستور، جێگای بایەخەوە ئەمریکاش پشتیوانی کوردستانێکی بەهێز دەکات، لە چوارچێوەی عێراقدا[3]
- تۆپخانەکانی دەوڵەتی تورک تۆپبارانی گوندی بەرمیزە-ی ناوچەی سیدەکان-یان کرد.[2]
- ئەنجومەنی عەرەبی لە کەرکووک داوایکرد ڕێگا نەدرێت بەو هێزانەی لەدەرەوەی دەسەڵاتی ئیتیحادین بگەڕێنەوە بۆ شارەکە، و دانانی حاکمی سەربازیشی ڕەتکردەوە.[3]
- چەکدارانی حەشدی شەعبی لەناو پردێ، (بەختیار تۆفیق خالید و کۆسرەت کاکل عەبدوڵا)یان ڕفاندووە کە هەردووکیان ئەندامی ڕێکخستنەکانی پارتین، دواتر بۆ شوێنێکی نادیاریان گواستوونەتەوە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان

- شەوی ڕابردوو چەتەکانی سەربە تورکیا گردی قەستەلی سەربە شارۆچکەی شەرای کانتۆنی عەفرینیان تۆپباران کرد.[2]
- کۆچی دوایی شەفیقە سەعید، هاوژینی فایەق بێکەس و دایکی شێرکۆ بێکەس لە ئەمریکا.[1]
- لەکۆبوونەوەیەکی نێوان ژمارەیەک بەرپرسی باڵای یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) و چەند فەرماندەیەکی سوپای ڕوسیادا، پرۆتۆکۆڵێکی هاوبەش واژۆکرا بۆ ڕادەستکردنی چەکدارە ڕووسییەکانی ناو ڕێکخراوی داعش کە لەلایەن هێزەکانی یەپەگەوە دەستگیرکرابوون.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-11-14
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-11-14
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری باسنیوز - 2017-11-20

کاتی تۆمارکردن: 2017-11-14
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 199

2017-11-15



باکووری کوردستان
- پۆلیسی تورک هەڵیکوتایە سەر ماڵی هاوڵاتیان لە دوو گەڕەکی ئیسکەلە و شەعبانییەی وان و و دەرگای ماڵەکانی شکاند و 18 چالاکوانی سیاسی کوردی دەستگیر کرد.[1]
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، لە زێدیکانی سەربە ئاگری، گەریلاکانی هەپەگە ڕووبەڕووی ئۆپەراسیۆنی سوپای تورک بوونەوە و پاشان شەڕ ڕوویداوە. سوپای تورک کوژراو و بریندارەکانی ڕەوانەی نەخۆشخانەی ئاگری کردووە.[1]
- فیگەن یوکسەکداغ، هاوسەرۆکی پێشووی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)، لە زیندانی کاندرا-وە پەیامێکی سەبارەت بە بوومەلەرزەکەی ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستاندا بڵاوکردەوە و سەرەخۆشی لە کەسوکارانی گیان لە دەستداوانی بوومەلەرزەکە کرد.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هەندێک سەرچاوە باس لە شاردنەوەی ئاماری قوربانییەکانی بوومەلەرزەکەی کرماشان و دەوروبەری دەکەن لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە، ئەوەش بەهۆی شاردنەوەی کەمتەرخەمییەکانی حکومەتی ئێران بۆ بەهاناچوونی زیانلێکەوتووەکان.[4]
- سەرۆکی یەکێتی دادوەرانی ئێران و دادوەری باڵای کرماشان ڕایدەگەیەنن، ئە و هاووڵاتیانەی کە لە پڕۆژەی نیشتەجێبوونی میهر نیشتەجێبوون و بەهۆی بومەلەرزەکەوە زیانیان بەرکەوتووە، دەتاوانن سکاڵا تۆماربکەن، چونکە بومەلەرزەکە دەریخستووە ئە و پڕۆژەیە گەندەڵی تێداکراوە.[3]
- زیندانییەکی سیاسی کورد بە ناوی خزر ڕەسوڵ مروەت پاش پێنج ساڵ زیندان بوون ئازاد کرا.[6]
باشووری کوردستان
- لە دوێنێ شەوەوە زۆرتر لە 10 بوومەلەرزەی سووک لە ناوچەی بەمۆی داوە و بەهۆیەوە بەشێک لە چیای سەرتەک دارماوە و ڕێگای شارەدێی بەمۆ گیراوە.[4]
- کونسڵخانەی ئەمریکا لە هەولێر ڕایدەگەیەنێت، ئاژانسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی ئێستا لەباشووری کوردستانن و هەڵسانگاندن بۆ زیانەکانی بوومەلەرزەکە و پێویستییە مرۆییەکان دەکەن و دوو تیمی فریاگوزاری گەڕۆک و دوو ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنی خێرایان ڕەوانەکردووە بۆ دابیەکێتی نیشتمانیی کوردستاندنی خزمەتگوزاری.[3]
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، لە ناوگۆڕستانی شارەدێی ژاراوە-ی سەر بە شاروچکەی قەڵادزێی سەربە ئیدارەی ڕاپەڕین، تەرمی کچێکی چواردە ساڵ دۆزرایەوە کە شوێنەواری لێدانی فیشەکێک بە سنگییەوە دیارە.[1]
- هێزێکی نەناسراو لە دوو گوندی نزیک خورماتوو جێگیردەکرێ، بەرپرسێکی یەکێتی دەڵێت: لەنێو ئەو هێزەدا چەکداری کورد و عەرەب هەن، بەڵام سەر بە کوردستان و عێراق نین و کەس نازانێ چکارەن.[2]
- وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێم تێبینەرایەتی خانوبەرەی قەزای مەخموری داخست، وتەبێژی وەزارەتی دادیش دەڵێت داخستنەکە بەهۆی دروستبوونی دۆخی نالەباری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمە.[3]
- هۆشیار سیوەیلی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەفەرمی هەوڵەکانی حیزبەکەی بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران ڕاگەیاند.[5]
- ئارێز عەبدوڵڵا، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق ئاشکرایدەکات، لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا بە شاندی ئەمریکییەکەیان ڕاگەیاندووە، ئەگەر لە 17%ی پشکی کوردستان لە بودجەی فیدراڵی کەمبکرێتەوە، دەکشێنەوە.[2]

- ئاوارەکانی سەر چیای شەنگال، داوای کردنەوەی ڕێگای نێوان پارێزگای دهۆک و قەزای شەنگال، لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەن کە ماوەی زیاتر لە بیست ڕۆژ دەبێت داخراوە و هیچ جۆرە هاوکارییەک ناگاتە شەنگال.[3]
- وتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەران ئاماژە بەوەدەکات، بومەلەرزە بەهێزەکەی شەوی 12-11-2017 دەریخست پرۆژەکانی وەبەرهێنەران بە پێوەرە ئەندازیارییەکانی جیهانی دروستکراون و هیچ زیانێکیان بەرنەکەوتووە.[3]
- سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان نامەیەک بۆ سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان دەنێرێت و پشتگیریی خۆی بۆ دیالۆگێکی سیاسی لەنێوان هەرێمی کوردستان و عێراق فیدراڵ لەسەر بنەمای دەستوور دەربڕی.[2]
- فرۆکەیەک لە ئیتالیاوە گەیشتە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی و بەرپرسێکی فرۆکەخانەکەش دەڵێت، هاوکاری بۆ زیانلێکەوتووانی بومەلەرزەکەی هەرێم هێناوە.[3]
- ژمارەیەک لە بەرپرسانی هێزە عێراقییەکان و بەرپرسانی یەکێتی، فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگە و قائیمقامی شارۆچکەی خانەقین ڕێککەوتن، کە دۆسیەی ئەمنی شارۆچکەکە، بەهاوبەشی لە نێوان هەرێم و عێراق-دا بەڕێوەببرێت، بۆ ئەو مەبەستەش هێزە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان دەگەڕێنەوە شارۆچکەکە.[1]
- پەرلەمانتار (مستەفا ئەحمەد حەمە) لە شوێنی (گۆران ئازاد) لە فڕاکسیۆنی یەکێتی متمانەی وەرگرت و سوێندی یاسایی خوارد.[4]
- فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، بڕیارماندداوە بگەڕێینەوە بەغدا و بەشداریی لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی عێراق بکەین.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- بەگوێرەی سەرچاوە خۆجێییەکانی هەرێمی عەفرین، دەستەی چەتەکانی سەربە تورکیا، ئەمڕۆ گوندی عەین دەقنەی سەر بە شارۆچکەی شەرای هەرێمی عەفرینی تۆپباران کرد، ئەنجامی تۆپبارانەکان زیانی مادی بەدواوە نەبووە.[1]
- ئاژانسی ئەنادۆڵی تورکی بڵاویکردەوە، تەڵال سیلۆ، وتەبێژی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) جیابۆتەوە و چۆتە ناوچەی قەڵغانی فورات کە لەلایەن تورکیاوە کۆنترۆڵکراوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن:	یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان:	ئاگری
شار و شارۆچکەکان:	خانەقین
شار و شارۆچکەکان:	شنگال
شار و شارۆچکەکان:	عەفرین
شار و شارۆچکەکان:	قەڵادزێ (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان:	مەخموور
شار و شارۆچکەکان:	وان
شار و شارۆچکەکان:	کرماشان
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-11-15
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-11-15
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-11-15
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژانە هەواڵ - 2017-11-15
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2017-11-16
کاتی تۆمارکردن: 2017-11-15
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 200

2017-11-16



باکووری کوردستان
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ، لەیلا گوفەن هاوسەرۆکی گشتیی کۆنگرەی جڤاکی دیموکرات- کەجەدە، لەبەردەم ماڵی خۆی لە شاری ئامەد لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی تورکەوە دەستگیر کرا.[1]
- ژنە زیندانیکراوە سیاسییەکانی زیندانی خارپێت (ئەلعەزیز)ی باکوری کوردستان بە بڵاوکردنەوەی نامەیەک مانگرتن لە خواردنیان ڕاگەیاند.[1]
- حکومەتی تورک بە مەبەستی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە فارقینی سەربە ئامەد، لە 12 گوندی سەر بەو شارۆچکەیە قەدەغەی هاتوچۆی ڕاگەیاند. ناوی ئەو گوندانەی قەدەغەی هاتوچۆیان تێدا ڕاگەیەندرا بەم شێوەیە: کازانداغی، دەمیرکویو، ئەسەنیولو، داریسەفەن، ئوسلوجا، بۆزگازۆنو، تۆکلار، کالەملی، تاراکلی، چاتاک و چیغدەملی.[1]
- ئەمڕۆ، دەوڵەتی تورک بە مەبەستی ڕێگاخۆشکردن بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکانی سوپا، لە شاری دێرسیم و شارۆچکەکانی پولور، پیلەموری، خۆزاد و قسلەیە و 30 ناوچەی سەر بەو پارێزگایە دۆخی نائاسایی و قەدەغەی هاتوچۆی ڕاگەیاند.
بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگای دێرسیمەوە بڵاوکراوەتەوە، لە ئەمڕۆوە هەتاکو ڕۆژی 1ی مانگی داهاتوو دۆخە نائاساییەکە بەردەوام دەبێت.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شارەداریی سنە هێرشی کردە سەر شوێنی کۆکردنەوەی یارمەتییەکانی خەڵک، کە بە مەبەستی یارمەتی گەیاندن بە بوومەلەرزە لێدراوانی پارێزگای کرماشان دامەزرابوو.[6]
باشووری کوردستان
- کارگێڕی ئەنجومەنی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان ڕایدەگەیەنێت: خانەنشینی نایاسایی لەڕیزەکانی کۆمەڵی ئیسلامیدا نییە و ئەوانەشی کە ئە و تۆمەتە بۆ کۆمەڵ هەڵدەبەستن، لەڕووی سیاسییەوە دۆڕاون.[2]
- بەڕێوەبەری پەروەردەی گەرمیان، ئاشکرای دەکات، بەهۆی بوومەلەرزەکەی ڕۆژانی پێشووەوە، زیان بەر بینای ژمارەیەک

قوتابخانەی سنووورەکە کەوتووە.[3]
- بەرپرسی مەڵبەندی خانەقینی یەکێتی ڕایگەیاند، ئەمڕۆ بارەگای میحوەری گەرمەسێری هێزەکانی پێشمەرگە لە شارۆچکەی خانەقین کرایەوە و لیوای سێی پێشمەرگە گەڕایەوە شوێنەکانی خۆی.[4]
- دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان کونسوڵ و نوێنەری وڵاتانی لە پێشلکارییە یاسایی داراییەکانی پرۆژەیاسای بودجەی عێراق بۆ ساڵی 2018 ئاگادار دەکاتەوە.[5]
- هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان بە تانکەر لە ئیبراهیم خەلیلەوە بۆ تورکیا ڕاوەستاوە و هۆکارەکەشی نادیارە.[2]
- ئارام تەها، هاوڵاتییەکی شاری سلێمانییە و فەرمانبەر و خوێنەر و دۆستی کتێبە، بۆ بەهانەوە چوونی لێقەوماوانی بومەلەرزەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرۆژەیەک بەناونیشانی تەنها نابیت ڕاگەیاند، کە بریتییە لە کتێبی ناو کتێبخانەکەی بردووەتە سەر شەقام و دەستیکرد بە فرۆشتنی.[1]
- لە شاری بزیشکی فاروق بە ئامادە بوونی ژمارەیەک دکتۆری نەخۆشخانەکە و توشبوانی نەخۆشی شەکرە، کۆنفرانسێک بۆ نەخۆسی شەکرە بەڕێوە چوو.[2]
- فڕۆکەیەکی دیکەی هاوکاری ئیتاڵیا بۆ لێقەوماوانی بومەلەرزەکە گەیشتە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی.[2]
- بۆ ڕێگریکردن لە خستنە دەنگدانی ئەو ڕاپۆرتەی بۆ لێپێچینەوە لەو پەرلەمانتارە کوردانە ئامادەکرابوو، کە لە ڕیفراندۆم-دا دەنگی بەڵێ-یان دابوو، پەرلەمانتارە کوردەکان ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق-یان بەجێهێشت (جگە لە ئاڵا تاڵەبانی و شوان داوودی). بەمەش دەنگی پێویست نەدرا بۆ خستنە دەنگدانی ڕاپۆرتەکە.[1][5]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، وەفدێکی گروپی عەسائیب ئەهلی حەق-ی سەر بە چەکدارانی حەشدی شەعبی بە چەند ئۆتۆمبێلێکەوە، گەیشتنە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان و دواتر بۆ شارۆچکەی دەربەندیخان-ی سەر بە شاری سلێمانی بەڕێکەوتن. ڕائید عەلی جەمال قەدوری، بەڕێوبەری ڕاگەیاندنی بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان، بە ڕۆژنیوزی ڕاگەیاند:ئەو هێزەی حەشدی شەعبی، گروپێکی عەسائیب ئەهلی حەق-ن، لە شاری بەغدا-وە هاتوون، بەمەبەستی گەیاندنی کۆمەک و هاوکاری، بۆ زیان لێکەوتووانی شارۆچکەی دەربەندیخان، بە بۆنەی بومەلەرزەکەی شەوی 12ی ئەم مانگەوە هاتوون.[1]
- چین و تویژە جیاوازەکانی شاری هەڵەبجە، لە ڕێگای ڕاگەیاندنی کەمپەینێکی کۆکردنەوەی هاوکاریی، بۆ زیان لیکەوتووانی بومەلەرزەکەی ڕۆژهەڵاتی کورستان، پشتیوانی خۆیان بۆ کوردانی ڕۆژهەڵات ڕاگەیاند.[1]
- کۆسرەت ڕەسوڵ بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی گەیندرایە ئەڵمانیا.[7]
- لە سنوری شارۆچکەی مەخمور هێزەکانی حەشدی شەعبی بە شۆفڵ گوندی حوشترالوک-یان ڕووخاندووە کە گوندێکی کوردنشینە و بەهۆی شەڕەوە چۆڵکراوە، فەرماندەیەکی پێشمەرگەش دەڵێت هۆکاری ڕوخاندنی ئە و گوندە کوردبوونیەتی.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- بە دەستپێشخەری تەڤگەری جڤاکی دیموکراتی- تەڤدەم، لە شاری حەسەکە-ی ڕۆژئاوای کوردستان، کەممەینێکی کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ زیان لێکەوتووانی بومەرلەزەکەی باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕاگەیەندرا.[1]
- فەرماندەیی گشتی هێزەکانی سوریای دیموکراتیک-قەسەدە ڕایگەیاند، کە دەزگا هەواڵگیرییەکانی تورکیا دەستیان هەیە لە ونبوونی تەلال سەلۆ وتەبێژی قەسەدە، ئاشکراشیکرد:پێشتر چەندین جار تەلال سلۆ لەلایەن تورکیاوە هەڕەشەی لێکرابوو.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: کۆمەڵی دادگەریی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

ولّات: باشووری کوردستان
ولّات: ڕۆژاوای کوردستان
ولّات: ڕۆژهەلاتی کوردستان
ولّات: ئەڵمانیا
ولّات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری ڕۆژنیوز - 2017-11-16
[2] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری دواڕۆژ - 2017-11-16
[3] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری گوڵان - 2017-11-16
[4] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری ئێن ئار تی - 2017-11-16
[5] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری ڕووداو - 2017-11-16
[6] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری کوردپا - 2017-11-16
[7] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2017-11-16
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 201

2017-11-17



باکووری کوردستان
- لە ئەنجامی چالاکییەکی هەپەگە و یەژاستار لە گردی کۆردینەی شارۆچکەی چەلێی سەربە جولەمێرگ نۆ سەربازی تورکیا کوژران.[2]
ڕۆژهەلاتی کوردستان
- ئەبوبەکر مەعروفی شەوی ڕابردوو لە کاتێکدا ئۆتۆمبێلێکی یارمەتییەکانی هاوڵاتیانی بۆکانی لێدەخوڕی و کە بیگەیەنەتە کرماشان، لە دەوروبەری شاری جوانڕۆی سەربە کرماشان لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا گیانی لە دەستدا.[1]
- یەکێتی نێودەوڵەتیی ئینداستریال، بە نووسینی نامەیەکی کراوە بۆ حەسەن ڕۆحانیی سەرۆک کۆماری ڕژێمی ئێران، داوای

ئازادکردنی مەحمود سالّحی و ڕەزا شەهابی-یان کرد، هەروەها پێنج سەندیکای کرێکاریی فەرەنساش، هەمان داوایان ئاراستەی عەلی خامنەیی، ڕێبەری ڕژێمی ئێران کرد.[2]

باشووری کوردستان

- سەرچاوەکان باس لە ڕاکردنی وەزیری داد سینان چەلەبی دەکەن. وەزارەتی دادیش ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە کە ئەوە دووبارە لە ڕاستییەوە.[1]
- چالاکوانانی کەمپینی وەتەن چاوی لێمانە داوادەکەن کە ئێران ڕێگری نەکات لە گەیاندنی کۆمەکەکانیان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئاشکراشی دەکەن کە پێویستە لە هەر ڕووداوێکدا کورد هەست نەکات بێکەسن.[2]
- لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا حکومەتی عێراق بڕیاریداوە بە گواستنەوەی 61 فەرمانبەری کورد لە کۆگای سوتەمەنی خانەقین کە سەر بە وەزارەتی نەوتی عێراقە بۆ بەرێوەبەرایەتی دابەشکردنی بەرهەمە نەوتییەکانی دیالە.[3]
- بەرپرسێکی حەشدی شەعبی ڕایگەیاند، چەتەکانی داعش، ڕێگای سەرەکی نێوان کفری، خورماتوویان بۆ ماوەیەکی کاتی داخست و دواتر بە هۆی بۆردومانەکانی حەشدەوە، ناوچەکەیان جێهێشت.[2]
- لە سنوری شارۆچکەی دوبز سێ هاوڵاتی کورد لەلایەن ژمارەیەک چەکدار کە گومانەکرێت داعش بن ڕفێندران، یەکێک لە ڕفێندراوان پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی و ئەفسەری خانەنشینە بەپلەی عەمید.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان

- سەرۆکی تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان ڕایگەیاند، ئەمریکا بەڵێنەکانی لە سووریا بەجێ نەگەیاندوون و ناکەوینە هەمان تەڵەوە لە عەفرین و دەبێت ئە و شارە لە یەکینە کوردەکان پاک بکرێتەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: بۆکان

شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

شار و شارۆچکەکان: خورماتوو

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: کرماشان

شار و شارۆچکەکان: کفری

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 17-11-2017
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 17-11-2017
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 17-11-2017

کاتی تۆمارکردن: 17-11-2017

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 202

2017-11-18



رۆژهەڵات و باشووری کوردستان
- جارێکی دیکە بومەلەرزە کە پلەکەی زۆتر لە 4 بوو، لە دەڤەری گەرمیان و هەندێک ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە پارێزگای کرماشانی دا و هاوڵاتیان هەستیان پێکرد و هیچ زیانێکی ئەوتۆ تۆمارنەکراوە.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- لە کرماشان گەڕان بەدوای تەرمی قوربانییانی بوومەلەرزە بەردەوامە.[1]
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەرپی کوردپا، دوو شەو پێش ژنە هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی خاوەر خوسرەوی خەڵکی گوندی نیوەکارە بە هۆی بێدەرەتانی و نەبوونی شوێنی خەوتن، لە سەرما ڕەق هەڵات.[4]
- تەرمی ئەبوبەکر مەعروفی ئەمڕۆ لە شاری بۆکان بە خاکسپێردرا، کە لەکاتی گەیاندنی هاوکاری بە قوربانیانی بومەلەرزەکەی کرماشان گیانی لەدەستدابوو.[1]
باشووری کوردستان
- لە نزیک وەزارەتی پێشمەرگە لە هەولێر تەرمی ئەفسەرێکی پێشمەرگە دۆزرایەوە. ئەفسەرەکە ناوی (ئەمین خەلیل میران)، تەمەن (36)، پیشەی موقەدەمە لە وەزارەتی پێشمەرگە.[1]
- گروپێک لە چالاکوانی مەدەنی شاری کەرکووک، بۆ ماوەی دوو ڕۆژە لە ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری دیالۆگ، هاوکاری مادی بۆ زیان لێکەوتووانی بومەلەرزەکەی شارۆچکەی دەربەندیخان-ی سەر بە شاری سلێمانی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆدەکەنەوە.[3]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ فڕۆکە جەنگیپەکانی تورکیا بە چڕی چیای کورەژاریان لە سنووری شارەدێی شیلادزێ بۆردومان کرد. لەو بۆردومانەدا ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر و شۆفڵێکی پەکەکە بەئامانجگیراون و بەتەواوەتی سوتێنراون.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- مانگی سووری کوردی لە حەسەکەی ڕۆژئاوای کوردستان کەمپەینێکی کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ زیانلێکەوتووانی بوومەلەرزە لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگەیاند، کە ماوەی حەوت ڕۆژ بەردەوام دەبێت.[2]
- ناوەندی ڕاگەیاندنی هێزەکانی سووریای دیموکرات HSD ڕایگەیاند: شەڕفانانی هێزەکانی سووریای دیموکرات لە ڕۆژئاوای دێرەزوور خێزانێکی کوردی ئێزیدیی 8 کەسییان لەدەست چەکدارانی داعش ڕزگارکردووە، خێزانەکە لە 5 منداڵ و 3 ژن پێکهاتووە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-11-18
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-11-18
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2017-11-18
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئێن ئار تی - 2017-11-18
کاتی تۆمارکردن: 2017-11-18
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 203

2017-11-19



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، هاوواڵاتییەکی کورد خەڵکی شاری سنە بە ناوی شارام فەرهادی لە کاتی یارمەتی گەیاندن بە خەڵکی لێقەوماوی بوومەلەرزەلێدراو لە پارێزگای کرماشان لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە دەستبەسەر کرا.[6]
باشووری کوردستان

- ژمارەیەک لە مامۆستایانی نیشتەجێی هەڵەبجە خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و چەند داواکارییەکیشیان بۆ باشترکردنی گوزەرانیان ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکان کرد و لە ئەگەری جێبەجێنەکردنیشی هەڕەشەی دەوام ڕاگرتن دەکەن.[1]
- بەشێک لە چەکدارەکانی حەشدی شەعبی لە زوممار و ڕەبیعە کشانەوە و سوپاسالاری هێزی پێشمەرگە دەڵێت، ئاگامان لە کشانەوەی ئەو هێزە هەیە.[2]
- کاژێر 9:19 خولەکی بەیانی ئەمڕۆ بومەلەرزەیەک بە گوڕی 4.2 پلە بە پێی پێوەری ڕێختەر ناوچەی هەورامانی گرتەوە.[3]
- بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکانی گەرمیان ڕایدەگەیەنێت، لە سنوری شارەوانییەکانی ناوچەکەدا ژووری خێرا پێکدەهێنن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی لافاو.[1]
- پۆلیسی دەربەندیخان ڕایگەیاند: بەرەبەیانی ئەمڕۆ، لەکاتی دەستپێکردنی دەوامی بەشێک لە قوتابخانەکان، کەسێکی درواسێی قوتابخانە دەستدرێژی گوللەی لە قوتابخانەیەک کردووە. لەبارەی هۆکاری تەقەکرنەکەشەوە، سەرچاوەیەک لە پۆلیسی دەربەندیخان ڕاگەیاندووە: بە بیانووی ئەوەی قوتابیانی قوتابخانەی زمکان دەنگیان بەرزبووە، یەکێک لە دراوسێکانی قوتابخانەکە، دەستڕێژی گوللەی ئاراستەی ئە و قوتابخانەیە کردووە.[4]
- هەندێک ڕۆژنامەنوسانی کەرکووک نامەیەکی ناڕەزایی ئاراستەی مەسعود بارزانی و سەڵاحەدین بەهادین دەکەن و ناڕەزایی خۆیان دەردەبڕن بەرامبەر بەهەڵوێستی ئە و دوو حزبە لەبەرامبەر شارەکەیان، ڕاشیدەگەیەنن، ئێوە ئەنجومەنی پارێزگاو قائیمقامتان بۆ بەغداو موسڵ و مەخمور گەڕاندۆتەوە، بەڵام جێگەی نیگەرانییە ئەوکارە لەکەرکووک ئەنجامنادەن.[5]
- دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ شارەوانی چواری هەولێر بەهەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی پۆلیسی قائیمقامیەت و زێرەڤانی و پۆلیسی نەهێشتنی تاوان سەرجەم مێزی کاسبکارانی بازاڕی لەنگەی شاری هەولێر-ی تێکدا، کە ژمارەیان زیاتر لە (200) مێز دەبێت.[7]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ڕوانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاشکرای کرد هێزێکی سەربازی تورکیا، چوونەتە ناوچەی کەفەر لوسین لە عەفرین و بەرە و خۆرئاوای حەلەب دەڕۆن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان

شار و شارۆچکەکان: زوممار

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری دواڕۆژ - 2017-11-19
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ڕووداو - 2017-11-19
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری کوردیو - 2017-11-19
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 2017-11-19
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری کوردپا - 2017-11-19
[7] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ڕۆژنیوز - 2017-11-19

کاتی تۆمارکردن: 2017-11-19
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 204

2017-11-20



رۆژهەڵاتی کوردستان
- پاش چەندین ڕۆژ لە بوومەلەرزە گەورەکە، ڕەوشی لێقەوماوانی کرماشان و دەوروبەری باشیی بەخۆیەوە نەدیوە و پێویستیی زۆرتریان بە یارمەتی و ئاوی خواردنەوە هەیە. سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە تا ئەمڕۆ قەسری شیرین ئاوی خواردنەوەی نییە.[1]
- ئەمڕۆ ڕێبەری حکومەتی ئێران عەلی خامنەیی بە مەبەستی سەردانی شوێنە زیان بەرکەوتووەکانی بوومەلەرزە گەیشتە پارێزگای کرماشان و لە شارۆچکەی سەرپێڵ زەهاو لە ناو لێقەوماندا قسەیکرد.[1]
- بەهۆی دەستڕێژی گوللەی هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە، لە سنووری پیرانشار، کۆبەڵبەرێک کوژراو دوانی دیکەش بریندار بوون.[5]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی لوقمان واحیدی خەڵکی گوندی مێشەدێ لە شاخی کانی خوای شاری پیرانشار بە هۆی تەقینەوەی مین لاقێکی لە دەستدا، ئەو کۆڵبەرە کوردە بۆ چارەسەری پزیشکی ڕەوانەی نەخۆشخانەی شاری پیرانشار کرا.[6]
باشووری کوردستان
- ئێوارەی ئەمڕۆ، بومەلەرزەیەک ناوچەکانی گەرمیان و هەڵەبجە و هەورامان و شارەزووری هەژاند.[1]
- دادگای باڵای فیدراڵی عێراق بڕیاری دا کە ڕیفراندۆمەکەی باشووری کوردستان نادەستوورییە.[1]
- نێچیرڤان بارزانی، ڕیارەکەی دادگای فیدراڵیی عێراق بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕیفراندۆم بە تاکلایەنە ناودەبات و دەشڵێت: دەمانەوێت کێشەکان لەچوارچێوەی دەستوری عێراقدا چارەسەر بکرێن.[1]
- خوێندکارانی بەشە ناوحۆییەکانی زانکۆی سلێمانی لەبەر نەبوونی خزمەتگوزارپی و گەرمکەرەوەکان گردبوونەوەیان سازدا.[1]
- فەرماندەیەکی پێشمەرگە ڕایدەگەیەنێت، هیچ هێزێکی حەشدی شەعبی لە ناحیەی زوممار و ڕەبیعە نەماوە و دەشڵێت، سوپای عێراقیش دەستی بە کشانەوەی هێزەکانیان کردووە.[2]
- لە سلێمانی تەقە لە ماڵی پارێزەرێک بەناوی عومەر حەمەعەلی تۆفیق دەکرێت، پارێزەرەکەش دەڵێت پێدەچێت ڕووداوەکە پەیوەندی بەوەوە هەبێت کە لە ڕابردوودا کاری لەسەر ئاشکراکردنی چەندین دۆسیەی گەندەڵی کردووە.[3]
- گردبونەوەی عەرەبی و کوتلەی بەرەی تورکمانی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک داوا دەکەن متمانە لە سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک وەربگیرێتەوە و کەسێکی تر کاندید بکرێت بۆ سەرۆکی ئەنجومەن.[2]
- ئیدارەی گەرمیان ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە پێشبینییەکانی باران بارین، باس لە ناسەقامگیری و گۆڕانکاری خێرادەکەن، لە کەش و هەوای ناوچەکەدا، هەربۆیە لە ئەگەری دابارین و بەردەوامی ئەوحاڵەتەدا، پێویستە ئەو ڕێگایانەی نزیکی قەدپاڵی شاخەکانن بەهیچ جۆرێک ڕێگاکانیان بەکارنەهێنن.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە

شار و شارۆچکەکان: زوممار

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

شار و شارۆچکەکان: کرماشان

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 2017-11-20

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-11-20

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئێن ئار تی - 2017-11-20

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-11-21

[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2017-11-21

کاتی تۆمارکردن: 2017-11-20

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 205

2017-11-21



باکووری کوردستان
- پەرلەمانی تورکیا بە زۆرینەی دەنگ متمانەی لە لەیلا زانا سەندەوە.[1]
- ناوەندی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی هێزەکانی پاراستنی گەل- هەپەگە، خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی سیخوڕی تورکیای ڕاگەیاند.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە کرماشان و دەوروبەری، سەرما و باران ژیانی لێقەوماوانی بوومەلەرزەکەی سەختتر کردووە.[1]
- پزیشکانی مەحموود ساڵحی لە نامەیەکدا بۆ بەرپرسانی قەزایی، وێڕای هوشداری سەبارەت بە بارودۆخی جەستەیی ئەو چالاکە سیاسییە کوردە، داوای گواستنەوەی دەستبەجێی ناوبراویان بۆ نەخۆشخانە کرد.[4]
باشووری کوردستان
- کەمپینەکانی باشووری کوردستان بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ لێقەوماوانی بوومەلەرزەکەی ڕۆژهەڵات بەردەوامیی هەیە.[1]
- لە کەمپەینی هەڵەبجە بۆ کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ زیان لێکەوتوانی باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕی 74 ملیۆن و 486 هەزار و 500 دیناری عێراقی کۆکراوەتەوە.[5]
- لە شارۆچکەی چەمچەماڵ و دەورەبەری کەمپەینێک بەناوی هەڵوێست بۆ هاوکاریکردنی لێقەوماوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕادەگەیەندرێت.[5]
- لە کۆتا ڕۆژی کەمپەینی وەتەن چاوی لێمانە لە شاری هەولێر، کاروانی دووەمی هاوکارییەکان، کە پێکهاتبوو لە جلوبەرگ و کەلوپەلی خۆگەرم کردنەوە و هاوکاری ماددی، ڕەوانەی شاری کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرا.[5]
- لە شاری سلێمانی، بڕی 13 ملیۆن دینار و دەیان تۆن کەلوپەل، بۆ زیانلێکەوتووانی بومەلەرزەکەی شارۆچکەی دەربەندیخان و شاری کرماشان، لە ڕێگەی دوو کەمپەینەوە کۆکراوەتەوە.[5]
- شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی و بەئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی، لە گردی زەرگەتەی شاری سلێمانی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان کۆبوونەوە. بزووتنەوەی گۆڕان جەختی لە هەڵوەشاندنەوەی حکومەت کردووەتەوە، داواشی کردووە قەبارەی کابینەی حکومەت بچووکبکرێتەوە.[2]
- ئەمرۆ سێشەممە پاش دووجار دواخستنی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک، دواتر ڕێژەی یاسای ئەندامان پێکهێنرا و ڕێککەوتن لە سێشەممەی داهاتوو کۆببنەوە.[3]
- تەقینەوەیەکی خۆکوژیی لەگەڕەکی حەی عەسکەری شارۆچکەی خوورماتوو ڕوویدا و بەهۆیەوە 20 کەس کوژران و 70 کەسیش بریندار بوون.[1]
- دوو کرێکاری نیپاڵی لە سلێمانی گیانیان لەدەستدا.[1]
- نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەعێراق (یونامی) لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، پێشوازی لەبڕیارەکەی دادگای فیدراڵی دەکەن

لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی ڕێفراندۆم و داوا لەهەرێمی کوردستان دەکات پایەندبن پێوەی.[3]
- یەکەم وێنەی کۆسرەت ڕەسول دوای نەخۆشکەوتنی بڵاوکرایەوە. سەرۆکی تیمی پزیشکیی کۆسرەت ڕەسول لە بەرلین بە ڕووداوی ڕاگەیاند دۆخی تەندروستی نایابە و هیچ کێشەیەکی تەندروستی نەماوە.[2]
- لە گەرمیان، بەهۆی زۆری ڕێژەی بارانەوە، لافاو لە شاری کەلار و شارەدێی ڕزگاری ڕوویدا.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە دانیشتنی پەرلەمانی ئەڵمانیا، پەرلەمانتار سەڤیم داغدەلەن، یاریدەدەری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی چەپی فیدراڵیی ئەڵمانیا کە بە ڕەچەڵەک کوردە، لەکاتی گوتاری خۆیدا پۆستەرێکی ئاڵای یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)ی بەرزکردەوە و ڕەخنەی لە حکومەتی ئەڵمانیا گرت بەوەی دڕووشمەکانی ئەو ڕێکخراوەی قەدەخە کردووە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-11-21
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2017-11-21
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2017-11-21
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-11-21
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئێن ئار تی - 2017-11-21
کاتی تۆمارکردن: 2017-11-21
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 206
2017-11-22



باکووری کوردستان
- پلاتفۆرمی مافناسانی ئازادیخواز، لە بارەگای کۆمەڵەی مافی مرۆڤ لە ئیستانبول، لەبارەی سەردانیکردنی دادگای کۆماری بۆرسا، بۆ پێشکەشکردنی داواکارپی بینینی عەبدوڵا ئۆجالان، ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان-پەکەکە، گۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیان ئەنجامدا. لە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکەدا، پارێزەر ڕازیبە تورگوت، ڕایگەیاند: 250 پارێزەر ئامادەن بۆ ئەوەی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئۆجەلان ئەنجام بدەن.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ڕەوشی لێقەوماوانی بوومەلەرزە بەهۆی سەرما و بارانەوە هەر لە خراپیدایە.[2]
باشووری کوردستان
- چەند چەکدارێک لە گوندی شیرک-ی سەر بە شارۆچکەی خانەقین هەڵدەکوتنە سەر ماڵی ئەندام کۆمیتەیەکی یەکێتی بەناوی حسێن عەلی و دەیکوژن.[1]
- بەهۆی لافاو لە هەندێ قوتابخانەی سنووری ڕاپەڕین کرایە پشوو.[2]
- بەشێک لە شاخی بەرانان کە تونێلەکەی دەربەندیخانی پێدا دەڕوات، بەهۆی بارانبارینەوە دارما و ڕێگەی هاتوچۆ داخرا.[2]
- بەهۆی بارانەوە ڕێگەی هەولێر - سلێمانی لە هێڵی سماقوڵییەوە داخرا.[2]
- وەلید جونبلّات، پەرلەمانتار و سەرۆکی پارتی سوسیالیستی پێشکەوتووی لوبنان لەتوێتێکدا لەهەژماری تایبەتی خۆی لە تویتەر نوسیوویێتی بەبۆچوونی من ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان بە بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی هەڵناوەشێتەوە. [1]
- هاوڵاتیانی شاردەبی مەیدان، کە بەهۆی بومەلەرزەکەوە زیان بەر خانووەکانیان کەوتووە، ڕێگای کەلار – دەربەندیخان-یان داخست و داوای خێمە دەکەن.[3]
- بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم شۆفێران دەکاتەوە، کە ڕوو لە ناوچە شاخاوییەکانی دەربەندیخان و چیای بەرانان نەکەن، بەهۆی دارمانی بەردی گەورە لەو ناوچانەدا.[3]
- ئیبتیسام هیلالی ئەندامی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەلێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند حکومەتی عێراق سورە لەسەر ئەوەی کە لەچەند ڕۆژی داهاتوودا داوای یاسایی دژ بە مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرزبکاتەوە. ئاماژەی بەوەشکرد کە داواکە بەهۆی یەکەم پێشێلکاریکردن بەرامبەر دەستوری عێراق بەهۆی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە 25ی ئەیلولدا، سەرەڕای داوای بەغدا بۆ دواخستنی، دووەم مانەوەی لەپۆستەکەیدا سەرەڕای تەواوبوونی وبلایەتەکەی پێش دوو ساڵ، هۆکاری سێیەم وەبەرهێنان بە پارەی نەوتی کوردستان و کەرکووک و موچەی فەرمانبەران کە لەلایەن بەغداوە نێردرابوو بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی. [1]
- لوقمان سلێمان حەسەن، پەرلەمانتاری خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان کۆچی دواییکرد.[2]
- بومەلەرزەیەک لە سنوری پارێزگای هەڵەبجە ڕوویدا. [2]
- ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاگەیێندراوێکی لەبارەی دۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، پشتگیری لە گفتوگۆ دەکەین لەنێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان

- مانگی سوری کود لە ڕۆژئاوای کوردستان و باکوری سوریا ڕایگەیاند، کە ئەو هاوکارییانەی بۆ قوربانییانی بومەلەرزەکەی باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆیانکردووەتەوە، سبەینێ بەڕێیدەکەن بۆ شاری سلێمانی.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: لوبنان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-11-22
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-11-22
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-11-22
کاتی تۆمارکردن: 2017-11-22
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 207

2017-11-23



باکووری کوردستان
- 250 پارێزەر لە شارەکانی، ئەستەنبول، ئەنقەرە، ئیزمیر، مەرسین، مووگلا، جولەمێرگ و مێردین، لەڕێگای ناوەندی مافناسی سەدە-وە، داوای بینینی عەبدوڵلا ئۆجەلان ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان-پەکەکەیان کرد. بەم سەردانەی ئەمڕۆی پارێزەران، دەبێتە جاری 707م، داوای بینینی ئۆجالان کرابێت، کە لە ماوەی ڕابردوودا داواکان ڕەتکراونەتەوە.[3]
- سەربازە تورکەکان هەڵیانکوتایە سەر ماڵێک لە گوندی حوجەتی سەربە شارۆچکەی چناری ئامەد و هاوڵاتییەکیان بە ناوی جبرائیل کارچی کوشت.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەهۆی بارانەوە ئاو چووەتە زۆرێک لە چادرەکانی لێقەوماوانی بوومەلەرزەکە لە کرماشان و دەوروبەری. بەتایبەتی ڕەوشی چادرنشینەکانی سەرپێل زەهاو زۆر خراپە.[1]
- 3 چالاک و مەلایەکی مزگەوت بەناوەکانی ئیدریس مەحموودی، ڕەحمان مەدەنی، جوانڕۆ قادری و مامۆستا گوڵنەواز کە پێشنوێژی مەزگەوت شیوە برایمەیە لە سەردەشت لەلایەن ئیتڵاعاتەوە دەستبەسەرکران.[4]
باشووری کوردستان
- کەشناسی عێراق ڕاپۆرتێکی لەبارەی بومەلەرزە دوێنێ ئێوارە و بەیانی ئەمڕۆ بڵاوکردەوە و تێیدا هاتووە لەماوەی کەمتر لە 12 کاتژمێردا سێ بومەلەرزە ڕوویانداوە و زۆربەیان لە گەرمیان و خانەقین بوون.[2]
- نزیکەی دوو مانگ بەسەر بڕیاری وەستاندنی گەشتە نێودەوڵەتییەکانی فڕۆکەخانەکانی هەرێم تێپەڕدەبێت و وەزیری گواستنەوەی هەرێمیش ڕایدەگەیەنێت، سەرەڕای هەوڵەکانیان، بەڵام هیچ بڕیارێکی نوێ لەبارەیانەوە دەرنەچووە.[2]
- ڕێکخراوەکەی عەلی قەرەداغی بەناوی (یەکێتی جیهانیی زانایانی ئیسلامی) کە خۆی ئەمیندارێی گشتییەتی، لە لایەن هەرچوار وڵاتی (سعودیە، ئیمارات، بەحرەین و میسر)، لەگەڵ ڕێکخراوێکی دیکە و 11 کەسایەتی خرانە لیستی تیرۆرەوە.[3]
- پۆلیسی هەولێر ڕایدەگەیەنێت، لە شارەدێی کەسنەزان لە دوو ڕووداوی جیادا و لەماوەی ئەم هەفتەیەدا دوو ئافرەت لەلایەن کەسانی نزیکی خۆیانەوە کوژران و تۆمەتبارەکانیش ڕایانکردووە.[2]
- بە پێشەنگایەتیی تەڤگەری ژنانی گەنجی مەخمور و تەڤگەری گەنجانی مەخمور لە ناوکامپەکەدا بە مەبەستی شەرمەزارکردنی توندوتیژی دژی ژنان و هەروەها بەبۆنەی 25ی نۆڤەمبەرەوە ڕێپێوانێک بەڕێوەچوو.[3]
باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان
- پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ، تەرمی شەهید هۆگر باران بە بەشداری دەیان کەس و بە ئامادەبوونی نوێنەری لایەنە سیاسییەکانی و نوێنەرایەتی ئەنجومەنی ڕۆژئاوا لە بازیان، و چەندین هاوڵاتی سنووورەکە، بەرەو ڕۆژئاوای کوردستان بەڕێکرایەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کرماشان

ولّات: باشووری کوردستان
ولّات: ڕۆژاوای کوردستان
ولّات: ڕۆژهەلاتی کوردستان
ولّات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-11-23
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-11-23
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2017-11-25
کاتی تۆمارکردن: 2017-11-23
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 208

2017-11-24



باکووری کوردستان
- پلەکانی گەرما بەشێوەیەکی بەرچاو لە پارێزگای وان لە باکووری کوردستان دابەزیوە و تاوەکو ئێستا 20 سانتیمەتر بەفر باریوە. بەهۆیەوە ئەمڕۆ دەوامی قوتابخانە و فەرمانگەکان کرایە پشوو و بەهۆی زۆریی بەفرەکەوە ڕێگای سەدان گوند گیران.[1]
- ئەمڕۆ، هێزە ئەمنییەکانی دەوڵەتی تورک، لە 10 گوندی دەوروبەری شارۆچکەی قەلقەلی-ی سەر بە شاری وان، ئۆپەراسیۆنێکی هەڵکۆتانە سەر ماڵانیان ئەنجامدا. لەو ئۆپەراسیۆنەدا، هێزەکانی دەوڵەتی تورک 44 کەسیان دەستگیرکرد.[2]
- هێزە تایبەتەکانی پۆلیسی تورک لە شارۆچکەی تووشبای سەربە شاری وان، هێرشیان کردە سەر ماڵی مستەفا ئەیاز، بەو تۆمەتەی ماڵەکەیان وێنەی شەهیدی تێدایە.[2]
- هێزەکانی پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاوڵاتیان لە بورسا و هەشت ئەندامی هەدەپەیان دەستگیر کرد. ناوی ئەو کەسانەی دەستگیر کراون بەم شێوەیە ڕاگەیەندراوە: لەیلا مەتین، هاوسەرۆکی هەدەپەی شارۆچکەی گەملیکی سەربە بورسا، نەعیمە ئۆکتای، بەڕێوەبەری هەدەپەی شارۆچکەی نیلوفەر، ڕۆژدا کۆجامان، ڕۆنیدا یلدیراک، دیلان ئالاداغ، سەرحەد سۆیباش، جەم کایا و هاوڵاتییەکی دیکە بە ناوی یەعقوب کە پاشناوەکەی نەزانراوە.[2]
- بۆ ماوەی 15 ڕۆژ، دەوڵەتی تورک 31 ناوچەی سەر بە پارێزگای جولەمێرگ-ی وەک 'ناوچەی ئەمنییەتی تایبەت' ڕاگەیاند و هاتووچۆ تیایاندا قەدەغە کرا.[2]
- - سەربازە تورکەکان هەڵیانکوتایە سەر ماڵێک لە گوندی حوجەتی سەربە شارۆچکەی چناری ئامەد و هاوڵاتییەکیان بە ناوی جبرائیل کارچی کوشت.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی قەیرانی پارێزگای لوڕستان ڕایگەیاند، بەهۆی بوومەلەرزەوە لە شاری بروجێرد ئەم بەیانییە زوو ڕوویدا، 27 کەس بریندار بوون و ژمارەیەک خانووبەرەش زەرەر و زیانیان بەرکەوتووە.[1]
باشووری کوردستان
- کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێم ڕایدەگەیەنێت، دیاریکردنی کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان تەنها لەدەسەڵاتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمەو ئەوەش دەخاتەڕوو، زیاتر لە 96 هەزار دەنگدەر ناوەکانیان بە یەک دەچێت و لێژنەیەکیشیان پێکهێناوە بۆ پاککردنەوەی ناوی دەنگدەران.[3]
- کاتژمێر 5 ی ئێوارەی ئەمڕۆ، کۆنگرەی ئەنجومەنی تەندروستکارانی باشوری کوردستان، بە هەڵبژاردنی هاوسەرۆکان و دەستەی هاوسەرۆکایەتی و ئەندامانی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی تەندروسکاران، کۆتایی هات.[2]
- کۆچی دوایی هونەرمەند، هاوڕێ کاوە (کاوە بچکۆل) لە ڕانیە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: جولەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: لوڕستان
شار و شارۆچکەکان: وان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-11-24
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-11-24
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-11-24
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2017-11-24
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 209

2017-11-25



باشووری کوردستان
- سێ کچی دیکەی کوردی ئێزدی لە سووریا ڕزگارکران و، گەیشتنەوە نێو کەسوکاری خۆیان لە باشووری کوردستان.[4]
- فوئاد مەعسوم گەییشتە سلێمانی و کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنە کوردییەکاندا دەکات بۆ کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر.[2]
- بەڕێوەبەری ئاسایشی دوزخورماتوو، ژمارەی ئەو چەکدارانەی لەنێوان دووزخورماتوو –کفری دەرکەوتوون ئاشکرادەکات و ڕایدەگەیەنێت کە سەر بە ڕێکخراوی داعش-ن و سەرقاڵی خۆ ڕێکخستنەوەن و ژمارەیەک کوردیشیان تێدایە.[1]
- پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بەئەنجامی ڕیفراندۆمی هەرێم هاتەدەنگ و وەڵامی عیراق دەداتەوە، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتیش ڕایدەگەیەنێت، لەلایەن هیچ کەسولایەن و دامەزراوەیەک و تەنانەت مەسعود بارزانیشەوە ناتوانرێت ئە و ئەنجامە هەڵبوەشێتەوە، مەکتەب سیاسیەکی ئە و حزبەش تەئکیدەکاتەوە، ئەوانەی باسی ئەوەدەکەن، بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنە.[3]
- کونسڵی گشتی بریتانیا لە کوردستان ڕایدەگەیەنێت، بریتانیا پشتگیری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات و ئەوەی بۆ ئێمەش گرنگە ئەوەیە سەرکردەکانی کورد دوای ڕیفراندۆم گەیشتنە حەقیقەت، بۆ یەکگرتن لەگەڵ عێراق.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی جزیرە ئەمڕۆ پێ نایە 77-ەمین ڕۆژییەوە، شەڕڤانان لە کۆمپانیای نەوتی تەنەکەوە دەستیان بە ئەنجامدانی هەڵمەتێک کرد و لە ماوەی سێ ڕۆژدا 40 کیلۆمەتر پێشڕەویان کرد و گەیشتنە سنوورەکانی عێراق.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: کفری
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیو - 2017-11-25
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 2017-11-25
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-11-25
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-11-25
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-11-25
کاتی تۆمارکردن: 2017-11-25
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 210

2017-11-26



باشووری کوردستان
- ئێوارەی ئەمڕۆ، ئاسایشی هەولێر ڕێگەی نەدا سیمینارێکی ئەکادیمیای سیاسەت و هزری دیموکراتی لە هەولێر بەڕێوەبچێت سەبارەت بە بەڕەنگار بوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان.[1][2]
- حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق بڕیاریدا قەرەبووی زیانلێکەوتوانی بومەلەرزەکەی سلێمانی و دیالە بکاتەوە.[2]
- بوومەلەرزەیەکی بەهێز سنووری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیانی هەژاند، بەڕێوەبەری کەشناسی و بوومەلەرزەزانیی سلێمانیش ڕای دەگەیەنێت، کە هیچ زەرەر و زیانێکی مادی بەدواوە نەبووە.[3]
- حوسێن شەهرستانی ڕایدەگەیێنێت، هەرێمی کوردستان 105 ملیار دۆلار قەرزارە، لەو قەرزەش 51 ملیار دۆلاری هی حکومەتی ناوەندیی عێراقە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-11-26
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-11-26

[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2017-11-26
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 211

2017-11-27



باکووری کوردستان
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ لە ئەنقەرەی پایتەخت و شاری کۆجاعەلیی تورکیا هێرش کرایە سەر چالاکوانانی هەدەپە و دەستگیرکران. بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی بە دەستی ڕۆژنیوز گەیشتوون، لە ئەنقەرەی پایتەخت، حسێن گۆزان، ئەندامی ئەنجومەنی هەدەپە و هاندە کایا و بیرسەن جەلال، ئەندامانی هەدەپە دەستگیرکران. هەروەها لە شاری کۆجاعەلی، هێزەکانی پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەر ماڵی چەندنین چالاکوان و دەستگیریان کردن، ناسنامەی ئەو چەند چالاکوانە بەم شێوەیە ڕاگەیەندراوە: ئایتەن یلماز و قادر دەمیر، هەروەها هێرشیان کردە سەر ماڵی ئیبراهیم یلماز بەڵام بەهۆی ئەوەی کە لە ماڵ نەبوو نەیانتوانیوە دەستگیری بکەن.[3]
- فیکرەت باشکایا سەرۆکی زانکۆی ئۆزگۆر، بە تۆمەتی هاوکاری دارایی و پروپاگەندە بۆ پەکەکە لەتۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، دەستگیردەکرێت.[2]
باشووری کوردستان
- بەرەی تورکمانی عێراق ڕادەگەیێنێت لێدوانەکانی سەرۆککۆماری عێراق لەبارەی کەرکووک و مادەی 140، لایەنگری حیزبین و بە هەموشێوەیەک ڕەتیدەکەنەوە فوئاد مەعسووم ڕۆڵ لە چارەسەرکردنی کێشەکە بگێڕێت.[1]
- لە شارۆچکەی کفری ژمارەیەک چەکداری نەناسراو تەقە لە ماڵی بەڕێوەبەری شوێنەواری گەرمیان و ڕۆژنامەنووسێک دەکەن.[2]
- هەڵمەتی هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی تۆندوتیژی دژی ژنان لە شاری هەولێر دەستپێکرد و ڕێگری لە تیمی ڕۆژنیوز کرا، کە ڕووماڵی مەراسیمەکە بکات.[3]
- سەرۆککۆماری عێراق ئەمڕۆ بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی لەدوای 16ی ئۆکتۆبەر لە کەرکووک دروستبوون، سەردانی ئەو پارێزگایەی کرد، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیشدا ڕایگەیاند ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک تاوەکو هەڵبژاردن دەمێنێتەوە.[1]
- سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤی هەرێمی کوردستان ئاشکرایدەکات کە لە چەند زیندانێکی هەرێم حاڵەتی ئازار و ئەشکەنجەدان هەبووە بەرپرسێکی حکومەتیش ئاماژە بەوەدەکات کە لێژنەیەکیان پێکهێناوە بۆ بۆ لێکۆڵینەوە بارودۆخی زیندانیان.[2]
- مەلا بەختیار، بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی دەڵێت: دوای کاردانەوەی دەوڵەتانی جیهان و دەوڵەتانی ئیقلیمی و کارەساتی کەرکووک، دارمانێکی دەرونیی چاوەڕواننەکراو هاتووەتە ئاراوە، لەژێر کاریگەرییەکانیدا بەشێک لە سەرکردەکانی یەکێتی و لایەنەکان هەر وەکو نە بایان دییێ و نە باران، خۆیان وا پیشاندەدەن کە لە نووکەوە تا کۆتایی

گشتپرسیان قبوڵ نەبووە. ئەمەش سەرەڕا پێچەوانەی ڕاستییەکانە. بەندە، دەتوانم بەڕەهاییەوە بڵێم یەک ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیش نادۆزیتەوە دژی گشتپرسی بووبێ، واژۆی هەموویانم لەلایە.[1]
- بەبەشداری ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیانی بناری قەندیل، چلەمین ساڵیادی دامەزراندنی پەکەکە، بە ئاهەنگێک لە بناری قەندیل پیرۆز کرا.[3]
- سێ شەوە لەسەر یەک لە نزیک شارۆچکەی خدرانی سەر بە شارۆچکەی دووکان چەند هەلیکۆپتەرێکی جەنگی نەناسراو بە ئاراستەی ئاوی دووکان تەقە دەکەن، بەڕێوەبەری شارەدێی خدرانیش ڕوونکردنەوە دەدات و دەڵێت ئاگاداریان کردوونەتەوە کە مەشق و ڕاهێنان دەکەن.[1]
- کونسوڵخانەی بریتانیا لە هەولێر ڕایدەگەیەنێت، هاوکاریی دارایی پێشکەش بە خێزان و هاوڵاتیانی زەرەرمەندی بومەلەرزەکەی هەڕێمی کوردستان دەکەن، هاوکارییەکانیش بەپێی خێزان و ئەندامانی خێزان گۆڕانکاری بەسەردا دێت.[2]
- ئەو ئەفسەرە عەرەبەی ئاڵای کوردستانی لەبینای پارێزگای کەرکووک خستەخوارەوە، شەوی ڕابردوو لە بەغدا کوژرا. نێوبراو ناوی ئەحمەد سەڵاح جەراح بوو.[4]
- کاتژمێر 08:30ی ئەمشەو، فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا، چیای ئاسۆس-یان بۆردوومان کرد بەهۆی ئەم بۆردوومانەوە سێ گەریللای پەکەکە شەهیدبوون.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هێزە هاوپەیمانەکان کە لە لایەن ئەمریکاوە پێشڕەوی دەکرێن ڕایدەگەیەنێت، بەردەوام دەبن لە پرچەکردنی هێزەکانی سوریای دیموکرات بەومەرجەی پابەندبن بە ئامانجەکەیان کە شەڕکردن و تێکشکاندنی داعشە.[2]
- وەزیری بەرگری تورکیا ڕاگەیاند، لە ڕۆژی سێشەممە یان چوارشەممەی داهاتوو ئۆپراسیۆنی عەفرین دەستپێدەکەن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێڕاق
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
شار و شارۆچکەکان: دوکان
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-11-27
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-11-27
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-11-27
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2017-11-27
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 212

2017-11-28



دەرەوەی کوردستان
- فیلمی پێشمەرگە لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووکان بە پشتگیری باڵیۆزانی فەرەنسا و بەریتانیا نمایشکرا. نزیکەی 600 کەس ئامادەی نمایشی فیلمەکەی بێرنارد هێنری لێڤی بوون.[3]
باکووری کوردستان
- هێزەکانی پۆلیسی تورک، هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاوڵاتیان لە شارۆچکەی شاخ-ی سەربە وان لە باکوری کوردستان و، 35 کەسیان دەستگیرکرد. لە ناو دەستگیرکراواندا، بەڕێوەبەران و ئەندامانی هەدەپە و دەبەپەی شارۆچکەکە هەن.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دوای بوومەلەرزەکەی کرماشان، بەشێک لەو قوتابخانانە کرانەوە کە زیانیان بەرنەکەوتبوو، هەروەها پێداویستییەکانی قوتابخانە بەسەر قوتابیاندا دابەشکران. [3]
باشووری کوردستان
- بەهۆی داگرتنی ئاڵای عێراق لە لایەن خوێندکارێکی کورد لە زانکۆی کەرکووک، پشێوی و شەڕ دروست بوو.[3]
- مەلا هەوار داودی نوێنەرێکی هاوڵاتیانی شارۆچکەی خورماتوو، ڕایدەگەیەنێت، سەرۆکی کۆمار پێی ڕاگەیاندین، کە تورکیا ڕێگیر بووە لە هاتنی هێزەکەی سەرۆک کۆمار بۆ خورماتوو، هەر ئەوانیش فشاریان خستوەتە سەر سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ هەڵوەشانەوەی ئەو بڕیارە.[1]
- بەرپرسی مەکتەبی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی ڕەتیدەکاتەوە عەلی باپیر نیازی هێنانی ژنی چوارەمی هەبێت و دەڵێت هەندی کەس ئەم بابەتە لەسەر ئەمیری کۆمەڵ گەورە دەکەن.[2]
- کۆبوونەوەی وەفدی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر کۆتاییهات و وتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستانیش دەڵێت هەردوولا کۆک بوین لەسەر ئەوەی کە نابێت حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵبوەشێتەوە و ئەو هەنگاوە کێشەی گەورە دروست دەکات.[2]
- ڕێکخراوی جیهانی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال داوادەکات حەشدی شەعبی لە کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بکشێتەوە، وێڕای دەربڕینی پاڵپشتیش بۆ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق، دژایەتی بۆ هەر تووندوتیژییەک بەرامبەر کورد دەردەبڕێت.[3]
- سریلانکا بەفەرمی کونسوڵخانەی خۆی لە هەولێر دەکاتەوە و لەمڕۆوە دەست بە کارەکانی دەکات، کونسوڵی وڵاتەکەش کەسێکی کوردە.[3]
- فەرمانی دەستگیرکردن بۆ بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکووک و 12 ئەفسەری دیکەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگاکە بە ماددەی 4ی تیرۆر دەرچووە و ئاراستەی پۆلیسی شارەکە کراوە بەمەبەستی گرتنەبەری ڕێوشوێن بۆ دەستگیرکردنیان.[2]
- دژە تیرۆری یۆنان ئۆپەراسیۆنێکی بۆ دەستگیرکردنی چەندین گومانلێکراو ئەنجامدا و 9 کەسی دەستگیرکرد، لەنێویاندا چەند کوردێکیش هەن.[3]

- ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کۆبوونەوە و تێیدا جەمال مەولود کە بەتەمەنترین ئەندامە ڕاسپێردرا لەمەودوا لە شوێنی ڕێبوار تاڵەبانی سەرپەرشتیی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی پارێزگا بکات، تاوەکو ئەو کاتەی سەرۆک و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا هەڵدەبژێرن، ڕێبوار تاڵەبانیش دەڵێت کارەکە نایاساییە. جەمال مەولود ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە[3]
- پێشانگایەکی فۆتۆگرافی بۆ چەند بەڵگەیەکی کاولکارییەکانی خورماتوو کرایەوە، ئەندامێکی تیمی کۆکردنەوەی بەڵگە تاوانەکانیش ئاماژە بەوە دەکات کە ئامانجیان خستنە ڕووی ئەوتاوانانەیە کە لە خورماتوو ڕوویانداوە، لەپێناو بەدۆسییەکردنی لەلایەن ڕێکخراوەکانی ناوخۆیی و جیهانییەکان پیشانگاکەیان کردوەتەوە.[1]
- دژی بۆردوومانەکانی چیای ئاسۆس، گەنجانی وڵاتپارێزی کوردستان و ژنانی گەنجی تێکۆشەر، لە شارۆچکەی ڕانیە، گردبوونەوەیەکی ناڕەزایەتییان ئەنجامدا.[1]
- هەشت گوللە هاوەن، ئاراستەی شارۆچکەی خورماتوو کراون، وتەبێژی چەکدارانی حەشدی شەعبی-ش ڕایدەگەیەنێت:تا ئێستا نازانرێت گوللە هاوەنەکان لەلایەن کێوە ئاراستە کراون.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا هەڵوەستە لەسەر پرسەکانی سووریا و ناتۆ دەکات و جەختیش لەسەر ئەنجامدانی ئۆپەڕاسیۆنێک دژی هێزەکانی یەپەگە لە عەفرین دەکاتەوە.[3]
- سوپای تورکیا، گوندەکانی ناوچەی بلبلێ لە کانتۆنی عەفرین تۆپباران دەکات، شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژە-ش وەڵامی تۆپبارانەکەیان داوەتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن:	پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
پارت / لایەن:	حەشدی شەعبی
پارت / لایەن:	کۆمەڵی دادگەریی کوردستان
پارت / لایەن:	یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
پارت / لایەن:	یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان:	خورماتوو
شار و شارۆچکەکان:	عەفرین
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
شار و شارۆچکەکان:	وان
شار و شارۆچکەکان:	ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان:	کرماشان
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات:	تورکیا
وڵات:	شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 28-11-2017
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 28-11-2017

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-11-28
کاتی تۆمارکردن: 2017-11-28
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 213

2017-11-29



باکووری کوردستان
- لە 42 گوندی سەربە شارۆچکەکانی فارقین، هەزرۆ، کاراز، پاسوور و لیجەی سەربە شاری گەورەی ئامەد قەدەغەی هاتووچۆ ڕاگەیەندرا.[1]
- نیوەڕۆی ئەمڕۆ، هێزەکانی پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاوڵاتیان لە نسێبین، قۆسەر، دێریک، کەرەبۆران و میدیادی سەر بە پارێزگای مێردین و 14 کەسیان دەستگیرکرد.[1]
- گەریلاکانی هەپەگە لە ئیدر، مێردین و جۆلەمێرگ دژی هێزەکانی سوپای تورک چالاکییان ئەنجامدا و گورزی کوشندەیان لێدان و 11 سەرباز و پۆلیس-یان کوشت.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ڕۆژنامەنووس و شاعیری کورد لە شاری مەهەد بە ناوی عەلیرەزا سپاهی لابین دەستبەسەر کرا.[6]
باشووری کوردستان
- تۆپخانەکانی تورکیا بەتۆمەتی هەبوونی بنکە و بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە، دەوروبەری شارەدێی شێروان مەزنی سەر بە شارۆچکەی مێرگەسۆر تۆپباران دەکەن.[4]
- شەوی ڕابردوو، هێزێکی گەورەی هاوپەیمانان بە شێوەی زەمینی و ئاسمانی گەیشتە شاری کەرکووک و پەرلەمانتارێکی یەکێتی-ش دەڵێت: هاتنی ئەو هێزە لەسەر داوای من و بەرپرسێکی یەکێتی بووە.[1]

- وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد، مەترسی ڕووخانی بەنداوی دەربەندیخان هەیە و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەو مەبەستە بە جددی لەسەر هێڵن.[2]
- مەسعود بارزانی و فوئاد مەعسوم لە پیرمام لەسەر کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغداد کۆبوونەوە.[3]
- لە سنووری خورماتوو شەڕی سەخت لەنێوان حەشدی شەعبی و گروپێکی چەکدارەوە بەڕێوەدەچێت.[1]
- کۆمیسۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی هەرێم ڕایدەگەیەنێت، کۆمیسۆن دەتوانێ لە مانگی نیسانی ساڵی 2018 هەرسێ هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی پارێزگاکان بەیەکەوە بەڕێوەببات.[5]
- فەرماندەی ئۆفیسی هەماهەنگی ئاسایشی هاوبەش لە عێراق لەگەڵ وەزیری پێشمەرگە بە وەکالەت کۆدەبێتەوەو ڕادەگەیەنێت، ئەمریکا بەردەوامدەبێت لە پێدانی مووچەو پرچەککردنی هێزەکانی پێشمەرگە و بڕیارە 364 ملیۆن دۆلاریشی وەک هاوکاری پێشکەش بکات.[5]
- جێگری پارێزگاری هەڵەبجە ئاشکرایکرد بەپاساوی بوونی مین و تەقەمەنی و باری ئەمنی و بەرزی ناوچەکە لە ئاستی دەریاوە، کۆمپانیای گازپرۆمی ڕوسی بە فەرمی داوایان لە حکومەتی هەرێم کردووە، کە واز لەبلۆکی نەوتی هەڵەبجە بهێنێت، لە بەرامبەردا لە کێڵگەی نەوتی شاکەل، دووەم بیری نەوت لێبدەن.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: بەغدا

شار و شارۆچکەکان: پیرمام

شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ

شار و شارۆچکەکان: خورماتوو

شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان

شار و شارۆچکەکان: ماردین

شار و شارۆچکەکان: مێرگەسوور

شار و شارۆچکەکان: نوسەیبین

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ئێراق

وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-11-29

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی گوڵان - 2017-11-29

[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-11-29

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-11-29

[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2017-12-01

کاتی تۆمارکردن: 2017-11-29

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 214

2017-11-30



باکووری کوردستان
- لە شارۆچکەی شرۆڤانی سەر بە شاری سیرت لە باکووری کوردستان، بەهۆی ڕووخانی خانووی خێزانێکی کورد، سێ ئەندامی ئەو خێزانە گیانیان لەدەستدا و پێنج کەسی دیکەشیان بریندار بوون.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سەرۆکی لێژنەی پلان و بودجە لە پەرلەمانی ئێران ڕایدەگەیەنێت، کار بۆ دامەزراندنی دوو ناوچەی بازرگانی ئازاد دەکەین، لە هەردوو شاری بانە و مەریوان لە سنوری هەرێمی کوردستان.[2]
- لە گوندی کێلەشینی سەربە شاری شنۆی پارێزگای ورمێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەرمی کۆڵبەرێکی کورد بەناوی هیوا مستەوفی دۆزرایەوە.[4]
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەرێی کوردپا، دوو هاوواڵاتیی کورد بە ناوەکانی ئارام نیکپەی خەڵکی گوندی نێ و تەحسین دادرەس خەڵکی گوندی سەردۆش سەر بە شاری مەریوان، لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە دەسبەسەر کراون.[4]
باشووری کوردستان
- دەرەنگانی شەوی ڕابردوو، ژمارەیەک گوللە هاوەن ئاڕاستەی لە شارەدێی قەرەتەپەی سەر بە شارۆچکەی خانەقین، کرا.[3]
- لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا بەهۆی نەبوونی دەرمانی پێویست، لە نەخۆشخانەیەکی هەولێر بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی سیل، دەرمانی ماوەبەسەرچوو بە هاوواڵتیان دراوە.[2]
- لە گەڕەکی ڕێگاری شارۆچکەی داقووق چەند چەکدارێک تەقە لە دوو گەنج دەکەن و بەهۆیەوە یەکێکیان گیان لەدەستدەدات و ئەوەی دیکەش بە سەختی بریندار دەبێت، قایمقامی داقووقیش دەڵێت چەکدارەکان بە ئۆتۆمبێلێکی جامرەش تەقەیان کردووە و نازانرێت کێن.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان

- گوتەبێژی سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا ڕایگەیاند، پشتیوانیکردنی پەیەدە و یەپەگە مانای درێژکردنەوەی تەمەنی پەکەکەیە. دەشڵێت، پشتیوانی ئەمریکا بۆ یەپەگە سیناریۆی نەخشەی نوێی ناوچەکەیە کە لە سووریاوە سەرچاوەدەگرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: بانە

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

شار و شارۆچکەکان: سێرت

شار و شارۆچکەکان: شنۆ

شار و شارۆچکەکان: مەریوان

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: ورمێ

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: باکووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2017-11-30

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-11-30

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-11-30

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2017-12-01

کاتی تۆمارکردن: 2017-11-30

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 215

2017-12-01



باکووری کوردستان
- جارێکی دیکە بەبیانووی باری نائاسایی، سەردانی خانەوادەی عەبدوڵا ئۆجالان، ڕێبەری پەکەکە بۆ ئیمرالی ڕەتکرایەوە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- وا بڕیار بوو ئەمڕۆ لە هۆڵی پاسارگادی شەهرەکی غەربی تارانی پایتەخت مەراسیمێکی یادکردنەوە بۆ عەلی ئەشرەف دەرونیشیان بەڕێوەبچێت، کە لە ڕۆژی 26ی ئۆکتۆبەردا لە تەمەنی 76 ساڵیدا گیانی لە دەستدابوو، وەزارەتی کلتور ڕایگەیاند، کە بەڕێوبەردنی ئەو مەراسیمە قەدەغەیە.[2]
باشووری کوردستان
- بوومەلەرزەیەک بە گووڕی 3.9 پارێزگای سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەری گرتەوە.[1]
- میدیا تورکییەکان بڵاویان کردەوە کە ئێستا نێچیرڤان بارزانی لە تورکیایە و دەیەوێت لە تورکیاوە بچێتە دەرەوە.[2]
- لە شارۆچکەی خورماتوو، ژمارەیەک گوللە هاوەن کەوتنە خوارەوە و بەهۆیەوە بریندارى لێ کەوتووەتەوە، چەکدارانی حەشدی شەعبی-ش، چیای هەنجیرە بۆردوومان دەکەن.[2]
- لەسەر بانگهێشتی سەرۆک کۆماری فەڕەنسا، شاندێکی باڵای هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیران، گەیشتوونەتە پاریس-ی پایتەختی فەرەنسا.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هەڵبژاردنی ئەنجومەنی کانتۆنەکان، شارەوانییەکان و شارۆچکەکان لە کانتۆنەکانی عەفرین، شەهبا، گرێسپی، کۆبانێ، قامیشلو و حەسەکە و شارو شارۆچکەکانی سەر بەو کانتۆنانە سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ دەستپێکرد.[2]
- دەنگدان لە ڕۆژاوا بۆ 2 کاژێر درێژکرایەوە.[1]
- میدیای فەرمی تورکیا بڵاویکردەوە گوتەبێژی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا پێنتاگۆن ڕایگەیاندووە، ئەو چەکانەی دەبنە مایەی هەڕەشە بۆ سەر تورکیا، لە هێزەکانی هەسەدە دەسەندرێنەوە. [3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن:	حەشدی شەعبی
شار و شارۆچکەکان:	حەسەکە
شار و شارۆچکەکان:	خورماتوو
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات:	تورکیا
وڵات:	فرەنسا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-12-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-12-01
کاتی تۆمارکردن: 2017-12-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 216

2017-12-02



دەرەوەی کوردستان
- بەگوێرەی هەواڵێکی ڕۆژنامەی هائارتسی ئیسرائیلی، سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ سوپای ئیسرائیل بارەگایەکی سەربازیی ئێرانی لە باشووری دیمەشق-ی پایتەختی سوریا بە هاویشتنی پێنج موشەک کردە ئامانج.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڕێک بۆ ڕێزلێنان و پێدانی بڕوانامە و ڕێزنامە بە قوتابیانی پۆلەکانی زمانی کوردی لە لایەن ئەنجومەنی ئەدەبی فەرهەنگی لە هۆڵی لاوانی هاژەی کۆخان لە بانە بەڕێوە چوو.[6]
- کاسبکارێکی کورد بە ناوی ئیبراهیم بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە نزیک گوندی دۆڵەبی سەر بە شاری سەردەشت بە سەختی بریندار کرا.[6]
- بەمەبەستی یارمەتی گەیاندن بە منداڵانی بوومەلەرزەلێدراوی کرماشان پێشانگایەکی نیگارکێشی لە شاری مەهاباد بەڕێوە چوو.[7]
باشووری کوردستان
- بەڕێوەبەری ئاسایشی کۆڵەجۆ لە سنووری گەرمیان ئاشکرایکرد کە بەیانی ئەمڕۆ هێزێکی سوپای عێراق نزیک شارەدێی کۆکس بوونەتەوە بە مەبەستی دەست بەسەراگرتنی سنووری ساڵی 2003.[1]
- بۆمبێکی چێندراو بە ئۆتۆمبێلی ئازاد حەمید شەفی سەرۆکی ئەنجومەنی شارەدێی مەندەلی تەقییەوە، بەڵام ڕزگاری بوو.[1]
- ئەمڕۆ ناوەندی ڕاگەیاندنی حەشدی شەعبی بڵاوی کردەوە، کە هێزەکانیان دوو گۆڕی بەکۆمەڵیان لە باشووری شەنگال دۆزیوەتەوە و تەرمی نزیکەی 140 هاوڵاتی ئێزدی تێدایە و زۆربەیان ژن و منداڵن.[2]
- وەفدێکی هەرێمی کوردستان کە پێکهاتووە لە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و قوباد تاڵەبانی

جێگری سەرۆکی حکومەت و سەفین دزەیی وتەبێژی حکومەت و فوئاد حسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، گەیشتنە کۆشکی ئیلیزێ لە پاریس و لەلایەن ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆکی فەڕەنساوە پێشوازییان لێکرا.[3]
- لە کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانیی ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا و (نێچیرڤان بارزانی و قوباد تاڵەبانی) لە پاریس، سەرۆکی فەڕەنسا داوای هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبیی کرد.[3]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ بومەلەرزەیەکی بەهێز سنوری پارێزگای هەڵەبجە و شارەزوری هەژاند.[1]
- دوابەدوای هاتنی ئەو هێزەی سوپای عێراق بۆ بازگەی شێخ باوە، بەمەبەستی هاتنیان بۆ سنوری پێش 2003، نیوەڕۆی ئەمڕۆ، هێزێکی پۆلیسی گەرمیان، گەیشتە بازگەی هاوبەشی پۆلیسی گەرمیان و سوپای عێراق لە بازگەی نەقشبەندی.[2]
- وەزیری کشتوکاڵ ڕایدەگەیەنێت، ئەگەرچی حەیدەر عەبادی واژۆی لەسەر خەرجکردنی برە پارەی چوار ساڵی ڕابردووی جوتیارانی کوردستان کرد، بەڵام لێژنەی پەیوەندیدار لە وەزارەتی بازرگانی پەشیمان بۆتەوە و تەنها پارەی دوو ساڵی جوتیاران خەرجدەکەن.[1]
- لە ڕووبەڕوبونەیەکدا لە قەڵادزێ لەلایەن چەند کەسێکەوە تەقە لەمەفرەزەیەکی پۆلیسی فریاکەوتنی شارۆچکەکە دەکرێت و لەئەنجامدا پۆلیسێک بریندارەدبێت. [1]
- یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان شوێنی ڕێبوار تاڵەبانی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک پڕ کردەوە و جوان حەسەن-ی کردە سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک.[2]
- نووری مالیکی، جێگری سەرۆککۆماری عێراق ڕایگەیاند: دەستووری فەرەنسا باس لەوە دەکات کە نابێت دەستوەردان لە کاروباری وڵاتانی جیهان بکرێت، بەڵام بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا دەستوەردانی ڕەتکراوەی لە کاروباری نێوخۆی عێراقدا کرد، کە داوای هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوەیەکی فەرمی یاسایی دەکات، ئەویش دەستەی حەشدی شەعبییە.[4]
- جاسم محەمەد جەعفەر پەرلەمانتاری عیراق بە (سۆمەریە نیوز)ی ڕاگەیاندوە، سەرمان سورماوە لەپێشوازیکردنی ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا لە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە پێشوازیکردنەکە پێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتییەکانە، داواشدەکات حکومەتی فەرەنسا ئاگادار بکرێتەوە لە نیگەرانییەکانی بەغدا.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- پاش چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکانی لە ڕۆژئاوا، شاندی پەرلەمانتارانی باشور و باکوری کوردستان هەڵبژاردنەکان بە سەرکەوتوو ناودەبەن و پشتیوانی بۆ ئە و بەشەی کوردستان دەردەبڕن.[1]
- لە چوارچێوەی گەردەلولی جزیرە، بۆ سێیەمین ڕۆژ شەڕ و پێکدادان لە گوندەکانی دێرەزۆر بەردەوامە لە نێوان شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات و چەتەکانی داعش، ئەمرۆش ژمارەی کوژراوەکانی داعش گەیشتە 72 چەتە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	حەشدی شەعبی
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن:	یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان:	بانە
شار و شارۆچکەکان:	خانەقین
شار و شارۆچکەکان:	سەردەشت
شار و شارۆچکەکان:	شنگال
شار و شارۆچکەکان:	قەڵادزێ (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان:	هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
شار و شارۆچکەکان:	کەلار (گەرمیان)
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	فەرەنسا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-12-02
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-12-02
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-12-02
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری نەوا - 2017-12-02
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2017-12-02
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان میدیا - 2017-12-04
کاتی تۆمارکردن: 2017-12-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 217

2017-12-03



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران، لە سنووری ماکۆ دەستەیەک لە کۆڵبەرانی کوردیان دایە بەر دەسڕێژی گوللە و لە ئاکامدا کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی نەورۆز بادپا بە تۆندی بریندار بوو.[6]
- لە ڕێوڕەسمێکدا لە پارێزگای ورمێ، محەممەدی عەلی جەعفەری، فەرماندەی سوپای پاسداران ڕایگەیاند، پیلانی کوردستانی گەورە لە ناوکەوە بڕدراوە.[4]
- یەکێک لە چەکدارانی سپای پاسداران بەناوی سالح قاسمی خەڵکی گوندی دێڵەزی سەر بە ناوچەی شپیرانی سەڵماس، دانیشتووی شاری شنۆ کوژرا.[6]
باشووری کوردستان
- هەڤاڵ ئەبوبەکر، وەک پارێزگاری سلێمانی دەستبەکاربوو.[1]
- فرۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک، چیای ئاسۆس لە سنووری شارباژێڕی سەربە پارێزگای سلێمانی بۆ ڕدوومان دەکەن.[1]
- بەشێک لە کارمەندانی کۆمپانیای نەوتی باکور لە کەرکووک خۆپیشاندانیان ساز کرد وەکو دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر ئەوەی کە ماوەی سێ مانگە مووچەیان وەرنەگرتووە.[2]
- بەیانی ئەمڕۆ تەرمی دوو کەس لە گوندی نارێنی سەر شارەدێی قەرەتەپە بە کوژراوەی دۆزراوەتەوە و دوای لێکۆڵینەوە

دەرکەوتووە هەردووکیان پۆلیسی نەوتی گەرمیانن.[3]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی ئەیدز هەڵمەتێکی پشکنینی پێشوەختەی نەخۆشی ئەیدز ئەنجامدەدات و ڕایدەگەیێنێت ئەمساڵ هیچ حاڵەتێکی تووشبوون بە ڤایرۆسی تووشکەری ئەیدز لەنێو هاونیشتمانییان تۆمارنەکراوە.[4]
- لە ڕۆژی جیهانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکاندا، چەند چالاکوانێک لەبەردەم وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێم لە هەولێر گردبونەوە و ناڕەزایەتییان دەربڕی.[5]
- چەکدارانی پاشماوەی داعش کە لە ناوچە شاخاوییەکانی نێوان خورماتو و کفری بونیان هەبوو، لەشەوی ڕابردووەوە جموجۆڵیان دەستپێکردووە بۆ بەجێهشتنی سنورەکە.[3]
- فراکسیۆنە کوردییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەیاننامەیەکی هاوبەشیان لەبارەی پرۆژە یاسای بودجەی عێراقەوە بڵاوکردەوە، لە بەیاننامەکەدا، ڕایانگەیاند، کە بەپێی یاسا نابێت پشکی کورد لە بودجەدا کەم بکرێتەوە، دەشڵێن: پێوستە هەڵەبجە وەک پارێزگای سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت لە بودجەدا.[2]
- سەرۆککۆماری تورکیا دەڵێت، هەموو هەوڵێکی داوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کورد لە تورکیا، سووریا و عێراق. دەشڵێت، هەرێمی کوردستان ئاوەدانترین ناوچەی عێراقە، بەڵام ئەوە لە سایەی تورکیاوە بووە.[4]
- لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر خەڵاتی ڕێزلێنان بەخشرایە عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکووک و ژمارەیەک لە ئەفسەرانی ئەو شارە لە بەرامبەر ئەو ئەرک و ماندوبوون و دڵسۆزیەی لەماوەی ڕابردوو کارەکانیاندا بەجێیانگەیاندووە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- فەرماندەیی گشتی یەکینەکانی پاراستنی گەل-یەپەگە ڕایگەیاند، کە بەهاوکاریی هۆزە عەرەبییەکان و بە پاڵپشتی ڕوسیا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دێرەزۆر بەتەواوی لە چەتەکانی داعش پاککراونەتەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەڵماس
شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: وەرێ
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 03-12-2017
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 03-12-2017

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-12-03
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کەی ئێن ئێن - 2017-12-03
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2017-12-03
کاتی تۆمارکردن: 2017-12-03
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 218

2017-12-04



باکووری کوردستان
- لە کانێکی خەڵوزی بەردینی لە شرناخی باکوری کوردستان تەقینەوە ڕوویدا و بەپێی زانیارییەکانیش دوو کرێکار گیانیان لە دەستداوە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شەهاب نادری، نوێنەری شارەکانی پاوە، جوانڕۆ و ڕوانسەر لە پەرلەمانی ئێران ڕایگەیاند دوو منداڵ بەهۆی سەرما و دوو کەسی دیکەش بەهۆی پەنگخواردنی گاز لەنێو خێوەتدا گیانیان لەدەستداوە.[6]
- هێزەکانی ڕێژیمی ئێران لە خاڵی پشکنینی سێرێپانی پەسوێ هەڵکەوتوو لە جەڵدیان، پێش بە هاوولاتیان دەگرن و بەمەبەستی ئازاردانی خەڵکی کورد مۆبایلەکانیان دەپشکنن.[3]
- محەممەد کەریمی یەکێک لە چالاکانی شاری بۆکان، بۆ جێبەجێکرانی حوکمەکەی لەلایەن مەئموورانی حکوومەتەوە لە ماڵەکەی خۆیدا دەسبەسەر و ڕەوانەی زیندانی بۆکان کرا.[7]
- سێ هاوولاتیی کورد خەڵکی شاری مێهران سەر بە پارێزگای ئیلام کە دوو ژن و پیاوێک بوون لە ناو ماشینێک لە جۆری پراید بە هۆی تەقینەوەی مینێکی دژە تانگ گیانیان لە دەست دا. [7]
باشووری کوردستان
- بوومەلەرزەیەکی دیکە شارۆچکەی دەربەندیخان و دەوروبەری هەژاند و بەهۆیەوە منداڵێک بە سۆکی بریندار بووە.[1]
- بۆ جاری پێنجەم فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیا چیای ئاسۆس-یان لە ناوچەی شارباژێڕی سەر بە پارێزگای سلێمانی بۆردوومانکردەوە.[2]
- وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، دوای ئەوەی لیستی مووچەخۆرانی خاوەن پێداویستی تایبەت پاکدەکرێتەوە، ئەنجومەنی وەزیران بەڵێنی پێداون کە مووچەی سەرجەم خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە 90 هەزارو 60 هەزار دینارەوە دەکرێتەوە بە 150 هەزار دینارەکەی پێشوو.[1]
- مونا قەهوەچی ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی باڵای ڕیفراندۆم ڕەتی کردەوە کە ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسیەکان هیچ بڕیارێکی دابێت سەبارەت بەهەڵوەشاندنەوە یا هەڵپەساردن و سڕکردنی ئەنجامەکانی ڕیفراندۆمی دابێت و وتیئیمە بڕیارمان دا لە و ڕۆژە وەک بەروار ڕیفراندۆم بکەین،نەک هەڵوەشاندنەوە و هەڵپەساردنی بدرێتە دەست ئەنجومەنەکە،خەڵکی کوردستان بڕیاری ڕیفراندۆمیان دا بۆیە هەڵوەشاندنەوە و هەر بڕیارێک لەوبارەیەوە دەبێت خەڵک بیدات نەک ئەنجومەن

چونکە ئەوە ڕێز نەگرتنە لەئیرادەی خەڵکی کوردستان.[4]
- ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم نەورۆز مەولود وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار وەک وەزیری داد بە وەکالەت دیاریکدر کە ماوەیەکە ئەو پۆستە بەتاڵە.[1]
- ژمارەیەک پەرلەمانتار کە واژۆیان لەسەر یاداشتێک کردووە، داوایان لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە، دانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستان تایبەت بکات بە ڕەوشی دووز خوورماتوو بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ڕەوشی شارۆچکەکە.[1]
- پاش سێ ساڵ لە داخستنی ڕێگەی سەرەکی نێوان جەلەولا و سەعدیە، بەهۆی شەڕی داعشەوە لە و ناوچەیە و لە هەفتەی پێشوەوە لە کاتی سەردانی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بۆ شارەدێی سەعدیە و جەلەولا ئە و ڕێگەیە کرایەوە، بەڵام ئەمرۆ بەهۆکارێکی نادیار جارێکی تر داخرا.[1]
- میدیاکانی سەربە پارتی دیموکراتی کوردستان بڵاویان کردەوە، کە سەڵاحەدین بەهادین ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە سەردانەکەیدا بۆ تورکیا لەگەڵ هاکان فیدان، سەرۆکی دەزگای هەواڵگری تورکیا – میت کۆبووەتەوە.[2]
- کونسڵخانەی گشتی ئەڵمانیا لە ڕاگەیاندراوێکدا دەڵێت کونسڵی گشتی ئەڵمانیا لە هەرێمی کوردستان، چاوی کەوتووە بە سەرمایەداری نیشتمانی فاروقی مەلا مستەفا و تیایدا باس لە بارودۆخی ئابوری هەرێمی کوردستان کراوە.[1]
- فەرماندەی فیرقەی دووی دژە تیرۆری عێراق ڕەتیکردەوە هیچ هێزێکی هاوبەش پێکبهێنرێت بۆ بەرێوەبەردنی مەلەفی ئەمنی لە کەرکووک، هەروەک دەستگیرکردنی بەرپرسی ئەمنی کۆلیژی زانستی شارەکەی لەلایەن هێزەکانیانەوە پشتڕاستکردەوە و وتی کارئاسانی و چاوپۆشی کردووە لەئاستی پارچەپارچەکردنی ئاڵای عێراق.[1]
- ئەندامێکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایدەگەیەنێت، ئەمڕۆ بەشێک لە هێزەکانی ئەمریکا کە نزیکەی 40 هەمەری سەربازی بوون، سەربازگەی کەیوان-یان لە کەرکووک جێهێشتووە، پەرلەمانتارێکی یەکێتی-ش لە کەرکووک ئەو هەواڵە ڕەت دەکاتەوە.[2]
- کاتژمێر 9ی ئەمشەو، بەشێک لە خوێندکارانی بەشە ناوخۆیی کوردان-ی ئیسکان لە گەڕەکی مەجی بەگ-ی شاری سلێمانی، خۆپیشاندانێکیان لەبەردەم زانکۆی کۆنی سلێمانی (کۆلێژە پزیشکییەکان) ئەنجامدا و زیاتر لە کاتژمێرێک جووت سایدی ئیسکان-یان داخست.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ئێوارەی ئەمڕۆ، لە سوپای تورک هەوڵی دا بچێتە سەر چیای گر-ی شارۆچکەی بلبلێ-ی ناوچەی ڕاجۆ-ی سەر بە کانتۆنی عەفرین، بەڵام لە لایەن شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل-یەپەگە و یەکینەکانی پاراستنی ژنان-یەپەژە-ەوە وەڵام درانەوە.[2]

دەرەوەی کوردستان

- باڵیۆزخانەی ئێران لە یەمەن موشەکباران کرا و گڕی گرت.[5]
- کوژرانی عەلی عەبدوڵڵا ساڵح، سەرۆکی پێشووی یەمەن، نێوبراو کەسێکی نزیکی سەددام حسێن و هەردەم یارمەتیدەری ڕژێمی بەعس بوو بۆ ئەنفالکردنی کورد.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئیلام
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)
شار و شارۆچکەکان: شڕناخ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران

ووڵات: ئێراق
ووڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
ووڵات: ئەڵمانیا
ووڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-12-04
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-12-04
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان میدیا - 2017-12-04
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دەنگی ئەمریکا بەشی کوردی - 2017-12-04
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-12-04
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2017-12-05
کاتی تۆمارکردن: 2017-12-04
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 219

2017-12-05



باکووری کوردستان
- پاش ئەوەی دوێنێ سوپای تورک دەستی کردە ڕەوانەکردنی هێز و کەرەستە سەربازییەکانی بەرەو بەدلیس، ئەنجومەنی پارێزگای بەدلیس ئەمڕۆ لە 11 گوندی ئەو پارێزگای قەدەغەی هاتوچۆی ڕاگەیاند.[1]
- سەربازەکانی سوپای تورک و جەردەوانەکانی سەر بە سوپا لە گوندی تاشکەساندی ناوچەی تەندورەک لە ئاگری جێگربوون و بە چەکی قورس چیای تەندورەک تۆپباران دەکەن.[1]
- ڕۆژنامەی گاردییەنی بەریتانی، پێش دادگایی فیگەن یوکسەکداغ و سەلاحەدین دەمیرتاش نامەی چەند فەیلسوف و سیاسەتمەداری بەناوبانگی جیهانی بڵاوکردەوە کە تێیدا ڕەخنەیان لە دەسەڵاتداری تورکیا گرتووە و داوای ئازادیی هاوسەرۆکانی هەدەپەیان کردووە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- هێزە سەربازییەکانی حکومەتی ئێران هێرشیان کردە سەر گوندی جلیزی لە پارێزگای ئیلام و زیاتر لە 50 کەسیان دەستگیر کرد، چوار ژن لە دەستگیرکراوانی ئەو ئۆپەراسیۆنە ڕەوانەی زیندانی ئیلام کران.[1]

باشووری کوردستان

- ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای سەلاحەدین ڕایدەگەیەنێت، کە 17 پۆلیسی کورد لە بەڕێوبەرێتی پۆلیسی شارۆچکەی خورماتوو، بەهۆی بەشداریکردن لە ڕیفراندۆم، دەستگیرکراون و بڕیاری دەستگیرکردنی 12ی دیکەش دەرچووە.[1]
- محەمەد عوسمان پەرلەمانتاری یەکێتی لەپەرلەمانی عێراق لە ئۆفیسی کەرکووکی پەرلەمانی عێراق کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ئەنجامدا و ڕایگەیاند لەپارێزگای کەرکووک و شارۆچکەکانی دبس و داقوق و خورماتوو گروپێکی حەشدی شەعبی چەندین تاوانیان ئەنجامداوە کە بەجۆرێکە هەموو بنەما مرۆییەکانی تێپەراندووە.[2]
- ژمارەیەکی زۆر لە خاوەن مۆلیدە ئەهلییەکانی شاری سلێمانی لە گردبوونەوەیەکدا هەڕەشەی بڕینی کارەبا دەکەن لە ئەگەری پێنەدانی گاز و زیاد نەکردنی پارەی ئەمپێرەکانی کارەبا.[1]
- وتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕایدەگەیەنێت پارتی هەڵبژاردن بە چارەسەر دادەنێت، لە بڕی هەڵوەشانەوەی حکومەت و پێکهێنانی حکومەتی کاتی.[2]
- هەڤاڵ ئەبوبەکر وەک پارێزگاری نوێی سلێمانی سوێندی یاسایی خوارد و دەستبەکاربوو، کە لەمەراسیمەکەدا سەرۆکی حکومەتی هەرێم و جێگرەکەی ئامادەیبوون.[2]
- ئیحسان چەلەبی، بەرێوبەری شارەدێی سیدەکان بە ڕۆژنیوزی ڕاگەیاند: لە کاتژمێر 12:30ی خولەکی شەوی ڕابردووەوە تا نیوەڕۆی ئەمڕۆ کاتژمێر 12:00 بە بەردەوامی تۆپخانەکانی تورکیا تۆپبارانی ناوچەکانی (شانشا، کانیە ڕەش، چیابەن) لە سنوری بەرمێزە سەر بە شارەدێی سیدەکان بۆردومانکردووە. وتیشی: تا ئێستا 23 تۆپ بەر ناوچەکە کەوتوون، بەڵام خۆشبەختانە هیچ زیانی گیانی نەبووە جگە لە زیانی مادیی، چونکە هیچ کەسێک لە و سنورە نازی.[1]
- شەڕو ڕوبەڕووبونەوە لەنزیک شارەدێی قەرەهەنجیر لەسەر ڕێگەی کەرکووک - سلێمانی دروستبو. بەپێی زانیارییەکان شەڕەکە لەنێوان هێزە عێراقییەکان و ژمارەیەک چەکداری نەناسراو ڕویدا.[2]
- لە حاجیاوای سەر بە ئیدارەی ڕاپەڕین کاژێر 8:00ی بەیانی کچێکی تەمەن 18 ساڵ لە ژوورێکی ماڵەکەی خۆیاندا گیانلەدەستدەدات، دوای بەدواداچوونی هێزەکانی پۆلیس دەرکەوت سێ گوللە بە جەستەیەوە دیارە و لە ڕووداوکەدا چەکی کڵاشیەکێتی نیشتمانیی کوردستانۆف بەکارهاتووە.[4]
- باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق نیگەرانیی وڵاتەکەی لەو گرێبەستە نەوتییانە دەربڕی کە تاکلایەنە هەرێمی کوردستان کردووونی.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ئەنجامی گشتیی دووەمین قۆناغی هەڵبژاردنی کانتۆنەکانی ڕۆژاوا ئاشکراکرا.[3]
- چەتەکانی داعش، لە دێرەزۆر هێرشیان کردە سەر خاڵە سەربازییەکانی شەڕفانانی قەسەدە و لەئەنجامدا 46 چەتە کوژران و ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراویشیان لە لایەن شەڕفانانەوە تەقێندرایەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ

شار و شارۆچکەکان: ئاگری

شار و شارۆچکەکان: ئیلام

شار و شارۆچکەکان: بەدلیس

شار و شارۆچکەکان: خورماتوو

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2017-12-05
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2017-12-05
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-12-05

کاتی تۆمارکردن: 2017-12-05

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 220

2017-12-06



باکووری کوردستان
- سێیەمین دانیشتنی دادگایی فیگەن یوکسەکداغ سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ لە بینای زیندانی سینجانی ئەنقەرە دەستپێکرد.[1]
- دادگای ئیستەنبوڵ دەستی بە دادگاییکردنی ئەو ئەکادیمیسیانانە کرد، کە لە 2016دا بە بەیاننامەیەک ناڕەزایی خۆیان لەدژی ئەو ئۆپەراسیۆنانە دەربڕیبوو، کە تورکیا لە شارەکانی باکووری کوردستان ئەنجامی دەدان.[5]
- هەدەپە ڕایدەگەیەنێت، 1250 پارێزەر ئامادەیی خۆیان دەربڕیووە کە لە دادگا داکۆکی لە دەمیرتاش بکەن، بەڵام هۆڵی دادگاییکردنەکە تەنیا 20 کەس دەگرێت.[2]
- هەپەگە ڕایگەیاند: لە هەنگاوی شۆڕشگێڕانەی شەهید ئەیلەم، شەهید ماهیرو شەهید ئارگەشدا، دوێنێ کاتژمێر 11:40 خولەکی نیوەڕۆ، گەریلاکانمان لە دەوروبەری بازیدی سەربە ئاگری، چالاکییەکیان دژی زرێپۆشێکی سوپای تورک ئەنجامدا، لەو چالاکییەدا زرێپۆشەکەی سوپای تورک بەتەواوی تێکشکێندرا، سەربازەکانی ناو زرێپۆشەکەش کوژران و بریندارببوون، بەڵام ژمارەکەیان نەزنراوە.[7]
باشووری کوردستان
- ئەمشەو لە کامپی پەنابەرانی شەهید ڕۆستەم جودی لە مەخمور تەقینەوەیەک ڕوویدا و بە پێی زانیارییە سەرەتاییەکان لە تەقینەوەکەدا 4 شەهید و 5 بریندار هەن. لەنێو کەمپی مەخموری ئاوارەکانی باکووری کوردستان دوو هەزار و 700 خێزانی ئاوارە دەژین کە ژمارەیان 12 هەزار و 500 کەسە.[1][5]
- لە گوندی هۆپەی شێروان مەزن لە سنووری قەزای مێرگەسۆر، بۆمب بە ئۆتۆمبێلی دوو هاونیشتمانیدا دەتەقێتە و

بەهۆیەوە هەردووکیان گیان لەدەستدەدەن.[5]
- بومەلەرزەیەک شاری سلێمانی و دەوروبەری هەژاند، کە سەرنتەری بومەلەرزەکە شارۆچکەی دەربەندیخان بووە و پلەکەی 4.5 پلەی ڕێختەر بووە.[1]
- دیاردەی هەوری ئەندولاتۆس ئەسپیراتۆس لە ئاسمانی باشووری کوردستان دەرکەوت، کە بە دیاردەیەکی ناوازە ناسێنراوە.[2]
- بەهۆی ئە و بومەلەرزەیەی کە ئەم بەیانیە لەشارەکانی هەرێمی کوردستان ڕوویدا، ژمارەیەک خوێندنگەی هەڵەبجە خوێندکارەکانیان نارد ماڵەوە، بەڕێوەبەری خوێندنگەکانیش ڕایدەگەیەنن، لەپێناو سەلامەتی خوێندکاراندا ئە و کارەیانکردوە.[6]
- ئەحمەدی حاجی ڕەشید، ئەندامی لیژنەی کاروباری دارایی پەرلەمانی بەغدا ئاشکرایدەکات، سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی داوای لە حکومەتی ناوەندی عێراق کردووە کە گۆڕانکاری لە ڕەشنوسی بودجەی 2018 بکات و پشکی هەرێمی کوردستان زیادبکاتەوە. [2]
- بەهۆی قیرتاونەکردنی ڕێگای گوندەکەیان، دانیشتوانی گوندی قوڵقوڵە لە سنووری شارەدێی ئاشتی لە شارۆچکەی کۆیە، ڕێگای سەرەکی کێڵگەی نەوتی شیوەشانیان داخست. [3]
- بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان ڕایدەگەیەنێت: لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی کفرییەوە دەست بەسەر چوار ئۆتۆمبێلی بارهەڵگردا دەگیرێت کە چەندین گوللە هاوەن و تەقەمەنی تێدابووە.[4]
- بۆیەکەمجار لە هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ کۆنفرانسی زانستیی دەرمانسازی لە هەولێر بەڕێوەدەچێت.[5]
- وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕایگەیاند، ئەمریکا بەردەوامدەبێت لە پشتیوانیکردنی دانوستان لە نێوان هەرێم و بەغدا، دەڵێت کاری ئەمریکا نییە فشار بکات تاوەکو ئە و دانسوتانانە بکرێن.[2]
- وەزارەتی خوێندنی باڵا ڕایگەیاند، ناوەندی وەرگرتن لە دیوانی وەزارەت ڕەزامەندی نیشانداوە لەسەر وەرگرتنی 305 خوێندکاری کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.[5]
- لیژنەی نەوت و وزەی پەرلەمانی عێراق جەختدەکاتەوە، هەرێمی کوردستان ئێستاشی لەسەر بێت، بەردەوامە لە هەناردەکردنی نەوت بۆ دەرەوە. لیژنەکە ئەوەشی خستۆتەڕوو، بڕێکی باشی نەوت دەچێت بۆ وڵاتانی دراوسی و ئیسرائیل بەشێوەیەکی بەردەوام، بێ ئەوەی بەغدا ئاگاداری وردەکارییەکانی بێت.[2]
- چالاکوانێکی مەدەنی بەناوی کازم، کە ناسراوە بە تاکور زەردەشتی، لەلایەن ئاسایشی پارتییەوە لە ماڵەکەی خۆیدا دەستگیرکرا.[7]
- وەزیری کشتوکاڵی هەرێم ئاشکرایدەکات، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیی دەربڕیوە، خاڵە گومرگییەکان ڕادەستی بەغدا بکات، بەڵام لە ڕێگەی لیژنەیەکی تەکنیکی و بە ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا.[2]
- لە گەڕەکی کوردستان (فەیلەق) لەلایەن ژمارەیەک چەکداری نەناسراوەوە دەستڕێژی گوللە لە (رائید سامر عەبدولنەبی جەسام) کراوە کە ئەفسەرە لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکووک و دوای گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.[2]
- لە شاری سلێمانی بەشێک لە کارمەندانی شارەوانی و پۆلیس هێرشیان کردە سەر بەشێک لە عارەبانەچییەکانی سلێمانی و دوو عارەبانەیان وەرگەڕاند و شتەکانیان ڕشت.[7]
- وەزیری وزەی ڕوسیا ئاشکرایدەکات هیچ کۆسپ و ڕێگرییەک لە بەردەم کارکردنی هەردوو کۆمپانیای گازپرۆم و لۆک ئۆیل لە هەرێمی کوردستان نیە، و عێراق لاری نیە لەکارکردنیان.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

ووڵات: باشووری کوردستان
ووڵات: باکووری کوردستان
ووڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
ووڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی راگەیاندن
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری دواڕۆژ - 2017-12-06
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ئێن ئار تی - 2017-12-06
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری کوردیو - 2017-12-06
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری رووداو - 2017-12-06
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 2017-12-06
[7] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری رۆژنیوز - 2017-12-06
کاتی تۆمارکردن: 2017-12-06
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 221

2017-12-07



باکووری کوردستان
- دانیشتنی یەکەمی کەیسی سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی گشتی پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە، دوای 399 ڕۆژ لە دواخستنی، بەبێ ئامادەبوونی دەمیرتاش، لە نۆزدەیەمین دادگای سزا قورسەکانی ئەنقەرە بەڕێوەچوو. هاوکات ڕێگا نەدراوە، چاودێر، پەرلەمانتار و شاندە بیانییەکان چاودێری دانیشتنی دادگا بکەن لەسەر کەیسی دەمیرتاش، تەنها لەکاتی بڕیاری دادگا لەسەر کەیسەکە، پارێزەرانی دەمیرتاش براونەتە هۆڵی دادگا. دادگا بڕیاریدا کە لە دانیشتنی داهاتوودا سەلاحەدین دەمیرتاش بەشداری بکات، دانیشتن لەسەر کەیسەکەیشی دواخرا بۆ 14-02-2018.[4]
- هەپەگە، ڕایگەیاند: دوێنێ کاتژمێر 1:30 خولەکی نیوەڕۆ گەریلاکانمان لە گردی خوەدێی سەربە شاڕۆچکەی شەمزینانی جولەمێرگ، چالاکییەکیان دژی سوپای تورک ئەنجامدا، لە ئەنجامی ئەو چالاکییەدا دوو پێگەی سوپای تورک تێکشکێندران، ژمارەی سەربازە کوژراو بریندارەکانی سوپای تورک لە ئەنجامی چالاکییەکەدا نەزاندرا.[4]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دادگای گشتی شارۆچکەی سەقز، بە تۆمەتی بەشداریکردنی لە گردبوونەوەکانی شارەکانی ڕۆژهەڵات بۆ پشتیوانی ڕیفراندۆم، ژنێکی کوردی بەناوی زەمانە زێوی، بە لێدانی 50 قامچی سزا دا.[4]
باشووری کوردستان
- ئەنجومەنی گەلی مەخمور ڕایدەگەیەنێت، حکومەتی ناوەندی و ئەو هێزانەی ئاسمانی عێراق بەکاردەهێنن بەرپرسیارن لە تەقینەوەکەی دوێنێ مەخمور.[1]
- لە شەقامی سەرەکی تانجەرۆ هاوواڵتیانی دانیشتووی گەڕەکەکانی تانجەڕۆ و هوانە بۆ دابیەکێتیی نیشتمانیی کوردستانردنی خزمەتگوزارییەکانی ژیانیان خۆپیشاندانیان ئەنجامدا. ئەوان داوای دابیەکێتیی نیشتمانیی کوردستانردنی باشتری ئاو و کارەبا دەکەن و شەقامە سەرەکییەکەیان داخست.[2]
- ئەندامێکی ئەنجومەنی مامۆستایانی ناڕازیی ئاشکرایدەکات، عەبادی وەڵامی نامەکەی داونەتەوە و پێیڕاگەیاندوون بەمنزیکانە وەڵامی کرداری و تایبەتم بۆ مامۆستایان و مووچەخۆرانی ڕاستەقینەی هەرێم دەبێت.[2]
- ئە و 17 پۆلیسە کوردەی خورماتوو ئازادکران کە لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا بەهۆی بەشداریکردنیان لە ڕیفراندۆمدا لەلایەن بە بڕیاری پۆلیسی پارێزگای سەڵاحەدین دەستگیرکرابوون.[3]
- پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ، لەبەردەم یەکێک لە خانووە ڕوخاوەکانی شارۆچکەی دەربەندیخانی سەر بە پارێزگای سلێمانی هاوڵاتیانی زیان لێکەوتووی بومەلەرزەکەی مانگی ڕابردوو گردبونەوە و ناڕەزایەتییان نیشاندا لەبەرامبەر بێ باکی حکومەت و جێبەجێ نەکردنی ئەو بەڵێنانەی بەو هاوڵاتیانەی دابوو.[4]
- بەهۆی ئە و ڕەشەبا بەهێزی سلێمانی و دەوروبەری گرتۆتەوە زیان بە تۆڕەکانی کارەبا گەیشتووە، بەڕێوەبەرایەتی کارەباش دەڵێت، سەرەڕای بەردەوامی ڕەشەباکە، کارمەندانی سیانەکانی کارەبا لە هەوڵی چاککردنەوەی تۆڕەکاندان.[2]
- کەجەدە سەبارەت بە هێرشی سەر کامپی پەنابەرانی شەهید ڕوستەم جودی لە مەخمور ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوەو ڕایگەیاند، کە پێویستە بە زووترین کات نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاگەیەندراوێک لە بارەی هێرشەکەی سەر مەخمور بڵاوبکاتەوە.[4]
- تەرمی ژنێک بەکوژراوی لەباکوری شاری کەرکووک دۆزرایەوە، پۆلیسیش دەڵێت شوێنەواری فیشەک بە جەستەیەوە بووە و نەناسراوەتەوە.[2]
- وەفدێکی نەتەوەیەکگرتووەکان سەردانی خورماتوویان کردووە بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون سەبارەت بەو پێشێلکارییانەی حەشدی شەعبی پێ تۆمەتباردەکرێت لەلایەن کوردەوە، بەڵام ڕێگا بە وەفدەکە نەدرا سەردانی گەڕەکە کوردییەکان بکات.[1]
- کاژێر 10ی ئەمشەو کۆمەڵێک چەکدار بە نارنجۆک و بی کەی سی هێرشیان کردە سەر هێزە ئێراقییەکان لە کەرکووک و بەهۆیەوە لە کەرکووکدا تەقەیەکی زۆر کرا.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی جزیرە بۆ ڕزگارکردنی ناوچەکانی دەوروبەری دێرزۆر لە چنگی چەتەکانی داعش بەردەوامە، لە گوندی سوەدا کە کەوتووەتە دووریی 25 کیلۆمەتریی باکوری ڕۆژهەڵاتی دێرەزۆرەوە، 35 چەتەی داعش کوژران و گوندەکە بە تەواوەتی پاک کرایەوە لە چەتەکان.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شەمزینان
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وڵات: ئێراق
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-12-07
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی نەتەوە - 2017-12-07
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-12-07
کاتی تۆمارکردن: 2017-12-07
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 222

2017-12-08



باکووری کوردستان
- بەمەبەستی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی و دەستگیرکردنی ئەندامانی پەکەکە، قەدەخەی هاتووچۆ لە 51 گوندی ئامەد ڕاگەیێندرا. هاوکات ژمارەیەکی زۆر زرپێوش و بارهەڵگری سەربازی و چەکی قورس ڕەوانەی شرناخ کراوە.[3]
- داواکاریی خانەوادەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پەکەکە و چەند زیندانییەکی دیکەی دووڕگەی ئیمرالی، بۆ سەردانیکردنی کەسوکارە زیندانیکراوەکانیان جارێکی دیکە ڕەت کرایەوە.[1]
- لوقمان یلدز، هاوسەرۆکی ڕێکخستنەکانی هەدەپە لە پارێزگای سێرت، بەمەبەستی بەشداریکردن لە دانیشتنی دادگاییکردنی سەڵاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی هەدەپە سەردانی ئەنقەرەی کردبوو، ئێوارەی ئەمڕۆ، کاتێک دەگەڕایەوە لەبەردەم ماڵەکەیدا لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بەتۆمەتی سووکایەتیکردن بە سەرۆککۆماری تورکیا دەستگیرکرا.[3]
باشووری کوردستان
- تەرمی ئە و پێنج شەهیدەی کەمپی مەخمور کە لە هێرشەکەی شەوی 6ی ئەم مانگەدا شەهید بوون لە قەندیل بەخاکسپێردران.[1]
- کاتژمێر 10:00 ی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، لە هۆڵی هۆتێل پەرێژ لە شاری سلێمانی، بەبەشداری زیاتر لە 200 ئەندام، چوارەمین کۆنفرانسی کۆمیتەی خانەواندەی شەهیدانی پەکەکە لە باشوری کوردستان دەستپێکرد.[1]
- کاتژمێر 4:55 خولەک لە ڕۆژئاوای هەڵەبجە بومبەلەرزەیەک ڕوویدا. بومبەلەرزەکە بە گوڕی 4.5 پلەی ڕێختەر بووە و

بەشێک لە دانیشتووانی ناوچەکە هەستیان بە بومەلەرزەکە کردووە.[2]
- وتەبێژی حکومەتی ناوەندی هۆکاری دەستپێنەکردنی گفتوگۆکانی نێوان هەولێر و بەغدای ئاشکراکردووە ڕایگەیاندووە دوای پەشیمان بوونەوەی وەفدی حکومەتی هەرێم لە بەڵێنەکانی بۆ وەفدی سەربازی بەغدا، گفتوگۆکانی نێوانمان وەستا.[4]
- بۆ دووەمجار بومەلەرزەیەک بە گوڕی 4.5 پلەی ڕێختەر سنوری ناوچەکانی دەربەندیخان و شارەزوور و سەیدسادق گرتنەوە و بەوهۆیەشەوە هاوڵاتیان لەماڵەکانیان هاتونەتە دەرەوە.[2]
- لە بازاڕی خان خورما لە شاری کەرکووک، بە هۆی شەڕە تەقەی نێوان دوو کەسەوە چوار هاوڵاتی مەدەنی بریندار بون.[4]
- لە شارۆچکەی دوکان، کۆبوونەوەی فراوانی حیزب و لایەنە سیاسییەکان و کەسایەتییەکانی باشووری کوردستان کەوا ئەندامن لە KNK ڕێکخرا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-12-08
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-12-08
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-12-08
کاتی تۆمارکردن: 2017-12-08
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 223

2017-12-09



باکووری کوردستان

- هەپەگە ڕایگەیاند: ڕۆژی 7ی مانگ کاتژمێر 03:10 خولەک، گەریلاکانمان دژی بارەگایەکی سەربازیی سوپای تورک لە دەوروبەری چەلێ سەربە جولەمێرگ چالاکییەکیان ئەنجامدا، ئەو چالاکییە لە سێ قۆڵەوە ئەنجامدرا، لە ئەنجامی چالاکییەکەدا پێنج سەربازی تورک کوژران.[3]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- بەهۆی سەرما و دابیننەکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی و پاکوخاوێنی لە ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکانی کرماشان، چەند جۆرێک نەخۆشی لەنێو خەڵک لەو ناوچانەدا بڵاوبوونەتەوە و، بەتایبەتیش تەنگیان بە منداڵان هەڵچنیوە.[1]

- لە گوندی بێتوشی ناوچەی ئالان، لە سەردەشتی سەربە پارێزگای ورمێ، گروپێک لە کۆڵبەرە کوردەکان کەوتنەوە بۆسەی هێزە سەربازییەکانی ئێرانەوە، ئەو هێزانە دەستڕێژی گولەلیان لەو گروپە کردووە بەبێ هۆشدارپێ پێشوەختە. پاش ئەوەی کۆڵبەرەکان ڕایان کردووە، هێزە سەربازییەکان بەردەوام بوون لە دەستڕێژی گوللە لە ئەسپەکانیان، کاتێک کە هەموو ئەسپەکانیان کوشتووە، دەستیان بە سەر کەل و پەل و باری کۆڵبەرەکاندا گرتووەو بردوویانە.[3]

باشووری کوردستان

- وەزارەتی کارەبا لەبارەی کەمبونەوەی کارەبا بۆ وەرزی زستان و ڕێگرپی لەگواستنەوەی سوتەمەنی بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبای غازی چەمچەماڵ و هەولێر ڕونکردنەوە دەدات، بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی کارەبای هەرێمیش ڕونکردنەوە دەدات و ڕایدەگەیەنێت، مەترسی کەمبونەوەی کارەبا هەیە.[2]

- بەفرباریِن جولەی خستەوە کەرتی گەشتیاری زستانە لە باشووری کوردستان. کۆمپانیا گەشتیارییە عێراقییەکان دەستیان بەهێنانی گەشتیار بۆ باشووری کوردستان کردەوە و، بارینی بەفر جمەی خستەوە ئەو ناوچە گەشتیاریانەی بنەمای گەشتوگوزاری زستانەیان تیدا دەستەبەر کراوە.[1]

- ئاسایشی پارتی هەڵیکوتایە سەر ڕێکخراوی ستۆپ بۆ دژە گەندەڵی و ڕێگەی نەدا ڕێکخراوەکە ئەنجامی ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی و پێشخستنی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان، بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵییەوە بڵاوبکاتەوە.[3]

- شەوی ڕابردوو، لەسنوری شارۆچکەی خانەقین گروپێکی نەناسراو پەلاماری گوندی شێرکی کوردنشینیدا و ڕووبەڕوبوونەوە

لە نێوان چەکدارەکان و هاوڵاتیانی گوندەکە ڕوویدا.[6]
- وەزیری نەوتی عێراق ڕایگەیاند، لەگەڵ حکومەتی تاران گرێبەستێکیان مۆر کردووە، بەپێی ناوەڕۆکەکەی، ڕۆژانە 30 بۆ 60 هەزار بەرمیل نەوتی کەرکووک هەنارەدەی ئێران دەکرێت.[4]
- مەراسیمی سوێندخواردنی دەرچووانی زانکۆی سلێمانی بەڕێوەچوو.[4]
- ئەمڕۆ هێزە ئەمنییەکانی عێراق ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیان لە سنوری شارەدێی گوڵاڵە لە شارۆچکەی خانەقین سەربە پارێزگای دیالە ئەنجامدا، ئەوەش بە هۆکاری ئەوەی پاش ڕوودواوەکانی 16ی ئەکتۆبەر لە سنوری شارۆچکەی خانەقین کۆمەڵێک ڕوودواوی ئەمنی ڕوویانداوە و جموجۆڵی داعش لە سنورەکە زیادی کردووە.[3]
- بەرپرسی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی لە کەرکووک هەڵوێستی حزبەکەی لەبارەی پۆستی پارێزگاری کەرکووک ئاشکرادەکات و جەخت لەوە دەکات کە پاڵپشتی کاندیدی یەکێتی دەکەن بۆ ئە و پۆستە.[4]
- ناڕەزایەتی و چالاکییەکان بۆ شەرمەزارکردنی هێرشەکەی سەر کامپی پەنابەرانی مەخمور بەردەوامە، لەوچوارچێوەیەدا لە شارۆچکەی ڕانیە گردبوونەوەیەک ئەنجامدرا.[3]
- دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ، لەناو باخی گشتی شارۆچکەی ڕانیەی ناوەندی ئیدارەی ڕاپەڕین، ڕێکخراوی ژنانی گەنجی تێکۆشەر و یەکێتی ژنانی ڕۆژهەڵات و ڕێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان-ڕژاک، دژی توندوتیژی دژی ژنان، گردبوونەوەیەکی ناڕەزایەتییان ئەنجامدا.[3]
- ژمارەیەک گوللە هاوەن ئاڕاستە سەنتەری شارۆچکەی دوزخورماتوو کراون و زۆربەیان بەر گەڕەکە تورکمان نشینەکان کەوتووە و بەهۆیەوە کەسێک کوژراوە و ژمارەیەک هاووڵاتیش بریندارببوون.[4]
- ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی بەهاوکاری ڕێکخراوی فریاگوزاری گەلی نەرویجی ڕاپۆرتێکیان لەسەر ڕەوشی سەندیکاکانی کرێکاران لە هەرێمی کوردستان و عێراق ئامادەکردوە، بەپێی ڕاپۆرتەکە تەنها لەسەدا 15ی کرێکاران ئەندامن لە سەندیکاکان و کۆنگرەی سەندیکای کرێکاران زیاتر لە 20 ساڵە ئەنجامنەدراوە و پێکهاتەی سەندیکای کرێکاران هەمان پێکهاتەی سەردەمی بەرەی کوردستانیە.[7]
- نادیە مورادی کچە کوردی ئێزدی و خاوەنی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی، بەبێ ناوهێنانی پێشمەرگە، هەوڵی هێزە عێراقییەکان بۆ کۆتاییپێهێنانی داعش بەرزدەنرخێنێت.[4]
دەرەوەی کوردستان
- هێزە عێراقییەکان لەگەڵ ڕاگەیاندنی کۆنترۆڵکردنەوەی 90 گوند و 16 هەزار کیلۆمەتر دووجا، کۆنترۆڵکردنەوەی تەواوی خاکی عێراقیان لەژێر دەستی داعش ڕاگەیاند.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بەرەی کوردستانی
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-12-09
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 2017-12-09
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-12-09
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2017-12-09
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیو - 2017-12-09
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کەی ئێن ئێن - 2017-12-09

کاتی تۆمارکردن: 2017-12-09

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 224

2017-12-10



باکووری کوردستان
- سوپای تورک بە مەبەستی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن لە دەوروبەری نسێبینی سەربە مێردینی باکوری کوردستان، لە چوار گوند قەدەغەی هاتوچۆی ڕاگەیاند.[1]
باشووری کوردستان
- قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، سەردانی دەستەی دەستپاکی کرد و لە لێدوانێکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند: تاوەکو ئێستا نەمانتوانیوە دزە گەورەکان بگرین، هەندێ بەرپرس لە بەرەکانی شەڕ ڕادەکەن، چەک و تەقەمەنییەکانیان لە بازاڕ دەفرۆشنەوە، هێزی چەکدار کۆدەکەنەوە و سەرانە لە خەڵک وەردەگرن، ڕۆژنامەنووس دەکوژن، قاچاخچێتی دەکەن، کەچی بە کامل بۆیاخەوە کۆڕ و کۆبوونەوە دەکەن و دێنە سەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکان باسی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی دەکەن.[2]
- سەرۆکی دەستەی دەستپاکی ڕایگەیاند، 460 کەس بە پلەی وەزیر و بەڕیوەبەری گشتی خانەنیشین کراون، لەکاتێکدا ئەو پلەیەشیان نەبینیوەو لێکۆڵینەوەی تێدا دەکەن.[3]
- مەڵبەندی کەرکووکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و ئۆرگانەکانی ئە و حزبە لە و شارە، نامەیەکی هۆشداری لەبارەی دۆخی کەرکووک ئاڕاستەی سەرکردایەتی و مەکتەبی ڕێکخستنی حزبەکەیان دەکەن و تیایدا هۆشداریدەن لەبارەی دۆخی کورد لە و شارە.[3]
- گوتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سەعدی ئەحمەد پیرە، لەبارەی نادیدەگرتنی ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لەلایەن عەبادییەوە ڕایدەگەیێنێ: بەری ڕۆژ بە بێژینگ ناگیرێت، بە ناونەهێنانی پێشمەرگە عەبادی نە بەرز دەبێت و نە بەهێزیش دەبێت، بەڵکو خۆی لاوازدەکات و میسداقییەتی خۆی لەدەستدەدات. ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات ئەگەر بەغدا بەدوای چارەسەردا دەگەڕێت، دەبێت لەگەڵ ئەو حکومەتەی هەمانە مامەڵە بکات.[2]

- بە هەماهەنگی ڕێکخراوی ڕیج و ئەمەریکەن کۆرنەر و سەنتەری جێندەر، لەناو زانکۆی سلێمانی ماراسۆنێک بەڕێوەچوو بە مەبەستی پاڵپشتیی بۆ شازدەیەمین ڕۆژی بەرەنگاربونەوە تووندوتیژی دژی ژنان، ماراسۆنەکە بۆ پەنابەران و ئە و ئاوارانەی کە دەچنە ناو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە ڕێکخرابوو.[1]
- تێرێزا مەی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا بە بۆنەی ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی شەڕی داعش لە عێراق، قوربانیدانی هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە عێراقیەکانی بەرزنرخاند.[4]
- سەرۆکی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە ترۆپکی تێکدانی کۆی ژیانی سیاسی، ئابووری و ئەمنیی هەرێم، بە ڕادەیەک کە ئێستا مافیاکانی گەندەڵی حوکمی هەرێم دەکەن، دەشڵێت:ئەم حکومەتەی ئێستا بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت دژی گەندەڵی بووەستێتەوە.[2]
- لە سااڕۆژی ڕاگەیاندنی جارنامەی مافەکانی مرۆڤ، ڕاگرایەتی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی هەڵەبجە کۆڕێکی بە ناونیشانی سیمپۆزیۆمی گەندەڵی و کاریگەرییەکانی لەسەر مافەکانی مرۆڤ بۆ سێ مامۆستای زانکۆ ئەنجامدا.[1]
- لە شاری دۆرتمۆندی ئەڵمانیا خەڵاتی نیلی زاکس بە بەختیار عەلی نووسەر و ڕۆمانnوسی بەنێوبانگی کورد بەخشرا.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- لە ئەنجامی دیدارێکی فەرماندەیی قەسەدە و سوپای عێراق، بڕیار دەرکرا، کە بە مەبەستی بەرگری لە سنووورەکانی نێوان باکوری سوریا و عێراق، ناوەندێکی فەرماندەیی هاوبەش دامەزرێنن.[1]

دەرەوەی کوردستان

- بنیامین ناتانیاهۆ سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، ڕەخنەی تووندی لە ئەردۆغان و قسەکانی بۆ بە تیرۆریست زانینی ئیسرائیل گرت و، وتی: ناتوانین وانەی ئەخلاق لە کەسێکەوە وەربگرین کە گوندە کوردنشینەکان بۆردوومان دەکات.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: ماردین

شار و شارۆچکەکان: نوسەیبین

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ئەڵمانیا

وڵات: تورکیا

وڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-12-10
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-12-10
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-12-10
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئێن ئار تی - 2017-12-10
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2017-12-10

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 225

2017-12-11



باکووری کوردستان
- لەکاتی کۆنترۆڵکردنی ڕێگاکاندا لە نزیک گوندی (ئاکچای) سەر بە شاری شرناخ بۆمبێکی چێندراو تەقیەوە و بەهۆیەوە سەربازێکی تورکیا کوژرا.[1]
- لە 12 گوند و سێ گەڕەکی سەربە شارۆچکەکانی مۆتکی و تەتوانی سەربە بەدلیسی باکوری کوردستان قەدەغەی هاتوچۆ ڕاگەیەندرا.[3]
- دادگاییکردنی زیاتر لە 150 ئەندامی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، کە لە شاری مانیسای تورکیا دەستگیرکراون و زۆربەیان زیندانین دەستپێکرد، عوسمان بایدەمیریش ڕایدەگەیەنێت: ئەگەر دادگەڕیی هەبێت دەبێت ئەمڕۆ هەموویان ئازادبکرێن.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بوومەلەرزەیەک لە کرماشان و بەشێک لە پارێزگای سنە ڕوویدا.[4]
باشووری کوردستان
- دوو بوومەلەرزە هەڵەبجە و دەوروبەری هەژاند. بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی ڕایدەگەیەنێت، بومەلەرزەکەی یەکەم بە گوڕی 6 پلە و دووەم بومەلەرزەش بە 4.9 پلەی ڕێختەر ڕوویانداوە و سەنتەرەکەشی نزیک بووە لە هەڵەبجەوە. لە دوو گوندی سەر بە پارێزگای هەڵەبجە چەند خانوویەک ڕووخاون. [4]
- بەهۆی بومەلەرزەکانی ئێوارەی ئەمڕۆوە، لە شاری هەڵەبجە و شارۆچکەکانی دەربەندیخان و سەیدسادق، زیاتر لە 100 کەس گەیەندراونەتە نەخۆشخانەکان، هاوکات سبەینێ لە شارۆچکەی سەیدسادق لەسەرجەم ناوەندەکانی خوێندن تاقیکردنەوەکان ڕادەگیرێن.[3]
- دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ دوو ئۆتۆمبێلی سەربازیی سوپای پاسداران هاتنە ناو شارۆچکەی قەڵادزێ-ی سەر بە ئیدارەی ڕاپەڕین و سەربازەکان بەناو بازاڕدا گەڕان، ئەمەش بووبە جێگای سەرنجی هاوڵاتیان.[3]
- لە شاری هەولێر سەتان خوێندکاری زانکۆ ڕژاونەتە ڕێگای هەولێر - کەرکووک و دژی حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق خۆپیشاندان دەکەن. خۆپیشاندەران ناڕەزایەتیی دەردەبڕن بەرامبەر ئەوەی عەبادی لە وتاری سەرکەوتن بەسەر داعشدا ڕۆڵی پێشمەرگەی نادیدە گرتووە و ناوی هەموو هێزەکانی یەک بە یەک هێناوە، بەڵام تەنیا سوپاس و ستایشی

پێشمەرگەی نەکردووە.[2]
- ژمارەیەک پەرلەمانتار لەڕێی واژۆکردنی یاداشتێکەوە داواکەن لەبری بە پشووکردنی ڕۆژی دامەزراندنی سوپای دەوڵەتی عێراق، پێویستە ڕۆژێکی ساڵ تایبەی بێت بە ڕۆژی پێشمەرگە و بکرێتە پشووی ڕەسمی.[1]
- فەرماندەیەکی هێزەکانی پێشمەرگە لە میحوەری زوممار ڕایدەگەیەنێت، سێ ڕۆژە هێزەکانی حەشدی شەعبی و بەرپەرچدانەوەی خێرا لە زوممار دەستیان بە کشانەوەی هێزەکانیان کردووە و شەوی ڕابردوو دوای فرقەی حەشدی شەعبی هێزەکانیان بەرەو موسڵ پاشەکشەیان پێکرا.[1]
- پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ، کاتژمێر 10:45 خولەک، فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا شەش جار بۆردوومانی چیای بەنێ-یان کرد لە سنوری شارەدێی سیدەکانی سەر بەشارۆچکەی سۆران.[3]
- سەرۆکی فراکسیۆنە کوردییەکانی پەرلەمانی عێراق سەردانی هەڵەبجە دەکەن و لە کۆبونەوەیەکیشدا لەگەڵ پارێزگار و لایەنە سیاسییەکان بڕیار لەسەر پێکهێنانی لێژنەیەک بۆ جێگیرکردنی ناوی هەڵەبجە لە بودجەی گشتیدا دەدرێت.[1]
- کازم شوکری، ناسراو بە تاکور زەردەشتی، کە لەلایەن ئاسایشی پارتییەوە دەستگیرکرابوو، ئەمڕۆ ئازادکرا.[4]
- دوای 9 ڕۆژ لە دەستگیرکردنی، ئەسعەد شاوری، چالاکوانی کۆمەڵگای مەدەنی لە سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین، لە شاری سلێمانی ئازادکرا.[4]
- هێزێکی عێراق لەنزیک شارەدێی نەوجول جیگیردەبێت، حەشدی شەعبیش دەڵێت بۆ ڕێگریکردنە لەرفاندنی شۆفێرانی ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان.[1]
- لە گەڕەکی سەیداوای شاری هەولێر کەسێک بە گوللەیەک خوشکەکەی خۆی دەکوژێت. گوتەبێژی پۆلیسی هەولێریش دەڵێت ڕووداوەکە قەزا و قەدەر بووە و لێکۆڵینەوەش لە ڕووداوەکە دەستیپێکردووە.[2]
- بەهۆی کەمی خزمەتگوزارییەوە، ژمارەیەک لە هاوڵاتیانی شارۆچکەی چەمچەماڵ، بۆ ماوەی نزیکەی کاتژمێرێک ڕێگای سەرەکی چەمچەماڵ-سلێمانی-یان داخست.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان
- ڕۆژنامەیەکی تورکی نزیک پارتی دەسەڵاتدار بڵاویکردەوە، وەزارەتی بەرگری ئەمریکا لە بودجەی 2018 بەبەهای 500 ملیۆن دۆلار چەک و تەقەمەنی و کەلوپەلی سەربازی ڕەوانەی یەپەگە دەکات.[1]

دەرەوەی کوردستان
- موقتەدا سەدر سەرۆکی ڕەوتی سەدر، لە وتارێکدا کە بەبۆنەی سەرکەوتنی عێراق بەسەر داعشدا پێشکەشی کرد بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی گرووپی (سەرایا سەلام) ی دەرکرد. ئەم گرووپە تیرۆریستەی موقتەدا سەدر ڕۆڵی کاریگەری هەبوو لە ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری کەرکووک و جینۆسایدکردنی کورد لە خورماتوو.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: بەدلیس
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: زوممار
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

ووڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
ووڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
ووڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-12-11
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-12-11
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-12-11
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2017-12-11

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 226

2017-12-12



باکووری کوردستان
- پەرلەمانتارێکی پارتی گەلی کۆماری ڕایگەیاند، چوار بەرپرسی ڕێکخراوی هەواڵگریی نەتەوەیی تورکیا کە ناسراوە بە (میت) لەلایەن پەکەکەوە بە بارمتە گیراون و ئێستا لەژێر دەستیاندا دیلن.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- 5 زیندانیی لە زیندانی ناوەندیی دێزڵاوای شاری کرماشان لەسێدارەدران.[5]
باشووری کوردستان
- سەعد حەدیسی لەبارەی ناونەهێنان و ستایشنەکردنی ڕۆڵی پێشمەرگە لە شەڕی داعشدا لەلایەن عەبادییەوە ڕوونکردنەوە دەدات و دەڵێت بەهۆی هەڵەی چاپەوە بووە.[1]
- باری نائاسایی لە شارۆچکەی خورماتوو ڕاگەیاندرا و دەوامی فەرمیش ڕاگیرا، ئەوەش بەهۆی بۆردومانکردنی شارۆچکەکە بە چەند گوللە هاوەنێک.[3]
- دوای ئەوەی چەند گوللە هاوەنێک ئاراستەی نێو خورماتوو کران و زیانی گیانی بەر حەشدی تورکمانی کەوت، دواتر حەشدی تورکمانی چیای هەنجیرەی تۆپباران کرد، هەلیکۆپتەرە سەربازییەکانی عێراق گوندەکانی داودە و زنانەی دەوروبەری خورماتوو بۆردوومان دەکەن کە بەدەست پێشمەرگە خۆبەخشەکانەوەن.[1]

- گوندی قوم پەڵک لە شارۆچکەی خورماتوو دوو گوللە هاوەنی ئاڕاستە دەکرێت و دانیشتوانی گوندەکەش دەڵێن، کە کاری حەشدی شەعبییە.[2]
- باڵەخانەیەکی نوێ بۆ ئەنستیتۆی کوردستان بۆ کارگێڕی گشتی لە هەولێر کرایەوە، ئامانجی ئەنستیتۆکە ڕاهێنانە بە کارمەندانی حکومەت لە بواڕەکانی کارگێڕی و دارایی و ئایتی و بابەتە تەکنیکەکانی دیکە.[1]
- نیوەڕۆی ئەمڕۆ، لە گوندی مەسۆ-ی سەر بە شارۆچکەی پێنجوێن-ی پارێزگای سلێمانی-یەوە، تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مینە دوو بۆمبیان تەقاندەوە، کە مێژووەکەیان بۆ سەردەمی شەڕی عێراق و ئێران دەگەڕێتەوە، ئەمەش هەشتەم بۆمبی لەو شێوەیەن، کە دۆزراوەتەوە.[2]
- لێژنەی جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستووری هەمیشەیی عێراق بانگەوازێک ئاراستەی شەش حزبی کوردستانی دەکات. لە بانگەوازەکەدا، داوا لەو حزبە کوردستانییانە دەکات "ڕاوبۆچوونی حزبی جیاواز وەلاوە بنێن" و کێشە چەقبەستووەکانی کەرکووک و ناوچەکانی دیکە چارەسەر بکەن.[4]
- بەرپرسێکی ئەنجومەنی وەزیران ڕایدەگەیەنێت، هەر یەکە لە وڵاتانی کۆریای باشوور و ئیتاڵیا بڕیارێانداوە بە بڕی زیاتر لە 300 هەزار دۆلار هاوکاری تەندروستی پێشکەش بە هەرێمی کوردستان بکەن و هاوکارییەکەش هەموو پارێزگاکان دەگرێتەوە.[3]
- ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە ڕایدەگەیەنێت، یەکێتی و پارتی ڕازین بە چاکسازییەکانی ناو وەزارەت، وتیشی هیچ ڕێککەوتنێک لەگەڵ بەغدا نەکراوە لەسەر دیاریکردنی ژمارەی هێزەکانی پێشمەرگە، کۆی ژمارەی مووچەخۆرانی وەزارەتی پێشمەرگە 160 هەزار کەسن.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ئەمڕۆ لە 94-ەمین ڕۆژی ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی جزیرەدا، شارۆچکەی سوێدان بەتەواوی لە چنگی چەتەکانی داعش ڕزگارکرا.[2]

دەرەوەی کوردستان

- پەرلەمانی ئەڵمانیا لە دانیشتنێکدا بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی بڕیاری درێژکردنەوەی ئەرکی هێزەکانی وڵاتەکەی لە هەرێمی کوردستان بۆ مەشق و ڕاهێنان بە پێشمەرگە تاوەکو مانگی چوار (نیسانی) 2018 پەسندکرد. بڕیارەکەی پەرلەمانی ئەڵمانیا بە436 دەنگی بەڵێ، 196 دەنگی نەخێر پەسندکرا. 37 پەرلەمانتاریش دەنگیان لەسەر بڕیارەکە نەدا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان:	پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان:	خورماتوو
شار و شارۆچکەکان:	کرماشان
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	ئەڵمانیا
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-12-12
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-12-12
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-12-12
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری گوڵان - 2017-12-12
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2017-12-12

کاتی تۆمارکردن: 2017-12-12
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 227

2017-12-13



باکووری کوردستان
- عوسمان بایدەمیر، ئەمڕۆ لە پەڕلەمانی تورکیا دەستی خستە سەر دڵی وەک ئاماژەیەک بۆ کوردستان و بەهۆیەوە سزادرا و لە دانیشتنی پەڕلەمان کرایە دەرەوە.[3]
- هەردوو گوندی بیلەکێ و ئێلهێ ی سەربە سێرت لەلایەن سوپای تورکەوە گەمارۆ دران و لە ئۆپەراسیۆنێکدا نزیکەی 40 کەس دەستگیر کران.[2]
- بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ ئۆپەراسیۆنی سەربازی، دەوڵەتی تورک قەدەغەی هاتووچۆی لە چەند گوندێکی سنووری شارۆچکەی حەسکێف ڕاگەیاند.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە شاری بانە یانزەهەمین ڤیستیڤاڵێکی ئەدەبی تایبەت بە چیرۆک بەڕێوەدەچێت.[3]
- دادگای ئینقلابی شاری سنە دووبارە دۆسیەی حەبیبوڵڵا لەتیفی، زیندانیی سیاسیی کوردی خستە بەر لێکۆڵینەوە و حوکمی ئێعدامی ئەو زیندانییە کوردەی بۆ زیندانی هەتاهەتایی گۆڕی.[8]
- هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە سپای پاسداران هێرشیان کردە سەر گوندی ئاڵیکەند سەر بە شاری بۆکان و هەوڵی پشکنین و لێدانی دانیشتوانی ئەو گوندەیان دا.[8]
باشووری کوردستان
- مامۆستایانی هەریەکە لە سلێمانی، گەرمیان، ڕاپەڕین و هەڵەبجە لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر گردبوونەوە.[3]
- حسێن قائیدی بەرپرسی نووسینگەی دهۆکی ڕفێندراوانی کوردی ئێزدی بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە کە "بە هەوڵی نووسینگەکەیان و هێزە ئەمنییەکان، توانیویانە 7 کەسی دیکە لە کوردانی ئێزدی لە چنگ چەکدارانی داعش ڕزگار بکەین، کە بۆ ماوەی زیاتر لە سێ ساڵ بووە لە دەستی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییەدا بوون."[4]
- ئامانج ڕەحیم، سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران دوای کۆبوونەوەی حکومەتی و پەرلەمان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانی هاوبەشدا لەگەڵ شێرکۆ جەودەت، سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند، پێداچوونەوە بە دەرماڵەکان و مووچەی خانەنشینان و خانەنشینە پلە تایبەتەکاندا دەکەن، سندووقی خانەنشینیش کاراەکرێتەوە.[5]
- حزبە کوردستانییەکان جگە لە پارتی لە بارەگای کەرکووکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کۆتایی هات کە تایبەت بوو بە پۆستی پارێزگار و دۆخی داقوق و خورماتوو. هەروەها داواەکەن پارتی بگەڕێتەوە بۆ کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی پارێزگا تا پۆستی پارێزگار یەکلایی بکرێتەوە.[1]

- کۆنفراسێکی پەروەردەیی لەسەر ئاستی چوار زانکۆی عێراق لە زانکۆی سلێمانی بەڕێوەدەچێت و زانکۆی سلێمانیش بە چەندین توێژینەوە بەشداری دەکات و کوالێتی پەروەردە و خوێندنی بالا دەخرێتەروو.[6]
- هێزی پاسەوانی سنوری عێراق و کۆماری ئیسلامی ئێران لە دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران بارودۆخ و ڕەوشی ناوچە سنوورییەکانی حاجی ئۆمەران-یان تاوتوێکردو چەند بڕیارێک لە نێوانیاندا واژۆکرا، بەڕێوەبەری شارەدێیەکەش دەڵێت کۆبونەوەکە تایبەت بووە بە ڕەوشی ئەمنی سنورەکان. [1]
- دەسەڵاتی فرۆکەوانی عیراق وەڵامێکی توندی پارتی دەداتەوە و ڕەتیدەکاتەوە شتێک هەبێت بەناوی ئاسمانی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەیەکیش لە و دەسەڵاتەوە ڕونکردنەوەی زیاتر دەدات سەبارەت بەفرۆشتنی ئاسمانی هەرێم بۆ ماوەی 20 ساڵ، ڕاشیدەگەیەنێت، دەستپێکردنەوەی گەشتە ڕاستەوخۆکان لەفرۆکەخانەکانی هەرێمەوە بۆ جیهان تەنها لەدەسەڵاتی عەبادیدایە.[7]
- ڕێباز حەملان، وەک وەزیری دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان دەستبەرکاربووەوە.[3]
- لەسەر ڕێگای کەلار خانەقین لەڕوودواوێکی هاتوچۆدا 16 کەس بریندار بوون و یەکێکیش گیانی لەدەستدا.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ڕۆژنامەی دەیلی سەباح-ی تورکی بڵاویکردەوە، سەرەڕای هەموو داواکارییە بەردەوامەکانی تورکیا بۆ کۆتاییهێنان بە پەیوەندی نێوان ئەمریکا و کوردی سوریا، واشنتن ڕایگەیاندووە کە ساڵی داهاتوو بە بڕی 500 ملیۆن دۆلار یارمەتی ڕادەستی یەپەگە دەکات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن:	یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
پارت / لایەن:	یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان:	بانە
شار و شارۆچکەکان:	بۆکان
شار و شارۆچکەکان:	خورماتوو
شار و شارۆچکەکان:	سێرت
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
شار و شارۆچکەکان:	کەلار (گەرمیان)
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-12-13
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-12-13
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری نەتەوە - 2017-12-13
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-12-13
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کەی ئێن ئێن - 2017-12-13

[7] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 2017-12-13
[8] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری کوردپا - 2017-12-14
کاتی تۆمارکردن: 2017-12-13
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 228

2017-12-14



باکووری کوردستان
- لە ئامەد پرۆسەی دادگاییکردنی سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی زیندانیکراوی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) بەڕێوەدەچێت. و دەمیرتاش خۆی لە دادگادا ئامادەنەبوو.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- یازدەیەمین فێستیڤاڵی چیرۆکی بانە کۆتایی پێهات.[1]
باشووری کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆردوومانی چەند ناوچەیەکی شاردەدێی سیدەکانی سەربە شاروچکەی سۆرانی سەربە پارێزگای هەولێر دەکەن.[1]
- کاتژمێر 06:30 ئێوارەی ئەمڕۆ، دوو فڕۆکی جەنگیی تورکیا، ناوچەی ئاڤاشین-یان لە سنووری شارۆچکەی ئامێدی-ی سەر بە شاری دهۆک بۆردوومان کرد.[1]
- بەڕێوەبەری شارەدێی حاجی ئۆمەران ئاشکرایدەکات، پێش سەری ساڵی نوێ دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران دەکرێتەوە.[2]
- شەوی ڕابردوو سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بەرەو چیای هەنجیرە لە نزیک زنانە جوڵەیان پێکراوە. هێزێکی زۆری پێشمەرگەش بەرەو نەوجول لە سنوورەکە جوڵەی کردووە و لە ئامادەباشیدایە. بەرپرسێکی یەکێتی دەڵێت، هێزەکەی حەشدی شەعبی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە نەناسراوەکان و پاشماوەکانی داعشە، نەک پێشمەرگە.[3]
- جڤاتی گشتی بزووتنەوەی گۆڕان ڕاسپاردەیەکیان ئاڕاستەی جڤاتی نشتیمانی کرد بۆ ئەوەی بڕیاربدەن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکشێنەوە.[1]
- یەکێتی خوێندکارانی ئازادی ژن (یەخاژن)، لە بەردەم کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین لە شاری هەولێر گردبوونەوە و لە ڕاگەیەندراوێکدا گۆشەگیرکردنی ئۆجالان-یان شەرمەزارکرد.[4]
- سەرۆکی فراکسیۆنی وەرکا لە پەرلەمانی عێراق، کە فراکسیۆنێکی مەسیحییە دەڵێت، چەکدارانی حەشدی شەعبی دەستدرێژی سێکسی دەکەنە سەر ژنان و کچی مەسیحی دەشتی نەینەوا. سەرکردەیەکی حەشدی شەعبیش لە وەڵامدا دەڵێت، دەبێ بەڵگە بۆ ئەو تۆمەتە هەبێت.[3]
- سەرۆکی ڕوسیا لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی سالانەی خۆیدا ڕایگەیاند، کۆمپانیاکانی ڕوسیا لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن و ئەوەش سودی بۆ هەردوولا هەیە. وتیشی پەیوەندی مێژوویمان لەگەڵ کورد هەیە و هیچ شتێک

پەیوەندیەکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان تێکنادات. لەبارەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستانیشەوە جەختی لەوە کردەوە کە ڕوسیا لەگەڵ یەکپارچەیی خاکی عێراقدایە.[2]
- کاتژمێری 04:27 خولەکی ئێوارەی ئەمڕۆ، بومبەلەرزەیەک بەگوڕی 4.1 پلە بەپێوەری ڕێختەر، ناوچەکانی نێوان شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان و گوندی بەرلووت-ی سەر بە شارۆچکەی هەژاند.[4]
- شێردڵ حەمید عەبدوڵڵا، ئەفسەر لە هێزەکانی 70 ی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە، لە گوندی حەساری سەر بە شارۆچکەی شوان کە دەکەوێتە سنووری کەرکووک، لە ماڵەکەی خۆیدا بە گوللەیەکی کلاشیکێتیی نیشتمانیی کوردستانۆف کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. ئەندامێکی خانەوادەی شێردڵ حەمید ڕاگەیاند: شێردڵ لەدوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر تووشی جۆرێک لە خەمۆکی ببوو، پێدەچێت هەر ئەوە هۆکاری خۆکوشتنی بووبێت.[2]
- بەهۆی نەبونی خزمەتگوزارییەوە بەشێک لە هاوڵاتیانی گوندی قادراوە سەربە شارەدێی سەنگەسەر سەربە ئیدارەی ڕاپەڕین، خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا.[4]
- وەزارەتی پێشمەرگە ڕایدەگەیەنێت کە پێشمەرگە ناگەڕێتەوە بۆ شوێنەکانی پێش 16 ئۆکتۆبەر و تەنیا لیواکان دووبارە ڕێکدەخرێنەوە و ئەرکەکانیان پێدەدرێتەوە.[2]
- تەرمی کارمەندێکی پۆلیسی کەرکووک بەکوژراوی دۆزرایەوە.[2]
- لێپرسراوێکی مەڵبەندی حەمرینی یەکێتی هەواڵی هێنانی هێزێکی سوپای عیراق بۆ شاری خورماتوو ڕەتدەکاتەوە و ڕایدەگەیەنێت، بارودۆخی شارەکە ئارامە و هیچ شتێکی لەو شێوە بوونی نیە.[5]
- کۆچی دوایی ئەبو دڵشاد، کادری دێرینی حیزبی شیوعی.[1]
- ئەمشەو لە بەرنامەی تاوتوێی ئێن ئاڕ تیدا، یوسف محەمەد سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند پێویستە خەڵکی کوردستان خۆیان ئامادەبکەن بۆ خۆپیشاندانێکی سەرتاسەریی گەورە وتیشی ڕەنگە ئەم دەسەڵاتەی هەرێم، لە هەر ئان و ساتێک دا دابڕوخێن.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری سوریا ڕایگەیاند؛ ئەگەر پرۆسەی ئاشتی سەرنەگرێت ئەوا سوریا ڕووبەڕووی پارچەپارچەبوون دەبێتەوە.[2]
- ئەنجومەنی بەڕێوەبەری کانتۆنی عەفرین ڕایگەیاند، ئامادەین لەڕووی سیاسیی و سەربازییشەوە وەڵامی هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر کانتۆنی عەفرین بدەینەوە، جەختیش دەکەنەوە:ئەو هێزەمان هەیە کە لەبەرامبەر داگیرکاریی تورکیا بووەستینەوە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- باڵیۆزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەمڕۆ دووپاتیکردەوە، کە پێویستە دژی ئێران کار بکرێت و جیهان هاریکاری یەک بن بۆ لەناوبردنی مەترسی ئەو وڵاتە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: مێرگەسوور
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

ووڵات: باشووری کوردستان
ووڵات: ڕۆژاوای کوردستان
ووڵات: ئێران
ووڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
ووڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-12-14
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-12-14
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-12-14
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی میللەت - 2017-12-14
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئێن ئاڕ تی - 2017-12-15
کاتی تۆمارکردن: 2017-12-14
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 229

2017-12-15



باکووری کوردستان
- شەش سەربازی سوپای تورک کە هەوڵیاندا لە لای شەمزینانی سەربە جولەمێرگی باکوری کوردستانەوە سنووری باشوری کوردستان تێپەڕ بکەن کوژران.[1]
- هێزە ئەمنییەکانی تورکیا لە ئیستەبنوڵ، 15 ئەندامی هەدەپە دەستگیردەکەن.[3]
- عوسمان بایدەمیر ڕایگەیاند: لە کار دوورخستنەوەم لە پەرلەمان شەرەفێکە بۆم، تەنانەت ئەگەر وەک شێخ سەعید و هاوڕێکانی لە سێدارەشم بدەن دیسانەوە کوردستان کوردستانە هەر کوردستانە و لێرەدایە، لە دڵمدا.[5]
باشووری کوردستان
- لە شەوی ڕابردووەوە، سوپای تورکیا بە هەلیکۆپتەر ژمارەیەکی زۆر سەربازی لە ناوچەکانی کانی ڕەش، بناری چیای سیرۆ و

گوندی بەرمیز-ی سەر بە شارەدێی دیانا لە ناوچەی ئامێدی لە باشوری کوردستان داگرتووە.[1]
- سوپای تورک کە هێرشی لە بارەگای سەربازیی ئامێدییەوە دەستپێکردووە، سێ گوندی ناوچەی مەتینای لە بادینان تۆپباران کرد.[1]
- دانیشتوانی سنوری شارەدێی قادر کەرەم رێگری لە و تانکەرانە دەکەن کە کاری گواستنەوەی نەفتا و غازی شلی کێڵگە غازیەکانی کۆرمۆر دەکەن. ئەوان چەند داواکارییەکیان هەیە کە خۆی لە باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان دەبینێتەوە و داواش دەکەن کارەبا بگەیەنرێتەوە ئە و ژمارە گوندەی لە سنورەکە ماوەتەوە و تا ئێستا کارەبای نیشتمانی پێ نەگەیشتووە.[2]
- کاتژمێر 8ی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، بۆمبێک بە ئۆتۆمبیلێکی سەربازیی میتی تورکدا تەقیەوە، لە نزیک گوندی ئەلکیش-ی سەر ڕێگای کانی ماسی سەربە پارێزگای دهۆک.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک چیای ئاڤدڵ کۆڤی، چیای سرۆ و دۆڵی ڕەشی سەربە خواکورک بۆردوومان دەکەن و هەلیکۆپتەرە کوبراکانیش دەشتی حەیات بۆردومان دەکەن.[1]
- چەند فڕۆکەیەکی جەنگی سوپای تورکیا دەستیان کرد بە بۆردوومانکردنی گەلی باڵندە سەربە شیلادزێ لە پارێزگای دهۆک.[1]
- سەرۆکی لیژنەی ئاوارەکانی کەرکووک و خورماتوو ڕایدەگەیەنێت، نزیکەی 13 هەزار هاووڵاتی سنووری کەرکووک و ناوچەکانی تر لە هەولێرن و دەشڵێت، سااڵی داهاتوو کەمپێکیان بۆ دروستدەکەین.[2]
- سێ هاونیشتمانی کوردی ئێزدی کە خەڵکی شنگاڵن لەتورکیاوە گەڕێنرانەوە هەرێمی کوردستان. ئەو سێ هاونیشتمانییە هەرسێکیان منداڵن و تەمەنیان لەنێوان پێنج بۆ حەوت ساڵانیدایە کە بەر لەسێ ساڵ کەوتبوونە دەستی چەکدارانی داعش، دوای کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی موسڵ و نەمانی داعش، ئەو منداڵانەیان بردووەتە تورکیا.[4]
- نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند، کە چەکدارە تورکمانەکانی شارۆچکەی خورماتوو، ماڵی کوردەکانیان لەو شارۆچکەیە تاڵان کردووە، ڕاشیگەیاندووە:دەبێت بەرپرسانی حکومەتی عێراق ئەو کەسانەی کە مافەکانی مرۆڤیان لە خورماتوو پێشێلکردووە، ئاشکرایان بکەن و بیاندەنە دادگا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: شنگاڵ
شار و شارۆچکەکان: شەمزینان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 15-12-2017
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 15-12-2017
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردسات نیوز - 15-12-2017
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 15-12-2017
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 15-12-2017

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 230

2017-12-16



باکووری کوردستان
- لە 30 ناوچەی سەر بە شاری دەرسیم، کە دەکەونە دەوروبەری شارۆچکەکانی قسلە، خۆزات، پیلەموریە، پولور و ناوەندی شاری دەرسیم، قەدەغەی هاتووچۆ ڕاگەیەندرا.[3]
- لەسەر بەکارهێنانی ناوی کوردستان لە پەرلەمانی تورکیادا، دەمەقاڵی کەوتە نێوان پەرلەمانتارانی پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکپارتی) و پارتی دیموکرتای گەلان (هەدەپە). لەکاتی تاوتوێکردنی بودجەی2018 بۆ وەزارەتەکانی ناوخۆ، کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی کولتوور و گەشتوگوزاری، پەرلەمانتاران گوتاریاندا. مستەفا ئەلیتا، پەرلەمانتارانی ئاکپارتی ڕووی قسەکانی ئاراستەی پەرلەمانتارانی هەدەپە کرد و ڕایگەیاند باسکردن لە کوردستان و ئاماژەپێدانی جوگرافیاکەی لەسەر نەخشە، بەمانای دابەشکردنی خاکی تورکیا دێت، کەس ڕێگە بەمە نادات، لەم وڵاتە کورد و تورک پێکەوە دەژین، هەموومان تورکیاین، لێرە کەس بۆی نییە بەرگری لەم تیرۆریستە ناپاکانە بکات، چونکە قبوڵناکرێت. [4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بوومەلەرزەیەک ناوچەی سەرپێڵ زەهاوی گرتەوە و هاوولاتیان هەستیان پێ کرد، بەڵام زیانی بەدواوە نەبوو.[1]
باشووری کوردستان
- بەڕێوبەری شارەدێی سیدەکان ئاشکرایدەکات، کە سوپای تورکیا لە دوای تۆپبارانکردنی ناوچەکانی سیدەکان، هێزی زیاتری لە سنورەکەدا جێگیرکردووە.[3]
- خۆپیشاندان دژی نەبوونی خزمەتگوزاری لە سنوری شارۆچکەی چەمچەماڵ ڕویدا و خۆپیشاندەران ڕێگای سەرەکیی سلێمانی-یان گرت.[1]
- لە ئەنجامی خۆپیشاندانەکەی ئەمڕۆی چەمچەماڵ، 2 کاژێر کارەبای نیشتمانی بۆ شارۆچکەکە زۆرکرا.[1]
- بەرپرسێکی یەکێتی مامۆستایان ڕایدەگەیەنێت، تایبەت بە کێشەی مووچەی مامۆستایانی هەرێم بڕیارياندا وەفدێکیان سەردانی بەغدا بکات و لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق کۆببێتەوە.[2]
- لە کەرکووک لە چەند شوێنێکەوە هێرش کرایەسەر هێزەکانی حەشدی شەعبی. بەپێی سەرچاوە ئێڕاقییەکان چەند کەس لە هێرشکەران دەستگیرکراون.[1]
- بوومەلەرزەیەک ناوچەی هەڵەبجەی گرتەوە و هاوولاتیان هەستیان پێ کرد، بەڵام زیانی بەدواوە نەبوو.[1]
- ڕاپۆرتێکی ستراتیجی ئەمریکی هۆشداریدا لە ئەگەری ڕوودانی پێکدادانێکی سەربازی لەنێوان ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە لایەک و ئێران لەلایەکی تر لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و پێشبینی ئەوەش دەکات کە پێوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی ڕوو لە ئالۆزبوون بکات و بگاتە ئاستی پێکدادان. [2]
- بەرپرسێکی وەزارەتی پێشمەرگە، ئاشکرایدەکات، دوای لێکترازانی 8 لیوای وەزارەتی پێشمەرگە بەهۆی ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە، لەئەمڕۆوە 16ی کانونی یەکەمی 2017 بەشێوەیەکی پراکتیکی ئەو لیوایانە دەچنەوە شوێنی نوێی کارکردنیان.[2]

- کۆمەڵەی هەنگەوانی کوردستان ڕادەگەیەنێت، لە دەیەمین کۆنگرەی هەنگەوانی عەرەب و وڵاتانی سەر دەریای سپی لە مسیر، هەنگوینی کوردستان لەنێو 24 وڵاتدا بەپلەی یەکەم و بە باشترین هەڵبژێردراوە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورک لە گوندی بالیی سەربە شارۆچکەی بلبلێی هەرێمی عەفرین، زەویپەکی دوو هەزار مەترپی زەیتوونی داگیرکرد و دەستیکردووە بە کردنەوەی ڕێرەوەیەک بۆ گەیاندنی سەربازەکانی بۆ کانتۆنی عەفرین.[3]
دەرەوەی کوردستان
- نەشتەرگەرییەکی دیکە بۆ کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ئەڵمانیا ئەنجامدرا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: زەهاو
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئێراق
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-12-16
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-12-16
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-12-17
کاتی تۆمارکردن: 2017-12-16
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 231

2017-12-17



باکووری کوردستان
- لە پیلەموویی سەر بە دەرسیم، شەڕێک لە نێوان گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل و سەربازەکانی سوپای تورک ڕووی دا.[4]
- وتەبێژی ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) ئاشکرایدەکات، 20 ئەندامی میت لەلایەن ئەوانەوە دەستبەسەرن و لەنێویاندا چوار بەرپرسی هۆبەکانی میت هەن و دەشڵێت ژمارەیەک سەرباز و پۆلیسی تورکیاشمان دەستگیرکردووە.[2]
- سەڵاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی هەدەپە لەزیندانەوە پەیامێکی ئاڕاستەی ئەنجومەنی گشتی کۆنگرەی دیموکراتی گەلان کرد و تیایدا داوای بەرپاکردنی شۆڕش دەکات.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لەسەر سنوری نێوان باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوو گەنجی کۆڵبەری کورد بە ناوەکانی محەمەد بەهرامی، تەمەن 25 ساڵ و عوسمان عەبدوڵڵای تەمەن 20 ساڵ، بە دەستی سوپای پاسدارانی ئێران کوژران.[2]
- بەگوێرەی هەواڵێکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان، بەڕێوەبەرانی سەربە حکومەتی خوێندنگای ئیسلام ئابادی شاری ورمێ، دەستیانکردووە بە تاشینی قژی ئەو کچە منداڵانەی سەربۆشیان لە ڕوانگەی ئەو بەڕێوەبەرانەوە تەواو نییە.[4]
- بەگوێرەی هەواڵێکی تۆڕی مافی مرۆڤی کوردستان، دادگای سەربازیی شاری ورمێ سزای 15 ساڵ زیندان و دوور خستنەوەی بۆ زیندانی شاری کرمانی، بە سەر سێ زیندانیی سیاسیی کورد بە ناوەکانی تاهیر خۆرشیدی، محەمەد ئەمین پەیغامی و فاروق شارۆیرانی-دا سەپاند.[4]
باشووری کوردستان
- ڕۆژی ئاڵای کوردستاندا هیچ چالاکییەک بەم بۆنەیەوە لە کەرکووک ئنجام نەدرا.[1]
- لە خانەقین یادی ڕۆژی ئاڵای کوردستان کرایەوە.[1]
- لە ڕۆژی ئاڵای کوردستاندا 15 خوێندکاری کورد لەنێو زانکۆی کەرکووک بەهۆی ئەوەی جلوبەرگی کوردییان لەبەرکردبوو، دەستگیرکران.[3]
- لە شارۆچکەی ڕانیە بەرەی داکۆکیکار لە مافی خەلک دامەزراو لە بەیاننامەیەکدا چەند خاڵێکیان خستەڕوو، تێیدا داوا لە سەرجەم چین و توێژەکان دەکەن کە بەشداری لە مانگرتن و ناڕەزایەتییەکاندا بکەن.[4]
- وەزیری پەروەردەی هەرێم بۆ مامۆستایان دەڵێت بایکۆت چارەسەری کێشەی مووچە ناکات و ڕاشیدەگەیەنێت، بەڕێوەبەری پەروەردە گشتییەکان دەسەڵاتی سزادانی ئەو کەسانەیان هەیە کە خۆپیشاندان دەکەن.[2]
- وەتەبێژی یەکێتی سەعدی ئەحمەد پیرە ڕایگەیاند، کە وەک یەکێتی لەگەڵ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم نەبووین، بەڵام مەسعود بارزانی داوای لێکردین کە ڕاینەگەیەنین کە لەگەڵ ئەنجامدانی ڕیفراندۆمدا نین، دەشڵێت:بارزانی پێیوتووین بەڵێن دەدەم ئەگەر شکستم هێنا بێمە سەر تەلەفیۆن و بڵێم کە یەکێتی لەگەڵ ڕیفراندۆم نەبوو.[4]
- ئێران ڕایگەیاند: ئەمڕۆ هەردوو خاڵی سنووریی پەروێزخان و حاجی ئۆمەران دەکرینەوە.[1]
- مەولود باوەمراد وەزیری گوستنەوە گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کورستان، ئەمڕۆ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاندلەکۆبونەوە نوێنەرانی وڵاتانی بیانی لە هەرێم ڕایانگەیاندووە کە لەلایەن عێراقەوە بەڵێنی ئەوەدراوە کە فڕۆکەخانەکانی هەرێم بەر لەسانی نوێ بکرێتەوە.[2]
- سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی بە سەردانێکی فەرمی گەیشتنە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا.[1]

- شاندێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشە خزمەتگوزارییەکان و هاتووچۆ، سەردانی کامپی پەنابەرانی شەهید ڕۆستەم جودی-یان لە شارۆچکەی مەخمور کرد.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

شار و شارۆچکەکان: دێرسیم

شار و شارۆچکەکان: وەرێ

شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: باکووری کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: ئەڵمانیا

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-12-17

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-12-17

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-12-17

کاتی تۆمارکردن: 2017-12-17

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 232

2017-12-18



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ژمارەیەک لە کاریکاتۆریست و هونەرمەندانی دەستڕەنگینی شاری کرماشان دەستیان کرد بە سازکردنی پێشانگایەکی سەرشەقام بە ناویفرمێکسی یەڵدا، بۆ پشتیوانی لە لێقەوماوانی بوومەلەرزەی ئەو پارێزگایە.[4]
- دەزگای دادوەریی حکوومەتی ئێران کوبرا خاڵەندی، چالاکی مەدەنیی کوردی بە دوو مانگ و 15 ڕۆژ زیندانی مەحکووم کرد.[4]
باشووری کوردستان - خۆپیشاندان
- خۆپیشاندان بۆ باشترکردنی گوزەرانی خەڵکی لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان ڕوویدا.[1]
- خۆپیشاندەرانی تەقتەق ڕێگاکانی سلێمانی، کەرکووک و هەولێریان داخست.[1]
- خۆپیشاندەرانی شارەدێی تەکییەی کاکەمەند کە سەربە چەمچەماڵە ڕێگای سلێمانی-کەرکووک یان داخست و ئاڵای پارتەکانیان سووتاند.[1]
- لە سەید سادق خۆپیشاندەران هێرشیان کردەسەر بارەگای ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان.[1]
- خۆپیشاندان لە ڕواندز بریندارى لێکەوتەوە.[1]
- هێزە ئەمنییەکانی شارۆچکەی ڕواندز دەستیان بەسەر مەکۆی بزووتنەوەی گۆڕان-دا گرت.[1]
- خۆپیشاندەران لە سەنگەسەر چوونە ناو بارەگای بەڕێوەبەرایەتیی شارەدێیەکە.[1]
- خۆپیشاندەران لە کۆیە ڕێگای کۆیە - هەولێریان داخست.[1]
- بەشێک لە خۆپیشاندەران لە بەردەرکی سەراوە ویستیان بەرەو لقی 4ی پارتی بڕۆن، بەڵام هێزەکانی ئاساییش بە گازی فرمێسکڕێژ بڵاوەیان پێکردن.[1]
- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی سلێمانی مانگرتنی دەستپێکرد.[1]
- پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی خۆپیشاندانەکانی ئەمڕۆی سنوری پارێزگای سلێمانی و شارو شارۆچکەکانی دیکە، پەیامێک ئاڕاستەی خۆپیشاندەران دەکات و ئەندامێکی سەرکردایەتی ئە و حزبەش ڕایدەگەیەنێت پەلاماری بارەگاکانی پارتی دراوە و دەستێکی سیاسی لەپشت خۆپیشاندەرانەوەیە.[5]
- لە سلێمانی ژمارەیەک لە خۆپیشاندەران و پەیامنێری میدیاکان و لەنێویاندا تیمی دواڕۆژ بەهۆی ڕشتنی گازی فرمێسکرێژەوە بریندارببوون.[2]
- لە شارەدێی پیرەمەگرون خۆپیشاندەران بارەگاکانی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی، کۆمەڵ، یەکگرتوو، گۆڕان و ئاساییشی شارەدێیەکە، پۆلیسی هاتووچۆ و بنکەی ناحیەیان سوتاند.[1]
- بەشێک لەخۆپیشاندەرانی پێنجوێن، ڕێگای سەرەکی (سلێمانی – پێنجوێن - باشماخ) بەرووی هاتوچۆی ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان و ئۆتۆمبێلی گەشتیاریی و هاوڵاتیان داخرا و خۆپیشاندەرانیش داوای داخستنی فەرمی مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ دەکەن.[2]
- لەخۆپیشاندانەکەی ئەمڕۆی شارۆچکەی ڕواندز 25 خۆپیشاندەر دەستگیرکراون و بەشی زۆریشیان دەستوقۆڵیان بریندارکراوە، بەڕێوەبەری ئاسایشیش دەڵێت ئەو خۆپیشاندەرانە لای پۆلیسن و بەڵێنامەیان پێ پڕدەکەنەوە، بۆ ئەوەی ئازاد بکرێن.[2]
- گوتەبێژی پارتی لە سلێمانی ڕایگەیاند: سلێمانی شارێکی بێ دەرگا و پەنجەرەیە بۆیە ئەو هەموو پشێویانەی تێدا ڕوودەدەن.[6]

- لە سەید سادق پەیامنێری کەناڵی KNN لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە دەستگیرکرا.[1]
- خۆپیشاندەران لەشاری سلێمانی پاش ئەوەی لەشەقامی مەولەویيەوە کشانەوە بەردەرکی سەرا، خێوەتیان لەگۆڕەپانی سەرەکی بەردەرکی سەرا هەڵدا.[2]
- لە ڕانیە لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە هێرش کرایەسەر کۆمیتەی ڕێکخستنی یەکێتی و لە حاجیاواش خۆپیشاندەران لە هەوڵی هێرشکردندان بۆ سەر بارەگای یەکگرتووی ئیسلامی.[2]
- لە خۆپیشاندانەکانی ئەمڕۆی چەمچەماڵ، 5 کەس بریندارببوون کە یەکێکیان ئاساییشە.[1]
- جێگری سەرۆک کۆماری عێراق، داوا لەهاوواڵاتیانی کورد دەکات دان بەخۆیاندا بگرن، هۆشداریش لەهەندێک ئەجێندای دەرەکی دەدات کە خێری بۆ کوردستان ناوێت.[2]
- خۆپیشاندەرانی بەردەرکی سەرای سلێمانی ڕایدەگەیەنن ئامادەنین سەرا چۆڵ بکەن و بەرپرسیارێتی پاراستنی گیانیان دەخەنە ئەستۆی هێزە ئەمنییەکان.[2]
- ئەسکەندەر وتوت، ئەندامی لیژنەی ئاسایش و بەرگری پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند پێویستە هێزی سەربازی ئیتیحادی ڕەوانەی پارێزگای سلێمانی بکرێت، بۆ پاراستنی ئاسایش و گیان و موڵک و مااڵی هاووڵاتیان.[6]

باشووری کوردستان

- ئۆفیسی هەرێمی کوردستانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ڕایدەگەیەنێت، 25-12-2017 دوا وادەیە بۆ خۆتۆمارکردنی لایەنە سیاسییەکان.[2]
- لە سنووری شارەدێی سیدەکانی سەر بە شاروچکەی سۆران –ی لە پارێزگای هەولێر، سوپای تورک چەکی قورسی گواستەوە بۆ گوندی کانیبە ڕەش، بەردەوامیش فڕۆکەی چاودێری بەسەر ئاسمانی دەڤەرەکەدا دەسوڕێتەوە.[3]
- هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد ڕایگەیاند، ڕۆژی 07-03-2018 چوارەمین کۆنگرەی یەکێتی دەبەستن.[1]
- ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، ڕایدەگەیەنێت، ئاگادارکراونەتەوە لە خۆکۆکردنەوەی هێزە سەربازیەکانی عێراق لەدەوروبەری مەخمور لەباشوری ڕۆژئاوای هەولێر وئەو هێزانە ئامادەکاری دەکەن بۆ هێرشکردنە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە.[7]
- لە گەڕەکی فەرمانبەرانی هەڵەبجە کەسێک برا، براژن و برازایەکی دەکوژێت.[1]
- لە نزیک شارەدێی پردێ، هێرش کرایە سەر هێزە ئێراقییەکان.[1]

دەرەوەی کوردستان

- وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا دوای کۆبوونەوە لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی داوای لە حکومەتی عێراق کرد لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەست بە گفتوگۆ بکات.[6]
- کۆمەڵێک خۆپیشاندەر وێستیان هێرش بکەنەسەر کەژاوەی ئوتومبیلەکانی نێچیرڤان بارزانی لە بەرلین، بەڵام پۆلیسی ئەڵمانی ڕێی لێگرتن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: ڕواندز
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەاڵتی کوردستان
وڵات: ئێران

ولّات: ئێراق
ولّات: ئەڵمانیا
ولّات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-12-18
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-12-18
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2017-12-18
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 2017-12-18
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-12-18
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری خەندان - 2017-12-18

کاتی تۆمارکردن: 2017-12-18
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 233

2017-12-19



باکووری کوردستان
- ئەمڕۆ هێزەکانی پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاوڵاتیان لە شارۆچکەکانی چیگلی، کەمال پاشا، کارشیاکا، عەلی ئاغا، مەنەمەن، بالچۆڤا، قەرەباغلار، تیرێ و تۆربا عەلی ی سەربە ئیزمیر و 51 ئەندامی دەبەپە و هەدەپەیان دەستگیرکرد.[3]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ، کۆڵبەرێکی کوردی خەڵکی گوندی کەوپەڕ سەر بە شاری پیرانشار بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئینتزامییەکان بە سەختی بریندار کرا.[5]
باشووری کوردستان - خۆپیشاندان
- بۆ ڕۆژی دووەم خۆپیشاندان لە سلێمانی، هەڵەبجە، کۆیە و ڕانیە دەستپێکردەوە. پۆلیس و ئاساییش تەقە بەسەر خۆپیشاندەراندا دەکەن و هەندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە قوربانیی لێکەوتۆتەوە.[1]
- بەهۆی خۆپشاندانەکانەوە باری ناوخۆی باشووری کوردستان پشێویەیەکی زۆری تێکەوتووە و بارودۆخەکە زۆر ترسناک بووە.[1]
- لە کفریش خۆپیشاندان دەستی پێکرد و ڕێگای کفری - کەلاریان گرت.[1]
- خۆپیشاندەرانی کفری هێرشیان کردە سەر بارەگاکانی بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لە بارەگای ناوچەی پارتیشەوە تەقە لە خۆپیشاندەران دەکرێت.[1]
- خۆپیشاندەران ڕێگەی هەردوو مەرزی باشماخ و سەیرانبەنیان گرت و بەو هۆیەشەوە جموجۆڵی بازرگانی وەستا.[1]
- خۆپیشاندەران لە کۆیە بارەگای قایمقامیەتی کۆیە و مەکۆی بزووتنەوەی گۆڕان، بارەگای یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، بارەگای کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان، بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان و چەند فەرمانگەیەکی حکومەتیان سووتاند.[1]
- لە تەقتەق خۆپیشاندەران بارەگای حیزبەکانیان سووتاند.[1]
- بارەگای بەرەی تورکمانی و پارتی لە کفری سووتێندرا.[1]
- بەهۆی خۆپیشاندانەوە ڕێگە سەرەکییەکانی هەورامان داخران.[1]
- بەهۆی ناکۆکیی ناو خۆپیشاندەرانەوە شەوی ڕابردوو خێوەتی مانگرتنەکەی بەردەرکی سەرای سلێمانی لابرا.[1]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای سلێمانی ڕاگەیانراوێکی بڵاوکردەوە و ئاشکرایکرد، لە کاتژمێر 4ی بەرەبەیانی ئەمڕۆوە، بەهۆی

کوژاندنەوەی وێستگەی کارۆغازی چەمچەماڵەوە کارەبا بڕاوە. وێستگەکە دوێنێ بەهۆی هێرشی خۆپیشاندەرانەوە کوژێنرایەوە.[2]
- ڕابوون مەعروف، پەرلەمانتاری سەربەخۆ لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، لە خۆپیشاندانەکانی سلێمانیدا دەستگیرکرا.[1]
- لە شارۆچکەی ئاکرێ سەربە دهۆک، ڕێگری کرا لە ئەنجامدانی خۆپیشاندان و هێزەکانی ئاساییش دوو کەسیشیان دەستگیرکرد.[3]
- لە شارەزوور خۆپیشاندان دەستی پێکرد و ڕێگەی نێوان سلێمانی و دەربەندیخان داخرا.[1]
- بەپێی هەندێک سەرچاوە: لە کۆیە و تەقتەق 19 کەس بریندارببوون.[1]
- بارەگای پارتی و کۆمیتەی یەکێتی لەتەکیە سوتێنران.[1]
- لە ڕانیە، مەڵبەند و کۆمیتەی یەکێتی سوتێنران و 2 کوژرا و زیاتر لە 80 کەسیش بریندارن.[1]
- دوای سوتاندنی کۆمیتە و مەڵبەندی یەکێتی لە شارۆچکەی ڕانیە، خۆپێشاندەران مەڵبەندی یەکگرتووی ئیسلامیشیان سوتاند.[1]
- بەهۆی خۆپیشاندانەکانەوە لە سلێمانی زۆرتر لە 10 کەس بریندارببوون و دەیانیش لەلایەن پۆلیس و ئاساییشەوە دەستگیرکراون.[1]
- لە کفری لە کاتژمێر 8:00ی ئەمشەوەوە تا سبەی هاتووچۆ قەدەغە دەکرێت.[1]
- بەرپرسی ڕێکخستنی لقی پارتی لە ڕانیە دەڵێت گوللەی خۆپیشاندەران بەر بارەگاکەمان دەکەوێ و مەترسی لەسەر ئەندام و پاسەوانەکانمانە، بەڵام ئێمە تەنیا تەقە بە ئاسماندا دەکەین بۆ ئەوەی تەقەکەرەکان دووربکەونەوە.[4]
- لە ڕاگەیاندراوێکدا قایمقامیەتی قەزای چەمچەماڵ، ڕایدەگەیەنێت سەرجەم دەسەڵاتە ئەمنییەکانی قەزاکە دراوە بە دەسەڵاتی سەربازی (حوکمی عەسکەری) و لەکاتژمێر 8 ئەمشەوەوە هاتووچۆ ڕادەگیرێت و سبەی چوارشەممەش لەسەرجەم دامودەزگاکان جگە لەدەزگا ئەمنی و فریاگوزارییەکان کرا بە پشوو.[2]
- ڕەوتەکەی عەمار حەکیم پشتیوانی بۆ خۆپیشاندانەکان لە هەرێم دەردەبڕێت و داواشدەکات دەسەڵاتداران بە سەرکوتکردن و دەستگیرکردن ڕوبەڕووی خۆپیشاندەران نەبنەوە.[2]
- فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی حکومەتی فیدراڵی ڕەتیکردەوە کە حەیدەر عەبادی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان هیچ فەرمانێکی دەرکردبێت سەبارەت بە جوڵاندنی دەستەیەک لە پۆلیسی فیدراڵی بۆ کوردستان، لەکاتێکدا کە لە زۆرێک لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمدا خۆپیشاندان ئەنجامدەدرێت.[2]
- سەرپەرشتیاری ئیدارەی ڕاپەڕین بڕیاری ڕاگرتنی دەوامی بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە سەرجەم خوێندنگە و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم لە و سنورە دەرکرد.[2]
باشووری کوردستان
- بومەلەرزەیەک سنوری شاری هەڵەبجە و شارەدێی خورماڵی هەژاند.[1]
- لە سنووری مەخموور شەڕ لەنێوان پێشمەرگە و کۆمەڵێک چەکداری داعش ڕوویدا، لە شەڕەکدا پێشمەرگەیەک شەهیدبوو و تەرمی پێنج چەکداری داعشیش جێماون.[4]
- هێزەکانی ئاساییش لە سلێمانی دەستیانگرت بەسەر کەناڵی ئێن ئار تی-دا و دایانخست.[1]
- شاسوار عەبدولواحید لە کاتی گەڕانەوەیدا لە فڕۆکەخانەی سلێمانی دەستگیرکرا.[1]
- حەشدی شەعبی لە خورماتوو هێزی زۆرتری بڵاوەپێکرد.[1]
- تەڤگەری ئازادیی ڕایگەیاند، هەڤاڵمان ئازاد عومەر محەمەد ناسراوبە حاجی ئازاد، هاوسەرۆکی هەرێمی سلێمانی تەڤگەری ئازادیی بەیانی ئەمڕۆوە ڕۆیشتووەتە بازاڕ و دیار نەماوە و لەهەموو پەیوەندییەک دابڕاوە، دەشڵێت:دڵنیاین لای ئاسایشی سلێمانیە و لەچوارچێوەی ئە و شەپۆلی گرتن و دەسبەسەرکردنانەدا دەستبەسەریان کردووە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێراق
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئاکرێ
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە

شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2017-12-19
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2017-12-19
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-12-19
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2017-12-19
کاتی تۆمارکردن: 2017-12-19
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 234

2017-12-20



باکووری کوردستان
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ هێزەکانی پۆلیسی تورک لە شارۆچکەی گمگمی سەربە شاری موش، هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاوڵاتیان و نۆ ئەندامی هەدەپە و دەبەپە-یان دەستگیرکرد.[4]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بوومەلەرزەیەک ناوچەکانی کرماشان و سەربێڵ زەهاوی هەژاند.[1]

باشووری کوردستان
- لە ڕانیە بەهۆی کوژرانی 2 گەنجەوە لە خۆپیشاندانەکانی دوێنێ، لە زۆرێک لە شوێنەکان پرسە و ماتەمینی دانراون. ڕانیە خەمبارە. خەڵکانێکی زۆر بە دروشمی شەهید نامرێت بەرەو پرسەکان بەڕێکەوتن.
- بەهۆی قەدەخەی هاتوچۆ و بڕیاری حوکمی سەربازییەوە شارۆچکەکانی چەمچەماڵ، کفری، تەقتەق ئارامبوونەتەوە.[1]
- لە شارەزوور خۆپیشاندان دەستیپێکردەوە.[1]
- خۆپیشاندان لە ڕانیە دەستیپێکردەوە و دەستیانگرت بەسەر مەکۆی بزووتنەوەی گۆڕاندا.[1]
- بارەگای حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان - حسک لە ڕانیە سووتێنرا.[1]
- بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان لە حکومەتی هەرێم کشانەوە.[1]
- بزووتنەوەی گۆڕان بڕیاریدا ڕێکەوتنی سیاسی لەگەڵ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەڵبەپەسێرێت.[1]
- لە تەکیە کارمەندێکی ئاساییش کوژرا.[1]
- لە قەڵادزێ، خۆپیشاندەران بارەگای یەکگرتوویان سوتاند.[1]
- خۆپیشاندەرانی ڕانیە مەکۆی گۆڕانیان سوتاند.[1]
- قایمقامی کفری لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان کۆبوونەوە و بڕیاریدا بە ڕێگە گرتن لە خۆپیشاندانی بێ مۆڵەت و ناشبێت خۆپیشاندەر دەمامکیان پێوەبێت.[2]
- سەرپەرشتیاری ئیدارەی ڕاپەڕین ڕایگەیاند ئەگەر پێویست بکات شەوانە بەردەوامی بە قەدەخەی هاتووچۆ دەدەن و دەشڵێت لەپێناو ئاڵۆزنەبوونی زیاتری دۆخەکە، ئەمرۆ هێزە ئەمنییەکان خراونەتە حاڵەتی ئامادەباشییەوە.[3]
- ڕۆژنامەی عوکازی سعودی ئاشکرایکرد، حەیدەر عەبادی لە ئێستادا تاوتوێ چەند بژاردەیەک دەکات بۆ داخستنی دۆسیەی کوردستان، جەخت لەوەشدەکاتەوە یەکێک لە بژاردەکان هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی ئێستای هەرێمی کوردستانە.[2]
- کونسوڵخانەی ئێران لە هەولێر ڕاگەیێندراوێک لەبارەی خۆپیشاندانەکانی هەرێمی کوردستان بڵاودەکاتەوە و هۆشداری دەداتە هاووڵاتیانی بەهیچ شێوەیەک لە شوێنی خۆپیشاندان و تووندوتیژی و ئاڵۆزییەکان نزیکنەبنەوە.[3]
- پاراستنی ئاسایشی شاری سلێمانی بە هێزەکانی حەفتای سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە دراوە و فەرماندەرەکی ئە و هێزەش

دەڵێت پاراستنی ئاسایشی سلێمانی لە ئێستادا لە ئەستۆی ئێمەدایە.[2]
- لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ئەمڕۆ پارێزگاری هەڵەبجە بەوەکالەت ڕایگەیاند ڕۆژی پێنجشەممە بۆ ئەو کەسانەی کە ڕۆژی ڕابردوو شەهید کراون دەکەینە پشوو هەروەها سەرجەم چالاکییە سیاسییەکان ڕادەگیرێن و ئاڵای سەرجەم حیزبە سیاسییەکان دادەگیرێن.[3]
- لە سنووری پارێزگای سلێمانی ڕێگە بە هیچ خۆپیشاندانێک نادرێت و هیچ جۆرە خۆپیشاندانێکی ڕێکخراویش لەئارادا نییە، هاوکات لەنێو شاری سلێمانی سەرجەم ئەو شەقامانەی دەچنەوە سەرا داخراون و بڵاوە بە هێزە ئەمنییەکان کراوە.[3]
- سروە عەبدوڵواحید، ڕایدەگەیەنێت، پاراستنی گیانی شاسوار عەبدوڵواحید دەخەینە ئەستۆی هێزە ئەمنییەکان و ئاماژەش بۆئەوە دەکات نازانرێت لای کێیە، یەکێ دەڵێ لای دژە تیرۆر و یەکێ دەڵێ لای بنەماڵەیە.[4]
- وتەبێژی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی لە سلێمانی ڕایدەگەیەنێت، ئەو هێزەی لەبەردەم ئەنجومەنەکەیان بڵاوەپێکراوە هێزی سەر بە حکومەتە.[2]
- خۆپیشاندەرانی شارۆچکەی ڕانیە دەیانەوێت دەست بەسەر ماڵی عەوڵا بۆر-دا بگرن و هێزێکی زۆری ئەمنی-ش بۆ ڕێگریبێکردن لە دەوری ماڵەکە کۆبوونەتەوە.[4]
- ڕەهبەر سەید ئیبراهیم، بەڕێسی مەڵبەندی یەکێتی لە کۆیە لەبارەی زیانەکانی خۆپیشاندانی دوێنێی قەزاکە دەڵێت، ئەرشیفی 300 ساڵ سووتێندراوە، شارۆچکەی تەقتەقیش وا وێرانکراوە بە 50 ساڵ ئاوەدان ناکرێتەوە.[3]
- لە هەڵەبجە خۆپیشاندان دەستپێکردەوە.[1]
- لە قەڵادزێ و حاجیاوا خۆپیشاندەران هێرشیان کردەسەر کۆمیتەکانی یەکێتی و بەو هۆیەشەوە 7 کەس بریندار بوون و پاشتر بارەگاکانی یەکێتی، گۆڕان، حزبی شیوعی کوردستان و پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان سووتێنران.[1]
- سەرۆک و جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم و شاندی یاوەریان گەیشتنەوە باشووری کوردستان.[1
- نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق یۆنامی، ئەمڕۆ ڕەخنەی لە تووندوتیژییەکانی هەرێم گرت و نیگەرانی خۆی پیشاندا لەسەر ئە و زیانە گیانی و ماڵییانەی لە ئەنجامی خۆپیشاندانەکانی دوو ڕۆژی ڕابردوودا ڕوویانداوە، داواشی لەلایەنەکان کرد بارودۆخەکە ئارام بکەنەوە.[2]
- حەشدی شەعبی و سوپای عێراق تۆپبارانی هێزە نەناسراوەکەی سنوری شارەدێی زنانەیان کرد و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانیش بەسەر بەشێک لە گوندەکانی ئەو شارەدێیەدا دەسوڕێتەوە. [4]
- بوومەلەرزەیەک هەڵەبجە و دەوروبەری هەژاند.[1]
- بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاوی شارەزوور ئاشکرایکرد، لەلایەن چەند گەنجێکەوە هێرش دەکرێتە سەر پرۆژەی ئاوی بێستان سوور و حەوزەکانیان بەتاڵ کردوەتەوە، بەوهۆیشەوە زیاد لە 150 هەزار هاوواڵتی بێئاو بوون.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن:	پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
پارت / لایەن:	کۆمەڵی دادگەریی کوردستان
پارت / لایەن:	یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	قەڵادزێ (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان:	موش
شار و شارۆچکەکان:	هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان:	ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان:	کفری
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی راگەیاندن
[2] مانیفێر | کوردیی ناوەڕاست | مانیفێری دواڕۆژ - 2017-12-20
[3] مانیفێر | کوردیی ناوەڕاست | مانیفێری ڕووداو - 2017-12-20
[4] مانیفێر | کوردیی ناوەڕاست | مانیفێری ڕۆژنیوز - 2017-12-20
کاتی تۆمارکردن: 2017-12-20
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 235

2017-12-21



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سێ بوومبەڵەرزە ناوچەکانی کرماشان و سەرپێڵ زەهاوی هەژاند.[1]
- دادگای ئینقلابی شاری سەقز، منارە مەلاوەیسی و ئەیووب جەوان پوور، لە چالاکانی مەدەنی شاری سەقز بە لێدانی قامچی و سزای نەختی مەحکووم کرد.[3]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی کارساز عەزیزی تەمەن 23 ساڵ کوڕی مەحموود خەڵکی گوندی کێلێ سەر بە شاری بانە بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری نەنۆر بە سەختی بریندار کرا.[3]

باشووری کوردستان
- خۆپیشاندان لە ڕانیە دەستیپێکردەوە و هێزێکی سەربازیی زۆریش لە ناوچەکەدا بڵاوەی پێکراوە.[1]
- لە شارەدێی حاجیاوای سەر بە شارۆچکەی ڕانیە دوو خۆپیشاندەر بریندار بوون، کە یەکێکیان بەهۆی فیشەکەوە بووە.[2]
- بەگشتی و بەبەراوورد بە ڕۆژەکانی پێشوو، شارەکانی باشووری کوردستان ئەمڕۆ ئارامە و هیچ خۆپیشاندان و پشێوییەکی ئەوتۆ ڕووینەدا کە تووندوتیژیی لێبکەوێتەوە.[1]
- وتەبێژی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لە سلێمانی و هەڵەبجە، ڕایدەگەیەنێت، کە هێزیان هێناوەتە سلێمانی و هەر خۆپیشاندەرێک بە چەک بچێتە بەردەم بارەگاکانیان بە چەک وەڵامی دەدەنەوە، دەشڵێت: ئەوانەی بێنە بەردەم بارەگای پارتی خۆپیشاندەرنین و ئاژاوەگێڕن.[2]
- ئاسایشی شاری هەولێر بارەگای ڕێکخراوی ستۆپ بۆ دژە گەندەڵیی داخست.[2]
- ئاسایشی هەولێر ئەکادیمیای سیاسەت و هزری دیموکراتی داخست و پارێزەری یاسایی ئەکادیماکەش دەڵێت، مۆڵەتی کارکردنمان لە بەغدا و هەولێر هەیە.[4]
- سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ ئاشکرایدەکات، لێرە و لەوێ بە ناوی جیاواز بازرگانیکردن بە ئافرەتانی ئاوارە و بیانی بوونی هەیە بەتایبەت ئە و کریکارە ئافرەتە بیانیانەی کە لەهەرێم کاردەکەن زۆرجار بازرگانیان پێوە کراوە. دەشڵێت لەهەرێمی کوردستان یاسایەکی تایبەت نیە بۆ سزادانی تاوانبارانی بازرگانی بەمرۆڤ.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بەگوێرەی سەرچاوە خۆجێییەکان لە دێرکەوە، سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ سوپای تورک دەیان ئۆتۆمبێلی سەربازی و تانک و زرێپۆشی لەسەر سنووورەکانی نێوان ڕۆژئاوا و باکوری کوردستان لە گوندی خەراب ڕەشکی سەربە دێرک جێگرکرد.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: دێرک
شار و شارۆچکەکان: زەهاو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 21-12-2017
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 21-12-2017
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 21-12-2017
کاتی تۆمارکردن: 21-12-2017
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 236

2017-12-22



باکووری کوردستان
- سوپای تورک بە بەشدارپی ژمارەیەکی زۆر سەرباز، لە چیای جودی سەر بە شاری شرناخ و چیای گابار-ی سەر بە شاری مێردین-ی باکوری کوردستان-ەوە، دەستی بە ئۆپەراسیۆن کرد.[3]
باشووری کوردستان
- مەراسیمی سێ ڕۆژەی بەشیر ئیسماعیل حاجی زاهیر و محەمەد تەها بێتواتەیی هەردوو قوربانییەکانی خۆپیشاندانەکەی ڕانیە بەڕێوەچوو.
- لە چەمچەماڵ خۆپیشاندان دەستیپێکردەوە، خۆپیشاندەران بە تایە سووتاندن هەندێک لە ڕێگاکانی ناو شارۆچکەکەیان گرت.[4]
- لە ڕانیە و حاجیاوا خۆپیشاندان دەستیپێکردەوە و هێزەکانی ئاساییش چەند کەسێکیان گرت.[4]
- بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی، داوای لە ماموّستایانی سنوری پارێزگاکە کرد لە ڕۆژی 24-12-2017وە بایکۆتی خوێندن بکەن.[4]
- گردبوونەوەیەکی جەماوەری لە بەردەم باخی گشتیی ناوەندی شارۆچکەی ڕانیە دەستیپێکرد و ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵک ئامادەی بوون.[3]
- وتەبێژی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنە هاوبەشەکان-ی عێراق ڕایگەیاند، ئە و هەواڵانەی باس لە جوڵاندنی هێزی عێراق بۆ هەرێم دەکەن بەهۆی خۆپیشاندانەکانەوە دورن لەڕاستیەوە و هیچ بنەمایەکیان نییە.[1]
- ڕەوشی تەقتەق بەتەواوی هێور بووتەوە، بەڵام جوڵەی شەقام و بازاڕەکەی وەک جاران نییە، هێزە ئەمنییەکان دەستیان بە دەستگیرکردنی ئەو کەسانە کردووە کە دەستیان لە سووتاندن و زیانگەیاندن بە 17 فەرمانگە حکومی بارەگا حیزبییەکانی ناوچەکە گەیاندووە، تاوەکو ئێستا بەفەرمانی دادوەر 11 لەو خۆپیشاندەرانە دەستگیر کراون.[2]
- بەڕێوەبەری کارەبای سلێمانی ڕایدەگەیەنێت، ڕەوشی دابەشکردنی کارەبای سلێمانی ئاسایی بووەتەوە و سەعاتەکانی پێدانی

کارەبای نیشتیمانیش لە 6 بۆ 7سەعات دەبێت.[1]
- کوڕ و کچێکی کوردی ئیزدی لەدەستی داعش ڕزگارکران، سێ ساڵ و چوار مانگ کۆیلەیی و بندەستی چەکدارانی داعش بوون.[2]
- ئەنجومەنی هەرێمی گەرمیانی تەڤگەری ئازادیی، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا پرۆژەی خۆیان ڕاگەیاند وەکو بەدیلێک بۆ سیستەمی دەسەڵات و دەڵێن: تەنیا بە ئاواکردنی سیستەمێکی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی، دەتوانرێت سیستەمێکی گەندەڵ و داڕوخاو بەلاوەبنرێت.[3]
- هێزێکی سوپای عێراق، ڕێگای سەرەکی کەرکووک - موسڵ-یان کۆنترۆڵکرد، بەرپرسێکی یەکێتیش لە مەخمور دەڵێت: بۆ خۆجێگیرکردن و چاودێریی ڕێگاکە هاتوون.[3]
- داعش شارەدێی قەرەتەپە هاوەن باران دەکەن و چەکدارانی حەشدی شەعبیش وەڵامیان دەدەنەوە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بەیانی ئەمڕۆ لە شارۆچکەی دێرک لە کانتۆنی قامیشلۆ یەکەمین کۆبوونەوەی ڕاوێژی نەتەوەیی ژنانی کورد دەستی بە کارەکانی کرد. کۆبوونەوەکە بە بەشداری 210 ئەندامی ژن و بە دروشمی یەکێتی ژنانی کوردستان گەرەنتی یەکێتی نیشتمانی کوردە بەڕێوەچێت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: دێرک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: ماردین
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-12-22
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕوودا‌و - 2017-12-22
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-12-22
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2017-12-22
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 237
2017-12-23



باکووری کوردستان
- گوتەبێژی هەدەپە ڕایگەیاند 31 ملیۆن هاووڵاتی لەلایەن ئەو سەرۆک شارەوانیانەوە بەڕێوەدەبرێن، کە هەڵنەبژێردراون و نوێنەریان نین.[1]
باشووری کوردستان
- چالاکوان و ڕۆژنامەنووس ڕەگەز کەمال، سەرپەرشتیاری ماڵپەڕی حەڤدەی شوبات، لە شارۆچکەی ڕانیە دەستگیر کرا.[4]
- پارتی کرێکارانی کوردستان، بە ئامادەبوونی زیاتر لە 300 کەسایەتی باکوور و باشوور کوردستان، لەبناری قەندیل لەسنووری ناوچەی (باڵەیان، ناودەشت، سوورەدێ، قەڵاتوکا، ماردوو) ئەنجومەنی خۆبەڕێوەبردنی بناری قەندیلی ڕاگەیاند.[3]
- بەهۆی کەوتنەوەی ئاگر لە کەمپی بێرسڤ لە زاخۆ، 22 خێوەت سووتان و خێزانە ئاوارەکان زیانێکی زۆریان پێگەیشتووە و هەموو کەلوپەلەکانیان سووتاون. بەڵام زیانی گیانی نەبووە. ئەم کەمپە ئاوەڕەکانی شنگالی تێدا نیشتەجێن.[1]
- جەمیل بایک، هاوسەرۆکی کۆما جڤاکێن کوردستان- کەجەکە، ڕایگەیاند: حکومەتێکی نوێی دیموکرات دەتوانێت ببێتە چارەسەرێی بۆ کێشەو ئاڵۆزییەکانی باشوری کوردستان.[2]
- بەڕێوەبەری ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی هەولێر لە کۆبە، ئاشکرای دەکات، نزیکەی 10 بۆ 15 خۆپیشاندەر لەسەر سکاڵای چەند لایەنێکی کۆبە، کە بارەگایان سووتاوە، دەستگیرکراون. گوتیشی هەموو ئەوانەی دەستگیرکراون بە فەرمانی دادوەر بووە.[2]
- شەوی ڕابردوو لەگوندی گۆبتەپەی شارەدێی ئاغجەلەر چەند کەسێکی نەناسراو کتێبخانەی گشتی گوندەکەیان سووتاند.[3]
- وتەبێژی نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایدەگەیەنێت، هەرێمی کوردستان بەشێکە لە خاکی عێراق، هەربۆیە پێویستە حکومەتی فیدراڵی بۆ هێورکردنەوەی دۆخی هەرێم دەستێوەردان بکات.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکینەکانی پاراستنی گەل- یەپەگە، ئاشکرای دەکات، لە مانگی ڕابردوودا هەزارو 570 گەنج لە هەرێمەکانی ڕۆژئاوا و باکوری سوریاوە بەشداری ڕیزەکانی قەسەدە، یەپەگە و یەپەژە بوون، کە زۆربەیان گەنجی عەرەبن.[2]
- بەپێی میدیاکانی هێزەکانی سووریای دیموکرات، لە گوندی جەرسەی ڕۆژهەڵات کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی دێرەزوور، چەکدارانی داعش هێرشیان کردووەتە سەر شەرڤانانی هەسەدە، بەوهۆیە 30 چەکداری داعش کوژراون و دوو ئۆتۆمبێلی

بۆمبڕێژکراویشیان تەقێندراونەتەوە، دوای چەند کاژێرێک پێکدادان ناچار بە پاشەکشێ کراون و ژمارەیەک چەک و تەقەمەنیشیان کەووتووەتە دەست شەڕڤانان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (راپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2017-12-23
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-12-23
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-12-23
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2017-12-23
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 238

2017-12-24



باشووری کوردستان
- بوومەلەرزەیەک لە هەڵەبجە و دەوروبەری ڕوویدا.[1]
- سەرجەم دوکاندار و بازاڕەکانی شارۆچکەی کەلار وەکوو هەڵوێستێک بەرامبەر حکومەتی هەرێم، مانگرتنی سەرتاسەریان ڕاگەیاند و دواکانەکانیان نەکردەوە.[2]
- یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان ڕایگەیاند کە بە چەند مەرجێک لە حکومەتدا دەمێنێتەوە.[1]
- نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق (یونامی) جەختدەکاتەوە، زۆر پێویستە دوای خۆپیشاندانە تونددەکەی سلێمانی بارودۆخەکە هێوربکرێتەوە.[2]
- ئاکار محەمەد چالاکی بزووتنەوەی گۆڕان و بەڕێوەبەری نوسینگەی سەرۆکی پەرلەمان بەنەخۆشی کتوپڕ کۆچی دوایی کرد.[1]
- بەشێک لە ڕۆشنبیران و ڕێکخراوەکان داوادەکەن کۆتایی بە گرژی و ئاڵۆزییەکانی سلێمانی بهێنرێت و ئەوکەسانەی دەستگیرکراون ئازادبکرێن.[2]
- حکومەتی عێراق فۆرمی خۆراکی شارەکانی هەرێمی کوردستانی بە عەرەبی چاپکردووە و نووسینی کوردی لەسەر لاداوە، بەڕێوەبەری ڕێکخستنی پسوولەی خۆراکی سلێمانیش دەڵێت داوایان کردووە جارێکی دیکە چاپبکرێنەوە.[3]
- تەرمی ڕۆژنامەنووس ڕزگار ئادانمیش، کە ڕۆژی 18-12-2017 لە نەخۆشخانە گیانی لە دەستدابوو، ئەمڕۆ لە قامیشلۆوە بەڕێکرابوو بەرەو مەخمور، لەلایەن هاوڵاتیانی کامپی مەخمور لە دەروازەی سنووری سێمێلکا پێشوازی لێکرا و پاشان دەمەو ئێوارە گەییستە مەخمور و لەوێ بەخاکسپێردرا.[2]
- لیوا جەمال ئەنوەر، ناسراو بە (جەماڵە سوور) سەرۆکی لیژنەی سەربازی چەمچەماڵ ڕاگەیاند: ئەمشەو لەلایەن دوو ئۆتۆمبێلەوە دەستڕێژی گوللە لەماڵەکەم کرا و زیاتر لە 50 فیشەک بەر خانووەکەمان کەوتووە و هیچ زیانێکی گیانی نەبووە.[2]
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ کۆمەڵێک ڕۆژنامەنوس و ژمارەیەک لەکارمەندانی نالیا وەک ناڕەزایەتی بەرامبەر دەستگیرکردنی شاسوار عەبدولواحید، سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ وبستویانە لەبەردەم دادگای سلێمانی گردبونەوەیەک ئەنجام بدەن. بەڵام هێزە ئەمنییەکان ڕێگریان لە گردبونەوەکە کردوە و نزیکەی 15 کەسیان دەستگیرکردون کە ژمارەیەک لەوانە کارمەندی کۆمپانیای نالیان.[4]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، کاروان کاکل، چالاکی مەدەنی و ئەندامی گروپی دەنگی شەقام و سوهەیب ئەحمەد، بەڕێوبەری دیجیتاڵ میدیای ئێن ئاڕ تی و خەبات نەوزاد، ڕۆژنامەنووس لە نەوەی نوێ لە شاری سلێمانی دەستگیرکراون.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەوی ڕابردوو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا کە لەلایەن تورکیا پاڵپشتی دەکرێن، هەرێمی عەفرینیان تۆپباران کردووە و لەلایەن شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل- یەپەگە و یەکینەکانی پاراستنی ژنان- یەپەژە وەڵامدراونەتەوە. بەگوێرەی زانیارییەکان گوندەکانی شێنکا، خەرابە، شەرعا، باسۆفان و باێ سەر بە شارۆچکەی شەرعا لە هەرێمی عەفرین بەر تۆپبارانەکە کەوتوون و تۆپبارانەکە زیانی مادی لێکەوتووەتەوە. [3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-12-24
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-12-24
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2017-12-24
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-12-24
کاتی تۆمارکردن: 2017-12-24
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 239

2017-12-25



باکووری کوردستان
- لەکاتی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە نزیک شاروچکەی شەمزینان، سەر بە شاری هەکاری لە باکوری کوردستان هێزێکی تورکیا کەوتونەتە بەر هێرشی چەکدارەکانی پەکەکە و لە ئەنجامدا دوو سەرباز کوژراون و سەربازێکیش بە سەختی بریندار بووە.[1][2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ژمارەیەک ئەسبی کاسبکاران بە بارەوە لە گوندی ماشکانی سەر بە شاری پیرانشار، لە لایەن هێزە ئینتزامییەکانی حکوومەتی دەستی بە سەر داگیرا و هەروەها چەند سەر ئەسبی کاسبکاران بە کوشت چوون.[3]
باشووری کوردستان
- ژمارەیەک پەرلەمانتاری فراکسیۆنەکانی یەکێتی، گۆران، کۆمەڵ و یەکگرتوو بەمەبەستی بانگهێشتکردنی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و جێگرەکەی یاداشتێکیان واژۆ کردووە بەمەبەستی لێپرسینەوە لە خۆپیشاندانەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی.[1]
- نەوشیروان محەمەد، چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە شاری هەڵەبجە دەستگیر کرا و ڕەوانەی ئاسایشی شارەزوور کرا.[2]
- مەسعود حەیدەر، ئەندامی لیژنەی داراپی لە پەرلەمانی عێراق، ڕاگەیاند: لە کۆبوونەوەی چەند ڕۆژی ڕابردووی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی لە عەممانی پایتەختی ئوردن، بەرپرسانی ئە و سندوقە ئاماژەیان بەوەکرد ئامادە نین قەرز بدەنە عێراق، ئەگەر پشکی هەرێمی کوردستان لە 10 ترلیۆن دینار کەمتر بێت.[1]
- لە لێدوانێکدا ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان ڕایگەیاند، کە بەهیچ پاساوێک ناکرێت خەڵک لەسەر داواکردنی مافەکانی دەستگیربکرێت لە دەرەوەی یاسا، هەوەها داوای دەستبەجێ ئازادکردنی گیراوەکان و کردنەوەی میدیا داخراوەکان دەکات.[2]
- لە شاروچکەی قەڵادزێ، هەوڵی ئەنجامدانی خۆپیشاندانێک درا، بۆ ئازادکردنی ئەو کەسانەی کە لە خۆپیشاندانەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوودا دەستگیرکرابوون، بەڵام لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ڕێگریان لێکرا و چەند گەنجێکیش دەستگیرکران.[2]
- ئازاد حاجی عومەر، هاوسەرۆکی هەرێمی سلێمانی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگای کوردستان، کە لە پاش خۆپیشاندانەکانی 18ی ئەم مانگە دەستگیرکرابوو، لەگەڵ 14 دەستگیرکراوی دیکە دەستیان بە مانگرتن لە خواردن کرد.[2]
- جارێکیتر لە خورماتوو شەڕ و پێکدادان لەنێوان هێزەکانی حەشدی شەعبیدا ڕوویدا، ئەمەیش دوای ئەوەی چەند ڕۆژێک پێش ئێستا لەسەر پۆستی قایمقامی شاروچکەکە شەڕە تەقە لەنێوان دوو گروپی حەشد دروستبوو و بریندارى لێکەوتەوە.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- فرۆکە بێ فرۆکەوانەکانی سوپای تورک سنووورەکانی کانتۆنی عەفرین-یان بۆردومان کرد.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شاروچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شاروچکەکان: خورماتوو
شار و شاروچکەکان: سلێمانی
شار و شاروچکەکان: شەمزینان
شار و شاروچکەکان: عەفرین
شار و شاروچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-12-25
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-12-25

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2017-12-26
کاتی تۆمارکردن: 2017-12-25
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 240

2017-12-26



باکووری کوردستان
- لەزگین بۆتان، پەرلەمانتاری شاری وانی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، لە ئەستەنبوڵ دەستگیرکرا.[3]
- بەرپرسی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی هێزەکانی پاراستنی گەل هەپەگە ڕایگەیاند، سوپای تورکیا لە ناوچەی شەمزینان لە دژی باشووری کوردستان هەوڵی داگیرکاری دەدات، لەبەرامبەریشدا هێزەکانمان چالاکییان ئەنجامداوە و بەوهۆیەوە 15 سەرباز کوژران.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شەوی ڕابردوو لەنێوان شنۆ و نەغەدە، 5 ژنی کورد بە ڕووداوی هاتوچۆ گیانیان لەدەستدا و 4ی تریش بریندارببوون.[5]
باشووری کوردستان
- یوسف محەمەد سادق بەفەرمی دەستی لە پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کێشایەوە.[1]
- یوسف محەمەد سادق سەرۆکی دەستەکارکێشاوەی پەرلەمانی کوردستان، ئەمڕۆ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسیدا ڕایگەیاند نە خۆم نە خێزانم خاوەنی یەک بست زەوی نین لەم سەرگۆی زەویە، تەنها ئۆتۆمبێلێکی جۆری تۆیۆتا کامریم هەیە.[2]
- بەغدا کاروانێکی بەشە دەرمانی هەرێمی کوردستانی ڕەوانە کرد، و بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتووشدا کاروانێکی دیکە بگاتە هەرێم.[2]
- شاندی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پاسپۆرت و نشینگە و کارتی زانیاری و ڕەگەزنامەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی و دهۆک) لە بەغدا لەگەڵ قاسم ئەعرەجی، وەزیری ناوخۆی عێراق کۆبوونەوە.[4]
- نیوەڕۆی ئەمڕۆ فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا دەستیانکرد بە بۆردومانکردنی دەڤەری بەرواری باڵا لە شارەدێی کانی ماسێ سەر بە شارۆچکەی ئامێدی.[2]
- جارێکی تر فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆردوومانی بەرزاییەکانی سنووری شارۆچکەی سیدەکانی سەر بە شارۆچکەی سۆران-یان کرد.[1]
- سوپای عێراق لە درەنگانێکی شەوەوە ئاگاداری هێزی پێشمەرگە و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە بۆ ئەوەی لە سنوری شارۆچکەی کفریەوە بگەڕێتەوە سنوری پێش پڕۆسەی ئازادی عێراق و دواتر هەدوولا لەسەر بەرپرسیارێتی ئەمنی سنورەکە ڕێکدەکەون.[2]
- بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر لەبارەی کردنەوەی ڕێگای هەولێر - کەرکووک ڕوونکردنەوە دەدات و دەڵێت هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ کردنەوەی ڕێگاکەدا نییە، هیواش دەخوازێت لە سەرەتای ساڵی نوێدا بکرێتەوە.[4]
- دادگای لێکۆڵینەوەی ئاسایشی سلێمانی بە کەفالەت بڕیاری ئازادکردنی شاسوار عەبدولواحید سەرۆکی جوواڵانەوەی نەوەی

نوێ -ی دەرکرد.[1]
- ڕابوون مەعروف ئازادکرا.[1]
- لەسەر سکاڵای چەند فەرمانبەرێکی کۆمپانیای نەوتی باکوور، حکومەتی عێراق لێژنەیەکی لێکۆڵینەوەی ناردووەتە کەرکووک و بە تاوانی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەسەر کۆمپانیای نەوتی باکوور، سێ ئەفسەری کورد دەستگیرکراون. ئەفسەرە دەستبەسەرکراوەکان بەناوەکانی موقەدەم ئەحمەد عوسمان، ڕائید سرۆ حوسامەددین و نەقیب جەبار ڕەشید لە لێکۆڵینەوەکاندا دانیان بەوە ناوە کە پەشیمان نین لە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و ئەو کارەشیان بە فەرمانی پارێزگاری پێشووی کەرکووک ئەنجامداوە کە ئەو کات سەرۆکی لێژنەی ئەمنی کەرکووک بووە.[4]
- لە ئاسمانی پشدەر تەنێکی ڕۆناکی نامۆ دەردەکەوێت و بەڕێوبەری کەشناسی ڕاپەڕینیش دەڵێت، پێدەچێت ڕووناکی فڕۆکە و موشەک بێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان:	ئامێدی
شار و شارۆچکەکان:	دهۆک
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	سۆران
شار و شارۆچکەکان:	شنۆ
شار و شارۆچکەکان:	شەمزینان
شار و شارۆچکەکان:	نەغەدە
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
شار و شارۆچکەکان:	وان
شار و شارۆچکەکان:	کفری
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-12-26
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-12-26
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-12-26
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2017-12-26
کاتی تۆمارکردن: 2017-12-26
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 241

2017-12-27



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ژمارەیەک چادری لێقەماوانی بوومەلەرزەکەی شارۆچکەی سەرپێل زەهاوی سەربە کرماشان سووتان.[1]
باشووری کوردستان
- شاسوار عەبدولواحید ڕزگار کرا.[1]
- بە بڕیاری دەسەڵاتی فڕۆکەوانی مەدەنی عێراق، گەشتە نێودەوڵەتییەکانیی فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوەی وڵات بۆ ماوەی دوو مانگی دیکە درێژکرایەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: زەهاو
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2017-12-27
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 242

2017-12-28



ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورک گوندەکانی سەربە شارۆچکەی شێراوای کانتۆنی عەفرینی تۆپباران کرد.[1]
باشووری کوردستان
- هێرش عومەر، ئەو ماموستایەی لە خۆپیشاندانەکانی کۆیە بە خەستی بریندار بوو، ئەمڕۆ بەهۆی برینەکەیەوە گیانی لەدەستدا.[1]
- ئیسلامییەکان لە سلێمانی هێمای ئایینەکانی تر ناشرین دەکەن و لە شوێنیاندا تەنها ئیسلام دەنووسن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 28-12-2017
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 243
2017-12-29



باشووری کوردستان
- وابڕیاربوو ئەمڕۆ، دەستەی سەربەخۆی مامۆستایانی ناڕازی گەرمیان، پرسەیەک ڕێکبخەن بۆ مامۆستای هێرش عومەر، ئەو مامۆستایەی کە لە خۆپیشاندانەکانی شارۆچکەی کۆیە بریندارببوو و دواتر گیان لەدەستدا، بەڵام لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ڕێگری لە دانانی پرسەکە کراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-01-02
کاتی تۆمارکردن: 2017-12-29
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 244
2017-12-30



رۆژهەڵاتی کوردستان
- ڕژێمی ئێران لەترسی خۆپیشاندان بەتەواوەتی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی میلیتێریزە کردووە و لەسەر زۆرینەی شەقامەکان هێزی چەکداری جێگیرکردووە.[1]
- خۆپیشاندان لە کرماشان دەستیپێکرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وڵات: ئێران

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 30-12-2017

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 245

2017-12-31



رۆژهەڵاتی کوردستان
- خۆپیشاندان شارۆچکەی مەلەکشای نزیک ئیلامیشی گرتەوە و ڕژێمی ئێران زۆرتر لە 50 لە خۆپیشاندەرانی دەستگیرکرد.[1]
- هێزە ئینتزامییەکان لە سنووری نێوان پارێزگای ورمێ و وڵاتی تورکیە تەقەیان لە سێ کۆڵبەری کورد کرد کە لە ئاکامدا دوو کەس کوژران و کەسێکی دیکەش بە سەختی بریندار بوو.[1]
باشووری کوردستان
- لەکاتی ئاهەنگێڕان بۆ ساڵی نوێ، تیمەکانی سکیوریتی فامیلی مۆڵ لە دهۆک بە تۆندی لەسەری گەنجێکیان داوە و خەڵتانی خوێنیان کردووە و لە تورە کۆمەڵایەتییەکانیش کاردانەوەی گەورە دروستکردووە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ئیلام
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2018-01-01
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2018-01-01
کاتی تۆمارکردن: 2017-12-31
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 246

2018-01-01



رۆژهەڵاتی کوردستان
- لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، 9 هاووڵاتیی خەڵکی کرماشان بە تۆمەتی بەشداری کردنی لە خۆپیشاندانەکانی شاری کرماشان لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ئەو شارەوە دەسبەسەر کران.[2]
- ڕۆژنامەی کەیهان نزیک لە ڕابەڕی شۆڕشی ئیسلامی ئێران، لە چاپی عەرەبی ژمارەی ئەمڕۆی دا، بڵاوی کردۆتەوە کە خۆپیشاندانەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی ئێران لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەرپەرەشتی کراوە و لە دوو شاری هەولێر لە عێراق و هیرات لە ئەفغانستان بەڕێوەدەبرێن.[3]
- لە سنەش خۆپیشاندان دەستپێکرد.[3]
- کۆڵبەرێکی تەمەن 19 ساڵە، بە تەقەی هەنگی سنووریی لە ورمێ بە سەختی بریندار کرا.[2]
- هێزە ئەمنییەتییەکان لە کاتی خۆپێشاندانی شارەکانی ئێران و کوردستان خوێندکارێکی کوردی خەڵکی شاری دەرەشاری پارێزگای ئیلامیان دەسبەسەر کرد. هەواڵنێری کوردپا شوناسی ئەو خوێندکارە کوردەی بە ناوی ئیحسان محەمەدی کارناسی باڵای مێژوو لە زانکۆی تاران ڕاگەیاندووە.[2]
باشووری کوردستان
- منداڵێکی کوردی ئێزدی لە خانەی بیسەرپەرشتانی موسڵ دۆزرایەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ئیلام
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-01-01
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-01-02
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2018-01-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 247

2018-01-02



باکووری کوردستان
- دادگای تورک سزای زیندانی ساڵ و نیوێکی بەسەر ئایسەل توغلوک، جێگری هاوسەرۆکانی گشتیی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپەدا سەپاند.[3]
- بەهۆی تەوژمی بەهێزی بەفربارین کە لە ناوچەکانی بەلقان ڕووی کردووەتە باکووری کوردستان، لە ئەنجامی بەفر بارینێکی زۆرەوە ڕێگای 557 گوند و کێڵگە و دێهاتەکانی سەر بە پارێزگاکانی جۆڵەمێرگ، وان، بەدلیس، قارس، ئەرزەڕۆم و ئەردەخان لە باکووری کوردستان داخراون و تیمەکانی شارەوانی بەردەوامن لە کردنەوەی ڕێگاکان و پاککردنەوەیان.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەهۆی خراپیی بارودۆخەکانی شارەکانی ڕۆژهەڵاتەوە، ڕژێمی ئێران پاسدارە خانەنشینەکانی بۆ سەرکارەکانیان بانگهێشتکردەوە.[4]

- ژمارە (1)ی هەفتەنامەی ڕۆژباش کوردستان لە پارێزگای سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی و بە سەرپەرشتی سەید لەتیف حسەینی، بڵاوکرایەوە.[1]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی پێشمەرگە لە بڕیارێکی نوێیدا ژمارەی پاسەوان و شوفێری بەرپرسانی وەزارەتەکەی و ئە و پێشمەرگانەش دەدات کە لەلیواکاندا زیادەن.[1]
- ئەگەرچی بڕیار بوو لە ڕۆژانی ڕابردوودا هەردوو خاڵی سنووریی پەروێزخان و حاجی ئۆمەران بکرێنەوە، بەڵام ئەمڕۆ هەردووکیان بەفەرمی کرانەوە.[2]
- لەچاوپێکەوتنێکدا لاهور شێخ جەنگی ئامارە بەوەدەکات، کە 24-12-2017، قاسم سلێمانی سەردانی مەسعود بارزانی کردووە، بارزانی داوای لێبوردنی لە سولەیمانی کردووە دەربارەی ڕیفراندۆم و وتوویەتی ئێمە هەڵەمان کردووە، دەشڵێت: ئەوەی دەڵێت ئەمریکا پشتی بەرداوین لە ڕیفراندۆمدا درۆ دەکات.[3]
- عەلادین مەقسود زەینەڵ سالحی، بەرپرسی نوسینگەی بەرەی تورکمانی لەگەڕەکی عەسکەری لە شاری کەرکووک، لەلایەن ژمارەیەک چەکداری نەناسراوەوە بەدەستڕێژی گوللە کوژرا.[1]
دەرەوەی کوردستان
- خۆپیشاندانی خەڵکی ڕاپەڕیووی ئێران دژی ڕژێمی مەلاکان ئەمڕۆش بەردەوامیی هەیە و تاوەکو ئەمڕۆ دەیان کەس کوژراون و سەدانیش بریندارببوون.[2]
- بەهۆی خۆپیشاندانەکانی ئێرانەوە، بەهای تمەن بەرامبەر دۆلار بەتەواوەتی دابەزیوە و زیانێکی زۆری بە ئابووریی ڕووخاوی ئێران گەیاندووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێراق
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئەرزەروم
شار و شارۆچکەکان: بەدلیس
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: قارس
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 02-01-2018
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 02-01-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 02-01-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕوداو - 02-01-2018
کاتی تۆمارکردن: 02-01-2018
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 248

2018-01-03



باکووری کوردستان
- هاوسەرۆکایەتیی کۆنسەی بەڕێوەبەریی کۆما جڤاکێن کوردستان- کەجەکە، چەندین زانیاریی و بەڵگەی گرنگی لە بارەی ئەو بەڕێوەبەرە پلەبەرزانەی میت-ی تورکەوە ئاشکراکرد، کە پێشتر لەلایەن گەریلاکانەوە دەستگیرکرابوون. لە ڕاگەیەندراوی کەجەکەدا هاتووە، کە ئەو دوو بەڕێووەبەرە پلەبەرزەی میت لەلایەن شەخسی هاکان فیدان، پلەبەرزترین بەرپرسی میتی تورک ئەرکدارکراون بە فەرمانی ئەردۆغان.[4]
- لەیلا بیرلیک، پەرلەمانتاری شرناخی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، بە تۆمەتی بێڕێزیکردن بە سەرۆک کۆمار، سزای 21 مانگ زیندانی بە سەردا سەپێندرا.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە گوندی زێوەی پیرانشار، پێکدادان لەنێوان هێزێکی سەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و هێزەکانی ئێران ڕوویدا و بەپێی زانیارییەکان ژمارەیەک لە هێزەکانی ئێران کوژراون.[3]
- فەرماندەی سوپای پاسدارانی ئێران بڵاویکردۆتەوە کۆمەڵێک لە وکەسانەی لە خۆپیشاندانەکاندا بە تایبەت لە دوایی ڕۆژی هەینییەوە دەستگیرکراون، لە لایەن پارتە بەرهەڵستکارەکانەوە بۆ مەبەستی گێرەشێوێنی، ڕاهێندراون. جەعفەری دەشڵێت ئە وکەسانە سەر بە سێ لایەنی پارتە کوردییەکانی بەرهەڵستکار و لایەنگرانی (شا)ی پێشووی ئێران و گرووپی موجاهیدین بوون، دەستگیرکراون و بە خراپترین شێوە وەڵامی کردەوکانیان وەردەگرنەوە.[1]
- دۆنالد تەرمپ، سەرۆکی ئەمریکا لە نوێترین هەڵوێستیدا لەبارەی خۆپیشاندانەکانی ئێران گوتی: لەکاتی گونجاودا خەڵکی ئێران پاڵپشتی گەورە لە ئەمریکا دەبینن.[2]
- شوجاع حوسێنزادە بەڕێوەبەری کانالی تێلگرامی بانە نیووز لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ئەو شارەوە دەسبەسەر کرا.[6]
- هاوولاتییەکی کورد خەڵکی شاری پیرانشار، لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی ئەو شارەوە دەسبەسەر کرا. شوناسی ئەو هاوولاتییە کوردە دەستبەسەرکراوە بە محەممەد ئیبراهیمی تەمەن 50 ساڵ کوڕی ئەحمەد خەڵکی گوندی کۆنەلاجانی پیرانشار ڕاگەیەندراوە.[6]
باشووری کوردستان
- کەناڵی گەلی کوردستانی زمانحاڵی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بڵاویکردەوە کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئاسایشی سلێمانی چەند گروپێکی تیرۆرستیان دەستگیرکردوە، کە لەنێویاندا گروپێکی سەر بە داعش هەبووە و سەرجەم ئەندامەکانی ژن بوون.[1]
- لە گەڕەکی سەدمالی شارۆچکەی کەلار، گەنجێک بە دەمانچە تەقەی لە خوشک و زاوایەکی کردووە، لەئەنجامدا دوو خوشکی خۆی کوشت و زاواکەشی بریندار کرد.[3]
- ڕۆژنامەیەکی تورکی نزیک لە پارتی دەسەڵاتداری تورکیا ئاشکرایکرد هەرێمی کوردستان بەمەبەستی ڕازیکردنی تورکیا بەنیازە ناوچەی ئەمنی لەسەر سنوری تورکیا دابمەزرێنێت.[1]
- فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بایکۆتی دانیشتنی ئەمڕۆی ئەنجومەنەکەیان کرد کە تایبەت بوو بە گفتوگۆکردن لەسەر بودجە.[2]
- سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ڕایدەگەیێنێ، بەمزووانە حکومەتی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان

دەست بە گفتوگۆ دەکات. ئاشکرایشی دەکات کە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا شاندێک لە هەولێرەوە سەردانی بەغدا دەکات. لەبارەی بودجەش دەڵێت دەبێ تێبینییەکانی پەرلەمانتارانی کورد و سەرجەم لایەنەکان لەبەرچاوبگیرێن.[3]
- کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان، ڕۆژی 14-04-2018ی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دیاری کرد.[5]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، وەفدێکی هاوبەشی بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی و هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری کە بەرهەم ئەحمەد سالح سەرۆکایەتی دەکات گەیشتنە بەغدا.[1]
- هاونیشتمانییەکی کورد بەناوی (ڕەزوان عەبدولوهاب) کە خەڵکی گوندی تورەقی هەولێرە لە بازگەیەکی موسڵ بە دەستی چەکدارێکی حەشدی شەعبی دەکوژرێت.[3]
- لە سنوری دوبز شەڕو پێکدادان لەنێوان حەشدی شەعبی و چەکدارانی داعش ڕوویدا و قوربانی لێکەوتوەتەوە.[1]
- حکومەتی کوردستان پڕۆژەیاسای چاکسازی لە مووچەی خانەنشینی نایاسایی ڕادەستی پەرلەمان کرد، بەمنزیکانە پەرلەمان کۆبوونەوەی لەبارەوە دەکات و بڕیاری لەسەر دەدات. دوای پەسەندکردنی لە پەرلەمان پڕۆژەکە مووچەی دەیان هەزار خانەنشینی نایاسایی دەبڕێت، مانگانە زیاتر لە 100 ملیار دینار بۆ حکومەت دەگەڕێنێتەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	حزبی دێموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)
پارت / لایەن:	حەشدی شەعبی
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن:	کۆمەڵی دادگەریی کوردستان
شار و شارۆچکەکان:	بانە
شار و شارۆچکەکان:	پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
شار و شارۆچکەکان:	کەلار (گەرمیان)
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 03-01-2018
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 03-01-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 03-01-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری باسنیوز - 03-01-2018
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 04-01-2018
کاتی تۆمارکردن: 03-01-2018
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 249

2018-01-04



باکووری کوردستان
- بەگوێرەی هەواڵێکی ئاژانسی هەواڵی مەزوپوتامیا، هێزەکانی پۆلیسی تورک نیوەشەوی ڕابردوو لە شارۆچکەی بسملی سەر بە ئامەد هێرشیان کردووەتە سەر گۆڕستانی شەهیدانی هەپەگە، یەپەگە، یەپەژە، یەپەسە، یەپەسە ژن و یەژا ستار و کێلەکانی شکاندوون.[1]
- سزای 15 ساڵ و سێ مانگ زیندان بە سەر ئیدریس بالوکەن، پەرلەمانتاری ئامەدی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپەدا سەپێندرا، بە تۆمەتی ئەندامبوونی ڕێکخستنی قەدەغە.[1]
باشووری کوردستان
- بەیانی ئەمڕۆ، لە سنووری شارۆچکەی خورماتووی سەر بە پارێزگای سەلاحەدین، ژمارەیەک شۆفێری بارهەڵگر ک و تاکسی لەگەڵ چەند هاوڵاتیەیەکی دیکەدا کە خەڵکی گەرمیان بوون، ڕفێندران.[1]
- حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە کار لەسەر مسۆگەرکردنی موچەی سەرجەم فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دەکەن بەشێوەیەکی دادپەروەرانە و ڕون و بەپێی میکانیزمێکی ورد.[2]
- لە ڕاگەیەندراوێکدا جوڵانەوەی نەوەی نوێ ئاماژەی بەوەکردووە، هەستاون بە دورخستنەوەی سێ کەسی ناو جوڵانەوەکە، ئەویش پاش ئەوەی لێژنەیەکی لێکۆڵینەوەی ناو جوڵانەوەکە بۆی ئاشکرابووە، کە ئەو سێ کەسە لە ژێرەوە کاریان بۆ دەزگایەکی سیخوری ناوخۆ کردوە و لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا شوێنی هاوڕێکانیان ئاشکرا کردووە.[3]
- وتەبێژی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی هەرێم ڕایدەگەیەنێت، داوایان لە حکومەت کردووە 23 ملیۆن دۆلار بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان تەرخان بکات و دەشڵێت ئەگەر حکومەت بیەوێ هەڵبژاردنەکان لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا بەڕێوەبچێت دەبێت داواکارییەکانی کۆمسیۆن جێبەجێبکات.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هێزە ئەمنییەکانی کانتۆنی عەفرین، سیخورێکی دەزگای هەواڵگیری میتی تورکیایان دەستگیرکردووە، کە ئامادەکاریی بۆ ئەنجامدانی چەند تەقینەوەیەک کردووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: جووڵانەوەی نەوەی نوێ
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-01-04
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-01-04
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئێن ئار تی - 2018-01-04

کاتی تۆمارکردن: 2018-01-04

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 250

2018-01-05



باکووری کوردستان
- لە ئەنجامی چالاکییەکی گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل-هەپەگە لە چەلێ-ی سەر بە جولەمێرگ، سەربازێکی تورک کوژرا.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران
- ئاڵۆزییەکانی شارەکانی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوامن، شەقامەکانی زۆربەی شارەکان بە هێزە سەربازییە جۆراوجۆرەکان تەنراون، هەر چەند مەترێک سەربازێک بە چەکەوە لە ئامادەباشدایە.[1][4]
باشووری کوردستان
- چوارەمین کۆنگرەی رێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان- ڕژاک بە دروشمی بە هۆشیارکردنەوە و رێکخستنی ژنان، سیستمی خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتییانەی گەل بنیاتدەنێین لە شاری سلێمانی بەڕێوەدەچێت.[1]
- لە هۆڵی سینەما سالم، لە باڵەخانەی سەردەم لە شاری سلێمانی، جولانەوەی نەوەی نوێ، بەستنی یەکەمین کۆنگرەی خۆی دەستپێکرد. رێگە نەدرا جگە لە ئێن ئار تی ڕاگەیاندنەکانی دیکە ڕوومالّی بکەن.[1]
- شاسوار عەبدولواحید بەزۆرینەی دەنگ بە سەرۆکی جولانەوەی نەوەی نوێ هەڵبژێردرا.[4]
- بومەلەرزەیەک کە پێشبینی دەکرێت گوڕەکەی نزیکەی 4 پلەی رێختەربێت، سنوری پارێزگای هەڵەبجە و دەوروبەری گرتەوە و هاوڵاتیان بە هەستیان پێکرد.[2]
- نوری مالیکی جێگری سەرکۆماری عێراق بە شاندی هاوبەشی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی و هاوپەیمانی بۆ دیموکراتی و دادپەوەری ڕاگەیاندووە کە لەم ڕۆژانەدا فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان بە کردارێی دەکرێنەوە.[2]

- سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نامەیەکدا بۆ سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیێنێت، دەبێت کێشەکانی هەولێر و بەغدا بەشێوەیەکی ئاشتییانە لەڕێگەی دانوستاندنێکی سیاسی لەسەر بنەمای دەستوور چارەسەربکرێن.[3]
- پارتی دیموکراتی کوردستان چونی شاندی هاوبەشی بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی و هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری بۆ بەغدا بە باش نازانێت و بەرپرسێکی پەیوەندییەکانیانیشیان دەڵێتەدیان شاندی تری حزبی بچێتە بەغدا کاریگەریی لەسەر ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان نابێت.[2]
- ئارام شێخ محەمەد جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و ژمارەیەک کەسایەتی شارۆچکەی خورماتوو لەگەڵ هادی عامری سەرۆکی ڕێکخراوی بەدر کۆبوونەوە و ڕەوشی خورماتوو-یان تاوتوێ کرد.[1]
- سێ شوفێرە ڕفێندراوە کوردەکەی گەرمیان دوای تێپەڕبوونی نزیکەی 48 کاژێر بەسەر ڕفاندنیان ئازادکران، تاوەکو ئێستاش چارەنووسی شوفێرێکی تورکمان دیارنییە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن:	جوواڵانەوەی نەوەی نوێ
پارت / لایەن:	کۆمەڵی دادگەریی کوردستان
شار و شارۆچکەکان:	جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان:	خورماتوو
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان:	کەلار (گەرمیان)
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-01-05
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-01-05
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-01-05
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-01-05

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 251

2018-01-06



باکووری کوردستان
- ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی هێزەکانی پاراستنی گەل- هەپەگە، لە ڕاگەیەندراوێکدا کوژرانی شەش سەربازی سوپای تورکیای لە قلابانی سەربە شرناخ-ی باکوری کوردستان ڕاگەیاند.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- مەحمود عەلەوی وەزیری ئیتلاعاتی ئێران لەلێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی ئیسنای ئێرانی ئەمرۆ، لەبەرامبەر کوژرانی شەش ئەندامی هێزەکانیان لە شاری پیرانشاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەڕەشەی لە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کرد.[2]
باشووری کوردستان
- کۆسرەت ڕەسوڵ گەییشتەوە کوردستان.[1]
- سەرچاوە کوردییەکان باس لە گرتنی گرووپێکی چەکدار دەکەن کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا هەڕەشەی شەڕی چەکداری و ڕووخانی حکومەتی هەرێمیان کردبوو.[1]
- وتەبێژی فەرمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕایگەیاند، هەر شاند و کەسێک سەردانی بەغدا بکات و قسەیەکی خێر بۆ میللەتی کورد بکات ئێمە سوپاسی دەکەین و پێشوازی لێ دەکەین.[2]
- گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی خۆپیشاندانەکانی ئێران ڕوونکردنەوەیەک بڵاوەکاتەوە و ڕایدەگەیێنێ: هەرێمی کوردستان بە کردەوە سەلماندوویەتی کە هەمیشە فاکتەری ئارامی و سەقامگیریی ناوچەکە بووە و هەرگیز ڕێگەی نەداوە و نادات ببێتە هۆی ئالۆزی و دروستبوونی پشێوی لە وڵاتانی دراوسێ.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2018-01-06
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2018-01-06
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2018-01-06
کاتی تۆمارکردن: 2018-01-06
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 252

2018-01-07



باکووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو لە ئیزمیر عوسمان بایدەمیر پەرلەمانتاری ئورفا و هاوکات وتەبێژی هەدەپە دەستبەرکرا و پاش چەند کاژێرێک ئازادکرا.[2]
- ناوەندی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی یەپەگە ڕایگەیاند، کە لە حەوت ڕۆژی ڕابردوودا، 4 سەربازی تورکیا لە ڕووبەڕووبوونەوەکانیاندا لەگەڵ شەڕڤانان کوژراون.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شەوی ڕابردوو بوومەلەرزەیەک لە گوری 5.1 ڕێختەر سەرپێڵ زەهاوی سەربە پارێزگای کرماشانی هەژاند، لە ئەنجامی ئەو بوومەلەرزەیەدا 51 کەس بریندار بوون.[1]
باشووری کوردستان
- ئەندامێکی وەفدی وەزارەتەکانی تەندروستی و پەروەردەی هەرێم ئاشکرایدەکات، لە دوای تەواوبوونی وردبینیکردن لە لیستی هەردوو وەزارەتەکە لە لایەن بەغداوە موچەکانیان ڕەوانەی هەرێم دەکرێت، دەڵێت عەبادی هیچ مەرجێکی دیارینەکردووە لەبەرامبەر ناردنی موچەی فەرمانبەران و دڵنیایی داوە لەناردنی.[3]
- ژنانی گەنجی تێکۆشەر، بە ئەنجامدانی گردبوونەوەیەکی بە مەشخەڵ لە شاری سلێمانی، کۆمەڵکوژییەکەی پاریس-یان شەرمەزارکرد، کە تیایدا سێ ژنە شۆڕشگێڕی کورد ساکینە جانسز، فیدان دۆغان و لەیلا شایلەمەز شەهیدکران.[2]
- کۆچی دوایی نووسەر، سەید مەولود بێخاڵی لە هەولێر.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ئورفە
شار و شارۆچکەکان: زەهاو

شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] مانۆپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مانۆپەری ڕۆژنیوز - 2018-01-07
[3] مانۆپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مانۆپەری دواڕۆژ - 2018-01-07
کاتی تۆمارکردن: 2018-01-07
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 253

2018-01-08



باکووری کوردستان
- والی شاری شرناخ لە باکوری کوردستان لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، بەمەبەستی پاراستنی سەر و مااڵی هاوڵاتیان لەو ئۆپراسیۆنە سەربازییانەی لەناوچەکەدا بەڕێوەدەچن، بۆ ماوەیەکی کاتی چەند ناوچەیەک بە ناوچەی ئەمنی ڕاگەیەنراوە و لەمڕۆوە بۆ 15 ڕۆژ بەردەوام دەبێت و ڕێگە لە هاتوچۆی هاوڵاتیان لەو شوێنانە دەگیرێت. هەر ئەمڕۆش والی شاری بەدلیس ڕایگەیاند لە چەند گەڕەک و شارۆچکەیەکی سەر بەوشارە قەدەغەی هاتوچۆ ڕۆژانە لە کاتژمێر حەوتەوە تا پێنجی ئێوارە دەسەپێندرێت و بڕیارەکەش تا 22ی ئەم مانگە جێبەجێدەکرێت.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران، لە سنووری شاری شنۆ، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد، دەدەنە بەر دەسڕێژی گوللە و لە ئاکامدا دوو کۆڵبەری کورد بە سەختی بریندار بوون.[5]
باشووری کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک ماوەی زیاتر لە دوو کاتژمێر بە بەردەوامیی سنووری سیدەکان-یان بۆردوومان کرد.[3][4]
- پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ کاتژمێر 1:30 خولەک فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک گوندی پیریلا سەر بە شارۆچکەی زاخۆ-ی

پارێزگای دهۆک-یان بۆردوومان کرد.[3][4]
- وتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە دواڕۆژی ڕاگەیاند، سێ پێشمەرگە دوای گەڕانەوەیان لە مووچە وەرگرتن لە شەقامی مەخموور - هەولێر توشی ڕووداوی هاتوچۆ بوون و یەکێک لە پێشمەرگەکان بەناوی (ئیحسان وەلی) تەمەن 43 ساڵ دەستبەجێ گیانی لەدەستداوە و دوو پێشمەرگەکەی تریش بە سەختی بریندار دەبن. وتیشی یەکێک لە و پێشمەرگانەی بریندار بوو بەناوی دارا ناسح ئەحمەد تەمەن 26 ساڵ ئەمڕۆ بەیانی گیانی لەدەستداوە.[1]
- دوو کچی گەنجی یەک بنەماڵە کە هەردووکیان دەزگیراندار بوون، لە گوندێکی سنوری ئاکرێ بەهۆی گڕگرتنی غاز سووتان و گیانیان لەدەستدا.[2]
- سەرۆکی لیژنەی مادەی 140 سەبارەت بە شارەدێی سەرگەران ڕایدەگەیەنێت، گۆڕینی دەسەڵات لە ناوچەکە وایکرد ئە و ناوچەیە ناوەکەی لە سەرگەرانەوە بگۆردرێت بۆ قودس و ماڵە کوردەکان ڕابگوازرێن و عەرەب بچێتە شوێنەکانیان و دەست بەسەر زەویەکانیان بگرن.[3]
- پەرلەمانی عێراق دوو بڕیاری لەبارەی دۆخی کەرکووک و دووزخورماتوو دەرکرد و نەوتی کەرکووکی لە ژێر دەستی کۆمپانیای کار دەرهێنا و لێکۆڵینەوەش لە داهاتی هەناردەی نەوتەکەش دەکات. [1]
- لە بەیانی ئەمڕۆوە جارێکی دیکە لەسنووری گوندەکانی شارەدێی زنانە-ی گەرمیان و شارۆچکەی خورماتوو-ی سەر بە پارێزگای سەلاحەدین شەڕ لەنێوان حەشدی شەعبی و ئەو گروپە چەکدارانە، کە بە خۆبەخشەکانی خورماتوو خۆیان ناساندووە دەستپێکردووە. زیاتر لە 20 گولە هاوەن لە شاخی هەنجیرەوە ئاڕاستەی نێو شارۆچکەی خورماتوو کراوە و لە نێو گەڕەکە تورکمان نشینەکان کەوتووەتە خوارەوە. لە بەرامبەریشدا حەشدی شەعبی بە هاوەن تۆپبارانی گوندەکانی زنانەی کرد و لەکاتی ئامادەکردنی ئەم هەواڵەشدا بە دوو هەلیکۆپتەر بۆردوومانی سنوورەکە دەکات.[3]
- نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند، بڕیارەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەبارەی کۆمپانیای کار-ەوە دروست نییە.[3]
- ئاسایشی سلێمانی دانپێدانانی دوو گرووپی تیرۆریستی بڵاوکردەوە کە پیلانیان دانابوو بۆ تێکدانی ئارامی و ئاسایشی کوردستان.[4]
- بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی سلێمانی ڕایدەگەیێنێت، لە گەڕەکی خەباتی شاری سلێمانی کچێکی تەمەن 17 ساڵ بە گوللە کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ئاکرێ
شار و شارۆچکەکان: بەدلیس
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: شڕناخ
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-01-08
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-01-08
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-01-08

[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2018-01-10
کاتی تۆمارکردن: 2018-01-08
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 254

2018-01-09



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هاوواڵاتییەکی کورد بە ناوی ئیدریس شەریفی خەڵکی مەریوان لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەستبەسەر کرا.[4]
باشووری کوردستان
- دەرەنگانێکی شەوی ڕابردوو بومەلەرزەیەک شاری سۆرانی سنووری هەولێری گرتەوە و هاوڵاتیانیش لە ماڵەکانیان چوونە دەرەوە، بەڕپرسی بەشی کەشناسی سۆرانیش دەڵێت زانیاریمان لەسەر گۆڕی بومەلەرزەکە نیە. [1]
- شەوی ڕابردوو لەنێو شاری کەرکووک دوو کەس بە دەستڕێژی گوللە کوژران، بەڕێوەبەری پۆلیسی شارەکەش دەڵێت بکوژەکان ڕایانکردووە و تاوەکو ئێستا دەستگیرنەکراون.[2]
- یەکەمەکانی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان لەبەردەم بینای ئەنجومەنی وەزیران لە هەولێر خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و تیایدا داوایان کرد کە دابمەزرێنرێن.[1]
- چەند چەکدارێکی نەناسراو دوو شۆفێری تەنکەریان لەسەر ڕێگای کەرکووک-خورماتوو بەرە و شوێنێکی نادیار ڕفاند.[1]
- ڕێکخراوی ژنانی نەوا لە ڕاگەراندراوێکدا دامەزرانی تەلەفزیۆنی ژن تیڤی ڕاگەیاند و بانگەوازیی لە ژنان کرد بۆ کۆکردنەوەی هاوکاریی بۆ ئەو تەلەفزیۆنە.[3]
- پۆلیسی قەزای ماوەتی سەر بە سلێمانی ڕایگەیاند، لە ماوەت بەهۆی تەقینەوەی گوللە هاوەنێکەوە گەنجێک گیانی لەدەستدا، کە خۆی دەستکاری گوللەهاوەنەکەی کردووە.[2]
- ژمارەیەک کادری جوڵانەوەی نەوەی نوێ، چوونە ناو ڕیزەکانی یەکێتییەوە.[5]
- نەدیم زەهاوی، پەرلەمانتاری کورد لە پەرلەمانی بەریتانیا بە یاریدەدەری وەزیری پەروەردەی بەریتانیا دیاریکرا.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-01-09
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-01-09
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-01-09
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-01-10
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2018-01-09
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 255

2018-01-10



باکووری کوردستان
- بڕیاردرا، کە سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی گشتیی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، بۆ یەکەم جار لە دانیشتنی دادگاکەیدا لە لە دادگای سزای ئەسڵیی باکرکۆ ئامادەبێت.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- بومەلەرزەیەک بە گوری4.7 ڕێختەر لە کاتژمێر 7:26 لە ناوچەی کوزرانی سەر بە پارێزگای کرماشانی ڕووبداو و پارێزگاکانی دەوروبەری و بەتایبەت لە شاری سنە هەستی پێکرا. بەپێی ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی ئێران، بومەلەرزەکە هیچ زیانێکی گیانی و مادی لێنەکەوتووەتەوە. هاوکات هەر ئەمڕۆ، سێ بومەلەرزەی دیکە شارەکانی ڕوانسەرو سەرپێل زەهاوی هەژاند.[3]
- لاوێکی کوردی تەمەن 22 ساڵ بە ناوی پووریا ئەمجەدیان خەڵکی شاری کرماشان، لە ماڵەکەی خۆیاندا لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە دەسبەسەر کرا.[4]
باشووری کوردستان
- هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری بەئامادەبوونی زیاتر لە 500 هاودیدی کۆنگرەی دامەزراندنی لە شاری سلێمانی بەست و بەرهەم ساڵح بە سەرۆکی هاوپەیمانێتییەکە هەڵبژێردرا.[1]

- لە شارۆچکەی کۆیە سەربە پارێزگای هەولێر بە سیمینارێک یادی شەهید ساکینە جانسز و هەڤاڵانی کرایەوە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سیپان حەمۆ، فەرماندەی گشتی یەکینەکانیی پاراستنی گەل (یەپەگە)فەرماندەی یەپەگە، ئاشکرای دەکات کە ژمارەی شەڕڤانانیان 50 هەزاری تێپەڕاندووە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: زەهاو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-01-10
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-01-10
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-01-10
کاتی تۆمارکردن: 2018-01-10
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 256

2018-01-11



باکووری کوردستان
- لە ئەنجامی چالاکییەکی گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل- هەپەگە، دژی ئۆپەراسیۆنی سوپای تورک لە گابار، دوو سەربازی تورک کوژران.[3]
- دادگای ئامەد سزای 8 ساڵ زیندانیکردن بەسەر عەبدوڵڵا زەیدان، پەرلەمانتاری جولەمێرگ-ی هەدەپە-دا سەپاند.[3]
- پەرلەمانی تورکیا بەدەنگی 276 پەرلەمانتار، مافی پەرلەمانتاری لە لەیلا زانا، پەرلەمانتاری شاری ئاگری پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە وەرگرتەوە.[3]
- بۆ جاری 721-ەمین، داواکاری پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پەکەکە، بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئۆجالان، لە لایەن داواکاری گشتی دادگای کۆماریی بۆرسا-ی تورکیاوە ڕەتکرایەوە.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە کاتژمێر 10:00ی بەیانی بومەلەرزەیەک لە پارێزگاکانی ئیلام، کرماشان و سنە ڕووییدا.[1]
- دوو ئەندازیاری کورد بە ناوەکانی ئەمین ئەشرەفی و جەواد ئەشرەفی لە شوێنی کارەکەیان لە شاری هەمەدان ڕفێندران.[3]
باشووری کوردستان
- لە کاتژمێر 10:00ی بەیانی بومەلەرزەیەک لە دەربەندیخان و هەڵەبجە و پێنجوێن و زەڕایەن ڕووییدا و بەهۆیەوە بەشێک لە خەڵک لە ماڵەکانیان چوونەتە دەرەوە.[1]
- لایەنە عەرەبییەکانی کەرکووک هاوپەیمانییەک بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق لە و پارێزگایەدا پێکدەهێنن.[2]
- گۆڕان، کۆمەڵ و هاوپەیمانی بە یەک لیست بەشداری هەڵبژاردنەکانی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دەکەن.[1]
- فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق نامەیەک ئاڕاستەی حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیران دەکات و ڕایدەگەیەنن دەبێت لە نزیکترین کاتدا سەرۆک وەزیران بەدواداچوون بکات بۆ ئەو سیاسەتی تەعریبییەی لە کەرکووک بەناوی حەشدی شەعبی دەستپێکردووە.[2]
- بەهۆی تەقینەوەی گوللە هاوەنێکەوە لە شارەدێی شۆڕش-ی سەر بە شارۆچکەی چەمچەماڵ، سێ منداڵ گیانیان لەدەستدا. سێ منداڵەکە ناویان (هێمن سەعید) تەمەن 9 ساڵ، (فەرمان عەتا) تەمەن 12ساڵ و (دێرین سامان) تەمەن 12ساڵە.[3][4]
دەرەوەی کوردستان
- تەرمی هەریەک لە جاک هۆڵمز و ئۆلیڤەر هۆڵ، کە هەردووکیان تەمەنیان 24 ساڵبوو و بە خۆبەخشی لە ڕیزی یەپەگە شەڕی داعشیان دەکرد، لە فڕۆکەخانەی هیترۆ لە لەندەن دابەزێندران و لەلایەن خێزانەکانیانەوە پێشوازیان لێکرا.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: ئیلام
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: جولەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان

ووڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
ووڵات: تورکیا
ووڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-01-11
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-01-11
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-01-11
کاتی تۆمارکردن: 2018-01-11
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 257

2018-01-12



باکووری کوردستان
- سەڵاحەدین دەمیرتاش بۆ جاری یەکەم لە دادگا دەرکەوت.[4]
- لە ئەنجامی وەرگەڕانی پاسێکی نەفەرهەڵگر لە نزیک شارۆچکەی سلۆپی کە لە تورکیاوە بەرەو هەرێمی کوردستان گەشتی دەکرد، ژمارەیەکی زۆر لە سەرنشینەکانی گیانیان لەدەستدا و بریندار بوون. لەو ڕووداوەدا بەگوێرەی زانیارییە سەرەتاییەکان 9 کەس گیانی لەدەست داوە و 28 کەسی دیکەش لە سەرنشینەکانی بریندار بوون.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- گەنجێکی کورد بە ناوی سارۆ قارەمانی تەمەن 24 ساڵە لە شاری سنە لە زیندانی ئیتلاعات گیانی لەدەستدا، ئەوەش دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر.[2]
باشووری کوردستان
- کۆنفرانسی دەزگای بنەماڵەی شەهیدان بە بەشداری 400 ئەندام و میوانان لە چوار بەشی کوردستانەوە، لە کامپی پەنابەرانی شەهید ڕۆستەم جودی لە مەخموور دەستیپێکرد.[2]
- بەهۆی پەلامارەدانیان لەلایەن چەکدارانی داعشەوە، سێ ئەندامی خێزانێک لەباشوری کەرکووک کوژران و یەکێکیشیان بەسەختی بریندارببووە.[1]

- حکومەتی عێراق ڕێگەی بە وەزیری بەرگری بەلجیکا نەدا سەردانی هەولێر بکات و لەبەرامبەردا حکومەتی بەلجیکا باڵیۆزی عێراق بانگهێشتکردووە بۆ ڕوونکردنەوە.[3]
- لە شاری سلێمانی، بە مەراسیمێکی شکۆمەندانە، یادی سێ ژنە تێکۆشەری کورد ساکینە جانسز و لەیلا شایلەمەز و فیدان دۆغان کرایەوە و چوارەمین خەڵاتی ساکینەش درایە ژنە تێکۆشەرێک.[2]
- هێزێکی بەرپەرچدانەوەی خێرا-ی سەر بە سوپای عێراق، لە گەڕەکە کوردنشینەکانی شارۆچکەی خورماتوو، بە تانک و زرێپۆشەوە بڵاوەیان پێکراوە، بەرپرسێکی یەکێتیش لە شارۆچکەکە دەڵێت: هاتنی ئەو هێزە دڵەڕاوکێی لەناو هاوڵاتیاندا دروستکردووە.[2]
- لە گوندی کانی مارانی سنوری ڕانیە دوو کۆپتەری جەنگی نەناسراو تەقەیان بەسەر گوندەکەدا کردوو ترس و دڵەڕاوکێیان خستە ناو دانیشتوانی ئەو گوندە.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە هۆڵی دەرسگوتاری ناوەندی دیجلە بۆ ڕۆشنبیری و هونەری دیموکراتی، لە شاری دێرک-ی سەربە کانتۆنی جزیرە، لەژێر دروشمی (ژنۆلۆژی کۆمەڵگا بە سروشتی ژن ڕووناک دەکاتەوە)، یەکەمین کۆنفرانسی ژنۆلۆژی دەستپێکرد.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: دێرک

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: شرناخ

شار و شارۆچکەکان: مەخموور

شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-01-12

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-01-12

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-01-12

[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-01-12

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 258

2018-01-13



باکووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو هێزەکانی سەربە حکومەتی تورک هێرشیان کردووەتە سەر گۆڕستانی شەهیدانی ئیسماعیل ڕۆناهی لە گوندی کۆلانی سەربە گمگمی موش.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دوای ونبوونی بۆماوەی دوو ڕۆژ، تەرمی کۆڵبەرێکی کورد لەسەر سنوورە دەستکردەکانی نێوان باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دۆزرایەوە.[4]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر 3ی بەرەبەیانی ئەمڕۆ نارنجۆکێکی دەستی لەبەردەم ماڵی ڕۆژنامەنوسی کورد، ئاکۆ ڕەشید لە گەڕەکی شۆرجەی شاری کەرکووک تەقییەوە.[1]
- شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان گەیشتنە بەغدا و لەگەڵ وەزیری ناوخۆی عێراق کۆبوونەوە. شاندەکە تاوتوێی کردنەوەی فڕۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی و بەڕێوەبردنی دەروازە سنوورییەکان دەکەن لەگەڵ شاندی عێراق.[2]
- بە ڕەزامەندی هەرسێ لایەنی گۆڕان، هاوپەیمانی و کۆمەڵ، یوسف محەمەد سادق کراوەتە سەرۆکی هاوپەیمانیەکەیان.[3]
- بەهۆی تەقینەوەی مینێکەوە لە کۆمەڵگەی تلبەنات-ی سەر بە شارۆچکەی شەنگال، گەنجێک گیانی لەدەستدا.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سالح موسلیم بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی تەڤدەم و هاوسەرۆکی پێشووی پارتی یەکێتی دیموکراتیک-پەیەدە هۆشداری دەدات بە تورکیا و لە دیمانەیەکدا ئاماژەی بەوەدا، ئەگەر تورکیا هێرش بکاتە سەر عەفرین، شەڕەکە دەپەڕێتەوە بۆ تورکیا و ئەمەش دەبێت بە سەرەتای ڕووخانی ئەو وڵاتە. [2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: موش
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-01-13
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-01-13
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-01-13
کاتی تۆمارکردن: 2018-01-13
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 259

2018-01-14



باکووری کوردستان
- لە ئامەد بۆ 465ەمین جار دایکانی ئاشتی گردبوونەوە، ئەوان پێشتر لە پارکی کۆشو یۆڵو گرد دەبوونەوە، بەڵام ئێستا لەبەر باری نائاسایی لەنێو باڵەخانەکان چالاکی ئەنجامدەدەن و داوای چارەنووسی ڕۆڵەکانیان دەکەن.[1]
- بەگوێرەی ئەو هەواڵانەی ڕاگەیاندنە تورکەکان ڕایانگەیاندووە، لە ئەنجامی چالاکییەکی گەریلاکانی هەپەگە لە دەوروبەری چەلێی سەربە جولەمێرگ، سێ سەرباز کوژران و سەربازێکی دیکەش بریندارببووە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لقی سنەی وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران، نەیهێشت کە خانەوادی سارۆ قارەمانی کە پرسە بۆ ڕۆڵەکەیان بگێڕن، چالاکوانانی مەدەنیی شاری سنە بانگەوازێی خەڵکیان کردووە سەردانی ماڵی سارۆ بکەن بۆ سەرەخۆشیکردن لە خانەوادەکەی.[2]
- حوسێن باقری ناسراو بە ژاکان باران تەمەن 36 ساڵ لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی شاری مەڵەکشای ئیلام دەسبەسەر کرا.[4]

- حکومەتی ئێران هەوالّی کوشتنی گەنجێک کوردی بەناوی کیانوش زەندیی لە ئەنجامی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی ڕۆژهەلّاتی کوردستاندا بە خانەوادەکەی ڕاگەیاند.[2]

باشووری کوردستان

- کاتژمێر 1:30 خولەکی پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ چەتەکانی داعش هێرشیان کردە سەر بازگەی قۆشنە، کە دەکەوێتە نێوان شارۆچکەی مەخموور و شارەدێی باقرت.[2]
- بزوتنەوەی ئیسلامی ڕایگەیاند، بۆ هەلّبژاردنی عێراق ناچینە هیچ هاوپەیمانێتیەکی کوردستانەوە و بەسەربەخۆش بەشداری هەلّبژاردن ناکەین.[3]
- نۆیەمین کۆنفرانسی کۆمیتەی خانەوادەی شەهیدانی کامپی مەخمور کۆتایی هات و تیایدا هاوسەرۆک و ئەنجومەنی بەڕێوەبەریی نوێی کۆمیتەکە هەلّبژێردران. دوو هاوسەرۆک و 27 کەس بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی بەڕێوەبەری کۆمیتەی خانەوادەی شەهیدانی کامپی مەخمور هەلّبژێردران.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- چەتەکانی سەربە سوپای تورک و تۆپخانەکانی سوپای تورک، گوندەکانی سەربە شارۆچکەی شەرای عەفرین تۆپبارانی دەکەن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: ئیلام

شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: مەخموور

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-01-14

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-01-14

[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-01-15

کاتی تۆمارکردن: 2018-01-14

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 260

2018-01-15



باکووری کوردستان
- لە ئەنجامی چالاکیی گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل-هەپەگەدا لە چەلێی سەر بە جولەمێرگی باکوری کوردستان، 11 سەربازی تورک کوژران.[3]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- دەزگای قەزایی حکوومەتی ئێران لە شاری دیواندەرە، چالاکێکی مەدەنی کوردی بە ناوی فەریدوون ئاقایی کوڕی حوسێن تەمەن 35 ساڵ بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی درۆ و بێ ڕێزی بە دوو ساڵ و شەش مانگ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرد.[5]
- زیندانییەکی کورد بە ناوی حوسێن قادری، تەمەن 30 ساڵ و دانیشتووی شاری سنە، لە قەرەنتینەی زیندانی ناوەندیی ئەو شارە بە هۆکاری نادیار گیانی لە دەستدا.[5]
باشووری کوردستان
- پێکدادانێکی قورس لە نزیک گرتووخانەی فیدراڵی لە چەمچەماڵ لەنێوان چەند چەکدارێک و دژە تیرۆرێی یەکێتی ڕوویدا و کوژراوێک و ژمارەیەک بریندارى لێکەوتەوە. کوژراوەکە ئامۆزای عەبدوڵای کوێخا موبارەک بەرپرسی مەکۆی گۆڕانە لە چەمچەماڵ.[1]
- شاندێکی حکومەتی عێراق گەییشتە هەولێر و لەبارەی کردنەوەی فڕۆکەخانەکان و چەند پرسێکی دیکە لەگەڵ تیمێکی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوە.[2]
- گەنجانی وڵاتپارێز لە ڕاگەیەنراوێکدا ڕایدەگەیەنن: دوو هەڤاڵیان بە ناوەکانی هێدی و ئەحمەد، لە لایەن ئاسایشی شارەدێ سەنگەسەرەوە بەبێ هیچ فەرمانێکی دادگا ڕفێندراون.[3]
- فڕۆکەخانەی هەولێر ڕایدەگەیەنێت بەمنزیکانە دەگەڕێینەوە بۆ دەستپێکردنەوەی گەشتە ئاسمانییەکانمان.[4]
- ئاڵا تاڵەبانی وەک باشترین پەرڵەمانتاری 2017 خەڵاتی پێ درا.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکیا هەرێمی عەفرین لە ڕۆژئاوای کوردستان تۆپباران دەکات. ئەردۆغان پشتڕاستیدەکاتەوە و دەڵێت دەستمانکردووە بە تۆپبارانکردن و بەردەوامیش دەبین. لە نزیکترین کاتدا پرسی عەفرین و منبج چارەسەر دەکەین.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: جولەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: دیواندەرە
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان

ووڵات: ڕۆژاوای کوردستان
ووڵات: ئێران
ووڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2018-01-15
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2018-01-15
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2018-01-15
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2018-01-16
کاتی تۆمارکردن: 2018-01-15
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 261

2018-01-16



باکووری کوردستان
- ڕۆژنامەی حوریییەتی تورکیا لە ژمارەی ئەمڕۆیدا بڵاویکردووەتەوە، بۆیەکەمجار لە مێژووی پەرلەمانی تورکیادا بە تۆمەتی بەکارهێنانی وشەی کوردستان لە دانیشتنی پەرلەماندا، سەرۆکایەتی کاروباری دارایی پەرلەمانی تورکیا، بڕیاریداوە بڕی 12 هەزار و 322 لیرەی تورکی (سێ هەزار 246 دۆلار) لە مووچەی عوسمان بایدەمیر ببڕێت.[1]
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ، لە فڕۆکەخانەی شاری ئامەدی باکوری کوردستان، حەیدەر ئەرگول، سەرنووسەری گۆڤاری مۆدێرنەی دیموکراتی دەستگیر کرا.[2]
- دوای تێپەڕبوونی پێنج ڕۆژ بەسەر لەکارلادانی لەیلا زانا وەک پەرلەمانتاری تورکیا، ئەمڕۆ ئەنتۆنیۆ تەییبی، سەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپا ستایشی هەموو ئەو هەوڵ و تێکۆشانەی لەیلا زانای کرد کە لەماوەی ڕابردوودا لەڕێگەی پارێزگاریکردن لە مافەکانی مرۆڤ بەدەستیهێناوە.[3]
- ئەمڕۆ ئۆپەراسیۆنی سوپای تورک لە نزیک گوندی مەلێ-ی سەربە هەرێمی بەستا لە شرناخ، بەردەوامی هەبووەو چەندین سەربازی لە سنوورەکە جێگیرکردووە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- سەرەڕای ئەوەی دوو مانگ بە سەر بوومەلەرزەکەی کرماشاندا تێپەڕیووە، هێشتا لێقەوماوانی بوومەلەرزەکە لە دۆخی خراپدا دەژین و سەرما ژیانی لێ تاڵ کردوون.[2]
- پارێزگاری دەرسیم، 30 ناوچەی سەربە دەرسیم-ی لە باکوری کوردستان، وەک ناوچەی قەدەغەکراو ڕاگەیاند.[2]
- هێزە ئیتلاعاتییەکان هێرشیان کردە سەر ماڵی هاوواڵاتییەکی کوردی خەڵکی شاری پیرانشار، بە ناوی ئەمجەد یووسفی کوڕی حوسێن و پاش پشکنینی ماڵەکەی، ناوبراویان دەسبەسەر کرد.[6]

باشووری کوردستان

- کەسوکاری پێشمەرگە گیراوەکانی دەستی داعش گردبونەوەیەکیان لەبەردەم نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتوەکان لە شاری هەولێر ئەنجامدا. لەو گردبونەوەیەدا داوایان لە نەتەوە یەکگرتوەکان کرد بەدواداچون بکات بۆ ئەو پێشمەرگانە کە لەشەڕی دژی داعش-دا لە لایەن داعشەوە دەستگیرکراون، و تا ئێستا چارەنوسیان نادیارە، یاخود ئەوانەی دوای نەمانی داعش کەوتونەتە دەست حکومەتی عێراق.[5]
- دەنگێکی بەهێز لە دهۆک بیسترا و سەرەتا وادەزانرا بوومەلەرزەیە، بەڵام دەرکەوت کە بوومەلەرزە نییە.[4]
- ئەکتەری دیاری درامای گەردەلول پشتیوان نوری بەدەوی کە ڕۆڵی (رزگار)ی خۆشەویستی (هەنار)ی دەبینی بەهۆی جەڵتەوە لەتەمەنی 40 ساڵیدا گیانی لەدەستدا.[4]
- لەدانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمانی ئەرمینیادا پرسی کارەساتی تاوانەکانی داعش دژی کوردانی ئێزیدیی گفتوگۆی لەسەرکرا و بەکۆی دەنگی 91 پەرلەمانتاری ئەو تاوانانە بە جینۆساید ناسێنران.[1]
- دوای وەرگرتنەوەی وەڵامی یاداشتە 24 خاڵییەکەی لە حکومەت، کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی بە کۆی دەنگ بڕیاریدا لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکشێتەوە. ئەمینداری یەکگرتوو دەڵێت، ئەو چاکسازییانەی داوایانکردبوو لەلایەن حکومەتەوە جێبەجێنەکراوە.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان

- هاوسەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوبەری کانتۆنی عەفرین هێڤی مستەفا، باس لە دۆخی عەفرین دەکات و، دەڵێت: هیچ ماڵێک چۆڵی نەکردووە، دەشڵێت: گەلی عەفرین بەژن و پیاو و گەنج پەروەردەی بەکارهێنانی چەکیان بینیوە لە ئامادەباشیدان.[2]
- پارتی دیموکراتیی گەلان- هەدەپە بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک هەڵوێستی پیشاندا بەرامبەر بە هەڕەشەکانی حکومەتی تورک و ڕایگەیاند، کە هەڕەشەکانی ئەردۆغان بۆ سەر عەفرین قبوڵ ناکرێت.[2]
- ڕۆژنامەیەکی نزیک لەپارتی دەسەڵاتداری تورکیا بڵاویکردەوە بەرلەوەی تورکیا هیرشەکەی بۆ سەر عەفرین دەستپێبکات تیشکی سەوزی لەلایەن ئەمریکاوە بۆ هەڵکراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-01-16
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-01-16
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-01-16
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری خەندان - 2018-01-16
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-01-16
کاتی تۆمارکردن: 2018-01-16
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 262

2018-01-17



باکووری کوردستان
- سەمرا ئۆزلو، ڕۆژنامەنووسی کورد و بەرپرسیاریی گشتی پەخشیی لقی مەرسینی ڕادیۆ سەس، کە پێشتر لەلایەن حکومەتی ئاکەپەوە داخرابوو، دەستگیر کرا.[1]
- پارێزگای ئەنقەرە بەهۆی بەڕێوەچوونی دانیشتنی دادگاییکردنی سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی هەدەپە، هەموو جۆرە کۆبوونەوە و یادکردنەوە و گردبوونەوەیەکی لە تەواوی ئەنقەرە قەدەخەکرد. کات و شوێنی دادگاییکردنی دەمیرتاشیش گۆڕدرا.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سێ هاوواڵاتیی کورد، بە ناوەکانی محەممەد کەریمیخا کوڕی خالید تەمەن 37 ساڵ، حوسێن مەحموودی کوڕی محەممەدکەریم تەمەن 37 ساڵ و ئەمیر ئیبراهیمی کوڕی ئەبووبەکر تەمەن 38 ساڵ، لە دادگای ئینقلابی شاری بۆکان بە سەرۆکایەتی پەیمان ڕۆستەمی، بەرپرسی لقی دووی دادگای کەیفەریی 2 بە 13 ساڵ و شەش مانگ زیندانی تەعزیری مەحکووم کران.[5]
باشووری کوردستان
- ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆدەبێتەوە و وەزیرەکانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانیش ماڵئاوایی دەکەن.[3]
- وەفدێکی حکومەتی تورکیا گەیشتووەتە کەرکووک و لەگەڵ پارێزگاری کەرکووک بەوەکالەت کۆبوونەتەوە و دواتر چاویان

کەوتووە بە کوتلەی تورکمانی لەئەنجومەنی پارێزگا.[2]
- فراکسیۆنە کوردییەکانی پەرلەمانی عێراق، بایکۆتی دانیشتنەکانی ئەمڕۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیان کرد، پەرلەمانتارێکی کوردیش ئاشکرای دەکات کەبەردەوام دەبن لە بایکۆتکردنی دانیشتنەکان تاوەکو لەگەڵ عەبادی لەسەر بودجە گفتوگۆ دەکەن.[1]
- کیفاح مەحمود، ڕاوێژکاری میدیایی مەسعود بارزانی، بە ڕۆژنامەی ئەلمەدای ڕاگەیاندووە پێشبینی ئەوە دەکەن کە گەشتی ئاسمانیی فڕۆکەخانەکانی هەرێم لە 25-01-2018دا دەستپێبکاتەوە.[2]
- نێچیرڤان بارزانی ڕایگەیاند، بڕیاری کشانەوەی یەکگرتوو لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان و یەکڕیزی لایەنەکان نییە، بڕیارەکە نیگەرانی کردوون.[4]
- بەشێکی بازاڕی عەلوەی سلێمانی گڕیگرت و بەرگری شارستانیش هۆکارەکەی بۆ شۆڕتی کارەبا دەگەڕێنێتەوە.[2]
- وەزارەتی پێشمەرگە ڕایدەگەیەنێت، وەزارەتی بەرگری عێراق بەڕەسمی هەرسێ نوێنەرەکەی پێشمەرگەی لە وەزارەتەکەی دەرکردووە.[2]
- ئاسایشی باشماخ بۆ ماوەی پێنج کاتژمێر، باوکی شەهید سورکێو و نزار محەمەد، چالاکوانی مەدەنی-یان دەستگیر کردوە و بڕی دوو هەزار و 800 دۆلار پارەشیان لێسەندن.[1]
- عەلی حەمەسالح، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان ئەمڕۆ ڕایگەیاند: لەسەر دانانی چەند بازگەیەکەی نایاسایی و وەگرتنی باج لە بازرگانان لە سنووری هەولێر و سلێمانی، هەروەها خەرجکردنی پارە بەشێوەیەکی نایاسایی لەلایەن سەرۆکی حکومەت، ئەمڕۆ سکاڵای یاساییم لەڕێگەی دەستەی دەسپاکی لەسەر سەرۆک و جێگری سەرۆکی حکومەت تۆمارکرد.[2]
- دوای ڕێگریکردن لەگەڕانەوەی عەرەبە هاوردەکانی سەردەمی ڕژێمی بەعس بۆ سنوری لەیلان لە ڕۆژهەڵاتی کەرکووک، بەتۆمەتی جێبەجێنەکردنی بڕیارەکانی دادگا داوای یاسایی لەسەر بەڕێوەبەری شارەدێی لەیلان (محەمەد وەیس) تۆمارکرا.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورک و چەتەکانی سەربە تورکیا شەوی ڕابردوو جارێکی دیکە گوندەکانی سەربە شەرا و شێراوایان لە عەفرین تۆپباران کرد.[1]
- ماڵپەڕی ئەلدیار نووسیوێتی دۆنالد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا دەڵێت: پێویستە سوریا دابەشبکرێت بۆ سێ دەوڵەتۆکە، دەوڵەتێکی کوردی و دەوڵەتێکی عەلەوی لەگەڵ مەسیحییەکان، دەوڵەتێکیش بۆ سوننەکان.[2]
- پارتی یەکێتی دیموکرات (پەیدە) لە ڕێگەی بەیاننامەیەکەوە داوایەکی ئاراستەی جیهان کرد لەبارەی ڕاگرتنی بۆردومانەکانی سەر شاری عەفرین لەلایەن تورکیا.[2]
- ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا کۆبووەوە و داوایکرد سەرجەم چەکی گروپەکانی ڕۆژئاوای کوردستان ڕادەست بکرێتەوە. لە و کۆبوونەوەیەدا کە بە سەرۆکایەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرکۆماری تورکیا بەڕێوەچووە و زنجیرەیەک بڕیار دەرکرا کە زۆربەیان تایبەت بوون بە بارودۆخی ڕۆژئاوای کوردستان. ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا ڕایگەیاندرێنادەین لەسەر سونەکانمان هیچ گروپێک بوونی هەبێت و دەبێت سەرجەم ئە و چەکانەی دراون بە پارتی کرێکارانی کوردستان لە و ناوچەیە بەبێ دواکەوتن ڕادەستبکرێنەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-01-17
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-01-17
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-01-17
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-01-18
کاتی تۆمارکردن: 2018-01-17
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 263

2018-01-18



باکووری کوردستان
- پەرلەمانی تورکیا بڕیاری دەستپێکردنەوەی باری نائاسایی بۆ ماوەی 3 مانگی دیکە پەسندکرد و بڕیارەکە لە کاژێر 1ی بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی جێبەجێدەکرێت.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دادگای ئینقلابی شاری ورمێ هاوواڵاتییەکی کوردی خەڵکی شاری شنۆی بە ناوی هیدایەت عەبدوڵڵاپوور کوڕی ئەبووبەکر بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئیسلامیی ئێران دووبارە بە لەسێدارەدان مەحکووم کرد.[5]
باشووری کوردستان
- وەرزشوانی بەناوبانگی شاری سلێمانی (محەمەد عەبدوڵڵا) ناسراو بە (حەمەی عەبۆل) کۆچی دوایی کرد.[1]
- شەوی ڕابردوو، لە سنووری شارەدێی جەبارە، چەتەکانی داعش هەڵیانکۆتایە سەرگوندێک، پێنج هاوڵاتیان ڕفاند و هاوڵاتیەکی دیکەشیان تیرۆرکرد.[2]
- وەزارەتی نەوتی عێراق ئەمڕۆ، ڕێککەوتنێکی سەرەتایی لەگەڵ کۆمپانیای (BP)ی بەریتانی واژکرد، بۆ پەرەپێدان و زیادکردنی بەرهەمی نەوتی کێڵگەی نەوتی کەرکووک بۆ 750 هەزار بەرمیلی ڕۆژانە.[3]
- ئەنجومەنی شارۆچکەی خورماتوو قایمقامی نوێی بۆ شارەکە هەڵبژارد کە تورکمانێکی شیعەیە و ناوی حەسەن زەینەلعابدینە. کوردیش بایکۆتی کۆبوونەوەکەی کرد.[3]

- گۆڕێکی بە کۆمەڵ لە شاری کەرکووک دۆزرایەوە، وتەبێژی پۆلیسی شارەکە-ش ڕایدەگەیەنێت، تەرەمەکانی ناو گۆڕەکە کوردن و مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1991.[2]
- هێزی پێشمەرگە لەسنوری ناحیەی قەرەهەنجیر خرایە حاڵەتی ئامادەباشییەوە، دوای ئەوەی هێزێکی زۆری پۆلیسی فیدراڵی گەیشتونەتە ناوچەی چیمەن لەسەر ڕێگەی کەرکووک - سلێمانی.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان (بەرخۆدانی عەفرین)
- دەیان هەزار هاوڵاتیی عەفرین بەمەبەستی پشتگیریکردنی خاکەکەیان لە دژی هێرشی تورکیا ڕژانە سەر شەقامەکان و بە وێنەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پەکەکە و ئاڵای یەپەگە و یەپەژەوە ڕێپێوان دەکەن.[2]
- تۆپخانەکانی سوپای تورک گوندەکانی سەربە عەفرینیان تۆپباران کرد، ئەنجامی تۆپبارانەکە زیانی قورسی لێکەوتەوە و تۆپبارانەکانیش بەردەوامن.[2]
- پارتی یەکێتی دیموکراتی (پەیەدە) داوایەک ئاڕاستەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات بۆ ئەوەی بە خێرایی کاربکات بۆ مسۆگەرکردنی ئاسایشی ئە و ناوچانەی کە لەلایەن کوردەکانەوە کۆنترۆڵکراون.[3]
- سوپای تورکیا ڕۆژئاوای کۆبانێ تۆپباراندەکات. وەزیری دەرەوەی تورکیاش دەڵێت بە ئەمریکامان ڕاگەیاندووە دەچینە عەفرین و منبج.[4]
- پاش هەڕەشەکانی ئەردۆغان، ئەنجومەنی سەربازیی منبیج هێزەکانی بەرگری لە سنوورەکانی باکوری ئەو کانتۆنە زیاد دەکات.[2]
- گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند: داوا لە تورکیا دەکەین هێرش نەکاتە سەر عەفرین و هەموو لایەنەکان سەرنجیان لەسەر شەڕی داعش بێت.[4]
- شەڕڤانانی یەپەگە وەڵامی تۆپبارانێکی سوپای تورکیایان بۆ سەر خاڵە سەربازییەکانی شەڕڤانانیان لە سنووری دێرک دایەوە و بەهۆیەوە نزیکەی کاتژمێرێک ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان شەڕڤانانی یەپەگە و سوپای تورکیا-دا ڕوویدا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: دێرک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-01-18
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-01-18
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-01-18
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-01-19
کاتی تۆمارکردن: 2018-01-18
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 264

2018-01-19



باکووری کوردستان
- ئێوارەی ئەمڕۆ، عوسمان بایدەمیر، پەرلەمانتاری ڕوحای پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە لەبەردەم ناوەندی گشتیی هەدەپە لە ئەنقەرە دەستگیرکرا و پاشتر ئازادکرا. ڕاگەیەندرا، کە دەستگیرکردنی بایدەمیر لە چوارچێوەی دۆسیەی 'سوکایەتییکردن بە سەرۆک کۆمار'بووە، کە پێشتر لە شرناخ لەدژی تۆمارکرابوو. دوای وتە لێ وەرگرتنی لەلایەن دادگای ئەنقەرەوە، عوسمان بایدەمیر، پەرلەمانتاری ڕوحای هەدەپە ئازادکرا.[1]
- موراد قەرەیلان، ئەندامی دەستەی بەڕێوبەرایەتیی پارتی کرێکارانی کوردستان- پەکەکە، بانگەوازێی سەفەربەرێی بۆ بەرگریی لە عەفرین کرد و ڕایگەیاند، کە پەکەکە لە بەرامبەر ئەو هێرشەدا بێدەنگ نابێت.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شەوی ڕابردوو، بەهۆی کەوتنە بۆسەی هێزەکانی ئێران، لە سەر سنووری ڕۆژهەڵات و باشوور، کۆڵبەرێک بەناوی (شۆرش عومەری) خەڵکی سەردەشت، لە شاخ هەڵدێرا و گیانی لەدەست دا، هاوکات 6 ئەسپی کاسبکاران لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە کوژران.[1][4]
باشووری کوردستان
- لە شاری سلێمانی کۆنگرەی دامەزراندنی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان بە بەشداری 700 ئەندام و بە ئامادەبوونی زیاتر لە 300 میوان دەستپێکرد.[1]
- محەمەد عەبدوڵڵا بە سەرۆکی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان هەڵبژێردرا.[1]
- بەهۆی بارینی بەفرەوە ڕێگەی نێوان شارۆچکەی ڕانیە و شارەدێی وەرتێ داخرا.[2]
- بەڕێوەبەری کارەبای کەرکووک هۆکاری بچڕانی کارەبای نیشتیمانی لە سەرەنساری پارێزگاکە خستەڕوو و ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە بەهۆی ڕەشەباوە تاوەری سەرەکی هێڵی 400 کەیڤی کارەبای کەرکووک لەسنوری دیالە کەوتووە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- نوورەدین جانیکلی، وەزیری بەرگری تورکیا لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند ئێمە هیچ ڕێگەیەکی ترمان نیە و ناچارین بۆ پێشگرتن لە تیرۆر ئۆپراسیۆنی سەربازی لە عەفرین ئەنجامبدەین.[3]

- هێزەکانی تورکیا لە دوێنێ شەوەوە بەچڕی بۆردومانی عەفرین و دەوروبەری دەکەن.[2]
- وەزیری بەرگری تورکیا ڕایگەیاند، هێزەکانی چاودێری سوپای ڕوسیا کە لە عەفرین جێگیرکرابوون و ژمارەیان 170 سەربازە کشاونەتەوە لە و شارە.[3]
- سێرگی لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی ڕوسیا دوپاتی کردەوە کە هێزەکانیان لە شاری عەفرین نەکشاندووەتەوە.[2]
- سوپای تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی کانتۆنی عەفرین هێرشیکردەسەر سەنگەرەکانی یەپەگە، شەرفانانی یەپەگەش بە توندی ڕووبەڕوویان بوونەتەوە و دوو سەربازیان کوشت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن:	تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
پارت / لایەن:	یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	سەردەشت
شار و شارۆچکەکان:	عەفرین
شار و شارۆچکەکان:	ڕوحا
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-01-19
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-01-19
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-01-19
کاتی تۆمارکردن: 2018-01-19
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 265

2018-01-20



باکووری کوردستان
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ لە شاری وان لە باکووری کوردستان، سوعاد کاراگۆز، ڕۆژنامەنووسی ڕۆژنامەی ئوزگورلوکچو دیموکراسی لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی تورکەوە دەستگیرکرا.[1]
باشووری کوردستان
- ئەمڕۆ لە بەغدا، حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی ئێراق پێشوازی لە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان و قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکوەزیران و د. فوئاد حسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کرد. لەبارەی کۆبوونەوەکە، نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی ئێراق ڕاگەیێندراوێکی بڵاوکردەوە و دەڵێت: گفتوگۆ لەبارەی دۆخی سیاسی و ئەمنی و چارەسەرکێشەکانی حکومەتی ئێراق و هەرێمی کوردستان بەپێی دەستوور، کراوە.[3]
- لە شاری سلێمانی بە دەستپێشخەری گەنجانی وڵاتپارێزی کوردستان و ژنانی گەنجی تێکۆشەر، گەنجان ڕێپێوانیان بۆ پشتگیریی عەفرین ئەنجامدا.[1]
- لە شارۆچکەی ڕانیە بە دەستپێشخەری گەنجانی وڵاتپارێز و ژنانی گەنجی تێکۆشەر چالاکی ئێشکگرتن بۆ پشتگیریکردنی عەفرین دەستی پێ کرد.[1]
- کردنەوەی بارەگای ڕەوتی حیکمە لە سلێمانی.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان (بەرخودانی عەفرین)
- تۆپبارانی عەفرین و ئاڵۆزییەکان لەسەر سنووری باکوور و ڕۆژاوا، ئەمڕۆش بەردەوامیی هەیە.[2]
- وێڕای تۆپبارانی چڕ، سوپای تورکیا بۆ یەکەمجار بە فڕۆکەی جەنگی دەستی بە بۆردوومانکردنی بنکە و بارەگاکانی یەپەگە لە هەرێمی عەفرینی ڕۆژاوای کوردستان کرد.[3]
- سوپای تورک 10 تانک و پێنج ئۆتۆمبێلی سەربازیی و ژمارەیەکی زۆر سەربازەکانی سوپای تورکی لە گردی مەرجۆق باکووری کوردستان جێگرکردووە، کە دەکەوێتە سەر سنووری گوندی باڵیی سەربە شارۆچکەی بلبلێی کانتۆنی عەفرین. ئەو هێزانە ئەمڕۆ هەوڵیاندا لەو ناوچەیە خەندەق هەڵبکەنن و پاشان خۆیان بگەیەننە بەرزاییەکانی چیای گر-ی سەربە شارۆچکەی بلبلێ. شەڕڤانانی یەپەژە و یەپەگە چالاکییەکیان لە دژی ئەو هەوڵدانەی هێزەکانی سوپای تورک ئەنجامدا و ناچاریان کردن پاشەکشە بکەن.[1]

- فەرمانداری گشتی یەکینەکانی پاراستنی گەل -یەپەگە ڕایگەیاند، بەهۆی هێرش و بۆردوومانەکانی تورکیاوە بۆ سەر عەفرین شەش هاوواڵاتی و سێ شەڕڤانی یەپەگە و یەپەژە شەهید بوون.[2]
- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک گوندی جەلبەرە-ی سەربە شارۆچکەی شێراوا-یان لە کانتۆنی عەفرین بۆردوومانکرد و کۆمەڵکوژییان ئەنجامدا. ژمارەی قوربانیانی کۆمەڵکوژییەکە گەیشتە 7 شەهید و 11 بریندار.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: وان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-01-20
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-01-20
کاتی تۆمارکردن: 2018-01-20
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 266

2018-01-21



باکووری کوردستان
- پۆلیسی تورک هێرشی کردە سەر چالاکوانان کە لە بەردەم ناوەندی هەدەپە لە ئامەد گردبوونەوە بۆ شەرمەزارکردنی هێرشەکانی سوپای تورک بۆ سەر عەفرین.[3]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- گەنجێکی دیکەی کورد بەناوی غوڵام ڕەزا موحەمەد-ی لە شاری کرماشان، کە بە بیانووی بەشداریی لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستگیر کرابوو، تەرمەکەی ڕادەستی بنەماڵەکەی کرایەوە.[3]
باشووری کوردستان
- هێزەکانی پۆلیسی کۆیە ژنێکیان بە کوژراوی لەنێوان گوندی شاخە پیسکە و گۆمەشین دۆزیەوە کە شەوی ڕابردوو بە فیشەک کوژرابوو.[4]
- دژی هێرشی تورکیا بۆ سەر شاری عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان، نوێنەرانی 500 ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەولێر یاداشتنامەیەکی ناڕەزایی بڵاودەکەنەوە.[2]
- لە چەند شار و ناوچەیەکی باشووری کوردستان خۆپیشاندان بۆ پشتیوانی لە عەفرین ئەنجامدرا.[4]
- ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە ڕایدەگەیەنێت، بەشێک لە و پێشمەرگە دیلانەی کە کەوتنە دەستی داعش لەگەڵ کەسوکارەکانیان قسەیان کردووە، پەرلەمانتارێکیش دەڵێت وەزارەتی دادی عێراق داوای بەڵگەنامەی پێشمەرگە دیلەکان دەکات.[1]
- دوو بەرپرسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەردانی نوێنەرایەتی کانتونەکانی ڕۆژئاوا-یان کرد و ڕایانگەیاند،پشتگیری عەفرین دەکەین و ئەگەر هێزیش پێویست بێت دەینێرین بۆ عەفرین.[3]
- لە شاری هەولێر لەبەردەم بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان خۆپیشاندان بۆ پشتیوانی کانتۆنی عەفرین ئەنجامدرا و یاداشتێکیان ئاڕاستەکرا.[1]
- مەسعود بارزانی لە شاری هەولێر سەردانی کۆسرەت ڕەسول عەلی کرد.[4]
- وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان فەرمانی نوێکردنەوەی سەرجەم مووچەخۆرانی گرێبەستی دەرکرد.[1]
- لە هەڵەبجە تەرمی ژنێکی تەمەن 37 ساڵ دۆزرایەوە و پاشان دەرکەوت کە سێ کەسی دیکە لە هەمان خێزانچارەنوسیان نادیارە دواجار تەرمی هەرسێکیان کە کوژرابوون دۆزرانەوە و بکوژەکەش لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە کە کوڕی هەمان خێزانە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان (بەرخودانی عەفرین)
- سوپای تورکیا ڕایدەگەیێنێ، لەچوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوون، لە دوێنێوە 153 ئامانجی یەپەگەیان پێکاون، تاوەکو ئێستاش بۆردوومان و تۆپبارانی عەفرین و دەوروبەری بەردەوامە.[2]
- سوپای تورک کە سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ هەوڵیدا لە ڕێگەی زەمینییەوە هێرش بکاتە سەر گوندی بالی و هێرشەکە لەلایەن شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژەوە تێکشکێندرا، پاشان بە فڕۆکە جەنگییەکانی هێرشی ئاسمانی دەستپێکرد.[3]
- میدیاکانی تورکیا ئاشکرایانکرد سوپای تورکیا ژمارەیەک تانکی ناردووەتە ناو سنوری شاری عەفرینەوە، هەروەها میدیاکانی نزیک لە یەپەگە باسی خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی تورک دەکەن.[4]
- بەرپرسێکی کانتۆنی عەفرین وێڕای ئاماژەدان بە بێبەڵێنیی ڕوسیا بەرامبەر بەهێرشی سوپای تورکیا بۆ سەر شارەکە، ڕایدەگەیێنێت ئێمە هیچکات پشتمان بە ڕوسیا نەبەستووە، ئەوان لە دوێنێوە عەفرینیان جێهێشتووە.[1]
- لە ئەنجامی بۆردومانەکانی فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک بۆ سەر گوندی ئەدامەی سەربە شارۆچکەی ڕاجۆی کانتۆنی عەفرینداء دوای بڵابوونەوەی بریندارببوونی کچێکی 20ساڵ، ڕاگەیەندرا منداڵێکی 13 ساڵانیش بریندارببووە.[3]
- وەزارەتی دەرەوەی میسر لەبەیاننامەیەکدا دژایەتی خۆی بۆ هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین ڕاگەیاند کە تێیدا هاتووە هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەر عەفرین پێشێلکردنی سەروەری سوریایە، شارەزایەکی کاروباری ئەو وڵاتەش دەڵێت هەڵوێستەکانی قاهیرە کاریگەری دەبێت.[1]
- حکومەتی فەرەنسا دژایەتی خۆی بۆ هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەر عەفرین دەربڕی و داوای ڕاوەستاندنی دەکات. ژان-ئیڤ لو دریان، وەزیری دەرەوەی فەرەنسا لە ڕاگەیەندراوێکدا داوای کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات سەبارەت بە ڕەوشی عەفرین.[2]
- سوپای تورک، هەوڵیدا لە کانتۆنی شەهباوە هێرش بکات، شەڕڤانان بەرگرییان کرد و دوو تانکی سوپای تورکیان تێکشکاند، بەمەش تا ئێستا پێنج تانک-یان تێکشکاندووە.[3]
- لە گوندی ئەدامە لە سنووری عەفرین، لە ئەنجامی شەڕێکدا لەنێوان سوپای تورک و شەڕڤانانی قەسەدە-دا، دەیان سەربازی تورک کوژراون و ژمارەیەک سەربازیش بە زیندووی کەوتوونەتە دەست شەڕڤانان.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-01-21
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-01-21
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-01-21
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2018-01-21
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 267

2018-01-22



کوردستان
- ئاژانسی بەناوبانگی ڕۆژ نیوز لەلایەن گورگە بۆرەکانی تورکەوە هاککرا، هاککەرە تورکەکان لەسەر دەستپێکی ماڵپەڕەکە بە زمانی تورکی نووسیویانە: ئەندێشەی کوردستان لە گۆڕەنێین.[1]
باشووری کوردستان

- لە دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمانی عێراقدا، بەپێی مادەی (11)ی یاسای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق کورسییەکی کۆتا بۆ کوردی فەیلی دیاریکرا.[2]
- لە درێژەی پشتیگیرییەکانی هاوڵاتیانی باشوری کوردستان بۆ کانتۆنی عەفرین-ی ڕۆژئاوای کوردستان دژ بە هێرش و پەلاماردانی دەوڵەتی تورک، ئەمڕۆش لە چەندین شار و شارۆچکە چالاکیی بەڕێوەدەچێت.[4]
- 41 حزبی هەرچوارپارچەی کوردستان ئیدانەی هێرش و بۆردومانەکانی تورکیا بۆ سەر کانتۆنی عەفرین لەڕۆژئاوای کوردستان دەکەن و داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکانیش دەکەن لەئاستی پێشلکارییەکانی تورکیا هەڵوێستی هەبێت.[2]
- مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی لەبارەی ئۆپەراسیۆنەکانی سەر کانتۆنی عەفرین بڵاوکردەوەو ڕایگەیاند، بەهێرش و بۆردومانەکانی سوپای تورکیا و چەند لایەنێکی دیکە بۆ سەر عەفرین و گیانلەدەستدان و قوربانیبوونی خەڵکی سڤیلی ئەو شارە زۆر نیگەرانن.[1]
- ئاسایشی دهۆک هێرشی کردە سەر ڕێکخەران و بەشداربووانی گردبوونەوەیەک، کە بڕیابوو بۆ پشتیوانیی عەفرین ئەنجام بدرێت و دوو چالاکوانیان دەستگیرکرد.[4]
- تەرمی ژنێک بە سوتێنراوی لە سنووری گەرمیان دۆزرایەوە، پۆلیسی گەرمیانیش ڕایدەگەیەنێت، کە لەبەر زۆری ڕێژەی سوتانەکەی، تەرمەکە ناناسرێتەوە.[4]
- تۆڕی ڕێکخراوەکانی هەڵەبجە شەشەمین کۆنفرانسی خۆی لەژێر دروشمی بەرەو کۆمەڵگایەکی شارستانی، نوێ بوونەوە و بەردەوام بوون ساز کرد.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان (بەرخودانی عەفرین)

- بۆمبارانی تورک بۆسەر عەفرین و دەوروبەری بەردەوامیی هەیە و پێکدادانی چڕیش لەنێوان هێزەکانی هەردوولادا ڕوودەدات.[1]
- هێزەکانی سوریا دیموکرات ڕایدەگەیەنێت، ڕووسیا لە ڕووداوەکانی عەفرین خیانەتی لە کورد کردووە و هەڵوێستێکی خراپی بەرامبەر کورد هەبووە.[2]
- سوپای تورکیا ڕایدەگەیێنێ لە ناوچە ئەعزازی ڕۆژئاوای کوردستان کە لەژێر دەسەڵاتی سوپای سوریای ئازاد دایە، دەستیان بە هێرشی زەمینی کردووە بۆ سەر عەفرین. هاوکات ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا ڕایگەیاند: لەگەڵ ڕووسیا ڕێککەوتووین لە ئۆپەراسیۆنی عەفرین پاشگەزنابینەوە.[3]
- دوو بەرپرسی پەیەدە کە سەردانی ئەمریکایان کردووە داوادەکەن واشنتن لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی کورد لە عەفرین ناوچەی دژەفڕین ڕابگەیەنێت.[2]
- وەزیری دەرەوەی بریتانیا ڕایدەگەیەنێت، وڵاتەکەی بە وردی و لەنزیکەوە چاودێری بارودۆخی عەفرین دەکات، دەڵێت تورکیا مافی خۆیەتی سنورەکانی بە سەلامەتی بهێڵێتەوە، بەڵام پێویستە لەتوندوتیژی خۆیان بەدووربگرن.[2]
- نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاگەیاندند، لە ئێستاوە زیاتر لە 300 هەزار کەس لە عەفرینەوە ئاوارە بوون. دەشڵێت لە 60%ی خەڵکی عەفرین پێویستیان بە یارمەتییە.[3]
- زەکەریا شێخۆ پەیامنێری کەناڵی ڕووناهی بە هۆی تۆپبارانی سوپای تورکیا بریندار بوو و ڕەوانەی نەخۆشخانەی عەفرین کرا و لە ئێستادا تەندروسی ناجێگیرە.[2]
- بەپێی ئامارەکانی یەپەگە، تەنها لە شەڕی ئەمڕۆدا، زیاتر لە 53 سەربازی سوپای تورک لە سنووری عەفرین کوژراون.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-01-22
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-01-22
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-01-22
کاتی تۆمارکردن: 2018-01-22
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 268

2018-01-23



باکووری کوردستان
- لەماوەی چوار ڕۆژی ڕابردوودا لە باکوور کوردستان و تورکیا، نزیکەی 57 کەس بەهۆی پشتیوانیکردنیان لە عەفرین و بەتۆمەتی پڕوپاگەندە بۆ شەڕڤانانی یەپەگە و دژایەتیکردنی ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوون لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، دەستگیرکراون، تاوەکو ئێستاش 24 کەسیان هێشتا لە زیندانداون.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بوومەلەرزەیەک بە گوری 4.5 پلەی ڕێختەر ناوچەی لوماری نێوان پارێزگاکانی ئیلام و لوڕستانی هەژاند.[3]
باشووری کوردستان
- لە چیای بەمۆ لە سنوری گەرمیان پێکدادان لە نێوان هێزەکانی ئاسایش و چەند چەکدارێکی نەناسراودا ڕوویدا.[1]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ لەشارەدێی شۆڕشی سەر بە شارۆچکەی چەمچەماڵی پارێزگای سلێمانی، بە ئاڕپی جی هێرشکرایە سەر ماڵی ڕایدی مافپەروەر جەلال محەمەدئەمین لێپرسراوی بنکەی گرتن و گواستنەوەی چەمچەماڵ. ئەفسەرەکەش دەڵێت: ئە و جۆرە چەکانە لای هاوڵاتی نین، تەنها لای دەسەڵات هەیە، بۆیە دەبێت دەسەڵات قسەی هەبێت.[2]

- دانیشتوانی شارەدێی سمێلانی شارۆچکەی چۆمان لە سنوری پارێزگای هەولێر خۆپیشاندانێکیان دژی کەمی کارەباو نەبوونی خزمەتگوزارییەکان ئەنجامداو هێزەکانی ئاسایشیش دەیەوێت بە زەبری هێز بڵاوەیان پێبکات.[1]
- ئایدن مەعروف ئەندامی مەکتەبی سیاسی بەرەی تورکمانی، هاوکات ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، ڕایگەیاند، ڕایدەگەیەنێت وەکو پێکهاتەی تورکمان لە هەرێمی کوردستان پشتیوانی لە ئۆپراسیۆنی چڵە زەیتون دەکەین، چونکە ئەو چەکدارانە هەڕەشەیان بۆ سەر تورکیا دروستکردووە.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان (بەرخودانی عەفرین)

- شەوی ڕابردوو، ژنێک بەناوی سەوسەن سلێمان، لە ئەنجامی تۆپبارانەکانی سوپای تورک بۆ سەر گوندی تەل سلۆر لە سنووری عەفرین شەهیدبوو، محەمەد عیسمەت کە منداڵی بووە، بە سەختی بریندارببووە و ڕاگەیەندراوە، کە هەر لەو گوندەدا منداڵێکی دیکەش بریندارببووە.[2]
- شەڕقانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات گوندی قەرنەی سەربە کانتۆنی عەفرین-یان لە هێزەکانی سوپای تورک و چەتەکانی پاککردەوە.[2]
- سوپای تورک هاوڵاتیانی مەدەنی لە شاری قامیشلۆی هەرێمی جزیرە تۆپباران دەکات.[2]
- لە سنوری هەرێمی عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان پێکدانێکی قورس لە نێوان یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) و سوپای تورکیا دەستپێکرد.[3]
- چەتەکانی سەربە سوپای تورک شەوی ڕابردوو کاتژمێر 01:30 خولەک هەوڵیاندا لە گوندی تەل جیجانی سەربە کانتۆنی شەهباوە سنووری کانی ئەو کانتۆنە ببەزێنن، هێزەکانی سوریای دیموکرات ڕێگریییان لێکردن و گورزی کوشندەیان لێدان. لە ئەنجامی ئەو چالاکییەی شەڕقانانی هێزەکانی سوریای دیموکراتدا 15 چەتەی سەربە سوپای تورک کوژران.[2]
- لە گوندی ئومەری سەربە شارۆچکەی ڕاجۆی کانتۆنی عەفرین لە نێوان شەرقانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات و سوپای تورکدا شەڕی سەخت ڕوویدا و لە ئەنجامیدا 24 سەربازی تورک کوژران.[2]
- بەهۆی تۆپبارانەکانی سوپای تورک و چەتەکانی بۆ سەر گوندەکانی مسرێ و دێربەلۆت-ی سەر بە شارۆچەکەی جەندریس لە عەفرین، دوو ژن و دوو منداڵ شەهیدبوون.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێراق

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: ئیلام

شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ

شار و شارۆچکەکان: لوڕستان

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-01-23
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-01-23
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-01-23

کاتی تۆمارکردن: 2018-01-23

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 269

2018-01-24



باکووری کوردستان
- حکومەتی تورک ئاژانسی هەواڵی ژن نیوزی داخست بەو بەهانەیەی کە هەواڵی بەڕێوبەرە بەدیلگیراوەکانی میت و دانپێدانانەکانیان لە بارەی کۆمەڵکوژیی پاریسی بڵاوکردووەتەوە.[1]
باشووری کوردستان
- ئەمڕۆ لە تەنیشت فولکەی مامەڕیشە لە شاری کەرکووک، لە مەراسیمێکدا 33 هەمین سالیادی شەهیدکردنی مامە ڕیشە و هەڤاڵانیی (موحسین بیکەیسی و سەردار محەمەد) بەرز ڕاگیرا.[1]
- شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە سێ وەزیر و هەر چوار پارێزگارەکەی هەرێمی کوردستان پێکهاتووە، لە شاری بەغدا بەشداری (کۆنگرەی نێودەوڵەتی بۆ حکومڕانی لامەرکەزی) دەکات.[2]
- مەسعود حەیدەر، پەرلەمانتاری بزووتنەوەی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق، وەک چالاکترین ئەندام پەرلەمانی گەنجی عێراق خەڵاتکرا.[2]
- کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەستیپێکرد، کۆسڕەت ڕەسوڵ عەلی، سەرپەرشتیاری کۆبوونەوەکە، بەهۆی باری تەندروستییەوە کۆبوونەوەکەی بەجێهێشت. کۆبوونەوەکە ڕۆژی کۆنگرەی یەکێتیی لە 03-03-2018دا دیاریکرد[3]
- لەسەر داوای داواکاری گشتی و بە هاوکاری نووسینگەی دەزگای دەستپاکی لە زاخۆ، ئەمڕۆ بژار مونیب، سەرۆکی شارەوانی زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوە برابووە دادگا، پاشان بە بڕیاری دادوەر دەستگیرکرا.[2]
- 365 ملیۆن دۆلار هاوکاری ئەمریکا بۆ هێزی پێشمەرگە گەیشتە هەرێمی کوردستان. پارەکە لە بودجەی وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا بڕیاری لێدراوە و بۆ پشتیوانییە لە هێزی پێشمەرگە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرکۆماری تورکیای دۆنالد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا هۆشداری دایە ئە و وڵاتە سەبارەت بە هێرشەکانی بۆ سەر شاری عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان و ڕاگەیاندەبێت هێرشەکانتان بۆ سەر عەفرین سنوردار بکەن و دۆخەکە لە ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان تورکیاو ئەمریکا دووربخەنەوە.[3]
- فرۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک هاوکات بە بۆردومان کردنی گوندەکانی بلبلێ دەستیان کردووە بە بۆردومانکردنی گوندەکانی دەوروبەری شارۆچکەی شەرای سەربە عەفرینیش.[1]
- هەزاران هاوڵاتی شاری تەبقا ئەمڕۆ لە چوارڕێیانی شەهیدانی ئەو شارە گردبوونەوە و لەگەڵ پشتگیریکردنی عەفرین، هێرشەکانی تورکیایان شەرمەزارکرد.[1]
- بەهۆی بەردەوامی هێرشەکانی دەوڵەتی تورک بۆ سەر عەفرین ژمارەی قوربانییەکان بەرزبوونەوە و تا ئەمڕۆ 35 هاوڵاتی کوژراون و 106ی هاوڵاتی دیکەش بریندار بوون.[1]

- مەولود چاوشئۆغلۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا ئاشکرایکرد کە لە دیداری لەگەڵ ڕێکس تیلەرسن وزیری دەرەوەی ئەمریکا پێشنیاری ئەوەی کردووە سوپای تورکیا تا قولاپی 30 کیلۆمەتر دەتوانن بچنە ناو خاکی سوریاوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-01-24
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-01-24
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-01-24
کاتی تۆمارکردن: 2018-01-24
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 270

2018-01-25



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لقی شاری سنەی دادگای شۆڕشی ئێران، بە خانەوادەی ڕامین حسێن پەنایی، ڕاگەیاند، کە سزای سێدارە بەسەر پەناهییدا سەپێندراوە.[2]
باشووری کوردستان

- بەیانی ئەمڕۆ، لە قەزای داقوق، ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو نزیک تەکیەی خزر ئەلیاس تەقییەوە و زیانی بە ناوچەکە گەیاند.[1]
- لە کەلار بەهۆی ڕووداوێکی هاتووچۆوە 11 خوێندکاری زانکۆی گەرمیان بریندار بوون و بڕینی یەکێکیان سەختە.[2]
- شاندێک لە پەرلەمانتارانی هەرێم سەردانی نوێنەرایەتی ڕۆژئاوای کوردستانیان کرد و ڕایانگەیاند، کە پێویستە پەرلەمان بڕیار بۆ پشگیریی عەفرین دەربکات و دەروازەی سێمێلکا-ش بکرێتەوە بۆ گەیاندنی هاوکاریی.[2]
- ئیتلاعاتی ئێران دەستبەسەراگرتنی دوو کاروان چەک و تەقەمەنی ئاشکرادەکات و دەشڵێت، یەکێکیان لە هەرێمی کوردستانەوە چووەتە وڵاتەکەیان.[1]
- بۆ پشتگیریی عەفرین شاندێ کۆنگرەی ئیسلامی دیموکراتی، سەردانی نوێنەرایەتی ڕۆژئاوا-یان لە شاری سلێمانی کردو ڕایانگەیاند، کە ئەردۆغان هەر داعشە و پێویستە هەموو دونیا وەک داعش بیبینن.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک ناوچەی بلبلێ لە کانتۆنی عەفرین بۆردوومان دەکەن.[3]
- ناوەندی ڕاگەیاندنی هێزەکانی سوریا دیموکرات- قەسەدە، ئاماری کوژراوانی سوپای تورکیای ڕاگەیاند، کە لە شەڕی دوێنێدا 16 سەرباز لە سنووری عەفرین کوژراون.[2]
- ئاژانسی سپوتنیکی ڕوسی ڕایگەیاند بەیانی ئەمڕۆ لە هێرشێکی ئاسمانی سوپای تورکیادا بۆ سەر عەفرین دوو ڕاوێژکاری سەربازی ئەمریکی کوژراون.[1]
- یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) ئاشکرایکرد کە 16 سەربازی تورکیایان بە دیل گرتووە لە میانەی ئە و هێرشانەی سوپای ئە و وڵاتە کردوویەتییە سەر هەرێمی عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان.[1]
- لە ئەنجامی تۆپبارانەکانی سوپای تورک بۆ سەر گوندی جامای سەربە شارۆچکەی شەرا هاوڵاتییەکی دیکەش بەناوی عەبدولقادر حەمۆ شەهیدبوو.[2]
- شەڕقانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات-قەسەدە، هێرشێکی دیکەی سوپای تورک و چەتەکانیان بۆ سەر گوندی حەمام-ی سەربە شارۆچکەی بلبلێ کانتۆنی عەفرین تێکشکاند و گورزی کوشندەیان لێدان.[2]
- ئەمڕۆ ئەڵمانیا نیگەرانی قوڵی خۆی لەبارەی لەشکرکێشییەکەی تورکیا دژ بە کوردەکانی سوریا لە عەفرین دەربڕی و داوای لە ناتۆ کرد گفتوگۆ لەبارەی ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیاوە بکات. زیگمار گابریل، وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند بەرلین بەشێوەیەکی کاتی ڕێکەوتنی چەکی لەگەڵ تورکیا ڕاگرتووە و داوای لە (یەنس ستۆلتنبێرگ)، سکرتێری گشتی ناتۆ کردووە لەناو ناتۆدا لەبارەی بارودۆخی سوریا بە گشتی و باکوری ئەو وڵاتە بەتایبەتی گفتوگۆ ئەنجامبدرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: ئەڵمانیا

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 25-01-2018

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 25-01-2018

[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-01-25
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 271

2018-01-26



رۆژهەڵاتی کوردستان
- منداڵێکی تەمەن 4 مانگ بەناوی (محەممەد سەیفوری)، خەڵکی گوندی کویکی سەیفوری سەر بە شاری سەرپێڵ زەهاو لە سنووری کرماشان، بەهۆی سەرما گیانی لەدەستدا.[4]
- هێزە ئیتلاعاتییەکان هێرشیان کردە سەر گوندی نەرزیوێ سەر بە شاری شنۆ و 7 هاوواڵاتیی خەڵکی ئەو گوندەیان بە ناوەکانی فەتاح عەلی کورد، مامەند عەلی کورد، عومەر، کەماڵ، جەماڵ، عوسمان، و ئەبووبەکر نەوبەخت دەسبەسەر کردووە.[5]
- کۆبوونەوەی چالاکانی مەدەنیی شاری سنە، لە پێوەندی لەگەڵ پشتیوانی کردن لە هاووڵاتیانی شاری عەفرین، بە هۆی پێشگرتنی هێزە ئیتلاعاتییەکانی ئەو شارەوە بەڕێوە نەچوو.[5]
باشووری کوردستان
- مونا قەهوەچی سەرۆکی فراکسیۆنی چاکسازی تورکمانی لەپەرلەمانی کوردستان دەڵێت عەفرین ناوچەیەکی سنوریە لەگەڵ تورکیا، تورکیا مافی خۆیەتی بۆ پاراستنی سنورەکانی هەنگاوی پێشوەختە بمێنێت و هێزی هەبێت لەوێدا، بەڵام نەک بەشەڕ و کردنە ئامانجی بڕاکوردەکانمان.[1]
- لە شاری سلێمانی کۆبوونەوەی ڕاوێژی یەکێتی نەتەوەیی باشوری کوردستان بە دروشمی بە یەکێتی نەتەوەیی کۆتایی بە داگیرکەریی دێتبەڕێوەدەچێت.[3]
- بەشێک لە ماموستایانی ئایینی لە ناوچە جیاجیاکانی باشوری کوردستان لە وتاری هەینیدا، باسی هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیان بۆ سەر عەفرین کرد و ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد، کە بە پێی فەرمودەی خودا ئەردۆغان مەلعون و دژە دین و جەلادە.[3]
- لە گەڕەکی خەباتی سلێمانی تەرمی کچێکی 16 ساڵی بەخنکاوی دۆزرایەوە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- فرۆکەکانی تورک ئەم بەیانییە عەفرینیان بۆردومان کرد و کۆمەڵکوژییەکی زۆریان ئەنجامدا.[2]
- بەیانی ئەمڕۆ کاتژمێر 03:30، فرۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک ناوەندی ناوچەی ماباتا-یان لە کانتۆنی عەفرین بۆردوومان کرد و دوای بۆردوومانەکەش سوپای تورک بە هاوەن دەستیان کرد بە تۆپبارانی ناوچەکە. لە ئەنجامی ئەو بۆردوومان و تۆپبارانانەدا حەوت ئەندامی یەک خێزان شەهید بوون و زیانێکی زۆریش بەر ماڵومووڵکی هاوڵاتیان کەوتووە.[3]
- سەرکردایەتی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) لەبانگەوازێکدا داوا لەهەموو سەربازانی تورکیا و چەکدارانی گروپە جیاوازەکان دەکەن کە تورکیا بەکاربێنەدەستەوە لەشەڕی عەفرین، خۆیان بەدەستەوە بدەن.[1]
- ناوەندی ڕاگەیاندنی هێزەکانی سوریای دیموکرات- قەسەدە، ئاماری کوژراوانی سوپای تورک و چەتەکانی سەر بەو وڵاتەی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند: لەم هەفتەیەدا 308 سەرباز و چەتە کوژراون.[3]

- سەرۆک کۆماری تورکیا ڕایگەیاند لەگەڵ ئەوەی کەشوهەوا نالەبارە و ئە و ناوچەیەی ئۆپراسیۆنی چڵە زەیتوونی تێدا ئەنجامدەدرێت جوگرافیایەکی سەختی هەیە، بەڵام ئۆپراسیۆنەکە تا گەیشتن بە ئامانجەکانی بەردەوام دەبێت.[1]
- سوپای تورک گوندی خەلیلاکا لە سنوری بلبلێی عەفرین تۆپباران دەکات و ئەگەری کۆمەڵکوژی دیکە هەیە، هەروەها لە گوندی مەمیلەش شەڕێکی سەختە.[3]
- جێگری گوتەبێژی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایدەگەیێنێ، بەردەوام دەبن لە دەربڕینی نیگەرانییەکانیان سەبارەت بە ڕەوشی عەفرین. دەشڵێت ناتوانن هاوکاریی مرۆیی بگەیێننە عەفرین.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: زەهاو

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: شنۆ

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: کرماشان

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-01-26
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-01-26
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-01-26
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-01-27

کاتی تۆمارکردن: 2018-01-26

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 272

2018-01-27



دەرەوەی کوردستان

- ژمارەیەکی زۆر لە تاراوگەنشینانی کورد لە ئەوروپا بۆ پشتگیریی عەفرین خۆپیشاندانیان ئەنجامدا.[2]

رۆژهەڵاتی کوردستان

- سامان نەسیم، زیندانیی سیاسیی کورد، خەڵکی شاری مەریوان کە پێشتر بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرچووبوو، بڕیارەکە گۆڕدرا و بووە 5 ساڵ زیندانی.[6]

- لە گوندی ئیمام حەسەنی سەر بە پارێزگای کرماشان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، گرووپێک چەکداری داعش کەوتنە بۆسەی سوپای پاسدارانی ئێران، 6 چەکداریان کوژران و ژمارەیەکیشیان دەستگیرکران. ئاسایشی گەرمیان دەڵێت گرووپەکە هەمان ئەو چەکدارانەن کە چەند رۆژێک لەمەوبەر لە سنووری شاروچکەی بەمۆ بینران.[4]

- هاوواڵاتییەکی کورد بە ناوی خالید قەیسەری خەڵکی کرماشان، کە چەند رۆژ پاش نارەزایەتییە خەڵکییەکان، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەستبەسەر کرابوو، ئەمڕۆ لە گرتووخانەی ئەو شارە گیانی لە دەستدا.[6]

باشووری کوردستان

- وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئاشکرایدەکات حکومەتی بەغدا جارێکی تر دەستیکردەوە بە ناردنی بەشە دەرمانی هەرێمی کوردستان.[1]

- فیدراسیۆنی تۆپی پێی کوردستان بە ئامادەبوونی سەرجەم ئەندامانی لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیان بڕیاریاندا سەفین کانەبی سەرۆکی فیدراسیۆنەکە بەهۆی ئەوەی لە یاری نێوان سەید سادق و دەربەندیخان لە گەڕی دووەمی خولی یانە پلەیەکەکانی کوردستان لەگەڵ هاندەرێک نێرگەلەی کێشا بە بڕی 250 هەزار دینار سزا درا.[5]

رۆژئاوای کوردستان

- فرۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک گوندەکانی دەوروبەری شارۆچکەی بلبلێ کانتۆنی عەفرین بۆردوومان دەکەن.[2]

- لە ناوچەی کەفڕ-ی سەربە ڕاجۆ لە سنووری عەفرین، شەڕێکی سەخت لەنێوان شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات – قەسەدە، و سەربازانی تورک و چەتەکانی سەربەو وڵاتە بەڕێوەدەچێت.[3]

- لەوەتەی ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیا و سوپای ئازادی سووریا بۆ سەر هەرێمی عەفرین دەستیپێکردووە، هەزاران کەس لە دەوروبەری عەفرین ئاوارەبوون و لەگەڵ تێپەڕبوونی هەر رۆژێکیشدا، ژمارەی ئاوارەکان زیاتر دەبێت.[4]

- یونیسێف ئاشکرایکرد، کە لە ئەنجامی هێرشەکانی سوپای تورک بۆ سەر عەفرین زیاتر لە 11 منداڵ کوژراون.[3]

- وتەبێژی یەپەگە ڕایدەگەیەنێت، تا ئێستا چوار تانکی سوپای تورکیایان تێکشکاندووە.[1]

- شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات هێرشی سوپای تورک بۆ سەر گوندی کەفڕێ کەر-ی سەربە شارۆچکەی ڕاجۆی کانتۆنی عەفرینیان تێکشکاند و شەڕ لە گوندی عەلی بیسکێ شەڕ بەردەوامە.[3]

- ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ڕۆحانی ئێزدییان ڕایدەگەیەنێت لە سنووری عەفرین زیاتر لە 15 گوندی ئێزدینشین هەن جگە لەوەی

لەناوعەفرین و گوندەکانی تر لە زۆربەیان ئێزدی هەن، بەڵام دوای ئۆپراسیۆنی تورکیا بۆسەر عەفرین، تائێستا 6 گوندی ئێزدینشین بۆردومانکراون.[1]
- سەرۆکی پەڕڵەمانی تورکیا ڕایگەیاند، هێرش بۆسەر عەفرین جیهادە لە پێناوی ئەڵڵادا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-01-27
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-01-27
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-01-27
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2018-01-27
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-01-27
کاتی تۆمارکردن: 2018-01-27
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 273

2018-01-28



باکووری کوردستان
- حکومەتی تورک لە 11 شوبێی سەر بە شارۆچکەی ئەلکەی شرناخ قەدەغەی هاتووچۆی ڕاگەیەندووە، بە مەبەستی ڕێخۆشکەریی بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی بۆ سوپای تورک.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی هەواڵە بڵاوکراوەکان، ئیدارەی گەیاندنی زانیاریی پەروەردە و بارهێنان لە پارێزگای ورمێ لە ڕاگەیندراوێکدا، بڵاوی کردەوە، بە هۆی بارینی بەفر و ساردبوونی کەشوهەوا و سەهۆڵبەندانەوە، هێندێک لە قوتابخانەی گوند و ناوچە و شارەکانی دەوروبەری ورمێ وەکوو: ئەنزل، نازلوو، سیلوانا و سۆما و برادۆست، لە تەواوی قۆناغەکانی خوێندن و هەروەها لە شارەکانی پیرانشار، شنۆ، مەهاباد، سەردەشت و بۆکانیش لە تەواوەی قۆناغەکانی خوێندن و لە شاری تیکابیش قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیی دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ داخراون.[3]
- پێکدادان لەنێوان هێزەکانی سوپای پاسداران و گرووپێکی چەکداری داعش لە ناوچەی ئەزگەلە لە ڕۆژئاوای پارێزگای کرماشان بەردەوامە.[2]
- پەرلەمانتارە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نامەیەکی ناڕەزایبیان دایە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووکان، بۆ ئیدانەکردنی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین، باڵیۆزی تورکیا لەتاران هەڵوێستی ئەو نوێنەرانە بە تۆمەتێکی بێبنەما ناوەدبات.[1]
باشووری کوردستان
- مامۆستا و خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی لە گردبونەوەیەکدا پشتگیری خۆیان بۆ عەفرین پیشاندا و بڕیاریشە لە ڕۆژانی داهاتودا ژمارەیەک چالاکی بەو بۆنەیەوە ئەنجامبدەن.[1]
- وتەبێژی حەشدی شەعبی ڕایدەگەیەنێت، بەهۆی ئارامی دۆخی ئێستای خورماتووەوە ئاوارەکان دەگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان و تا ئێستا نزیکەی 400 خێزان گەڕاونەتەوە سەر ماڵەکانیان.[4]
- بەمەبەستی پاڵپشتی بۆ عەفرین چەند چالاکوانێکی مەدەنی شاری هەولێر داوایان لە پارێزگای هەولێر کرد ڕێگەیان پێبدرێت خۆپیشاندانێک لە بەردەم کونسوڵخانەی تورکیا ئەنجامبدەن، بەڵام داواکاریەکەیان ڕەتکرایەوە.[1]
- بەهۆی بارینی بەفرەوە جموجۆڵی بازرگانی لە حاجی ئۆمەران بەربەستی بۆ دروستبووە.[6]
- لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی بەرفراوان و نوێنەری بەشێکی زۆر لە حزب و لایەنە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و مامۆستایانی ئاینی و مامۆستایانی زانکۆی گەرمیان و بەشێک لە بەڕێوەبەرانی دەزگا ئەمنی و خزمەتگوزارییەکانی ناوچەکە، ڕێپێوانێک لە پارکی لەیلا قاسمەوە بۆ ناوبازاڕی کەلار، بۆ پشتگیریی عەفرین بەڕێوەچوو.[5]
- کاژمێر 9:45 خولەکی ئەمشەو لەگەڕەکی (حەی خضراء)ی شاری کەرکووک ژمارەیەک چەکدرای نەناسراو تەقەیان لە (عودەی سالح ئیبرهیم) کرد ناوبراو ئەندامی شارەوانی شارەدێی (ڕەشادە) و دانشتووی گەڕەکی (حي نداء)ی شاری کەرکووک نزیک مەعرەزەکان و دەست بەجێ گیانی لەدەستداوە.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بە بەردەوامی چیای قەستەل لە سنووری عەفرین بۆردوومان دەکەن. شەڕقانانی یەپەگەش سەنگەرەکانیان لەسەر چیای قەستەل چۆڵنەکردووە و شەڕ دەکەن. هەندێک لە سەنگەرەکانیان تەنیا دوو کیلۆمەتر لە سنووری تورکیاوە دوورن.[2]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک گوندی شێخۆرزێی سەربە شارۆچکەی بلبلێی کانتۆنی عەفرین بۆردومان دەکەن.

هەروەها لە لایەکی دیکەوە، بەنداوی (مەیدانکێ)ی سەر بە شاروچکەی شەرا یان بۆردومان کرد.[5]
- بە گوێرەی ڕاگەیەندراوێکی ناوەندی هێزەکانی سوریای دیموکرات- قەسەدە، فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ گوندی حاج خەلیلیان بۆردومان کردووە و لە ئەنجامیدا ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیان شەهید و بریندارببوون.[5]
- ڕۆیتەر فیزک، ڕۆژنامەنووسێکی بەریتانییە و لەبارەی دۆخی مەدەنییەکانی نێو عەفرین ڕاپۆرتێکی تایبەتی لە ماڵپەڕی ئیدنیپێندێنتی بەریتانی بڵاوکردووەتەوە و تێیدا باس لە بارودۆخی مرۆیی و زیانەکانی ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوونی تورکیا بۆسەر مەدەنییەکانی عەفرین کردووە.[2]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک، لە گوندی گوبەلێ-ی سەر بە شاروچکەی شێراوا لە کانتۆنی عەفرین، کۆمەڵکوژییەکیان پێکهێنا.[5]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، شەڕقانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات-قەسەدە، لە دەوروبەری گوندی عەلی بیسکا-ی سەر بە شاروچکەی ڕاجۆ لە عەفرین، تانکێکی دیکەی سوپای تورکیان تێکشکاند.[5]
- هاوسەرۆکایەتیی خوێبەڕێوبەرێی دیموکراتی کانتۆنی عەفرین، داوای پشتگیریکردنی عەفرین-ی بەرامبەر هێرشەکانی سوپای تورک، ئاراستەی جیهان کرد.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شاروچکەکان: بۆکان
شار و شاروچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شاروچکەکان: سلێمانی
شار و شاروچکەکان: سەردەشت
شار و شاروچکەکان: شنۆ
شار و شاروچکەکان: شرناخ
شار و شاروچکەکان: عەفرین
شار و شاروچکەکان: مەهاباد
شار و شاروچکەکان: هەولێر
شار و شاروچکەکان: ورمێ
شار و شاروچکەکان: کرماشان
شار و شاروچکەکان: کەرکووک
شار و شاروچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-01-28
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-01-28
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-01-28
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری خەندان - 2018-01-28

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 28-01-2018
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 28-01-2018
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 274

2018-01-29



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- پاش تێپەڕبوونی نزیک بە سێ مانگ بە سەر بوومەلەرزەکەی پارێزگای کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هێشتا هیچ خزمەتگوزارییەکی ئەوتۆی لێقەوماوان نەکراوە و ئەو هاوڵاتیانە لە چادرەکان دا دەژین و سەرما زیاتر لە هەمیشە هەڕەشە لە ژیانیان دەکات.[1][2]
- گروپی شاخەوانیی چلچەمە، چوونە سەر لوتکەی چیای ئارێز کە کەوتووەتە باشوری شاری سنەوە و بە بەدەستەوە گرتنی پانکارد، هێرشی سوپای تورکیان بۆ سەر عەفرین شەرمەزارکرد.[2]
- دوو زیندانی کورد خەڵکی شاری ورمێ لە زیندانی ناوەندیی ئەو شارە لە سێدارە دران. شوناسی ئەو دوو هاووڵاتییە کوردە بە ناوەکانیمێهران بهشاد و فەرهاد ئالیا خەڵکی شاری ورمێ ڕاگەیەندراوە. ئەو دوو زیندانییە کوردە بە تۆمەتیکوشتنی بە ئەنقەس لە لایەن دەزگای قەزایی حکوومەتی ئێرانەوە بە قیساس مەحکووم و ئێعدام کران.[5]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر 3:30ی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ دوو فڕۆکەی جەنگی دەوڵەتی تورک گوندەکانی شارەدێ-ی زەلان-ی ناوچەی شارباژێڕ-یان بۆردوومان کرد. بۆردوومانەکە جگە لە زیان گەیاندن بە ڕەز و باخی هاوڵاتیان، هیچ زیانێکی گیانیی نەبووە.[2]
- لەچوارچێوەی پشتیوانییەکانی بۆکانتۆنی عەفرین لە بەرامبەر پەلاماڕەکانی دەوڵەتی تورک، لە شاری سلێمانی بە هەزاران کەس ڕژانە سەر شەقام و دەستیان بە خۆپیشاندان کرد.[2]
- سەرجەم فراکسیۆنە کوردییەکان بایکۆتی کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراقیان کرد. بایکۆتکردنی ئە و کۆبوونەوەیە لەلایەن فراکسیۆنە کوردییەکانەوە بە هۆی ئەوە بوو کە سەرۆکایەتی پەرلەمان پرسی تاوتوێکردنی پرۆژەیاسای بودجەی خستە خشەی کاری دانیشتنەکەوە کەپێشتر تیایدا نەبوو.[3]
- ئەمڕۆ و دوای ڕاگەیاندن و ئامادەکاری تەواو، فیرقەی 20ی سوپای عیراق لە شاری کەرکووک بەرەو موسڵ جوڵەیان پێکرا و لە بری ئەوان هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵی شوێنەکانیانیان پرکردەوە.[2]
- هەرێەک لە تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان و جوڵانەوەی نەوەی نوێ و بەرەی دیموکراسی گەل، بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق هاوپەیمانێتییەکی نوێیان ڕاگەیاند.[2]
- حکومەتی عێراق بڕیاری خەرجکردنی 250 ملیار دیناری بۆ مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دەرکرد، سەرچاوەیەکیش لە وەزارەتی دارایی دەڵێت بڕێک پارە گەیشتووە.[4]
- گردبوونەوەیەکی ناڕەزایی لەلایەن پەرلەمانتار و چالاکانی چوار پارچەی کوردستان لەبەردەم بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان لە

هەوڵێر ڕێکخرا و بەیاننامەیەکی ناڕەزایی خوێندرایەوە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بۆ ڕۆژی 10یەم، عەفرین ڕووبەڕووی هێرشی دڕندانەی تورک دەبێتەوە و هێشتا هەر خۆڕاگرە.[1]
- سوپای تورک دەستیکرد بە تۆپبارانکردنی ناوچەکانی دەوروبەری جندرێس و گوندی حەمامی سەربەو شارە، لە کانتۆنی عەفرین.[2]
- بەرێوبەرایەتیی نەخۆشخانەی ئاڤرینی عەفرین ڕایگەیاند، کە گومان هەیە سوپای تورک ئەو چەکانەی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە قەدەغەکراون لە دژی هاوڵاتیانی مەدەنی بەکار بێنێت.[2]
- شەڕڤانان، تانکێکی دیکەی سوپای تورکیان لە شارۆچکەی شێراوای سەر بە عەفرین تێکشکاند.[2]
دەرەوەی کوردستان
- کۆنگرەی نیشتمانی سووریا ئەمڕۆ لە سۆچی، ڕووسیا دەستپێدەکات و دوو ڕۆژ بەردەوام دەبێت، ڕووسیا ئامادەکارییەکی بێوێنەی بۆ کۆنگرەکە کردووە و ڕایگەیاند نامەی بانگهێشتکردن بۆ زیاتر لە 1600 کەس نێردراوە. پەیەدە و ئەنەکەسە بەشداری ناکەن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: جووڵانەوەی نەوەی نوێ
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-01-29
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-01-29
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-01-29
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-01-29
کاتی تۆمارکردن: 2018-01-29
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 275
2018-01-30



باکووری کوردستان
- کاژێر 08:00ی بەیانی، لە ڕێگای سەرەکیی نێوان پارێزگای وان - جۆڵەمێرگ لە نزیک شارۆچکەی گورپنار، پاسێکی نەفەرهەڵگر و بارهەڵگرێک خۆیان بەیەکدا کێشا، بەهۆیەوە هەشت کەس گیانیان لەدەستدا و دوو کەسی دیکەش بریندار بوون. [1]
- بۆ جاری 726-ەمین، داواکاری پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پەکەکە، بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئۆجالان، لە لایەن داواکاری گشتی دادگای کۆمارپی بۆرسا-ی تورکیاوە ڕەتکرایەوە.[2]
- پۆلیسی تورک نۆ کەسی لە شاری وان، بەو بەهانەیەی کە بەتەما بوون دژی ئۆپەراسیۆنی داگیرکردنی عەفرین چالاکی ئەنجام بدەن.[2]
باشووری کوردستان
- ڕێپێوانی مەودا درێژی ڕێکخراوی ژنانی گەنجی تێکۆشەر و کۆمەڵەی گەنجانی وڵاتپارێزی کوردستان لە شارێ سالم (سەهۆڵەکە)ی شاری سلێمانی بەڕەو کانتۆنی عەفرین-ی ڕۆژئاوای کوردستان دەستیپێکرد.[2]
- بزووتنەوەی گۆڕان دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستانی بایکۆت کرد بەهۆی ئەوەی دانیشتنەکە تایبەت نەکرابوو بە لەشکرکێشی تورکیا بۆسەر کانتۆنی عەفرین لە ڕۆژئاوای کوردستان.[4]
- لەژێر ناوی (عەفرین ناکەوێت)، لە زانکۆی سلێمانی کۆنسێرتێکی میوزیک، بۆ پشتیوانییکردن لە بەرخۆدانی عەفرین سازدرا.[2]
- گروپی دەواری خزمەت بەهاوکاری ڕێکخراوی زار بۆ بەرگری لە ئازادییەکان لەهۆڵی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە شاری هەولێر پانێلێکی تایبەتی لەژێر ناوی (عەفرین لێرەیە) ئەنجامدا بۆ هەریەکە لە سالار مەحمود ئەندامی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و تارا حسێن، وتەبێژی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان و کارۆخ عوسمان چاودێری سیاسیی.[2]
- لوئەی خەتیب، شارەزای سیاسەتی نەوت کە بە کەسێکی نزیک لە حکومەتی عێراق دادەنرێت لە توێتێکدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر ڕایگەیاندووە، حکومەتی هەرێم ڕازی بووە دەستبەرداری کێڵگەی نەوتی خورمەڵە ببێت بە مەرجێک حکومەتی عێراق 22 ملیار دۆلاری قەرزی هەرێمی کوردستان بداتەوە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هێرشە ئاسمانییەکانی سوپای تورک بۆ سەر عەفرین بەردەوامە و لە چەندین شوێنیشەوە لە نێوان شەڕقانان و هێزەکانی سوپای تورکدا شەڕ و پێکدادانە.[3]
- وتەبێژی یەپەگە لە عەفرین ڕایگەیاند، شەڕ بە سەختی لە ناوچەی جندرێس و ڕاجۆ بەردەوامە، سوپای تورکیا بە بۆمبای هێشووپی سەنتەری شارەدێیەکە و دەوروبەری بە چڕپی بۆردومان دەکات.[4]
- قەسەدە ڕایگەیاند، فڕۆکە جەنگییەکانی تورک لە بۆردوومانەکانی شارۆچکەی جندرێس-دا، ئۆتۆمبێلی هاوڵاتیانی مەدەنییان کردووەتە ئامانج و بەهۆیەوە 3 کەس بریندار بوون.[2]
دەرەوەی کوردستان
- کۆنگرەی سوچی بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی سوریا بەهۆی شەڕەدەم و جنێودان لەنێوان بەشداربووانداء بەناچاری پۆلیسی ڕوسی کە ڕەوشی ئەمنی کۆنگرەکەی لەئەستۆ بوو، دەستوەردانی کرد و کەوتە ناوبژیکردن.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: وان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-01-30
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-01-30
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-01-30
کاتی تۆمارکردن: 2018-01-30
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 276

2018-01-31



باکووری کوردستان
- بە مەبەستی ڕێخۆشکەری بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی سوپای تورک، پارێزگاری تورکی دەرسیم، لە30 ناوچەی سەر بەو پارێزگایەی باکوری کوردستان قەدەغەی هاتووچۆی ڕاگەیاند.[1]
باشووری کوردستان
- ڕێپێوانی سەرتاسەری بۆ پشتگیریی عەفرین لە هەڵەبجە دەستپێکرد و چین و تونژە جیاوازەکانی هەڵەبجە ڕژانە سەر شەقامەکان.[1]
- شەوی ڕابردوو، ژنێکی تەمەن 36 ساڵ بەناوی ناهیدە بابەحەسەن لە قادر کەرەم بە چەکی کڵاشیەکێتیی نیشتمانیی

کوردستانۆف کوژرا و کەسوکارەکەشی دەڵێن خۆی خۆی کوشتووە.[1]
- لە ژێر ناوی دیداری قۆناغەکانی هەڵکەوتنی ئارام-ی سەرکردە، یادی شەهید ئارام کرایەوە و تێیدا پانێڵێک لەسەر خەبات و تێکۆشانی شەهید ئارام پێشکەشکرا، پانێڵیستەکان لەسەرەتای قسەکانیاندا سڵاویان لە بەرخۆدانی عەفرین کرد.[2]
- لە شاری کەرکووک ژمارەیەک خوێندکار گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و تێیدا پشتگیری بەرخۆدانی عەفرینیان کرد.[1]
- لە شاری هەولێر مەراسیمێک بۆ شەهید محەمەد هادی ناسراو بە باشور سۆران ئەنجامدرا.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان (بەرخۆدانی عەفرین، ڕۆژی 12هەم)
- دوای ئەوەی سوپای تورکیا توانی ناوچەیەک لە شاری عەفرین داگیربکات، لەنیوەشەوی ڕابردوودا یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) هێرشیان کردە سەر هێزە مۆلدراوەکەی تورکیا و بە کوژراو و بریندارێکی زۆر و زیانێگی گەورەی ئامێرە جەنگیەکانیانەوە پاشەکشەیان پێکردن.[2]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆش سوپای تورک بەردەوام بوو لە هێرشەکانیدا بۆ سەر ناوچە جیاوازەکانی کانتۆنی عەفرین و لە چەندین شوێن شەڕی سەختە. لە گوندەکانی قورنێ، گردی شێخورزێ و عبێدانی سەربە شارۆچکەی بلبلێ کانتۆنی عەفرین شەڕی سەخت لە نێوان شەرڤانان و هێزەکانی سوپای تورکدا بەردەوامە.[2]
- هێزەکانی سوپای تورک گەرەکی ئەشرەفییەی ناوەندی عەرفرین تۆپباران دەکەن، لەو تۆپبارانەدا 12 کەس بریندار بوون کە دووانیان منداڵن و دوانیان ژن، شەهیدیش هەیە.[1]
- وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیا ڕایگەیاند، بەسەدان کەس کە بەشێکیان هاوڵاتی مەدەنین لە پرۆسە سەربازییەکەی تورکیا بۆسەر شاری عەفرینی سوریا کوژراون.[2]
- فڕۆکەکانی سوپای تورک گوندی خالیدیە سەربە ناوچەی شێڕاوا لە کانتۆنی عەفرین-یان بە تەواوی وێران کرد.[1]
- فەرماندارێتی گشتی یەپەگە لە عەفرین لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاماژە بەوە دەکات: بە بۆنەی چالاکی خۆبەخشی شەهید ئافێستا خابوورەوە، بەرخۆدانی عەفرین لە بەرگری سەردەمەوە دەگۆڕێت بۆ ئافێستا خابوور و درێژە بە خۆڕاگری خۆی دەدات.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-01-31
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-01-31
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کەی ئێن ئێن - 2018-01-31
کاتی تۆمارکردن: 2018-01-31
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 277

2018-02-01



باکووری کوردستان
- بەگوێرەی هەواڵێک کە لە میدیا تورکەکان بڵاوکراوەتەوە، ئەمڕۆ لە چەلێی سەربە جولەمێرگ گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل چالاکیان ئەنجامداوە لە دژی سوپای تورک. ئەگەرچی میدیاکانی تورکیا بریندارببوونی پێنج سەربازی تورک-یان ڕاگەیاندووە، بەڵام هێشتا ناوەندی ڕاگەیاندنی هەپەگە لە بارەی ئەو چالاکییەوە ڕاگەیەندراوی بڵاونەکردووەتەوە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- حوکمی 25 ساڵ زیندانی تەعزیریی زیندانییەکی سیاسیی کورد، بە ناوی حاسڵ عەزیزی خەڵکی گوندی قەرەسەقەلی شنۆ لە دادگای پێداچوونەوەی پارێزگای ورمێ، بۆ 20 ساڵ کەم کرایەوە.[5]
- بەشێک لە پارێزەرە کوردەکانی نیشتەجێی پێتەختی ئێران، بۆ پشتیوانی لە عەفرین لە بەردەم بینای نوێنەرایەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆبوونەوە و خوازیاری هەنگاوی جیددی و بەپەلەی ئەم ڕێکخراوە، بۆ ڕاگرتنی شەڕ لە عەفرین بوون.[5]
- دوو هاوواڵاتیی کورد بە ناوەکانی مەهەدی فەرەجی و ئەیووب عەزیزی خەڵکی شارۆچکەی ڕوانسەر، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکان دەسبەسەر کردووە و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوازراون.[5]
باشووری کوردستان
- لە هەولێر سااڵیادی تەقینەوەکانی 1ی شوبات بەرزڕاگیرا.[2]
- لە شاری پزیشکیی فاروق لە سلێمانی کۆنفرانسێک بۆ نەخۆشییەکانی دڵ بەڕێوەچوو.[3]
- فڕاکسیۆنە کوردییەکان لە بەغداد لەگەڵ حەیدەر عەبادی لەسەر مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان و بودجە و کردنەوەی فڕۆکەخانەکان کۆبوونەوە.[4]
- لە زنجیرە چیاکانی شاخی بەمۆ، هێزەکانی ئاسایش دەستیانگرت بەسەر حەشارگەیەکی چەک و تەقەمەنی گروپە چەکدارەکانی داعشدا.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان (بەرخۆدانی عەفرین، ڕۆژی 13هەم)
- فڕۆکە جەدنگییەکانی سوپای تورک گوندەکانی گوندی مەزن، باشمەرا و باسوفانی سەربە شارۆچکەی شێراوای عەفرین کە زۆربەی هاوڵاتییەکانیان ئێزدین بۆردومان دەکەن.[1]
- لە شارۆچکەی بلبلێ سەر بە عەفرین لە ڕۆژئاوای کوردستان شەڕفانانی یەپەگە هێرشیانکردە سەر سوپای تورکیا و لە ئەنجامدا 15 سەربازی سوپای تورکیا کوژران. تورکیاش سێ گوند لە شێراوە بۆردوومانەدەکات کە دانیشتووانەکەی کوردی ئێزدین.[2]
- یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) دژە هێرشیان بۆ سەر سوپای تورکیا و گروپە چەکدارە هاوپەیمانەکانی لە سنوری باکور و ڕۆژئاوای شاری عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان ئەنجامدا.[3]
- 106 پارێزەری کورد کە دانیشتووی وڵاتانی ئەورپان، بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک هێرشی سەر عەفرینیان شەرمەزار کرد و بانگەوازی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییان کرد هەستیار بێت بەرامبەر بە عەفرین.[1]
- شەڕفانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات لە گوندی قورنەی سەر بە شارۆچکەی بلبلێ کانتۆنی عەفرین، ئۆتۆمبێلێکی سەربازیی سوپای تورکیان تێکشکاند. هەروەها لە گوندی زەرێی سەر بە بلبلێ لە چالاکییەکی شەرفاناندا دژی سوپای تورکدا

20 سەرباز و چەتەی سوپای تورک کوژران.[1]
- سوپای تورک ناوەندی شارۆچکەی جندرێسی کانتۆنی عەفرین و هەروەها گوندەکانی کۆتانا و قەرەکۆلای سەربە بلبلێ تۆپباران دەکات.[1]
- پەرلەمانی ئەڵمانیا کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا بۆ تاوتوێکردنی پرسی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر هەرێمی عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان و تیایدا فراکسیۆنە جیاوازەکان هەڵوێستی خۆیان لەدژی ئە و هەڵمەتە ڕاگەیاند و داواکرا کە فرۆشتنی چەکی ئەڵمانی بە حکومەتی ئەنقەرە ڕابگیرێت. لەوکۆبوونەوەیەدا نوێنەری پارتی سەوزی ئەڵمانیا جەختی کردەوە کە بەهۆی ئە و هێرشانەی تورکیاوە هاوڵاتیانی مەدەنی لە عەفرین کوژراون و ڕاشیگەیاندنابێت ئەڵمانیا چەک بە تورکیا بفرۆشێت. هاوکات نوێنەری پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا لە و کۆبوونەوەیەدا جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین ڕابگیرێت و وتیشیهێرشەکان بۆ سەر عەفرین نیگەرانی کردووین.[3][4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: بەغدا
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: وەرێ
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئێراق
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-02-01
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-02-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-02-01
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-02-01
کاتی تۆمارکردن: 2018-02-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 278

2018-02-02



باکووری کوردستان
- لە پارێزگای خەرپێت، 7 کەس بە تۆمەتی سووکایەتیکردن بە ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیا بۆ سەر عەفرین دەستگیرکران.[1]
- هێزە ئەمنییەکانی تورکیا لە ئەنقەرە هەڵیانکوتایە سەر مااڵی سۆنگول ئاکبای ڕاوێژکاری فیگەن یوکسەکداغ، هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە و دوای گەڕان و پشکنین لە نێو ماڵەکەیدا، دەستگیریان کرد و ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشیان کرد.[1]
- گەریالاکانی پەکەکە بە ئەنجامدانی چەند چالاکییەک وەاڵمی هێرشەکانی تورکیایان بۆ سەر عەفرین دایەوە و بەرپرسێکی هەپەگە ڕایدەگەیەنێت، لە ماوەی 48 کاتژمێری ڕابردوودا 22 سەربازی تورکیا کوژراون.[2]
باشووری کوردستان
- لەبەردەم پارکی شانەدەر لە شاری هەولێر، دەستەی پشتیوانی لە عەفرین، ئاهەنگێکیان بۆ پیرۆزکردنی سەرکەوتنەکانی عەفرین و دووپاتکردنەوەی پشتیوانیی بۆ عەفرین ئەنجامدا.[4]
- سایلۆی سلێمانی تەقێندرایەوە.[3]
- ڕێپێوانی گەنجانی وڵاتپارێزی باشوری کوردستان، کە لە شاری سلێمانییەوە بەڕێ بەرەو عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان بەڕێکەوتبوون، ئەمڕۆ لە چوارەمین ڕۆژیدایە، لە خاڵی پشکنینی دێگەلە ڕێگریان لێ کرا.پاشان کاتژمێر 05:00 ی ئێوارەی، چەکدارانی پارتی لەبەردەم بازگەکە دەستڕێژی گوللەیان لە ڕێپێوانی گەنجان کرد و دووانیان بریندار بوون.[4]
- لە هۆڵی ڕۆشنبیری لە شاری سلێمانی بە بەشداری جەماوەرێکی زۆر و بە دەستپێشخەری ڕێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان-ڕژاک یادی شەهید ڤیان جاف کرایەوە.[4]
- کونسوڵخانەی ئێران لە هەولێر لە ڕاگەیاندراوێکی بەپەلەدا دەڵێت هیچ مەرزێکی نافەرمی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و عێراق یان هەرێمی کوردستان دانەخراوە و ئاڵوگۆڕ و بازرگانی و هاتوچۆ تیایدا ئاساییە و ئەو سەرچاوانە ڕاستنین کە باس لە داخستنیان دەکەن.[2]
- بە مەبەستی پێکهێنانی ئەنجومەنێکی باڵا بۆ سەرجەم کاکەییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ لە شاری هەڵەبجە کاکەییەکان کۆبوونەوە و بڕیار درا ئەنجومەنێکی باڵای تایبەت بە کاکەییەکان دروستبکرێت، ئەندامێکی بەشداری کۆبونەوەکەش هۆکاری پێکهێنانی ئەو ئەنجومەنە باڵایە بۆ دواڕۆژ ئاشکرا دەکات.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان

- وتەبێژی یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە لە عەفرین ڕاگەیاند، شەڕێکی سەخت لە ناحیەی جندرێس و ڕاجۆ و بلبل لە نێوان شەڕڤانان و سوپای تورکیا دەستیپێکردووە و شەڕڤانان شکستیان بەهێرشێکی سوپای تورکیا لە ناحیەی جندرێس هێناوە و دەیان کوژراویان لێبەجێ ماوە.[2]
- لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە شارۆچکەی عەین عیسای سەر بە ناوچەی گرێسپی، ڕیدور خەلیل، بەرپرسی گشتیی پەیوەندییەکانی هێزەکانی سوریای دیموکراتهەسەدە، ئاماری شەڕ و بۆردوومانەکانی لەماوەی ئەم هەفتەیەدا لە عەفرین ڕایگەیاند، کە لەماوەی هەفتەی ڕابردوودا، 473 سەربازی سوپای تورکیا و چەکدارە هاوپەیمانەکانی سەر بەو وڵاتە کوژراون.[2]
- لەدرێژەی هێرشە بەردەوامەکانی بۆ سەر عەفرین، سوپای تورک شارۆچکەی ڕاجۆ لە عەفرین تۆپباران دەکات.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-02-02
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-02-02
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-02-02

کاتی تۆمارکردن: 2018-02-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 279

2018-02-03



باکووری کوردستان
- لە باکووری کوردستان و لە تورکیا لەسەر پاڵپشتی عەفرین و دژایەتی هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەر ئەو شارە سەدان کەس دەستبەسەرکراون، یەک لە گیراوەکان بەرپرسی سەندیکای پزیشکانە. [3]
- ناوەندی ڕاگەیاندی هەپەگە کوژرانی دوو سەرباز و بریندارببوونی دوو سەربازی دیکەی لە شەمزینانی باکوری کوردستان ڕاگەیاند.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- 24 ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی و بەبڵاکردنەوەی ڕاگەیەندراوێکی هاوبەش داواین کرد، کە سزای سێدارەی ڕامین حسێن پەناهی لابببرێت، لەلایەکی دیکەوە 1589 چالاکوانی مەدەنی نامەیەکیان واژۆکردووە هەر بەو مەبەستە.[2]
- چالاکێکی مەدەنی خەڵکی شاری کرماشان بە ناوی سەعید ئیقبالی بە فرۆکە لە شاری کرماشانەوە بۆ بەندی 209ی زیندانی ئێڤین گوازرایەوە.[4]
- هاوولاتییەکی کورد بە ناوی ئازاد ڕۆستەمی خەڵکی گوندیتەوریوەر سەر بە شاری سنە، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.[4]
باشووری کوردستان
- بەهۆی داخستنی مەرزی پشتە لە سنوری بەمۆ لە لایەن حکومەتی عێراقەوە شۆفێرانی ئە و مەرزە خۆپیشاندانیان دەستپێکرد و ڕێگای نێوان کەلار و سلێمانییان داخست و ئیدارەی شارەدێیەکەش خۆپیشاندانەکە بە بێ ئەنجام ناوەبات.[1]
- گەنجانی ولاتپارێزی کوردستان باس لەوە دەکەن، کە سەرەڕای هێرش و ئاستەنگییەکانی پارتی، درێژە بە ڕێپێوانەکەیان بەرەو عەفرین دەدەن.[2]
- ڕێکخراوی ئینەف (Enough) بۆ بەرگریی لە مافی مرۆڤ و ئازادیی ڕۆژنامەگەریی و چەند چین و توێژێکی جیاواز لە باشوری کوردستان، کەمپەینێکی واژۆ کۆکردنەوەیان بۆدەرکردنی سوپای تورک لە باشور ڕاگەیاند.[2]
- لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، ئەمرۆ (بزوتنەوەی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان) ڕاگەیەندرا، کە بزوتنەوەیەکی سیاسییە و باکگراوەندێکی چەپی هەیە.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئۆپراسیۆنی تورکیا لەعەفرین بۆ ڕۆژی 15مین بەردەوامە و لەبەرامبەردا شەڕڤانانی یەپەگە و هەسەدە هێرشی پێچەوانە ئەنجامدەدەن و لە شارەدێی بلبل 11 ئەندامی گروپە چەکدارە هاوپەیمانەکانی تورکیا کوژراون.[1]
- سوپای تورک گوندی حەج حەسنای سەربە شارۆچکەی شیبەی کانتۆنی عەفرین کاتیوشاباران دەکات.[2]
- لە ڕاگەیێندراوێکدا ئیئتیلافی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا، کە لەدوای شێواندن و سووکایەتی بە تەرمی بارین کۆبانی، کچە شەڕڤانی یەپەگە بلاویکردووەتەوە، سەرکۆنەی کردووەکە و هەموو ئەو کەسانە دەکات کە دەستیان لە پێشێلکارییەکەدا هەبووە.[3]
- شەڕڤانانی یەپەژە، تانکێکی دیکەی سوپای تورکیان لە نزیک شارۆچکەی بلبڵ-ی سەر بە عەفرین تێکشکاند.[2]
- سوپای تورکیا لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی (چڵە زەیتوون) بۆ سەر عەفرین، لە ماڵپەڕی فەرمیی خۆیدا کوژرانی 3 سەربازی دیکەی ڕاگەیاند.[3]
- سەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیا لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی (چڵە زەیتوون) بۆ سەر عەفرین، کوژرانی 5 سەربازی وڵاتەکەی لە پێکدادانەکانی ئەمڕۆدا ڕاگەیاند. هەر ئەمڕۆ کوژرانی سێ سەربازی دیکەش ڕاگەیێندرابوو.[3]

دەرەوەی کوردستان
- ئیبراهیم جەعفەری، وەزیری دەرەوەی عێراق لە میانی لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ تەلەفیزیۆنی ڕەسمی سوریا وتی، عێراق هەر دەستێوەردانێکی دەوڵەتێکی بیانی بۆسەر وڵاتێکی دیکە ڕەتدەکاتەوە، وتیشی ئەوە ستراتیجییەتێکی نەگۆڕە. جەعفەری ئاماژەی بەوەشکرد هەروەک چۆن لە پەیوەندیمان لەگەڵ تورکیادا پابەندبووین بە ڕەتکردنەوەی دەستێوەردان لە باشیک. بەهەمانشێوە ئۆپراسیۆنی چڵە زەیتوونی تورکیا بۆ سەر عەفرین ڕەتدەکەینەوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: شەمزینان
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-02-03
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-02-03
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-02-03
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-02-04
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2018-02-03
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 280

2018-02-04



رۆژهەڵاتی کوردستان
- هاوواڵاتییەکی کورد، بە ناوی میلاد دلارا خەڵکی سەقز، لە لایەن دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە بە 15 مانگ زیندان مەحکووم کرا. ئەم هاوواڵاتییە کوردە تۆمەتی بەشداری کردن لە پشتیوانیی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان و تێکدانی ئاساییشی گشتی خراوەتە پاڵی.[5]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر 12:50 خولەکی شەوی ڕابردوو، بومبەلەرزەیەکی بەهێز شارۆچکەی سۆرانی هەژاند، بومبەلەرزەکە هیچ زیانی بەدواوە نەبووە.[1]
- بەهۆی نیگەرانیان لەسیستمی پاشەکەوتی مووچە و پێنەدانی لەکاتی خۆیدا مامۆستایانی سنوری پەروەردەی کۆیە بایکۆتی پرۆسەی خوێندنیان کرد و زیاتر لە 200 خوێندنگە خوێندکارانیان نارد‌وەتەوە ماڵەوە.[2]
- سکرتاریەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) لە ڕاگەیێندراوێکدا ڕەتیدەکاتەوە پێشمەرگەکانی ئەوان لە گرژییەکەی ڕۆژی هەینی بازگەی دێگەڵە دەستوەردانیان کردبێت و دەڵێ هەندێک کەس و ڕاگەیاندن هەوڵدەدەن بە مەبەستی سیاسی دیاریکراو، حیزبی دیموکرات تێوەبگلێنن.[4]
- ئەمڕۆ، بەمەبەستی دامەزراندنیان نزیکەی 200 کەس لە دەرچووە یەکەمەکانی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان لەبەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی خکومەتی هەرێم-دا خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا.[3]
- سەدان گەنجی ئێزدی بە مەبەستی پشتگیریکردنی بەرخۆدانی سەردەم لە عەفرین، لە شنگالەوە بەرەو ئەو کانتۆنە بەرێکەوتن.[3]
- نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ یان کۆبیچ نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق کۆبوونەوە و پرسی دانوستانی نێوان هەولێر و بەغدایان تاوتوێکرد بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوانیان.[2]
- ژمارەیەک چەکداری نەناسراو لە شارەدێی سەعدیەی سەر بە شارۆچکەی خانەقین موختارێکیان کوشت. ناوی خالد فەرحان-ە و بەرەگەز عەرەبە و موختاری گوندەکانی باشوری شارەدێی سەعدیە بووە.[3]
- لە شاری سلێمانی ژنێکی تەمەن 29 ساڵ و لە ڕانیەش کچێکی تەمەن 17 ساڵ کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێنا، هۆکاری هەردوو ڕوودواوەکەش بە نەزانراوی ماوەتەوە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ڕێپێوانی شکۆداری گەلانی عەفرین بە دروشمی بە ئیرادەی گەل هێرشی تورکیا و چەتەکانی بۆ سەر عەفرین تێکدەشکێنین دەستپێکرد.[3]
- جێگری سەرۆکوەزیرانی تورکیا ئاشکرایدەکات، دوای عەفرین ئامانجیان منبج و ڕۆژهەڵاتی فوراتە و دەشڵێت ئە و سەربازە ئەمریکیانەی جلوبەرگی یەپەگەیان پۆشیوە دەکرێنە ئامانج. [4]
- سوپای تورکیا دەستی بە تۆپبارانکردنی ژمارەیەک گوندی سنوری هەردوو شارۆچکەی ماباتا و ڕاجۆ-ی سەر بە عەفرین کرد.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)

شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
ولات: باشووری کوردستان
ولات: ڕۆژاوای کوردستان
ولات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
ولات: ئێران
ولات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-02-04
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-02-04
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-02-04
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-02-07
کاتی تۆمارکردن: 2018-02-04
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 281

2018-02-05



باکووری کوردستان
- لە پارێزگای وان، پاسێکی نەفەرهەڵگر بەهۆی بەستنی ڕێگاوبان کۆنترۆڵی لەدەستدا و وەرگەڕا. لە ڕووداوەکەدا دوو کەس گیانیان لەدەستدا و 22 ی دیکەش بریندار بوون.[3]
باشووری کوردستان
- بەهۆی خەرجنەکردنی پارەی گەنمی ساڵانی ڕابردوو لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، بەشێک لە جوتیارانی سنوری پارێزگای هەڵەبجە گردبوونەوە و داوای خەرجکردنی پارەی گەنمەکانیان کرد.[1]
- کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراق دەستیپێکرد و پەرلەمانتارانی کورد باکۆتی دانیشتنەکەیان کرد بەهۆری هەوڵی سەرۆکی پەرلەمان بۆ دەنگدان لەسەر پرسی تاوتوێی بودجەی 2018 بەبێ جێکردنەوەی داواکارییەکانی کورد لەو پڕۆژەیاسایەدا.[2]
- دادگای باڵای فیدراڵی عێراق وەڵامی تانەیەکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکی دایەوە کە سەبارەت بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە فەرمانگە حکومییەکانی کەرکووک پێشکەشیکرابوو، جەختیشیکردەوە کە ئەوە لەچوارچێوەی تایبەتمەندی دادگاکەیاندا نییە.[2]
- لەکۆبوونەوەی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری لە سلێمانی 15 ئەندام وەک ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی ئە و حزبە بە زۆرینەی دەنگ هەڵبژێردران.[2]
- دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە بەشداری دەیان بەرپرسی حیزبی و حکومی و کونسوڵخانە و کۆمپانیا و دامەزراوە یەکەمین کۆنفرانسی ساڵانەی سازکرد و تێیدا کۆی کار و چالاکییەکانی لە ساڵی 2017 دا خستنەڕوو.[3]
- خاوەنی موەلیدە ئەهلییەکانی شاری سلێمانی بڕیاریانداوە بەهۆی جیاوازی نرخ و جێبەجێنەکردنی داواکاریەکانیانەوە، لە ئەمڕۆوە، کارەبای موەلیدە لە سەرجەم هاوڵاتیانی شارەکە بکوژێنەوە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەوی ڕابردوو، هێزەکانی سوپای تورک هێرشیان کردە سەر گوندەکانی سەربە شارۆچکەی شیەی کانتۆنی عەفرین، شەڕقانان بەتووندی وەڵامیان دانەوە. لە ئەنجامی بەرخۆدانی شەوێ ڕابردووی شەڕقانانداا، هەشت سەرباز و چەتەی سەربە سوپای تورک کوژران و لاشەکانیان کەوتە دەستی شەڕقانانەوە.[1]
- تۆپێخانەکانی تورکیا بەچڕی گوندەکانی معەسکەرە و زیتوناک و سعرنجکەی لە ناوچەی شەرا لە سنوری هەرێمی عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستانیان بۆردومانکرد و قوربانی لێکەوتووەتەوە.[2]
- ڕۆژنامەیەکی تورکی ئاشکرایکرد بڵاوبونەوەی گرتەڤیدیۆییەکی نوێ کە لە شاری قامیشلۆ تۆمار کراوە دەریدەخات کە ئەمریکا زریپۆش و هاوکاری سەربازیی زیاتر ڕەوانەی یەپەگە دەکات.[2]
- سەدان هاوڵاتی شاری منبیج بۆ ئەوەی بەشداری کاروانی هاوڵاتیانی جزیرە، حەسەکە، کۆبانێ و شەنگال بن، لە بەشی ڕۆژهەڵاتی شاری منبیج گردبوونەوە.[1]
- هێزەکانی سوپای تورک ناوەندی شاری جندرێسی سەربە کانتۆنی عەفرین تۆپباران دەکەن.[1]
- فەرماندەیی هێزەکانی سوریای دیموکرات ڕایگەیاند، کە لە ئەنجامی بەرخۆدانی چەند ڕۆژەی شەڕقانان، گوندی شێخۆرز و گردەکانی دەوروبەری لە هێزەکانی سوپای تورک پاککرانەوە.[1]
- بۆ جاری دووەم، سوپای تورک گۆرستانی شەهید سەیدۆ-ی لە شارۆچکەی جندرێس-ی سەر بە عەفرین بۆردوومانکرد.[1]
دەرەوەی کوردستان

- پۆلیسی ئیتالیا هێرشی کردە سەر خۆپیشاندەرانی کورد و چالاکوانانی ئیتالی کە لە دژی چوونی ئەردۆگان بۆ لای پاپا فرانسیس لە بەر دەم کۆشکی سەن ئانجێلۆی ڕۆما گردبوونەوەو هێرشەکانی تورکیان بۆسەر عەفرین شەرمەزارد.[1]
- بەهرام قاسمی، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران ڕایگەیاند: پێویستە تورکیا ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی لە عەفرین بووەستێنێت و لەوبارەیەوە چاوێک بە هەڵوێستەکانیدا بخشێنێتەوە.[3]
- لە تارانی پایتەختی ئێران، کەمپەینێک لەلایەن 600 هونەرمەندانی ئێرانیەوە دەستپێکرا بۆ پشتگیریی عەفرین و شەرمەزارکردنی هێرشەکانی سوپای تورک، کەمپەینەکەش بەردەوامیی هەیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-02-05
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-02-05
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-02-05
کاتی تۆمارکردن: 2018-02-05
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 282

2018-02-06



باکووری کوردستان
- لە 60 گوند و ناوچەی ئامەد قەدەخەی هاتووچۆ ڕاگەیێندرا.[3]
- فاتمەگوڵ دەمیرتاغ، هاوسەرۆکی لقی مێرسینی هەدەپە لە لایەن هێزەکانی پۆلیسی تورکەوە دەستگیرکرا.[4]
- دوای ئەوەی لە مانگی 10 ی ساڵی ڕابردووەدا، دادگای دیلۆک سزای زیندانیکردنی بەسەر فەرهاد ئەنجو، پەرلەمانتاری شرناخی پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە-دا سەپاندبوو، ئەمرۆ نووسراوی وەرگرتنەوەی مافی پەرلەمانتاریی لە ئەنجوو لە دانیشتنی پەرلەمانی تورکیادا خوێندرایەوە.[4]
باشووری کوردستان
- بەشێک لە ماموستایانی سلێمانی خۆپیشاندانیان دەستپێکرد دژ بە دواکەوتنی موچەکانیان.[1]
- بەڕێوەبەری گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێم ڕایدەگەیەنێت شەوی ڕابردوو تا بەرەبەیانی ئەمڕۆ، زیاتر لە 20 بومەلەرزە لە سلێمانی و دەوروبەری تۆمارکراوە.[1]
- بەپێی ڕاگەیەنراوێکی وەزارەتی پێشمەرگە، ئەمریکا بەردەوامدەبێت لە ڕاوێژی سەربازیی و مەشقکردن بە هێزەکانی پێشمەرگە لە ساڵی 2018.[2]
- دەستەی سەرپەرشتی ماموستایان لە سنوری پەروەردەی چۆمانی دەفەری باڵەکایەتی پارێزگای هەولێر بەفەرمی بۆ ماوەی یەک هەفتەی بایکۆتی خوێندنیان ڕاگەیاند داواکاریەکانیشیان بۆ شکاندنی بایکۆت ئاشکراکرد.[2]
- ماموستایەکی زانکۆ لە کەرکووک کوژرا. نێوبراو ناوی عەلی یەڵماز کوشتووە بوو و خەڵکی شارەدێی بەشیری سەر بە خورماتوو بووە. [1]
- لەناو بازاڕی شاروچکەی ڕانیە هاوڵاتییەک بەر دەستڕێژی گوللە درا و گیانی لەدەستدا، پۆلیسیش ڕایدەگەیەنێت، کە بکوژەکە خۆی ڕادەستکردووە و هۆکاری ڕوودواوەکە کێشەیەکی کۆمەڵایەتیی بووە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەوی ڕابردوو شەڕقانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات لە چەندین شوێن لە دژی سوپای تورک چالاکییان ئەنجامدا و لە ئەنجامی ئەو چالاکییانەدا 59 سەربازی تورک کوژران.[4]
- لە ئەنجامی شەڕێکدا کە لە شەوی ڕابردووەوە تا سەرلەبەیانیی ئەمڕۆی خایەند، گوندی حەج بلێلی سەربە شاروچکەی شیبەی کانتۆنی عەفرین لە سوپای تورک و چەتەکانی پاککرایەوە.[4]
- ئەردۆغان داوا لەهێزەکانی ئەمریکا دەکات منبج چۆڵ بکەن.[1]
- نەتەوە یەکگرتووەکان ئەمڕۆ، داوای وەستانی بەپەلەی شەڕ و پێکدادانەکان لە سوریا دەکات.[1]
- دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ، شەڕقانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات-قەسەدە، لە دەوروبەری گوندی حەمامێ-ی سەر بە شاروچکەی جندرێس لە عەفرین، ئۆتۆمبێلێکی سەربازیی سوپای تورکیان تەقاندەوە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- ئاژانسی نیشتمانی تاوان لە بەریتانیا (NCA) ڕایگەیاند، ئەمڕۆ ئۆپەراسیۆنێکی گەورەیان دژی تۆڕێکی گومانلێکراوی تاوان ئەنجامداوە، کە تۆمەتبارن بە هێنانی سەتان کوردی عێراق بەڕێگەی قاچاخ بۆ بەریتانیا. ئەفسەرانی ئەو دامەزراوە ئەمنییەی بەریتانیا بە هاوکاری چەند دەزگایەکی ئەمنی دیکەی وەک پۆلیس، توانیویانە 21 گومانلێکراو، کە بە ڕەگەز کوردن، لە چەند شوێنێکی لەندەن دەستگیربکەن.[3]

- پەڕلەمانی سوید لەسەر داوای 4 پەڕلەمانتار وەزیری دەرەوەی سویدی بانگکرد بۆ پەڕلەمان تاوەکو لەسەر لەشکرکێشیی تورک بۆسەر عەفرین هەڵوێست وەربگرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (راپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
وڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-02-06
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-02-06
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-02-06

کاتی تۆمارکردن: 2018-02-06
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 283

2018-02-07



رۆژهەڵاتی کوردستان
- کونسوڵخانەی ئێران لە هەولێر لە ڕاگەیێندراوێکدا هەواڵی کرانەوەی سێ بازارچەی سنووریی کێڵێ، سەیرانبەن و شۆشمێ لەنێوان ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان ڕاگەیاند.[3]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر 7ی بەیانی ئۆپەراسیۆنی هێزە سەربازییەکانی عێراق لە سنووری خورماتوو بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی دەوروبەری شارۆچکەکە لەپاشماوەکانی داعش دەستیپێکرد.[1]
- فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق دوای 8 کاژێر ڕاگەیێندراوێکدا ئاماری ئۆپەراسیۆنەکەی سنووری خورماتووی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، 50 پێگەی داعش لەنێوبراون و 6 ئۆتۆمبێلیشیان کراونەتە ئامانج. ئاماژەی بەوەش کرد کە فڕۆکەکانی هاوپەیمانان لە ئۆپەراسیۆنەکەدا بەشداربوون و پێگەکانی داعشیان لە چیای حەمرین بۆردوومانکردووە.[3]
- ئامانج عەبدولڕەزاق، بەرپرسی کۆمیتەی جەبارەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ڕایگەیاند: هێزێکی حەشدی شەعبی لە گوندی ساری گوێل سەر بە شارەدێی جەبارە، هەڵمەتێکی گەڕان و پشکنینیان ئەنجامداوە و ژمارەیەک چەکی کڵاشیەکێتی نیشتمانیی کوردستانۆفیان بردووە، کە هی ئەندامانی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس و پێشمەرگە و هاوڵاتی ئاسایین. وتیشی: هێزەکانی حەشدی شەعبی بڕی 100 هەزار دینار و دوو مۆبایلیان لە دوو گەنج بە زۆر سەندووە و بردوویانە. ناوبراو باسی لەوەشکرد: چەکدارەکانی حەشدی شەعبی سوکایەتیان بە دانیشتوانی گوندەکە کردووە و قسەی نەشیاویان پێووتون.[2]
- گروپی دەنگی شەقام، بە مەبەستی پێشکەشکردنی داواکارییەک بۆ دەرکردنی سوپای تورکیا و ئێران، لە هەرێمی کوردستان سەردانی نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق -یان کرد، دواتر کونگرەیەکی ڕۆژنامەنووسییان ئەنجامدا.[2]
- وتەبێژی ئەنجومەنی کۆمسیاران لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێم دەڵێت لە 80%ی لیستی تۆماری دەنگدەران پاککراوەتەوە و حکومەتی هەرێمیش بڕیاریدا بە سێ بەش بودجەی پێویست بۆ کۆمسیۆن دابینبکات.[4]
- ڕۆژنامەی واشنتن تایمز لە بابەتێکیدا نووسیویەتی، نێچیرڤان بارزانی بە ژیریی و دیپلۆماسییەتی خۆی توانی ڕێگری لە شەڕێکی خوێناوی لە عێراق بکات، کە کارەساتێکی گەورەی مرۆیی بەدوای خۆیدا دەهێنا، بۆیەش ئەو شایەنی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵە بۆ ئاشتی.[3]
- ئارام شێخ محەمەد جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند بڕیارەکەی سەلیم جبوری سەرۆکی پەرلەمان سەبارەت بە باسکردنی هەڵوەشاندنەوەی ئەندامێتی سێ پەرلەمانتاری کورد نایاساییە و داواشی لێدەکات بڕیارەکەی هەڵبوەشێنێتەوە.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- یەپەگە، داگیرکەری تورک بەوە تاوانبارەدەکات کە لە هێرشەکانیدا بۆسەر عەفرین چەکی کیمیایی بەکاردەهێنێت.[1]
- ژان ئیف لۆ دریان، وەزیری دەرەوەی فەرەنسا دەڵێت، کە هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین پێشێلکردنی مافە نێودەوڵەتییەکانە.[2]
- تۆپخانەکانی سوپای تورک گوندی کەفەر سەفرا و گوندی بافلورو گۆڕستانی شەهید سەیدۆ-ی سەر بە شارۆچکەی جندرێسی کانتۆنی عەفرین تۆپبارن دەکەن.[2]
- پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی کانتۆنی عەفرین لەلایەن تۆپخانەکانی تورکیاوە کرایە ئامانج و جندرێس و گۆڕستانی شەهید سەیدویش بەچڕیی تۆپبارانکران.[4]

- دوای پێکدادانە سەختەکانی ئەمڕۆی نێوان سوپای تورکیا و هێزەکانی یەپەگە لە گوندی شێخورزێ شارەدێی بلبلێ، ئێوارەی ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر لە بریندارەکانی سوپای تورکیا و هێزەکانی سوپای ئازادی سووریا گەیێندرانە نەخۆشخانەکانی کیلیس.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-02-07
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-02-07
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-02-07
کاتی تۆمارکردن: 2018-02-07
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 284

2018-02-08



باکووری کوردستان
- بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، پەروین بولدان و سەزای تەمەللیی وەک کاندیدەکان بۆ هاوسەرکایەتیی گشتیی پارتییەکە ڕاگەیاندراون.[1]
- ئەمڕۆ، دادگا بڕیاری گرتنی بۆ محەمەد ئەرسەلان، هاوسەرۆکی پارتی هەڕێمە دیموکراتییەکان - دەبەپە دەرکرد و ڕەوانەی زیندان کرا.[1]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر 9:00 دەوڵەتی تورک لە تۆپخانەی چەڵێ-ی سەر بە شاری جۆلەمێرگ-ی باکوری کوردستانەوە دەستی بە تۆپبارانکردنی هەڕێمی زاپ-ی سەر بە هەڕێمی بادینانی هەڕێمەکانی پاراستنی مەدیا کرد.[1]
- ڕێکخراوی پێکەوە ژیان، سەبارەت بە هێرشەکانی سەر عەفرین یاداشتێکیان ئاڕاستەی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری سلێمانی کرد.[1]
- ژمارەیەک لە هاوڵاتیانی هەولێر و کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان گردبوونەوەیەکیان لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری هەولێر ئەنجامداو داوایانکرد، کە نەتەوە یەکگرتووەکان بەدەم عەفرینەوە بچێت.[1]
- کاتژمێر 03:00 ی دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ، لە شارۆچکەی کۆیەی سەر بە شاری هەولێر، چلەی شەهید مامۆستا هێرش عومەر، ئەو مامۆستایەی کە لە خۆپیشاندنەکانی کۆتایی ساڵی بڕابردوو-دا لە شارۆچکەی کۆیە شەهیدبوو، بەڕێوەچوو.[1]
- لە گەڕەکی بەختیاری خانەقین، دەستڕێژی گوللە کرایە سەر دووکانێک، بەهۆیەوە حەوت کەس کوژراون و سێ کەسی دیکەش بریندارن. [3]
- بەڕێوبەری ڕاگەیاندن و هۆشیاری وەزارەتی پێشمەرگە، ڕایدەگەیەنێت ڕێکخراوی هاوپەیمانێتی باکووری ئەتلەسی (ناتۆ) سەرپەرشتی ڕێکخستنەوەی پەیەکەربەندی کۆی وەزارەتی پێشمەرگە دەکات لەڕێ پاکێجێکی پێنج خاڵی کە تایبەتە بە چاکسازی.[2]
- وەزارەتی نەوتی عێراق ئاشکرایدەکات، ئەمڕۆ گرێبەستی دامەزراندنی پاڵاوگەیەکی نەوتی لە کەرکووک بەشێوەی وەبەرهێنان واژۆکرد، کە توانای بەرهەمهێنانی 70 هەزار بەرمیلی هەیە لە ڕۆژێکدا.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە گوندی کەفریکەڕ سەربە ناوچەی ڕاجۆ لە عەفرین شەڕێکی سەخت لەنێوان شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات و سوپای تورک و چەتەکانی سەربە تورکیا ڕووەدات.[1]
- لە 20ەمین ڕۆژی هێرسی سوپای تورک بۆ سەر عەفرینداء تۆپخانەکانی سوپای تورک و چەتەکانی بەردەوامن لە تۆپبارانکردنی شارۆچکەی شیبە کە دەیان هەزار هاوڵاتیی تێدا دەژی.[1]
- تورکیا ئەندامانی گروپی داعش بەکاردەهێنێت بۆ بەشداریکردن لە هێرشەکانیدا بۆ سەر هەڕێمی عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان ئەوەش بەپێی ڕاپۆرتێک کە ڕۆژنامەی ئندیپێندنتی بریتانی بڵاویکردووەتەوە. ڕۆژنامەکە لە ژمارەی ئەمڕۆیدا بڵاویکردووەتەوە سوپای تورکیا مەشقی سەربازیی بە ژمارەیەک ئەندامی پێشوی گروپی داعش کردووە بۆ ئەوەی بەشداریی بکەن لە هێرشەکانیدا بۆ سەر عەفرین.[2]
- وتەبێژی یەپەگە ڕایگەیاند، لە 24 کاتژمێری ڕابردوودا لە گوندی شیخورد 27 سەربازی تورکیا لەلایەن شەڕڤانانەوە کوژراون.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی هەڕێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

ولّات: باشووری کوردستان
ولّات: ڕۆژاوای کوردستان
ولّات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری رۆژنیوز - 2018-02-08
[2] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری دواڕۆژ - 2018-02-08
[3] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری رووداو - 2018-02-08
کاتی تۆمارکردن: 2018-02-08
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 285

2018-02-09



باکووری کوردستان
- بڕیاری دەستگیرکردن بۆ سەرپیل کەمال بای، هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە دەرکرا.[1]
- گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل- هەپەگە، لە دژی چوار پێگەی سوپای تورک لە چەلێی سەربە جولەمێرگ چالاکییان

ئەنجامداوەو تێیدا سێ سەرباز کوژراون.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لەم هەفتەیەدا، لاوێکی کورد بە ناوپیوونس کازم زادە خەڵکی شاری مەلەکشای ئیلام لە ناوچەی سنووریی شاری مێهران بە هۆی تەقینەوەی مین، دەستبەجێ گیانی لە دەست دا.[4]
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو هێرشکرایە سەر ماڵی مەلا سامان سەنگاوی لە گەڕەکی وڵوبە لە شاری سلێمانی و لە سێ لاوە جامی ئۆتۆمبێلەکەی شکێندرا.[3]
- نیوەڕۆی ئەمڕۆ، لە (سەکۆی ئازاد)ی ناو پارکی ئازادی شاری سلێمانی، بە پێشنوێژیی و وتارخوێندنەوەی مەلا سامان سەنگاوی، نوێژی سەرکەوتنی عەفرین بەڕێوەچوو.[3]
- لە نزیک فڕۆکەخانەی بامەڕنێ-ی سەر بە ئامێدی لە پارێزگای دهۆک لە ئەنجامی تەقینەوەی بۆمبێکی پاشماوەی هێزە ئەمریکیەکان کەسێک گیانی لە دەستدا و یەکێکی تریش بریندار بوو.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەوی ڕابردوو فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک ناوچەکانی شەڕا و شێراوا و بلبل و جندرێس-یان لە سنوری عەفرین بۆردوومان کرد.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک گەڕەکەکانی ئەشرەفیە و مەحمودییە و قیبار-یان لە شاری عەفرین بۆردوومان کرد.[1]
- وەزیری دەرەوەی فڕەنسا ڕایدەگەیەنێت هەرچی زووە دەبێت بۆردوومانی تورکیا بۆ سەر شاری عەفرین بوەستێت و ڕێگە بدرێت ڕێڕەوی ئارام دروستبکرێت بۆ یارمەتیدانی قوربانیان.[2]
- لە دەوروبەری جندرێس شەڕێکی قورس لەنێوان شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات و سوپای تورک چەتەکانی سەربە تورکیا بەڕێوەدەچێت.[3]
- شەوی ڕابردوو فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک دوو بنکەی سەربڕینی ئاژەڵ و مریشکیان لە باشووری ڕۆژئاوای شاری عەفرین کردە ئامانج و وێرانیان کرد. لە بۆردوومانەکەدا زیاتر لە 15 سەر مەڕ-یش مرداربوونەوە.[3]
- پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ، لە سنووری گوندی حەج بلیل-ی سەربە شارەدێی شیە-ی کانتۆنی عەفرین، شەڕێکی قورس دروست بوو. سەرچاوە خۆجێیەکان لە ناوچەکە ئاماژە بە زانیارییە سەرەتاییەکان دەکەن کە بریتییە لە کوژرانی 25 چەکداری سوپای تورک و چەتەکانی سەر بە تورکیا.[3]
- ژمارەیەک فڕۆکەی جەنگیی سەربە سوپای تورک، هەردوو گوندی (شکفتە) و (ترمشا)ی سەربە شارەدێی شیە-ی سەر بە کانتۆنی عەفرینیان بۆمباران کرد.[3]
- فڕۆکە جەنگییەکانی گوندی شکاتی سەربە شارۆچکەی شییەی بۆردومان کرد و ماڵی هاوڵاتیانی مەدەنیی بە سەردا ڕووخاند. پاش بۆردومانەکە هاوڵاتیانی گوندەکە خۆیان گەیاندە شوێنی بۆردومانەکە و توانیان تەرمی نوسرەت عوسمانی تەمەن 50 ساڵیان لە ژێر ڕووخاوەکاندا بهێننە دەرەوە و ڕەوانەی نەخۆشخانەیان کرد. ڕاگەیەندراوە، کە ژمارەی ئەو هاوڵاتیانەی لە ئەنجامی بۆردومانەکەدا شەهید بوون سێ بۆ چوار کەسە، بەڵام تەرمەکانیان جارێ نەدۆزراونەتەوە.[3]
- لە دانیشتنی ئەنجومەنی سێنای فەرەنسادا، 39 سێناتۆر کە 17یان سێناتۆری فراکسیۆنی حزبی سۆسیالیستی فەرەنسا بوون بانگەوازییان لە حکومەتی فەرەنسا کرد، کە لە دژی هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین بوەستنەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: ئیلام
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی دواڕۆژ - 2018-02-09
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ڕۆژنیوز - 2018-02-09
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی کوردپا - 2018-02-10

کاتی تۆمارکردن: 2018-02-09

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 286

2018-02-10



باشووری کوردستان
- کۆدەنگی تەندروستکارانی ناڕازی ئەمڕۆ لە سلێمانی، بە ئەنجامدانی ڕێپێوان پشتگیری خۆیان بۆ بەرخودانی کوردانی شاری عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان دەربڕی.[4]
- فەرماندەیەکی پێشمەرگە ئاشکرایکرد، پاشماوەکانی داعش ناسراو بە گروپی ئالای سپێکە جارێکیتر گەڕاونەتەوە ناوچەکانی پەڵکانە و دەوروبەری خورماتوو و دەستیشیان بەسەر بیرە نەوتیەکاندا گرتوەتەوە.[4]
- گۆرێکی بەکۆمەڵ لە شنگال دۆزرایەوە.[4]
- شاندێکی پەرلەمانی کوردستان بەرەو عەفرین بەرێکەوتن.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان
- هێرشەکانی سوپای تورک و چەتەکانی بۆ سەر عەفرین بەردەوامە، لە ئەنجامی شەڕێکدا لە ڕاجۆ، گوررزی کەمەرشکێن لە سوپای تورک درا و لە شێخورزێش شەڕێک قورس لە نێوان شەڕڤانان و سوپای تورکدا بەردەوامە.[1]
- بەرەبەیانیی ئەمڕۆ فڕۆکەکانی سوپای تورک لە هێرشێکی دیکەدا بۆ سەر هاوڵاتیانی مەدەنی شارۆچکەی بلبلێ و گوندی قەستەل خدریای بۆردوومان کرد. [1]
- سوپای تورک بە بۆردوومانکردنی بێ وەستانی ناوچە مەدەنی نشینەکان بەردەوامە لە هێرشەکانیدا، ئەو سوپایە تەنیا لە گەڕەکی باشوری شارۆچکەی جندرێس زیاتر لە 200 ماڵی هاوڵاتیانی ڕووخاندووە.[1]
- بۆ یەکەمینجار لە مێژووی نەتەوە یەکگرتووەکان، زاراوەی کوردستانی سووریا لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نێودەوڵەتی ئاسایش بۆ ڕاگەیاندنی ئاگربەست لەسووریا بەکارهات.[3]

- میدیاکانی جیهان بە بڵاوکردنەوەی ئەنالیز و وتار و هەواڵ هێرشەکانی دەوڵەتی تورک بۆسەر کانتۆنی عەفرین ڕووماڵ دەکەن و ڕۆژنامەی تایمزی ئەمریکی-ش دەڵێت: تورکیا لە عەفرین هاوڵاتیانی مەدەنیی دەکاتە ئامانج و دەیانکوژێت.[1][2]
- یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)، دژەهێرشی وەڵامدانەوەی ئۆپراسیۆنەکەی سوپای تورکیا و هاوپەیمانەکانیان دەستداوەتێ و تەنانەت ناو خاکی تورکیاش بۆردوومان دەکەن.[4]
- سوپای تورک جارێکی دیکە پاڵاوگەی ئاوی خواردنەوەی عەفرینی تۆپباران کرد.[1]
- شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل-یەپەگە لە گوندی حەج بلێل سەربە ناوچەی شێ تانکێکی دیکەی سەربازیی سوپای تورکیان تێکشکاند.[1]
- شەڕڤانانی یەپەگە هەلیکۆپتەرێکی سوپای تورکیان خستە خوارەوە، کە بە سەر ئاسمانی گوندی قودەی سەربە شارۆچکەی ڕاجۆی عەفرین-دا دەفڕی.[1]
- سەرۆک کۆماری تورکیا ئەردۆگان ڕایدەگەیەنێت، چەکدارانی یەکینەکانی پاراستنی گەل هێلیکۆپتەرێکی سەربازیی سوپای تورکیایان لە عەفرین خستووەتە خوارەوە، دەشڵێت بەزیادەوە باجی ئەوە دەدەن. [4]
- لە بەرەی چەمی ساجیر-ەوە لە باکوری شاری منبج، چەتەکانی سەر بە سوپای تورک، هێرشیان کردە سەر شەڕڤانانی ئەنجومەنی سەربازیی منبج.[1]

دەرەوەی کوردستان

- فڕۆکەکانی ئیسرائیل چەندین ئامانجیان لە دیمەشق پێکا.[2]
- وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا ناسراو بە پێنتاگۆن دەڵێت، هەندێک لە گرووپە چەکدارەکانی ناو حەشدی شەعبی تانکی پێشکەوتووی جۆری ئەبرامزیان لابووە و بەکاریشیان هێناوە. هەروەها ڕایدەگەیێنێت، تانکەکان لەو گرووپە ورگیراونەتەوە و دراونەتە هێزە ئەمنییەکانی عێراق.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: خورماتوو

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: منبج

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ڕۆژنیوز - 2018-02-10
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ڕووداو - 2018-02-10
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری دواڕۆژ - 2018-02-10

کاتی تۆمارکردن: 2018-02-10

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 287

2018-02-11



باکووری کوردستان
- بەستنی کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە لە ئەنکەرە.[1]
- پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) سەزای تەمەڵێ و پەروین بوڵدان-ی وەک هاوسەرۆکی نوێ بۆ پارتەکەیان هەڵبژارد.[1]
- شەوی ڕابردوو، کاروانێکی سەربازیی سوپای تورکیا بەمەبەستی پشتیوانیکردن لە یەکەکانی سەر سنووری باکوور و ڕۆژاوا، گەیشتە شاری هەتای.[4]
- ئەمڕۆ، جارێکی دیکە دەوڵەتی تورک ئاوی ڕووباری فورات-ی لە باکووری کوردستانەوە لەسەر خاکی ڕۆژاوا و سوریا گرتەوە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- تەرمی کۆڵبەرێکی کورد لە دۆڵی هەنجیرە ڕەشەی بانە، بە دەست و قاچ بەستراوی دۆزراوەتەوە. ئەو کۆڵبەرە ناوی شوانە ڕەسوڵییە و ماوەی هەفتەیەک پێش ئێستا لە ماڵەکەی چووبووە دەرەوە بۆ کاری کۆڵبەری، سەرئەنجام ئەمڕۆ تەرمەکەی بە دەستوقاچ بەستراوی دۆزراوەتەوە.[3]
باشووری کوردستان
- کەمپەینی دەرکردنی سوپای تورک لە باشوری کوردستان بەردەوامیی هەیە و سەرپەرشتیارانی کەمپەینەکە بەشێوی مەیدانیی دەچنە ناو خەڵک و واژۆ کۆدەکەنەوە.[3]
- وەزیری بەرگری ئەڵمانیا ڕایگەیاند، هاوکارییەکان بۆ هێزەکانی پێشمەرگە بەردەوامدەبن و لە داهاتووشدا بەشداردەبن لەدروستکردنی هێزێکی پێشکەوتوو لەعێراق و هەرێمی کوردستان.[2]
- شاندێکی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی فڕۆکەوانی عێراق هاتوونەتە هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی، بەڕپرسێکی حکومەتی هەرێمیش ئاماژە بەوەدەکات، ئامانجی شاندەکە ئامادەکارییە بۆ کردنەوەی فڕۆکەخانەکانی هەرێم.[2]
- بەرپرسێکی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێم ڕایدەگەیەنێت، بڕیاری ڕاگرتنی بەخشی 45 کەناڵی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان دراوە و ئەمشە و بڕیارەکە جێبەجێدەکرێت، دەشڵێت تاکو مۆڵەتەکانیان نوێنەکرێتەوە و باجەکانیان نەدەن، پەخشەکانیان دەستپێناکاتەوە.[2]
- لەسەر چیای هەیبەت سوڵتان، لەسنوری شارۆچکەی کۆیە پێشمەرگەیەک لەکاتی کۆکردنەوەی دار دا، مین پێیدا تەقیەوە و بەهۆیەوە گیانی لەدەستدا.[2]
- سەربازێکی هێزەکانی بەرپەرچدانەوەی خێرا-ی سەر بە سوپای عێراق لە گوندێکی سنوری شارۆچکەی زنانە لە گەرمیان کوژرا، فەرماندەیەکی هێزەکەش دەڵێت: سەربازەکەمان بە تەقەی چەکداری نەناسراو کوژراوە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هێزەکانی سوریای دیموکرات (قەسەدە) ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە، تیایدا دەڵێت دوو هەلیکۆپتەری سوپای تورکیایان خستووەتە خوارەوەو لەهەر دووکیاندا 11سەربازی تورک کوژراون.[2]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک شەش گوندی حەج جەمانە، ماسیکا، قودە، کوریێ، چەلا و شادییای سەربە ڕاجۆی کانتۆنی عەفرینیان بۆردومان کرد.[3]
- لە گوندەکانی عەرەبوێران و دەروێشانی سەربە شارۆچکەی شەرا شەڕی سەخت لە نێوان شەڕڤانان و سوپای تورک و چەتەکانیدا ڕووەدات، ژمارەیەکی زۆر سەرباز و چەتە لە ئەنجامی ئەو شەڕانەدا کوژراون.[3]
- ئەمڕۆ سوپای تورک گوندی حسیبە (میرکان) ی سەربە شاردەێی ماباتی عەفرینی تۆپباران کرد، لە ئەنجامی ئەو تۆپبارانانەدا

منداڵێکی شیرەخۆرە بە سەختی بریندارببوو.[3]
- شەڕفانانی قەسەدە تانکێکی دیکەی سوپای تورکیان لە شارۆچکەی بلبلێ-ی عەفرین تێکشکاند.[1]
- وەفدی پەرلەمانی کوردستان گەیشتە کانتۆنی عەفرین.[1]
- یەکینەکانی پاراستنی گەل – یەپەگە ڕایگەیاند، چوار تانکی دیکەی سوپای تورکیان تێکشکاندووە و 28 سەربازیش کوژراون.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-02-11
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-02-11
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-02-11
کاتی تۆمارکردن: 2018-02-11
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 288

2018-02-12



باکووری کوردستان
- بە تۆمەتی پروپاگەندە بۆ ڕێکخستنی قەدەغە و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی دوژمنایەتی لە ناو گەلان دا، داواکاری گشتیی دادگای ئەنقەرە داوای لێپرسینەوەی لە پەروین بوڵدان، هاوسەرۆکی هەدەپە و سری سورەیا ئوندەر، پەرلەمانتاری هەدەپە کرد.[4]
باشووری کوردستان
- خۆپیشاندانی مامۆستایان لە سلێمانی دەستیپێکرد کە دیارترین داواکارییان لەسەر پرسی دابەشکردنی مووچەیە.[1]
- لە شاری سلێمانی 8 حیزب بۆ شکاندنی بایکۆتی مامۆستایان کۆبوونەوە. پاشان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا یاداشتێکی سێ خاڵیان ئاراستەی حکومەت و پەرلەمان و ڕای گشتی کرد. هاوکات مامۆستایان بە ئەنجامدانی گردبوونەوە و بڵاوکردنەوەی ڕاگەیێندراو جەختیانکردەوە لە بایکۆت بەردەوام دەبن. یەکێتیی مامۆستایانیش دەڵێت ئیدارەی سلێمانی لە دواکەوتنی مووچەی مامۆستایان بەرپرسە.[3]
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ، دانیشتوانی گەڕەکی سەربازگەی خالید لە شاری کەرکووک خۆپیشاندانێکیان لەبەردەم بەڕێوبەرایەتیی پۆلیسی شارەکە ئەنجامدا. خۆپیشاندەران ڕایانگەیاند، کە پاش ئاوارەبوونیان بەهۆی هاتنی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق بۆ شارەکەیان لە 16ی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوو، خانووەکانیان لەلایەن چەند گروپێکی تورکمانییەوە، کە لەلایەن دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی ئێستای کەرکووکەوە پشتیوانیی دەکرێن داگیرکراوە و داوایانکرد، کە خانووەکانیان بۆ بگەڕێندرێنەوە.[4]
- سەلیم جبووری، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند، پرۆژەیاسی بودجەی ساڵی 2018 ی عێراق کە لەلایەن حەیدەر عەبادی و ئەنجوومەنی وەزیرانی عیراق ئامادەکراوە، یاسایی و دەستووری نییە، بۆیە وەکو سەرۆکایەتیی پەرلەمان ڕەتیدەکەنەوە.[3]
- وەزیری دەرەوەی فڕەنسا گەیشتە فڕۆکەخانەی هەولێر و لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێم و ژمارەیەک لە بەرپرسان پێشوازی لێکرا.[2]
- بۆ پشتوانیکردن لە بەرخۆدانی عەفرین و شەرمەزارکردنی هێرشەکانی سوپای تورک و چەتەکانی بۆ سەر ئەو کانتۆنە، لە شارەدێ تەقتەق-ی سەر بە شارۆچکەی کۆیە ڕێپێوانێک بەڕێوەچوو.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بە ئامادەبوونی ژمارەیەک فەرماندەی باڵای یەپەگە و ژمارەیەک ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە سەنتەری شاری عەفرین ژمارەیەک شەهیدی یەپەگە بەخاکسپێردرا.[1]
- ئەمڕۆ شاندی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە ناوەندی شاری عەفرین لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیان ئەنجامدا. لە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەدا تیشک خرایە سەر یەکێتی نەتەوەیی کورد، هەروەها پشتگیریی بەرخۆدانی عەفرین کرا و ڕاگەیەندرا:داگیرکاریی لە کوردستان دا لە ناو دەچێت.[4]
- تۆپباران و بۆردوومانەکانی سوپای تورک بۆ سەر هاوڵاتیانی مەدەنیی بەبێ وەستان بەردەوامە و سەدان دووکانی شارۆچکەی ڕاجۆی عەفرین لە ئەنجامیدا ڕووخاون.[2]
- وەزارەتی ناوخۆی تورک ناوی سااڵح موسلیم خستە لیستی سوور و بڕی 4 ملیۆن لیرەی تورکی (ملیۆنێک و 40 هەزار دۆلاری ئەمریکی) وەک خەڵات دەستنیشانکراوە بۆ ئەوکەسەی شوێنەکەی ئاشکرابکات.[3]
- سوپای تورک و چەتەکانی لە شارۆچکەی شەڕا-ی سەر بە عەفرین، سێ هاوڵاتی مەدەنییان ڕفاند و تاوەکو ئێستاش چارەنووسی ئەو سێ هاوڵاتییە دیارنییە.[4]
- فڕۆکە شەڕکەرەکانی سوپای تورک گوندی عەین حەجەر لە سنووری شارەدێی مابات لە عەفرین بۆ ڕدوومان دەکەن، کە

شوێنێکی مەدەنییە و هاوڵاتیان دەکەنە قوربانی.[4]
- فڕۆکە شەڕکەرەکانی سوپای تورک گوندەکانی دێر بەلوت و گرێ دێوا لە جندرێسی سەربە عەفرین بۆردوومان دەکەن، هاوکات لە سنووری گوندی دێر بەلوت لە نیوان شەڕڤانان و سوپای تورک و چەتەکانی سەر بەو سوپایەدا شەڕێکی سەخت بەڕێوەدەچێت.[4]
- سوپای تورک پاڵاوگەی ئاوی چیای کەفەر سەفرای جندرێس-ی سەربە عەفرینی کردە ئامانج و لە ئەنجامدا ئاوی خواردنەوەی پێنج هەزار خانەوادە برا.[4]
- ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکینەکانی پاراستنی گەل لەراگەیەنراوێکیدا ئاماژە بەوە دەکات کەشەوی ڕابردو لەهەردو ناوچەی عەزاز و شەرا لەکانتۆنی عەفرین، شەرڤانان ڕوبەروی سوپای تورکیا بونەتەوە و توانیویانە، 4 تانک و جبەخانەیەکی چەک و تەقەمەنی سوپای تورکیا بتەقێننەوە، ئاشکراشیدەکەن شەوی ڕابردو 28 سەربازی سوپای تورکیا بەدەستی شەرڤانان کوژراون و ژمارەیەکی دیکەشیان بریندار کراون.[5]
- شەرڤانانی یەپەگە شارۆچکەی ڕاجۆ-ی عەفرین، فڕۆکەیەکی سیخوڕیی سوپای تورکیان خستەخوارەوە و ڤیدیۆی فڕۆکەکەشیان بە تێکشکاویی بڵاوکردەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-02-12
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-02-12
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-02-12
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2018-02-12
کاتی تۆمارکردن: 2018-02-12
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 289

2018-02-13



باکووری کوردستان
- سەربیل کەمالبای هاوسەرۆکی پێشوی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەلایەن تیمەکانی دژەتیرۆری تورکیاوە لە شاری ئەنکەر دەستبەسەرکرا.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دانیشتنی دادگای شەهرام فەرهادی، چالاکوانی مەدەنی خەڵکی شاری سنە بەڕێوەچووە و لە ئەنجامدا چوار ساڵ سزای بە سەر دا سەپێندراوە.[3]
باشووری کوردستان
- شەڕو پێکدادان لەنێوان هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) و سوپای تورکیا لە سنووری زاخۆ دەستیپێکرد. بەپێ هەندێک سەرچاوە چەندین سەربازی تورک کوژراون و پاشان فڕۆکە جەنگییەکانی تورک بۆردوومانی ناوچەکەی کردووە.[1][3]
- کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراق دەستیپێکرد بۆ تاوتوێکردنی پڕۆژەیاسای بودجەی 2018 و پەرلەمانتارانی کوردیش بەشداری کۆبوونەوەکەیان نەکرد.[1]
- ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی داوا لە عەبادی دەکات دەستی دەستی بە مووچەی مامۆستایان و فەرمانبەرانی هەرێم نەکرێت، داواش دەکات بەپەلە فڕۆکەخانەکانی هەرێم بەڕووی گەشتە دەرەکیەکان بکرێنەوە.[1]
- وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا (پێنتاگۆن)، هاوشێوەی ساڵانی ڕابردوو لە بودجەی ساڵی 2019 دا بودجەی تایبەتی بۆ مەشق و پرچەککردنی هێزەکانی پێشمەرگە تەرخانکرد. بودجەکەش 850 ملیۆن دۆلارە.[2]
- لە گوندی بەلکی شارەدێی ژاراوەی شارۆچکەی پشدەر بەهۆی زۆری ڕێژەی بارانبارینەوە خانی ئاژەڵی هاوڵاییەک داڕماوە. بەهۆی داڕمانی خانەکەوە 40 سەر مەڕ و بزن مرداربونەتەوە و ژمارەیەکی تریش بریندار بوون.[1]
- سەرچاوەیەک لە دەروازەی سنوری سەرزێرێ لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا ڕایگەیاند، دوانیوەڕۆی دوێنێ گەریلاکانی پەکەکە تەقەیان لە بارەگایەکی سەربازانی تورکیا لە سەر سنور کردووە، بەوهۆیەوە لە دوێنێوە تا ئەمڕۆ هاتووچۆ وەستاوە.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- تۆپخانەکانی سوپای تورکیا لە 25ەمین ڕۆژی ئۆپەراسیۆنی سەر عەفرینداا لە سێ لاوە گوندەکانی دەوروبەری شارۆچکەی شێخ-یان تۆپبارانکرد. شەوی ڕابردووش لە سنووری شارۆچکەی بلبلێ شەڕ و پێکدادانی قورس ڕوویدا.[2]
- لە ئەنجامی تۆپبارانەکانی سوپای تورک بۆ سەر گوندی هێکیچێ سەربە جندرێس دوو ژن شەهیدبوون.[3]
- وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا (پێنتاگۆن) لە بودجەی ساڵی 2019 دا بڕی 300 ملیۆن دۆلاری بۆ مەشق و پرچەککردنی هێزەکانی سووریای دیموکرات HSD و 250 ملیۆن دۆلاریشی بۆ هێزی ئاسایشی سەر سنوور تەرخانکرد.[2]
- فڕۆکە شەڕخوازەکانی سوپای تورک ناوەندی عەفرین بۆردوومان دەکەن.[3]
- لە عەفرین، هەزاران ژن بە دروشمی (ژن ژیان ئازادی) ڕژاونەتە سەر شەقامەکان و ڕێپێوان دەکەن لە دژی هێرشی سوپای تورک.[4]
- شەڕڤانانی قەسەدە هێرشێکی سوپای تورک و چەتەکانیان لە شارۆچکەی شەرا-ی عەفرین تێکشکاند و سوپای تورک ئۆتۆمبێلێکی گوللەنەبڕیان لە بەرەکانی شەڕدا بەجێهێشت.[3]

- لە دەرەنگانێکی ئێوارەی ئەمڕۆوە، فڕۆکە جەنگییەکانی تورک، گەڕەکەکانی ئەشرەفیە ترندێ لە سەنتەری شاری عەفرین بەشێوەیەکی هەرەمەکیی بۆردوومان دەکەن.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-02-13
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-02-13
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-02-13
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-02-13
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 290

2018-02-14



باکووری کوردستان
- ئەمڕۆ پرۆسەی دادگاییکردنی سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پێشووی پارتی دیموکراتی گەلان -هەدەپە لە ئەنکەرە بەڕێوەدەچێت.[1]
- بەهۆی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی لەلایەن سوپای تورکەوە، لە 176 گوندی ئامەد قەدەغەی هاتووچۆ ڕگەیەندرا.[2]
- سوپای تورک لە چیای جودیی سەربە شرناخ دەستیکرد بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن و ژمارەیەکی زۆر لە سەربازەکانی نارده ئەو چیایە.[2]
- غەزەل ئاراس، هاوسەرۆکی شارەوانیی شارۆچکەی گیادینی سەربە ئاگری، بە بەهانەی ئەوەی ڕۆژی 9ی شوبات بەشداری مەراسیمی بە خاک سپاردنی تەرمێک بووە ڕەوانەی زیندانی پانتۆس کرا.[2]
- لە ئەنجامی ڕوداوی ئاگرکەوتنەوە، ئەمڕۆ لە گەڕەکی بەرۆشکێ لە دهۆک، کەسێک گیانی لە دەستدا و پێنج ئۆتۆمبێل و تانکەرێکی گازوائیل و 13 مۆلیدە سوتان.[3]
- هێزەکانی پاراستنی گەل- هەپەگە بەرپرسیارێتی ئەنجامدانی چالاکییەکەی زاخۆی پارێزگای دهۆکی گرتە ئەستۆ و ڕایگەیاند، لە و هێرشەکەدا 22 سەربازی تورک کوژراون.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورک و چەتەکانی لە 26-ەمین ڕۆژی هێرش بۆ سەر عەفرینداء شارۆچکەی شییە و ناوچەکانی دەوروبەری تۆپباران دەکەن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] مانۆپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مانۆپەری ڕۆژنیوز - 2018-02-14
[3] مانۆپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مانۆپەری دواڕۆژ - 2018-02-14
کاتی تۆمارکردن: 2018-02-14
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 291

2018-02-15



باشووری کوردستان
- لە شاری هەولێر بەدروشمی بێ سەرۆک ژیان نابێ، بژی سەرۆک ئاپۆ، بەسەدان کەس بەخۆپیشاندان بەرەو بەردەم کونسوڵخانەی تورکیا بەڕێکەوتن.[1]
- لە کۆبونەوەی ئەمڕۆی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ڕۆژی 5ی ئازار وەک ڕۆژی ئەنجامدانی کۆنگرەی ئە و حزبە پێشنیارکرا.[2]
- شاندی پەرلەمانی کوردستان بۆ عەفرین گەڕانەوە باشووری کوردستان.[3]
- لە شارۆچکەکانی کەلار و کۆیە و ڕانیە و سەید سادق و شارەدێ بازیان و بناری قەندیل ڕێپێوانی جەماوەریی بۆ شەرمەزارکردنی پیلانگێڕیی 15ی شوبات دەستی پێکرد و داوای ئازادکردنی سەرۆک ئاپۆیان کرد.[1]
- بەرپرسی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، نابێت شایستە داراییەکانی جوتیارانی هەرێم بکرێتە قوربانی ململانێکانی نێوان هەولێر و بەغدا و بەم نزیکانەش لەگەڵ عەبادی کۆدەبنەوە.[2]
- بەهۆی کەوتنەوەی ئاگر لە فڕۆکەخانەی کەرکووک، کۆگایەکی چەک و تەقەمەنی تەقییەوە.[4]
- بۆ ساڵی چوارەم فیستیڤاڵی شانۆیی سەرشەقام لە کەرکووک دەستی پێکرد و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام دەبێت.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- 38 ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا بەهۆی بێدەنگیی پارتەکان لە بارەی هێرشی سەر عەفرینەوە، دەستیان لە کار کێشایەوە و لە حزبەکە چوونە دەرەوە.[1]
- ئەمڕۆ لە 27-ەمین ڕۆژی بەرخۆدانی سەردەم لە عەفرینداء لە گوندی چەقەلای شارۆچکەی شییە شەڕێکی سەختە.[1]
- لە دەوروبەری گوندی دێوا-ی سەربە شارۆچکەی جندرێسی کانتۆنی عەفرین شەڕێکی سەخت لە نێوان شەڕڤانانی یەپەگە و سوپای تورک دا ڕووەدات.[1]
- ڕێپێوانی خەڵکی کۆبانێ بە مەبەستی شەرمەزارکردنی ساڵیادی پیلانگێڕیی نێودەوڵەتی لە دژی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پەکەکە دەستیپێکرد.[1]
- یەکنەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) ئاشکرایکرد کە ئەمڕۆ توانیویانە لە گوندی دیوای ناحیەی جەندریسە چوار ئۆتۆمبێلی سەربازی سوپای تورکیا تێکبشکێنن کاتێک هێرشکراوەتە سەریان.[2]
- سوپای تورکیا کاروانێکی سەربازیی دیکە، کە لە 40 بارهەڵگری سەربازیی پێکهاتبوون و چەکی قورس و کەرەستەی سەربازییان بارکردبوو، لە شارۆچکەی ڕەیحانڵی و کڕکهانەوە ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ لە عەفرین کرد.[4]
- لە ئەنجامی هێرشەکانی سوپای تورک بۆ سەر کانتۆنی عەفرین، هاوڵاتییەک لە شارۆچکەی ڕاجۆ شەهید بوو. ناوی ئەو هاوڵاتییە محەمەد حەسەن بەرازییە و تەمەنی 55 ساڵە.[1]
دەرەوەی کوردستان

- ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆک کۆماری تورکیا لە کۆشکی کۆماری لە ئەنقەرە لەگەڵ ڕیکس تیلەرسن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کۆبوویەوە و تاووتوێی دۆخی عەفرین و یەپەگە کراوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-02-15
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-02-15
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-02-15
کاتی تۆمارکردن: 2018-02-15
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 292

2018-02-16



باشووری کوردستان
- دەرەنگانێکی شەوی ڕابردوو، کێشە لەنێوان دوو خێزانی یەک گەڕەکدا لە شاری کۆیە دروستبووە و بەوهۆیەوە شەڕەتەقە ڕوویداوە، پۆلیسی ئە و شارەش دەڵێت :لە ئەنجامی ڕوداوەکەدا 2 کەس کوژران و دوانیش بریندارببوون.[1]
- ئەندامانی (کۆدەنگی تەندروستکارانی ناڕازی) لە دژی هێرشەکانی دەوڵەتی تورک بۆ سەر عەفرین داوا لە هاوڵاتیان دەکەن کە بایکۆتی دراما و خواردن و کەلوپەلی تورکی بکەن.[2]
- باران بارینی چەند ڕۆژی ڕابردوو، ئاستی بەنداوی سماقوڵی بەرز کردووتەوەو بەهۆیەوە ڕێگای سەرەکی نێوان هەولێر و سلێمانی داخرا، بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی کۆیەش ڕێگایەکی لاوەکی کردۆتەوە، بەڵام گرفتی بۆ ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان دروستکردووە.[1]
-پارێزگاری سلێمانی هەڤاڵ ئەبوبەکر داوا لە مامۆستایانی ناڕازی دەکات، بچنەوە هۆڵەکانی خوێندن.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بەرپرسێکی تورکیا ڕایگەیاند، لە کۆبوونەوەی دوێنێی تیلەرسن و ئەردۆگاندا پێشنیاریان کردووە، سەرجەم هێزکوردیەکان بکشێنەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی فورات و هێزی هاوبەشی ئەمریکا و تورکیا تێیدا نیشتەجێببن.[1]
- عەبدوڵڵا پەشێو، شیعرێکی بۆ عەفرین بەناوی عەفرینگراد بڵاوکردەوە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- سێ ژن لە شاری جنێڤی سویسرا، بە ڕووتکردنی سنگیان پشتیوانییان بۆ بارین کۆبانێ و بەرخۆدانی عەفرین دەربڕی.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-02-16
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-02-16
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-02-16
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 293

2018-02-17



باشووری کوردستان
- لەژێر ناونیشانی پەیام، بە بەشداری 600 گەنج، کۆنفرانسێک لە شاری سلێمانی بەڕێوە دەچێت، کە تێیدا پەیامی ئاین، فکر، فەلسەفە، بۆ مرۆڤایەتی دەخرێتە ڕوو لەمیانی پێنج پانێڵدا.[2]
- بە بەشداری کەسوکاری شەهیدان و ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیانی شاری سلێمانی و دەوروبەری، یادی شەهیدانی 17ی شوبات و ڕۆژانی دوایی کرایەوە و خەڵات درایە چالاکوانان و بنەماڵەی شەهیدان.[2]
- بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی هەر حاڵەتێک کە بەهۆی لافاوەوە ڕووبدات، لە سلێمانی 39 تیم خراونەتە حاڵەتی ئامادەباشییەوە. لە سنووری ئیدارەی گەرمیانیش بەهۆی مەترسیی دروستبوونی لافاو ڕۆژی یەکشەممە 2017-02-18 کرایە پشووی فەرمی.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- وتەبێژی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) لە عەفرین ڕایگەیاند، شەوی ڕابردوو سوپای تورکیا چەکی کیمیاوی لەدژی خەڵکی مەدەنی لەگوندەکانی ناوچەی شیا بەکارهێناوە و بەوهۆیەوە شەش کەس بوونەتە قوربانی.[1]
- شەڕفانانی یەپەگە و یەپەژە لە دژی سوپای تورک و چەتەکانی چالاکییان ئەنجامدا، هاوکات سوپای تورک ژمارەیەکی زۆر لە گوندەکانی عەفرین تۆپباران دەکات.[2]
- نەخۆشخانەی ئافرین: 170 هاوڵاتی شەهیدبوون و 460یش بریندارببوون[2]
- تۆپخانەکانی سوپای تورک کە لە عەزاز جێگیرن گوندەکانی سەربە شارۆچکەی شێراوا تۆپباران دەکەن.[2]
- وتەبێژی یەکینەکانی پاراستنی گەل ڕایگەیاند، لە دوو چالاکی تایبەتی شەڕفانانداا لە میحوەری ڕاجۆ 13 سەرباز و چەکداری سەر بە سوپای تورکیا کوژران.[2]
- پێکدادانێکی بەهەڵە لە نێوان سەربازانی ئەمریکا و هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) لە شاری دەیرزوری سوریا ڕوویدا و کوژراو و بریندارێ لێکەوتەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

ووڵات: باشووری کوردستان
ووڵات: ڕۆژاوای کوردستان
ووڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
ووڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-02-17
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-02-17
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-02-17
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-08-11
کاتی تۆمارکردن: 2018-02-17
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 294

2018-02-18



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزەکانی ئیتلاعاتی شاری جوانڕۆ ڕێگەیان بە بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی پرسەی فەرماندەی گیان بەختکردو کاوە مەجیدی (باهۆز جوودی)، کە لە پێناوی بەرگری لە پەلامار و هێرشە دڕندانەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین و ڕۆژئاوای کوردستان گیانی بەخت کردوە نەدا.[4]
باشووری کوردستان
- بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی کەرکووک ڕایدەگەیێنێت، شەوی ڕابردوو کارمەندێکی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان بەناوی سەمیر حەسەن غەریب کە کوڕی هونەرمەندێکی ناسراوی کەرکووکە، لەبەر دەرگای ماڵەکەی شەهیدکرا. [1]
- بەڕێوەبەری کەشناسی و بوومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیێنێ، لە 24 کاژێری ڕابردوودا بارانبارین ئاستێکی پێوانەیی تۆمارکردووە و لە شاری سلێمانی 127 ملیم زیاتر لە سالّی ڕابردوو باریوە.[1]
- لە ناوچەی بەستی شەرغە کە دەکەوێتە نێوان شارەدێی سێ گردکان و قوشتەپە پردێک باران دەیبات، بەهۆیەوە ڕێگای هەولێر لە شارەدێی تەقتەقەوە داخرا.[2]
- وتەبێژی پۆلیسی هاتوچۆی سۆران ڕایدەگەیەنێت بەهۆی دارمانی پارچە شاخێکەوە لە ئێستادا ڕێگای سەرەکی سۆران -

هەولێر ئەستەنگی بۆ دروستبووە و داخراوە و ڕێگایەکی لاوەکی کراوەتەوە.[2]
- بەهۆی بارانبارینەوە زیان بە پردی تانجەرۆ گەیشتووە و بەهۆیەوە ڕێگەی سەرەکی نێوان سلێمانی - قەرەداغ بەربەستکرا.[2]
- لە گوندی مەلا هۆمەری سەر بە شارۆچکەی خان لە شارۆچکەی کفری بەهۆی داڕووخانی گەورێکی ئاژەڵەوە نزیکەی 300 سەر بەرخ و مەڕ مردارببوونەوە.[1]
- بارانبارینی بەدەوام، بەشێکی پرۆژەی دیواری ڕاگری پارکی سەرشاخی سەید سادق-ی ڕووخاند، کە ماوەی چوار ساڵە کاری تێدا دەکرێت و هێشتا تەواو نەکراوە.[3]
- یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، هێرشەکانی تورکیا بۆسەر عەفرین شەرمەزار دەکات و دەڵێت:سەرۆکی تورکیا لەژێر ناوی سوپای ئازاد ڕاهێنانی بە هەزاران داعش کردووە، بۆئەوەی شەڕ لەناوچە کوردییەکان بەرپابکات.[3]
- لە بینای ڕێکخراوی مانگی سووری کوردی لە شاری سلێمانی، کەمپەینێک بۆ کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ شاری عەفرین ڕاگەیەندرا، بڕیارە کەمپەینەکە تا ئەوکاتەی شاری عەفرین پێویستی بە هاوکاری بێت بەردەوام دەبێت.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەمڕۆ لە بەردەم نەخۆشخانەی ئاڤرین لە ناوەندی عەفرین، ئەنجومەنی تەندروستیی کانتۆنی عەفرین کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی بەڕێوەبرد و ئاشکرای کرد، کە سوپای تورک لە دژی هاوڵاتیانی مەدەنی گازی کلۆری بەکارهێناوە.[3]
- هەندێک سەرچاوە باس لە ڕێگەوتنی یەپەگە و حکومەتی سوریا دەکەن سەبارەت بە عەفرین. سەرەتا یەپەگە ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوە.[4]
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورک، سەنتەری شارۆچکەی ڕاجۆ لە عەفرین بۆردوومان دەکەن.[3]
- لە بەرەی شارۆچکەی ڕاجۆ-ی عەفرینەوە، شەڕێکی دژوار لەنێوان شەڕڤانان و سوپای تورک و چەتەکانیدا بەڕێوەدەچێت و بەپێی ئەنجامە سەرەتاییەکانیش، 7 سەرباز و چەتەی سوپای تورک کوژراون.[3]
- لە گەڕەکی غەربی لە قامشلۆ ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو تەقییەوە و بەهۆیەوە پێنج کەس گیانیان لەدەستدا و حەوت کەسی دیکەش بریندارببوون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-02-18
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-02-18
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-02-18

[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2018-02-18
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 295

2018-02-19



باشووری کوردستان
- کارمەندانی بەڕێوبەرایەتی ئاوی سلێمانی دژی نەبوونی مووچە و ڕادەستکردنی بەڕێوبەرایەتییەکەیان بە کەرتی تایبەت، مانیان گرت و ڕاشیدەگەیەنن، ئەگەر حکومەت داواکاریەکانیان جێبەجێ نەکات ئاوی سلێمانی و دەوروبەری دەبڕن.[1]
- حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند کە لە دابیەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندنی موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان نزیکبوونەتەوە و لەئایندیەکی زۆر نزیکیشدا گەشتی فرۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوە دەکەنەوە.[2]
- بەشێک لە هاوڵاتیانی شارۆچکەی خورماتوو ڕایدەگەیەنن، کە لەلایەن هێزەکانی بەرپەرچدانەوەی خێراوە خانووەکانیان داگیرکراوە و بەرپرسێکی یەکێتی-ش هەواڵەکە پشتڕاست دەکاتەوە.[1]
- هۆتێلێک لە شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود لە سلێمانی گرێگرت و چەندین قوربانی لێکەوتەوە.[2]
- بەهۆی ڕێژەی زۆری باران بارین و دروستبوونی لافاوەوە، بەشێک لە پردی تانجەرۆ دارماوە و هاتووچۆش هاوڵاتیان ئاگادار دەکاتەوە لە ڕێگەی عەربەت - دارە ڕەشەوە هاتوچۆ بکەن.[1]
- ژمارەیەک لە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا و داوایان کرد حکومەتی عێراق هاوکارییە تەندروستی و دارایییەکانیان بۆ بنێرێت.[2]
- شەوی ڕابردوو چەتەکانی داعش هێرشیان کردووەتە سەر سەربازگەیەکی حەشدی شەعبی لە سنووری گوندی سەعدونیەی

نزیک شارەدێی ڕیازی سەر بە شارۆچکەی حەویجە لە پارێزگای کەرکووک و لە ئەنجامدا 27 حەشدی شەعبی کوژران.[1]
- دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ بوومەلەرزەیەک بە دووری هەشت کیلۆمەتر لە شارۆچکەی خانەقینی دا.[2]
- لە شاری سلێمانی پەردە لەسەر پەیکەری بەختیار عەلی، ڕۆمانnوسی ناسراوی کورد لادرا.[1]
- لە کاتژمێر 10:20 خولەکی شەو بومەلەرزەیەک لە سنووری پارێزگای سلێمانی ڕوویدا. گوڕی بومەلەرزەکە 4.6 پلە بووە بە پێوەری ڕێختەر و لە ڕانیە و قەڵادزێ و دوکان و چەند ناوچەیەکی سلێمانی لەلایەن هاوواڵتیانەوە هەستیپێکراوە.[2]
- کەمپەینی ئێمەش لەگەڵتانین بۆ کۆکردنەوەی هاوکاریی بۆ عەفرین لە شاری کەرکووک ڕاگەیەندرا و بڕیارە ماوەی هەفتەیەک بەردەوامبێت.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک بە ئەنجامدانی هێرشێکی ئاسمانی، شارۆچکەی جندرێس و گوندەکانی دێرسیوان و نەبی حۆرپی سەربە شەرا لە سنووری عەفرین بۆردوومان دەکەن.[1]
- سوپای تورک و چەتەکانی گوندەکانی سەربە شارۆچکەی شەرای کانتۆنی عەفرین تۆپباران دەکەن، هاوکات لە گوندی حەلوبیە، بەنداوی مەیدانەک و دەوروبەری قەڵای نەبی حرێ شەرا شەڕێکی سەخت لە نێوان شەڕڤانان و سوپای تورک و چەتەکانیدا ڕووەدات.[1]
- تەلەڤزیۆنی فەرمیی حکومەتی سووریا ڕایدەگەیێنێ، لە چەند کاژێری داهاتوودا سوپای سووریا دەچێتە نێو عەفرین.[3]
- کۆمکاری عەرەبی کاردانەوەی پێشاندا بەرامبەر بە پاوانخوازییەکانی حکومەتی تورک و ڕایگەیاند، کە پێویستە هێرشی سەر عەفرین بوەستێندرێت.[1]
- لە 31 ەمین ڕۆژی هێرشی سوپای تورک بۆ سەر کانتۆنی عەفرین، هێزە داگیرکەرەکان گەرەکی ترندی ناوەندی عەفرین بە سەختی تۆپباران دەکەن.[1]
- سوپای تورک بە چڕی شار و شارۆچکەکانی عەفرین تۆپاران دەکات، لە ئەنجامی تۆپبارانی گوندی باسووتێی سەربە شێراوا هاوڵاتیانی مەدەنی شەهید و بریندارببوون.[1]
- وەزیری دەرەوەی تورکیا دەڵێ ئەگەر سوپای سووریا بۆ پاککردنەوەی پەکەکە و یەپەگە بچێتە عەفرین، ئەوا هیچ کێشەیەکیان نابێت، بەڵام ئەگەر بۆ ئەوەبچێت پارێزگاری لە یەپەگە بکات، ئەوا ئۆپەراسیۆنەکەیان بەردەوامدەبێت و هیچ کەسێک ناتوانێت پێش لە سوپای تورکیا بگرێت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن:	حەشدی شەعبی
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن:	یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
شار و شارۆچکەکان:	خانەقین
شار و شارۆچکەکان:	خورماتوو
شار و شارۆچکەکان:	دوکان
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	عەفرین
شار و شارۆچکەکان:	قەڵادزێ (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
شار و شارۆچکەکان:	ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-02-19
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-02-19
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-02-19
کاتی تۆمارکردن: 2018-02-19
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 296

2018-02-20



باکووری کوردستان
- گەریلاکانی هەپەگە لە دوو مانگی ڕابردووی زستانی ئەمساڵدا، لە هەموو مەیدانەکان لە دژی سوپای تورک چالاکییان ئەنجامداوە، لە ئەنجامی ئەو چالاکییانەدا 76 سەربازی تورک کوژراون و ژمارەیەکی زۆریش بریندارببوون.[1]
- ئەنجومەنی پارێزگای جولەمێرگ، 31 ناوچەی جولەمێرگی وەک ناوچەی ئاسایشی تایبەت ڕاگەیاند و هاتووچۆی تێیاندا قەدەغەکرد.[1]
- سەرپیل کەمالبای، هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە بە مەرجی قەدەغەی چوونەدەرەوە لە وڵات ئازادکرا.[1]
باشووری کوردستان
- سێ کوردی ئێزدی لەژێر دەستی داعش ڕزگارکران، ئەوان لە کۆمەڵکوژی سەر گوندی کۆجۆدا براوبوونە ڕەقەقە.[4]
- بەهۆی بوونی مەترسی داڕمان لەسەر بەنداوی سماقولی، ڕێگای سەرەکی ڕانیە - هەولێر بە ڕووی شۆفێران داخرا.[3]
- هاوڵاتییەکی کورد لە کەرکووک ڕفێندرا، سەرچاوەیەک لە پۆلیسی ئامادەی کەرکووک ڕایگەیاند: ئەو هاوڵاتییەی ڕفێندراوە ناوی محەمەد زەنگەنەیە و برای ئەمیرە کەریم ژنە پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی کوردستانە لەبەغدا.[3]
- مەلا حەسەن، جێگری بەرپرسی مەڵبەندی شەشی سۆرانی یەکێتی بەهۆی جەڵتەی دڵەوە کۆچی دوایی کرد.[2]
- هەڵمەتی دادپەروەریی لەسەر پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی و موچە و دەرماڵەکان لە هەرێمی کوردستان گردبوونەوەیەکی لە بەردەم پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدا.[1]
- کۆمەڵەی هێڤی بە چاندنی بەڕوو لە چیای ئەزمەڕی شاری سلێمانی، وەڵامی تۆپباران و قڕکردنی سروشتی عەفرین لەلایەن دەوڵەتی تورکی دەدەنەوە.[1]
- مێجەر جەنەڕاڵ ئەندرۆ کرۆفت جێگری فەرماندەی هێزە کانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش ڕایگەیاند عێراق 13 فڕۆکەی جەنگی جۆری F16 وەردەگرێت لە ماوەی ئەمساڵدا.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە ئەنجامی تۆپبارانەکانی سوپای تورک بۆ سەر گوندی سێویای سەربە شارۆچکەی ماباتا، هاوڵاتییەکی کەم ئەندام شەهیدبوو.[1]
- لە چەندنین بەرەی کانتۆنی عەفریندا شەڕی سەخت لە نێوان شەڕڤانانی یەپەگە و سەربازەکانی سوپای تورک دا ڕووەدەدەن،

هەروەها فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک عەفرین بۆردوومان دەکەن.
- شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل- یەپەگە، لە دەوروبەری گوندی دەرویشانی سەربە شارۆچکەی شەرا لە کانتۆنی عەفرین، تانکێکی سوپای تورکیان تێکشکاند، هەروەها لە هەمان شوێن 20 سەربازی تورک کوژران.[1]
- شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل- یەپەگە، لە دەوروبەری گوندی دەرویشانی سەربە شارۆچکەی شەرا لە کانتۆنی عەفرین، تانکێکی سوپای تورکیان تێکشکاند، هەروەها لە هەمان شوێن 20 سەربازی تورک کوژران.[1]
- هێزە میلیلییەکانی سەر بە حکومەتی سووریا چوونە نێو عەفرین. هاوکات هێزی ئاسمانی تورکیا دەستی بە بۆردوومانی عەفرین و ئەو هێزانە کردووە کە چوونەتە نێو عەفرین. کوژراو و بریندارییان هەیە.[2]
- سوپای تورک و چەتەکانی، ناوەندی کانتۆنی عەفرین بە چەکی قورس تۆپباران دەکەن.[2]
- وتەبێژی یەپەگە ڕایگەیاند، هاتنی هێزی سوریا بۆ عەفرین لەسەر داوای ئێمە بووە، ئەوەشی خستەڕوو: هێزەکەی سوپای سوریا لەسەر سنوورەکان جێگیردەکرێن و بەشداریی لە پاراستنی یەکێتیی خاکی سوریا و سنوورەکەی دەکەین.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-02-20
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-02-20
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-02-20
کاتی تۆمارکردن: 2018-02-20
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 297

2018-02-21



باکووری کوردستان
- لە سنووری نێوان باکوور و باشووری کوردستان مینێکی پەکەکە بە هێزێکی سوپای تورکیادا تەقییەوە. سوپای تورکیا خۆی دەڵێت دوو سەربازیان کوژراون، لە تۆڵەی ئەوەشدا سنووری کانی ڕەش-یان لە دیوی باشووری کوردستان تۆپبارانکردووە.[3]
- هەپەگە ڕایگەیاند: ئەمڕۆ کاتژمێر 07:30 خولەک هێزەکانمان لە نێوان کانیڕەشی سەربە شەمزینان و گردی کۆردینەی سەربە چەلێ لە جولەمێرگ، لە دژی هێزەکانی سوپای تورک چالاکییان ئەنجامدا، لەو چالاکییەدا حەوت سەربازی سوپای تورک کوژران و دووانی دیکە بریندارووون، سوپای تورک پاش ئەو چالاکییە کوژراو و بریندارەکانی بە هەلیکۆپتەر لە شوێنی چالاکییەکە گواستەوە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەهۆی بارینی بارانی زۆر لە ناوچە بوومەلەرزە لێدراوەکانی کرماشان و ڕووداتی لافاو لە هەندێک ناوچە، دۆخی ژیانی زیانلێکەوتووان ئاستەمتر بووە.[3]
باشووری کوردستان
- لە ڕۆژی جیهانی زمانی دایک، لە هۆڵی دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ لە کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی بە ئامادەبونی مامۆستایان و خویندکارانی بەشی کوردی چەند چالاکییەک بەو بۆنەیەوە بەڕێوە چوو.[2]
- لە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک-دا، هەورامییەکانی شاری هەڵەبجە داوای پاراستنی شێوەزاری هەورامی دەکەن و دەڵێن:هەورامی لەڕیزی ئە و زمانانەیە، کە هەڕەشەی لەناوچوونی لەسەرە.[1]
- پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ دەنگێکی بەرزی هاوشێوەی تەقینەوە لە گەڕەکی قڕگەی ڕۆژهەڵاتی سلێمانی بیسترا. پۆلیسیش دەڵێت مەشق و ڕاهێنانی کارمەندانی ئاسایش بووە.[3] پاشتر ئاساییشی سلێمانی ڕایگەیاند کە چەند گوللە هاوەنێکی کۆنیان تەقاندووەتەوە.[4]
- شاندی پەرلەمانی کوردستان ڕاپۆرتێکی لەسەر لەشکرکێشی تورکیا بۆسەر عەفرین لە دانیشتنی ئەمڕۆ خوێندەوە و بەپێی ڕاپۆرتەکە 31 خوێندنگا خاپورکراون و بە هۆی شەڕ و لەشکرکێشی تورکیاوە، خوێندن وەستاوە.[2]
- لە شاری کەرکووک لە دوو شوێنەوە هێرش کرایە سەر پۆلیسی فیدراڵی و دەنگی تەقەیەکی زۆر بیسترا.[4]
- لە شاری سلێمانی جەژنی ژنانی زەردەشتی ناسراو بە جەژنی سپەندار مەزد بە ئاهەنگ و مۆسیقا پیرۆز کرا.[1]
- لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، کە لەبارەی پرۆژەیاسای چاکسازیی لە خانەنشینی پلە تایبەتەکان بوو، خانەنشینی پلە تایبەتەکان هەڵوەشێنرایەوە.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەوی ڕابردوو سوپای تورک لە کاتژمێر 01:00 بە دواوە ناوەندی عەفرینی بە چڕی تۆپباران کرد، لە ئەنجامی ئۆو تۆپبارانانەدا شەش هاوڵاتی بە سەختی بریندار بوون.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک ناوەندی جندرێس و گوندی تەلسلۆر بۆرردوومان دەکەن.[1]
- شەوی ڕابردوو ستێفان دووژاریک، وتەبێژی سکرتێڕیی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسی هەوڵێستی نەتەوە یەکگرتووەکانی لە بارەی هێرشی سەر عەفرین جارێکی دیکە ڕاگەیاند. دوژاریک وتی: دەبێت حکومەتی تورک هێرشەکەی بوەستێنێت، هەر چەند شەڕ درێژتر بخایەنێت گەیاندنی یارمەتی و هاوکارییە مرۆییەکان بۆ هاوڵاتیان سەخت تر دەبێتەوە.[1]
- سەرحەدە ڤارتۆ، وتەبێژی ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە ڕایدەگەیەنێت، چوونی

سوپای سوریا بۆ عەفرین شتێکی ئاساییە و ئێمە پێشوازی لە و هەنگاوە دەکەین و بە کارێکی ئیجابی دەزانین، دەڵێت پەیەدە و یەپەگە کارێکی ئاقڵانی زۆر باشیان کردوە کە ڕێگەیاندا سەربازانی سوریا بچنە ناو عەفرین.[2]
- ئێوارەی ئەمڕۆ هێزەکانی سوریای دیموکراتی – قەسەدە لێدوانێکی فەرمی لەسەر شەڕەکانی 24 کاتژمێری ڕابردوو بڵاوکردەوە و ئاماژەی بۆ چالاکییەکی شەڕڤانان دژی سوپای تورک و چەتەکانی سەربە تورکیا کردووە. قەسەدە ڕایگەیاندوە: لە ناوچەی ڕاجۆ شەڕڤانان لە دژی سوپای تورک و چەتەکان چالاکیان ئەنجامداوە و لە ئەنجامدا 12 سەباز و چەتە کوژراون.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک بۆردوومانی گوندەکانی ناوچەی بلبل دەکەن.[1]
- لە ئەنجامی چالاکییەکی شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژە لە گردی بلیلکا-ی ڕاجۆ لە عەفرین، مۆڵگەیەکی سوپای تورک و چەتەکانی خاپوورکرا و ژمارەیەکی زۆر سەرباز و چەتەی سەر بە سوپای تورک کوژران و بریندار بوون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شەمزینان
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-02-21
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-02-21
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-02-21
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2018-02-21
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 298

2018-02-22



باشووری کوردستان
- پارێزگاری دهۆک ڕێگەی نەدا کەمپێنێک بۆ هاوکاریی منداڵانی عەفرین ئەنجام بدرێت.[1]
- ئەو هاوکارییانەی، کە لە شارەدێی تەقتەق بۆ عەفرین کۆکرابوونەوە، ڕادەستی مانگی سووری کوردیی کران.[2]
- زیاتر لە نیو تەن زێڕ لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیل دەستیبەسەردا گیرا کە هەوڵی ناردنەدەرەوەی بە قاچاخ درابوو، سەرچاوەیەکیش لە و دەروازەیە دەڵێت لەدوای ڕوداوەکە چەند کارمەندێکی دەروازەکە دەستگیرکراون.[1]
- لە شاری هەولێر کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان و نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکان کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیان ئەنجامدا و ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد، کە ڕۆژی شەممە 24ی مانگ کانژمێر 2ی پاشنیوەڕۆ خۆپیشاندانێکی سەرتاسەریی بۆ پشتگیریی عەفرین ئەنجام دەدرێت.[2]
- بە بەشداری نەوزاد هادی، هەڤاڵ ئەبوبەکر و فەرهاد ئەتروشی، هەرسێ پارێزگاری هەولێر، سلێمانی و دهۆک کۆنفرانسی وزە لە بروکسل بەڕێوەدەچێت.[3] لە کاتی گەییشتنیان بۆ شوێنی کۆنفرانسەکە کۆمەڵێک لاو بە جلێو هێرشیانکردەسەر نەوزاد هادی. پاشتریش ڤیدیۆی هێرشکردنەکە بە بەرفراوانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبوەوە.[4]
- نوێنەری مامۆستایانی ناڕازی و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کۆبوونەوە و تیایدا ئەنجومەنی ناوبراو پەیامێکی سێ خاڵی ئاڕاستەی مامۆستایان کرد بۆ دەستپێکردنەوەی پڕۆسەی خوێندن لە سنوری سلێمانی و ڕاشیانگەیاند لە هەفتەیەکدا هاندانێکی مامۆستایان دابەشدەکرێت.[1]
- دەزگای گشتی کاروباری مین لەهەرێم هۆشداری دەدات، بەهۆی ڕووداوی لافاو، مەترسی ڕامااڵینی مین و تەقەمەنی لە ناوچە بەرزاییەکانەوە بۆ دامێنی شاخ و دەشتاییەکان هەیە، دەشڵێت پێویستە هاوواڵاتیان ئاگاداری خۆیان بن و لە و ناوچانە بە هۆشیارییەوە هاتوچۆ بکەن.[1]
- بۆ جاری دووەم لەباشوری کەرکووک ڕوبەڕوبوونەوە لەنێوان چەکدارانی داعش و حەشدی شەعبی ڕوویدا.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- فرۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک گوندەکانی شەیتانا و کورکای سەربە شارۆچکەی ماباتای کانتۆنی عەفرین بۆردوومان دەکەن.[2]
- ئادریان گاڵوەی، وتەبێژی وەزارەتی بەرگریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەڵێت، کە لە عەفرین هاوڵاتیانی مەدەنی دەکرێنە ئامانج و دەکوژرێن.[2]
- سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، قەیران و ڕووداوەکانی شەڕ و پێکدادان لە سوریا بە جەهەنەمی سەر زەوی ناودەبات و داوای وەستانی بەپەلەی ئەو شەڕ و ئاڵۆزییانە لە ناوچەی عەفرین و سوریا دەکات.[1]
- بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی لەنێوان یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) و سوپای سوریا کراوە، گروپێکی دیکەی سەربازانی سوپای سوریا گەیشتنە عەفرین، وتەبێژی یەپەگەش دەڵێت چاوەڕێدەکەین هێزی زیاتری سوریا بگاتە عەفرین.[1]
- سوپای تورک جارێکی دیکە ناوەندی شاری جندرێسی کانتۆنی عەفرینی تۆپباران کرد، لە ئەنجامدا هاوڵاتییەک شەهید بوو و دووانی دیکەس بە سەختی بریندار بوون.[2]
- لە گوندی دێرسەوان-ی سەر بە شارۆچکەی شەرا لە عەفرین، کاروانێکی ئۆتۆمبێلی سەربازیی سوپای تورک و چەتەکان-یان کردە ئامانج. ڕاگەیەندرا، کە لە ئەنجامی ئەو چالاکییەدا، ژمارەیەکی زۆر سەرباز و چەتەی سەر بە سوپای تورک کوژراون و بریندارببوون. هاوکات، لە گوندەکانی ساریا، قەتمە و شەیتانا-ی سەر بە شارۆچکەی ماباتا، لەنێوان شەڕقانان و سوپای تورک و چەتەکانیدا شەڕێکی سەختە و فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیش ئەو گوندانە بۆردوومان دەکەن.[2]

- فەرماندەیی یەکینەکانی پاراستنی ژنان- یەپەژە، بە ڕاگەیەندراوێک ئاشکرایکرد، کە دوو شەرڤانی برینداریان لە ناو هێزە داگیرکەرەکاندا ڕزگارکردووە.[2]
- کاروانی هەزاران کەسیی گەلانی هەرێمەکانی جزیرە و فورات، گەیشتنە خاڵی پشکنینی سەرەتایی عەفرین و لەلایەن سوپای تورک و چەتەکانییەوە تۆپبارانکران.[2]
- کاتژمێر 07:30 خولەکی ئێوارەی ئەمڕۆ، کەسێکی نەناسراو لە چواردیانی شەریا-ی گەڕەکی نەشوان-ی شاری حەسەکە، بۆمبێکی هەڵدایە ناو ئۆتۆمبێلێکی هێزەکانی ئاسایشی حەسەکە-وە. ڕاگەیەندرا، کە بەهۆی تەقینەوەکەوە، کارمەندێکی ئاسایش و کارمەندێکی هاتووچۆی حەسەکە بریندار بوون.[2]

دەرەوەی کوردستان

- لە کۆنفرانسێکی تایبەت بە کۆبوونەوەی سەرکردە جووەکان لە ئۆرشەلیم - قودس، بنیامین نەتانیاهۆ، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل ڕایگەیاند، بەشێکی گرنگی سیاسەتی وڵاتەکەی ئەوەیە هەرگیز ڕێگە بە ئێران نەدەن بنکەیەکی سەربازی لە سووریا دروستبکات و لە دژی ئیسرائیل بەکاریبهێنێت. نەتانیاهۆ ڕاشیگەیاند نەک ڕێگە بە ئێران نادەن جێپێی سەربازی لە سووریا قایمبکات، ڕێگەشی پێنادەن چەکی ئەتۆمی بەدەستبهێنێت. ئەوە بەشێکی هەرە گرنگی سیاسەتی ئێمەیە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 22-02-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 22-02-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 22-02-2018
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 22-02-2018
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 299

2018-02-23



باشووری کوردستان
- هەرسێ پارێزگاری هەولێر و سلێمانی و دهۆک لەمیانی بەشداریکردنیان لە کۆنفرانسی جێگرەوەی وزە لە وڵاتی بەلجیکا واژۆیانکرد لەسەر ڕێککەوتنامەی وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا بۆ مامەڵەکردن بە جێگرەوەی وزە.[1]
- ڕاوێژکارێکی سەرۆک کۆماری عێراق ئاشکرایدەکات، سەرۆک وەزیران یەک تریلیۆن دیناری بۆ پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی 2018ی عێراق زیاد دەکات.[1]
- لە بەشێک لە مزگەوتەکانی شاری سلێمانی و دەوروبەریەوە داوا لە هاوڵاتیان کرا بەشداری خۆپیشاندانی سەرتاسەری بین بۆ پشتیوانی عەفرین، کە بڕیار وایە سبەینێ لەلایەن کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان-کەنەکە و پارت و ڕێکخراوەکانەوە ڕێکبخرێت.[2]
- قوباد تاڵەبانی و شاندێکی ئەمریکا لەبارەی ناردنی مووچە لەلایەن حکومەتی عێراق، کردنەوەی فڕۆکەخانەکان و ڕێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە گفتوگۆیان کرد. شاندی ئەمریکا وێڕای جەختکردنەوە لەسەر بەردەوامبوون لە ناردنی هاوکارییەکانیان، پاڵپشتیی وڵاتەکەیان بۆ دەستپێکردنی دیالۆگێکی جددی لەنێوان هەولێر و بەغدا دەربڕی.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورک و چەتەکانی سەربە تورکیا دەستیان کرد بە تۆپبارانکردنی شارەدێی باسوت لە ناوچەی شێراوا لە عەفرین.[2]
- لە سنوری گوندی موسکی سەربە ناوچەی ڕاجۆ شەڕێکی سەخت لەنێوان شەڕڤانان و سوپای تورک و چەتەکانی سەربە تورکیا بەڕێوەدەچێت.[2]
- بەهۆی تۆپبارانەکانی سوپای تورک و چەتەکانییەوە لەسەر ناوەندی شارۆچکەی جندرێس لە عەفرین، هاوڵاتییەکی دیکە شەهیدبوو.[2]
- لە هەردوو بەرەی شارۆچکەکانی ڕاجۆ و جندرێس-ەوە لە عەفرین، شەڕێکی سەخت لەنێوان شەڕڤانان و سوپای تورک و چەتەکانیدا بەڕێوەدەچێت، هاوکات سوپای تورک گوندەکانی شارۆچکەی ماباتا تۆپباران دەکات.[2]
- سەرۆک کۆماری تورکیا ئەردۆگان ڕایگەیاند، هاوینی ئەمساڵ بەرە و منبج دەچن و دواتر هەنگاو بەرە و ڕۆژهەڵاتی فورات دەنێن.[3]
- سوپای سووریا چووەتە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی یەپەگە لە شاری حەلەب.[3]
دەرەوەی کوردستان
- لە شاری بەغدا کۆنفرانسی ڕاگەیاندنی لیستی نەوەی نوێ لە پارێزگاکانی عێراق بەڕێوەدەچێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: جووڵانەوەی نەوەی نوێ
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
وڵات: باشووری کوردستان

ووڵات: ڕۆژاوای کوردستان
ووڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
ووڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-02-23
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-02-23
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-02-23
کاتی تۆمارکردن: 2018-02-23
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 300

2018-02-24



باکووری کوردستان
- ئاسایشی ئامەد لە هەڵمەتێکدا هەزار و 432 کەسی پشکنی و لێپرسینەوەیشی لەگەڵ هەزار و 393 کەس ئەنجامدا.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دووکانداڕەکانی شارەکانی بانە و پیرانشار، بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی لە دژی بێکارێی و داخستنی دەروازە سنووریەکان مانیان لە کارکردن گرت و دووکان و بازاڕیان داخست.[2]
- ئیبراهیم عەزیزی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حزبی کۆمەڵەی ئێران جەختیکردەوە، کە گەلی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پشتوانی عەفرینە، ڕاشیگەیاند، کە ئەوان ئامادەن هێزی پێشمەرگە بنێرنە عەفرین، داواشی لە حکومەتی هەرێم کرد سنورەکانیان بەڕووی ڕۆژئاوای کوردستاندا ئاوەڵا بکەن.[2]
باشووری کوردستان
- لە باشوری کوردستان خۆپیشاندانی سەرتاسەریی بۆ پشتیوانیی عەفرین دەستپێکرد.[3]
- پارتی ڕێگریکرد لە ئەنجامدانی ئەو چالاکییەی، کە بڕیاربوو لە شارۆچکەی سۆران بۆ پشتیوانیی عەفرین ئەنجام بدرێت.[2]
- حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق لێژنەیەکی باڵای لە وەزارەتی ناوخۆو بەرگری ڕەوانەی کەرکووک کردووە بۆ بەدواداچوون لەبارەی دۆخی ئەمنی شارەکەوە.[1]

- دژە تیرۆری عێراق تەئکید دەکاتەوە، بەهەموو هێزو توانایەوە ڕووبەڕووی هەر هێرشێک دەبنەوە هەوڵ بدات لەشارەکە نزیکبێتەوە، پۆلیسی شارەکەش ئاماژە بەوە دەکات، دۆخی سەنتەری کەرکووک و دەوروبەری ئارامە.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک گوندی عەرەبوێران بۆردوومان دەکەن و لە گوندی حاجیلکا-ش شەڕی سەخت لەنێوان شەڕڤانان و هێزە داگیرکەرەکاندا ڕوودەدات.[2]
- لە عەفرین منداڵێکی تەمەن پێنج ساڵان بە ناوی ئیبراهیم ڕەشید کرایە ئامانجی هێرشی سوپای تورک و شەهیدبوو.[2]
- سوپای تورک و چەتەکانی بەردەوامن لە ئەنجامدانی تاوانی دژەمرۆڤایەتی لە دژی هاوڵاتیانی عەفرین، لە کردەوەیەکی دیکەدا چوار هاوڵاتیی گوندنشینی بەتەمەنیان بەیەکەوە بەستووەتەوە و لە دەوریان مینیان چاندووە.[2]
- سەرەڕای هەموو هێرشەکانی دەوڵەتی تورک بۆسەر کاروانی هاوڵاتیانی جزیرە و فوارت، کە بەرەو عەفرین بۆ پشتگیریی بەرخۆدان بەرێکەوتبوون، ئەو هاوڵاتیانە گەیشتنە عەفرین و کەمێک پێش ئێستا بەشداری ڕێپێوانی گەورە بۆ پشتگیریی بەرخۆدانی عەفرین بوون.[2]
- شاندێکی ژنانی سێ پارچەی کوردستان بە مەبەستی پشتگیریکردنی بەرخۆدانی سەردەم لە عەفرین، بەرەو ڕۆژئاوای کوردستان بەرێکەوتن.[2]
- لە دەوروبەری گوندی ئۆمەرای سەربە شەرای کانتۆنی عەفرین، شەڕێکی سەخت لە نێوان شەرڤانانی یەپەژە و یەپەگەدا و هێزە داگیرکەرەکاندا ڕوودەدات و ژمارەیەکی زۆر لە سەرباز و چەتەکانی سوپای تورک لەو شەڕەدا کوژراون.[2]
- سوپای تورکیا بە بڵاوکردنەوەی گرتەیەکی ڤیدیۆیی ڕایگەیاند، هێرشی ئاسمانیان کردووەتە سەر کاروانێک لەو ئۆتۆمبێلانەی ویستوویانە بچنە عەفرین. تورکیا دەڵێت، ئەم کاروانە هەڵگری چەک و تەقەمەنی بووە بۆ شەرڤانان. بەڵام چەندکەس لە بریندارەکان کە بۆ نەخۆشخانە گواستراونەتەوە، دەڵێن، ئەوان سڤیل بوونەوە و تەنیا ویستوویانە بەو شێوەیە پاڵپشتی لە عەفرین بکەن. ڕەتیشیدەکەنەوە چەک و تەقەمەنیان بۆ عەفرین گواستبێتەوە. بەگوێرەی سەرچاوە خۆجێیەکان، کاروانەکە لە شارەکانی قامشلۆ و کۆبانێ-وە بۆ عەفرین دەڕۆیشت بۆ ئەوەی پاڵپشتی خۆیان بۆ خەڵکی ئەو هەرێمەی ڕۆژئاوای کوردستان دەربڕن.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - ڕۆژهەڵات
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 24-02-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 24-02-2018
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 24-02-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-02-24
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 301

2018-02-25



رۆژهەڵاتی کوردستان
- شەوی ڕابردوو، بەهۆی هەرەسهێنانی شاخێکەوە لە شاری گەیلان غەربی سەر بە پارێزگای کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان 2 هاووڵاتی مردن و دووانی تریش بریندار‌بوون.[4]
- مانگرتنی کاسبکارانی بانە و پیرانشار بەردەوامە و دوکان و بازاڕەکانیان داخستووە.[1]
باشووری کوردستان
- بەیانی ئەمڕۆ تەقینەوەیەکی خۆکوژی لەبەردەم بارەگای عەسائیبی ئەهلی حەق لەنزیک باڵەخانەی پارێزگای کەرکووک ڕوویدا.[2]
- خۆپیشاندانی مامۆستایانی سلێمانی دەستپێکرد و بە ڕێپێوان دەچنە بەردەم پارێزگای سلێمانی، هاوکات مامۆستایانی کەلاریش دەستیان بەخۆپیشاندان کردەوە.[2]
- لەبەردەم باڵەخانەی تۆڕی میدیایی ڕووداو لە هەولێر، لە یەکەمین ساڵیادی شەهیدبوونی شیفا گەردی لەموسڵ، پەردە لەسەر پەیکەری سیمبولیی شەهید شیفا گەردی لادرا.[3]
- بەهۆی وەرگەڕانی ئۆتۆمبێلێکەوە لەسەر ڕێگای سەرەکیی ڕانیە-قەڵادزێ، پێنج پێشمەرگە بریندار‌بوون، بەوتەی جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهیدانی نوێی قەڵادزێ-ش، بریتی دوو لە پێشمەرگەکان سەختە.[2]
- مامۆستایانی خوێندنی کوردیی لە کەرکووک گردبوونەوەیەکی ناڕەزایی‌یان ئەنجامدا و داوایان کرد میلاکەکانیان بگوازرێتەوە بۆسەر پەروەردەی گشتیی کەرکووک.[2]
- هێزەکانی پێشمەرگە لەشوێنەکانی خۆیان بەرەو پێشتر جوڵەیان کردووە و بەوەش لەدەروازەکانی کەرکووک زیاتر نزیکبونەتەوە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- میدیاکانی تورکیا ڕایدەگەیێنن، ساڵح موسلیم، هاوسەرۆکی پێشووی پەیەدە لە پراگ پایتەختی چیک دەستگیرکراوە. پەیەدەش ڕایگەیاند کە لەسەر داوای تورکیا دەستبەسەرکراوە[1]
- پەیەدە ڕاگەیەندراوێکی لەسەر دەستگیرکردنی ساڵح موسلیم لە وڵاتی چیک بڵاوکردەوە و جەختی کردەوە، دەستگیرکردنی ساڵح موسلیم هیچ پاساوێکی یاسایی نییە و دەبێت بەزووترین کات ئازادبکرێت.[1]
- یەپەگە ڕایگەیاند: لە سەر بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کە دوێنێ 24ی شوبات دەرکرا، بە مەبەستی ناردنی یارمەتییە مرۆییەکان بۆ ناوچە شەڕاوییەکانی سوریا، بۆ ماوەی مانگێک لە سەرتاسەری سوریادا ئاگربەست ڕادەگەیەندرێت، ئێمە وەک فەرماندەیی یەپەگە پێشوازی دەکەین لەو بڕیارە.[2]
- عەمر موسا، وەزیری دەرەوەی پێشووی میسر و ئەمینداری گشتیی پێشووی کۆمکاری عەرەبی دەڵێت، ئاگربەستێک کە

ئەنجومەنی ئاسایس لە سوریا ڕایگەیاندووە عەفرینیش دەگرێتەوە.[2]
- سەرەڕای ڕاگەیاندنی ئاگربەستێکی 30 ڕۆژە لە سوریا لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، سوپای تورک ناوەندی شارۆچکەی جندرێس لە عەفرین تۆپباران دەکات و فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیش گوندێکیان لە شارۆچکەی مەیدانکێ بۆردوومانکرد.[2]
- شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژە لە بەرەی جندرێس گورزیان لە سوپای تورک و چەتەکانی وەشاند و 8 سەرباز و چەتەی تورک کوژران.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ڕۆژنیوز - 2018-02-25
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ڕووداو - 2018-02-25
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی دواڕۆژ - 2018-02-25
کاتی تۆمارکردن: 2018-02-25
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 302

2018-02-26



باشووری کوردستان
- وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی هەرێم ڕایدەگەیەنێت، بۆ جاری دووەم ڕاگرتنی گەشتی دەرەکی فڕۆکەخانەکانی هەرێم لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە درێژکراوەتەوە.[3]
- شاندێکی ڕۆژئاوای کوردستان و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، سەردانی کونسوڵی چیک-یان لە هەولێر کرد داوای ئازادکردنی ساڵح موسلیم-یان کرد، کونسوڵی چیک-یش سەرسوڕمانی خۆی لە دەستگیرکردنی موسلیم نیشاندا.[1]
- لە شاری سلێمانی ژنانی گەنجی تێکۆشەر کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیان ئەنجامدا و کەمپینێکیان ڕاگەیاند و داوای بایکۆتکردنی هەموو کاڵا و کەلوپەلێکی تورکیان لە باشوری کوردستان کرد.[1]
- کاتژمێر 10:15ی ئەمشەو لە شاری کەرکووک، پێکدادان لەنێوان هێزە عێراقییەکان و ژمارەیەک چەکداری نەناسراو ڕوویدا. سەرچاوەیەک لەپۆلیسی کەرکووک ڕاگەیاند چەند چەکدارێکی نەناسراو گوللە ئاربیجییەکیان ناوە بە بارەگای بەرەی تورکمانی لەگەڕەکی موسەڵای تورکمان نشین و بەهۆیەوە پێکدادان ڕوویداوە.[3]
- شەڕ و پێکدادان لەنێوان هێزە ئەمنییەکانی عێراق و چەکدارانی داعش لە حەویجە ڕوویدا و کوژراو بریندارێ لێکەوتەوە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک گوندی یەلانقۆزی سەربە جندرێسیان بۆردوومان کرد و لە ئەنجامدا پێنج هاوڵاتی شەهیدبوون.[1]
- شەڕفانانی یەکینەکانی پاراستنی ژن و یەکینەکانی پاراستنی گەل، هێرشێکی سوپای تورکیان بۆ سەر جندرێس تێکشکاند.[1]
- جێگری سەرۆکوەزیرانی تورکیا لەبارەی دەستگیرکردنی ساڵح موسلیم، هاوسەرۆکی پێشووی پەیەدە ڕایدەگەیێنێ، سێ وەزارەتیان لەسەرخەتن بۆئەوەی چیک ڕازی بکەن ڕادەستیان بکات.[2]
- سوپای تورک و چەتەکانی، شارۆچکەکانی شەرا و مەیدانکێ لە عەفرین تۆپباران دەکەن و زیانی زۆری لێکەوتووەتەوە.[1]
- ئەدریان ڕانکین گاڵۆوەی وتەبێژی پنتاگۆن لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، ئەمریکا و تورکیا بەدوای ڕێگەچارەیەکدا دەگەڕێن بۆ کەمکردنەوەی ئاڵۆزییەکانی عەفرین و گەیشتن بە چارەسەرێک. ڕانکین ئەوەشی ئاشکراکرد، لێکۆڵینەوەی دیپلۆماسی بۆ چارەسەری دۆخی عەفرین دەستیپێکردووە و چارەسەری دۆخی عەفرین دەکرێت.[3]
دەرەوەی کوردستان
- دەیان هاوڵاتی کورد لە بەردەدم داگای پراگ پایتەختی چیک گردبوونەوە و ناڕەزایی دەربڕین لە دژی دەستگیرکردنی ساڵح موسلیم و داوای ئازادکردنی دەکەن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێراق
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-02-26
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-02-26
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-02-26
کاتی تۆمارکردن: 2018-02-26
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 303

2018-02-27



باکووری کوردستان
- لە شاری مانیسای تورکیادا، لە چالاکییەکدا لە بەرزگۆی ناوەندی شارەوانی مەهەپەوە سرودی ئیرۆ چەرخا شۆڕشێ فرە دگەرێێ پەخش کرا، کە گرێدراوی دەیان پارکە و دەنگەکە تەواوی شاری گرتەوە.[3]
- ئەحمەد یڵدرم، نوێنەری شاری موش و ئیبراهیم ئایهان، نوێنەری شاری ڕوحا لە باکوری کوردستان بەهۆی سزادانیان لەلایەن دادگای تورکیاوە لە پەرلەمانی تورکیا لە ئەندامێتی دوور خرانەوە.[1]
- هەپەگە، ڕایگەیاند: کاتژمێر 04:00ی پاش نیوەڕۆ، گەریلاکانمان لە گوندی بەرمیزەی سەربە شەمزینان چالاکییەکیان لە دژی هێزەکانی سوپای تورک ئەنجامدا، لەو چالاکییەدا دوو سەربازی تورک کوژران.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هاوولاتییەکی کورد بە ناوی محەمەد پەتاشی تەمەن 54 ساڵ کوڕی محەممەد کەریم خەڵکی شاری پیرانشار لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەستبەسەر کرا.[5]

باشووری کوردستان
- جوولانەوەی نەوەی نوێ و حزبی شیوعی کوردستان، ئیدانەی دەستگیرکردنی سالح موسلیم دەکەن و داوا لە ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا و ڕێکخراوەکانی بواری مافی مرۆڤ دەکەن، فشار بکەن بۆ هەرچی زووە ئازادکردنی.[3]
- بەهۆی بارانباریني بەردەوام ئاوی زێ بچوک بۆتە قوڕاو و بەمەش پرۆژەی ئاوی تەقتەق لەکار کەوت کە ئاو بۆ کۆیە دابینەدەکات.[1]
- یەکەمین کڵێسای ئەدفێنتستی ئینجیلی لە هەولێر کرایەوە.[2]
- لە عەلوەی سەوزە و میوەی شاری هەولێر، منداڵێکی تەمەن 12ساڵ بەناوی (عەبدولحەکیم فەرحان عەلی) لەکاتی کارکردندا سەری بەر دەرگای ئەو ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرە کەوتووە کە سەوزە و میوەی بۆ بارکردووە، ڕاستەوخۆش گیانی لەدەستداوە.[2]
- بە وتەی کارگێڕی لقی سلێمانی یەکێتی مامۆستایان تا دوای جەژنی نەورۆز پرۆسەی خوێندن دەستپێناکاتەوە و بەرێوەبەری پەروەردەی سلێمانیش دەڵێت تا ساڵێک یان دووساڵی دیکە گەر وابێت ناتواندرێت موچەی بێ پاشەکەوت بدرێت.[1]
- لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی پێشانگایەک لەژێر دروشمی عەفرین نیشتمانی بەرخۆدان بۆ هونەرمەند ڕێبوار سەعید کرایەوە و پێشانگاکە ماوەی سێ ڕۆژی خایاند.[3]
- ئەمڕۆ ژمارەیەک هاوڵاتی لە کاتی هەوڵدان بۆ چوونە سنووری باکوور لە لای سنوری شەمزینانەوە گیانیان لەدەستدا. بەپێی زانیارییەکان ئە و هاوڵاتیانە وێستویانە بە قاچاغ سنور دەربازبکەن، بەڵام بەهۆی سەرماوە گیانیان لەدەستداوە، لەناو ئە و قوربانیانەدا سێ منداڵ و ژنێک هەن.[3]
- یەکەی تانک و زرێپۆشی هێزە عێراقییەکان لە سنوری خورماتوو کشایەوە، بەرپرسێکی حەشدیش دەڵێت ئەوەی کراوە تەنیا ئاڵوگۆڕی هێزە و هێزی نوێش لە بەغداوە ڕەوانە نەکراوە.[1]
- فڕۆکە عێراقییەکان چەکدارانی داعشیان لە سنوری پردێ بۆردومانکرد، لە ئێستادا هێزە ئەمنییەکان لەقەزای دوبز کەوتونەتە حاڵەتی ئامادەباشییەوە.[1]
- سەرۆکوەزیرانی عێراق ڕایگەیاند، لەگەڵ هەرێمی کوردستان ڕێککەوتووین لەسەر هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک. گوتیشی: ئەگەر بێت و نەوتی کەرکووک هەناردە نەکرێت ئەوا داهاتمان نابێت.[2]
- دوای چەندین کۆبوونەوە لەسەر پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان، پەرلەمانی کوردستان ئەمشەو هەموو ماددەکانی پرۆژەیاساکەی پەسندکرد و بەو شێوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت پرۆژەیاساکە جێبەجێ بکات. یاسای چاکسازی لە خانەنشینی لە 24 ماددە پێکهاتووە، پەسندکردنی مانگانە بری 150 ملیار دینار بۆ حکومەت دەگەڕێنێتەوە. لە یاساکەدا خزمەتی سالانەی فەرمانبەران و دەرماڵەکانیان ڕێکخراوەتەوە، کەمترین مووچەی خانەنشینان 300 هەزار دینار دەبێت و دوو مووچەیش نامێنێت.[2]
- ماتۆرسکلێک لە شاری کەرکووک تەقیەوە و وتەبێژی پۆلیسی کەرکووک-یش وتی، تەقینەوەکە هیچ زیانێکی مادیی و گیانیی نەبووە.[3]
- بەهۆی باران بارینی بەردەوام و زۆرەوە، لە سنووری پێنجوێن و دەوروبەری، تەواوی کانیەکان تەقیون و ئاوی چەمەکانی سنوورەکەش بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیان کردووە.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەمڕۆ لە 39 یەمین ڕۆژی بەرخۆدانی سەردەم لە عەفرین دا، گوندی ئۆمەرای سەربە شاری شەرای کانتۆنی عەفرین لە چنگی سوپای تورک و چەتەکانی ڕزگارکرا.[3]
- سوپای تورک جارێکی دیکە ناوچەکانی دەوروبەری جندرێسی تۆپباران کرد، لە ئەنجامی ئەو تۆپبارانەدا دوو هاوڵاتی شەهیدبوون و سێیانی دیکەش بریندارببوون.[3]
- سەرۆک وەزیرانی تورکیا ڕایدەگەیەنێت، بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی تایبەتە بە غۆتەی خۆرهەڵات لە سوریا، ئاماژە بەوەشدەکات کە ئاگربەستەکە ئۆپراسیۆنەکانی تورکیا بۆسەر عەفرین ڕاناگرێت.[1]
- ڕۆیتەرز، بڵاویکردەوە کە تورکیا هێزی زۆرتر ڕەوانەی عەفرین دەکات.[4]

دەرەوەی کوردستان
- 74 پەرلەمانتاری ئەورووپا داوای ئازادیی ساڵح موسلیم دەکەن.[3]
- ساڵح موسلیم لە پراگ بەرەو دادگا بەرێکرا.[4]
- ساڵح موسلیم پاش ئەوەی چووە بەردەم دادگای چیک، ئازادکرا.[4]
- تورکیا ڕایگەیاند، بڕیاری ئازادکردنی ساڵح موسلیم مایەی قبوڵکردن نییە و پێچەوانەی یاسا و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: جووڵانەوەی نەوەی نوێ
پارت / لایەن: حزبی شیوعی کوردستان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: شەمزینان
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: موش
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕوحا
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-02-27
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-02-27
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-02-27
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-03-05
کاتی تۆمارکردن: 2018-02-27
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 304

2018-02-28



باکووری کوردستان
- دادگای پێداچوونەوە بە دۆسیەی سەلما ئیرماک، نوێنەری هەدەپە لە پەرلەمانی تورکیا سزای 10 ساڵ زیندانیکردنی بەسەردا سەپاند.[2]
- گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل- هەپەگە، لە چەلێی سەربە جولەمێرگ فرۆکەیەکی سیخۆپی سوپای تورکیان لە جۆری درۆن تێکشکاند.[4]
باشووری کوردستان
- چلەی ماتەمینیی یاریزانی بەناوبانگی سلێمانی حەمەی عەبۆل لە سلێمانی بەڕێوەدەچێت.[1]
- مامۆستایانی نارازی هەڵەبجە گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و ڕایانگەیاند هەر هەوڵێکی حکومەت بۆ شکاندنی بایکۆت بەڕێ دەستکاریکردنی مووچەکانیان بێئاکام دەبێت.[2]
- ڕێزان شێخ دلێر، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق ئاشکرای دەکات سەرۆک وەزیرانی عێراق پیلانێکی مەترسیداری لە دژی هەرێمی کوردستان بەدەستەوەیە و ئامادە نییە هیچ بڕە پارەیەک بنێرێت.[2]
- فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی سوپای ئەمریکا بە گرنگییەوە باسی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی وڵاتەکەی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات و دەڵێت هەرێمی کوردستان هاوبەشێکی ستراتیژیی ئەمریکایە. لەبارەی ڕەوشی ڕۆژئاوای کوردستانیش دەڵێت ئۆپەراسیۆنی تورکیا بۆ سەر عەفرین کاریگەریی لەسەر شەڕی دژی داعش هەیە.[3]
- هیومان ڕایتس وۆچ لە نوێترین ڕاپۆرتیدا، باسی لە دەستگیرکردنی خۆپیشاندەران و ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە کردووە.[4]
- ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز بڵاویکردەوە، وەزارەتی نەوتی عێراق، بەمەرج ڕێگر نییە لەوەی کۆمپانیای ڕۆسنەفتی ڕوسی لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووکدا کار بکات.[2]
- سروە عەبدولواحید، پەرلەمانتاری بزوتنەوەی گۆڕان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە بەیاننامەیەکدا دەڵێت دەستبەرداری فراکسیۆنی گۆڕان نابن، بەڵام دەستلەکارکێشانەوەم وەک سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان ڕادەگەیەنم. ڕونیشیکردووەتەوە خۆکاندیدکردنم لە هاوپەیمانی نەسر بۆ تێپەڕاندنی سنوری شوێن و تایەفی و نەژادی بوو، بۆ ئەوەشبوو کە نوێنەرایەتی سەرجەم عێراق بکەم نەک پێکهاتەیەکی دیاریکراو.[2]
- کاتژمێر 2:30 خولەک بە ئامادەکاریی دەستەی پشتیوانی لە عەفرین لە هۆڵی مەشق و ڕاهێنانی میدیایی لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی لە شاری هەولێر، کۆنفرانسێک بە ناونیشانی خوێندنەوەیەکی یاسایی بۆ تاوانەکانی توکریا بۆسەرکانتۆنی عەفرین دەستپێکرد.[4]
- قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: ئێمە تەنها بەقسە باسی ناکەین، بەڵکو بە کردار هەنگاومان ناوە بۆ چارەسەرکردنی دیاردەی بندیوار، لە پرۆسەی بایۆمەتریش توانیمان زیاتر لە پەنجا هەزار موچەخۆری بندیوار و وەهمی بدۆزینەوە.[4]
- ژمارەیەک چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدا و دروشمیان دژ بە مووچەی خانەنشینی پەرلەمانتاران بەرزکردبووەوە.[2]
- کۆمەڵەی جیهانیی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان (وان ئیفرا) خەڵاتی باشترین سۆشیاڵ میدیای لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ ساڵی 2017 بەخشییە ڕووداو.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان

- ئەمرۆ سوپای تورک شارۆچکەی بەدینای بە چڕی تۆپباران کرد، لە ئەنجامدا هاوڵاتییەکی مەدەنی بە ناوی عەبدۆ ڕەشید بە سەختی بریندارببوو.[4]
- سەرلەبەیانیی ئەمرۆ هێزە داگیرکەرەکان هەوڵی هێرشێکیان دا بۆ سەر گوندی عەلی جەرا سەربە بلبلێ، ڕووبەڕووی چالاکیی شەرڤانان بوونەوە، لە ئەنجامدا هێرشەکە تێکشکا و چوار سەرباز و چەتە کوژران و شەشی دیکەش بریندارببوون.[4]
- ڕێکخراوی ئامنستی ئینتەرناشنالّ بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک، باسی کۆمەڵکوژیی حکومەتی تورکی لە عەفرین کرد و ڕایگەیاند، کە ئەو کۆمەڵکوژییە بووەتە مەترسی لە سەر گیانی سەدان هاوڵاتیان.[4]

دەرەوەی کوردستان

- وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا جەخت دەکاتەوە، کە ئاگربەست بۆ سەرتاسەری سوریایە و پێویستە تورکیا باش لە پەیمانەکە تێبگات.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن:	یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
شار و شارۆچکەکان:	جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	عەفرین
شار و شارۆچکەکان:	هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-02-28
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-02-28
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-02-28

کاتی تۆمارکردن: 2018-02-28

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 305

2018-03-01



باکووری کوردستان
- دادگای تورک سزای دوو ساڵ و شەش مانگ زیندانی بە سەر دیلەک ئۆجەلان، پەرلەمانتاری ڕوحای هەدەپەدا سەپاند.[3]
باشووری کوردستان
- نیوەڕۆی ئەمڕۆ کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراق بۆ تاوتوێی پڕۆژەیاسای بودجەی 2018ی عێراق دەستپێکرد و پەرلەمانتارانی کوردیش بایکۆتی دانیشتنەکەیان کرد.[2]
- فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە پەرلەمانی عێراق لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایانگەیاند، پڕۆژەیاسای بودجەی عێراق ڕەتدەکەینەوە و داوا لە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دەکەین هەڵوێستیان هەبێت.[4]
- چین و تونژەکانی شارۆچکەی قەڵادزێ، دژی پەسەندکردنی یاسای چاکسازیی موچە و خانەنشینیی لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ڕێپێوانێکان ئەنجامدا و داوایانکرد، کە هەرچی زووە کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایە بکرێت.[1]
- بۆمبێک بە ئۆتۆمبێلێکدا لە بازاڕی شارەدێی بنەسڵاوەی نزیک هەولێر تەقییەوە و دوو پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەختی بریندار‌بوون.[2][4]
- دوای دوو ڕۆژ لە هەڵمەتی کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ عەفرین، لقی سلێمانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستیی هاوکاریی پزیشکییەکانییان ڕەوانەی عەفرین دەکەن، کە بەوتەی خۆیان، خۆی لە 11 تۆن دەرمان و پێداویستیی پزیشکیی دەبینێتەوە.[1]
- لە گوندی مەحمود پەریزادەی سەر بە شارەدێی تەکیەی جەباری بەهۆی تەقەی خۆشییەوە گۆرانیبێژێکی میلی کوردی بەناوی حەمادە وەلی کاکل کوژرا.[2]
- دەستەی پشتیوانیی لە عەفرین، کەمپەینێکی بەناوی هاواری عەفری بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک و هاوکاریی بۆ عەفرین ڕاگەیاند و داواش لە خەڵکی شاری هەولێر دەکەن، کە هاوکارییەکانیان بگەیەننە کەمپەینەکە.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەمڕۆ لە 41 ەمین ڕۆژی بەرخۆدانی سەردەم-دا، سوپای تورک بەردەوامە لە هێرشەکانی و شەڕفانانیش بەرگریی دەکەن، لە سێ خاڵی کانتۆنەکەدا شەڕی سەخت لە ئارادایە. لە گردی جەنکێ سەربە شاری ڕاجۆی کانتۆنی عەفرین شەڕی سەخت لە نێوان شەڕفانانی یەپەژە و یەپەگە لەگەڵ سوپای تورکدا ڕووەدات. هەروەها، لە گوندی باخچەی سەربە بلبلێ و گوندی ئەرەندێی سەر بە شییە شەڕ بە سەختی بەردەوامیی هەیە. لەلایەکی دیکەوە فڕۆکە جەنگییەکانی سوپا شارۆچکەی بەدینای سەربە ماباتایان بۆردوومان کرد.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک گوندی حەج خەلیلی سەربە ڕاجۆ بۆردوومان دەکەن، دەوترێت لە ئەنجامدا هاوڵاتی مەدەنی شەهید و بریندار‌بوون.[1]
- لە گوندی بلیکا و جەلای سەربە ڕاجۆ شەڕی سەخت لە نێوان شەڕفانان و هێزە داگیرکەرەکاندا ڕوویدا، لەو شەڕەدا هەلیکۆپتەرێکی سوپای تورک کرایە ئامانج.[1]
دەرەوەی کوردستان
- والتەر لیندنەر سکرتێری وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند، پێویستە تورکیا ڕێز لە ئاگربەستی سوریا بگرێت و ئە و ئاگربەستە عەفرینیش دەگرێتەوە.[1]
- وەزارەتی بەرگری عێراق ئاشکرایکرد، خەلوسی ئاکار سەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیا گەیشتە بەغدا و لەلایەن بەرپرسانی وەزارەتی بەرگرییەوە پێشوازی لێکرا.[2]

- گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند، بڕیاری ئاگربەستی سووریا عەفرینیش دەگرێتەوە، ڕووسیاشی تۆمەتبارکرد بەوەی لە کوشتنی خەڵکی سووریا بەرپرسیارە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕوحا
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-03-01
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-03-01
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-03-01
کاتی تۆمارکردن: 2018-03-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 306

2018-03-02



باکووری کوردستان
- بەپێی ڕاگەیێندراوێکی پارێزگاری ئامەد، بەمەبەستی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی دژ بە گەریلاکانی پەکەکە و دەستبەسەرداگرتنی جبەخانە و ئەشکەوت و حەشارگەکانیان و دەستگیرکردنی ڕێکخستنە نهێنییەکان و لایەنگران و هاوکارانیان، قەدەخەی هاتووچۆ لە 104 گوندی سەر بە 3 شارۆچکەی ئامەد ڕاگەیێندرا.[2]
- سوپای تورک هەڵیکوتایە سەر گوندی ڕەشای سەربڕی سەر بە ئەرزرۆم و بەو بەهانەیەی گەریلای هەپەگەی لێبە ماڵەکانی سووتاند، لە ئەنجامدا چوار هاوڵاتی گیانیان لە دەستدا.[3]
باشووری کوردستان
- دوای ئەوەی ئێوارەی دوێنێ تەقینەوەیەک لەبەردەم ماڵی دوو ئەندامی حزبی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بنەسڵاوەی سنوری هەولێر ڕوویدا، یەکێک لە دوو بریندارەکەی ئە و ڕووداوە گیانی لەدەستدا. ئەوەی گیانی لەدەستدا ناوی سەباح ڕەحمانییە و هەردوو قاچی لەدەستدابوو بەسەختی بریندار بوو لە دوێنێوە باری تەندروستی جێگیر نەبوو.[1]
- چەکدارانی داعش هێرشێکیان بۆ سەر خاڵێکی پشکنین لە ڕۆژئاوای موسڵ ئەنجامدا، هێزە ئەمنییەکانی عێراق دەڵێن هێرشەکەیان پوچەڵکردووەتەوە، سەرۆکی لیژنەی ئاسایش و بەرگریش کوژرانی دوو سەرکردەی داعشی ڕاگەیاند. هێرشەکانی داعش لە سنووری کەرکووکیش بۆ سەر چەکدارانی حەشدی شەعبی چڕکراونەتەوە، بە ناچاریش حەشدی شەعبی لە چەند پێگەیەکی خۆیان کشاونەتەوە.[2]
- ڕێگای نێوان کەرکووک - هەولێر کرایەوە. ئەم ڕێگایە لە ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە داخرابوو.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بەیانی ئەمڕۆ شەڕێکی قورس لە ناوچەی ماساکای سەر بە ناوچەی ڕاجۆی سنوری عەفرین دەستیپێکردووە و فڕۆکە سەربازییەکانی تورکیاش چەند ناوچەیەکی سنوری عەفرین-یان لە ڕۆژئاوای کوردستان بۆردومان کردووە. یەپەگە ئاشکرایکرد کە لەناوچەی جندرێس و ڕاجۆ توانیویانە 30 چەکداری گروپە هاوپەیمانەکانی سوپای تورکیا بکوژن و 26ی تریش بریندار بکەن.[1]
- ساڵح موسلیم هاوسەرۆکی پێشوی پارتی یەکێتی دیموکراتی سوریا (پەیدە) پەیامێکی بڵاوکردەوە و تیایدا داوای لە هاوڵاتیانی کورد کرد لە سەرجەم جیهاندا سبەی شەممە 3ی ئازار خۆپیشاندان ئەنجامبدەن بۆ پاڵپشتی لە عەفرین بەرانبەر بە و هێرشانەی سوپای تورکیا لەدژی دەستیپێکردووە.[1]
- بەهۆی تۆپبارانی سوپای تورک و چەتەکانییەوە بۆ سەر گوندێکی سەر بە شارۆچکەی ماباتا لە عەفرین، هاوڵاتییەکی مەدەنیی شەهیدبوو و پێنج هاوڵاتی دیکە بریندارببوون.[3]
دەرەوەی کوردستان
- ئەرمینیا بەڕەسمی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پرۆتۆکۆڵی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا دا کە لە ساڵی 2009 ەوە ئیمزایان کردووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: ئەرزەروم
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری دواڕۆژ - 2018-03-02
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری رووداو - 2018-03-02
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ڕۆژنیوز - 2018-03-02
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2018-03-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 307

2018-03-03



باشووری کوردستان
- دژی پەسەندکردنی یاسای چاکسازیی مووچە و خانەنشینیی لەلایەن پەرلەمانی هەرێمی کوردستانەوە، ژمارەیەک گەنج لە

شارۆچکەی کەلار، لە فلێکسێکدا، پەرلەمانتاران و خاوەن پلە تایبەتەکانیان تەماتە و هێلکەباران کرد.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە دەوروبەری ناوەندی ڕاجۆ لە نێوان شەرفانانی یەپەژە و یەپەگە لەگەڵ هێزەکانی سوپای تورک و چەتەکانیدا شەڕی زۆر سەخت ڕووەدات.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک خاڵەکانی یەکینەکانی گەل-ی سەربە سوریایان بۆردوومان کرد، کە لە گوندی کەفەرجەنێ سەربە شەرا جێگربووبوون.[1]
- لە ئەنجامی بۆردوومانەکانی سوپای تورک بۆ سەر شەرای کانتۆنی عەفرین، پێنج هاوڵاتی شەهیدبوون.[1]
- لە هەریەکە لە بەرەی شارۆچکەکانی شەرا، ماباتا و ڕاجۆ لەنێوان شەرفانان و سوپای تورک و چەتەکانیدا شەڕ و پێکدادانی سەختە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ڕۆژنیوز - 2018-03-04
کاتی تۆمارکردن: 2018-01-24
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 308

2018-03-04



رۆژهەڵاتی کوردستان
- لە سنووری‌کانی نەنۆی سەربە بانە، مین بە دوو کۆڵبەردا تەقییەوە و هەردووکیان بە سەختی بریندارببوون.[4]
- پیشانگای نێودەوڵەتی کتێب لە سنە دەستپێکرد و پەرتووکی سەحەری سەلاحەدین دەمیرتاش پرفرۆشترین کتێبی ئەو پیشانگایە بوو.[4]
باشووری کوردستان
- ژمارەیەک چالاک و ئەندامانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەولێر گردبوونەوەیەکیان لەبەردەم بینای پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ڕێکخست و داوای کەمکردنەوەی مووچەی پەرلەمانتاران و سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکان دەکەن.[1]
- جەعفەر ئیمیەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت لەکۆبوونەوەکانی داهاتووی پەرلەمان جگە لەو مادەیەی کە ناڕەزایی چین و توێژەکانی لێکەوتەوە لەبارەی خانەنشینی پەرلەمانتاران، چەند مادەیەکی تریش لەیاسای خانەنشینی هەموار دەکەنەوە.[1]
- لە شارۆچکەی خورماتوو، ئەفسەرێکی هێزەکانی بەرپەرچدانەوەی خێرا، لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە بەر دەستڕێژی گوللە درا و کوژرا.[4]
- سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان دەڵێت، بەپێی ئەو داهاتەی لەبەردەستیانە لە دابەشکردنی مووچە بەردەوامدەبن.
لەبارەی بودجەی عێراقیش دەڵێت: نەک تەنیا ئەو بودجەیەی ئەوان پەسندیان کردووە مافەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەستەبەرناکات، بەڵکو ناتوانێت بەو پاشەکەوتەی ئێستاش هەیە، مووچەی مووچەخۆران دابینبکات.[3]
- مامۆستایانی هەڵەبجە جارێکی تر گردبوونەوە و بەردەوامیان بەبایکۆتی هۆڵەکانی خوێندن دا و، ڕایانگەیاند ناچنە ژێر فشاری هیچ لایەنێک بۆ شکاندنی بایکۆت.[4]
- لە چەند گوندێکی سنوری حەویجە لە باشوری کەرکووک، شەڕو ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان چەکدارانی داعش و هێزە سەربازییەکانی عێراق ڕوویدا.[1]
- لە شەقامی سالم (سەهۆڵەکە)ی شاری سلێمانی دەستڕێژی گوللە لە موقەدەمێکی پۆلیس کرا و بەسەختی بریندارببوو. ئەفسەرەکە ناوی خالید حەسەن حوسێنە و پلەی موقەدەمە. پێش 16ی ئۆکتۆبەری 2017 بەرپرسی بەشی ئەمنی پۆلیسی قەزا و ناحییەکانی کەرکووک بووە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ جەماوەری خەڵک لە ناوەندی عەفرین لە بەردەم نەخۆشخانەی دەرسیم گردبوونەوە و بە مەبەستی پشتگیریکردنی بەرخۆدانی گەل لە جندرێس بە ڕێکخستنی کاروانێک بەرەو جندرێس بەڕێکەوتن. لە ڕێگادا کاراوەنەکە کراوەتە ئامانجی هێرشی سوپای تورک، ڕاگەیەندرا، کە سوپای تورک کاروانەکەی تۆپباران کردووە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا خۆپیشاندان لەدژی بەردەوامبوونی ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیا بۆ سەر عەفرین بەڕێوەچوو.[2]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک گوندی جەمای سەربە شاری شەرای کانتۆنی عەفرین بە چڕی بۆردوومان دەکەن، لە ناو گوندەکەشدا شەڕی سەخت لە نێوان شەڕڤانان و سوپای تورک و چەتەکانیدا بەردەوامە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەڵمانیا

ولّات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری دواڕۆژ - 2018-03-04
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری ڕووداو - 2018-03-04
[4] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری ڕۆژنیوز - 2018-03-04
کاتی تۆمارکردن: 2018-03-04
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 309

2018-03-05



باکووری کوردستان
- ئەمڕۆ پارێزگاری تورکی مێردینی باکوری کوردستان لە گوندی کەرتوێنی سەربە نسێبین قەدەغەی هاتووچۆی ڕاگەیاند.[3]
باشووری کوردستان
- لە مۆنۆمێنتی ڕاپەڕین لە شارۆچکەی ڕانیە یادی 27 ساڵەی ڕاپەڕینی خەڵکی شارۆچکەکە کرایەوە و بەهۆی خراپی دۆخی ئابووری و سیاسی هەرێمیشەوە هاوواڵاتیانی شارۆچکەکە بایکۆتی یادەکەیان کرد.[1]
- شارەدێی قەرەهەنجیر لە سنووری پارێزگای کەرکووک بەبۆنەی یادی ڕاپەڕینی گەلی کوردستان لە بەهاری 1991 ئەمڕۆ دەکاتە پشووی فەرمی.[1]
- دەزگای میدیایی کوردسات، بڕیاری دا بە ڕاگرتنی پەخشی دراما تورکییەکان.[2]
- ڕێگای نێوان دهۆک و موسڵ بە فەرمی بۆ هاتوچۆی بارزگانی کرایەوە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەمڕۆ 45-ەمین ڕۆژی هێرشی سوپای تورکە بۆ سەر عەفرین، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دڕندەیی ئەو هێرشانە زیاتر دەبن و هاوڵاتیانی مەدەنی زیاتر دەبنە قوربانی. شەوی ڕابردوو فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک گوندەکانی سیەکێتی نیشتمانیی کوردستانا و مەیدانکی سەربە ڕاجۆ و ناوەندی شەرایان بە چڕی بردوومان کرد، هاوکات بە بۆردوومانەکان، ڕاجۆ-ش تۆپباران کرا. لە ئەنجامی تۆپبارانەکانیشدا ژنێک بە ناوی ڕەمزییە عەبدوڕەحمان شەهیدبوو، هاوڵاتییەکی دیکەش بەناوی نەبی سەفەر شێخۆ، کە تەمەنی 60 ساڵە بە سەختی بریندارببووە..[3]

- بەهۆی بۆردوومانەکانی سوپای تورک بۆ سەر جندرێس 13 هاوڵاتی شەهیدبوون کە سێیانیان منداڵن، ژمارەیەکی زۆریش بریندارببوون.[3]
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورک ناوچەی جندرێس-یان بۆردومان کردووە و بەو هۆیەوە ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتی شەهید و بریندارببوون، بەڵام تا ئێستا ژمارەی شەهید و بریندارەکانی ئەو بۆردومانە بە ڕوونی نازانرێت.[2]
- لە ئەنجامی بۆردوومانی گوندی بەربەنی سەر بە ڕاجۆ لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکەوە، سێ هاوڵاتیی مەدەنی شەهیدبوون و 18 هاوڵاتیش بریندارببوون.[3]

دەرەوەی کوردستان

- باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا بە گومانی کاری تیرۆریستی داخرا. هەروەها داواش لە هاووڵاتییە ئەمریکییەکان دەکات تاوەکو خۆیان لە شوێنە پڕخەڵکەکان بەدوور بگرن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا

شار و شارۆچکەکان: نوسەیبین

شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-03-05

[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-03-05

کاتی تۆمارکردن: 2018-03-05

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 310

2018-03-06



باکووری کوردستان
- هەپەگە ڕایگەیاند: گەریلاکانمان کاتژمێر 01:30 خولەکی نیوەشەوی ئەمڕۆ، لە نزیک ئیدری سەربە سەرحەد لە دژی ئۆتۆمبێلێکی سەربازیی سوپای تورک چالاکییەکیان ئەنجامدا، لەو چالاکییەدا ئۆتۆمبێلەکە بە تەواوی تێکشکێنندرا و هەشت سەربازیش کوژران.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- نەجیبە سااحزادە، ژنە چالاکی مەدەنیی کورد، لە شاری سەقز و هاوسەری مەحمود سااحی، چالاکی کرێکاریی بە تۆمەتی پڕوپاگەندە دژی نیزام لە ڕێگای وتووێژ لەگەڵ ڕاگەیاندنە بیانییەکان و دەرەوەی وڵات بەتایبەتی ڕادیو پەیام و تیڤی ڕو در ڕو لە لقی یەکی دادگای ئینقلابی شاری سەقز دادگایی کرا.[5]
باشووری کوردستان
- مامۆستایانی گرێبەست لە بەرامبەر دانەمەزراندنیان بە هەمیشەیی، لەبەردەم پەروەردەی ڕۆژئاوای شاری سلێمانی گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و داواکی دامەزراندنی هەمیشەییان کرد.[1]
- لە پەرلەمانی کوردستان لە شاری هەولێر، کۆبوونەوەی نێوان لیژنەی کاروباری ژنان لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و کونسوڵخانەی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ چارەنووسی ژنانی ونبوی شەڕی داعش بەڕێوەچوو.[1]
- فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان داوا دەکات کۆبوونەوەیەکی باڵا ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی هەڵوێستی هەرێمی کوردستان لەبەرامبەر حکومەتی عێراق دەربکەوێت.[1]
- لە شارۆچکەی کفری، بەشێک لە خوێندکاران گردبونەوەیەکی ناڕەزایەتیان ئەنجامدا و تێیدا پشتگیری خۆیان بۆ داواکاری مامۆستایان دەربڕی و داواشیان کرد بگەڕێنەوە نێو هۆڵەکانی خوێندن.[1]
- لە گوندی بێموشێ لە شارەدێی بنگرد، دوو برا بەناوەکانی (محەمەد و کاکەڕەش ئەرسەلان) لەکاتی ڕاوەماسیدا بەلەمەکەیان ژێر ئاو کەوتووە و بەوهۆیەوە هەردووکیان خنکان.[2]
- عەبادی ڕایگەیاند، پێش جەژنی نەورۆز بەشێک لە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دەنێرن و فڕۆکەخانەکانیش دەکەنەوە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هێرشی سوپای تورک و چەتەکان بۆ سەر عەفرین ئەمڕۆ لە 46-ەمین ڕۆژیدایە، فڕۆکە جەنگییەکان ئەمڕۆ بە سەختی ناوەندی شەرا و جندرێس بۆردوومان دەکەن.[1]
- هاوسەرۆکی کانتونی عەفرین لە ڕۆژاوای کوردستان بانگەوازێک ئاڕاستەی حکومەت و هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەکات کە پشتگیری نەخوشخانە و بریندارەکانی عەفرین بکەن.[2]
- هاوکارییەکانی خەڵکی کەرکووک، کە بریتیبوو لە نزیکەی 13 هەزار دۆلار و کۆمەڵێک دەرمان و کەرەستەی پزیشکی، گەیەندرایە دەست مانگی سووری کوردی لە سلێمانی، بۆ ئەوەی ڕەوانەی عەفرین بکرێت لە ڕۆژئاوای کوردستان.[1]
- بەهۆی تۆپبارانەکانی سوپای تورکەوە لە گوندەکانی سەر بە شارۆچکەی ماباتا لە عەفرین، دوو هاوڵاتی مەدەنیی شەهیدبوون و هاوڵاتییەکیش بریندار بوو.[1]
- بەهۆی تۆپبارانەکانی سوپای تورک و چەتەکانییەوە لە شارۆچکەی جندرێس لە عەفرین، پزیشکێک لەکاتی چارەسەرکردنی بریندارانداا شەهید بوو.[1]

- سوپای تورک ناوەندی عەفرین تۆپباران دەکات.[3]
- عامر ئیدلبی، وتەبێژی فەرمیی هێزە شۆڕشگێڕەکان لە ناوەندی ڕەقە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕایگەیاند، کە هێزە شۆڕشگێڕەکان کە ژمارەیان 3 هەزار چەکدارە لە ڕەقە دەکشێنەوە و دەچنە عەفرین.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: دوکان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-03-06
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-03-06
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-03-06
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-03-07
کاتی تۆمارکردن: 2018-03-06
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 311

2018-03-07



باکووری کوردستان
- داواکاری گشتی ئەنکەرە دۆسیێ لێکۆڵینەوەی لەسەر سێ پەرلەمانتاری سەر بە پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) کردەوە، تۆمەتبارکراون بەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا بە پۆستکردنی نوسین یان وێنە پشتیوانیان لە عەفرین کردووە و دژی ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتون وەستاونەتەوە. ئەو پەرلەمانتارەی دۆسێیان لەسەر تۆمارکراوە بریتین لە (ئادەم گەڤەری و بەدیعە ئۆزگۆکچە ئەرتان و لەزگین بۆتان) و تۆمەتی پروپاگندە بۆ رێکخراوی تیرۆریستییان دراوەتە پاڵ.[2]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر 10:00ی بەیانی ئەمڕۆ، لە سلێمانی خۆپیشاندانی مامۆستایانی ناڕازی و مانگرتوو لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا دەستپێکرد.[2]
- لەژێر ناونیشانی "ڕەسەنایەتیمان ڕەگی ناسنامەبوونمانە"، یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئینستیتیوتی کەلەپووری خۆشناوە تی و سێیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی سەنتەری هەندرێن بۆ زمان و توێژینەوەی کەلتووری لە شەقلاوا دەستپێکرد.[1]
- وتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین ڕاگەیاند، پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ لە نزیک گوندی هەرتەلی شارەدێ بێتواتە تەرمی هاوڵاتیەک بەناوی (قادر قادری) دۆزاوەتەوە کە شوێنەواری چەند گوللەیەک بەسەر جەستەیەوە دیارە. وتیشی قوربانییەکە تەمەنی لە سەرووی 40 ساڵەوەیە و ئەندام و کادیری حیزبی دیموکراتی کوردستانە و دانیشتوی کۆیەیە.[2]
- لەبەردەم نوسینگەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە هەولێر ژمارەیەک لە جوتیاران خۆپیشاندانیکیان ئەنجامداو داوای پارەی گەنمەکانیان بۆ چوار ساڵی ڕابردوو لە حکومەتی عێراق دەکەن و دەڵێن داوا دەکەین "پارەی گەنمەکانمان بە سیاسی نەکرێت".[2]
- فرانک قینرینگ، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا ئەمڕۆ بە ئاژانسی هەواڵی سپۆتنیکی ڕایگەیاند بەردەوام دەبن لە مەشقکردن بەهێزەکانی پێشمەرگ لەبوارەکانی تەندروستی و لۆجستی.[2]
- مەڵبەندی کەرکووکی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان دەنگۆی هەڕەشەکردنی گروپێکی حەشدی شەعبی لەو حزبە ڕەتکردەوە و ڕایگەیاند یەکێتی نەئێستا و نەداهاتوو هەڕەشە لەهیچ هێزو لایەنێک قبوڵ ناکات.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە دەوروبەری جندرێسی سەربە کانتۆنی عەفرین، لە نێوان شەڕڤانان و هێزە داگیرکەرەکانی سوپای تورک و چەتەکانیدا شەڕێکی سەخت ڕووەدات.[1]
- لە جندرێس، شەڕڤانان شکستیان بەهێرشێکی سوپای تورکیا هێنا و لەئەنجامدا بەدەیان سەرباز و چەکداری هاوپەیمانی تورکیا کوژران و شەڕ لە میحوەرەکە بەردەوامە.[2]
- لە گوندی مەشعەلە و دەوروبەری قوتمێ شەڕی سەخت لە نێوان شەڕڤانان و هێزە داگیرکەرەکاندا ڕووەدات، لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا نۆ سەرباز و چەتە کوژراون، ئەمەش دوای کوژرانی 20 سەربازی دیکە دێت لە چەند کاتژمێری ڕابردوودا.[1]
- شەڕڤانانی یەپەژە و یەپەگە لە گوندی کەفەرجەنی سەربە شەرا لە دژی ئۆتۆمبێلێکی سەربازیی سوپای تورک چالاکییان ئەنجامدا، لە و چالاکییەدا پێنج سەربازی سوپای تورک کوژران، بەوەش ژمارەی سەربازە کوژراوەکانی ئەمڕۆی سوپای تورک بوو بە 34.[1]
- لە گوندی میسکی ژووروو سەربە جندرێس لە عەفرین، بەهۆی بۆردوومانی فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکەوە چوار

هاوڵاتی شەهید بوون.[1]

دەرەوەی کوردستان
- فیلمی پێشمەرگە لەنێو کۆنگرێسی ئەمریکا نمایشکرا. ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکا بە دیقەتەوە سەیری ڕۆژئی پێشمەرگە و داستانەکانی شکاندنی تیرۆریان کرد لە باشووری کوردستان کرد.[3]
- مارگۆت والستروم، وەزیری دەرەوەی سوید دەڵێت، کە بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە سوریا بۆ سەرتاسەری خاکی سوریایە و عەفرینیش دەگرێتەوە، دەبێت تورکیا هێرشەکەی بوەستێنێت.[1]
- خۆپیشاندان و چالاکییەکانی هاوڵاتیانی کوردی دانیشتووی ئەڵمانیا لە دژی قەدەغەی سەر یەپەگە گەیشتە ئەنجام و پۆلیسی بەرلین بە فەرمی قەدەغەی سەر یەپەگەی لابرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: شەقڵاوا (خۆشناوەتی)
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-03-07
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-03-07
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-03-07

کاتی تۆمارکردن: 2018-03-07
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 312
2018-03-08



باکووری کوردستان
- کاتژمێر 6ی بەیانی لە ناوچەکانی سەربە گابار سوپای تورکیا ئۆپەراسیۆنێکی دەستپێکرد، گەریلاکانی یەژاستار یەکینەیەکی هێزی داگیرکەریان خستە ژێر چاودێرییەوە و کاتژمێر 09:45 خولەکی پێشنیوەڕۆ چالاکییەکیان لە دژیان ئەنجامدا، چالاکییەکە سەرکەوتووانە گەیشتە ئەنجامدا چوار سەربازی سوپای داگیرکەری تورکیا کوژران.[5]
باشووری کوردستان
- یەکەمین کەنالی کوردی تایبەت بە ژنان بە ناوی ژن تیڤی دەکرێتەوە.[1]
- وەک دەربڕینی ناڕەزایەتی لەبارەی جێبەجێنەکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی بۆ خستنەڕووی چەند داواکارییەک، ئەمڕۆ 8ی مارس ژمارەیەک لە ژنانی هەڵەبجە بە هەماهەنگی لەگەڵ نوسینگەی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوی هاریکاری یاسایی لە بەردەم بینای پارێزگا گردبوونەوەکی ناڕەزاتیان ئەنجامدا.[3]
- کونسڵی گشتی کۆڕیای باشور لە هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، بەهۆی شەڕی داعشەوە کۆمپانیاکانمان نەهاتوون بۆ کارکردن لە کوردستان، بەڵام پاش ئاساییبوونەوەی ڕەوشەکە ئامادەن بێنە کوردستان.[3]
- وتەبێژی دەستەی مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، بەڕەسمی داوایان لە وەزارەتی ڕۆشنبیری کردووە ئە و دراما تورکیانە ڕابگیرێن کە دەبنەهۆی لاساییکردنەوەی منداڵ و ئافرەتان و دیاردەی کوشتن و خۆکوشتن زیاد دەکات.[3]
- ژنانی تەڤگەری ئازادیی لە شاری هەولێر گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و خەباتی ژنانیان بۆ ئازادیی و یەکسانی بەرز نرخاند.[2]
- وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەزامەندی نیشاندا بەگەڕانەوە و دەستبەکاربوونەوەی 295 مامۆستا و فەرمانبەری عەرەب بەسەر ناوەندەکانی خوێندن لە سنوری پەروەردەی مەخموور.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورک کە 48-ەمین ڕۆژی هێرشەکەی بە بۆردوومانکردنی جندرێس دەستپێکرد، پاشان چیای لەیلون ی سەربە شێراوا و گوندی ترندی سەربە ناوەندی عەفرین تۆپباران دەکات.[2]
- سوپای تورک ناوەندی عەفرین بۆردوومان دەکات.[2]
- سوپای تورک پاڵاوگەی ئاوی خواردنەوەی کانتۆنی عەفرینی کردە ئامانج و ئاوی خواردنەوەی بە سەر خەڵکی عەفرینداا بڕی.[2]
- لە گوندەکانی مەرسک و کەفەرجەنێ سەربە شەرای کانتۆنی عەفرین، شەڕێکی سەخت لە نێوان شەڕڤانان و هێزە داگیرکەرەکاندا لە ئارادایە.[2]
- مەولوود چاوشئوغلّو، وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕایگەیاند، ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوون تاوەکو مانگی 5ی ئەمساڵ کۆتاییدێت.[4]
- لە شاری عەفرین کە 48 ڕۆژە لە بەرانبەر هێرشی سوپای داگیرکەری تورکیادا بەرخۆدانی ئەکرێت، ئەمڕۆ بە هەزاران ژن، کە لە هەر چوار بەشی کوردستان ولە هەریمەکانی دیکەی ڕۆژئاوا خۆیان گەیاندووەتە عەفرین، ڕژانە سەر شەقامەکان و بەرخۆدانی ژنانی شۆڕشگێر و پیشەنگی عەفرینیان بەرز نرخاند.[5]
- سوپای تورک لە گوندی ترندی سەربە ناوەندی عەفرین، کۆمەڵکوژییەکی دیکەیان ئەنجامدا، سێ منداڵ شەهیدبوون.[2]
- تورکیا کۆنترۆڵکردنی جندرێس ڕادەگەیەنێت.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک، گوندەکانی مرێمین و قورتوقلاق-ی سەر بە شارۆچکەی شەرا و گوندی قەرەتەپەی-ی

سەر بە عەفرین بۆردوومان دەکەن. هاوکات، لە گوندەکانی قورتوقلاقێ-ی سەر بە شەرا و قەرەتەپەی-ی سەر بە عەفرین، شەڕی سەخت لەنێوان شەڕڤانان و سوپای تورک-دا ڕووەدات.[2]
- بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ لە هەرێمی عەفرین، شەڕڤانێکی یەکینەکانی پاراستنی گەل - یەپەگە لە ناوچەی جندرێسی عەفرین، هەتا کۆتایی لە دژی سوپای تورکیای داگیرکەر و چەتەکانی شەڕی کردووە، دواتر بۆ ئەوەی بە دیل نەگیرێت، لەنێو سەربازەکانی تورکیای داگیرکەر خۆی تەقاندۆتەوە و چالاکیی فیدایی ئەنجامداوە.[5]
- سەربازانی سوپای تورکیای داگیرکەر هێرشیان کردە سەر سنووری شاری سەرێکانیی ڕۆژئاوای کوردستان. لە ئەنجامدا ژنێکی گەنج بە ناوی ئەمینە عەبدولڕەحمان مەلا دەروێش - تەمەن 18 ساڵان بەسەختی بریندار بوو.[5]
- سوپای تورکیا بەچڕی تۆپباران و بۆردوومانی دەوروبەری عەفرینی کرد. دایکێک و چوار منداڵەکەی، لەترسی بۆردوومانەکان لەدەوری یەکدی لە ماڵەکەیان کۆببوونەوە لە گوندی ترندێ، بەڵام گوللە تۆپێک لەیەکدی کردن. سیان لە منداڵەکان بە ناوەکانی (حوسێن 15 ساڵ، فەرهاد 10 ساڵ و حەلا 14 ساڵ)گیانیان لەدەستدا و بنەفشی دایکیشیان کە تەمەنی 31 ساڵە لەگەڵ منداڵە سێ ساڵانەکەی دیکەشی بریندارن.[4]
دەرەوەی کوردستان
- پۆلیسی ئەڵمانیا بەبیانووی (بەڵگە قەدەغەکان) بەیانیی ئەمڕۆ هەڵیکوتایە سەر وەشانخانەی میزۆپۆتامیا لە شاری نۆیس-ی ئەڵمانیا. هێزەکانی پۆلیس دەستیانگرت بەسەر هەموو ئامێرەکانی وەشانخانەکە و بە 4 کامیۆن گواستیانەوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-03-08
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-03-08
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-03-08
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-03-08
کاتی تۆمارکردن: 2018-03-08
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 313

2018-03-09



باشووری کوردستان
- هێزی دژەتیرۆری عێراق دەستگیرکردنی پێنج باندی سەر بەگرووپی تیرۆریستی داعشی لە کەرکووک ڕاگەیاند.[1]
- ڕێکخراوی جەماوەری خورماتوو لە چوارچێوەی کەمپەینی ژیان بۆ خورماتوو لە مزگەوتەکانی هەولێر بڕی 27 ملیۆن دیناری کۆکردەوە. ئەندامێکی ڕێکخراوەکەش دەڵێت، ئەو پارەیەی لە مزگەوتەکانی هەولێر بەو پارەیە خانووە تەقێندراوەکانی دروستدەکەنەوە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە بەرەی شەرا-وە، شەڕقانانی یەپەگە و یەپەژە چالاکییەکی کاریگەریان دژی سوپای تورک و چەتەکانی ئەنجامدا و چەندین سەرباز کوژراون، لە بەرەی بلبلێشەوە شەڕێکی سەخت ڕووەدات.[3]
- لە دەوروبەری گردی قازلقە و گوندی کەفەرسەفر-ی سەر بە شارۆچکەی جندرێس لە عەفرین، شەڕێکی سەخت لەنێوان شەڕقانانی یەپەگە و یەپەژە و سوپای تورکیای داگیرکەر و چەتەکان لە ئارادایە. هاوکات، فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیا ناوچەکە بۆردوومان دەکەن.[4]
- لە دەوروبەری گوندی بوکێ-ی ناوچەی بلبلێ لە ئەنجامی شەڕێکی سەختدا 10 سەربازی سوپای تورکیا کوژراون.[4]
- ئاژانسی هەواڵی هاوار بڵاوی کردەوە، کە لە ماوەی چوار ڕۆژی ڕابردوودا 313 سەربازی سوپای تورک و چەتەی سەربە تورکیا کوژراون لە میحوەرەکانی جندرێس و شەرا و بلبل.
دەرەوەی کوردستان
- جێگیری یەکەمی سەرۆک کۆماری ئێران ئاشکرای کرد، وڵاتەکەی سێ ملیار دۆلار (3.57 تریلیۆن دینار) وەک گرەنتی بانکی دەخاتە بەردەستی عێراق و جەختیش لەسەر بەهێزکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان هەردوو وڵات دەکاتەوە.[1]
- سەرۆکوەزیرانی عێراق ئومێدەوارە سووریا دابەش نەبێت و هۆشداریشدەدات لە ئەگەری گۆڕینی سنووری وڵاتانی ناوچەکە.[2]
- بەرپرسێکی وەزارەتی دادی سوید ڕایگەیاند، داواکەی تورکیایان بۆ ڕادەستکردنەوەی سالح موسلیم پێگەیشتوە، بەڵام موسلیم وڵاتەکەی جێهێشتوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-03-09
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-03-09
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-03-09
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-03-09

کاتی تۆمارکردن: 2018-03-09

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 314

2018-03-10



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شەوی ڕابردوو لە سنووورەکانی پیرانشاری سەربە پارێزگای ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەستەیەک کۆڵبەران کەوتنە بۆسەی سەربازەکانی ئێرانەوە، سەربازەکان کۆڵبەرەکانیان ڕاوناوە، لە ئەنجامدا کۆڵبەرەکان ڕێیان لێ ونبووە و کەوتوونەتە مەیدانێکی مینەوە. لە ئەنجامدا مینیان پێدا تەقیوەتەوەو کۆڵبەرێک بە ناوی ئەمیر خان ڕۆخیدە، کوژراوە و چوار کۆڵبەری دیکەش بە سەختی بریندارببون.[1]

باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو لە سەنتەری شاری کەرکووک ژمارەیەک چەکداری نەناسراو هێرشیان کردە سەر بارەگایەکی بەرەی تورکمانی و بەهۆیەوە لەگەڵ هێزێکی بنەبڕکردنی تیرۆر کەوتنە شەڕێکی قورسەوە و کوژراو و بریندارى لێکەوتەوە.[2]
- بە ئامادەبوونی وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نێشتەجێبوون و قایمقامی چەمچەماڵ و ژمارەیەک لە بەرپرسانی حکومی و هاوواڵتیان پرۆژەی ڕێگەی سەنگاو – خان ڕۆستەم ئاغا کرایەوە کە گەرمیان و چەمچەماڵ پێکەوە دەبەستێتەوە.[2]
- لە گوندێکی سەر بە پارێزگای هەولێر لەسەر کێشەی زەوی و زار سێ برا کوژران.[3]
- نوێنەرانی 19 حزب و لایەنی سیاسیی هەرێمی کوردستان داوایانکرد، کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی ڕۆڵی خۆی بگێڕێت لە ڕاگرتنی هێرشەکانی دەوڵەتی تورک بۆ سەر عەفرین.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەوی ڕابردوو لە گوندەکانی تورمیشا و شکەفتای سەربە شییە شەڕی سەخت لە نێوان شەڕڤانان و هێزە داگیرکەرەکاندا ڕوویدا، لە ئەنجامدا حەوت سەربازی تورک کوژران.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی حکومەتی تورک دەوروبەری ناوەندی عەفرین بۆردوومان دەکەن.[1]
- لە گوندی کانی گەورکی و قوربەێی سەربە جندرێس لە نێوان شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژە، لەگەڵ سوپای تورک و جەتەکانیدا شەڕی سەخت ڕوودەدات.[1]
- سوپای تورک و چەتەکانی، گوندەکانی عەفرین شاروچکەی جندرێس بۆردوومان دەکەن.[1]
- ورک ئەمڕۆ بە چڕی گوندەکانی تەرمیشای سەربە ماباتا و ئەستێری سەربە ناوەندی عەفرینی تۆپباران کردووە. لە ئەنجامی ئەو هێرشانەدا هاوڵاتییەک بە ناوی نەجیب شێخۆی تەمەن 55 ساڵ لە گوندی تەرمیشە شەهیدبووەوە محەمەد عومەر، تەمەن 48 ساڵ لە گوندی ئەستێر بریندار بووو.[1]
- بە پێی زانیارییەکان لە شەڕێکی سەخی لە نێوان شەڕڤانانی یەپەگە و سوپای داگیرکەری تورکیا لە گوندی خالتا-ی سەر بە عەفرین 18 سەربازی سوپای داگیرکەری تورکیا کوژران.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێڕاق
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شاروچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شاروچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شاروچکەکان: عەفرین
شار و شاروچکەکان: هەولێر
شار و شاروچکەکان: کەرکووک
شار و شاروچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-03-10
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-03-10
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-03-10
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-03-10
کاتی تۆمارکردن: 2018-03-10
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 315

2018-03-12



باکووری کوردستان

- لە شارۆچکەی دۆغوبایەزید لە پارێزگای ئاگری لە باکووری کوردستان، شەڕ و پێکدادان لە نێوان گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) و سوپای تورکیا ڕوویدا. لە ئاکامدا سەربازێکی سوپای تورکیا بە سەختی بریندار بووە و دواتریش گیانی لەدەستداوە.[1]

- وتەبێژی حکومەتی تورکیا ڕایدەگەیەنێت، لەگەڵ بەغدا ڕێککەوتوون بۆ دەستپێکردنی ئۆپراسیۆنێک لە دژی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان، ئاماژەی بەوەشکرد کە ئە و ئۆپراسیۆنە لە ڕێگەی فڕۆکە و سەربازە تورکییەکانەوە ئەنجامدەدرێت.[3]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- ئێوارەی ئەمڕۆ، لە هەریەکە لە شارەکانی، سنە، مەریوان، کامیاران، بۆکان و ڕشت، چالاکیی بۆ پشتیوانیی عەفرین بەڕێوەچوو.[4]

- هێزە سەربازییەکانی حکومەتی ئێران هێرشیان کردووەتە سەر سنووری تەتە لە هەورامان، کە کەوتووەتە سەر سنووری دەستکردەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان، ژمارەیەک کۆڵبەر و کاسبکاری کوردیان دەستگیرکردووە و ژمارەیەکیش بریندار بوون.[2]

- چاودێری مافەکانی مرۆڤ دەکات لە ئێران، بڵاویکردووەتەوە، کە سێ چالاکی مەدەنی ناسراوی شاری مەریوان، بەناوەکانی عەدنان حەسەنپوور، حەمەی دانش و ناسح باخیشی، لە کاتی بەڕێوەچوونی گردبوونەوەی پشتگیری بۆ عەفرین لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێران لە مەریوان دەستبەسەر کراون.[2]

باشووری کوردستان

- ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێم کوردستان دەڵێت، هەرێم ئاسانکاری زۆری کردووە بۆ ڕادەستکردنەوەی دەستگیرکراوانی داعش و تائێستا بە سەدان لە دەستگیرکراوانی داعش ڕادەستکراون و پرۆسەکەش

بەردەوامە.[3]
- بەمەبەستی شکاندنی بایکۆت و دەستپێکردنەوەی دەوام لەسنوری پارێزگای هەڵەبجە، ئێوارەی ئەمڕۆ لە کۆبونەوەی پارێزگار و بەرێوەبەری گشتی پەروەردە و ژمارەیەک لەپیاوماقوڵانی هەڵەبجە بڕیاردرا کە لە سبەینێوە دەرگای خوێندنگاکان بکرێتەوە، ئەندامێکی دەستەی داکۆکی لە مافی مامۆستایانیش دەڵێت تا موچەی بێ پاشکەوت نەدرێت بایکۆت بەردەوامە.[3]
- ئەمڕۆ، 14 ساڵ تێپەڕبوو بەسەر کۆمەڵکوژیی شاری قامیشلۆ، کە لەلایەن ڕژێمی سوریاوە ئەنجامدرا و گەلی کوردیش ڕاپەڕینی ئەنجامدا، لە کەمپی باریکە لە شارەدێی عەربەت-ی سەر شاری سلێمانی یادی ئەو کۆمەڵکوژیە کرایەوە.[3]
- بۆ دووپاتکردنەوەی پشتیوانیی بۆ بەرخۆدانی عەفرین، بەپێشەنگایەتیی گەنجانی وڵاتپارێزی کوردستان و ژنانی گەنجی تێکۆشەر، ڕێپێوانێکی بەمەشخەڵ لە سلێمانی بەڕێوەچوو.[2]
- خوێندکارانی زانکۆی کەرکووک لە بەرامبەر بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بۆنە و ئاهەنگە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان لەلایەن سەرۆکایەتی زانکۆ بایکۆتی دەوام دەکەن.[5]

ڕۆژئاوای کوردستان
- ڕێورەسمی ناشتنی تەرمی شەڕڤانێکی یەپەگە و پێنج منداڵ، کە تەمەنیان لەنێوان پێنج بۆ 14 ساڵە و بەهۆی هێرشی تورکیاوە گیانیان لەدەستداوە، لە عەفرین بەڕێوەچوو. دانیشتووانی عەفرین تورەن و بەتایبەتی کەسوکاری ئەو کەسانی گیانیان لەدەستداوە، پڕ بە دەنگیان هاوار دەکەن ئەردۆغان دیکتاتۆرە.[1]
- لە گوندەکانی سەربە بلبڵێ شەڕی سەخت لە نێوان شەڕڤانان و هێزە داگیرکەرەکاندا ڕوودەدات، هاوکات فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک گوندی کەوکەبی سەربە جندرێس بە چڕی بۆردوومان دەکەن.[2]
- ڕوانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاشکرایکرد کە چەند یەکەیەکی گاردی کۆماری سوپای سوریا گەیشتونەتە باشوری شاری عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان و چەند ناوچەیەکیان کۆنترۆڵکردووە کە هاوکات بووە لەگەڵ هێرشەکانی سوپای تورکیاو گروپە هاوپەیمانەکانی بۆ سەر ئە و شارە.[3]
- ئەمڕۆ لە 52 یەمین ڕۆژی هێرشی سوپای تورک بۆ سەر عەفرینداء فڕۆکە جەنگییەکان دەوروبەری مەزارگەی شەهیدانی ئاڤێستا خابووریان بۆردوومان کرد،کە تەرمی هەزاران شەهیدی تێدا بە خاک سپێردراوە.[2]
- سوپای تورک لە سەر سنووری دەستکردەکانی نێوان باکور و ڕۆژئاوای کوردستان، گوندەکانی سەر بە تربەسپی کانتۆنی قامیشلۆ تۆپباران دەکات.[2]
- هێزەکانی سوپای تورک گوندەکانی باسووتا، گرزێلێ و زەربای سەر بە شێراوایان لە عەفرین بۆردوومان کرد. لەئەنجامی بۆردوومانەکەدا، چوار هاوڵاتی بریندارببوون، کە ناسنامەیان بەمشێوەیە: محەمەد خەلۆ تەمەن 25 ساڵ، زوهێر یوسف 45 ساڵ، ڕیهانا محەمەد، جوما ڕەجەب تەمەن 21 ساڵ.[2]
- کاتژمێر 22:00ی ئەمشە و بە کاتی سووریا، بۆمبێکی دەنگی لە چواڕیانی بەتا-ی باشووری ناوەندی شاری منبج تەقیوەتەوە. تا ئێستا وردەکاری تەقینەوەکە و زیانەکانی ڕانەگەیەندراوە. هەروەها ئەنجومەنی سەربازیی منبج و ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی منبج لە و بارەیەوە هیچ لێدوانێکیان نەداوە.[5]

دەرەوەی کوردستان
- لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایش لەبارەی سووریا، ئەنتۆنیۆ گۆتێرێز، سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕایگەیاند، تووندوتیژییەکانی عەفرین پێشێلکردنی ئاگربەستە لە سووریا.[1]
- لە دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمانی تورکیادا، لەبارەی دۆخی عەفرین گرژی لەنێوان پەرلەمانتارانی ئاکپارتی و هەدەپە ڕووویدا. ژنە پەرلەمانتاری هەدەپە هودا کایا، ڕەخنەی تووندی لە حکومەت گرت و گوتی ئەوەی ئاکپارتی لە عەفرین دەیکات جیهاد نییە، ئەمە بوختانێکی گەورەیە بە پێغەمبەرمان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: تربەسپی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کامیاران
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-03-12
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-03-12
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-03-12
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-03-12
کاتی تۆمارکردن: 2018-03-12
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 316

2018-03-13



باکووری کوردستان
- لە ئۆپەراسیۆنێکی پۆلیسی تورک بۆ قڕکردنی کۆمەڵگای باکوری کوردستان و تورکیا لە شارەکانی ئامەد و مێرسین دەیان کەس دەستگیرکران.[3]
- بەرپرسی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە) ئاشکرای دەکات کە ماوەی دوو ڕۆژە سوپای تورکیا هێزی زیاتری ڕەوانەی ناوچە سنوورییەکانی سیدەکان کردووە و کیلۆمەترێکی دیکەش هاتۆتە پێش و خاکی هەرێمی زیاتر بەزاندووە.[1]
- هاوسەرۆکی هەدەپە داوای کرد کۆتایی بە گەمارۆدانی سەر عەفرین بهێنرێت و بە حکوومەتی تورکیای گوت: ئێوە لە عەفرین داگیرکەرن.[7]
- هەپەگە ڕایگەیاند: کاتژمێر 09:00ی سەرلەبەیانی گەریلاکانمان گردی کۆردینەی سەربە شەمزینانیان کردە ئامانج، لەو چالاکییەدا چەند سەربازێکی دوژمن کوژران و بریندارببوون، هەر ئەو ڕۆژە کاتژمێر 11:00ی نیوەڕۆ لە گردی خەرەگۆل چالاکییەکی دیکە ئەنجامدرا، لەوێش گورزی سەخت لە سوپای تورک درا، کاتژمێر 11:30 خولەکیش لە دژی بارەگای سەربازیی شکێر چالاکییەکی دیکە ئەنجامدرا، هەروەها لە دژی گردی گومبەتی سەربە شەمزینانیش لە ئەنجامی چالاکییەکی گەریلاکانماندا ژمارەیەک سەربازی سوپای تورک کوژران و بریندارببوون.[3]
باشووری کوردستان
- ڕۆژنامەی حەیات لەسەر زاری چەند سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە ئاماژەی بەوەداوە کە ئەمڕۆ حەیدەر عەبادی دەستپێکردنەوەی گەشتە نێودەوڵەتییەکانی فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی ڕادەگەیەنێت و لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەفسەرانی کورد و بەرپرسانی دوو فڕۆکەخانەکە کۆدەبێتەوە لەپاش ئەوەی کە بەرپرسارێتی ئیداریان گواستراوەتەوە بۆ سەر وەزارەتی ناوخۆی عێراق لە و دیدارەدا کردنەوەی فڕکەخانەکان ئاشکرادەکرێت.[1]
- بەمەبەستی پاکڕاگرتنی ژینگە و سروشتی شارەکە و گرنگیدانی زیاتر بە زۆرکردنی ڕێژەی سەوزایی هەڵەبجە، لەلایەن دوو ڕێکخراوی هەڵەبجەوە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا، کەمپەینی جیهانی بۆ ناشتنی نەمام-یان لە هەڵەبجە ڕاگەیاند.[3]
- بەمەبەستی ڕێگریکردن لە هەرزانبوونی زیاتری بەرهەمی مریشک و پەلەوەر و پشت بەستن بە بەرهەمە ناوخۆییەکان وەزارەتی بازرگانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوردەکردنی مریشکی بەستووی لە وڵاتانی دەرەوە قەدەغەکرد.[1]
- دەستەی تەندروستکارانی باشوری کوردستان لە گەرمیان، بە هاوبەشی تەفگەری ئازادیی، سێ تۆن دەرمان و کەرەستەی تەندروستیان بۆ عەفرین نارد.[3]
- بەپێی گرتە ڤیدیۆیەک کەلە میدیایی پەکەکەدا بڵاوکراوەتەوە تێدا دەردەکەوێت دوێنێ شەو لە شاری سلێمانی هێرشکراوەتەوە سەر کۆمپانیایەک لەم شارە بە تۆمەتی ئەوەی کە خاوەنەکەی تورکە.[5]
- تەقینەوەیەک لە گەڕەکی تسعینی کەرکووک ڕوویداو کەسێک بەهۆیەوە بەسەختی بریندارببوو.[4]
- بەرپرسی یەکەمی حزب و لایەنە کوردستانییەکانی کەرکووک (بەێ پارتی) لەبارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە شارەکە کۆبونەوە و ڕێککەوتن بۆ یادی نەورۆز و ڕاپەڕین ئاهەنگێکی گەورە سازدەکرێت و ئاڵای کوردستان بەرزدەکرێتەوە.[1]
- بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ئاشکرای کرد، بەهۆی سووکایەتیکردن بە ڕۆڵی پێشمەرگە و ماڵباتی شەهیدان، فەرمانی دەستگیرکردن بۆ سروە عەبدولواحید دەرکراوە.[6]
- لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا گابرێک هاڤی، سەرۆکی دەستەی داوەری تایبەت بە تۆمارکردنی سکاڵا لەسەر ئەو کۆمپانیا و کەسایەتییانەی چەکی کیمیاییان بەڕژێمی بەعس فرۆشتووە وتی ئەمڕۆ بەهەماهەنگی لەگەڵ کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیاباران کە نوێنەرایەتی کەسوکاری شەهیدان دەکەن، لە دادگای هەڵەبجە سکاڵامان لەسەر چەند کۆمپانیایەک تۆمارکرد کە هاوکاری ڕژێمی بەعسیان کردووە لە دەستخستنی چەکی کیمیایی و تەنانەت هەندێکیشان ڕاستەوخۆ چەکی کیمیایان پێفرۆشتووە.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، تەرمی شەهید محەمەد هادی، ناسراو بە باشور سۆران، لە گۆڕستانی سمایلاوا لە گوندی سمایلاوای شاری هەولێر لە مەراسیمێکی پڕ شکۆدا بەخاکسپێردرا.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەوی ڕابردوو، شەڕقانێکی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) بەناوی مەروان عومەر، لە گوندی قزڵ پاشای شارەدێ بلبلێ لە سنوری عەفرین خۆی بە یەکەیەکی سوپای تورکیا تەقاندەوە لەکاتێکدا شەڕ و پێکدادانی قورس لە و سنورە هەبووە.[1]
- ئەمڕۆ لە 53یەمین ڕۆژی هێرشی سوپای تورک بۆ سەر عەفرینداء فڕۆکە جەنگییەکان دەستیان کردووە بە بۆردوومانکردنی گەڕەکی ئەشرەفییەی ناوەندی عەفرین کە هەزاران هاوڵاتی تێیدا دەژین. لە ئەنجامدا منداڵێکی تەمەن 14 ساڵ بە ناوی عیزەت حسێن بە سەختی بریندارببوو.[3]
- لە گوندەکانی تورمیشا و شکەتای سەربە شییە و گوندەکانی ڕەجا و برکی سەربە ماباتا شەری سەخت لە نێوان شەڕڤانان و هێزە داگیرکەرەکاندا ڕووەدات.[3]
- بەهۆی پێشڕەوی سوپای تورکیا و بەشێک لە چەکدارانی سوپای ئازادی سووریا بۆ سەنتەری شاری عەفرین، هەزاران کەس دەربەدەربوون.[2]

- تورک ڕایگەیاند، کە گەمارۆی ناوەندی شاری عەفرینیانداوە.[4]
- دوای ئەبجامدانی مەراسیمی ماڵئاوایی، تەرمی شەهید باشور سۆران لە دەروازەی سێمێلکاوە بەرە و شاری هەولێر بەڕێکرایەوە.[3]
- دانیشتوانی عەفرین بە دروشمی (بژی بەرخۆدانی عەفرین)، (شەهید نامرن)، (بژی سەرۆک ئاپۆ) و (ئێمە هەتا مردن لەگەڵتین عەفرین) بەرە و شەهیدگەی (شەهید ئافێستا خابوور) ڕێڕەوانیان کرد.[7]
- سوپای تورک بە چەکی قورس، گوندی زۆرمخارێ لە ڕۆژئاوای شاری کۆبانێ تۆپباران دەکات.[3]
- سوپای تورک لە شارۆچکەی ماباتای عەفرین، کاروانی گەڕانەوە هاوڵاتیانی مەدەنیی تۆپبارانکرد و بەهۆیەوە 9 هاوڵاتیی شەهیدبوون و ژمارەیەکی زۆریش بریندارببوون.[3]

دەرەوەی کوردستان

- سەرچاوەیەک لە سەرۆکایەتی کۆمار ئاشکرای کرد، فواد مەعسوم سەرۆک کۆماری عێراق، ڕەتیکردۆتەوە یاسای بودجە پەسەند بکات، یاساکەش دەگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمانی عێراق.[1]
- لە پاریس-ی پایتەختی فەرەنسا کوردستانیان بە مەبەستی شەرمەزارکردنی هێرشەکانی سوپای تورکیا بۆ سەرعەفرین، لەبەردەم بینای پەرلمانی فەرەنسادا کۆبونەوە، کە پۆلیسی هێرشی کردە سەریان و ژمارێکی زۆر لە خۆپیشاندەرانیان دەستگیرکرد. کوردستانیان دوای ئەوەی لە بەردەم بینای پەرلەمانی فەرەنسادا هێرشیانکرایە سەر، بەرەو کۆنسوڵخانەی ئەمریکا بەڕێکەوتن و لە بەردەم بینای کۆنسوڵخانەکەدا کۆبوونەوە. هێزەکانی پۆلیسی فەرەنسا لەوێش هێرشی کەردە سەر خۆپیشاندەران و100 خۆپیشاندەری دەستگیرکرد. بە هۆی هێرش و تونددوتیژیی پۆلیسەوە بۆسەر خۆپیشاندەران، 7 خۆپیشاندەر بریندار بوو و ڕەوانەی نەخۆشخانە کراون.[7]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شەمزینان
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-03-13
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-03-13
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-03-13
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پەیامنێر - 2018-03-13
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری باسنیوز - 2018-03-13

[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-03-13
کاتی تۆمارکردن: 2018-03-13
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 317

2018-03-14



رۆژهەڵاتی کوردستان
- یەکەمین پەرتووکی فێرکاری زمان و وێژەی کوردیی لە زانکۆی کوردستان بۆ وانەی وشە ناسی لەلایەن نووسەرێکی کوردە بە ناوی سەعید کەرەمی لە شاری سنە چاپ و بڵاوکرایەوە.[5]
باشووری کوردستان
- سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان مەسعود بارزانی ڕایدەگەیەنێت، هەڵگرتنی گەمارۆی سەر فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی باشە بەرە و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر، بەڵام کێشەکان لەوە زیاترن کە تەنها لە فڕۆکەخانە و بودجەدا کورتبکرێتەوە.[1]
- ڕۆژنامەی (عەرەبی ئەلجەدید) ئاشکرایکردووە کە بڕیارە لە چەند کاتژمێرێ داهاتوودا نیشتنەوەی یەکەم فڕۆکەی نێودەوڵەتی لە فڕۆکەخانەکانی کوردستان دەستپێبکات. ڕۆژنامەکە ئەوەشیخستووەتەڕوو کە یەکەم فڕۆکەش لە ئێرانەوە دەبێت.[1]
- هێزێکی نەناسراو کە ژمارەیان زیاتر لە 50 چەکدار بووە، بەرەبەیانی ئەمڕۆ لە چیایەکی نزیک بیارە سێ تەقینەوەیان ئەنجامداوە، دواتر دەرکەوتووە بەدوای شوێنەواردا گەڕاون.[1]
- لە شارۆچکەی ئاکرێ سەر بە پارێزگای دهۆک پیاوێکی تەمەن 40 ساڵ ئاگری لە ماڵەکەی بەردا، بەهۆیەوە چوار منداڵی سووتان، پیاوەکەش لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکرا.[3]
- پەیکەرێک بۆ مام جەلال سکرتێری کۆچکردووی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و سەرکۆماری پێشوی عێراق لەسەر قەڵای کەرکووک دانەدرا.[1] پاشان پەیکەرەکە گوازرایەوە بۆ بارەگای مەڵبەندی یەکێتی بەهۆی ئەوەی ڕەزامەندیی بۆ وەرنەگیرابوو.
- بە دەستپێشخەریی گەنجانی وڵاتپارێز و ژنانی گەنجی تێکۆشەر، لە شاری سلێمانی ڕێپۆانێک بۆ پشتیوانیی بەرخۆدانی عەفرین ئەنجامدرا.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ لە 54-ەمین ڕۆژی بەرخۆدانی سەردەم دا، لە گوندی باسلی سەربە شێڕاوا لە ئەنجامی شەڕێکدا، شەڕڤانان گورزی کەمەرشکێنیان لە سوپای تورکدا.[2]
- شاهۆز حەسەن، هاوسەرۆکی پەیەدە ڕایدەگەیێنێ: تورکیا بەنیازی داگیرکردنی دوو پارچەی دیکەی کوردستانە و دەیەوێت لە عەفرینەوە تاوەکو کەرکووک هەمووی داگیربکات.[3] ڕەخنەش لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرێت، کە بێدەنگن و هەڵوێستی ڕونیان نییە.[2]

- لە گوندی بادینی سەربە ماباتا شەڕی سەخت لە نێوان شەڕڤانان و هێزە داگیرکەراندا ڕوویدا، لە ئەنجامدا 10 سەرباز و چەتە کوژران.[2]
- بەهۆی هێرشەکانی ئێوارەی ئەمڕۆی دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر بۆ سەر ناوەندی شاری عەفرین، چەندین هاوڵاتیی سیڤیل شەهید و بریندار بوون کە لەنێویاندا منداڵ هەیە. ژمارەیەک لە شەهید و بریندارەکان کەمێک پێش ئێستا گەیەندرانە نەخۆشخانەی عەفرین. بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان 4 هاوڵاتیی سیڤیل شەهید بوون و 12ی دیکەش بریندار بوون. 2 لە شەهیدەکان منداڵن.[4]

دەرەوەی کوردستان

- گروپێکی ئیتالیی لە شاری ڤەنەدیکی ئەو وڵاتەدا، بۆ شەرمەزارکردنی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین دەستیان بە سەر کۆنسولخانەی تورکیا دا گرت و ئالای پەکەکەیان تێدا هەڵواسی.[2]
- وەزیری دەرەوەی تورکیا لەمیانی گوتارێکیدا لە مۆسکۆ ڕایگەیاند، پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکا لە خاڵی پچڕاندایە. هەروەها گوتی، بۆ ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکان پێویستە ئەمریکا چیدیکە چەک بۆ یەپەگە نەنێرێت.[3]
- ڤلادیمیر پووتین، سەرۆکی ڕووسیا و ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا پرۆژەی یەکەم کێڵگەی ئەتۆمی لە تورکیا دەکەنەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن:	یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
شار و شارۆچکەکان:	ئاکرێ
شار و شارۆچکەکان:	بیارە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان:	سنە
شار و شارۆچکەکان:	عەفرین
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات:	تورکیا
وڵات:	یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-03-14
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-03-14
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-03-14
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-03-14
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-03-14

کاتی تۆمارکردن: 2018-03-14

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 318

2018-03-15



باکووری کوردستان
- گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بەرەیەکی نوێی شەڕیان لە چەند ناوچەیەکی باکوری کوردستان کردەوە، بەرپرسی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی هەپەگەش ئاشکرای دەکات کە کردنەوەی ئە و بەرەیەی شەڕ دژی سوپای تورکیا پێشتر بەرنامەڕێژی بۆ کرابوو.[2]
- دەستەی بەڕێوبەریی ناوەندی هەدەپە، ڕایگەیاند، کە ئاگری نەورۆزی ئەمساڵ بۆ عەفرین هەڵدەکەن.[2]
- لەنێوان ئەو هێزەی سوپای تورک، کە هێرشیان کردبووە سەر خاکی باشوری کوردستان و گەریلاکانی هەپەگە و یەژاستار-دا لە ناوچەی خاکورک شەڕێکی سەختە.[1]
باشووری کوردستان
- ڕێکخراوی ڕیچی نێودەوڵەتیی بەهاوکاری ڕێکخراوی (GIZ)ی ئەڵمانی و بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی هەڵەبجە، پێنج هەزار نەمامی بۆ ڕۆحی پێنج هەزار شەهیدی تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە، هەزار نەمامی سنەوبەر-ی لە لەسەر گۆڕستانی شەهیدانی عەنەب چاند.[1]
- لە شاری هەولێر گردبوونەوەیەک لە بەردەم کونسوڵخانەی ئەڵمانیا بەڕێوەچوو، تێیدا داوا کرا وڵاتی ئەڵمانیان دان بە جینۆسایدی کوردا بنێت، ئەوەش بەهۆی فرۆشتنی چەکی کیمیایی بە ڕژێمی پێشووی عێراق.[1]
- ماهر نزاری تەمەن شەش ساڵ، کە دوێنێ لەگەڵ دوو برای دیکەی لە ئاکرێ لەلایەن باوکییانەوە سووتێنران، ئەمڕۆ لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.[3]
- مامۆستا و نووسەر و شاعیر ڕۆستەم باجەلان کۆچی دوایی کرد.[4]
- شەوی ڕابردوو گوندەکانی سنووری سیدەکان لە پارێزگای هەولێر لەلایەن فرۆکە جەنگییەکانی تورکیاوە بۆردومان کران. سەر لەبەیانیی ئەمڕۆش سەربازانی تورکیا لە بارەگاکانیانەوە لەو ناوچەیەدا، سنووری گوندەکانی گەلی ڕەش و بەرمیز تۆپباران دەکەن.[5]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، گەریلاکانی پەکەکە لە سنوری سیدەکان هێرشیانکردە سەر بنکە و بارەگاکانی سوپای تورکیا و لە ئەنجامدا سێ ڕەبایەی تورکیایان گرت و ژمارەیەکی زۆر سەربازیشیان کوشت.[2]
- دوو فرۆکەی جەنگی تورکیا بە خەستی چەند گوندێکی برادۆست لە سنووری شاروچکەی سیدەکانیان بۆردوومان کرد.[3]
- بەمەبەستی خستەڕووی کاریگەریی دراما بیانییەکان لەسەر کۆمەڵگای کوردی لە باشوری کوردستان، لە شاروچکەی سەید سادق پانێلێک بەڕێوەچوو و تیایدا ئەنجامی ڕاپرسییەکیش ئاشکراکرا، کە زیاتر لەسەدا 50ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە، داوای ڕاگرتنی پەخشی دراما بیانییەکان دەکەن.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورک و چەتەکانی گەرەکی زەیدییە و گوندی تەرتوێلی سەربە ناوەندی عەفرین بە چڕی تۆپباران دەکەن. هەروەها لە گوندی مەیدانکی سەربە شەرا لە نێوان شەڕڤانانی یەپەژە و یەپەگە لەگەڵ سوپای تورک و چەتەکانیدا شەڕی سەخت ڕوودەدات.
- پێنج هاوڵاتی کە دووانیان منداڵن، لە ئەنجامی بۆردوومانەکانی سوپای تورک بۆ سەر عەفرین بە سەختی بریندار بوون، یەک لە بریندارەکان پاشتر گیانی لەدەستدا.[1]
- لە ئەنجامی بۆرووومانەکانی فرۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک بۆ سەر ناوەندی عەفرین، دوو ژن و سێ منداڵی دیکە شەهیدبوون.[1]

- وتەبێژی سەرۆکایەتی تورکیا ڕایگەیاند، لەدوای گرتنی عەفرین شارەکە ڕادەستی ڕژێمی سوریا ناکەنەوە.[2]
- دەستەی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی جزیر-ی ڕۆژئاوای کوردستان ئاشکرای کرد بەهۆی زیادبوونی هێرشی داگیرکەران لەسەر عەفرین، چارەنووسی 3 هەزار کەس لە گوندی مەراتا-ی عەفرین نادیارە.[5]

دەرەوەی کوردستان

- کوردستانیان لە شاری مونستای ئەڵمانیا بۆ پشتیوانیکردن لە عەفرین تاوەکو بەردەم بارەگای ناتۆ خۆپیشاندانیان ئەنجامدا. گەلی کورد و دۆستەکانیان هێرشەکانی سوپای داگیرکەری تورکیایان بۆ سەر عەفرین شەرمەزارکرد.[5]
- دادگای نێودەوڵەتیی، کە وابڕیارە بەڕێوبەران و بەرپرسانی حکومەتی تورک تێیدا داداگیی بکرێن، دەستپێکرد. لە دانیشتنی داداگای نێودەوڵەتیدا لە پاریس وابڕیارە ئەمڕۆ و سبەینێ بەردەوام بێت، باس لە تاوانەکانی ئەردۆغان دەکرێت. و تێیدا ئەردۆغان وەک بەرپرسی ئەو تاوانانە بناسرێت، هەروەها ژمارەیەک لە فەرماندەکانی سوپا تێیدا داداگیی بکرێن. دوو تاوانی سەرەکیی بەڕێوبەرانی حکومەتی تورک کە لەو دادگایەدا باسی لێدەکرێت، یەکەمیان کۆمەڵکوژی گەلی کورد لە شارەکانی جزیر، سور و نسێبینە و دووەمیان تیرۆرکردنی سێ ژنەشۆڕشگێڕی کورد لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا لەلایەن ئەو حکومەتەوەیە.[1]
- پەرلەمانی ئەورووپا، بەزۆرینەی دەنگ پرۆژە بڕیاری بەشێک لە فراکسیۆنەکانی دەربارەی دۆخی سوریا پەسەندکرد و داوای لە تورکیا کرد، کە هێرشەکانی بۆ سەر عەفرین ڕاگرێت.[4]
- ئەردۆغان لەوەڵامی بانگەوازەکەی پەرلەمانی ئەورووپا بۆ ڕاگرتنی ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتون، وتی لەپەرلەمانی ئەورووپا سەبارەت بە عەفرین داوامان لێکراوە جموجۆڵەکەمان لەوێ ڕاگرین، خاتونێکیش هەیە کە بەرپرسی فراوان بوونە لە یەکێتی ئەورووپا، ئەویش ئەوەی خواستووە، **"**بەخۆڕایی خۆتان پەرۆش مەکەن تا کارەکەمان تەواو نەبێت لەوێ ناکشێینەوە**"**.[2]
- دادگایەکی ئەڵمانیا قەدەخەکردنی ئاهەنگی جەژنی نەورۆزی ئەمساڵی لە هانۆفەر هەڵوەشاندەوەو ڕایگەیاند کە ئازادیی کۆمەڵگە لە ئەڵمانیا لەسەرووی ترس و نیگەرانییەکانی پۆلیسەوەیە. پێشتر لەبەر مەترسیی بەشداریکردنی لایەنگرانی پارتی کرێکارانی کوردستان پۆلیس ئەنجامدانی ئاهەنگی قەدەخەکردبوو.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: ئاکرێ

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ئەڵمانیا

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 15-03-2018

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 15-03-2018

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 15-03-2018

[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 15-03-2018

کاتی تۆمارکردن: 15-03-2018

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 319

2018-03-16

تەنها وتاری ئەم گەنجە تەعبیر بوو لە ناخی هەڵەبجەییەکان

ئەم گەنجە وتاری کەسوکاری شەهیدانی خوێندەوە لە مەراسیمی هەڵەبجە



رژێمی ســـەدام روخێنرا ئومێدی زۆرمان لەسەر هەڵچنی
بەڵام ئەفسوس دەســـــــەڵاتدارانی ئێستای بەغداش
بەهـــــــەمان عەقڵیەتی پێشو مـــــامەڵە دەکەن

جیزبەکانی کـــوردستانیش زۆر بێوەفابوون بەرامبەر ئەم شارە
سەدام بە کیمیاوی بە هەزارانی لێشەهیدکردین.. ئەمـــانیش
بە بەڵێنی ناراست و بێبنەما دەستخەرۆ و فەرامۆشیان کردین و
بەیاریکردنیان بەهەستو سۆزمان برینەکانیان قوڵتر کردینەوە

ئێوە رەنجتان بەخەساردین و ریسەکەتان لێکردینەوە بەخوری
هـــــەرچیەکمان هەبوو لـــــەم هـــــەرێمدا لەدەستماندا
ئێوە نیشتیمانتان گـــــــــەراندەوە بۆ نیوسەدە لەمەوپێش
لە پێناو پۆست و پارەدا کەرامەتی تاکی کوردیتان تێکشاند

باشووری کوردستان
- مەراسیمی سیهەمین ساڵیادی تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە دەستپێکرد.[1]
- بەبۆنەی 30 ساڵڕۆژی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە-وە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و لە بەیاننامەکەشدا ڕایگەیاندووە، هاوسەرۆزی خۆمان بۆ گەلی کورد و قوربانیانی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە دەردەبڕین و بەڵێنی چرکردنەوەی هەوڵەکانمان بۆ ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی کارەساتەکە دەدەین.[2]
- ئەندامێکی پەرلەمانی عێراق ڕایدەگەیەنێت، بڕیارە لە بودجەی گشتی ساڵی 2018ی عێراق بڕی سێ ملیار دینار بۆ شاری هەڵەبجە تەرخانبکرێت و چاوەڕێش دەکرێت نوێنەری سەرۆک وەزیرانی عێراق ئە و پارەیە بە فەرمی ئاشکرا بکات.[2]
- لە زۆربەری شار و شارۆچکەکانی کوردستان یادی کۆمەڵکوژیی هەڵەبجە کرایەوە.[1]
- بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەهاوڵاتیان و بەرپرسانی سەرجەم لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان بەبێ پارتی یادی کارەساتی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە لە نزیک قەڵای کەرکووک ڕێکخرا. لەرێوڕەسمەکەدا ئامادەبووان بە ئاڵای کوردستانەوە خەمخۆری خۆیان بۆ هەڵەبجە دوپاتکردەوە و بۆ چەند ساتێکیش جموجۆڵی هاتوچۆی ئۆتۆمبێل لەچەند شەقامێکدا ڕاگیرا.[2]
- فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان لەسەر ڕێکەوتنی هەولێر و بەغدا هاتەدەنگ و داوا دەکەن وردەکاری ڕێکەوتنەکە بۆ پەرلەمان ئاشکرابکرێت.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە شەوی ڕابردووەوە تا بەیانی ئەمڕۆ سوپای تورک بەردەوامە لە تۆپبارانکردنی ناوەندی شارۆچکەی عەفرین و بە و هۆیەشەوە زۆرتر لە 21 هاوڵاتی شەهید بوون و چەندین هاوڵاتی دیکەش بریندار بوون.[3]
- بەهۆی بۆردومانی کوێرانە و درندانەی تورک بۆ عەفرین و دەوروبەری، خەڵکێکی زۆر ناچاربوون ماڵەکانیان بەجێبهێڵن و بۆ شوێنێکی ئارام و دوور لە بۆردومانەکان ڕەوبکەن.[1]
- لە ڕۆژی 56مینی هێرشی سوپای داگیرکەری تورکیا بۆسەرعەفرین، شەڕقانانی یەپەگە و یەپەژە لە ناوچەی شەرا-ی عەفرین 2 ئۆتۆمبێڵ سەربازی سوپای تورکیایان تێکشکاند.[5]
- لە نامەیەکدا بەناونیشانی (بانگەوازێکی بەپەلە)، کرستیانەکانی نێو شاری عەفرین و دەوروبەری، کە ئێستا لەژێر بۆردومان و هێرشی سەخت دان، داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەن، هەرچی زووە فریایان بکەون و لە هێرشە قڕکەرەکانی تورکیا و گرووپەچەتەکانی ئەلقاعیدە و بەرەی نووسرە بیانپارێزن. ئاشکراشی دەکەن، کەنیسە و مەزاری دێرینی یەکێک لە پێشەوایانی ئایینی کرستیانی بەناوی (مارمارون) لە بەردەم مەترسی لەناوچوونداان.[5]
- ئەمشەو، هێزە ئاسمانیەکانی سوپای تورکیا نەخۆشخانەی عەفرینیان لە ناوەیدی شارەکە بۆردومانکرد و بەهۆیەوە 15 هاوڵاتی مەدەنیی تر شەهیدبوون و دەیانی تریش بریندار.[2]
- ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ، ئاشکرای کرد: ئەمڕۆ لە ئەنجامی بۆردومانەکان لە ناوەندی شاری عەفرین، 27 هاوڵاتیی سیڤیل شەهید بوون کە لەنێویاندا 7 منداڵ هەیە. بەهۆی سەختی بڕینی بریندارەکانەوە ژمارەی قوربانیان لە

زیادبووندایە. بەپێی ڕاگەیەنراوی ئە و ڕێکخراوە، شەهید و بریندارەکان لە سەردەم گەلان پێکدێن و هاوڵاتیانی کورد، عەرەب و ئەرمەن بوونەتە قوربانی.[5]
دەرەوەی کوردستان
- کوردانی دانیشتووی شاری ئەدیلاید-ی وڵاتی ئوسترالیاو ژمارایەک لە دۆستانیان لە شارەکە، لەدژی بێدەنگبوونی حکومەتی ئوسترالیا لە بەرانبەر جینۆسایدی عەفرین لەبەردەم نووسینگەی وەزیری بەرگری وڵاتەکە گردبوونەوە.[3]
- وەزیرانی هەرسێ وڵاتی ڕووسیا و تورکیا و ئێران لە ئاستانە کۆبوونەوە بۆ تاوتوێکردنی قەیرانی سووریا.[1]
- گوتەبێژی حکومەتی تورکیا لەبارەی بڕیاری پەرلەمانی ئەوروپا سەبارەت بەعەفرین ڕایگەیاند، بڕیارەکە وەک نەبوو وایە.[4]
- وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی وەڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (هیزەر نوێرت) لە دژی وتەکانی مەولود چاوش ئۆغلو، وەزیری دەرەوەی تورکیا دەرکەوت و ئەو بانگەشانەی کە گوایە ئەمریکا و تورکیا لەسەر کشانەوەی یەپەگە لە مینبج ڕێکەوتنیان کردبێت، بەدرۆخستەوە.[5]
- ئەمرۆ گردبوونەوەیەک دژی بێدەنگی بەریتانیا بەرامبەر کۆمەڵکوژی سەر عەفرین لە بەردەم پەرلەمانی سکۆتلەندا بەڕێوەچوو، تیایدا داواکرا هەرێمی سکۆتلەند جدیتر بێ بۆ ڕاگرتنی هێرشە داگیرکارییەکانی دەوڵەتی تورک.[3]
- ڕێکخراوی یونسێفی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان ڕایگەیاند: لە ئەنجامی هێرشەکانی سوپای تورکیا بۆ سەر ناوەندی شاری عەفرین و دەوروبەری، دەیان منداڵ کوژراون و داواشی کرد دەستبەجێ هێرشەکانی سەر عەفرین بوەستێنرێن.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
وڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-03-16
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-03-16
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-03-16
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-03-16
کاتی تۆمارکردن: 2018-03-16
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 320
2018-03-17



باکووری کوردستان
- هەپەگە کوژرانی 18 سەربازی تورکیای لە برادۆست ڕاگەیاند.[3]
- گەریلاکانی هەپەگە لە بایەزیدی سەربە ئاگری، لە دژی هێزەکانی سوپای تورک چالاکییان ئەنجامدا، لەو چالاکییەدا چوار سەرباز کوژران و دووانیش بریندارببوون.[3]
- هێزەکانی پۆلیسی تورک لە شارۆچکەی یەنیشەهری سەربە ئامەد چوار هاوڵاتیان دەستگیرکرد.[3]
-لە ناوچەی ئیپەک کۆپی وان، جەردەوانێک بە ناوی فوئاد کلاغوس کوژرا.[5]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر 10:15 خولەک، ڕێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان (ڕژاک)، لە هۆڵی بتوێن-ی شارۆچکەی ڕانیەی ناوەندی ئیدارەی ڕاپەڕین کۆنفرانسێکی بە دروشمی "نا بۆ کۆمەڵکوژیی ژنان، بەڵێ بۆ چارەسەری ڕیشەیی" دەستپێکرد. لە کۆنفرانسەکەدا زیاتر لە 100 ژن ئامادەن و بڕیارە لە چوارچێوەی هەڵمەتی ئازادیی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و چارەسەری بە فکربیدا، چارەسەرپی دەستنیشان بکرێت.[3]
- ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی کۆبوەوە و بڕیاریدا کە مەکتەبی سیاسی بە هەمان ئەندامانی پێشوەوە کارابکرێتەوە.[4]
- بەڕێوەبەری شارۆچکەی ڕۆفیای سەر بە شارۆچکەی بەردەڕەشی دهۆک ڕایگەیاند، لە گوندێکی سنووری‌کەیان، پیاوێک ژن و کوڕێکی خۆی دەکوژێ بۆ شوێنێکی نادیاریش هەڵهاتووە.[2]
- لە 24 کاڕێری ڕابردوودا لە سلێمانی 5 کەس بەهۆی کۆمەڵێک ڕووداوی هاتووچۆوە گیانیان لەدەستداوە، 15 کەسیش بریندارببوون.[2]
- لەناو بازاڕی ناحیەی حاجیاوا کەسێک کوژرا و کەسێکی تریش بریندارببو، پۆلیسیش هۆکاری ڕووداوەکە بۆ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەگەڕێنێتەوە.[4] پاشان ئەم کێشەیە پەرەیسەند و بەهۆیەوە کوژراوی تری لێکەوتەوە و ژمارەی کوژراوان گەییشتە 8 کەس.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، بەدروشمی شەهیدان نامرن، بۆ یادی پێنج هەزار شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە، هەزار و 200 مۆم لەسەر مەزاری شەهیدانی هەڵەبجە داگیرسێندرا.[3]
- لە چەمچەماڵ چەند کەسێک هێرشیان کردە سەر شاسوار عەبدولواحید و ئوتومبیلەکەیان بەرد و تەماتەبارانکرد.[1]
- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێم ڕایدەگەیەنێت بەهۆی گوێنەدانی بە ڕێنماییەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، بەڕێوەبەری نوێنەرایەتی جووەکان لە کارەکەی دوورخراوەتەوە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورک ئەو هاوڵاتیانەی کردە ئامانج، کە بەهۆی هێرشی سوپای تورکەوە لە ڕێگادابوون بەرەو شەهبا، لە ئەنجامدا دەیان هاوڵاتی مەدەنی شەهید و بریندار بوون.[3]
- هێرش و بۆردومانی سوپای تورکیا بۆ سەر شاری عەفرین و هاووڵاتیانی ئەو شارە بەردەوامیی هەیە.[1]
- ئانجێلا ڕەشۆ، هاوسەرۆکی ئەنجوومەنی تەندروستی عەفرین ئەو هەواڵانەی ڕەتکردەوە، کە لە میدیاکانی تورکیا لەبارەی چۆڵکردنی نەخۆشخانەی ئاڤرین لە عەفرین بڵاویانکردووەتەوەو ڕایگەیاند، تا ئێستا ژمارەیەکی زۆری بریندار لە نەخۆشخانەکەدا چارەسەری پزیشکییان بۆ دەکرێت.[2]
- بەهۆی هێرشەکانی حکومەتی تورک بۆ سەر عەفرین هێڵی تەلەفۆن و ئینتێرنێت بڕاون، سوپای تورک بورجە تەلەفۆنییەکانی کردە ئامانج.[3]

- فڕۆکە جەنگییەکانی تورک، گەڕەکی ئەشرەفییەیان لە ناوەندی عەفرین بۆردوومانکرد، بەهۆیەوە 3 هاوڵاتی کەوتنە ژێر داروبەردووی خانووە ڕووخاوەکەیانەوە.[3]
- مانگی سووری کوردی ڕایگەیاند، لە ماوەی سێ ڕۆژی ڕابردوودا 300 هەزار کەس عەفرینی جێهێشتووە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- پارتی سۆسیالیستی ئەوروپا بانگەوازیی حکومەتی تورکی کرد، کە هێرشی بۆ سەر عەفرین بوەستێنێت و لە خاکی عەفرین بکشێتەوە.[3]
- هاوڵاتیانی کورد لە کەنەداوە تا ڕوسیا بۆ پشتگیریکردنی عەفرین لە سەر شەقامەکانن و هێرشی سوپای تورک شەرمەزاردەکەن.[1]
- سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند: بۆ هێرشکردنە سەر پەکەکە هاوکارێی تورکیا دەکەین.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: بایەزید
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-03-17
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-03-17
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-03-17
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-03-17
کاتی تۆمارکردن: 2018-03-17
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 321

2018-03-18



باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو تۆپخانەکانی تورکیا گوندەکانی بەرمیزە و خواکورک و گەلیە ڕەش وچەند ناوچەیەکی تریان لە سنووری شارەدێی سیدەکان-ی سەربە شاروچکەی سۆرانی لە سنووری پارێزگای هەولێر تۆپباران کرد.[4]
- شاندی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد - کەنەکە و نوێنەرانی بەشێک لە حزبەکان و پێکهاتە ئایینییەکانی باشووری کوردستان، کە 10 ئەم مانگە بەڕێکەوتن بۆ عەفرین، گەیشتنەوە شاری هەولێر و لە پرێس کۆنفرانسێکدا باسی بارودۆخی عەفرینیان کرد.[4]
- سوپای تورکیا بە قولایی زیاتر لە 10 کیلۆمەتر خاکی باشووری کوردستانی لە سنووری سیدەکانی سەربە شاروچکەی سۆران بەزاندووە، بەردەوام لە ڕێگەی هەلیکۆپتەرەوە سەربازی زیاتر لە بەرزاییەکانی گوندی بەرمیزە دادەبەزێنێ و، بۆردوومان و تۆپبارانی سنووورەکە دەکات، ئەمەش ژیانی گوندنشینانی سەر سنووری تێکداوە و خەڵک لە دڵەراوکێدان.[3]
- لاهور شێخ جەنگی بەڕێسی ئاژانسی پاراستن و زانیاری/ زانیاری هەرێمی کوردستان پەیامێکی لەبارەی ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر و ڕۆژانی دواتر بڵاوکردەوە و تیایدا داوای پێکهێنانی لێژنەیەک دەکات بۆ لێکۆڵینەوە لەو بابەتە.[2]
- ڕاوێژکارێکی ئایینیی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ڕایدەگەیەنێت: ئەگەر هەڵوێستی جدیی و کرداربیمان نەبێت لەسەر ئەو هێرشانەی کە دەکرێنە سەر عەفرین، دەبێت چاوەڕێی ئەوە بکەین، کە تورکیا باشووری کوردستانی داگیر بکات.[4]
- بە بۆنەی گیرانی عەفرین لە زۆرێک لە شار و شاروچکەکانی باشووری کوردستان خەڵکانێک وەک پشتگیریی عەفرین هاتنەسەر شەقامەکان و ناڕەزایی خۆیانیان دەربڕی.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سەرچاوەکان باس لە بۆردوومانی چڕی تورک دەکەن بۆ سەنتەری عەفرین و گەڕەکی مەحموودییە، هەروەها باس لەوەش دەکرێت کە شەڕ لە لێوار و نزیک ناوەندی عەفرینداید.[1]
- وتەبێژی ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی جزیرە ڕایدەگەیەنێت بەفەرمی ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی جزیرە ڕادەگرین و تەواوی هێزەکانمان لە دێرەزۆر دەکشێنینەوەو دەچینە عەفرین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای تورکیا و گرووپە تۆندرەوەکان.[2]
- لە دەوروبەری عەفرین شەڕێکی هێجگار سەخت لەنێوان شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژە و چەتەکانی داگیرکەری تورک و تاقمە

چەتەکانی دەقەومێت. هاوکات، لە ئاسمانیشەوە دەیان فڕۆکەی جەنگی ناو شاری عەفرین و دەوروبەری بەشێوەیەکی زۆر قووڕس بۆردوومان دەکەن. لە زەمینیشەوە موشەکخانە و تۆپخانەکانیش بەچڕی موشەک و تۆپبارانی سەدان هەزار هاوواڵتی مەدەنی دەکەن، کە هێشا لەشاردا ماونەتەوە و ئامادە نیین بەجێبهێڵن. لەگەڵ ئەمەشدا، لە ئێوارەوە تا ئێستا زیاتر لە پازدە هەزار لە ئەندامانی تیمە تایبەتەکان و سەربازانی تورک و چەتەکانی ئەلقاعدە و بەرەی نووسرە، لە چەندین بەرەی نزیک شارەوە بەچەکی قووڕس هێرش دەکەن سەر سەنگەرەکانی شەڕڤانان.[1]
- هێرشە درندانەکانی سوپای تورک لە 58-ەمین ڕۆژیدا گەیشتە ناوەندی عەفرین، لە ئەنجامی بۆردوومان و تۆپبارانکردنی هاوواڵتیياندا سەدان هاوواڵتی کۆمەڵکوژکران.[4]
- سەرۆککۆماری تورکیا، ڕایگەیاند: لە کاژێر 8:37 خولەکی بەیانی ئەمڕۆ عەفرین کۆنترۆڵکراوە و ئاڵای تورکیامان لە سەنتەری عەفرین هەڵکرد.[3] بەڵام یەپەگە هێشتا ئەمەی پشتڕاست نەکردووەتەوە و بەپێچەوانەوە دەڵێن کە شەڕی قووڕس لە ناوەندی عەفرین هەیە.[1]
- سالح موسلیم بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی تەقدەم ڕاگەیاند کشانەوە لە عەفرین مانای دۆڕانی جەنگ و دەستبەرداربوون لە خەبات نییە.[2]
- سوپای تورک و میلیشیا ئیسلامییەکان عەفرین تاڵان دەکەن.[1]
- لە هێرشێکی لێدە و ڕاکەی شەڕڤانان بۆ ناو عەفرین دەیان سەرباز و چەتەی ئیسلامی کوژران.[1]
دەرەوەی کوردستان
- ئا ئەمڕۆ هیچ دەوڵەتێکی خۆراوایی، کۆمەڵکوژیی عەفرینی بەهەند وەرنەگرتووە و هیچ فشارێکی ئەوتۆ نەخراوەتە سەر تورک بۆ وەستاندنی هێرشەکان.[1]
- لە چەندین وڵاتی ئەوروپی، کوردستانییان هێرش و داگیرکردنی عەفرینیان شەرمەزارکرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-03-18
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-03-18
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-03-18
کاتی تۆمارکردن: 2018-03-18
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 322
2018-03-19



باکووری کوردستان
- هێزەکانی پۆلیسی تورک لە شارۆچکەی ئەبەخی سەر بە وان، هەڵیانکوتایە سەر ماڵی چەند سیاسەتمەدارێکی پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە و هەشت کەسیان دەستگیرکرد.[3]
- عوسمان بایدەمیر، پەرلەمانتاری هەدەپە و نوێنەری شاری (رحا) لە پەرلەمانی تورکیا ڕەخنەی توندی لە دەسەڵاتدارانی تورکیا گرت و ڕایگەیاند ئێوە جگە لە ترازان هیچ بژاردەیەکی دیکە بۆ کورد ناهێڵنەوە.[1]
- سەفەر چاغلەر، لە زیندانیانی سیاسیی پەکەکە لە زیندانیی وان، بۆ شەرمەزارکردنی داگیرکردنی عەفرین لەلایەن حکومەتی تورکەوە ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و شەهیدبوو.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە، پێنج چالاکی مەدەنیی خەڵکی ئەو شارەیان بە ناوەکانی موحسێن مورادی، ئاریوان شاکری، مێهران محەممەدی، عێرفان ساعدپەنا و سالار کازمی بانگهێشت و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کرا. چوار کەس لەو چالاکانە پاش لێپرسینەوە لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە ئازاد کران، بەڵام عیرفان ساعدپەنا دەسبەسەر و لە چارەنووسی هیچ زانیارییەک لە بەردەستدا نییە.[5]
باشووری کوردستان
- سەرەڕای نارەزایی حکومەتی هەرێم، ئیدارەی گەرمیانیش ماتەمینیی فەرمیی بۆ عەفرین ڕاگەیاند.[2]
- لە هەولێر، ئاساییش ڕێگری کرد لە گردبوونەوەیەکی نارەزایی لەبەردەم کونسوڵخانەی تورکیا.[2]
- هەڤاڵ ئەبوبەکر، پارێزگاری سلێمانی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ئەمڕۆ ڕایگەیاند ئاگری نەورۆز لە چوارچێوەی چالاکییەکی ڕەسمیدا لە گردی مامەیارە دەکرێتەوە، بەڵام سەرجەم ئاهەنگ و خۆشییەکان لەو بۆنەیەدا بۆ ماتەمینی عەفرین ڕادەگیرێت.[1]
- دژی سیستەمی پاشەکەوتی مووچە، کارمەندانی تەندروستی لە دەفەری ڕاپەڕین بایکۆتی دەوامی ناوەندە تەندروستییەکانیان کرد.[1]
- دوو بومبەلەرزەی یەک لە دوای یەک شارۆچکەی کەلار و ناوچەکانی دەوروبەری هەژاند.[2]
- بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر ڕایدەگەیەنێت، بۆ ڕێکخستنی باری شەقام و کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە ڕۆژانی نەورۆزدا هەزار و 320 کارمەند لە ئەرکدا دەبن.[1]
- هێزێکی دژە تیرۆری یەکێتی گەیشتنە کەرکووک و بەپێی زانیاریەکانیش بۆ پاراستنی ئاسایشی ئاهەنگەکانی ڕاپەڕین و نەورۆز لە شارەکە دەبن.[3]
- دەستەی پیشتوانی لە عەفرین بە بەشداری چالاکوانان و ڕۆژنامەنووسان خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم کونسڵخانەی ڕوسیا لە شاری هەولێر ئەنجامدا.[3]
- سەندیکا و ڕێکخراوە تەندروستییەکان لە سلێمانی ڕایدەگەیەنن وەرگرتنی نەخۆشیان لە نەخۆشخانەکان ڕاگرتووە و ڕاشیدەگەیەنن، لەمڕۆوە مانگرتنیان لە کار دەستپێکردووە.[1]
- لە گوندی حلەواتی ڕۆژئاوای کەرکووک، بەهۆی هێرشێکی چەتەکانی داعشەوە دوو هاوڵاتیی کوژران و سێ کەسی دیکەش بریندارببوون.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دەیان هەزار ئاوارەی عەفرینی لە گوند و شوێنە چۆڵەکانی باکووری پارێزگای حەڵەب نیشتەجێ بوون، کارەساتێکی

مرۆڤییانەی لێکەوتووەتەوە. نە خۆراکی پێویست و نە دەرمان و نە هیچ شتێکی پێویستیان نییە.[2]
- باڵەخانەیەکی چوار نهۆمی بۆمبڕێژکراو لەنێو شاری عەفرین تەقییەوە، بەهۆیەوە 11 کەس کوژران، زۆربەی کوژراوەکانیش چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریان.[2]
دەرەوەی کوردستان
- بەبۆمبی مۆلۆتۆف هێرش کرایە سەر باڵیۆزخانەی تورکیا لە کۆپنهاگنی پایتەختی دانیمارک.[1]
- مەراڵ ئاکشەنەر هاوسەرۆکی حزبی باش لە تورکیا ڕایگەیاند، 726 سەربازی سوپای تورکیا لە هێرشکردنە سەر عەفرینیدا کوژراون.[4]
- پاتریک کۆکبۆرن، نووسەری بەشی سیاسیی ڕۆژنامەی ئیندیپێندێنت لە وتارێکدا ئاشکرای کرد، کە ئەوانەی چوونەتە ناو عەفرینەوە هەمان چەتەکانی داعشن.[3]
- سەرۆک کۆماری تورکیا ڕایدەگەیەنێت، پاش عەفرین دەچینە منبج و کۆبانێ و قامیشلۆ و دەشڵێت، شەوێک لەناکاو دەچینە شەنگال و پەکەکە دەردەکەین.[1]
- وەزارەتی دەرەوەی سووریا ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و داگیرکردنی عەفرین لە لایەن تورکیا و ئە و تاوانانەی کردوونی ئیدانە دەکات.[4]
- ژان ئاسێلبۆرگ، وەزیری دەرەوەی لوکزامبورگ دەڵێت، کە پێویستە ناتۆ بە شێوەی ڕاستەوخۆ لێپرسینەوە لە ئەنقەرە بکات.[3]
- وەزارەتی دەرەوەی میسر، ئیدانەی داگیرکردنی عەفرین لەلایەن سوپای تورکیاوە دەکات و دەڵێت: پێشێلکاریی سەروەریی سوریا جێگای قبوڵ نییە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-03-19
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-03-19
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-03-19
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-03-23
کاتی تۆمارکردن: 2018-03-19
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 323

2018-03-20



باکووری کوردستان
- هێزەکانی پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەر، مااڵی چالاکوانان لە شارەکانی ئەنقەرە، ئەستەنبول، مێردین و شرناخ و دەیان کەسیان دەستگیرکرد.[5]
رۆژهەاڵتی کوردستان
- ناوەندە مەدەنییەکان لە سنە، نەیانتوانی مۆڵەتی بەڕێوەبردنی جێژنی نەورۆز وەربگرن و دەوڵەتی ئێران شوێنێکی دیاریکردووە بۆ بەڕێوەبردنی جەژن.[4]
باشووری کوردستان
- نەورۆزی ئەمساڵ لە باشووری کوردستان جیاوازە، ئەو پلانانەی بۆ ئاهەنگەکانی نەورۆز دانرابوو، بەهۆی ڕەوشی عەفرینەوە زۆربەیان هەڵوەشانەوە.[2]
- پارێزگاری سلێمانی ڕایدەگەیەنێت هیچ یاسایەک نییە ڕێگری لەوە کردبێت ئەوان ماتەم ڕابگەیەنن و جەختیشدەکاتەوە تا ئێوارەی سبەینێ ماتەم بۆ ئاشتی بەردەوامە.[1]
- ئەمڕۆ ژمارەیەک لە بریندارانی عەفرین گەیەندرانە نەخۆشخانەکانی شاری سلێمانی.[2]
- سوپای تورک ناوچەی زاپ-ی سەر بە شارۆچکەی ئامێدی بۆردوومان دەکات.[3]
- دەستەی پشتوانی لە عەفرین خۆپیشاندانێکیان لە بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان تا بەردەم کونسوڵخانەی ئەمریکا ئەنجامدا و ئیدانەی بێدەنگیی ئەمریکایان کرد بەرامبەر عەفرین.[3]
- ژمارەیەک لە بەڕێوەبەری خوێندنگاکانی سنووری پەروەردەی کۆیە دەست لە کارکێشانەوەی خۆیان لە پۆستەکانیان ڕاگەیاند،بەهۆی نیگەرانیان لە سیستەمی پاشەکەوتی موچە.[1]
- بەشێک لە مامۆستایانی سلێمانی لەبەردەم پەروەردەی ڕۆژئاوا خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و شەقامی سەرەکییان داخست.[1]
- مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەیامی جەژنانەی نەورۆزدا ڕایگەیاند، جێگەی داخێکی زۆرە کە عەفرین تووشی شەڕ و ڕوودواوی ناخۆش بووەتەوە و ژیان و ئاسوودەیی خەڵک کەوتووەتە بەر مەترسی.[2]
- خۆپیشاندانی مامۆستایان و کارمەندانی تەندروستی هەڵەبجە لە فولکەی عومەری خاوەرەوە دەستپێکردن ئەوەش بەهۆی جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکانی حکومەت بە دابەشکردنی موچەی بێپاشەکەوت.[1]
- مامۆستایان وکارمەندانی تەندروستی ڕاپەڕین خۆپیشاندانیان ئەنجامدا.[1]
- پۆلیسی کەرکووک ڕایگەیاند، دوو تەرم دۆزراونەتەوە، کە کچ و کوڕێکە و پاش کوشتنیان سوتێنراون و شێواون.[3]
- دەستەی مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت سەرەڕای ئەوەی داوا لە وەزارەتی دادی هەرێم کراوە گیراوانی سیاسی بەشەکانی تری کوردستان ڕادەستی تورکیا و ئێران نەکاتەوە، بەاڵم حکومەتی هەرێم گیراوێکی سیاسی باکووری کوردستانی ڕادەستی تورکیا کردەوە.[1]
- بە پێی ئەو خشتەیەی کە لەاڵیەن هێڵی ئاسمانی عێراقییەوە نێردراوە بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی سەبارەت بە

دەستپێکردنی گەشتە نێودەوڵەتییەکانیان، ئەمڕۆ یەکەم گەشت بۆ عەمان ئەنجام دەدات.[1]
- مەڵبەندی کەرکووکی یەکێتی ئەو هەواڵانە ڕەتدەکاتەوە کە باس لەوە دەکەن لەژێر هیچ فشارێکدا لاهور شێخ جەنگی لە شارەکە کرابێتە دەرەوە، دەڵێت هێشتا لاهور شێخ جەنگی لەشاری کەرکووکە.[1]
- ژمارەیەک گەشتیار لەکاتی گەڕانەوەیان لەسلێمانییەوە لەسەر ڕێگەی کەرکووک - بەغدا کەوتنە بۆسەی داعشەوە و چەند کەسێکیش بوونە قوربانی.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هاوڵاتیانی عەفرین کە بە هۆی هێرشی حکومەتی تورک بۆ سەر ماڵ و خاکیان ئاوارەی شەهبا بوون، لە دۆخێکی سەختدان و داوای هاوکاری دەکەن.[3]
- سوپای تورک و چەتەکانی هاتووچۆیان لەناو عەفرین قەدەغەکردووە و گەنجەکان دەستگیردەکەن و دەیانێرن بۆ زیندانەکانی تورکیا.[3]
- مەولود چاوشئۆغلۆ، وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕایگەیاند کە لێکۆڵینەوە لە هەموو ئەو هەواڵانە دەکەن کە باس لە تاڵانکاری لەناو شاری عەفرین دەکەن.[1]
دەرەوەی کوردستان
- گۆڤاری دێر شپیگێلی ئەڵمانی، بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێک ڕەخنەی لە حکومەتی ئەڵمانیا گرت، کە چۆن چەتەکانی سوپای ئازاد بە تانکی ئەڵمانی عەفرین وێران دەکەن.[3]
- گروپی فیمێن، کە گروپێکی ڕادیکاڵی ژنانە، بە بڵاوکردنەوەی وێنەیەک لە سەر ئەکاونتی ڕەسمی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکەیاندا پشتگیریان بۆ عەفرین دەربڕی.[3]
- سەرۆک وەزیرانی عێراق بەهۆی جەژنی نەورۆزەوە دوو ڕۆژ پشووی لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراق ڕاگەیاند.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-03-20
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-03-20

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-03-20
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-03-20
کاتی تۆمارکردن: 2018-03-20
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 324

2018-03-21



باکووری کوردستان
- سەدان هەزار کەس لە پارکی نەورۆزی ئامەد کۆبوونەتەوە و دروشمی بژی سەرۆک ئاپۆ و بژی بەرخۆدانی عەفرین دەڵێنەوە.[2]
- هێزەکانی پۆلیسی تورک شەوی ڕابردوو لە شاروچکەی باغلەری شاری ئامەد-ی باوکری کوردستان هەڵیانکوتایە سەر ماڵی ئەسرا سۆلین دال، ڕۆژنامەنووسی ئاژانسی میزۆپۆتامیا و لە ماڵی خۆیدا دەستگیریان کرد.[2]
- ناوەندی ڕاگەیاندنی هێزەکانی پاراستنی گەل- هەپەگە، لەبارەی چالاکیی ئەمرۆی گەریلاکانەوە بڵاوکردەوە. لە ڕاگەیەندراوی هەپەگەدا هاتووە: سەرلەبەیانیی نەورۆز، کاتژمێر 6:00ی سەرلەبەیانی لە ناوچەی تەپە خوەدێ سەربە شاروچکەی شەمزینانی جولەمێرگ گەریلاکانمان چالاکییان ئەنجامدا، لەو چالاکییەدا دوو سەربازی سوپای داگیر کەری تورکیا کوژران.[5]
- دوای ئەوەی سەربازانی تورک ڕێگریان کرد لە گەیاندنی دار بۆ مەیدانێک لە شاری ئورفە بۆ کردنەوەی ئاگری نەورۆز، پەرلەمانتاری کورد (عوسمان بایدەمیر) بە بۆینباغەکەی خۆی ئاگری نەورۆزی کردەوە.[1]
- تورکیا لە بەرانبەر جۆشی نەورۆز خۆی پێنەگیرا و سەدان کەسی دەستبەسەر کرد.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئێوارەی ئەمڕۆ، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە شاری سەردەشت دەکەونە بۆسەی هێزە حکوومەتییەکان و لە ئەنجامی تەقەی ئەو هێزانە، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی لوقمان محەممەدزادە خێزاندار و تەمەن 37 ساڵ خەڵکی گوندیشمۆلە سەر بە شاری ڕەبەت بە سەختی بریندار بوو.[6]
باشووری کوردستان
- پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ بومبەلەرزەیەک شاری کەلاری هەژاند.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیا بنکە و بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان-پەکەکەیان لە ناوچە سنووریییەکانی باشووری کوردستان بۆردوومانکرد.[4]
- لە بازگەی قەسرێ و گۆجار ئاساییشی پارتی ڕێگای نەدا هاوواڵتیان بەشداریی ئاهەنگی نەورۆز بکەن لە بناری قەندیل، پاشان بەهۆی زۆریی بەشداربووان و ناڕەزاییەوە ڕێگای بناری قەندیلیان کردەوە.[1]
- ڕێناس جانۆ، وتەبێژی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق ڕایدەگەیەنێت، دەبوو حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق مووچەی وەزارەتەکانی پەروەردە و تەندروستی بە تەواوی بنێرێت و دەڵێت ناردنی بەمشێوەیەی ئێستا وا تێدەگەین عەبادی لە بەڵێنەکانی ڕاستگۆ نییە و ڕاستگۆش نابێت.[3]

- لە سەیرانگەی مەیدانۆکی سەر بە قەزای مێرگەسۆر، لەکاتی خۆشی دەربڕین بەبۆنەی نەورۆز و بەهۆی تەقاندنی تەقەی خۆشی، لیوایەکی پێشمەرگە بەناوی خورشید عەزیز تەمەن 64 ساڵ، کە لیوای فەرماندی تایبەتی هێزی پێشمەرگە بوو، گیانی لەدەستدا.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان

- بۆردومانی سوپای داگیرکەری تورکیا و چەتەکانی بۆ سەر گوندەکانی کماریّ و بەرادیّ لە ناوچەی شێراوای عەفرین بەردەوامیی هەیە. بۆردومانەکان شەهید و بریندارى لێکەوتووەتەوە.[5]
- یەکینەکانی پاراستنی گەل – یەپەگە ڕایگەیاند، کە لە گوندی کیمار سەربە ناوچەی شێراوا لە عەفرین ئۆتۆمبێلێکی پڕ لە چەک تەقێنراوەتەوە و پێنج سەربازی داگیرکەر کوژراون.[2]

دەرەوەی کوردستان

- سەرۆکی شارەوانیی شاری ناپۆلی ئیتالیا دەڵێت: پێویستە ڕێگرپی لە حکومەتی تورک بکرێت و هێرشی سەر عەفرین بوەستێندرێت.[2]
- چوار حزبی یەکێتی کریستیانەکان، حزبی سۆسیال دیموکرات، حزبی چەپ و سەوزەکانی ئەڵمانیا داوایان لە ئانگێلا مێرکل، سەرۆک وەزیرانی ئەڵمانیا کرد، لە بەرامبەر هێرشی سەر عەفریندا بێدەنگ نەبێت.[2]
- وەزارەتی دەرەوەی عێراق ڕایگەیاند کە ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی سەربازی لەلایەن تورکیاوە لە خاکی عێراقدا ڕەتدەکەنەوە.[3]
- تورکیا چەند جارێک دووپاتیکردووەتەوە کە لەبارەی منبج لەگەڵ ئەمریکا ڕێککەوتنیان هەیە و ڕێککەوتنەکە چەند هەفتەیەکی دیکە جێبەجێدەکرێت، بەڵام گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕەتیدەکاتەوە هیچ ڕێککەوتنێکیان لەوبارەوە لەگەڵ تورکیا هەبێت.[4]
- ئەنگێلا مێرکڵ-ی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا باسی لە عەفرین کرد و ڕایگەیاند: ئە و ڕووداوانەی لە عەفرین ڕوویاندا، ئاوارەبوونی هەزاران سیڤیل و کوشتنیان جێی قبوونکردن نییە و ئێمە بەشێوەیەکی توند ئیدانەی دەکەین.[5]
- سەرۆک کۆماری تورکیا ڕایگەیاند، پەکەکە لە عێراق دەستی بە جموجۆڵ کردووە، وتیشی ئەگەر ئیدارەی ناوەندی عێراق، پەکەکە لە شنگال لەناونەبات ئێمە لەناوی دەبەین.[3]
- لە پەرلەمانی بەریتانیا پانێلێک لەبارەی نەورۆز بەڕێوەچوو. پەرلەمانتارانی بەشدار لە پانێلەکە داوا لە حکومەتی وڵاتەکەیان دەکەن گوشار بخاتە سەر تورکیا لە عەفرین بکشێتەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن:	یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
شار و شارۆچکەکان:	ئامەد
شار و شارۆچکەکان:	ئورفە
شار و شارۆچکەکان:	جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان:	سەردەشت
شار و شارۆچکەکان:	عەفرین
شار و شارۆچکەکان:	کەلار (گەرمیان)
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	باکووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات:	ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات:	ئەڵمانیا
وڵات:	تورکیا
وڵات:	شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-03-21
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-03-21
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-03-21
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-03-21
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-03-25
کاتی تۆمارکردن: 2018-03-21
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 325

2018-03-22



باکووری کوردستان
- ئەمڕۆ پارێزگای بەدلیس لە 11 گوندی سەربە تەتوان، سێ گوند و دوو گەڕەکی سەربە مۆتکی قەدەغەی هاتووچۆی هاوڵاتیانی ڕاگەیاند.[4]
- هەریەکە لە ڕەزان ساریجە، فواد چۆشاچاک و چەنگیز چیچەک، سیان لە پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئۆجالان، داواکارییەکیان پێشکەش بە داواکاری گشتی دادگای کۆمارپی بۆرسا-ی تورکیا کرد.[3]
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو، فڕۆکەکانی تورک چەند گوندێکی ناوچەی باڵەیان لە شارۆچکەی چۆمان بۆردوومانکرد و 4 لاوی ئەو ناوچەیە بەناوەکانی: شەرۆ مەحمود، کاکە مستەفا وەرتی، دەرباز محەمەد بالیسانی و محەمەد ئیسماعیل وەرتی شەهیدبوون، شەهیدەکان دووانیان پێشمەرگە و دووانیشیان پارێزەرن، هەر چواریشتیان ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوون.[1]
- فەرماندەیەکی یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگال (یەبەشە)، ڕایگەیاند، سوپای تورکیا هیچ بەهانەیەکی نیە بۆ هێرشکردنە سەر شنگال و لە هەڕەشەکانی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرکۆماری تورکیا ناترسن.[2]
- فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق لەبارەی گیانلەدەستدانی چوار هاونیشتمانی لە باڵەکایەتی بەهۆی بۆردوومانی تورکیا ڕاگەیێندراوێکی بڵاوکردەوە و دەڵێت، پێویستە بەغدا سنوورێک بۆ پەلامارەکانی تورکیا دابنێت.[5]
- لە قەسرێ لەسەر داوای بەڕێوەبەری شارەدێی قەسرێ، ئاسایشی پارتی سێ چالاکوانی دەستگیرکرد، ئەوەش بەهۆی ئەوەی ئیدانەی هێرشەکانی تورکیایان بۆ سەر هاوڵاتیانی مەدەنی کرد. پاشتر ئەو چالاکوانانە ئازادکران.[4]
- هەر یەک لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان و بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان ئیدانەی هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیان کرد بۆ سەر هەرێمی کوردستان.[1]
- حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەیی بۆردومانەکەی ئەمڕۆی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا ڕایدەگەیەنێت وێڕای هاودەردی

و سەرەخۆشیمان بۆ خانەوادە و کەسوکاری شەهیدان، نیگەرانیی خۆمان لە بەئامانجگرتنی دێهات و ئاوەدانییەکانی هەرێمی کوردستان دەردەبڕین.[2]
- لە دەوروبەری کاتژمێر 12:25 خوولەکی ئەمڕۆ بوومەلەرزەیەک سلێمانی هەژاند و لەلایەن هاوواڵاتیانەوە هەستیپێکراوە.[2]
- ئاژانسی ڕۆیتەرز باڵاوێکردەوە کۆمپانیای ئەجیلیتی کوێتی و ئۆرەنجی فەرەنسی داوای یاساییان لەدژی سیروان بارزانی و دوو بەرێوەبەری تری کۆمپانیای کۆرەک تێلیکۆم لەدادگایەی دوبەی دارایی نێودەوڵەتی تۆمارکردوە و بەخراپ بەرێوەبردن و بردنی ملیۆنان دۆلار تۆمەتباریان دەکەن.[6]
- سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت پێویستە تورکیا و پەکەکە لەڕێگەی ئاشتییەوە کێشەکانیان چارەسەر بکەن، جەختیشدەکاتەوە کە قبوڵی ناکەن سوپای ئەو وڵاتە بۆردومانی قەندیل بکات.[2]
- وەزارەتی دەرەوەی عێراق لەبارەی هێرشەکانی تورکیا بۆ باشووری کوردستان ڕاگەیێندراوێکی باڵاوکردەوە و تێدا هاتووە: ئیدانەی بەردەوامیی هێرش و بەزاندنی سنوورەکانمان لەلایەن تورکیاوە دەکەین.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکیای داگیرکەر بە تۆپی جۆری ئۆبیس، هێرشی کردە سەر گوندی بەرادێ لە ناوچەی شێراوای عەفرین و بەهۆی ئەو تۆپبارانەوە شوێنەواڕە مێژوویەکانی ئەو گوندە خاپوور بوون، کە یەکێک لە شوێنەوارەکان پەرستگەی گەورەی کلس-ە.[3]
- بەرێوەبەرانی ناوەندی تەندروستیی شەهبا بانگەوازیان ئاراستەی شوێنە پەیوەندیدارەکان کرد، کە بە زووترین کات هاوکاری و دەرمان و پێداویستیی پزیشکی بگەێننە هاووڵاتیانی عەفرین لە شەهبا.[3]
- شەڕقانانی یەپەگە و یەپەژە لە ناوەندی عەفرین لە دژی داگیرکەران چالاکیان ئەنجامدا، ژمارێکی زۆر لە داگیرکەرانی سوپای تورکیا کوژران. لە چالاکییەکەدا لانی کەم 10 سەرباز کوژران، کامیۆنێک و تراکتۆرێکیش کە کەلوپەلەدزراوەکانیان لێ بارکرابوو، تێکشکێنران.[3]
- شاندێکی باڵای ئەمریکیی لە منبیجە و لەگەڵ بەرێوبەرانی شارەکەدا کۆبوونەوە، شاندەکە دەڵێن وەڵامی هەموو هێرشێکی تورکیا بۆ سەر منبیج دەدەنەوە.[4]
- سەرۆکوەزیرانی تورکیا کوژرانی سێ سەربازی سوپای تورکیای لە سەنتەری شاری عەفرین ڕاگەیاند.[5]
دەرەوەی کوردستان
- وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕایگەیاند: ئەوەی لە عەفرین کردمان لە شنگال و قەندیلیش دەیکەین.[5]
- پەرلەمانتارانی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)، بەردەوامن لە مانگرتن لە خواردن لەبەردەم بینای نەتەوە یەکگرتوەکان لە شاری جنێڤی سویسرا.[4]
- لە ڕاگەیەنراوێکدا یەکێتی ئەوروپا بە تووندی ئیدانەی کارە نایاساییەکانی تورکیا دەکات لە دەریای ناوەڕاست و دەریای ئیجە و ڕایدەگەیەنێت ئامادەیە بۆ هاریکاری تەواوی قوبرس و یۆنان.[2]
- هیومان ڕایتس وۆچ لە دوایین ڕاپۆرتیدا ئاشکرایکردووە، کە سوپای تورک پەنابەرە سوریەکان یان دەیانکوژێت، یان بە کۆمەڵ سنووردااشیان دەکات، داواشی لە یەکێتی ئەورووپا کرد، کە بە دواداچوون بۆ ئەو بابەتە بکات.[4]
- گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند: منبج چۆڵناکەین و چالاکییەکانمان درێژە پێدەدەین، نیگەرانییەکانی خۆمان زۆر بە ڕوونی بە تورکیا ڕاگەیاندووە و داوامان لە تورکیا کردووە دۆخەکە هێوربکاتەوە.[5]
- لە دژی هاوکارییەکانی حکومەتی ئەڵمانیا بۆ تورکیا فرۆشتنی چەک پێ و بێدەنگبوونی لەبەرامبەر کۆمەڵکوژییەکانی عەفرین، ژمارەیەک چەپی ئەڵمان لەبەردەم بارەگای سۆسیال دیموکراتەکان گردبوونەوە و بەشێکیشان چوونە ناو بارەگاکە.[4]
- کۆمەڵێک لایەنگری ئەردۆغان لە زانکۆی (بۆغازیچی) شیرینیان بەبۆنەی گرتنی عەفرینەوە بەناو خوێندکارەکاندا بەخشیەوە، بەڵام کۆمەڵێک خوێندکار دژی ئەو ڕەفتارە وەستانەوە و مێزی شیرینیەکەیان شێواند لەبەرامبەریشدا پۆلیس 13 خوێندکاری دەستگیرکرد.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان
پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: بەدلیس

شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-03-22
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-03-22
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-03-22
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-03-22
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کەی ئێن ئێن - 2018-03-22
کاتی تۆمارکردن: 2018-03-22
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 326

2018-03-23



باکووری کوردستان
- لەڕگین بۆتان، پەرلەمانتاری هەدەپە بە 18 ساڵ زیندانی سزادرا.[5]

باشووری کوردستان
- کاتژمێر 03:00ی ئێوارەی ئەمڕۆ، بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە چین و تونێژەکانی باڵەکایەتی و کەسوکاری شەهیدانی سەرکان، خۆپیشاندانێکی بەرفراوان لە گوندی چۆمساکی دۆڵی باڵەیانی-ی سەر بە شارەدێی قەسرێ لە شارۆچکەی چۆمان، تا گوندی وەسان بەرێوەچوو.[5]
- پسپۆرێکی بواریی ئاسایشی تورکیا ڕایگەیاند ئۆپراسیۆنی سنوور بەزاندنی تورکیا لەناو خاکی عێراق دوور لەچاوی میدیاکان و بەبێ دەنگیی دەستیپێکردووە.[1]
- شەوی ڕابردوو، فڕۆکە هەواڵگیرییەکانی تورکیا بە نزمی بە سەر دەڤەری نهێل و چیای گارە و چیای مەتین و دەوروبەری سنوری ئامێدی دەستیانکردووە بە سووڕانەوە.[1]
- ئەمڕۆ و سبەی فێستڤاڵی ڕەنگەکان لە هەولێر ئەنجامدەدرێت، بڕیارە هەزاران کەس بۆ نەورۆز ڕەنگەکان بە ئاسماندا بڵاوبکەنەوە، تۆڕی گەنجانی نیشتمان ڕێکخەری فیستڤالەکەن، 6 تۆن ڕەنگ ئامادەکراوە ئاماژەی پێکەوە ژیانی هەموو پێکهاتەکانی کوردستانن و سمان ڕەنگاورەنگ دەکەن.[2]
- سەندیکای کارمەندانی تەندروستی ڕایدەگەیەنێت، گەر تا ڕۆژی 1ی نیسان حکومەتی هەرێم وەڵامێکی ئەرێنیان لەبارەی چارەسەرکردنی کێشەی مووچە پێنەدات سەرجەم نەخۆشخانەکان لەکاردەخەن.[1]
- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی داوای لە مامۆستایانی ئایینی کردووە لە وتاری ئەمڕۆیاندا باسی دۆخی شاری عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان بکەن کە خەڵکەکەی ئاوارە بوون.[1]
- کۆنسەی سەرۆکایەتی کەجەکە ڕایگەیاند: لە شنگال ئاسایش بەرقەرارە، لەسەر داوای حکومەتی عێراق و ئێزیدییەکان، گەریلاکانمان لە شنگال دەکشێنەوە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەڕڤانان لە گوندی کەفەرجەنێ-ی ناوچەی شەرەی- عەفرین، ئۆتۆمبێلێکی سەربازی سوپای تورکیایان تێکشکاند، ڕاگەێندرا کە لەو چالاکییەدا 3 چەتە کوژران.[3]
- وتەبێژی یەکینەکانی پاراستنی گەل لە عەفرین ڕاگەیاند، لە ئەنجامی چالاکییەکی شەرڤانان لە شارەدێی ماباتا شەش سەربازی تورکیا کوژران و بریندار‌بوون.[2]
- ئاڵدار خەلیل هاوسەرۆکی دەستەی جێبەجێکاری بزوتنەوەی کۆمەڵگەی دیموکراتی (تەڤدەم) بەڵێندەدات وانەیەکی توندی سوپای تورکیا و بەکرێگیراوەکانی دەدەن.[1]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا پیرۆزبایی جەژنی نەورۆز لە گەلی کورد دەکات و ئومێدەوارە ساڵی نوێ ساڵی ئاشتی و پێکەوەژیان بێت.[2]
- نارەزایەتییەکان لە هەمبەر داگیرکاری سوپای تورکیا وچەتەکان لە عەفرین هەتاکو دەڕوات پەرە دەستێنێت. کۆمەڵێک لە خوێندکارانی زانکۆی زوریخ بە دروشمیعەفرین بپارێزە چالاکییان بۆعەفرین ئەنجامدا.[3]
- دیوانی هاوسەرۆکایەتی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتیی کوردستانیانی ئەورووپا (کەجەدەکە)، بانگەوازی ئاراستەی تەواوی کوردستانیان وئازادیخوازان کرد کە ڕێپێوانی 24ی ئادار/4ی خاکەلێوە بەشداری بەشکۆ بکەن لە ڕێپێوانی گرسەپی شاری کۆڵن-ی ئەڵمانیا.[3]
- سەرۆکوەزیرانی تورکیا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند، ئێوارەی ئەمڕۆ کایەی ئاسمانیمان بۆ هەولێر دەکەینەوە و گەشتە ڕاستەوخۆیەکانیش تەنیا بۆ هەولێر دەکرێتەوە، بڕیارەکەمان سلێمانی ناگرێتەوە.[2]
- سەرکۆماری تورکیا ڕایدەگەیێنێ، بە عەفرین وازناهێنن، بەڵکو ئۆپەراسیۆن بۆ سەر ئیدلب و منبجیش ئەنجامدەدەن و لەگەڵ ئەو ناوچانەی لە ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فوراتدا کۆنترۆڵیان کردن، بەیەکیان دەگەیێننەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەڵمانیا

وڵات: تورکیا
وڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-03-23
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-03-23
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-03-23
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-03-23
کاتی تۆمارکردن: 2018-03-23
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 327

2018-03-24



باکووری کوردستان
- پارێزگاری تورکیا لە جۆلەمێرگ، بە پاساوی دۆخی ئەمنی لە 30 ناوچەی سەر بە شاری جۆلەمێرگ قەدەغەی هاتووچۆی ڕاگەیاند.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆمیتەی ئامادەکاری خۆپیشاندانەکان بۆ عەفرین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەمڕۆ سێیەمین بانگەوازیی بۆ ئەنجامدانی چالاکی لە ڕۆژهەڵات بڵاوکردەوە و وابڕیارە لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی ڕۆژهەڵات چالاکی ئەنجام بدرێت.[4]
- هێزەکانی سەر سنووری کۆماری ئیسلامی ئێران لە سنوورەکانی سەردەشت-ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە تەقەی ڕاستەوخۆ کۆڵبەرێکیان کردە ئامانج و برینداریان کرد.[2]
باشووری کوردستان
- کارمەندان و پزیشکانی نەخۆشخانەکانی سلێمانی بەهۆی دابەشنەکردنی مووچەکانیان بەپێ سیستمی پاشەکەوت، لە بایکۆت بەردەوام بوون، لەئێستاشدا تەنیا نەخۆشخانەی شۆڕش دەوامی تیادادەکرێت.[3]
- وتەبێژی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێم ڕایدەگەیەنێت، تاوەکو ئێستا هیچ هەنگاوێکیان نەناوە لەسەر ئەنجامەندانی گەشتی تورکیا بۆ فڕۆکەخانەی سلێمانی و چاوەڕێی حکومەتی عێراقن بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ تورکیا.[3]

- ژمارەیەک مامۆستا و فەرمانبەر و تەندروستکار و خانەنشینان لە هەولێر ئەنجومەنی هەڵوەشاندنەوەی پاشەکەوتی موچە ڕادەگەیەنن و ئاماژە بەوە دەکەن تا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پاشەکەوتی موچە لە چالاکییەکانیان بەردەوام دەبن.[3]
- سەباح عەلی قارەمان، هەڵسووڕاوی گۆڕان ڕاگەیاند: بەهۆی ڕەخنەگرتنەوە، سەرکەوتی کوبە و پاسەوانەکانی لەناو گردەکەی گۆڕان، بە شەق و بۆکس و بە شێوازێکی نەشیاو، بەربوونە گیانم و لووتم تووشی خوێنبەربوون بووە و دەستێکیشم درزی بردووە.[6]
- دەستەی مامۆستایانی ناڕازی لە هەولێر پێکهێنرا و سبەی یەکەم خۆپیشاندان ئەنجامدەدەن و بایکۆتی وانە وتنەوە دەستپێدەکەن.[3]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر دەنگۆی بایکۆتی خوێندن لە سنوری هەولێر ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت مامۆستایان بەردەوام دەبن لە وانە وتنەوە.[3]
- جێگری بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەڵەبجە ئاماژە بەوەدەکات، کەرتی تەندروستی کەوتووەتە حاڵەتێکی مەترسیدارەوە و پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی بەردەوامن لە مانگرتن و بایکۆتکردنی دەوام، دەشڵێت، لەوەتەی باکۆتکراوە حەوت هاوواڵاتی گیانیان لەدەستداوە و کە پێویستییان بەچارەسەر هەبووە.[3]
- هێزە ئەمنییەکانی هەولێر، بەبیانووی نەبوونی مۆڵەت، ڕێگرییان لە ئەنجامدانی چالاکیی کرد بۆ پشتگیریی گەلی عەفرین.[4]
- لە دژی دەستدرێژی و هەڕەشەکانی تورکیا بۆ سەر گەلی کورد و ڕاگرتنی گەشتەکانی بۆ سلێمانی، لە شاری سلێمانی گردبوونەوەیەک ئەنجامدرا و داواکرا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێتە دەنگ.[4]
- کاتژمێر 10ی ئەمشەو، بۆمبێکی لکێنراو لەژێر ئۆتۆمبێلێک تەقیوەتەوە و ژمارەیەک بریندارى لیکەوتووەتەوە.[4]
باشووری کوردستان، چالاکییەکان بۆ کۆمەڵکوژیی عەفرین بە پێی کات و شوێن بەم شێوەیەن:
- شاری هەولێر، شوێن: پردی کەرکووک، بەردەم قونسوڵخانەی ئەڵمانیا، کاتژمێر 4ی پاش نیوەڕۆ.
- پێنجوێن، شوێن: بەردەم هەیکەلەکە، کاتژمێر 2ی پاشنیوەڕۆ.
- شاری سلێمانی، دوو چالاکی بەڕێوەدەچێت، چالاکی یەکەم، شوێن: ئەمنەسوورەکە کاتژمێر 3:30ی خولەک لێدوانی ڕۆژنامەوانیی. چالاکی دووەم لە سەهۆڵەکە، کاتژمێر 4ی پاشنیوەڕۆ، خۆپیشاندان.
- دەربەندیخان، شوێن: گەراجی بانیخێڵان، کاتژمێر 3:30ی پاشنیوەڕۆ.
- ڕانیە، شوێن: بەردەم باخی گشتی، کاتژمێر 4ی پاشنیوەڕۆ.
- سەید سادق، شوێن: سەر پردی ناوبازاڕ، کاتژمێر 3:30خولەکی پاشنیوەڕۆ.
- کەلار، شوێن: فلکەی ئاوارەکان، کاتژمێر3ی پاشنیوەڕۆ.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هاوڵاتیانی عەفرین کە پاش داگیرکارپی سوپای تورک، چەتەکانی نوسرە، قاعیدە و داعش چوونە شەهبا، لەو ناوچەیەدا شارێک لە چادر دروست دەکەن.[4]
- سوپای تورکیا لە سنووری عامودێ لە کانتۆنی قامیشلۆ لە ڕۆژئاوای کوردستان، هاووڵاتییەکیان کردە ئامانج و گوللەبارانیان کرد.[2]
- دەیان هەزار هاوڵاتی لە هەموو پێکهاتەکانی کانتۆنی گرێسپی، ئەمڕۆ دەڕژێنە مەیدانی نەورۆز لە گوندی کۆپرلیک و دژی داگیرکارییەکانی حکومەتی تورک گرددەبنەوە.[4]
- وتەبێژی یەپەگە لە عەفرین ڕایگەیاند، شەڕڤانان لە عەفرین چالاکییان دژی چەتەکانی سەر بە سوپای تورک ئەنجامداوە و 19 چەتەیان کوشتووە و 4 ئۆتۆمبێلی سەربازییشیان تێکشکاندووە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- ڕۆژی جیهانی بۆ پشتیوانیی عەفرین.[1]
- لە ڕۆژی جیهانیی عەفرینداء لە 36 گەورە شار و دەیان شارۆچکەی وڵاتانی سەرتاسەری جیهان خۆپیشاندان بەڕێوەچوون و کورد و هاوڵاتیانی ئەوڵاتانەش بەشداری چالاکییەکان بوون و سەرکۆنەی هێرش و داگیرکارپی تورکیایان بۆ سەر عەفرین کرد.[2]
- کریس ستیفن، پەرلەمانتاری پارتی نیشتیمانی سکۆتلاند دەڵێ وەکو ئەندامانی پەرلەمان بەردەوام دەبین لە وروژاندنی کێشەکانی عەفرین و کوبانێ و هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر خەڵک و سرینەوە و لەناوبردنی هاووڵاتیان. ئەمە بە تەواوەتی جێگەی قبوڵ نییە، ئێمە بەردەوام دەبین لە کارکردن بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە لەجیاتی کوردەکان، نەک تەنها لە گڵاسگۆ و سکۆتلاند، بەڵکو لە هەموو بەریتانیادا.[5]
- لە بەیاننامەیەکدا، ئەمرۆ، کۆشکی ئەلیزی ڕایگەیاند: ئیمانویل ماکرون، لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا نیگەرانی خۆی بە ڕەجەب ئەردۆغانی سەرۆکی تورکیا ڕاگەیاندوە سەبارەت بەو دۆخە مرۆییەی لە شاری عەفرینداء دەگوزەریت.[2]
- سایتی (دەبکا فایل)ی ئیسرائیلی بڵاویکردەوە، پلانەکان خێرا دەکرێن بۆ گواستنەوەی بنکەی ئەنچەرلیکی ئەمریکا لە باشوری تورکیاوە بۆ یۆنان کە گەورەترین بنکەی ئاسمانیە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
وڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-03-24
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2018-03-24
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2018-03-24
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2018-03-24
کاتی تۆمارکردن: 2018-03-24
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 328

2018-03-25



باکووری کوردستان
-کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆما جڤاکێن کوردستان-کەجەکە، لە بارەی هێرشە ئاسمانییەکانی سوپای تورک بۆ سەر خاکی باشووری کوردستان ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوەو تێیدا ڕایگەیاند: گەلی باشوور پشتیووانی گەریلا دەکات بۆیە سوپای تورک دەیانکاتە ئامانج.[3]
باشووری کوردستان
-لە هەولێر بە دروشمی "بڕوخێ دز" خۆپیشاندانی مامۆستایان دەستی پێ کرد. پاشان خۆپیشاندانەکە گرژیی تێکەوت و چەند کەسێک بریندابوون، ژمارەیەکیش لەلایەن ئاساییشەوە بردران و کامێرای هەندێک لە ڕۆژنامەنووسانیش شکێندران.[1]
-خۆپیشاندانی خوێندکارانی ئامادەییەکانی شارۆچکەی سەید سادق دەستی پێ کرد و ڕێگای سەید سادق -سلێمانی-یان داخست.[1]
-لە دهۆکیش بایکۆت لە خوێندنگە و قوتابخانەکانی ئەو شارە ڕاگەیەنرا.[1]
-زۆربەی بانکەکانی ناو شاری سلێمانی بایکۆتیان لە دەوامکردن ڕاگەیاند و مووچەی فەرمانگە و وەزارەتەکانیش سەرفناکەن.[2]
-کارمەندانی کارەبای سلێمانی لە بەردەم بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای سلێمانی کۆبوونەوە و داوای هەڵوەشاندنەوەی سیستمی پاشکەوتی مووچە دەکەن.[2]
-خۆپیشاندان و مانگرتنی پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی هەولێر لە بەردەم نەخۆشخانەی فێرکاری لەو شارە دەستی پێ کرد.[2]
-سەرجەم فەرمانگەکانی دادنووسانی سلێمانیش بایکۆتی دەوامکردنیان ڕاگەیاند و داوای لابردنی پاشەکەوتی مووچە دەکەن.[2]
-لە ڕانیە گردبوونەوەی مامۆستایان و تەندروستکاران و فەرمانبەران دەستی پێ کرد.[1]
-گردبوونەوەی مامۆستایان لە ڕواندز دەستی پێ کرد و خۆپیشاندەران بە وتنەوەی دروشمی جۆراوجۆر داوای هەڵوەشاندنەوەی سیستمی پاشەکەوتی مووچە دەکەن.[2]
-مامۆستایانی ناڕازی لە سنووری ئیدارەی گەرمیان گردبوونەوە و خۆپیشاندانیان دژی پاشکەوتی مووچە ئەنجامدا.[1]
-خۆپیشاندان لە نزیک مۆنۆمێنتی ئەنفال لە چەمچەماڵ ڕوویدا و بەهۆیەوە ڕێگای سەرەکی نێوان کەرکووک-سلێمانی داخرا.[2]
-پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ جارێکی دیکە دەوڵەتی تورک ناوچەی نێروە و ڕێکانی سەربە شارەدێی شیلادزێ-یان لە شارۆچکەی ئامێدی سەر بە پارێزگای دهۆک بۆردوومان کرد. بەهۆی بۆردوومانی فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکەوە هاوواڵاتییەک بەناوی نیهاد مەحمود، تەمەن 35 ساڵ بەسەختیی بریندار بوو.[3]
-ڕێبوار تەها، پەڕلەمانتاری فراکسیۆنی یەکێتی لە پەڕلەمانی ئێراق ڕایگەیاند: لە بەرانبەر ئەو هێرشانەی (نیازی مەعمار ئۆغلو) لە ڕۆژی نەورۆزدا ئاڕاستەی کوردی کردوون و، بەوە تۆمەتباری کردوون کە هێرشێکی تیرۆریستییان لە ڕێگای داقوق خوورماتوو ئەنجامداوە، سکاڵا یاسایی لە دژی تۆمارکردووە.[4]
-ئێوارەی ئەمڕۆ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرکۆماری تورکیا ڕاگەیاند کە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانیان دژ بە هێزەکانی پەکەکە لە سنووری شنگال دەستپێکردووە.[1]

-مامۆستا بەدەل ڕێکەوتی سەرۆکی گرووپی دەنگی مامۆستایان لە دهۆک لەلایەن ئاساییشەوە دەستگیرکرا و پاشان ئازادکرا.[1]
-بەڕێوەبەری شارۆچکەی سنوونێ بەوەکالەت ڕایدەگەیێنێت، گەریلاکانی پەکەکە لە شنگال کشاو نەتەوە و سوپای ئێراق و یەکینەکانی بەرخودانی شنگال (یەبەشە) جێگەیان گرتوو نەتەوە.[4]
-هێرێکی پۆلیسی فیدراڵی لە کەرکووکەوە کشاو نەتەوە بۆ هەردوو شارۆچکەی خورماتوو و داقوق، وتەبێژی حەشدی شەعبیش نایشارێتەوە، کە لەسەر داوای بەرپرسانی ئەو دوو شارۆچکەیە، ئەو هێزەی پۆلیسی فیدراڵی جوڵەیان پێکراوە و لەبەر مەترسیی هێرشەکانی چەتەکانی داعش-ە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
-لەشەقامی سوندوس لە شاری منبج، شەڕفان دەروێش، سەرۆکی ئەنجوومەنی سەربازی مینبج لە ڕێگەی چەکی قەناسەوە ئۆتۆمبێلەکەی کرایە ئامانج و بریندارکرا.[2]
-لە گوندی ڕەوای سەربە ناوچەی سەرێکانیی کانتۆنی حەسەکە مینێک بە دوو منداڵدا تەقییەوە و لە ئەنجامدا هەر دوو منداڵەکە کوژران.[3]
-بەپێی زانیاری سەرچاوەکانی نێو عەفرین، ناکۆکی لەسەر بەشکردنی ماڵ و کەلوپەلی دزراوی هاووڵاتیيانی عەفرین لەنێوان چەتەکان دروووست بووە و شەڕ هاتۆتە ئاراوە. لە ئەنجامی شەڕێکی قوورسی نێوان ئەو دوو گرووپە چەتەیەدا، 10 کەس لە هەردوولا کوژراون و ژمارەیەکی زۆریشیان بریندار بوون.[5]
دەرەوەی کوردستان
-فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی ئێراق ئەمڕۆ ڕایگەیاند، هیچ هێرێکی بیانی سنووری ئێراق نەبەزاندووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: ڕواندز
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-03-25
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-03-25
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-03-25
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-03-25
کاتی تۆمارکردن: 2018-03-25
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 329

2018-03-26



باکووری کوردستان
- بە پێی بەیاننامەی قایم مەقامی تورک لە مێردین، بە ئامانجی ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی سەربازی لە گوندی تانیەر، قەدەغەی هاتووچو ڕاگەێنندراوە.[5]
باشووری کوردستان
- خۆپیشاندان سەرلەنوێ لە هەولێر دەستیپێکرد و هێزەکانی پۆلیس، ئاساییش و پاراستن ڕێگریان لێدەکەن بچنە بەردەم پەرلەمان.[4]
- بەیانی ئەمڕۆ گردبوونەوە و خۆپیشاندانی مامۆستایان لەبەردەم پەروەردەی شارۆچکەی سۆران دەستیپێکرد سەبارەت بە کێشەی مووچە و سەرۆکی لقی یەکێتی مامۆستایان لە و شارۆچکەیە لەگەڵ ژمارەیەک مامۆستای تر دەستگیرکران.[1]
- لە هەولێر، ژمارەیەک چالاکی مەدەنی و بەرپرسی بزووتنەوەی گۆڕان دەستگیرکران، یەک لەوان عەلی مەحمود محەمەد بوو، پاشان ئازاد کران.[4]
- لە سەنتەری پارێزگای دهۆک و لە شارەدێی شێلادزێ سەر بە شارۆچکەی ئامێدی خۆپێشاندانی مامۆستایان دەستیپێکرد دژ بە سیستمی پاشەکەوتی مووچە.[1]
- هێزێکی ئەمنیی زۆر لە چۆمان کۆکراونەتەوە بۆ ڕێگریکردن لە بەڕێوەچوونی خۆپیشاندان و مامۆستایان و فەرمانبەران و هاوڵاتیانی ناڕازیی-ش سورن لەسەر ئەنجامدانی خۆپیشاندان.[3]
- مامۆستایانی زاخۆ لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی زاخۆ دەستیان بە گردبوونەوە کرد و داوای هەڵوەشانەوەی سیستمی پاشەکەوتی مووچە دەکەن. لەهەمانکاتدا ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش لە و شوێنە ئامادەبوون و ڕێگریان لە بەردەوامی ئە و گردبوونەوەیەی مامۆستایان کرد.[1]
- کارمەند و ئەندازیارانی وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای دوکان مانگرتن لە کار و وەستاندنی تۆڕپاینەکانی بەرهەمهێنانی کارەبای وێستگەکەیان تا چاککردنەوەی مووچەکانیان ڕاگەیاند.[1]
- لە زاخۆ، هێرش کرایە سەر پەرلەمانتاری بزووتنەوەی گۆڕان، عەلی حەمەسالح.[4]
- یەکێتی هاوردە و ناردنکارانی کوردستان داوایەک ئاڕاستەی کونسڵخانەی تورکیا دەکەن لە هەرێمی کوردستان سەبارەت بە دەستپێنەکردنەوەی گەشتە ئاسمانییەکانی ئەو وڵاتە بۆ فرۆکەخانەی سلێمانی.[1]

- بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر ڕایدەگەیێنێ، بەدواداچوون بۆ ئەو حاڵەتە دەکەن کە کەسێک پەلاماری خۆپیشاندەرێک دەدات و لێیدەدات. دەشڵێت ئەو کەسەی شەقی وەشاندووە هەر کەسێک بێت و پلە و پۆستێکی هەبێت ڕووبەڕووی یاسای دەکەینەوە و دەبێت سزای خۆی وەربگرێت.[2]
- فرۆکەکانی تورک دیسان ناوچەکانی برادۆستیان لە بادینان بۆردومانکرد و ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆریان لەو ناوچانەدا دروستکرد.[4]
- سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، لەسەر لێدان لە مامۆستا بەتەمەنەکەی هەولێر سکاڵا تۆمارەکەین و ناکرێت ئەوانەی شەق لە مامۆستا دەدەن سزانەدرێن.[1]
- سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە ڕۆژنامەنووسان ڕایگەیاند: هێزە ئەمنییەکان لە ناوەندی شاری هەولێر و دهۆک و شار و شارۆچکەکانی سەر بەو دوو پارێزگەیە ڕێگری لە ڕومالّی گردبوونەوە و چالاکییە مەدەنییەکان دەکەن. سەنتەرەکە دەستنیشانی کردووە، هێزەئەمنییەکان لە زاخۆ کەنالێکی یەکگرتووی ئیسلامییان داخستووە و لە هەڵەبجەش پەیامنێرێکی کەنالّی ئێن ئاڕ تی دەستبەسەر کراوە.[5]
- لە گەڕەکی ئازادی ژمارەیەک چەکداری نەناسراوە بە دەستڕێژی گوللە گەنجێکیان کوشت و پاشان بەئۆتۆمبێلێک هەڵاتوون. کوژراوەکە ناوی حەمزە محەمەد و پاسەوانی خوێندنگای پیرەمێردە لە گەڕەکی ئازادی و لەپێش بینای خوێندگاکە تەقەی لێکراوە.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان

- لە بازاڕی میللی شاری عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان تەقینەوەیەک ڕوویدا.[2]

دەرەوەی کوردستان

- بەبۆنەی ڕۆژی نیشتیمانی وڵاتەکەیەوە، پانۆس کامینۆس، وەزیری بەرگری یۆنان لە لێدوانێکی دا هێرشی کردە سەر تورکیا.[1]
- لە فڕۆکەخانەی ئەتاتورکەوە، سەرۆککۆماری تورکیا ڕایگەیاند تورکیا چاوەڕێ دەکات عێراق ئۆپەراسیۆنێکی سەرکەوتوو لەدژی پەکەکە لە شنگال ئەنجام بدات، ئەگەر نا، خۆی هێرش دەکات.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان

شار و شارۆچکەکان: ئامێدی

شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

شار و شارۆچکەکان: دوکان

شار و شارۆچکەکان: زاخۆ

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: ماردین

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-03-26
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-03-26
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-03-26

[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-03-26
کاتی تۆمارکردن: 2018-03-26
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 330

2018-03-27



باکووری کوردستان
- بە هۆی ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی سەربازی سوپای تورکیا لە 37 گوند وگوندەڵۆک-ی ناوچەی لیجە وهێڕێ-ی سەر بە ئامەد، قەدەغەی هاتووچو ڕاگەێندرا.[3]
- هاوسەرۆکی هەدەپە داوای لە حکومەتی تورکیا کرد، عەفرین ڕادەستی خەڵکەکەی بکاتەوە و سوپای سوریای ئازاد و پاشماوەکانی داعش لەگەڵ خۆی بەرێت و شارەکە چۆڵبکات.[1]
باشووری کوردستان
- خۆپیشاندان لە شاری هەولێر دەستپێکردەوە و خۆپیشاندەرێک لە ناو خۆپیشاندانەکەوە، لەلایەن چەند کەسێکەوە ڕفێنرا و سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵیش لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر دەستگیرکرا.[1]
- سەرچاوەکان باس لە گرتنی دەیان خۆپیشاندەر دەکەن لە سنووری بادینان و 6 کەسیش بریندارببوون.[4]
- هاوشێوەی مامۆستایان و پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی کە بایکۆتی دەوامیان کردووە مامۆستایان و فەرمانبەرانی زانکۆی هەڵەبجەش بایکۆتکردنی دەوامیان ڕاگەیاند.[1]
- لە سلێمانیش لەبەردەم دادگا خۆپیشاندان دەستپێکردەوە.[4]
- لە ڕانیە و کەلاریش مامۆستایان و فەرمانبەران خۆپیشاندانیان دەستپێکردەوە.[4]
- ئەمرۆ جارێکی تر فڕۆکەکانی سوپای تورک بەشێک لە گوندەکانی نێوە و ڕێکان-یان لە بادینان بۆردوومان کردەوە.
بۆردوومانەکە گوندەکانی سارکێ و بێزەڵێ و کۆکەڕێ و شانکێ-یان کردوەتە ئامانج. هەروەها فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک پردی شانکێ-یان تەقاندوەتەوە، کە چەندین گوند پێکەوە گرێدەدات، بەهۆی وێرانکردنی پردەکەوە، ڕێگەی نێوان ئە و گوندانە داخراوە. [5]
- شەوی ڕابردوو چەکدارانی داعش هەڵیانکوتایە سەر دوو گوند لە سنووری شارۆچکەی گوڵاڵە (جەلەولا) و موختاری هەردوو گوندەکەیان کوشت.[2]
- لە کۆمەڵگەی کانی قرژاڵەی خۆرئاوای هەولێر دایک و کوڕێکی کوردی شەبەک لە ماڵەکەی خۆیان بە چەقۆ کوژران.[1]
- داواکاری گشتی هەرێم ڕایدەگەیەنێت، سکاڵای یاسایی دژی ئەوانە تۆماردەکات کە لە خۆپیشاندانەکانی ئەمدوایە دەستدرێژیان کردەسەر خۆپیشاندەران.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ: ژمارەیەک لە پارێزەران و کەسوکاری خۆپیشاندەران لە بەردەم بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر خۆپیشاندانیان ئەنجامداوە و داوای ئازادکردنی ئە و کەسانە دەکەن کە ئەمڕۆ لە خۆپیشاندەنەکەی هەولێر دەستگیر

کراون.[1]
- هێزێکی گەورەی عێراق گەیشتە شنگال و لە سنووری باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان جێگیرکرا.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە تەقینەوێکدا لە ناوەندی شاری عەفرین بەدەیان سەربازی سوپای تورکیا کوژران.[3]
- لە چالاکییێکی شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژە لە عەفرین 2 سەربازی سوپای تورکیا کوژران.[3]
دەرەوەی کوردستان
- لە بڕۆکسلی پایتەختی بەلجیکا، بۆ پشتیوانی کردن لە عەفرین و دژ بە هێرشەکانی تورکیا و بیدەنگی ئەوروپا لە بەرامبەریان، خۆپیشاندانی مەزنی جەماوەری ڕێکخرا.[3]
- ڕێکخراوی گەنجانی پارتی سۆسیالدیموکرات (باڵی ئۆپۆزسیۆنی نێو پارتەکە) و ڕێکخراوی گەنجانی سۆسیالیستی ئەڵمانیا - دی فالکەن (نزیکی هەمان پارتن) لەگەڵ ڕێکخراوی بەهاری سووری لە تاراوگە (تەبەنی ئەلسەورە)، ڕێکخراوی تەندروستیی ئینتەرناسیۆنال، ناوەندی کۆمەڵگەی دیموکراتیی کوردانی ئەڵمانیا - ناڤدەم و ڕێکخراوی جڤاکی ئازاد نامەیەکی هاوبەشی کراوەیان ئاراستەی هایکۆ ماس، وەزیری نوێی دەرەوەی ئەڵمانیا کرد. ئە و ڕێکخراوانە داوا دەکەن حکوومەتی ئەڵمانیا لە بەرانبەر سیاسەتەکانی تورکیا دژی کورد هەڵوێستیان هەبێت.[3]
- لە ڕەقەی ڕزگارکراو، کۆنگرەی دامەزرانی حزبی سوریای داهاتوو بە ئامادەبوونی سیاسەتمەدارانی کورد، عەرەب، سوریانی و ڕێشسپیپەکانی عەشیرتەکانی باکوری کوردستان بەڕێوەچوو، تێیدا ئەنجومەن و سەرۆک بۆ پارتەکە هەڵبژێردران.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن:	کۆمەڵی دادگەریی کوردستان
پارت / لایەن:	یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
شار و شارۆچکەکان:	ئامەد
شار و شارۆچکەکان:	خانەقین
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	عەفرین
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
شار و شارۆچکەکان:	هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان:	ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان:	کەلار (گەرمیان)
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ئەڵمانیا
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-03-27
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-03-27
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-03-27
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-03-27
کاتی تۆمارکردن: 2018-03-27

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 331

2018-03-28



باکووری کوردستان

- لە مەراسیمی یادی هەفتەی قارەمانێتیدا موراد قەرەیلان ڕایگەیاند، کە هەزاران عەگید درێژەپێدەری ڕێبازی فەرمانده عەگیدن، ڕاشیگەیاند، کە 2018 ساڵی شەڕی گەورەی کورد و داگیرکاریی تورکیایە.[2]

باشووری کوردستان

- خۆپیشاندانی ناڕەزایی سەرتاسەری لە شارەکانی باشووری کوردستان بەردەوامیی هەیە.[1]
- لە هەولێر چەند ڕۆژنامەنووسێک دەستگیرکران، لەوانە هانا چۆمانی. بەڵام پاش ماوەیەک ئازادکران.[1]
- ژمارەیەک چەکداری پاراستن و ئاسایشی پارتی دەیانەوێت ژمارەیەک مامۆستای خۆپیشاندەر دەستگیر بکەن، هێزەکانی پۆلیسی چالاکیە مەدەنیەکانیش ڕێگریبیان لێدەکەن و بەهۆیەوە شەڕو ڕوبەڕوبونەوە لەنێوانیان دروست دەبێت.[5]
- شەوی ڕابردوو چوار بوومەلەرزە لە سنوری ڕۆژئاوای گەرمیان بە گوڕی جیاجیا ڕوویاندا.[1]
- نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لەدوای کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند: بڕیارێکی باشمان داوە لە بەرژەوەندی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، گۆڕانکاریی گەورەمان لە موچە کردووە و لە ئایندەیەکی نزیکدا کۆتایی بە سیستەمی پاشەکەوت دەهێنین.[4] هەروەها لە هەمان کۆنگرەدا ڕایگەیاند: "ئەگەر خۆپیشاندەر چەقۆ و دەمانچەی پێبێت، ئێمەش وەک ئەوان ڕەفتار دەکەین".[1]
- ئەنجومەنی خۆپیشاندەرانی هەڵەبجە دژی بڕیارەکانی ئەمڕۆی سەرۆکی حکومەت وەستانەوە و داوای نەهێشتنی بە تەواوی پاشەکەوتی موچەیان کرد.[2]
- لە زاخۆ شیلان شاکر، جێگری سەرۆکی تەڤگەری ئازادی و چەندین ئەندامی تری تەڤگەر لەلایەن ئاساییشەوە دەستگیرکران.[3]

- لە سلێمانی پەردە لەسەر پەیکەری دڵشاد مەریوانی لادەدرێت.[1]
- ئەو هێزەی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی کە چەند ڕۆژێکە چوونەتە شنگال، هێزێکی زۆریان کۆکردووەتەوە و دەیانەوێت بچنە نێو مەزارگەی شەرفەدین، بەڵام پێشمەرگە ڕووبەڕوویان وەستاون و ڕێگرییان لێدەکەن.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان

- بروسک حەسەکە، وتەبێژی فەرمیی یەپەگە لە عەفرین، ڕایگەیاند، کە چەند چالاکییەک لە گەڕەکە جیاوازەکانی عەفرین ئەنجامدرا، لە ئەنجامی ئەو چالاکییانەدا 16 سەرباز و چەتەی سوپای تورک کوژران.[2]
- شەڕقانانی یەپەگە و یەپەژە لەسەر ڕێگەی نێوان عەفرین و جندرێس چالاکیان ئەنجامدا و لە ئەنجامدا دوو سەرباز کوژران و پێنج سەربازی دیکەش بریندار بوون.[2]

دەرەوەی کوردستان

- شارەوانیی جنێڤ پێشانگایەکی لەسەر تاوانی جەنگی دەوڵەی تورکیا و بەرخۆدانی کوردان لە ناوچەی سووری ئامەد کردەوە.[3]
- کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا کۆتاییهات و ڕایگەیاند، ئەگەر هێزەکانی هەسەدە لە منبج دەرنەچن دەستپێشخەردەبن لە بەکارهێنانی هێز. لەبارەی پەکەکەش دەڵێت، عێراق کۆتایی بە چالاکییەکانی پەکەکە نەهێنێت، هەڵوێستمان دەبێت.[4]
- ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی ڕایگەیاند: هێزە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان بێڕێزی بە ئازادیی ڕادەربڕین دەکەن.[2]
- یونامی نیگەرانی خۆی دەربارەی ڕاپۆرتەکانی بەکارهێنانی تۆندوتیژی دژی خۆپیشاندەران لە هەرێمی کوردستان دەردەبڕێت.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: حەسەکە

شار و شارۆچکەکان: شنگال

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-03-28

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-03-28

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-03-28

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2018-03-28

[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-03-28

کاتی تۆمارکردن: 2018-03-28

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 332

2018-03-29



باکووری کوردستان

- حکومەتی –ئەکەپە، لە هەڵسوکەوتێکی داعش ئاسادا، مۆنۆمێنتێک کە بۆ یادەوەری شەهید بونی 16 هاووڵاتی شاری نوسەیبین دروستکرابوو، خاپوردەکات.[2]
- لە سنووری شاڕۆچکەی هەزرۆ-ی ئامەد، لەکاتی بەڕێوەچوونی ئۆپەراسیۆنێکی سوپای تورکدا، شەڕ و پێکدادان ڕوویدا، بەپێی میدیاکانی تورکیا، لەو شەڕەدا 6 سەربازی تورک بریندرابوون.[5]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- هەموو لەسەر مەزاری پێشەوا لە مەهاباد ئامادە دەبین.[1]

باشووری کوردستان

- خۆپیشاندانی مامۆستایان و فەرمانبەران لە شارەکانی باشوورد دەستپێکردەوە.[1]
- هاوسەرۆکی تەڤگەری ئازادی, شیلان شاکر، کە دوێنێ لە زاخۆ لەلایەن ئاسایشی پارتییەوە دەستگیرکرابوو، ئازاد کرا.[2]
- دژەتیرۆری عێراق لە کەرکووک، داوا لە کەسوکاری شەهیدان دەکات، ئالای کوردستان لەسەر گۆڕی شەهیدەکانیان لە کەرکووک لابدەن.[3]
- هاوڵاتیانی ئێزدی لە شارەدێی سنونێ سەربە شەنگال خۆپیشاندانیان دژی هەڕەشەکانی دەوڵەتی تورک ئەنجامدا و داوایان لە عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد، هەڵوێستیان هەبێت.[5]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، سەربازگەیەکی تورکیا بە چڕی گوندی دێریشکێی نزیک لە شارەدێی کانی ماسێ بە چەکی قورس بۆردومانەکات و ترس و دڵەڕاوکێ دەخاتە دڵی دانیشوانی ئە و گوندە، بەڕێوەبەری شارەدێی کانی ماسێ-ش دەڵێت ئە و سەربازگەیەی کە بۆردومانەکەی کردووە ماوەی 10 ڕۆژە دروستکراوە.[4]
- وەزارەتی ناوخۆ بڕیارێکی دەرکردووە کە ڕێگا نەدرێت بارهەڵگر و تانکەرەکان ڕێگای کانی شەیتان ئاغجەلەر کە دەکەوێتە نێوان (چەمچەماڵ و کۆیە) بەکاربهێنن، بە و هۆیەوە شۆفێری تانکەرەکان لەسەر ڕێگاکە وەستاون و هاتوچۆکردنیان ڕاگرتووە

و هاوواڵاتییەکی زۆریش گیریان خواردووە.[4]
- نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر ڕایدەگەیەنێت، بەفەرمی داوای لێبوردنیان لە و مامۆستایە کرد کە لە یەکەم ڕۆژی خوێپشاندانەکەی هەولێر لەلایەن دوو کەس لە هەولێر لێیدراوە، بەڵێنیشیداوە هەردوو کەسەکە سزا بدرێت.[4]
- بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی ڕایدەگەیەنێت، سەرجەم بەڕێوەبەرەکانیان ئاگادارکردووەتەوە ڕۆژی یەکشەممەی ئایندە نەخۆشخانەکان بکەنەوە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژە لە گوندی دقێ لە ناوچەی ڕاجۆ لە کانتۆنی عەفرین چالاکییەکیان لە دژی چەتەکانی تورکیا ئەنجامدا و بەو هۆیەوە 7 فەرماندە و چەتە کوژران.[2]
- لە گوندی دیکەی ناوچەی ڕاجۆی عەفرین، شەڕڤانان بارەگایەکی چەتەکانی تورکیایان تەقاندەوە و بەهۆیەوە 7 چەتە کوژران. لە عەفرینیش لە 2 چالاکی دیکەدا 21 چەتە کوژران.[2]
- هێزەکانی سوپای ڕوسیا بە جلی سەربازییەوە هەوڵیادا هاوکارێی بەسەر هاوڵاتیانی ئاوارەی عەفرین لە شەهبادا دابەش بکەن، بەڵام هاوڵاتیان وەریان نەگرت و وتیان ڕوسیا هۆکاری ئەم دۆخەی ئێمەیە.[4]
- لە دەوروبەری شاری منبج لە باکووری سووریا بۆمبێکی چێنراو بە کاروانێکی سەربازانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژ بە داعش تەقییەوە، بەهۆیەوە 2 سەرباز کوژران کە یەکێکیان ئەمریکی بوو و 5 سەربازی دیکەش بریندار بوون.[3]
دەرەوەی کوردستان
- فوئاد مەعسوم سەرۆک کۆماری عێراق یاسای بودجەی 2018ی عێراق ئاڕاستەی وەزارەتی داد کرد، بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقائیعی عێراق بەبێ ئەوەی ئیمزای پەسەندکردنی لەسەر بکات.[4]
- شاندێکی باڵای ڕۆژئاوای کوردستان و باکوری سووریا کە لە بەرپرسانی خوێبەڕێوەبەریی ڕۆژئاوای کوردستان و باکوری سووریا پێکهاتووە، ئێوارەی ئەمڕۆ لە کۆشکی ئەلیزێ لە پاریس، لەگەڵ ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆک کۆماری فەرەنسا کۆبوونەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: نوسەیبین
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
وڵات: فرەنسا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-03-29
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2018-03-29
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2018-03-29

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-03-29
کاتی تۆمارکردن: 2018-03-29
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 333

2018-04-01



باشووری کوردستان
- لە هەندێک شارۆچکەی باشووری کوردستان خۆپیشاندانی ناڕەزایی مامۆستایان و فەرمانبەران دەستپێکردەوە.[1]
- دوای چەند ڕۆژێک لە بایکۆت و ڕاگرتنی دەوام لە ناوەندە تەندروستییەکانی سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکانی گەرمیان و ڕاپەڕین، دەوامی ئەو ناوەندانە دەستپێکردەوە. نەقیبی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی دەڵێت، لەپێناو خەڵکی کەمدەرامەت گەڕاونەتەوە سەر کارەکانیان.[3]
- جارێکی تر بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی بایکۆتی دەوام و وەستاندنی مامەڵەی هاوڵاتیانی ڕاگەیاند.[2]
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا، بەچڕپی دەستیان بە بۆردوومانکردنی چەند ناوچەیەکی قەندیل و برادۆست کردەوە.[1]
- لە شارۆچکەی کانی ماسێ لە سنووری ئامێدی، سوپای تورکیا تەقە بە ئاراستەی ماڵەکان دەکات، بەهۆیەوە ترس و دڵەڕاوکێی لەنێو دانیشتووانی ئەو ناوچەیە دروستکردووە.[3]
- حکومەتی عێراق ڕایدەگەیەنێت هیچ ڕێککەوتنێکی لەگەڵ حکومەتی هەرێم نییە بۆ پاشەکەوتکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم و دەڵێت هەوڵێر دەتوانێت مووچەی تەواوی هەموو مووچەخۆرانی هەرێم بدات.[2]
- پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ ژمارەیەک لە مامۆستای زانکۆی سەلاحەددین لە بەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵا خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و داوای لابردنی پاشەکەوتی مووچە لە ئەنجومەنی وەزیران کرا.[2]
- مەلا کەریم شکور، بەرپرسی مەڵبەندی 16ی حەمرینی یەکێتی ڕایدەگەیێنێ، کۆتایی ئەم هەفتەیە دەگەڕێنەوە خورماتوو، بەڵام تەنیا بۆیان هەیە چەکی کڵاشیەکێتیی نیشتمانیی کوردستانۆف لەگەڵ خۆیان ببەنەوە، ئەویش بەشێوەیەکی دیاریکراو.[3]
- وەزیری پەروەردەی هەرێم ڕایدەگەیەنێت، ئەگەر مامۆستایان لە دەڤەری سلێمانی و ڕانیە و گەرمیان و هەڵەبجە نەچنەوە هۆڵەکانی خوێندن، ئەوا ڕەنگە بڕیارێک بدرێت کە بەدڵی هیچ کەسێکمان نەبێت.[2]
- بومەلەرزەیەک هەڵەبجە و دەوروبەری هەژاند.[1]
- لە شارۆچکەی ماوەت بەهۆی دەستکاریکردنی مینەوە دوو کەسی تەمەن 27 ساڵ و 35 ساڵ گیانیان لەدەستدا.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- داگیرکەری تورک و چەتە ئیسلامییەکان بەردەوامن لە گواستنەوەی ماڵە عەرەب و تورکمانەکان بۆ نیشتەجێکردنیان لە ناوچەکانی عەفرینی داگیرکراو.[1]
- لە گەڕەکی مەحموددییە لە عەفرین، شەڕڤانان چالاکییەکیان ئەنجام داوە و لە ئەنجامیدا نۆ چەتەی سەربە سوپای تورک کوژراون. هەروەها لە نزیک فلکەی کاوەی ئاسنگەر، شەڕڤانان چالاکییەکیان ئەنجام داوە، لە ئەنجامی ئەو چالاکییەدا سێ

چەتەی سەربە سوپای تورک کوژراون.[4]
دەرەوەی کوردستان
- ڕاوێژکارێکی باڵای ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرکۆماری تورکیا لەبارەی ڕۆژی ڕووسیا لە عەفرین ڕایگەیاند، ئەگەر ڕووسیا ئاسمانی عەفرینی بۆ نەکردینایەتەوە، یەک فڕۆکەشمان نەیدەتوانی ناوچەکە بۆردمان بکات.[2]
- لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەمپەینێک بۆ بایکۆتکردنی گەشتیاریی تورکیا ڕاگەیەندرا، ئەوە لە کاتێکدایە کە حکومەتی تورک بۆ داهاتیی ساڵی 2018ی حسابی سەرەکیی لە سەر کەرتی گەشتیاریی کردووەتەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-04-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-04-01
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-04-01
کاتی تۆمارکردن: 2018-04-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 334

2018-04-02



باکووری کوردستان
- ناوەندی ڕاگەیاندنی هێزەکانی پاراستنی گەل - هەپەگە، لە ڕاگەیێندراوێکدا ئاماری شەڕ و پێکدادانەکانی مانگی ئاداری لە باکووری کوردستان بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند لەو مانگەدا 30 هێرش کراوەتەوەسەر داگیرکەری تورک و نزیکەی 99 سەربازی تورکیش کوژراون.[4]
- پارێزگەی جۆلەمێرگ ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و قەدەغەکردنی هەموو جۆرە چالاکی و بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ ماوەی مانگێک لە تەواوی شاری جۆلەمێرگ ڕاگەیاند. پارێزگە دەستنیشانی کردووە کە لێدوان، هەڵدانی چادر، دانانی مێز و چالاکی هاوشێوە لە تەواوی شار قەدەغەیە. پارێزگەی جۆلەمێرگ چالاکییەکانی بەرپرسانی دەوڵەت، وەک کۆبوونەوە، مەڕاسیم، ئاهەنگ و ناشتنی تەرمی سەربازەکانی بەسەربەستی هێشتەوە.[5]
- هەریەکە لە بیشەنگ مەتە هاوسەرۆکی لقی سلۆپی-ی پارتیی هەرێمە دیموکراتییەکان - دەبەپە و دەلیل ئورەک، جەمیلە ئالیاناک و مستەفا ئوگەت بەرپرسانی پارتیی دیموکراتیی گەلان - هەدەپە، کاتێک لە ناوچەی هەزەخ-ی جزیر تێدەپەڕین، لە لایەن پۆلیسی تورکیا دەستبەسەرکران و گواستراندەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی جزیر.[5]
باشووری کوردستان
- ڕێگای نێوان هەولێر و مەخموور کرایەوە.[1]
- کاتژمێری 04:00ی ئێوارەی ئەمڕۆ، فڕۆکە دەنگییەکانی تورکیا، گوندی گوندی بێرچم-یان لە سنووری شارەدێی سیدەکان-ی سەر بە پارێزگای هەولێر بۆردوومان کرد.[3]
- کاتژمێر 11، پێش نیوەڕۆ لە ڕۆژی جیهانی ئوتیزم لە هۆڵی زەیتون لە ناو پارکی سامی عەبدولڕەحمان، کۆمەڵەی ئوتیزمی کوردستان مەراسیمێک ساز دەکات و چەند چالاکیەک ئەنجام دەدات تیایدا ئاماری توشبووانی ئوتیزم دەخرێتە ڕوو.[1]
- گەریلاکانی هەپەگە و یەژاستار بە بڕیاری کەجەکە لە شەنگال کشانەوە، هاوڵاتیانی شەنگال بە ئەنجامدانی مەراسیمێکی شکۆدار ئەو گەریلایانەیان بەڕێکرد.[3]
- خۆپیشاندانی بەشێکی زۆر لە مامۆستایان و کارمەندانی تەندروستی و فەرمانبەرانی داموددەزگا حکومییەکانی هەڵەبجە دەستیپێکردەوە، خۆپیشاندەران سورن لەسەر جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان کە خۆی دەبینێتەوە لە خەرجکردنی مووچەی بێ پاشەکەوت و خەرجکردنی مووچە هەموو 30 ڕۆژ جارێک.[2]

- بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی ڕایگەیاند، مەترسی لەسەر دۆخی پەروەردە هەیە لە شاری سلێمانی، چونکە ئەگەر یەک هەفتەی تر دەرگای خوێندنگەکان نەکرێتەوە خوێندن دەفەوتێت.[2]
- دلۆڤان ئیدریس بارزانی، برای نێچیرڤان بارزانی، بە جەڵتەی دڵ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.[1]
- هەفتەنامەی (چاودێر) کە مەلا بەختیار، بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەریەتی، ڕادەگیرێت و چیدیکە دەرناکرێت. لەبارەی هۆکارەکەیشی مەلا بەختیار دەڵێت: گیرفانمان لەمە زیاتر بڕی نەکرد.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان

شەوی ڕابردوو شەڕڤانان لە دژی ئۆتۆمبێلێکی سەربازیی سوپای تورک لە عەفرین چالاکییان ئەنجامدا، لەو چالاکییەدا ئۆتۆمبێلەکە تێکشکێندرا و ژمارەیەک سەربازیش کوژران.[3]

دەرەوەی کوردستان

- سەرۆک کۆماری تورکیا ڕایدەگەیەنێت، بە حکومەتی بەغدایان وتووە چارەسەری پەکەکە بکەن، دەڵێت ئەگەرنا ئێمە دێین و لە شەنگال پەکەکە چارەسەردەکەین، بۆ هەموو ئەمانە مۆڵەت لە هیچ کەس وەرناگرین و تەماشای چاوی هیچ کەس ناکەین.[2]
- سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل بنیامین ناتانیاهۆ، لە لاپەرەی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر، وەڵامێکی توندی ئەردۆغانی دایەوە کە کردەوەی سوپای ئیسرائیلی لە بەرانبەر خۆپیشاندەرە فەلەستینییەکان بە نائەخلاقی ناوبردبوو. سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل لە تویتەکەیدا دەڵێت: ئەوانەی باکووری قوبرس و ناوچە کوردییەکانیان داگیرکرد و هاوواڵاتیانی سیڤیلی عەفرینیان سەربڕی، بۆیان نییە باسی بەها و ئەخلاق بکەن.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن:	یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
شار و شارۆچکەکان:	جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	شنگال
شار و شارۆچکەکان:	عەفرین
شار و شارۆچکەکان:	مەخموور
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
شار و شارۆچکەکان:	هەڵەبجە
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	باکووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-04-02
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-04-02
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-04-02
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-04-02

کاتی تۆمارکردن: 2018-04-02

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 335

2018-04-03



باکووری کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ پۆلیس-ی تورکیا هەڵیکوتایە سەرماڵی هاوواڵتیان و هاوسەرۆکی هەدەپە-ی ناوچەی ڕێیا ئارمووش و بەڕێوەبەری ناوچەی نووری گور، عەلی بەیاز وفیکرەت دومان و 12 کەسی دیکەیان دەسبەسەر کرد.[3]
- پۆلیسی تورکیا هەڵیکوتایە سەر ماڵی، موارت چەپنی، ڕاوێژکاری هاوسەرۆکی گشتی پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە و دەسبەسەریان کرد.[3]
- بە بۆنەی کۆچی دوایی دلۆڤان ئدریس بارزانییەوە، کەجەکە، پەیامێکی سەرەخۆشی ئاراستەی بنەماڵەی بارزانی کرد.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- 7 هاوڵاتی دانیشتووی شارۆچکەی قەڵادزێ، بۆ کۆکردنەوەی گژوگیا بەهارەییەکان، ڕوویان لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان کردووە، بەڵام لەلایەن هێزێکی ئێرانییەوە بەتۆمەتی بەزاندنی سنوور هەرحەوتیان دەستگیردەکرێن.[5]
- بازاڕیان و دووکانداراني شارەکانی: سەقز، جوانڕۆ و مەریوان بە داخستنی بازاڕ داوای کردنەوەی سنوورەکانیان کرد.[6]
باشووری کوردستان
- خۆپیشاندانی مامۆستایان و فەرمانبەران لە سلێمانی دەستیپێکردەوە یەکێک لە ڕێگا سەرەکییەکانی بەردەم دادگای سلێمانیان داخست.[1]
- خۆپیشاندانی تەندروستکاران لەبەردەم نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی کۆتایی پێدێت و ماوەی مانگێک وەک مۆڵەت بۆ حکومەت دادەنێن.[4]
- یەکەم ڕۆژی پرسەی دلۆڤان ئیدریس بارزانی لە پیرمام بەڕێوەدەچێت.[1]
- عومەری سەید عەلی، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا کە ئێوارەی ئەمڕۆ لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی ئەنجامی دا، وتڕای پێشکەشکردنی پرسە و سەرەخۆشی، هاودەردی و هاوخەمیی خۆیشی بۆ خانەوادەی بارزانی دەربڕی و هیوای خواست ئەمە دواییین کۆست و ناخۆشیی خانەوادەی بارزانی بێت.[1]
- فەرمانگەکانی سەر بە حکومەتی کوردستان گەڕانەوە مەخموور.[2]
- جووتیارانی هەرێمی کوردستانی لە دادگای ئیداری لە بەغدا، سکالا لە دژی وەزیری بازرگانی عێراق تۆمارەدەکەن، ئەم هەڵوێستەی جووتیاران کاردانەوەی خەرجنەکردنی شایستە داربیەکانی چوار ساڵی ڕابردوویانە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ ڤلادیمێر پوتین سەرۆکی ڕوسیا بەمەبەستی بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی دانانی بەردی بناغەی وێستگەیەکی ئەتۆمی لە شاری (مەرسین)ی تورکیا گەیشتە ئەنقەرە.[4]
- تەلەفزیۆنی حورە-ی ئەمەریکی لە زاری چەند سەرچاوەیەکی وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا (پنتاگۆن) بڵاویکردەوە، چەندین

فەرماندەی سەربازیی وەزارەتەکە پێشنیازی زیادکردنی هێزی ئەمەریکایان لە خاکی سووریا پێشکەشی دۆنالد ترەمپ-ی سەرۆکی ئەمریکا کردووە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: پیرمام
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-04-03
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-04-03
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-04-03
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-04-03
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-04-03
کاتی تۆمارکردن: 2018-04-03
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 336

2018-04-04



باکووری کوردستان
- هاوسەرۆکی (دەبەپە)ی شاری ڕەحا و 5 کەسی دیکە کە بۆ پیرۆز کردنی ساڵڕۆژی لەدایک بوونی عەبدوڵا ئۆجالان، سەردانی مالی موحەمەد ئۆجالان-ی برای لە گوندی ئامارایان کردبو، لەلایەن هێزەکانی تورکیاوە دەستگیر کران.[3]
باشووری کوردستان
- تۆپخانەکانی تورکیا ناوچەکانی سنووری زاخۆیان تۆپبارانکرد، بەو هۆیەوە دەروازەی سنووریی سێمالکا داخرا.[2]
- بەڕێوەبەری پەروەردەی سەید سادق ئاماژە بەوەدەکات لە کۆبونەوەماندا لەگەڵ بەڕێوەبەر و یاریدەدەرەکانی سنوری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکەمان داواکاری 60 بەڕێوەبەرو یاریدەدەرمان ڕەتکردەوە کە داوای دەستلەکارکێشانەوەیان کردبوو، هاوکات داوامانلێکردوون لە ئەمڕۆوە دەستبکەنەوە بە دەوام.[1]
- لە گوندێکی قەرەتەپە بەهۆی شەڕی سوپای عێراق و داعش گوللەهاوەنێک دەکەوێتە ماڵێکەوە و کچێک دەکوژێت و سێ ئەندامی هەمان خێزان بریندارەدەکات.[2]
- سەرۆکی بەرەی تورکمانی، ڕایدەگەیەنێت: هەرگیز ڕێگا نادەین هێزەکانی پێشمەرگە بێنە کەرکووک و هەموو ڕێگاکان بۆ پوچڵکردنەوەی ئەو پلانە دەگرینە بەر.[5]
- بەیانی ئەمڕۆ، هۆتێل ئەربیل فیو لە هەولێر گڕی گرت و وتەبێژی بەرگری شارستانی هەولێریش ڕایدەگەیەنێت، بەهۆی تینی ئاگرەکەوە کارمەندێکی هوتێلەکە لە قاتی شەشەم خۆی فڕێداوەتە خوارەوە و گیانی لەدەستداوە و چەند کەسێکی تریش بە سەختی بریندار بوون.[1]
- لە قەڵادزێ خۆپیشاندان دەستپێکردەوە.[4]
- نیوەڕۆی ئەمڕۆ، کارمەندانی نارازی تەندروستی چەمچەماڵ ڕایانگەیاند، درێژە بەبایکۆت دەدەن.[1]
- لە کامپی پەنابەرانی شەهید ڕۆستەم جودی لە شاروچکەی مەخمور-ی سەر بە پارێزگای موسڵ، 11 هەمین فیستیڤاڵی کلتور و وێژە کۆتایی هات، کە ماوەی دوو ڕۆژی خایاند.[5]
- کاژێر 10:00ی شەو، لە ڕێگای گەڕانەوەیان بۆ خانەقین، چەند چەکدارێکی نەناسراو سێ هاووڵاتی عەرەب دەکوژن، بەڕێوەبەری پۆلیس دەڵێت، چەکدارەکان داعشن.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سووپای تورک هێرشی کردە سەر خاڵێکی پشکنینی ئاسایشی نزیک گوندی غەریب ڕەشک لە هەرێمی دێرک و لە ئەنجامدا دوو ئەندامی هێزی ئاسایش بریندار بوون و دوو سەربازی تورکیاش کوژراون.[5]
- سوپای داگیرکەری تورکیا و چەتەکانی، 45 گەنجی کوردی عەفرینیان بە بیانوی پەیوەندی لە گەڵ یەپەگەدا ڕفاند.[3]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆککۆماری عێراق لەبارەی 14 بابەتی نادەستووریی یاسای بودجەی ساڵی 2018، سکاڵای لە دادگای باڵای فیدراڵی تۆمارکرد.[4]
- هەرسێ پووتین و ئەردۆغان و ڕووحانی لە ئەنقەرە دەربارەی دۆخی سوریا و ڕۆژئاوای کوردستان کۆبوونەوە.[4]
- ئاژانسی ڕۆیتەرز لەسەر زاری سەرچاوەیەکی باڵای کۆشکی سپیەوە بڵاویکردەوە، لە کۆبوونەوەی دوێنێی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکادا، دۆنالد ترەمپ بڕیاری درێژکردنەوەی ماوەی هێزەکانی ئەمەریکای لە خاکی سووریا دەرکردووە.[3]
- دایکێک و دوو برای خەڵکی زاخۆن لە پارێزگای دهۆک، بەرەبەیانی ئەمڕۆ لە ئاوی نێوان تورکیا - یۆنان خنکان.[2]

- ڕۆژنامەکانی تورکیا ئاشکرایدەکەن کە ئەمریکا کۆگا سەربازییەکانی خۆی لە بنکەی ئاسمانی ئەنچەرلیک-ەوە بۆ منبج لە سوریا گواستوەتەوە.[1]
- وەزیری دەرەوەی یۆنان باس لە ئەگەری پێکدادانی سوپای تورکیا و یۆنان دەکات، بەهۆی بەدیلگرتنی دوو سەربازی یۆنانی لەلایەن تورکەوە.[3]
- پۆلیسی تورک هەڵیکوتایە سەر ناوەندەکانی هەدەپە لە ناوچەی ئافجلاری ئستانبول و 25 ئەندامی هەدەپەیان دەستگیرکرد، کە لە ناویاندا، محەمەد چاکان هاوسەرۆکی هەدەپەی ناوچەکە هەبوو.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێراق
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: دێرک
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-04-04
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-04-04
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-04-04
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-04-04
کاتی تۆمارکردن: 2018-04-04
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 337

2018-04-05



باکووری کوردستان
- هێزە ئەمنییەکانی تورکیا هەڵیانکوتایە سەر بارەگای هەدەپە لەناوچەی ئاجلار لە شاری ئیستانبول و 25 کەسیان دەستگیرکرد. یەکێک لە دەستگیرکراوەکان محەمەد چاکن هاوسەرۆکی هەدەپەیە لە ناوچەی ئاجلار لە ئیستانبول.[4]
- سزای یەک ساڵ و5 مانگ زیندانیکردن، کە بەسەر عوسمان بایدەمیر پارڵمانتاری هەدەپە-دا سەپێندرا بوو دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە. لەبەر ئەوەش دەبێت بایدەمیر واز لە پەرلەمانتاری بهێنێت.[4]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- ڕووناک ئاقایی ژنە چالاکوانی کورد لە شاری مەهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە دەستگیرکرا و دادگای شۆڕشی ئێرانیش بڕیاری 6 مانگ زیندانیکردنی بۆ دەرکرد.[4]
باشووری کوردستان
- لە ئێوارەی ئەمڕۆوە سوپای تورکیا دەستی کردووە بەتۆپبارانکردنی گوندەکانی دەڤەری برادۆست و دوو گوندیش بوهۆی چڕبی بۆردوومانەکەوە چۆڵکراون.[3]
- لەئەنجامی بۆردومانی فڕۆکە و تۆپی سوپای تورکیا بۆ سەر گوندەکانی سنوری قەندیل، کچێک بەسەختی بریندار بوو و ڕەوانەی نەخۆشخانەی سۆران کرا.[3]
- 21هەمین ڤیستیڤاڵی گەلاوێژ لە سلێمانی دەستپێکرد.[1]
- دوو خانەوادە کە ئامۆزای یەکدین، لەسەر هەزار مەتر زەوی لە گوندی کانی شیرینی سەر بە شارۆچکەی فەیدیی لە پارێزگای دهۆک بەشەڕ هاتوون. دوای ئەوەی چوونەتە سەر زەویەکە ڕێکنەکەوتوون، بووەتە دەمەقاڵێیان، لە ئەنجامدا کوڕ و باوکێک لە خانەوادەیەک و کەسێکی دیکەش لە خانەوادەکەی دیکە کوژراوە.[2]
- بەهۆی بایکۆتکردنی دەوام لەلایەن کارمەندانی بەشێک لە بانکەکانی سلێمانی و هەڵەبجە و سەیدسادق کە داوای دابەشکردنی موچەکانیان و دەرمالەکانیان دەکەن، دابەشکردنی مووچەی مامۆستایان لە چەند ناوچەیەک ڕاگیرا.[3]
- بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەڵەبجە ڕایدەگەیەنێت، لە هەفتەی داهاتووەوە دەوام لە قوتابخانەکانی سنوری پارێزگاکەیان دەستپێدەکاتەوە.[3]
- ئایدن مەعروف، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی لیستی بەرەی تورکمانی لە پەرلەمانی کوردستان ڕاگەیاند، وەک تورکمانەکانی هەولێر پێمانباشە هێزەکانی پێشمەرگە بگەڕێتەوە ناوچە کێشە لەسەرەکان و گرنگە پێشمەرگە ئە و
- لە بناری چیای مەقلوب ئۆمەرییەکانی کوردستان کۆبوونەوە و بە دروشمی پەیوەندی برایەتی و تەباتی لە هەرچوارپارچەی کوردستان فێستیڤاڵی ساڵانەی خۆیان ئەنجامدا. لە فێستیڤاڵەکەدا چەندین بەرنامەی هونەری و کەلەپووری ئەنجامدران و بە گۆرانی و شایی کۆتایی بە فێستیڤاڵەکە هێندرا.[2]
ناوچانە بپارێزێت.[3]
دەرەوەی کوردستان
- 22 پەرلەمانتاری سویسرا پرۆژە یاسایەکەدا باسی ئەوەیان کردووە، تورکیا لە هێرشکردنە سەر عەفرینداا یاسای نێودەوڵەتی پێشێلکردووە. داواشیان کرد بە خێرای فرۆشتنی چەک بە تورکیا ڕابگیرێت.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێراق
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئەستەمبوڵ
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-04-05
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-04-05
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-04-05
کاتی تۆمارکردن: 2018-04-05
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 338

2018-04-06



باکووری کوردستان
- بەپێی هەواڵی مێدیای تورکیا، لە ئەنجامی تەقینەوەی تەقەمەنی کە لە نزیک بارەگەی سەربازیی شانتەپە لە جوڵەمێرگ جێگیرابوو، 2 سەربازی تورکیا کوژراون و یەکێکی دیکەش بریندار بووە.[1]
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک سێ جار بە چڕی دەستیان کردەوە بە بۆردوومانکردنی گوندەکانی سنوری شارەدێی سیدەکان سەربە شارۆچکەی سۆران و بە هۆیەشەوە هاوڵاتیان دەربەدەر بوون. بەپێی زانیارییەکان، بەهۆی بۆردوومانەکانەوە دانیشتوانی گوندەکانی نزاری و گورەشان و ئالەکان و سیران و خەلیفان و لیلکان سەربە شارەدێی سیدەکان ئاوارە بوون و ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتووە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دادگەی گەل لە باکووری سووریا بە هۆی ئەوەی کە فوئاد عەلیکۆ و ئیبراهیم برۆ ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی سووریا (ئەنەکەسە) بەشدار بوون لە داگیرکردنی عەفرین لە لایەن سوپای داگیرکەری تورکیاوە، بڕیاری گرتنیان بۆ دەرچووە.[1]
- لە گردی شەهید هۆگر-ی نێوان گوندی ئاشم-ێ و چارقلی هەڵکەوتوو لە ڕۆژئاوای کوبانی، مینێکی چێنراوی سوپای تورکیای داگیرکەر تەقییەوە. بەهۆی تەقینەوەی ئەم مینە 2 منداڵ کوژران و چەند هاووڵاتی دیکەش بریندار بوون.[1]
- ناوەندی ڕاگەیاندی یەپەگە ڕایگەیاند، کە بەیانی ئەمڕۆ شەڕقانانی یەپەگە و یەپەژە، لە چوارچێوەی قۆناغی دووەمی بەرخۆدانی سەردەم-ی عەفرین، بنکەیەکی سەربازیی سوپای تورکیان لە نزیک شەقامی (ڤێلات) لە ناوەندی عەفرین تەقاندەوە. ناوەندی ڕاگەیەنادنی یەپەگە، ئاشکرایکردووە، کە لە ئەنجامی چالاکییەکەی شەڕقانانی یەپەگە و یەپەژە، 4 چەتە کوژراون و دووانی دیکەش بریندرابوون.[2]
دەرەوەی کوردستان
- دادگایەکی شاری نیویۆرک لە ئەمریکا سزای زیندانی بەسەر دوو تورکدا سەپاند کە لەکاتی خۆپیشاندانەکەی بەردەم باڵیۆزخانەی تورکیا لە ئەمریکا لەگەڵ پاسەوانەکانی سەرۆکی تورکیادا هێرشیان کردە سەر خۆپیشاندەران.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 06-04-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 06-04-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 06-04-2018
کاتی تۆمارکردن: 06-04-2018
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 339

2018-04-07



باشووری کوردستان

- کاژێر 3ی بەیانی، شاندێکی باڵای هەدەپە گەییشتنە شاری هەولێر. شاندەکە لە پەروین بوڵدان، هاوسەرۆکی هەدەپە و سێ پەرلەمانتاری پارتەکە: فەلەکناس ئوجا، ئیمام تاشچیەر و عوسمان بایدەمیر پێکدێت. بریار وایە شاندەکە 3 ڕۆژ لە باشوور بمێنێتەوە و چەند دیدارێک لەگەڵ لایەنەکاندا سازبکەن[1]

- لەدوای کۆتاییهاتنی کۆبوونەوەیان لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی، لە شاری هەولێر کۆبوونەوەی شاندی هەدەپە لەگەڵ ئەو حزب و لانەیە سیاسییانە دەستیپێکرد، کە خاوەنی کورسی نیین لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، کە ژمارەیان نزیکەی 30 حزب و لایەنی سیاسییە.[2]

- دەوڵەتی تورک بۆ داگیرکردنی زیاتری خاکی باشوری کوردستان هێرشەکانی چڕترکردووەتەوە، هاوڵاتیانی ناچارکردووە کە واری خۆیان جێبهێڵن.[2]

- بە ئامادەبوونی بەرپرسانی حکومی و حزبی شارەزوور و ژمارەیەک لە شاعیران و نوسەرانی سنوری پارێزگای سلێمانی، بە ئەنجامدانی چەند چالاکییەکی هونەری دووەم فیستیڤاڵی حەبیبە خاتوون بۆ شیعر و چیرۆک بەڕێوەچوو کە تیایدا 37 شاعیر و چیرۆکنوس بە بەرهەمەکانیان بەشداری فیستیڤاڵەکەیان کرد و تا ئێوارەی ئەمڕۆش بەردەوامی هەبوو.[4]

- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا دەستیان کردەوە بە بۆردوومانکردنی گوندەکانی سیدەکان لە دەڤەری برادۆست لە پارێزگای هەولێر.[2]

- گەریلاکان لە دەڤەری سیدەکانی سەربە پارێزگای هەولێر، تیمێکی سوپای تورک-یان کردە ئامانج و چەندین سەرباز کوژراون.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- شەڕڤانانی یەپەگە ویپەژە لە ناوەندی شاری عەفرین لە دژی سوپای تورک و چەتەکان چالاکییان ئەنجامدا، لە ئەنجامدا چەتەیەک کوژراوە و دوو سەربازی سوپای تورک بریندار بوون.[2]

دەرەوەی کوردستان

- سەرۆککۆماری تورکیا بە ئاماژەدان بەوەی یەپەگە بە هاوکاریی کۆمپانیایەکی فەرەنسی تونێلی لە عەفرین هەڵکۆڵیون، ڕایگەیاند فەرەنسا هاوکاریی تیرۆر دەکات.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-04-07

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-04-07

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-04-07

کاتی تۆمارکردن: 2018-04-07

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 340

2018-04-08



باکووری کوردستان
- لە پارێزگای جۆلەمێرگ باکووری کوردستان چەند ناوچەیەکی شارۆچکەکانی گەڤەر، شەمزینان، چەڵ و ناوەندی شاری جۆلەمێرگ وەکو ناوچەی ئەمنی تایبەت ڕاگەیێندران و، قەدەخەی هاتووچۆ لەو ناوچانە 15 ڕۆژ بەردەوامدەبێت.[2]
باشووری کوردستان
- لە ناوچەی شەوالی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەلایەن پاسدارانی ئێرانەوە دەستڕێژی گوللە لە سێ گەنجی کوردی دانیشتووی شارۆچکەی کەلار کرا، بەهۆیەوە یەکێکیان گیانی لەدەستدا و دووەکەی دیکەش بریندارببوون.[2]
- بڕیاروابوو بەیانی ئەمڕۆ لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوای سلێمانی خۆپیشاندان ئەنجامبدەن، بەڵام لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ڕێگەیان پێنادرێت.[1]
- مامۆستایانی نارازیی بە چەند داواکارییەکەوە، بەشێوەیەکی کاتیی کۆتاییان بە بایکۆت و خۆپیشاندانەکانیان هێنا، هۆشداریشیان دا لەوەی، کە ئەگەر داواکارییەکانیان جێبەجێ نەکرێت، جارێکی تر بە هەڵوێستێکی تووندتر دەگەڕێنەوە شەقام.[4]
- چەتەکانی داعش لە سەر ڕێگای کەرکووک - دوبز ئۆتۆمبێلی هاووڵاتیانیان ڕاگرتووە و 3 هاووڵاتیان کوشتوە و 3 هاووڵاتی تریشیان بریندارکردووە.[3]
- تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا داوایەکی ئاراستەی هەموو لایەنە سیاسییەکان کرد بەمەبەستی کۆبوونەوە دژی لەشکرکێشیی سوپای تورکیا بۆ سەر باشووری کوردستان.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لاما فەقیە بەڕێوەبەری بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە ڕێکخراوی چاودێڕیی مافەکانی مرۆڤ - HRW ڕایگەیاند، چەتەکانی سەر بە تورکیا مالی هاوڵاتیانی عەفرینیان تالان کردووە. ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە هێزەکانی ڕژێمی سووریا ڕێگە نادەن گەڕی عەفرین بچنە ئە و هەرێمانەی لەژێر کۆنترۆڵی ڕژێمدان.[3]
- سوپای تورکیای داگیرکەر تۆپبارانی گوندی تل فندرە دەکات کە دەکەوێتە نزیک شاری گرێسپی لە سنووری هەرێمی فورات-ی ڕۆژئاوای کوردستان.[3]
دەرەوەی کوردستان

- ناوەندی کۆمەڵگەی دیموکراتیکی کوردەکان لە ئەڵمانیا - نافدەم، کە ڕێکخراوی چەتری کۆمەڵە کوردییەکانە لە ئەڵمانیا، پێنجەمین کۆنگرەی خۆی بە بەشداریی 900 ئەندام بەڕێوەبرد و لە کۆنگرەکەدا بڕیاری بایکۆتکردنی کاڵا و کەرتی گەشتیاریی تورکیایان دەرکرد.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-04-08
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-04-08
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-04-08
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-04-08

کاتی تۆمارکردن: 2018-04-08
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 341

2018-04-09



باکووری کوردستان
- ئۆپراسیۆنی سوپای تورکیا لە چیای جودی و گابار ماوەی 5 ڕۆژە بەردەوامە. سەربازانی تورک ڕەوەند و جوتیارەکانیان لە چیای جودی و کوێستانەکانی ئەو ناوچەیە دەرکردووە و ڕێگایان پێنەداون زەوی و باخەکانیان بکێڵن.[3]
باشووری کوردستان
- سەردانی شاندی هەدەپە بۆ لای پارتەکانی باشوور بەردەوامە.[4]
- بەهۆی بەشداریکرنیان لە خۆپیشاندانەکانی شاری دهۆک، 30 مامۆستا هەر یەکەیان یەک تا سێ ڕۆژ مووچەبڕ کراون.[2]
- بەیانی ئەمڕۆ لە باشوری کەرکووک ژمارەیەک چەکداری داعش لە بۆسەیەکی هێزە سەربازییەکانی عێراقدا کوژران.[1] یەک لە چەکدارە کوژراوەکان ئاڵای تورک بەسەر سینگییەوە بوو.[4]
- دوای چوار ڕۆژ لە ونبوونی، تەرمی کچێکی کوردی ئێزدی بە ناوی نەجات برجزە کە ئاوارەی شنگالە و ماڵباتەکەی لە کومەڵگەی خانکێ نیشتەجێن، بە کوژراوی لە گومێک دۆزارییەوە.[2]
- ئیاس ساموک، وتەبێژی دادگای فیدراڵی ئەمڕۆ ڕایگەیاند، ئەمڕۆ دادگای فیدراڵی بە سەرۆکایەتی دادوەر مەدحەت مەحمود و ئامادەبوونی سەرجەم ئەندامەکانی، یەکەم دانیشتنی بۆ لێکۆڵینەوەی لە سکاڵایەک ئەنجامدا، کە دژ بە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لەلایەن وەزیری نەوتی عێراق دژ بە وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم تۆمارکرابوو.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بەگوێرەی کەناڵی تەلەگرام-4 کە گرنگی بە هەواڵی جەنگ و ناکۆکیە سەربازییەکان دەدات، هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بە ڕابەرایەتی ئەمریکا چەک و کەلوپەلی سەربازی نوێ لە باکوری عێراقەوە ڕەوانەی سوریا دەکات.[1]
دەرەوەی کوردستان
- فڕۆکە ئیسرائیلییەکان، فڕۆکەخانەیەکی سەربازیی داگیرکەری سووریایان بۆردووومانکرد.[4]
- وەزیری دەرەوەی ڕووسیا ڕایدەگەیێنێ، پێویستە تورکیا عەفرین ڕادەستی حکوومەتی سووریا بکاتەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆفیەتی پێشوو و ڕووسیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-04-09
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-04-09
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-04-09
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-04-09

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 342

2018-04-10



باکووری کوردستان
- سوپای تورک بەردەوامە لە و ئۆپەراسیۆنە داگیرکارییەی کە بە بەشداری هەزاران سەرباز دەستپێکردبوو لە چیای جودی و گابار لە شرناخ.[1]
- لە شاری ئەستەنبوڵ بڕیاری زیندانیکردن بۆ چوار ئەندامی دیکەی پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە دەرکرا، بەرپرسی هەدەپەی ناوچەی ئافجیلار-یشی تێدایە.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان
- کۆمەڵێک لە کرێکاران و ستافی پاڵاوتگەی گازی ئیلام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی دواکەوتنی حەقدەست و مووچەی مانگانە و دواخستنی داواکارییەکانیان، لە بەردەم پاڵاوگەی ئیلامدا کۆبونەوێکی ناڕەزایەتییان ئەنجامدا.[5]

باشووری کوردستان
- شاندی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان-کەنەکە، سەردانی هەریەکە لە ئاسایشی ئێزیدخان و بەڕێوەبەری شارەدێی سنوونێ-ییان کرد و دەستنیشانیان کرد، کە هەڕەشە لەسەر شەنگال، هەڕەشەیە لەسەر هەموو باشوری کوردستان.[1]
- لە بەیانی ئەمڕۆوە سوپای تورکیا بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان چاودێری دەڤەری برادۆست دەکات، بە چڕیش بەرزاییەکانی ئاوەدلکێوی لە گوندی شاپانی سەر بە شارۆچکەی سیدەکان بۆردوومان دەکات.[3]
- لەگەڕەکێکی شاری کەرکووک بەهۆی دەستدرێژی گوللەی چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە گەنجێک گیانی لەدەستدا.[2]
- لە بەرامبەر سستی بەڕێوەچونی کارەکانی پرۆژەی بەجوتساید کردنی ڕێگای ڕانیە - قەڵادزێ، شۆفێرانی بارهەڵگر لە سنوری قەزای پشدەر ئە و ڕێگا سەرەکییەیان داخست.[2]

- بەڵێندەران لەبەرامبەر پێنەدانی پارەی پرۆژەکانیان خێمەی نیگەرانی هەڵدەدەن و داوای پارەی پرۆژەکانیان دەکەن.[2]
- دوای 12 دانیشتنی دادگای سلێمانی لەبارەی یەکلاکردنەوەی دۆسیەی (مریەم باروتجیان) کە بەهاوناز ئەحمەد ناسرابوو، یەکێک بوو لە منداڵە دۆزراوەکانی هەڵەبجە، بەڵام ئەمڕۆ دادگا بڕیاریدا کە مریەم، هاوناز نیە، بەڵام هەموو بەڵگەکان ئەوە دەسلێمنن منداڵێکی ونبووی هەڵەبجەیە.[2]
- لە شارۆچکەی ڕواندزی سەر بە پارێزگای هەولێر، بە ئامادەبوونی بەرپرسانی ئیداریی و حزبیی و جەماوەری شارۆچکەی ڕواندز، دەیەمین فێستیڤاڵی ڕۆژی ڕواندز لە هۆڵی بۆنەکان ئەنجامدرا.[1]
- لەئەنجامی شەڕی نێوان هاندەرانی یانەی سەید سادق و شەهیدانی شارەزوور 5 کەس بریندار بوون و ڕەوانەی نەخۆشخانە کراون.[3]

دەرەوەی کوردستان

- لە وەڵامی وەزیری دەرەوەی ڕووسیا، ئەردۆگان ڕایگەیاند کە خۆیان دەزانن عەفرین ڕادەستی کێ دەکەنەوە.[4]
- ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ تاوتوێکردن و دەنگدان لەسەر پرۆژەبڕیارەکەی ئەمریکا لەبارەی هێرشی کیمیایی لە سووریا کۆبووەوە. باڵیۆزی ڕووسیا لە دژی پرۆژەبڕیارەکە وەستایەوەو بۆ جارێکی دیکە ئەم بڕیارەی دژ بە سووریا ڤیتۆکرد.[3][4]
- ڕاگەیاندنەکانی یۆنان باڵاویان کردەوە، دوای ئەوەی کۆپتەرێکی تورکیا نزیک بووەتەوە لە دوورگەی Royی دەریای ئیجە، هێزەسەربازییەکانی یۆنان بەمەبەستی هۆشداری دەستڕێژی گولەیان لێ کردووە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان:	ئیلام
شار و شارۆچکەکان:	سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان:	شنگال
شار و شارۆچکەکان:	شرناخ
شار و شارۆچکەکان:	عەفرین
شار و شارۆچکەکان:	ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان:	ڕواندز
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات:	تورکیا
وڵات:	یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-04-10
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-04-10
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-04-10
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-04-10

کاتی تۆمارکردن: 2018-04-10

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 343

2018-04-11



باکووری کوردستان

- سەربازانی سوپای تورکیا لە کاتی ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنێکیاندا لە بەدلیس، کەوتن بەسەر مین دا و بەو هۆیەوە ئەفسەرێکی پسپۆڕ کوژرا.[2]
- ئۆپراسیۆنی سوپای تورکیا ماوەی 7 ڕۆژە لە جودی و گابار و شرناخ بەردەوامە.[1]
- لە ئەنقەرە سێیەمین دانیشتنی دادگاییکردنی سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پێشووی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە بەڕێوەدەچێت.[3]
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ پۆلیس لە ناوچەی چایرۆفای پارێزگای کۆجالیی تورکیا، هەڵیکوتایە سەر ماڵەکانی شاهیسمایل تۆموجو و ئەمینە کارائاسلان هاوسەرۆکانی پارتی دیموکراتیکی گەلان (هەدەپە) و دەستگیریان کردن.[2]
- لە کۆڵان و ڕێگەکانی ئامەد، ئە و تابلۆیانەی بە دوو زمان (کوردی و تورکی) نووسراون، لابران و تابلۆی یەک-زمانی (تورکی) لە شوێنیان دانرا.[2]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- بە پێی هەواڵی کەمپەینی ڕزگاریی ژیانی ڕامین حسێنپەناهی، و لێدوانی بنەماڵەی ناوبراو سزای لە سێدارە دانی ئەم بەندکراوە سیاسییە کوردە، کە بۆ پێداچوونەوە ڕەوانەی لقی 39ی دیوانی باڵای دادگەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە شاری قوم کرابوو، سەر لە نوێ پەسەند کرایەوە.[2]

باشووری کوردستان

- بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری چەمچەماڵ دووەمین (دیداری چەمچەماڵ بۆ فیلمی جینۆساید) سازدەکات.[1]
- چەتەکانی داعش ماوەیەکە لە دەوروبەری کەرکووک دەستیان بە پەلاماردان کردووە و شەوی ڕابردووش 2 گوندیان لە ناوچەی داقوق داگیرکرد.[2]
- هێزەکانی گەریلا لە گردی لەلیکان-ی هەرێمی برادۆست-ی سەر بە پارێزگای هەولێر، چالاکیەکی تەقینەوەیان ئەنجامدا. بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی، کە لەناوچەکە دەستکەوتووە لە چالاکی گەریلادا 4 سەربازی تورک کوژران 5 سەربازی دیکەش بریندار بوون.[4]
- زیادبوونی تۆپباران و بۆردوومانەکانی تورکیا لە سنووری زاخۆ خەڵکی گوند و ناوچەکانی نیگەرانکردووە، 60 گوند لە سنووری شاڕۆچکەی باتیفا بوونەتە گۆڕەپانی ململانێ و ئاڵوگۆزی نێوان پەکەکە و سوپای تورکیا.[3]
- ئاسایشی دهۆک هێرشیان کردە سەر مەراسیمی شەهید دەمهات ئەحمەد و سووکایەتییان بە خانەوادەکەی کرد و وێنەی شەهیدیان دڕاند.[4]
- ئەمڕۆ، لەبەردەم سەرۆکایەتی زانکۆی چەرموو لەشارۆچکەی چەمچەماڵی سەر بە پارێزگای سلێمانی پەردە لەسەر پەیکەری پێشمەرگە و گەریلا لادرا، کە لەلایەن هونەرمەند توانا تاڵب و بەسەرپەرشتی ئاسۆس جاف دروستکراوە.[4]

دەرەوەی کوردستان

- سەرۆکی ئەمریکا ڕایگەیاند: موشەکەکانمان بەڕێوەن بۆ سووریا.[1]

- کەجەدەکە ئەوروپا، داوای لە داواکاری گشتیی ئەڵمانیا کرد سکاڵا لە دژی ئەردۆغان تۆمار بکات.[2]
- میدیای ئیسرائیل ڕایدەگەیێنێ، بەشار ئەسەد بە یاوەری کاروانێکی سەربازیی ڕووسیا کۆشکی سەرۆکایەتیی سووریای بۆ شوێنێکی نادیار جێهێشتووە.[3]
- بەهۆی ئەگەری هێرشی سەربازی ئەمریکا و هێزە هاوپەیمانانەکان بۆسەر سووریا، ڕێکخراوەی فڕۆکەوانی و ئاسایشی گەشتە ئاسمانییەکان دەربارەی ئاسمانی سووریا و دەوروبەری لە 72 کاتژمێری داهاتوودا هوشداریدا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: بەدلیس
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-04-11
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2018-04-11
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2018-04-11

کاتی تۆمارکردن: 2018-04-11
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 344

2018-04-12



باشووری کوردستان
- کاتژمێر 5ی بەرەبەیانی ئەمڕۆ بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراو لە خانەقین پۆلیسێک بەناوی محەمەد قاسم بریندارببوو و گەیەندرایە نەخۆشخانە و چارەسەری پزیشکی بۆ کرا، بەڵام بەهۆی سەختی برینەکەیەوە ڕەوانەی نەخۆشخانەی شۆڕش کرا لە سلێمانی و لەوێ گیانی لەدەستدا.[3]
- لە هەولێر تەقە لە حوسێن یەزدان پەنا کرا.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە ناوەندی شاری عەفرین ئەنجومەنی خۆجێیی کاتی لە نوێنەرانی کورد و عەرەب و تورکمان دامەزرێندرا. بەگوێرەی سەرچاوە ڕۆژنامەوانیەکانی تورکیا ئەنجومەنەکە بە دەنگدانی کەسایەتی و ناوداڕەکانی شارەکە پێکهێندراوە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- لە 3 هەمین کۆنفەڕانسی کوردی فەیلیدا، کە لە پارلەمانی ئەوروپا لە بڕۆکسل بەڕێوە دەچێت، دەیان کەسایەتی کوردی هەر چوارپارچەی کوردستان،، عەرەب، ئەوروپی و ئەمەریکی بەشداران ولە سێ بەش یان پانێلدا پرسی فەیلیەکان تاوتوێ کرا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی ئازادی کوردستان - پاک
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 12-04-2018
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 12-04-2018
کاتی تۆمارکردن: 12-04-2018
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 345

2018-04-13



باکووری کوردستان
- سوپای داگیرکەری تورکیا خەریکی خۆ ئامادەکارییە بۆئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی سەربازی لەهەرێمی بەدلیس هە بۆیە لە 8 کێڵگە ی سەر بە 3ێ گوند-ی خیزان-ێ قەدەغەی هاتوچووی ڕاگەیاند.[1]
- دانیشتنێکی دیکەی دادگەیی کردنی سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی گشتیی پێشووی پارتیی دیموکراتیی گەلان - هەدەپە لە لایەن نۆزدەیەمین دادگەی سزای تۆندی ئەنقەرە بەڕێوەچوو.[1]
- سزای 6 مانگ زیندانیکردن بەسەر هاوسەرۆکی گشتیی پێشووی هەدەپە فیگەن یوکسەکداغ-دا سەپێنرا.[2]
- لە سنووری شارۆچکەی بازیدی سەر بە ئاگری، دوو سەربازی سوپای تورک کوژران و سێیانی دیکەش بریندارببوون.[3]
باشووری کوردستان
- سوپای تورکیا کە بە ئامانجی داگیرکردنی هەرێمی برادۆست-ی باشووری کوردستان دەستی داوەتە هێرشێکی بەرفراوان، لەلایەن گەریلاوە گوزری گرانی بەرکەوتوو. لە چالاکی گەریلاکانی هەپەگەدا لە نیوەشەودا 3 سەربازی سوپای تورکیا کوژران و 5 سەربازی دیکە بریندار بوون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: بەدلیس
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-04-13
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-04-15
کاتی تۆمارکردن: 2018-04-13
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 346

2018-04-14



باشووری کوردستان
- لە شارۆچکەی چەمچەماڵ مەراسیمی 30 ساڵەی ئەنفال بەڕێوەچوو، تێیدا داوا کرا، بیرهێنانەوەی کارەساتی ئەنفال بکرێتە هۆکارێک بۆ یەکڕیزیی و تەبایی نێوان لایەنەکان.[2]
- لە شارەکانی باشووری کوردستان، بانگەشەی هەڵبژاردن دەستپێکرد.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- ئەو دوو هاوڵاتی خەڵکی سەربە کانتۆنی جزیرەی رۆژئاوای کوردستانن، کە هەوڵیاندابوو بچنە باکوری کوردستان، لەلایەن هێزەکانی سوپای تورکیاوە ڕفێندراون و پاش ئەشکەنجەدران کوژراون، سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ تەرمەکانیان دۆزرایەوە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- هێزەکانی ئەمریکا و ئەوروپا چەند ئامانجێکی سەربازیی سوریایان بۆردومانکرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: دهۆک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-04-14
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-04-14
کاتی تۆمارکردن: 2018-04-14
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 347

2018-04-15



باکووری کوردستان
- هەشت ناوچەی پارێزگای ئاگرێ باکووری کوردستان، فێستیڤاڵێکیان بۆ نیشاندانی بەرهەمە خۆماڵییەکانیان ئەنجامدا.[2]
- هێزەکانی گەریلا لە ناوچەی لێلکان لە باشووری کوردستان لە دژی سوپای تورکیای داگیرکەر چالاکییان ئەنجامدا. بەپێی سەرچاوە هەرێمییەکان، چالاکییەکە ئێوارەی ئەمڕۆ و لە کاتژمێر 17:40 خولەکەدا لە گردی کەڤۆرێ ئەنجامدراوە. گەریلا لە ماوەیەکی کەمدا زیانی گەورەیان لەو سەربازانە دا، کە لە کونێکدا خۆیان حەشاردابوو. ئاماژی بەوەدەکرێت، لەو چالاکییەکدا بەلانیکەمەوە 8 سەربازی سوپای تورکیای داگیرکەر کوژراون.[5]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- بەهۆی تەرزە و بارانبارین لە 15 پارێزگای ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دوێنێوە لە هەندێ ناوچە لافاو هەستاوە و ئاو شەقام و ڕێگاکانی گرتووەتەوە، ئەمەش کێشەی هاتووچۆی بۆ هاوواڵتیان دروستکردووە.[2]
- پاش داخستنی دەروازە سنوورییەکان بۆ هاتووچۆی کاسبکاران و گواستنەوەی کاڵا، هەروەها بەرزبوونەوەی باجی گومرگ لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە، ئەمڕۆ دووکاندارانی بانە و جوانڕۆ مانیان گرت و دووکان و بازاریان داخست.[3]
باشووری کوردستان
- تەرمی سێ براکەی شیلادزێ کە هەفتەی ڕابردوو بەهۆی بۆردوومانی تورکەوە کۆمەڵکوژکران، بەخاک سپێردران.[4]
- پاسەوانی دادوەرەکان لەبەردەم دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و داوادەکەن سیستەمی نوێی پاشکەوتی مووچە ئەوانیش بگرێتەوە.[1]
- ئەو پزیشک کارمەندانەی کە ناویان بۆ دامەزراندن لە نەخۆشخانەی چارەسەری بەرکەوتوانی کیمیایی هەڵەبجە گەڕاوەتەوە، گردبوونەوە و داوای ڕوونکردنەوەیان کرد سەبارەت بە نەکردنەوەی نەخۆشخانەکە.[3]
- بە پاساوی نەبوونی مۆڵەت درەنگانی شەوی ڕابردوو لە شارۆچکەی سۆرانی سەر بە پارێزگای هەولێر ئاسایشی پارتی بارەگای جوڵانەوەی نەوەی نوێی لە شارۆچکەکە داخست.[3]
- کاتژمێر 5:30 ئێوارەی ئەمڕۆ تەقینەوەک لەنزیک پێشانگەی ئۆتۆمبێلەکان لە گەڕەکی خەزرای شاری کەرکووک ڕوویدا. کردەوە تیرۆریستییەکە لەرێگەی تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوەوە ئەنجامدراوە و بەپێی زانیارێی لە سەرچاوە تەندروستییەکانەوە، کەسێک کوژراوە و 5 ی دیکەیش بریندارببوون، 2 ئۆتۆمبێلێش سوتاون.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- گروپێکی پێکهاتوو لە 4 چەتە هەوڵیاندابوو هێرش بکەنە سەر خاڵێکی پشکنینی ئەنجوومەنی سەربازیی منبج، بەڵام

شەڕڤانان ئەو هەوڵەیان بۆ ئەنجامدانی هێرش تێکشکاند. بەو هۆیەوە چەتەیەک کوژراو و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەربازی منبجیش بۆ دەستگیرکردنی 3 چەتە هەڵهاتووەکەی تر، دەستیان بە کێومانێکی فراوانی ناوچەکە کردووە.[5]
دەرەوەی کوردستان
- شەوی ڕابردوو، لە پارێزگای حەلەبی سووریا تەقینەوەیەکی گەورە لە بنکەیەکی سەربازیی ئێراندا ڕوویدا، بەهۆیەوە 20 ئەفسەر کوژران و ژمارەیەکی زۆر ئەفسەر و سەربازیش بریندارببوون.[2]
- یەکێتی ئەورووپا ڕایدەگەیەنێت، کە کێشەی کورد یەکێکە لە گرنگرتین پرسەکانی تورکیا، هۆشداریشی داوەتە ئەنقەرە، کە بەشێوەیەکی سنووردار بۆ ڕووبەڕووی پەکەکە بجوڵێتەوە.[3]
- یەکەمین کۆنفرانسی دامەزراندنی ئاوارتەی گەنجانی کورد لە ئەورووپا کە ماوەیەکی زۆرە ئامادەکاریی بۆ دەکرێت، لە شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا بەڕێوەدەچێت.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: جووڵانەوەی نەوەی نوێ
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: جوانڕۆ
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-04-15
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-04-15
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-04-15
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-04-15
کاتی تۆمارکردن: 2018-04-15
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 348

2018-04-16



باکووری کوردستان
- هێزەکانی گەریلا لە ناوچەی بەستای شرناخ لە بنکەی سەربازانی تورکیایان دا و بەلانیکەمەوە 3 سەرباز کوژراون و چەندین سەربازی تریش بریندار بوون.[2]
- ئەمڕۆ سوپای تورک لە هەرێمی بەستا-ی سەربە شەرناخ لە باکوری کوردستان، بە شتیوانی سەدان سەرباز و خۆفرۆش، ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوانی دەستپێکرد. لە سنوورەکە بۆردوومان دەستپێکردووە، و لەوشوێنانەی سەربازەکانی لێ جیگیرکراوە دەنگی تەقە دەبیسترێت.[3]
باشووری کوردستان
- بوومەلەرزەیەک سنووری ڕانیە، هەولێر و کەرکووکی هەژاند.[1]
- کۆبوونەوەیەک لەبارەی دۆخی ئەمنی ناوچە جێناکۆکەکان و ڕاهێنانی پێشمەرگە لەنێوان بەرپرسانی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە و هاوپەیمانان لە هەولێر بەڕێوەچوو.[4]
- بە بۆنەی ڕۆژی ژینگەی کوردستان، لە شاری هەڵەبجە هەڵمەتێکی نەمام ناشتن بەڕێوەچوو.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بە گوێرەی هەواڵێک کە ئەمڕۆ ئاژانسی هاوار بڵاوی کردوەتەوە، چەتەکانی دەوڵەتی تورک لە ڕاجۆ و گوندی ئەلحەجەر بەکری گرێدراو بە ناوچەی ماباتە لە سنوری عەفرین دەستیان بە ڕفاندن و ئەشکەنجەدانی کەسانی مەدەنی کردووە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-04-16
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2018-04-16
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2018-04-16
کاتی تۆمارکردن: 2018-04-16
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 349

2018-04-17



باکووری کوردستان
- سوپای تورکیای داگیرکەر لە چیای جودیی شرنەخ و بە بەشداریی زیاتر لە 300 جەردەوان و 2500 سەرباز، دەستیکرد بە ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنێکی بەرفراوانی سەربازی.[1]
- پارێزەرەکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان- پەکەکە، بۆ 744-هەمین جار داوای سەردانی ئیمرالییان کرد.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- پاش ئەوەی کاسبکاران و دووکاندارانی شارەکانی بانە و جوانڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مانگرتن لە کاریان ڕاگەیاندبوو، ئەمڕۆ کاسبکارانی مەریوانی سەربە سنەش بەشداری ئەو مانگرتنە بوون.[2]
باشووری کوردستان
- لە کاتژمێر 1:30 خولەکی پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆوە، دەوڵەتی تورک بە چڕیی گوندەکانی بەرمیزە، لیلکان و چیادێڵ-ی سەر بە

شارەدێی سیدەکان-ی پارێزگای هەولێر تۆپباران دەکات.[2]
- بە دەستپێشخەریی ڕۆژاک، لە شارەدێی سیدەکان-ی سەر بە پارێزگای هەولێر، خۆپیشاندانێکی گەورە ئەنجام دەدرێت و تایدا کۆمەڵکوژیی سێ براکەی شیلادزێ و داگیرکاریی دەوڵەتی تورک شەرمەزار دەکرێت.[2]
- لە شارەدێی ڕزگاری، فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان هەڵمەتی سەوزکردنی مەزاری ئەنفالەکانی ڕاگەیاند و 600 دار نێژران.[2]
- دژی سزادانی دوو مامۆستای زانکۆی هەڵەبجە بە بیانوی بەشداریبیان لە خۆپیشاندان و بایکۆتی دەوام، ژمارەیەک لە مامۆستایان و چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی گردبوونەوەیەکی ناڕەزایەتییان ئەنجامدا و داوای هەڵوەشاندنەوەی ئە و سزادانانە دەکەن.[2]
- مەسعود حەیدەر، پەرلەمانتاری گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق وازهێنانی خۆی لە بزووتنەوەی گۆڕان ڕاگەیاند.[3]
دەرەوەی کوردستان
- کەمپەینێکی ئیمزاکۆکردنەوە ڕێکخرا بۆ داخستنی ئەو ڕێکخراوانە، کە لە ئەڵمانیا هانی شەڕ دەدەن و پڕوپاگەندە بۆ ئاکەپە دەکەن. کەمپەینەکە لە شاری بەرلین بە ئەنجامدانی کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسی، ئامانج و هۆکارەکانی خستەڕوو.[1]
- لە دوای کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی میللی - مەگەکە، لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی حکوومەتی تورکیا بڕیاردرا (باری نائاسایی) بۆ ماوەی 3 مانگی دیکە درێژبکرێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: شڕناخ
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-04-17
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-04-17
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-04-17
کاتی تۆمارکردن: 2018-04-17
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 350

2018-04-18



باکووری کوردستان
- سوپای تورکیا تۆپبارانی دەڤەری بەستای کرد لە سنووری شرناخی باکووری کوردستان کە کۆچەرەکانی لێ دەژین.[2]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- کاتژمێر 06:20 خولەکی سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ لە شاری دیواندەرە، بەکرێگیراوێکی ڕژێمی ئێران بە ناوی ڕەسول فکرەت، بە جلی سەربازییەوە هێرشی کردە سەر خانەوادەی بورهان دیوارگەر و ئارام دیوارگەر، کە دووان لە ئەندامانی حزبی کۆمۆنیستن و ئەندامانی خانەوادەکەیانی کۆمەڵکوژکردووە.[5][6]
- لە چوارەمین ڕۆژی مانگرتنی سەرتاسەریی کاسبکاران و دووکانداراني شارە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەمڕۆ شارەکانی مەریوان، بانە، سەقز، جوانڕۆ، سەردەشت و پیرانشار لە مانگرتندان.[5]
باشووری کوردستان
- کوردانی ئێزدی بەبۆنەی هاتنی چوارشەممە سوورە، ساڵی 430 لە پەرستگای لالش ئاهەنگ دەگێڕن.[1]
- فارس حسێن مەیاس، سەرۆکی یەکێتی جوتیارانی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند حکومەتی عێراق پارەی جوتیارانی هەرێمی کوردستانی ڕاگرتووەو ئەمەش کێشەی بۆ جوتیاران دروستکردووەو پێشمانوایە ئەمە نیگەرانی لای جوتیاران دروستکردووە، بۆیە پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان کاری جددی بکەن، بۆ ئەوەی ئەو پارەیەی لای حکومەتی عێراقە و پارەی جوتیارانە بینێرێت.[3]
- هەپەگە ڕایگەیاند: دوێنێ کاتژمێر 06:30 خولەکی سەرلەبەیانی گەریلاکانمان لە گردی بەیرەقی سەربە دەڤەری بارزانی باشوری کوردستان لە دژی هێزەکانی سوپای تورک چالاکییەکیان ئەنجامدا، لەو چالاکییەدا سێ پێگەی هێزەکانی دوژمن تێکشکێندرا و پێنج سەربازی تورک کوژران.[5]
- لە هەولێر قەوارە و پارتە سیاسییەکانی بەشدار لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق پەیمانی شەرەفی هەڵبژاردن واژۆدەکەن، ڕێورەسمەکەش بە چاودێری یونامی بەڕێوەدەچێت.[4]
- شارەوانی سلێمانی ڕایدەگەیەنێت، لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا سەرجەم لایەنەکان لەنێو شوێنە ڕێگە پێنەدراوەکانی سنوری شارەوانیدا بانگەشەیان کردووە و ئەوانیش سەرپێچییەکان بۆ کۆمسیۆن بەرز دەکەنەوە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە کانتۆنی شەهبا کە ئیستا سەدان هەزار هاوواڵاتی عەفرین-ی لە خۆ گرتووە، لەگەڵ گەرم بوونی هەوادا نەخۆشییەکان پەرەدەستێنن. مانگی سوری کورد دەستنیشانیکرد، دەرمان لە کانتۆنی شەهبا زۆرکەمە و داوای هاوکاریی کرد.[2]
- سەرچاوە خۆجێییەکان لە شارۆچکەی ماباتای سەر بە عەفرین ڕایانگەیاندوە، کە هێزە داگیرکەرەکانی سوپای تورک و چەتەکانی لەم هەفتەیەدا 14 هاوڵاتیی مەدەنییان ڕفاندووە.[5]
- سوپای تورکیای داگیرکەر گەنجێکی خەڵکی شاری ڕەقای کوشت لە کاتێکدا دەیەویست لە سنووری ڕۆژئاوای کوردستانەوە بەمەبەستی کارکردن دەربازی باکووری کوردستان بێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە

شار و شارۆچکەکان: دیواندەرە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی راگەیاندن
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-04-18
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی دواڕۆژ - 2018-04-18
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی رووداو - 2018-04-18
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ڕۆژنیوز - 2018-04-18
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی کوردپا - 2018-04-18
کاتی تۆمارکردن: 2018-04-18
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 351

2018-04-19



باکووری کوردستان
- دادگای تورکیا مافی پەرلەمانتاری لە هەردوو پەرلەمانتاری هەدەپە، عوسمان بایدەمیر و سەلما ئیرماک سەندەوە.[4]
- لە دەرسیمی باکوری کوردستان، چوار بارهەڵگری حکومەتی تورک سووتێندرا، کە کەرەستەی بیناسازییان دەبرد بۆ دروستکردنی بارەگای سەربازی.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەمڕۆ پێنجەمین ڕۆژی مانگرتن لە کارکردنی دوکانداران و کاسبکارانی شارەکانی جوانڕۆ، بانە، مەریوان، سەقز، سەردەشت و پیرانشاری ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.[2]
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو؛ لە شارۆچکەی خانەقین ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان پۆلیس و ژمارەیەک چەکدار-دا ڕوویدا و لە ئەنجامدا چوار کەس بریندار‌بوون.[2]
- شەوی ڕابردوو؛ زۆرێک لە پۆستەری کاندیدە کوردەکان لە کەرکووک درێندران و شێوێنران.[4]
- سێ کچی کوردی خەڵکی شەنگال کە داعش دەستگیری کردبوون لە وڵاتی سوریا ئازادکران.[5]
- مووچەی مانگی 2 لە بەغداوە گەییشتە هەرێم.[4]
- چەتەکانی داعش ئێوارە لە ناحیەی زاپ-ی باشووری کەرکووکدا هێرشیان کردە سەر بەندێکی کۆنترۆڵ-ی حەشدی شەعبی وپۆلیس-ی فیدراڵی، هێرشەکە لە ڕێگەی کردەوەی خۆکوژییەوە دەستی پێکرد. پاش ئەو هێرشە خۆکوژییە شەڕێکی سەخت دەستی پێکرد.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند، تاوەکو ئێستا حکومەت و ئۆپۆزیسیۆنی سووریا ڕێگەیان بە تیمە مرۆیی و فریاگوزاریەکانی ئەو ڕێکخراوەیە نەداوە بۆ ئەوەی سەردانی عەفرین بکەن، ستافان دۆڕاریک گوتەبێژی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێت، نزیکەی 137هەزار کەس لە دانیشتووانی عەفرین لە ناوچەی شەهبا ئاوارەن.[3]
دەرەوەی کوردستان
- لە پاریسی پایتەخت و مارسیلیا، ئەندامانی مەجلیسی کۆمەڵگەی دیموکراتی کورد و دۆستانیان ستاندێکی هۆشیارکردنەوەیان سەبارەت بە تاوانەکانی حکومەتی تورکیا لە دژی گەلی کورد ڕێکخست و تێیاندا بانگەشەیان کرد بۆ بایکۆتکردنی گەشتیاری و کاڵاکانی تورکیا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: جوانڕۆ
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-04-19
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-04-19
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-04-19
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-04-19
کاتی تۆمارکردن: 2018-04-19
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 352

2018-04-20



باکووری کوردستان
- لە ئۆنتۆرالّ-ی ناوچەی پیلەموورا-ی دەرسیم بە هۆی بۆردمانی هەلیکۆپتەرە جەنگییەکانی سوپای تورکیا ئاگرێکی مەزن دارستانەکانی ئەو ناوچەیەی گرتووەتەوە و هەتاکو دەڕوات پەرە دەستێنێت. ئەو ئاگرە هەمو چیاکانی ئەو ناوچەیەی گرتووەتە بەر.[3]
- بەیانی ئەمڕۆ، لەکاتێکدا گوندنشینانی گوندی ئالادانا-ی سەر بە شاروچکەی خیزان-ی بەدلیس لە باکوری کوردستان، بەمەبەستی کۆکردنەوەی گژوگیا ڕوویان لە کوێستانەکانی ناوچەکە کردبوو، لەلایەن بەکرێگیراوانی دەوڵەتی تورکەوە دەستڕێژیی گوللەیان لێکراوە. لەئەنجامی دەستڕێژی گوللەی بەکرێگیراوانەوە، دوو برا بە ناوەکانی سینان کاراباش و مەڤلان کاراباش گیانیان لەدەستدا و چەندین گوندنشینیش بریندار‌بوون.[4]
ڕۆژهەلاتی کوردستان
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەرێی کوردپا، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، هێزە ئیتلاعاتی و ئەمنیەتییەکان لە شارەکانی کوردستان، دەستیان بە ڕەشبگیری ژمارەیەک لە دوکانداران و کاسبکاران کردووە.[2]
- سەر لە بەیانی ئەمڕۆ، لە درێژەی داخستنی دوکان و بازارەکانی کوردستان لەلایەن بازاڕیان و دوکاندارنەوە، ئەماکن و هێزە ئینتزامییەکان بە زۆر دوکانی کاسبکارانی شاری پیرانشاریان کردەوە.[2]
باشووری کوردستان
- هەپەگە ڕایگەیاند، لە بارزان لە چالاکی گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل-هەپەگە 11 سەربازی سوپای تورک کوژران.[4]

- بەتۆمەتی تێوەگلانی لەچەند تاوانێکدا، فەرمانی دەستگیرکردن بۆ فەرماندەی هێزی سواتی پۆلیسی کەرکووک لەلایەن دادگاوە دەرچووە، کەسوکاری ئەو ئەفسەرە کوردەش بۆ ڕەتکردنەوەی تۆمەتەکان گردبونەوەی ناڕەزایەتیان ڕێکخست.[1]
- ژنێکی گەنج لە شارۆچکەی کەلار ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و بەهۆیەوە گیانی لەدەستدا، بەڕێوبەری بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژ بە ژنانی گەرمیانیش دەڵێت، کە تا ئێستا هۆکاری خۆسووتاندنی ئەو ژنە گەنجە نەزانراوە.[4]
- لە گوندی گەورەدێ سنوری شارۆچکەی چەمچەماڵ بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەهاوگوندییان و بەرپرسانی حکومی و کەسایەتیەکانی سنورەکە شەشەمین فیستیڤاڵی گوندەکە بەڕێوەچوو.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان

- بەگوێرەی ڕاگەیاندنێکی سوپای تورکیا لەکاتی گەڕان و پشکنیندا لە گوندی (دەرمەشکانێ)ی سەر بە عەفرین مینێکی چێندراو بە سەربازێکی سوپای تورکیادا تەقیوەتەوە و دەستبەجێ سەربازەکە گیانی لەدەستداوە.[1]

دەرەوەی کوردستان

- حکومەتی نەمسا ڕایگەیاند، کە ڕێگانادات سیاسەتمەدارەکانی ئاکەپە میتینگی هەڵبژاردن لەو وڵاتەدا ئەنجام بدەن.[4]
- حکومەتی ئەڵمانیا ڕایگەیاند، کە وەکچۆن ئەنجامدانی میتینگی ئاکەپە لە کاتی ڕیفراندۆمدا ڕێگای پێنەدرا، بۆ هەڵبژاردنی 24ی حوزەیرانیش بانگەشەی هەڵبژاردنی ئاکەپە لە وڵاتەدا قەدەغەیە.[4]
- یەکێتیی ئەوروپا ڕاپۆرتی خۆی لەبارەی بەرەوپێشچوونی تورکیا بۆ بەئەندامبوون لە یەکێتییەکە بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، تورکیا لە ئەندامییەتی یەکێتیی ئەوروپا زۆر دوورکەوتووەتەوە.[5]
- وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی لەبارەی ڕەوشی مافی مرۆڤ-ەوە بڵاوکردەوە و لە ڕاپۆرتەکەشدا هاتووە، لە تورکیا سەدان هەزار کەس دەستگیرکراون و ئەمەش کێشەی بۆ دیموکراسییەت دروستکردووە.[1]
- لە شاری لیڤەرکوزنی ئەڵمانیا چالاکییەک بە ناوی من چوم و پێلاوەکانم مانەوە بۆ یادی ئەو منداڵە عەفرینیانە ئەنجامدرا، کە لەلایەن حکومەتی تورکەوە کوژراون.[4]
- پەرلەمانی تورکیا پرۆژەبڕیاری هەڵبژاردنی پێشوەختی پەسندکرد، بەپێی بڕیارەکە ڕۆژی 24-06-2018 هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی تورکیا پێکەوە بەڕێوەدەچن.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان:	بەدلیس
شار و شارۆچکەکان:	پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان:	دێرسیم
شار و شارۆچکەکان:	عەفرین
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
شار و شارۆچکەکان:	کەلار (گەرمیان)
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	باکووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات:	ئەڵمانیا
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 20-04-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 20-04-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 20-04-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 20-04-2018

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-04-20
کاتی تۆمارکردن: 2018-04-20
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 353

2018-04-21



باکووری کوردستان
- شەپۆلێکی بەفر بارین و سەرما و سۆڵە پارێزگای قارسی لە باکووری کوردستان گرتەوە و بەدرێژایی شەو ناوەندی پارێزگاکە، ڕێگا سەرەکییەکانی قارس-دیگۆر و پارێزگای ئیدیری سپی پۆش کرد و پلەکانی گەرماش بەشێوەیەکی بەرچاو بۆ دوو پلەی سەدی دابەزی.[1]
- لە ئەنجامی چالاکییەکی گەریلاکانی هەپەگە لە گردی لێلکان کە دەکەوێتە سەر سنووورەکانی باشوری کوردستان، سەربازێکی سوپای تورک کوژرا.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دووکانداران و کاسبکارانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێدەنێنە حەوتەمین ڕۆژی مانگرتنی گشتی و داخستنی دووکان و بازاڕەکان، پارێزگاری سنەش دەڵێت، کە دەبێت سنووورەکان بکرێنەوە.[2]
- کاسبکارێکی کورد خەڵکی شاری شنۆ بە ناوی محەمەدڕەزا ئیسماعیلزادەلە ئەنجامی ڕاوەدوونانی هێزە نیزامییەکان گیانی لە دەست دا.[5]
باشووری کوردستان
- هاوڵاتیانی کورد لە شارەکانی سلێمانی، هەولێر، ڕانیە، قەڵادزێ، شارەزوور، کەرکووک، کەلار و قەندیلەوە بەرەو سیدەکان بەرێکەوتن، لە گوندی باڵایانی سەربە شاروچکەی قەسرێ چۆمان گەیشتنە یەکدی و کاروانێکی هاوبەشیان پێکهێنا بە مەبەستی شەرمەزارکردنی هێرشەکانی حکومەتی تورک بۆ سەر باشوری کوردستان. کاروانەکە لە خاڵی پشکنینی قەسرێ لەلایەن ئاسایشی پارتییەوە ڕێگریان لێکرا، ئاسایشی پارتی بە ئەندامانی کاروانەکەیان وتووە، کە لە سەرەوە فەرمانیان پێکراوە کە ڕێگری بکەن لە چوونی ئەو کاروانە بەرەو سیدەکان. لە بەرامبەر ڕێگرییەکاندا، خەڵکیش پێداگرییان کرد لە چوونیان و لە ئەنجامدا ئاسایش هێرشی کردە سەر هاوڵاتیان.[2]
- هاوکارییە داراییەکەی ئەمریکا بۆ پێشمەرگە گەیشتە هەولێر و لەم هەفتەیەدا مووچەی 12 لیوای وەزارەتی پێشمەرگە دابەشدەکرێت.[3]
- لەسەر ڕێگای سەرەکی شاروچکەی ڕەشاد – تازە خورماتووی پارێزگای کەرکووک، بۆمبێک بە ماشێنێکی لە جۆری پیکاب تەقیوەتەوە. زانرا تەقینەوەکە کوژرانی 2 کەس و بریندارببوونی 2 کەسی دیکەی لێکەوتووەتەوە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- تەرمی شەرڤانی ئینتەرناسیۆنالیستی ئەرجەنتینی ئەلینا سانچێز ناسراو بە لێگەرین چیا، لە دێرک لە ڕۆژئاوای کوردستان بە بەشداریی بنەماڵەکەی و هاوسەنگەرەکانی و لە مەراسیمێکی جەماوەریدا بەخاکسپێردرا.[2]

- هەزاران چەتەکانی سەر بە دەوڵەتی تورک، بە خێزانەوە چوونەتە عەفرین و دانیشتووانی گوندێکی عەفرینیشیان لە گوندەکەیان دەرکردووە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە وەڵامی ڕاپۆرتێکی لیژنەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی پەرلەماندا، دانی بەبوونی پەیوەندی نێوان لەندەن و پارتی یەکێتی دیموکرات و باڵە سەربازییەکەی یەکینەکانی پاراستنی گەل دا نا، بوونی هەرپەوەندییەکیشی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)دا ڕەتکردەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: قارس
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
وڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-04-21
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-04-21
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-04-21
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-04-21
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-04-22
کاتی تۆمارکردن: 2018-04-21
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 354

2018-04-22



رۆژهەڵاتی کوردستان
- نوێنەرانی شارەکانی مەهاباد و قوروە لە پەرلەمانی ئێران لە نامەیەکدا، ڕەخنە لە خەمساردی حکومەتی ئێران بەرامبەر ناڕەزایەتی سنووررنشینان لە داخستنی سنووەرکان لە ناوچە کوردنشینەکان دەگرن.[1]
- بە هۆی لێکەوتنی بێلێکی میکانیکی لە مینێک و تەقینەوەی ئەو مینە لە شاری سەربێڵی زەهاو، دوو هاوواڵاتیی بە سەختی بریندار بوون و ڕەوانەی نەخۆشخانە کران. شوناسی ئەو دوو هاوواڵاتییە بە ناوەکانی سەعید میری و هادی موورادی ڕاگەیەندراوە و ئەو دوو هاوواڵاتییە لە گوندی بێشکان تووشی ئەو ڕووداوە بوون.[5]
باشووری کوردستان
- بەهۆی تەقینەوەیەکەوە لە دەوروبەری گردی لێلکان لە سنووری ناوچەی سیدەکان، 3 سەربازی سوپای تورک کوژران.[4]
- ژمارەیەک پۆلیسی پاسەوانییەکان لەبەردەم دادگای ڕانیە گردبوونەتەوە و ناڕازین لەدەستکارینەکردنی پاشەکەوتی موچەکانیان و داوادەکەن موچەکانیان هاوتای موچەی وەزارەتی ناوخۆ لێبکرێت.[1]
- ژمارەیەک پۆلیسی پاسەوانییەکانی بارەگا حزبییەکان و دادگاکان لەبەردەم دادگای سلێمانی گردبوونەتەوە و ناڕازین لەدەستکارینەکردنی پاشەکەوتی موچەکانیان و داوادەکەن موچەکانیان هاوتای موچەی وەزارەتی ناوخۆ لێبکرێت.[1]
- ژنێکی خەڵکی زاخۆ، کە خاوەنی شەش منداڵە، لەگەڵ هاوژینەکەی و منداڵەکانیان ویستوویانە بەڕێگەی قاچاخ خۆیان بگەیەننە یۆنان، بەڵام ئەو بەلەمەی دەیگواستنەوە، لەڕێگەدا نقووم بووە، لە ئەنجامدا ژنەکە و دوو لە منداڵەکانی لەگەڵ منداڵێکی دیکەی کورد، گیانیان لەدەستداوە و هێشتاش تەرمەکانیان نەدۆزراونەتەوە.[2]
- سێ پێشمەرگەی کوردی دەستگیرکراو لەلایەن چەکدارانی داعش لەلایەن هێزەکانی دژەتیرۆر ئازادکران.[1][2]
- وەزیری هاریکاری و گەشەپێدانی ئەڵمانیا لەڕێگەی فڕۆکەخانەوە گەیشتە هەولێر و لەلایەن بەرپرسانی حکومەتی هەرێم پێشوازی لێکرا.[1]
- وەزیری دارایی ڕایگەیاند، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا کە دوو ملیار دینار بۆ پارەی موچەی وەزارەتی ناوخۆ زیادبکرێت.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- خوێندکارانی عەفرین دوای 3 مانگ دەستیان کردەوە بە خوێندن.[3]
- هێزەکانی تورکیای داگیرکەر و چەتەکانیان لە عەفرین، لە گوندێکی ئێزدییەکان 6 کەسی خانەوادەیەکیان ڕفاند. هاوکات لە گوندەکانی دیکەی کانتۆنەکە 9 کەس ڕفێندران.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: زەهاو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (راپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-04-22
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-04-22
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-04-22
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-04-22
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-04-24
کاتی تۆمارکردن: 2018-04-22
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 355

2018-04-23



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- چوار زیندانیی کورد، خەڵکی شارەکانی بۆکان، پیرانشار و ورمێ لە زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ لە سێدراە دران. شوناسی ئەو چوار هاوواڵاتییە کوردە، بە ناوەکانی تەیب شێخزادە، خەڵکی پیرانشار، قادر محەمەد حەسەن خەڵکی بۆکان، یەدوڵا سەمەدی و ئیسلام ڕەشیدی خەڵکی ورمێیە. هەر چواریان بەتاوانی کوشتنی ئەنقەست لەسیدارەدران.[3]
باشووری کوردستان
- کۆچی دوایی شاعیری نوێخواز، کەژاڵ ئیبراهیم خدر لە سلێمانی.[5]
- شەوی ڕابردوو کاتژمێر 1:30 خولەک، بنکەیەکی بانگەشەی هەڵبژاردنی بزوتنەوەی گۆڕان لە شارەدێی حاجی ئۆمەران-ی

سەربە شارۆچکەی چۆمان-ی پارێزگای هەولێر سوتێندرا.[2]
- بەشێک لە پۆلیسەکانی یەکەی پاسەوانی شاری کۆیە خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و داوای زیادکردنی موچەکانیان کرد.[1]
- ئەنجوومەنی ناوچەی بۆرک-ی شەنگال دووەمین کۆنفرانسی خۆی ئەنجامدا. لە کۆنفرانسەکەدا داوا لە کۆمەڵگەی ئێزدی کرا کە لە هەڵبژاردنەکانی ئێراقدا دەنگی خۆیان بدەنە ئیرادەی خۆیان.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-04-23
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-04-23
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-04-23
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-04-23
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-04-23
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 356

2018-04-24



باکووری کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ کاتژمێر 3:34 خولەک لە شارۆچکەی سەمسات بوومەلەرزەیەک بە گوری 5.4 ڕێختەر لە قووڵایی 1.4 کیلۆمەتریی زەوی ڕوویدا، لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر لە خانوو و بیناکان ڕووخان و زۆرتر لە 10 کەسیش بریندارببوون، ئەو بوومەلەرزەیە لە ئامەد، ڕوحا، مەرەش، دیلۆک، مەلەتی، باتمان و چەندین شاری ڕۆژاوای کوردستان و باکوری سوریا وەک کۆبانێ و حەلەب هەستی پێکراوە.[1]
- بەپێی میدیاکانی تورکیا، سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ لە ناوچەی سۆرو تەپە لە پارێزگای شرناخ تەقینەوەیەک ڕوویداوە و بەو هۆیەوە سەربازێک کوژراوە.[2]
باشووری کوردستان
- بە بەشداری هاوڵاتیان و نوێنەری بەشێک لەلایەنە سیاسییەکان، لەسەر مەزاری شەهیدان لە قەڵادزێ یادی 44 ساڵەی بۆردوومانی شارۆچکەکە بەبێ وتاری هیچ حزبێک کرایەوە. لە مەراسیمەکەدا تاجە گوڵینە لە سەر مۆنۆمێنتی شەهیدان دانرا، هەروەها گروپی شاخەوانی سەردەشت بە پێ لە شاری سەردەشتی سەربە پارێزگای ورمێ-ی ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە، وەک وەفایەک بۆ شەهیدانی قەڵادزێ لە مەراسیمەکەدا بەشداریان کرد.[1]
- لە شەقامی سەد مەتری هەولێر، پیاوێک بەدەستڕێژی گوللە کوژرا.[3] قوربانیەکە ناوی فارس محەمەد سادق-ە و بەرێوەبەری گشتی کارگێڕی_یە لە ئۆفیسی سەرەکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردەنەکان لەپشکی یەکێتی.[4]
- ئەمشەو، هێرشێکی چەکدارانی داعش لەباشوری کەرکووک، کوژراوێک و 5 بریندار لەریزی حەشدی سونەی حەویجەی لێکەوتەوە.[3]
- سوپای تورکیا ڕایدەگەیێنێ، لە ئۆپەراسیۆنێکی ئاسمانیدا فڕۆکە جەنگییەکانیان 9 پێگەی پەکەکەیان لە باشووری کوردستان بۆردوومانکردوون.[5]
- بەشار مستەفا، جێگری سەرۆکی لیژنەی ئۆلیمپی عێراق و سەرۆکی یەکێتی بۆکسینگی عێراق لە ڕێگای کەربەلا بۆ بەغدا لەلایەن گرووپێکی نەناسراوەوە بەهۆکارێکی نادیار ڕفێندرا.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سەدان ئاوارەی عەفرینی کە لە کامپی بەرخۆدانی شەهبا و کامپەکانی دەوروبەری جێگربوون تووشی نەخۆشیی پێستی لەشمانی بوون، بەڕێوبەرانی مانگی سووری کورد بانگەوازیی هاوکاریی دەکەن بۆ ئەو نەخۆشانە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- پەرلەمانی ئەوروپا ڕایگەیاند، کە هەڵبژاردنی پێشوەختەی 24ی حوزەیرانی تورکیا بەگوێرەی پێوەرەکانی یەکێتی ئەوروپا نییە و دەبێت دوابخرێتەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-04-24
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-04-24
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-04-24
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری سنور میدیا - 2018-04-24
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-04-24
کاتی تۆمارکردن: 2018-04-24
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 357

2018-04-25



باکووری کوردستان
- سوپای تورکیای داگیرکەر لە سێگۆشەی پاسور و لیجەی ئامەد و ناوچەی دارا هێنێ لە پارێزگای چەولیک بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر سەرباز دەستی بە ئەنجامدانی ئۆپراسیۆن کرد.[4]
- بەپێی هەواڵی مێدیاکانی تورکیا ئەمڕۆ کاتژمێر 17:30 لە سنووری ناوچەی لیجەی ئامەد لە کاتی ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیای داگیرکەر شەڕ ڕوویداوە. لە ئەنجامدا ئەفسەرێکی هێزەکانی جەندەرمە بە ناوی ئیسماعیل جەسوور کوژراوە، هەروەها 4 سەربازیش بریندار بوون.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- شەوی ڕابردوو، یەکێک لە دستوپەیوەندییەکانی حکوومەتی ئێران، کە سەرهەنگی سپای پاسدارانی شاری مەریوان بووە، تەقەی لە دوو هاوواڵاتیی خەڵکی گوندی نێ مەریوان (کە برا بوون) دەکات و دەبێتە هۆی بریندارببوون و کوژرانی ئەو دوو برایە. شوناسی ئەو دوو برایە بە ناوەکانیحاجی لەتیف نیکپەی و عوسمان نیکپەی ڕاگەیەندراوە و هەروەها شوناسی بکوژەکەش بریتییە لە کاوە کۆنەپۆشی سەرهەنگی سپای پاسداران.[5]
- دەرەنگانی شەوی ڕابردوو، لە ناوەندی شاری مەریوان ڕێستورانتێکی تایبەت بە سوپای پاسداران لەلایەن هاوواڵاتیانی ناڕازییەوە سووتێندرا، لەلایەکی دیکەوە هاوواڵاتیانی ناڕازی لە گوندی نێ بەردیان هەڵداوە بۆ ناو ماڵەکانی ئەندامانی سوپا.[2]

باشووری کوردستان

- پۆلیسی پاسەوانی بارەگا حزبییەکان و دادگاکانی چەند شار و شارۆچکەیەک لەدژی کەمنەکردنەوەی پاشەکەوتی موچەکانیان خۆپیشاندانیان دەستپێکردووە.[1]
- لە نزیک مۆنۆمێنتی ئەنفال لە چەمچەماڵ بەشێک لە پۆلیسانی پاسەوانی خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و ڕێگەی سەرەکی سلێمانی کەرکووکیان داخست.[1]
- لە دهۆکیش پۆلیسانی پاسەوانی خۆپیشاندانیان ئەنجامدا.[3]
- فڕۆکەکانی جەنگییەکانی تورکیا بە تۆمەتی بوونی گەریلای پەکەکە بۆردوومانی دوو ناوچە لە سنووری شارۆچکەی وەرتێ دەکەن.[6]
- ژمارەیەک لە چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە شاری هەولێر لە بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان گردبوونەوە و داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری لەسێدارەدانی ڕامین حسێن پەناهی-یان کرد.[2]
- حکومەتی عێراق سەبارەت بە بایکۆتکردنی فڕۆکەخانەی سلێمانی هۆشداریدەداتە تورکیا و هەڕەشەی گرتنەبەری هەڵوێستی هاوشێوە بەرامبەر ئەو وڵاتە دەکات.[1]
- لە خوێندنگەی ئاڵای بنەڕەتی لە سلێمانی، پاش ئەوەی شەڕ لەنێوان ژمارەیەک خوێندکاری خوێندنگەکە ڕووەدات، باوکی خوێندکارێک بە چەقۆ بەڕێوەبەری خوێندنگەکە و کوڕەکەی بریندار دەکات.[1]
- حەیدەر عەبادی بەسەردانێک گەییشتە سلێمانی.[3]
- لە پەیمانگای ڕانیە بۆ زانستەکانی کۆمپیوتەر سێیەمین ڤیستیڤاڵی سااڵنەی خۆی ڕێکخست. کە تیایدا خوێندکارانی قۆناغە جیاوازەکانی ئەو پەیمانگایە بە چەندین داهێنان و بەرهەمی زانستی توانا و بەهرەکانی خۆیان خستە ڕوو.[1]
- خانەوادەی شەهید لیوا حوسێن مەنسوور سەردانی حەیدەر عەبادی بۆ ماڵەکەیان لە سلێمانی ڕەتدەکەنەوە.[6]

ڕۆژئاوای کوردستان

- وتەبێژی یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە لە عەفرین ڕایگەیاند، لە ماوەی هەفتەی ڕابردوودا لە عەفرین 12 سەرباز و چەکداری هاوپەیمانی تورکیا کوژراون.[1]

دەرەوەی کوردستان

- لە شاری بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا سزای لەسێدارەدان و کردەوەکانی دوور لە پێوەرە مرۆییەکانی ڕژێمی ئێران بەرامبەر بە زیندانیان، لە چالاکییەکەدا ئیدانەکران.[4]
- چەند فەیلسوفی گەورەی جیهان، نامەیەکی کراوەیان بە ناوی بانگەوازییەک بۆ بەرگری لە ڕۆژئاوا بڵاوکردەوە و تێیدا بانگەوازیی حکومەتی ئەمریکایان کرد، کە بە گەمارۆی ئابووری و سیاسیی تورکیا پشتگیریی ڕۆژئاوای کوردستان بکات.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: مەریوان

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

وڵات: ئەڵمانیا

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-04-25
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-04-25
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-04-25
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-04-25
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-04-25

کاتی تۆمارکردن: 2018-04-25

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 358

2018-04-26



باکووری کوردستان
- بە مەبەستی ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی سەربازیی سوپای تورکیای داگیرکەر، لە 69 گوند و ناوچەی لیجە و پاسووری ئامەد قەدەغەی هاتووچۆ ڕاگەیاندرا.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەهۆی دەستڕێژی گوللەی هێزە سەربازییەکانی ئێران لە سەر سنوورە دەستکردەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باکوری کوردستان، کۆڵبەرێک بریندار بوو.[1]
باشووری کوردستان
- هاوسەرۆکی شارەوانی بناری قەندیل هۆشداری دەداتە هاوڵاتیانی دەڤەری ڕاپەڕین بۆ کۆکردنەوەی گژوگیا بەهاریەکان سەردانی شاخەکانی بنارەکە نەکەن، ئەوەیش بەهۆی بۆردومانی فڕۆکە جەنگیەکانی سوپای تورکیا ژیانیان دەخاتە مەترسیەوە.[4]
- حەیدەر عەبادی سەردانی هەولێری کرد و لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی کۆبوونەوە.[3]
- سەنتەری ڕاگەیاندنی ئەمنی، کە سەر بە وەزارەتی بەرگریی عێراقە ڕایگەیاند، چەکدارانی داعش هیچ گوند و ناوچەیەکیان لە باشووری پارێزگای کەرکووک کۆنترۆڵنەکردووە.[4]

- لە ناوەندی کلتوری لە شارۆچکەی خانەقین پێشانگایەکی شێوەکاریی بە بەشداری 16 شێوەکاری خانەقین کرایەوە.[1]
- سەر لەئێوارەی ئەمڕۆ لە کاتی بەشداریکردنی لە یادی ڕاپەڕینە جەماوەرییکەی ساڵی 1987ی خەڵکی هەڵەبجە و هەورامان، دوابەدوای خوێندنەوەی شیعرێک، شاعیری دیاری ناوچەی هەڵەبجە و هەورامان، (ئیبراهیم عەبدولکەریم) کۆچی دواییکرد.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ڕێکخراوی ڕوانگەی سوریی بۆ مافەکانی مرۆڤ کە ناوەندەکەی لە لەندەنە، بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێک ڕایگەیاند، کە تالانکارییەکان لە عەفرین بەردەوامن.[1]

دەرەوەی کوردستان

- مانگرتن لە خواردن لە شارەکانی ئەوروپا بۆ ئازادیی عەبدوڵڵا ئۆجەلان کە بە دەستپێشخەریی کۆنگرەی جڤاکی دیموکراتی کورد لە ئەوروپا لە شاری ستراسبورگی فەرەنساوە دەستیپێکرد، ئەمڕۆ لە چوارەمین ڕۆژیدایە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: باکووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: تورکیا

وڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 26-04-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 26-04-2018
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 26-04-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 26-04-2018

کاتی تۆمارکردن: 26-04-2018

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 359

2018-04-27



رۆژهەڵاتی کوردستان
- بەمەبەستی ناڕەزایەتی دەربڕین لە هەمبەر داخستنی سنووری‌کانی ڕۆژهەڵات مانگرتنی دوکانداران وکاسبکارانی شاری بانە پێ نایە سێزدەیەمین ڕۆژی خۆی.[1]
- ئەمڕۆ لە شاری ڕوانسەر، تەرزە باریوە هێندەی هێلکەیەک گەورە بووە و زیانی زۆری داوە.[3]
- لە گوندی هەژدە دۆڵانی شاری بانە، تەرمی ژنێک بە ناوێگ.س دۆزرایەوە، کە لە لایەن مێردەکەیەوە کوژرابوو.[6]
باشووری کوردستان
- بەهۆی هاتنی شەپۆلێکی نوێی سەرما و سۆڵە و نزم بوونەوەی پلەکانی گەرما، بەیانی ئەمڕۆ لە کوێستانەکانی سنووری پێنجوێن بەفر باری و ڕێژەی بارانی ئەمساڵیش (1000 ملم)ی تێپەڕاندووە.[2]
- وتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقدا دەنگی یەکێتی لە ناوچەی بادینان کەمناکات و چەسپاوە، ئەگەربێت و لایەنێکیش لەم ناوچەیە دەنگ بەدەستبهێنێت و باڵانسی دەنگ بگۆڕێت دەنگ لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەڕوات نەوەک یەکێتی.[2]
- گەریلاکانی هەپەگە لە ناوچەی بارزان، هێزە نهێنییەکانی سوپای تورکیان کردە ئامانج و 3 سەربازی تورک لەو چالاکییەدا کوژران.[5]
- لە کاژێر 13:30 خولەکی ئەمڕۆ, شەڕ و پێکدادانێکی چڕ لەنێوان گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە و سوپای تورکیا لە سنووری پێنج گوندی شاڕۆچکەی سیدەکانی سەر بە قەزای سۆران دەستیپێکرد و بەهۆیەوە گوندەکانی لێلکان، خەلیفان، گۆرەشا، تارەکان و ناومێرگان چۆڵ بوون و خەڵکەکەی ئاوارەی سیدەکان و دەوروبەری بوونەتەوە.[4]
- لە شاری ڕانیە لە سەر ئەوەی مەلایەک یەکێتی و ئەی تر دوور لە یەکێتی دەبێتە کێشەیان، دەرئەنجام ڕیزی نوێژ لە مزگەوتی گەورەی ڕانیە دەبێتە دوو ڕیز، ڕیزێک هەموو لایەنەکانی تر، ڕیزێک و مەلایەک و یەکێتییەکان.[3]
- بنەماڵەی شەهیدی فەرماندە سەربەست مەنتک ڕونکردنەوەیەکیان بڵاوکردەوە و دەڵێن، بڕیاربوو ئەمڕۆ حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق و سەرۆکی هاوپەیمانی نەسرِ سەردانیان بکات، بەڵام سەردانەکەیان ڕەتکردۆتەوە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بە پێی هەواڵێک کە لە ئاژانسی هەواڵی هاوار بڵاوبووەتەوە، سەرچاوەکان لە عەفرینەوە زانیاریان داوە، کە دەوڵەتی تورکیا

بۆ ئەوەی عەلەوییەکانی عەفرین لە هەڵبژاردنەکانی 24ی حوزەیران/4ی پووشپەڕ دا تورکیادا بەکاربهێنێت، ناسنامەی تورکییان بۆ دەردەکات. هەمان سەرچاوە ئەوەشی خستەڕوو، کە دەوڵەتی تورکیا بەزۆر ناسنامەی تورکییان داوەتە دانێشتووانی گوندی کۆکانێ-ی سەر بە شارۆچکەی ماباتای عەفرین.[1]
دەرەوەی کوردستان
- ئەمینداری گشتی هاوپەیمانی باکوری ئەتلەسی (ناتۆ) ڕایگەیاند، پلانی تایبەتیان هەیە بۆ زیاترکردنی هاریکاریيە سەربازییەکانیان بۆ هێزە سەربازییەکانی عێراق و پێشمەرگە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-04-27
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2018-04-27
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2018-04-27
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2018-04-27
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2018-04-29
کاتی تۆمارکردن: 2018-04-27
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 360

2018-04-28



رۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەمڕۆ 14-یەمین ڕۆژی مانگرتن لە کارکردنی دووکانداران و کاسبکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لە دژی داخستنی سنووری کۆڵبەرییەکان و بەرزبوونەوەی نرخی باج و گومرگ.[1]
- ژمارەیەک لە ئەسپی کاسبکارانی کورد، لە گوندەکانی میرئاوا و پێگەڵە دەکەونە بۆسەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران و هێزە نیزامییەکانیش ئەسپی کاسبکارانی کورد دەدەنە بەر دەسرێژی گوللە. لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران، دەیان ئەسپی کاسبکارانی کورد بەکوشت چوون و چالاکانی مەدەنیش ئەم هەوڵەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران بە تێکدانی سامانی خەڵک (تخریب اموال مردم) ناو دەبەن.[5]
باشووری کوردستان
- حەیدەر عەبادی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن، گەییشتە کەرکووک.[2]
- لەمیانی بەشداریکردنی لەئاهەنگی ناساندنی کاندیدانی لیستەکەی لە کەرکووک عەبادی ڕایگەیاند، پێشمەرگە هەڵگری هەڵوێستی نیشتیمانییە و لە دژی سوپای عێراقیش ئامادەی شەڕکردن نەبوو.[4]
- قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان و کوڕی مام جەلال لە هەڵمەتی بانگەشە بۆ لیستی یەکێتی، ڕەخنەی تووندی لە بەرهەم سالح گرت و گوتی، کاتێک یەکێتی پارەی نەما ئەو جیابووەوە. گوتیشی، کە سەرۆک حکومەت بوویت و حکومەت پارەی لێدەباری بۆ چاکسازیت نەکرد.[3]
- کامەران بەرواری، سەرۆکی لیستی نەوەی نوێ لە زاخۆ هێرشی کرایەسەر.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- فڕۆکەیەکی یەپ فڕۆکەوانی سوپای تورکیای داگیرکەر لە گوندی خەلنێرە-ی سەر بە ناوەندی شاری عەفرین، بۆمبارانی خانەوادەیەکی کردووە کە لەنێو باخی زەیتوونەکانیان بوون. بەهۆی هێرشەکە هاوڵاتییەک بە ناوی خالید مستەفا (24 ساڵان) شەهید بوو، هەروەها باوکی ناوبراو بە ناوی (واحید موستەفا (50 ساڵان) و برایەکی بە ناوی (عەلی مستەفا(23 ساڵان) بریندار بوون.[6]
دەرەوەی کوردستان
- لە شاری دەنیزلیی تورکیا لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنێکی ڕەشبگیریی پۆلیسی تورکدا، دەیان ئەندامی پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە دەستگیرکران.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-04-28
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-04-28
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-04-28
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-04-29
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-04-29

کاتی تۆمارکردن: 2018-04-28

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 361

2018-04-29



باکووری کوردستان
- ئەنجومەنی پارێزگای چەولیگ ڕایگەیاند، کە لە ڕۆژانی 30ی نیسان بۆ 14ی ئایار، 26 ناوچەی ئەو پارێزگایە وەک ناوچەی ئاسایشی تایبەت دەناسرێن و هاتووچۆ تێیاندا قەدەغە دەبێت.[2]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- مانگرتن لە کاری کاسبکاران و دوکانداراني شارە سنووریيەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە 15 یەمین ڕۆژیدا بەردەوامە و نوێنەری سەید عەلی خامنەیی لە پارێزگای سنە-ش ڕەخنە لە کەمتەرخەمییەکانی حکومەت لەبارەی کوردستانەوە دەگرێت.[2]

باشووری کوردستان
- لە گەڕەکی هەڤاڵانی هەولێر گەنجێک بە چەقۆ دایک و باوکی خۆی دایە بەر چەقۆ و لە ئەنجامدا باوکی گیانی لەدەستدا و دایکیشی بریندارببوو.[1]
- بەشێک لە هەڵگرانی ماستەرو دکتۆر لە بەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە هەولێر گردبوونەوە و داوادەکەن مەرجەکانی پێدانی نازناوی زانستی لەسەر هەڵبگیرێت.[3]
- بەڕێوەبەری ئۆفیسی سلێمانی کۆمسۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ڕایدەگەیەنیت تائێستا هیچ داوایەکی یاسایی لەسەر دەنگاکانی ڕاگەیاندن تۆمارنەکراوە.[3]

- عەبدولخالق تەڵعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر ڕایگەیاند فەرهاد پیربااڵ دەستگیرنەکراوە بەڵکو لەسەر داوای بنەماڵەکەی لەشوێنێکی تایبەت دانراوەو پاش "چارەسەری دۆخی دەروونی و جەستەییشی" ئازاد دەکرێت.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەڕو پێکدادانی قورس لەنێوان هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەدەسە) و سوپای سوریا لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕویدا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-04-29
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-04-29
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2018-04-30

کاتی تۆمارکردن: 2018-04-29

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 362

2018-04-30



باکووری کوردستان
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ کاتژێر 10:00، سەڵاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە، نێردرایە بەردەم دادوەر لە دادگای سزای قوورسی ئەستەنبوڵ. داواکاری گشتیی تورک بە تۆمەتی پرۆپاگەندە بۆ ڕێکخستنی قەدەغە داوای سزای پێنج ساڵ زیندانی بۆ سەڵاحەدین دەمیرتاش کرد.[2]
- سوپای تورک لە ناوچەکانی جودی و فاراشین لە باکووری کوردستان، ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوانی بە بەشدارپی چەندین سەرباز و فڕۆکەی جەنگی دەستپێکرد.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- مانگرتنی کاسبکاران و دوکاندارانی شاری بانە-ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێ نایە 16یەمین ڕۆژی خۆی، مانگرتووان لەسەر شەقامەکان چادریان هەڵداو، و ڕایانگەیاندووە تا گەیشتن بەخواستەکانیان واز لە مانگرتن ناهێنن.[3]
- سەربازێکی کورد بە ناوی محەمەد ڕەزا سالاوەندیان خەڵکی شاری بیجارِ کوردی عەلی بەخش بەهۆی تەقینەوەی مین لە خاڵی سنووری شاری سەقز بریندار بوو.[6]
- دوو چالاکی مەدەنیی خەڵکی شاری سەقز، بە ناوەکانی نادر و شەهرام مەجیدیان لەلایەن دادسەرای ئینقلابی ئەو شارە بە یەک ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کران.[6]

باشووری کوردستان

- بەهۆی ئەو شەپۆلە باران بارین و ڕەشەبایەوە کە ماوەی چەند ڕۆژێکە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان گرتۆتەوە زۆرێک لەو پۆستەرانەی کە مەبەستی بانگەشەی هەڵبژاردن دانرابوون شێوێنراون و تێکچوون.[1]
- لە هەولێر، بەشێوەیەکی ئەزموونی دەنگدان لە 53 بنکەی هەڵبژاردن دەنگدان بەڕێوەدەچێت و سەرۆکی لقی هەولێری کۆمیسیۆنیش دەڵێت دەنگدانەکە بۆ دڵنیابوونی حزب و لایەنەکان و چاودێرانی بیانییە.[1]
- تەرمی نووسەر و ڕۆشنبیری کورد، دانا جەلال موفتی گەیشتە فڕۆکەخانەی هەولێر.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان

- سەدان هاوواڵتیی عەفرین لە کانتۆنی شەهبا، لە دژی داگیرکەریی دەوڵەتی تورکیا و هەوڵەکانی ئەو دەوڵەتی بۆ گۆڕینی دیموگرافیا و باری دانیشتووان، خۆپیشاندان ئەنجام دەدەن.[3]

دەرەوەی کوردستان

- بڕیارە بۆ پشتگیری لە ناوچەی حەسکیف-ی باتمان و ناوچەی سووری ئامەد کە شوێنەواری مێژوویین و لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە لەناودەبرێن، لە 20 وەڵاتی جیهان چالاکی بەڕێوەبچن.[3]
- هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش داخستنی بارەگاکانی لە بەغدا و کۆتاییهاتنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی دژی داعش لە ئێراق ڕاگەیاند.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: ئەستەمبوڵ

شار و شارۆچکەکان: بیجار

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-04-30
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-04-30
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-04-30
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-04-30
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-04-30

کاتی تۆمارکردن: 2018-04-29

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 363

2018-05-01



باکووری کوردستان

- میتینگی ئامەد بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی کرێکاران ئەمڕۆ بە پێشەنگایەتیی سەندیکا و ڕێکخراوەکانی DISK, KESK, TMMOB و TBB بە دروشمی جۆراوجۆری کرێکاران، کاتژمێر 13:00 لە مەیدانی 5ی حوزەیرانی دیموکراتی بەڕێوەچوو. لە میتینگەکەدا چەندین پۆستەر بەرز کرانەوە کە لەسەریان نووسرابوو: (ژنجی ئێمە، جەستەی ئێمە و ناسنامەی ئێمە ئی ئێمەیە)، (بژی 1ی گوڵان)، (ژن، ژاشتی و بەهار دێنێت) و (لەپێناو ژیانێکی مرۆڤانە و ئاسایشی کار، نا بۆ باری نائاسایی).[1]

باشووری کوردستان

- لە باشووری کوردستان، لە هەولێر، کەرکووک و هەڵەبجە بەپێشەنگیی حیزبی شیوعی کوردستان 1ی ئایار ڕۆژی جیهانیی کرێکاران پیرۆز کرا.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- لە شاری قامیشلۆ، دێرک، گرکێ لەگێ، کۆبانێ، منبج، تربەسپی و چەندین ناوچەی دیکەی ڕۆژئاوای کوردستان و باکووری سووریا 1ی ئایار ڕۆژی جیهانیی کرێکاران بەجۆش و خرۆشەوە پیرۆز کرا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ

شار و شارۆچکەکان: کۆبانی

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-05-01

[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-05-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 364

2018-05-02

ئەم ئیوارەیە گردبوونەوە بۆ پشتیوانی لە رامین حوسین پەناهی لە شاری هەولێر ئەنجام دەدرێت

با پێکەوە ئێوارە کاتژمێر 5ی ئێوارە لە بەردەم پارکی شانەدەر لە شاری هەولێر داکۆکی لە کاکە رامینی حوسێن پەناهی و بنەماڵەکەی بکەین کە چاوەڕوان دەکرێت کاتژمێرەکانی داهاتوو بڕیاری لە سێدارە کردنەکەی جێبەجێبکرێت.

هەولێر-بەردەم پارکی شاندەر

کات: چوارشەمە 2ی ئایار کاتژمێر 5ی ئێوارە

نا بۆ کۆرپەندی ئابووری کۆماری پەت و سێدارە لە شاری هەولێر

بەڵێ بۆ بایکۆتی ئابووری ئێران و تورکیا



رۆژئاوای کوردستان
- کاتژمێر 11:45 خولەکی پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ لە پردی سپی حەسەکە، بۆمبێک بە گروپێک لە منداڵانا تەقییەوە، ئانجامە بەراییەکان باس لە کوژرانی 3 منداڵ وبریندار بوونی 7 منداڵی دیکە دەکات.[1]
- بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی هەواڵی هاوار، سوپای تورکیای داگیرکەر لە سەربازگەکانی خۆیەوە لەسەر هێڵی سنووری کۆبانێ، بە تۆپی هاوەن هێرش دەکاتە سەر گوندەکانی رۆژئاوای شاری کۆبانێ.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
وڵات: رۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-05-02
کاتی تۆمارکردن: 2018-05-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 365

2018-05-03



رۆژهەڵاتی کوردستان
- بڕیاربوو بەرەبەیانی ئەمڕۆ ڕامین حوسێن پەناهی زیندانیی سیاسیی کورد کە لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنراوە، لەسێدارە بدرێت، بەڵام ئەمڕۆ ڕاگەیەنرا کە جێبەجێکردنی سزاکە بۆ ماوەیەک ڕاگیراوە.[3]
- ماوەی 19 ڕۆژە کاسبکار و دوکاندارانی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دژی حکوومەتی ئێران کە دەروازەسنووریيە نافەرمییەکانی داخستووە و باجی گومرگی زیاد کردووە، دەستیان بە مانگرتن کردووە. ئەمڕۆش لە شارەکانی بانە، سەقز، سەردەشت و پیرانشار مانگرتن بەردەوامە.[3]
باشووری کوردستان
- بەبۆنەی یادی 30 ساڵەی ئەنفال و کیمیاباران‌کردنی قەڵاسێوکە - گوندەکانی (عەسکەر و گۆپتەپە و چەمی ڕەزان) بەئامادەبوونی ژمارەیەک لە کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراون و دانیشتوانی سنورەکە و بەرپرسانی حکومی و حزبی لەمەراسیمێکدا لەگوندەکانی عەسکەر و گۆپتەپە، تاجەگولێنە لەسەر مەزاری شەهیدانی هەردوو گوندەکە دانرا.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هەزاران هاوڵاتی کانتۆنەکانی عەفرین و شەهبا، ڕێپێوانێکی جەماوەریان لە ناوچەی فافین-ەوە بۆ کامپی بەرخۆدان دەسپێکرد، کە ئاوارەکانی عەفرینی لێ نیشتەجییە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-05-03

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-05-03
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-05-03
کاتی تۆمارکردن: 2018-05-03
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 366

2018-05-04



رۆژهەڵاتی کوردستان
- سەرەڕای گوشاری ناوەندە ئیتلاعاتییەکان بۆ کۆتاییهێنان بە مانگرتنی بازاڕیانی شاری بانە، مانگرتنی بازاڕیانی ئەو شارە سنوورییە، بە بیستەمین ڕۆژی خۆی گەیشت.[1]
باشووری کوردستان
- وەزیری بازرگانی ئێران بە سەرۆکایەتی شاندێک گەیشتە هەولێر.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: بانە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2018-05-04
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2018-05-04
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 367

2018-05-05



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کاتژمێر 8.30 لە ئەنجامی ڕاودوونان و تەقەی هێزە نیزامییەکان لە کۆڵبەران، کۆڵبەرێکی خەڵکی شاری پیرانشار، بە تەقەی هێزە نیزامییەکان و بەربوونەوە لە شاخی کانی خوای ئەو شارە بریندار بووە.[2]
باشووری کوردستان
- بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسان و چالاکوانانی کۆمەڵگای مەدەنیی و کەسوکاری سەردەشت عوسمان، هەشتەمین ساڵیادی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان لەسەر گۆڕەکەی کرایەوە.[1]
- لە چەند شار و شارۆچکەیەکی هەرێمی کوردستان، هەشتەمین ساڵیادی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان کرایەوە و بەرگی دووەمی پەرتووکی سەردەشت عوسمانیش بڵاوەکرایەوە.[1]

دەرەوەی کوردستان
- سێ پەرلەمانتاری پارتی گەلی کۆماری-جەهەپە لە پەرلەمانی تورکیا داوای ئازادکردنی سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپەیان کرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-05-05
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-05-06
کاتی تۆمارکردن: 2018-05-05
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 368

2018-05-06



باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو بە هۆی بارینی بارانێکی زۆرەوە، لە زۆربەی گەڕەکەکانی ناو شاری دهۆک لافاو دروستبووەو بەوهۆیەوە چوار کەس لە شارەدێی فایدە بێسەروشوێنبوون و 28 ماڵ بە تەواوی ژێر ئاو کەوتوون و گوازراونەتەوە بۆ قوتابخانەیەک.[1]
- گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل- هەپەگە، لە ناوچەی برادۆستی باشوری کوردستان لە دژی سوپای تورک چالاکییان ئەنجامدا، دوو سەربازی تورک کوژران و پێنج سەرباز بریندارببوون.[2]
- یەکێتی نیشتمانی و بزووتنەوەی گۆڕان بەتوندی وەڵامی قسەکانی نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەنەوە و ڕایدەگەیەنن لەسلێمانی ئیرهابی فکری نییە، ئەگەر ئیرهابێکی فکری و جەستەیش هەبێت لەژێر

دەسەڵاتی پارتی هەیە، پێشیان وایە بەراورد بەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی ئەو حیزبەدایە زۆرترین خزمەتگوزاری لەسنوری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە پێشکەشکراوە، ئاماژە بەوەش دەکەن جێگری سەرۆکی پارتی، کە لەهەمان کات سەرۆکی حکومەتیشە بەقسەکانی پەردەی لەسەر شکست و نەشارەزایی خۆی هەڵماڵی و بە ئاشکرا وتی ئەو سەرۆکی بەشێکی هەرێمە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- وەزیری دەرەوەی عێراق، داوا لە تورکیا دەکات بەشە ئاوی عێراق بەربداتەوە، هەروەها هێزەکانیان لە ناوچەی (باشیک)ی خاکی عێراق بکشێنێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-05-06
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-05-06
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری شارپرێس- 2018-05-06
کاتی تۆمارکردن: 2018-05-06
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 369

2018-05-07



باشووری کوردستان
- لە هەولێر هێرشکرایەسەر ڕابوون مەعروف و بریندارکرا. ئەم هێرشکردنە نارەزایی زۆری لێکەوتەوە.[1]
- لە ئەنجامی چالاکییەکی گەریلاکانی هەپەگە لە سەر گردی لیلکان لە خاکی هەرێمی کوردستان، 15 سەربازی سوپای تورک کوژران.[2]
- کەشناسیی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیاندراوێکدا ئەوەی ئاشکرا کرد کە ڕۆژانی 7 و 8ی ئایاری 2018، ئەگەری بارانی بەخورِ و بەرزبوونەوەی ئاستی ئاو لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک لەئارا دایە.[1]
- فرۆکەکانی تورک، برادۆستیان بۆردووماننکرد.[1]
- لە دووبز هەرچی ئالای یەکێتی هەیە لە لایەن عەرەبەکانی دووبز هێنرایە خوارەوە و خستیانە ژیر پێلاوەکانیان و قسەی نەشیاویان بە مام جەلال دا و تەقەیان لە هاوولاتیانی دووبز کرد.[1]
دەرەوەی کوردستان
- خێزانێکی کورد لە بەغداد کۆمەڵکوژکران.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: بەغدا
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێڕاق
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-05-08
کاتی تۆمارکردن: 2018-05-07
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 370

2018-05-08



باکووری کوردستان
- لەسەر پێشکەشکردنی وتارێک لە مەراسیمی بەخاکسپاردنی چالاکوانێک، دیلان دیرایەت تاشدەمیر، پەرلەمانتاری هەدەپە، بە ساڵێک و 8 ماگ زیندانیکردن سزادرا.[3]
- بە بیانووی ئاسایش، پارێزگاری جۆلەمێرگ بۆ ماوەی 15 ڕۆژ، قەدەغەی هاتووچۆی لە 30 ناوچەی ئەو پارێزگایە ڕاگەیاند.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە ئەمنییەتییەکانی حکوومەتی ئێران، دوو کچی هاوواڵاتیی کوردی خەڵکی گوندی قوڕی قەڵا، سەر بە شاری ڕوانسەریان دەسبەسەر کرد.[3]
باشووری کوردستان
- داواکاری گشتی هەرێم سکاڵای لەسەر ئە و کەسە تۆمارکرد، کە لەکاتی خۆپیشاندانەکانی هەولێر لە مامۆستا بەتەمەنەکەیدا.[1]
- لەسەر بانگهێشتی ڤلادیمیر بوتینی سەرۆکی ڕووسیا، نێچیرڤان بارزانی سەردانی مۆسکۆ دەکات.[2]
- بەهۆی لافاو و کۆبوونەوەی ئاو-هەوە لە گەرەکی کوردستان-ی شاری هەولێر، منداڵێکی تەمەن 8 ساڵان گیانی لەدەستدا.[2]
- دژی دواکەوتنی واژۆکردنی دامەزراندنیان و نەکردنەوەی نەخۆشخانەی چارەسەری بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە، ژمارەیەک لە وکارمەند و پزیشکانەی کە ناویان بۆ دامەزراندن گەڕاوەتەوە، گردبوونەوەیەکی ناڕەزایەتییان ئەنجامدا.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بەهۆی بارانباری بەلێزمەوە، لە هەردوو کانتۆنی حەسەکە و گرێ سپی-ی ڕۆژئاوای کوردستان، لافاو هەستا، ئەوەش بووەهۆی دروستبوونی ئاستەنگیی هاتووچۆ.[3]
دەرەوەی کوردستان
- ئەمریکا لە ڕێککەوتنامەی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران کشایەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: جۆلەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران

ولّات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
ولّات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری دواڕۆژ - 2018-05-08
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری ڕۆژنیوز - 2018-05-08
[4] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری کوردپا - 2018-05-09
کاتی تۆمارکردن: 2018-05-08
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 371

2018-05-09



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- مانگرتنی دووکانداران و کاسبکارانی شاری بانەی سەربە سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە 25-ەمین ڕۆژیدا بەردەوامە.[3]
- بە هۆی پێکدادانی دوو ئۆتووبوس لە جادەی نێوان حەمیل شائاباد لە کرماشان، 7 کوژرا و30 بریندار لێ کەوتەوە.[4]
باشووری کوردستان
- لە ئەنجامی چالاکییەکانی گەریلاکانی هەپەگە لە دەڤەری بارزانی هەرێمی کوردستان و ئەرزینگانی باکوری کوردستان حەوت سەربازی سوپای تورک کوژران.[5]
دەرەوەی کوردستان
- ئەندامانی ئەنجومەنی شورای ئێران لە سەرەتای کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆ، بە وتافی نەمان بۆ ئەمریکا دەستیانپێکرد و ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی ئێران و وڵاتانی زلهێزی جیهانیان سوتاند. [1]
- بەرپرسی کاروباری دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا ڕایگەیاند، تاوەکو ئەو کاتەی ئێران پابەندبێت بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئەتۆمی، یەکێتیی ئەورووپاش پابەندی دەبێت.[2]
- وتەبێژی سەرۆک کۆماریی تورکیا ڕایدەگەیەنێت، کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران، دەبێتەهۆی ناسەقامگیری و شەڕ لە ناوچەکەدا.[1]
- سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان نیگەرانی خۆی لە کشانەوەی ئەمریکا لەڕێککەوتنی ئەتۆمییەکەی ئێران دەربڕی و

داوای لە لایەنەکانی دیکەی ڕێککەوتنەکە کرد پابەندبن پێوەی.[1]
- نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان و ڤلادیمیر پووتین، سەرۆکی ڕووسیا لە مۆسکۆ کۆبوونەوە.[2]
- شەوی ڕابردوو، ئیسرائیل بۆردوومانی بنکەیەکی سەربازیی سووریی کرد و نزیکەی 15 سەرباز کوژران کە 8یان ئێرانین.[3]
- لە شاری نۆرنبێرگی ئەڵمانیا بۆ ساڵی نۆیەمین، چالاکیی (ڕۆژانی کولتووری کورد) دەستی پێکرد کە بووە بە نەریتێکی ساڵانە.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-05-09
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-05-09
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-05-09
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-05-09
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-05-09
کاتی تۆمارکردن: 2018-05-09
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 372

2018-05-10



رۆژهەڵاتی کوردستان
- بازاڕیانی شاری بانە، پاش 25 ڕۆژ مانگرتن بەبێ جێبەجێ کردنی داخوازییەکانیان و وڵام نەدانەوەی بەرپرسانی حکوومەتی بە داواکارییەکانیان کۆتاییان بە مانگرتنەکەی خۆیان هێنا.[4]
باشووری کوردستان
- گەریلاکانی هەپەگە و یەژەئاستار لە 6 قۆڵەوە لە گردی لێلیکان لە سوپای تورکیای داگیرکەریان دا.[2]
- دەرەنگانێکی شە و لە خانەقین بە تەقە هێرشکرایەسەر ئۆتۆمبێلی ئەڤین محەمەد حەسەن زەهاوی کاندیدی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە پارێزگای دیالە، بەڵام ناوبراو لە و هێرشە ڕزگاری بوو.[1]
- عیرفان سەعدوڵڵا، کاندیدی ژمارە 11ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارێزگای دیالە، ڕایگەیاند کاژێر 10:00ی ئەمڕۆ لەلایەن شێرکۆ عەبدولعەزیز، بەرێزێری لیستی فەتح و پاسەوانەکانی و چەند چەکدارێکییەوە هێرشمکرایە سەر و بریندار کرام.[3]
- دەنگدانی تایبەت بۆ پەڕلەمانی ئێراق لە باشووری کوردستان دەستیپێکرد. لە هەندێک بنکە بەهۆی کێشەی زۆری دەنگدەران و کێشەی تەکنیکی دەنگدان ڕاوەستاوە.[2]
- ئەمڕۆ لەکاتێکدا بڕیاربوو بڕە پارەی قەرەبوو بدرێتەوە هاووڵاتیانی کورد لە خورماتوو، ئەندامێکی ئەنجومەنی شارۆچکەکەش ڕەتیکردوەتەوە هاوکارییەکە دابەشبکرێت و بە فیشەک بڵاوەیان بە هاووڵاتیان کردووە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- سوپای ئیسرائیل ڕاگەیێندراوێکی بڵاوکردووەتەوەو دەڵێت، لە تۆڵەی چەند هێرشێکی مووشەکی بۆسەر ئیسرائیل، دەیان پیگەی سەربازیی سوپای قودسی سوپای پاسدارانی ئێرانیان لە سووریا کردووەتە ئامانج و وەڵامی 20 مووشەکی ئاراستەکراوی ئێرانیان لە بەرزاییەکانی جۆلان داوەتەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئێراق
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-05-10
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-05-10
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-05-10
کاتی تۆمارکردن: 2018-05-10
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 373

2018-05-11



باکووری کوردستان
- لە سەر ڕێگای نێوان دەرسیم بۆ ئەرزینجان لە کاتی تێپەڕبوونی ئۆتۆمبێلێکی سوپای تورک تەقینەوەیەکی گەورە ڕوویدا، لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر سەربازی سوپای تورک کوژران و بریندار بوون.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە یەکێک لە گوندەکانی شاری سەولاوا مێرمندانێکی تەمەن 12 ساڵ بە هۆی تەقینەوەی یەکێک لە مینە بەجێماوەکان هەر دوو دەستی لە دەست دا.[5]
باشووری کوردستان

- نووسینگەی ڕۆژنامەوانی ئێزدی لە دەستی داعش ڕزگارکردنی سێ منداڵی ئێزدی لە سوریا ڕاگەیاند.[1]
- کۆپی ئەنجامی چەند وێستگەیەکی حەویجە و دەوروبەری ئاشکرابووە و تێیدا یەکێتی نیستیمانی کوردستان زۆرینەی دەنگەکانی دەنگدانی تایبەتی بەدەستهیناوە.[1]
- بەهۆی هێرشێکی چەکدارانی داعش بۆ سەر خاڵێکی حەشدی شەعبی لەنزیک زنجیرە چیای حەمرین، 5 چەکداری حەشدی شەعبی کوژران.[1]
- لەنێوان کاژێر 10:00 بۆ کاژێر 11:00ی ئەمشەو، بنکەی دەنگدانی ئاشتۆکان لە سنووری قەرەتەپە و بنکەی دەنگدانی شێخ باوە لە گوڵاڵە هاوەنباران کران.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان

- یەپەگە ڕایگەیاند کە لەماوەی 9 ڕۆژدا 15 سەرباز و جەتەی تورکیا لە عەفرین کوژراون.[2]
- شەڕفانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات- قەسەدە لە 11 یەمین ڕۆژی کۆتا قۆناغی ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی جزیرە، گەیشتنە کەناراوەکانی ڕووباری فورات.[3]

دەرەوەی کوردستان

- لە سەر وێبسایتی چەینج دۆت ئۆرگ کەمپەینێک بە ناوی بۆ هەڵژاردنێکی یەکسان و بێ خەوش و ئازاد، با سەلاحەدین دەمیرتاش ئازاد بکرێت دەستیپێکرد و دەیانویست 5 هەزار ئیمزا کۆبکەنەوە، بەڵام لە ماوەیەکی زۆر کەمدا زیاتر لە 5 هەزار ئیمزایان کۆکردەوە.[2]
- حکومەتی ئەمریکا ئەبلوقەی خستەسەر شەش کەسایەتی و سێ کۆمپانیای ئێرانیی بەهۆی پەیوەندیی بازرگانییان بە سوپای پاسدارانەوە، ئیماراتیش چەند کەسایەتی و کۆمپانیایەکی ئێرانیی بایکۆت کردووە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-05-11
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-05-11
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-05-11
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕوودا‌و - 2018-05-12
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-05-12

کاتی تۆمارکردن: 2018-05-11
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 374

2018-05-12



رۆژهەڵاتی کوردستان

- هێزە نیزامییەکانی ئێران، لە شاری پیرانشار دەستیان بە سەر شتومەکی ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی ئەو شارەدا گرت و ئاگریان تێبەردا. شتومەکی کۆڵبەرانی کورد، سیگار و جلوبەرگی منداڵان بووە.[3]

- هێزە ئەمنییەتییەکانی حکوومەتی ئێران هێرشیان کردووەتە سەر ماڵی شەهریار تەهماسبی، چالاکی مەدەنیی خەڵکی شاری کرماشان، بەڵام لە دەسبەسەر کردنی ناوبراو سەرکەوتوو نەبوون.[3]

باشووری کوردستان

- دەنگدان بۆ پەرلەمانی ئێراق لە شارەکانی باشووری کوردستان دەستیپێکرد. لە هەندێک بنکە کێشەی تەکنیکی دروستبووە و هاوولاتیان ناتوانن دەنگ بدەن.[1]

- چەکدارانی داعش لە باشوری کەرکووک هێرشیانکردەسەر هێزە عێراقییەکان و بەهۆیەوە ژمارەیەک سەرباز و چەکداری حەشدی شەعبی کوژران.[2]

- بەهۆی داخستنی ڕێگەی سەرەکی مەخموور و چوار شارەدێ، نزیکەی 20 هەزار کەس لە دانیشتووانی مەخموور و شوێنەکانی تر ناتوانن دەنگ بدەن، قایمقامی مەخموور‌یش دەڵێت فیرقەی سێی سوپای عێراق کێشەکەی دروستکردووە.[2]

- بەهۆی هەڵبژاردنەکانی ئێراقەوە لە شارەکانی باشووری کوردستان، بەتایبەتی لە سلێمانی کێشە و سەرپێچی دروستبوو. هێزەکانی یەکێتی هێرشیانکردە سەر گردی زەرگەتە و بەهۆیەوە چەند ئەندامێکی بزووتنەوەی گۆڕان بریندار بوون.[1]

- سەرۆکی لیستی یەکێتی لە کەرکووک ڕایدەگەیەنێت، پێشکێلکاریی گەورە لە شارۆچکەی حەویجە کراوە و سکاڵامان لەسەر لایەنی عەرەبیی حەویجە تۆمار کردووە.[4]

- بەهۆی بارانی زۆرەوە لافاو لە شنگال هەستا.[4]

- سایتی کەی ئێن ئێن-ی بزوتنەوەی گۆڕان لە هەواڵێکدا ڕایگەیاند: سیستمی ئەلکترۆنی دەنگدان هاککراوە و داواکراوە کە بەشێوەی دەستی دەنگەکان جیابکرێنەوە.[4]

رۆژئاوای کوردستان

- لە ئەنجامی باران بارینێکی توند لە کانتۆنی کۆبانێ لافاو هەستا، لافاوەکە زیانی قورسی بۆ سەر ماڵ و موڵکی هاوڵاتیان لێکەوتەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئێراق
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-05-12
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-05-12
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-05-12
کاتی تۆمارکردن: 2018-05-12
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 375

2018-05-13



باکووری کوردستان
- تورکیا بە فەرمی سەلاحەدین دەمیرتاشی وەک کاندیدی سەرۆکایەتی پەسەندکرد.[3]
باشووری کوردستان
- سەرۆک وەزیرانی عێراق داوای لە هێزە ئەمنییەکانی هەرێم دەکات بێلایەنانە مامەڵە لەگەڵ دۆسیێ هەڵبژاردن بکەن.[1]

- سێ لیژنە لە بەغداوە سەردانی هەرێم دەکات، بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەو سکاڵایانەی لەسەر هەڵبژاردنەکان هەیە.[1][2]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ لە شارۆچکەی خانەقین بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکەوە کارمەندێکی هێزەکانی پۆلیسی پاسەوانی گیانی لەدەستدا.[1]
- ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردنەکان بڵاوکرایەوە و پارتی و یەکێتی لە زۆربەی شار و شارۆچکەکان یەکەم یان دووەمن.[3]
- پارێزگاری سلێمانی داوا لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق دەکات، کە بەخێرایی گومانەکان لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بڕەوێنێتەوە.[4]
- هەرێەکە لە یەکگرتووی ئیسلامیی، کۆمەڵی ئیسلامیی،بزوتنەوەی گۆران، هاوپەیمانی بۆ دیموکراسیی و دادپەروەریی، بزوتنەوەی ئیسلامیی و حزبی شیوعی لە بارەگای هاوپەیمانی لە شاری سلێمانی کۆبوونەوە. کۆبوونەوەکە بۆ تاوتوێ کردنی دەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی دوێنێی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە و سەرجەم ئەو لایەنانە دەرەنجامی دەنگدان ڕەت دەکەنەوە.[4]
- وتەبێژی لیستی یەکێتی لە هەولێر بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق ڕایدەگەیەنێت، دەستکاری دەنگەکانی یەکێتی لە هەولێر کراوە، بۆیە سکاڵایان تۆمارکردووە و ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردن لە سنووری پارێزگاکە ڕەتدەکەنەوە.[1]
- لەلایەن ژمارەیەک چەکداری نەناسراوەوە هێرشکرایە سەر بارەگایەکی یەکێتی لە کەرکووک، پۆلیسیش دەڵێت زیانی گیانی نەبووە.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ئەمڕۆ، شەڕفانانی قەسەدە لە 13-یەمین ڕۆژی قۆناغی کۆتایی هەڵمەتی گەردەلولی جزیرە-دا، چوونە گوندە باخۆز-ی ڕۆژهەڵاتی چەمی فورات و نزیکبوونەتەوە لە شارۆچکەی حەجین.[4]

دەرەوەی کوردستان

- ئیئتلافی وەتەنیە بەسەرۆکایەتی ئەیاد عەلاوی داوا دەکات هەڵبژاردنی 12ی ئایاری پەرلەمانی عێراق هەڵوەشێدرێتەوە و دووبارە ئەنجامبدرێتەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان
پارت / لایەن:	بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری
پارت / لایەن:	کۆمەڵی دادگەریی کوردستان
پارت / لایەن:	یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
پارت / لایەن:	یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
پارت / لایەن:	یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان:	خانەقین
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-05-13
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-05-13
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-05-13

کاتی تۆمارکردن: 2018-05-13
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 376

2018-05-14



القائمة	عدد
سائرون	54
تحالف الفتح	47
ائتلاف النصر	42
ائتلاف دولة القانون	25
الحزب الديمقراطي الكوردستاني	23
ائتلاف الوطنية	21
تيار الحكمة الوطني	19
الاتحاد الوطني الكوردستاني	17
تحالف القرار العراقي	13
الانبار هويتنا	6
كوران (التغيير)	5
تحالف بغداد	4
حراك الجيل الجديد	4
نينوى هويتنا	4
التحالف العربي في كركوك	3
الجماعة الاسلامية الكوردستانية /العراق	3
ائتلاف قلعة الجماهير الوطنية	3
جبهة تركمان كركوك	3
حركة ارادة	3
الاتحاد الاسلامي الكوردستاني	2
التحالف من اجل الديمقراطية والعدالة	2
النهج الديمقراطي	2
ائتلاف كفاءات للتغيير	2
بيارق الخير	2
تمدن	2
حزب الجماهير الوطنية	2
عابرون	2
التحالف المدني الديمقراطي	1
الحزب المدني	1
تجمع رجال العراق	1
تحالف صلاح الدين هويتنا	1
عراق الارض	1
المجموع	320

باشووری کوردستان
- یەکێتی ڕەتیدەکاتەوە لەگەڵ هیچ لایەنێکی سیاسی ڕێککەوتبێت لەسەر دوبارە هەژمارکردنەوەی دەنگەکانی کەرکووک و دەڵێت تەنیا پابەندین بەبڕیارەکانی کۆمسیۆنەوە و هەموو جۆرە ڕێککەوتنێک ڕەتدەکەینەوە.[1]
- پۆلیسی پارێزگای سلێمانی و گەرمیان هۆشداری دەدەنە هاوڵاتیان کە بە هەر هۆکارێک تەقە دەکەن یان تەقەی خۆشی دەکەن ئەو کارە ڕابگرن و هەر کەسێکیش سەرپێچی بکات ڕووبەڕوی یاسا دەکرێتەوە و بەپێی یاسا سزا دەدرێت.[2]
- ئەمڕۆ ناوەندی ڕاگەیاندنی ئاسایشی عێراق لێدوانێکی لەسەر کوژرانی چوار چەتەی داعش لە سنوری ڕیاز لە باشوری کەرکووک بڵاوکردەوە.[2]
- بەڕێرسی هێزەکانی یەکەی 70ی هێزی پێشمەرگە، شێخ جەعفەر شێخ مستەفا لەبارە گرژی و تەقەکردنەکەی گردی زەرگەتەی مەکۆی سەرەکی بزووتنەوەی گۆران ڕایدەگەیەنێت بزوتنەوەی گۆران پەلاماری سندوقەکانی دەنگدانیانداوە، ئەوانیش وەک یەکێتی تا ڕادەی پارانەوە داوایان لەگۆران کردوە ئەو کارە بوەستێنن و بەڵام هەربەردەوامبون، ئاماژە بەوەش دەکات ئەوەی یەکێتی بە ساختەکردنی دەنگەکان تۆمەتبار دەکات حاڵی دۆراوەکانە، وتیشی " لەمڕۆ بەدواوە لەگەڵ هیچ لایەنێکدا سازش ناکەین".[3]
- کاتژمێر 2:00 سەرکردەی یەکەمی هەریەک لە (بزوتنەوەی گۆران، کۆمەڵی ئیسلامی، یەکگرتووی ئیسلامی، حزبی شیوعی، هاوپیمانیی بۆ دیموکراسیی و دادپەروەیی و بزووتنەوەی ئیسلامی)، گەیشتنە بارەگای یەکگرتووی ئیسلامیی لە شاری هەولێر و لەئێستادا لە کۆبوونەوەدان. ئەو شەش لایەنە لە ئەنجامە نافەرمییەکانی هەڵبژاردنەکەی 12ی ئایاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ناڕازیین و دەڵێن ساختەکاریی تێداکراوە.[2]

- دوای گەیشتنی ئەنجامی دەنگدانی هاوڵاتیانی تاراوگە، ئەمشە و 14ی ئایاری 2018 کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق ئەنجامی بەرایی دەنگدانی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێم و سێ شاری تر ڕادەگەیەنێت.[1]
- سەرۆک وەزیرانی عێراق بەهۆی کۆتاییهاتنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، وتارێکی پێشکەشکرد و داوای لە لایەنەکان کرد ئەنجامەکان قبوڵ بکەن.[1]
- بەپێی زانیارییەکان تەنیا لە 40%ی خەڵکی کەرکووک دەنگیانداوە، زۆربەی پێکهاتەکانی پارێزگاکە گلەییان لە چۆنییەتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن لەو شارە هەیە و تورکمان دەڵێت، سندووقەکانی دەنگدان پێش ماوەیەک براونەتە سلێمانی بۆ دەستکاری،کوردیش دەڵێت هەموو مافی گلەییان هەبێت، تورکمان و عەرەبەکان ئەو مافەیان نییە، چونکە خۆیان سیستەمەکەیان قبووڵکردووە و هێناویانە بۆ کەرکووک.[4]
- جگە لە یەکێتی، لایەنە کوردستانییەکان و لیستی فەتحی عێراق لە خانەقین نارەزایییان دەربڕی لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی خانەقین.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان

- پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ گوندی عەلی شار، کە 10 کیلۆمەتر دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی کۆبانێوە، لەلایەن سوپای تورکەوە هێرشی کراوەتەسەر. سوپای تورک بە چەکی NG3 هێرشی کردوەتە سەر گوندەکە.[2]

دەرەوەی کوردستان

- بەهای لیرەی تورکی بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی زیاتر دابەزی، ئەوەش بەهۆی زیادبوونی گومانەکان لە توانای بانکی ناوەندی تورکیا بۆ وەستاندنی هەڵاوسانی نرخەکان لە خانەی دەیاندا، تەرازووی بازرگانی تورکیاش لە مانگی ئازاردا زیاتر بووە لەوەی پێشبینی دەکرا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: کۆبانی

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-05-14

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-05-14

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2018-05-14

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-05-14

کاتی تۆمارکردن: 2018-05-14

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 377

2018-05-15

سالّی 2018

ئەنجام لە هەڵبژاردنی کوردستان و ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم 92%

ناوی قەوارە	هەولێر	سلێمانی	دهۆک	کەرکوک	موسڵ	دیالە	کۆتا	کۆی گشتی	ڕێژەی کورسی
پارتی	8	1	10	0	6	0	3	28	45.90%
یەکێتی	2	8	0	6	1	1		18	29.51%
گۆڕان	1	4	0	0	0	0		5	8.20%
یەکگرتوو	0	1	1	0	0	0		2	3.28%
کۆمەڵ	1	1	0	0	0	0		2	3.28%
هاوپەیمانی	1	1	0	0	0	0		2	3.28%
نەوەی نوێ	2	2	0	0	0	0		4	6.56%
								61	

باکووری کوردستان

- لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنێکی پۆلیسی تورک لەدژی گەلی کورد حەوت هاوڵاتی دەستگیرکران، کە سێیان لەوان هاوسەرۆکانی هەدەپە و دەبەپەی شارۆچکەی قەرەچۆبانی سەربە ئەرزرۆمن.[1]
- لەئەنجامی بەرپابونی شەڕی چەکداری لەنێوان دوو خانەوادەدا لە گوندی ئاکچەکەڵەی سەر بە شارۆچکەی (ئەرخەنی) لە شاری ئامەد پێنج کەس کوژران و دوو کەسی دیکەش بریندارببوون.[2]
- هونەرمەند پنار ئایدنلار لە کاتی گەڕانەوەی لە ئەڵمانیاوە بۆ تورکیا، لە فڕۆکەخانەی ئەتاتورک-ی ئیستەنبوڵ دەستگیرکرا. ئایدنلار کە سزای 10 مانگ زیندانیکردنی بەسەردا سەپێنراوە، گوازرایەوە بۆ بەندیخانەی ژنانی باکرکۆی.[5]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- بە گوێرەی هەواڵێکی ناوەندی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ کوردستان، لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا دوو کۆڵبەر لەسەر سنوورە دەستکردەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان بەهۆی تەقینەوەی مینەوە بریندارببوون.[1]
- هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی، لە ملەی تەتە ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کوردیان دایە بەردەسڕێژی گوللە و لە ئاکامدا کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی مستەفا حاجی بە توندی بریندار بوو.[6]

باشووری کوردستان

- بەهۆی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە لە کەرکووک، گرژی لەنێوان تورکمانەکان و هێزەکانی حەشدی شەعبی دروستبوو.[3]
- مەڵبەندی کەرکووکی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان پەیامێکی ئاراستەی هێزە ئەمنییەکانی شارەکە دەکات و هۆشداری دەدات کە ئەگەر ئامادەنین فەرمانبەرانی کوردی کۆمسیۆن بپارێزن ئەوە یەکێتی شەقامی کەرکووک لەدژی پێشێلکارییەکانیان دەجوڵێنێت.[2]
- لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران لە شاری هەولێر، لەبەرامبەر نەبوونی کارەبای نیشتیمانیی خۆپیشاندان ئەنجام درا.[1]
- نەوەی نوێ ڕایدەگەیەنن، پارتی و یەکێتی دەنگەکانیان لە بەرژەوەندی خۆیان دەستکاری کردووە، بۆیە دەنگەکان ڕەت دەکەینەوە و لەگەڵ شەش حزبە ناڕازییەکە هاوپەیمانییەتی دروست دەکەین.[1]
- کارزان گەردی، بەرپرسی ژووری هەڵبژاردنی بزووتنەوەی گۆڕان لە شاری هەولێر، بۆ وتی: لە هەولێر 106 سکاڵامان لەسەر بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان و بوونی ساختەکاریی لە ڕۆژی هەڵبژاردنەکان تۆمار کردوە.[1]
- لە ڕاگەیێندراوێکدا موقتەدا سەدر سەرۆکی ڕەوتی سەدر ڕایگەیاندووە: مەسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پیرۆزبایی سەرکەوتنی لیستەکەمانیان کردووە و باسمان لە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا کردووە.[4]
- شەش لایەنی سیاسی ناڕازی لەئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە هەولێر خۆپیشاندانیان دەستپێکرد.[3]
- ئەمشەو، ئاگر لە ئۆفیسی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری کەوتەوە لە شارۆچکەی چەمچەماڵ و فەرمانگەی ئاگرکوژێنەوەش دەڵێت، لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە دەستپێکردووە.[2]
- گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕاگەیاند، بەپێی ئە و ڕاپۆرتانەی لەلایەن ڕێکخراوە مەدەنی و نێودەوڵەتییەکانەوە بە وڵاتەکەی گەیشتووە، هەڵبژاردنەکەی عێراق متمانەپێکراوە.[4]
- سەرۆک وەزیرانی عێراق، داوای لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق کرد، کە دەنگەکانی پارێزگای کەرکووک بە دەست ئەژماربکرێنەوە، داواشی لە کۆمسیۆن کرد، کە ڕێوشوێنی دادپەروەرانە سەبارەت بە سکاڵای لایەنەکان بگرنەبەر.[1]

دەرەوەی کوردستان

- سەرچاوەکانی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا ئاشکرایانکرد، بەهۆی ڕوداوەکانی غەززەوە، وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بانگهیشتی باڵیۆزی ئیسرائیلی لە ئەنقەرە کردووە و داوای لێکردووە بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی و تورکیا جێبێڵێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
پارت / لایەن: جووڵانەوەی نەوەی نوێ
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: ئەرزەروم
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-05-15
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-05-15
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-05-15
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-05-15
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-05-16
کاتی تۆمارکردن: 2018-05-15
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 378

2018-05-16



باکووری کوردستان
- میدیاکانی تورکیا بڵاویانکردەوە، گەریلاکانی هەپەگە لە دژی بنکەی جەندرمە لە گۆکلو لە ناوچەی خەلفەتیی پارێزگای ڕحا چالاکییەکیان ئەنجامداوە و لەو چالاکییەدا 2 سەرباز بریندار بوون.[2]
باشووری کوردستان
- کۆمیتەی شەهیدانی پەکەکە، کۆمەڵکوژکراوانی هەولێر بەبیردەهێنێتەوە و دەڵێت: 21 ساڵ داواکاریی بێ وەڵام لەبارەی بێ سەروشوێنبوونی ئەو هەڤاڵانەمانەوە، ئەوە دەگەیەنێت، کە دامودەزگاکانی حکومەت هیچ توانایەکیان نییە و ئەم دەسەڵاتەش لە خزمەتی هێزەکانی داگیرکەراندانیە.[1]
- شەوی ڕابردوو لەگەڕەکی شۆرجەی کەرکووک لەکاتی ئاهەنگگێڕانی هاوڵاتیانی کورد بەبۆنەی بەدەستهێنانی زۆرینەی دەنگەکانی شارەکە، هێزەکانی دژەتیرۆری عێراق تەقەی هەڕەمەکیان لە ئاهەنگگێڕان کرد و بەهۆیەوە مندااڵێک بەناوی هەڕێم غەمگین تەمەنی 6 ساڵ گیانی لەدەستدا، باوکیشی بەسەختی بریندارببوو.[3]
- ئایدن مەعروف پەرلەمانتاری بەرەی تورکمانی لە پەرلەمانی کوردستان لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند هەڵبژاردن ساختەکاری تێدا کراوە و داواکاری ئێمە ڕەتکردنەوەی هەڵبژاردن نییە، بەڵکو هەژمارکردنەوەی دەنگەکانە بەدەستی، لەهەرێمی کوردستان و کەرکووکیش.[3]
- وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان ڕایگەیاند، ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەڵنەوەشێتەوە و هەڵبژاردن دووبارەنەکرێتەوە، ئەوا لە پڕۆسەی سیاسی عێراق دەکشێنەوە.[3]
- نێچیرڤان بارزانی لەبارەی نیگەرانی شەش لایەنی کوردستانی لە ئەنجامی هەڵبژاردن گوتی: ئەو شەش لایەنەی نیگەرانی خۆیان دەربڕیەوە لەپرسی هەڵبژاردن لە سلێمانی و کەرکووک، بۆ تەواوکردنی قافیەی شیعرەکەیان هەولێر و دهۆکیشیان تێخستووە، بەڵام هەر نیگەرانییەک هەیە دەبێت بڕەوێتەوە، نیگەرانی ئەو شەش لایەنە بە جدی وەردەگرین و وەک سەرۆکوەزیران داوا لە کۆمیسیۆن دەکەم زۆر بە جدی کاری لەسەر بکات.[4]
- ئەنجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق ئەمڕۆ لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، کۆمسیار دکتۆر سەعید کاکەیی هەڕەشەی کوشتن لە خۆی و خێزانەکەی کراوە لەلایەن یەکێک لە لایەنە سیاسیە زەرەرمەندەکان لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان. دەشڵێت، بەپێی یاسا دەنگەکان بەدەست هەژمارناکرێن.[3]
- لیستە کوردییەکانی پارێزگای دیالە نزیکەی 45 هەزار دەنگیان لە خانەقین و دەوروبەری بەدەستهێناوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە دەنگەکانیان بەسەر کۆمەڵێک لیستی جیاوازدا دابەشبووە، مەترسی ئەوە هەیە بەهۆی سیستەمی سانتلیگۆ کورد نەتوانێت لەو پارێزگایە هیچ کورسییەک بەدەستبخات.[4]
- ڕاوێژکارێکی وەزارەتی ناوخۆ ڕایگەیاند، تاوەکو ئێستا بزووتنەوەی گۆڕان داوای مۆڵەتی دروستکردنی هێزی چەکداری نەکردووە. گوتیشی دروستکردنی هێزی چەکداری لەلایەن هەر هێزێکەوە بێت ڕێگەپێدراو نییە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەوی ڕابردوو لەسەر سنووورەکانی نێوان ڕۆژئاوا و باکوری کوردستان لە نزیک قامیشلۆ، ئۆتۆمبێلێک تەقییەوە، بەگوێرەی زانیارییەکان شۆفیری ئۆتۆمبێلەکە و هاوڵاتییەکی دیکە گیانیان لە دەستدا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێراق
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕوحا
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری رۆژنیوز - 2018-05-16
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-05-16
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری دواڕۆژ - 2018-05-16
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری رووداو - 2018-05-16
کاتی تۆمارکردن: 2018-05-16
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 379

2018-05-17



باکووری کوردستان
- پێنجەمین دانیشتنی دادگاییکردنی فیگەن یوکسەکداغ، هاوسەرۆکی پێشووی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) لە سینجان بەڕێوەدەچێت.[2]

باشووری کوردستان
- بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی گەرمیان ڕایگەیاند، ئەو حەوت گەنجەی لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا هەڕەشەیان لە دامودەزگاکانی حکومەت دەکرد، لەلایەن دادوەرەوە بە پێنج ساڵ و یەک مانگ زیندانیکردن، سزادران.[1]
- بریکاری وەزارەتی ناوخۆی هەرێم لەبارەی دەنگۆی دروستکردنی هێزی چەکدار لەلایەن بزووتنەوەی گۆڕانەوە ڕایدەگەیەنێت، ڕێگە بە هیچ حزب و لایەنێک نادرێت هێزی چەکداری دروستبکات.[3]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستی هەولێر دەنگۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ئیبۆلا لە هەولێر ڕەتدەکاتەوە و دڵنیایی دەداتە هاوڵاتیان، کە هیچ حاڵەتێکی ئەو نەخۆشییە لە شارەکە بوونی نییە.[4]
- لە بەرامبەر وەرگرتنی پارە لێیان لەلایەن کۆمپانیایەکەوە، شۆفێرانی تانکەرەکانی گواستنەوەی سوتەمەنی بۆ باشماخ گردبوونەتەوە و ڕێگای هاتووچۆی تانکەرە ئێرانییەکانیان گرت.[4]
- یان کوبیچ نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق داوا لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەکات بەخێرایی دەستبکات بە لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکانی پەیوەست بە پرۆسەی هەڵبژاردنەوە.[3]
- لە ڕوونکردنەوەیەکدا نوسینگەی حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراق ئاشکرایکرد کە نوسراوێکیان ئاڕاستەی دەستەی نەزاهە کردووە سەبارەت بە هەندێک لادانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان.[3]
- هاوولاتیەکی کورد لە باشوری کەرکووک لەلایەن چەکدارانی داعشەوە ڕفێندرا. وتیشی ڕفێندراوەکە کوردە و ناوی شڤان محەمەد وادییە و خەڵکی ناوچەی حەفتەغارە لە داقوق.[3]
- لە ڕێگای هەولێر - بێستانە ژنێک بە کوژراوی دەدۆزرێتەوە، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر دەڵێت، گوللەیەک لەسەری دراوە و کوژراوە.[2]
- 22 ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی ڕایانگەیاند، کە هەفتەی داهاتوو دژی ئەنجامی هەڵبژاردن خۆپشاندان ئەنجامدەدەن، داواشیان کرد بەرپرسانی کۆمسیۆن دادگایی بکرێن.[4]
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا، ناوچەی خواکورک لە هەرێمەکانی پاراستنی مەدیا بۆردوومان دەکەن.[4]
دەرەوەی کوردستان
- میدیاکان بڵاویانکردەوە کە عادل موراد، سکرتێری ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی بەهۆی نەخۆشییەوە لە وڵاتی ئەڵمانیا کۆچی دوایی کرد. پاشتر وتەبێژی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەتیف نێروەیی دەربارەی باری تەندروستی عادل موراد لێدوانێکی دا و ڕایگەیاند کە دۆخی تەندروستی عادل موراد باش نیە و هێشتا لەژیاندا ماوە.[2]
- نەتەوە یەکگرتووەکان هۆشداری دەدات لە زیادبوونی ئاڵۆزییەکان و دروستبوونی شەڕێکی نێودەوڵەتی لەسەر خاکی سووریا کە حەوت ساڵە بەدەست شەڕی نێوخۆوە دەنااڵێنێت.[1]
- دوێنێ شەو خێزانێکی کورد کە دانیشتووی ڕانیەن و لە سێ کەس پێکهاتوون کە ژن و پیاوێک و منداڵێکن، لە وڵاتی فەڕەنسا سواری (بارهەڵگر) دەبن و بەنیازبوون لەو وڵاتەوە بچنە وڵاتی بەریتانیا. ئەوەشی ڕاگەیاند، بەڵام بارهەڵگرەکە بە هەڵە دەچێتە وڵاتی بەلجیکا و لەکاتی دابەزینیان لەو وڵاتە پۆلیسی بەلجیکا تەقە لە خێزانەکە دەکەن و منداڵێکیان بە ناوی مەودا کە تەمەنی سێ ساڵە کوژراوە و دایک و باوکی منداڵەکەش لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراون.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
شار و شارۆچکەکان:	ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
شار و شارۆچکەکان:	کەلار (گەرمیان)
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	ئەڵمانیا
وڵات:	تورکیا
وڵات:	شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
وڵات:	فڕەنسا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-05-17
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-05-17
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-05-17
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئێن ئاڕ تی - 2018-05-17
کاتی تۆمارکردن: 2018-05-17
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 380

2018-05-18



باکووری کوردستان
- سوپای تورکیا کە لە ناوچەی ئیلک-ی شرناخ سەرقاڵی ئامادەکارییە بۆ ئۆپراسیۆنی سەربازی، 5 هەرێمی بۆ ماوەی 15 ڕۆژ وەک هەریمی ئاسایشی تایبەت ڕاگەیاندووە و هاتووچۆی هاوواڵتیان لەماوەی ئەم 15 ڕۆژەدا لەو هەرێمانە قەدەغە کردووە. لەوهەرێمانەی کە قەدەغەی هاووتوچۆی تێدا ڕاگەێندراوە جموجوڵی سەربازی دەستی پێکردووە.[1]
باشووری کوردستان

- میدیاکانی یەکێتی ئەوەیان بڵاوکردەوە کە ئەم بەیانییە عادل مورادیان لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کردووە.[2]
- وەزارەتی دەروەی عێراق لەپەیامێکدا بە بۆنەی کۆچی دوایی عادل مورادی سیاسەتمەدار و سکرتێری ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی پرسەنامەیەک ڕادەگەیەنێت.[4]
- بەیانی ئەمڕۆ لە نزیک گوندی قەڵای زەنقەر لە سنوری داقوق، بۆمبێکی چێندراو بە هاوڵاتی یونس محەمەد کاکەییدا تەقیەوە و بەهۆیەوە گیانی لەدەستدا.[3]
- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردنەکان، لەبەیاننامەیەکدا خواستی زۆینەی لایەنەکانی بەشداربووی هەڵبژاردنەکانی ڕەتکردەوە بۆ ئەنجامدانی جیاکردنەوە و هەژمارکردنی دەستی دەنگەکانی هەڵبژاردن.[4]
- وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر ئاشکرای دەکات، ئە و ژنەی دوێنێ تەرمەکەی دۆزرایەوە، لەلایەن براکەیەوە کوژراوە.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە بەردەوامیی تالانکاریی، داگیرکاریی و پێشێلکارییەکانی سوپای تورک و چەتەکانی لە عەفرین، ڕاگەیەندراوە، کە چەتەکان گۆڕە مێژوویییەکان هەڵدەدەنەوە تالانیان دەکەن.[3]
دەرەوەی کوردستان
- 31هەمین مێهرەجانی گۆڤەندی کوردستان لە شاری هانۆڤەر-ی ئەڵمانیا بەڕێوە دەچێت. لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانەوە ئەمساڵ 31 گروپی هەڵپەڕێ بەشداریی مێهرەجانەکە دەکەن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-05-17
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-05-18
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-05-18
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2018-05-18
کاتی تۆمارکردن: 2018-05-18
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 381

2018-05-19



باکووری کوردستان
- دەوڵەتی تورکیا لە گوندی ئەفشێ لە ناوچەی میدیاتی سەر بە مێردین، پەرسەخانەی هاووڵاتیانی ئێزدیی ئەو گوندەی ڕووخاند.[3]
- دەستەی بەڕێوەبەریی هەڵبژاردنەکانی هەدەپە ڕایگەیاند، بۆ ئەوەی نەخشەڕێگای هەدەپە لە هەڵبژاردنەکانی 24ی حوزەیراندا بە باشی بۆ هاووڵاتیان ڕوون بکرێتەوە، ملیۆنێک بڕۆشۆر و بڵاوکراوەی کوردیان چاپ کردووە.[3]
- هاوسەرۆکایەتیی کۆنسەی بەڕێوبەریی کەجەکە لە پەیامێکدا کە بەبۆنەی کۆچی دوایی عادل مورادەوە بڵاوکردووەتەوە، ڕادەگەیەنێت: گەلەکەمان بە کۆچی دوایی عادل مورادی بەهایەکی گەورەیان لە دەستدا.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە سەر سنووورەکانی شاری پیرانشاری سەربە پارێزگای ورمێ، هێزە چەکدارەکانی حکومەت دەستڕێژی گوللەیان لە دەستەیەک کۆڵبەرکردووە، لە ئەنجامدا کۆڵبەرک بەسەختی بریندار بووە. ئەو کۆڵبەرە ناو عەلی حەسەنزادەیە، تەمەنی 45 ساڵە و خەڵکی گوندی باڵاگیری سەربە پیرانشارە.[2]
- هێزە نیزامییەکان لە سنووری شاری شنۆ، دەستیان بە سەر زیاتر لە 350 سەر ئەسپی کاسبکارانی ئەو شارەدا گرت و دەیان سەر لە ئەسپی کاسبکارانیان کوشت.[5]
باشووری کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ کاتژمێر 02:00، دەربارەی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانی عێراق، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان عێراق کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی بەڕێوەبرد و بەپێی ئەنجامەکان،لیستی سائیرون بە سەرۆکایەتی موقتەدا سەدر بە بەدەستهێنانی 54 کورسی لە کۆی 329 کورسی پەرلەمان براوەی یەکەم بووەو لە هەرێمی کوردستانیش پارتی و یەکێتی و گۆڕان و نەوەی نوێ براوەی یەکەم تا چوارەمن.[2]
- بەرپرسی لقی یەکگرتووی ئیسلامی لە شاروچکەی خورماتووی سەر بە پارێزگای سەلاحەدین ڕایگەیاند، کادیرێکی حیزبەکەیان کە وەک کاندیدێکی سەربەخۆ لە لیستەکەی عەبادی لە خورماتوو خۆی پاڵاوتبوو، لەلایەن کۆمیسیۆنە وەک پەرلەمانتار ناسێندرا، بەڵام دواتر ژنێک خرایە شوێنەکەی.[1]
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ لە گەڕەکی قولە ڕەیسی لە شاری سلێمانی، باوکێک لەلایەن کوڕە دوانزە ساڵانەکەیەوە دەکوژرێت.[1]
- وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێم بڕیاریدا لەمەودوا جوتیاران لەکاتی فڕۆشتنی بەروبوومەکانیان هیچ بڕە پارەیەک وەک عمولە نەدەنە خاوەنی عەلوەکان و بەمەش بڕەپارەیەک دەگەڕێتەوە بۆ جوتیاران کە پێشتر لە عەلوەکاندا لێیان وەردەگیرا.[4]
- ئە و شەش حزبە ناڕازییەی کە داوایان دەکرد ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردنەکان بەدەست هەژماربکرێتەوە، ئەمڕۆ وازیان لە و داواکاریەیان هێناوە و داوادەکەن هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان و بەشێکی ناوچە جێناکۆکەکان ئەنجامبدرێتەوە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شاندێک لە فەرماندەکان و دیپلۆماتکارانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی لەگەڵ فەرماندەکانی ئەنجومەنی سەربازیی منبجدا کۆبوونەوە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ هاوڵاتیانی شاری کازرونی سەربە پارێزگای شیرازی ئێران ڕژانەوە سەر سەقامەکان و خۆپیشاندانییان دەستپێکردەوە، لەکاتێکدا کە دوو ڕۆژ بوو بەهۆی بەسەربازیکردنی شارەکە لەلایەن حکومەتەوە سەر شەقامیان چۆڵکردبوو.[2]

- عەلی ئەکبەر سالّی، سەرۆکی دامەزراوەی وزەی ئەتۆمی ئێران لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، ئەگەر وڵاتانی ئەوروپاش وەک ئەمریکا پابەندی ڕێککەوتنەکە نەبن ئەوا دەستبەجێ دەستدەکەنەوە بە پیتاندنی یۆرانیۆم و مادەکانی تری ئەتۆمی بە ڕێژەی 20%. [4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: ماردین
شار و شارۆچکەکان: منبج
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-05-19
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-05-19
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-05-19
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-05-19
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-05-20

کاتی تۆمارکردن: 2018-05-19
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 382

2018-05-20



باشووری کوردستان
- زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەپێ نووسەر و کەسایەتی ناسراو و ئەفسەر و پێشمەرگەی کۆماری کوردستان لە شارۆچکەی سۆران کۆچی دوایی کرد و بڕیارە ئەمڕۆش تەرمەکەی بە خاک بسپێردرێت.[1]
- لە گوندی کانی خومارە لەنزیک مەرزی کێلەشین لە شارەدێی سیدەکانی سەر بەشارۆچکەی سۆران لە پارێزگای هەولێر، لەلایەن پاسدارانی ئێرانەوە تەقە لە هاوڵاتییەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرا و کوژرا.[3]
- ژمارەیەک چەکداری داعش لە باشووری کەرکووک کەوتنە بۆسەی هێزە سەربازییەکانەوە و 5 کەسیان کوژران.[1]
- لە سۆران دەست بەسەر 38 کیلۆ هێرۆیندا گیرا، بەڕێوەبەری ئاسایشی قەزاکەش دەڵێت لە ماوەی مانگێکدا دەستیان بەسەر زیاتر لە 100 کیلۆ ماددەی هۆشبەردا گرتووە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی تورکیا و چەتەکانی لە عەفرین بە زۆر دەچنە ناو ماڵی هاووڵاتییان، هاووڵاتییان دەڕفێنن و ئەشکەنجەیان دەکەن. هەروەها فیدیەیان لە بەشێک لەو کەسە ڕفێندراوانە سەندووە.[2]
- ماڵی ئێزەدییەکان هەرێمی جەزیرە و یەکێتی ئێزەدییەکانی کانتۆنی عەفرین بە بەیاننامێکی هاوبەشدا، تێکدانی ماڵی ئێزەدییەکان لە گوندی ئیفشێ-ی ناوچەی نسیبین-ی ماردین کە لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە ئەنجامدراوە بەتوندی شەرمەزارکرد.[2]
- فەوجێکی سوپای عێراق هاتونەتە گوندێکی نزیک بە ناوچەی "شێخ باوە"ی سەر بە شارۆچکەی کفری و چەند ماڵێکی کوردیان "داگیرکردوەو کردویانە بە بارەگای سەربازی."[5]
دەرەوەی کوردستان
- ئەمڕۆ، ژنانی هەرێمەکە لە ڕێکخراوی تەڤگەری ژنانی کوردستان لە ئەورووپا، کۆمەڵگای ژنانی ئازادیی کوردستان-کەژار، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان، یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیی، پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق، تەڤگەری ئازادیی ژنانی ئێزدی-تاژێ، جڤاکی ئیسلامیی کوردستان، پەیەدە، کۆنگرەستار، ژنانی کاکەیی و فەیلی و ژنانی ئەندام لە کۆنگرەی نەتەوەی کوردستان-کەنەکە، لەبارەی پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەییەوە لە هۆڵەندا کۆبوونەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-05-20
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-05-20
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-05-20
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-05-20
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2018-05-20

کاتی تۆمارکردن: 2018-05-20

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 383

2018-05-21



باکووری کوردستان
- لە شاری باتمان بە دڕووشمی قودس هی ئیسلامە گردبوونەوەیەکی جەماوەری بۆ پشتگیریکردن لە گەلی فەلەستین و سەرکۆنەکردنی گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تەلئەڤیڤەوە بۆ قودس بەڕێوەچوو. گردبوونەوەکە لەلایەن ڕێکخستنەکانی پارتی دۆزی ئازاد ناسراو بە هوداپار لە ستادیۆمی 16ی مایس لە ناوەندی شاری باتمان ڕێکخرا.[4]
- دادگای تورکیا ئازادکردنی سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) و کاندیدی ئەو پارتەی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا ڕەتکردەوە.[3]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد، بە ناوی ڕامین سنجی خەڵکی بەشی نازلووی شاری ورمێ، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی، لە سنووری ناوچەی تەرگەوەڕ، بریندار کرا.[6]
- دامەزراوەی فەرهەنگی و هونەری زیرەک، لە پارکی حەسەن زیرەک، لەسەر گلکۆی قالەمەڕە، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵک، هونەرمەندان، شاعیران، نووسەران، بە یادی شمشاڵژەنی کوردستان (قالەمەڕە)، ڕێوڕەسمێکیان بەڕێوە برد.[6]
- لە میانەی سەردانێکیدا بۆ شاری کرماشان، وەزیری ڕۆشنبیریی ئێران، فەرمانێکی تایبەتی دەرکرد و بە فەرمی ڕایگەیاند فەرمانبەرە کوردەکانی ئێران دەتوانن بە جلوبەرگی کوردییەوە بچنە شوێنی کارەکانیان لە دامودەزگا و ناوەندە حکومیەکانیشدا.

[3]
باشووری کوردستان
- لەسەر سکاڵای یەکێک لە کارمەندانی ئاسایشی هەولێر و بەتۆمەتی ناوزڕاندنی، ئەمڕۆ، شایان عەسکەری، یەکێک لە بەشداربووانی خۆپیشاندانەکەی دوو مانگ ڕابردووی هەولێر لە دادگای ناوچەی هەولێر وتەی لێوەرگیرا، بەڵام دادگاییکردنەکەی دواخرا.[3]
- سەندیکای پزیشکانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، ڕێگەنادەن کاری پزیشکی و مافەکانی پزیشکان پێشلبکرێت، دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤیش دەڵێت دکتۆرە شایان بۆ مافی خۆی چوەتەسەر شەقام و مەبەستی ناوزڕاندنی کەس نەبووە.[3]
- بەپێی ئاژانسی فوراتنیوز، کاتژمێر 03:00ی ئێوارەی ئەمڕۆ، گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل-هەپەگە و یەکینەکانی ژنی ئازاد-یەژاستار، لە چەند قۆڵێکەوە چالاکییان دژی سوپای تورک لە گردی لێلکان-ی ناوچەی برادۆست ئەنجامدا. فوراتنیوز ڕایگەیاندووە، کە لەو چالاکییانەی گەریلادا، ژمارەیەکی زۆر سەربازی تورک کوژراون.[5]
- کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق 21ی ئایاری 2018 ڕاگەیێندراوێکی لەبارەی ئەنجامی سکاڵاکان بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، بەگشتی هەزار و 436 سکاڵا لە دەنگدانی تایبەت، گشتیی و دەرەوە لەسەر سندووقەکانی دەنگدان تۆمارکراون، بەهۆشیانەوە دەنگەکانی 103 وێستگە هەڵوەشێندراونەتەوە.[4]
- ئێوارەی ئەمڕۆ شەپۆلێکی بارانبارین دەڤەری سۆرانی گرتەوە و لە ئەنجامدا لە شارەدێی خەلیفان لافاو دروستبوو، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی بەرگری شارستانی سۆرانیش دەڵێت لافاوەکە هیچ زیانی گیانی بەدواوە نەبووە.[3]
- لە ڕاگەیێندراوێکدا پۆلیسی پارێزگای سلێمانی ڕایگەیاند، لەئەنجامی شەڕی نێوان دوو دراوسێدا لە شارۆچکەی سەید سادق دوو کەس کوژران و سێ کەسی دیکەش بریندارببوون، کە سەرجەمیان لە هەر دوو لایەنی شەڕەکە بوون.[4]
- دوای ئەوەی مەسروور بارزانی، ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان نامەیەکی پیرۆزبایی ئاراستەی مایک پۆمپیۆ، بەبۆنەی دەستبەکاربوونی وەک وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کرد، لە وەڵامی نامەکەدا مایک پۆمپیۆ وێڕای سوپاس و ئاواتەخوازی بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکان، پابەندبوونی وڵاتەکەی بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانانی دووپاتکردەوە.[4]
- پێنج لایەنی سیاسی هەرێم بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان چەندین داواکاری ئاڕاستەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێم دەکەن و داوادەکەن کار بە سندوقی زیرەکی ئەلیکترۆنی نەکرێت و تۆماری دەنگدەرانیش پاکبکرێتەوە.[3]
- بەغدا بڕی 317 ملیار دیناری بۆ هەرێم ناردووە و بەرپرسێکی حکومیش دەڵێت دەستەکرێت بە دابەشکردنی مووچەی مانگی سێی فەرمانبەران.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە شاری قامیشلۆ، 3 ڕۆژ پرسە بۆ عادل موراد دانرا.[2]
دەرەوەی کوردستان
- چەند پەرلەمانتارێکی ئیسرائیل یاداشتێک لەبارەی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی لە سوریا و عێراق و تورکیا دەدەنە پەرلەمانی وڵاتەکەیان و تاوتوێی شێوازی یارمەتی ئیسرائیل بۆ دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد دەکەن.[3]
- لە شاری دیمەشقی پایتەختی سوریا تەقینەوەیەک لە بنکەیەکی سەربازیی ئێرانیدا ڕوویدا.[1]
- وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ستراتیژی کارکردنی وڵاتەکەی بەرامبەر کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕاگەیاند و دەڵێت ئێران دەستی لەناو زۆر وڵاتی ناوچەکە هەیە و بووەتە کێشەیەکی گەورە و چیتر ڕێگای پێنادەین پەلی زیاتر بهاوێت.[3]
- حەسەن ڕووحانی، سەرۆککۆماری ئێران وەڵامی مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دەداتەوە و دەڵێت تۆ چیت کە دەتەوێت لەجیاتی ئێران و جیهان بڕیاربدەیت.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: باتمان - ئێلح
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: وەرمێ
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
وڵات: باشووری کوردستان

ولّات: ڕۆژاوای کوردستان
ولّات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
ولّات: ئێران
ولّات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
ولّات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-05-21
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-05-21
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-05-21
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-05-21
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-05-22
کاتی تۆمارکردن: 2018-05-21
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 384

2018-05-22



باکووری کوردستان
- پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە لە ئەنقەرە کاندیدەکانی پەرلەمانتاری بۆ هەڵبژاردنی 24ی حوزەیرانی تورکیا ناساند. لە مەڕاسیمی ناساندنی کاندیدەکان، هاوسەرۆکانی گشتیی هەدەپە سەزای تەمەڵی و پەروین بوڵدان ئامادە بوون.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- حوسێن ئەحمەدینیاز، پارێزەری ڕامین حوسێنپەناهی، زیندانیی سیاسیی کورد مەحکووم بە ئێعدام، داوای لە دیوانی باڵای وڵات کرد کە پێداچوونە بە حوکمی ڕامین حوسێن پەناهیدا بکات.[5]
باشووری کوردستان
- بەپێی ڕاگەیێندراوەکەی سەرۆکایەتیی ئەرکانی گشتیی سوپای تورکیا، شەوی ڕابردوو 21-05-2018، لە ئەنجامی

هاوەنبارانکردنی یەکەیەکی سەربازی لەلایەن گەریلاکانی پەکەکە لە چیای لیلکان کە دەکەوێتە باشووری کوردستان، دوو سەرباز دوای ئەوەی بە سەختی بریندارببوونە، گیانیان لەدەستداوە. لە ڕاگەیێندراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە دەمودەست هێزەکانیان لەڕێگەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە ئۆپەراسیۆنیان لە ناوچەکە ئەنجامداوە. هەر لەوبارەوە فەرماندەیی هێزەکانی پاراستنی گەل هەپەگە ڕایگەیاندووە، لە ئۆپەراسیۆنەکەدا 11 سەرباز کوژراون.[2]
- سێ بوومەلەرزە بە گوڕی 4.5 پلەی ڕێختەر ناوچەی گەرمیانی هەژاند.[1]
- لەسەر سکاڵای هاوواڵتیانی عەرەبی ناوچەکە، بەڕێوەبەری شارەدێی جەلەولا کە کوردە دەستبەسەرکراوە و هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ڕووخانی خانوو و ڕێگەنەدان بە زیادەڕۆیی.[1]
- بڕێت مەکگۆرک نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە سلێمانی لەگەڵ عومەری سەید عەلی، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان و بەرهەم سااڵح سەرۆکی هاوپەیمانی و عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵ و سەڵاحەدین بەهادین ئەمینداری یەکگرتوو کۆبوونەوە.[3]
- شاندی پارتی بەسەرۆکایەتیی فازڵ میرانی لەگەڵ موقتەدا سەدر، هادی عامری و نوری مالکی کۆبوونەوە.[3]
- شاسوار عەبدولواحید لەگەڵ موقتەدا سەدر کۆبوونەوە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل جارێکی تر هێرشدەکاتە سەر ئێران و بە هۆکاری یەکەمی ناسەقامگیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕست ناوی دەبات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-05-22
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-05-22
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-05-22
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-05-23
کاتی تۆمارکردن: 2018-05-22
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 385

2018-05-23



باکووری کوردستان
- باشاک دەمیرتاش سەردانی سەلاحەدین دەمیرتاشی هاوژینی لە زیندانداکرد.[2]
- دادگەی دیلۆک-ی باکووری کوردستان سزای 16 ساڵ و 8 مانگ زیندانیکردن کە بۆ ئیدریس بالوکەن پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە بڕابوویەوە، پەسەند کرد.[5]
- هاوسەرۆکی هەدەپە لە بانگەشەی هەڵبژاردنی پارتەکەیدا لە ئامەد، داوای پێکهێنانی هاوپەیمانی کوردی کرد بۆ ئەوەی دەنگی کورد پەرتەوازە نەبێت و سەرکەوتن بەدەست بهێنن.[4]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- بەڕێوەبەری گشتی زانیاری (ئیتڵاعات)ی پارێزگای سنە ئاشکرای دەکات، لە باجی بازرگانی کۆڵبەران و دانیشتووانی ناوچە سنووریەکان گەندەڵی ئاشکرا بووە کە بە ملیۆنان دۆلار مەزەندە دەکرێت.[1]
- ئامنستی ئینتەرناشنال بەبڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک نیگەرانی دەربڕیوە لەبارەی لەسێدارەدانی ڕامین حسێن پەناهی، چالاکوانی سیاسیی کوردی سزادراو بە سێدارە.[3]
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو ژمارەیەک چەکدار بەجلوبەرگی سەربازییەوە هەڵیانکوتاوەتەسەر گوندی کەنعان لەباشوری شارەدێ ڕیازی سەربە کەرکووک و (حاجی مەحجوب) موختاری گوندەکەیان ڕفاندووە. وتیشی دوای چەند کاتژمێرێک ئەکاونتەکانی داعش لەتوێژە کۆمەڵایەتییەکان وێنەی ساتی کوشتنەکەیان بڵاوکردەوەو بەرپرسیارێتییەکەیان لەئەستۆگرت.[1]
- وەفدی یەکێتی گەیشتە بەغدا و لەگەڵ سەدر و عەبادی و مالکی کۆدەبێتەوە.[2]
- وەفدی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا لەگەڵ فوئاد مەعسوم سەرکۆماری عێراق کۆبوونەوە.[1]
- هەندێک سەرچاوە باس لە ململانێی پارتی و یەکێتی دەکەن لەسەر پۆستی سەرۆککۆماری ئێراق.[2]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، تۆپخانەکانی تورکیا ژمارەیەک گوندی شارەدێی سیدەکانیان لە سۆران بە چڕی تۆپبارانکرد و چەند فڕۆکەیەکی تورکیاش بە ئاسمانی سنورەکەدا دەسوڕێنەوە.[1]
- کاژێر 22:00-ی ئەمشەو چەکدارانی داعش هێرشیان کردووەتەسەر گوندی سلێمان وەهاب لە ناوچەی شێخ بابا. ئاسایشی گەرمیانیش دەڵێ کوژراو و بریندار هەیە.[4]
- لە بەردەم دادگای شارەزوور شەڕە تەقە لەنێوان دوو لایەن، کە پێشتر کێشەیان هەبووە، ڕوویدا لە ئەنجامدا کەسێک کوژرا و پێنج کەسی دیکەش بریندار بوون.[4]
- نرخی بەنزینی نۆرماڵ لە هەرێمی کوردستان 25 دینار و جۆرەکانی دیکەش نزیکەی 70 دینار بۆ هەر لیترێک بەرزبوونەتەوە، لەگەڵ گرانبوونیشی ناڕەزایەتیی شوفێر و خەڵکی لێکەوتووەتەوە.[4]
- لە شاری یاریی ماجدی مۆڵی لە هەولێر، لە یارییەکدا خوشک و برایەک و کچێکی پوریان گیانیان لەدەستدا و دوو کەسی تریش بریندارببوون.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- سالح موسلیم، داوادەکات هەمووان 26ی ئایار بۆ عەفرین بڕژێنە سەر شەقامەکان، دەشڵێت: سیاسەتە داگیرکارانەکانی دەوڵەتی تورک تایبەت نییە بە عەفرین، بەڵکو لە باشوری کوردستانیش هەر ئەو سیاسەتەیە و بە فرۆکە هێرش دەکاتە سەر هاوڵاتیان.[3]

- شاندێکی ئیتالی کە پێکهاتووە لە چەند ڕۆژنامەنووس و سیاسەتمەدارێک بەمەبەستی چاودێریکردنی دۆخی ڕۆژئاوای کوردستان و باکوری سوریا گەیشتە ڕۆژئاوای کوردستان.[3]
- سوپای تورکیای داگیرکەر و چەتەکانی هاوپەیمانی شەوی ڕابردوو تۆپبارانی گەڕەکی شێخ مەقسوود-ی کوردنشینیان کرد لە شاری حەلەب. هاوکات تۆپبارانی شارۆچکەی کەفەر-یان کرد کە بە دووری 5کم دەکەوێتە باکووری حەلەب. بەپێی زانیارییەکان بەهۆی تۆپبارانەکە، هاوڵاتیانی سیڤیل بریندار بوون و زیانی مادی بە خانووی هاوڵاتیان گەیشتووە.[5]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆکی لیژنەی ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتی دەرەوەی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی ئێران ڕایگەیاند، ئەگەر ئەمریکا بیەوێت یارییەکە لەمە زیاتر بگۆڕێت، وەڵامی پێویست لە لایەن ئێرانەوە وەردەگرێت.[1]
- بانکی ناوەندی تورکیا لە کۆبوونەوەکەیدا، تێکڕای نرخی سوەکانی بۆ قەرزە درێژخایەنەکان لە 13.5 ەوە بەرزکردەوە بۆ 16.5%. پاش بڕیارەکەی بانکی ناوەندەی تورکیا، بەهای لیرە بەرامبەر دۆلار بەخێرایی بەرزبوەوە بۆ 4.55 لیرە بۆ هەر دۆلارێک و 5.33 لیرە بۆ یەک یۆرۆ، دوای ئەوەی ئەمڕۆ بەهای یەک دۆلار بەرزبوەوە بۆ 4.92 لیرە و یۆریەکیش بە 5.74 لیرە مامەڵەی پێوەکرا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-05-23
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-05-23
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-05-23
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-05-23
کاتی تۆمارکردن: 2018-05-23
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 386
2018-05-24



باکووری کوردستان
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ لە شەمزینانی سەربە جولەمێرگ لەکاتێکدا بەکرێگیراوەکان بەرەو ئۆپەراسیۆنی سوپای تورک بەڕێوەبوون، تەقینەوەیەکی گەورە لەسەر ڕێگاکەیان ڕوویدا. لە ئەنجامی ئەو تەقینەوەیەدا دوو بەکرێگیراو کوژران و سێیانی دیکە بریندارببوون.[4]
- پارێزەر ڕێزان ساریجە، فوئات جۆشئاجاک و نەفرۆز ئویسال بەمەبەستی بینی ئۆجالان، جارێکی دیکە داواکارییان پێشکەشی داواکاری گشتیی کۆماری کرد لە بوورسا. بەڵام هاوشەوەی 757 جاری پێشوو، داواکارییەکە ڕەت کرایەوە و ڕێگە نەدرا پارێزەران سەردانی ئیمراڵی بکەن.[5]
- هاوسەرۆکایەتیی کۆنسەی بەڕێوەبەریی کەجەکە ڕایگەیاند، کە گەریلاکان لە باشور و باکوری کوردستان گورزی کەمەرشکێنیان لە سوپای تورک داوە و سوپای تورک توانای بەرنگاربوونەوەی گەریلای نییە.[4]
باشووری کوردستان
- تەرمی عادل مورادگەیشتەوە سلێمانی و لە مەراسیمێکی جەماوەرییدا و لە گری سەلیم بەگ-ی شاری سلێمانی، بەخاک سپێردرا. لە ڕێوڕەسمی پێشوازی و ناشتنی تەرمەکەشی هیچ لایەنێکی کوردستان جگە لە محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان ئامادە نەبوون.[1]
- جڤاتی گشتی گۆڕان دوو پێشنیاری بۆ جڤاتی نیشتمانی کردووە سەبارەت بە ڕۆیشتنی گۆڕان بۆ پەرلەمانی عێراق، یەکەم بایکۆت بکەن، دووەم بڕۆن بۆ ئەوەی ببنە چاودێرێکی بەهێز لەسەر پارتی و یەکێتی.[2]
- بەڕێوەبەری شارەدێی بەموێ سەر بەپارێزگای هەڵەبجە ئاشکرایکرد، ئەمڕۆ لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی عێراقییەوە مەرزی پشتە بە فەرمی کرایەوە و دەستکرایەوە بە جموجوڵی بازرگانی لەمەرزەکەدا، هاوکات دەبێت لەماوەی سێ مانگیشدا هەموو ئە و فەرمانگانەی کە پێویست بکرێنەوە.[2]
- شاندی پارتی و یەکێتی ئێوارەی ئەمڕۆ چوونە ماڵی هادی عامری بۆ کۆبوونەوەی چوار قۆڵی لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، هادی عامری، سەرۆکی هاوپەیمانی فەتح و نووری مالیکی، سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا.[3]
- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی هەرێم بڕیاریدا، کە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بەهەمان شێوەی ڕابردوو بێت و جیاکردنەوەی دەنگەکان بەشێوەی دەستیی بێت.[4]
- هەشت چەکداری خۆکوژی داعش لەباشووری کەرکووک خۆیان بەهێزەکانی حەشدی شەعبیدا تەقاندەوە.[2]
- پۆلیسی سلێمانی ڕایدەگەیێنێت، منداڵێکی تەمەن 10 ساڵ لە خەڵەکان بە هەورە بروسکە گیانیلەدەستدا.[3]
- لە کەمپی خانکێ سەر بە شارۆچکەی سێمێل ئاگر لە چەند خێمەیەک بەربوو و بەهۆی ئەو ئاگرەوە جگە لە زیانی مادیی، کچێکی 17ساڵیش سووتاوە و لە هەمان شوێن گیانی لەدەستدا.[3]
دەرەوەی کوردستان
- ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا بە زۆرینەی دەنگ پرۆژەیاسای بەرگریی نیشتمانی بۆ ساڵی 2019 پەسەندکرد، یەکێک لە برگەکانی پرۆژەیاساکە بریتییە لە دابیەکێتیی نیشتمانیی کوردستانردنی بڕی 290 ملیۆن دۆلار بۆ پێشمەرگە بۆ ساڵی 2019.[3]
- موقتەدا سەدر لە تویتێکدا کە لە هەژماری تایبەتی خۆی بڵاویکردەوە، دەڵێت ئەمڕۆ وێنەکەم بۆتان تەواو کرد، مشتومااڵی کۆتاییم کرد، دوای ئەوەی ڕێگەکەمان بەتەواوی بڕی، بە و حکومەشتان ڕازیبووم، حکومەتێک نە سوننییە نە شیعە، نە

عەرەبییە نە کوردی، نە نەتەوەییە نە تایەفی، بەڵکو حکومەتێکی عێراقی ڕەسەنە، ئۆپۆزسیۆنێکی بنیاتنەرە، سیاسەتێکی دروستە.[2]
- دادگای نێودەوڵەتیی پاریس حکومەتی تورک و ئەردۆغانی بە دژایەتیی گەلی کورد بە تاوانبار لەقەڵەم دا، ئەردۆغانیشی بە بەرپرسیاری سەرەکی ئەو تاوانانە ناونا.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: شەمزینان
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-05-24
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-05-24
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-05-24
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-05-24
کاتی تۆمارکردن: 2018-05-24
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 387

2018-05-25



باکووری کوردستان

- هاوسەرۆکانی پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە ویستیان سەردانی سەلاحەدین دەمیرتاش بکەن، بەڵام ڕێگەیان پێنەدرا.[3]
- دادگەی سزادانی ئاسلیە لە دانیشتنی ئەمڕۆیدا، دەربارەی سەباحەت تونجەل هاوسەرۆکی پارتی هەڕێمەدیموکراتییەکان - دەبەپە بڕیاریدا و بەتۆمەتی (پێشێلکردنی قانوونی خۆپیشاندان)، سزای 6 مانگ زیندانیکردنی بەسەردا سەپاند. تووندجەل لە ساڵی 2012 بەشداری کردبوو لە خۆپیشاندانێک بەمەبەستی پشتگیری لە مانگرتن لە خواردنی زیندانیان، بە و هۆیەوە دۆسیەیەکی بۆ کرابوویەوە و لە زیندانی پیتی ئێفی کاندرا بەندکرابوو.[3]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- دایکی ڕامین حسێن پەناهی، زیندانی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نامەیەکی ئاراستەی یەکێتی ئەوروپا کرد و داوایان لێدەکات، کە داوا لە ئێران بکەن، سزای لەسێدارەدانی ڕامین ڕاگرێت.[2]

باشووری کوردستان

- کۆنفرانسی گەنجانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دروشمی کێشەکانی گەنجان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕێگاچارەی دیموکراتییانە لە سلێمانی دەستپێکرد، لە کۆنفرانسەکەدا زیاتر لە 300 ئەندام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بەشدارن لەگەڵ زیاتر لە 100 میوان.[2]
- دەرەنگانی شەوی ڕابردوو، چەکدارانی داعش وێستگەیەکی کارەبایان لەگوندی بریمەی ناوچەی ڕیاز تەقاندوەتەوە. بەهۆی تەقینەوەی وێستگەکەوە کارەبای شارەدێیەکانی ڕیاز و زاب لە باشووری کەرکووک کوژاوەتەوە.[1]
- مەلا بەختیار، لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دوای گەڕانەوەی شاندی یەکێتی لە بەغدا ڕایگەیاند، لە بەغد 12 کۆبونەوەمان ئەنجامدا، جگە لە بینینی سەرۆک کۆمار و سەرۆکی حیزبەکان، باڵوێزی تورکیا و ئێرانیشمان بینی، وتیشی پۆستی سەرۆک کۆمار پشکی کورد و یەکێتییە.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورک بۆردوومانی گوندەکانی سنووری شارەدێی دێرەلوک-یان لە شارۆچکەی ئامێدی-ی کرد و بەپێی سەرچاوە هەڕێمییەکان، لە بۆردوومانەکەدا ناوچە مەدەنینشینەکان کراوەتە ئامانج.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- بەپێی ئاژانسی هاوارنیوز، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، چەتەکانی دەوڵەتی تورک، ژمارەیەک هاوڵاتیان لە عەفرین ڕفاندووە و بۆ ئازادکردنیشیان داوای پارە دەکەن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی هەڕێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-05-25
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-05-25
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-05-25
کاتی تۆمارکردن: 2018-05-25
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 388

2018-05-26



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لافاوی گەورە زیانی بە ژمارەیەک گوندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیاند، لافاو بە بڕی، 14 ملیار تمەن زیانی بە ماڵ، کشتوکاڵ و ژێرخانەکانی گوندی پەسوێ سەر بە پیرانشار گەیاندووە. دانیشتووانی گوندەکە داوا دەکەن حکومەت قەرەبوویان بکاتەوە.[1]
باشووری کوردستان
- ئەمڕۆ لە زۆربەی وڵاتانی جیهان و لە شار و شارۆچەکانی هەرێمی کوردستان خۆپیشاندان و ناڕەزایی دژی داگیرکارییەکانی دەوڵەتی تورک ئەنجام دەدرێت، لە و چوارچێوەیەشدا تەڤگەری ئازادیی هەرێمی کەرکووک و گەنجانی وڵاتپارێز لێدوانێکی ناڕەزایی هاوبەشیان خوێندەوە.[2]
- هاوشێوەی بەشێک لە شار و شارۆچکەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، دژی داگیرکارییەکانی دەوڵەتی تورک لەسەر ڕۆژئاوا و باشوری کوردستان، لە شاری هەولێر و شارۆچکەی کەلار گردبوونەوە و ڕێپێوان ئەنجامدران.[2]
- لە بەندیخانەی چاکسازی گەوران لە دهۆک (چاکسازی زرکا) بەهۆی شەڕی لە نێوان زیندانییەکانی عەرەب و کورد 7 کەس

کوژران و دەیان کەسی دیکە بریندارببوون. سەرەتا زیندانییەکی بە ڕەگەز عەرەب، هێرشی کردە سەر پولیسێکی چاکسازی و دواتر شەڕ دروستبوو و ئەو کارەساتەی لێکەوتەوە.[3]
- ئاگر لە بەشە ناوخۆییەکی زانکۆی سلێمانی لە قلیاسان کەوتەوە و بەهۆی ئاگرەکەشەوە کارەبای سەرجەم بەشە ناوخۆییەکە بڕدرا.[3]
- وەسفی شێخ عاسی، فەرماندەی حەشدی عەشایەری حەویجە لەگۆڕەپانی مانگرتنەکانی تورکمانەکان کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ئەنجامدا و ڕایگەیاند، ماوەی 15 ڕۆژە ئێمە لەگۆڕەپانی مانگرتوانی کەرکووکین، بەڵام هیچ لایەنێک بەدەنگ داواکارییەکانمانەوە نەهاتوون، دەستبەرداری داواکارییەکانیشمان نابین تاوەکو هەڵبژاردنەکان دوبارەدەکرێنەوە.[3]
- مستەفا سادق بامەڕنی، چالاکوانی مەدەنی لەشاری دهۆک دەستگیرکرا.[4]
- وتەبێژی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی، شێروان زرار ڕایدەگەیەنێت ئەو کەسانەی تەمەنیان گەیشتوەتە 90 ساڵ مافی بەشداریکردنیان لەپرۆسەی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان نامێنێت، ئاماژە بەوەش دەکات لە ئایندەیەکی نزیک ناوی دوبارە و مردوان بڵاو دەکەنەوە.[5]
دەرەوەی کوردستان
- لە کەمپێکی یۆنان ژمارەیەک عەرەبی سووری و عێراق بە بۆربی ئاسن لەگەڵ ژمارەیەک کۆچبەری کورد بەشەڕ هاتوون، لەئەنجامدا چوار کۆچبەری کورد کوژراون و ژمارەیەکی دیکەش بریندار بوون. لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکی خەڵک باس لەوە دەکەن شەڕەکە بەهۆی کێشەی نێوان کورد و عەرەبەوە بووە، بەشێکی دیکەیشیان دەڵێن بەهۆی ئەوە بووە کە گەنجە کوردەکان بەڕۆژوو نەبوون، بۆیە هێرشیان کراوەتە سەر.[1]
- حکومەتی تورکیا نیگەرانی خۆی نیشاندا بەرامبەر بەبڕیارێکی حکومەتی ئەڵمانیا، بەڕێگەدان بە پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە کە لە شاری کۆڵن کۆنفرانس ببەستێت، لەکاتێکدا پێشتر ڕێگەیان بەپارتی داد و گەشەپێدان نەدا کۆنفراس ببەستێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-05-26
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-05-26
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-05-26
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2018-05-26
کاتی تۆمارکردن: 2018-05-26
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 389

2018-05-27



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، هاوواڵاتییەکی تەمەن 30 ساڵ، خەڵکی شاری نەغەدە، بە تەقەی هێزە ئینتزامییەکان لە نزیک شەقامیسەردار ڕۆحیی نەغەدە گیانی لە دەست دا. بە وتەی شایەتحاڵەکان، ئەو ڕووداوە لە کاتێکدا ڕووی داوە، کە هێزە ئینتزامییەکان لە کاتی ڕاودوونانی قاچاغچییەکان تەقەیان کردووە، کە گوللەیەک وەبەر چاوی ئەو هاوواڵاتییەی کەوتووە.[2]
باشووری کوردستان
- بەهۆی دەستپێکردنی تاقیکردنەوەکانی پۆلی 9 و 12، هێڵێ ئنتەرنێت بۆ ماوەیەکی کاتی لە باشووری کوردستان وەستێنرا.[1]
- تۆمارکردنی قەوارەسیاسییەکان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەستپێکرد و تاوەکو 7ی مانگی داهاتوو کات بۆ لایەنە سیاسییەکان هەیە خۆیان بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنی 30ی ئەیلوول تۆمارکەن.[4]
- سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە ئاماژە بەوەدەکات، ئەمڕۆ ئەو وادەیەی کە دابومان بە لایەنە سیاسییەکان بۆ لێکردنەوەی پۆستەر و ڕیکلامەکانی هەڵبژاردن کۆتایی هات، هەر لایەنێکی سیاسیش پابەندی ڕێنماییەکان نەبێت ڕێکاری یاسایی لەبەرامبەر دەگرینەبەر.[3]
- بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسی هەولێر ڕایگەیاند، بەمزووانە فەرهاد پیربااڵ ئازادەدەکرێت.[4]
دەرەوەی کوردستان
- مانگرتنی شۆفێری ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر و تانکەرەکانی گواستنەوەی سووتەمەنی لەدژی خراپیی باری گوزەران و گرانیی نرخی کاڵا و پێداویستیەکان، بۆ ڕۆژی شەشەم لە چەندین شاری گەورەی ئێران بەردەوامە و تادێت فروانتر دەبێت.[3]
- دوویەمین کۆنگرەی بزوتنەوەی ژنانی کوردی فەرەنسا- تەژەکە لە ناوەندی کۆمەڵگەی دیموکراتی کورد لە پاریس بەڕێوە چوو. لە کۆی 13 مەجلیسی ژنان وکۆمینان لە پاریس زیاتر لە 100 ئەندام بەشداری کۆنگرە بوون.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: نەغەدە

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2018-05-27
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2018-05-27
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2018-05-27
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-05-28
کاتی تۆمارکردن: 2018-05-27
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 390

2018-05-28



باکووری کوردستان
- لە دێرسیم لە باکوری کوردستان ئۆتۆمبێلێکی سەربازیی سوپای تورک هاوڵاتییەکی کرد بە ژێرەوە و بە و هۆیەوە بریندارىوو.[4]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- بەخاکسپاردنی محەمەد سالح ئیبراهیمی محەمەدی - شەپۆل لە مەهاباد.[1]
باشووری کوردستان
- وەزیری دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، ئەگەر پرۆژەیاسای چاکسازی، کە ئێستا لە پەرلەمانی کوردستانە، وەک خۆی جێبەجێبکرێت، دەبێتە هۆی گەرانەوەی خەرجییەکی زۆری بەفیڕۆچوو و دەستکاریکردن لە سیستمی پاشکەوتی مووچە کە لە بەرژەوەندی مووچەخۆران دەبێت.[1]
- بەرپرسێکی وەزارەتی بارزگانیەرێم ئاشکرایدەکات، بڕی 30 ملیار دیناری پارەی گەنمی جوتیارانی هەولێر گەیشتووە و سبەی دابەشدەکرێت.[2]
- پۆلیسی دهۆک ڕوونکردنەوە لەبارەی چارەنووسی مستەفا بامەرنی، چالاکڤان و ڕۆژنامەڤان بڵاودەکاتەوە و ڕایدەگەیەنێت

ئەو دەستبەسەرە. هێمن سلێمان، گوتەبێژێ پۆلیسی دهۆک ڕایگەیاند مستەفا بامەرنی بەهۆی هاندانی خەڵک بۆ ئەنجامدانی خوپیشاندانی بێ مووڵەت دەستگیرکراوە.[3]
- کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژارن و ڕاپرسی لەهەرێم بڕیاریدا سیستمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان یەک بازنەیی نیمچە کراوە بێت لە سەرتاسەری کوردستاندا.[2]
- بە بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری، ئازاد حەسەن ئەحمەد، جێگری پێشووی سەرۆکی داواکاری گشتی بۆ پۆستی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم دەستبەکاربوو.[3]
- لە گوندی پەلکانەی سەربە شارۆچکەی سەرگەڕان شەڕ لەنێوان کورد و عەرەبە هاوردەکان دروستبوو.[3]
- خانەی ڕاپەڕاندنی بزوتنەوەی گۆڕان مەسعود حەیدەری پەرلەمانتاری دەرکرد و مەسعود حەیدەریش دەڵێت، زیاتر لە 40 ڕۆژە دەستی لە کارکێشاوەتەوە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- ئەمڕۆ ئەنجومەنی یەکێتی ئەورووپا ڕایگەیاند سزاکانی لەسەر حکومەتی سوریاو هاوپەیمانەکانی بۆ ماوەی ساڵێکی دیکە تا 1ی حوزەیرانی 2019 درێژ کردەوەتەوە و یەکێتی ئەورووپاش جەختی لەسەر پابەندونی بە گەیشتنی چارەسەری سیاسیی هەمیشەیی بۆ قەیرانی سوریا کردۆتەوە.[2]
- پەرلەمانی عێراق لە دانیشتنێکدا بڕیارێکی پەسەندکرد کە لێژنەی یاسایی ئامادەی کردبوو و تایبەتە بە ژمارەنەوەی 10%ی دەنگەکان لە سەرانسەری عێراق و هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی دەرەوەی وڵات و دەنگدانی مەرجداری ئاوارەبووان لە ئەنبار و سەلاحەدین و موسڵ و دیالە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 28-05-2018

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 28-05-2018

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 28-05-2018

کاتی تۆمارکردن: 28-05-2018

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 391

2018-05-29



باکووری کوردستان

- لە کۆبوونەوەی ڕاگەیاندنی ناوی پاڵێوراوەکانی ئاکەپە لە ئامەد شەڕ ڕوویدا.[3]
- لە ناوچەی ئەردیش سەربە شاری وان 20 کەس دەستگیرکران، کە لایەنگر و ئەندامی پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپەن.[4]
- گۆڕینی شوێنی دەنگدان لە جولەمێرگ کاریگەریی نەرێنی لە سێ یەکی دەنگدەران دەکات. سندوقەکانی دەنگدان لەو شوێنانە دەگوێزرێنەوە، کە جاری پێشوو لە سەدا 70ی دەنگەکانی بۆ هەدەپە بوون. ئەو سندوقانە دەگواسترێنەوە بۆ ئەو شوێنانە، کە لە کۆنترۆڵی جەردەوانەکاندایە.[3]
- بۆ جاری 759-یەمین، داواکاری عەبدوڵلا ئۆجەلان، ڕێبەری پەکەکە بۆ سەردانیکردنی ئیمرالی ڕەتکرایەوە.[4]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- بەرەبەیانی ئەمڕۆ، سوپای پاسدارانی ئێران لە کوێستانی کێلەشین و لە شوێنێک بە ناوی "سپی ڕێز"، کاروانێکی کۆڵبەرانیان دایە بەر دەسڕێژی گوللە و لە ئەنجامدا کۆڵبەرێکی کورد گیانی لەدەستدا و کۆڵبەرێکی دیکەش بریندار بوو. ئەو کۆڵبەرەی کە گیانی لە دەست داوە تەمەنی 28 ساڵە و ناوی "ڕێبوار موورادی"یە و خەڵکی ئاوایی کانی ڕەشی شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و باوکی منداڵێکی تەمەن یەک ساڵ بووە. هەروەها، کۆڵبەرێکی دیکە بە ناوی "خەلیل فەروخی" دوو گوللە بەر سینگ و شانی کەوتووە و بە سەختی بریندار بووە.[4]

باشووری کوردستان

- بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنەکانی پارتی ڕایدەگەیەنێت، پەرلەمانی عێراق بۆی نییە بڕیار لەسەر هەژمار کردنەوەی دەنگدان بدات، دەشڵێت چەند پەرلەمانتارێک کە لە هەڵبژاردن دەرنەچوونەتەوە، دەیانەوێ لە ڕێگەی پەرلەمانەوە کێشە بۆ کۆمسیۆن دروست بکەن.[1]
- ڕێبوار تەها سەرۆکی لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە کەرکووک لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاماژەی بەوەکردووە: بەپێی ماددەی 61ی دەستور ئەنجومەنی نوێنەران دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنی نییەو بڕیارەکانیشی پوچەڵ و نادەستورین و تێپەڕاندنی دەسەڵاتی دادوەرییەو لە دادگای فیدراڵیش تانە لە دانیشتنەکەی ئەنجومەنی نوێنەران دەدەن.[5]
- گوندێکی کوردنشین لە سنوری شاروچکەی داقوق تاڵان دەکرێت و گەنم و جۆی جوتیارانی گوندەکەش دەسوتێندرێت، بەرپرسێکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش ڕایدەگەیەنێت پۆلیسی عێراقی ئەو تاوانەی ئەنجامداوە.[1]
- بەهۆی ناکۆکییەکانی نێوان فراکسیۆنوکانی پەرلەمان لە بارەی یاسایی چاکسازی و جیاوازی لە بۆچوونەکانی حکومەتی هەرێم و پەرلەمان پەسەندکردنی یاساکە دواخەکەوێت و ئەگەری هەیە دووبارە بگەڕێندرێتەوە بۆ حکومەت.[1]
- کۆمەڵی ئیسلامی و هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری هەڵوێستی خۆیان لەسەر دووبارە هەژمارکردنەوەی 10%ی دەنگەکان بەڕێگەی دەستیی ڕاگەیاند و ئەندامێکی سەرکردایەتی کۆمەڵیش دەڵێت بڕیارەکانی پەرلەمانی عێراق بە مردووپی لەدایکبوون.[1]
- بەڕێوەبەری نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکانی هەولێر ڕایدەگەیەنێت، لە ماوەی سێ ڕۆژی ڕابردوودا ژمارەیەک بازرگانی ماددە هۆشبەریان لە پارێزگای دهۆک و هەولێر دەستگیرکردووە کە لەناوخۆی هەرێم کاری بازرگانییان لەگەڵ بازرگانەکانی وڵاتانی دراوسێ ئەنجامداوە.[1]
- گولە هاوەنێک ئاراستەی کۆگاکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان لە کەرکووک کرا و پۆلیسیش ڕایدەگەیەنێت هیچ زیانێکی گیانی نەبووە.[1]
- لە شەوی ڕابردووەوە هێزەکانی پێشمەرگە لە میحوەرەکانی ناوەران و تلسقۆف تا سحێلا خراونەتە حاڵەتی

ئامادەباشیەوە.[1]
- وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم بڕیاریدا بەزیادکردنی 100%ی دەرمانّەی فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی باج و خانووبەرەی میری و لەکاتی دابەشکردنی مووچەی مانگانەیان، پێیاندەدرێت.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لەچوارچێوەی سیاسەتی گۆڕینی دیمۆگرافیای عەفرین، سوپای تورک 15 خانەوادەی دیکەی چەتەکانی گواستووەتەوە بۆ عەفرین.[4]
دەرەوەی کوردستان
- بە ناونیشانی (خۆپیشاندانی کورد لە دژی داگیرکردنی عەفرین لەلایەن تورکیاوە، درێژەی هەیە) ڕۆژنامەی ئەلحەیات ڕاپۆرتێکی دەربارەی مانگرتن و خۆپیشاندانی هاووڵاتیان لە شارە کوردستانیەکانی خۆرئاوا و هەروەها کوردانی تاراوگە، لە دژی داگیرکردن و مانەوەی هێزە سەربازیەکانی تورکیا لە شاری عەفرین، بڵاوکردووەتەوە.[1]
- کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕایگەیاند: یاسا ڕێگە نادات ئەنجامی دەنگدانی عێراقییەکانی دەرەوە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق هەڵبوەشێندرێتەوە.[2]
- سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند، داواکارییەکان بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنی 12ی ئایار کارێکی نادروستە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن:	یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان:	ئامەد
شار و شارۆچکەکان:	جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان:	شنۆ
شار و شارۆچکەکان:	عەفرین
شار و شارۆچکەکان:	وان
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-05-29
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-05-29
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-05-29
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-05-29
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردسات نیوز - 2018-05-29
کاتی تۆمارکردن: 2018-05-29
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 392

2018-05-30



باکووری کوردستان
- حەوتەمین دانیشتنی دادگەییکردنی فیگەن یوکسەکداغ هاوسەرۆکی گشتیی پێشووی هەدەپە لە نۆیەمین دادگەی سزادانی ئاسلیە لە مێرسین بەڕێوەچوو. لە دانیشتنی ئەمڕۆدا یوکسەکداغ ئامادە نەبوو، بەڵام سەرجەم پارێزەرەکانی ئامادە بوون.
دەستەی دادوەران لە دوای قسەی پارێزەران، بەبیانووی ئەوەی کە کەموکوڕی لە دۆسیەکەدا هەیە، دانیشتنەکەی بۆ 27ی تشرینی دووەم دواخست.[3]
- لە ناوچەی ڕەزان-ی ئامەد، پۆلیسی تورکیا هەڵیکوتایە سەر ماڵی ئەندامانی پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە و پارتی هەرێمەدیموکراتییەکان - دەبەپە کە لە چوارچێوەی کەمپینی هەڵبژاردنی 24ی حوزەیرانی تورکیا خەبات دەکەن و 13 چالاکوانی سیاسی دەستگیرکران.[3]
- کۆمیتەی زیندانیانی پەکەکە، بانگەوازێی لە خانەوادەی زیندانیان کرد، کە لە هەڵبژاردنی 24ی حوزەیران-دا بەشداربن و دژی دەسەڵاتداریی فاشیستیی ئاکەپە و مەهەپە بوەستنەوە.[3]
- هەپەگە ئاشکرای کرد کە لە ئەنجامی دوایین چالاکییەکانی گەریلا لە لێلیکان، بەرواری، گەڤەر و چەڵێ دژی سوپای تورکیای داگیرکەر، 26 سەرباز کوژراون.[3]
باشووری کوردستان
- فرۆکەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش موڵگەیەکی چەکدارانی داعش لە چیای قەرەچووغ لە مەخموور بۆردومان دەکەن کە ناوچەیەکی شوێنەواریە.[1]
- لە ڕاگەیێندراوێکدا پەرلەمانتارانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هۆشداری دەدەنە نەتەوەیەکگرتووەکان، هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی دژ بە داعش، حکومەتی عێراق و سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان، سەبارەت بە دەستکاریکردنی دەنگی نێو سندووقەکانی هەڵبژاردن لە کەرکووک لە بەرژەوەندی پێکهاتەیەکی دیاریکراو.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەنجومەنی سەربازیی منبیج لە ڕاگەیەنراوێکدا دەستنیشانی کرد کە دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ چەتەکانی سەر بە دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر تۆپبارانی گوندی مەحسەنلی-یان کردووە کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای منبیج. ئەنجومەنەکە ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە شەڕڤانەکانیان وەڵامی هێرشەکەیان داوەتەوە.[3]
- شاندێکی سەربازیی سعودی، ئیماراتی و ئوردنی سەردانی شاری کۆبانێ-یان کردووە و لەگەڵ فەرماندەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش و هەسەدە کۆبوونەتەوە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- ماڵپەڕی ڕۆژنیوز لەلایەن تورکەکانەوە هاککرا.
- مەودا شەمدین، ئە و مندالّە تەمەن 2 ساڵەی لە ڕۆژانی ڕابردوو لە لایەن پۆلیسی بەلجیکا کوژرا، ئەمڕۆ بە مەڕاسیمێکی بەرفرەوان لە گەڕەکی لیوسە-ی بڕۆکسل بەخاکسپێردرا، مەڕاسیمەکە کە بە خۆپیشاندانێک دەستی پێکرد، لە لایەن ناوەندی دیموکراتی کوردستانیانی بەلجیکا - NAV-BEL و یەکێتیی ژنانی کورد لە بەلجیکا - YJK-B ڕێکخرا و جگە لە ئامادەبوونی دایک و باوکی مەودا، دەیان کوردستانی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی سیڤیلی بەلجیکا ئامادە بوون. ئامادەبوان کوشتنی مەودای تەمەن 2 ساڵانیان بەتوندی ئیدانە کرد.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی هەڕێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-05-30
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-05-30
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-05-30
کاتی تۆمارکردن: 2018-05-30
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 393

2018-05-31



باکووری کوردستان
- لە ناوچەی هەڵۆ-ی سەربە ئامەد سوپای تورکیا دەستی کردووە بە ئۆپراسیۆنی سەربازی، شەوی ڕابردوو لەو ناوچەیە شەڕ ڕوویدا و لەئەنجامدا جەردەوانێکی سوپای تورکیا کوژرا.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ کاتژمێر 09:00 شۆفێری تەکسیەکانی شاری کرماشان لە بەردەم ئیدارەی تاکسیرانی کرماشان دەستیان دایە مانگرتن و کاری گواستنەوەی هاووڵاتیانیان ڕاگرد. مانگرتنی شۆفێر تەکسیەکانی کرماشان ڕۆژێک دوابێ مانگرتنی شۆفێر تەکسیەکانی شاری بۆکان-ی سەربە پارێزگای ورمێ-ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستیپێکردووە. هەروەها یەکێک لە مەبەستەکانی ئەو مانگرتنە پشتگیریکردن لە مانگرتنی شۆفێری بارهەڵگرەکان لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، کە زیاتر لە 10 ڕۆژە دژی بەرزبوونەوەی بەهای پارچەی بارهەڵگر و کەمیی کرێی بار مانیان گرتووە. پاش ئەوەی مانگرتنەکە دەستیپێکرد، هێزە ئەمنییەکانی حکومەتی ئێران هەوڵیاندا بڵاوە بە مانگرتنەکە بکەن، بەڵام ڕووبەڕووی خۆڕاگریی شۆفێرەکان بوونەوە.[1]
- دوو خوشکی خەڵکی شاری مەریوان بە ناوەکانی ئامێنە سەعیدی تەمەن 30 ساڵ و خەدیجە سەعیدی تەمەن 35 ساڵ، پێکەوە خۆیانهەڵواسی و کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێنا.[5]
- هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران، 30 سەر ئەسپی بارهەڵگری کاسبکارانیان لە سنووری شاری شنۆدا گرت و لەگەڵ خۆیان بردوویانە.[5]
باشووری کوردستان
- لە هەرێمی برادۆست لە باشووری کوردستان، هێزەکانی گەریلا دژ بە سوپای داگیرکەری تورکیا چالاکیان ئەنجام داوە. ڕاشگەیەندرا کە بەرەبەیانی ئەمڕۆ لە دەربەندی عەلی درێژ-ی سەربە هەرێمی برادۆست، چالاکییەکە ئەنجام دراوە و لە ئاکامیشدا لانیکەم 10 سەرباز کوژراون.[1]
- ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی ئەمڕۆ بڵاویکردەوە، بەیانی ئەمڕۆ کۆڵبەرێک بەناوی (کەمال محەمەدی) لەدایکبوی ساڵی 1992 و دانیشتوی گوندی سوراو لە بانە، لە پشتی گوندی میشەڕۆ کوژرا.[2]
- بەهۆی خراپی باری تەندروستی ژمارەیەکی زۆر لە بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی هەڵەبجە بەتایبەت ئە و بەرکەوتووانەی کە توانای سەردانیکردنی نەخۆشخانەیان نییە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجە بڕیاریدا مانگانە دەرمان و چارەسەری پێویستیان بۆ دابین بکات.[2]
- ژمارەیەک سەربازی سوپای تورکیا چوونەتە نێو گوندێکی باشووری کوردستان لە سنووری سۆران. قایمقامی قەزای سۆران دەڵێت، دوای ئێوارەخوانێک سەربازەکان چوونەتە دەرەوەی گوندەکە. کرمانج عیزەت، قایمقامی قەزای سۆران ڕاگەیاند، سەربازانی سوپای تورکیا هاتوونەتە نێوگوندی بەرمیزە، کە گوندێکی سنوورییە. سوپای تورکیا گوتوویانە بۆ دڵنیاکردنەوەی خەڵکەکە هاتوون و بۆ کێشە نەهاتوونەتە ناوچەکە.[3]
- بەهۆی دەرکەوتنی چەند چەکدارێکی داعش لەنێوان کفری-خورماتوو، هێزەکانی ئاسایشی گەرمیان و خورماتوو ئۆپراسیۆنێکی هاوبەش ئەنجامدەدەن.[2]
- لە بەرامبەر بریاری لەسێدارەدانی چالاکی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کودستان، ڕامین حسێن پەناهی، ئەمشە و گردبونەوەیەکی ناڕەزایی لە شارۆچکەی کەلاری دەفەری گەرمیان بەڕێوەچوو.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سەرۆکی سووریا ڕایگەیاند: سووریا یەک کێشەی ماوە ئەویش هێزەکانی سووریای دیموکراتە، دانوستاندن بژاردەیەکە لەگەڵ هەسەدە، ئەگەرنا بەهێز دەریاندەکەین.[3]
- لە پاش تالانکردنی ماڵ و موڵکی خەڵک لە شار و گوندەکانی هەرێمی عەفرین لە ڕۆژئاوای کوردستان، چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا ئێستا دەستیانکردووە بە تالانکردنی دەخڵ و دانی خەڵکی ناوچەکە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە ئەمڕۆ پێنجشەممە 31 ئایار لە بەغدا ئەنجامیدا کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژارنەکانی عێراق ڕونکردنەوەی تەواوی لەبارەی ئەنجامی دەنگدان و گومانەکانی ساختەکاریی خستەڕوو و ڕایگەیاند ئەگەر دادگا بڕیار بدات، ئامادەین بەدەست 100%ی دەنگەکان بژمێرینەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-05-31
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-05-31
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-05-31
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2018-05-31
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-06-01
کاتی تۆمارکردن: 2018-05-31
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 394

2018-06-01



رۆژهەڵاتی کوردستان

- شەوی ڕابردوو، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد دەکەونە بۆسەی هێزە نیزامییەکان و لە ئاکامدا، کۆڵبەرێکی کورد، خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی پیرانشار بە تەقەی هێزە نیزامییەکان پێکرا. ناسنامەی ئەو کۆڵبەرە کوردە عەبدوڵڵا خەڵکی گوندی قەڵاتە ڕەشی شاری پیرانشار ڕاگەیەندراوە.[1]

باشووری کوردستان

- فرسەت سۆفی، ئەندامێکی لیژنەی دەستپاکی پەرلەمانی کوردستان داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات مووچەی پێشمەرگە پێش جەژن دابەشبکرێت و دەڵێت: ناکرێت پێشمەرگە لە ڕیزبەندی یەکەی مووچە بچێتە ڕیزبەندی کۆتایی و دوای جەژن.[3]
- لە لایەن هێزەکانی ئاسایشەوە و بە هاوکاری هاوڵاتیانی ناوچەکە، لەگوندێکی سنوری خانەقین سێ چەکداری داعش دەستگیرکران کە پێشتر دەستیان لە ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستیدا هەبووە.[4]
- حکومەتی عێراق ڕەزامەندی دەربڕی بازارێکی تایبەت بە گەنم بۆ هەڵەبجە بکاتەوە و فۆرمی خۆراکی ئەو پارێزگایەش بکاتە سەربەخۆ.[4]
- لە سنووری ئاکرێ ئاگر لە کەمپێکی ئاوارەکان کەوتەوە و چوار خێوەت سووتان، کەسێکیش بریندارنەبوو. ئەو کەمپەی ئاگرەکەی لێکەوتووەتەوە ناوی چەمشکۆ-یە و دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی قەزای زاخۆی سەر بە پارێزگای دهۆک، کەمپەکە تایبەتە بە ئاوارەکانی شنگال و زیاتر لە 25 هەزار ئاوارەی لێ نیشتەجێکراون.[3]
- وتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئاشکرای دەکات، حزبەکەی کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە پۆستی بەرپرسی مەڵبەندەکان و ڕێکخراوەکان کردووە و بڕیاری بۆ دەرکردوون. گۆڕانکارییەکان بەمشێوەیەیە (سامان گەرمیانی) کراوە بە بەرپرسی مەڵبەندی گەرمیان و (سیروان کۆیخا نەجم) کراوە بە بەرپرسی مەڵبەندی چەمچەماڵ و (عوسمان بانیمارانی) کراوە بە بەرپرسی مەڵبەندی کۆیە و (بەرزان ئەحمەد کوردە) کراوە بە بەرپرسی بۆردی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان.[4]
- هێزێکی سوپای ئەمریکا چووەتە سنووری چیای شنگال و لە ناوچەی چل مێرای چیای شنگال جێگیر کراون، چوونیشیان بۆ ئەو ناوچەیە بەمەبەستی سەقامگیری سیاسییە لەو ناوچە سنوورییە.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان

- سوپای داگیرکەری تورکیا و چەتەکانی سەر بە تورکیا، کاتژمێر 2ی دوێنێ شەو لە عەفرین، 5 هاووڵاتی مەدەنی سەر بە عەشیرەتی بوبان-یان کوشت. بەگوێرەی ئەو زانیارییەکان، لەنێو ئەو قوربانیانەدا ژنێک و منداڵێکیش هەن.[2]
- بەگوێرەی سەرچاوە خۆجێییەکان لە عەفرینەوە، هێزە داگیرکەرەکانی عەفرین لە ماوەی دوو ڕۆژدا، 40 بنەماڵەی چەتەکانی غوتەی ڕۆژهەڵاتیان لە گوندی کاخور-ی سەر بە ماباتا جێگرکردووە.[2]

دەرەوەی کوردستان

- پێنتاگۆن داوا لە حکومەتی سووریا دەکات چاو بە پلانی خۆی بۆ هێرشکردنەسەر هێزەکانی سووریای دیموکرات هەسەدەدا بخشێنێتەوە. هۆشداربیش دەدات لە ئەگەری هەر هێرشێک و ڕایدەگەیێنێت، هێرشکردنەسەر هێزەکانی ئەمریکا یان هاوبەشەکانی لە سووریا سیاسەتێکی هەڵە دەبێت.[3]
- لەکۆنگرەی 11 ی زەردەشتیەکانی جیهان کەلەشاری Perth ی باشوری ڕۆژئاوای کیشوەری ئوسترالیا، ناو و ئاڵای کوردستان وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەناو 27 دەوڵەتی جیهان هاتبو و لەپاڵ سرودی نیشتمانی ئەو دەوڵەتە گەورانەش سرودی ئەی ڕەقیب لەکاتی ناساندنی شاندی کوردستان لێدرا کە 300 کەسایەتی لەم دەوڵەتانەوە داوەت کرابون بۆ ئەم

کۆنگرە نێودەوڵەتیە گرنگە کە هەر چوار ساڵ جارێک لەیەکێ لەوڵاتانی دنیا دەکرێت،کۆنگرەکە لە 1 هەتا 4 ی ئەم مانگە بەردەوام دەبێت و سەرۆکی ئوسترالیا و چەندین پەرلەمانتار و کەسایەتی دبلۆماسی و ئایینی و لێکۆڵەر و میدیاکار تێیدا بەشدارن.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: ئاکرێ

شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

شار و شارۆچکەکان: شنگال

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-06-01

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-01

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-06-01

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-06-01

[5] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | فەیسبووکی مەریوان نەقشبەندی - 2018-06-01

کاتی تۆمارکردن: 2018-06-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 395

2018-06-02



باکووری کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ لەناوچەی قەرەیازی ئەرزروم پۆلیسی تورکیا هەڵیکوتایە سەر ماڵی هاووڵاتیان و دەستی کرد بە پشکنین. لە ئەنجامی ئەو ئۆپەراسیۆنەی پۆلیسدا موهلیس کیرماجی هاوسەرۆکی ڕێکخستنی پارتی هەڕێمە دیموکراتیکەکان- دەبەپە، بەڕێوەبەرانی حیزب، ئەندامی مەجلیسی شارەوانییەکان وبەرپرسێری هەدەپە وبە گشتی 21 کەسیان دەستگیر کران.[3]
- لە گوندی یوفکاڵی لە شاری هەکاری تورکیا دوو گوندنشین، بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک لە لایەن کۆمەڵێک سەربازی سوپای تورکیاوە ئەشکەنجە دران و دواتر لە هۆش خۆیان چوون. ئەو دوو گوندنشینە، بە ناوەکانی ڕەمەزان ئاکتاش و ناسر تاش، کە سەرقاڵی پیشەی شوانی بوون، بە وتەی خۆیان، لەلایەن سەربازەکانەوە پرسیاری شوێن و مۆلگەی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)یان لێکراوە، بە هۆی ئەوەی وتویانەنازانین لە کوێن بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک ئەشکەنجەیان داون.[5]
باشووری کوردستان
- وتەبێژی ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) ڕایدەگەیەنێت، ئامانجی هاتنی سوپای تورکیا بۆ گوندی بەرمیزەی سیدەکان، بۆ ئەوەیە هێرشبکەنەسەر قەندیل و ئەم هاتنە ئامادەکاری پێش وەختەی هێرشەکەیە، دەشڵێت تورکیا بە ئاگاداری هێزە نێودەوڵەتی و هەرێمی ئە و جموجۆڵانەی دژی ئێمە دەستپێکردووە.[1]
- قایمقامی شنگال ڕایگەیاند، هێزێکی سوپای ئەمریکا لەسەر چیای شنگال جێگیر کراوە.بەبڕوای ئەو مانەوەی ئەو هێزە، جۆرێک ئارامی بۆ ئەو ناوچانە دەگەڕێنێتەوە و پێیوایە، ئەگەر مانەوەی هێزەکەی ئەمریکا درێژخایەن بێت، دەبێتە هۆی گەڕانەوەی ئاوارەکانی شنگال بۆ ناوچەکانی خۆیان.[2]
- ئەمڕۆ، ئێران ئاوی زێی بچووکی گرتەوە و بەڕێوەبەری پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەی قەڵادزێش دەڵێت بۆ ڕێگری لە گرفتی کەمئاوی، دانیشتوانی قەڵادزێ خەریکی دروستکردنی بەنداوی بچوکن لەسەر ئەو زێیە.[1]
- سوپای عێراق زیاتر لە هەزار سەرباز ڕەوانەی ناحیەی قەرەتەپەی سەر بە قەزای خانەقین دەکات، بەرپرسێکیش دەڵێت، بۆ باشتر کۆنترۆڵکردنی ناوچەکەیە.[1]
- 13 ئەندامی فراکسیۆنە جیاوازەکانی پەرلەمانی کوردستان ڕایدەگەیەنن، بەزاندنی سنووری هەرێم لەلایەن سوپای تورکیا مەترسیە بۆ سەر ئاسایشی هەموو خاک و خەڵکی کوردستان و دەڵێن پێویستە پەرلەمان مەسئولیەتی سەرشانیان ڕاپەڕێنن بۆ

ناچارکردنی تورکیا لە چۆڵکردنی ئەو ناوچانە.[1]
- تورکیا ئاوی ڕووباری دیجلەی لە ئێراق گرتەوە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بە پێی هەواڵی ئاژانسی هاوار، سوپای تورکیای داگیرکەر لە عەفرین، 4 هاوواڵتی بە ناوەکانی جومعە کەماڵ (مانگێک پێش ڕفێندراوە)، مووسا نەبی 32 ساڵان لە گوندی جەقلا جومێ (11 ڕۆژ پێش ئیستا ڕفێندراوە)، دەشتی ئیسو 40 ساڵ (9 ڕۆژ پێش ئیستا ڕفێندراوە) و عەبدولڕەحمان بەرمەجێ 35 ساڵە لە گوندی کەفەرسەرفرێ (4 ڕۆژ پێش ڕفێندراوە).[3]
دەرەوەی کوردستان
- سلێمان سۆیلو، وەزیری ناوخۆی تورکیا ڕایگەیاند: بەردەوامین لە شەڕی تیرۆر، ئێستا لە باکووری عێراق 27 کیلۆمەتر چوویینەتە پێشەوە و سەربازەکانمان لەوێن. کەممان ماوە بگەینە قەندیل، خەمتان نەبێ هێرشدەکەینەوە سەر قەندیل و تەختی زەوی دەکەین.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەکاری
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئێراق
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-06-02
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-06-02
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-02
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری خەندان - 2018-06-02
کاتی تۆمارکردن: 2018-06-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 396

2018-06-03



باکووری کوردستان
- 430 زیندانی کە لە بەندیخانەی کراوەی ئامەد بەند کراون، لە دژی مامەڵەی کاربەدەستانی بەندیخانەکە ڕاپەڕین و ناڕەزایی خۆیان دەربڕی.[5]
- سەرۆککۆماری تورکیا لە ئامەد ڕایگەیاند زمانی کوردی وەکو شیری دایکتان حەڵاڵە بۆتان و هێندەی زمانی تورکی بەهادارە. دەشڵێت با هیچ کەسێک بەدوای دەوڵەتەوە نەبێت بۆ کورد.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سەر لە بەیانی ئەمڕۆ، کچێکی مێرمنداڵ خەڵکی شاری بانە لە ڕێگای خۆهەڵواسینەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. شوناسی ئەو کچە بە ناوی سروە ڕەحیمی ڕاگەیەندراوە.[4]
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو، چەکدارانی داعش هێرشیان بۆ سەر گوندی حەفتەغاری سنووری داقوق هێناوە و لەلایەن هێزە عێراقییەکانەوە تەقەیان لێکراوە و بەهۆی شەڕەکەوە بەشێک لە کشتوکاڵی ناوچەکەش سووتاوە.[1]
- پۆلیسی کەرکووک دەستگیرکردنی باندێکی ماددە هۆشبەرەکانی ڕاگەیاند.[1]
- قایمقامی قەڵادزێ ڕایگەیاند، لە پێناو کەوتنەوە کاری پرۆژەی ئاوی خاس کە سەرچاوەی ئاوی سەرەکی قەڵادزێیە، بەربەستیان لەبەردەم ئاوی زێ بچووک دروستکردووە و گوتی ئێستا پرۆژەی ئاوی خاس کەوتووەتەوە کار.[2]
- بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی منداڵانەوە لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی فێستیڤاڵی خانەو دایەنگەکان بەڕێوەچوو، کە تێیدا خانەی نەوجەوانانی کچان و کوڕان و خانەی منداڵانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە و دایانگە حکومییەکانی ناوشاری سلێمانی بەشداریان تێداکرد و چەند چالاکییەک ئەنجامدرا.[1]
- بەڕێوەبەری شارۆچکەی سیدەکانی سەر سۆران ڕایگەیاند، ئەو هێزی تورکیا کە چوبوونە گوندی بەرمیزە، ئێستا گوندەکەیان چۆڵ کردووە و کشاونەتەوە بارەگاکانی خۆیان. گوتیشی داوای هاوکارییان لە خەڵک کردووە، بەڵام خەڵک ڕەتی کردووەتەوە.[2]
- فەرمانی دەستگیرکردن بۆ ڕێبوار تاڵەبانی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک دەرچوو.[3]
- لەسەر هاتنەناوەوەی سوپای تورک بۆ باشووری کوردستان،ئەمنیداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە ڕایدەگەیەنێت، بۆ پاراستنی سنوورەکان پێویستە حکومەتی عێراق هەڵوێستی هەبێت، چونکە پاراستنی سنوورەکانی لە ئەستۆی حکومەتی عێراقە، نەک وەزارەتی پێشمەرگە.[1]
- عاسم جیهاد، گوتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق ڕایگەیاند، هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک بۆ ئێران دەستپێکردووە، کە ڕۆژانە بە تانکەر بڕەکەی لەنێوان 30 بۆ 60 هەزار بەرمیلە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هێزەکانی سووریای دیموکراتی- هەسەدە لە کانتۆنێر 8ی ئێوارەوە بە ئامانجی ڕزگارکردنی گوندەکانی باشووری حەسەکە و گوندی دەشیشا-ی هەڵکەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوچەی شەداد-ی کانتۆنی حەسەکە، هەڵمەتی گەردەلوولی جەزیرەی دەست پێکردەوە.[5]
دەرەوەی کوردستان

- بە گوێرەی هەواڵێکی ڕۆژنامەی جمهوریەتی ئۆپۆزسیۆن، گروپێک کە لە 10 بۆ 15 کەس پێکهاتبون هێرشیان کردوەتەسەر کاروانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی هەدەپە لە شاری ئەنکەرە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-06-03
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-06-03
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-06-03
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-03

کاتی تۆمارکردن: 2018-06-03
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 397

2018-06-04



باکووری کوردستان
- ئاژانسی ئیخلاسی تورکی بڵاوی کردەوە، دوێنێ لە چیای (باسیان) لە هەرێمی کوردستانەوە بە موشەک هێرش کراوەتە سەر بنکەیەکی سەربازی تورکیا لە شارۆچکەی شەمزینان و لە ئەنجامدا سێ سەرباز کوژراون و سەربازێکیش بریندار بووە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کاتژمێر 11ی شەو، بە هۆی تەقینەوەی یەکێک لە گوللە تۆپە بەجێماوەکان لە گوندی شێخ سڵە لە ناوچەی سەلاسی باوەجانی، کوژران و بریندارببوونی 6 ئەندامی بنەماڵەیەکی لێ کەوتەوە.[4]
- هاووڵاتییەکی کورد، بە ناوی ڕەحمان قوربانی کوڕی ڕەمەزان خەڵکی شاری نەڵوس سەر بە شاری شنۆ لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بە شێوەیەکی گوماناوی لە گرتووخانەی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارەدا گیانی لەدەست دا.[4]
باشووری کوردستان
- کونسوڵی ئێران لەبارەی دروستبوونی گرفتی ئاو لە پشدەر و قەڵادزێ ڕوونکردنەوە دەدات و ڕایدەگەیێنێ، ئاوی ڕووباری زێی بچووک نەگیراوەتەوە و پشکی هەرێمی کوردستانیش لە ئاوی خواردنەوە پارێزراو دەبێت. سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانیش دەڵێت، کونسوڵ بەڵێنی داوە گرفتی ئاو دروست نەبێت.[2]
- دادگای باڵای فیدراڵی عێراق دوا مۆڵەتی داوەتەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە دۆسیەی هەناردەی نەوتی هەرێم و دانیشتنی تایبەتی بە و دۆسیەیەش دواخست.[1]
- یەکەم کاروانی نەوتی کەرکووک ڕادەستی ئێران کرا.[1]
- شاندێکی چوار حیزبە ناڕازییەکە (بزووتنەوەی گۆڕان، هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان) بە سەرۆکایەتیی بەرهەم ساڵح بەمەبەستی بەدواداچوونکردن لەبارەی ساختەکاری هەڵبژاردن و دەنگە دزراوەکانیان لە بەغدان.[2]
- لە ڕۆژانی ڕابردوو، فۆرمی خۆراکی 371 خێزانی عەرەب لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بۆ پارێزگای کەرکووک گوازراونەتەوە.[2]
- شەوی ڕابردوو لە گردی کەڤۆرکەی هەرێمی برادۆستی باشووری کوردستان لە و شوێنەی کە هێزەکانی تورکیای داگیرکەری لێن، تەقینەوەیەک ڕوویدا. ڕاگەیەندرا کە لە تەقینەوەکەدا سەربازێک کوژراوە و زۆر سەربازیش بریندار بوون.[3]
- وتەبێژی پۆلیسی پارێزگای دیالە ڕایدەگەیەنێت، لە سنوری هەردوو شارۆچکەی میقدادیە و ناحیەی جەلەولا 12 تۆمەتباریان دەستگیرکردووە کە ژمارەیەکیان چەکداری داعشن.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هێزەکانی سووریای دیموکراتی - قەسەدە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی ساز کرد و دەستپێکردنی هەڵمەتی ڕزگارکردنی شارۆچکەی دشیشا و پاراستنی سنووری سووریا و عێراق ڕاگەیاند.[3]
دەرەوەی کوردستان
- ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران ڕایگەیاند، هەر وڵاتێک مووشەکێک لە تاران بگرێت، ئەوان بە 10 مووشەک وەڵامی دەدەنەوە. ڕاشیگەیاند، دەبێت ئاژانسی وزەی ئەتۆمی وڵاتەکەی بە خێرایی دەست بە زیادکردنی پیتاندنی یۆرانیۆم بکات.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: شەمزینان
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-06-04
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-06-04
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-04
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-06-05
کاتی تۆمارکردن: 2018-06-04
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 398

2018-06-05



باشووری کوردستان
- ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بەوەکالەت ڕایگەیاند، بڕیاری دادگای کەرکووکی لەبارەی

دەستگیرکردنی تەمیز کردووەتەوە، بەوهۆیەشەوە بڕیاری دەستگیرکردنی ڕاگیراوە و دەشڵێت، سکاڵام لەسەر دەستەی دەستپاکیی کەرکووک تۆمارکردووە، چونکە پیشەییانە کارناکەن.[2]
- دوای تۆمەتبارکردنی یەکێتی لەلایەن وەزیری دەرەوەی تورکیا بەوەی گرووپێکی نێو ئەو حیزبە هاوکاری پەکەکەیان کردووە، گوتەبێژی یەکێتی دەڵێت، یەکێتیی ناخوازێ دڵۆپێک خوێن (لە ژێر هەر ناوێک) لە کورد یا تورک و هەر پێکهاتەیەکی دیکە برژێت بۆیە پێداچوونەوەی وردتر بەم هەڵوێستەی تورکیا گرنگە و ئاشتی دەپارێزێت.[2]
- بەهۆی قەیرانی ئابووریەوە ڕۆژنامەی ئاوێنە دەوەستێت.[3]
- دەرنگانی شەوی ڕابردوو، لە شاری خانەقین، شەڕوپێکدادان لە نێوان دوو گروپی چەکداری حەشدی شەعبی ڕوویداو بەهۆیەوە دوو چەکدار بریندار بوون.[4]
- بینالی یەلدرم سەرۆک وەزیرانی تورکیا ڕایگەیاند، وڵاتەکەی 11 بنکەی سەربازی لە هەرێمی کوردستاندا هەیەو ژمارەی سەربازەکانی سوپای تورکیا لە هەرێم بۆ دوو هێندە زیادکردووە.[5]
- بەدروشمی هەوڵێک بۆ دارشتنەوەی هێڵەکانی داهێنان لە زانستی ژمێریاریدا، گروپی کۆمپانیاکانی فاروق و کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی لە هۆتێل گراند میلینۆم سیمپۆزیۆمێکیان ئەنجامدا.[4]
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بەبیانوی هەبوونی بارەگاکانی پەکەکە، سنوری ئامێدیان بۆردومانکرد.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان

- فەرماندەی گشتی یەکینەکانی پاراستنی گەل ڕایدەگەیەنێت، پاش ئەوەی ڕاوێژکارە سەربازییەکانیان لە مەنبج ئەرکەکانیان کۆتایی هاتووە، لەئێستادا لەو شارە کشاونەتەوە.[4]
- هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، ئەنجوومەنی سەربازی منبجی لەوە دڵنیاکردووەتەوە کە لەو شارە دەرناچن، بەڵکو لەگەڵ هێزەکانی تورکیا بە هاوبەشی لە باکووری ڕۆژئاوای منبج خاڵی هاوبەش دادەنێن.[2]
- دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر و چەتەکانی ناوەندی یەکێتیی ئێزدیەکانی لە عەفرین تەقاندەوە.[1]

دەرەوەی کوردستان

- شەوی ڕابردوو، گرووپێکی نەتەوەپەرستەکانی سەر بە مەهەپە کە ژمارەیان نزیکەی 100 کەس دەبوو، هێرشیانکردە سەر بارەگای لقی ڕێکخستنەکانی هەدەپە لە پارێزگای بۆڵو کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای تورکیا و بارەگاکەیان بەردبارانکرد و ئاگریان لە بەشێکی بارەگاکەدا بەردا و ئاڵای هەدەپەشیان سووتاند.[2]
- چالاکی ئێشکگری ئازادی بۆ عەبدوڵڵا ئۆجەلان کە لەبەردەم بارەگای ئەنجوومەنی ئەوروپادا بەڕێوە دەچێت، لە هەفتەی 310هەمین دایە.[1]
- وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕایگەیاند، ئاگادارین گرووپێکی نێو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هاوکاری پەکەکەیان کردووە.[2]
- وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، لەچوارچێوەی فراوانکردنی سزکانی واشنتۆن بۆ سەر تاران، ئەمڕۆ ناوی 6 کەس و 3 قەوارەی دیکەی ئێرانیان خستە لیستی سزادراوانەوە. وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا ڕوونیشیکردەوە، سزا نوێیەکانیان گروپەکانی سەر بە ئەنسار حیزبوڵڵا و کۆمەڵەی هانیستای پرۆگرامسازی ئێرانی دەکاتە ئامانج.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-05
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-06-05
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2018-06-05
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-06-05
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری خەندان - 2018-06-05
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری لڤین - 2018-06-05

کاتی تۆمارکردن: 2018-06-05

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 399

2018-06-06



باکووری کوردستان
- لە بەیاننامەیەکدا ئایشەر ئاجار باشەران، جێگری هاوسەرۆکی هەدەپە و نوێنەری شاری باتمان لە پەرلەمانی تورکیا ڕایگەیاند بەجۆش و حەماسەوە کار بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی 24ی حوزەیران دەکەن، بەڵام لەهەندێک شوێن ڕووبەڕوی هێرش بوونەتەوە و وەزارەتی ناوخۆی تورکیای لەو هێرشانە بە بەرپرسیار زانی.[1]

رۆژهەڵاتی کوردستان
- شەوی ڕابردوو لە نزیک دەرەوازی سنووری کێڵێ لە گوندی بێورانی سەردەشت، پێکدادان لەنێوان گرووپێکی نەناسراو و هێزە ئەمنییەکانی ئێران ڕوویداوە، پێکدادانەکە نزیکەی کاژێرێک بەردەوام بووە. هاوکات چەند سەرچاوەیەکی نزیک لە سوپای پاسداران دەڵێن، لە گوندی بێواران شەڕ لەنێوان هێزە ئەمنییەکان و گرووپێکی چەکدار دروستبووە، بەهۆیەوە دوو پلەداری هێزەکانی پاسەوانی سنووریی ئێران کوژران.[2][3]
- بە پێی هەواڵی ماڵپەڕی کۆڵبەر نیوز دوێنێ کۆڵبەرێک بەناوی ڕەحیم قوربانی خەڵکی شاری خۆی لە شاری پیرانشار-ی سەر بە پارێزگەی ورمێ-ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن هێزە ئینتزامییەکانی ئێرانەوە دەستگیرکرا، ودوای ئەوەی گوازرایەوە بۆ بەندیخانە لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی لەدەستدا.[4]
- ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە بەرزاییەکانی کێڵەشین سەر بە شاری شنۆ، دەکەونە بۆسەی هێزەکانی سپای پاسداران و لە ئەنجامی تەقەی ئەو هێزانە، دوو کۆڵبەری کورد بە ناوەکانی ش.ج تەمەن 32 ساڵ و د.ی تەمەن 28 ساڵ بە سەختی بریندار بوون.[3]
باشووری کوردستان
- بەپێی ڕاگەیێندراوێکی سەرۆکایەتیی ئەرکانی گشتیی سوپای تورکیا، دوێنێ ئێوارە، فڕۆکەکانیان 16 پێگەی پەکەکەیان لە باشووری کوردستان بۆردوومانکردوون. وەک لە ڕاگەیێندراوەکەدا ئاماژەی پێدراوە، پێگەکان لە خواکورک، گارا، مەتین، زاب، قەندیل، ئاڤاشین و باسیان بۆردوومانکراون.[2]
- سەفین دزەیی وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، پێویستە هێزەکانی پەکەکە لە هەندێ ناوچەی هەرێم دەربچن و چیتر بیانوو نەدەنە دەست هێزەکانی تورکیا بۆ بەزاندنی سنووری هەرێمی کوردستان.[1]
- وتەبێژی ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەکەکە وەڵامی وتەبێژی حکومەتی هەرێم دەداتەوە و ڕایدەگەیەنێت، حکومەت یان بڕ هەڵوێست بووە، یان هەڵوێستێکی وەهای هەبووە کە خزمەت بووە بە داگیرکەرانی کوردستان، جەخت لەوەش دەکاتەوە کە گەریلا هەرێمی کوردستان چۆڵناکات.[1]
- پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ تۆبخانەکانی سوپای تورکیا بە بیانووی بوونی بارەگاکانی گەریلاکانی پەکەکە، چەند ناوچەیەکیان لە سنوری ئامێدی کردەئامانج.[1]
- بەهۆی دیارینەکردنی وادەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و ئەنجومەنی پارێزگاکان، پەرلەمانی کوردستان داوای ڕوونکردنەوە لەسەرۆکی حکومەت دەکات و داوای ئەنجامدانی ئە و دوو هەڵبژاردنە دەکەن.[1]
- گوتەبێژی هاوپەیمان لەبارەی چوونی هێزێکیان بۆ شنگال و دەنگۆی مانەوەیان لەوێ دەڵێت: ئامانجی ئەو هێزە تێکشکدانی داعشە، بە خەڵکی ئەو ناوچەیە دەڵێین هیچ بنکەیەکی سەربازی جێگیرمان لەو ناوچانە نابێت. لەبارەی کشانەوەی هێزەکەش دەڵێت: کاتەکەی دیارنییە، سەختە من بڵێم تاکەی دەمێنینەوە، چونکە دەبینین داعشەکان لەوێ هەن، ناوچەیەکی بەرفراوانمان لەبەردەستە کە دەبێت لەدەست داعش دەربهێنین.[2]
- بەرپرسی نووسینگەی ڕێگارکردنی ڕفێندراوانی دەستی داعش ڕایدەگەیەنێت، دوای چوار ساڵ لە ڕفاندنی دایکێک و منداڵەکەی ئەمڕۆ ڕزگارکران و گەیشتنەوە لای کەسوکاریان.[1]
- دادگای کەرکووک بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ نەجمەدین کەریم، پارێزگاری لەکارلادراوی کەرکووک دەرکرد. بڕیارەکەی دادگای کەرکووک بەهۆی پرۆژەی پرۆژەی هەڵۆی کەرکووکە و تۆمەتی ساختەبوونی پرۆژەکەی خستووەتە ئەستۆی نەجمەدین کەریم.[2]
- ناڕەزایەتیەکان دژ بە هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر بۆ سەر باشووری کوردستان فراوانتر دەبن. لە شاری سلێمانی 'بەرەی نەتەوەیی' دژ بە داگیرکەران ڕاگەیەندرا.[4]
دەرەوەی کوردستان
- پەرلەمانی ئێراق هەمواری یاسای هەڵبژاردنەکانی کرد و بڕیاریدا لە 100٪ی دەنگەکان بەدەست بژمێردرێنەوە.[5]
- پەیمانگەی ئاشتی و ئابووری (IEP)ی ئەڵمانی ڕاپۆرتی خۆی لەبارەی ئاشتیی جیهانییەوە بۆ ساڵی 2018 بڵاوکردەوە و ڕاپۆرتەکە ڕیزبەندیی 12 ساڵی ڕابردووی وڵاتانی جیهانی لە بواری ئاشتیدا خستووەتەڕوو. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، تورکیا لە ناو 163 وڵاتدا ڕیزبەندەکەی لە 146هەمەوە بۆ 149 دابەزیوە. بەوەش تورکیا لە ڕووی ئاشتییەوە 3 پلە دابەزیوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: باتمان - ئێلح
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە

شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئێراق
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-06-06
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-06-06
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-06-06
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-06
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-06-06
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 400

2018-06-07



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سیامەند موعینی هاوسەرۆکی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) ڕایگەیاند، پارتی دیموکراتی کوردستان و بنەماڵەی بارزانی ماوەی 70 ساڵە ڕەوتی شۆڕشگێڕی خەباتی کوردیان بەلاڕێدا بردووە.[3]
- ژمارەیەک لە کاسبکارانی کورد لە ناوچەی مێرگە چەکۆ لە نزیک گوندی زێوکە و ماشکان سەر بە شاری پیرانشار دەکەونە بۆسەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران و لە ئەنجامی دەسڕێژی تەقەی هێزە نیزامییەکان، کاسبکارێکی کورد بە ناوی

ئەسعەد حەسەنزادە کوڕی خەلیل خەڵکی پیرانشار دەسبەجێ گیانی لە دەست دەدات.[4]
- هێزەکانی حکوومەتی ئێران جێگیر لە پاسگای کەپرانی شاری سەردەشت، دەسڕێژیان لە ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی ئەو ناوچەیە کردووە و لە ئاکامدا یەکێک لە کۆڵبەرانی کورد بە ناوی ئەسکەندەر.ف کوڕی حەمزە، گیانی لە دەست دا.[4]
باشووری کوردستان
- دەرەنگانی شەوی ڕابردوو چەکدارانی داعش هێرشیانکردە سەر گوندەکانی گەلابات و ئاشتۆکان لە سنووری شارۆچکەی قەرەتەپە، لەو شەڕەدا بۆمبێک بە هاونیشتمانییەک بە ناوی محەمەد حەمید لە گوندی گەلابات تەقیوەتەوە، بەهۆیەوە گیانیلەدەستداوە. هەروەها کەسێکی دیکە بە ناوی لوقمان حەمید بریندارببووە..[1]
- کونسوڵی گشتیی تورکیا سەردانی یەکێتی دەکات و تاوتوێی چەند پرسێک دەکەن. سەعدی پیرە سەرسوڕمان و نیگەرانی حیزبەکەی نیشانداوە بەرامبەر لێدوانەکانی وەزیری دەرەوەی تورکیا کە یەکێتی تۆمەتباردەکات بە یارمەتیدانی پەکەکە.[1]
- خەسرەو گۆران دەڵێت، ئەوەی دوێنێ لە پەرلەمانی عێراق کرا پێشێلکاری دەستوور و یاسا بووە. دەشڵێت، پارتی دژی بڕیاری بە دەست ژماردنەوەی دەنگەکان نییە بەڵام دژی هەڵوەشاندنەوەی دەنگدانی تایبەت و دەنگی ئاوارەکانی نەینەوایە.[1]
- سەنتەری ڕاگەیاندنی جەنگی عێراق ڕایگەیاند بەهاوئاهەنگی لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە توانیمانە سێ تیرۆریست لە پارێزگای سلێمانی دەستگیربکەن.[2]
- فڕۆکەجەنگییەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر ئێوارەی ئەمڕۆ دەوروبەری کاتژمێر 17:40 جارێکی دیکە دەستیان بە بۆردومانکردنی گوندەکانی بناری قەندیل کردەوە.[3]
- یەکێتی و پارتی هەڵوەشاندنەی دەنگدانی تایبەتی لە هەرێمی کوردستان ڕەتدەکەنەوە و جەخت لەوەدەکەنەوە کە بەپێی دەستوور هەر هاوڵاتییەک مافی دەنگدانی هەیە و ناتوانرێ ئە و مافەی لێ زەوت بکرێت.[2]
دەرەوەی کوردستان
- ئەنجومەنی باڵای دادوەری ڕەزامەندی لەسەر جێبەجێکردنی ناوەرۆکی هەمواری سێیەمی یاسای هەڵبژاردنەکان دەردەبڕێت و ڕێوشوێنەکانیش بۆ ئە و مەبەستە دەگرێتەبەر.[2]
- وەزیری دارستان و ئاوی تورکیا ڕایدەگەیەنێت، سەرۆک کۆمار بڕیاریداوە بە دواخستنی وادەی پرکردنەوەی بەندەوی ئەلیسۆ بۆ تەمووزی داهاتوو و دەشڵێت لەئێستادا ئاو بۆ عێراق بەردەدەینەوە.[2]
- باڵیۆزی تورکیا لە عێراق جارێکی دیکە دڵنیایی دایە هاوڵاتیان عێراق و ڕایگەیاند، هەماهەنگی دەکەن لەگەڵ حکومەتی عێراق تاوەکو بڕە ئاوی پێویست لە بەندەوی ئەلیسۆوە بۆ ئە و وڵاتە بەربدرێتەوە.[2]
- کەنەدا مەشق و ڕاهێنانەکانی بە هێزەکانی پێشمەرگە ڕادەگرێت. سوپاسالاری ئەو وڵاتە دەڵێت، بۆ ئێستا تەنیا مەشق و ڕاهێنان بە سوپای عێراق دەکەین.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی ژیانی ئازاد - پژاک
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-06-07
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-06-07
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-07
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-06-08
کاتی تۆمارکردن: 2018-06-07
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 401

2018-06-08



باکووری کوردستان
- ئەمڕۆ پارێزگاری تورک-ی جولەمێرگ، 30 ناوچەی لەو پارێزگایەدا وەک ناوچەی تایبەتی ئاساییش ڕاگەیاند و بۆ ماوەی 14 ڕۆژ هەموو جۆرە هاتوچۆیەکی تێیاندا قەدەغەکرد.[2]
- وتەبێژی ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەکەکە ڕایدەگەیەنێت، ئێمە بێ منەتین و تورکیا لە هەر کوێ هێرش دەکات با بیکات، ئەمەش وەک وەڵامێک بۆ لێدوانێکی تەلەڤزیۆنی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا کە ڕایگەیاندبوو، سوپاکەی هێرشدەکاتە سەر قەندیل و شەنگال و مەخمور-یش.[3]
باشووری کوردستان
- فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان پێیوایە لەو هەوڵانەی بۆ ڕەواندنەوەی گومانەکان لە ئەنجامی هەڵبژاردن دراون هەرێمی کوردستان کراوەتە ئامانج. هەروەها ڕایدەگەیێنێت، هەر هەوڵێک بۆ ڕەتکردنەوەی دەنگەکانی دەنگدانی تایبەت ڕەتدەکەینەوە و دژی هەر هەوڵێکیشین کە بۆ ئە و مەبەستە بدرێت و بە دژایەتی ڕاستەوخۆی هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستانی دەزانین.[1]
- سەرۆکی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت ڕایدەگەیەنێت، وەزارەتی ئەوقاف بەرپرسە لە و بێ ڕێزیانەی هەندێک مەلا لە کەنالەکانی ڕاگەیاندنەوە بەرانبەر ئافرەتی کورد دەیکەن.[3]
- پۆلیسی سلێمانی ڕایدەگەیێنێت، شەوی ڕابردوو لە دوو ڕووداوی تەقەکردندا دوو کەس کوژران و دوو کەسی دیکەش بریندارببوون.[1]
- موراد قەرەیلان ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە و فەرماندەی ناوەندی بڕیارگەی ناوەندی پاراستنی گەل 'نەپەگە' ڕایدەگەیەنێت، لە ماوەی دوو مانگدا گەریلاکانیان زیاتر لە 200 سەربازی تورکیایان لە سنووری سیدەکان کوشتوە، دەشڵێت حکومەتی هەرێم هەڵوێستی ئەرێنی نەبووە بەرانبەر هاتنی سوپای تورکیا بۆ سیدەکان.[3]
- فرۆکەجەنگییەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر بۆردومانی سنووری ئاکرێیان کرد لە پارێزگەی دهۆکی باشووری کوردستان.[2]
- لە گوندێکی شاروچکەی خورماتوو بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێندارو بە ئۆتۆمبیلێکی سەربازیدا، سەربازێک بریندربوو، سەرچاوەیەکیش دەڵێت جموجۆڵی داعش لە ناوچەکە دەرکەوتووەتەوە.[3]

- ئەمشەو، دوو تەقینەوە لە دوو گەڕەکی جیاوازی کەرکووک ڕوویانداوە و بەهۆیەوە کەسێک گیانی لەدەست دا و 18 کەسیش بریندارببوون.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە کاتژمێر18:00 لە ناوچەی تەل ڕەفعەت-ی کانتۆن-ی شەهبا مینێک-ی چەتەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر بە بنەمالەیەکی عەفرین-یدا تەقییەوە و لە ئەنجامدا 6 هاوواڵاتی شەهید بوون و 4 هووڵاتی دیکەش بریندارببوون.[2]
دەرەوەی کوردستان
- کۆمەلێک لە چالاکوانانی سیاسی، مەدەنی، ڕۆشنبیر، مامۆستای زانکۆ، ئەندامانی ڕێکخراوەمەدەنییەکان کە لە نەتەوەکانی ئێران پێک دێن هەستاون بە ڕاگەیاندنی کەمپەینێک بە ناوی نا بۆ سێدرارە لە ئێران، و داوا لە تەواوی چین و تۆژەکان بە هەر بیر و باوەڕی سیاسی جیاوازەوە دەکەن کە خاوەندارییەتی لەم کەمپەینە بکەن و بەشداری چالاکانەی تێدا بکەن.[2]
- سەرۆک کۆماری تورکیا ڕایدەگەیەنێت، ئەگەر بەغدا چارەسەری پەکەکەی پێنەکرێت، ئەوا مۆڵەت لە کەس وەرناگرن و هێرشدەکەنە سەر شەنگال و قەندیل و مەخمور.[3]
- هاوپەیمانی فەتح، سەرۆکایەتی هادی عامری ڕایدەگەیەنێت، ئەژمارکردنەوەی دەنگەکان بە دەست، ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرڵەمان هەڵدەگێڕێتەوە، بەتایبەت لە پارێزگای کەرکووک و هەرێمی کوردستان.[3]
- کۆبوونەوەی چوارقۆڵی نێوان ئێراق و ئێران و سووریا و ڕووسیا بە سەرپەرشتی بەڕێوەبەری دەزگای سیخوڕی سەربای ئێراق لە شاری بەغدا بەڕێوەچوو و تێیدا چەندین پرسی تایبەتی ئاساییش تاوتوێکران.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئاکرێ
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-06-08
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-08
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-06-08
کاتی تۆمارکردن: 2018-06-08
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 402

2018-06-09



رۆژهەڵاتی کوردستان

- لە کۆبستانەکانی سیاکێوی شنۆ شەڕ لە نێوان گرووپێکی چەکدار و هێزە ئەمنییەکانی ئێران ڕوویدا. لە شەڕەکەدا برینددار هەن و بۆ نەخۆشخانەی شنۆ گواستراونەتەوە.[2]
- چالاکانی مافی مرۆڤ ئاشکرایدەکەن، لە ماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا، واتە لە 24ی مانگی ئایار تا 8ی حوزیران، لانیکەم 10 کۆڵبەری کورد لە سنورە کۆڵبەرییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەت سنوورەکانی بانە، سەردەشت و پیرانشار کوژراون و ژمارێکی دیکەش بریندارببوون.[3]
- چالاکانی مەدەنیی شارەکانی پیرانشار و سەردەشت بە بڵاوکردنەوەی ستاتوسگەلێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لە مەڕ بێدەنگبوونی ڕەسوڵ خزری، نوێنەری ئەو دوو شارە لە مەجلیسی ئێران لە مەڕ کوژرانی کۆڵبەران ناڕەزایەتییان دەربڕی.[5]

باشووری کوردستان

- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێم لەڕاگەیەنراوەکەدا ئاماژەی بەوەداوە کە کاتژمێر 2:42 خولەکی بەرەبەیانی ئەمڕۆ بومەلەرزەیەک ڕوویدا بە دووری 18 کم لە سلێمانییەوە. لە ڕاگەیەنراوەکەدا باس لەوەشکراوە کە بومەلەرزەکە 3.1 پلەی ڕێختەر بوە و لە قولایی 10کم و هەستی پێکراوە و هیچ زیانی نەبووە.[1]
- بەمەبەستی بەهێزکردنی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و واشنتۆن جێگری سەرۆکی ژوورە بازرگانییەکانی هەرێم لەگەڵ یەکێتی ژوورە بازرگانییەکانی واشنتۆن کۆبۆوە.[3]
- فڕۆکەجەنگییەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر ئێوارەی ئەمڕۆ دەوروبەری کاتژمێر 17:40 جارێکی دیکە دەستیان بە بۆردومانکردنی گوندەکانی هەرێمی برادۆست-ی باشووری کوردستان کرد.[6]
- لە سنوری ناحیەی جەبارەی سەر بە خانەقین بەهۆی هەڵکوتانە سەر چەند گوندێک لەلایەن داعشەوە، هاووڵاتیانی ئە و گوندانە ناوچەکەیان بەجێدەهێڵن.[3]
- یەکێتی ئافرەتانی کوردستان داوا لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و ئەوقاف و یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلام دەکات سنورێک بۆ مەلا مەزهەر دابنێن و ڕایگەیاند، دژی وتەکانی دەوەستنەوە.[7]
- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان کەناڵی سرووشت دادەخات، کە مەلا مەزهەر خۆراسانی خاوەنییەتی، ئەوەش بەهۆی سووکایەتیکردن بە ژنان.[2]
- عەلی بەشار، ئەو گەنجەی کە کچێکی ئەڵمانیی لاقەکرد و پاشان کوشتی، ئەمڕۆ لە هەولێرەوە ڕەوانەی ئەڵمانیا کرا تاوەکو لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت.[4]
- سەعد حەدیسی، وتەبێژی نووسینگەی حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، لە لێدوانێکی ڕۆژنامەنووسییدا، تیشکی خستووەتە سەر داگیرکارییەکانی تورکیا لە باشووری کوردستان. سەعد حەدیسی ڕایگەیاندووە: لەشکرکێشیی سوپای تورکیا بۆ ناو خاکی عێراق حاشاهەڵنەگرە و هەڵوێستی بەغداد لەوبارەیەوە زۆر ڕوونە و بەغدا بە مافی خۆی دەزانێت پارێزگاری لەسەروەرێی خاکی وڵاتەکەی بکات.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: بەغدا
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئێراق
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-06-09
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-06-09
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-06-09
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-06-09
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-09
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئێن ئاڕ تی - 2018-06-09
کاتی تۆمارکردن: 2018-06-09
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 403

2018-06-10



رۆژهەڵاتی کوردستان
- دیوانی باڵای ئێران داواکاریی دادگاییکردنەوەی ڕامین حوسێن پەناهی ڕەتکردەوە.[4]
باشووری کوردستان
- تەقینەوەیەک لە بەردەم مانێک لە یەکێک لە گەڕەکەکانی هەڵەبجە ڕوویدا، جگە لە زیانی ماددی زیانی گیانی بەدواوە نەبووە.[1]
- ئۆتۆمبێلێکی سەربازی کە شۆفێرێک و کەسێکی دیکەی تێدابووە و هەردووکیان سەرباز بوون، لە پێش کابینەی عەریزەنووسەکان تەقەیان لە باڵەخانەی دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر کرد. پاشان هەردووکیان دەستگیرکران.[2]
- لەبارەی داواکارییەکەی یەکێتی بۆ دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ ماوەی دوو مانگ پارتی ڕەتیکردوەتەوە و ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتیش ئاماژەبەوەدەکات، سەرۆکی حکومەت لەگەڵ ئەوەدا نەبووە هەڵبژاردن دوابخرێت.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر کاتژمێر 11ی پیش نیوەڕۆی ئەمڕۆ دەوروبەری گوندی بۆکریسکان وناوچەی دۆڵی بەدران و باڵەیانیان بۆردومانکرد.[3]
- فراکسیۆنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەدادگای فیدراڵی تانە دەدات لەدانیشتنەکەی 6ی حوزەیرانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.[1]
دەرەوەی کوردستان
- ئاگر لە کۆگایەکی ئەمبارکردنی سندوقەکانی دەنگدانی سەر بە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە بەغدای پایتەخت کەوتەوە.[4]
- سەرۆکی پەرلەمانی عێراق داوادەکات هەڵبژاردنەکان دوبارەبکرێنەوە و ڕێوشوێنی یاساییش بەرامبەر ئەوانەی ساختەکار و تێکدەرن بگیرێتەبەر.[4]
- پێنجەمین فێستیڤاڵی ساکینە جانسز-ی ژنان لە شاری زوریخی وەڵاتی سویسرا بەڕێوەچوو. لە فێستیڤاڵەکەدا پێداگری لەسەر خۆپاراستنی ژنان لە بەرانبەر توندوتیژی کرا.[3]
- گروپێک لە چالاکوانانی مەدەنی، سیاسەتمەداران، نووسەران و ڕۆژنامەوانانی کورد لە وڵاتی بەلژیکا، کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و لەو کۆبونەوەدا بەرەی نیشتیمانی دژ بە داگیرکاریی تورکیا-یان دامەزراند.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-06-10
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-06-10
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-10
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-06-10

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 404

2018-06-11



باکووری کوردستان
- کەجەکە دەربارەی هێرشە داگیرکارانەکەی سوپای تورکیا بۆسەرباشووری کوردستان لێدوانێکی نوسراویان بڵاوکردەوە و تێیدا داوای لە حکومەتی هەرێم، هەموو هێزە کوردیەکان بە گشتیی و داوای لە پارتی دیموکراتی کوردستان - پەدەکە کرد کە دژبەو داگیرکارییە هەڵوێست بگرێت.[2]
- سەلاحەدین دەمیرتاش، کاندیدی هەدەپە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی تورکیا لەرێگەی تویتەرەوە هێرشێکی تووندی کردەسەر نەیارەکانی و نوسیوێتی خەڵک تەوالێتەکان پاک دەکەنەوە، خەم مەخۆن دەچن بۆ شوێنی شیاوی خۆتان.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ڕێورەسمێک بۆ یادکردنەوەی دوکتور محەمەد سالح ئیبراهیمی ناسراو بە شەپۆل لە شاری سنە بەڕێوە چوو.[6]
باشووری کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆچەکدارانی داعش هێرشیانکردوەتە سەر هەردوو لیوای ئیمام عەلی و لیوای 16ی حەشد لە گوندی قەرەتەپە لەنزیک ناحیەی یایچی. بەهۆی هێرشەکەوە 2 چەکداری حەشدی شەعبی کوژراون و 4ی دیکەش

بریندارببوون.[1]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ چەکدارانی داعش هەڵیانکوتاوەتە سەر گوندێکی کاکەیی لەسنوری قەزای داقوق و هاووڵاتیەکیان بەناوی (فەرهاد ئاغا) ڕفاندووە.[1]
- ڕێباز حەملان، وەزیری دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند پێش جەژنی ڕەمەزان تەواوی مووچەی مووچەخۆران بە پێشمەرگەشەوە دابەش دەکەین.[3]
- تەلەڤزیۆنەکەی مەلا مەزهەر خۆراسانی دوای پڕکردنەوەی بەڵێننامە، کرایەوە.[4]
- ژمارەیەک گەنجی شاری هەولێر، دژی لێدوانێکی ئایدن مەعروف، پەرلەمانتاری بەرەی تورکمانی لە پەرلەمانی هەرێم، کە لە پایتەختی هەرێمی کوردستانەوە پەکەکەی بە تیرۆریست ناوبردووە، هەڵمەتێکیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەستپێکردووە.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئاژانسی هاوار بڵاوی کردەوە، کە سوپای تورک و چەتەکانی سەربە سوپای تورک لە گوندەکانی کانتۆنی عەفرین نۆ هاوڵاتیان ڕفاندوە، بەرامبەر بەردانی چوار هاوڵاتیان داوای پارە دەکەن، بەڵام چارەنوسی پێنج هاوڵاتییەکەی دیکە دیار نییە.[5]
دەرەوەی کوردستان
- نوێنەری کەندا لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش ڕەتیدەکاتەوە بڕیاری کشانەوەی هێزەکانیان لە هەرێمی کوردستاندا بێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-06-11
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-11
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-06-11
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-06-11
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-06-12
کاتی تۆمارکردن: 2018-06-11
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 405
2018-06-12



باکووری کوردستان
- سەلاحەدین دەمیرتاش و عەبدوڵڵا زەیدان کە لە بەندیخانەی ئەدەرنەوە پەیامیکیان ئاراستەی گەلی گەڤەر کرد و وتیان، گەلی گەڤەر لە 24ی حوزەیران / 3ی پووشپەڕ بەدەنگەکانی خۆیان وەلامێکی توند دەدەنە زۆردارادەکان.[3]
- پەرلەمانتاری هەدەپە فەرهاد ئەنجوو کە مافی پەرلەمانتاری لێسەندرابوویەوە، لە لایەن دادگەوە سزای 10 مانگ زیندانیکردنی بۆ بڕیاوە. دواتر سزاکە گۆڕدرا بۆ سزای پارەدان.[3]
- ئەمڕۆ پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێپەری پەکەکە سەردانی داواکاری گشتی دادگای کۆماری بورسایان کرد بۆئەوەی ڕێگەیان پێ بدرێت بچنە ئیمرالی، بەڵام داواکەیان ڕەتکرایەوە، بەوەش ئەوە 763 جارە داواکاریی پارێزەران بۆ بینینی ئۆجالان ڕەتدەکرێتەوە.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) ڕایگەیاند لە دژی ئێران، کۆمەڵێک بەڵگەیان بە ئەمریکا داوە.[1]
- زیاتر لە دوو هەزار چالاکوانی مەدەنی و مافەکانی مرۆڤ، بە واژۆکردنی نامەیەک داوایانکرد، کە سزای سێدارەی ڕامین حسێن پەناهی، زیندانیی سیاسیی کورد بوەستێندرێت.[4]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر 1ی بەرەبەیانی ئەمڕۆ ژمارەیەک چەکداری داعش هەڵیانکوتاوەتە سەر گوندی نموزەجییە لەناوچەی زەربانی سنوری حەویجە و کورێ موختاری گوندەکەیان بەرەو شوێنێکی نادیار ڕفاندووە.[2]
- چەند ڕۆژێکە لە دەروازە سنوریەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، هێزێکی ئەمنیی تورکیا چاودێرییەکی چڕی خستووەتە سەر مۆبایلی گەشتیارەکانی هەرێم وێنە و بابەتی ناو تۆڕە کومەڵایەتییەکان دەسڕنەوە.[2]
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا دەوروبەری گوندەکانی بۆکریسکان، کوزینە، کورتەک، ئیندزێ و لێوژە، زارگەلی، بایەوان، سلێ و گەلیی بەدران-یان لە بناری قەندیل بۆردوومان کرد.[4]
- سەرۆکی زانکۆی پالسکی چیکی، (30) کورسی خوێندن وەک سکۆلەرشیپ بۆ خوێندنی بەکالۆریۆس پێشکەش بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کرد کە (20) کورسیان تایبەت دەبێت بە پزیشکی گشتی و (10) کورسیەکەی دیکەش بۆ پزیشکی ددان دەبێت.[2]
- حکومەتی ئەنقەرە ئەو 150 کەسەی ڕادەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردەوە کە هەڵگری پاسپۆرتی عێراق بوون و لە ئاوی ئەدرنەی نێوان تورکیا - یۆنان دەستگیرکرابوون.[1]
- بەرپرسی کۆمیتەی مەخموری یەکێتی ڕایدەگەیەنێت، درەنگانی شەوی ڕابردوو و بەرەبەیانی ئەمڕۆ هێزێکی گەورەی ئەمریکا بە چەکی گەورە و قورس و ئۆتۆمبێلی سەربازییەوە بەرەو سنوری مەخموور هاتوون و تێپەڕبوون.[2]
- لە ئۆپراسیۆنێکی هێزە سەربازییەکانی عێراق-دا ژمارەیەک چەکداری داعش لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای کەرکووک دەستگیرکران.[2]
- چالاکیی قەڵغانی زیندووی گەنجانی وەڵاتپارێزی باشووری کوردستان لە قەندیل ماوەی 5 ڕۆژە بەردەوامە. چەندین کەس کە لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە هاتبوون، سەردانی چادری چالاکانی قەڵغانی زیندوویان کرد.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- جوتیارێکی کورد لە شاری عەفرین بە مەبەستی پاراستنی گەنمەکەی لە بەتاڵانبردن شەش چەتەی هێزە هاوپەیمانەکانی

تورکیا دەکوژێت.[2]
دەرەوەی کوردستان
- لقی نەرویج-ی ئامنستی ئینتەرناشنالّ نامەیەکی ئاڕاستەی حکومەتی ئێران کرد، کە 33 هەزار هاوڵاتی نەرویجی واژۆیان کردووە و تێیدا داوای لابردنی سزای سێدارەی ڕامین حسێن پەناهی دەکەن.[4]
- نازم عومەر، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران ڕایگەیاند، ئێران بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان و بەپێی عورف و ڕەچاوکردنی پێداویستی هەرێمی کوردستان بە ئاو، نەرمیی نواندووە و بەشێک لە ئاوی زێی بچووکی بەرداوەتەوە. دەشڵێت: دەبێ ئێمەش تێبگەین کە ئێران بەنداوی بۆ گلدانەوەی ئاو دروستکردووە.[1]
- نوورەددین جانیکلی، وەزیری بەرگری تورکیا لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتی لەگەڵ میدیای فەرمیی وڵاتەکەی، لەبارەی ئۆپەراسیۆنی قەندیل گفتوگۆی کرد و ڕایگەیاند: تاوەکو ئە و کاتەی بەیەکجارەکی تیرۆر لەناودەبردرێت، سوپاکەمان لە باکووری عێراق دەمێنێتەوە. هەروەها پێشنیازی هاوئاهەنگیمان بۆ ئۆپەراسیۆنەکە لە ئێران کردووە، ئەوانیش ڕەزامەندییان دەربڕیوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-06-12
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-06-12
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-12
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-06-12
کاتی تۆمارکردن: 2018-06-12
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 406

2018-06-13



باکووری کوردستان
- چوار حیزبی کوردستانی لە باکوور و تورکیا، بڕیاریاندا بۆ هەڵبژاردنی 24ی حوزەیران / 3ی پووشپەڕ پشتیوانی لە سەڵاحەدین دەمیرتاش پاڵێواری هەدەپە بۆ سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا بکەن.[5]
باشووری کوردستان
- لە شارەدێی کەسنەزانی شاری هەولێر دەستڕێژی گوللە لە ئەفسەرێکی پێشمەرگە بەناوی عوسمان عەبدوڵڵا کرا و کوژرا.[1]
- لە سلێمانی سەدان پێشمەرگە دژی ڕەتکردنەوەی دەنگەکانیان لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە خۆپیشاندان دەکەن.[2]
- گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە سنوری ناوچەی بارزان هێرشیانکردەسەر یەکەیەکی سوپای تورکیا، بەرپرسێکی هەپەگەش دەڵێت، لە و هێرشەدا پێنج سەرباز کوژران و ژمارەیەکیشیان بریندارببوون.[3]
- شەوی ڕابردوو بەرکەوتوویەکی چەکی کیمیایی لە شاری سلێمانی بەناوی ئەختەر فارس گیانی لەدەستدا، لە ئێستاشدا زیاتر لە 20 بەرکەوتووی دیکەی چەکی کیمیاییش ژیانیان لە مەترسیدایە.[1]
- لە ڕاگەیێندراوێکدا ئەحمەد مەحجووب، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی عێراق ڕایگەیاند، لەبەر نەبوونی ڕێککەوتنێکی هاوبەش لەنێوان عێراق و ئەڵمانیا سەبارەت بە ڕادەستکردنەوەی تۆمەتباران، ڕادەستکردنی تۆمەتبار عەلی بەشار لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان بە دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیا بە سەرپێچی یاسایی ئەژماردەکرێت.[3]
- دەرەنگانی شەوی ڕابردوو لەسەر ڕێگەی گوندی (حوسێن مەمە) لە سنووری خانەقین لە لایەن چەکدارانی داعشەوە بۆمبێکی چێنراو بە ئۆتۆمبیلێکدا تەقێنرایەوە. وتیشی دوای تەقینەوەکە چەکدارەکان چوونەتەسەر ئۆتۆمبێلەکە و سەرنشینی ئۆتۆمبێلەکە کە ژن و پیاوێک بوون هەردوکیان بە گوللە کوشتووە. [1]
- بەپێی ڕاپۆرتێکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان، پیسبوونی ژینگە بەهۆی تیشک لە هەرێمی کوردستان ڕووی لە زیادبوون کردوە کە بەهۆیەوە ژمارەیەک لە کارمەندانی حکومی و بەکارهێنەرانی تیشک و هاوولاتیانی نزیک لە تاوەرەکانی مۆبایل و ئینتەرنێت زیانمەندبوون.[1]
- عەبدولڕەزاق فەیلی، یەک لە دامەزرێنەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد.[2]
- بەڕێوەبەری پێشووی پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکووک هۆشدارپی لەبارەی چۆڵکردنی گوندە کاکەییەکان بەهۆی هێرشی داعشەوە دەدات و دەڵێت، ئەگەر ئەو دێیانە چۆڵ بکرێن، ئەوا چەکدارانی داعش بە ئاسانی دەتوانن بێنە ناو قەزای داقووق و ناحیەی تازە و هێڵی ستراتیژی کەرکووک بەغدا بگرن.[3]
- لە سنووری شارۆچکەی قەرەداغ بەهۆی ئاگرێکەوە، 13 دۆنم پوش و پاوان سوتا و پۆلیسی دارستانیش هاوڵاتیەکیان بە تۆمەتی ئاگر کردنەوەکە دەستگیرکرد.[4]
- کاتژمێر 11:45ی شەو بەهۆی تەقاندنەوەی نارنجۆکێک لەبەردەم بارەگای دژەتیرۆری عێراق لە کەرکووک و وەڵامدانەوەی پاسەوانەکانی بارەگاکە، سێ هاوولاتی بوونە قوربانی کە دوانیان ژنن.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەرڤانان 2 گوندی دیکەیان لە سنووری حەسەکە ڕزگار کرد.[5]
- ەهۆی باران بارینی زۆر لە کانتۆنی کۆبانێ, لافاو هەستا و چەندین ماڵی گوندەکانی ڕۆژئاوای کۆبانێ ژێرئاوکەتن. بەهۆی ئە و لافاوە کە 2 کاتژمێری خایاند، دەیان ئۆتۆمبێل ئاو بردنی و هێڵەکانی کارەبا و ئینتەرنێتی سەرانسەری کانتۆنەکەش پچڕان. لە گوندی چەقەل وێران بە هۆی لافاوەکە دوو برا بە ناوەکانی حسێن ئەمین حسەنۆ (35 ساڵان) و حەلا ئەمین حسەنۆ (18 ساڵان) ژیانیان لەدەستدا. ڕاگەیەندرا کە تا ئێستا تەرمی ئە و دوو برایە نەدۆزراوەتەوە.[5]

دەرەوەی کوردستان
- دادگای باڵای فیدراڵی عێراق لەسەر ئەو تانەیەی ئاڕاستەی کرابوو دەربارەی جێبەجێنەکردنی یاسای هەمواری یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق بڕیاریدا. دادگاکە ڕایگەیاندووە ناتوانێت ئەو ڕێکارانە ڕابگیرێت کە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بڕیاری لەبارەوەدابوو لەبارەی ئەژمارکردنەوەی دەنگەکان و چەند ڕێکارێکی تر.[1]
- لە ئەنقەرە و ئیزمیر لە هەڵکوتانە سەر ماڵاندا ئەندامانی هەدەپە و سەرۆکی پارتی شۆڕشگێڕ لە ئیزمیر دەستگیرکران.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-06-13
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-06-13
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-06-13
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-13

کاتی تۆمارکردن: 2018-06-13
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 407

2018-06-14



باکووری کوردستان
- خانەوادەی عەبدوڵا ئۆجالان، ڕێبەری پارتی کرێکاری کوردستان و پارێزەرەکانی بەمەبەستی بینینی عەبدوڵڵا ئوجەلان لە جەژنی ڕەمەزاندا سەردانی دادگایان کرد.[4][2]
- پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە داواکارییەکی پێشکەشی دەستەی هەڵبژاردنەکانی تورکیا کرد بۆ ئەوەی سەلاحەدین دەمیرتاش کاندیدی هەدەپە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری بەشداری بکات لە میتینگەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن لە شارەکانی ئیستەنبوول، دیلۆک، ئیزمیر و مێردین. ئەمڕۆ داواکارییەکە لە لایەن دەستەی هەڵبژاردنەکانەوە پەسەند کرا.[5]
- بەهۆی دروستبوونی شەڕ و دەمەقاڵە لەنێوان شاندێکی پارتی داد و گەشەپێدان (ئەکەپە) و کۆمەڵێک دوکاندار لە شارۆچکەی پرسوس (سوروچ)ی سەر بە شاری ڕحا (ئورفە) لە باکوری کوردستان سێ کەس کوژران و هەشت کەسی دیکەش بریندار بوون.[1]
- گرووپێک لە ناوچەی دەگیرمەندەرەی شاری کۆجائەلیی تورکیا هێرشیان کردە سەر خەباتکار و لایەنگرانی هەدەپە کە مێزی بانگەشەی هەڵبژاردنیان دانابوو. هاوکات لە مەڵەتی بە دار و بەرد هێرشکرایە سەر لایەنگرانی هەدەپە.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا، ڕێبەرانی دوو حیزبی گەورەی ڕۆژهەڵات، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لەگەڵ تیەکێتیی نیشتمانیی کوردستانتەنکەکانی واشینگتۆن دیدار و چاوپێکەوتنیان کردووە.[3]
باشووری کوردستان
- تەرمی عەبدولڕەزاق فەیلی لە سلێمانی بەخاک دەسپێردرێت.
- لە گەرمیان فەرمانگەیەکی حکومی لە ڕێگەی ڕێکخراوی (ICRC) کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور بە دابیەکێتیی نیشتمانیی کوردستانردنی دەستمایە 122 خێزانی کەمئەندام، بێوەژن، کەمدرامەت دەکاتە خاوەن پرۆژەی خۆیان بۆ ئەوەی بتوانن بژێوی خۆیانی پێ بەڕێبکەن.[1]
- تادێت جموجوڵی چەکدارانی داعش لە چەند ناوچەیەکی سنوری خانەقین زیاتر دەبێت، بەڕپرسێکی حزبیی ناوچەکەش دەڵێت، پێشتر بە شە و دەردەکەوتن، بەڵام ئێستا چەکدارانلە ڕۆژیشدا بە ئاشکرا دەسوڕێنەوە و بەهۆیەوە ژمارەیەک گوندنشین ئاوارەبوون.[1]
- لەرێگەی پەرلەمانتارێکی بەغداوە، هەڵوێستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان سەبارەت بەرووداوی تەقەکردنەکەی شەوی ڕابردووی دژەتیرۆری عێراق لە کەرکووک و شەهیدبونی هاوڵاتییەکی کورد خرایەڕوو، و داواشیکرد لێکۆڵینەوە لەروداوەکە ئەنجامبدرێت، چونکە بابەتێکی هەستیارو مەترسیدارە.[1]
- سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری فەرمانی دامەزراندنی سێ دادوەری دەرکرد بۆ بەڕێوەبردنی بەڕێوەبەرایەتی و نووسینگەکانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق لە هەولێر، سلێمانی و دهۆک، کە لەلایەن ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان کاندیدکرابوون.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- پارتی یەکێتی دیموکرات- پەیەدە، بەبڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک دەستدرێژییەکانی دەوڵەتی تورک بۆسەر باشوری کوردستانی شەرمەزارکرد و ڕایگەیاند، کە دەستدرێژی بۆ سەر باشور دەستدرێژییە بۆسەر هەموو کوردستان.[4]
- لە چواردیانی سەبای بەحرات لە منبج، تەقینەوەیەک ڕوویدا، بەهۆی ئەو تەقینەوەیە هاوواڵاتیەک بەناوی بەسام بەشیری

49ساڵان و منداڵێک-ی 6ساڵان بەناوی یەزەن عەبدولحەلیم بریندار بوون. بریندارەکانیان گواستەوە بۆ نەخۆشخانەی فورات.[5]
دەرەوەی کوردستان
- فەرماندەیەکی هێزەچەکدارەکانی ئێران ئە و لێدوانانەی وەزیری بەرگری تورکیا ڕەتدەکاتەوە کە گوایە ئێران دەچێتە پاڵ تورکیا لە ئۆپراسیۆنی دژ بە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە باکوری عێراق.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - ڕۆژهەڵات
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
شار و شارۆچکەکان: ئورفە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: ڕوحا
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-06-14
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-06-14
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-06-14
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-14
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-06-14
کاتی تۆمارکردن: 2018-06-14
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 408

2018-06-15



باکووری کوردستان
- سەرۆککۆماری تورکیا ڕووداوی هێرشە چەکدارییەکە و کوشتنی ئەندامانی ئاکپارتی لە ڕووها دەخاتە ئەستۆی پەکەکە و دەڵێت، لەگەڵ کورد هیچ کێشەیەکمان نییە ، ئێمە بەتایبەتی کێشەمان لەگەڵ پەکەکە هەیە.[3]
- سەرۆکی تورکیا دژایەتی خۆی بۆ کاندیدبوونی سەلاحەدین دەمیرتاش، کاندیدی هەدەپە بۆ سەرۆکایەتی تورکیا دوپاتکردوە و ڕایگەیاند گۆڕانکاری لە مەرجەکانی کاندیدبوون دەکەن و نابێت بەندکراو ببێتە کاندید.[1]
باشووری کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ لە بازاڕێکی میللی هەولێر 80 دوکان گڕیانگرت و وتەبێژی بەرگری شارستانیش ئاشکرایدەکات، زیانەکەی نزیکەی دوو سەد هەزار دۆلار بووە.[1]
- دوو بۆمبی چێندراو بە کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی بەڕێوەبەریی پۆلیسی شارۆچکەی خورماتووی سەربە پارێزگای سەلاحەدین-دا تەقییەوە و تەنها زیانی مادیی هەبوو.[2]
- شەڕ و پێکدادان لەنێوان ئە و هێزە و چەکدارانی داعش لە نزیک جەلەولا ڕوویدا.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی تورکیا و گروپە چەتەکانی گوندی دارگرێ لە ناوچەی ماباتای عەفرین نزیکەی 60 کەسی تریان ڕفاند.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-06-15

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-06-15
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-06-15
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-16
کاتی تۆمارکردن: 2018-06-15
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 409

2018-06-16



باکووری کوردستان
- بە بەشداری سەزای تەمەلی هاوسەرۆی گشتی پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە لە جەزیرە-ی باکووری کوردستان متینگێک بۆ هەلبژاردنەکانی تورکیا بەڕێوە چوو. بەهەزاران هاوواڵتی دوای دەرباز بوون لە بەندی کۆنترۆڵ-ی پۆلیس خۆیان گەیاندە مەیدانی میتینگەکە.[2]
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو دوو فڕۆکەی جەنگیی دەوڵەتی تورک بۆردوومانی گوندی ئێزێز-ی هەرێمی قەندیل-یان کرد و زیانێکی زۆر-یان بە ڕەز و باخی هاوڵاتیان و ژینگەی ناوچەکە گەیاند.[1]
- هێزەکانی پۆلیسی ئیتیحادی عێراق لەئۆپراسیۆنێکدا دوو چەکداری داعشیان دەستگیرکرد کە لەگوندێکی ڕۆژهەڵاتی کەرکووک خۆیان حەشاردابوو.[3]
- بەهۆی ڕووداوێکی هاتوچۆوە لەسەر ڕێگەی خورماتوو - کەرکووک چوار هاوواڵتی گیانیان لە دەستدا.[3]
- بەگوتەی بەرپرسی ڕاگەیاندنی پۆلیسی کەرکووک ئەمڕۆ شەممە ڕێگای کەرکووک-هەولێر کرایەوە بەڵام بەهۆی خراپی ڕێگاکە دیار نییە کە کەی هاتووچۆ تێیدا ئاسایی دەبێتەوە.[4]

- لە شارەدێی سەعدییەی سەر بە شارۆچکەی خانەقین چەکدارانی داعش پەلاماری چەکدارانی حەشدی شەعبیاندا و لە ئەنجامدا لە هەرلایەکیان چەکدارێک کوژرا.[3]
- مەسعود بارزانی سەردانی هێزی پێشمەرگەی پارتیی کرد لە بەرەی پردێ.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکراتیک 'قەسەدە' لە چوارچێوەی هەڵمەتی گەردەلوولی جزیردا، گوندی تەل ئەلجایر-یان لە باشووری حەسەکە لەدەست چەتەکان ڕزگار کرد. شەڕڤانان لەو هەلمەتەیاندا تاوەکو ئێستا 15 گوندیان ڕزگار کردووە.[2]
- سوپای دەوڵەتی تورک و چەتەکانی ئاگریان بەرداوەتە زەوی و گەنمی هاوڵاتیانی شارۆچکەی شێراوای کانتۆن-ی عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان و ڕووبەرێکی بەرفراوانیان سوتاندووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: جزیرا بۆتان
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ڕۆژنیوز - 2018-06-16
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-16
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری دواڕۆژ - 2018-06-16
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ڕووداو - 2018-06-16
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-06-16
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 410

2018-06-17



باکووری کوردستان
- سوپای تورکیای داگیرکەر لە گردی چۆلی و دەوروبەریدا لە جودی دەستی بە ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی سەربازی کردووە. ئۆپراسیۆنەکە بە پشتیوانیی هێزی ئاسمانی و بە بەشداریی جەردەوانان (جاشەکان) بەڕێوەدەچێت.[3]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ ئاگر لە نەخۆشخانەیەکی تایبەت لە شاری دیلۆک (غازیعەنتەپ) کەوتەوەو بەهۆیەوە دوو کەس گیانیان لەدەستدا و پێنج کارمەندی نەخۆشخانەکە و 80 نەخۆشی دیکە بە دوکەڵی ئاگرەکە کاریگەر بوون.[2]
- سەلاحەدین دەمیرتاش لە نوێترین پەیامیدا ڕایدەگەیێنێ، نەک 20 مانگ، بەڵکو 20 ساڵیش لە زیندان بێت چۆک بۆ دەسەلات دانادات.، لەبارەی هەڵبژاردنەکانی 24ی ئەم مانگەشەوە ڕایگەیاند: دەرفەتێکی زۆر گرنگمان لەبەردەستە، پێویستە سوودی لێ وەربگرین و بە دەنگێک هەموو شتێک دەگۆڕدرێت.[4]
- فازل شەنیاشار هاوڵاتیی شارۆچکەی پرسووسی سەر بە ڕوحا کە 14ی حوزەیران باوک و 2 برای لە لایەن پاسەوانەکانی پەرلەمانتارێکی ئاکەپە کوژران و خۆیشی بریندار کرا، ئەمڕۆ دەستگیرکرا.[3]
باشووری کوردستان
- ئەکتەری بەناوبانگی ئەمریکی و باڵیۆزی نیازپاکیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجێلینا جولی بەمەبەستی سەردانیکردنی ئاوارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و موسڵ لە دومیز گەیشتە پارێزگای دهۆک.[2]
- پرۆسەی دەنگدان بۆ سەرۆکایەتی و پەرلەمانی تورکیا دەستیپێکرد و لە باشووری کوردستان دوو بنکەی دەنگدان کراوەتەوە.[1]
- لە گوندی مەردانی سەر بە خانەقین بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکەوە ژن و پیاوێک کوژران کە لە هۆزی هەمەوەندن و کوردن. سەرچاوەیەک لە پۆلیسی نەخۆشخانەی خانەقین ڕاگەیاند؛ پیاوەکە ناوی ئاراز فەرمان مەردانەوە سەرۆک هۆزی هەمەوەندە لە سنوری خانەقین و کەسایەتییەکی ناسراوە، هاوسەرەکەشی ناوی شنۆ عوسمان عەبدوڵڵایە و هاوکات لە تەقینەوەکە جگە لە کوژرانی ئە و ژن و پیاوە، منداڵێکی تەمەن نۆ ساڵ بە ناوی نمە بە سەختی بریندارببووە.[2]
- پۆلیسی ئیتیحادی ڕەتیدەکاتەوە بەمزوانە ڕێگەی نێوان کەرکووک هەولێر بکرێتەوەو دەڵێت کردنەوەی ڕێگاکە بەندە بە هەوڵەکانی حکومەتەوە بۆ چاککردنەوەی پردە ڕوخاوەکان کە ڕێگاکە بەیەکەوە دەبەستنەوە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەڕڤانانی قەسەدە دوێنێ ئێوارەوە لە شەڕێکی قورسدا 8 کیلۆمەتر چوارگۆشەیان لە چەتەکانی داعش پاک کردەوە و ئێستا خۆیان گەیاندووەتە ناو شارۆچکەی دشیش لە باشووری حەسەکە.[3]
- لە گوندی بەرسیرینی شارۆچکەی سۆران ژنێکی عەرەب دەخنکێت و گەنجێکی کوردی گوندەکەش لە هەوڵدان بۆ ڕزگارکردنی ژنەکە ئەویش دەخنکێت.[4]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە میانی چاوپێکەوتنێکیدا ڕایگەیاند ڕێگەنادەن خاکی تورکیا بەکاربهێنرێت بۆ لێدانی ئێران و وەبیریشی هێنایەوە کە ساڵی 2003ش ڕێگەیان نەدا بە ئەمریکا تورکیا بۆ داگیرکردنی عێراق بەکاربهێنێت.[2]
- نەژادپەرستان لە دوورگەی گەورە (بویوک ئادا)ی ئەستەنبول هێرشیان کردە سەر کەمپەینی بانگەشەی هەڵبژاردنی هەدەپە و کەسێکیان بەناوی سەدات شاهین بە چەقۆ بریندار کرد. شاهین بە بریندارێی لەلایەن پۆلیسی تورکیاوە دەستبەسەر کرا.[3]
- سەلاحەدین دەمیرتاش، کاندیدی هەدەپە بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی تورکیا وتارێکی بۆ ڕۆژنامەی (لومۆند) نوسیوە کە

یەکێکە لە ڕۆژنامە ناوداڕەکانی فڕەنسا. دەمیرتاش لەو وتارەیدا داوایکردوە ئەوروپا زیاتر دەست لە سیاسەتی تورکیا وەربدات و دەستبەرداری بەهاکانی خۆی نەبێت لەپێناوی ڕێککەوتنێکی کاتی لەگەڵ تورکیا لەسەر مەسەلەی ئابووری و کۆچبەران.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-06-17
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-17
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-06-17

کاتی تۆمارکردن: 2018-06-17
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 411
2018-06-18



رۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی ڕاپۆرتی پێگەی زانیاری گەیاندنی دادسەرای گشتیی و ئینقلابی شاری تاران، سەرلە بەیانی ئەمڕۆ، حوکمی سێدارەی محەمەد ڕەزا سەلاسی باباجانی، یەکێک لە دراوێشەکانی گۆنائابادی نیعمەتوڵلاهی لە زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج جێبەجێ کرا.[1]
- ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە ڕاگەیاندراوێکدا لەسێدارەدانی محەمەد ڕەزا سەلاسی باباجانی لە زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج مەحکووم کرد.[1]
باشووری کوردستان
- سەر لەبەیانی ئەمڕۆ، بە دەستپێشخەری بەرەی نیشتیمانی دژی داگیرکاریی و کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان-کەنەکە، شاندێکی بەرفراوانی هەرێمی کوردستان بەرەو قەندیل بەڕێکەوتن وەک ناڕەزاییەک بۆ داگیرکارییەکانی تورک لە باشووری کوردستان.[2]
- لە ڕانیە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەکەوە شەڕەتەقە لەنێوان مام و برازایەک دروستدەبێت، بەهۆیەوە هەردووکیان و ئافرەتێکی دیکەش بە گوللە بریندارەدەبن.[3]
- فەرماندەی کاکەییەکانی حەشدی شەعبی ئەمڕۆ ڕایگەیاند: بڕیارماندا ئەرکەکانی خۆمان لە سەنگەرەکان لە داقوق بەجێبهێڵین تاوەکو ببێتە فشارێک لەسەر دەستەی حەشدی شەعبی و لیوای بابلیون بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانمان و دابیەکێتیی نیشتمانیی کوردستانردنی مووچە و شایستە دارایییەکانمان کە بتوانین لەڕێگایەوە هاوکاری ئەو چەکدارانە بکەین کە ماوەی هەشت مانگە خۆبەخشانە دەوامیان کردووە.[4]
- ڕووداوێکی ئاگرکەوتنەوە لە کەمپی کەبەرتوو - 1ی کوردە ئێزدییەکان لە دهۆک ڕوویدا، بەهۆیەوە سێ خێوەتی ئاوارەکان سووتان.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکیا لەسەر ڕووباری ساجوور و لەنێوان منبج و جەرابلووس دەستی بە جوواڵە کردووە، فڕۆکەکانی هاوپەیمانانیش بە ئاسمانی ناوچەکە دەسووڕێنەوە. فەرماندەی ئەنجوومەنی لەشکری منبجیش دەڵێت: هێزەکانیان لە شوێنی خۆیاندا ماونەتەوە.[3]
- شەڕفان دەروێش وتەبێژی فەرمی ئەنجومەنی سەربازیی منبیج، دەربارەی ئەو پڕوپاگەندانەی دەڵێن، سوپای تورک چووەتە منبیج لێدوانێکیدا. شەڕفان دەروێش وتی: سوپای تورک لەسەر سنوری چەتەکان دەگەڕێن و هێزەکانی ئەمریکایش لە سنورەکانی ئەنجومەنی سەربازیی منبیج. وتیشی: ئێمە دڵنیایی دەدەین کە هێزەکانی تورکیا نەهاتوونەتە منبیج و یەک هەنگاویش بە ئاڕاستەی هێزەکانی ئێمە نەهاتوون، هێزەکانی ئێمە هێشتا لە سنورەکانی خۆیانن لە سنوری فورات.[2]
دەرەوەی کوردستان
- ئەمڕۆ نەتەوە یەکگرتووەکان لە لێدوانێکدا داوای کرد، لەسێدارەدانی ڕامین حسێن پەناهیی ڕابگیرێت، کە سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێندراوە.[2]
- لە شاری ئەلبوکەمال کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە، بنکەیەکی سەربازیی حکومەتی سووریا بۆردوومانکراوە، لەو بنکە سەربازییە چەکدارانی سەر بە ئێران هەبوون، بەهۆی بۆردوومانەکەش 52 چەکداری سەر بەو وڵاتە کوژراون.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - کەنەکە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (راپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-06-18
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-06-18
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-06-18
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-06-18
کاتی تۆمارکردن: 2018-06-18
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 412

2018-06-19

نا بۆ ئیعدامکردنی رامین حوسێن پەناهی



ڕۆژی سێشەمە 19-6-2018 کاتژمێر 10ی سەرلەبەیانی، لە بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری هەولێر، گردبونەوەیەکی ناڕەزایەتی بۆ هەڕەشاندنەوەی بڕیاری ئیعدامکردنی رامینی حوسێن پەناهی لە نجام دەدرێت، بەشداریکردنتان لەرکێکی مرۆڤ دۆستانەیە.

باکووری کوردستان
- ئاژانسی فەرمی تورکیا بڵاوی کردەوە، دوێنێ گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان-پەکەکە لە ناوچە شاخاوییەکانی شارۆچکەی چەلێ لە پارێزگای جۆلەمێرگ بە چەکی قورس هێرشیان کردووەتەسەر کاروانێکی سەربازی سوپای تورکیا و بەوهۆیەوە 6 سەرباز بریندار بوون.[1][2]
باشووری کوردستان
- هەریەک لە یەکێتی نەتەوەیی کوردستان، پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان و حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان هاوپەیمانیمان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پێکهێنا.[4]
- ئەمشەو دوو فڕۆکەی جەنگیی دەوڵەتی تورک، گوندەکانی لیلکان، گۆڕەشان، ناو مێرگان و بەرزاییەکانی خواکورک و چیادێل و گەلی ڕەش-یان بە چڕیی بۆردوومان کرد. بۆردوومانکە زیانێکی زۆری بە ژینگەی ناوچەکە گەیاندووە و ڕووبەرێکی زۆر لە زەوی ناوچەکەی سوتاندووە.[2]
- چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنیی شاری هەولێر داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن، کە فشار بخاتە سەر حکومەتی ئێران بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای سێدارەی ڕامین حسین پەناهی.[4]
- بەهۆی پێکدادانی دوو ئۆتۆمبێل لەسەر ڕێگەی کەرکووک - چەمچەماڵ، هەشت کەسی بنەماڵەیەک بوونە قوربانی، دووانیان گیانیان لەدەستدا، دووانی دیکەشیان برینەکانیان سەختە.[1]
- ئەمڕۆ 13یەمین ڕۆژی چالاکیی قەڵغانی زیندووی گەنجانی باشوری کوردستان لەدژی داگیرکاریە، لە چوارچێوەی ئەو چالاکییەدا ڕێپێوانێکی بە مەشخەڵ ئەنجامدرا.[2]
- هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەریی، پشتیوانیی خۆی بۆ بەرەی نیشتمانیی دژی داگیرکاریی ڕاگەیاند و جەختیان کردووەتەوە، کە هەرچییەکیان لەدەستبێ دژی دەوڵەتی تورک ئەنجامی دەدەن.[2]
دەرەوەی کوردستان
- ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا پڕۆژەیاسای بودجەی ساڵی 2019 وڵاتەکەی پەسەندکرد، بەپێی ئە و پڕۆژە یاسایە ڕێگەنادرێت ئەمریکا فڕۆکەی F-35 بە تورکیا بفرۆشێت.[3]
- ئەمڕۆ 12 ئەندامی هەدەپە لە ئیزمیر و 4 ئەندامی هەدەپە لە هاتای-ی تورکیا دەستگیرکران.[4]
- لە گەڕەکی کارابۆیونی عوسمانیە، چەند کەسێک بە چەک هێرشیان کردە سەر ناوەندی هەڵبژاردنی هەدەپە لەو شارە.[2]
- سەرلەنوێ خۆپیشاندانی هاوولاتیان لە شاری تاران-ی پایتەختی ئێران دەستیپێکردەوە وەک ناڕەزاییەک بەرامبەر بە گرانبوونی ڕۆژبەڕۆژی نرخی پێداویستیەکانی ژیانی ئاسایی خەڵک و خۆپیشاندەران هیچ گوێ نادەن بەو هەڕەشەکانەی کە دەسەڵات لێیان دەکات بۆ سەرکوتکردنی هەر گردبوونەوەیەکی ناڕەزایی.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-06-19
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-19
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-06-19
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-06-19

کاتی تۆمارکردن: 2018-06-19
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 413

2018-06-20



باکووری کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ سوپای داگیرکەری تورکیا لە ناوچەی گردی چۆلیا-ی جودی سەر بە شڕناخ ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوانیان دەست پێکرد.[3]
- لە ناوچەی چەلێ جۆلەمێرگ بە مووشەک هێرشکرایە سەر ئۆتۆمبێلێکی سوپای تورکیا. بەلانیکەمەوە لەو چالاکییەدا 2 سەربازی تورکیا کوژران.[3]
- سەدان هەزار کەس لە ئامەد ڕۆیشتن بۆ گۆڕەپانی ستاسیۆن بۆ بەشداریکردن لە بانگەشەی هەڵبژاردنی هەدەپە و کۆبوونەوەیەکەی سەدان هەزار کەسییان ڕێکخست.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شەو, لە بەردەم زیندانی سنە گردبوونەوەیەک ئەنجامدرا بۆ دژایەتیی سزای سێدارەی ڕامین حسێن پەناهی، بەڵام هێرش کرایە سەریان و دەستگیرکران، هەر ئەمڕۆش محەمەد حسێن پەناهی، باوکی ڕامین براوە بۆ شوێنێکی نادیار و وتەی دژبە ڕامینی لێوەرگیراوە.[4]
باشووری کوردستان
- ئەمڕۆ کاتژمێر 10:20 خولەک تۆپخانەکانی دەوڵەتی تورک دەستیان بە تۆپبارانکردنی چیای قەلەڕەش-ی شارەدێ سیدەکان-ی دەڤەری برادۆست کرد.[4]
- لە ڕۆژی جیهانیی پەنابەراندا، لە کەمپەکانی کوردستان چەندین چالاکی ئەنجام دەدرێن.[1]
- لە ڕۆژی جیهانی پەنابەراندا ژمارەیەک پەنابەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەردەم بارەگای نەتەوەیەکگرتوەکان لەشاری هەولێر خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و پاشان مانگرتنیان ڕاگەیاند.[2]
- دوای حەوت ڕۆژ لەروداوی تەقەکردنەکەی بەردەم بارەگای دژەتیرۆری عێراق لە کەرکووک کە گیانلەدەستدانی هاوڵاتییەک و برینداربونی سێ هاوڵاتی دیکەی لێکەوتەوە، بەغدا لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی ڕەوانەی کەرکووک کرد.[2]
- بڕیاردەری ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ڕایدەگەێنێت، لەسەر دۆخی ئەمنی کەرکووک، لە دادگای فیدراڵیی سکاڵای یاسایی لەسەر هێزە عێراقییەکان و لایەنی ئەمنیی کەرکووک تۆمار دەکەین.[4]
- بەڕێوەبەری پۆلیسی خانەقین ڕایگەیاند، دژی ئەو کارە تیرۆریستییانەی لە سنووری خانەقین دەکرێن، ئامادەکاری بۆ خۆپیشاندانێک دەکرێت و دەڵێت خەریکە دۆخی ئەمنی بەتەواوەتی لە کۆنترۆڵ دەردەچێت، بۆیە خەڵکی داوای گەڕانەوەی پێشمەرگە دەکەن.[5]
- لە دوانیوەڕۆی ئەمڕۆوە ئاگرێک سنوری چەند گوندێکی ناوچەی هەورامانی گرتوەتەوە بەهۆیەوە چەندین دۆنم لە باخ و دارستان و لەوەڕگای سروشتی ناوچەکە سوتاوە، وتەبێژی بەرگری شارستانی هەڵەبجەش ئاماژە بەوەدەکات، پێدەچێت

ئاگرەکە لە دیوی ڕۆژهەڵاتەوە هاتبێتە سنورەکە و تا ئێستاش کۆنترۆڵ نەکراوە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- یەپەگە و یەپەژە لە هەفتەیەکدا هەشت چالاکییان لە عەفرین ئەنجامداوە.[4]
- ئاژانسی هەواڵی هاوار لەسەر زاری چەند سەرچاوەیەکەوە لە شارۆچکەی ماباتای عەفرین ڕایگەیاندووە، کە چەتەکانی سەر بە تورکیا 25 هاوڵاتیی دیکەیان ڕفاندووە.[4]
- سەرۆکی ئەنجومەنی سەربازی شاری منبج ڕایدەگەیەنێت، تا ئێستا هیچ سەربازێکی تورکیا نەچووەتە ناو منبج و دەشڵێت، هێزەکانی هاوپەیمانان تائێستا ئە و شارەیان چۆڵنەکردووە.[2]
- چەتەکانی سوپای ئازادی سوریا، ویستیان پزیشکێک بەناوی سامی فەرەج بڕفێنن و پاشان لەلایەن چەتەکانەوە تیرۆرکرا. ئەو تیرۆرەش لە ماوەیەکی کەمدا لەناو عەفریندا دەنگی دایەوە. دانیشتوانی عەفرینیش لەبەردەم ماڵی ئەو پزیشکەدا کۆبوونەوە و نارەزایەتیان لە دژی چەتەکان نیشاندا.[3]
دەرەوەی کوردستان
- بەپێی زانیارییەکان، ئەفسەرەکانی سوپای تورکیا نیوەڕۆی ئەمڕۆ بەشدارپی ئاهەنگێکیان کردووە، کە هاوکات لە جەرابلوس و عەزاز دا بەڕێوەچووە. ئەفسەرەکانی سوپای تورکیا لەو ئاهەنگەدا داوایان لە چەتەکان کردووە بەشداری بکەن لە ئۆپراسیۆن بۆ سەر قەندیل.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: بیارە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-06-20
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-20
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-06-20
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-06-20
کاتی تۆمارکردن: 2018-06-20
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 414

2018-06-21



باکووری کوردستان
- بە بەشداری هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە، سەزای تەمەلی و سیاسەتمەداری کورد ئەحمەد تورک، لە ناوچەی ئارتووکلوو-ی مێردین بەمەبەستی بانگەشە بۆ هەڵبژاردنەکانی 24ی حوزەیران/3ی پووشپەڕ میتینگێک بەڕێوە چوو. میتینگەکە لە پارکی کارایۆنلار بەڕێوە دەچێت.[5]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- مستەفا ئیلخانیزادە، چالاکی فەرهەنگیی کورد و بەرپرسی فێرگەی زمانی کورد و وێژەی منداڵانی شاری بۆکان لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە: کە لە دادگاییکردنی ڕامین حسێن پەناهی بنەمای دادپەروەرِیی لە بەرچاو نەگیراوە و ناوبراو شیاوی سزای لەسێدراەدان نییە.[4]
- لقی 101 سزای دادگای گشتیی شاری سەقز، کچێکی کورد، بە ناوی چینی ئاخرخوبی بە 50 زەربە قامچی لە پێش چاوی خەڵک و دانی بڕی 400 هەزار تمەن پارەی نەخت مەحکووم کرد.[4]
باشووری کوردستان
- ڕۆژی مانگرتنی سەرتاسەری لە شاروچکەی خانەقین بەهۆی خراپیی ڕەوشتیی ئاساییشەوە.[1]
- بایز تاڵەبانی، وەزیری پێشووی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆچی دوایی کرد.[1]
- لە کاتژمێر 06:30 خولەی ئێوارەی ئەمڕۆوە، فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر، دەستیان کردووە بە بۆردوومانکردنی ناوچەی سنیێ-ی هەرێمی برادۆست.[5]
- بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنەکانی پارتی ڕایدەگەیەنێت، پارتی پێشوازی لە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی دەکات و بە بڕیارێکی دروستی دەزانێت.[2]
- لەسەر ڕێگای کەسنەزان - هەولێر گەنجێک کوژرا.[1]
- ئەنجوومەنی باڵای دادوەری هەرێمی کوردستان سێ دادوەری بۆ بەڕێوەبردنی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن دیاریکردووە و دادوەرەکانیش دەستبەکاربوون.[3]
- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، بڕیاردراوە بە سڕینەوەی ناوی 200 هەزار کەس لە ناوی دووبارە و سێبارە لە لیستی دەنگدەران.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- لە عەفرین 2 تەقینەوە ڕوویاندا.[5]
- شەڕفانانی یەپەگە و یەپەژە، لەدژی چەتەکانی دەوڵەتی تورک لە عەفرین چالاکییان ئەنجامدا، لە ئەنجامدا دوو سەرباز و پێنج چەتەی تورک کوژران و 6 چەتەی دیکەش بریندارببوون.[6]
- شاندێکی باڵای سەربازیِ ئەمریکا، سەردانی شاری منبیجیان کرد و بەڵێنیاندا، کە لە هێزەکانیان لە منبیج دەمێننەوە و لە هەموو مەترسییەک دەیپارێزن.[6]
- چەتەکانی سەر بە دەوڵەتی تورکیا لە بەردەوامی تاوانەکانیاندا لە دژی گەلی عەفرین، دارستانەکانی دورگە لە گوندی

مەیدانکێ-ی ناوچەی ماباتایان سوتاند. سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە هاوڵاتیان وبستیان ئاگرەکە بکوژێننەوە، چەتەکان بە زۆری چەک ڕێگریان لە هاووڵاتیان کرد.[5]
دەرەوەی کوردستان
- دادگای باڵای فیدراڵی عێراق ڕایگەیاند، ئەژمارکردنەوەی دەنگەکان بە دەست کە لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە داواکراوە، دژی دەستوور نییە و ئەوە متمانە دەگەڕێنێتەوە.[2] هەروەها بڕیاریدا بەوەی کە هەڵوەشاندنەوەی دەنگدانی تایبەت و ئاوارەکان و دەنگدانی دەرەوەی وڵات نایاساییە و بەپێچەوانەی مافی دەنگدانە بۆ دەنگدەران و ڕەتیکردەوە.[3]
- نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق یونامی ڕایدەگەیەنێت، نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێزی ئەو بڕیارە دەگرێت کە لەلایەن دادگای فیدراڵی عێراقەوە دەرچووە سەبارەت بە هەمواری یاسای هەڵبژاردنەکان.[2]
- جەبار ئەمین، پەرلەمانتاری کوردی سوید لەکاتی گەیشتنی بە تورکیا، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی فڕۆکەخانەی ئەستەمبوڵەوە دەستبەسەرکرا.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: ماردین
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-06-21
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-06-21
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-06-21
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-21
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-06-21
کاتی تۆمارکردن: 2018-06-21
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 415

2018-06-22



باکووری کوردستان
- هاوسەرۆکایەتیی دەستەی بەڕێوەبەری کەجەکە ڕایگەیاند، ئەردۆغان لە ئیدعایەکیدا وتبوی ئێمە کۆبوونەوەی کادرە پێشەنگەکانی پەکەکەمان بۆردومانکرد، کەجەکە ڕایگەیاند، ئەو ئیدعایە درۆیە و ئەو درۆیەش لە کۆشکەوە ئامادەکراو و دواپین هەوڵیانە بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن.[2]
- پارێزگاری تورک لە جۆلەمێرگ ڕایگەیاند، 30 ناوچەی جۆلەمێرگ، کە ناوەندی جۆلەمێرگ و ناوچەکانی چەڵ و شەمزینان و گەڤەریش دەگرنەوە، بۆ ماوەی 14 ڕۆژ دەکرێن بە ناوچەی ئەمنیی تایبەت. ئەو قەدەغەکارییە تاوەکو ڕۆژی 7ی تەموز بەردەوامیی دەبێت.[2]
باشووری کوردستان
- لە گوندی (محەمەد عەباس)ی سەر بە شارۆچکەی خانەقین بۆمبێکی چێندراو بە ئۆتۆمبیلێکی بارهەڵگری بچووکدا تەقییەوە. بەهۆی تەقینەوەکەوە ئافرەتێکی تەمەن 18 ساڵ بەناوی (فاتمە حەسەن ئیسماعیل) گیانی لەدەستداوە و خوشکێکیشی بە ناوی (نەجاح) کە تەمەنی 15 ساڵە بە سەختی بریندارببووە. قوربانییەکان کوردن و سەر بە هۆزی (سادە)ن.[1]
- لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستانەوە هاوڵاتایانی بەرەو بناری قەندیل بەڕێکەوتن بۆ ئەوەی ناڕەزایەتی دژی داگیرکاریەکانی تورکیا دەربڕن.[3]
- ئەمڕۆ لەسەر شەقامی 100 مەتری هەولێر، باوک و کوڕێک لە شوێنی کارەکەیان کوژران. بەپێی زانیارییەکان، دوو کەس چوونەتە ناو نەمامگەی ئاشنا، کە ئەو باوک و کوڕە خاوەنی بوون و تەقەیان لێکردوون، لە ئەنجامدا هەردووکیان گیانیانلەدەستداوە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکراتیک 'قەسەدە'، لە چوارچێوەی هەڵمەتی گەردەلوڵی جزیر دا گوندی زیبە-یان ڕزگار کرد، کە 6 کیلۆمەتر لە سنەوری عێراقەوە دوورە. شەڕڤانان ئەو گوندەیان بە تەواوەتی لە چەتەکانی داعش پاککردەوە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- 60 پەرلەمانتاری عێراق، بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان واژۆیان کۆکردەوە و، پرۆژە یاسایەکەیان بردە نێو هۆڵی پەرلەمان، عادل نووری، پەرلەمانتاری سەربەخۆ و ئاسیا حاجی لە فراکسیۆنی یەکگرتوو لەنێو ئەو پەرلەمانتارانە بوون.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: خانەقین

شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-06-22
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-22
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-06-22
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-06-22
کاتی تۆمارکردن: 2018-06-22
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 416

2018-06-23



باکووری کوردستان
- بەبۆنەی هەڵبژاردنەکانی تورکیاوە، فەرماندەیی بڕیارگەی ناوەندی پاراستنی گەل-نەپەگە، لەسەر بڕیاری کەجەکە، بۆ ماوەی 24 کاتژمێری، چالاکییەکانی گەریلای ڕاگرت.[4]
- داگیرکەری تورک لە وان، لە دوای گۆڕستانە میژوویییەکانی ئەرمەنییەکان، دەستیانکردووە بە ڕووخاندنی بینا میژوویەکان.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- چالاکێکی فەرهەنگیی کورد، بە ناوی نوورمحەمەد نادری (ئەردەڵان ئەفشار)، تەمەن 55 ساڵ خەڵکی شاری شیروان سەر بە پارێزگای خوراسان، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ تێپەڕاندنی ماوەی حوکمەکەی ڕەوانەی زیندانی شاری بیرجەند کرا.[2]
باشووری کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک، گوندەکانی شیلادزێیان لە بادینان بۆردوومان کرد و لە ئەنجامدا سێ هاوڵاتی

شەهیدبوون و سێ هاوڵاتی دیکەش بریندار‌بوون.[4]
- پرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکان بەشێوازی دەستی لە هەرێمی کوردستان دەستپێکرد و سەرەتا لە و سندوقانەوە دەستپێدەکات کە سکاڵایان لەسەرە.[1]
- لەگەڵ ڕۆژی جیهانی یۆگا بە ئامادە بوونی ژمارەیەک لە هەوادار و قنسوڵی هندستان لە هەرێمی کوردستان لە شاری سلێمانی مەراسیمێک ئەنجامدرا و چەند جوڵەو چالاکییەکی تایبەت بە یۆگا نمایشکرا.[1]
- دژی داگیرکارییەکانی دەوڵەتی تورک لە باشوری کوردستان، ڕێپێوانێکی بەرفراوان لە شاری سلێمانی دەستپێکرد.[4]
- گەنجێکی تەمەن 18 ساڵان بەناوی (شیروان عەدنان) لە چەمچەماڵ بە چەکی کڵاشیەکێتی نیشتمانیی کوردستانۆف فیشەکێک دەنێت بە سەری خۆیەوە و خۆی دەکوژێت.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەمرۆ، شەڕفانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات-قەسەدە، لەدرێژەی پێشیرەوییەکانیاندا بۆ پاککردنەوەی ناوچەکانی ژێر چنگی چەتەکانی داعش لە باشوری ڕۆژهەڵاتی حەسەکەوە، گەیشتنە ناوچەی تل سفوک لەسەر سنووورەکانی عێراق و سوریا.[4]
- بەدروشمی نا بۆ داگیرکاریی دەوڵەتی تورک گەلی قامیشلۆ ڕژانە سەر شەقامەکان وداگیرکاریی دەوڵەتی تورکیان شەرمەزارکرد.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: وان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-06-23
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-06-23
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-23
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-06-23
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-07-04
کاتی تۆمارکردن: 2018-06-23
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 417

2018-06-24



باکووری کوردستان
- کاتژمێر 08:00 پرۆسەی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆمار و پەرلەمانی تورکیا لە باکوری کوردستان و تورکیا دەستیپێکرد و سەڵاحەدین دەمیرتاش لە زیندان دەنگیدا.[1]
- 480 چاودێری نێونەتەوەیی چاودێری هەڵبژاردنەکانی تورکیا دەکەن.[3]
- هەندێک سەرچاوە باس لە پیشێلکاریی ئاکەپە دەکەن لە شارەکانی باکووری کوردستان، چاودێرەکانیش ناتوانن بچنە ئەو ناوچانەی کە قەدەخەی هاتووچۆیان تێدایە.[1]
- کاندیدی ئاکەپە و پاسەوانەکانی لە شارۆچکەی پرسووسی ڕوحا، هێرشیانکردە سەر بنکەکانی دەنگدان و ئەندامانی هەدەپە و ئەندامێکی هەدەپەیان بە چوقۆ بریندارکرد.[4]
- لەسەر هێرشکردنە سەر ئەندامانی هەدەپە و دەنگدانی بەکۆمەڵ، لەلایەن لایەنگران و ئەندامانی ئاکەپەوە، هەدەپە سکاڵای لە دەستەی باڵای هەڵبژاردنی تورکیا تۆمارکرد.[4]
- لە گەڕەکی کۆپاڵی سەر بە شارۆچکەی قەرەچۆپانی پارێزگای ئەرزەڕوومی باکووری کوردستان شەڕ لەنێوان دوو بنەماڵەدا ڕوویداوە و بەهۆیەوە نوێنەری ئێی پارتی بۆ چاودێری هەڵبژاردنەکان گیانیلەدەستدا.[2]
- بەگوێرەی ئەو ئەنجامە بەراییانەی ئاژانسی ئەنادۆڵی تورکی بڵاوی کردوونەتەوە، پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) توانیویەتی لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەدا بەربەستی لەسەدا 10تێپەڕێنێت.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شەوی ڕابردوو لە ناوچە سنووریەکانی پیرانشار پێکدادان لەنێوان هێزەکانی پاسەوانی سنووری ئێران و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕوویدا و بەهۆیەوە پێشمەرگەیەک گیانی لەدەستدا و ئەفسەرێکی هێزەکانی ئێران کوژرا.[1]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر 7:00 سەرلەبەیانی دەوڵەتی تورک گوندی سیران-سەر بە شارەدێین سیدەکان-ی دەفەری برادۆست-ی تۆپباران کرد و ئاگری لە دارستانی گوندەکە بەردا.[4]
- پۆلیسی سلێمانی ڕایگەیاند: ژنێکی تەمەن 26 ساڵ لە شەڵتەری ژنان لە گەڕەکی قڕگەی شاری سلێمانی کۆتایی بەژیانی خۆی هێناوە.[4]
- لە شارەدێی سەعدییەی سەر بە شارۆچکەی خانەقین، چەکدارانی داعش هەڵیانکوتایەسەر خێزانێک و دایک و کچێکیان سەربڕی و دوو کچی تری ئە و خێزانەش بە سەختی بریندارببوون، هەموویان لە نەتەوەی عەرەبی سوننەن.[5]
- لە کفری هێزەکانی هاوپەیمانان لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش کۆبوونەوە و بوونی چەکدارانی داعش لە و سنورە گفتوگۆی لەسەر کراوە.[6]
- زیاتر لە هەشت هەزار و 500 پەنابەری باکووری کوردستان لە کەمپەکانی پارێزگای دهۆک بەهۆی ئەوەی ناویان لەلایەن دەستەی باڵای هەڵبژاردنی تورکیا لە تۆماری دەنگدەران سڕاوەتەوە، نەیانتوانی بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدانی هەڵبژاردنەکانی تورکیا.[2]
دەرەوەی کوردستان
- ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانی بڵاویکردەوە لەدوای کودەتا شکستخواردووەکەی مانگی تەموزی 2016ی تورکیاوە تائێستا، نزیکەی 300 دیپلۆماتکاری تورکی لە ئەڵمانیا داوای مانەوەیان کردووە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: ئەرزەروم
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کفری
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-06-24
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-24
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-06-24
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-06-24
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-06-25
کاتی تۆمارکردن: 2018-06-24
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 418

2018-06-25



باکووری کوردستان
- سەڵاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پێشووی زیندانیکراوی هەدەپە، پەیامێکی پیرۆزبایی و دەستخۆشیی بەبۆنەی سەرکەوتنی هەدەپەوە بڵاوکردەوە و ڕاشیگەیاند: بەردەوامدەبین لەسەر ئەو ڕێبازەی پێشتر گرتبوومانە بەر.[4]
باشووری کوردستان
- جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت هەدەپە سەرکەوتنێکی گەورەی تۆمارکرد لە هەڵبژاردنەکانی تورکیا و هیوادارین ئەوە ببێتە سەرەتایەکی نوێ بۆ ئاشتی لە تورکیا.[1]
- لە گەڕەکی تاسڵوجەی سلێمانی بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، نەقیبێکی پێشمەرگە و پاسەوانێکی کوژران.[2]
- یەکگرتووی ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامی هاوپەیمانیەتیەک بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پێکدەهێنن و ئەمڕۆش بەڕەسمی ناوی خۆیان لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژارنەکانی هەرێم تۆماردەکەن.[1]
- هەریەک لە بەڕێوبەری ئاسایش و پۆلیسی هەولێر ڕایدەگەیەنن، لە دوێنێ شەوەوە، هەڵمەتێکی فراوانی گەڕان و پشکنینیان بەمەبەستی دەستگرتن بەسەر چەکی بێمۆڵەت و ئۆتۆمبێلی بێ تابلۆ و جامڕەشیان دەستپێکردووە و ژمارەیەک کەسیشیان بە و تۆمەتە دەستگیرکردووە.[1]
- قایمقامیەتی قەزای هەولێر هەڵمەتێک بۆ داخستنی پاوڵاگە نایاساییەکانی دەوروبەری شارەکە دەستپێدەکات و قایمقامیش دەڵێت زیاتر لە 200 پاڵاوگەیە و سەرجەمیان دادەخرێن.[1]
- میدیاکانی تورکیا بڵاویانکردەوە، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان بە تەلەفۆن لەگەڵ مەولوود چاوشئۆغلۆ، وەزیری دەرەوەی تورکیا قسەی کردووە و پیرۆزبایی سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکانی لێکردووە.[2]
- هێرشی داگیرکەرانی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر ناوچەی برادۆست لە باشووری کوردستان بەردەوامە. بەهۆی بۆردومانی کۆپتەرەکانی سوپای تورکیای داگیرکەرەوە ئاگر بەربووەتەوە زەوی و باخ و پاوانی هاووڵاتیانی سنووری برادۆست و زیانێکی زۆر بە هاووڵاتیانی ئەو سنوورە گەیشتووە.[3]
- لە گوندێکی سنوری خانەقین، شەڕ لە نێوان هێزە عێراقییەکان و چەکدارانی داعش ڕوویدا، بەرپرسی کۆمیتەی یەکێتی قەزاکە دەڵێت توانراوە ئۆتۆمبێلێکی چەکدارەکانی داعش بسوتێندرێت.[1]
- وەزیری بازرگانی و هاریکاریی پەرەپێدانی هۆڵەندا گەیشتە هەولێر و ڕایگەیاند، مەبەستی سەردانەکەیان پەرەپێدانی هاوکارییەکانە لەگەڵ هەرێمی کوردستان و هاوکاری زیاترە لە بەرێوەبردنی کەرتەکانی ئاو و کشتوکاڵ.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- چالاکییەکانی شەڕڤانانی یەپەگە لەدژی چەتەکانی سەر بە دەوڵەتی تورک لە عەفرین بەردەوامە و لە ئەنجامی چەند چالاکییەکدا زیاتر لە شەش چەتە کوژراون.[4]
- ئەمڕۆ، لە دژی هێرشە داگیرکارییەکانی سوپای تورک، سەدان هاوڵاتی باب و منبیج ڕژانە سەر شەقامەکان و ناڕەزایی دەربڕی.[4]
- قەسەدە ڕایگەیاند، لەچوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی جزیرەدا و لە شەڕی ڕزگارکردنی شارۆچکەی دشیشا لە باشوری ڕۆژهەڵاتی حەسەکە، 274 چەتە کوژراون و 13 چەتەش بە دیل گیراون.[3]
دەرەوەی کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرکۆماری تورکیا لە لێدوانیدا دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامە بەراییە ناڕەسمییەکانی هەڵبژاردنەکانی تورکیا ڕایگەیاند بەردەوام دەبن لە بەگژداچونەوەی ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان و ئازادکردنی خاکی زیاتری

سوریا.[1]
- نۆبەتی ئازادی کە ماوەدرێژترین چالاکیی بێ ناوبڕی گەلی کوردە، ئەمڕۆ دەکەوێتە هەفتەی 313. ئەمڕۆ 2 هەزار و 193 ڕۆژە کە بەشێوەیەکی بێ ناوبڕ، نۆبەت بۆ ئازادیی ئۆجالان دەگیرێت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان
پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن:	یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
پارت / لایەن:	یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
شار و شارۆچکەکان:	حەسەکە
شار و شارۆچکەکان:	خانەقین
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	عەفرین
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-06-25
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-06-25
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-25
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-06-25
کاتی تۆمارکردن: 2018-06-25
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 419

2018-06-26



باکووری کوردستان

- شاندی ئیتالیا بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆمار و پەرلەمانی تورکیا لە 11 کەس پێکهاتبوون و لە ئامەد چاودێری هەڵبژاردنەکانیان دەکرد. پارێزەر سیمۆنیتا کریشی یەکێک بوو لە ئەندامانی شاندە ئیتالیەکە کە چاودێریی هەڵبژاردنەکان و پرۆسەی دەنگدانیان لە ئامەد دەکرد. کریشی ڕایگەیاند، لە ناو شاردا ڕووبەڕووی زۆر ئاستەنگی کراونەتەوە و وتیشی ئەستەمە باس لە هەڵبژاردنێکی دیموکراتیانە بکرێت.[3]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- پاش شەڕ و تێکەڵچوونی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران، لەگەڵ پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، قەرارگای حەمزەی سپای پاسداران، لە بەیاننامەیەکدا هەڕەشەی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد.[5]
- تۆپخانەکانی سپای پاسداران، بەرزاییەکانی حاجی عومران لە سنووری شاری پیرانشار تۆپباران دەکات.[5]
- بە دەست پێکردنی ناڕەزایەتی و مانگرتنی سەرتاسەری لە چەند شارێکی ئێران وبەتایبەت تاران-ی پایتەختی ئێران، دوکانداران وبازاڕییەکانی شاری کرماشان بە داخستنی دووکانەکانیان چوونە ڕیزی مانگرتنە سەرتاسەرییەکەی ئێرانەوە.[3]

باشووری کوردستان

- یادی هونەرمەندی کۆچکردو حەسەن زیرەک بە چەند چالاکییەکی جۆراوجۆر لە سلێمانی بەڕێوەچوو.[2]
- شەوی ڕابردوو، چەکدارانی داعش هێرشیانکردە سەر گوندی ئاوایی عەلی لە ناوچەی حەفتەغاری سەر بە شاروچکەی داقوق و لە ئەنجامدا هاوڵاتییەکی کورد بەناوی کازم حاجی حسێن کوژرا و سێ کەسی دیکەش بریندارببوون.[1]
- هەر چوارلایەنی ناڕازی هەرێمی کوردستان سکاڵا لە دژی ئەنجومەنی کۆمسیارانی دادوەرانی ڕاسپێردراو تۆمارەدەکەن لەبارەی بڕیاری هەژمارکردنەوەی تەنیا ئە و سندوقانەی سکاڵایان لەسەرە.[2]
- دانیشتنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەستیپێکرد و فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیش بەهۆی ناڕەزایەتییان لەسەر کارنامەی دانیشتنەکە و نەبوونی پرسی داگیرکاریی لەسەر خاکی باشوری کوردستان لە کارنامەکەدا، بایکۆتی دانیشتنەکەیان کرد.[4]
- ژمارەیەک خوێندکاری دەرچووی تواناسازیی لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم خۆپیشاندانێکیان ئەنجامداو داوای پێدانی پارەی تواناسازیی دەکەن.[2]
- حەشدی شەعبی لەبارەی داوای ئەمریکا بە گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکان هەتادەنگ و ڕایگەیاند، ئە و داوایەی ئەمریکا دەستێوەردانێکی بێمانە و گەمژانەیە.[2]
- پۆلسی هەولێر بڕیاریدا لە دوای تەواو بوونی دەوام نابێت هیچ کارمەندێکی دەزگا ئەمنییەکان چەک لەگەڵ خۆی بباتەوە ماڵەوە و ڕێگەشی پێنادرێت چەک هەڵبگرێت.[2]
- لە ناوچەی زەرگەی سەر بە شاروچکەی خورماتوو بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراو بە ئۆتۆمبێلێکی سەربازیی هێزەکانی

سوپای عێراقدا سەربازێک کوژرا و سێ کەسی دیکەش بریندارببوون.[2]
- دەستەی قەلغانی خەڵک دژ بە داگیرکاییەکان، لە گردبوونەوەیەکدا لە هەولێر داوای لە نەتەوە یەکگرتوەکان کرد بۆ وەستاندنی ئەو داگیرکاریانەی سوپای تورک لە باشوری کوردستان بەجدی بێنە سەرخەت.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- جارێکی دیکە چەتەکانی دەوڵەتی تورکیا دەستیان دایە کاوڵکردنی ماڵی هاووڵاتیان لە سنووری عەفرین. بە پێی ئەو زانیارییانەی کە دەست ئازانسی هەواڵی فورات کەوتووە، چەتەکانی کەتیبەی سوڵتان سلێمان ئاگریان بەردایە ماڵی هاووڵاتییەک بە ناوی محەمەد شیندی.[3]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایدەگەیەنێت، لە ئەنجومەنی وەزیران تاوتوێی کۆنترۆڵکردنی سنورەکانی نێوان عێراق و تورکیا و ئێرانیان کردووە، داواشدەکات چەک بە پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە دابنرێت.[2]
- پارێزەرانی سەڵاحەدین دەمیرتاش سەردانی دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپایان کرد و ڕایانگەیاند، کە بەرامبەر دەمیرتاش هەموو یاساکانی مافی مرۆڤی ئەوروپا پێشێل کراوە.[4]
- دەرەنگانی شەوی ڕابردوو ئیسرائیل هێرشی موشەکی کردەسەر پێگەیەکی نزیک فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی دیمەشقی پایتەختی سوریا و بەپێی سەرچاوە ڕۆژنامەوانیەکانیش ئامانج لە هێرشەکە پێگەیەکی حزبوڵای لوبنانی بووە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن:	حزبی دێموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)
پارت / لایەن:	حەشدی شەعبی
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن:	یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان:	ئاگری
شار و شارۆچکەکان:	ئامەد
شار و شارۆچکەکان:	پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان:	خورماتوو
شار و شارۆچکەکان:	عەفرین
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
شار و شارۆچکەکان:	کرماشان
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات:	تورکیا
وڵات:	لوبنان
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2018-06-26
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-26

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-06-26
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-06-26
کاتی تۆمارکردن: 2018-06-26
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 420

2018-06-27



باکووری کوردستان
- دادگای سزای قورسی ئەدیرنە، بڕیاری زیندانیکردنی بۆ ژنە هونەرمەندی کورد، جانێ دەرکرد.[3]
باشووری کوردستان
- سوپای تورکیا ڕایگەیاند، هێرشی ئاسمانییان کردووەتە سەر پێگەکانی پەکەکە لە باشووری کوردستان و بەهۆیەوە شەش پێگەی پەکەکە خاپوور کراون و ''هەشت گەریلا گیانیانلەدەستداوە''. پەکەکە هیچ دژەلێدوانێکی نەداوە.[2]
- لە نزیک گوندی بەشیری سەربە خورماتوو، پێدادان لەنیوان داعش و حەشدی شەعبی دروستبوو.[4]
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ، لە شوێنی مردوو شۆر لەناو مزگەوتی ئەبوبەکری سدیق لە شاڕۆچکەی پێنجوێن-ی سەر بە پارێزگای سلێمانی، تەرمی گەنجێکی تەمەن 17 ساڵ بەناوی (محەمەد کەمال) بە هەڵواسراویی دۆزرایەوە.[3]
- سوپای تورکیای داگیرکەر لە باشووری کوردستان گوندەکانی زاخۆ لە ناوچەی حەفتانین بۆردومان دەکات.[4]
- بەهۆی زیادکردنی دەوامی فەرمانگەکەیان، بەیانی ئەمڕۆ بەشێک لە فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی مانیان لە کارەکانیان گرتووە و داوای کەمکردنەوەی دەوام دەکەن.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ژووری چالاکییەکانی تووڕەیی زەیتوون، چالاکییەکی دژی چەتەکانی سوپای تورک لە عەفرین ئەنجامدا، لە ئەنجامدا چەتەیەک کوژرا و سەرچەتەیەکیش بریندار بوو.[3]
دەرەوەی کوردستان
- ڕۆژنامەی واشنتن پۆستی ئەمریکا لەزاری بەرپرسێکی باڵای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هۆشداری داوەتە وڵاتانی جیهان کە تاوەکو 4ی تشرینی یەکەم سەرجەم هەناردەکانی نەوتی ئێران ڕابگرن و جەخت لەوەشدەکاتەوە ئەوەی ئە و بڕیارە جێبەجێ نەکات دووچاری ئابڵوقەی ئابووری دەبێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن:	حەشدی شەعبی
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-06-27
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-06-27
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-06-27
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-06-27
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 421

2018-06-28



باکووری کوردستان
- فراکسیۆنی نوێی هەدەپە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجامدا.[3]
- هێزەکانی ڕژێمی ئاکەپە – مەهەپە لە ناوچەی نسێبینی پارێزگای مێردینی باکووری کوردستان هەڵیان کوتایە سەر ماڵی

هاووڵاتیبان و 5 کەسیان دەستیگرکرد، کە یەکێکیان ژنە. ناوی 2 کەس لە دەستگیرکراوەکان بریتین لە: بایسال سدیق کالپ، لەیلا سدیق کالپ. تا ئێستا ناوی 3 کەسە دەستگیرکراوەکەی تر ڕوون نەبووەتەوە.[4]
- کەشتییەکی هەڵگری پەنابەران لە گۆڵی وان نقوم بوو و بە هۆی ئەو ڕووداوەوە زیاتر لە 100 پەنابەر بێسەرشوێنن.[4]
باشووری کوردستان
- هەردوو وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم و عێراق لێژنەیەکیان پێکهێنا بۆ گێڕانەوەی ئاوارەکانی هەرێم بۆ پارێزگاکانی عێراق و بڕیاریشدرا سەرجەم ڕێگاکان بکرێنەوە.[1]
- لە ناو بازاڕی شارۆچکەی دەربەندیخانی سەر بە پارێزگای سلێمانی، لەدژی بڕیاری لەسێدارەدانی ڕامین حسێن پەناهی، گردبونەوە بەڕێوەچوو.[2]
- لە گەڕەکی پیریادییەکانی شارەدێی شۆڕش-ی سەر بە قەزای چەمچەماڵ ژنێک بەناوی (س.ح.ع) تەمەن 20 ساڵ لە ماڵی خۆیاندا بەفیشەک گیانی لەدەستدا.[1]
- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، لە ڕاگەیاندراوێکدا ئاشکرای دەکات، گۆڕانکاری لە پڕۆگرامەکانی خوێندن لە بەشە زانستییەکان دەستپێکردووە، هەنگاوە پراکتیکییەکانیش بۆ گۆڕانکاری لەبەشەکانی کۆمەڵناسی و کاری کۆمەڵایەتی لە زانکۆکانی کوردستان بەردەوامە.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە چوار ڕۆژ پێش ئێستاوە دوو هاوڵاتیی گەنج لە شارۆچکەی شێراوای سەربە عەفرین بێ سەروشوێن بوون، تەرمی ئەو گەنجانە ئەمڕۆ دۆزرانەوە.[2]
- لە عەفرین، ژنێکی تەمەن 66ی ئێزدی بەناوی فاتمە هامک، لەلایەن چەتەکانی سەربە دەوڵەتی تورکەوە لە گوندێکی سەربە عەفرین کوژرا.[2]
دەرەوەی کوردستان
- لە پەرلەمانی ئەوروپا کۆنفرانسێک لەبارەی داگیرکارییەکانی دەوڵەتی تورک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی لە کوردستان بەڕێوەدەچێت و تێیدا ڕۆڵی کورد لە پێکهاتنی چارەسەرییەکی دیموکرات لە ناوچەکەدا دەنرخێندرێت.[2]
- لە ڕۆمای پایتەختی نەمسا پاپا فرانسیس، پاپای ڤاتیکان بڕیاریدا لویس ڕوفائیل کە مەسیحییەکی لەدایکبووی هەرێمی کوردستانە وەک کاردیناڵ لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەستبەکاربێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: نوسەیبین
شار و شارۆچکەکان: وان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 28-06-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 28-06-2018
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 28-06-2018

کاتی تۆمارکردن: 28-06-2018
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 422

2018-06-29



باکووری کوردستان
- بڕیاری ئازادکردنی لەیلا گوفەن، پەڕلەمانتاری هەدەپە دەرکرا.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هێرێکی سەربازی سەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستانن ڕایانگەیاند، لە شاری شنۆ هێرشیان کردووەتە سەر سێ بنکەی سەربازی سوپای پاسداران.[3]
- هێزە ئەمنییەتییەکانی حکوومەتی ئێران، لە شاری تاران، دوو دەروێشی گوناباددیان لەو شارە دەسبەسەر کرد و بۆ شوێنێکی نادیاریان ڕاگواست. شوناسی ئەو دوو هاووڵاتییە بە ناوی ئەمین عەلیزادە و جەلال مووسەوی دانیشتووی شاری ئیلام ڕاگەیەندراوە.[4]
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو فڕۆکەکانی سوپای تورک بۆردوومانی گوندی دۆرهەلو لە سنووری برادۆستیان کرد و بەو هۆیەوە ئاگرێکی زۆر کەوتەوە و زیانێکی زۆر بە ڕەز و باخی هاوڵاتیان گەیشتووە.[2]
- فڕۆکە سەربازییەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە بە داعش بە هاوکاری دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکانی عێراق بۆردومانی چەند پێگەیەکی چەکدارانی داعشیان کرد لە زنجیرە چیای حەمرین و ژمارەیەک لەسەرکردەی ئە و گروپە کورژان.[1]
- سکاڵای یاساپی دژی چەند کەسایەتییەکی تورکمان و عەرەب تۆمارەدەکرێت کە لە خۆپیشاندانەکانی بەردەم کۆمسیۆندا لەرێگەی کەنالی بەرەی تورکمانییەوە لیدوانیان دژی کورد داوە.[1]
- کچێکی کوردی ئێزدی بەناوی حەمدیا لە سووریا ڕزگارکرا.[1]
دەرەوەی کوردستان

- وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک لەبارەی گەشتکردن بۆ تورکیا هۆشداری دا و ڕایگەیاند، کە مەترسییەکان لەو وڵاتەدا زیادیان کردوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئیلام
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-06-29
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-06-29
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-06-29
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-07-02
کاتی تۆمارکردن: 2018-06-29
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 423

2018-06-30



باکووری کوردستان
- لەناوچەی بەروارپی پارێزگای سێرت لە باکووری کوردستان 3 هاوواڵاتی لە گوندی کوبک دەستگیرکران.[4]
ڕۆژهەاڵتی کوردستان
- فەرهاد عەبدوڵاڵپوور، برای هیدایەت عەبدوڵاڵپوور زیندانیی سیاسیی کوردی مەحکووم بە ئێعدام لە زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[6]
- لە شاری مەریوان ژمارەیەک لە ژنان و چالاکوانانی ئەو شارە چالاکییەکییان بە بۆنەی ساڵیادی چالاکییەکەی زەینب کناجی (زیلان)ەوە ئەنجامدا.[4]
باشووری کوردستان
- کۆگایەکی چەک و تەقەمەنی لە بەحرکەی هەولێر تەقییەوە، سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە جبەخانەکە سەربە هێزەکانی زێرەڤانییە.[1]
- بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی هاوار ئەرگوشی، وتەبێژی پۆلیسی سۆران، ئەمڕۆ ژنێک بەناوی (دنیا ڕەشید ناجی) تەمەن 19 ساڵ دانیشتوی گوندی هەلانیای سەر بە شارەدێی شێروان مەزن لە سنووری بارزان بەهۆی هاوەنێکی سوپای تورکەوە گیانی لەدەستداوە.[3]
- بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر ڕایگەیاند، تەقینەوەی کۆگا تەقەمەنییەکە هیچ دەستێکی تیرۆریستی لە پشتەوە نەبووە، بەڵکو پەیوەندی بە خراپی هەڵگرتنی تەقەمەنییەکانەوە هەبووە.[5]
- لە گوندێکی نزیک خانەقین چەکدارانی داعش بۆمبێکی چێنراویان بە ئۆتۆمبیلی هاوواڵاتییەکدا تەقاندەوە و تەنها زیانی مادی هەبووە.[2]
- ئەفسەرێکی ئاسایش ئاشکرای دەکات، چەکدارانی داعش لە شاخی غەررەی نێوان کفری - خورماتوو کە دەکەونە سنوری هەرێمی کوردستانەوە دەرکەوتوونەتەوە و جموجۆڵیان زیادیکردووە.[2]
- لە پارکی ئازادیی شاری سلێمانی، بە دەستپێشخەری ڕێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان، 23یەمین ساڵیادی زەینەب کناجی ناسراو بە زیلان بە مەراسیمێک بیرهێنرایەوە.[3]
- هێزەکانی پێشمەرگە بە هاوکاری هاوپەیمانان لە چیای قەرەچووخ لە سنووری مەخموور ئۆپەراسیۆنێکیان بۆ سەر بنکەکانی داعش ئەنجامدا و سێ چەکدار کوژراون، لەنێویاندا عامر ناسراو بە ئەبو عوبەیدە، بەرپرسی دارایی و لۆجستی داعش.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لەپاش زنجیرە تەقینەوەکانی 27ی حوزەیرانەوە لە ناوەندی عەفرین، کە ژمارەیەکی زۆر لە چەتەکان تێیدا کوژران، چەتەکانی تورک بەشێوەیەکی فراوان دەستیانکردووە بە ڕفاندنی هاوڵاتیانی عەفرین و تا ئەمڕۆ زیاتر لە 150 هاوڵاتیان ڕفاندووە.[3]
- ڕۆژنامەی (یەنی شەفەق)ی نزیک لە پارتی دەسەڵاتداری تورکیا بڵاویکردەوە دوای تەواوبوونی فرگەی بنکەی ئاسمانی (حەسەکە – تەلبێدەر) چوارشەمەی ڕابردوو 27ی ئەم مانگە دوو فرۆکەی گەورەی بارهەڵگری سەربازی ئەمریکا لە بنکە ئاسمانییەکە نیشتوونەتەوە و چەک و تەقەمەنی نوێیان بۆ یەپەگە و هەسەدە ناردووە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سێرت
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: کفری
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی دوارۆژ - 2018-06-30
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ڕۆژنیوز - 2018-06-30
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-30
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ڕووداو - 2018-06-30
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی کوردپا - 2018-07-01
کاتی تۆمارکردن: 2018-06-30
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 424

2018-07-01



باکووری کوردستان
- پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە، داوای هەڵگیرانی سزای ڕامین حسێن پەناهی دەکات و داواکات، کە ڕامین لە دادگایەکی دادپەروەرانەدا دادگایی بکرێت.[3]
- باڵی سەربازی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) ڕایدەگەیەنێت، لە ئەنجامی چالاکییەکانی گەریلاکانمان 13 سەربازی سوپای تورکیا کوژران و ڕێگای ستراتیژی نێوان دێرسیم و ئەرزنجانیشیان کونترۆلکرد.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دوو هاوواڵاتیی کورد بە ناوەکانی شۆڕش قادر سەکینە و دڵشاد جەواهیر خەڵکی گوندی تاچیناوێ شاری شنۆ لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران.[4]
باشووری کوردستان
- کاژێر 4:00ی بەرەبەیانی ئەمڕۆ سێ تەقینەوەی جیا جیا لە کەرکووک ڕوویاندا، تەقینەوەکە ئەو کۆگایانەی کردووەتە ئامانج کە سندووقی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق تێدابووە. کەسێک کوژرا و 21ی دیکەش بریندار بوون.[1]
- پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە و تیایدا گفتوگۆ لەسەر درێژکردنەوەی کارکردن بەیاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و هەمواری سێیەمی یاسای پارێزەرایەتی، هەمواری چوارەمی یاسای سندوقی خانەنشینیی پارێزەرایەتی دەکرێت، هاوکات خوێندنەوەی یەکەم بۆ پارێزگاری لەتۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ و گفتوگۆ لەسەر پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت.[2]
- وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیێنێت یەکەم حاڵەتی تووشبوون بە نەخۆشیی تای خوێنبەربوون تۆمارکراوە و ئێستا نەخۆشەکە لەژێر چاودێری تەندروستیدایە.[1]
- سیروان بارزانی، سەرۆکایەتیاری میحوەری گوێڕ - مەخموورى هێزی پێشمەرگە ڕایگەیاند، لە ئەنجامی بۆمبابارانکردنی چیای قەرەچووخ لەلایەن هاوپەیمانان دوو چەکداری داعش کوژران.[1]
- ژمارەیەک لە شۆفێرانی بارهەڵگری مەرزی شۆشمێ، لەدژی کارکردنی ژمارەیەک بارهەڵگەری بێ مۆڵەت لە مەرزەکە، گردبوونەوەیەکیان لەبەردەم بینای پارێزگای هەڵەبجە ئەنجامدا و نارەزایەتییەکانیان گەیاندە لایەنە پەیوەندیدارەکانی پارێزگاکە.[3]

- فەرماندەی دژەتیرۆری عێراق لە کەرکووک ئاشکرایکرد، سێ ڕۆژ پێش ئێستا لەبارەی هێرشەکەی داعش بۆ سەر کۆگای سندوقەکانی کۆمسیۆن زانیاری هەواڵگریان هەبووە، لەچەند کاتژمێری داهاتوشدا هەڵدەکوتنە سەر تیرۆرستان.[2]
دەرەوەی کوردستان
- بڕیارە ئەمڕۆ، بۆ پرۆسەی بەندکردنەوەی بەندکراوێکی جارێکی دیکە ئاوی ڕووباری دیجلە لە عێراق بگرێتەوە.[1]
- وەزارەتی دەرەوەی تورکیا ڕاگەیێندراوێکی لەبارەی تەقینەوەکانی کەرکووک بڵاوکردەوە و داوایکرد ڕێوشوێنی پێویست بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی پارێزگاکە بگیرێتەبەر. داواشدەکات لێکۆڵینەوەیەکی خێرا و شەفاف لەو سکاڵایانە بکرێت کە دەگوترێ لە دەنگدانی کەرکووک ساختەکاری کراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-07-01
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-07-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-07-01
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-07-01
کاتی تۆمارکردن: 2018-07-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 425

2018-07-02



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کاتژمێر 9ی شەو، هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ترسی هێزی پێشمەرگە لە پشت گوندی قوروشاوێ سەر بە شاری شنۆ کەوتوونەتە کەمینی یەکترەوە و تەقەیان لە یەکتری کردووە. فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە لە ئەنجامی تەقەی هێزەکانی حکوومەتی ئێران لە یەکتر، ژمارەیەک لە هێزەکانی حکوومەتی کوژراو و بریندار بوون.[5]
باشووری کوردستان
- ژمارەیەک پەرلەمانتاری کوردستان لە چەند فراکسیۆنێکی جیاواز، داوای بانگهێشتکردنی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان دەکەن بۆ دانیشتنێکی پەرلەمان.[2]
- لەبارەی جموجۆڵ و دروستکردنی مۆڵگەی نوێی داعش لە عێراق و ئاسایشی ناوچە جێناکۆکەکان، وەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵ بەرپرسانی باڵای هاوپەیمانان لە هەولێر کۆبوونەوە و داوادەکەن هەرچی زووە پێداچوونەوە بە پلانی ئەمنی ناوچە جێناکۆکەکان بکرێت.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا دەفەری نهێلی و نێروەرێکان-یان لە شاروچکەی ئامێدی بۆردوومانکرد. بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان، هیچ زیانێکی گیانی لە بۆردوومانکردنی فڕۆکەکانی تورکیا لەنێو دانیشتووانی ئەو ناوچانەی ئامێدی نەبووە، بەڵام زیانی مادیی بە ناوچەکە گەیاندووە و ترسی لەلای خەڵکی ناوچەکە دروستکردووە.[2]
- ئەبو عزرائیل وتەبێژی لیوای ئیمام عەلی حەشدی شەعبی ئەمڕۆ ڕایگەیاند: لەڕۆژانی داهاتوودا هێزی پێشمەرگە دەگەڕێنەوە کەرکووک و تەواوی ناوچە کێشە لەسەرەکان.[1]
- شەوی ڕابردوو، نزیکەی سێ هەزار مریشکی مرداوەوبوو فڕێ دەدرێنە ناو ئاوی زەڵم و بەپرسیارانی ژینگەیی و گەشتوگوزاری هەڵەبجەش دەڵێن: تەندروستی خەڵک و ژینگەی ناوچەکە ڕووبەڕووی مەترسیی بووەتەوە و پێویستە بکەری ئەوکارە سزای توند بدرێت.[3]
- کاتژمێر 10:30ی ئەمشەو، ئاگرێکی گەورە لە تاسلوجەی نزیک سلێمانی کەوتووەتەوە، بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی سلێمانیش ڕایدەگەیەنێت ئاگرەکە لە باروتخانەی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە کەوتووەتەوە و بەهۆیەوە 4 کەس بریندار بوون.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لیندزی گراهام و جان شاهین، سیناتۆرانی ئەمریکا سەردانی شاری منبج-یان کرد و دەڵێن، گرنگە هێزەکانی وڵاتەکەیان لە باکووری سووریادا بمێننەوە.[2]
- لە نزیک نەخۆشخانەی ئاڤرین مینێک تەقیوەتەوە. دەربارەی ئەنجام و زیانەکانی ئەو تەقینەوەیە هیچ زانیاریەک بەدەست نەگەیشتووە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی نەوتی عێراق ئاشکرایدەکات کە دانوستانیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا بەردەوامە بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکییەوە و ئاشکراشیدەکات کە ئێستا ڕۆژانە 220 هەزار بەرمیل نەوت لەوشارە بەرهەم دەهێندرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-07-02
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری روودا‌و - 2018-07-02
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-07-02
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-03
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-07-03
کاتی تۆمارکردن: 2018-07-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 426

2018-07-03



باکووری کوردستان
- لە ناوچەی گەڤەری جۆلەمێرگ لە باکووری کوردستان، لە کاتی تێپەڕبوونی ئۆتۆمبێلێکی سەربازی سوپای تورکیای داگیرکەر تەقینەوەیەک ڕوویدا.[3]
- لقی یەکەمی دادگای سزا قورسەکانی بورسا، لەسەر داخوازیی داواکاری گشتیی کۆماریی بورسا، مافەکانی 'سەردان، نووسینی نامە، پەیوەندیی تەلەفۆنی و چاوپێکەوتنی پارێزەران'ی لە ڕێبەری گەلی کورد عەبدوڵا ئۆجالان قەدەغە کرد. هەمان بڕیاری قەدەغەکاریش بۆ هەریەک لە زیندانیانی ئیمرالی حامیلی یلدرم، عومەر خەیری کۆنار و وەیسی ئاکتاش دەرکراوە. پاش ئەوەی بڕیاری قەدەغەکە لەلایەن دادگای یەکەمی سزای قورسی بورساوە پەسەند کرا، پارێزەران سەریان لە دادگای باڵای دەستووریی تورکیا دا و لە دژی ئەو بڕیارە سکاڵایان تۆمارکرد.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەهۆی تۆپبارانی و ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای پاسداران لە دەوروبەری شاری سەردەشتی سەر بە پارێزگای ورمێ، ئاگر لە دارستانەکانی گوندی مارلۆ کەوتەوە و هاوڵاتیانیش ناتوانن کۆنترۆڵی ئاگرەکە بکەن.[4]
- چالاکێکی مەدەنیی کورد بە ناوی ئەنوەر عەرەب تەمەن 33 ساڵ لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی سپای شاری بۆکان دەسبەسەر کراوە و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.[6]
- لەناوچە دەشتاییەکانی گوندی (تەکەلی) سەربە شاروچکەی شەمزینان لە پارێزگای هەکاری بەتۆمەتی (سنور بەزاندن) سوپای ئێران دەستی بەسەر 970 سەرئاژەڵدا گرت و چوار شوانیشی بەو هۆیەوە دەستبەسەر کرد.[1]
باشووری کوردستان
- بەهەوڵی هێزەکانی دژە تیرۆری هەرێمی کوردستان، شەوی ڕابردوو ڕزگارکردنی ژمارەیەک پەنابەری کورد لە دەستی گروپە چەکدارەکانی سوریا ڕاگەیەندرا.[1]
- ئەمرۆ کاتژمێر 1:30 خولەک فرۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر بۆردوومانی کوێستانی سەرشێخان-ی بناری قەندیل-یان کرد.[4]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ لە ڕێگەی کەرکووک - خورماتوو، عەلی خەلیفە ناسراو بە ئەبو زەهرای عەبادی، یاریدەدەری فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە سەر بە حەشدی شەعبی کوژرا.[2]

- لە ئەمڕۆوە تا 25ی ئەم مانگە دەستدەکرێت بە تۆمارکردنی ناوی کاندیدانی ئەو لیست و قەوارە سیاسی و هاوپەیمانیەتییانەی کە پەسەندکراون و پەرلەمانی هەرێمی کوردستانیش چەندین مەرجی بۆ خۆتۆمارکردنی کاندیدان داناوە.[4]
- دادگا بەشداری تەڤگەری ئازادی لە هەڵبژاردنی کوردستان بەبیانووی نەبوونی مۆڵەت، ڕەتکردەوە.[2]
- تەڤگەری ئازادیی ڕایگەیاند: بڕیارەکەی دادگای هەرێم بۆ بەژدارینەکردن لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان، یاسایی نییە.[4]
- وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، تائێستا هیچ ڕێککەوتنێکی ڕەسمییان لەگەڵ بەغدا نەکردووە لەبارەی گەڕانەوەی هێزەکانیان بۆ کەرکووک و ناوچە دابڕێنراوەکان و تەنها داوای پێکهێنانی ژووری هاوبەش کراوە.[1]
- بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی لە کەرکووک ڕایدەگەیەنێت، ئەگەر لە ژماردنەوەی دەنگەکانی کەرکووکدا گۆرانکاریی ڕووبدات، ئەوە خۆپێشاندانی سەرتاسەری ئەنجام دەدەن، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە چەندین ڕۆژە تورکمان و عەرەب گەمارۆی سندوقەکانیان داوە.[4]
- لە یەکەم ڕۆژی پرۆسەی ئەژمار و جیاکردنەوەی دەستی دەنگەکاندا، 23 سندووقی دەنگدانی پارێزگای کەرکووک کرانەوە و سەرچاوەیەک لە بنکەی جیاکردنەوەی دەنگەکان باس لەوە دەکات کە جیاوازی هەبووە لە نێوان ئەنجامە ئەلیکترۆنییەکان و ئەنجامی دەستیی دەنگەکان. کاندیدێکی یەکێتیش دەڵێت، ئەو سندووقانە لەلایەن میلیشیاکانەوە لە کۆگاکان قوفڵەکانیان شکێندراون و دەستکاری کراون.[2]
- شاندێکی هێزەکانی بەرپەرچدانەوەی خێرا لە خورماتوو بەڕەسمی سەردانی ئاسایشی خورماتوو دەکەن لە کفری و لە کۆبوونەوەیەکدا داوای هاوکاری لە هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگە دەکەن بۆ پاراستنی سنوورەکە و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر.[1]
- کۆگایەکی دیکەی چەک و تەقەمەنی هێزی پێشمەرگە لە شاری دهۆک سووتا.[5]
- ئاسمانی هەولێر بۆ ماوەی دوو کاژێر بەڕووی گەشتی ئاسمانی داخرا. بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێریش ڕایگەیاند داخستنەکە لەسەر داوای هاوپەیمانان بووە.[2]
- لە ڕێگەی کۆیە-هەولێر هاوولاتییەک قوڕاوی بەسەری خۆیدا کرد وەک هاوخەمییەک بۆ قوربانییانی ڕێگەکە.[1]
- کاتژمێر 1ی بەرەبەیانی ئەمڕۆ هێزێکی پۆلیس چونەتە سەر ماڵی هاوولاتییەکی کورد لە کەرکووک کە پیشەی فرۆشتنی ماسییە، شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان هاوولاتییەکە و هێزەکە دروستبووە، بەهۆیەوە 4 بریندار لەهەردوولا کەوتوەتەوە.[1]
- کاتژمێر 11:30ی خولەکی شەو بۆمبێکی چێنراو لە گەڕەکی ئەرکەوازی خانەقین تەقیوەتەوە و هیچ زیانێکی نەبووە.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان

- سەرچاوەیەک لە عەفرین ڕایگەیاند کە سوپای تورکیا وچەتەکانی هاوولاتییەک بە ناوی محەمەد ئیبیش-ی 55 ساڵ تەمەنیان لە گوندی هەسانا بە بێ هیچ هۆکارێک ڕفاندووە و دواتر لە ژێر ئەشکەنجەدا کوژراوە.[3]
- گروپێک لە چەتەکان-ی لیوای شام 8 هاوولاتی بە ناوەکانی ئەمین ڕەشید داوود(44)، حۆرێک عەبدۆعەلۆ(45)، ئەمین مەحیەدین عەلۆ(32)، زیاد نووری زیاد(38)، خەبات محەمەد حەسەن(27)، خالد محەمەد ناسح(35) و دوو برا بەناوەکانی محەمەد ئەحمەد حەنان (34) و ئەحمەد حەنان (30) تەمەنیان ڕفاندووە. ئەو هاوولاتییانەیان بردووەتە بەندیخانەی گوندی قۆبێ-ی ناوچەی ڕاجۆ-ی عەفرین و بۆ ئازادکردنیان داوای پارە لە بنەماڵەکانیان دەکەن.[3]
- شەوی ڕابردوو، لە نزیک قوتابخانەی ساڵح عەلی لە گەڕەکی ئەشرەفیەی شاری عەفرین، گروپێک چەتەی سەر بە سووپای داگیرکەری تورکیا، ماڵ و موڵکی هاوولاتییانیان دزیوە و بەسەر خۆیاندا دابەشیان کردووە. لەکاتی دابەشکردنەکەدا لەنێو چەتەکاندا شەڕ دروست بووە. لەئاکامیشدا کوێرانە دەستیان کردووە بە تەقەکردن بەسەر یەکتردا و بە دەوروبەری خۆیاندا.[3]

دەرەوەی کوردستان

- بەیانیی ئەمڕۆ کاتژمێر 6، پۆلیسی ئەڵمانیا هەڵیکوتایە سەر کۆمەڵەی کوردان لە شاری بیلەفێلد. ڕاگەیەندرا کە دەیان پۆلیس بەشدار بوون لە هەڵکوتانە سەر کۆمەڵەکە.[3]
- ئەمڕۆ، پەروین بوڵدان و سەزای تەمەللی، هاوسەرۆکانی گشتیی هەدەپە، نامەیەکیان ئاراستەی محەمەد ئیبراهیم تاهریان، باڵیۆزی ئێران لە ئەنقەرە کرد و نیگەرانییان لەبارەی سزای ڕامین حسێن پەناهییەوە دەربڕی.[4]
- گولیزەر تاشدەمیر، چالاکوانی سیاسیی خەڵکی باکووری کوردستان بەمەبەستی چارەسەری تەندروستیی لە نەرویج داوای مافی پەنابەریی کردبوو، شەوی ڕابردوو لەلایەن پۆلیسی نەرویجەوە لە شاری ئۆسلۆ دەستگیرکرا و ئەمڕۆ خرایە بنکەی دیپۆرتکردنەوە و بڕیارە بە زووترین کات ڕادەستی دەوڵەتی تورک بکرێتەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: جوانەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەکاری
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-07-03
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-07-03
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-03
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-07-03
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-07-04
کاتی تۆمارکردن: 2018-05-27
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 427

2018-07-04



باکووری کوردستان
- لە گەڕەکی بەردی لە ناوچەی کانی خەزاڵان لە پارێزگای ڕحا، پارچە ئاسنێک بە ئەلیف بادەم تەمەن 12 ساڵ و عەلی بادەم تەمەن 15 ساڵ و ئەمنیەی بادەمی تەمەن 45 ساڵی دایکیاندا تەقییەوە و هەر سێکیان بریندارببوون.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هەنگی سنووریی پارێزگای ورمێ لە ناوچەی سنووری ئەسندرە چوار هاووڵاتیی کوردی خەڵکی گوندی سنووری گلیشمی کوردستانی باکوور بە ناوەکانی ئادەم دەمیر، ڕەشاد سوورن، حەبیب سوورت و بایرام سوورن دەسبەسەر کردووە و بۆ زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ ڕاگواست.[6]
باشووری کوردستان
- ئۆپەراسیۆنی هێزە عێراقییەکان دژی داعش لە سەروو ڕێگەی کەرکووک - خورماتوو - کفری دەستپێکرد و پێشمەرگە بەشدارنییە.[2]
- لەکاتی ئەنجامدانی ئۆپراسیۆن، لەنێوان کفری-خورماتوو بۆمبێکی چێنراو بە هێزێکی عێراقیدا تەقیەوە و بەهۆیەوە چوار کارمەندی هێزەکە بریندارببوون.[1]
- هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری کشانەوەی چاودێرەکانی لەچاودێریکردنی ئەژماری دەستیی دەنگەکانی کەرکووک ڕاگەیاند.[1]
- ژمارەنەوەی دەستیی دەنگەکانی کەرکووک لە ڕۆژی دووەمدا بەردەوامیی هەیە و کۆمەڵی ئیسلامی-ش نوێنەری خۆی لە چاودێربیکردنی پرۆسەکە کشاندەوە.[3]
- ئەمرۆ، لە ماجدی مۆڵ لە شاری سلێمانی، سێیەمین پێشانگای دیداری سلێمانی بۆ ڕۆشنبیری کرایەوە و شێوەکارانی کوردستان و عێراق تێیدا بەشدارن و ماوەی سێ ڕۆژیش بەردەوام دەبێت.[3]
- وەفدێکی وەزارەتی بەرگری عێراق و وەزارەتی پێشمەرگە لەبارەگای لیوای یەکی هێزی پێشمەرگە لە شارەدێی قەرە هەنجیر کۆبونەوە.[1]
- جێگری سەرۆکی دەستەی ئەرکانی ئۆپراسیۆنەکان لە وەزارەتی پێشمەرگە ڕایدەگەیەنێت، وەزارەتی بەرگری عێراق بەفەرمی داوای لەوەزارەتی پێشمەرگە کردووە هاوکاریان بن لە ئۆپەراسیۆنەکەیان دژی داعش.[1]
- لە شارۆچکەی ڕانیە گردبوونەوەیەک بۆ پشتگیری ڕامین حسێن پەناهی بەڕێوەچوو، کە برایەکی ڕامین-یش بەشدار بوو و داوای کرد، گەلی کورد پشتگیری ڕامین بکەن.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکیا و چەکدارە هاوپەیمانەکانی لە شارەدێی جندرێسی سەر بە کانتۆنی عەفرین پاشەکشەیانکرد. هۆکاری کشانەوەکە نادیارە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- براین هوک، بەڕێوەبەری پلانی سیاسی لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند، لەگەڵ هاوپەیمانانمان بەردەوامین لە دانوستاندن و گفتوگۆکردن بۆ دارشتنی ستراتیژێکی نوێ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران، واشنتنیش دڵنیایە کە یەدەگی نەوتی جیهان بەشی ئەوە دەکات، کە واز لە کرینی نەوتی ئێران بهێنین.[1]
- گولیزەر تاشدەمیر، سیاسەتمەدار و چالاکوانی کورد، کە وەک پەنابەر لە وڵاتی نەرویج بوو، لەلایەن حکومەتی ئەو وڵاتەوە

ڕادەستی دەوڵەتی تورک کرایەوە.[3]
- ئێران هەڕەشەی داخستنی تەنگەی هورمزی کرد.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری
پارت / لایەن: کۆمەڵی دادگەرپی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: ڕوحا
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-07-04
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-07-04
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-07-04
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-04
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-07-09
کاتی تۆمارکردن: 2018-07-04
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 428

2018-07-05



باکووری کوردستان
- پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ ئەوەی چاویان بە موەکیلەکەیان بکەوێت، بۆ 769هەمین جار سەریان لە داواکاری گشتی دا.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لەگەڵ زیادبوونی نیگرانییەکان لەسەر بڕیاری لەسێدارەدانی ڕامین حسێن پەناهی-ی زیندانیکراوی کورد، 60 پارێزەری ناوداری ئێران نامەیەکی واژۆکراویان ئاراستەی حەسەن ڕۆحانی سەرکۆماری ئێران کردووە و تێیدا داوای ڕاگرتنی بڕیاری لەسێدارەدانی ئە و زیندانییەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن.[1]
- ئەندازیار مستەفا باقری ئاشنا دانیشتووی شاری کەنگاوەر و ئەندامی نیزامی ئەندازیاریی شاری کرماشان، سەید ئەردەشێر موسەوی، خەڵکی کرماشان کارناسی زانستی سیاسی، مێهدی ئازادبەخت خەڵکی شاری لوڕستان وێنەگر، ئەندازیار بیژەن هیمەتی خەڵکی شاری کرماشان و شەهریار تەهماسبیکارناسی کۆمەڵناسی، خەڵکی شاری کرماشان لە بەڕێوەبەرانی ڕێوڕەسمی خێوندەوان لە لایەن حیفازەت ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە دەسبەسەر کران.[5]
- مەریم فەرەجی، چالاکی مەدەنیی کورد، دانیشتووی شاری کەرەج، پاش هاتنەدەرەوە لە ماڵ دەسبەسەر کرا.[5]
باشووری کوردستان
- لە گوندی گردجانی شارەدێی چوارقورنەی ڕانیە ئاگر لە باخێک کەوتەوە، وتەبێژی بەرگری شارستانی ڕاپەڕینیش دەڵێت بەهۆی ئاگرەکەوە لە باخەکەدا بڕێکی زۆری چەک و تەقەمەنی تەقیوەتەوە.[1]
- وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیارێکی وەزارەتی خوێندنی باڵا لەبارەی تەرخانکردنی ڕێژەی لە 70%ی کورسییەکان بۆ دەرچووانی خولی یەکەم ڕەتدەکاتەوە و بەرپرسێکی وەزارەتی پەروەردەش ئە و بڕیارە بە تاک لایەنە لە قەڵەم دەدات.[1]
- ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی لیستی برایەتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ڕاگەیاند ئەو سندووقانەی قەزای داقوق کە تانەیان لەسەر بوو، یەکلاکرانەو. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە، ئەوەش پێچەوانەی هەموو ئەو تۆمەتانە بوو، کە ئاراستەی یەکێتی دەکرا.[2]
- شەوی ڕابردوو کاتژمێر 01:00 بۆمبێکی چێندراو لەبەردەم ماڵی خالد تەها، دادوەری دادگای شارۆچکەی خانەقین لە گەڕەکی ڕزگاریی لە شارۆچکەی خانەقین-ی سەر بە پارێزگای دیالە تەقییەوە. تەقینەوەکە زیانی گیانیی لێنەکەوتەوە، بااڵم زیانی بە ئۆتۆمبێل و ماڵی دادوەرەکە گەیاندووە.[4]
- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک دەفەری برادۆست بۆردوومان دەکەن و بووەتەهۆی سوتانی دارستان و پاوانی سنوورەکە.[4]
- لە هەولێر کۆنفرانسی ئاسانکاری جێبەجێکردنی یاسای ژمارە 3ی ساڵی 2018 تایبەت بە ڕێگری لە زێدەڕۆیی و لابردنی لەسەر زەویوزار و موڵکی حکومەت بەڕێوەچوو. لە کۆنفرانسەکەدا وەزیرەکانی ناوخۆ و شارەوانی و گەشتوگوزار گوتاریان پێشکەشکرد و باسیان لە ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی یاسای زێدەڕۆیی کرد.[2]
- ئەمڕۆ لە شاری هەولێر دوو ئۆتۆمبێل گڕی گرت و بەمەش تەنها لەمساڵدا 20 ئۆتۆمبێل لەناکاو سوتاون.[1]
- بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی پلەی گەرمای خانەقین سەرووی 50 پلەیە و هاوڵاتیانی ناوچەکە لەبەر نەبوونی کارەبای نیشتیمانی و کەمی ئاو لە بارودۆخێکی زۆر خراپدان.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان

- کاتێک دانیشتوانی منبج لە ناوچەی حەییە خۆپیشاندان بۆ ئیدانەکردنی هەڕەشەکانی تورکیا بۆ سەر شارەکەیان بەڕێوەدەبرد تەقینەوەیەک ڕوویدا. بەپێی ئاماری نەخۆشخانەی منبج بەلانیکەمەوە کەسێک لەو تەقینەوەیەدا کوژراوە و 22 کەسی تریش بریندارببوون.[3]
- مەسعود ئیبۆ فەرماندەی چەتەکانی لیوای سەلاحەدینی سوپای ئازادی سوریا و ئەندامی بەڕێوەبەریی ئاسایشی دەوڵەتی تورکیا لە عەفرین، لەلایەن شەرڤانانی یەپەگە / یەپەژەوە کوژرا.[3]

دەرەوەی کوردستان

- کوردانی یۆنان دژی ڕادەستکردنی گولیزەر تاشدەمیر ڕژانە سەرشەقامەکان.[5]
- پەرلەمانی ئەوروپا پرۆژە یاسایەکی پەسەندکرد و تیایدا داوایکردووە پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر ئاسایی بکرێتەوە. هاوکات داواشیکردووە حەشدی شەعبی هەڵبوەشێنرێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

شار و شارۆچکەکان: منبج

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-07-05

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-07-05

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-05

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-07-05

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-07-07

کاتی تۆمارکردن: 2018-07-05

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 429

2018-07-06



باکووری کوردستان
- لە گوندی تالاتی نسێبین و گوندی کۆڤانلی سەر بە مەهسەرەت لە سنووری پارێزگەی مێردینی باکووری کوردستان چوونە دەرەوە قەدەغە کرا. ئەم بڕیارەی دەوڵەتی تورکیا بە بیانووی (ئۆپەراسیۆن دەکرێت) دەرکراوە.[3]
- دادگاییکردنی فیگەن یوکسەکداغ، هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە جارێکی دیکە دواخرا.[4]
- دادگای تورک، 10 ساڵ زیندانیکردنیان بەسەر باقرخان هاوسەرۆک شارەوانیی سێرتدا سەپاند.[3]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- هەفتەیەکە کەمکارەبایی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانی گرتووەتەوە، هاونیشتمانیانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێن، بچڕانی کارەبا بێزاری کردوون، پێشتر هەرگیز نەیاندیوە کارەبا ببچڕێت، رۆژانە دوو بۆ چوار کاژێر کارەبا نییە، جگە لە کارەبای نیشتمانی هیچ بەدیلێکی دیکەیان نییە.[1]
باشووری کوردستان
- لە بەیانی ئەمڕۆوە هێزەکانی سوپای عێراق لە سنوری شارەدێکانی لەیلان و قەرە هەنجیر و شوان سەربە پارێزگای کەرکووک، دەستیان بە ئۆپەراسیۆن کردوە بە مەبەستی گەڕان و پشکنین، هێزەکانی پێشمەرگەش لە دۆخی ئامادەباشیدان، بەڵام بەشداریان لەو ئۆپەرسیۆنە پێ نەکراوە.[4]
- هونەرمەندی میللی سلێمانی (حەمە جەزا زەنگەنە) کۆچی دواییکرد.[2]
- وەزیری داریی و ئابووری هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند، لە پێناو بڵاونەبوونەوەی زیاتری نەخۆشی تای خوێنبەربوون، بڕی 400 ملیۆن دینارمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو نەخۆشییە دابیەکێتی نیشتمانیی کوردستاندووە.[1]
- بە ئامادەبوونی نێچیرڤان بارزانی و بالیۆز و کۆنسوڵی ئەمریکا لە بەغدا و هەولێر، بەردی بناغەی کۆنسوڵخانەی نوێی ئەمریکا لە هەولێر دانرا.[1]
- بەرەی نیشتمانیی دژی داگیرکاریی ئەمڕۆ کاتژمێر 11:00 لە پارکی نالیی شاری سلێمانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی بەڕێوەبرد، لە کۆنگرەکەدا بەرنامەی بەرەکە بۆ ئەنجامدانی ڕێپێوانەکانی سبەینێ شەممە 7ی تەموز لە دژی داگیرکاریی لە باشوری کوردستان ئاشکراکرا.[4]
- بەهۆی زۆری قوربانیانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ لەڕێگای کۆیە - هەولێر، شانۆکارێک بە بەرگی مردوانەوە چالاکییەکی هونەری ئەنجامدەدات.[2]
- بەهۆی تەقینەوە مینێکەوە لە چیایەکی دەڤەری بەرواری باڵا کەسێک گیانی لە دەستدا و دوو کەسی تریش بریندارببوون.[2]
- لە ڕاگەیێندراوێکدا، ئەنجوومەنی کۆمیسیارانی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕایگەیاند، جیاکردنەوەی دەنگەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بە دەست لە کەرکووک کۆتاییهاتووە و هەموو پێکهاتە و حیزبەکان نوێنەریان لە پرۆسەکە هەبووە.[1]
- هاوڵاتیانی سێ گوندی کوردنشینی باکوری کەرکووک، بە هۆی ئەوەی کۆمپانیای نەوتی باکور داوای چۆڵکردنی ناوچەکەیان لێدەکات گردبوونەوەیەکی ناڕەزایی بەڕێوەبرد و هەوڵی چۆڵکردنی گوندەکەیان بە سیاسیی دەزانن نەک یاسایی.[4]
- لە کاتژمێر 03:30 خولەکی پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆوە، بەهۆکارێکی نادیار ئاگرێک سنوری گوندی سەرکەن و هاواری سەر بەشارەدێی بیارەی- ناوچەی هەورامانی سەربە پارێزگای هەڵەبجەی گرتوەتەوە و نزیکەی 20 دۆنم لە سنووری کە سوتاون.[4]
- شاندێکی هاوپەیمانی فەتح-ی هادی عامری بۆ گفتوگۆ لەبارەی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق گەیشتە هەولێر.[1]
دەرەوەی کوردستان

- چوارەمین فێستیڤاڵ بۆ شەڕڤانی MLKP ئیڤانا هۆفمان کە 7ی مارسی 2015 لە کانتۆکدا لە دژی چەتەکانی داعش شەڕی دەکرد شەهید بوو، ئەمشە و دەستپێدەکات.[3]
- مەولود چاوشئۆغلّو، وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕایگەیاند، لەقۆناغی جێبەجێکردنی نەخشەڕێگەکەدان لەبارەی منبجەوە و کاتی ئەوە هاتوە بچنە ناو شارەکەوە.[2]
- وتەبێژی ئۆپۆزسیۆن لە باشوری سوریا ئاشکرایکرد، لەگەڵ لایەنی ڕوسی ڕێککەوتون کە چەکە قورسەکانیان ڕادەستی ئەوان بکەن و قۆناغ بە قۆناغیش پۆلیسی سەربازیی ڕوسی لە ناوچەکە بڵاودەبنەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: بیارە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: نوسەیبین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-07-06
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-07-06
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-06
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-07-06

کاتی تۆمارکردن: 2018-07-06
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 430

2018-07-07



ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- دەزگای قەزایی حکوومەتی ئێران، 8 هاوواڵتیی کوردی خەڵکی کرماشانی بە تۆمەتی ئەندامبوون لە ڕێکخراوی تێرۆریستی داعش و هێرش بۆ سەر مەجلیس و گۆڕی خومەینی لە شاری تاران، لەسێدارەدا.[5]
- ژمارەیەک لە کرێکارانی شارەداریی شاری مەریوان، کە ماوەی 9 مانگە حەقدەستیان مووچەیان وەرنەگرتووە، کۆبوونەوەیەکی ناڕەزایەتییان لە بەرانبەر بینای ئەو ناوەندە حکوومەتییە دەربڕی.[5]
- هاوواڵتیانی بۆمەلەرزە لێدراوی سەرپێڵ-ی زەهاو گوندەکانی کە سەرمای تاقەت پڕوکێنی زستانیان لە نێو چادرەکاندا تێپەڕاند، ئیستاکە دوای هەشت مانگ هێشتا لە ژێر چادرادا و ئەمجارە لە گەرمای هاویندا لە نێو چادرەکاندا ژیان دەبەنە سەر. دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هیچ ئاوڕێکی لە هاوواڵتیان نەداوەتەوە و ئەو یارمەتیانەی کە نێردراوە بۆ گەل لەلایەن هاوواڵتیانی شارەکانی دیکەوە نێردراوە.[3]
- موزەفەر وەلەدبەگی، بەڕێوەبەری مااڵپەڕی هەواڵیی نووریاو لەسەر بڕیاری موسلم ئەڵماسی، دۆزگەری شاری پاوە، لە لایەن پولیسی ئەمنییەتیی ئەو شارە دەسبەسەر کرا.[6]
- لە دەوروبەری گوندی کۆکە لە ناوچەی پیرمحەمەدی بۆکان، شەڕێکی قورس لە نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و چەکدارانی سپای پاسدارانی ڕێژیم ڕووی دا، کە زیاتر لە یەک کاتژمێری خایاندووە. فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە ڕاگەیەندنێکدا ڕاگەیاندووە، لەو شەڕەدا 4 کەس لە ئەندامانی سپای پاسدارانی ڕێژیم کوژرا و بریندار بوون.[6]

باشووری کوردستان

- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر دەرەنگانی شەوی ڕابردوو گوندی ئۆزمانای سەر بە شارۆچکەی مانگێشکێی دهۆکیان بۆمباران کرد.[3]
- بە وتنەوەی چەندین دڕووشم دژیی داگیرکارییەکانی سوپای تورک لە باشوری کوردستان، لە هەرێمەکە لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی، کەرکووک، هەڵەبجە و شارۆچکەکانی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان و ڕانیەی ناوەندی ئیدارەی ڕاپەڕین و چەمچەماڵ-ی سەر بە سلێمانی و قەڵادزێ سەر بە ئیدارەی ڕاپەڕین، بە دەستپێشخەریی بەرەی نیشتمانیی دژی داگیرکاریی، خۆپیشاندانی ناڕەزایی بەڕێوەچوو.[2]
- هاوڵاتیانی شارۆچکەی خەبات سەربە پارێزگای هەولێر دژی کەمپی کاتژمێرەکانی پێدانی کارەبای نیشتمانی و فرۆشتنی بەرهەمی کارەبای شارۆچکەکەیان بە پارێزگای موسڵ، گردبوونەوە و بۆ ماوەیەک ڕێگەیەکی سەرەکیان داخست.[2]
- وتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، پۆستی سەرکۆماری عێراق پشکی هیچ حزبێکی دیاریکراو نییە، دەشڵێت زیاتر لە هەموو لایەک پارتی مافی ئەوەی هەیە ئەو پۆستە دیاریبکات.[4]
- لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی هێزەکانی سوپای عێراق بۆ سەر زنجیرە چیاکانی حەمرین، سێ چەکداری داعش کوژران و ژمارەیەک ئۆتۆمبێل و چەک و تەقەمەنی دەستیان بەسەرداگیراوە.[2]
- مەلا بەختیار لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا لەگەڵ شاندەکانی هاوپەیمانی فەتح و دەوڵەتی یاسا ڕایگەیاند، لە 93%ی دەنگەکانی بنکەکانی کەرکووک، کە دووبارە بە دەست ژمێردراونەتەوە، هەمان ئەنجامی پێشووە کە کۆمیسیۆن ڕایگەیاندووە.[1]
- لایەنگرانی بەرەی تورکمانی لەبەردەم هۆڵی ئەژماری دەستی دەنگەکانی کەرکووک گردبونەوەیان ئەنجامدا.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان

- چەتەکانی فەیلەق شام و حەمزە-ی سەربە سوپای تورکیای داگیرکەر لە گوندی ساتیا-ی ناوچەی جندرێس-ی عەفرین

دووهاوولّاتیان ڕفاند و بۆ ئازادکردنیان داوای بڕەپارەیەکی زۆردەکەن.[3]
دەرەوەی کوردستان
- حەشدی شەعبی داواکارییەکەی پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی، ڕێتەدەکاتەوە و داوا دەکات کۆتایی بهێنرێت بە دەستوەردان لە کاروباری عێراق.[1]
- گروپی کۆمپانیاکانی سی إم ئەی سی جی ئێم CMA CGM فەرەنسی، کە سێیەم گەورە کۆمپانیای خزمەتگوزاری گواستنەوەی دەریایی نەوتە لە جیهان، بڕیاریدا بە کۆتاییهێنان بە خزمەتگوزارییەکانی لە ئێران.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-07-07
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-07-07
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-07
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-07-07
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-07-07
کاتی تۆمارکردن: 2018-07-07
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 431
2018-07-08



باشووری کوردستان
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان ئاشکرای دەکات کە شەوی ڕابردوو لە شاری کفری بومەلەرزەیەک تۆمارکراوە.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیای داگیرکەر بۆمبارانی ناوچەکانی هەلکێلا و چیای دێلیان کرد لە هەرێمی برادۆست. بەهۆی بۆردومانەکە ئاگر بە دەیان دۆنمی دارستان کەوت. زەویپەکانی گوندی ناومێرگان و هەلگێلانیش سووتان.[3]
- لە گەرمیان بەمەبەستی دامەرزاندن لە کۆمپانیاکانی نەوت دانیشتوانی گوندێکی سنوری کفری خنۆپیشاندانیان کرد و ئاڵۆزی لێکەوتەوە.[1]
- ئەمڕۆ شاندێک بە نوێنەرایەتی هاوڵاتیانی گوندەکانی بناری قەندیل سەردانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانیان کرد و لەلایەن بێگەرد تاڵەبانی، سکرتێری پەرلەمان-ەوە پێشوازیی لێکرا. شاندەکە یاداشتێکیان ڕادەستی پەرلەمان کرد، کە تیایدا ئاماژە بەوەکرابوو، کە سوپای تورک ڕۆژانە گوندەکانیان بۆردوومان دەکات و بەهۆی ئەو بۆردوومانانەوە گوندنشینان ئاوارەبوون.[2]
- دەرەنگانی شەوی ڕابردوو چەند کەسێک بە چەکەوە هەڵدەکوتنەسەر نۆرینگەی پزیشکی دکتۆر ڕۆنی سەرۆکی سەندیکای پزیشکانی کوردستان و دوو نۆرینگەی تر لە شاری هەولێر.[1]
- لە گردبوونەوەکەدا لە کەرکووک، تەفگەری ئازادی، بزووتنەوەی گۆڕان و پارتی سۆسیالست و ڕیکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی وەکو کۆمەڵەی گەنجانی وڵاتپارێز و ڕێکخراوی ژنانی ئازادیخوازی کوردستان بەشدار بوون. لە گردبوونەوەکەدا داگیرکاریی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر باشووری کوردستان و بێدەنگیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق شەرمەزار کرا.[3]
- پارێزگاری هەولێر ڕایدەگەیەنێت، بەتەواوبوونی پڕۆژەی ئیفرازی چوار، کێشەی کەمئاوبی لەهەولێر چارەسەر دەکرێت، دەڵێت خاوەن باخچەکان ئاگادارەدەکرێنەوە کە یان باخچەکانیان تێکبدەن یاخود بۆ خۆیان ئاوی بۆ دابنین بکەن.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- کاتژمێر 06:00ی سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ، چەند کەسێکی نەناسراو بە بۆمبی دەستیی هێرشیانکردە سەر دیلان شێخ مەحمود، ئەندامێکی گەنجانی سوریای دیموکرات لە حەسەکە، لە ئەنجامی هێرشەکەدا دیلان و خوشکێکی شەهیدبوون.[2]
- فڕۆکەیەکی پ ێ فڕۆکەوان کە نەزانراوە سەر بە کوێیە، چەتەکانی حەمزەی لە گوندی ساتیای سەر بە جندرێسی عەفرین بۆردوومانکرد.[2]
- لە سەر ڕێگەی نێوان گوندی تورکەمان-ی زێیقیا وحەمامێ-ی گرێ سپی لە کاتێکدا ئەندامی ئاسایش لە شوێنەوە دەربازدەبوون، مینێک تەقییەوە. لە ئەنجامی ئەوتەقینەوەیەدا 2 ئەندامی ئاسایش-ی گرێ سپی شەهید بوون.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی

شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-07-08
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-07-08
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-08
کاتی تۆمارکردن: 2018-07-08
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 432

2018-07-09



باکووری کوردستان
- دانیشتوانی گەڕەکی باگلار لە جۆلەمێرگ، بەهۆی وێرانکردنی ڕێگاکانی گەڕەکەکەیان، ناڕەزایەتییان بەرامبەر تالانیی ئاکەپە نیشاندا. دانیشتوانی ئەو گەڕەکە بەربەستیان لە گەڕەکەکەیان دانا و ڕێگەی هاتووچۆیان داخست. بەهۆی ئەوەی هێزەکانی پۆلیس هێرشیان کردە سەر چالاکیی دانیشتوانی ئەو گەڕەکەی جۆلەمێرگ، بارودۆخێکی ئاڵۆز هاتە ئاراوە. دانیشتوانی گەڕەکی باگلار لە جۆلەمێرگ بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوامییان بە چالاکییەکەیان دا و پاشان بڵاوەیان لێکرد.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دوو لاوی خەڵکی گوندی نێ مەریوان بە ناوەکانی زانیار مینوپی، کوڕی فاتێح و هادی ڕاستی کوڕی فایەق، پاش تێپەڕاندنی ماوەی حوکمەکەیان لە زیندان ئازاد کران. ئەم دوو لاوە نێیبە، بە تۆمەتی بێڕێزیکردن بە ئاڵای کۆماری ئیسلامی، لە ڕێوڕەسمی نەورۆز، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەریوانەوە دەسبەسەر کران.[5]

- کۆڵبەرێکی کوردی خەڵکی شاری مەهاباد، بە ناوی هیوا کوڕی عەلی تەمەن 26 ساڵ لە نزیک سنووری تەمرچین-حاجی هۆمەران، بە هۆی تەقینەوەی مین لاقێکی لە دەست داو و بۆ چارەسەریی پزیشکی ڕەوانەی نەخۆشخانەی چۆمان ل کرا.[5]
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو لە شارۆچکەی چەمچەماڵ سەربە پارێزگای سلێمانی هێزە ئەمنییەکان چوونە سەر ماڵی داواکراوێک، بەڵام داواکراوەکە خۆی ڕادەست نەکرد و بەو هۆیەشەوە شەڕە تەقە ڕوویدا و ژمارەیەک کارمەندی هێزە ئەمنییەکان لە پۆلیس و ئاسایش بریندار بوون و داواکراوێکیش بریندار بوو.[3]
- لە هەولێر، یەکەمەکانی سەر ئاستی زانکۆ و پەیمانگە حکومییەکان خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و داوا لە ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی دەکەن بڕیاری دامەزراندنیان دەربکەن.[4]
- ئەمڕۆ کاتژمێر 11:00 لەبەردەم هۆڵی ئاشتی (ئەو هۆڵەی ژمارەنەوەی دەستیی دەنگەکانی تێدا ئەنجام دەدرێت) لە شاری سلێمانی، هەریەکە لە بزووتنەوەی گۆڕان، کۆمەڵی ئیسلامیی، هاوپەیمانیی بۆ دیموکراسیی و دادپەروەریی، یەکگرتووی ئیسلامیی، حزبی شیوعی و سۆسیالست، کە بە شەش لایەنە ناڕازییەکە ناسراون لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسییدا بایکۆتی پرۆسەی ژمارەنەوەی دەنگەکانی پارێزگای سلێمانی-یان کرد.[3]
- لە بەیاننامەیەکدا نەوەی نوێ ڕایگەیاند: بەپێی هەژمارکردنەوەی دەستی دەنگەکان لە کەرکووک، نەوەی نوێ هیزی دووەمە لە کەرکووک و دوو کورسی بەدەستهێناوە.[3]
- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، لەژمارەنەوەی دەستی دەنگەکانی سلێمانیشدا ئەنجامی ژمارەنەوەی دەستی و ئەلیکترۆنی ئەو سندوقانەی دەستکاری نەکراون وەک یەکن و دەنگەکانی یەکێتی بەهیچ شێوەیەک گۆڕنکاری بەسەردا نەهاتووەو کەمی نەکردووە.[4]
- تەرمی کچێکی تەمەن 15 ساڵ بە خنکاوی گەیەنراوەتە بەشی فریاکەوتنی مەڵبەندی تەندروستی زمناکۆ لە شارۆچکەی شارەزوور.[3]
- لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هەندێ ماڵپەڕدا دەستنووسی ڕێککەوتننامەیەک بڵاوکراوەتەوە، گوایە بەپێی ڕێککەوتنەکە سەرۆک مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرێتە سەرۆککۆمار، بەڵام نووسینگەی فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی و نووسینگەی نووری مالیکی ڕەتیانکردەوە ڕێککەوتنی لەو شێوەیە کرابێت و بە ساختەیان دانا.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەوی ڕابردوو، فڕۆکە جەنگییەکانی سووپای داگیرکەری تورکیا چەندین ناوچەی ڕێگای نێوان شارەکانی جندرێس و عەفرین و هەندێک شوێنی سەر بە شارۆچکەی ڕاجۆیان، بۆردومان کرد.[2]
- سوپای داگیرکەری تورکیا وچەتەکانی لە گەلی تیرا-ی ناوچەی ڕاجۆ-ی عەفرین دەستیان کردووە بە سوتاندنی دارە زەیتوونەکانی ئەوناوچەیە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- نێچیرڤان بارزانی لە مەراسیمی سوێندخواردنی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان بەشداردەبێت.[1]
- ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، سەرۆکی تورکیا لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانیدا ناوی وەزیرەکانی کابینەی نوێی حکومەتی وڵاتەکەی ڕاگەیاند.[1]
- وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا ئەمڕۆ لە بڕیارێکدا کۆمپانیای ماهانی فڕۆکەوانی ئێران و کۆمپانیایەکی دیکەی گەشتوگوزاری خستە لیستی تیرۆرەوە.[6]
- ناوەنی مافی مرۆڤ (نا بۆ زیندان، نا بۆ سێدارە) لە ڕاپۆرتێکی خۆییدا ڕایگەیاندووە کە لە ماوەی یەک هەفتەکدا 9 کەس لە بەندکراوان لە بەندیخانەکانی ئێراندا لە سێدارە دراون.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان
پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: جوواڵنەوەی نەوەی نوێ
پارت / لایەن: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: جوانەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-09
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ڕۆژنیوز - 2018-07-09
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی دواڕۆژ - 2018-07-09
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی کوردپا - 2018-07-09
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ڕووداو - 2018-07-09
کاتی تۆمارکردن: 2018-07-09
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 433

2018-07-10



رۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەرێی کوردپا، لە ماوەی ئەم چەند ڕۆژەی دواییدا، سپای پاسداران ناردنی چەکوچۆڵی قورسی بۆ شارەکانی شنۆ و نەغەدە زیاتر کردووەتەوە، ئەم چەکانە لە جۆرەکانی تۆپ، تانک و کاتیووشان.[4]
باشووری کوردستان
- تۆپخانەکانی سوپای تورکیا دەستیان بە تۆپبارانکردنی چەند ناوچەیەک لە سنووری شارۆچکەی ئامێدی کرد.[1]
- جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بۆ کاروباری سیاسی و هەڵبژاردن ڕایدەگەیەنێت سەرسام بووە بە پیشەییبوونی پرۆسەی ئەژمارکردنەوەی دەستی دەنگەکان لە سلێمانی، داواش لە لایەنە سیاسیە ناڕازییەکان دەکات لەجیاتی بایکۆت چاودێری پرۆسەکە بکەن.[1]
- پەرلەمانی کوردستان، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ پرۆژە یاسای هەڵپەساردنی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم کرد، کە لەلایەن فراکسیۆنی بزووتنەوەی گۆڕان و ژمارەیەک پەرلەمانتاری یەکگرتووی ئیسلامییەوە پێشکەشکراوە.[3]
- فڕۆکەکانی تورکیا چەند ناوچەیەکی سنووری شارۆچکەی ڕواندز بۆردومان دەکەن و بەهۆیەوە ژیانی دەیان ڕەوەند و کۆچەر کەوتۆتە مەترسیەوە، پێشتریش ناوچەکانی بناری قەندیل بۆردومانکران.[1]
- کاتژمێر 8:30 خولەک لە گوندی دووگمان-ی سەر بە شارەدێی سەنگەسەر-ی شارۆچکەی قەڵادزێ لە ئیدارەی ڕاپەڕین، ژنێک بەناوی (س. ئ. ئ) لەدایک بووی ساڵی 1990 پیشەی ژنی ماڵ بە خنکاوی گەیەندرایە نەخۆشخانەی گشتیی قەڵادزێ.[3]
- لە ناوچەی گرعەزەر مینێکی پاشماوەی چەتەکانی داعش، کە پێشتر لە ماڵی هاوواڵتییەکدا دایاننابوو، تەقییەوە و بەو هۆیەوە گەنجێکی تەمەن 25 ساڵی شەنگالی بە ناوی عەلی مواد ژیانی لە دەستدا و شەهید بوو.[2]
- نێچیرڤان بارزانی سەردانی هۆڵندای کرد و لەگەڵ مارک ڕووتەی سەرۆک وەزیرانی هۆڵندا کۆبوونەوە.[6]
- دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتی ڕایدەگەیەنێت، لەدوای ئەژمارکردنەوەی دەستی دەنگەکان لە پارێزگاکانی کەرکووک و سلێمانی دەنگەکانیان هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە و وەک خۆیەتی.[1]
- دەستلەکارکێشانەوەی ڕابوون مەعروف لە پەرلەمانی کوردستان پەسندکرا.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە حەسەکە، بەهەزاران هاوواڵتی هەرێمی جەزیرە، ئەندامانی بەڕێوەبەری مەسەدە ومەجلیسی جوانی سووریای دیموکراتیک بەشداری مەراسیمی بەخاک سپاردنی دیلان ئەحمەد و خوشکەکەی دڵیار ئەحمەد بوون. ئەم دوو خوشکە لە ڕۆژانی ڕابردوو بەهۆی تەقینەوەیەکەوە گیانیان لەدەستدا.[2]
- بەگوێرەی ڕاپۆرتی مانگانەی نوسینگەی کۆمیساری باڵای مافەکانی مرۆڤ سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (ONCHR) لە شاری عەفرینی خۆرئاوای کوردستان ڕوداوەکانی ڕفاندن لەبەرامبەر پارەدا زیادیانکردووە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- لە ئیزمیر چەندین چالاکی سیاسی دەسبەسەرکران کە ئەندامانی هەدەپە لەناو دەسبەسەرکراەکاندان.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: نەغەدە
شار و شارۆچکەکان: ڕواندز
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

ووڵات: تورکیا
ووڵات: هۆڵاند
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-07-10
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-10
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-07-10
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-07-10
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-07-10
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2018-07-10
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 434

2018-07-11



باکووری کوردستان
- ئۆپراسیۆنەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر لە گابار، جودی، بەستا و کاتۆی ژێرکا لە پارێزگای شرناخ بەرفراوان کران و بەردەوامییان هەیە. سوپای تورکیا لە چەندین ناوچە ئاگری بەرداوەتە دارستانەکان.[2]
- دادگای سزای قورسی ئامەد، کە پێشتر بڕیاری ئازادکردنی لەیلا گوفەن، هاوسەرۆکی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکرات-کەجەدە و پەرلەمانتاری هەدەپە-ی دابوو، بڕیارەکەی گۆڕی و ماوەی مانەوەی لە زیندانی درێژکردەوە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دەرەنگانی شەوی ڕابردوو لە نزیک ترمینالی سنە، تەنکەرێکی نەوت هەڵگری باشووری کوردستان و پاسێک تامپۆنیان کرد و

بەهۆیەوە زۆرتر لە 13 کەس گیانیان لەدەستدا. پارێزگای سنە 3 ڕۆژ ماتەمینیی ڕاگەیاند.[1]
- سەرچاوەیەک لە پیرانشاری ڕاگەیاند، کاژێر 20:30 لە پیرانشار تەقە لە کەسێک بەناوی حوسێن شوانکارە، ئەندامێکی ناسراوی سوپای پاسدارانی ئێران کراوە و بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەستداوە.[5]
- سێ هاوواڵاتیی کورد، بە ناوەکانی عەتا فەتاحی کوڕی محەممەد، خەڵکی گوندی سەردۆش، وریا فەرەجی تەمەن 31 ساڵ، کوڕی عەبدوڵڵا، خەڵکی گوندی نێ و هوشیاری کەسرایی تەمەن 41 ساڵ، کوڕی ڕەشید خەڵکی گوندی نێ، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی شاری مەریوانەوە دەسبەسەر کران.[6]
باشووری کوردستان
- لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بەڕێوەبەری گشتی ئۆفیسی هەڵەبجەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی هەرێمی کوردسان ئاشکرایکرد، بۆ هەڵبژاردنەکانی 30ی ئەیلول سنوری پارێزگای هەڵەبجە وەک پارێزگایەکی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکات و هەر لە هەڵەبجە پڕۆسەی جیاکردنەوە و ژماردنی دەنگەکان ئەنجامدەدرێت.[3]
- بەپێی ماددەی یەکەم و دووەمی پڕۆژەیاسای سەرۆکایەتی هەرێم کە بەشێک لە ماددەکانی لەدانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستان پەسەندکرا، هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم ئەنجامنادرێت.[3]
- وەکو پەیامێک بۆ پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ ژمارەیەک خاوەن پێداویستیی تایبەت لەبەردەم لقی پەرلەمانی سلێمانی، کورسییەکانی کەمئەندامی و گۆچانەکانیان سووتاند.[4]
- وتەبێژی نوسینگەی سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایدەگەیەنێت، حکومەتی فیدراڵی پابەند دەبێت بە نادرنی موچەی مانگانەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، دەڵێت لە مانگی ئازارەوە مانگانە بڕە پارەکەی بۆ هەرێم دەنێرن.[3]
- ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایدەگەیەنێت، کە دەوڵەتی تورک هێزێکی 500 چەکداریی بۆ تورکمانەکانی کەرکووک دورستکردووە و سەرجەم چەکدارەکانیش لەلایەن ئەو دەوڵەتەوە ڕاهێنانیان پێ دەکرێت.[4]
- بەهۆی بەهەڵە داڕشتنەوەی پرسیارەکانی وانەیەکی پۆلی شەشەمی زانستی خوێندنی کوردی لە کەرکووک بۆ ماوەی کاتژمێر و نیوێک خوێندکاران هۆڵەکانی تاقیکردنەوەیان بەجێهێشت، بەڕێوەبەری خوێندنی کوردیش دەڵێت لەئێستادا پرسیارەکان چارەسەرکراون و هەر خوێندکارێکیش نەگەڕاوەتەوە هۆڵەکانی خوێندن بە دواخستنی ماددەکە بۆی هەژمارەدەکرێت.[3]
- کاتژمێر 11ی شەو تەرمی کچێکی تەمەن 15 ساڵ بەناوی (ڕ.ز.ق) دانیشتوی شارەدێی چوارقورنە سەربە شرۆچکەی ڕانیە، کە پیشەی خوێندکارە بە سوتاوی گەیەندراوەتە نەخۆشخانەی گشیی ڕانیە.[2]
- شەوی ڕابردوو چەکدارانی داعش لەسەر ڕێگەی دووبز - کەرکووک، هێرشیانکردە سەر چەند پاسەوانێکی بۆری نەوت و بەو هۆیەشەوە سێ پاسەوان کوژراون و سێی دیکەش بریندارببوون.[3]
- ڕێکخراوی سرووشتی کوردستان لەپارکی ئازادی سلێمانی گردبوونەیەکی ناڕەزایی دژی کوشتن و لەناوبردنی سەگەکان ئەنجامدا، داوا دەکەن لەمەودوا سەگە بەڕەڵاکان نەکوژرێن و لەنێو نەبرێن، بەڵکو شوێنی پارێزراویان بۆ دابینبکرێت.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر 10 هاوواڵاتیی گوندی کۆباکای ناوچەی ماباتای کانتۆی عەفرینیان بە پاساوی ئەوەی کاری خراپیان کردووە و مااڵی هاوواڵاتیانیان تااڵنکردووە، ڕفاند. ناوی هاوواڵاتییە ڕفێندراوەکان بریتین لە: 1 – محەمەد نور ئیبراهیم تەمەن 55 ساڵ، 2- عینایەت حەمۆ کوڕی حەنان تەمەن 55 ساڵ، 3 – مەنان عینایەت حەمۆ تەمەن 30 ساڵ، 4 - حەسەن حەمۆ کوڕی ڕەشید تەمەن 46 ساڵ، 5 – مستەفا محەمەد سلێمان تەمەن 43 ساڵ، 6 – فازیل حەسەن یاسین تەمەن 31 ساڵ، 7 - کەنجۆ حەسەن کوری موختار تەمەن 55 ساڵ، 8 – مستەفا حەسەن کوڕێ شێخۆ تەمەن 30 ساڵ، 9 – عابدین حەسەن کوڕی موختار تەمەن 58 ساڵ، 10 – گیولگیول حەمۆ کوڕی حەنان تەمەن 51 ساڵ.[2]
- سوپای تورکیای داگیرکەر وچەتەکانی لە دەوروبەری کاتژمێر 16:42 خولەکدا گوندی بەیێ-ی ناوچەی شێراوای عەفرین-یان تۆپباران کردووە. بە هۆی ئەو تۆپبارانانەوە زەویيە کشتووکاڵییەکانی هاوواڵاتیان سووتاوە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- ناڕەزایەتییەکان لە دژی ڕادەستکردنی گولیزار تاشدەمیر چالاکوانی کورد بە تورکیا بەردەوامیی هەیە. لە دژی حکومەتی ئۆسلۆ بۆ پشتیوانیکردن لە تاشدەمیر تێکۆشانی یاسای و خۆپیشاندانی ناڕەزایەتی و کەمپەینی واژۆ کۆکردنەوە دەستیان پێکردووە.[2]
- عەلی موتەهەری، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی ئێران ڕایگەیاند، تاران بە داخستنی گەرووی هۆرمۆز وەڵامی گوشارەکانی ئەمریکا دەداتەوە و ڕێگە نادات لەوێوە نەوت هەنارد بکرێت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ئەی ئێف ئێف نیوز - 2018-07-11
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی دواڕۆژ - 2018-07-11
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ڕۆژنیوز - 2018-07-11
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ڕووداو - 2018-07-11
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی کوردپا - 2018-07-14
کاتی تۆمارکردن: 2018-07-11
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 435

2018-07-12



باکووری کوردستان

- شەوی ڕابردوو کاتژمێر 12:00 هێزەکانی پۆلیسی تورکیا هێرشیان کردە سەر ناوەندی ژن نیوز لە ئامەد، بەڵام کەس لە ناوەندەکە نەبوو و گەڕانەوە، پاشان کاتژمێر 04:00ی بەرەبەیانی جارێکی دیکە هێرشیان کرد. پۆلیس دەرگای ناوەندەکەی شکاندووە، چونەتە ناو ناوەندەکەوە و دەستیان بەسەر هەمووی شتومەکەکانی ناوەندەکەدا گرتووە.[3]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- هێزە حکوومەتییەکان، لە ڕێگای نێوان گوندەکانی گۆجگەلی و موشیرئاوای شاری بۆکان، تەقەیان لە ماشینێکی پراید کردووە و یەکێک لە مسافیرانی ئەو ماشینە بە ناوی هەژار ڕەزایی کوڕی ئیسماعیل، خەڵکی گوندی قەڵای هەلاکۆ گیانی لە دەست دا.[5]

- یەکێک لە یارمەتیدەرەکانی لێقەوماوانی بوومەلەرزەی پارێزگای کرماشان، بە ناوی سام عەباسی گووڕەجووپی، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ گرتووخانەی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری کرماشان ڕاگوێزرا.[5]

باشووری کوردستان

- لەژێر ناوی سەپاندنی یاسا لە کەرکووک، چەندین خێزانی کوردی نیشتەجێی گوندەکانی دەوروبەری کەرکووک، هەڕەشەی دەرکردنیان لەسەرە، لە نوێترین پێشهاتیشدا پۆلیسی کەرکووک، هەڕەشەی دەرکردنی 600 خێزانی کوردی گوندەکانی چۆپلیجە و هەنجیرە و باجوان دەکات.[1]

- هەریەکە لە گۆڕان، کۆمەڵ، یەکگرتوو و هاوپەیمانی هۆڵی شادییان جێهێشت و ژمارەنەوەی دەستیی دەنگەکانیان بایکۆتکرد.[2]

- وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێم ڕایدەگەیەنێت، نەخۆشی تای خوێنبەربوون لە هەرێم کۆتاییهاتووە.[2]

- بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی ڕایدەگەیەنێت، بەئەژمارکردنەوەی دەستیی دەنگەکانی هەولێر، هیچ گۆڕانکارییەک ڕووناداوە و دەڵێت ئە و سندوقانەی تانەیان لێدراوە هی ئاوارەکانی موسڵن، نەک بنکەکانی دەنگدانی هەولێر.[2]

- لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە شاروچکەی شەقڵاوەی سەر بە پارێزگای هەولێر، 33 کەسی دوو بنەماڵەی دەستگیرکران، وتەبێژی پۆلیسی هەولێریش ڕایدەگەیەنێت ڕێکاری یاسایی بەرامبەر هەر 33 کەسەکە دەگیرێتەبەر.[2]

- ئێوارەی ئەمڕۆ، گەنجێک بەناوی هەفرەست شوان، کە ئەندامی هەرێمی هەولێری تەڤگەری ئازادیيە و هاوکات خوێندکاری قۆناغی سێیە لە کۆلێژی لوبنانی – فەرەنسی لە بەشی یاسا لە شاری هەولێر، لەلایەن ئاسایشی شارکەوە دەستگیرا.[4]

- پۆلیسی سلێمانی ڕایدەگەیێنێت، لە شاروچکەی عەربەت بەهۆی شەڕ و دەمەقاڵێی نێوان دوو بنەماڵە گەنجێکی تەمەن 19 ساڵ بە گوللە کوژرا.[1]

- بەهۆکارێکی نادیار ماوەی زیاد لە پێنج کاتژمێرە ئاگرێکی بەهێز، سنووری چەند گوندێکی شارەدێی بیارەی سەربەپارێزگای هەڵەبجەی گرتووتەوە و بەهۆیەوە زیاتر لە 300 دۆنم لە دارستان و باخی سروشتی ناوچەکە سوتاون.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان

- سەرچاوەیەک لە گوندی بەئ-ی سەربە شاروچکەی شێراوی عەفرین ڕایگەیاند، کە گروپێکی چەتە بەناوی فەیلەق شام، بەبێ هیچ هۆکارێک هەڵیانکوتاوەتە سەرماڵانی گوندەکە و نۆ هاوڵاتییان ڕفاندووە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: بیارە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
ولّات: باشووری کوردستان
ولّات: ڕۆژاوای کوردستان
ولّات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
ولّات: تورکیا
ولّات: لوبنان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-07-12
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-07-12
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-12
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-07-13
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-07-14
کاتی تۆمارکردن: 2018-07-12
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 436

2018-07-13



باکووری کوردستان
- ئەمڕۆ کاتژمێر 02:00ی پاشنیوەڕۆ لە دادگای سزای قورسی مەڵاتیای تورکیا دانیشتنی دادگای سەباحەت تونجەل و گوڵتان کشاناک بەڕێوەدەچێت.[2]
دەرەوەی کوردستان
- پۆلیسی تورکیا کاتژمێر 5ی بەرەبەیانی ئەمڕۆ هەڵیکوتایە سەر چەندین ماڵ لە گەڕەکی گیولسویوی ناوچەی ماڵتەپەی ئیستەنبول و چەندین کەسیان لە ئەندامانی ئەسەپە و هەدەپە دەستگیرکرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئەستەمبوڵ
شار و شارۆچکەکان: مەلاتێ
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-13
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-07-13
کاتی تۆمارکردن: 2018-07-13
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 437

2018-07-14

ناڤ-دەم بۆ بەشداریکردن لە فێستیڤاڵی گەنجان بانگەوازێکی بڵاوکردەوە

ناڤ-دەم بۆ بەشداریکردن لە فێستیڤاڵی گەنجان و وەرزش بانگەوازێکی بڵاوکردەوە، کە بریارە ڕۆژی ١٤ی ئەم مانگە لە شاری دهنهاخی وڵاتی هۆڵەندا بەڕێوەبچێت.



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە دوو ناوچەی پارێزگای کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شەڕ و تێکهەڵچوون لەنیوان سوپای پاسداران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕوویدا و بەپێی ڕاگەیێندراوی سوپای پاسداران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەهەردوولا کوژراو هەیە. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕەتیدەکاتەوە شەڕ لە نۆدشە ڕوویدابێت و هیچ ئەندامیکیان کوژرابێت.[3]
- ئەندامێکی بە پیشینەی سپای پاسداران بە ناوی ئەرکان قەدیمی خەڵکی گوندی گوشخانی سەر بە بەخشی ناوەندی شاری سەوڵاوا لە پارێزگای سنە لە لایەن گرووپێکی چەکداری نەناسراوەوە کوژرا.[5]
باشووری کوردستان
- لە باشووری کودستان و ئێراق بەهۆی بارودۆخی خراپی ئاساییشی ئێراقەوە، تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک ڕاگیرا.[1]
- شەوی ڕابردوو کاتژمێر 12:10 خولەک، فڕۆکە جەنگییەکانی تورک، دەوروبەری شاڕۆچکەی شیلادزێی سەر بە ئامێدیی دهۆکیان بۆردوومانکرد و خانێکی پێشمەرگە و چێشتخانەیەکیان کردە ئامانج.[4]
- لە ئۆپەراسۆنێکی هێزە عێراقییەکان بۆ خۆڕئاوای خورماتوو، تۆنیلێکی گەورەی چەکدارانی داعش دۆزرایەوە و تێکدرا، هاوکات ژمارەیەک لە بۆمب و تەقەمەنی و کەرەستە و پێداویستی ئە و چەکدارانە دەستیان بەسەرداگیرا.[2]
- ڕێکەوت حەمە ڕەشید، وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانیدا گوتی بەغدا تەنیا 45-50%ی پێویستییەکان بۆکوردستان دابینەدەکات و ئەوەی دیکە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەیان بۆ دابینبکات و خۆیان بیکڕن.[3]
- بە ئامادەبوونی نێچیرڤان بارزانی و کونسوڵی فەرەنسا لە هەولێر، ڕێوڕەسمێک بەبۆنەی ڕۆژی نیشتمانی فەرەنسا لە کونسوڵخانەی ئەو وڵاتە لە هەولێر بەڕێوەچوو.[3]
- پرۆسەی ژمارنەوەی دەستی دەنگەکانی پارێزگای دهۆک دەستپێکرد و چوار لایەن-یش بایکۆتی چاودێرییکردنی پرۆسەکەیان کرد.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئاژانسی هەواڵی هاوار (ANHA) بڵاویکردەوە، چەتەکانی فورقەت ئەل حەمزە، لە گوندی باسوتە-ی سەر بە شێراوای عەفرین 4 هاووڵاتیی مەدەنییان ڕفاندووە. تا ئێستا نازانرێت ئەو 4 هاووڵاتییە مەدەنییە بۆ کوێ ڕفێندراون. ناوی ئەو هاوڵاتیە مەدەنیە ڕفێندراوانە بەم شێوەیە: 1 - حسێن جومعە کرێش تەمەن 45 ساڵ، 2 - مەجید عەبدۆ تەمەن 50 ساڵ، 3 - خەیری وەلید عومەر تەمەن 27 ساڵ، 4 - شادی بەتال قەدری تەمەن 40 ساڵ.[6]
دەرەوەی کوردستان
- بارودۆخی ئاساییشی شارەکانی ناوەڕاست و باشووری ئێراق بەهۆی خۆپیشاندانەکانەوە تێکچوون. هێڵەکانی ئنتەرنێت لە هەموو شارە ئێراقییەکان بڕاون.[1]
- پۆلیس لە شاری ئیستەنبول ئۆپراسیۆنی هەڵکوتانە سەر ماڵانی ئەنجامدا و 8 کەسی دەستگیرکرد. ناوی ئەو کەسانەی دەستگیرکراون بریتین لە: زۆنگیولداکێ ئەڤلیان گیودان پاڵێوراوی هەدەپە، سەروەت تەکین، وەدات تەکین، موارد تەکین، هانم گیوزەل، میراچ یالچن، ڤۆلکان ئافکان و ئازاد کاپلان.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێڕاق
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-07-14
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-07-14
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-07-14
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-07-14
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-14
کاتی تۆمارکردن: 2018-07-14
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 438

2018-07-15

باکووری کوردستان
- لە کۆڵانی ئەرەس لە گەڕەکی والی میدحەد لە ناوچەی ڕیپا ئارموش لە وان شەڕ ڕوویداوە و بەو هۆیەوە 2 کەس کوژراون و 3 پۆلیس بریندارببوون و بریندار یەکێکیان قورسە. ڕووداوەکە کاتژمێر 00:20ی شەوی ڕابردوو ڕوویداوە و دەیان ئۆتۆمبێلی زرێپۆش گەڕەکی والی میدحەد و کۆڵانی ئەرەسیان گەمارۆداوە و تاوەکو بەرەبەیان دەنگی تەقە بیستراوە.[1]
- لە شاری ئیستانبول پۆلیسی تورکیا هەلیانکوتایەسەر بارەگای هەدەپە لەناوچەی سانجاق تەپە-ی ئیستانبول، لەو هێرشەدا هاوسەرۆکی هەدەپە-ی سانجاق تەپە ئیلکنور یووسفۆغلوو وبەرێوەبەری هەدەپە-ی شاری ئیساتنبول نەوزاد کلینچ و 16 ئەندامی دیکەی هەدەپە-یان دەستگیرکرد.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەگوێرەی هەواڵێکی کەمپەینی بەرگری لە زیندانیانی سیاسی ومەدەنی، ئێوارەی دوێنێ پۆلیسی شاری تاران-ی پایتەختی ئێران تەرمی مریەم فەرەجیی بە سووتاوی دۆزیوەتەوە و پاش وەرگرتنی تێستی دی ئێن ئەی لە باوکی ناسنامەکەی پشتڕاست کردووەتەوە.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی فیرقەی حەمزەی سەر بە سوپای تورکیای داگیرکەر لە گوندی ئایسکۆی ناوچەی شێراوی عەفرین 7 گەنجیان

ڕفاندووە. چەتەکان ئەو 7 گەنجەیان بردووەتە کێڵگەکانی ئەو گوندە و بە قورسی ئەشکەنجەیان کردوون. ناوی ئەو کەسانەی لەلایەن چەتەکانی تورکیاوە ڕفێندراون بریتن لە: 1- عومەر ئیبۆ تەمەن 25 ساڵ، 2 – حەسەن بازۆ تەمەن 19 ساڵ، 3 – محەمەد حەسەن ئیبراهیم تەمەن 23 ساڵ، 4 – وەلید حەیدەر ئیلکیلۆ تەمەن 38 ساڵ، 5 – عومەر جومعە ئەلۆکۆ تەمەن 30 ساڵ، 6 – عومەر نازۆ تەمەن 31 ساڵ، 7 – عەبدۆ خۆجە تەمەن 35 ساڵ.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: وان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-15

کاتی تۆمارکردن: 2018-07-15

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 439

2018-07-16



ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- سپای پاسداران لە ڕاستای میلیتاریزەکردنی کوردستان، هێز و چەکوچۆڵی قورس ڕەوانەی گوندەکانی دەوروبەری شاری بۆکان دەکات.[4]

- چالاکێکی کرێکاری کورد بە ناوی پەیمان (هاوار) عەبدی خەڵکی شاری مەریوان لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە دەسبەسەرکرا و ئەمڕۆ، بۆ گرتووخانەی شاری سنە گوێزرایەوە.[4]

باشووری کوردستان

- تەڤگەری ئازادی ڕایدەگەیەنێت کۆمسیۆن و دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر بە پاڵپشتی لایەنێکی سیاسی بڕیاریاندا بەشداری نەکەین لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا.[1]
- بەیانی ئەمرۆ پێشمەرگە و هاوپەیمانان ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەشیان لە چیای قەرەچووغی سنووری مەخموور دەستپێکرد و 14 چەکداری داعش کوژراون.[3]
- ڕێباز حەملان وەزیری دارایی و ئابووری هەرێم ڕایدەگەیەنێت، 317 ملیار دینارەکەی بەغدا گەیشتۆتە هەولێر و دوای20ی ئە و مانگە مووچەی وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا دابەشدەکرێت و جێگری سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانیش دەڵێت لەماوەی کەمتر لە مانگێک، مامۆستایان دوو مووچە وەردەگرن.[1]
- بەهۆی بارودۆخی خراپی شارە عەرەبییەکانی ئێراق، هەندێک لە هێزەکانی حەشدی شەعبی لە کەرکووک و دەوروبەری کشێنرانەوە بۆ ناوەڕاست و باشووری ئێراق.[2]
- هەریەکە لە پارتی و یەکێتی پرۆژەیەکی نیشتمانیان ڕاگەیاند کە تایبەتە بە بەشداریکردن لە حکومەتی داهاتووی عێراق و داواش لە لایەنە کوردستانییەکانی براوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەکەن بێنە ناو پرۆژەکەیانەوە.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- دواپین دەستەی ڕاوێژکارانی یەپەگە لە منبج کشانەوە.[5]
- ئەنجوومەنی سوریای دیموکراتیک (مەسەدە) ئەمڕۆ سێیەمین کۆنگرەی خۆی بەڕێوەدەبات.[2]

دەرەوەی کوردستان

- شەوی ڕابردوو، ئیسرائیل بۆردومانی هێزە ئێرانی و سووریییەکانی لە خاکی سووریادا کرد و ژمارەیەک سەرباز کوژران.[2]
- فیلمی 3/16 کە لەدەرهێنان و نواندنی گەنجێکی کوردی لەدایکبووی شارۆچکەی قەڵادزێیە، بەردەوامە لە بەدەستهێنانی خەڵاتە نێودەوڵەتییەکانی بواری سینەما و فیلم لەسەر ئاستی جیهاندا شەوی ڕابردووش لەئەمریکا 20مین خەڵاتی نێودەوڵەتی وەک باشترین فیلمی درێژ وەرگرت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن:	حەشدی شەعبی
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن:	یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
پارت / لایەن:	یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان:	بۆکان
شار و شارۆچکەکان:	منبج
شار و شارۆچکەکان:	مەخموور
شار و شارۆچکەکان:	مەریوان
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	ئێراق
وڵات:	ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-07-16
[2] دەستنووس | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-07-16

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-07-16
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-16
کاتی تۆمارکردن: 2018-07-16
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 440

2018-07-17



باکووری کوردستان
- بەرپرسی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە) ڕایدەگەیەنێت کە سوپای تورکیا لە شرناخی باکوری کوردستان ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی دژی گەریلاکانمان دەستپێکردووە.[1]
- تەرمی گەریلا محەمەد یاکشر لە گۆرستانی یەنی کۆی ئامەد بەخاک سپێردرا. پەرلەمانتارانی هەدەپەی ئامەد، ڕەمزییە تۆسون و موسا فاریس ئۆگلاری و بەرێوەبەرانی هەدەپە و بەدەپە و خزم و کەسوکاری شەهید، بەشداری مەراسیمی بەخاکسپاردنەکەی بوون.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەیاننامەیەکدا لە ماڵپەڕی فەرمی ئەو حیزبە گیان لە دەستدانی دوو پێشمەرگەی کوردستانی بە ناوەکانی ڕەحیم ڕۆستەم داستان خەڵکی شاری مەهاباد و ئیدریس دەرویشی خەڵکی شاری پیرانشار لە ئەنجامی تۆپبارانکردنی خاکی هەرێمی کوردستان لە لایەن تۆپخانەکانی سپای پاسدارانەوە پشتڕاست کردەوە.[4]
- سۆران پارسامێهر، چالاکی مەدەنی و ئەندامی ئەنجومەنە خەڵکییەکانی ژینگەپارێزیی وڵاتی بۆکان بە هۆی ڕووداوی هاتووچۆ گیانی لە دەست دا.[4]
باشووری کوردستان
- لە ئەنجامی تۆپبارانی ئێران بۆ سەر گوندەکانی حاجی ئۆمەران، هاوواڵتییەک بریندار بوو، هاوکات زیانی ماڵیش بەر مەڕدارەکان کەوتووە و ئاگریش لە ناوچەکە کەوتوەتەوە.[1]
- مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی کۆبوونەوە و، پرۆژەیەکی هاوبەشی نیشتمانی ئامادە دەکەن و بەیەک شاندی هاوبەش دەچنە بەغدا بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی حکومەتی داهاتووی عێراق.[2]
- ژمارەیەک شوفێری بارهەڵگر کە لە سنورەکانەوە کاری هاوردەکردنی کەلوپەل دەکەن لە دژی زیادکردنی نرخی پشکنینی ئۆتۆمبێلەکانیان خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا و ڕێگای نێوان هەولێر - موسڵیان داخست.[1]
- سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕەزامەندی نیشاندا بە پێدانی ئە و هاوکارییانەی کە ئەمریکا بۆ پرچەککردنی دوو لیوای پێشمەرگە دەینرێت و بەرپرسێکی باڵای وەزارەتەکەش دەڵێت هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ دوو لیواکە لە و قەرزانە دەبێت کە ئەمریکا بە عێراقی دەدات.[1]
- هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند هێزە ئەمنییەکانی عێراق لەوانەش پیشمەرگە، ڕۆژی 16ی

تەممووز زنجیرەیەک ئۆپراسیۆنی پاکتاوکردنی ڕێکخراویان ئەنجامدا بۆ لەناوبردنی داعش لە عێراق. لە بەیاننامەکەدا هاتووە، هێزە ئەمنییەکانی عێراق بەپشتیوانی هاوپەیمانان سەرکەوتووانە پێگەیەکی ئارامی داعشیان لە ناوچەی چیای مەخموور پاککردەوە.[1]
- مەلا ڕێبین بەڕێوەبەری کەناڵی دیموکراسی بە چەقۆ بریندارکرا.[5]
دەرەوەی کوردستان
- وەزیری دەرەوەی ئێران ئاشکرای دەکات، بەهۆی بەرپرسیارێتیی ئەمریکا بەرامبەر گەڕانەوەی ئابڵۆقەکان بۆ سەر ئێران، حکومەتی تاران لە دادگای نێودەوڵەتیی لاهای سکاڵای لە دژی ئەمریکا تۆمار کردووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-07-17
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-07-17
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-17
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-07-17
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2018-07-17
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 441

2018-07-18



باکووری کوردستان
- ئەمڕۆ لە 19 هەمین دادگای سزا قورسەکانی ئەنقەرە دادگاییکردنی سەلاحەدین دەمیرتاش بەڕێوەچوو، بەڵام بڕیاری بەردەوامیی زیندانیکردنی دەمیرتاش درایەوە.[3]
- سوپای تورکیا لە بنکە سەربازییەکانیەوە ناوچەی چیای گابار لە نێوان ناوەندی شرنەخ و ناوچەی جزیر تۆپباران دەکات. بەهۆی ئەو تۆپبارانانەوە، لە سەرلەبەیانیی ئەمڕۆوە ئاگرێکی گەورە لە دارستانەکانی چیای گابار کەوتووەتەوە.[5]
- تەرمی دەوران بایسال گەریلای هەپەگە، کە ڕۆژی 8ی تەموزی 2018 لە جۆلەمێرگ شەهید بوو بوو، لە ئێلح بە خاکسپێردرا.[5]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- باڵی سەربازی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) ڕایدەگەیەنێت، چوار گەریلایان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شەهید بوون.[1]
- فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕایگەیاند، کە سپای پاسداران بۆ تۆپبارانکردنی خاکی هەرێمی کوردستان، لە گوللە تۆپی فسفۆڕ کەڵکی وەرگرتووە.[4]
- کۆڕی هەڵپەڕکێی ئەوینی شاری بانە، پلەی یەکەمی فێستیڤاڵی جیهانیی وڵاتی ئەرمەنستانی بەدەست هێنا.[4]
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەرپی کوردپا، چەند ڕۆژ پێش، دوو هاووڵاتیی کورد، خەڵکی شاری بۆکان بە ناوەکانی کەریم سەیدزادە باوک و شارام سەیدزادە کوڕ، لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە بانگهێشت و دەسبەسەر کراون. سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو بارەیەوە بە ئاژانسی کوردپای ڕاگەیاند: ئەو دوو هاووڵاتییە کوردە، بە حوکمی یارمەتی گەیاندن بە لێقەوماوانی بوومەلەرزەی پارێزگای کرماشان و هەروەها پشتیوانی لە دووکاندار و مانگرتووانی شاری بانە، بانگهێشت و دەسبەسەر کراون.[4]

باشووری کوردستان
- لە شارۆچکەی پێنجوێن-ی سەر بە پارێزگای سلێمانی، بەدەم وتنەوەی دروشمی شەهید نامرێت و ئەی شەهید خوێنی تۆ لە ئەرزدا نامێنێت تەرمی ئیقبال موارادی، چالاکوانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بە ئاڵای پارتی ژیانی ئازادی کوردستان(پژاک) پێچرابوو، بەرەوە مەزارگەی ڕاوگان بەڕێکرا و لە مەراسیمێکی شایستەدا لەتەنیشت مەزاری کەمال شێخ سادە-ەوە بە خاک سپێردرا.[3]
- فەرماندەیەکی پۆلیسی فیدراڵی ڕایدەگەیەنێت، سێ تیرۆریست لە کەرکووک دەستگیرکراون کە یەکێکیان ئەندامی بەناو دەزگای هەڵگری ڕێکخراوی داعشە.[1]
- چەند تەقینەوەیەک لە چەند ناوچەیەکی کەرکووک ڕوویدا و دەیان قوربانیی لێکەوتەوە.[2]
- نێوەڕۆی ئەمڕۆ شاندێکی هاوبەشی پارتی و یەکێتی بە سەرۆکایەتی فازڵ میرانی و مەلا بەختیار سەردانی بەغدایان کرد.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان
- عەبدولڕەحمان خەج خەلیل هاووڵاتیی تەمەن 40 ساڵی عەفرینی لەلایەن هێزە داگیرکەرەکانەوە کوژرا.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

پارت / لایەن: پارتی ژیانی ئازاد - پژاک
پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: شڕناخ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئەرمەنستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-07-18
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-07-18
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-07-18
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-18
کاتی تۆمارکردن: 2018-07-18
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 442

2018-07-19



باکووری کوردستان
- دانیشتنێکی دیکەی فیگەن یوکسەکداغ هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە لە تورکیا بەڕێوەچوو.[2]
- کاژێر01:00ی بەرەبەیانیی ئەمڕۆ، لە دوای دوو ساڵ لە باری نائاساییی لە تورکیا و باکووری کوردستان، باری نائاسایی (کۆتایی) هات و لەمڕۆوە پارت و کۆمەڵەکان دەتوانن بەپێی یاسا و دەستووری تورکیا، چالاکی بکەن.[3]
- فیگەن یاشار هاوسەرۆک شارەوانیی کۆپ لە موش، پاش 10 کاتژمێر لە ئازادکردنی جارێکی دیکە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیرکرایەوە و سزای زیندانیکردنی بەسەردا سەپێنرا.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەرپی کوردپا، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، هێزە ئیتلاعاتی و لیباس شەخسییەکان لە شاری سنە دوو هاووڵاتیی کوردیان بە ناوەکانی عەلی ئەڵلاوەیسی تەمەن 45 ساڵ خەڵکی گوندی کۆرکۆرەی سەر بە سەڵواتئاوای پارێزگای سنە و میلاد ساعدپەنا تەمەن 22 ساڵ لە یەکێک لە پارکەکانی شاری سنە دەسبەسەر کردووە.[4]
باشووری کوردستان
پاش ئەوەی شەوی 17ی ئەم مانگە لە گوندی پیرداود لە نزیک مەخموور ژمارەیەک چەکدار مەڕدارێکی ئە و گوندەیان ڕفاند، بەیانی ئەمڕۆ تەرمەکەی لە بەردەم ماڵی خۆیان بە کوژراوی دۆزرایەوە. قوربانییەکە ناوی (مەجید عەلی عومەر) و تەمەنی 37 ساڵە.[1][2][3]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر، کاتژمێر 16:20 خولەکدا دەوروبەری ئینزە-ی سەربە قەندیل و چیای کارۆخ کە دەکەوێتە سەر سنووری هەولێر-ی بۆردمان کرد.[5]
- لە زانکۆی چەرموو لە سلێمانی کۆنفرانسێکی هاوبەشی زانکۆکانی سنە، چەرموو و جیهان، لەبواری زانستی کۆمپیوتەر و بیرکاری بەڕێوەدەچێت.[3]
- وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی عێراق لە کۆبوونەوەی لەگەڵ وەفدی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان لە بەغدا کێشەی دانپێدانانیان نەماوە و هاوشێوەی زانکۆکانی دیکە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین. [3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەشەمین ساڵوەگەڕی شۆڕشی 19ی تەموزی ڕۆژئاوا، لە چەندین شاری ڕۆژئاوای کوردستان و باکووری سوریا پیرۆز کرا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەخموور
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-07-19
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-07-19
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-07-19
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-19

کاتی تۆمارکردن: 2018-07-19
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 443

2018-07-20



باکووری کوردستان
- پەکەکە ڕایگەیاند: کاتژمێر 08:15 خولەکی سەرلەبەیانی لە گردی شەهید زەردەشتی گەڤەری جولەمێرگ گەریلاکانمان چالاکییەکیان ئەنجامدا، نەزانرا لەو چالاکییەدا چەند سەربازی دوژمن کوژران و بریندارببوون، کاتژمێر 02:30 خولەکی پاشنیوەڕۆ لە گردی شکێرا سپیی سەربە شەمزینانی جولەمێرگ چالاکییەکی دیکە ئەنجامدرا، ئەنجامی ئەو چالاکییەش نەزانراوە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- پێنج زیندانیی بە تاوانی کوشتنی بەئەنقەست لە زیندانی ناوەندیی دێزڵاوای شاری کرماشان لە سێدارە دران.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: شەمزینان
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-07-21
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-07-22
کاتی تۆمارکردن: 2018-07-20
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 444

2018-07-21



باکووری کوردستان
- تەرمی شیلان کلچ (سارا گولان) کە لەگەل 7 گەریلای دیکە لە ڕۆژی 7 تەموز/16ی پووشپەر لە جۆلەمێرگ پاش شەڕێکی قارەمانانە شەهید ببوون، ئەمڕۆ لە شاری ئامەد بە خاک سپێردرا.پاش ئەوەی کە تەرمەکەی لە نەخۆشخانە ڕادەستی بنەماڵەکەی کرایەوە بە شەو لە گۆرستانی یەنێکۆێ بە خاک سپێردرا.لە مەراسیمی بەخاکسپاردنییدا هاوسەرۆکی هەدەپە و بەدەپە ی شاری ئامەد و بەرێووبەرانی شاروناوچەکان و بەرێوبەری MEY-ADER و کۆمەڵێک لە خەڵکی دیکە بەشداریان کردبوو.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەهۆی دروستبوونی شەڕ لەنێوان سوپای پاسداران و گروپێکی چەکدار لە نزیک شارۆچکەی مەریوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان 11 سەربازی ئێرانی کوژران و هەشتی دیکەش بریندار بوون.[2] ناوی کوژراوەکان بەم شێوەیەیە: میهراب عەبدی، قانع کەرەمەوەیسی، فەرزاد ڕەحیمی، ئیبراهیم حەزرەتی، عەبدولڕەحمان خالیدی، ئیرج ڕەحیمنیا، ئارام فەیزی، شادمان مورادی، بورهان موعینپوور، تالب مەحموودی و ئارش ڕەزایی. سێ کەس لە کوژراوەکان خەڵکی شاری قوروەو و ئەو 8 کەسەکەی دیکە خەڵکی شاری مەریوانن.[4]
- موختار زارعی، چالاکی مەدەنیی کورد پاش سەردانی بۆ دادسەرای گشتی و ئینقلابی شاری سنە دەسبەسەر کرا و بۆ زیندان ڕاگوێزرا.[4]

- گەنجانی ئاپۆچی شاری مەریوانی سەربە پارێزگای سنە، دوو هەزار بڵاوکراوەیان بە سەر هاوڵاتیاندا دابەشکرد و بانگەوازیی گەنجانی ڕۆژهەڵاتیان کرد، کە ڕووبکەنە چیاکان و بەشداری ڕیزەکانی گەریلابن.[3]

باشووری کوردستان

- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیای داگیرکەرچەند شوێنێکی هاوڵاتیانیان لە نزیک گەلی باڵندە لە سنوری نێروەورێکان-ی سەربە شارۆچکەی ئامێدی بۆردوومان کرد.[1]

- شەڕێکی قورس لە نێوان پەکەکە و سوپای تورکیا لە ناوچەی سیدەکان دەستپێکردووەتەوە و بەردەوامیی هەیە، هاوکات ژمارەیەک فرۆکەی جەنگیش بۆمب بەسەر ئە و ناوچەیە دەبارێنن کە شەڕەکەی لێیە و ژمارەیەک گوندیش بۆردومان دەکرێن.[2]

- لە شارۆچکەی خورماتوو لەبەرئەوەی لە بازگەیەکی پشکنین پێناسی پێشمەرگەیان دەرکردووە و ئاڵای کوردستانی لەسەر بووە، لە لایەن هێزێکی عێراقییەوە دوو پێشمەرگە بە توندی ئەشکەنجە دەدرێن.[2]

- دژی دەستگیرکردنی هەڤڕێست شوان، چالاکوانی مەدەنیی لە هەولێر، ژمارەیەک لە چالاکوانانی مەدەنیی لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان گردبوونەوە و لە یاداشتێکیشدا ڕایانگەیاند، کە ئازادیی ڕادەربڕین لە دۆخێکی ناسروشتیدایە و بەردەوام مەترسیی هەیە لەسەر چالاکوانان.[3]

- ئەمڕۆ 10 ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس سۆران-ی مامەحەمە و لەو ساڵیادەدا، لەسەر مەزارەکەی لەشارۆچکەی چەمچەماڵ-ی سەر بەپارێزگای سلێمانی لەلایەن کەسوکار و ڕۆژنامەنووسان و هاوڕێیانییەوە یاد کرایەوە.[3]

- لە دەیەمین ساڵیادی تیرۆرکردنی سۆرانی مامە حەمە، لە سلێمانی ڕێگڕی لە یادکردنەوەی کرا.[3]

- شەوی ڕابردوو لە گوندی مەردانی سەر بە شارۆچکەی خانەقین لەلایەن کەسێکی نەناسراوەوە تەقە لە هاوڵاتییەکی دانیشتووی گوندەکە کراوە کە لەسەربانی ماڵی خۆیانەوە پاسەوانیی گوندەکەی کردووە.[2]

- جوڵانەوەی نەوەی نوێ ڕایدەگەیەنن کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر هەڵیکوتاوەتە سەر ئۆفیسی جوڵانەوەکە و ڕێگە نادات کارەکانی تایبەت بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدەن.[1]

- هاوڵاتیانی کامپی پەنابەرانی شەهید ڕوستەم جودی لە مەخموور، چوونە پێنجوێن و سەرەخۆشییان لە خانەوادەی ئیقبال موورادی کرد.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ژووری ئۆپراسیۆنی تورەپی زەیتون ڕایگەیاند، هێزەکانیان لە ئیدلب لە دژی چەتەیەکی تورکیا بە ناوی ئەبو یەحیا حەمەوی ئەنجامداوە و لە ئەنجامدا ئەو چەتەیە کوژراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: جووڵانەوەی نەوەی نوێ

شار و شارۆچکەکان: ئامێدی

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن

شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ

شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

شار و شارۆچکەکان: خورماتوو

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەخموور

شار و شارۆچکەکان: مەریوان

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-21
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-07-21
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-07-22
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-07-21

کاتی تۆمارکردن: 2018-07-21

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 445

2018-07-22



باکووری کوردستان
- دیسانەوە 30 ناوچەی ناوەندی جۆلەمێرگ و ناوچەکانی تری ئەو پارێزگایە بە پاساوی ئەمنی بۆ ماوەی 15 ڕۆژ کرانە ناوچەی ئەمنیی تایبەت و هەموو جۆرە هاتووچۆیەکیان تیادا قەدەغە کرا. پارێزگاری جۆلەمێرگ ڕایگەیاندووە، ئەو 30 ناوچە دەکەونە سنووری ناوچەکانی گەڤەر، شەمزینان، چەڵێ و ناوەندی جۆلەمێرگەوە.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- ئەمرۆ کاتژمێر 1:15 خولەک بوومەلەرزەیەک بە گوڕی 5.9 پلەی ڕێختەر و بە قووڵایی 8 کیلۆمەتر کرماشان، سنە، ئیلام و ئورمیەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەژاند و هاوکات باشوری کوردستانیشی هەژاند.[1] سەرچاوەکانی کرماشان باس لەوە دەکەن کە بەهۆی بوومەلەرزەکەوە 45 هاوڵاتی بریندار بووە و چەند گوندێک ڕووخاوە.[4]
- لە شارۆچکەی بێهشتی سەر بە پارێزگای سەمسوور کەسێک بە چەک باوک، برا گەورە، براژن و دوو برازای خۆی کوشت و دواتریش هەوڵی خۆکوشتنی داوە. بەگوێرەی زانیارییەکان، ئەو کەسە دانیشتووی گوندی ئەغەرلی سەر بە شارۆچکەی بێهشتی-یە، بەهۆی کێشەی زەویوزار لەگەڵ برا گەورەکەیدا تووشی دەمەقاڵە هاتوون.[5]

باشووری کوردستان

- دەرەنگانی شەوی ڕابردوو گوندەکانی خەلیفان، کۆنەر، شوشنە، مەزاری شوشنە، چیادێل و گەلی خواکورگ و گەلی ڕەش، لە دەڤەری برادۆست-ی سەر بە پارێزگای هەولێر، لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکەوە بۆردومان کران.[1]
- پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ بوومەلەرزەیەکی بەهێز سنوری پارێزگای هەڵەبجەی گرتەوە و هاووڵاتیان لەماڵەکانیان هەتنەدەرەوە.[2]
- تەڤگەری ئازادی کە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، دوورخراوەتەوە لە دادگای فیدراڵی عێراق سکاڵا لەسەر کۆمیسیۆنی باڵای ڕاپرسی و هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان تۆمار دەکات.[3]
- کورێکی بەرپرسی ئاسایشی دووزخورماتوی یەکێتی بەناوی ژیار کەمال لە سلێمانی گیانی لەدەستدا، لەپاش ئەوەی شەوی ڕابردوو لەلایەن چەکدارێکەوە لە شاری کفری تەقەی لێکرا و بریندار بوو.[2]
- لە شارەدێی جەلەولا ئەیوب سالح هندی ئەمیری چەکدارانی داعش کە کوڕی بنەماڵەیەکی ناسراوە و بەشداری شەڕەکانی دژی پێشمەرگە و چەندین چالاکی دیکەی داعشی کردووە، دەستگیرکرا.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- لە ناوچەی جندرێس-ی عەفرین کە سوپای داگیرکەری تورکیا وچەتەکانی گەمارۆیان داوە، گەنجێک بەناوی عەبدۆمحەمەد تۆبال بەدەستی چەتەکانی سوپا تورکیاوە کوژرا.[3]
- چەتەکانی بەرەی شام 30 هاووڵاتی مەدەنیان لە گوندی چەقەلە-ی سەربە ناوچەی شێخ-ی عەفرینیان ڕفاندووو و بۆ ئازاد کردنی هەر کەسێک داوای 3 هەزاردۆلار ئەکەن.دەوترێت کە 13 کەس ئازاد کراون و چارەنووسی 17 کەسەکەی دیکە نادیارە.[3]

دەرەوەی کوردستان

- ڕۆژنامەی جەریدەی کوەیتی نووسیوێتی ئیسرائیل لەماوەی دوو مانگی ڕابردووودا لەڕێگەی مانگی دەستکردەوە چەند وێنەیەکی گرتووە کە جموجۆڵی ئێرانیان تێدایە، لەوانە سنووری باشماخ لەهەرێمی کوردستان، مەهرانی سنووری و شەلامچە لەنزیک بەسرە و هاوسنوور لەگەڵ کوەیت.[2]
- ئاماری قوربانیانی خۆپیشاندانەکانی عێراق گەییشتە زیاتر لە 700 کەس.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئیلام
شار و شارۆچکەکان: جوانمێرگ
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: شەمزینان
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کفری
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-07-22
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-07-22
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-22
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-07-22

کاتی تۆمارکردن: 2018-07-22

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 446

2018-07-23



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ناوەندی فەرماندەیی یەکینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (یەپەکە) ڕاگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا هاتووە، بە کرێگیراوێک بەناوی ئەرکان قەدیمی لەلایەن گەریلاکانیانەوە لە مەریوان سزا دراوە. ڕاشیگەیاند لە ئێستا بە دواوە لە هیچ کردەوەیەکی دژە گەلییانەی بە کرێگیراوان خۆش نابن و دەبێت بۆ کارەکانیان باجی قورس بدەن.[2]
باشووری کوردستان
- چەند چەکدارێکی داعش هێرشیانکردە سەر باڵەخانەی پارێزگای هەولێر و ڕووبەڕووبوونەوەی قورس ڕوویدا. بەپێی سەرچاوەکان، خزمەتگوزارێکی پارێزگا بەناوی فەرحان ئیلیا برایمۆک گیانی لەدەستداوە و 4 کەس بریندار بووە و 3 چەکداریش کە بە کوردی قسەیانکردووە کوژراون.[1]
- بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند هێرشکەرەکانی سەر بینای پارێزگای هەولێر خەڵکی شاری هەولێرن. ئەمەش ناوەکانیانە: (ڕەهێڵ محەمەد ڕۆستەم موسا لە دایکبووی ساڵی 2002)، (بیلال سلێمان عەبدوڵڕەحمان ئەحمەد لەدایکبووی ساڵی 2000) و (عەبدولڕەحمان ڕەحیم قادر حوسێن لە دایکبووی ساڵی 2002). هەرسێ هێرشکارەکە قوتابی قۆناغی ئامادەیی بوون.[1]
- نازم دەباغ، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران، لە وتووێژێکدا وتوویەتی: کە ئێران لە خۆیەوە یەکجاریش تۆپبارانی سنوورەکانی عێراق لە هەرێمی کوردستان نەکردووە و ئەگەر مانێک لە شوێنێکدا کێشە بۆ ماڵەکانی دیکەوە دروست بکات، دەبێت ئەو شوێنە بەجێ بهێڵێت.[3]

- دوای تۆمارکردنی بە سەدان سکاڵا لەلایەن کەسوکاری شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە لەسەر ئە و کۆمپانیا و کەسایەتییانەی کە چەکی کیمیاییان بە ڕژێمی لەناوچووی بەعس فرۆشتووە، ئەمڕۆ بۆ یەکەمجار دانیشتنی دادگاییکردنی ئە و کۆمپانیایانە لە دادگای بەرایی هەڵەبجە دەستپێکرد.[4]
- کۆمەڵەی داکۆکیکار لە زیندانیانی سیاسی باشووری کوردستان و هەڵمەتی نا بۆ لە سێدارەدانی ڕامین حوسێن پەناهی گردبوونەیەکی ناڕەزایییان دژی بڕیاری لە سێدارەدانی ڕامین لە پارکی نالی لە سلێمانی ڕێکخست.[5]
- لەسەر ڕاسپاردەی محەمەد بن سەلمان، شازادەی جێنشینی سعودیە، شاندێکی باڵای ئابووری ئە و وڵاتە، ئەمڕۆ گەیشتە هەولێر.[4]
- بەهۆی تەقینەوەی کورەی کارگەیەکی ئاسن لە گوندی کانی شەیتان لەسنوری بازیان 11 کەس سووتان.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- تەرمی شەرفانی یەکینەکانی پاراستنی گەل 'یەپەگە'، ئارین حاجی ناسراو بە ئارین قامیشلۆ، لە ناوچەی تل کۆچەر لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانیدا شەهیدبوو. بە مەراسیمێکی جەماوەری لە گۆرستانی شەهید خەبات دێرک لە قامیشلۆ بە خاک سپێردرا.[2]
- ژووری چالاکییەکانی تووڕەپی زەیتوون ڕایگەیاند، کە لە چالاکییەکدا دوێنێ شەو، هێزەکانیان سەرچەتەی گروپی چەتەکانی فەیلەق شام-یان بەناوی محەمەد عەلی لە عەفرین کوشت.[2]
- سوپای داگیرکەری تورکیا وچەتەکانی لە درێژەی کردەوە دژە مرۆییەکانیان ئاگریان بەردایە چیای هەوار-ی عەفرین.[2]
- لە گوندی باب لەیموون-ی شەهبا لە کاتی کۆبونەوەی داگیرکەرانی تورکیا وگروپە چەتەکان-ی سەر بە تورکیا تەقینەوە ڕوویدا.هەروەها لە پێش مەجلیسی ئیختەرێن کە لەلایەن داگیرکەرانەوە دامەزراوە تەقینەوەیەکی دیکە ڕوویدا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-23
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-07-23
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-07-23
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-07-23
کاتی تۆمارکردن: 2018-07-23
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 447

2018-07-24



باکووری کوردستان
- داواکاری گشتیی کۆماری تورکیا لە ئەنقەرە سکاڵایەکی بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەگەڵ پەروین بۆڵدان هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە تۆمار کرد. هۆکاری سکاڵاکەی داواکاری گشتیی دەوڵەتی تورکیا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە پەروین بۆڵدان داکۆکیی لە ڕەمزییە تۆسون و موسا فاریس ئۆگلاری پەرلەمانتاری هەدەپەی ئامەد کردووە، کە بەشداریی مەراسیم و ڕێورسمی بەخاکسپاردنی تەرمی گەریلای هەپەگە بوون.[1]
- لە چیای گابار هێزەکانی تورک و پەکەکە دایان بەیەکدا.[3]
- کەجەدە لە بەیەننامەیەکدا هێرشی چەداری لەدژی بینای پارێزگای هەولێری بە تونديی شەرمەزارکرد و سەرخۆشی خۆی ئاراستەی گەلی کوردستان کرد.[1]
باشووری کوردستان
- لە شاری هەولێر دیداری نێوان یەکێتی ژووری بازرگانی سعودی و یەکێتی ژووڕەکانی بازرگانی هەرێم دەستی بەکارەکانی کرد، ژمارەیەک لە وەزیر و بەرپرسانی حکومەتی هەرێم و بەرپرسانی بواری خاوەن کار و ئابووری و بازرگانی سعودییە تێیدا بەشدارن.[2]
- نیوەڕۆی ئەمڕۆ لە لایەن چەند کەسێکەوە تەقە لە باڵەخانەی یەکی شارەوانی هەولێر کرا و کەسێکیش بە و تۆمەتە دەستگیرکرا.[2]
- بەستنی شەشەمین کۆنگرەی یەکێتیی زانایانی ئاینی لە هەولێر.[3]
- شاندێکی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ کردنەوەی ڕێگای نێوان هەولێر - کەرکووک لە پردێ کۆبوونەوە.[3]
- دانیشتووانی گوندی مەردانی سەر بە شارۆچکەی خانەقین بەهۆی هەڕەشەی چەکدارانی داعشەوە گوندەکەیان چۆڵکرد و ئاوارەی ناوەندی خانەقین بوون.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای داگیرکەری تورکیا، چەندین تانک و زرێپۆش و ئۆتۆمبێلی سەربازیی بردووەتە سەر سنووری شاری سەرێکانی ڕۆژئاوای کوردستان.[1]
- چەتەکانی سوپای تورکیا، پیرەمێردێکیان بەناوی شاهین بەغدادی لە عەفرین ڕفاند و ئەشکەنجەیان دا.[1]
- بەگوێرەی هەواڵێکی ئاژانسی هەوالی هاوار، چەتەکانی ئەحراری شام دوو برا بەناوەکانی جاسم عەبد ئەفارم و خەلەف عەبد ئەفارم-یان کوشتووە.[1]
- سوپای داگیرکەری تورکیا کە بەردەوامیی بە هێرشەکانی بۆ سەر باکووری سوریا دەدات، لەناکاو گوللەبارانی گوندی عەلی شاری کردووە، کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری کۆبانێ-یەوە.[1]
- ژووری چالاکییەکانی تورەیی زەیتون ڕایگەیاند، لە عەزاز چەتەیەکی سوڵتان موڕادی سەر بە دەوڵەتی تورکیا کوژرا. شەڕڤانان ڤیدیۆیی چالاکییەکەیان بڵاوکردەوە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- سوپای ئیسرائیل بە دوو مووشەکی بەرگری، فڕۆکەیەکی هجۆری سۆخۆی سەر بە هێزە ئاسمانییەکانی سوپای سووریای لە

ناوچەی جۆلان خستە خوارەوە.[3]
- محەمەد باقری، فەرمانداری سوپای پاسدارانی ئێران لە لێدوانێکدا بۆ میدیاکانی ئێران ڕایگەیاند، لە دژی هەڕەشەکانی ئەمریکا بۆ سەر دەستکەوتەکانی ئێران، وەڵامی توندیان دەبێت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: بەغدا
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئێراق
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-24
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2018-07-24
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2018-07-24
کاتی تۆمارکردن: 2018-07-24
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 448

2018-07-25



باکووری کوردستان

- لە هەرێمی ئۆمەرییان-ی نسێبین کە سوپای داگیرکەری تورکیا چەند ڕۆژێکە ئۆپەراسیۆنی سەربازی دەست پێکردووە، ئاگر بەردراوەتە ناوچەکە وبەسەدان دارسووتاون، ئاگرەکە لەگوندەکان نزیک بووەتەوە.[5]

- پارێزگاری تورکیا لە شاری ئامەد، هاتووچۆی لە زۆربەی گوند و ئاواییەکانی سەر بە ناوچەی پاسووری ئامەد لە دژی هاوواڵاتیان ڕاگەیاند و هەموو جۆرە جموجوڵ و هاتووچۆیەکی لە هاوواڵاتیانی ئەو ناوچەیە قەدەغەکرد.[5]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- شەوی ڕابردوو لە گوندی شکل ئابادی سەربە دەڤەری مەرگور، کۆڵبەرێکی تەمەن 34 ساڵ بەناوی ڕەشید محەمەد عەلی تەقەی لێکراوە و کوژراوە.[2]

باشووری کوردستان

- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی سلێمانی لە مەراسیمێکدا بڕی 500 ملیۆن دینار بۆ چارەسەری تەندروستی کەسوکاری شەهیدان و زیندانییانی سیاسی خەرجدەکات.[1]

- وادەی خۆتۆمارکردنی کاندیدی حزبەکان ئەمڕۆ کۆتایی دێت و زۆرترینی حزبەکانی باشوری کوردستان کاندیدەکانیان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێم تۆمارنەکردووە.[2]

- کۆمسیۆن وادەی وەرگرتنی ناوی کاندیدانی درێژکردەوە.[3]

- بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ئاشکرای دەکات، چەند کەسێک لەسەر هێرشەکەی باڵەخانەی پارێزگای هەولێر دەستگیرکراون.[4]

- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیێنێت، خوێندنی ئێواران لە زانکۆکانی کوردستان سنووردار دەکرێت و لە 70%ی بەشەکانی ئێواران لە زانکۆ و پەیمانگەکان دادەخرێن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: نوسەیبین

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-07-25
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-07-25
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2018-07-25
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-25

کاتی تۆمارکردن: 2018-07-25

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 449

2018-07-26



باکووری کوردستان
- لە ناوچەی جزیر لە پارێزگای شرنەخ هێرشکرایەر سەر شەهیدگەی یافەسێ، کە گۆڕی ئەندامانی یەپەسەی تیادایە.[3]
- بەتۆمەتی وتنی گۆرانی کوردی، بۆ ماوەی مانگێک سزای قەدەغەکردنی دیدار بەسەر لەیلا گۆڤەن-ی پەرلەمانتاری هەدەپەدا لە زیندانی ئامەددا سەپێندرا.[1]
- لە سەر ڕێگای شرنەخ – جزیر و لە نزیک گوندی تۆپتەپە، چالاکییەک لە دژی کاروانێکی سوپای تورکیای داگیرکەر ئەنجامدرا کە بەو شوێنەدا تێپەدەپەڕین.[3]

باشووری کوردستان
- دژی داخستنی مەرزی بازرگانی دەرەیمەڕ لە سنووری شارەدێی بیارە-ی هەورامان، کاسبکاران و کۆڵبەرانی ئەو مەرزە، خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و ڕێگای سەرەکی خورماڵ-تەوێڵەیان داخست.[1]
- وەزارەتی ناوخۆی عێراق بەنوسراوێک فەرمانیکردووە بەلابردنی 6 ئەفسەری کورد لە پۆستەکانیان لە شاری کەرکووک کە دیارترینیان بەڕێوەبەری هاتوچۆ و پاراستنی باڵەخانەی پارێزگایە.[2]

دەرەوەی کوردستان
- قاسم سولەیمانی، فەرماندەی فەیلەق قودسی سوپای پاسداران وەڵامی تووندی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا دەداتەوە و دەڵێت پێویست ناکات هێزەکانی ئێران بەشداربن، تەنیا خۆم و سوپای قودس دەرەقەتی ئێوە دێین.[4]
- ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا لە ڕەشنووسی بودجەی سەربازیی وڵاتەکەیان بۆ ساڵی 2019 ناوی پێشمەرگە

زیادەکەن و لە کۆی 850 ملیۆن دۆلاری تەرخانکراو بۆ سوپای عێراق، 290 ملیۆن دۆلار بۆ پێشمەرگە دانراوە.[4]
- وەزیری دەرەوەی تورکیا وەڵامی وتە هەڕەشە ئامێزەکانی ترەمپ دەداتەوە لەبارەی ئازادکردنی (ئیندرۆ برانسن)ەوە کە قەشەیەکی ئەمریکییە و لە تورکیا بەندکراوە. وەزیری دەرەوەی تورکیا دەڵێت کەس فەرمان بەسەر تورکیادا ناکات، ئێمە هەرگیز هەڕەشە لە هیچ کەسێک قبوڵ ناکەین، بنەماکانی یاسا بۆ هەموو کەسن بەبێ جیاوازی.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: بیارە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-07-26
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-07-26
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-26
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-07-26
کاتی تۆمارکردن: 2018-07-26
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 450

2018-07-27



باکووری کوردستان
- لە ناوچەی گەڤەری جۆلەمێرگ ئۆتۆمبێلێکی زرێپۆشی سوپای تورکیا خۆی کرد بە ناو جەڵەبێک مەڕدا و لە ئەنجامدا 20 مەڕی کوشت.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دوو کۆڵبەری کورد خەڵکی شاری سەردەشت، لە لایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران درانە بەردەسرێژی گوللە و لە ئاکامدا ئەو دوو کۆڵبەرە کورده بە سەختی بریندار بوون. شوناسی ئەو دوو کۆڵبەرە کورده کۆسەرەت مامەند تەمەن 15 ساڵ خەڵکی گوندی دۆڵەتووی سەردەشت و حوسێن تەمەن 25 ساڵ خەڵکی گوندی گەرەدەنە ڕاگەیەندراوە.[4]
- هێزە نیزامییەکانی جێگیر لە پاسگای سەقەڕ، لە سنووری شاری پیرانشار، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کوردیان دایەبەر دەسرێژی گوللە و لە ئاکامدا کۆڵبەرێکی کورد، بە ناوی سەید کامیل باڵاشار، خەڵکی شاری پیرانشار گیانی لە دەست دا و دوو کۆڵبەری دیکە بە ناوەکانی عەزیز شۆخەڵان و سەلاح شێخ محەممەد بەسەختی بریندار بوون.[4]
باشووری کوردستان
- بەرەی تورکمانی داوادەکات حاڵەتێکی جیاواز بە کەرکووک ببەخشرێت و بەوپێیەی زۆرترین سکاڵای تێدا تۆمارکراوە، پرۆسەی ژماردنەوەی دەستپێ بۆ سەرجەم سندوقەکانی دەنگدان تێیدا ئەنجامبدرێت، بەپێچەوانەشەوە هۆشداریدەداتە حکومەتی عێراق.[1]
- بەهۆی هێرش و مەترسییەکانی داعش و پێ متمانەییان بەرامبەر هێزە عێراقییەکان، تەواوی گوندنشینە کوردییەکانی سنووری شارەدێ جەبارەی سەر بە خانەقین گوندەکانیان جێشهتووە. بەرپرسێکی ناوچەکەش دەڵێت تادێت بارودۆخ خراپتر دەبێت و داوای گەڕانەوەی پێشمەرگە دەکەین.[1]
- لە باخچەی پێشەوا لە شارەدێ بازیان-ی سەربە پارێزگای سلێمانی، نوێنەرایەتی ڕۆژئاوای کوردستان، بە مەراسیمێک قوربانییانی کۆمەڵکوژیی تلحاسل و تلعەرانی بیرهێنایەوە.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شاندێکی باڵای ئەنجوومەنی دیموکراسی سووریا لە دیمەشقە بۆ مەبەستی ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی باڵای حکومەتی سووریا.[2][3]
دەرەوەی کوردستان
- لە کۆبوونەوەی هاوبەشی حکومەت و کۆنگرێسی ئەمریکا کە تایبەت بوو بۆ پەسەندکردنی بودجەی 716 ملیار دۆلاری وەزارەتی بەرگری، پرۆژە بڕیاری قەدەخەکردن و سنووردارکردنی فرۆشتنی فرۆکەی جەنگی لە جۆری F-35 بەتورکیاش پەسندکرا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێراقی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: جۆلەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-07-27
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-07-27
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-27
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-07-27
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-07-28

کاتی تۆمارکردن: 2018-07-27

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

لیستەی ئاماژەکاری ناو و شوێنەکان

ب

بابەکر زێباری 269
باتمان 132, 133, 589, 599, 629, 630, 658, 659
باجوان 726
باخی 204, 206, 352, 379, 440, 539, 596, 676, 699, 726
باخی گشتی 206, 352, 379, 539
باخەکۆن 147
باخەوان 16, 22
بادینان 34, 145, 151, 218, 220, 364, 544, 545, 594, 689
باران 25, 66, 316, 318, 322, 329, 380, 473, 475, 477, 492, 599, 614, 671
بارزان 152, 229, 246, 252, 582, 594, 671, 701
بارزان میرزا 152
بارزانی .. 66, 82, 130, 139, 162, 175, 206, 208, 216, 218, 227, 259, 264, 267, 279, 293, 336, 338, 367, 370, 395, 555, 579, 609, 630, 660
بارین 316, 449, 473, 477, 584, 599
بارین کۆبانێ 473
بازار 134
بازیان 55, 158, 322, 471, 744, 750
بازیانی 137
باسرمە 183
باسوتە 729
باشیک 152, 280, 450, 606
بافڵ تاڵەبانی 222, 268
باکوری .. 25, 28, 29, 31, 36, 43, 48, 51, 67, 68, 71, 73, 74, 81, 90, 91, 92, 98, 113, 115, 123, 134, 140, 148, 154, 155, 161, 167, 170, 177, 184, 201, 211, 218, 224, 252, 277, 285, 290, 293, 294, 309, 321, 330, 338, 341, 348, 353, 355, 363, 378, 379, 381, 385, 401, 403, 415, 416, 421, 433, 443, 449, 459, 463, 491, 502, 516, 520, 546, 550, 566, 573, 576, 581, 582, 589, 592, 595, 609, 621, 634, 635, 641, 673, 690, 708, 714, 733
باکوور 216, 302, 381, 387, 424, 429, 464, 481, 492, 671, 710
